# دۆنی ئارام
# بەرگی یەکەم

ن: میخائیل شولوخوف

و: حەمە کەریم عارف

٢٠١٥/٣/٧

*–ناوی کتێب: دۆنی ئارام (١)

*– بابەت: ڕۆمان

*– نووسەر: میخائیل شۆلۆخۆف

*– وەرگێڕ:حەمەکەریم عارف

*–

*–

پێشکەشە بەم ئازیزانەم:

١-سەرگوڵ

٢-گۆڤەند

٣- زنار

پێڕست:

١- حەمەكەریم عارف پیاوێك لە............شێركۆ بێكەس

٢- وتەیەك....................................حەمەكەریم عارف

٣- لە دوو گۆرانی فۆلكلۆری قوزاقەوە......

٤- بەشی یەكەم

٥- بەشی دووەم

٦- بەشی سێیەم

## حەمە کەریم عارف

## پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

شێرکۆ بێکەس

ئەو وەختەی بە عەشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان.ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێك وتێکەڵ بە ئایندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف

پیاوێك لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەکردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەك بۆ خەمی کەسك و

گزنگی بەیان.

حەمەکەریم عارف

ژێیەك بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێرە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.

بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی

لاپەڕەی چاو بە شەونمی ئەو مێرگەو

خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو

گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی

دەنگ زامدار!

بە تەنها خۆم،نە حەمەکەریم خۆی زانی و

نە رۆژنامەیەك ونە گۆڤارێك و

نە شەقامێکی کەرکوك ونە مەقامێکی

عەلی مەردان،تەنها هەر خۆم ومێزەکەم

کەسی تر نا.

کەرکوکییەك

پڕ پڕ لە کوردستان و

لێوانلێو لە جیهان!

کەرکوکییەك

هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو

پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.

لە دنیاوە

چەندین دەریاچەی ڕۆمانی

ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.

چەندین نزاری چیرۆکی

هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.

چەندین ئاوێنەی دیرۆکی

بە دەروونماندا هەڵواسی.

کەرکوکییەك

باخی نووسی و

کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!

کەرکوکییەك..

خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین

مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین

عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین

ئەلبێر کامۆ.ئەلکساندەر فەدایەف.هێرب میدۆ.قاسمۆف.کازانتزاکیس.چیخۆف.گوینتەر دیشنەر.فنسنت ڤان گۆگ.مالرۆ.شەکسپیر.م.گۆرکی.هۆمیرۆس.چرنیشفسکی.چایکۆفسکی.ئیدگار ئالان پۆ.جاك لەندەن.گۆگۆل.سیرۆس پرهام.بلیخانۆف.کریس کۆچرا.مەهدی حسێن.سابت رەحمان.ئەحمەد مەحموود.سەمەدی بیهرەنگی.عەزیز شەریف.نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی.مەسعود

ئەحمەدزادە.گەوهەر مراد.یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و روباری تریش...

لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی
بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.
لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا رێگای تازەی
لەم نەخشەیەدا کردەوە
هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ
هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و
هەشتا تابلۆ
لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.
لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.
لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.
لەم دەغلانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.
من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ
ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.
بۆ کەرکوکییەك کە سەر ڕێژە لە وشەو
کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سلاو ئەی بارانە
جوانەکەی زمانی کوردی.سلاو ئەی
کەرکوکی خۆشەویست!سلاو!

سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

ئەدەب وهونەر/ژمارە(٦٤٣)/پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣

## وتەیەك

**حەمەکەریم عارف**

میخائیـل ئالکسـاندرۆفیچ شـۆلۆخۆف (١٩٠٥-١٩٨٤) لـە ڕۆژی ١٩٠٥/٥/٢٤دا لـە گونـدێکی ناوچـەی ڤیشنسـکایادا، لـە خـاکی قوزاقنشـینی دۆنـدا، کـە ڕوبـارێکی گـەورەی پـڕ بەرەکـەت بـە هـەمان نـاوەوە، بـە سەرانسـەریدا دەڕوات، چـاوی بـە ژیانـدا هـەڵێناوە.دایکـی خـەڵکی ئۆکرانیـاو بێـوەژنی کابرایـەکی قـوزاق بـوو.بـاوکی خـوردە موڵکـدارێکی نـابووتی رووسـی خـەڵکی سـتانی ڕیـازان بوو،بـۆ دەڤـەری دۆن کۆچـی کردبـوو ولـە پێنـاوی ژیـان و بەدەسـتهێنانی بـژێوی خۆیـدا، شـانی دایـە بـەر جۆرەهـا کـارو کاسـبی جیـاواز. دوای ئـەوەی میخائیـل، بـۆ خوێنـدن نێـردرا بـۆ شارۆچکەی ڤیشنسکایا، دایکی کەوتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە خۆی فێری خوێندن و نووسین بکـات، تـا بتوانێـت ڕاسـتەوخۆ نامـە بـۆ کوڕەکـەی بنێرێـت.شـۆلۆخۆف تـا سـاڵی ١٩١٨واتـە تـا تەمەنی سیازدە ساڵی لە خوێندن بەردەوام بوو.ئیدی لـەو ساڵەوە، دوای شۆڕشـی رووسیا،شـەڕی ناوخۆو بزووتنەوەی یاخیگەریی لە دیارو دەڤەری قوزاقنشینی دۆندا هەڵگیرسا وئیدی تۆمارو دەفتـەری منداڵیـەتی ئـەم کوڕیژگـە پـڕ جـۆش و خرۆشـە بـە تـەواوەتی پێچرایەوەو داخـرا.ئیـدی سـێڵاوی خرۆشـاوی ڕووداوان ئەویشـی وەکـو هـەزاران نـۆڵاوی دیکـە بـەرەو مەیـدانی جـەنگ و براکوژی ڕاماڵی.

شۆلۆخۆف، تا ساڵی ١٩٢٢، لە ڕیزی سەربازانی سوورا،دژی دژمنانی هاوزمان و هاوڕەگەزی خۆی جەنگی.هەڵبەتە ئەم ساڵانە پڕ بوون لە دیاردەو ڕووداوێن هەمە جۆرو هەڤدژ، ڕووداوێن دڵتـەزێن، وەکـو دڵڕەقـی و هۆڤیگـەری و برسـێتی و نەخۆشـی و مـەرگ و کوشـت و کوشـتار، هەروەها تەژی بوون لە گیانفیدایی و دڵسۆزی و مرۆڤدۆستی و هیواو ئومێدی پڕشنگدار.دیارە تێکڕای ئـەم دیاردەو ڕووداوانـە، کاریـان لـە نـاخی شـۆلۆخۆف کـرد، لـە قوڵایی دڵ و دەروونیـدا پەنگیان خواردەوەو، سەریانکردو زۆری پێنەچوو، هونەرییانە لە ڕۆمانی مەزنی (دۆنی ئارام)دا ڕەنگی دایەوەو بەرجەستە بوو.

لـە کۆتـایی سـاڵی ١٩٢٢دا، دوای ئـەوەی هـەموو بزوتنـەوە یاخیگـەری وئـەنتی شۆڕشـەکان، سـەرکوتکران وبـارودۆخی وەڵات ئـارام بـووەوە، شـۆلۆخۆف بـە عینـوانی کۆمیسـەرو بەرپرسـی یەکەیەك لە یەکەکانی کۆکردنەوەی دانەوێڵەو ئازووقە گوازرایەوە بۆ مۆسکۆ. بەڵام ئەم ڕێکخـراوە عەسـکەرییە زوو هەڵوەشـێنرایەوەو شـۆلۆخۆف، لـە خزمـەت مەرەخـەس کـراو و بـە بـێ کـار مایـەوە.ناچـار لـە پێنـاوی ژیـان و گوزەرانـدا هـەموو کـارێکی دەکـرد، لەوانـە: کارمەنـدی ئامار،فێرکـار،کرێکـاری بیناسـازی، حـەماڵی، ژمێریـاری و ڕۆژنامەنووسـی. یەکـەمین گوتـاری ئـەدەبی، لـە تەمـەنی هـەژدە سـاڵیدا، لـە سـاڵی ١٩٢٣دا لـە ڕۆژنامـەی (پراڤـدای لاوان)دا بـڵاو بووەوە.دوای ئەوە ئیدی چەشە بوو و خووی دایە نووسینی کورتە چیرۆك و چەندین چیرۆکی لە ڕۆژنامـانی تایبـەت بـە لاوان بڵاوکـردەوەو لێـرەوە ئولفـەتی دەگـەڵ قەڵەمـدا گـرت و بـە تـەواوەتی ڕێگای ئەدەبیاتی گرتەبەر.ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٥دا کۆچیرۆکێکی بە ناوی(حیکایەتەکانی دۆن)

بڵاو کردەوە. لە ساڵی ١٩٢٦دا چەند چیرۆکێکی دیکەی خستە سەر هەمان کۆچیرۆك و سەرلە نویٚ بڵاوی کردنەوە. سیرافیمۆفیچ ، کە یەکێك بوو لە نووسەرە ناودارەکانی ئەو سەروبەندە، پێشەکییەکی بۆ نووسی و ستایشی تواناو بەهرەی نووسەری کردبوو.

شۆلۆخۆف ، لە ساڵی ١٩٢٥دا، گەڕایەوە بۆ زێد و زاگەی خۆی و لە ڤیشنسکایادا گیرسایەوەو جێگیر بوو.لەوێندەرو لە ساڵی ١٩٢٦دا دەستی دایە نووسینی ڕۆمانی مەزنی ( دۆنی ئارام) و لە ساڵی ١٩٤٠دا لە نووسینی بووەوە. چاپ و بڵاوبوونەوەی هەر چوار بەرگەکەی ئەم ڕۆمانە مەزنە کە هەشت بەشە، لە ساڵی ١٩٢٨وە تا ساڵی ١٩٤٠ ی خایاند، یانی نووسەر نزیکەی چواردە ساڵ، کاری لەسەر کردووەو ڕەنجی پێوە کێشاوە.. دەستنووسی ڕۆمانەکە دەنێرێت بۆ گۆڤاری ئوکتۆبەر، کە لەو سەردەمەدا سیرافیموفیچ سەرنووسەری دەبێت. وەکو ئاماژەمان کردیٚ سیرافیموفیچ پێشتر پێشەکیەکی بۆ یەکەمین بەرهەمی شۆلۆخۆف، واتە بۆ کۆچیرۆکی (حیکایەتەکانی دۆن) نووسی بوو و لەوێدا، تایبەتمەندییە هونەرییەکانی ئەم بەهرە گەنجەی، دیاری کردبوو.ئیدی بڕیاری دا، لە سەرەتای ساڵی تازەی ١٩٢٨وە دەست بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی ناڤبری بکات. سیرافیموفیچ، پێش ئەوەی دەست بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە بکات، جارێك کە لە ماڵی خۆیدا میوانداری چەند دۆستێکی بیانی خۆی ، وەکو: هنری باربۆس، مارتین ئەندرسۆن نیکسە و بیلائیلیچ دەکات، هەڵدەستێت، دۆسییەکی ئەستووری تایپکراو دادەگرێت وبە دەستییەوە هەڵیدەسەنگێنێت و بە شادییەوە دەڵێت: " برادەرانی ئازیز تکام وایە ئەم ناونیشانە: "دۆنی ئارام" لای خۆتان هەڵگرن، ناوی نووسەرەکەی "میخائیل شۆلۆخۆف" لە بیر مەکەن. شایەتی ئەم قسەیەی من بن: ئەم کارە لە ماوەیەکی کەمدا لە سەرانسەری ڕووسیادا دەنگدەداتەوەو دوای دوو سیٚ ساڵ ، لە گشت دنیادا شۆرەت پەیدا دەکات.."

شۆلۆخۆف، هەر لە ماوەی نووسینی دۆنی ئارامدا، ڕۆمانێکی دیکەی لە ژێر سەر ناڤی (زمین نوآباد) نووسی و لە ساڵی ١٩٣٢دا، بەرگی یەکەمی بڵاوکردەوەو دوای ساڵانێکی زۆر، بەرگی دووەمیشی خستە بەر دیدەی خوێنەران.

شۆرەت و ناوبانگی شۆلۆخۆف، دوای بڵاوبوونەوەی یەکەم بەرگی (دۆنی ئارام) لە ساڵی ١٩٢٨دا دەستی پێکرد. هەرچەندە هەندیٚ لە ڕەخنەگرانی تەقلیدی و سەختگیر، گلەیی و ئیرادی توندیان لە ناوەرۆکی هزری و مەیلی سیاسی ئەم بەرهەمە دەگرت، بەڵام شۆرەت و ناوبانگی نووسەر، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادی و هەڵکشان دەچوو. بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی ( زمین نوآباد)کە زۆر هونەرییانە، واقیعی گواستنەوەی چینی جووتیار لە قۆناغی بەرهەمهێنانی تاکە کەسییەوە بۆ قۆناغی بەرهەمهێنانی دەستەجەمی، لە واری ئابووری و کشتوکاڵیدا، وێنە دەگرێت و بەرجەستە دەکات، کە ئەمە پێگەی جەماوەری شۆلۆخۆفی بە تەواوەتی چەسپاند..شۆلۆخۆف لە ساڵی ١٩٣٩دا بە هۆی چالاکی ئەدەبییەوە، خەڵاتی لینینی وەرگرت و هەر لەو ساڵەدا، کرا بە ئەندامی کۆڕی زانیاری (ئەکادیمیا) یەکێتیی سۆڤیەت.

شۆلۆخۆف لە ساڵانی شەڕی ئەڵمانیای هیتلەریدا، وەکو هەموو نووسەران و هونەرمەندانی دیکەی سۆڤیات چوو بۆ بەرەی شەڕ.ئەو ڕاپۆرانەی لە مەیدانی شەڕەوە بۆ ڕۆژنامەکانی

دەناردن، ڕەنگدانەوەی ڕووداوە تفت و تاڵ و سەیرەکانی ژیانی سەربازان و خاکی سووتماك و وێرانەی وڵات و کارەساتی خەڵکی ئاوارەو ماڵوێران بوو.دیارە ئەمانە هەستی بەرگری و تۆڵە ئەستێنی و بەرخودانی لای جەنگاوەران جۆشدەداو کاریگەرییەکی ئیجابییان هەبوو.ئەم گوتارانە پاشان لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (قوتابخانەی تۆڵە) بلاْوبوونەوە.کۆی بەرهەمەکانی شۆلۆخۆف، بریتین لە چوار پێنج عینوان کە گرینگترینیان ( دۆنی ئارام و زمین نواباد)ن، بەڵام وێنەو تۆمارێکی زەنگین و ڕەنگینی زۆر هونەریانەی چەند قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی وەڵاتێکە کە بۆ یەکەمجار، لە دنیادا، سیستەمی ژیان لەوێدا گۆڕاو وەرچەرخانێکی گەورەی بە خۆوە بینی.

شۆلۆخۆف، نووسەرێکە،لە جەرگەی قۆناغ و سەردەمی سۆڤیەتیدا سەری هەڵداوە و پەروەردە بووە. بەڵام شێوازی هونەری ئەو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و نزیکی بە رێبازو دابی کلاسیکی چیرۆکنووسیی ڕووسییەوە هەبووەو لە ڕاستیدا، درێژەی هەمان ڕێبازو قوتابخانە بووە. وەکو ناوەرۆك، ئەزموونێکی یەجگار گەورەو پڕ ژان وژاری میللەتێن وڵاتێکی زۆر گەورەو پان و بەرین و پاشکەوتووی، سەر دووڕیانی گوێزانەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی کۆمەڵایەتی، زۆر وەستایانە هونەراندووە. شۆلۆخۆف، بە خۆی لە ناوجەرگەی ڕووداوەکاندا ژیاوە، لە نزیکەوە دیتوونی، بە خۆی جەڕباندوونی، لە کارلێکی بەردەوامدابووە دەگەڵ دیاردەو ڕووداوەکاندا، لە ئەزموونی ڕاستەوخۆی خۆیەوە، دیاردەو ڕووداوەکانی ئەم ڕاپەڕین و شۆڕش و وەرچەرخانە هەرە گەورەیەی، هونەراندووەو ئەزموونی واقیعی گۆڕیوە بۆ هەستی هونەری. شۆلۆخۆف لەم بەرهەمەدا، هونەریانە مامەڵە دەگەڵ ڕەسەنترین خەڵکی کۆمەڵگەدا، دەگەڵ خەڵکی سادەدا دەکات، هەوڵو ڕەنجیان، خولیا و خۆزگەیان، هەست و نەستیان، سەرکەوتن و نوشستیان، ئازایەتی و ترسنۆکییان، خۆڕاگری و بێورەییان، پایەداری و سەرگەردانییان، دیوی دەرەوەو ناوەوەیان، بێلایانانە وبەهەمان زمانی بێپەرواو ڕەنگینی خۆیان هێندە هونەرییانە دەنوێنێت، وەختێ خوێنەر دەیخوێنێتەوە، هەست بە ترپەی دڵ وگەرمی ژیانی ئەو خەڵکە دەکات و ئاوێتەی ژین و ژینگەیان دەبێت، دەبێت بە هاوڕێی گیانی بە گیانی خۆشی و ناخۆشییەکانیان.

شۆلۆخۆف، لە دۆنی ئارامدا جەنگی دژی ئەڵمان و شۆڕشی ڕووسیاو دیاردەی یاخیگەرێتی و شەڕی ناوخۆی ڕووسیا، لە چوارچێوەی گوندێکی قوزاقنشین و لە چارەنووسی ماڵباتێکی فەلاحی نیمچە دەوڵەمەند و لە ئەندامێکی ئەو ماڵباتەدا بە نێوی گریگۆری میلیخۆف، هونەریانە دەگێڕێتەوەو بەرجەستە دەکات. لەو بویەرو کارەساتانەدا کە بەسەر کاراکتەرە جۆراو جۆرو جیاوازەکانی چیرۆکەکەدا دێت، وشەو زاراوەێن، جەنگ، براکوژی، شۆڕش، یاخیبوون و....ڕۆحیان وەبەر دەکەوێت و تێکڕای چەمك و مانا ترسناکەکانیان دێنەوە بەرچاو.خوێنەر وا هەستدەکات بە خۆی لەو دنیا ترسناکەدا ڕاستەوخۆ بەشدارە.ڕەوتی چیرۆکەکە هێدی و هێمن، بەسام و پڕهەیبەت و شکۆ، وەکو ڕووباری دۆن پێشڤە دەڕوات و ڕەوتی گۆڕانە کۆمەڵایەتی وجڤاکییەکە، بە زمانێکی قەناعەتبەخشی واقیعی، لە هەر دەربڕین و گوزارشتێکی زانستیانە، باشتر شەرح و شرۆڤە دەکات. ئەو هێزو فاکتەرە نادیارانەی کە لە قوڵایی کۆمەڵگەدا لە کاران،

نیشاندەدات و دەری دەخات کە چۆن ئەم هێزو فاکتەرانە لە هەلومەرجی تایبەتی و ڕەخساودا، بە ناچاری دێنە سەریّ و خێرایی بە پرۆسەی گۆڕان دەدەن و هەنگیّ ئەو بینایەی کە دۆێنیّ،مکووم و پایەدار دەهاتە بەرچاو،شوێن وپێگەی هەرکەس وهەر شتێك تیایدا پایەدارو جێگیر بوو، وەکو ئەوەی بەر بوومەلەرزە بکەوێت، درزی تێدەکەوێت و دەشێوێت و دۆستایەتی دەگۆڕێت بە دژمنایەتی، دایك بۆ مەرگی فرزەند و ژن بۆ مێرد دەگرین،ئاگری تۆڵە لە هەموو لایەکەوە بڵێسە دەسەنێت، دەستی جەلادو پیاوکوژ دەگاتە ئەو دایك و منداڵانەی کە توانای هەڵاتنیان نەبووە،لە نێوان ئەم دیمەنە سامناکانەوە،لە جەرگەی هاوار و ناڵین وتووڕەبوون و خوێنرێژی و لەوتانەوە، چەکەرەی ژیانی نویّ سەردەردێنێت و بەرەو هەتاو مل بەرزدەکاتەوە.ئیدی ئەمە سوننەت و یاسا دێرین و ئەزەلییەکەی ژیانە، کە ژیان دەبیّ خۆی تازە بکاتەوە، دەنا دەمرێت..هەڵبەتە بەشەریش، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەشدارن لەم پرۆسەی تازەبوونەوەی ژیانەدا، کە جاری وا هەیە زۆر خوێناوییە.ئیدی ئەمەیە ناوەرۆکی چیرۆکی ((دۆنی ئارام))ـە کە بە درێژایی پتر لە دوو هەزار لاپەڕە، لە چوارچێوەی ئەم پرۆسەی تازەبوونەوە دژوارو پڕژانەدا، ململانیّ و کێشماکێشی توێژو چینە جڤاکی و کۆمەڵایەتییەکانی میللەتی قوزاقمان نیشان دەدات.

شاقارەمانی دۆنی ئارام، گریگۆری میلیخۆفە،کە نموونەی جووتیارێکی، کۆشاو ئازادو کاردۆستە.کەسێکی عەگیدو بە ورەیە، لە واری عەمەلیدا تیژبین و بەورەو چاونەترسە، بە دەم ڕەوتی ڕووداوەکانەوە دەگاتە پلەو پایەی فەرماندەی یەك فیرقە.بەڵام لە دووڕیانی گۆڕانە خێراو لە ناکاوەکاندا، هیچ باشارێکی نامێنێت و تووشی دوو دڵی دەبێت و لە ئەنجامدا شکست دێنێت و دەبەزێت. شکست و بەزینی گریگۆری، شکستی خەڵکانێکی میانە حاڵە کە لە ئاستەنگ وقەیرانە کۆمەڵایەتیەکاندا، بەرگری لە سەنگەرو بەرەیەك دەکەن، کە بەرەی ئەوان نییە و لە ئەنجامدا خۆیان تەنیاو غەریب و نامۆ دەبیننەوە، کە ئەمە باجی هەڵوێستی نادروستەو دەبیّ بدرێت.بەڵام ئەوانەی هەر سوورن لەسەر دژایەتی ڕەوتی پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی، بەرەبەرە دەدەنەی کەمی، دەگەنە نزمترین پلەی ئینسانییەت و وەکو گورگێن بەشەرخۆر، لە بێشەو دەشت و دەرو کێواندا خۆ لە کەمین دەنەن و نهێنگیرانە بە هەق و نەهەق پەلاماردەدەن ولە ئەنجامدا تیا دەچن وئەمەش بە ڕوونی لە فومین و هاوڕێکانیدا بەرجەستە کراوە.شۆلۆخۆف بە یەك چاو تەمەشای هەموو قارەمانەکانی ناو دۆنی ئارام دەکات، بیلایەنانەو ئینسانیانە مامەڵە لەتەك هەموویاندا دەکات،بە هەمان نەفەسەوە هاوبەشی کول و کۆڤانیان دەکات.

شۆلۆخۆف، زمانێکی تا بڵێی سادەو لە هەمان کاتدا قووڵ و بارگاوی بە چەمکێن مرۆڤانی بەکار دەبات ، بەتایبەتی لە دیالۆگ و گفتوگۆکاندا شەقڵێکی تەواو ناوچەیی پێبەخشیوەو پڕە لە تەنزو تانەو توانج و ڕاشکاوی،زۆر بێپەروا پەنای وەبەر تەشەرو جنێوان بردووە.ئەو زاراوەو پەندە نایابانەی کە لە زمانی قارەمانەکانەوە بەکاریان دەبات، نیشانەی دڵبەندی قووڵی نووسەرە، بە خاك وخەڵك و کەلەپوورو کەلتووری زێدو زاگەی خۆیەوە. کە خوێنەر ئەم ڕۆمانە دەخوێنێتەوە، هەستدەکات نووسەر، ئاشقێنی دەکات، ئاشقێنی دەگەڵ تەبیعەتی ڕووت و قووت

و کێوی خاکی دۆن و ڕۆحی شاد و سەرکێشی خەڵکی قۆزاقدا، دەگەڵ ئاوازو گۆرانیاندا، دەگەڵ داب و نەریتیاندا، ئاشقێنی دەگەڵ ڕوباری مەزن و پڕ بەرەکەت و فەڕی دۆندا، دەگەڵ دەشتی پان و بەرینی دۆندا کە لە بەهاردا دەبێت بە سەوزەزارێکی پڕ لە گیاو رووەکێن بۆنخۆش، لە هاوینا دەبێت بە دەشتێکی گەرمی گەرم، لە زستاندا دەبێ بە سەهۆڵبەندان و جەوەلانگەی باو بۆران و بەفر، کە هەموو ئەم دیمەنانە لە سەرانسەری ڕۆمانەکەدا، هێندە بە جوانی ودوور لە هەر کاوێژکردنەوەیەك هاتوونەتە وەسفکردن، خوێنەر وا هەستدەکات، خۆی بە ڕاستی تیایدا دەژی.

کاراکتەرەکان، وێڕای ئەوەی یەجگار زۆرو هەمەجۆرن و خۆ لە شەش سەد کاراکتەر دەدەن، زۆر بە وردی و وەستایانە وێنە گیراون، بە تایبەتی کاراکتەرە ژنەکان، وەکو :ئەکسینیا، ناتالیا، ئیلی نیچنا،و داریا،هەریەکەیان نوێنەری سروشت و تەبیعەتی تایبەتی خۆیەتی، کەسیان ئەویتریان نین.ئیلی نیچنا، دایکێکە ، بەر لە هەر شتێك لە خەمی یەکێتیی و تەبایی و پایەداری خانەوادەییدایە، کەوتووەتە نێوان مێردێکی تووڕەو تڕۆو توندە تەبیعەت و کوڕێکی سەرکێش و بووکێکی نائومێدەوەو لە هەوڵی ئەوەدایە بە بەردەباری و تەبیعەت و ڕەوشت بەرزی خۆی، نەیەڵێت بونیادی ئەمماڵباتە ،کە گەردەلوول و تۆفانی جەنگ و شۆڕش و یاخیگەرێتی هێناویە لەرزین، هەرەس بێنێت و بڕوخێت.

ناتالیا و ئەکسینیا، لەسەر یەك پیاو، گریگۆری میلیخۆف، شەڕیانە و هەڤرکی یەك دەکەن. ئەشق و ڤیانی هەردووکیان قووڵ و ڕاستگۆیانەیە و کەسیان کۆڵنادەن و دەستبەردار نابن.هەرچەندە ناتالیا ژنی شەرعییە، سکی هەیە، بەڵام دەبەزێت و لە داخا خۆی دەخاتە بەردەستی پیرەژنێك کە منداڵەکەی بۆ لەبار بەرێت و ئەم کارە دەبێتە مایەی مردنی، بەڵام هێشتاش دەستبەرداری ئەشقی خۆی نابێت و لەبەر منداڵەکانی، خۆی بەسەر مێردەکەیدا دەسەپێنێت.بەڵام وێڕای ئەوەی سەرکەوتنی ئەکسینیا زادەی ئەو کارەساتەیە، ئەوجاش لە بەرچاوی خوێنەر ناکەوێت و خوێنەر هەقی ئەوەی دەداتێ ئاشقانە مومارەسەی ئەشقی خۆی بکات، کە بەڕاستیش فیداکارانە مومارەسەی دەکات و لە ئەنجامدا سەری خۆی لە پێناوی ئەم ئەشقەدا دادەنێت و بەگەڵ گریگۆری دەکەوێت، گریگۆرییەکی ماندوو، شکست خواردوو، لە خاك و زێدی خۆی هەڵبڕاو، سەری خۆی هەڵدەگرێت و بەرەو شوێنێکی دوور هەڵدێت، تا بتوانێت بێ دوودڵی و بێترسی ڕاوەدوونان، کارێك بدۆزێتەوەو بژی، بەڵێ دوای ئەو گریگۆرییە دەکەوێت و لە ڕێگادا دەکەونە کەمینەوەو ئەکسینیا دەکوژرێت ، گریگۆری بە نووکی شمشێرەکەی لە خاکی ساردو سەهۆڵبەنداندا، گۆڕی بۆ هەڵدەکەنێت و دوا ئومێد و دوا وزەی ژیانی خۆی بە دەستی خۆی بە خاك دەسپێرێت.

بەڵێ داستانی ( دۆنی ئارام) لە چوارچێوەی خاکی قۆزاقنشینی دۆندا، گەورەترین و ڕەنگینترین کارەساتی مێژووی هاوچەرخمان بە جوانترین و ناسکترین زمانی هونەری بۆ دەگێڕێتەوە، کارەساتێك، کە تاکو ئەمڕۆش ڕەنگدانەوەی بەسەر تیرەی بەشەرو هەرچوار نکالی دنیاوە، ماوە...

به هەرحاڵ ئەم ڕۆمانە بەر لە هەشتاو هەشت ساڵ نووسراوەو تازە دەکرێت بە کوردی!! بەڵام وەکو هەر شاکارێکی هونەریی ڕەسەن، سنووری زەمانی خۆی بەزاندووەو تەڕو تازەیی ئیستاتیکی خۆی پاراستووە... بە کورتی وکرمانجی ئەم ڕۆمانە بریتییە لە شیکردنەوەیەکی قووڵی تەبیعەتی بەشەر، خوێندنەوەیەکی هونەریانەی مجێزی مرۆڤ، کەشفکردنی نهێنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.دەقێکە بوونێکی بەشەری هێندە زندووی لە خۆگرتووە، ژیانی لێوە هەڵدەقووڵێت. دەقێکە هێندە هەستیارە، نایەتە گێڕانەوە، بۆیە ئەم سووکە پێشەکییە، هەرگیز ناکاتە ئەلتەرناتیفی دەقەکەو پێویستە خوێنەر بە خۆی بیخوێنێتەوەو بە ڕۆح دەگەڵیدا بژی و پێشوەختە خۆی بەوە بارگاوی کردبێت کە خوێندنەوەش هونەرە ، هونەری کەشفکارییە، هونەری گەڕانە بە دووی کەشفکردن و موناقەشەی ئەزموونێکی ئیستاتیکی باڵادا، گەڕانە بە دووی لەزەتێکی ئیستاتیکیدا..

ئیدی ئەمە کارێکەو کردوومە، هاندەری سەرەکیم زەرووڕەتی بوونی بوو لە کتێبخانەی کوردیدا، ئەو کارەیە کە توانیومە بیکەم، نەك ئەوەی کە ویستوومە، بۆیە منەت بەسەرکەسدا ناکەم، بە تەمای ستایش و دەستخۆشیش نیم، بەڵام بە هومێدم بەر تانەو تەشەری منداڵانە نەدرێم!.. فەرموون ئێوەو (دۆنی ئارام) ی کوردی.....

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- عشره ایام هزت العالم، جۆن رید/ترجمه فواز طرابلسی /تشرین الپانی/١٩٨٣

*- الدون الهادی(١) میخائیل شولوخوف/ ترجمه: علی الشوك،امجد حسین،غانم حمدون/مراجعه غائب طعمة فرمان/دارالمدی ٢٠١٣

*- میخائیل شولوخوف/سرنوشت یك مرد/ ترجمه:ماه ملك بهار

*- دن ارام/ میخائیل شولوخوف/ترجمه: م.ا.به ادین ( جلد اول)/انتشارات فردوس/ چاپ دوم: تهران/١٣٨٨(٢٠٠٩)

*- ناودارانی ئەدەب/ چ١/٢٠٠٩/ئا: حەمەکەریم عارف/دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

خاکی نەمرو پڕ شانازی مە بە گاسن

نەکێڵراوە

خاکی ئێمە بە سمی ئەسپان دێتە کێڵان

بەسەری قۆزاقان دێتە تۆو دان

خاکی پڕ شانازی مە

دۆنی ئارامی مە، بە بێوەژنە گەنجەکانیەوە

جوانە

باوکی مە، دۆنی ئارام، بە سێویانی(هەتیو) خۆی

دەنازێ

پێڵو شەپۆلی دۆنی ئارام شانازی بە

روندکی دایکان و باوکانمانەوە

دەکات

***

ئا ئەی باوکی مە، ئەی دۆنی ئارام

نا، ئەی دۆنە ئارامەکەی مە،

بۆچی ئاوەکەت وا لێڵە؟

من، کە دۆنی ئارامم، بۆچی لێڵ نەبم!

چۆن لێڵ نەبم!

هەموو سەرچاوە ساردەکان لە قولایی

منەوە هەڵدەقوڵێن

لە ناخ و قولایی منەوە – لە ناخی دۆنی ئارامەوە–

ماسیانی سپی، هەڵدەپلێن.

(لە دوو گۆرانی فۆلکلۆری قۆزاقانەوە)

# بەشی یەکەم

((١))

ماڵی، ماڵباتی میلیخوف لەوپەڕی گوندیدا بوو. دەروازەی حەوشەو پشتیرو تەویلەکەیان بەرەو باکوور، روو لە روباری دۆن دەکرایەوە. دوای نشێوێکی ڕك(ڕژد)، کە نزیکەی حەڤدە مەترێك بە نێو کۆمەڵێك تاوێری گەجۆری بەکرێژە بەرداندا دەڕۆیی، ئەوجا کەنارو بەستێنی روبارەکە دەهات.

دنیایەك گوێچکە ماسیو سەدەڤ مرواری ئاسا، لەو کەنارەدا گیرسا بووەوە، کەنارێکی شینباوی کەوەیی تێکشکاو پڕ لە خڕکە بەرد کە شەپۆلان دەیان لستنەوە، ئەوجا رووی بە بریقو باقی پۆڵا رەنگی، دۆن دەردەکەوت، کە بایەکە لێی دەداو دەیهێنایە پێڵو شەپۆلان. بە سەمتی رۆژهەڵاتدا، لە دووری ئەو پەرژینانەی کە بە چڵو چێوی داربییان لە دەوری خەرمانگاکان دروست کرا بوون، رێگەی ئەتامانەکان دەستی پێدەکردو ئەوجا تا چاو بڕەکات هەر گیاشینکەی کێوی و زمانە بەرخەی کەوەیی سەر سەختو پێخوستی ژێر سمی ئەسپان بوو. پەرستگە وخاچێك لەسەر دووریانی جادەکەدا قوت بوو بووەوە، ئەوجا پێدەشتەکە دەهات کە نوقمی تەمو مژێکی گەڕۆكو گوزەرا بوو بوو. لە سەمتی باشوورا زنجیرەیەك گردۆڵکەی سپیواژی گەچۆر هەبوو. بە دەستی رۆژئاوادا، رێگەی گوندەکە بوو ،کە بە مەیدانی گوندیدا بەرەو مێرگو سەوزەزاری کەنارێن روبارەکە دەکشا.

پروکوڤ میلیخوڤ قوزاقی، لە کاتی پێش دوا جەنگی رووسو تورکدا بۆ گوند گەڕایەوە. ژنێکی دەگەڵ خۆیدا هێنا بوو — ژنێکی ئەندام وردیلە، سەراپای لە شاڵێکەوە پێچا بوو. ئەم ژنە بەردەوام رووی دادەپۆشیو بە دەگمەن چاوە کێوی و غەریبو خەمناکەکانی دەردەخست. بۆنێکی یەجگار سەیرو خۆش لە شاڵە ئاوریشمەکەی دەهات و نەخشو نیگاری کۆڵکەزێڕینە ئاسای شاڵەکەی، حەسوودی و بەغیلی ژنە قۆزاقیانی هەڵدەستاند. ئەم ژنە تورکە دیلە، خۆی لە خزمو کەسو کارەکەی پروکوڤ دوور دەگرت، زۆری نەبرد کە میلیخوڤ پیر، بابی پروکوڤ، بەشە میراتی کوڕەکەی (پڕوکوڤ) جیاکردەوەو دایە. پیرەمێرد هەرگیز لەو گوناحەی کوڕەکەی خۆش نەبوو و تا لە ژیانا بوو پێی بە ماڵی کوڕەکەیدا نەکرد، چونکە نەیتوانی ئەو شەرمەزاریو نەنگیە فەرامۆش بکات.

پروکوڤ، زوو بە زوو کەوتە تەگبیری حاڵی خۆی، دارتاشان خانوویەکیان بۆ دروستکرد، بە خۆیشی چوار دەوری گەوڕێکی بۆ حەیواناتەکانی پەرژین کرد، لە هەوەڵی پایزدا ژنە بیانیە بە دیل گیراوەکەی بۆ خانووە تازەکەی برد. خۆیو ژنەکەی بە ناو گوندا، کەوتنە دوای ئەو عەرەبانەیەی کە هەموو ماڵەکەیان لێبار کردبوو. هەموو خەڵکی گوند، بە پیرو گەنجەوە هاتنە سەر جادە. پیاوەکان لە ژێرەوە پێدەکەنین. ژنەکان بە دەنگی بەرز تەشەریان لێدەدان، کۆمەڵێك مندالە قۆزاقی چڵکنو پڵکن بە فیك و هۆڕ دوای پروکوڤ کەوتبوون، بەڵام ئەو بە کاوەخۆ دەڕۆیی، پاڵتۆیەکی لەبەربوو دوگمەکانی دانەخستبوو، مەچەکی ناسكو باریکی ژنەکە لە نێو

دەستە زەلامو رەشەکانی خۆی نابوو، سەری بەرز گرتبوو و بە قژە لوولە مەیلەو زەردەکەیەوە بێ منەتو بێ پەروا بە ئەسپایی هەنگاوی دەنا، لە تۆ وایە بە نێو شۆوێکی تازە کێڵراودا هەنگاو دەنێت. لە ژێر ئێسقانی گۆناکانیەوە، گوپی دەجولاو دەلەرزی، نێوان هەردوو برۆ گرژەکانی نیشتبووە سەر ئارەقە.

لەوە بە دواوە بە دەگمەن لە گوندیدا دەبینرا، تەنانەت هەرگیز لە کۆڕو کۆبوونەوەی قۆزاقانیشدا بەشداری نەدەکرد. بە تاقی تەنیاو گۆشەگیرانە لە خانووە تەریکەکەی خۆیدا، لە کەناری دۆندا دەژیا. جۆرەها حیکایەتی سەیریان لە گوندیدا، دەربارە دەگێڕایەوە. ئەو مندالانەی کە گوێرەکانیان لە مێرگوزارەکانی ئەوبەری جادەکەدا دەلەوەڕاند، دەیانگێڕایەوە کە هەموو ئێوارەیەك، لە دەمی زەردەپەڕدا، پروکوفی ژنەکەی لە باوەش دەگرێتو تا سەر گردی گۆڕستانی تاتارەکانی دەبات، لەوێ لە ترۆپکی گردەکەدا، ژنەکەی دادەنێت، پشتی دەدات بە کۆنە تاوێرێکەوە کە باوبۆران کون کونیان کردووەو، خۆیشی لە تەنیشتی دادەنیشێ. ئیدی بە دوو قوڵی چاو دەبڕنە ئەو دەشتەو تا خۆرئاوا دەبێ بەدەم نیگاکردنەوە دادەنیشن. هەنگێ پروکوفی ژنەکەی لە پۆستینەکەی خۆیەوە دەئاڵێنێو هەڵی دەگرێتو بۆ ماڵی دێنێتەوە. خەڵکی گوند سەریان لەم رەفتارە سەیرە سوڕما، هەزارو یەك مەزەندەیان لێدا، ژنان بە رادەیەك کەوتنە باسو خواسی ئەم دیاردە سەیرە کە نەدەپەرژان سەری یەکتریش بدۆزن. قسەو قسەڵۆکێکی زۆریش دەربارەی ژنەکەی پروکوفی کەوتە سەر زاران. هەندێك دەیانگوت لە جوانیا بەشی کەسی نەهێشتووەتەوەو هەندێکی دی بە پێچەوانەوە. ئەم مەسەلەیە کاتێ روون بووەوە کە یەکێك لە روودارترین ژنان بە ناوی ماڤرا، -کە ژنی کابرایەکی سەرباز بوو-، بە بیانووی هێنانی تۆزێ هەویرترشەوە چوو بۆ ماڵی پروکوفی. کاتێ پروکوفی رۆیی بۆ ژێر زەمینەکە تا هەویرترشی بۆ بێنێ، ماڤرا، فرسەتی هێنا تا بزانێ ئەو بووکە شووشە تورکییەی کە پروکوفی وەکو دیلو دەسکەوتی شەڕ هێناویەتی، چتۆ ژنێکە، ژنی چی، جنۆکەیەك بوو لەو گۆڕە...

دوای ماوەیەکی کەم، ماڤرا بە گۆنای ئاڵو سوور هەڵگەڕاوەوە، کە سەرپۆشەکەی لەسەر سەری لاچوو بوو، لە کوچەیەکدا تووشی تاقمێك ژن بوو و ڕازی قسەی دەگەڵ دامەزراندن:

– خوشکێ، خۆزی دەمزانی حەزی لە کوێی کردووە؟ خۆزگە ژنیش بوایە، جنۆکەیەکە لەو گۆڕە!.... نە سمتو ساتانێ، نە سینگو مەمکێ! خۆ کیژانی خۆمان زۆر قوتو قەڵەوترن! ئەوەندە باریکە، دەتوانی وەکو مێش هەنگ لە ناو قەدەوە بیکەی بە دوو لە تەوە. ئەدی ئەو چاوە درشتە رەشانەی بۆ ناڵێی، پەنا بە خوا، عەینی چاوی شەیتان دەبریسکێنەوە. لەوە دەچێ لەسەر مانگو ڕۆژی خۆی بێ!.

ژنەکان بەسەر سامی گوتیان:

– مانگو رۆژی خۆی؟

– من منداڵی دوێنێ نیم، سەرم لەبەر هەتاو سپی نەکردووە! بە خۆم سێ منداڵم گەورە کردووە.

– باشە، دەموچاوی چۆنە؟

- دەموچاوی؟ زەردە، روناکی لە چاوانیا نیە. هەڵبەتە وڵاتی غەریبی بە دڵ نیە. کچینە لەمەش خراتر ئەوەیە کە پانتۆڵەکەی پروکوفی لە پێ دەکات!

ژنەکان تێکڕا، بە ترسەوە گوتیان:

- نا! مەحاڵە!

- بە چاوی خۆم دیتم، پانتۆڵی لە پێدا بوو، بەڵام هیچ گێزو گوڵینگێکی پێوە نەبوو، دیارە دەبێ پانتۆڵی ئاسایی مێردەکەی بێ، کراسێکی درێژی هاودامانی لەبەرە، ئیدی دیار بوو لە ژێریەوە پانتۆڵی لە پێ بوو و دەلنگەکەی لە گۆرەوییەکانی نابوو. کە چاوم پێی کەوت، تەزوویەکم پێدا هات لە زگ بوو(خەریکبوو) ببوورێمەوە...

مقۆ مقۆ لە نێو گوندا بڵاوبووەوە کە ژنەکەی پروکوفی جادووگەرە. بووکەکەی ئەستاخۆف (خانەوادەی ئەستاخۆف نزیکترین دراوسێی پروکوفی بوون) سوێندی دەخوارد کە رۆژی دووەمی جەژنی سێینە (باب و کوڕو روحی قودس)، بەر لە رۆژهەڵات، ژنەکەی پروکوفی دیتوە کە بە سەروپێی پەتی لە گەوڕەکەدا مانگاکەی ئەستاخۆفی دۆشیوە. ئیدی لەو رۆژەوە گوانی مانگاکە پوکاوەتەوەو پڕ بە چنگی منداڵێکی لێ ماوەتەوەو ئیدی لە شیر چووەتەوەو دوای ماوەیەکی کەم مردار بووەتەوە.

ئەو ساڵە، دەردە حەیوانێکی نا ئاسایی بڵاوبووەوە، ماڵاتێکی زۆر، زیاتر لە ساڵان مردار بوونەوە، لە بوارو شوێنە تەنکاوەکانی دۆن دا، رۆژ نەبوو، کەلاکی تازەی چێڵ و گوێرەکان لە کەناری روبارەکەدا دەرنەکەوێ. ئەوجا دەردە ئەسپ بڵاوبووەوە. ئیدی نۆرە هاتە سەر پەزو رانی ناو قەدەغەو پاوانەکانی گوندو بەرەبەرە دایانە کەمی. واتەواتی بەدخوایانە لە نێو گوندیدا بڵاوبووەوە.

قۆزاقەکان رۆژێ کۆبوونەوەو ئەوسا چوون بۆ لای پروکوفی. هاتە دەرێ و لەسەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگاوە سەری رێزی بۆ دانەواندن:

- سەروەرانی بەرێز، چ خزمەتێ بە من دەکرێ، دەخزمەتتاندام؟

ئاپۆڕاکە، مات و بێدەنگ، بێئەوەی زار هەڵێنن، لە پلەکان نزیك بوونەوە. پیرەمێرێکی مەست هاواری کرد:

- ژنە جادووگەرەکەت بێنە دەرێ، دەمانەوێ دادگایی بکەین...

پروکوفی، تەکانی دایە خۆ کە بچێتە ژوورەوە، بەڵام لە ڕاڕەوەکەدا گرتیان. قۆزاقێکی زەلامی کەتە، کە لوشینیان پێدەگوت، سەری پروکوفی گرت و کێشای بە دیوارەکەداو گوتی:

- دەنگت دەرنەیەت، پێویست بە هات و هاوار ناکات. ئێمە نیازمان خراپ نییە، هیچ لە تۆ ناکەین، بەڵام ژنەکەت لە ناو دەبەین. ئەو لە ناو بچێت باشترە، تا هەموو گوند لە بێ چێڵی و بێ ئەسپیدا لە نێو بچن. بەڵام نەخەڵەتابی دەست بکەیتەوەو بە نیازی شەڕ بیت، ئەگینا کە سەرم دایت بە دیوارەکەدا دەم بە یەکا نادەیت!

نەڕەیەك لە نێو ئاپۆڕاکەوە بەرز بووەوە:

- ئەو دێڵە سەگە ڕاکێشنە نێو حەوشە!

یەکێك لە هاوڕێیانی زەمانی سەربازی پروکوف، قژی ژنە تورکەکەی لە دەستێکی ئالاند و بە دەستەکەی تری دەمی، کە هاواری دەکرد، توند گرت‌و بە ڕاکێش ڕاکێش لە دالانەکەوە هێنای‌و توری دایە بەر پێی ئاپۆڕاکە. هاوارێکی بەرز لە نێو هەراو هەنگامەی خەڵکەکەوە بەرز بووەوە. پروکوف، پێنج شەش قۆزاقی دەڵەکداو خۆی بە ژووردا کردو پڕی دایە شمشێرێك کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرا بوو. قۆزاقەکان بە دەم پاڵەپەستۆوە لە ماڵەکە وەدەرکەوتن. پروکوف بە شمشێر بادانەوە لە پلەکانەوە بۆیان هات، ئاپۆڕاکە بە نێو حەوشەکەدا بڵاوبوونەوەو هەر یەکە خۆی دایە پەنایەك.

لوشینا لە ڕێکردنا خاو بوو، پروکوف لە نزیکی شوێن خەرمانەکاندا گرتی، لە پشتەوە یەك شمشێری کێشا بەسەر شانی چەپیا، تا ناو قەدی شەقی کرد. بەڵام ئاپۆڕاکە بەدەم هەڵکەندنی داری پەرژینی خانووەکەوە، پاشەکشەیان کردو لە خەرمان جاڕەکانەوە بەرەو دەشت‌و بیابانەکە قووچانیان.

دوای نیوە سەعاتێك، قۆزاقەکان زاتیان(جورئەت) پەیدا کردەوەو جارێکی دی بۆ ماڵەکەی پروکوف هاتنەوە. دوانیان بە پارێزەوە وەژوورکەوتن. ژنەکەی پروکوف لە ڕاڕەوەکەدا لە گۆمی خوێنا کەوتبوو، سەری بە شێوەیەکی دڵتەزێن بە پشتا کەوتبوو، ئازار لێوەکانی پیێ هەڵقورتاند بوو، زمانی کەوتبووە نێوان دانەکانی‌و بستێك هاتبووە دەرێ. پروکوف بە دەم سەرە لەرزێ‌و چاوانی خەمینەوە منداڵێکی نە بەکامی لە پۆستینێکەوە دەپێچا.

***

ژنەکەی پروکوف ئەو ئێوارەیە مرد. دایکە پیرەکەی بەزەیی بە منداڵەکەدا هاتەوەو بەخێوکردنی گرتە ئەستۆی خۆی. لەشی منداڵەیان لە پەڵوڵەی سۆس هەڵکێشاو بە شیری ماین گۆشیان کرد، دوای مانگێك کە دڵنیا بوون ساوا سەوزەڵە سیما تورکییەکەیان دەژی، بردیان بۆ کڵێساو غوسڵیان داو بە ناوی باپیرە گەورەیەوە ناویان نا پانتلی. پروکوف، دوای دوازدە ساڵ لە بێگارە زندان گەڕایەوە. بە ڕدێنە کورتە سورخنەکەیەوە کە داوی سپی تێکەوتبوو و بە جلە رووسیەکانیەوە، لە قۆزاقان نە دەچوو. منداڵەکەی وەرگرتەوەو گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی.

پانتلی گەورە بوو، کوڕێکی گەنم ڕەنگی سەرکێش بوو. سیماو هەیئەت‌و بیچمی لە دایکی دەچوو. پروکوف کچە قۆزاقێکی هاوسێی خۆی بۆ خواست.

لەوە بە دواوە خوێنی تورك‌و قۆزاق تێکەڵ بوو. بەمجۆرە ماڵباتی میلیخوف کە بە هۆی قەڵەنگەلووتی‌و قۆزی کێویانەی خۆیانەوە نازناوی "تورك" یان لێنرا بوو، لە گوندەکەدا سەری هەڵدا.

پانتلی دوای مردنی بابی، کاروباری ماڵەکەی گرتە دەست. سەری خانووەکەی تازەکردەوەو سواخی دا، نیو هیکتارێك زەوی ئەمیری‌و بەیاری خستە سەر کێڵگەکەی خۆی، چەند کەپرێکی دیکەی دروستکردو عەمارێکی بۆ دانەوێڵە چێکردو سەرەکەی بە تەنەکەو چینکۆ گرت. کابرای تەنەکەچی لەسەر داوای پانتلی، دوو بانمای بۆ دروست کردو لەسەربانی عەمارەکە داینا. بیێ

پەروایی بانماکان رەنگ‌و روو و رەونەقێکی زیاتری بەماڵەکەی میلیخوف بەخشی و نیشانەی خۆشگوزەرانی دەنواند.

پانتلی، لە ژێر باری تێپەڕ بونی ساڵاندا، لە رووی بە دەنیەوە ئەستوورو کەمێك کۆمایەوە. بەڵام هێشتا هەر بە پیرەمێرێکی خۆش هەیکەل‌و بەهێزو توانا دەژمێردرا. ئیسقانی ئەستوورو رەق بوو، دەلەنگی (لە گەنجیدا، لە کاتی نمایشێکی سوپای تزاریدا، وەختێ بە ئەسپ بەسەر لەمپەرێکدا بازی دابوو، لاقی چەپی شکا بوو). گوارەیەکی زیوی هەیڤۆك(هیلال) ئاسای لە گوێی چەپی دەکرد. تا تەمەنی پیریش سەرو ردێنی هەر رەشێکی جوانی بریقەدار بوو. کە توڕە دەبوو، تەواو دەهری دەبوو و کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدا، بێگومان ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ژنە شۆخ‌و شەنگ‌و شەنگوڵەکەی زووتر لە وەختی خۆی پیر ببێت. و ئەو دەموچاوە ساف‌و جوانەی، عەینی داوی جاڵجاڵۆکە هەزارو یەك چرچی تێبکەوێ.

کوڕە گەورەکەی پیوتەر، کە ژنی هەبوو، چوو بووەوە سەر دایکی: دەستەباڵاو چوار شانە، کەپووی فس ، قژی پڕو گەنم رەنگ، چاوی قاوەیی بوون. بەڵام کوڕە چکۆڵەکەی کە نێوی گریگۆری بوو، لە باوکی دەچوو، شەش ساڵێك لە پیوتەری برای بچووکتر بوو، بەڵام بە ئەندازەی نیو سەر لەو باڵا بەرزتر بوو. هەمان کەپووی دەنووکە داڵاشی بابی هەبوو. سپێنەی چاوە گەشەکانی لە درزی پێڵوە کەمێك خوارەکانیەوە، شین دەیان نواند. رەنگی پێستی گەنم رەنگێکی ئامال سوور بوو، کە گۆنا تیژەکانی داپۆشی بوو. گریگۆری رێك وەکو بابی کەمێك کۆم(قەموور) بوو، تەنانەت بزەو پێکەنینەکەشی وەکو بابی کەمێك کێویانە بوو.

ژمارەی ئەندامانی خانەوادەکەی میلیخۆف بە دونیاوە، کە کچێکی درێژ داهۆڵی چاو درشتی نازپەروەردەی بابی بوو، و هەروەها داریای ژنی پیوتەرو منداڵە چکۆلەکەیان، تەواو دەبوو.

((٢))

لێرەو لەوێ، تاك‌و تەرا، ستێران بە ئاسمانی کەوەیی رەنگی بەرە بەیانەوە دەدرەوشانەوە. لە بناری پەڵە هەورانەوە، بای دەهات. تەم‌و مژێك بە بەرزیەوە بەسەر روباری دۆندا تلی دەخواردو لە کنوکۆی ئەوەدا بوو لە داوێنی تەپەیەکی قسڵیندا، کۆ وەبێ‌و بگیرسێتەوەو وەکو ئەژدیهایەکی کەوەیی بێسەر، بۆ خەرەندو ئاودڕەکان دەخزی. بەستێنی سەمتی چەپی روبارەکە، تیلماسکە زیخ چەویك، گۆلاوەکانی دەوری قامیشەلان‌و زەلکاون، درەختانی ئاونگ گرتە، لەبەر تیشکی ساردو لە گیانخۆشی سپێدەدا، سەریان قوت دەکردەوەو پرشنگیان دەدا. لەو دیو کەلەوە، خۆر بەبێ گڕ، بە ئەسپایی دەسووتاو هەڵدەهات.

لە ماڵی میلیخوفدا، پانتلی بەر لە هەمووان لە خەو ڕابوو. بە دەم داخستنی یەخەی کراسە گوڵدۆزیەکەیەوە تا بەر هەیوانەکە رۆیی. سەوزە گیای نێو حەوشەکە یەکپارچە ئاونگی زیوئاسا بوو. پانتلی، حەیوانەکانی رادەیە سەر جادەکە. داریا بە جلی خەوەوە بە هەشتاو رۆیی کە چێڵەکە بدۆشێت. شەونم بە نەرمەی بەلەکە خڕپنە سپیە روتەکانیا دەپڕژاو جێ پێیەکی پان‌و تاریك لە دوایەوە لەسەر سەوزەگیای ناو حەوشەکە بەجێ دەما. پانتلی بۆ ساتێك ڕوانیە ئەو

گیایەی کە لە ژێر گۆشاری پێی داریادا، هەڵدەستایەوەو سەری قوت دەکردەوەو، ئەوسا بۆ ژوورەکە گەڕایەوە.

لە باخەکەی بەر ماڵیاندا، گوڵی ژاکاوی درەختانی پڕ شکۆفەی گێلاس رژا بوونە بەر دەرگاو پەنجەرە کراوەکە. گریگۆری بە دەما خەوتبوو و باسکێکی ڕاکێشا بوو و لە جێگاکە هاتبووە دەرێ.

– گریشکا، دێی بچینە راوە ماسی؟

گریگۆری، لاقی لە تەختە خەوەکە هێنانە خوارەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:

– چیە؟

– وەرە با بڕۆین، تا خۆرهەڵات راوە ماسی بکەین.

گریگۆری بە دەم باویشکدانەوە، پانتۆڵی کارەکەی لە چاکلاکە داگرتو لە پێی کردو دەلنگەکانی لە گۆرەویە خوریە سپیەکانی ناو پێڵاوەکانی کردە سەر پیێو پاژنەکانی هەڵکێشانو بەرەو هەیوانەکە دووی بابی کەوتو پرسی:

– باشە دایکم چەشەکانی کوڵاندەوە؟

– بەڵێ، بڕۆ بۆ لای بەلەمەکە. دوای یەك دەقیقەی دی منیش دەگەمە لات.

پیرەمێرد، چەودەرە کوڵاوەکەی (چەودەر جۆرە گیایەکە لە جۆ دەچێ) کە بۆنێکی تیژی لێ هەڵدەستا هەڵڕشتە گۆزەیەکەوە، ئەو دەنکانەی کە رژابوونە سەر ئەرزەکە، بە دەستی خۆی، بە دیقەت کۆکردەوەو بە هەشتاو بەرەو روبارەکە وەڕێکەوت، سەیری کرد کوڕەکەی خۆی گرمۆڵە کردووەو لە نێو بەلەمەکەدا دانیشتووە.

– بۆ کوێ بڕۆین؟

– بۆ بەستێنە ڕەش. بۆ لای ئەو نارەوەنەی ها رۆژەکە لە پاڵیا دانیشتبووینو راوە ماسیمان دەکرد.

بەلەمەکە، کە پاشەڵی لە ئەرزەکە دەخشی، لە کەنارەکە دوور کەوتەوەو لەسەر ئاوەکە گیرسایەوە. رەوتی ئاوەکە دەگەڵ خۆیدا دەیبردو گێژی دەداو خەریك بوو وەری دەگێڕا، گریگۆری بە زەبری سەولان بەلەمەکەی راگرت، بەڵام سەوڵی لێنەدا.

– بۆچی سەوڵ لێنادەی؟

– با جارێ بگەینە ناوەڕاستی روبارەکە.

بەلەمەکە بە ناوەندی گێژەنگی توندی ئاوەکەدا تێپەڕی و رووی کردە کەنارو بەستێنی چەپی روبارەکە. بانگی زوڵاڵی کەڵەبابانی گوند، لە دوایانەوە دەهاتو لە نێو ئاوەکەدا دەنگی دەدایەوە، بەلەمەکە کە تەنیشتی لە تاوێری رەشو ڕکی کەنارەکە، کە زۆر لە ئاستی ئاوەکە بەرزتر بوو، دەخشی، خزییە گۆلاوەکەی پاینی تاوێرە رەشەکە. لە دە مەتری کەنارەکەدا، لقو پۆپی تێکڕژاوی ئەو نارەوەنەی کە لە ئاوەکەدا نقوم بوو بوو، دەرکەوت. کەفاوێکی زۆر بە دەوریا دەسوڕایەوەو گێژی دەخوارد. پانتلی بە ئەسپایی گوتی:

– تا من چەشەکان هەڵدەدەم، تۆش پەتو قولاپەکە ئامادە بکە.

ئەوجا دەستی بە دەمی گۆزەکەدا کرد کە هێشتا هەڵمی لێهەڵدەستا، دەنکە چەودەرەکانی بەسەر ئاوەکەدا تۆودا، بە دەم شڵپە شڵپێکی ئەسپاییەوە دەکەوتنە سەر ئاوەکە. گریگۆری چەند دانەیەکی هەڵماساوی کردن بە سەری قولاپەکەوەو بە دەم زەردە خەنەوە گوتی:

– دەی ماسییان ئێستا وەرن، گەورەو بچووکتان بێن!

پەتی قولاپەکە، بە شێوەی بازنەیی وەژێر ئاوەکە دەکەوت، جاریَ توندو جاریَ شل دەبوو. گریگۆری پێی نایە سەر کۆتایی داری پەتەکەو، بە پارێزەوە دەستی بە گیرفانی خۆیدا دەگێڕا تا کیسە تووتنەکەی دەربێنیَ.

– باوکە ئەمڕۆ بەخت یارمان نییە، هیچ بە دەست نایەنین، مانگ لە کۆتاییدایە.

– شقارتەت لەگەڵ خۆ هێناوە؟

– ئەریَ.

– کوا ئەو ئاگرەم بدەیە.

پیرەمێر مژێکی لە سیغارەکەی داو نیگایەکی هەتاوی کرد کە دەتگوت لە پشت ناروەنەکەوە لە قوڕ چەقیوە. وەڵامی دایەوە:

– ماسی شەبوت وەختو ناوەختی بۆ نییە، کەس نازانیَ کەی پەلاماری چەشە دەدات، جاری وایە مانگ روو لە ئاخرو کۆتاییشەو ئەوجاش دێتە گرتن.

گریگۆری لە بن لێوانەوە گوتی:

– لەوە دەچیَ ماسی چکۆلە قەپ لە چەشەکە بدەن.

ئاوەکە بە شڵپو هۆڕ خۆی بە قەدی بەلەمەکەدا کێشا. ماسیەکی شەبوت کە درێژیەکەی لە مەترێك پتر دەبوو، کە بە دەنی ڕەخشانی دەتگوت لە مسی سوور دارێژرا بوو، بە دەنگێکی ناڵە ئاساوە خۆی بۆ سەریَ هەڵداو بە کلکە پانو خوارەکەیەوە خۆی بە ئاوەکەدا کێشا. ئاوەکە بەسەر بەلەمەکەدا هەڵپرژا.

پانتلی، ردێنە تەڕەکەی خۆی بە سەری قۆڵی سڕیو گوتی:

– وریا بە!

لە نزیکی ئەو دارەی کە لە ئاوەکەدا نقوم بوو بوو، هاوکات دوو ماسی شەبوت لە نێو لقە رووتەکانەوە هەڵبەزینەوە، ماسیەکەی دیکەش کە لە دووانەکەی دی بچووکتر بوو، تەقڵەیەکی لێداو خۆسەرانە لە نزیکی کەنارەکەدا کەوتە یاری.

***

گریگۆری، بە بێتاقەتی مژی لە قونکی تەڕی سیغارەکەی دەدا. هەتاو کە تەم دەوری دابوو، تا نیوەی لەگەڵ هاتبووە دەر. پانتلی پاشماوەی چەودەرەکەی پرژاندە سەر ئاوەکە بە خەمینیو دڵتەنگی لێوی هێنانەوە یەكو چاوی بڕییە کۆتایی بیَ جوڵەی داری قولاپەکە.

گریگۆری قونگی سیغارەکەی خۆی توڕداو بە توڕەییو بێتاقەتی چاوی بڕییە سەمای خێرای قونکە جگەرەکە. لە دڵی خۆیدا سەرزەنشتی بابی خۆی دەکرد کە بەو شەوەکییە لە خەوی هەستاندبوو.

سیغاری لە خورێنی و بە سکی خاڵی، لە دەمیا تامی تووکی سوتاوی دەدا. دەیویست دانەویێتەوەو بە چنگ تۆزێ ئاو هەڵگرێ و لە زاری وەربدات، بەڵام لەو دەمەدا کۆتایی دارەکە بە ئاستەمێك جوڵاو بەرە بەرە دەچوو بە ئاوەکەدا. پیرەمێرد بە ئەسپایی گوتی:

– قولاپەکە ڕاکێشە!

گریگۆری ڕاچڵەکی و خێرا قامیشی قولاپەکەی گرت، بەڵام قامیشەکە لە دەستیا وەکو کەوان چەمی و ئەوسەری بە ئاوەکەدا ڕۆچوو.

پانتلی لە کاتێکا بەلەمەکەی دەڕانی و لە کەنارەکەی دوور دەخستەوە، هاواری کرد:

– توند بیگرە!

گریگۆری هەوڵی دا، قامیشی قولاپەکە هەڵکێشێتەوە، بەڵام ماسیەکە زۆر بە هێز بوو، پەتی قولاپەکە قرچەیەکی وشکی لێهەستاو پچڕا.

گریگۆری تەکانێکی خواردو لەزگ بوو بەربێتەوە.

باوکی کە دەیویست چەشەی تازە بەسەری قولاپەکەوە بکات و نەیدەتوانی، لە بن لێوانەوە گوتی:

– بە ئەندازەی گایەك بە قووەتە!

گریگۆری بە دەم پێکەنینێکی تورەوە، پەت و قولاپێکی تازەی بە قامیشەکەوە بەست و هەڵیدایە ئاوەکەوە. هێشتا قورقوشمەکە نەگەیی بووە بنی روبارەکە کە کۆتایی قامیشی قولاپەکە چەمی. گریگۆری کە بە هەزار زەحمەت ماسیەکەی ڕادەگرت، لە بن لێوانەوە بۆڵاندی:

– خۆیەتی، ناڕەسەن!

ماسیەکە بەرەو ناوەندی روبارەکە دەڕۆیی. پەتەکە بە گڤە گڤ ئاوەکەی شەق دەکردو دیوارە شەپۆلێکی سەوزباوی لە دوای خۆیەوە بە جێدەهێشت. پانتلی بەوپەڕی نیگەرانی دەسکی ئەسکوێیەکەی لە نێو قامکە ئەستوورەکانیا دەگوشی.

– ئاگادار بە، ئەمجارەش پەتەکە نەپچرێ! مەیەڵە لە بەلەمەکە نزیك ببێتەوە!

– خەمت نەبێ.

شەبوتێکی گەورەی سورخنی زەردباو هاتە سەر ئاوەکە، کلکی دا بە ئاوەکەداو کەفاوی کرد، ئەوجا خۆی بە قوڵایی ئاوەکەدا کردەوە.

– خەریکە باڵم دەردێنێ! نا شەبوت گیان نا، ئەمجارە دەرباز نابی!

– گریشا، بیگرە!

– گرتوومە!

– نەیەڵی بچێتە ژێر بەلەمەکەوە! نەیەڵی!

گریگۆری، نەفەسێکی تازە کردەوە. ماسیە هیلاك و ماندووەکەی، کە کەوتبووە سەر لا، بەرەو لای بەلەمەکە ڕاکێشا. پیرەمێرد ئەسکوێیەکەی حازر کرد، بەڵام ماسیەکە دوا هێزی خۆی خستە کارو جارێکی دی خۆی بە قوڵایی ئاوەکەدا کردەوە. پانتلی هاواری کرد:

– سەری بەرز بکەوە! با تۆزێ هەوا هەڵمژێت، بەوە ئارام دەگرێ!

گریگـۆری، جـارێکی دی. ماسـیە شـەکەتەکەی بـەرەو بەلەمەکـە راکێشـا، ماسـیەکە بـە دەمـی کـراوەوە، لـە کاتێکـا کـەپووی بـەر قـەراخی زبـری بەلەمەکـە دەکـەوت و دەڕوشـا، پولەکـە نـارنجی و زێڕینەکانی دەبریسکانەوە، بە مۆڵەقی لە هەوادا وەستا بوو.

پانتلی ماسیەکەی خستە ئەسکوێیەکەوە و بەرزی کردەوە گوتی:

– تازە کاری کراوە!

نیـو سـەعاتێکی دی چـاوەڕوانیان کـرد، ئیـدی ماسـیانی دیکـە هـیچ جـم و جوڵێکیـان نـەما. سەرەنجام پیرەمێرد گوتی:

– پەت و قولاپەکەت بپێچەوە، ڕاوی ئەمڕۆی خۆمان کرد!

گریگۆری بەلەمەکەی بەرەو قولایی ڕوبارەکە ڕانی، بەدەم سەوڵ لێدانەوە، تەمەشایەکی سـەرو رووی بـابی کـرد، هەسـتی کـرد بـابی دەیـەوێ شـتێك بڵـێ. بـەڵام پـانتلی بـە کـڕی دانیشـتبوو و دەیڕوانیـە خانووەکـانی گونـد کـە بـە قـەد پـاڵی گردەکـەوە بڵاوبـوو بوونـەوە. سـەرەنجام بـەدەم کردنەوەی گرێی ئەو کیسەیەوە کە لە ژێر پێیدا بوو، دەستی بە قسان کرد:

– گوێ بگرە گریگۆری ... ئەوەندەی من بزانم تۆو ئاکسینیا ئەستاخۆفا....

گریگـۆری سـووری سـوور بـووەوەو رووی وەرگێـڕا. ملیـوانی کراسـەکەی چـوو بـە گەردنـە ئەستوورو تاوەگازەکەیداو خەتێکی سپی لەسەر گەردنی نەخشاند.

پیرەمێرد، ئەمجارەیان بە زبری و توڕەیی لە سەری ڕۆیی:

– ئاگات لە خۆ بێ کوڕۆ، دەنا بە زمانێکی دی قسەت لەگەڵ دەکەم. ستیپان دراوسێمانە، بە هیچ جۆرێ رازی نیم دەورو خونی ژنەکەی بدەیت. ئەم جۆرە کارە لەگینە فیتنەو ئاژاوەی لێ بکەوێتەوە، بۆیە پێشوەختە ئاگادارت دەکەمەوە. ئەگەر جارێکی دی کاری وات لێ ببینم، پێستت دەگرووم ها!

پانتلی، کۆڵەمستی توند گوشی و لە نێوان پێڵوە نیمچە داخراوەکانیەوە روانیە کوڕەکەی کە ڕەنگی دێناو دەبرد.

گریگۆری کە ڕێك دەیڕوانیە نێوان هەردوو چاوی ئامال شینی باوکی، کەوتە مینگە مینگ:

– هەمووی درۆیە!

– بێدەنگ!

– خەڵکی حەزیان لە قسەیە...

– دەست لێکنە، دایك سەگ!

گریگۆری سەری کز کردو کەوتە سەوڵ لێدان. بەلەمەکە بەرەو پێش ڕۆیی، ئاوەکە بە شڵپە شڵپ و بە دەم سەماوە لە لووتەی بەلەمەکە دوور دەکەوتەوە. هەردووکیان بێدەنگ بوون، پانتلی لە نزیکی بەستێنەکەدا، جارێکی دی کوڕەکەی ئاگادار کردەوە:

– ئەوەی پێمگوتی، لە بیری نەکەی، دەنا نایەڵم شەوان بچیتە دەرێ. هەنگێ ناتوانی و بۆت نییە یەك هەنگاو لە ماڵ دوور بکەویتەوە!

گریگۆری هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. پاش ئەوەی بەلەمەکەی لە کەنارەکەدا راگرت، پرسی:

– ماسیەکە بدەمە ژنەکان؟

پیرەمێرد بە شێوەیەکی نەرمتر گوتی:

– بڕۆ بیفرۆشە، پارەکەی بۆ خۆت بدە بە توتن.

گریگۆری بە دەم لێوکرۆشتنەوە دووی بابی کەوت. لە کاتێکا نیگای گۆساخی، لە تۆ وایە پشت ملی پیرەمێردی دەسمی، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

– باوکە هەرچی دەکەی بیکە! ئەگەر پێوەندیشم لە پێیان بکەی، شەوان هەر دەچمە دەرێ!

گریگۆری، کە گەییە ماڵەوە، ماسیەکەی بە جوانی شتو پاك پاکی کردەوەو ئەوجا شوولێکی ناسکی لە گوێچکەکانی هەڵکێشا. لە بەر دەرگای ماڵی خۆیاندا، تووشی دۆستی دێرینی خۆی میتکا کورشونوف بوو. میتکا لەو ناوەدا پیاسەی دەکردو بەدەم پیاسەوە یاری بە سەری کەمەربەندەکەی دەکرد، بە تەرەقەو بزماری سەر بە قوبەی زیو، نەخشێنرا بوو. چاوە زەردەچکۆلە زیتەکانی، گۆساخانە لە درزی باریکی پێڵوەکانیەوە دەبریسکانەوە. وەکو گورپە بیلبیلەی چاوەکانی ئەستوونی بوون و ئەمە کردبوویە کارێك کە نیگاکردنی زیتو فریوکارانە بنوێنێ.

– ئەم ماسیە بو کوێ دەبەی؟

– ئەمڕۆ گرتوومانە دەڕۆم دەیفرۆشم.

– بە مۆخۆڤ دەفرۆشیت، ها؟

– ئا.

میتا بە نیگایەك کێشی ماسیەکەی خەملاند:

– حەوت کیلۆ دەردەچێت؟

– حەوتو نیوە، بە تەرازوو کێشام.

– منیش لەگەڵ خۆتا بەرە، مامەڵە کردنەکەی لەسەر من.

– کەواتە وەرە.

– چی دەدەی بە من؟

– خەمت نەبێ، بێبەشت ناکەم. قابیلە لەسەر شتی وا بیکەین بە شەڕا.

تازە خەڵکی لە نوێژی کڵێسا هاتبوونە دەرێ، جادەو کۆڵانەکە پڕ بوو لە خەڵکی. برایانی شامیل، بە سێ قۆڵی، شان بە شانی یەکدی لە شەقامەکەی خوارەوە دەهاتن. برا گەورەکەیان، ئەلیکسی یەك قۆڵ لە ناوەڕاستیاندا بوو. یەخەی تەنگی قەمسەڵە سەربازییەکەی کردبوویە کارێك کە ملە ئەستوورو قەڵەوەکەی قوت ڕابوەستێ. ڕدێنە کورتە تەنکە لوولو تیژەکەی بەلایەکا کەوتبوو، پێڵوی چاوی چەپی لێکدا لێکدا دەفڕی. چەندین ساڵ لەوە پێش لە کاتی مەشقی تیرەندازیدا، تفەنگەکەی بە دەستیەوە تەقی بوو و پارچەیەکی وێڵ بەر گۆنای کەوتبوو، ئیدی لەوساوە پێڵوی چاوی چەپی، لە وەختو ناوەختا دەفڕیو ئیدی شوێنەواری شینەوەبووی زامەکە بە گۆنایەوە دیار بوو و لە ژێر قژە تێك ئالاوەکەیدا ون دەبوو. قۆڵی چەپی لە ئانیشکەوە بڕا بوو، بەلام ئەلیکسی بەوپەڕی وەستاییو لێهاتوویی سیغاری بە یەك دەست

دەپێچایەوە. کیسەی توتنەکەی لەسەر سینگی توند دەکردو بە ددانەکانی پەڕە سیغارێکی بە ئەندازەی پێویستی دەبڕی، ئەوسا لە شێوەی مەرزیب دا ڕایدەگرت و تووتنی تێدەکردو لە چاوتروکانێکدا داوای ئاگری لەم و لەو دەکرد. هەر چەندە یەك دەستی هەبوو، کەچی باشترین مست وەشێنی گوند بوو. ئەگەر بڵێی مستیشی زۆر گەورە نەبوو – هەر بە ئەندازەی کولەکە کێوییەك دەبوو. بەڵام جارێك وا ڕێکەوت کە بەدەم شۆو بڕینەوە لە گاجووتەکەی خۆی تووڕە دەبیٚ، چونکە قامچی پیٚ نابێت، مستێکی ئەوتۆی بە پەناگوێی گاجووتەکەدا کێشا بوو کە کەوتبووە ناو خەتە جووتەکان و خوێن لە هەردوو گوێچکەیەوە فیچقەی کردبوو و گاجووتی تاین بە هەزار زەحمەت ئەوسا چاك بووبووەوە. دوو براکەی دیکەی ئەلیکسی، واتە مارتین و پروخۆر، بە موو لە ئەلیکسی لایان نەدابوو: وەکو ئەو کورتە باڵاو ئەستوورو چوار شانە بوون، تاقە جیاوازیان لە ئەلیکسی ئەمە بوو کە ئەمان سەرو دوو دەستیان هەبوو.

گریگۆری سڵاوی لە برایانی شامیل کرد. بەڵام میتکا بە جۆریٚ ڕووی لێوەرگێڕان کە ملی تەقەی لێوە هات. لە کاتی کەڕنەڤاڵ دا، لە پێشبڕکێی بۆکسێندا، ئەلیکسی شامیل، بێئەوەی مدارای دەمودانی میتکا بکات، بە مست تێی بەر بوو بوو و سەرەنجام میتکا دوو دانی تف کردەوە سەر ئەو بەفرو بەستەڵەکە شینباوەی کە بە هۆی ناڵچەی ژێر پێڵاوانەوە هەزاران درزو شوختی تێکەوتبوو.

ئەلیکسی کە گەییە ئاستیان، پێنج چەلان(جاران) چاوی تورکاند و گوتی:

– ئەو ماسییەم پێدەفرۆشیت؟

– کڕیاریت؟

– داوای چەند دەکەیت؟

– بە جووتیٚ گاجووت و لەگەڵ ژنەکەتدا!

ئەلیکسی، چاوی تروکاندو دەستە بڕاوەکەی تەکان دا:

– کە کوڕێکی قۆشمەی! ها، ها! دەگەڵ ژنەکەمدا! ئەدی منداڵەکان، ئەوانیشت دەویٚ؟

گریگۆری بزەیەکی بۆ کردو بە سوعبەتەوە گوتی:

– نا، ئەوانە بۆ بنەتۆو هەڵگرە، دەنا تۆوی ماڵباتی شامیل دەبڕێتەوە.

خەڵکی لە مەیدانەکەی بەرانبەری کڵێساکە خڕ بوو بوونەوە. پاسەوانی کڵێساکە قازێکی خستبووە سەر سەری و هاواری دەکرد: "پەنجا کەپیك (پارەیەکی ڕووسیە) کیٚ زەمی هەیە؟"

قازەکە، ملی وەردەچەرخاندو چاوە میروو ئاساکانی بە بێزارییەوە دەنوقاند.

لەو نزیکانەوە، پیرەمێرێکی کورتە باڵا، کە سینگ و بەرۆکی یەکپارچە نیشان و میداڵان بوو، لە نێو کۆمەڵێکدا وەستا بوو و پەیتا پەیتا سەرو دەستی دەجوڵاند. میتکا بە گۆشەی چاو ئاماژەی بۆ لای کابرای تاین کردو گوتی:

– گریشکا، باوە گەورەم، خەریکە چیرۆك و داستانانی جەنگ و شەڕی عوسمانیان دەگێڕێتەوە، بڕۆین گویٚ بگرین؟

– تا ئێمە گویٚ دەگرین و ئەو لێدەبێتەوە، ماسیەکە با دەکات و بۆگەن دەکات.

– ئەگەر با بکات قازانجی ئێمەیە، چونکە کێشەکەی زیاد دەکات.

لە مەیدانەکەی پشت عەماری ئاگر کوژێنەکەوە، کە پڕ بوو لە بەرمیلی ئاوکێشی درز بردوو و مژانی شکاو، سەربانە کەسکەکەی ماڵی موخوف دیار بوو. گریگۆری کە بە بەر عەمارەکەدا رەت دەبوو کە پووی خۆی گرتو تفێکی رۆکردە سەر عاردی. پیرەمێردێك کە بەرەزوانەی قایشەکەی خۆی بە دان گرتبوو و دوگمەکانی پانتۆڵەکەی دادەخست، لە پشت بەرمیلەکانەوە هاتە دەرێ. میتکا بە تەشەرەوە گوتی:

– زۆر تەنگاو بوویت؟

پیرەمێرەکە هەموو دوگمەکانی پانتۆڵەکەی داخستو بەرەزوانەی کەمەربەندەکەی لە دەمی دەرهێناو گوتی:

– تۆ هەقت چیە؟

– هەقە سەرو ریشتی تێبنەیت! بەڵێ بە جۆرێ تێی بنەی کە ژنەکەت نەتوانێ بە یەك هەفتە گووەکانی لێبشتوات.

پیرەمێردەکە توڕە بوو و گوتی:

– من سەری تۆی تێدەنەم، قوون زل!

میتکا چاوەکانی، کە لە چاوانی پشیلە دەچوون، بچووك کردنەوە، دەتگوت تیشکی هەتاوەکە ئەزیەتی دەدان. گوتی:

– کە پیاوێکی ناسکی.

– زۆر خۆشی ها! بڕۆ بە رێی خۆتەوە کوڕی قەحپە. بۆ وازم لێناهێنی؟ بڕۆ بەرێی خۆتا، دەنا بەم کەمەربەندە....

گریگۆری بە دەم پێکەنینەوە گەییە بەر ماڵی موخوف. قەراخی قاڵدرمەکەیان یەکپارچە لق و پۆپی مێو بوو. سێبەرێکی خەستی خستبووە سەر قاڵدرمەکە.

– میتکا تەماشا، ئەمانە دەزانن چۆن بژین.

– تەنانەت دەسکی دەرگاکانیشیان لە زێڕگیراوە.

میتکا بە دەم سووکە پێکەنینێکەوە دەرگای هەیوانەکەی کردەوەو گوتی:

– هەقە یارۆی پیرەمێرد بۆ ئێرە بنێردرێت.

یەکێك لە دالانەکەوە هاواری کرد:

– کێیە؟

گریگۆری بە شەرمێکەوە خۆی وەژووردا کرد. کلکی ماسیەکە لە دواوە تەختە رەنگ کراوەکانی زەمینەی هەیوانەکەی دەماڵی.

– کێت گەرەکە؟

کچێکی جاحێڵ لەسەر کورسیەکی حەیزەرانیدا جۆلانەی بە خۆ دەکرد.، قاپێ تووە فەرەنگی بە دەستەوە بوو. گریگۆری بێئەوەی وەلامی بداتەوە نیگای دەکرد کە چۆن تووە فەڕەنگیەکەی

لە نێو لێوە گوڵ ئاساو ئەستوورەکانیا دەمژی. کیژێ سەری دانەواندو چاوی بڕییە میوانە گەنجەکان. میتکا بەلەز فریای گریگۆری کەوت، کۆکەیەکی بۆ کرد:

– ئەم ماسییەمان لێناکڕن؟

– ماسی؟ ڕاوەستن با بچم پرسێك بکەم.

لە جێی خۆی هەستاو کورسیەکەی بەو دەقەوە بە جێهێشت کە سەربەخۆ دەهەژا. پێیە چکۆلەکانی بە زەمینەی ژوورەکەدا بکێش دەکردو نەعلەکانی لەسەر ئەرزەکە دەنگیان دەدایەوە. تیشکی هەتاو لە کراسە سپیەکەی دەداو میتکا لە ژێرەوە و بە ئاستەم سێبەری لاقە قەڵەوەکانیو ژێر کراسە بە بریقو باقەکەی دەبینی. سەری لە سپیەتی ئەتڵەس ئاسای پاوپوزە رووتەکەی سوڕما. تەنیا پاژنە خڕەکانی پێی زەردێکی شیر ئاسا بوو. میتکا ئانیشکێکی لە گریگۆرییەوە ژەند:

– تۆ تەمەشای تەنورەکەی! دەڵێی شووشەیە، هەموو گیانی لێوە دیارە.

کیژێ لەو دەرگایەوە، کە دەهاتە سەر راڕەو و داڵانەکە، گەڕایەوە. بە ئەسپایی لەسەر کورسیەکە دانیشت.

– بڕۆن بۆ موبەقەکە.

گریگۆری، لەسەر نووکی پێیان خۆی بەماڵەکەدا کرد. میتکا بە لاقی بڵاوو چاوانی نیوە داخراوەوە، دەیڕوانیە ئەو هێڵە سپیەی کە قژی کیژەی لە ناوەندی سەریەوە دەکرد بە دوو نیوە بازنەی زێڕینەوە. کیژێ بە دوو چاوی فێڵبازانەی نیگەرانو نائارامەوە لێی دەڕوانی.

– تۆ خەڵکی ئێرەی؟

– بەڵێ، ئێرەییم.

– کوڕی کێی؟

– کوڕی کورشونوفم.

– ناوت چیە؟

– میتری.

کیژێ زۆر بە وردی روانیە نینۆکە پەمەییەکانیو ئەوسا لە پڕ لاقی خستە سەر لاق.

– تۆ ئەم ماسیەت گرتووە؟

– نەخێر، گریگۆری هاوڕێم.

– تۆش ڕاوە ماسی دەکەیت؟

– بەڵێ، هەر کاتێ کە ئارەزووم لێبێ.

– بە پەت و قولاپ؟

– بەڵێ.

دوای کەمێك بێدەنگی کیژێ گوتی:

– زۆر حەز دەکەم، رۆژێك بچمە راوە ماسی.

– باشە، ئەگەر حەز دەکەیت پێکەوە دەڕۆین

- بەڕاست؟ باشە چۆن تەرتیبی بکەین؟
- دەبیٚ زۆر زوو لە خەو ڕابیت.
- زوو ڕادەبم، بەڵام دەبیٚ یەکێك بێدارم بکاتەوە.
- من دەتوانم بێدارت بکەمەوە... بەڵام باوکت؟
- باوکم چی؟

میتکا پێکەنی و گوتی:

- لەوەیە بە دزم بزانیٚو سەگم تێبەر بدات.
- قسەیە! من لەو ژوورەی پەڕەوە بە تەنیا دەنووم، ئەوەش پەنجەرەکەیەتی. (کیژیٚ بە قامکان پەنجەرەکەی نیشان دەدات) ئەگەر بە دووما هاتیت، لە پەنجەرەکە بدەیت، یەکسەر ڕادەبم.

جار جار ژاوە ژاوی دوو دەنگ لە موبەقەکەوە دەگەییە گویٚ: دەنگی شەرمنۆکی گریگۆری و دەنگی گڕو قەبەی ئاشپەزەکە.

میتکا لە کاتێکا یاری بە تەرەقە زیوەکانی سەر کەمەربەندەکەی دەکردو هیچی نەدەگوت، کیژیٚ کە بزەکەی خۆی دەشاردەوە، پرسی:

- تۆ ژنت هێناوە؟
- بۆچی دەپرسیت؟
- بۆ هیچ، هەروا گەرەکمە بزانم.
- نەخێر، بوخچەی نەکراوەم.

میتکا لە پڕا سوور بووەوە. بەڵام کیژیٚ، لە کاتێکا کە گەمەی بە لاسکی تووە زستانەیەکەوە دەکردو میوەکەی هەڵدەوەراندە سەر زەوی، بە دەم زەردەخەنەوە، درێژەی بە پرسیارەکانی دەدا:

- میتکا، بڵیٚ بزانم کچان خۆشیان دەویٚی؟
- هەندێکیان خۆشیان دەوێم و هەندێکیان نا.
- ئەدی چاوانت بۆ لە چاوی پشیلە دەچن؟

میتکا بە تەواوەتی پەشۆکاو گوتی:

- پشیلە؟...
- بەڵیٚ، بەتەواوەتی لە چاوی پشیلە دەچن.
- دیارە لە دایکمەوە بۆم ماوەتەوە... هیچ دەسەڵاتێکی منی تیا نییە.
- باشە میتکا بۆچی ژنت بۆ نایەنن؟

میتکا، کەمێك وەخۆ هاتەوە، چونکە هەستی کرد کیژیٚ بەتەمایە پێی رابوێریٚ، چاوە زەردەکانی پرشنگیان دا:

- ئەوەی دەبیٚ بە ژنی من، هێشتا لە دایك نەبووە.

کیژیٚ برۆکانی ویٚکهێنانەوە، ڕەنگی سوور هەڵگەڕاو لە جێی خۆی هەستا. دەنگی پێی کەسێك لە کۆڵانەکەی بەرماڵیانەوە دەهات کە نزیك دەبووەوە.

سووکە بزەکەی، کە پێکەنینێکی پەنهانی لە خۆ گرتبوو، وەکو دڕو چزا بە میتکا دا.

سیرگی پلاتونوفیچ موخوف، له کاتێکا به خاوی پێڵاوه گەورە چەرمەکانی بکێش دەکرد، بە هەیکەلی کەتەو زەلامیەوە، بە کەش‌و فشەوە بە بەردەم میتکادا، کە خۆی وەلادا دابوو، ڕەت دەبوو، هەر بە دەم ڕێوە، بێئەوەی ئاوڕبداتەوە پرسی:

– کارتان بە من هەبوو؟

– باوکە، ماسیەکیان بۆ هێناوین.

گریگۆری بە دەستی خاڵی لە موبەقەکەوە وەدەرکەوت.

((٣))

گریگـۆری ئـەو شـەوە، دوای یەکـەمین بـانگی کەڵـەباب لـە شـەوبێری هاتـەوە. لـە هـەیوان‌و ڕاڕەوەکەوە بۆنی ترێی ترش‌و رازیانەو کەلەرمی وشك دەهات.

لەسەر نوکی پێیان خۆی بە ژوورەکەدا کرد. جلەکانی داکەند، بە هێمنی، پانتۆڵە تازەکەی ڕۆژانی یـەك شـەممەی بـە بزمارێکـەوە هەڵواسـی، ئامـاژەی خاچـی کێشـاو چـووە نـاو جێگـاوە. تریفـەی زێـڕین‌و خـەواڵووی مـانگ، لـە پەنجەرەکـەوە دابـووی لـە نـاو ژوورەکـەو سـێبەری چـوار چێوەو ڕایەڵەکانی پەنجەرەکە، لە ئەرزەکەدا دەرکەوتبوو. پرتەوی کاڵ‌و ماتی ئیکۆنە زیوەکان لە سوچێکەوە و لـە ژێـر پـەردە گوڵدۆزیەکانیانـەوە، دەبریسـکایەوە. مێش و مەگـەزێن خـەو زڕاو بـە دەوری چراکەو بەسەر تەختە خەوەکەوە، لە پەستاو بێبڕانەوە، بەدەم گیـزە گیزێکـی یـەك نـەواوە دەسوڕانەوە.

تازە خەریك بوو خەوی لێدەکەوت کە منداڵی برایەکەی لە موبەقەکەوە دەستی بەگریان کرد. بێشکەکەی وەکو عەرەبانەیەك کە باش گریس نەکرابێ، هەر جیڕە جیڕی بوو. داریا بە دەنگێکی خەواڵووەوە بۆڵاندی.

– بنوو، هەتیوە پیسە! خەوو ئارامت نییە.

ئەوسا، بە ئەسپایی، بەمجۆرە کەوتە لاوانەوەی:

– کولودا – دودا،

لە کوێ بووی تا ئێستا؟

– چاودێری ئەسپانم دەکرد.

– چییان پێدای.

– ئەسپێك و زینێکی زێڕ.

گریگۆری لە کاتێکا کە خەریك بوو بە دەم دەنگی یەکنەوای بێشکەکەوە خەوی لێدەکەوت، بیری کەوتەوە: "سبەینێ پیوتەر دەڕوات بۆ خزمەتی سەربازی، داشکا (داریا) و منداڵەکەی بە تەنێ دەمێننەوە. هەنگێ دەبێ بەبێ ئەو شان بدەینە بەر درەو."

سەری ژەنیە بالیفە گەرمەکەیەوە، لێ(بەڵام) لای لایەکەی داریا، بە تۆبزی لە گوێیدادەنگی دەدایەوە.

– ئەدی ئەسپەکەت کوا؟

- لەو دیو دەروازەکەوەیە.
- کام دەروازە؟ لە کوێیە؟
- لافاو بردی.

لە دەنگی بەرزی حیلەی ئەسپێك راپەڕی. گریگۆری دەنگی ئەسپە جەنگیەکەی پیوتەری برای ناسییەوە. بە قامکەکانی، کە خەو سستی کرد بوون، بە ئەسپایی دوگمەکانی کراسەکەی داخست.

خەریك بوو دیسان بەدەم دەنگو ئاوازی لای لایەکەی دارياوە خەو دەیبردەوە:

- ئەی قازەکان کوان؟
- چوونە نێو قامیشەڵانەکە
- قامیشەڵان لە کوێیە؟
- کیژان بڕییان.
- کیژەکان کێوە چوون؟
- ڕۆییشتن، شوویان کرد
- شووەکانیان لە کوێن؟
- چوون بۆ شەڕ....

گریگۆری بە چاوی خەواڵووەوە چوو بۆ تەویلەکەو ئەسپەکەی پیوتەری بردە کۆڵان، کە داوی جاڵجاڵۆکەیەك هاتو بەر گۆنای کەوت، لە پڕ خەو بەری دا.

تریفەی مانگ، وەك جادەیەك کە هەرگیز کەسی پێدا نەڕۆیی بێت، بەو ئاوایە پێلو شەپۆلەکانی دۆنی دەبڕی، تەمتومانێك بەسەر روبارەکەوە وەستا بوو، ستێران بە تاقی ئاسمانەوە، وەکو دەنکە هەرزن دەدرەوشانەوە. ئەسپەکە، دووی گریگۆری کەوتبوو و بە پارێزەوە سمی دەنایە سەر ئەرزەکە. سەرەو لێژگەیەکی زۆر ڕك بوو، لەوبەری روبارەکەوە، لە دوورەوە دەنگی مراویان دەهات. لە نزیکی کەنارەکە، سەگ ماسییەك کە خەریکی ڕاوی وردە ماسیان بوو، هاتە قەراخەوەو لە نێو سیاناوی تەنکاوەکەدا، بە دەم جووکەیەکی سووکەوە، تەقڵەیەکی لێدا.

گریگۆری ماوەیەکی زۆر لە قەراخ ئاوەکە وەستا. بۆدڕو بۆن ساردێکی ناخۆش لە کەنارەکە هەڵدەستا. ئاو لە دەمو قەپۆزی ئەسپەکەوە دەچۆڕایەوە. گریگۆری لە دڵی خۆیدا هەستی بە بۆشاییەکی خۆشو بەلەزەت دەکرد. دڵی خۆش بوو، بێخەم، بیری لە هیچ نەدەکردەوە. کە بە کەناری روبارەکەدا هەوراز بووەوە، تەمەشایەکی رۆژهەڵاتی کرد: تاریکیە شینباوەکەی شەو ڕەوی بووەوە.

لە نزیکی تەویلەکە تووشی دایکی بوو:

- ئەمە تۆی گریشکا؟
- ئەدی بە تەمای کێی؟
- ئەسپەکەت ئاودا؟

گریگۆری بەلا لوتێکەوە وەڵامی دایەوە:
- بەڵێ.

دایکی سینگ و بەرۆکی بە پشتا بردبوو و پڕ چارۆکەیەك تەپاڵەی وشکی هەڵگرتبوو تا ئاگری پێبکاتەوە. پێیە خاوسەکانی، کە ماسولکەکانی وەکو هی پیرە ژنان سست بوو بوون، بە عاردیدا بکێش دەکرد.

- خۆزگە دەچووی ماڵی ئەستاخۆفت بێداردەکردەوە. چونکە قەرار وایە ستیپان دەگەڵ پیوتەری ئێمەدا بڕوات.

فێنکی هەوای بەرەبەیان، ناخی گریگۆری بوژانەوە. گەشکەیەکی خۆشی بە لەشی بەخشی، بە پەلە خۆی گەیاندە بەر ماڵی ئەستاخۆف، بە هەشتاو بە پلەکاندا سەرکەوت. دەرگا دانەخرا بوو. ستیپان، لە موبەقەکەدا، لەسەر پەتۆیەك خەوتبوو و سەری ژنەکەی لەسەر باڵی بوو. گریگۆری، لەو بوڵێڵی بەرەبەیانەدا ماکسیەکەی ئەکسینیای بینی کە تا سەروی ئەژنۆی هەڵکشابوو و چاوی بە پاوپوزو لاقە ئەستوورەکانی کەوت کە لە قەدی دارغان دەچوو و بێ هیچ شەرم و پارێزێك لێکدی بڵاوبووبوونەوە. بۆ ساتێك چاوی تێبڕی، هەستی کرد دەم و گەرووی وشك دەبێت و دەنگێکی ئاسن ئاسا لە مێشکیدا دەتەقێتەوە. وەکو دزان ژێراو ژێر سەیری دەکرد. ئەوجا بە دەنگێکی تێکشکاو کە بۆ خۆیشی غەریب بوو بانگی کرد:
- ئەهای ماڵێ؟ هەستن!

ئەکسینیا بە دەم هەناسەیەکی قوڵەوە هەستا:
- کێیە؟

بە پەلە دەستی برد، باسکە رووتەکانی خزینە سەر پاوپوزی، کراسەکەی دادایەوە. دڵۆپێکی چکۆڵەی لیکاوی دەم بەسەر بالیفەکەیەوە دیار بوو: خەوی بەرە بەیانیانی ژنان قورسە.
- منم، دایکم ناردمی کە بێدارتان بکەمەوە.
- هەر ئێستا هەڵدەستین... لە تاو کێچ ناچارین لە عاردی بخەوین. ستیپان، هەلو، ڕابە، گوێت لێمە؟

گریگۆری، بە دەنگیا پەی بەوە برد کە ناڕەحەتە. بۆیە بە هەشتاو وەدەرکەوت.

***

سی(٣٠) قۆزاق بۆ دیتنی دەورەی سەربازی (دەورەی مانگی پێنج*) لەم گوندەوە بڕۆن. قەرار بوو لە مەیدانی گوندا خڕببنەوە. نزیکی سەعات حەوت، گالیسکانی چادر بەسەر، قۆزاقێن پیادەو سوارە، بە کراسی کەتانی بەهارەو کەل و پەلی پێویستەوە، لە مەیدانی گوندا خڕ بوونەوە.

پیوتەر، لەبەر دەرگا وەستا بوو، بەپەلە، هەوساری ئەسپەکەی کە پچڕا بوو دەدوریەوە. پانتلی پروکوفیچ، بە دەوری ئەسپی کوڕەکەیدا دەسوڕایەوەو جۆی دەکردە ئاخوڕەکەیەوە، ناو بە ناو هاواری دەکرد:
- دونیا، نانت خستە تورەکەوە؟ ئەدی گۆشت بەرازەکە، خوێت پێوەکرد؟

دونیا بە گۆنای ئاڵو گۆشتنەوە، وەکو پەڕەسێلکە، دەهات و دەچوو و بە پێکەنینەوە وەڵامی هاتو هاوارو پرسیارەکانی بابی دەدایەوە.

- باوکە تۆ کاری خۆت بکە. خەمت نەبێ کەلوپەلەکانی کاکە گیانم بە جۆرێ دەبەستم کە تا دەگاتە چرکاسك، جوڵە نەکات.

پیوتەر، لە کاتێکا بە تف داوەکەی تەڕ دەکرد، بەسەر ئاماژەی بۆ لای ئەسپەکە کردو لە بابی پرسی:

- ئالیکەکەی تەواو نەکرد؟

بابی کە بە دەستە زبرەکانی خۆی نەرمە زینەکەی تاقیدەکردەوە، بەکاوەخۆ وەڵامی دایەوە:

- خەریکە دەلەوەڕێ. بچووکترین شت، ورتکەنانێ، پوشکەیەك، بە نەرمە زینەکەوە بێ، لەوەیە لە ماوەی یەك قۆناغە رێدا پشتی ئەسپەکە بریندار بکات.

- باوکە کە ئەسپە کوێتم ئالیکەکەی خوارد، ئاویشی بدە.

- گریشکا دەیبات بۆ سەر روبارەکە. ئەهای گریگۆری وەرە ئەم ئەسپە بەرە بۆ سەر روبارو ئاوی بدە!

گریگۆری، ئەسپە بەرزو، لاوازو، ناوقەد باریکەکەی، کە پەڵەیەکی سپی بە تەوێڵیەوە بوو، بردە دەرێ.هەرکە لە دەروازەی حەوشەکە وەدەرکەوت، بە ئەسپایی دەستی چەپی خستە سەر ملی و گورج خۆی هەڵدایە سەرپشتی و بە یۆرغە (جۆرێ رەوتی ئەسپ) کەتە ڕێ. ویستی لەسەر نشێوی روبارەکەدا رای بگرێت، لێ ئەسپەکە داخزی و هەوا چووە لووتی و، دایە چوار ناڵەو تا خواری خوارەوە نەوەستایەوە. گریگۆری پشتی بردە دواوەو تەقریبەن لەسەر ئەسپەکە راکشا بوو، لەم بەینەدا چاوی بە ژنێك کەوت کە بە دوو سەتڵەوە، لە لێژگەکەوە، بەرەو خوار دادەگەڕا. گریگۆری لە رێگەکە لایداو لە قەراخی ئاوەکەدا، لە نێو پەڵەیەك تەپوو تۆزەوە سەری دەرهێنا.

ئەکسینیا، کە بەلارە لار لە نشێوەکەوە دادەگەڕا، لە دوورەوە بە دەنگێکی زیقاوڵە هاواری کرد:

- شەیتانی شێت! خۆ خەریك بوو بمکەیتە ژێرەوە! راوەستە بۆم، شەرت بێ بە باوکت بڵێم کە چۆن سواری ئەسپ دەبیت.

- باشە باش دراوسێ، تورە مەبە. کە مێردەکەت رۆیی بۆ سەربازی، رەنگە بتوانم لە کاروباری ماڵدا یارمەتیت بدەم و بە کەڵکت بێم.

- ئاخر تۆ بە چ کەڵکێکی من دێی، دەتوانی چ یارمەتیەکی من بدەی؟

گریگۆری بە پێکەنینەوە گوتی:

- کە کاتی دروێنەی وێنجە بێت، بە خۆت دێی بە شوێنما.

ئەکسینیا، چووە سەر ئەسکەلەیەکی بچووك و یەکێك لە سەتڵەکانی کە بەم سەری دارێکەوە بەسترا بوو، بە تەڕدەستی لە ئاوی روبارەکە پڕکرد، کراسەکەی کە بای تێ چوو بوو و هەڵکفا بوو، کۆکردەوەو خستیە بەینی هەردوو ڕانیەوەو تەمەشایەکی گریگۆری کرد. گریگۆری لێی پرسی:

– ستیپانت ئامادەی ڕۆییشتنە ها؟
– تۆ هەقت چییە؟
– چیە بابە.... چما پرسیار قەدەغەیە؟
– بەڵێ، ئامادەی ڕۆییشتنە. چیترت دەوێ؟
– یانی، بە تەنیا، بە بێ پیاو، دەمێنیتەوە، وایە؟
– بەڵێ، وایە.

ئەسپەکە، دەمی لە ئاوەکە هەڵگرت، ددانەکانی دا بە یەکداو دەیویست ئەو ئاوەی لە دەمولمۆزیەوە دەچۆڕا، بجوێت، لە کاتێکا رووی لەوبەری دۆن بوو، یەکێك لە دەستەکانی کێشا بە ئاوەکەدا، ئەکسینیا، سەتڵەکەی دیکەشی لەئاوەکە هەڵکێشاو بە پڕی دەری هێنایەوە. ئەوجا دارەکەی خستە سەر هەردوو شانی و هەنگێ بە سمت و کەفەڵی کەمێك لەرزانەوە، وردە وردە بە گردەکەدا هەڵگەڕا. گریگۆری سەری ئەسپەکەی وەرگێڕاو دوا بە دوای ژنەی تاین کەوتە رێ. با خۆی بە ژێر تەنورەکەیدا دەکردو وردە چینی قژەکاڵەکەی لە دەوری گەردنە ئەسمەرەکەی پەخش و پەریشان دەکرد. لە چکێکی ئاوریشمی کە بە داوی ئاگرین گوڵدۆزی کردبوو، دابوو بەسەر قژیا، کردبووی بە پرچ و لە پشتەوە کۆی کردبووەوە. کراسە پەمەییەکەی کە چوو بووە ژێر تەنورەکەیەوە، بێئەوەی کەمترین چرچی تێبکەوێت، رێك بەپشتە راست و شانە قەڵەوەکانیەوە چەسپی بوو. ئەکسینیا بە دەم سەرکەوتنەوە، بەرەو پێشەوە دادەنەوییەوەو چاڵایی بڕبڕەی پشتی دەکرد بە دوو بەشەوە، لە ژێر کراسەکەیەوە زەقاو زەق دیار بوو. گریگۆری تیرۆژووی کراسەکەی کە لە بن باخەڵیەوە ئارەقە ،کاڵی کردبووەوەو تەواو رەنگی بواردبوو و قاوەیی بوو بوو دەبینی و نیگای لە بچووکترین جم و جۆڵی ئەکسینیا نەدەگواستەوە. حەزی دەکرد زیاتر بیدوێنێ و سەر بکاتە سەری.
– من دڵنیام کە مێردەکەت بڕوات غەریبی دەکەیت، وا نییە؟

ئەکسینیا هەر بەدەم ڕێوە، ئاوڕێکی دایەوەو بزەیەکی بۆ کرد:
– ئەدی مەعنای چی! تۆ ژن بێنە، ئەوسا دەزانی کە بیری خۆشەویستەکەت دەکەی یان نا.

گریگۆری دەی لە ئەسپەکەی کردو خۆی گەیاندە ئاستی ئەو و چاوی بڕییە دوڕ چاوانی.
– هەندێ ژن هەن خوا خوایانە مێردەکانیان بڕوات. بۆ نموونە لە ماڵی ئێمەدا داریا، هەمیشە کاتێ کە پیوتەر لە ماڵ نەبێ، قەڵەو دەبێ، دەبوژێتەوە.

ئەکسینیا هانکە هانکی پێکەوتبوو، پەڕەی کەپووی دەلەرزی، قژەکەی ڕێك خستەوەو گوتی:
– مێرد زەروو نییە، بەڵام خوێنی ئێمەمانان دەمژێ.

ئەوجا پرسی:
– بەو زووانە ژنت بۆ دێنن؟
– نازانم، ئەمە پەیوەندی بە بابمەوە هەیە، رەنگە بکەوێتە دوای خزمەتی سەربازی.
– تۆ هێشتا، منداڵی ژن مەهێنە.
– بۆ؟

ئەکسینیا، ژێراو ژێر نیگایەکی کرد. بزەیەکی ناسك کەوتە سەر لێوی. گریگۆری بۆ یەکەمجار هەستی کرد، کە دەمولێوێکی ئەستووری ئارەزوو بزوێنو تامەزرۆی هەیە. دەستی خستە ناو یاڵی ئەسپەکەیو گوتی:

– من حەز ناکەم ژن بێنم، ژنم بۆ چیە، خۆ یەکێك هەر پەیدا دەبێ، دڵداریم لەگەڵ بکات.

– تا ئێستا کەست دۆزیوەتەوە؟

– کێ بدۆزمەوە؟... ستیپان بەم زوانە دەڕوات.

– قسەی قۆڕ مەکە!

– یانی چی دەکەی، لێم دەدەی؟

– بە ستیپان دەڵێم.

– دەزانی، کارێکی وا بە ستیپانت دەکەم کە...

– بەرز مەفڕە، دەنا نەوی دەنشیتەوە. تۆ وەکو کەڵەباب بە خۆ دەنازی، بەڵام ئاگات لە خۆ بێ، یەکەم کەس نە خوێنی.

– ئەکسینیا، هەڕەشە مەکە، وا نەزانی دەترسم ها!

– من هەڕەشە ناکەم. بڕۆ دووی کیژان بکەوە. با دەستە سڕت بۆ گوڵدۆزی بکەن، واز لە من بێنە، ئیدی تەمەشام مەکە.

– نا، حەز دەکەم تەمەشای تۆ بکەم.

– دە هەر تەمەشا بکە.

ئەکسینیا، بزەیەکی ئاشتەوایی بە روویدا داو لە رێگاکە لایداو ویستی بەو دیوی ئەسپەکەدا بڕوات، گریگۆری سەری ئەسپەکەی بادایەوەو رێگاکەی لێگرت.

– گریشکا، رێگام بکە با بڕۆم.

– نا، رێگات ناکەم.

– کەر مەبە، دەبێ بڕۆم کەلوپەلی مێردەکەم ئامادە بکەمو بە ڕێی بکەم.

گریگۆری بە دەم بزەوە ئەسپەکەی تاودا، ئەسپەکە دەڕۆیی و ئەکسینیای بەرەو کەنارەکە دەبرد. گوتی:

– واز بێنە با بڕۆم هەی نارەسەن. خەڵکی لەو سەرەوە دیارن. ئەگەر بمان بینن چ دەڵێن؟

ئەکسینیا، تەمەشایەکی سڵۆکی دەوروبەری کرد، بە سیمای پەستەوەو بێئەوەی ئاوڕی پاشەوە بداتەوە، تێپەڕی.

پیوتەر لەسەر پلەکانی بەر ماڵی خۆیان، خواحافیزی لە کەسوکارەکەی خۆی دەکرد. گریگۆری ئەسپەکەی زین کرد. پیوتەر، شمشێر بە دەست، بەلەز لە قاڵدرمەکان هاتە خوارێو هەوساری ئەسپەکەی لە گریگۆری وەرگرت.

ئەسپەکە کە بۆنی سەفەری دەکرد، بەبێ قەراری سمی بە ئەرزەکەدا دەکێشاو لغاوەکەی دەجوو و بە لیکاوی دەمی تەڕی دەکرد. پیوتەر پێی لە ڕکێف ناو دەستی بە قەڵپوزی زینەکەوە گرت، بە باوکی گوت:

– باوکە، گایەکان بە کارەوەماندوو نەکەی! چونکە لە هەوەڵی پایزدا دەیانفرۆشین. ئاخر گریگۆری بۆ سەربازی پێویستی بە ئەسپ دەبێ، خۆ دەبێ ئەسپێکی بۆ بکڕین. ئاگات لەوەش بێ پاوان و قەدەغەکانی (ستێپ)ش نەفرۆشیت: بە خۆت دەزانی قەدەغەکەمان، ئەمساڵ چ یۆنجەیەك دێنێ و چ ئالیکێکمان لێی دەست دەکەوێ. پیرەمێر ئاماژەیەکی خاچی کێشاو گوتی:

– خوات لەگەڵ! سەفەرت بەخێر!

پیوتەر، گورج و چاپوك خۆی هەڵدایە سەر زینەکە. چرچ و لۆچی کراسەکەی لە پشتەوەو لە ژێر نیتاقەکەیەوە ڕێك خست. ئەسپەکەی بەرەو دەروازەکە ئاژۆت. دەسکی شمشێرەکەی کە لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا بە ماتی دەبریسکایەوە، دەگەڵ ئاهەنگ و ریتمی پێی ئەسپەکەدا دەڕەقسی.

داریا کە منداڵەکەی بە باوەشەوە گرتبوو، چەند شەقاوێك دوای کەوت. دایکی لە ناوەندی حەوشەکەدا وەستا بوو و بەسەری قۆڵی، چاوی دەسڕی و بە بەرهەڵبێنەکەی لووتی دەسڕی.

دونیاشکا، وەکو کارژۆلەیەك بەرەو دەروازەکە غاری دا:

– کاکە! کوبەکان! کوبەکانت لە بیر چوو، کوبەی پەتاتەیە!

گریگۆری، پەست بوو، هاواری کرد:

– چیتە، ئەم قیژە قیژەت لە چیە، گەوجە؟

دونیاشکا، پشتی دا بە ئاستانەی دەروازەکەوەو بە گریانەوە گوتی:

– کوبەکەی بەجێهێشت و ڕۆیی.

فرمێسك بەسەر گۆنا تاوە سووتەکانیا هاتە خوارێ و بەسەر کراسی کارەکەیدا دەڕژا.

داریا، دەستی بۆ چاوی کردە سێبەر و لە دواوە دەیڕوانیە کراسە سپیەکەی مێردەکەی کە بە نێو گەردەلوولی تەپۆتۆزدا دووردەکەوتەوە. پانتلی پروکوفیچ، لاشانێکی چوار چێوەی دارینەکەی دەرگاکەی ،کە تەواو ڕزی بوو راتەکاندو تەمەشایەکی گریگۆری کردو گوتی:

– ئەم دەرگایە چاك بکەو لاشانێکی تازەی بۆ دابنە.

بۆ ساتێك لە فکران ڕاچوو ، هەنگێ وەکو ئەوەی هەواڵێکی تازە ڕابگەیەنێ، لە سەری رۆیی:

– پیوتەر ڕۆیی.

گریگۆری، لە میانەی پەرژینەکەوە دەیبینی کە ستیپان خۆی بۆ ڕۆییشتن ئامادە دەکات. ئەکسینیا ئەسپەکەی بۆ هێنایە دەرێ، بۆ ئەوەی جوان بنوێنێ، تەنورەیەکی سووقی کەسکی لەبەر کردبوو. ستیپان، بە دەم بزەوە شتێکی پێدەگوت. بە کاوەخۆ، وەکو کەسانێك کە خۆ بە ئاغاو خاوەندەسەلات دەزانن، ژنەکەی لە هەمێز گرت و تا ماوەیەکی زۆر دەستی لە سەر شانی لا نەبرد. دەستە رەش و تاوە سووتەکانی بەسەر کراسە سپیەکەی ئەکسینیاوە، لە خەڵوز دەچوون. ستیپان پشتی لە گریگۆری بوو، کە بەلای ژنەکەیا دادەنەویەوەو گریگۆری لە درزی پەرژینەکەوە، پشت ملە ئەستوورەکەی کە تازە تاشرا بوو، شانە پانەکانی کە بەئاستەمێك خوار بوون و، سەری لایەك لە سمێڵە بادراوەکانی دەبینی.

ئەکسینیا بە دەم قسەیەکی ستیپانەوە پێکەنی و سەری بە نیشانەی نکۆڵی کردن بەملاو بەولادا بادەدا. کاتێ ستیپان پێی خستە ڕکێفەکەو خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپە زەلامە رەشە قەترانیەکەی، ئەسپەکە لەرەیەکی بۆ کردو بە هەشتاو لە دەروازەکە وەدەرکەوت. ستیپان دەتگوت بە زینەکەوە داکوترابوو، ئەکسینیا شان بە شانی ئەو دەڕۆیی و ڕکێفەکەی دەگرت و وەکو چۆن دێڵە سەگێك تەمەشای خاوەنەکەی دەکات، بەو ئاوایە بە نیگایەکی ئاشقانەو سەرریژ لە ئارەزوو دەیڕوانیە دوڕ چاوانی ئەو.

گریگۆری چاوی لێنەگواستنەوە، تا بە بەر ماڵە دراوسێکەیاندا رەت بوون و لە پێچی جادەکەدا کەوتنە نەدیوی.

((٤))

دەمەو ئێوارە، دنیا کردی بە هەورو هەڵاو، چەخماخەو هەورە تریشقە. هەورێکی توند بەری ئاسمانی گوندەکەی گرت. روباری دۆن بەدەم باو باهۆزەوە هاڕوژا بوو، شەپۆلی دەدا ئەمما شەپۆل، بە خێرایی لە ناوەندی روبارەکەوە وەکو تۆپەڵە کەف، دەهات و سەری دەکێشا بە کەناری ئەم بەرو ئەوبەری روبارەکەدا. چەخماخەیەکی وشك ئاسمانی روناك کردەوە. ناو بەناو هەورە تریشقەیەکی دووری دوور زەوی دەلەراندەوە. لە خوار هەورەکانەوە دالاشێك بە باڵی کراوەوە دەسوڕایەوەو چەند قەڵەڕەشێك بە قڕە قڕ دوای کەوتبوون.

هەورەکە بە دەم کزەیەکی سارەدەوە لە ڕۆژئاواوە دەهات و بە درێژایی دۆندا دەڕۆیی، لەو دیو مێرگوزارەکانەوە، ئاسمانی تارو تاریك هەڕەشەی دەکرد، دەشتەکە کڕو کپ، بە دەم چاوەڕوانیەوە خۆی مت کردبوو. لە ناو گوندیدا، بە تەق و هۆڕ پەنجەرەکانیان دادەخست، پیرەژنان بە دەم وێردو خاچ کێشانەوە، لە نوێژی ئێواریْ دەگەڕانەوە. لە مەیدانی گوندیدا، گێژەلوکەیەك بە دەوری خۆیدا دەخولایەوەو دەچوو بە ئاسماندا، زەوی کە ماندووی دەستی گەرمای بەهاری بوو، لە ئان و ساتدا بوو کە هەوەڵین ڕێژنە باران لە خۆ بگرێت.

دونیاشکا، بەغار، کە پرچەکانی کەوتبوونە سەما، بە نێو حەوشەکەدا تێپەڕی، دەرگای کولانە مریشکەکانی کردەوە. لە ناوەندی حەوشەدا وەستا، پەڕەی کەپووی، وەکو ئەسپێك خۆی ئامادە بکات بەسەر لەمپەرێکدا باز بدات، دەکرایەوەو دادەخرا. منداڵان لە کۆڵاندا خەریکی هەڵبەزو دابەز بوون، میشکا، کوڕی دراوسێکەیان کە تەمەنی هەشت ساڵان بوو، لەسەر یەك لاق بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە. کاسکێتەکەی بابی کە زۆر بە سەری گەورە بوو، بەسەر سەریەوە دەسوڕاو دەکەوتە سەرچاوی و بەدەنگێکی زیقن هاواری دەکرد:

باران وەرە، باران وەرە

ئێمە دەچینە ژوورەوە

لە خوا دەپاڕێینەوە

کڕنۆش بە عیسای کوڕی دەبەین.

دونیاشکا، بە عەزرەتەوە دەیڕوانیە پێیە خاوسەکانی میشکا کە سەراپا قەڵەشا بوون و، لە پەستاو بێبڕانەوە دەیکێشا بە ئەرزەکەدا. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد ئەویش لە ژێر بارانەکەدا

بڕەقسێت و سەری تەڕ بێت و قژی بێتەوە یەك و لوول ببێت. حەزی دەكرد وەكو ئەو هاوڕێیەی میشكا لە نێو دڕك و داڵ و خاشاكی كەنار ڕێگاكەدا سەر لە عاردی و لاق لە حەوا بوەستێت، جا خوای دەكرد دەكەوتە ناو دڕك و چقڵانەوە. بەڵام دایكی لەبەر پەنجەرەكە وەستا بوو و چاودێری دەكردو بە سەرو رووی تووڕەوە، لێوی لێدەكرۆشت. دونیاشكا، ئاهێكی هەڵكێشاو بە هەشتاو وەژوور كەوت. باران بە توندی دایكرد. چەخماخەیەك ڕێك لەسەر بانی ماڵەكەی ئەوان تەقیەوەو، ئەوسا بەگرم و هۆڕ بەرەو دۆن دایكێشاو ڕۆیی.

پانتلی پروكوفیچ و گریگۆری، كە لە ئارەقەدا هەڵكشا بوو، بە دوو قۆڵی تۆڕی ماسی گیریەكەیان، لە ژوورێكی تەنیشتەوە دێنایە دەرەوە.

گریگۆری، بانگی لە دونیاشكا كردو گوتی:

– بە پەلە دلیوانێك و(تەبەنە،دەرزی لێفە دروون) پەتێكی ئەستوور بێنە!

لە موبەقەكەدا چرایان هەڵكرد. داریا كەوتە دورینەوەو پینەو پەڕۆی تۆڕەكە. خەسووی بەدەم ڕاژەنینی بێشكەی كوڕەزاكەیەوە، ئاهێكی هەڵكێشاو پرتاندی:

– پیاوەكە، چیت لە ژێر سەرە، تۆش سەری بیٚ دەلاك دەتاشی، ئەگەر بڕۆن بخەون زۆر باشترە: نەوت ڕۆژ بە ڕۆژ گرانتر دەبیٚ و تۆش هەر بە خەیاڵتا نایەت، ئاخر ئێستا وەختی ڕاوە ماسیە؟ مەگەر خوا بزانیٚ ئەم شێتاتیە چیتان بەسەر بێنیٚ. خوا نەخواستە لەوەیە بخنكێن. ئەمە غەزەبی خوایە كە لە حەوشەدا دەنەڕێنیٚ. تەمەشا، تۆ تەمەشای ئەم هەورەگۆڵەو چەخماخەیە! پەنا بە حەزرەتی عیسا! حەزرەتی مریەم، دایكی خوا، خۆت ڕەحم بكە.

بۆ ساتێك روناكیەكی شینباوی بە پرشنگ، مەبەقەكەی روناك كردەوە. هەموو بێدەنگ بوون: جگە لە دەنگی باران كە لە پەنجەرەكانی دەدا، گوێت لە هیچ شتێكی دی نەدەبوو، دوا بە دوای ئەوە هەورە تریشقەیەك گرماندی. دونیاشكا، سووكە قیژەیەكی بۆ كردو سەری كرد بە نێو تۆڕەكەدا. داریا روو لە دەرگاو پەنجەرەكان ئاماژەی خاچی كێشا.

پیرەژن بە چاوانی هەراسانەوە، ڕوانیە ئەو گوربەیەی كە خۆی لە قاچ و قولی ئەم هەڵدەسوو.

– دونیاشكا! ئەم حەیوانە نەحلەتیە دەركە... حەزرەتی مریەم، دایكی خوا لە گوناحانم خۆش بە! دونیا ئەم پشیلەیە لە ژوور وەدەرنیٚ، دەریكە بۆ حەوشە! پشت، توخمە شەیتان! گۆرت گوم كە، هەیدیٚ لەبەر چاوم.

گریگۆری تۆڕەكەی بەردا، بە دەم پێكەنینێكی بێدەنگەوە دەلەریەوە.

پانتلی پروكوفیچ هاواری كرد:

– ئەم پێكەنینەتان لە چییە؟ پێم ناڵێن بەچی پێدەكەنن؟ بێدەنگ. دەی خێراكەن ژنینە! چەند رۆژە پێم گوتوون، تەمەشایەكی ئەو تۆڕە بكەن.

پیرەژن، هاتە قسەو گوتی:

– ئاخر، ئێستا ماسی لە كویٚ بوو تا تۆ بیگریت؟

– ئەگەر نازانی، دەمت داخە! دەچمە ئەو قەراخانەو لەو تەنكاوانەدا ماسی خاویار دەگرم. ماسی بچووك لە توف و زریان دەترسن و بە پۆل روو دەكەنە كەنار. خەیاڵم رەحەتەو لە هەموو شتێك

دڵنیام، بێگومان ئێستا ئاوەکە لێڵ بووە، بووە بە قوڕاو. ئادەی دونیاشکا هەڕە گوێ بگرە بزانە روبارەکە هاڕەو هاژەی دێ.

دونیاشکا، بە دوو دڵیەوە بەرەو دەرگا چوو. پیرەژن لەسەری ڕۆیی.

– کێ لەگەڵتا دەچێتە ئاوەکەوە؟ داریا نابێ کاری وابکات، لەوەیە سینگی سەرمای بێت.

– منو گریشکا دەڕۆین. سەبارەت بە تۆڕی دووەم، دەنێرین بە دوای ئەکسینیاو ژنێکی دیکەدا.

دونیاشکا بە هانکە هانك وەژوورکەوت. دڵۆپە بارانی ورد بەسەر برژانگەکانیەوە سەمای دەکرد. دەگەڵ هاتنە ژوورەوەی ئەودا، بۆنی خاکی باران چەشتە وەژوورکەوت.

– روبارەکە بە جۆرێ دەهاژێنێ، ئینسان خەریکە زراوی بتۆقێ.

– تۆش دێی لەگەڵماندا؟

– ئەدی من نەیەم، کێ دێت؟

– دەبێ چەند ژنێك دەگەڵ خۆماندا بەرین.

– زۆر باشە، من دەچم بە شوێنیاندا.

بابی پێی گوت:

– پۆستینەکەت لەبەربکەو بە غار بڕۆ بۆ لای ئەکسینیا. ئەگەر رازی بوو بێت لەگەڵمانا، پێی بڵێ با مالاشکافرۆلۆڤاش لەگەڵ خۆیدا بێنێ.

گریگۆری بە دەم زەردەخەنەوە گوتی:

– ئەو سەرمای نابێ، ڕەق نابێتەوە، بە قەد بەرازێك قەڵەوە.

پیرەژن ئامۆژگاری کرد:

– گریشکا بۆچی تۆزێك وێنجەی وشك لەگەڵ خۆتا نابەیتو بیخەتە سەر سینگو بەرۆکت، ئەگینا لە ناخا سەرمات دەبێ.

– گریگۆری هەڕە وێنجە بێنە، دایکت ڕاست دەکات.

دونیاشکا، بەلەز دەگەڵ ژنەکاندا گەڕایەوە. ئەکسینیا کۆنە کراسێکی پیاوانەی لەبەر کردبوو، لە جیاتی کەمەربەند پەتێکی بە گرێو گۆڵی لەناو قەدی بەستبوو، هەروەها تەنورەیەکی سورمەیی لەبەر کردبوو کە کورت ترو لاواز تری دەنواند. لە کاتێکا دەگەڵ داریادا خەریکی قسەو پێکەنین بوو، لەچکەکەی لەسەری کردەوەو قژەکەی خۆی خڕکردەوەو لە پشتەوە توندتر بەستی. ئەوجا سەری بە پشتا برد، دووبارە لەچکەکەی لە سەرکردو بە ساردیەکەوە روانیە گریگۆری. مالاشکا قەڵەو کە لە ئاستانەی دەرگاکە وەستا بوو وگۆرەوییەکانی خۆی توند دەکردەوە، بە دەنگێکی گڕی هەڵامەتاویەوە گوتی:

– کیسەتان هێناوە؟ بە زاتی خوا ئەمڕۆ ماسییەکی یەجگار زۆر دەگرین.

هەموو لە ژوور وەدەرکەوتنو چوونە ناو حەوشە. بارانێکی توند بەسەر نەرمەخاکی تێر باران دا، دەباری و چاڵەکانی پڕ دەکردو وەکو سێڵاو بە هەشتاو بەرەو دۆن دەڕۆیی.

گریگۆری، لە پێشیانەوە، بەرەو رووبارەکە دادەگەڕا. هەستی دەکرد خۆشی و شادیەکی بێ ئەنداز لەدڵ و دەروونی دەگەڕێ.

– باوکە، هوشیار بە، ئێرە چاڵە.

– پەح کە تاریکە!

مالاشکا، بە دەنگێکی گڕو بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– ئەکسینیا خۆت بە منەوە بگرە، تائەگەر کەوتین، پێکەوە بکەوینە قوڕەکەوە.

– گریگۆری تەمەشاکە، ئەوە ئەسکەلەکەی مەیدانیکۆڤ نییە؟

– با، خۆیەتی.

پانتلی پروکوفیچ، کە بە هەموو هێزی خۆیەوە هاواری دەکرد تا دەنگی بەسەر گڤ و هۆڕی بایەکەدا زاڵ بێ، گوتی:

– لێرەوە، لێرەوە دەست پێبکەن.

مالاشکا، بە هەموو هێزی خۆیەوە هاواری کرد:

– بابە گەورە، گوێمان لە دەنگت نیە.

– تۆڕەکە بکەنەوە... دەی دەست لە دەستو قوەت لە خوا...خۆ بە ئاوەکەدا بدەن... من لای قولایی ئاوەکەوە ڕای دەکێشم... مالاشکا مەگەر کەڕی، کێوە دەڕۆی؟ من دەچمە قولاییەکەوە... گریگۆری، گریشکا! با ئەکسینیا تۆڕەکە لە قەراخەوە ڕابکێشێت.

دۆن دەهاژێنێ ئەمما هاژاندن بایەکە لێزمەی بارانەکەی دادەڕیو دەگەڵ خۆیدا دەیبرد.

گریگۆری خۆی بە ئاوەکەدا کرد، بەپێ تاقیبی بنی روبارەکەی دەکرد، هەر رۆیی رۆیی تا ئاوەکە گەییە ناو قەدی. سەرمایەکی بەترەف چوو بە سینگو بەرۆکیا، دڵی گوشرا. شەپۆلەکان قامچی ئاسا خۆیان بەسەرو گوێلاكو چاوە نوقاوەکانیدا دەکێشا. تۆڕەکە وەکو باڵۆن پڕ با بوو و چووە ناو ئاوەکە. پێی گریگۆری بە گۆرەویە خوریەکانیەوە، لەسەر چەوولمی ژێر ئاوەکە دەخزین. کۆتایی پەتی تۆڕەکە خەریك بوو لە دەستی بەردەبوو... ئاوەکە بەرە بەرە قووڵو قووڵتر دەبوو. پای کەوتە چاڵێکەوە، لاقی داخزین، شەپۆلی ئاوەکە هەڵی سانەوەو بەرەو نێرینەی (قولایی روبار) روبارەکەی دەبرد. گریگۆری بە هەموو هێزی باسکی ڕاستی بەرەو بەستێنەکە کەوتە مەلە. بە عەمراتی، بەقەد ئەمڕۆ لە گێژەنگی رەشو قووڵی ئەم روبارە نەترسا بوو. لاقی، بە شادمانیەوە، کەوتنە سەر قوڕەلیتەی بنی نادیاری روبارەکە. ماسییەك خۆی کێشا بە ئەژنۆکانیا.

لە نێو تاریکییە ترسناکەکەوە، سەدای دەنگی بابی هاتە گوێ:

– بیبەرە قولاییەکەوە! قووڵتر قووڵتر!

تۆڕەکە گرمۆڵە دەبوو و بەرەو قولایی روبارەکە دادەخزی.

دیسان شەپۆلەکە پێی گریگۆری خستە بۆشاییو رای ماڵی. گریگۆری سەری خۆی بەرز گرتبوو بە دەم مەلەوە ئاوەکەی دەتفاندەوە.

– ئەکسینیا ماوی، سەلامەتی؟

– جارێ، ئا.

– دەڵێی بارانەکە خەریکە خۆشی دەکاتەوە؟

– باران وەستاوە، بەڵام پێدەچێ بیکا بە ڕێژنەو لێزمە.
– هێواش، ئەگەر بابم گوێی لێمان بێ، حەیام دەبات.
– لە باوکت دەترسی، ها؟
ساتێك بە بێدەنگی، تۆڕەکەیان ڕاکێشا. ئاوەکە وەکو سیکوتین، بە دەستو لاقیانەوە دەچەسپیو جوڵەی لەبەر دەبڕین.
– گریشکا، وا بزانم کۆتەرە دارێك لە نزیکی کەنارەکەیە! دەبێ تۆڕەکەی لێدوور بخەینەوە.
شەپۆلێکی گەورەی ترسناك گریگۆری توڕ هەڵداو تەواوێك دووری خستەوە. ئاوەکە شڵپەیەکی گەورەی لێهەستا، لە تۆ وایە تاوێرێکی کەنارەکە داخزیو شڵپ کەوتە ڕوبارەکەوە.
ئەکسینیا لە شوێنێکی نزیکی کەنارەکەوە هاواری کرد.
– ئا ئا ئا هـ!
گریگـۆری، ترسـاوو هەراسـان، خـۆی بـە ئاوەکـەدا داو بـە مەلـە بـەرەو سـەمتی هاوارەکـەی ئەکسینیا ڕۆیی.
– ئەکسینیا.
ئیدی گڤە گڤی باو زریان دنیای تەنی بوو، تا گوێ بڕ دەکاتشڵپو هۆڕی ئاو بوو.
گریگۆری کە لە ترسا روحی پێ نەما بوو، هاواری کرد:
– ئەکسینیا!
گریگۆری، وەکو ئەوەی گوێی بزرنگێتەوە، لە دووری دوورەوە، گوێی لە دەنگی خەفەو نزمی بابی بوو کە بانگی دەکرد:
– ئەهای، ئەهای گریگۆری های!
گریگۆری زیاتر گوڕی بەستەوە، هەستی بە شتێکی لینج لە ژێر پێی خۆیدا کرد. دەستی بۆ برد، تۆڕەکە بوو.
دەنگی گریان ئامێزی ئەکسینیا بەرز بووەوە.
– گریشکا، لە کوێی؟
گریگۆری، بە چوار چنگۆڵە خۆی گەیاندە کەنارەکەو بە توڕەیی هاواری کرد:
– بۆچی وەڵامت نەدەدامەوە؟
بە جووتە، بە چیچکانەوەو، بەدەم هەڵلەرزینەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی تۆڕەکە کە وەکو گلۆڵە دەزوو گلۆڵە بووبوو. مانگ لە درزی پەڵە هەورێکەوە دەرکەوت. لەو دیوی مێرگوزارەکانی نزیك کەنارەکەوە، هەورە تریشقە بە دەم ڕۆیینەوە دوراو دوور دەنگی دەدایەوە. زەوی تەڕی هێشتا کزرەوە نەبوو، دەبریسکایەوە. ئاسمانی بە باران شۆراوە، سافو روون دەینواند.
گریگۆری، بەدەم واڵاکردنەوەی تۆڕەکەوە، چاوی بڕیبوونە ئەکسینیا، دەموچاوی دەتگوت گەچی سپیە. بەڵام بزەیەك نیشتبووە سەر لێوە سوورە کەمێك ئەستوورەکانی.
ئەکسینیا، نەفەسێکی تازە کردەوەو کەوتە قسان:

– خۆزگە دەتدی چۆن بە کەنارەکەدا کەوتم! تەواو شپرزە بووم. خەریك بوو لە ترسا زراوم دەتۆقی! وامدەزانی تۆ خنکاویت. دەستیان بەر یەکدی کەوت، ئەکسینیا ویستی دەستی بخاتە ژێر قۆڵی کراسەکەی گریگۆرییەوە، بە جۆرە گلەییەکەوە گوتی:

– باسکت چەند گەرمە! من رچیوم، هەموو ئازام دەلەرزێ.

گریگۆری، کونێکی ناوەندی تۆڕەکەی، کە تیرەکەی مەترێك زیاتر دەبوو، نیشان داو گوتی:

– تەمەشا، ئەو ماسیە سەگانیە لەم کونەوە دەرباز بووە.

یەکێك لە دوورەوە، بە غار بە کەنارەکەدا بەرەو ئەوان دەهات. گریگۆری دونیای ناسییەوەو لە دوورەوە هاواری کرد.

– داو و دەزووت هێناوە؟

دونیا بە هانکە هانك لێیان هاتە پێشێ:

– بەڵێ، پێمە، بۆچی لێرە دانیشتوون، باوکە ناردوومی پێتان بڵێم کە خێرا بڕۆن بۆ لای ئەو، ئێمە لەوێ یەك تورەکە ماسی خاویارمان گرتووە، تورەکەیەکی پڕی پڕ!

شەقڵی سەرکەوتنێکی ئاشکرا بە دەنگیەوە دیار بوو.

ئەکسینیا، کە لەسەرما دانەچوقەی پێکەوتبوو، خێرا تۆڕەکەی دووریەوە. هەنگێ بە مەبەستی ئەوەی گەرمیان ببێتەوە، بە غار بەرەو کەنارەکەی لای پیرەمێرد ڕۆییشتن.

پانتلی پروکوفیچ، کە قامکەکانی بە هۆی ساردی ئاوەکەوە تەواو کرژ بوو بوونەوەو، وەکو قامکی خەڵکی خنکاو ئاوسابوون، بەو قامکانە سیغارێکی پێچایەوە، لە کاتێکا پاژنەکانی بەعاردیدا دەکێشا، بە شانازییەوە گوتی:

– چەلی (کەڕەت،جار) هەوەڵ، هەشت دانەو چەلی دووەم...

هەڵوەستەیەکی کرد، سیغارەکەی داگیرساند، ئەوسا بە بێدەنگی، بێئەوەی هیچ شتێك بڵێ، بە نووکی پێیان، تورەکە ماسیەکەی نیشان دان.

ئەکسینیا، نیگایەکی کونجکاوانەی ناو تورەکەکەی کرد. ورتە ورتێك لە ناو تورەکەکەوە دەهاتە گوێ. ماسیە زندووەکان هەڵدەپلان‌و خۆیان بە یەکدا دەدا.

– چ بوو، بۆچی دوور کەوتنەوە؟

– سەگ ماسیەك تۆڕەکەی کون کردو ڕۆیی.

– ئەدی دوریتانەوە؟

– دەستێکمان پێدا هێناوە.

– دەی باشە، ئەمجارەش تا ئەژنۆیان دەچینە ئاوەکەوە، پاشان بۆ ماڵ دەڕۆینەوە. دەی گریشکا بچۆ ئاوەکەوە، چاوەڕێی چیت، بۆ دوو دڵی؟

گریگۆری، بەلاقی سڕەوە، چەند هەنگاوێکی بە ناو ئاوەکەدا نا، ئەکسینیا، وەك بی ناو ئاو دەلەرزی، گریگۆری لەوسەری تۆڕەکەوە هەستی بە لەرزینەکەی دەکرد.

– مەلەرزێ!

– حەز دەکەم نەلەرزم، بەڵام چیبکەم گەرمم نابێتەوە.

– دەزانی چی... با بچینە دەرێ، تا ماسیە نەحلەتیەکە ترسی بشکێ و خۆی نیشان بدات!

رێك لەم کاتەدا ماسییەکی شەبووتی گەورە خۆی بە تۆڕەکەدا کرد. گریگۆری بە هەشتاو خۆی گەیاندە تۆڕەکە، کۆی کردەوەو پەتەکەی راکێشا. ئەکسینیا دوولا خۆی کۆماندەوەو بەرەو کەنارەکە غاری دا. ئاوەکە کشایەوەو ماسیەکە لەسەر لمەلانی بەستێنەکە کەوتە هەڵپلان.

– بە مێگوزارەکانی کەنارەکەدا دەگەڕێینەوە؟

– لە رێگەی لێرەوارەکەوە نزیکترە. ئەهای، ئێوە کارتان تەواو بوو؟

– ئێوە بڕۆن، ئێمەش تۆڕەکە دەشۆین و پێتانا دەگەین.

ئەکسینیا تەنوورەکەی تەواو گوشی. تورەکە ماسیەکەی دا بە شانیاو تەقریبەن بە غار کەوتە رێ. دوای دوو سەد شەقاوێکی ئەکسینیا کەوتە ناڵە ناڵ:

– ناتوانم رێبکەم! لاقم سڕ بوون.

– تەمەشا، ئەوە خەرمانێك کاو پووشی پارە، بۆ ناچیتە ناوی و خۆت گەرم بکەیتەوە.

– ها، خۆ خراپ نیە! ئەگینا ناگەمە ماڵەوە دەمرم.

گریگۆری کاوکۆتی سەرووی خەرمانەکەی لابردو کونێکی تێکرد. هاڵاوی گەرمی و بۆگەنیەکی تیژ لەکاوکۆتی وێنجە پەستراوەکەوە دەهات.

– بڕۆ ژوورەوە، هێندە گەرمە دەڵێی تەنوورە.

ئەکسینیا تورەکە ماسیەکەی داناو تا بیناقاقا خۆی بە نێو کاوکۆتەکەدا کرد.

– کە باشە!

گریگۆری کە لە سەرما هەڵدەلەرزی، لە پاڵ ئەکسینیادا ڕاکشا. بۆنێکی سووك و هەوەس بزوێن لە قژە تەڕەکەی ئەکسینیا دەهات. سەری بە پشتا برد بوو و بەزاری بەشەوە بەردەوام هەناسەی دەدا. گریگۆری سەری لێبردە پێشەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:

– قژت بۆنی شوکرانی لێدێ. ئەو گوڵە سپیە دەناسیت؟

ئەکسینیا هیچی نەگوت. نیگای تەماوی، دوور هەڵدا بوو و، دەیڕوانیە هەیڤۆك کە لە ئاوابووندا بوو. گریگۆری دەستی لە گیرفانی خۆی دەرهێناو سەری ئەکسینیای بۆ لای خۆی راکێشا. ئەکسینیا بە توندی خۆی لە دەستی دەرهێناو لە نێو کاوکۆتەکەوە هەستا.

– وازم لێبێنە!

– هێواش!

– وازم لێبێنە دەنا هاوار دەکەم.

– ئەکسینیا سەبرکە! لەسەر خۆ!

– هاپۆ پانتلی!

پانتلی، لەو نزیکانەوە و لە پشت بنە گوێزەکانەوە وەڵامی دایەوە:

– رێت گوم کردووە؟

گریگۆری بەدەم دانە چۆقەوە، لە نێو خەرمانە کاوکۆتەکەوە دەرپەڕی. پانتلی نزیکتر بووەوەو روو لە ئەکسینیا پرسی:

- بۆچی هاوارت کرد؟ گوم بوویت؟

ئەکسینیا لە پاڵ خەرمانە کاوکۆتەکەدا وەستا بوو و لەچکەکەی کە بەسەر شان و ملیا کەوتبوو، چاك دەکردەوە. هەڵم لە جلەکانی هەڵدەستا.

- گوم نەبوو بووم، لێ خەریك بوو ڕەق دەبوومەوە.

پیرەمێرد گوتی:

- ئاخ! لە دەست ژنان! تەمەشا ئەمە یەك خەرمان کاوکۆتە. بچۆ ناوی و خۆت گەرم بکەوە.

ئەکسینیا بزەیەکی بۆ کردو دانەویەوە کە تورەکە ماسیەکە هەڵگرێت.

((٥))

لێرەوە تا گوندی ستراکۆف، کە سەربازگەی مەشقی سەربازانی یەدەك لەوێ بوو، نزیکەی شەست فرسەخ دەبوو. پیوتەر میلیخوف و ستێپان ئەستاخۆف، بە یەك گالیسکە سەفەریان دەکرد. سێ کەسی دیکەی خەڵکی گوندەکەی خۆیان دەگەڵ بوو: فیدۆت بودۆ ڤسکوف، کە گەنجێکی دەموچاو کونجی سیماکالموکی بوو، خریسانف توکین کە خریستونیایان پێدەگوت و سەربازی تیپی ئاتامانسکی سەر بە گاردی ئیمپراتۆری بوو، هەروەها (ئیڤان تومیلین)ی تۆپچی کە بۆ گوندی پرسیانوڤکا دەڕۆیی کە لە قۆناغ و مەنزلی یەکەمدا وەستان، ئەسپەکەی خریستونیا و ئەسپە ڕەشەکەی ئەستاخۆفیان لە گالیسکەکە بەست. سێ ئەسپەکەی دی بەزینکراوی لەدوای ئەوانەوە دەهاتن. خریستونیا، کە گەنجێکی توندو تۆڵ و بە خۆوە بوو و وەکو زۆربەی سەربازانی تیپی ئاتامانسکی، کەمێك سادە بوو، لە پێشەوە دانیشتبوو و گالیسکەکەی داژۆت. بە پشتە کووڕەکەیەوە کە لە تایەی گالیسکە دەچوو، لەسەر نشیمەنەکەی پێشەوە دانیشتبوو و نەیدەهێشت تیشکی هەتاوەکە لە ناو گالیسکەکە بدات، بە دەنگە تیژەکەی ئەسپەکانی دەترساند.

لە نێو گالیسکەکەدا کە چادرێکی تازەیان، توند لێبەستبوو، پیوتەر میلیخوف، ستێپان و تومیلین بە سێ قۆڵی راکشا بوون و سیغاریان دەکێشا. فیدوت بۆدۆڤسکوف، بەلاقە خوارو قیرو قاچەکانیەوە بە پەلە بە دووی گالیسکەکەدا دەهات و پێی بەسەر ڕێگا گڵەکەدا بکێش دەکرد.

گالیسکەکەی خریستونیا، لە پێشی پێشەوە دەڕۆیی. حەوت هەشت گالیسکەی دی لە دوایەوە دەهاتن و کۆمەڵێك ئەسپی زیندارو بێ زینیان بە دووی خۆدا ڕادەکێشا. ئیدی ڕێگاو بانەکە یەکپارچە پێکەنین و هەراو هەنگامە و گۆرانی و پڕم و هۆڕی ئەسپان و رینگ و هۆڕی رکێفان بوو.

پیوتەر، لەسەر گازی پشت لێی راکشا بوو و سەری نابووە سەر کیسە کولیچەکانی خۆی و سمێڵە زەردە درێژەکەی بادەدا.

- ستێپان؟

- ها؟

- چۆنە گۆرانی بڵێین؟ سروودەکانی تیپەکەمان بخوێنین؟

– دنیا زۆر گەرمە، گەرووم وشکە.
– گوندەکانی سەر ڕێگامان، باڕو مەیخانانی تیا نیە، بە تەمای شتی وا مەبە.
– کەواتە دەست پێبکە، هەرچەندە تۆ دەنگت خۆش نییە. بەڵام گریشکای برات بەڕاستی دەنگی بەلاوەیە، ژێیەکانی گەرووی زیوی خالیسەیە. من لە شەوگەڕو شەوبێریاندا گۆرانیم لەگەڵ گوتووە.
ستیپان سەری دەباتە دواوە، گەرووی پاك دەکاتەوەو بە دەنگیکی گڕو خۆش هەڵدەکاتە گۆرانی:
ئاخ، سپێدە، ئەی سپێدە،
چەند زوو بە ئاسمانەوە
دەرکەوتی.
تومیلین، وەکو ژنان، لەپی دەستی خستە سەر گۆنای، پاشبەندەکەی بە دەنگێکی سووك و گلەیی ئامێز بۆ سەندەوە، پیوتەر بە دەم بزەیەکەوە سەری سمێڵی خۆی جووی و نیگایەکی یارۆی سەربازی تۆپچی، سینگ و بەرۆك پانی کرد، سەیری کرد وردە دەماری لاجانگەکانی، بە هۆی هەوڵی وتنەوەی پاشبەندەکەوە شین بوونەتەوە.
ئەو ژنە، ئەو منداڵە
زۆر درەنگ چوو بۆ کانی.
ستیپان ڕاکشابوو و سەری لای خریستونیاوە بوو. وەرچەرخاو خۆی خستە سەر ئانیشکان و گەردنە جوان و بتەوەکەی سوور هەڵگەڕاو گوتی:
– دەی خریستونیا، بێبەشمان مەکە!
ئەو کوڕە کە لە کەمینا بوو بۆی
خێرا ئەسپە کوێتی زین کرد...
ستیپان، بە چاوە زەقەکانی، نیگایەکی خەندانی پیوتەری کرد. پیوتەر سمێڵی لە دەمی دەرهێناو دەگەڵ ئەواندا تێهەڵچوو. خریستونیا دەمە گەورەکەی، کە سمێڵە زبرو سوژن ئاساکەی دەوری دابوو، هەڵێنا و بە دەنگێکی هێندە بەرز هەڵیکردە گۆرانی کە چادری سەر گالیسکەکە لەرییەوە:
ئەسپە کوێتی زین کرد
و بە دوای ژنە کەوت...
خریستونیا، پێیە خاوسە گەورەکانی هەڵکێشاو خستنیە سەر قەراخی گالیسکەکەو چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە ستیپان دەست بە گۆرانی بکاتەوە. ستیپان کە دەموچاوی لە سێبەرا بوو و لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، چاوانی نوقاندن و بە دەنگێکی خۆش و دڵنەواز، کە هەندێجار دەبوو بە سۆزەو هەندێجار دەبوو بە چریکە، تێهەڵچووەوە:
بهێڵە، دە کیژێ بێڵە
با منیش، ئەسپەکەم لەم

ڕۆخانەیە ئاو بدەم

جارێکی دی دەنگ‌و ئاوازی خریستونیا، وەکو دەنگی زەنگێکی گەورە کە زەنگی ئاشوب لێ بدات، هەموو دەنگەکانی دیکەی کردە ژێرەوە. لە گالیسکەکانی دیکەشەوە دەنگ بەرز بووەوەو گۆرانیەکەیان دەسەندەوە. رینگی ئاسنینی تایەی گالیسکەکان دەنگیان دەدایەوە، ئەسپەکان بە گەردو تۆزی رێگاکە دەپژمین. گۆرانیەکە، وەکو لافاوی روبارێکی هەڵچوو بە درێژایی رێگاکە نشێو دەبووەوە. لە نێو زەلکاوو قامیشەڵانە تاوبردەو رەش هەڵگەڕاوەکانی گۆلاوە وشکەوە بووەکانەوە، تەیرێکی جوانی باڵ سپی، دەرپەڕی‌و بە دەم قریشکەوە بەرەو دۆڵێکی چکۆلە لە شەقەی باڵی دا. باڵندەکە بەسەرسامی، بە چاوە زومڕوودیەکانی ڕوانیە ئەو ریزە گالیسکەیەی کە چادری سپییان پێدا درا بوو، ئەو ئەسپانەی کە بە سمیان گەردەلوولیان لە دوی خۆ هەستاند بوو، ئەو پیاوانەی کە بە کراسی سپی تۆزاوی‌و ئارەقاویەوە بە قەراخی جادەکەدا رێیان دەکرد. مەلە جوانەکە لە دۆڵەکەدا تەپ نیشتەوەو سینگە رەشەکەی کێشا بە گژو گیای زەردهەڵگەڕاوی پێخوستی ناو دۆڵەکەداو ئیدی ئەو دیمەنەی سەر جادەکەی لە چاو ون بوو، گالیسکەکان هێشتا هەر تەق‌و هۆڕیان بوو، ئەسپەکان کە لە ئارەقەدا هەڵکشا بوون، بەهەمان دەقەوە رێیان دەکرد. بەڵام قۆزاقەکان، بە کراسە سپیەکانیانەوە کە لە تەپوتۆزا بۆر بووبوون، بە غار لە نێوان گالیسکەکانی خۆیان‌و گالیسکەکەی پێشی پێشەوە لە هاتوچۆدا بوون. بە دەوری گالیسکەکەی پێشەوەدا دەخولانەوە و قاقا پێدەکەنین.

ستیپان، بە پێوە لەسەر گالیسکەکە وەستا بوو، بە دەستێکی چادرەکەی لە ناوەڕاستەوە گرتبوو و بە دەستەکەی دیکەی بە توندی زەربی لێدەداو گۆرانیەکی دەگوت کە هەموویانی هێنا بووە جۆش‌و خرۆش:

دامەنیشە، لای منەوە دامەنیشە
خەڵکی دەڵێن حەزت لێکردووم
کەوتوویتە داوم
هاتوویتە رێگام
بەڵام من لەو کچانە نیم...

دەیان دەنگی گڕ، لە ناو ئەو تەپوتۆزەدا بەرز بوونەوەو بە دەم رێگاوە دەوری کۆرسیان دەبینی‌و بۆیان دەسەندەوە:

بەڵام من لەو کچانە نیم
من لەو کیژە سووکانە نیم
من کچی شای ڕێگرانم
کەسوکارم هەموو رێگرن، رێگر
خەڵکی ئاسایی نین.
من شازادەم گەرەکە

فیدوت بودۆسکوڤ، فیکەیەکی کێشا، ئەسپەکان بە جۆرێ ڕەوینەوە لەزگ بوو هەوسار بپچڕێنو مژانی گالیسکەکە بشکێنن. پیوتەر سەری لە گالیسکەکە هێنایە دەرێو کاسکێتەکەی تەکان دا. ستیپان، بە دەم بزەیەکی گەشەوە، بە توندی شانەکانی خۆی باداو، تەپوتۆزی دنیای لێ بەرزبووەوە. خریستونیا کە کراسێکی درێژی بێ پشتێنی لەبەر بوو، بە قەدو باڵای درێژییەوە، بە دەموچاوی لە ئارەقەدا هەڵکشاوییەوە، بە قژی پەستراویەوە، بە تەوێڵی گرژیەوەو بە پێی خاوسەوە، خۆی لە گالیسکەکە هەڵدایە خوارێو بەدەم قریوەو قریشکەوە کەوتە ڕەقس و سەمایەکی قۆزاقانەی سەیر جێی پێیە خاوسە گەورەکانی لەسەر خۆڵە پەتانیە گەرمە ئاوریشم ئاساکەی سەر جادەکەدا نەخش دەبوو، وەکو فرفڕۆکە بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە.

((٦))

بۆ شەوێ لە نزیکی گردێکی گەورەی رووتەنی بێ گیاو رووەکان، کە سەرەکەی یەکپارچە لمەزەردە بوو، لایان دا، هەورێکی ڕەش کە لە ڕۆژاواوە دەهات، بە سەریاندا تێپەڕی، باران لە باڵە ڕەشەکانیەوە دادەباری. ئەسپەکانیان لە ئەستێلێکدا ئاودا. لەسەر خاکرێژی دەوری ئەستێلەکە، درەختانی خەمینی بی، بە دەم بایەکەوە دەچەمینەوە و هەڵدەستانەوە. ئاوەکە کە یەکپارچە قەوزەی بێ جووڵە بوو و بە دەم وردە شەپۆلانەوە، ناو بە ناو، بە ئاستەمێك چرچی تێدەکەوت، تیشکەکەی بە شێواوی عەکس دەکردەوە. بایەکە، تنۆکی بارانەکەی، بەرژدی، وەکو ئەوەی خێر بکات بەسەر زەویە ڕەشەکەدا دەپرژاند.

ئەسپەکانیان بە پێوەندکراوی بەرەڵڵای ناو گیایەکە کرد تا بلەوەڕێن، سێ کەسیان بە دیارەوە دانان. زەلامەکانی دی ئاگریان کردەوەو مەنجەڵەکانیان نایە سەر مژانی گالیسکەکان.

خریستونیا، ئاشپەزی دەکرد، هەرزنی بۆ لێدەنان. لەو کاتەدا کە کەوگیرەکەی بەناو مەنجەڵەکەدا دەگێڕا، کەوتە حیکایەت گێڕانەوە بۆ ئەو قۆزاقانەی کە لە دەوری خڕ بوو بوونەوە:

– گردێکی بەرزی وەکو ئەم گردە وا بوو. من بە بابم، خوا لێی خۆش بێ لەگەڵ مردووی حازریدا، گوت: "تۆ بڵێی ئەگەر بەبێ پرس ئەم گردە هەڵکەنین ئاتامان* لێمان بپێچێتەوە؟"

ستیپان کە لای ئەسپەکان هاتبووەوە، هات بەسەراو پرسی:

– دیسان چ درۆیەکتان بۆ هەڵدەڕێژێ؟

– باسی ئەوەیان بۆ دەگێڕمەوە چۆن دەگەڵ بابی ڕەحمەتیمدا چووین گەنج بدۆزینەوە.

– جا لە کوێ بۆ گەنج گەڕان؟

– لە پشت دۆڵی فیتیسۆفەوە، تۆ خۆت شوێنەکە دەزانی: گردی میرکولوف دەڵێم...

– ئەها!

ستیپان، بە چیچکانەوە لای ئاگرەکەوە دانیشت، پشکۆیەکی خستە سەر لەپی دەستی و ماوەیەك هەڵی سوڕاندو ئەوجا دەمو لێوی وەکو قوونی مریشك هێنایەوە یەك‌و، سیغارێکی داگیرساند.

- بەڵێ بابم گوتی: "خریستونیا، رێکە با بڕۆین لەودیو گردی میرکولوفەوە، بگەڕێین و عاردی هەڵکۆڵین." لە باپیرمی بیستبوو کە لەوێندەر گەنجێکیان شاردووەتەوە. بەڵام خۆ گەنج بەو ئاسانیەش نادۆزرێتەوە. ئیدی بابم عەهدی لەگەڵ خوادا کردبوو وگوتبووی: "خودایا تۆ ئەو گەنجەم بە نسیپ بکە شەرت بێ منیش کلێسایەکی جوانت بۆ دروست بکەم." ئیدی ناوی خوامان لێهێناو ڕۆییشتین. ئەو زەویە هی کەس نەبوو، بۆیە مەگەر تەنیا ئاتامان(بەرپرس،کوێخا) سەریەشەی بۆ دروست کردبایین، دەمەو ئێواریێ گەییشتینە ئەوێندەر، چاوەڕوانمان کرد تا دنیا تاریك ببێت.

ماینەکانمان پێوەند کردو خۆمان بە بێڵ و قازمەکانمانەوە سەرکەوتینە سەرەوە. رێك لەسەر ترۆپکی گردەکە دەست بە کاربووین، چاڵێکی قووڵمان هەڵکەند، نزیکەی دوو مەتر دەبوو. ئەرزەکەی زۆر رەق بوو، دەتگوت تاوێرە. سەراپام لە ئارەقەدا هەڵکشابوو. بابم لێکدا لێکدا لە بن لێوانەوە دەپاڕایەوەو وێردی دەخوێند. بەڵام کوڕینە، باوەڕبکەن، سکم کەوتە قوڕە قوڕێکی سەیر... ئیدی بە خۆتان دەزانن کە ئێمەمانان، هاوینان چەند ماستی ترش و کفاس هەڵدەقوڕێنین... سکم بە جۆرێ دەیەشا، مەرگم بە چاو دەبینی. لە دڵی خۆدا دەمگوت تەواو تازە کارم کراوە! بابی رەحمەتیم گوتی: "پیف خریستان، لاکەوە بەراز! من خەریکی نوێژم و تۆ ناتوانی سکی خۆت بگریت. پیف لەو بۆنە ناخۆشە، هەناسەم پێ نادرێ! بڕۆ گوم بە لە بەر چاوم، لە گردەکە بچۆ خوارەوە، دەنا بەم بێڵە سەرت دەپەڕێنم. ئاخر هەی بەراز، لەوەیە بەم کارەی تۆ گەنجەکە هێندەی دیکە بە عاردیدا ڕۆبچێ." چووم لە پاینی گردەکەدا راکشام. سکم زۆر دەیەشا. بابم کە پیاوێکی زۆر بە هێزو بەکار بوو، بە تاقی تەنیا بێڵی دەوەشاند. ئەوەندەی زەوی هەڵکەند تا گەییە تاوێرێك، بانگی لێکردم. چووم و لۆسەیەکم بە بنی تاوێرەکەدا کردو بەرزم کردەوە... کوڕینە باوەڕ بکەن شەوەکەی، هەیڤەشەو بوو، شتێك لە ژێر تاوێرەکەوە دەبریسکایەوە ئەمما بریسکانەوە...

پیوتەر قسەکەی پێبڕی، بەدەم زەردەخەنەو سمێڵ بادانەوە گوتی:

- خریستونیا، بەسە بیبڕەوە، تۆ درۆ دەکەی.

- کێ درۆ دەکات؟ بڕۆ بابە، بڕۆ عەرەبانەکەت راکێشە.

کریستونیا، پانتۆڵە پاشەڵ دەڵبەکەی هەڵکێشاو نیگایەکی ئەوانەی دەوروبەری کردو گوتی:

- بەزاتی خوا درۆ ناکەم، چۆنت بۆ دەگێڕمەوە وابوو.

- گویێ مەدەیە، حیکایەتەکەت تەواو بکە.

- بەڵێ کوڕینە، شتێك لە ژێر تاوێرەکەوە دەبریسکایەوە. تەمەشام کرد، سەیرم کرد زوخاڵە، نزیکەی چل سەتڵ زوخاڵ دەبوو. بابم گوتی: "خریستان، ئادەی بڕۆ ئەم زوخاڵە دەربێنە، هەر هەمووی دەربێنە." بە گوێی بابم کرد، چووم، تا بەرە بەیان من هەر زوخاڵم دەرداوە، مەگەر هەر خوا بزانێ چەندم لێدەردا، کە بەیان ئەنگوت، سەیرم کرد یارۆ لەوێیە.

تومیلین، کە لەسەر نەرمە زینی ئەسپەکە ڕاکشا بوو، پرسی:

- کێ؟

– کێ! دەتەوێ کێ بێ! جگە لە ئاتامان، بە ڕێکەوت بە گالیسکە لەوێوە تێدەپەڕێ. ئیدی هاواری لێکردین: "نا کەسینە کێ ڕێگەی داون؟" ئێمە هیچ وەلامێکمان نەدایەوە، بە تۆبزی لە گالیسکەی ناین‌و یەك ڕاست بۆ گوندی بردین. ئەوە بوو پێرار بابمیان لە دادگای کامنسکایا بانگ کرد، بەلام بابم پێشبینی کردبوو و زۆرتر قەزاو بەلای ئێوەی بردبوو. ئەوە بوو نامەمان بۆ دادگای ناوبراو نارد، کە داواکراو لە دنیادا نەماوەو ئەمری خوای کردووە.

خریستونیا، مەنجەلە هەرزنە کولاوەکەی لەسەر ئاگرەکە داگرت‌و چوو بۆ لای گالیسکەکە تا مراکان بێنێ. کە بە کەوچکەکانەوە گەڕایەوە ستیپان لێی پرسی:

– ئەرێ، بابت کە عەهدی کردبوو کلێسایەك دروست بکات، عەهدەکەی بردە سەر یان نا؟

– تۆ زۆر کەری ستیپان. ئاخر بە پارەی چەند سەتلێك ڕەژوو کلێسا دروست دەکرێت؟!

– مادامێکی عەهدی کردبوو، دەبوایە عەهدەکەی ببردایەتە سەر.

– بۆ خەلووز عەهدی نەکردبوو، بۆ گەنج کردبووی.

قاقای پێکەنین، شولەی ئاگرەکەی لەراندەوە. خریستونیا، سەری لەسەر مەنجەلە شۆرباکە هەلبڕی‌و بیئەوەی بزانێ ئەوان بە چی پێدەکەنن، لە قاقایەکی ئەوتۆی دا، هەموو پێکەنینەکەی ئەوانی کردە ژێرەوە.

((٧))

ئەکسینیایان بە هەڤدە سالی دابوو بە ستیپان، خەلکی گوندی دۆبروڤکا بوو. ئەم گوندە کەوتبووە لەمەلانێکی ئەوبەری دۆنەوە. سالێك بەر لەوەی مێرد بکات، کاتێ دەگەل بابیان بۆ جووتکردن چوو بووە دەشت، زەویەکەیان لە هەشت کیلۆمەتری گوندەکەیاندا دەبێ، شەوێك بابی، کە پیاوێکی پەنجا سالە دەبێ، تەماحی تێدەکات، هەردوو دەستی بە پەت توند دەبەستێت‌و سواری دەبێ‌و زەفتی دەکات‌و هەڕەشەی لێدەکات:

– نەخەلەتابی لای کەس باسی ئەمە بکەیت، دەنا دەتکوژم. بەلام ئەگەر باسی نەکەیت کراسێکی نایاب‌و جووتێ پێلاوت بۆ دەکرم، ئاگات لە خۆ بێ باسی نەکەی ها، دەنا دەتکوژم... ئەکسینیا شەوێ، بە تاریکی خۆی دزییەوە، بە ژێر کراسە دڕاوەکەیەوە، بە غار بەرەو گوند گەڕایەوە، بەدەم هەنسکی گریانەوە خۆی دا بەسەر پێی دایکیا و حال‌و حیکایەتەکەی بۆ گێڕایەوە...

دایکی‌و برا گەورەکەی کە تازە خزمەتی سەربازی تیپی ئاتامانسکی تەواوکردبوو، جووتێ ئەسپیان لە عەرەبانە بەست، ئەکسینیایان دەگەل خۆدا سوارکردو بەرەو لای باوکیان وەڕێکەوتن، چیوای نەمابوو، براکەی لە مەسافەی ئەم هەشت کیلۆمەترەدا، ئەسپەکان بپسێنێ. پیرەمێردیان، لەبەر کەپری کێلگەکەی خۆیاندا بینی، مەست‌و سەرخۆش لەسەر پۆستینەکەی خەوتبوو و قاپێ ڤۆدکای بە تالی لەلاوە کەوتبوو. براکەی ئەکسینیا، بە بەرچاوی ئەکسینیاوە، ئامورو مژانی گالیسکەکەی کردەوەو بابە نووستوەکەی بە شاپان بێدار کردەوە، دوای یەك دوو پرسیاری کورت‌و موختەسەر، ئەوجا تا توانی سەرە ئاسنەکەی، مژانەکەی کێشا بە تەختی

تەوێڵی بابیا. نزیکەی یەك سەعاتو نیو بە دوو قۆڵی دەگەڵ داکیا، پیرەمێردیان دارکاری کرد. دایکی، کە پیرەژنێکی هەمیشە هێورو گوێڕایەڵ بوو، شێت ئاسا چنگی نابووە قژی مێردە بێ ئاگاکەیەوەو دەسکەنەی دەکردو، براکەشی بە شاپان تێی بەر بوو بوو، شاب بە شاپی دەتگوت لاکەوە. ئەکسینیا لە ژێر گالیسکەکەدا ڕاکشا بوو، شتێکی دابوو بەسەرو چاویاو بە بێدەنگی دەلەرزی... سپێدە، شەوەکی، پیرەمێردیان بۆ ماڵ بردەوە. مێردەك(بۆرە پیاو) بە دەنگێکی گلەیی ئامێزەوە دەی نەڕاندو چاوی بە نێو ژوورەکەدا، بۆ ئەکسینیا دەگێڕا کە خۆی شاردبووەوە. زیچکاوێکی سپیواژ لە گوێچکە بریندارەکەیەوە دەچکایە سەر سەرینەکەی، دەمەو ئێواریێ مرد. کەس‌و کارەکەی وایان لە دەرو دراوسێ گەیاند، کە بە مەستی لە گالیسکە کەوتووەو مردووە.

ساڵێك دواتر، خوازگارانێك، بە گالیسکەیەکی جوانەوە هاتنە داخوازی ئەکسینیا، ئەکسینیا کە ستیپانی بینی، گەنجێکی باڵا بەرزی، خۆش هەیکەلی، مل ئەستوورە، پەسندی کرد، لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە زەماوەندەکە بخرێتە جەژنی پایزەوە. ڕۆژی گواستنەوەی بووکێ هات.

ئەو ڕۆژەی کە ئەکسینیا بە بووکی بۆ ماڵی ئەستاخوف گوێزرایەوە، ڕۆژێکی ساردی بە بەفرو بەستەڵەك بوو، خرمە خرمی بەفرو بەستەڵەك لە ژێر پێیاندا، گەشکەیەکی خۆشی بەگیان دەدا. خەسووی ئەکسینیا، پیرەژنێکی باڵابەرز بوو کە بە هۆی نەخۆشی سەختی ژنانەوە دوو لۆ کۆمابووەوە، ڕۆژی دوای زەماوەندەکە، بەیانی زوو چوو ئەکسینیای بێدارکردەوەو بۆ موبەقەکەی برد، بەدەم گواستنەوەو ئەم جێ‌و ئەو جێکردنی شتانەوە گوتی:

– گوێ بگرە کچەکەم، ئێمە تۆمان بۆ ئەوە نەهێناوە کە خەریکی حوب حوبێنە بیت‌و درەنگ لە خەو ڕابیت، هەڕە چێڵەکان بدۆشە، پاشان وەرە خواردن ئامادە بکە. من پیرم نەخۆشی لەبنی هێناوم. دەبێ لە ئێستا بەدواوە تۆ کاروباری ماڵ بەڕێوەبەری، هەموو ئەم کارانە دەکەونە ئەستۆی تۆ.

هە هەمان ڕۆژ، ستیپان، ژنەکەی، تازە بووکەکەی، لە نێوی عەمارەکەدا بەگیرهێناو، لە خوت‌و خۆڕایی، زۆر زاڵمانە گرتیە بن لێدان، سینگ‌و بەرۆکی، سکی، پشتی گرتە بن دار، بە جۆرێ لێی دەدا کە خەڵکی شوێنەواری لێدانەکەی نەبینن. ئەوجا فەرامۆشی کرد، کەوتە شەوگەڕو مێبازی‌و هەرزەیی دەگەڵ ئەو ژنانەدا کە مێردیان چوو بوونە سەربازی و لە غیابی مێردەکانیاندا سەریان لە ڕابواردن و هەوەسبازی دەخورا. زۆربەی شەوان دەچووە دەرێ، بەڵام پێش ئەوەی خۆی بڕوات، ئەکسینیای لە عەمارەکەدا یان لە ژوورەکەدا حەپس دەکرد.

تا نزیکەی ساڵ‌و نیوێك، یانی تا ئەو کاتەی نۆبەرەکەیان لەدایك بوو، ستیپان نەیتوانی چاوپۆشی لەو نەنگی‌و شەرمەزاریە بکات کە بە سەری هاتبوو. پاش ئەوە تۆزێ دڵی نەرم بوو و هێور بووەوە، بەڵام بە دەگمەن نەوازشتی دەکردو رووی خۆشی دەدایەو بە دەگمەن شەوێك لە ماڵەوەو لای ئەکسینیا دەمایەوە.

کاروباری ماڵەکەیان زۆرو قورس بوو، وڵسات و ڕەشە وڵاخێکی فرەیان هەبوو، ئەکسینیا نەیدەپەرژا سەری خۆی بخورێنێ. ستیپان زۆر گوێی بەکار نەدەداو ئەوەندە خۆی نەدەڕنجاند.

ئیدی کاکۆڵی خۆی شانە دەکردو هەنگێ دەچوو بۆ لای هاوڕێکانی و دەکەوتە وەرەقبازیو بەدەم سیغارکێشانەوە دەکەوتنە باسو گێڕانەوەی دەنگۆو پڕوپاگەندانی ناو گوند. ئیدی هەموو کاری ماڵتداریو بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ کەوتبووە ئەستۆی ئەکسینیا. خەسووی زۆر بە کەمی یارمەتی دەدا. هەرکە کەمێك کاری کردبا، ئیدی لێوە زەردەکانی وەکو قەیتان دەکشانو لەسەر تەختە خەوەکەی خۆی دەکەوت، چاوەکانی ئەبڵەق دەبوونو بەدەم گینگڵی ئازارەوە دەتلایەوەو چاوی دەبڕیە میچەکەو دەینالاند. لەم کاتانەندا ڕوخساری، کە پڕ بوو لە خاڵی رەشی درشتو ناشیرین، لە ئارەقەدا هەڵدەکشاو روندکێکی زۆر لە چاویا قەتیس دەماو تنۆك تنۆك بە رووەمەتیا دەهاتنە خوارێ. ئەکسینیا دەستی لە کار دەکێشایەوە، خۆی دەخزاندە سووچێکەوەو بەترسو بەزەییەوە دەیڕوانیە خەسووی.

پیرەژن، دوای ساڵو نیوێك کۆچی دوایی کرد. بەیانی ئەو رۆژە، ئەکسینیا ژانی منداڵە بوون گرتی. نزیکی نێوەڕۆ، سەعاتێك بەر لەوەی منداڵەکە بێتە دنیاوە، خەسووی ئەکسینیا بە دەم هەوڵو تەقەلای کارەوە، لەبەر دەرگای تەویلەکەدا مرد. مامانەکەی ئەکسینیا کە چوو بوو ستیپان ئاگادار بکاتەوە کە بەسەرخۆشی نەچێتە ژووری ژنەکەیەوە، سەیر دەکات پیرێژن بە دەست و لاقی گرمۆڵە بووەوە کەوتووەو مردووە.

ئەکسینیا، دوای لە دایکبوونی منداڵەکەی، دڵو مەیلی دایە مێردەکەی، هەڵبەتە ئەمەی لە رووی ئەشقەوە نەبوو، بەڵکو لە رووی جۆرە مەحەبەتێکی ناچاری ژنانەو عادەتەوە بوو، منداڵەکە پێش ئەوەی ساڵ تەواو بکات مردو ژیان گەڕایەوە سەر دۆخەکەی جاران، کاتێ کە گریشکا میلیخوف لە ئەکسینیا پەیدا بوو و دەمی لە ئاشقێنی ئەو دەکوتا، ئەکسینیا بەترسەوە هەستی کرد بەلای ئەم گەنجە گەنم رەنگە نەرمو نیانەدا مایلە. گریگۆری بەوپەڕی سەبر سووربوونەوە، بە هەمان سەرسەختی گاجووتێکەوە دەوروخونی دەدا. ئەکسینیا لەم سەرسەختیەی ئەو دەترسا. سەیری دەکرد کە گریگۆری هیچ ترسێکی لە ستیپان نیە. لە دڵی خۆیدا هەستی دەکرد کە بە هیچ جۆرێ دەستبەرداری نابێت. ئەقڵی ژنانەی شتی وای قەبووڵ نەدەکردو، بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە، لە هەنبەریا مقاوەمەتی دەکرد. بەڵام وێڕای ئەمەش هەستی دەکرد ماوەیەکە لە جاران پتر بە خۆی ڕادەگات، ئیدی چ لە رۆژانی یەك شەممەو چ لە رۆژانی دیدا، پتر دەستی بە خۆیدا دێناو خۆی ئارایشت دەدا، هەرچەندە نەیدەویست دان بەمەدا بنێت، بەڵام بەپێی توانا هەوڵی دەدا خۆی بۆ گریگۆری دەربخات. نەوازشی جدیو ئاشقانەی چاوە رەشەکانی گریگۆری گەرمیو لە زەتێکی سەیریان پێدەبەخشی. بەرەبەیانان، کاتێ لە خەو ڕادەبوو و دەچوو بۆ دۆشینی چێڵەکان، بزەیەکی دەکردو بێئەوەی بزانێ بۆ لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئەمڕۆ رۆژێکی خۆش دەبێ، شتێکی خۆشم دەێتە ڕێ. بەڵام ئەو شتە چییە؟ ئا بیرم کەوتەوە، گریگۆری... گریشکا..."

ئەکسینیا، لەم هەستە تازەیە کە سەراپای فەتح کردبوو، دەترسا. وەکو چۆن خەڵکی بە پارێزەوە، بەسەر بەستەڵەکی خاوو سستی روباری دۆنی مانگی ئازاردا دەڕۆنو دەپەڕنەوە، ئەکسینیاش بەو ئاوایە بە نێو ئەو بیرو ئەندێشانەی خۆیدا دەڕۆیی.

پاش ئەوەی ستێپان ڕۆیی بۆ سەربازی، ئەکسینیا لێبڕا هێندەی بتوانێ خۆی لە گریگۆری دوور بگرێت. هەڵبەتە دوای بەسەرهاتی راوەماسیەکە، زیاتر لەسەر ئەم بڕیارەی خۆی سوور بوو.

((٨))

دوو رۆژ پێش جەژنی سێینە، خەڵکی گوند بە مەبەستی گیا دروون، مێرگوزارەکانی گوندیان لە بەینی خۆدا دابەش کرد. پانتلی پروکوفیچ، لە ڕێوڕەسمی دابەشکردنی زەوی و زارەکەدا ئامادە بوو لە نیوەڕۆدا بۆ ماڵ گەڕایەوە. بەدەم پرتەو بۆڵەوە چەکمەکانی داکەندو بەلەزتەوە کەوتە شێلان و خوراندنی پێیە ماندووەکانی و گوتی:

– بەشە زەوییەکەی ئێمە کەوتووەتە نزیکی (کەندە سوورە)وە. باش نییە، گیاو لەوەڕی زۆر نیە، بەشی سەرەوەی زەویەکە تا جەنگەڵ و لێڕەوارەکە دەڕوات و هەندێ شوێنی ، رووتەنی تەواوەو هەندێ شوێنیشی هەر دەوەن و دڕووە.

گریگۆری گوتی:

– کەی دەست بە دروێنەی دەکەین؟

– دوای جەژن.

پیرەژن، ئیلی نیچنا، بە پەستیەوە گوتی:

– داریا دەگەڵ خۆتاندا دەبەن، ها؟

پانتلی پروکوفیچ دەستێکی تەکان داو گوتی:

– وازم لێبێنە! ئەگەر پێویستی کرد دەیبەین، تۆ جارێ خواردنەکە بێنە، بۆچی دەمت داچەقاندووەو حەپەساویت؟.

پیرەژن، بە تەقوهۆڕ سەری تەنوورەکەی کردەوەو شۆربا گەرمەوە کراوەکەی دەرهێنا. پانتلی پروکوفیچ بەدەم نانخواردنەوە کەوتە باسی چۆنیەتی دابەشکردنی سەوزەزارەکان و حیلەبازی ئاتامان کە چۆن خەریك بووە فێڵ لە هەموو ئامادە بووان بکات.

داریا هەڵیدایە:

– پاریش ویستی فێڵمان لێبکات، لە کاتی دابەشکردنەکەدا سووربوو لەسەر ئەوەی مالاشکاڤرولوڤا تیروپشکەکە ڕاکێشێت.

پانتلی بە دەم پاروو گلاندنەوە گوتی:

– ئەم قەحپە دایکە هەمیشە هەر ئەم گوە بووە!

دونیاشکا، بە شەرمێکەوە گوتی:

– باشە باوکە کێ گیایەکە کۆ دەکاتەوەو دەیکات بە گیشە؟

– ئەدی تۆ چیت؟

– من بە تەنیا لە عۆیەی ئەم کارە نایەم.

– دەنێرین بە دووی ئەکسینیا ستاخۆفادا، ستپیان تکای لیکردووم کە گیایەکەی بۆ درویێنە بکەم. دەبێ ئەم کارەی بۆ بکەم.

بۆ بەیانی رۆژی دوایی، میتکاکورشونف، بە سواری ئەسپە چوار پەل سپییەکەی هات بۆ ماڵی میلیخوف. بارانێکی سووك دەباری، تەمو مژێکی چڕ باڵی بەسەر گوندیدا کێشا بوو. میتکا لەسەر زینەکەوە، کەمێك دانەویەوەو دەروازەکەی کردەوەو خۆی بە حەوشەدا کرد. پیرەژن کە ئەم میتکا بێپەرواو بەرەڵلایەی خۆش نەدەویست. بە پەستیەوەو لەبەر دەرگاوە گوتی:

– بۆچی هاتووی بۆ ئێرە هەتیوەی بەرەڵلا؟

میتکا کە هەوساری ئەسپەکەی بە قەراخ دەرگاکەوە دەبەستەوە بە سەرسامی گوتی:

– ئیلی نیچنا، بۆچی هاوار دەکەی؟ هاتووم بە دووی گریشکادا، کوا لە کوێیە؟

– لە کەپرەکەدا نووستووە، چیە مەگەر ئفلیج بووی؟ ناتوانی بە پێیان بڕۆیت، وا بە سواری هاتوویت؟

میتکا بە پەستی وگرژی وەڵامی دایەوە:

– تۆش، هەمیشە نقورچ دەگری پۆری.

هەنگێ، قامچیە باریکەکەی دەستی کێشا بە چەکمەکانیاو بەکاوەخۆ بەرەو کەپرەکە چوو و سەیری کرد گریگۆری لە ناو گالیسکەیەکی چکۆلەدا خەوتووە. میتکا، وەکو یەکێك نیشانە بگرێتەوە، چاوی چەپی نوقاند، و تاتوانی قامچیەکی بە گریگۆریدا کێشاو گوتی:

– هەلو، ڕابە دێهاتی!

بە دەمی میتکا وشەی دێهاتی، خراترین جنێو بوو. گریگۆری وەکو سپرینگ لە جێی خۆی بەرز بووەوە.

– چیت دەوێ؟

– خەو بەسە، زۆر خەوتی.

– میتری، وازبێنە، دوایی توڕە دەبم، ها...

– ڕابە، قسەیەکم پێتە

– قسەی چی؟

میتکا لە قەراخێکی گالیسکەکەوە دانیشتو لە کاتێکا قوڕە وشکەکەی کەنار پێڵاوەکانی بە قامچیەکەی دەستی دەوەراند، گوتی:

– گریشکا، سووکایەتیان بە من کردووە.

– سووکایەتی چی؟

میتکا دوای یەك دەمڕێژ جنێوان، گوتی:

– بڵێم چی، ئاخر یارۆ، ئەم ستوانە(ملازم) هەمیشە پۆزم بەسەرا لێدەدا.

میتکا توڕە بوو، بێئەوەی دەمی بە تەواوەتی بکاتەوە قسانی دەکرد، بە دەم قسانەوە لاقی دەلەرزین. گریگۆری کەمێك خۆی هەڵبڕیو پرسی:

– کام ملازم؟

میتکا قۆڵی کراسەکەی گریگۆری گرت و بە دەنگێکی نەرمتر گوتی:
– هەر ئێستا ئەسپەکەت زین بکە، تا پێکەوە بڕۆین بۆ مێرگەکانی خوارەوە! بزانە چۆن پێی نیشان دەدەم! پێمگوت: "سەرکار وەرە با خۆمان تاقی بکەینەوە!" گوتی: "دەتوانی هەموو دۆست و برادەرەکانت لەگەڵ خۆتا بێنی، بزانە چۆن بۆڕ بە هەمووتان دەدەم. ئاخر دایکی ئەسپەکەی من، لە پێشبڕکێی غارغارێنی ئەفسەراندا لە پترسبۆرگ، چەندین خەڵاتی بردووەتەوە." جا من هەقم چیە بەسەر ئەسپەکەی و دایکی ئەسپەکەیەوە؟
– نەعلەت لە هەردووکیان! نایەڵم پێش ئەسپەکەی من بکەون.
گریگۆری بەلەز جلی لەبەر کرد. میتکا وازی لێنەدەهێنا. لە تووڕەییدا زمانی تەتەڵەی دەکرد، گوتی:
– یارۆ، ئەو ملازمەی کە پێمگوتی، هاتووە بۆ ماڵی موخوف دوکاندار. با بزانم، ناوی چییە؟ وا بزانم ناوی لیستنیتسکییە. زەلامێکی بڕێك کەتەیە، بە ڕواڵەت جدیە، عەینەك لە چاو دەکا، بەڵام سەری بە قەبری بابی! عەینەك دادی نادات، نایەڵم پێشی ئەسپەکەم بداتەوە.
گریگۆری بەدەم پێکەنینەوە، ئەسپەکەی زین کرد. بۆ ئەوەی بابی نەیبینێ، لە دەروازەی لای جێ خەرمانەکانەوە بەرەو دەشت وەدەرکەوت. ملی ڕێگای چەمەنزاری بناری گردەکەیان، گرت. سمی ئەسپەکان گڵ و قوڕی ڕێگاکەیان دەشێلا. لە چەمەنزارەکەدا، لە نزیکی سپیدارێکی وشکەوەبوودا، چەند سوارێك چاوەڕوانی ئەوان بوون: ملازم لیستنیتسکی، سواری ئەسپێکی جوانی ناوقەد باریك بوو بوو، شەش حەوت گەنجی ئەسپ سواری گوندەکەی لەگەڵ بوون. ملازم لە میتکای پرسی:
– لە کوێوە دەست پێبکەین؟
عەینەکەکەی لە چاویا ڕاست کردەوە. بەسەرسامی ڕوانیە سینگ و بەرۆکی توندو گۆشتنی ئەسپەکەی میتکا.
– لە بن ئەم سپیدارەوە بۆ گۆماوی تزار
– گۆماوی تزار لە کوێیە؟
لیستنتسکی، چاوەکانی چکۆلە کردنەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی نزیك بینی ئەو بوو.
– لەوێندەرە قوربان، نزیکی لێڕەوارەکەیە.
ئەسپەکانیان ریز کرد. ملازم شەلاقەکەی بەرز کردەوەو لەسەر سەری رایگرت، کەتافیەکەی بەرز بووەوەو گۆشەیەکی دروستکرد.
– تا سێ دەژمێرم، هەرکە گوتم سێ دەردەچین باشە! یەك، دوو، سێ!
ملازم کە خۆی بەسەر قەڵپوسی زینەکەوە دانەواند بوو و بە دەستێك کاسکێتەکەی خۆی دەگرت، یەکەم کەس بۆی دەرچوو. سەرەتا کەوتە پێش هەموو ئەسپەکانەوە. ئەوجا میتکا بە رەنگ زەردی و پەشۆکاوی لەسەر ڕکێفەکان هەستایە سەر پێ، قامچیەکەی کە بەرزکردبووەوە بە خاوی بۆ سەر کەفەڵی ئەسپەکە داهێنایەوە، کە بە دڵی گریگۆری نەبوو.

ماوەی نێوان سپیدارەکەو گۆمی تزار، نزیکەی سێ فرسەخ بوو. لە نیوەی ڕێگادا، ئەسپەکەی میتکا، بەجەستەی باریک‌و درێژەوە وەکو تیر خۆی گەیاندە ئەسپەکەی ملازم. گریگۆری کە لە هەوەڵەوە دوا کەوتبوو، بە ساردو سڕی ئەسپەکەی تاو دەداو بە دەم چوارناڵەوە بە کونجکاوی دەیڕوانیە زنجیرەی سوارە پەراگەندەکان کە لەو دوور دەکەوتنەوە.

گردۆلکە لمێك کە ئاوی بەهار دەگەڵ خۆیدا هێنا بووی، لە کەناری گۆمەکەدا بوو. لەسەر ترۆپکی زەردباوی گردۆڵکەکەدا، کە لە دووگە وشتر دەچوو، هەندێ گیای کەم‌و سیری کێوی ڕوا بوو. گریگۆری، بینی کە ملازم‌و میتکا بە گردۆلکەکەدا سەرکەوتن‌و لەودیویەوە کەوتنە نەدیوی. ئەوانی دیکەش یەك یەك بەدوای ئەواندا سەرکەوتن. گریگۆری گەییە گۆمەکە، ئەسپەکان هەموو غەرقی ئارەقە لە دەوری یەکدی خڕ بوو بوونەوە، کوڕە گەنجەکانیش دابەزی بوون‌و لەدەوری (ملازم) خڕ بوو بوونەوە. شادی‌و خۆشیەکی پەنهان بە روخساری میتکاوە پرشنگی دەدا. سەرکەوتن بە هەموو جموجۆڵێکیەوە دەبینرا. بە پێچەوانەی وێناو تەسەوری گریگۆرییەوە، هیچ خەم‌و شەرمەزارییەك بە یارۆی ئەفسەرەوە دیار نەبوو: بە پێوە پشتی بە دارێکەوە دابوو و سیغاری دەکێشا. بە پەنجە تووتەی ئاماژەی بۆ ئەسپەکەی، کە لە تۆ وایە لە ئاو هەڵکێشراوە، دەکردو دەیگوت:

– من سەدو پەنجا فرسەخ پێی هاتووم، دوێنێ لە وێستگەکەوە هاتم، ئەگەر ئیسراحەت بوایە، هەرگیز نەتدەتوانی پێما بگەی کورشونوف.

میتکا، بە شێنەیی گوتی:

– ڕەنگە...

گەنجێکی دەموچاو شملاوی کە لە دوای هەموانەوە گەیی بووە سەر شار، بە حەسرەتەوە هاواری کرد:

– ئەسپەکەی ئەو باشترین ئەسپی ئەم دەڤەرەیە.

متیکا، کە لە هەڵچوونا دەستی دەلەرزی، بە ئەسپایی دەستێکی بە ملی ئەسپەکەیدا کێشاو گوتی:

– ئەسپە نە گاڵتە.

هەنگێ، بە دەم بزەیەکی ساکارانەوە چاوی لە دوڕ چاوی گریگۆری بڕین. بە دوو قۆڵی، لە جیاتی راستە ڕێگاکە بگرێت، بە دەوری گردەکەدا پێچیان کردەوەو بەرەو گوند پەل بوونەوە. ملازم بڕێك بە ساردی خوا حافیزی لێکردن: سەلامێکی سوپاییانەی بۆ کردن‌و تەنیا دوو قامکی گەیاندنە لێواری کاسکێتەکەی‌و هەنگێ پشتی تێکردن‌و ملی ڕێگای گرت.

لە کاتێکا کە لە گوندی نزیك دەبوونەوە، گریگۆری چاوی بە ئەکسینیا کەوت کە بەرەو ئەوان دەهات، بەدەم ڕێوە گەلای تەرکەیەکی دەکردەوە. هەرکە چاوی بە گریشکا کەوت، سەری داخست. میتکا چاوێکی داگرت‌و بە دەنگی بەرز گوتی:

– وەی کە شەرمنە! چما بە رووتی هاتووین؟ ها گوڵێ؟

گریگـۆری ڕاسـت دەیڕوانیـە بـەردەم خـۆیو تەقریبـەن لـە ئەکسـینیا ڕەت بـوو، لـە ناکـاوا قامچیەکی بـە ئەسـپەکەی خۆیدا، کـە بـە نێسکە نێسـك دەڕۆیـی، کێشا. هەسـتایە سـەر هـەردوو پاشووی، ئەوسا بەدەم جووتەوە، گڵو خۆڵی دنیای بەسەر ئەکسینیادا پژاند.

– شەیتانی شێت.

گریگۆری، بە توندی گەڕایەوەو ئەسپە چەموشەکەی بەرەو ئەو ڕانی و گوتی:

– بۆچی سەلامت نەکرد؟

– تۆ شایانی سەلام کردن نیت.

– بۆیە گڵو خۆڵم بە سەرا کردیت، تا لە خۆت بایی نەبیت.

ئەکسینیا کە دەستەکانی لەبەر کەپووی ئەسپەکە تەکان دەدا هاواری کرد:

– ڕێم بکە با بڕۆم! دەتەوێ بمکەیتە ژێر دەستو پێی ئەسپەکەتەوە؟

– ئەسپ نیە، ماینە.

– فەرق ناکات، ڕێم بدە با بڕۆم!

– بۆچی توڕەیت ئەکسینیا؟ بە هۆی ئەو شتەوە کە ئەوێ ڕۆژێ لە مێرگەکەدا رووی دا؟

گریگۆری چاوی لە دوڕ چاوانی بڕی. ئەکسینیا ویستی شتێك بڵێت، لێ روندکێکی چکۆلە لە گۆشەی چاوە رەشەکانیا قەتیس ما. لێوەکانی بە شێوەیەکی بەزەیی ئەنگێز کەوتنە تەتەڵە. تفەکەی دەمی بە تۆبزی قووت داو لە بن لێوانەوە گوتی:

– گریگۆری، تورە نیم، وازم لێبێنە با بڕۆم... من...

ئەکسینیا کەوتە ڕێو ڕۆیی. گریگۆری کە سەری سوڕما بوو، لەبەر دەرگای حەوشە گەییەوە بە میتکادا، میتکا پرسی:

– ئەمشەو دێیتە شەوبێری؟

– نەء.

– بۆچی؟ لەبەر چی نایەی، یارۆ دەعوەتی کردیت کە شەوێ میوانداریت بکات؟

گریگۆری، بە لەپی دەستی تەوێڵی خۆی سڕی وهیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

((٩))

دوای جەژنی سێینە، ئەوەی لە ماڵەکاندا، وەکو شوێنەواری سێینەی یەك شەممە مابووەوە، بریتی بوو لە زەعتەری وشك، گەڵای پێ شێل کراو، چڵو چێوەی دار بەڕوو ،دار ئەفرای وشکەوە بووی، هەڵواسراو بە دەرگاو پەیژەی ماڵەکانەوە.

یەك شـەممەی دوای جـەژنی سـێینە، خـەڵکی کەوتنـە دروێنـەی گیـاو وێنجە. هـەر لـە بـەیانی زووەوە ژنـان بـە تـەنوورەی ئـاڵو واڵای تایبـەتی ڕۆژی جەژنـەوەو بـە بـەرانپیلی ڕەنگـاو ڕەنگـی گوڵـدۆزیو لەچـكو سەرپۆشـی رەنگـاو رەنگـەوە، وەکـو خـەرمانی گـوڵ بـەناو مێـرگو چەمەنزارەکانەوە وەربوونو شکۆفانەوە.

هەموو گوندیەکان روویان کردبووە مێرگو چەمەنەکان. دروێنەوانانو تێڵەکێشان بە گوێرەی دابو نەریتی دێرینەو باو، جلکی نوێیان لەبەر کردبوو. لە کەناری دۆنەوە تا پەڵەچنارە دوورە دەستەکان، هەر مێرگو چەمەنان بوو و لە ژێر جەزرەبەی داسو کەرەنتواندا، دەیان ناڵاند.

ماڵباتی میلیخوف، درەنگ گەیینە دەشت، وەختێ ئەوان لە ماڵ وەدەرکەوتن، نزیکەی نیوەی گوند گەیی بوونە مێرگو چەمەنزارەکان.

درۆینەوانان، بە دەم ئارەق ڕشتنەوە، خێر هاتنیان کرد:

– پانتلی پروکوفیچ، لە خەو مابووی؟

پیرەمێر لە کاتێکا بەدەم بزەیەکی بە ماناوە، قامچی لە گاجووتەکان رادەوەشاند، گوتی:

– خەتای من نەبوو، ژنەکان دوا کەوتن!

قۆزاقێکی باڵا بەرز کە کلاوێکی حەسیری لەسەر بوو و لە قەراخ رێگاکەدا داسەکەی لە هەسان دەدا، سەرێکی لەقاندو گوتی:

– سڵاو برادەر! کەمێك دوا کەوتووی، وا نییە؟!

– چ قەیدیە، قابیلە گیاکان وشك ببنەوە؟

– ئەگەر خێرا بڕۆی فریا دەکەوی، دەنا گیا وشك دەبنو ئەولاتریش. بەشەکەی تۆ کەوتووەتە کوێوە؟

– نزیکی دۆڵە سوورە.

– گاجووتەکانت خێرا بڕانە، دەنا ئەمڕۆ ناگەیتە جێ.

ئەکسینیا لە پاشەوەی گالیسکەکەدا دانیشتبوو، دەموچاوی بە تەواوەتی داپۆشی بوو تاکو تاوەگاز نەبێت. لە درزێکی بچووکی لەچکەکەی سەر روخساریەوە، بەخوێنساردیو بێموبالاتی دەیڕوانیە گریگۆری کە لە بەرانبەریا دانیشتبوو. داریاش، کە سەروو رووی خۆی داپۆشی بوو و باشترین جلکی یەك شەممەی لەبەر کردبوو، لاقی بە قەراخ گالیسکەکەوە ئاوێزان کردبوو، مەمکە درێژ کوڵەکانی، کە دەمارەکانی شین دەچوونەوە، لە زاری مندالّە ساواکەی نابوو و شیری دەدا. دونیاشکا لە قەراخی گالیسکەکەدا ، هەر جمو جوڵی بوو، بەوپەڕی شادییەوە دەیڕوانیە مێرگو چەمەنزارەکانو ئەو خەڵکەی کە لە رێگادا تووشیان دەبوون. روخساری شادی، کە لێرەو لەوێ، لە نێوان هەردوو چاویا پڕ بوو لە خاڵێن ورد ورد، دەیگوت: " من شادو خۆشحاڵم، چونکە ئەمڕۆ بەم ئاسمانە شینو سافو بێگەردەوە، رۆژێکی خۆشەو گیانو روحم تەژی هەمان ئاسوودەیی شینباوە، لێوڕێژی هەمان پاکیو بێگەردیە. شادمو لەمەی زیاتر هیچی دیکەم ناوێ". پانتلی پروکوفیچ، قۆڵی کراسەکەی تاکو ئانیشکی هەڵکردو بە ناولەپی ئارەقەکەی سەر تەوێلی کە لە ژێر کاسکێتەکەیەوە زەنگوڵ زەنگوڵ دەتکا، سڕی. کراسەکەی کە توند بە پشتە کۆماوەکەیەوە چەسپی بوو، لە پەڵە پەڵەی ئارەقەدا رەش بوو بوو. هەتاو لە ژێر پەڵە هەورێکی کەوەییەوە، ناو بە ناو دەردەکەوت و گورزە تیشکێکی تێکشکاوی تەماوی بەسەر گردە دوورە دەستە زیو ئاساکانی ئەوبەری دۆن، بەسەر دەشت و دەرو، مێرگو سەوزەزارەکانی کەنار دۆندا هەڵدەڕشت.

ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو. ئەو پەڵە هەورە چکۆلانەی کە بەدەم بایەکەوە پارچە پارچە دەبوون، هێندە بە خاوی دادەخزین کە نەدەگەیین بە گاجووتەکانی پانتلیدا کە هەر هەموویان خاو خاو بەسەر ڕێگاکەدا دەڕۆییشتن، پانتلی بە خۆیشی بە تەمەڵی قامچیەکەی بەرز دەکردەوەو بای دەدا. لە تۆ وایە دڵی نەدەهات، قامچیەکە بکێشێت بە لاتەڕاقی لاوازی گاجووتەکاندا. لەوە دەچوو گایەکانیش هەستیان بەمە کردبێت، بۆیە هێواش هێواش بەدەم کلك بادانەوە ڕێیان دەکرد. خەرەنگێزان(مێشەکەرانە)، وەکو پەڵە غوبارێکی زێڕین و نارنجی بەسەر سەریانەوە دەسووڕانەوە.

ئەو پەڵە مێرگانەی نزیکی گوند، کە دورابوونەوە، لە دوورەوە وەکو پەڵەی زەردی کاڵ دەهاتنە بەرچاو. بەڵام ئەو شوێنانەی کە نە دورابوونەوە، هەرکە شنە بایەك لێی دەدان، وەکو پارچە ئاوریشمێکی کەسکی تۆخی مەیلەو ڕەش دەشنایەوەو گیایەکان بە یەکا دەچوون.

پانتلی پروکوفیچ، بە قامچیەکەی دەستی ئاماژەی کرد:

– هۆوە پارچە زەویەکەی ئێمەیە.

گریگۆری لێی پرسی:

– لە قۆڵی جەنگەڵەکەوە دەست پێبکەین.؟

– دەشێت لێرەشەوە دەست پێبکەین، من بە بێڵ نیشانەم کردووە.

گرێگۆری ئامورو مژانی گاجووتە ماندووەکانی کردەوە. پیرەمێرد کە گوارەکان لە گوێیدا دەدرەوشانەوە ڕۆیی تا نیشانەکەی خۆی بدۆزێتەوە. زۆری پێنەچوو، بە دەم دەست هەڵتەکاندنەوە هاواری کرد:

– داسەکان بێنە!

گریگۆری بە نێو گیایەکەدا، کە لە دوایەوەو لە ژێر پێیدا شەپۆل ئاسا هەڵدەستایەوەو دەبریسکایەوە، خۆی گەیاندە باوکی. پانتلی پروکوفیچ، ڕووی کردە خاچێکی سپی کە بەسەر بورجی زەنگێکی دوورە دەستەوە بوو، ئاماژەی خاچی کێشاو هەنگێ داسەکەی خۆی هەڵگرت. کەپووە بەرانیەکەی بە جۆرێ دەدرەوشایەوە لە تۆ وایە تازە ڕۆنیان پێدا ماڵیوە. ئارەقە دەنیشتە سەر چالایی گۆنا ئەسمەرەکانی، بزەیەکی بۆ کرد، لە ناکاوا، لە نیو ردێنە ڕەشە شەوە ئاساکەیەوە ریزێ ددانی سپی پرشنگدار دەرکەوت، گەردنە چرچەکەی بەلای ڕاستا وەرچەرخاندو بە کەرەنتوەکەیەوە بەر بووە گیایەکە، لە ماوەیەکی کەما، نیو بازنەیەکی گیا، کە تیرەکەی دوو مەتر دەبوو، لەبەر پێیدا کەڵەکە بوو.

گریگۆری، بە چاوانی نیوە نوقاوەوە چاوی لە بابی کردو بە کەرنتوەکەی کەوتە گیا درونەوە. تەنورەی ژنەکان لەبەر چاوی ئەو، لە پەلکە ڕەنگینە دەچوون. بەڵام ئەو چاوی تەنیا لە یەکێکیان بوو، تەنورەیەکی سپی، پەراوێز گوڵدۆزی بوو. جارجار هەڵوەستەیەکی دەکردو نیگای ئەکسینیای دەکردو دووبارە پێ بە پێی بابی دەکەوتەوە دروێنە.

بەردەوام ئەکسینیای لە هزرو خەیاڵا بوو، بە چاوانی نیوە نوقاوو بە خەیاڵ رایدەمووسی و رازو نیازی دڵی خۆی بۆ دەکرد. ئەوسا ئەو خەیاڵانەی لە مێشکی خۆی دەڕەواندەوەو سەر لە

نویٚ دەست بەکار دەبووەوەو هەنگاوەکانی خۆی دەژمارد: یەك، دوو، سیٚ. بەڵام بیری دەڕۆیی، لەسەر هەندیٚ بیرەوەریان دەگیرسایەوە: "لە نێو گیاو وێنجە تەڕەکەدا، دەگەڵی دانیشتبووم... مانگ بەسەر سەوزە زارەکانەوە، بە تریفە تریف.... ناو بە ناو تنۆکە ئاوی سەر گیاو دەوەنەکان دەڕژانە گۆلاوەکەوە... یەك... دوو... سیٚ... چەند جوان بوو، چەند خۆش بوو، خۆزگەم بەو کاتە!".

لەلای گالیسکەکەوە، دەنگی پێکەنین بەرز بووەوە. گریگۆری ئاوڕی پاشەوەی دایەوە: ئەکسینیا دانەوی بووەوەو شتێکی بە داریا دەگوت کە لە ژێر گالیسکەکەدا ڕاکشا بوو. داریا هەردوو دەستی خۆی جولاند و دووبارە دەستیان بە پێکەنین کردەوە. دونیاشکا لەسەر ئاموری گالیسکەکە دانیشتبوو بە دەنگێکی ناسکی منداڵانە گۆرانی دەگوت. گریگۆری لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەڕۆم، تا ئەو دەوەنە دەڕۆم، ئەوسا داسەکەم تیژ دەکەمەوە." بەڵام لەم کاتەدا هەستی کرد داسەکەی چوو بە شتێکی نەرما. دانەوییەوە تا بزانیٚ چییە، سەیری کرد بێچوە مراویەکی کێوی بە قیژە قیژو شەلەشەل خۆی بە بنی گیاکاندا دەکات. مراویەکی دیکەش لە قەراخ هێلانەی بێچوەکاندا، کەوتبوو و بەدەم داسەکەوە بوو بوو بە دوو لەتەوە. بێچوەکانی دیکەش بە دەم جووکە جووکەوە، هەراسان خۆیان بە نێو گیایەکاندا دەکرد. گریگۆری، ئەو بێچوە مراویەی کە بوو بوو بە دوو لەتەوە، هەڵگرت، دیار بوو هەمووی چەند رۆژێك بوو لە هێلکە دەرهاتبوو و هێشتا گەرمی ژیان بە گەنەمووە زەردباوەکانیەوە، مابوو. دڵۆپیٚ خوێنی گەش بە سەر دەنووکە پانە نیمچە کراوەکەیەوە دیار بوو. دەتگوت بە ئانقەست چاوە مرواری ئاساکانی لێك ناوە، لاقە هێشتا گەرمەکانی بە ئاستەم دەلەرزین. گریگۆری کە تەمەشای بێچوە مراویە مردارەوەبووەکەی ناو دەستی دەکرد، لە پڕ دڵی گیراو زۆری بەزەیی پێدا هاتەوە.

– گریشکا چیت دۆزییەوە؟

دونیاشکا، بەدەم هەڵبەزو دابەزەوە، بە نێو گیایە دوراوەکاندا رۆیی، پرچەکانی، بەسەر سینگییەوە سەمایان دەکرد. گریگۆری بە خەمینی بێچوە مراویەکەی فڕیٚ دایە سەر ئەرزەکە، ئەوجا بە توڕەیی کەوتە داس وەشاندن.

بەلەز فراڤینیان خوارد، هەموو خواردنەکەیان، کە لە ماڵەوە هێنابوویان بریتی بوو لە پیوی بەرازو ماست.

پانتلی پروکوفیچ، لە کاتی فراڤیندا گوتی:

– ناگەڕێینەوە بۆ ماڵ، پێویست بەو زەحمەتە ناکات. گایەکان بەرەڵلا دەکەین با لە جەنگەڵەکەدا بۆ خۆ بلەوەڕن. سبەی بەیانی، بەر لەوەی هەتاو ئاونگی سەر گیاکان وشك بکاتەوە، ئێمە دەستی خۆ دەوەشێنین و لە گیا دورین دەبینەوە.

دوای فراڤین، ژنەکان کەوتنە کۆکردنەوەی گیا دوراوەکە، گیا دوراوەکە سیس دەبووەوەو بەرە بەرە دەچرمسی و وشك دەبووەوەو بۆنێکی هێندە توندی لێهەڵدەستا، پیاوی مەست دەکرد.

دەگەڵ بولێڵی ئێوارێدا، دەستیان لە کار هەڵگرت، ئەکسینیا دوا ریزە مەلۆکانی کۆکردنەوەو کردنی بە شاراو چوو بۆ لای گالیسکەکە تا شۆربای هەرزن لێبنێت. بە درێژایی ئەو رۆژە بە

گریگۆری ڕابوار بوو و بە چاوانی نەفرەتو بوغزنەوە تەمەشای کرد بوو، وەکو یەکێك بیەوێ تۆڵەی تاوانێکی لە بەخشین نەهاتووی لێبکاتەوە. گریگۆری خەمبارو کەمێك ماندوو، گایەکانی برد بۆ ڕەخی دون تا ئاویان بدات. بابی کە بە درێژایی ڕۆژەکە، ئەکسینیاو ئەوی دابووە ژێر چاو، بە نیگایەکی توڕەوە، بە گریگۆری گوت:

- شیوەکەت دەخۆیتو پاشان دەڕۆی ئاگات لە گایەکان دەبێ. ئاگادار بە نەچنە ناو گیایە بەرزەکانەوە، پۆستینەکەی من لەگەڵ خۆتدا بەرە.

داریا، منداڵەکەی لە ژێر گالیسکەکەدا خەواندو دەگەڵ دونیاشکادا چوو بۆ جەنگەڵەکە تا داری وشك بێنێ.

هیلالی ڕەنگزەردو لاوازی مانگ، بەسەر چەمەنزارو مێرگەکانەوە، لە دووری دوورەوە، بە بەرۆکی ئاسمانی تاریکەوە دەرکەوت. پۆلێك پەپولە وەکو پروشە بەفر بەسەر ئاگرەکەدا دەسوڕانەوە. هەمووان لە دەوری سفرەیەکی گەورە، کە لە نزیکی ئاگرەکە رایانخستبوو، بۆ شیڤ خواردن، دانیشتن، شۆرباکە، لە مەنجەڵێکی ڕەشی دوکەڵاویدا قوڵپی دەدا. داریا، بە قەراخی ژێر کراسەکەی خۆی مراکەکانی سڕیو گریگۆری بانگکرد:

- وەرە شیو بخۆ!

گریگۆری، پۆستینەکەی بابی دابوو بە شانیاو لە تاریکییەکەوە دەرکەوتو هاتە نزیکی ئاگرەکەوە. داریا دەم بە خەندە لێی پرسی:

- بۆچی ئەوەندە گرژو پەستیت؟

گریگۆری ویستی بە شۆخی، لە کۆڵ خۆی بکاتەوە:

- لەوە دەچێ باران بباریێ، پشتم دێشێت.

دونیاشکا، بزەیەکی بۆ کردو لای براکەیەوە دانیشت:

- لەوە دەچێ نەیەوێ بڕوات ئاگای لە گایەکان بێ.

دونیاشکا، دەیویست سەر بکاتە سەریو بیهێنێتە قسە، بەڵام هەوڵەکەی، سەری نەگرت.

پانتلی پروکوفیچ، بە سەرو رووی جدی شۆرباکەی دەخواردو ئەو دەنکە هەرزنانەی کە باش نەکوڵا بوون، بە دان دادەکرماند. ئەکسینیا بەدەم نانخواردنەوە سەری داخستبوو و بەبێ مەیلیو ژێراو ژێربە سوعبەتەکانی داریا پێدەکەنی، گۆناکانی لەنیگەرانیدا سوور هەڵگەڕا بوون.

گریگۆری، لە هەموویان زووتر لە سەر سفرەکە هەستاو ڕۆیی بۆ لای گایەکان. بابی لە دواوە بانگی کرد:

- ئاگادار بە، نەیەڵی بچنە گیای دراوسێکانەوەو پێ شێلی بکەن.

ئەوجا پاشماوەی خواردن پەڕییە قوڕگیو تا ماوەیەکی زۆر کۆکی، خەریك بوو دەخنکا. دونیاشکا، کە نەیدەوێرا بە ئاشکرا پێبکەنێ، بەخورتی بەری پێکەنینەکەی دەگرتو گۆناکانی بڕ با دەبوونو خەریك بوو دەخنکا. ئاگرەکە بەرە بەرە دادەمرکایەوەو سەری ئەو لقە دارە وشکانەی کە هێدی هێدی دەسووتان، بۆنو بەرامەیەکی خۆشی بەسەر جماعەتدا بڵاو دەکردەوە.

***

له نیوه شەوا گریشگا وەکو دزان خۆی له خەوگەکە نزیك کردەوەو له ده شەقاوی ئەوان وەستا. بابی لەسەر گالیسکەکە خەوتبوو، پرخ و هۆڕی بوو. ئەو پشکۆیانەی که هێشتا نەکوژابوونەوە وەکو چاوی زێڕینی تاووس له ژێر ژیلەمۆکەوە دەدرەوشانەوە. تاپۆیەکی بۆ رەقنه که دەموچاوی هەڵپێچا بوو، له گالیسکەکە جودا بووەوەو به ئەسپاییو لاره لار بەرەو گریگۆری هاتو له دوو سێ شەقاوی ئەودا ڕاوەستا، ئەکسینیا بوو. خودی ئەکسینیا بوو! دڵی گریگۆری کەوتە پەلەپەل. به ماته مات چەند هەنگاوێك لێی چووه پێشێ. داوێنی پۆستینەکەی بردە دواوە، ئەکسینیای ڕاکێشا، جەستە گەرمو گوڕەکەی به خۆوە گوشی، ئەکسینیا کەوتبووە سەر چۆك. ئازای لەشی دەلەرزیو دانەچۆقەی پێکەوتبوو. وەکو چۆن گورگێك، مەڕێکی گەروو هەڵدڕاو دەدا به پشتی خۆیدا، گریگۆری بەو ئاوایه له ناکاوا ئەکسینیای له هەمێز گرتو له کاتێکا پێی له داوێنی کراوەی پۆستینەکەی گیر دەبوو، به هانکه هانك بردی.

– ئۆھ گریشا، کوڕە گریشا! باوکت...

– وس، قسه مەکە!

ئەکسینیا، به خورتی خۆی له نێو بۆنی ترشی پۆستینەکەوە، له باوەشی ئەو دەرێنا، خەریك بوو له پەشیمانیدا دەمرد، بەدەم سووکه ناڵەیەکی گریان ئاساوە گوتی:

– دام گره، پێویست ناکات... فایدەی نییه خۆم دێم.

((١٠))

ئەشقو ڤیانی درەنگ وەختی ژن ، گوڵاڵه سوورەی دەشتو دەر نییه، بەڵکو دڕکی سیکرانی کەناری ڕێگایه.

دوای تەواوبوونی گیا درونەکە، ئەکسینیا گۆڕا، بوو به ژنێکی دیکە، وەکو ئەوە بوو داغێکیان به روویەوە نابێ. که ژنان تووشی دەبوون، ژارخەنێکیان به roویا دەداو له پشتیەوە سەریان دەلەقاند. کچانی عازەو بەغیلیان پێدەبرد، بەڵام ئەو به غروورەوە سەری خۆشبەختو، نەنگینی خۆی بەرزدەگرت.

زوو به زوو هەموو خەڵکی به کەینو بەینەکەی ئەو و گریگۆری میلیخوفیان زانی. له هەوەڵەوە خەڵکی به چپه باسیان دەکرد، خەڵکانێك باوەڕیان دەکردو خەڵکانێك باوەڕیان نەدەکرد، بەڵام لەو ڕۆژەوە که کوزکای لووت پان، شوانی گوند، له بەرەبەیاندا، نزیکی ئاشه بایەکه بینی بوونی، که لەبەر تریفەی زەرد هەڵگەڕاوی مانگی ئاخرو ئۆخری شەودا، له نێو کێڵگە زوڕاتەکەی نزیکی روبارەکەدا پێکەوە نووستبوون، ئیدی دەنگۆ، وەکو شەپۆلێکی لێڵو لێخن، به هەموو لایەکدا بڵاو بووەوە.

ئەو واته گەییەوە (پانتلی پروکوفیچ)ش. ڕۆژێکی یەك شەممه چوو بوو بۆ موغازەکەی موخوف، بەر دوکانەکه هێندە قەرەباڵغ بوو ڕێ بەر ڕێدار نەدەکەوت. که پانتلی گەییه ئەوێندەر ڕێیان بۆ کردەوەو وەژوورکەوت. خەڵکەکه له پشتیەوە و له بن لێوانەوە پێدەکەنین، پانتلی گەییه

بەردەم ئەو پێشخوانەی کە کوتاڵی لەسەر دەفرۆشرا. خاوەنی موغازەکە، سیرگی پلاتونوفیچ موخوف، بە خۆی بە پیریەوە هات تابزانێ چی دەوێ و پرسی:

– پانتلی، دیار نیت، ماوەیەکە ناتبینم، خێرە؟

– کورە هێندەم کار هەیە، هەر تەواو نابێ.

– بە ڕاست؟ ئەی کوڕەکانت؟ بە دوو کوڕەوە هێشتا فریا ناکەوی؟

– کوڕەکانم؟ پیوتەر چووە بۆ سەربازی. ئیدی هەموو کارەکان کەوتوونەتە ئەستۆی من و گریشا.

سیرگی پلاتونوفیچ، قامکی بە ناوەندی ردێنە ماش و برنجەکەیدا کردو ئەوجا بە گۆشەی چاو نیگایەکی بەماناوەی، ئاپۆڕای خەڵکەکەی کرد:

– ئەرێ، ئەوە تۆ بۆ شت لە خەڵکی دەشاریتەوە گیانە؟

– مەبەستت چییە؟

– یانی چی مەبەستم چییە؟ بە تەمای ژن بۆ کوڕەکەت بێنی و بە کەس ناڵێی.

– کام کوڕ؟

– گریگۆری، کوڕە عازەبەکەت.

– تا ئێستا بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە ژنی بۆ بێنم.

– بەڵام من بیستوومە، گوایە بە تەمای ئەکسینیای، ژنی ستیپان ستاخوف بۆ بێنی.

– من؟ باشە خۆ ئەو مێردی هەیە، مێردەکەی زیت و زندووە... . چیە سێرگی پلاتونوفیچ، گاڵتە دەکەی ها؟

– گاڵتە، من و گاڵتە؟ من ئەمەم لە زاری خەڵکی بیستووە.

پانتلی پروکوفیچ، دەستێکی بەو تۆپە قوماشەی سەر مێزەکەدا کێشا، ئەوسا بە توندی گەڕایەوەو بە لەقەلەق خۆی گەیاندە بەر دەرگاکەی دەرەوە. یەکسەر بەرەو ماڵی خۆی ڕۆییشتەوە، وەکو گاجووت سەری دانەواند بوو، کوڵەمستە ئارەقاویەکانی دەگوشی و لە هەموو کاتێک زیاتر دەلەنگی. کە بە بەر ماڵی ستاخوفدا ڕەت دەبوو، لە درزی پەرژینەکەوە تەماشایەکی بە پەلەی کرد. ئەکسینیا پاک و خاوێن، کراسێکی جوانی لەبەردا بوو، سەتڵێکی بە تاڵی بەدەستەوە بوو، بە دەم سمت و کەفەڵ بادانەوە خۆی بە حەوشەدا دەکرد.

پانتلی پروکوفیچ هاواری کرد:

– ئەهای، یارۆ کەمێ سەبر بکە.

بە هەشتاو لە دەرگاکەوە خۆی بە حەوشەدا کرد. ئەکسینیا بەدەم چاوەڕوانییەوە بۆی وەستا، ئەوجا بە دوو قۆڵی چوونە موبەقەکەوە. مەبەقەکە گسک درا بوو، و زیخێکی سورباو بە ئەرزەکەیەوە دەبریقایەوە. لەسەر تەختێکی پێشەوەی موبەقەکە، کۆمەڵێک کولیچەی تازە لە تەنوور دەرهێنراو دانرا بوو. بۆنی جلی کەڕواوی و رازیانە لە ژوورەکە هەڵدەستا.

پشیلەیەکی خاڵ خاڵی سەر زل، هات بەلای پانتلی پروکوفیچەوە و خۆی لە لاق و لەتەری هەڵسوو. پشتی کووڕ کردەوەو دۆستانە خۆی بە چەکمەکانیەوە قەرساند. پانتلی پروکوفیچ، بە شەقێک هەڵیدایە لای تەختەکە. چاوانی بڕینە دوڕ چاوی ئەکسینیاو هاواری کرد:

– باشە ئەم واتە واتە چییە، ها؟ هێشتا شوێنی مێردەکەت سارد نەبووەتەوە، کەوتوویتە قون بادان‌و پیان لە خشتە بردن! من گریشکا دەکوژم، کاغەز بۆ ستیپانی مێردت دەنووسم!... با بەمە بزانێ. ها، قەحپە، وا دیارە تێر کوتەك نەبووی، عارت نەناوە؟ نەخەڵەتابی لە ئێستا بەدواوە پێ بنەیتە ماڵی من، نۆبەتی ئەو قەوانەیە کە کوڕەکەم لە ڕێ دەربکەیت‌و، هەنگی ستیپان بێتە سەر من...

ئەکسینیا، بە چاوانی نیوە نوقاوەوە گوێی دەگرت. لەناکاوا بەبێ شەرمی داوێنی تەنورەکەی هەڵکرد، بۆنی جلی ژنانە بەسەر پانتلی دا هات. بە سینگ‌و مەمکی بەرزو قوتەوە، بە چارەی گرژو پەستەوە، بەدەم لێو کرۆشتنەوە بەرەو رووی هات:

– تۆچی منی؟ خەزوورمی؟ تۆ من نەسیحەت دەکەی؟ بڕۆ ئامۆژگاری ژنە قوون زلەکەی خۆت بکە! بڕۆ ئاگات لە ماڵ‌و منداڵی خۆت بێ... شەیتانی شەل، قاچ بڕاو! لێرە وەدەرکەوە بڕۆ گوم بە لەبەر چاوم، هەیدێ. وا دەزانی لێت دەترسم!

– ڕاوەستە، ماکەر.

– ڕاناوەستم، خۆ تۆ باوکم نیت. لە کوێوە هاتووی بەوێدا بگەڕێوە! ئەگەر بمەوێ گریشکای کوڕت دەخۆم، بەپێست‌و ئێسقانەوە دەیخۆم، کەس بۆی نییە لێم بپێچێتەوە!... چی تیایە ئەگەر گریشکام خۆش بوێ؟ دە وەرە لێم بدە. چاوەڕوانی چیت؟ دەتەوێ بۆ مێردەکەم بنووسیت؟ حەز دەکەی بۆ ئاتامانیش بنووسە، بەڵام گریشکا هی منە! بۆ منە! گرتوومەو بەری نادەم!

ئەکسینیا، بە مەمکە قوتەکانیەوە، کە وەکو چرگی گرفتاری داو، لە ناو کراسە تەنگەکەیدا، هەڵدەپلان، پاڵی بە پانتلی پروکوفیچەوە دەنا کە وەکو کەو چوو بوو، بە گڕی چاوە ڕەشەکانی دەی سووتاندو بە قسەی ناشیرین‌و بێ ئەدەبانە دای گرتبووەوە. پیرەمێرد، بە دەم بڕۆ لەرزینەوە، بەرەو دەرگای دەرەوە پاشەکشەی کرد، دار عاساکەی، کە لە سوچێکا داینا بوو، هەڵگرت، بەدەم دەست ڕاوەشانەوە پشتاو پشت ڕۆیی‌و بە پاشەڵی دەرگاکەی کردەوە. ئەکسینیا بە پاڵ لە دالانەکە کردیە دەرەوە، خەریك بوو لە داخا شەقی دەبردو وەکو شێتان هاواری دەکرد:

– بێ دڵی خۆم ناکەم، دەمەوێ قەرەبووی سەرانسەری ژیانی خەمناکی خۆم بکەمەوە!... حەزەکەی وەرە بمکوژە! گریشکا هی منەو تەواو!

پانتلی پروکوفیچ، بە دەم خوتەو پرتەو بۆڵەوە، بە شەلە شەل بەرەو ماڵی خۆی پەل بووەوە. سەیری کرد گریگۆری لە ژوورەوەیە، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، تا توانی دارێکی کێشا بە پشتی کوڕەکەیدا. گریگۆری پشتی کووڕ کردەوەو باسکی بابی گرت:

– ئەوە چیە باوکە؟

– ئەمە سزای کارە قۆڕەکانتە، هەی قەحپە دایك!

– کام کار؟

– ئەو کارە قۆڕانەی دەرهەق بە هاوسێکەت دەیکەی! باوکت عەیبدار دەکەی! دوای ژنان مەکەوە، سابرێنی خوێڕی!

بەو جۆرە پانتلی پروکوفیچ، دەی نەڕاندو گریگۆری بە ناو ژوورەکەدا دێناو دەبردو دەیویست دارعاساکەی لە دەست دەربێنێ.

گریگۆری بە دەنگێکی سووک دەیگوت:

– نایەڵم لێم بدەیت.

ئەوسا ددانەکانی جیڕکردەوە، دار عاساکەی لە دەستی بابی دەرهێناو خستیە سەر ئەژنۆی خۆیو گوشاری لێکردو.... قرچ... شکاندی!

پانتلی پروکوفیچ، تا توانی مستێکی کێشا بە لا ملی گریگۆری دا:

– لە ژێر قامچیدا دەتکوژم شەیتانی کوڕی شەیتان!

پانتلی خۆی ئامادە دەکرد کە دیسان بە مست بەربێتە سەرو گوێلاکی گریگۆری و دەی بۆلاند:

– ژنت دەوێ، مارفۆشکا شێتت بۆ دێنم!... بزانە چۆنت بخەسێنم، دەی بینی.

پیرەژن کە گوێی لەم هەراو هەنگامەیە بوو، بە هەشتاو هات بۆ ژوورەکە.

– پانتلی، پانتلی!.... ئەوە چیە تۆزێ سەبرت بێ... ئاخر!

بەڵام پیرەمێرد، بەڕاستی دەهری بوو بوو: پاڵێکی بە ژنەکەیەوە نا، مێزەکەی، کە مەکینەیەکی درومانی بەسەرەوە بوو، بە مەکینەکەوە قلْپ کردەوەو هیلاك و ماندوو دەرپەڕییە ناو حەوشە..

گریگـۆری هێشـتا بـە تـەواوەتی کراسـەکەی، کـە قۆڵەکـەی لـەم گیروگـازەدا دڕابـوو، لەبـەر دانەکەنی بوو، کە بابی بە توندی دەرگاکـەی کردەوەو وەکـو هـەورێکی تۆفـانزا، گـرژو مـۆن بـەر دەرگای گرتەوە.

– ژنێك بۆ ئەم قەحپە دایکە دێنمو لە کۆڵ خۆمی دەکەمەوە.

پیرەمێرد، وەکو ئەسپ سمکۆڵانی دەکردو پێی بە عاردیدا دا، چاوی بڕینە شانوباهۆی بەهێزی گریگۆری و لەسەری ڕۆیی:

– لە سبەی زووتر نییە ژنت بۆ دێنم! سبەی ژنت بۆ دەدۆزمەوە. من بووم بەو پیاوەی، خەڵکی لەسەر کوڕ گاڵتەم پێبکەن!

– جارێ واز بێنە باکراسەکەم لەبەر بکەم، ئەوسا ژنم بۆ بێنە.

– بۆت دێنم، ژنت بۆ دێنم!.... ئەو شێتەت بۆ دێنم! شێتەکەی ناو ئاواییت بۆ دێنم!

دەرگاکەی بە توندی داخست. بە تەقەتەقی پێڵاوان بە قاڵدرمەکاندا داگەڕاو ئەوجا بێدەنگ بوو.

((١١))

لە دووری گوندی سیتراکوڤ، لە پێدەشتەکەدا، قەتاری گالیسکەی چادر بەسەر ریز کرا بوون. شارۆچکەیەکی خاوێنو پاكو تەمیز بەسەربانانی سپیو شەقامێن ڕاستەوەو، بە مەیدانێکی چکۆلەوە کە پاسەوانێك هاتوچۆی پێدا دەکرد، بە خێراییەکی باوەڕنەکردەنیەوە لەو گۆڕە قووت بوو بووەوە.

لە ئۆردوگای مەشقی مانگی پێنجدا، ژیانی ئاسایی وەکو هەموو ساڵێکی دی دەستی پێکردبوو، هەموو بەیانییەك، ئەو دەستە قۆزاقەی ئەسپانیان بردبووە لەوەڕ، ئەسپەکانیان بۆ ئۆردوگا دەهێنایەوە. دوای ئەوە نۆرە دەهاتە سەر قەشاوکردن‌و مەشقی زین کردنی ئەسپان‌و خوێندنەوەی ناوەکان‌و ریزبوون‌و نمایش. سەرهەنگ پایدف، گەورە ئەفسەرو فەرماندەی ئۆردوگاکە، بە دەنگی بەرز فەرمانی دەدا، ئەو عەریفانەی کە مەشقی گەنجانی تازە خزمەتیان دەدا، هاواریان بەسەردا دەکردن. مەشقی جەنگی لە پشت گردێکەوە ئەنجام دەدراو لەوێدا بە تەڕ دەستی دژمنیان گەمارۆ دەدا، تفەنگیان بە نیشانانەوە دەنا. قۆزاقانی گەنج زۆریان کەیف بە شەڕە شمشێران دەهات، بەڵام ئەوانەی کە تەمەنێکیان هەبوو، بە پێی توانای ،خۆیان لە مەشق‌و ڕاهێنان دەدزییەوە.

خەڵکەکە بەو گەرمایە هێندەیان ڤۆدگا خواردبووەوە، هەموو دەنگیان نووسا بوو. شنەبایەکی فێنك و خۆش بەسەر ریزی درێژی گالیسکەکاندا هات. جرجێن بیابان لە دوورەوە دەیان زیقاند. دەشت‌و بیابانەکە ئارەزووی ڕۆییشتنی دەخستە دڵەوە، ڕۆییشتن بۆ دوور، دوورتر لە گوندەکان‌و ئەو دووکەڵە سپیەی لەسەر بانیماڵەکانەوە بەرز دەبووەوە.

هەفتەیەك بەر لە کۆتایی خزمەتی سەربازی، ژنەکەی ئەندرێ تومیلینی برای ئیڤانی تۆپچی، هاتە دیدەنی. کۆمەڵێك کولیچە و ئازووقەو خۆراکی خۆش‌و هەگبەیەك هەواڵ‌و باسی ناو گوندی بۆ هێنابوو. سبەی بەیانی بۆ گوند گەڕایەوە، سەلام‌و راسپاردەی قۆزاقەکانی، بۆ ماڵبات‌و کەسوکارەکانیان بردەوە. تەنیا ستیپان ستاخوف، هیچ راسپاردەیەکی پێدا نەناردەوە. شەوی پێشوو نەخۆش کەوتبوو و ڤۆدگای خوارد بووەوە تاچاك ببێتەوە. ئیدی هیچی نەدەبینی، تەنانەت تاقەتی نەبوو ژنەکەی (تومیلین)ش ببینێ. ستیپان بۆ مەشق دەرنەچوو بوو. تکای لە پەرستارەکە کردبوو کە خوێنی بگرێت، ئەویش بە قسەی کرد بوو و دە دوازدە زەرووی نابوو بەسەر سینگییەوە. ستیپان، بە تۆی فانیلەی ژێرەوە، لە ئەرزەکە دانیشتبوو و پشتی دابوو بە پێچکەی گالیسکەکەیەوەو دیوی دەرەوەی کاسکێتە سپیەکەی لە گریسی گالیسکەکەیەوە چوو بوو. سەری داژەنی بوو و دەم و لێوی دابوو بە یەکاو دەیڕوانیە ئەو زەروانەی کە سەریان ژەنی بووە، سینگە بەرمیل ئاساکەیەوەو بەرە بەرە بە دەم مژینی خوێنەکەیەوە دەئاوسان.

پەرستاری تیپەکە بە دیاریەوە وەستا بوو وجگەرەی دەکێشا. دووکەڵی جگەرەکەی لە بەینی ددانە شاش‌و واشەکانیەوە، دەردەدایە دەرەوە.

– حاڵت باشترە؟

– خوێنەکە باش دەمژن. باری دڵ سووك دەکەن،

– زەروو شتێکی زۆر باشە!

تومیلین، لێیان نزیك بووەوەو چاوێکی لە ستیپان داگرت‌و گوتی:

– ستیپان، قسەیەکم پێتە.

– بڵێ.

– دەققەیەك وەرە.

ستیپان، بە بێتاقەتی هەستاو دەگەڵ تومیلیندا دوور کەوتەوە.

– دەی قسەکەت بکە.

– دوێنێ ژنەکەم لێرە بوو... ئەمڕۆش ڕۆییشتەوە.

– ئێ؟

– لە گوندیدا، باسی ژنەکەت دەکەن.

– باسی وەکو چی؟

– هەڵبەتە باسی باشە نا.

– وەکو؟

– دەڵێن بە ئاشکرا، دەستی لەگەڵ گریشگا میلیخوفدا تێکەڵ کردووە.

ستیپان، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، زەرووەکانی لە سینگی کردنەوەو بە پێیان پلیشاندنیەوە، دوای ئەوەی دوا زەرووی پلیشاندەوە یەخەی کراسەکەی دوگمەدا، ئەوجا وەك بڵێی ترسێکی کوت و پڕ دایبگرێت، خێرا دوگمەکانی کردنەوە... لێوە سپی هەڵگەڕاوەکانی بەردەوام دەجولان: جاری دەلەرزین، جاری بزەیان دەهاتێ، جاری شین دەبوونەوەو هەڵدەقورتان... تومیلین وای وێنا دەکرد کە ستیپان شتێکی ڕەق و سەخت دەجووێ. پاشان بەرەبەرە ڕەنگی وەبەر هاتەوە، لێوەکانی لە جووڵە وەستان و لە ناوەوە بە ددان دەیکرۆشتن. ستیپان، کاسکێتەکەی داکەند، بە دەست گریسەکەی سەری سڕی و بە دەنگێکی بتەو گوتی:

– زۆر سوپاس کە ئەو خەبەرەت دامێ.

– حەزم کرد ئاگادار بی... ببوورە... ئەم قسانە هەیە....

تومیلین، بە کەسەرەوە دەستی بەڕانی خۆیدا کێشاو چوو بەلای ئەسپە زین نەکراوەکەیدا. هەراو زەنایەك لە سەرانسەری ئۆردوگاکەدا بڵاوبووەوە. قۆزاقەکان لە شمشێربازی گەڕابوونەوە. ستیپان بۆ دەقیقەیەك بەبێ جوڵە وەستا، دە بیرەوەچوو، بە جدی کەوتە تەمەشای ئەو پەڵە ڕەشەی کە بە کاسکێتەکەیەوە بوو. زەروویەکی نیوە پلیشاوەی، نیوە گیان، خەریك بوو بە چەکمەکەیدا هەڵدەگەڕا.

((١٢))

دە ڕۆژێکی مابوو کە قۆزاقەکان لە ئۆردوگاوە بۆ ماڵی خۆ بگەڕێنەوە. ئەکسینیا، لەم ماوەیەدا، شێتانە خۆی بە ئەشقی تاڵی درەنگ وەختی خۆی دەسپارد. گریگۆری، وێڕای هەڕەشەو گوڕەشەکانی بابی، هەموو شەوێك، بەدزییەوە خۆی دەگەیاندێ و بەرەبەیان دەگەڕایەوە. لە زەرفی دوو هەفتەدا، وەکو ئەسپێك، لە توانای خۆی پتر ڕەتێنرا بێ، بەو ئاوایە لە تین و تاو کەوتبوو. بە هۆی شەونخونیەوە پێستی گەنم ڕەنگی بەسەر گۆنا بەرزەکانیەوە شین هەڵگەڕا بوو. چاوە ڕەشەکانی بە قووڵا چوو بوون، چرچەکانی ژێر چاوی ڕەش داگەڕا بوون، نیگای شەکەت و ماندوو بوو. بزەیەکی لاسار بە خورتی دەکەوتە سەر لێوە تامەزرۆو هەڵئاوساوەکانی.

ئەکسینیا ئیدی سەری خۆی دانەدەپۆشی. خەرمانەی شینباوی مەیلەو رەشی، دەوری چاوی، قووڵو شووم دەینواند. لێوانی تامەزرۆو ئەستوورو کەمێك بەرزی بە شێوەیەکی نیگەرانو هەوەس ئەنگێز، دەکرانەوەو پێدەکەنین.

پەیوەندی شێتانەی نێوانیان، هێندەی سەیروئاشکراو ئاگرین بوو کە بە جووتەو بیٚ هیچ شەرمو شورەیی و پەردەپۆشیەك تیایدا دەسووتان. ئەوەندە بە جۆشو زەق بوو کە رۆژ بە رۆژ لەبەر چاوی خەڵکی و دەرو دراوسیٚ سووکو چروکو رەش دەبوون، خەڵکی کە لەرێگەوباندا تووشیان دەبوون، بێئەوەی بە خۆیان هۆیەکەی بزانن، بێزیان نەدەهات سەیریان بکەن، پێیان شەرم بوو سەیریان بکەن. تەنانەت هاورێکانی گریگۆریش، ئەوانەی کە لە سەرەتای ئاشقێنیەکەیدا، بە سوعبەتەوە باسی ئەکسینیایان دەگەڵدا دەکرد، ئێستا روویان نەدەدایەو حەزیان لە هاورێیەتی نەدەکرد. بەڵام ژنان، کە لە راستیا، لە دڵی خۆدا بەغیلیان پێدەبردو خۆزیایان پێدەخواست، لۆمەیان دەکردو بە شادیەوە چاوەروانی گەرانەوەی ستیپان بوونو هەموو کونجکاوو پەلەی ئەوەیان بوو بزانن ئاکامی ئەم کارە چ دەبیٚو جۆرەها مەزەندەیان دەربارە لێدەدا.

خۆ ئەگەر گریگۆری، وێرای ئەوەی هاتوچۆی ئەکسینیای دەکردو دەچووە لای، کەمێك ئەمەی بە سلوکەت و پەنهانی بکردبایە، بەو زەقیەو بە بەرچاوی خەڵکیەوە نەیکردبایە، یان ئەکسینیا وێرای ئەوەی هەڤخەوی دەگەڵ گریگۆریدا دەکرد، ئەمەی کەمێك بە نهێنی کردباو هەڤخەوی دەگەڵ خەڵکانی دیکەشدا کردبا، بەو جۆرە ناویان نەدەزراو نەدەبوونە بنێشتەخۆشەی ژێردانی خەڵکی، ئەوپەرەکەی خەڵکی تاماوەیەك باسیان دەکردو پاشانو وازیان دێناو مەسەلەکە دیزە بەدەرخۆنە دەبوو و بیر دەچووەوە. بەڵام ئەوان، تەقریبەن بە ئاشکراو بەبەر چاوی خەڵکیەوە ئاشقێنیان دەکرد، پەیوەندییەکی هێندە قووڵو تۆخیان لە نێواندا بوو، لە هیچ پەیوەندییەکی رەوتەنی و لامسەرلایی نەدەچوو. بۆیە خەڵکی گوند ئەم کارەیان بە تاوانو بەبیٚ ئەخلاقی دەزانی، هەموو بە پەرۆشەوە چاوەروانی ئەوەیان دەکرد کە ستیپان کەی دەگەرێتەوەو ئەم گریٚ کوێرەیە دەکاتەوە.

لە ژووری نووستنەکەدا، تەنافێك بە بەرزیەوە بەسەر تەختە خەوەکەدا راپەڵ کرابوو، کۆمەڵێك بەکرەی خاڵی خەیاتی، رەشو سپی پێوەکرا بوو. ئەمەیان بۆ جوانی کردبوو. شەوان مێشو مەگەزان بەسەر ئەم بەکرانەوە دەنیشتنەوە. جاڵجاڵۆکەش نێوان میچەکەو ئەم پەتەیان تەنی تەنی بوو. گریگۆری سەری نابووە سەر باسکە رووتو فێنکەکەی ئەکسینیاو تەمەشای ئەو رستە بەکرەیەی دەکرد کە بە دیار سەریەوە هەڵواسرا بوو. ئەکسینیا، بە دەستە ئازادەکەی، کە قامکەکانی بەهۆی کارکردنەوە زبر بووبوون، نەوازشتی قژە زبرەکەی گریگۆری، کە دەتگوت یاڵی ئەسپە، دەکرد. قامکی ئەکسینیا بۆنی شیری گەرمی چێڵیان لێدەهات. گریگۆری سەری وەرگێراو کەپووی کرد وەژێر باڵی ئەکسینیادا، بۆنی خۆشو تیژی مێوینەی چوو بە کەپووداو مەستی کرد.

جگە لە تەختە خەوە بۆیە کراوەکە کە چوار دەوری بە بەکرەی خاڵی بچووک بچووک رازێنرا بووەوە، سەندوقێکی گەورەی چوارچێوە ئاسنیش، لەلای دەرگای ژوورەکەوە، کە جل‌و بەرگ‌و جیازی‌و خشڵ‌و ئەسپاپی مکیاج و ئارایشتی ئەکسینیای تیا بوو. مێزێکیش لە سووچێکی ژوورەکەدا هەبوو کە مشەمایەك لەسەرەکەی گیرا بوو، وێنەیەکی جەنەراڵ سکوبیلوڤی لەسەر دانرا بوو کە بە سواری ئەسپێك، بە چوارناڵە، بەرەو ریزە ئالآیەك تاوی دەدا کە لەبەردەمیا سەریان دانەواند بوو. دوو کورسی لە پاڵ مێزەکەدا دانرا بوون، کە سەرو ئیکۆنەیان لەسەر دانرا بوو کە بە شێوەیەکی هەژارانە، بە ئەڵقە کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگ رازانبوویاننەوە. هەندێ وێنەش لەمبەرو لەوبەری مێزەکەوە بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوون‌و لە گوو مێشا خاڵ خاڵ بوو بوون، یەکێکیان بریتی بوو لە کۆمەڵە قۆزاقێکی قژنی، سینگ دەرپەڕیو، کە زنجیری سەعاتیان بە بەرۆکا شۆر بوو بووەوەو شمشێری رووتیان بەدەستەوە بوو: ئەمە وێنەی ستیپان‌و هاوڕێکانی بوو لە کاتی خزمەتی سەربازیدا، جلە سەربازییەکانی ستیپان بە عەلاگەیەکەوە هەڵواسرا بوون. تریفەی مانگ لە درزی پەنجەرەکەوە دەهاتە ژووری‌و دەیدا لەو دوو خەتە سپییەی کە بەسەر شانی یونیفۆرمەکەوە بوو، نیشانەی نایب عەریفی بوو.

ئەکسینیا ئاهێکی هەڵکێشاو نێوان هەردوو برۆی گریگۆری ماچ کرد.

– گریشکا، ئازیزەکەی دڵم.

–چیە؟

– تەنیا نۆ رۆژ ماوە.

– بەهەر حاڵ کەم نییە.

– من چی بکەم، گریشا؟

– چوزانم.

ئەکسینیا، ئاهێکی دیکەی خواردەوەو دووبارە کەوتەوە نەوازشی قژە تێکرژاوەکەی گریشاو بۆی رێك خستەوە. بە تۆنێکی پرسیار ئامێز گوتی:

– ستیپان دەمکوژێت...

گریگۆری هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. خەوی دەهات. بە زەحمەت چاوانی هەڵێنان، پرشنگی شینباوی چاوە رەشەکانی ئەکسینیای بە دیار سەری خۆیەوە بینی.

– کە مێردەکەم بێتەوە، تۆ بێگومان دەست بەردارم دەبی، ها؟ دەترسیت؟

– بۆ بترسم؟ تۆ ژنیت، دەبێ تۆ بترسیت.

– کە لەگەڵ تۆدا دەبم هیچ ترسێکم نییە، بەڵام کە بە رۆژەوە بە تەنیا دەبم‌و لەفکران ڕادەچم، ترسم لێدەنیشێت...

گریگۆری سەری وەرچەرخاندو بەدەم باوێشکەوە گوتی:

– گەڕانەوەی ستیپان کێشە نییە. باوکم بە تەمایە ژنم بۆ بێنێ.

گریگۆری بزەیەکی بۆ کردو ویستی شتێکی دیکە بڵێت، لێ هەستی کرد، کە لە ناکاوا باسکی ئەکسینیا لە ژێر سەریا خاوبووەوەو لە پشتیەکەدا نقوم بوو. دوای یەك چرکە، دووبارە توند بووەوەو گەڕایەوە سەر دۆخی جاران. ئەکسینیا بە دەنگێکی خنکاوەوە گوتی:

– بە تەمایە کێت بۆ داخوازی بکات؟

– جارێ خوازگاری کەسی نەکردووە، هەر قسەیە، دایکم دەڵێت بە تەمایە بچێتە خوازبێنی ناتالیای کچی کورشونوف.

– ناتالیا... ناتالیا... کیژێکی جوانە. زۆر خشیکە. باشە بیهێنە. ماوەیەك لەمە پێش لە کڵێسادا دیتم، پۆشتەو پەرداخ بوو....

ئەکسینیا بە پەلە قسەی دەکرد، بەڵام بە زەحمەت دەنگی دەبیسترا، دەنگی کزو قسەکانی یەجگار بێگیانو خەمناك بوو.

– من چ کارم بە جوانی و ناشیرینی ئەوە. من حەز دەکەم تۆ بخوازم.

ئەکسینیا، بە توندی باسکی لە ژێر سەری گریگۆری دەرهێناو بە چاوانی وشکەوە روانیە پەنجەرەکە. تەمێکی زەردباوی درەخشان ناو حەوشەکەی گرتبوو. سێبەرێکی خەستی کەپرو عەمارەکە کەوتبووە سەر ئەرزەکە. سیسرکان دەیان خوێند، خەمخۆرکان(شاوە شینە)، لە گوێی روباری دۆن، بە دەنگی بەرز دەیانخوێندو دەنگە خەمینەکەیان لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە.

– گریشا!

– چیە، شتێکت بە خەیاڵدا هاتووە؟

ئەکسینیا، دەستە زبرەکانی گریگۆری گرت، بە سینگو گۆنا ساردو نیمچە مردووەکانی خۆیەوەی گوشینو بە دەنگێکی ناڵە ئاساوە گوتی:

– ئاخر، شەیتان بۆچی خۆت بە منەوە هەڵواسی؟ ئێستا چی بکەم؟ دڵت بردم... گریشا تازە کار لە کار ترازاوە... ستیپان بەم زوانە دەگەڕێتەوە: چی پێ بڵێم؟... پەنا بۆ کێ بەرم، کێ داکۆکیم لێدەکات؟

گریگۆری بێدەنگ بوو. ئەکسینیا، بە خەمبارییەوە چاوی بڕییە کەپووە جوانەکەی ئەو، کە لە دەنووکی هەڵۆ دەچوو، چاوانی کە لە سێبەرا بوونو، لێوەخامۆشەکانی... لە ناکاوا هەستی هاڕوژا، وەکو سێڵاوێکی بێئامان هەستاو بەربەستی شەرمو سۆزەکانی رامالی، شێتانە کەوتە ماچ بارانی روخساری، گەردنی، باسکی، سینگە تووکنە زبرو رەشو تێکئالاوەکەی، بەدەم هانکە هانکەوە، جار جار لە بن لێوانەوە و، گریگۆری هەستی دەکرد چۆن دەلەرزێ، دەیگوت:

– گریشا، روناکی چاوەکانم، حەوت پشتم، ئازیزەکەی دڵم... وەرە با پێکەوە هەڵێین. گیانی گیانم! وەرە با هەموو شتێ بەجێ بێڵێنو بڕۆین. ئەگەر تۆ بتەوێ، ئامادەم لە پێناوی تۆدا مێردەکەمو هەموو شتێك بەجێ بێڵم.... دەڕۆین، سەری خۆ هەڵدەگرین، دەچین بۆ کانەکان، خۆشم دەوێی، مدارات دەکەم. مامێکم هەیە لە کانەکانی پارامونوفدا پاسەوانە، یارمەتیمان دەدات... گریشا، دە قسەیەك بکە، بە لای کەمەوە شتۆکەیەك بڵێ!

گریگۆری برۆی چەپی هەڵبڕیو لەفکران ڕاچوو و لە ناکاوا چاوە ئاگرینە تورکیەکانی کردنەوە، پرشنگی پێکەنینو تەوس بە چاوانیەوە دیار بوو.

– تۆ گەوجی ئەکسینیا، بەڕاستی گەوجی! هەرچەندە هەوڵدەدەی، قسەیەك ناکەی مانایەکی هەبیٚو شایستەی ئەوە بیٚ گوێی لێبگیرێ. ئاخر من ئەگەر گوند بە جیٚ بێڵمو موڵكو ماڵەکەمان بەجیٚ بێڵم، ڕوو بکەمە کویٚ، ئەمە جگە لەوەی کە ساڵی داهاتوو دەبیٚ بچمە خزمەتی سەربازی... نا، شتی وا نابێت... من ئەم زەویو زارەمان بەجیٚ ناهێڵم. هەر نەبیٚ ئێرە دەشتەو پیاو دەتوانیٚ هەناسەیەك بدات، بەڵام ئەویٚ؟ پار هاوین لەگەڵ بابمدا چووم بۆ وێستگەی قیتار، خەریك بوو دەمردم. شەقەشەقی قیتارو بۆنی زوخاڵی سووتاو، گێژو کاست دەکەن... نازانم خەڵکی چۆن لەو شوێنانەدا دەژین. ڕەنگە ڕاهاتبن، تەنانەت بە تەپودووکەڵەکەشی ڕاهاتین!...

گریگۆری تفێکی ڕۆکردە زەویو دووبارەی کردەوە:

– هەرگیز ئەم گوندە بەجیٚ ناهێڵم.

دنیا، لە دەرێڕا تاریك بوو. پەلە هەورێکی چکۆلە بەری مانگی گرت. تەمە زەردباوەکەی نێو حەوشە ڕەوییەوە. سێبەرە تەنکەکان سڕانەوە، ئیدی دیار نەبوو ئەو تاریکیەی ئەو دیوی پەنجەرەکە هی چیە: هی داری شکێنراوی پارە یان هی گیای وشکەوە بووە.

ناو ژوورەکەش تاریکتر بوو، دوو خەتە سپیەکەی سەر شانی جلە قۆزاقیەکەی ستیپانش کە لای پەنجەرەکەوە هەڵواسرابوو، ئیدی کەوتنە تاریکیو مت بوون. گریگۆری لە تاریکیەکەدا نەی دەبینی کە شانەکانی ئەکسینیا چۆن بە ئەسپایی دەلەرزینو چۆن سەری لە ناو هەردوو دەستی نابووو بە کپیو خامۆشی لەسەر سەرینەکە دەجولا.

((١٣))

دوای سەردانەکەی ژنەکەی تومیلین بۆ ئۆردوگا، سەرو سیمای ستیپان بە ئاشکرا گۆڕا بوو، برۆکانی بەسەر چاوانی کەوتبوون، ناوچەوانی گرژ بوو بوو و شەڕی لێدەباری. زۆر کەم قسەی دەگەڵ هاوڕێکانیا دەکرد. بە بچووکترین شت توڕە دەبوو. لە خوتو خۆڕایی دەگەڵ ڕەیس عورفا پلشاکوفدا بە شەڕهات. نەیدەتوانی تەمەشای پیوتەر میلیخوف بکات. دۆستایەتیەکەی جارانیان بڕابوو. ئیدی پشمو غەزەبێکی وای لە دڵدا پەنگابووەوە، لە ئاکارو ڕەفتارا دەتگوت ئەسپی چەمووشە. بەو جۆرە وەکو دژمنی بابکوشتەی یەکدی بۆ گوندی گەڕانەوە.

دەبوایە شتێك ڕووی دابا، تا ئەو دژمنایەتیە ئاڵۆزەی نێوانیان یەك لایی ببێتەوە. لە گەڕانەوەدا بۆ گوند، هەمان پێنج نەفەرەکەی جاران بوون، ئەسپەکەی پیوتەرو هینەکەی ستیپان لە گالیسکەکە بەسترابوون. ئەندریٚ تومیلین، کە تای لێبوو، خۆی وەبن پاڵتۆیەکی درێژی سەربازی دابوو و لە ناو گالیسکەکەدا ڕاکشا بوو. فیدوت بودوڤسکوف لەوە تەمەڵتر بوو کە گالیسکەکە باژوێ. بۆیە پیوتەر، گالیسکەکەی دەڕانی. ستیپان، شان بە شانی گالیسکەکە ڕیٚی دەکردو بە قامچیەکەی دەستی، سەری ئەرخەوانیی ئەو کەرتەشیانەی دەپەڕاند کە لە کەناری ڕێگاکە ڕوا بوون. باران دەباری. قوڕی ڕەشو خەستی ڕێگاکە وەکو قیر بە پێچکەکەی

گالیسکەکەوە دەنووسا. هەورێکی بۆر، بەری ئاسمانی پایزەی گرتبوو،شەویان بەسەردا هات.لە هەرکوێیەکەوە تەمەشات دەکرد، لە هەتەری چاوا تروسکەی روناکی لە هیچ ئاوایییەکەوە بەدی نەدەکرا. پیوتەر درێغی لە لێدانی ئەسپەکان نەدەکرد. ستیپان لە ناکاوا لە ناو تاریکیەکەوە هاواری کرد:

– هێی... یارۆ... تۆ تۆ! ئەوە چیە لە ئەسپەکەی خۆت نادەیتو پەیتا پەیتا، گەنم گردی بە قامچیان ئەسپەکەی من دادەگریتەوە!

– چاوت بکەوە! من لەو ئەسپە دەدەم کە ناڕوات.

– ئاگات لە خۆ بیٚ، با نەتخەمە ژێر گالیسکەکە. تورکان هەر بۆ گالیسکە ڕاکێشان باشن.

پیوتەر، دەستە جڵەوەکەی بەرداو گوتی:

– مەبەستت چیە؟

– باشتر وایە، لە جێی خۆت دانیشیت.

– تۆش باشتروایە دەمت دابخەی!

خریستونیا، بە سواری ئەسپەکەیەوە خۆی گەیاندە نزیکی ستیپان و بە دەنگە گڕەکەی گوتی:

– بۆ شەڕی پێدەفرۆشیت؟

ستیپان، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. روخساری لە تاریکیەکەدا دیار نەبوو. نیو سەعاتێك بە بێدەنگی تێپەڕی. قوڕی ژێر چەرخی گالیسکەکە فلّچو هوڕ دەنگی دەدایەوە. نەرمە بارانی تەماوی، کە دەتگوت لە کونی هێڵەکەوە دێتە خواریٚ، خرمە خرم لە چادری سەر گالیسکەکەی دەدا. پیوتەر جڵەوی ئەسپەکانی شلکرد، بەدەم جگەرە کێشانەوە، ئەو جنێوانەی کە لە مێشکی خۆیدا حازری کردبوون، کە لە قەرقەشەی ئایندەیاندا بە ستیپانی بدات، لە دڵی خۆدا دەگوتەوە. ڕقو کینە لە دڵی هەڵدەقولاٚ. حەزی دەکرد، پیسترین جنێو بەم ستیپانە خوێڕییە بداتو بیتەزێنیٚ.

– لاکەوە، با سەرکەوم.

ستیپان، پیوتەری وەلاخستو خۆی هەڵدایە سەر گالیسکەکە. لەم کاتەدا گالیسکەکە تەکانێکی داو لە جێی خۆی وەستا. ئەسپەکان لە قوڕەکەدا خزین، لاقیان دەکوتاو بریسکە لە ژێر ناڵەکانیانەوە هەڵدەستا. تەقەیەك لە مژانەکەی ناوەڕاستەوە هەستا. پیوتەر هاواری کرد:

– هۆپ!

خێرا خۆی لە گالیسکەکەوە هەڵدایە خوارەوە. ستیپان بە نیگەرانییەوە هاواری کرد:

– چی بوو؟

خریستونیا، بە چوار ناڵە خۆی گەیاندنیٚ و گوتی:

– نەگبەت، ناشیٚ شتێك شکا بیٚ!

– کوا شەمچەیە(شخارتە) لێدە با بزانم!

– کیٚ شەمچەی پێیە؟

– ستیپان کوا شەمچەکەت بێنە!

ئەسپێك لە پێش گالیسکەکەوە کەوتبوو وبە دەم پرمو هۆڕەوە چوارپەلی دەکوتا. یەکێك دەنکە شخارتەیەکی پێکرد. بازنە روناکیەکی پرتەقاڵی چکۆلە پەیدا بوو. پاشان تاریکی باڵی بەسەردا کێشانەوە. پیوتەر بەدەستی لەرزۆکەوە، دەستی بەسەر پشتی ئەسپە کەوتووەکەدا هێناو هەوسارەکەی ڕاکێشا:

– دیٚ!...

ئەسپەکە هەناسەیەکی هەڵکێشاو کەوتە سەر لا، مژانەکەی ناوەڕاست گردەبڕ لە ناوەندەوە شکا.

ستیپان خێرا هات، چەند دەنکە شەمچەیەکی بە یەکەوە داگیرساند. ئەسپەکەی بەسەرا کەتبوو، دەستێکی تا ئەژنۆ بە کونە جرجێکدا رۆچوو بوو. خریستونیا، نیرو قایش و قروشی ئەسپەکانی بەلەز کردەوەو گوتی:

– دەستی دەربێنە!

– ئەسپەکەی پیوتەر بکەرەوە! بە پەلە!

– هێواش، هێواش، لەسەر خۆ!

– ئاگادار بە، نا ڕەسەنە جووتە دەوەشێنیٚ!

بە هەر زەحمەتێك بوو، ئەسپەکەی ستیپانیان هەستاندەوە. پیوتەر کە سەراپای قوڕاوی بوو بوو، جڵەوەکەی گرت. خریستونیا، لە ناو قوڕەکەدا چۆکی دادا بوو و دەستی بەسەر لاقی ئەسپە بیٚ جوڵەکەدا دێنا، بە دەنگە گڕەکەی گوتی:

– لەوە دەچیٚ شکا بیٚ....

فیدوت بودوڤسکوڤ، ناو لەپێکی بە پشتە لەرزۆکەکەی ئەسپەکەدا کێشا:

– ڕایکێشە، با بزانین دەتوانیٚ بڕوات.

پیوتەر، جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا. ئەسپەکە بێئەوەی دەستی چەپی بناتە ئەرزی، هەنگاوێکی ناو حیلاندی، تومیلین بەدەم لەبەرکردنی پاڵتۆ ئەستورەکەیەوە، غەمبارو نیگەران بە دەوری ئەسپەکەدا دەهات و دەیگوت:

– حەیفیٚ! ئەمە چ بەڵایەك بوو!... تەواو ئەسپێکمان تیا چوو! حەیفیٚ

ستیپان، کە تا ئەو دەمە بێدەنگ بوو، دەتگوت چاوەڕوانی ئەو قسەیە بوو. خریستونیای دایەلاوەو بەرەو پیوتەر هێرشی برد. نیشانەی لەسەری گرتبووەوە، بەڵام جەزرەبەکە بەر سەری نەکەوت و بەر شانی کەوت. چنگیان بە یەکا کردو کەوتنە ناو قوڕو قوڕاوەکە. دەنگی دڕانی کراسێك بەرز بووەوە. ستیپان، پیوتەری وەژێر نابوو و، سەری خستبووە ژێر ئەژنۆی خۆی و بە مست تێی بەر بوو بوو. خریستونیا، بە دەم جنێوو سخێفانەوە ئەو دووەی لێکدی کردنەوە. پیوتەر، کە خوێن بە دەم و کەپوویدا دەهاتە خواریٚ، هاواری کرد:–

– ئاخر بۆ؟

– بێ شەرەف، جارێ بڕۆ گالیسکەڕانی فێر ببە ئەوجا گالیسکان باژۆ! بۆ سەیری ڕێگاکە ناکەیت!...

پیوتەر، خۆی ڕادەپسکاند، کە خۆی لە دەستی خریستونیا دەربێنێ. خریستونیا بە دەستێك لە پاڵ گالیسکەکەدا گرتبووی‌و دەی بۆڵاند:

– بەسە! تۆش خۆتمان لێ شێت مەکە!

ئەسپەکەی فیدوت بودوفسکوڤیان، کە ئەسپێکی چکۆلەی بە قوەت بوو، دەگەڵ ئەسپەکەی پیوتەردا جەلەکرد. خریستونیا بە ستیپانی گوت:

– تۆ سواری ئەسپەکەی من بە!

خۆیشی دەگەڵ پیوتەردا، سواری گالیسکەکە بوو.

نیوەشەو گەیینە گوندی گینلوفسکۆی‌و لەبەر یەکەم ماڵدا وەستان. خریستونیا، ڕۆیی تا تکایان لێبکات کە شەوێ جێیان بکەنەوە. بێئەوەی گوێ بەو سەگە بدات کە خۆی بە داوێنی پاڵتۆکەیەوە چەسپاند بوو، بە ناو قوڕاوەکەدا خۆی گەیاندە پەنجەرەکە، کەتیبەی دەرەوەی پەنجەرەکەی کردەوە، بەسەری پەنجە و بە ئەسپایی لە شووشەی پەنجەرەکەی دا.

– خاوەن ماڵ!

باران خرمە خرم دەباری‌و کسۆکان بە دەنگی ناساز دەیان لوراند.

– خاوەن ماڵ، خێرەومەندان! سڵاوتان لێبێ، لە ڕای مەسیح ئەمشەو جێمان دەکەنەوە، ها؟ سەربازی یەدەگین، لە دەورە گەڕاوینەتەوە. چەند کەسین؟ پێنج نەفەرین. ماڵاتان ئاوا بێ، مەسیح پاداشتان بداتەوە، خێرتان بنووسێ!

خریستونیا رووی کردە دەروازەی ماڵەکەو بانگی کرد:

– وەرنە ژوورەوە!

فیدوت، ئەسپەکانی هێنایە حەوشەوە. پێی لە ئاخوڕی بەرازەکان، کە لە ناوەندی حەوشەکەدا کەوتبوو، هەڵکەوت‌و لەبەر خۆیەوە ریزێك جنێوو سخێفی دا. ئەسپەکانیان کردە تەویلەوە. تومیلین، کە تای لێبوو، بە دەم دانە چۆقێوە خۆی بە ژوورا کرد. پیوتەرو خریستونیا لە ناو گالیسکەکەدا مانەوە.

دەگەڵ شیرەی شەبەقدا، خۆیان بۆ قۆناغی دووەمی سەفەرەکەیان ئامادەکرد. ستیپان لە ماڵەکە وەدەرکەوت. پیرەژنێکی زورهانی پشت چەماوە، بە کۆمەکۆم لە دوایەوە دەرکەوت. خریستونیا، کە سەر گەرمی ئەوە بوو ئەسپەکان لە گالیسکەکە ببەستێ، لە رووی بەزەییەوە پێی گوت:

– نەنە گیان، تەواو دوو لۆ بوویت! بەڵام گوێی مەدەیە، ئەمە بۆ نوێژەکانت باشە، کە لەکڵێسادا دەچیە سوجدە، هەرکە کەمێك داینەویتەوە یەکسەر دەگەیە ئەرز!

– ئەگەر من بۆ سوجدەو کڕنۆشان باش بم، تۆش کوڕی خۆم بۆ ئەوە باشیت، لە سێدارەت بدەن‌و کسۆکان بتخۆن... ئیدی هەرکەسەو بۆ شتێك باشە!

پیرەژن بزەیەکی گازاندە ئامێزی بۆ کرد، خریستونیا سەری لە ددانە وردو ساغو سفتەکانی سوڕما.

– تەمەشا، چتۆ دەمو دانێکت هەن، ڕێك وەکو ماسی سوف وایە! بۆ چەند دانەیەکیانم نادەیتێ؟ من گەنجم و دانم نییە شتی پێبجووم،

– ئەدی خۆم چیبکەم گیانە؟

– نەنە گیان، لە جیاتی دانەکانی خۆت، تاقمێکت لە دانی ئەسپ بۆ دەکەن، ڕۆژێ لە ڕۆژان دەمریتو لەو دنیا کەس تەمەشای ددان ناکات: خۆ قەشەو مەلایەکەتان دەلاڵی ئەسپ نین.

تومیلین، بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

– خریستونیا، وازی لێبێنە.

ئەوسا، خۆی بە ناو گالیسکەکەدا کرد، پیرەژن دەگەڵ ستیپاندا خۆی بە تەویلەکەدا کردو پرسی:

– کامەیانە؟

ستیپان، ئاهێکی هەڵکێشا.

– ئەو ڕەشەیانە.

پیرەژن، دارعاساکەی لە عاردی دانا، بە تەکانێکی پیاوانە و توند، دەستە شەلەکەی ئەسپەکەی گرتو بەرزی کردەوە. قامکە باریكو کرژەکانی، بەسەر کاسەی ئەژنۆی ئەسپەکەدا هێنا. ئەسپەکە گوێیەکانی شۆڕکردنەوە، بێخی مەیلەو قاوەیی دانەکانی دەرخستو لە تاو ئازار، کەوتە سەر پاشووەکانی.

– نا،نا، نەشکاوە قۆزاقە چکۆلەکەم.لێرەی بەجێ بێڵە من چاکی دەکەمەوە.

– نەنە گیان، تۆ دڵنیایت کە چاك دەبێتەوە؟

– کوڕە جوانەکەم، کەس نازانێ چاك دەبێتەوە یان نا، من هەوڵی خۆمی لەگەڵدا دەدەم.

ستیپان، دەستێکی هەڵتەکاندو چوو بۆ لای گالیسکەکە، پیرەژن، بە دوو چاوی چکۆلەوە دوای کەوتو گوتی:

– ئێستا بەجێی دێڵی یان نا؟

وەڵامی دایەوە:

– باشە، بەجێی دێڵم.

خریستونیا، بە دەم قاقای پێکەنینەوە گوتی:

– بۆتی چاك دەکاتەوە. بە سێ لاقی ساغەوە بە جێی دێڵی و کاتێ کە بۆی دێیتەوە، لاقی ساغی پێوە نەماوە. تۆش بەیتاڵێکی چاکت بۆ دۆزیوەتەوە ها! کەچەڵ دکتۆر بوایە سەری خۆی تیمار دەکرد.

((١٤))

– ئاە داپیرەگیان، خەریکە بۆی شێت دەبم! ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبم. فریا ناکەوم ناو قەدی تەنورەکەم تەنك بکەمەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ لاواز تر دەبمو بە بەرم گەورە دەبێ. کە بە بەر ماڵماندا ڕەت

دەبێ، خەریکە پەڕو باڵ دەردەکەم، دڵم بۆی دێتە جۆش و خرۆش. حەزدەکەم خۆم بە عاردیدا بدەم و شوێن پێیەکانی ماچ بکەم. لەوە دەچێ جادووی لێکردبم؟ داپیرە گیان، دەستم بە دامێنت، فریام بکەوە، کارێکم بۆ بکە! گەرەکیانە ژنی بۆ بێنن... هەر چیم هەیە دەتدەمێ، ئامادەم کراسەکەی بەرم بفرۆشم و بتدەمێ، بەو مەرجەی کارێکم بۆ بکەیت!

داپیرە درۆزدیخا، بە دوو چاوی گەشەوە، کە چرچ و لۆچی دەموچاوو دەوروبەری پێڵوەکانی عەینی تۆڕ دەوریان دابوو، دەیڕوانیە ئەکسینیاو کە گوێی لە چیرۆك و بەسەر هاتە خەمناکەکەی بوو، سەرێکی لەقاندو گوتی:

– کوڕی کێیە؟

– کوڕی پانتلی میلیخوفە.

– ماڵە تورکەکە ها؟

– بەڵێ؟

پیرەژن، وەکو ئەوەی شتێك لە زارە بێ ددانەکەیدا بێ و بیجوێ، ماوەیەك بەو دەقەوە، بێدەنگ بوو، ئەوجا گوتی:

– کچەکەم سۆزی(سارەزی) شەبەقی وەرە، تا زووتر بێی باشترە. سپێدەی بەیان وەرە. دەچین بۆ گوێی دۆن. خەم و پەژارەکەت لەوێ هەڵدەڕێژین. تەنیا تۆزێ خوێ لەگەڵ خۆتا بێنەو هیچی تر.

ئەکسینیا، شاڵە زەردەکەی دا بەسەرو چاوی خۆیداو، بە شان و شەپیلکی داتەکیوەوە، لە حەوشە وەدەرکەوت. لە تاریکی شەوەکەدا نقوم بوو. تەنیا دەنگی نەعلەکانی، کە بە عاردیدا بکێشی و دەکرد، دەهات. بەرە بەرە ئەو دەنگەش نەما.

لە شوێنێکی دوورەوە، لەوپەڕی گوندەوە، دەنگی هەراو هەنگامەی مەستان و دەنگی بەرزی گۆرانی و سترانان دەهاتە گوێ.

ئەکسینیا، کە شەوێ خەو نەچووبووە چاوانی، سپێدە شەبەقی خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەی ماڵەکەی دروزدیخا:

– داپیرە گیان!

– کێیە؟

– منم، ئەکسینیا داپیرە گیان، هەلو، ڕابە.

– هەر ئێستا جلەکانم لە بەردەکەم.

بە ڕێگاکانی پشتەوە، بەرەو دۆن نشێو بوونەوە. لەلای لەنگەرگای بەلەمەکانەوە، مژان و چەرخی عەرەبانەیەکی فڕێدراو، لە نێو ئاوەکەوە سەری دەرهێنا بوو. زیخ و چەوی کەنار ئاوەکە، هێندە ساردبوو، پێی دەتەزاندن. تەمێکی نمداری سارد لە ڕووبارەکەوە هەڵدەستا.

دروزدیخا، دەستی ئەکسینیا، لە نێو دەستە ڕەق و تەقەکانی خۆی ناو بەرەو ئاوەکەی برد.

– خوێت هێناوە؟ کوا بمدەیە. ڕوو بکە هەتاوو نیشانەی خاچ بکێشە.

ئەکسینیا، نیشانەی خاچی کێشا. نیگایەکی کینە ئامێزی، زەردەی خۆرهەڵاتی کرد. دروزدیخا ئەمری کرد:

– تۆزێ ئاو بە مشت هەڵگرەو بیخۆرەوە!

ئەکسینیا، دەستی درێژ کرد، قۆڵی کراسەکەی تەڕبوون، مشتێ ئاوی هەڵگرت و خواردیەوە. پیرەژن وەکو جاڵجاڵۆکەیەکی ڕەش، خۆی بە ئاوە سست ڕەوانەکەدا کرد، بەچیکانەوە دانیشت و لە بن لێوانەوە وێردێکی دەخوێند لە هەندێ لە وشەکانی بەمجۆرە دەگەییە گوێی ئەکسینیا.

– ئەی شەپۆلانی هەڵقولاوی قولایی... جەستەیەکی خەمین... وەکو جانەوەرێکی خوێنخوار لە دڵیا... ئارەزووی پڕ تین و تاو... توبی توخاچی پیرۆز... بیکە بە خاتری دایکی بێگەردی بێ گوناح، دایکی پیرۆز... گریگۆری بەندەی خودا..."

دروزدیخا، کەمێك خوێی بە زیخ و لمە تەڕەکەدا پژاندو کەمێکیشی ڕشتە ناو ئاوەکەوەو باقیەکەی بە سینگ و مەمکی ئەکسینیادا کرد.

– دەی خێرا، مشتێك ئاو بکە بە شانو ملتا!

ئەکسینیا، بە گوێی ئەوی کرد. بە نیگایەکی سەر ڕێژ لە دوو دڵی و تورەیی ڕوانیە گۆنا قاوەییەکانی دروزدیخا.

– تەواو، هەر ئەوەندە بوو؟

– بڕۆ گیانم، بڕۆ بنوو. تەواو.

ئەکسینیا، بە پەلە پەل بەرەو ماڵ بووەوە. کە گەییە ماڵەوە هانکە هانکی پێکەوتبوو. چێڵەکان لە گەورەکەدا دەیان بۆڕاند. داریا میلیخوڤا، بە روخساری سووری خەواڵۆوە، بە برۆ کەوانیەکانیەوە، مانگاکانی خۆی دابووە پێش تا بیانگەیەنێتە گاگەلەکەی گوند. کە بینی ئەکسینیا بە پەلەپەل بەلایدا تێدەپەڕێ، بزەیەکی بە رووددا داو گوتی:

– هاوسێ، دوێشەو باش خەوتی؟

– سوپاس بۆ خوا.

– بەم سبای ساڵحانە لە کوێ بووی؟

– لەو لایە تۆزێ کارم هەبوو.

زەنگەکان، زەنگی نوێژی بەیانیان لێدەدا. دەنگی زەنگەکان بە نەرمی بڵاودەبووەوە. لە کۆڵاندا پاش شوانی گوند، بە شریق و هوڕ، لە لاڕێگاکاندا قامچییەکەی قامچییەکەی خۆی بادەدا. ئەکسینیا بە هەشتاو چێڵەکانی خۆی هێنانە دەرێ. شیرەکەی بردبووە ژوورەوە، تا بیپاڵێوێت. هەردوو قۆڵی کە تا ئانیشك هەڵیکردبوون بە بەرکۆشەکەی سرین و وشککردنەوە. بە حەواس پەرتی شیرەکەی بە سوزگیەکەدا، کە یەکپارچە کەف بوو، دەکرد. تەقو هوڕی چەرخی گالیسکە لە کۆڵانەوە گەییە گوێ. ئەسپێك چەند جارێك حیلاندی. ئەکسینیا سەتڵەکەی لە عاردی داناو چووە بەر پەنجەرەکە تا بزانێ چیە، ستیپان کە دەستی بە دەسکی شمشێرەکەیەوە گرتبوو، بەرەو دەروازەی حەوشە دەهات. قۆزاقەکانی دیکەی بە چوارناڵە ئەسپەکانیان بۆ مەیدانی گوند تاو دەدا. ئەکسینیا، بەرکۆشەکەی هەڵکردو لەسەر تەختەکە دانیشت. دەنگی پێ گەییە پلەکانی بەر دەرگا،... گەییە ڕاڕەوەکە... ئەوسا گەییە پشت دەرگاکە...

ستیپان، کزو لاواز، بە نیگای بێزارەوە، لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستا بوو. گوتی:

– ئەکسینیا؟

ئەکسینیا، کە سەراپای بالای بەرزو لەشە قەڵەوەکەی دەلەرزی، هاتە پێشوازی. پشتی تێکردو بە ئەسپایی گوتی:

– لێم بدە.

– باشە، ئەکسینیا؟

– هیچت لێناشارمەوە: گوناحم کرد. لێم بدە ستێپان، لێم بدە.

ئەکسینیا، سەری بردە نێو هەردوو شانیەوە، بە پێشا دانەویەوە، ڕێک لە بەردەمیا بوو، تەنیا هەردوو دەستی بە سکیەوە گرتبوو. دەموچاوی لە ترسا تەواو شێوا بوو، گەوجانە دەهاتە بەرچاو، دەوروبەری چاوی کەوەیی بوو بوو، بە چاوانی ئەبلەقەوە، بێئەوەی بیان تروکێنێ، دەیڕوانیە ستێپان، ستێپان، بەلارە لار بە بەردەمیا تێپەڕی. کراسە چڵکنەکەی کە نەشۆرابوو، بۆنی ئارەقەی پیاو وئەفسەنتینی (جۆرە گیایەکە) تاڵی لێدەهات. بێئەوەی کاسکێتەکەی داکەنێ خۆی بەسەر تەختە خەوەکەدا دا. دوای تۆزێک بێئەوەی هەستێ، هەردوو شانی تەکان داو، حەمایلی شمێشێرەکەی لە خۆی داماڵی. سمێڵە زەردەکەی، کە بەردەوام بای دەدا، بە خاوی هاتبووە خوارەوە. ئەکسینیا بێئەوەی سەری وەرگێڕێت، بە گۆشەی چاو لێیدەنۆڕی. جار جار تەزوویەکی بە لەشدا دەهات. ستێپان لاقی لەسەر قەراخی تەختە خەوەکە دانا بوون. قوڕی ژێر چەکمەکانی دەوەری ، چاوی بڕی بووە بن میچەکە. گەمەی بە ریشوی کێلانی چەرمی شمشێرەکەی دەکرد.

– خواردن ئامادەیە؟

– نە...

– شتێك بێنە با قوزەڵقورتی بکەم.

بە کەوچك تۆزێ شیری لە کوپێکدا خوارد، سمێڵی تەڕ بوون. پاروە نانێکی لە زاردا بوو، بە خاوی دەیجوو، ماسولکەی گۆنا ئاڵەکانی بەردەوام بەدەم جوونی پاروەکەوە دەجوڵا. ئەکسینیا لە هەنبەر موغەیریەکەدا وەستا بوو. بەترس و لەرزێکی زۆرەوە، دەیڕوانیە گوێچکە قوت و چکۆلەکانی مێردەکەی کە بە دەم نانخواردنەوە بەرزو نزم دەبوونەوە.

ستێپان، لەسەر خوانەکە هەستا، نیشانەی خاچی کێشا. بە کورتی گوتی:

– دەی گیانە، مەسەلەکەم بۆ بگێڕەوە.

ئەکسینیا سەری داخستبوو، قاپەکانی سەر مێزوخوانەکەی کۆ دەکردەوە. هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

– پێم بڵێ بزانم چۆن چاوەڕوانی مێردەکەت کرد. چۆن شەرەف و ئابڕوویت پاراست. ها؟

لە پڕ جەزرەبەیەکی سامناك بەر سەری ئەکسینیا کەوت، لاقی لە عاردی بڕان و بەرەو دەرگاکە پەڕی، پشتی بەر لاشیپانەی دەرگاکە کەوت و سووکە ئاخێك لە ناخیەوە هەستا.

دەستی ستێپان زۆر قورس بوو، دەیتوانی بە مستێك قۆزاقێکی بە قوەت بکوژێت، چا جای ژنێکی ناسك و بێ هێز. ئایا ترس بوو کە ئەکسینیای ڕادەگرت و بەرگەی دەگرت؟ ئایا سروشتی

ژیاندۆستی ژنانەی کردبوویە کارێك کە بەرگە بگرێت و هەستێتەوە؟ بە هەرحاڵ، دوای تۆزێك وەخۆ هاتەوە، هەناسەی وەبەر هاتەوە. کەوتە چوار چنگۆڵەو گاگۆڵکێ.

ستیپان لە ناوەندی ژوورەکەدا سیغارێکی پێکردبوو و نەی بینی بوو کە ئەکسینیا هەستاوەتەوە. کیسە تووتنەکەی تووڕدایە سەر مێزەکە، بەڵام ئەکسینیا، بەفڕکانێك لە دەرگاکەوە فرتەی بۆ کرد، ستیپان، بە دوایا دەرپەڕی.

ئەکسینیا، لە کاتێکا خوێن بەسەریا دەهاتە خوارێ، بە ڕاکردن خۆی بەرەو ئەو پەرژینە دەکوتا کەحەشەکەی ئەوانی لە حەوشەکەی ماڵی میلیخۆف جیادەکردەوە. ستیپان لەلای پەرژینەکە گرتی. وەکو هەڵۆ بە دەستە ڕەشەکەی گرتی بەسەریا، چنگی لە قژی ئەکسینیا نا، بە قژی ڕایکێشا، تا گەیاندیە ئەو خۆڵە کەوەیەی کە ئەکسینیا هەموو ڕۆژێ، لە بن پەرژینەکەدا دەیڕشت، لەوێ دای بە عاردیدا.

ئەلیکسی شامیلی یەکدەست، بەلای پەرژینەکەدا تێپەڕی. تەمەشایەکی ناو حەوشەی کرد، چاوەکانی تروکاند، ریشە بزنیە لوولەکەی بەدەم بزەیەکی درێژ خایەنەوە جولا:

ئاساییە مێردێك بە کەماڵی ئیسراحەت، دەست بخاتە پشت خۆی و ژنەکەی بەر شاپان بدات و بیخاتە ژێر چەکمە. هیچ کەسێك گلەیی لەمە نەبوو. زۆر ئاسایی بوو ستیپان ژنە شەرعیەکەی خۆی سزا بدات. دیار بوو لەسەرچی سزای دەدا. شامیل دەیتوانی لەوێ بوەستێ و سەیری ئەو بەزمە بکات و بزانێ کە ئاخۆ ستیپان ژنەکەی دەکوژێت یان نا، بەڵام ویژدانی قەبووڵی نەکرد. خۆ ژن نەبوو.

ئەگەر یەکێك لە دوورەوە تەمەشای کردبا، وای وێنا دەکرد کە ستیپان سەرگەرمی سەمایەکی قۆزاقیە. گریشکا کە لە پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیەوە، ئەم هەڵبەزو دابەزەی ستیپانی بینی بوو ڕێك وای تەسەور کردبوو. بەڵام کە بۆ جاری دووەم دیقەتی دا، هەنگێ بۆی دەرکەوت مەسەلە چیە، بە هەشتاو لە ماڵ دەرپەڕی، لەسەر نووکی پێیان بەرەو پەرژینەکە رای کردو هەردوو کۆڵە مستی بە سینگی خۆیەوە گوشین. پیوتەریش بە چەکمە قورسەکانیەوە شوێنی کەوت.

گریگۆری، وەکو تەیر بەسەر تەیمانەکەدا بازی دا، لە پشتەوە پەلاماری ستیپانی دا، کە هەرگیز چاوەڕوانی شتی وانەبوو، تا هێزی تیا بوو لە پشتەوە جەزرەبەیەکی لێدا، ستیپان وڕو کاس بوو، لارەوە لارەوەی پێکەوت، ئەوسا رووی وەرگێڕاو وەکو ورچێکی توڕە بەرەو گریگۆری ڕۆیی. برایانی میلیخوف، پیاوانە شەڕیان دەکرد، وەکو کۆمەڵە داڵاشێك لە کەلاکێك وڕوکابن، بەو ئاوایە بەر بوو بوونە ستیپان، چەند جارێك گریشکا لە ژێر مستی قورسی ستیپاندا کەوتە سەر عاردی. هەڵبەتە گریگۆری حەریف و هاوتای، شەڕکەرێکی لە زەبری وەکو ستیپان نەبوو و بە تەنیا دەرەقەتی نەدەهات. بەڵام پیوتەر، ئەم مارمیلکە چکۆلە جیڕە، وەکو نەیجەی بەر بایان، لە ژێر جەزرەبەکانی ستیپاندا، لاردەبووەوەو خێرا ڕاست دەبووەوەو لەسەر هەردوولاقان دەوەستایەوە.

ستیپان کە چاوێکی گڕی لێدەبووەوەو چاوەکەی تری کە ئاوسا بوو و وەکو قۆخی نەگەییوو شین بوو بووەوە، بەرەو قاڵدرمەکانی بەر دەرگا کشایەوە.

لەو کاتەدا، خریستونیا کە هاتبوو جڵەوی ئەسپەکە لە پیوتەر وەربگرێت، لێکدی جیا کردنەوە. دەستەکانی کە دەتگوت پلایسن، رادەوەشاندو دەیگوت:

– بەسە! واز بێنن! دەنا خەبەری ئاتامانتان لێدەدەم!

پیوتەر، بە پارێزەوە نیوە ددانێکی تفاندە ناو لەپی خۆیەوە. ئەوجا بە دەنگێکی گیراوەوە گوتی:

– گریشکا وەرە، با بمێنێ بۆ جارێکی دی، بزانە چۆن لووتی لە عاردی دەدەین!

ستیپان کە ئازای بە دەنی شین بوو بووەوە، لە سەر قاڵدرمەکانەوە هەڕەشەی دەکرد:

– مەگەر نەکەویتە بەر دەستم!...

– باشە، باش!

– کە ورگو ریخۆڵەم ڕشتیتە ئەو گۆڕە، هەنگێ تێدەگەی کە باشە، باش مانای چیە.

– بە ڕاستتە یان گاڵتە دەکەی؟

ستیپان، بەلەز لە قاڵدرمەکانەوە هاتەخوارێ. گریشکا بەرەو رووی چوو. بەڵام خریستونیا گرتیو بەرەو دەرگای دەڵەك دا، بە هەڕەشەوە گوتی:

– ئەگەر پیاوی وەرە پێشێ، وەکو سەگ دەتتۆپێنم، کەوڵت دەکەم!

لەو رۆژەوە، ئیدی بوغزو کینەی نێوان برایانی میلیخوفو ستیپان ستاخۆف، بوو بە گرێ کوێرەیەکی ئاڵۆز. ئیدی وا ڕێکەوت، گریگۆری دوای دوو ساڵان لە پروسیای رۆژهەڵات، نزیکی شارۆچکەی ستولیبین، ئەو گرێ کوێرەیە بکاتەوە.

((١٥))

– بە پیوتەر بڵێ کە ماینەکە لەگەڵ ئەسپەکەی خۆیدا لە عەرەبانەکە ببەستێ.

گریگۆری، چووە نێو حەوشە، پیوتەر عەرەبانەیەکی چکۆلەی لە ژێر کەپرەکەوە ڕادەکێشایە دەرێ.

– بابم دەڵێت کە ماینەکە لەگەڵ ئەسپەکەی خۆتدا لە گالیسکەکە ببەستی.

پیوتەر، بە دەم بەرزکردنەوەی مژانەکەوە گوتی:

– خۆم دەزانم، نەیدەتوانی زاری خۆی بگرێتو هیچ نەڵێت!

پانتلی پروکوفیچ، وەکوجانکوشی (مجێور) کڵێسا بەسەرو روویەکی پرشکۆوە دانیشتبوو و پاشماوەی شۆرباکەی دەخواردو ئارەقە لەسەرو رووی دەتکا.

دونیاشکا، بە وریاییەوە تەمەشای گریگۆری دەکرد، بزەیەکی زیتەڵانە، لە ژێر برژانگە گەشو پاراوەکانیەوە خۆی مەڵاس دابوو. ئیلی نیچنا، کورتە باڵاو قەڵەو شاڵێکی زەردباوی تایبەت بە رۆژانی جەژنی یەك شەممەی لە خۆوە پێچا بوو و نیگەرانیەکی دایکانەی لە گۆشەی لێوەکانی دەشاردەوە. نیگایەکی گریگۆری کردو بە پیرەمێردەکەی مێردی گوت:

– بەس پیش بخۆوە پانتلی، یەکێك نەزانێ دەڵێ ئاخۆ چەند رۆژە نانی نەخواردووە!

– نایەڵی خواردنەکەش بخۆم؟ هەر دەبێ ئیراد بگریت.

ئەوجا سمێڵە درێژە زەردباوەکەی پیوتەر لەبەر دەرگاوە دەرکەوت.

– ئاغایان، خانمان، گالیسکەکە لەبەر دەرگا ئامادەیە.

دونیاشکا، قاقایەکی کوت وپڕی بۆ کردو سەرو رووی خۆی لە قۆڵی کراسەکەی خۆیدا پەنهان کرد. داریا بە موبەقەکەدا تێپەڕی و لە کاتێکا برۆ باریکەکانی سەمایان دەکرد، نیگایەکی زاوای ئایندەی کرد.

پـورە ڤاسیلیسـای بێـوەژن، دۆتمـامی ئیلـی نیچـنا، کـە ژنێکـی دنیادیـدەو بـە ئـەزموون بـوو دەگەڵیاندا دەچووە خوازگاری. لە پێش هەموویانەوە سواری گالیسکە چکۆلەکە بوو، سەری بەم لاوبەولادا دەسوڕاندو پێدەکەنی و ددانە رەش و خوارو خێچەکانی لە بن لێوە چرچ و لۆچەکانیەوە دەردەکەوتن.

پانتلی پروکوفیچ، ئاگاداری کردەوە:

– گوێ بگرە ڤاسیلیسا، نابێ لەوێ پێبکەنی ها. دەنا بەو دەم قەپۆزەت، لەوەیە هەموو ریسەکەمان لێبکەیتەوە بە خوری. ددانەکانت وەکو خەڵکانی مەست و سەرخۆش هەر یەکەیان رووی کردووەتە لایەك...

– خۆ خوازگاری بۆ من ناکرێ ئامۆزا. خۆ من زاوا نیم.

– دروستە، لێ وێڕای ئەمەش نابێ پێبکەنی. ددانەکانت زۆر... بەڵێ رەشن... پیاو دڵی لێیان تێك هەڵدێ.

ڤاسیلیسا زۆری لە دڵگران بوو. پیوتەر لەم کاتەدا دەرگای حەوشەی کردەوە. گریگۆری هەوساری ئەسپەکەی کە بۆنی چەرمی لێدەهات گرت و لە شوێنی عەرەبانچی دانیشت. پانتلی پروکوفیچ و ئیلی نیچنا وەکو بووك و زاوا، لە تەنیشت یەکەوە، لە دوای گالیسکەکەوە دانیشتن.

پیوتەر، جڵەوەکەی بەرداو گوتی:

– بەر قامچیان بدە!

گریگۆری، بەدەم لێوکرۆشتنەوە، قامچیەکی خێواندە پشتی ئەسپەکە کە گوێی دەجولاند:

– رێکە شەیتان!

ئەسپەکان، بە گورجی بۆی دەرچوون. داریا هاواری کرد:

– وریابە، وەردەگەڕێت!

بـەلام گالیسـکەکە بـە تونـدی پێچـی کـردەوەو، بـە تـەق و هـوڕ بەسـەر چـاڵ و چـۆڵی قـەراخ رێگاکەدا، دوورکەوتەوە.

گریگۆری، بە تەنیشتا دانەویبووەوەو بە قامچی ئەسپە سەربازیەکەی پیوتەری، کە سەرپێچی دەکرد، دێنایەوە سەر رێگا. پانتلی پروکوفیچ کە ردێنی خۆی بە دەست گرتبوو و لە تۆ وایە دەترسێت با ببیات، لەسەر شانی گریگۆرییەوە تەمەشایەکی کردو لە کاتێکا چاوی بەملاوبەولادا دەگێڕا، گوتی:

– قامچیەك بگەیەنە ماینەکە.

ئیلی نیچنا، ئەو دڵۆپە فرمێسکەی کە بە هۆی بایەکەوە لە چاویا قەتیس مابوو، بەسەری قۆڵی کراسە گوڵدۆزیەکەی سڕی ، بە چاوانی نیوە کراوەوە دەیڕوانیە لەرەی کراسە ئەتڵەسە شینباوەکەی گریگۆری کە لە دواوە بای تێچوو بوو و هەڵکفا بوو. ئەو قۆزاقانەی کە بە رێگاوە بوون، لە پێش گالیسکەکەیان لادەکەوتن‌و ماوەیەکی زۆر رادەوەستان‌و لە دواوە تەمەشایان دەکردن. کسۆکان لە حەوشی ماڵانەوە بۆیان دەردەپەڕین‌و بە حەپە حەپ تا بن دەست‌و لاقی ئەسپەکان دەڕۆییشتن، بەڵام حەپەو وەڕەیان، لە نێو دەنگی چەرخە تازە ئاسن تێگیراوەکانی گالیسکەکەدا ون دەبوو.

گریگۆری، بەدەم قامچی وەشاندنەوە، ئەسپەکانی تاودا، دوای دە دەقیقەیەك لە گوندی وەدەرکەوتن. ئیدی بەلای بێستانەکانی ئەم بەرو ئەو بەری رێگادا دەڕۆییشتن. لە دوورەوە ماڵە گەورەکەی کورشونوفیان لێدەرکەوت، بە بەر تەیمانە دارینەکەدا رەتبوون. گریگۆری جڵەوی ئەسپەکانی ڕاکێشا، گالیسکەکە لە تەق‌و هوڕ کەوت‌و لەبەر دەروازە رەنگ کراوو کەندەکاریەکەدا وەستا.

گریگۆری لای ئەسپەکان مایەوە. لێ پانتلی پروکوفیچ، بە شەلە شەل، بەرەو قاڵدرمەکانی بەر دەرگا رۆیی، ئیلی نیچنا کە وەکو گوڵاڵە سوور هەڵگەڕا بوو و ڤاسیلیسا کە دەمی توند نوقاندبوو، بەدەم خشە خشی تەنورەکانیانەوە دوای کەوتبوون. پیرەمێرد بەلەز رێی دەکردو لە دڵی خۆیدا دەترسا، کە ئەو زات‌و جورئەتەی بە درێژایی رێگا کۆی کردبووەوە لە دەست بدات، لە پلەی یەکەمدا کە هەندێك بەرز بوو، سەرە سمێکی دا، لاقە شەلەکەی ئازاری پێگەیی، لە تاو ئازار گرژ بوو و برۆکانی وێك هێنانەوە، ئەوجا بە توندی پێی کوتا بە ئەرزیداو بە قاڵدرمە تازە شۆراوو نزمەکانی دیدا سەرکەوت.

دەگەڵ ئیلی نیچنادا، پێکەوە وەژوورکەوتن. حەزی نەدەکرد دەگەڵ ژنەکەیدا بوەستێ. چونکە ژنەکەی بە ئاشکرا لەو باڵا بەرزتر بوو. بۆیە هەنگاوێك پێشی کەوت. لە جێی خۆی وەستا، کاسکێتەکەی لەسەری داکەندو لە هەنبەر ئیکۆنەیەکی ڕەشەوە بووا، کە نووسینە وردەکانی سەری تێکەڵ و پێکەڵ بوو بوون، وەستاو نیشانەیەکی خاچی کێشا.

– هەموو لایە باشن شوکر!

خاوەن ماڵ کە پیرە قۆزاقێکی کورتە باڵای دەموچاو نمووس بوو لە بەریان هەستاو گوتی:

– لە خوا بە زیاد بێ.

پانتلی پروکوفیچ لە سەری ڕۆیی:

– میرون گریگۆروفیچ میوان ڕادەگرن.

– میوان هەمیشە لەسەر سەرو چاوانە. ماریا، شتێك بێنە، میوانەکان لە سەری دانیشن.

کەیبانۆی ماڵ، کە ژنێکی پیری، سینگ‌و بەرۆك تەخت بوو، بە ئەدەبەوە، پەڕۆیەکی بە سێ کورسیدا هێناو پاکی کردنەوەو بۆ میوانەکانی دانان، پانتلی پروکوفیچ لە سووچی یەکێك لە تەختەکاندا دانیشت، بە دەستە سڕەکەی ئارەقەکەی سەر نێوچەوانە گەنم رەنگەکەی سڕی، ئەوجا بێ هیچ پێشەکییەك گوتی:

– ئێمە بۆ کاری خێر هاتووین.

لێرەدا، ئیلی نیچناو ڤاسیلیسا، داوێنی تەنورەکانیان کۆکردەوەو لەسەر کورسیەکان دانیشتن. خاوەن ماڵ، بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

– بەخێر بێن. ڕێك و ڕەوان بڵێ بزانم چ کارێکی خێر؟!

گریگۆری وەژوور کەوت و نیگایەکی لەزی دەوروبەری خۆی کرد.

– شوکر باشن؟

کەیبانۆی ماڵ، بە دەنگێکی خاو وەڵامی دایەوە:

– لە خوا بە زیاد بێ!

خاوەن ماڵیش، هەمان وەڵامی دایەوە. هەنگێ میرون گریگۆروفیچی دەموچاو نمووس، سوور بووەوە: هەنگێ تێگەیی کە مەبەست لەم سەردانە چیە. ڕوویکردە ژنەکەی و گوتی:

– بڵێ ئەسپەکان بکەنە حەوشەوە و هەندێ وێنجەیان بکەنەوە بەر!

ژنەکەی چووە دەرەوە. پانتلی پروکوفیچ، کە یاری بە ڕدێنە نیمچە لوولەکەی دەکردو بە هەڵچوونەوە گوارەکەی گوێی ڕادەکێشا لە سەری ڕۆیی:

– دەمەوێ بە کورتی داوایەکت لێبکەم. تۆ کیژێکت هەیە عازەب، هەر دەبێ بیدەیە مێردی و ئێمەش کوڕێکمان هەیە... ناکرێ خزمایەتیەك بکەین؟ حەزم دەکرد بزانم کە ئاخۆ کچەکەتانم دەدەیتێ، ئەگەر بۆ ئەمساڵیش نەبێ، ئەوا مارەی دەکەین و ساڵی داهاتوو دەیگوازینەوە، ئەم خزمایەتیەمان لەگەڵ دەکەیت؟.

میرون گریگۆروفیچ، سەرە رووتاوەکەی خوراندو گوتی:

– ئەلهەقی نازانم چی بڵێم... ئەوەی ڕاستی بێ بیرمان لەوە نەکردووەتەوە کە ئەم پایزە بە شووی بدەین. یەکەم کارمان یەکجار زۆرە، دووەم کچەکەمان گەورە نیە. تازە هەژدە ساڵی تەواو کردووە. وانیە ماریا؟

– با، ئەدی چۆن!

ڤاسیلیسا، لەسەر کورسیەکەی خۆیەوە جوڵاو هەڵیدایە:

– هەڕەتی شوکردنیەتی. بۆچی لە ماڵەوە دای دەنەیت و پیری دەکەی؟ ئافرەت زوو پیر دەبن.

ئەو گسکەی کە لە ڕاڕەوەکەدا دزی بووی و خستبوویە ژێر کراسەکەیەوە، لەشی دەخوراند. داب و نەریت وابوو ئەگەر خوازگارێك لە ماڵی بووکێ، گسکێك بدزێت، ئیدی داواکەی ڕەت ناکرێتەوە.

ژنەکەی کورشونوف وەڵامی دایەوە:

– کچەکەمان خوازگاری زۆرە، لە هەوەڵی ئەم بەهارە خوازگاری هاتبوو، کچەکەمان نامێنێتەوە. شوکر بۆ خوا، کچەکەمان دەست و پێ سپی نییە، هەموو کارێك دەزانێ، چ کاری کێڵگەو مەزرایان و چ کاری ماڵ.

پانتلی پروکوفیچ قسەکەی پێبڕی و هەڵیدایە:

– ئەگەر کوڕێکی باش و شایستە پەیدا بێ، هەڵبەتە بە مێردی دەدەن.

سەرگەڤاری ماڵ سەری خوراندو گوتی:

– مێرد دان کێشە نییە، هەر کاتێ بمانەوێ بە مێردی دەدەین.

پانتلی پروکوفیچ، ئەم قسەیەی بە جۆرە ڕەتکردنەوەیەك لە قەڵەم دا، بەرە بەرە مجێزی تێکچوو.

– ئەمەیان پەیوەندی بەخۆتەوە هەیە... دیارە کوڕی گەنجیش ئازادە لەوەی داوای کێ دەکات و روو لە چ خانەدانێك دەکات. بەڵام ئەگەر تۆ چاوەڕوانی کوڕی بابایەکی بازرگان و ئەو جۆرە کەسانەیت، ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە. داوای بوردنت لێدەکەین.

لەوە دەچوو گفتوگۆیەکەیان سەر نەگرێت و هەرەس بێنێ. پانتلی پروکوفیچ، هەڵچوو بوو و دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو. دایکی کیژێ وەکو مریشکێك سێبەری کەرگەزی(سیسارکە کەچەڵە) بەر کەوتبێ،هەر قەد قەدی بوو. بەڵام ڤاسیلیسا لە کاتی خۆیدا، فریا کەوت و خۆی لە گفتوگۆیەکە هەڵقورتاند، بە زمانێکی نەرم، وەکو چۆن بۆدرەیەکی ئارام بەخش بەجێ سووتاویەکەوە دەکرێت و زامەکە دەبرژێنێتەوەو دەی هێنێتەوەیەك، بەو ئاوایە جەمسەری گفتوگۆیەکانی لێکدی نزیك کردەوە.

– هێواش هێواش، خزمینە! کە ئەمجۆرە باسانە دێتە ئاراوە، دەبێ بە کاوەخۆ باسبکرێ، لەبەر خاتری منداڵەکانمان... بۆ نموونە ناتالیا... کچێکە لە هەموو دنیادا هاوتای نیە! تا حەزکەی دەست ڕەنگین و ئیشکەرە! ئیش بەرگەی ناگرێت، جا کابان! سەبارەت بەجوانیەکەی، بەخۆتان دەتوانن بیبینن! (ڤاسیلیسا هەنگێ وەکو دەلاڵێکی کارامە رووی کردە لای پانتلی پروکوفیچ و ئیلی نیچنای گرژومۆن و هەردوو دەستی بڵاوکردەوەو) لەسەری رۆیی: کوڕەکەش خوا هەڵناگرێت کوڕە! هەموو کچێك خۆزی دەخوازێ مێردێکی وای هەبێت. کە دەیبینم، ئەوەندە لە مێردە ڕەحمەتیەکەم دەچێ، یەکسەر دڵم دادەخورپێ. کەسو کارو ماڵباتەکەی بۆ ناڵێی، هەموو ئیشکەرو کاسب. بۆ نموونە ئەم پانتلییە، لەم دەڤەرەدا کەس نیە نەیناسێت... پیاوێکە سەنگین، ئابڕوومەند، دڵاوا... توخوا کەس هەیە دەست بە خێری منداڵی خۆیەوە بنێ، تائێمە ئەم کارە بکەین، چما ئێمە دژمنی مناڵەکانی خۆمانین؟

دەنگی ناسك و چەهچەهە ئاسای ڤاسیلیسا، وەکو هەنگوین و شەکەر بە گوێی پانتلی پروکوفیچدا رۆدەچوو. میلیخوڤ پیر گوێی رادەدێراو لەدڵی خۆیدا بەستایشەوە دەیگوت: "ئەم پەتیارەیە چ زمانێکی پێوەیە، چ لەبلەبانێکە! کێ دەرەقەتی دێ! قسەکردنەکەشی وەکو شت رستنەکەیەتی، هەر دەڕیسێ و کەس نازانێ دەیەوێ کارەکە بگەیەنێتە کوێ... ژنان دەتوانن، هەر بە زمان بابایەکی قۆزاقی بکوژن. گەنەیەکە و تەنورەی لەبەر کردووە!" پانتلی پروکوفیچ سات بەسات پتر دڵبەندو شیفتەی دەم و دووی ڤاسیلیسا دەبوو. بە تایبەتی کە هەنووکە کەوتبووە پیا هەڵدان و ستایشی کیژێ و خانەوادەکەی. تا حەوت پشتی دەژماردن.

– ئیدی هیچ پێویست بەم هەموو قسە کردنە ناکات، قابیلە خراپەی مناڵەکانی خۆمان بوێ!

سەرگەڤاری ماڵ، بە دەنگێکی ئاشتیانەو بە دەم زەردەخەنەوە گوتی:

– ئەوەی من مەبەستمە، ئەوەیە کە ڕەنگە هێشتا زوو بێت بۆ بە شوودانی.

پانتلی پروکوفیچ، بە مکووڕییەوە گوتی:

– نا، زوو نییە! بە زاتی خودا هیچ زوو نییە!

ژنەکەی کورشونوف، بە دەم پەڵمەگریانێکی درۆ بە ڕاستەوە گوتی:

– درەنگ‌و زوو هەر دەبێ لێمان جیا ببێتەوە...

– میرون گریگۆروفیچ کیژەکەت بانگ بکە با ببینین!.

– ناتالیا!

کیژێ، بە شەرمێکەوە هاتە بەردەرگا. قامکە ئەسمەرەکانی یاریان بە قەراخ‌و پەراوێزی بەرەڵبێنەکەی دەکرد. دایکی بە دەم فرمێسك و زەردەخەنەوە، هانی دا کە وەژوور بکەوێ:

– وەرە، وەرە ژوورەوە! شەرمێ دەکەی؟

گریگۆری کە لای سەندوقێکی گەورەوە دانیشتبوو، سەندوقێك کە کۆمەڵێك گوڵی شینی کاڵەوە بووی لەسەر نەخشێنرا بوو، تەمەشایەکی کیژێی کرد.

دووچاری کەوەیی لە ژێر سەرپۆشێکی تۆڕیی رەشەوە، راستگۆیانە پرشنگیان دەدا. چاڵێکی چکۆلەی پەمەیی بەسەر روومەتیەوە بوو، بزەیەکی پەنهانی شەرمن بەسەر لێوەکانیەوە سەرەتاتکێی بوو.

گریگۆری نیگای بۆ سەر دەستەکانی گواستەوە، دەستی گەورە بوون، ئیش‌و کار تەواو زبری کردبوون. بلوزێکی سەوزباوی بە دەنچەسپی لە ژێرەوە لەبەر بوو، کە جەستە پڕو قەڵەوەکەی تەواو بەرجەستە کردبوو، مەمکە چکۆڵەکانی، کە وەکو مەمکی کچۆڵان توندو سفت دەیان نواند، لە ژێر بلوزەکەیەوە سەریان قوت کردبووەوەو گۆی مەمکی وەکو دوو دوگمەی چکۆڵە ،خەریك بوو کراسیان دەدڕی.

گریگۆری لە ماوەی یەك دەقیقەدا، هەموو گیانی، لە تەپڵی سەرییەوە تا لاقە درێژو جوانەکانی دایە بەر نیگاو پشکنی. رێك وەکو دەلاڵی ئەسپێك کە بیەوێ ماینێ بکڕێت، بەو ئاوایە تەمەشای دەکرد. بە چاوی کڕیار سەیری دەکرد. لە دڵی خۆیدا گوتی: "باشە، بەری دڵ دەگرێت." و پاشان نیگای لە نیگای کیژێ کە تەمەشای ئەوی دەکرد، هەڵەنگوت. نیگای کیژێ لە هەر بەدخواییەك ڤالابوو، کەمێك شەرمن، بەڵام پڕ لە راستگۆیی بوو، لە تۆ وایە دەیویست بڵێ: "ئەمە منم، ئەمەم کە هەم، بێمنەت بە، چۆنم هەڵدەسەنگێنی، هەڵم بسەنگێنە" گریگۆریش بە چاوان‌و زەردەکەنی خۆی وەڵامی دەدایەوە. "عالە، جوانە!".

بابی کیژێ، بە ئامارەی دەست پێی گوت:

– بەسە، دەتوانی بڕۆیت .

ناتالیا، وەختێ کە دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە دادەخست، بێئەوەی هەوڵ بدات کونجکاوی بزەکەی سەر لێوی بشارێتەوە، تەمەشای گریگۆری کرد.

سەرگەڤاری ماڵ، پاش ئەوەی بە نیگای راوێژی دەگەڵ ژنەکەیدا کرد، سەر لە نوێ کەوتەوە قسان:

- گوێ بگرە پانتلی پروکوفیچ، ئێوە بیری خۆتان بکەنەوە، ئێمەش لای خۆمانەوە لەگەڵ کەسوکاردا شیرەت و راویژان دەکەین و پاشان بڕیار دەدەین کە ئەم خزمایەتیە بکەین یان نا.

پانتلی پروکوفیچ، لە کاتێکا کە لە پلەکانەوە دادەگەڕا، گوتی:

- یەك شەممەی داهاتوو سەرتان دەدەینەوە.

کورشونوف کە تا بەر دەرگا بەڕێی دەکرد، خۆی لە گێلی داو هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

((١٦))

ستیپان، تا ئەو ڕۆژەی کە تومیلین ئەو دەنگۆیانەی، سەبارەت بە ئەکسینیا بۆ نەگێڕا بووەوە، سەرباری ئەوەی کە ژیانیان پێکەوە ناخۆش بوو، وێڕای ڕابردووی نەنگینی، نەیدەزانی ئەکسینیای بە ئەشقێکی قورس و کینە ئامێزەوە خۆشدەوێ.

شەوان، کاتێ کە لە نێو گالیسکەکەیدا ڕادەکشا، پاڵتۆکەی بە خۆیدا دەدا، هەردوو دەستی لە ژێر سەری دادەناو بیری لە گەڕانەوەی خۆیو مامەڵەو بەرخوردی دەگەڵ ژنەکەیدا دەکردەوە. وای هەست دەکرد لە جیاتی دڵی، دوپشکێکی ژەهراوی لە سینگیدایە. لە خەیاڵی خۆیدا بیری لە هەزارو یەك جۆرە تۆڵەو قەساس دەکردەوە. ئەمە ڕێك وەکو ئەوە وابوو، بە ددان زیخ بهاڕێت. بەڵام شەڕو قەرقەشەکەی دەگەڵ پیوتەردا، کەمێك داخی دڵی هەڵمژی. کە گەییەوە ماڵ یەجگار شەکەت بوو، بۆیە ئەکسینیا تارادەیەك بە ئاسانی لە تۆفانەکە خەلەسی.

لەو کاتەوە کە گەڕا بووەوە، دەتگوت تاپۆی مەرگێکی نادیار باڵی بەسەر ماڵەکەیاندا کێشا بوو،و بە ماڵەکەیاندا دەسووڕایەوە. ئەکسینیا لەسەر نووکی پێیان ڕێی دەکرد، بە ئەسپایی قسەی دەکرد. بەڵام لە چاوانیا، لە ژێر ژیلەمۆی ترسدا، پشکۆیەك خۆی مەڵاس دابوو کە بە زەحمەت دەبینرا، ئەمە پاشماوەی ئاگرێك بوو کە گریشکا هەڵیگیرساند بوو.

ستیپان، ئەم پشکۆیەی بە چاو نەدەبینی، بەڵکو هەستی پێدەکردو پێوەی دەتلایەوە. شەوان، کاتێ کە مێش و مەگەزان لە موبەقەکەو لەسەر موغەیریەکەو بە بن میچەکەوە دەنووستن و ئەکسینیا بەدەم لێوە لەرزێوە تەختە خەوەکەی ڕێك دەخست، ستیپان بە دەستە زەلام و زەبرەکانی خۆی توند دەمی دەگرت و بگرە کوێت دێشێت. بێهیچ شەرم و شورەییەك داوای لێدەکرد، وردو درشتی پەیوەندی خۆی دەگەڵ گریگۆریدا بۆ بگێڕێتەوە. ئەکسینیا لەسەر تەختە خەوە رەق و تەقەکە، کە بۆنی پێستی مەڕی لێدەهات، دەتلایەوەو بە زەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا. ستیپان، پاش ئەوەی لە ئەشکەنجەدانی جەستە نەرم و شلەکەی، کە دەتگوت هەویری هەڵاتەیە، ماندوو دەبوو، ئەوسا دەستی بە سەروچاویا دێنا تابزانێ دەگری یان نا بەڵام گۆناکانی ئەکسینیا، وشك و گەرم دەتگوت ئاگرن، ستیپان لە ژێر دەستی خۆیدا، هەستی بە شەویلاگەکانی دەکرد کە بەرزو نزم دەبوونەوە.

- ئێستا پێم دەڵێی یان نا؟

- نا!

- ئاخر دەتکوژم!

– بمکوژە، بمکوژە، مەعز بۆ رەزای مەسیح بمکوژە... بەس نییە بۆ خۆم لەم عەزابە رزگار دەبم... ئەمە ژیان نیە کە من تیایدام.

ستیپان ددانەکانی جیڕدەکاتەوە، پێستی ناسکی مەمکەکانی، کە شەلاڵی ئارەقەبوون، هەڵدەگلۆفێ و ئەکسینیا بەدەم ئازارەوە دەناڵێنێ. ستیپان بە شادمانیەوە لێی دەپرسێت:

– دێشێت؟

– بەڵێ، دێشێت.

– باشە، تۆ پێت وایە، ئەو کارەت منی ئازار نەداوە؟

ستیپان، زۆر درەنگ دەنووست. بە دەم خەوەوە خۆی گرمۆڵە دەکردو پەنجەڕەش و زبرو ئەستوورەکانی بەردەوام دەجولاند. ئەکسینیا دەکەوێتە سەر ئانیشك، ماوەیەکی زۆر دەڕوانێتە روخساری مێردەکەی کە خەو گۆڕی بووی. ئەوسا سەر لە نوێ سەر دەنێتەوە سەر سەرینەکەو لە بن لێوانەوە هەندێ شتی گۆنگ و نا مەفهووم دەڵێت.

مەگەر بە دەگمەن و ڕێکەوت دەنا گریگۆری نەدەبینی. جارێك بە ڕێکەوت، لە نزیکی روباری دۆندا تووشی بوو. گریشکا گایەکانی ئاودا بوو، بە هەورازەکەدا هەڵدەگەڕا، سەری دانەواند بووو شولێکی بە دەستەوە بوو و بای دەداو دەیڕوانیە پێی خۆی. ئەکسینیا بەرەو روبارەکە دادەگەڕا، هەرکە چاوی بەو کەوت، هەستی کرد چانچۆکەی(دارێکە دەخرێتە سەر شان و سەتڵە ئاو بەسەروبەوسەرییەوە هەڵدەواسن) سەر شانی، لە ژێر دەستیا دەچاێی و لاجانگەکانی گەرم دادێن.

پاشان کە ئەم بەرخوردەی وەبیر خۆ دێنایەوە، بەزەحمەت باوەڕی دەکرد کە خەون نەبووبێ و ڕاستی بووبێ. گریگۆری وەختێ بینی کە ئەکسینیا گەیی بووە ئاستی و خەریك بوو لێی رەت دەبوو. لە خشەخشی سەتڵەکان وەئاگاهاتەوەو سەری هەڵبڕی، برۆکانی جولان و زەردەخەنەیەکی گەوجانەی بۆ کرد. لە پشت ئەکسینیاوە روانیە دۆنی سەوزباو کە لە دوورەوە شەپۆلی دەدا، دوورتر روانیە ئەو لووتە گردۆلکە زیخەی کە سەرێکی لە ناو روبارەکەدا بوو. لە ناخا هەژیا، سوور هەڵگەڕا، فرمێسك زانە چاوانی:

– ئەسیوشا!

ئەکسینیا، چەند شەقاوێك ڕۆیی، ئەوجا بە سەری داخراوەوە، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی جەزرەبەیەك بێ، هەڵوەستەیەکی کرد. گریگۆری بەوپەڕی تووڕەیی شولکێکی کێشا بە گایە سورخنەکەیدا کە دوا کەوتبوو، ئەوجا بێئەوەی سەر وەرگێڕێ گوتی:

– ستیپان کەی دەچێتە درەوی جۆ؟

– ئێستا... خەریکە ئەسپەکەی لە گالیسکە دەبەستێ.

– ئەگەر بەڕێت کرد، پاشان وەرە بۆ ناو کێڵگە گوڵە بەڕۆژەکانی ئێمە لە گوێ ئاوەکە، لەوێ خۆمت دەگەیەنمێ.

ئەکسینیا بەدەم خشە خشی سەتڵەکانیەوە، بەرەو دۆن داگەڕا. کەفاو وەکو ئەژدیها بە درێژایی کەنارەکەدا شەپۆلی دەدا، وەکو نەوارێکی ئامالْ زەرد، بە کەنارو پەراوێزی شەپۆلە

ئامـال کەسـکەکانەوە دەبریسـکایەوە. باڵنـدەێن سـپی، بـە دەم هـاوارەوە بەسـەر روبـاری دۆنـەوە دەفڕینو لە ماسی دەگەڕان.

ماسیانی چکۆلە، وەکو بارانی سەر بەکلاوەی، زیو ئاسا، بەسەر ئاوەکەوە دەردەکەوتنو دەبریسکانەوە. لەوبەری روبارەکەوە، لە پشت لووتە زیخە سپیەکەوە، درەختانی کاکۆڵ سپی، سپیدارانی بە تەمەن، بە شکۆو ویقارەوە سەریان بردبوو بە ئاسماندا. کاتێ ئەکسینیا دەیویست ئاو پڕبکات، یەکێك لە سەتڵەکانی لەدەست کەوتە ئاوەکەوە. بەدەستی چەپ تەنورەکەی هەڵکردو خۆی بە روبارەکەدا کرد، ئاو تا ئەژنۆکانی هات، ئاوەکە نەرمایی بەلەکی، ختوکە دەدا، ئەکسینیا، لەوەتای ستیپان هاتبووەوە، ئەمە یەکەمجاری بوو، بە بێتاقەتی و دوو دڵیەوە، بێ ئەوەی متمانەی بەخۆی بێ، پێبکەنێ.

بەرەو لای گریشکا ئاوڕی دایەوە: گریگۆری بە کاوەخۆ بە هەورازەکەدا سەر دەکەوتو هێشتا هەر شوڵکەکەی بەسەر سەری خۆیدا بادەدا، دەتگوت دەیەوێ مێشو مەگەزان لە خۆی دوور بخاتەوە.

ئەکسـینیا، کـە ڕونـدك لـە چـاوانی قـەتیس مـابوونو بـەری چـاویان گرتبـوو، بـە سـۆزو تامەزرۆییـەوە، دەی روانیـە لاقـە مکـوومو بتـەوەکانی گریشـگا کـە بەمتمانـەوە هـەنگاوی دەنـا. نـەواری سووری پانتۆڵە دەڵبەکەی، کە دەلنگەکانی لە گۆرەویە بەنە سپیەکانی نابوو، چاویان روون دەکردەوە، لە پشتەوە، نزیکی دەفـەی شانی، کراسە چڵکنەکەی کە تازە دڕا بوو، بە دەم بایەکەوە سەمای دەکرد، لەو دڕاویەوە، بە ئەندازەی سێ گۆشەیەکی چکۆلە پشتە ئەسمەرەکەی ناو بە ناو دەردەکەوت. ئەکسینیا، بە چاوانی، ئەو پارچە چکۆلەیەی جەستەی خۆشەویستەکەی کە جاران هی ئەو بوو، ماچ کرد. ڕوندك، بەسەر لێوە زەردو خەندەرانەکانیا ڕژا.

سەتڵەکانی پڕکرد. لەسەر لمەکەی دانان. کاتێ ویستی دەسکی سەتڵەکان بکات بە ئەڵقەی ئەم سەرو ئەوسەری چانچۆکەوە چاوی بە شوێنەواری چەکمە نووك تیژەکانی گریگۆری کەوت کە لەسەر لم و زیخی بەستێنەکە نەخش بوو بوون، بە دزییەوە سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، جگە لـە چەنـد منداڵێك کە لـە دوور، لای لەنگەرگای بەلەمـەکان خۆیـان دەشـت، کەسـی دی دیـار نـەبوو. بـە چیچـکانەوە دانیشـتو بـە دەسـتی خـۆی شـوێنی چـەکمەکانی داپۆشـیو ئـەوجا چانچـۆیەکەی* خسـتە سـەر شـانیو بـە هەشـتاو، لـە کاتێکـا بـە خـۆی پێدەکـەنی، بـەرەو مـاڵ گەڕایەوە.

هەتاو، لە پشت تەنکە تەمێکی ناسکی ئاوریشم ئاساوە، بە ئاسمانی گوندەوە دەرکەوت. هەورێن گەواڵ گەواڵی سپی وەکو مێگەلە مەڕان، ناو بە ناو، لێرەو لەوێ، گۆشەیەکی چەمەنزاری پاراوی ئاسمانی شینو مەنگیان دەردەخست، بەڵام گەرمایەکی کوشندەی قورس باڵی بەسەر گوندو جەمەلۆنی چینکۆی سوورەوەبووی سەربانانو کوچەو کۆڵانانی چۆڵو تەپوتۆزاویو حەوشەێن پڕ گیای وشکەوە بووی زەرد هەڵگەڕاودا، کێشا بوو.

ئەکسینیا، هێواش هێواش بەدەم سمت بادانەوە دەهاتو ناو بە ناو ئاو لە سەتڵەکانیەوە دەڕژایە سەر ئەرزە تینووەکە. بەو حاڵەوە گەییە بەر پلەکانی بەرماڵەوە. ستیپان کە سەر

کڵاوێکی حەسیری قەراخ پانی لەسەر کرد بوو، ئەسپەکانی لە مەکینەی درەوەکە(شەپشەپە) دەبەست. لەو کاتەدا کە نیری سەر ملی ماینە خەواڵوەکەی بە قایش توند دەبەست، چاوی بە ئەکسینیا کەوت و گوتی:

– ئاو بکە ئەو تەشتەوە.

ئەکسینیا، سەتڵی ئاوی کردە تەشتەکەوە. دەسکی ئاسنینی سەتڵەکە، پەنجەکانی سوتاند. لە کاتێکا دەیڕوانییە پشتی مێردەکەی کە لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، گوتی:

– دەبێ سەهۆڵ لەگەڵ خۆتا بەری، ئەگینا ئاوەکە یەکسەر گەرم دەبێ.

– بڕۆ، تۆزێ سەهۆڵ لە ماڵی میلیخوف بێنە.

ئەوسا بیری کەوتەوە و گوتی:

– نا، مەڕۆ.

ئەکسینیا، چوو دەروازەکە، کە لەسەر گازی پشت بوو، دا بخات. ستیپان چاوانی داخست و قامچییەکەی هەڵگرت.

– بۆ کوێ دەڕۆی؟

– دەروازەکە دادەخەم.

– بگەڕێوە دێڵە سەگ... پێم گوتی: مەڕۆ!

ئەکسینیا، بە هەشتاو بەرەو پلەکان گەڕایەوە، ویستی چانچۆیەکە هەڵگرێت، بەڵام لە دەستە لەرزۆکەکانی کەوت، بە تەق و هۆڕ بە پلەکاندا غل بووەوە.

ستیپان، پاڵتۆ بارانیەکەی خۆی لەسەر نشیمەنی پێشەوەی گالیسکەکە ڕاخست. ئەوجا دانیشت و جڵەوەکەی بە دەستەوە گرت.

– بڕۆ دەروازەکە بکەوە.

ئەکسینیا بەدەم کردنەوەی دەرگاکەوە، زاتی وەبەر خۆناو، پرسی:

– کەی دەگەڕێیتەوە؟

– ئێواری، قەرار وایە دەگەڵ ئانیکوشکادا پێکەوە درەو بکەین. خواردنی بۆ ببە. هەرکە کاری لای ئاسنگەری تەواو بکات، دەبێ بێت بۆ کێڵگەکە.

چەرخە چکۆلەکانی مەکینەی درەوەکە، بە خشە خش لە گڵ و خۆڵە کەوەییە نەرمەکە ڕۆ چوو و لەو دیو دەروازەکەوە لە چاو ون بوو. ئەکسینیا چووە ژوورەوە، دەستەکانی خستنە سەر دڵی، بۆ ساتێك وەستا، ئەوسا سەر پۆشێکی بەسەرا داو بە هەشتاو بەرەو دۆن نشێو بووەوە.

"ئەگەر بگەڕێتەوە، چیم بەسەر دێنێ؟" ئەم بیرۆکەیە وەکو بروسکەیەك بە مێشکیا تێپەڕی.

وەکو یەکێك گەیی بێتە سەر هەڵدێرێکی قووڵ، ڕەق ڕاوەستا. ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە، ئەوجا بە هەڵەداوان، بە نیمچە ڕاکردنەوە بە درێژایی کەناری دۆندا، بەرەو چەمەنزارەکان کەوتە ڕێ.

بە قەراخ پەرژین و بێستانەکاندا تێپەڕی. دنیا لە گوڵە بەڕۆژەدا زەرد دەچووەوە، هەموو چاویان بڕی بووە چاوی خۆر. کێڵگەی پەتاتەو یارەلماسی، بە گەڵاو گوڵی سەوزی ئامال

زەردەوە، ئەمسەرو ئەوسەری دیار نەبوو. ژنانی برایانی شامیل، کێڵگە پەتاتەکانی خۆیان، هەر چەند دێریش کەوتبوو، بژار دەکرد. بەکراسێن پەمەییەوە، دانەوی بوونەوەو، بە پاچەکانیان، زەوییە کەوەییەکەیان پاچەکۆڵە دەکرد.

ئەکسینیا، یەک نەفەس خۆی گەیاندە بێستان و مەزراکەی خانەوادەی میلیخوف. تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد. ئەڵقەی دەرگاکەی ترازاند و دەرگای کردەوە. بەراڕەوێکدا خۆی گەیاندە لای برە گوڵە بەرۆژەیەکی چڕ، کە بە ساقەتە سەوزەکانیان، تەیمانێکیان دروست کردبوو. دانەوییەوەو خۆی بە ناو چڕە گیاکاندا کرد، گەردی زێڕینی گوڵەکان بە روخساریەوە نووسان. تەنورەکەی هەڵکردو لەسەر ئەرزەکە، کە یەکپارچە گیاو لاولاو بوو، دانیشت.

گوێی هەڵخست: بێدەنگی، لە گوێیەکانیا دەنگی دەدایەوە. تاقە هەنگێک بەسەر سەریەوە هەر گیزەگیزی بوو. ساقەتەی کوڵکن و ناو بەتاڵی گوڵە بەرۆژەکان بە کڕی و کپی شیلەی ئەرزەکەیان دەمژی.

ئەکسینیا، نیو سەعاتێک بەو دەقەوەو بە دەم ئازاری گومانەوە چاوەڕوانی کرد: دێت یان نایەت؟ لەزگ بوو بڕوات. خەریک بوو لەچکەکەی چاک دەکرد کە بە خاوی دەنگی دەرگاکە هات.

گوێی لە دەنگی پێیان بوو.

– ئەکسیوشا...

– وەرە بۆ ئێرە. لێرەم.

– ها، لێرەیت! کەواتە هاتوویت!

گریگۆری، بە خشە خش بە ناو گیایەکاندا هات، لە پاڵ ئەودا دانیشت، هەردووکیان بۆ ساتێک بێدەنگ بوون.

– ئەمە چیە لە گۆنات داوە؟

ئەکسینیا گەردە زەردو بۆنخۆشەکەی بە سەری قۆڵی سڕی.

– وا دیارە گەردی گوڵە بە رۆژەکانە.

– ژێر چاویشت.

ئەکسینیا ژێر چاویشی سڕی. نیگایان لێکدی هەڵەنگوت. ئەکسینیا لە وەڵامی پرسیارە بێدەنگەکەی گریشکادا، کەوتە گریان.

– لەوەی زیاتر هەڵناکەم... گریشا، تۆ نازانی، من فەوتاوم.

– چیت لێدەکات؟

ئەکسینیا، بەتوندی یەخەی کراسەکەی کردەوە، مەمکە پەمەییە پڕو تورتەکانی کە وەکو مەمکی کچانی عازەب قوت و توند بوون، وەدەرکەوتن، لێرەو لەوێ شین و مۆر بوو بوونەوە.

– یانی نازانی؟ هەموو رۆژێ لێمدەدات!.. خوێنم دەمژێ... تۆش... وەکو دێڵە سەگ لەوتاندمت و، پاشان وازت لێهێنام... ئێوە هەمووتان یەک قوماشن....

ئەکسینیا، بە قامکە لەرزۆکەکانی، دوگمەکانی داخستنەوە. ئەوجا تەمەشایەکی گریگۆری کرد کە رووی لەو وەرگێڕا بوو، لە دڵی خۆیدا دەترسا بەو قسانە گریگۆری زوێر کردبێت. گریگۆری بە دەم جوینی ساقەتەی گیایەکەوە، بە ئەسپایی گوتی:

– یانی دەتەوێ خەتایەکە بەملی مندا بدەیت؟

دەنگە ئارامەکەی گریگۆری، ئەکسینیای دەهری کرد، هاواری بەسەردا کرد:

– گوایە خۆت بە کەمتەرخەمو خەتابار نازانی؟

– دێڵە سەگ ئەگەر خۆی رازی نەبێ، هیچ گۆڵێك ناتوانێ سواری بێ.

ئەکسینیا کە گوێی لەم جنێوە سووك‌و پڕ تەوهینە بوو، لە حەژمەتاندا، روخساری لە نێو هەردوو دەستی نا. گریگۆری بە نێو چەوانی گرژەوەو ژێراو ژێر لێی روانی: فرمێسکێکی درشت لە نێوان هەردوو قامکی شادەو ناوەڕاستی دەستی ئەکسینیاوە هاتە خوارێ، تیشکێکی خواری هەتاوەکە، بە درزی بەینی گوڵە بە رۆژەکانەوە، هات‌و دای لە دڵۆپە فرمێسکە روونەکەو بریسکاندیەوەو شوێنەواری فرمێسکەکەی لەسەر رووی ئەکسینیا وشك کردەوە.

گریگۆری، بەرگەی دیتنی فرمێسکی نەدەگرت. کەوتە جم‌و جۆڵ، بە توندی، مێرولەیەکی سورباوی، کە بە پانتۆڵەکەیدا هەڵگەڕا بوو، بە توڕەیی لە پانتۆڵەکەی تەکاند. دووبارە کەوتەوە روانینی ئەکسینیا، کە لە جێی خۆی نەجولاً بوو، بەڵام چۆڕاوگەی سێ فرمێسکی درشت بە پشتی دەستیەوە لە داخزیندا بوون.

– بۆ دەگریت؟ رەنجاندمیت؟ ئەکسینیا! گوێ بگرە... دەمەوێ شتێکت پێبڵێم.

ئەکسینیا، دەستی لەسەر روخساری خۆی لا بردو گوتی:

– من بۆیە هاتووم بۆ ئێرە تا تەگبیرێکم بۆ بکەی. نەك سووکایەتیم پێبکەیت. ئەمە قسەیەکی زۆر ناخۆشە، تۆ...

گریگۆری سوور بووەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "وەکو کەر لەقەم لە ئینسانی کەوتوو دا."

– ئەکسینیا، من کەرێتیم کرد، لێمی مەگرە...

– من بۆ ئەوە نەهاتووم کە خۆم بە تۆوە هەڵواسم‌و ببم بە بار بە سەرتەوە،... مەترسە!

لەو ساتەدا، بەڕاستی قەناعەتی وا بوو، بۆ ئەوە نەهاتووە کە خۆی بە ملی گریگۆریدا بدات، بەڵام کاتێ کە لەو سەرەوە بە نیمچە ڕاکردن، بە گوێی روباری دۆندا، بەرەو ئەم چەمەنزارە هاتبوو، بێئەوەی خۆی بە تەواوەتی هەستی کردبێت، لەدڵی خۆیدا وای بیر کردبووەوە کە: "بە قسان قەناعەتی پێدێنم! خوا بکات ژن نەیەنێ! ئاخر چۆن دەتوانم بەبێ ئەو بژیم؟" یەکسەر ستیپانی بیرکەوتبووەو، بەتوندی سەری بادا بوو تا ئەم بیرۆکە کوت‌و پڕە لە خۆی بتارێنێ.

گریگۆری پرسی:

– کەواتە خۆشەویستیەکەمان تەواو، ها؟

هەنگێ لەسەر سك راکشا. خۆی دا بە سەر هەردوو ئانیشکیا، پەڕەی پەمەیی گوڵە لاولاوێکی لە دەما بوو کە بە دەم قسە کردنەوە دەیجوو، تفاندیەوە.

ئەکسینیا بە ترسەوە گوتی:

– گوتت تەواو بوو؟

لە کاتێکا هەوڵیدەدا بڕوانێتە چاوانی گریگۆری، دووبارەی کردەوە:

– یانی چی، چۆن، مەبەستت چیە؟

گریگۆری، گلێنەی چاوە شینەکانی گێژ دەداو دەیڕوانیە شوێنێکی دیکە.

زەوی وشك و برینگ، بۆنی تەپوتۆزو هەتاوی لێدەهات. با بە گڤ و هوڕ خۆی بە نێو گەڵای پان و سەوزی گوڵە بە ڕۆژەکاندا دەکرد. هەتاو بۆ ساتێك، کەوتە پشت پەڵە هەورێکی سپیەوەو، سێبەرێکی تاریك و چڕ بەسەر پێدەشتەکە، گوندەکە، سەری داژەنراوی ئەکسینیاو، بەسەر گوڵە لاولاوە پەمەییەکاندا تێپەڕی.

گریگۆری بە پەستی ئاهێکی هەڵکێشا، ئاهێك کە پتر لە پرمەی ئەسپ دەچوو. ئەوجا لەسەر گازی پشت، یەك تەختە لەسەر ئەرزە گەرمەکە ڕاکشا، بە ئەسپایی و خاوە خاو کەوتە قسان:

– گویٚ بگرە ئەکسینیا، بەڕاستی ئەمە کێشەیەکی پیسەو زۆر نیگەرانی کردووم... من شتێکم لە دڵدایە ... پێموایە کە...

لە پڕ لە دوورەوە دەنگی چەرخی گالیسکەیەك، کە بەلای بێستانەکەدا ڕەت دەبوو، بەرز بووەوە. دەنگێکی ژنانە دەی لە گاجووتەکان دەکرد:

– دیٚ دەی... وەحە گاجووت!

دەنگی گالیسکەڕانەکە، بەلای ئەکسینیاوە هێندە نزیك بوو کە لە ترسا خۆی بەعاردیدا دا. گریگۆری سەری هەڵێناو لە بن لێوانەوە گوتی:

– لەچکەکەت داکەنە. ئەوەندە سپیە لە دوورەوە دەبینریٚ... خوا بکات نەیان بینی بێن.

ئەو بایە گەرمەی کە بە نێو گوڵە بە ڕۆژەکاندا دەهات، قژە زێڕینەکەی بەدەوری سەرو گەردنیا خستە سەما. بەرە بەرە دەنگی جیڕە جیڕی گالیسکەکە نیشتەوە.

گریگۆری، بە هەڵچوونەوە، کەوتەوە قسان:

– گویٚ بگرە، با قسەکەی دڵی خۆمت بۆ بکەم. ئەوەی ڕۆیی ڕۆیی، لە دووی چووان مەچۆ، بۆچی گلەیی لە یەکدی بکەین و خەتایەکە بە ملی یەکدیدا بدەین؟ هەر چۆنیٚ بیٚ دەبیٚ بژین...

ئەکسینیا، بە نیگەرانی و دوو دڵییەوە گوێی دەگرت. بە دەم چاوەڕوانییەوە، پوشکەیەکی دەشکاند کە لە مێرولەیەکی سەند بوو. ئەوجا چاوی لە دوڕ چاوانی گریگۆری بڕی. سەری لە پرشنگی وشك و نیگەرانی چاوەکانی سوڕما.

– من بیرم لەوە کردووەتەوە کە کۆتاییەك بەم....

ئەکسینیا، لەترێکی دا، پەنجەکانی لە لاولاوەکەی تەنیشتی گیر کرد، پەڕەی لووتی کرانەوەو چاوەڕوانی کۆتایی ڕستەکە بوو. ئاگری ترس و نیگەرانی و نائارامی بە ڕوخساریا چزاو دەمی وشك بوو. ئەکسینیا وای وێنا دەکرد کە گریگۆری هەنووکە دەڵێت: "کۆتاییەك بۆ ئەم ستیپانە دابنەین." لیٚ گریگۆری کە بە زەحمەت زمانی دەگێڕا، بە خورتی زمانی بە لێوە وشەکانیا هێناو گوتی:

– ... کۆتایی بەم چیرۆکە بێنین، ها؟

ئەکسینیا، هەستایە سەر پێیان، بە ناو تەبەقی پانی گوڵە بەڕۆژە مل خوارەکاندا، کە بەر سینگ‌و بەرۆکی دەکەوتن، بەرەو دەرگاکە ڕۆیی. گریگۆری بە دەنگێکی خەفە بانگی لێکرد:

– ئەکسینیا!

جگە لە دەنگی نزمی داخستنی دەرگاکە، گوێی لە هیچ وەڵامێکی دی نەبوو.

((١٧))

دوای درەوی جۆ –کە هێشتا فریا نەکەوتبوون بۆ جێ خەرمانانی بگوازنەوە– گەنم زەرد بوو و نۆرەی درۆینەی گەنم هات. لە سوورکانی تەختانی، لەسەر گردو قەد پاڵان، گوڵی گەنم لەبەر هەتاوا زەرد دەبوون، ساقەتەی گەنم وەکو دەسکی سەبیلان بەرە بەرە بۆش دەبوون، ساقەتەکان، دوای ئەوەی ئەرکی خۆیان ئەنجام دابوو، گەیی بوونە کۆتایی ژیانی خۆیان‌و وشك دەبوون. خەڵکی دڵیانخۆش بوو کە ساڵەکەی هات دەبیّ‌و، ئەمساڵ بەروبوومێکی باشیان دەبێت، گوڵە گەنمەکان پڕو دەنکیان درشت بوو.

پانتلی پروکوفیچ، پاش شیرەت‌و راوێژ دەگەڵ ئیلی نیچنا، لێبڕا بوو کە ئەگەر دەگەڵ ماڵباتی کورشونوفدا ڕێکبکەون، ئەوا زەماوەندەکە بخەنە نیوەی هەیڤی ئاب. هێشتا نەپەرژا بوون کە بۆ وەڵامەکە بچنەوە، چونکە دەبوایە بەر لە هەموو شتێك لە درەو ببنەوەو جەژنیش نزیك بوو. ماڵباتی میلیخوف، ڕۆژی هەینی چوونە درەو. سێ دانە ئەسپیان لە مەکینەی درەوەکە بەستبوو. پانتلی پروکوفیچ گالیسکەکەی ئامادە دەکرد بۆ گیشە گوێزانەوە. پیوتەر و گریگۆریش چوونە درەو.

گریگۆری بە پێیان دەڕۆیی و دەستی بە نشیمەنەکەی پێشەوە، کە براکەی لەسەری دانیشتبوو، گرتبوو: پەست‌و خەمین بوو. کە تەمەشای لاجانگ‌و کاژێرەی خوارەوەیت دەکرد، هەستت دەکرد غەزەبی لێدەبارێ. پیوتەر بەمەدا بۆی دەرکەوت کە گریگۆری غەزەبی لێدەبارێت‌و لەسەر پێیە بۆ شەڕ. بەڵام وێڕای ئەمەش، لە ژێر سمێڵە زەردەکانیەوە پێدەکەنی‌و سەری دەخستە سەر براکەی.

– باوەڕ بکە، بە خۆی پێی گوتم!

گریگۆری، بەدەم جوینی سەری سمێڵیەوە، گوتی:

– باشە، با بە خۆی پێی گوتبی، جا ئەمە چیە؟

– پێی گوتم: "کە لە بێستان دەهاتمەوە، لە ناکاوا لە نێو گوڵەبەڕۆژەکانی ماڵی میلیخوفەوە، گوێم لە دەنگان بوو."

– بەسە پیوتەر، واز لەم قسانە بێنە!

– بەڵێ، دەنگ دەهات. ژنەی گۆڕین بە خۆمی گوت: "لە پەرژینەکەوە تەمەشام کرد...."

گریگۆری، لێکدا لێکدا چاوانی دەتروکاند.

– واز دێنی یان نا؟

– کوڕێکی سەیری ها! لێگەرێ با قسەکەم تەواو بکەم!

گریگۆری بەدەم هەڕەشە کردنەوە، هەنگاوی قورس کرد:
– پیوتەر ئاگاداربە، شەڕمان دەبێت، ها!
پیوتەر، برۆکانی وێکهێنانەوە، لەسەر نشیمەنەکەیەوە، ئاوڕی پاشەوەی دایەوە، تا رووبەڕوو گریگۆری بدینێ.
– بەڵێ، ژنەکە گوتی: "لە پەرژینەکەوە تەمەشام کرد، سەیرم کرد لەوێ، لە ناو پەڵە گوڵەبەڕۆژەکاندا، دەست لە ملان پێکەوە خەوتبوون". پرسیم "کێ"؟ گوتی: "سەیرە! ئەکسینیاو براکەی تۆ." پێمگوت.....
شەنەیەکی دەسك کورت، لە پاشی شەپشەپەکەوە( مەکینەی درەوەکەوە) بوو، گریگۆری، هەرپڕی دایەو یەکسەر بەرەو براکەی هێرشی برد. پیوتەر، جڵەوی ئەسپەکانی بەرداو بەلەز خۆی هەڵدایە خوارەوەو چووە پشتی ئەسپەکانەوەو هاواری کرد:
– پاح، بەدبەخت! شێت بووە!... تەمەشای کەن، ئاخر!...
گریگۆری وەکو گورگ دانی گڕکردنەوەو شەنەکەی هاویشتە براکەی. پیوتەر خۆی دانەواندەوەو خۆی خستە سەر چوار چنگۆڵە، شەنەکە بەسەریا تێپەڕیو لەولاوە بە ئەندازەی دوو قامکان چەقیە ئەرزە وشکە رەقەکەو کەوتە لەرەلەر. پیوتەر تووڕە بوو. هەوساری ئەسپەکانی، کە لەم دەنگە دەنگە ترسا بوون، گرتو کەوتە جنێودان:
– بەرازی بێ ئابڕوو، خۆ لەزگ بوو بمکوژیت.
– بەڵێ، منیش ئەوەم دەویست!
– قەل پیاو! پەتەڕی! بەڕاستی کوڕی بابی خۆتی! تورکی کوڕی تورکی.
گریگۆری، شەنەکەی لە عاردی دەرهێنایەوەو بە دوای مەکینەی درەوەکەدا، وەڕێکەوت.
پیوتەر، بە پەنجە ئاماژەی کردیو گوتی:
– وەرە ئێرە. کوا شەنەکەم بدەیە.
جڵەوی ئەسپەکانی گواستەوە دەستی چەپی خۆی، شەنەکەی لە لقەکانیەوە گرتو بە دەسکەکەی یەکێکی کێشا بە گازەرای پشتی گریگۆری دا، کە هەرگیز چاوەڕوانی شتی وا نەبوو. هەنگێ، لە کاتێکا گریگۆری خۆی تەریك گرتبوو، پیوتەر تەمەشایەکی کردو بە کەسەرەوە گوتی:
– دەبوایە چاکترت لێبدەم!
دوای یەك دوو دەقیقە، دوو سیغاریان پێکرد، روانیانە یەکترو لە قاقای پێکەنینیان دا.
لەو کاتەدا کە گریگۆری هێرشی بۆ براکەی بردبوو، تومەز ژنەکەی خریستونیا، بە گالیسکەکەی خۆی بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە، ئیدی بەدەم گەڕانەوەوە دیتبووی کە گریشکا شەنەی گرتووەتە براکەی، لەسەر گالیسکەکە هەستا بوو، بەڵام نەیتوانی بوو، بزانێ چی روویداوە، چونکە مەکینەی درەوەکەو ئەسپەکان بەرچاویان گرتبوو. بەڵام هەرکە گەیی بووەوە ناو گوندی، بە دەنگی بەرز بە ژنێکی دراوسێیانی گوتبوو.

– کلیموڤنا! راکە برۆ بە پانتلی تورکە بڵێ کوڕەکانی لەلای گردی تاتاران، بەشە نە بەربوونەتە یەکدیو یەکیان خڵتانی خوێن کردووە، پێی بڵێ گریگۆری – کە بەڕاستی حەوت پەڵی بە تەنگەی شەیتاندا داوە– دەمە شەنەیەکی بەلا قەبرغەی پیوتەردا کردووە. براکەشی بەرپەرچی داوەتەوە... بە ڕاستی شەڕو خوێنڕێژییەکی ترسناک بوو!

پیوتەر، هێندەی هاوار بەسەر ئەسپە ماندووەکاندا کردبوو، دەنگی گیرا بوو. لە جیاتی قسەو فریاد هەر زیقەزیقی بوو. گریگۆری پێی، کە لە گەردوتۆزا ڕەشهەڵگەڕا بوو، نابووە قەراخ مەکینەی درەوەکەو ئەو مەڵۆیانەی کە پەڕەکانی مەکینەی درەوەکە لە سەر یەکدی کەڵەکەی دەکردن، دەخستە سەر عاردی. ئەسپەکان کە خەرەنگێز بە بێ ڕەحمی تێیان وڕوکا بوون، بەدەم کلك بادانەوە، بە بێتاقەتی مەکینەکەیان ڕادەکێشا. سەرانسەری ئەو دەشتە پانو بەرینە تا دەگەییە پەراوێزی ئاسۆی شینباو، پڕ بوون لە خەڵکیو خەریکی کار بوون. پەڕەی مەکینەی درەو، بە قرچو هۆڕ لە درەوکردنا بوون. سەرانسەری دەشت. لە سواڵە و گیشەدا زەرد دەچووەوە. سمۆرە کێوی بەسەر گردەکانەوە، لاسایی گالیسکەڕانانیان دەکردەوەو فیکەیان دەکێشا.

پیوتەر بە دەنگی بەرزتر لە قرچو هۆڕی پەڕەی مەکینەی درەوەکە، هاواری کرد:

– دوو بەری دیکە دەدورینەوەو پاشان دەوەستینو سیغارێك دەکێشین!

گریگۆری سەری ڕەزامەندی بۆلەقاند. بە زەحمەت دەیتوانی دەمی، کە بایەکە وشکی کردبوو و پێکەوەی چەسپاند بوون، بکاتەوە. دەسکی شەنەکەی لە نزیکی دەمی شەنەکەوە گرتبوو، تا باشتر قوەتی بەسەریا بشکێو بتوانێ ئاسانتر مەڵۆ قورسەکان هەڵداتە خوارەوە. هانکە هانکی پێکەوتبوو. سینگی کە شەلاڵی ئارەقە بوو، دەخورا. ئارەقە لە ژێر کڵاوەکەیەوە، بە دەمو چاویا دەهاتە خوارێ وکە دەچووە چاویەوە وەکو سابوون دەی کزاندەوە. ئەسپەکانیان ڕاگرت، ئاوێکیان خواردەوەو سەرو سیغاریان کێشا. پیوتەر دەستی کردە سێبەر بۆ چاوانیو گوتی:

– ئەسپ سوارێك بە تاو بە دەشتەکەدا دێ.

گریگۆری بە وردی دیقەتی دا، بەسەر سامی برۆکانی هەڵبڕی:

– دەڵێی باوکمە.

– نە بابە. ئاخر هەرچی ئەسپ هەیە لە مەکینەی درەو بەستراونو هان لەم دەشتە، ئیدی بەسواری چی دێ!

– خۆیەتی.

– نە برا، تۆ سەهوی گریشکا!

– بەزاتی خوا خۆیەتی، باوکمە!

دوای دەقیقەیەك، ئەسپ سوارەکە، کە بە چوار ناڵە دەهات، بە تەواوەتی دەرکەوت، پیوتەر بە نیگەرانی لەجێی خۆی ئەم پێو ئەو پێی دەکرد:

– خۆ قسەی تۆ دەرچوو، باوکەیە!

گریگۆری، گوزارشتی لە نیگەرانی هاوبەشی هەردووکیان کردو گوتی:

– دەبیّ شتێك لە ماڵەوە رووی دابێت...

پانتلی پروکوفیچ، گەییە سەد شەقاوی ئەوان، جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو خستیە لۆقە. لە دوورەوە، لە کاتێکا قامچیە چەرمەکەی بەسەر سەری خۆیەوە بادەدا، هاواری کرد:

– دەتانکوژم!... هەی قەحپەداکینە!

پیوتەر کە لەوپەڕی سەرسامیدا بوو، گوتی:

– چیەتی؟

نیوەی سمێڵە زەردەکەی برد بە دەما. گریگۆری، خۆی گەیاندە ئەو دیوی مەکینەی درەوەکەو بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

– خۆت لە پەنای مەکینەکەدا بشارەوە! بە زاتی خوا نیازی خراپەو بەر شەلاخمان دەدات. پێش ئەوەی بزانین مەسەلە چیە، بە قامچی تێمان بەر دەبێت.

ئەسپەکە کە شەلاڵی ئارەقە بوو بوو، بە سووکە لۆقە، تەق تەق بە نێو مەڵۆکاندا دەهاتە پێشیّ، پانتلی پروکوفیچ، کە بەبیّ زین سواری بوو بوو، لاقەکانی تەکە تەك، بەملاو بەولای ئەسپەکەدا شۆڕ بوو بووەوەو قامچیەکەی ڕادەوەشاند:

– پێم بڵێن لێرە چیتان کردووە، شەیتانینە؟

پیوتەر، هەردوو باسکی لێك بڵاوکردنەوەو ژێراو ژێریش بەترسەوە دەیڕوانیە قامچیەکەی دەست بابی، گوتی:

– خەریکی درەوین.

– کێتان بە شەنە کێتان بریندار کردووە؟ شەڕتان لەسەر چی بووە؟

گریگۆری پشتی کردە بابی، لەبەر خۆیەوە ئەو پەڵە هەورانەی دەژمارد کە بایەکە رایدەماڵین.

پیوتەر لە جێی خۆیا ئەم پیّو ئەو پێی دەکرد، ژێراو ژێر لە سەراپای باوکی دەڕوانی. گوتی:

– ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ شەنەی چی؟ شەڕی چی؟

– چۆن؟! ئەدی ئەو ژنۆکە دایك قەحپەیە بۆچی بە هەڵەداوان هاتە ماڵەوەو گوتی: "کوڕەکانتان بە شەنە بەر بوونەتە یەكو خۆیان زامدارو خڵتانی خوێن کردووە؟ ئەی یانی چی؟

پانتلی پروکوفیچ، بە تورەیی سەری بادا. ئەوجا جڵەوی ئەسپەکەی بەرداو بە هانکە هانك لەسەر ئەسپەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە.

– من ئەم ئەسپەم لە فیدکای ژنی سیمشکین سەندو تا ئێرە بە چوارناڵە هاتووم. پێم بڵێن مەسەلە چیە؟

– ئاخر کیّ ئەمەی بە تۆ گوتووە؟

– ژنێك!

– درۆی کردووە باوکە. دیارە بەسەر گالیسکەکەیەوە خەوتووەو خەوی دیتووە.

پانتلی پروکوفیچ، بەدەم ڕدێن بادانەوە هاواری کرد:

– ژنێك! کلیموفنای قەحپە! راوەستە بۆم!... هەی قەحپە بزانە چۆنت تەمیّ بکەم!

پیرەمێرد، بە شەلە شەل، پێی بە عاردیدا دەکوتا.

گریگۆری، کە سەراپای بە دەم خەندەیەکی خامۆشەوە دەلەرییەوە، چاوی بڕی بووە ئەرزەکە. پیوتەر، چاوی بڕی بوونە بابی‌و لێکدا لێکدا دەستی بەسەری خۆیدا، کە لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو،ن دێنا.

پانتلی پروکوفیچ، تاوێکی دیکەش هەڕو گیڤی کردو ئەوجا سارد بووەوەو دڵی هێوری. چوو لەسەر نشیمەنی مەکینەی درەوەکە دانیشت. نزیکەی دوو سێ بەری دروێنە کردو، پاشان سواری ئەسپەکە بوو و بەدەم جنێودانەوە ملی ڕێگای گەڕانەوەی گرت‌و بەلای دوو گالیسکەی پڕ لە گەنمدا تێپەڕی. ئەوجا، لە نێو گەردو تۆزی ڕێگادا، بەرەو گوند دایکێشاو لە چاو ون بوو. قامچیە ریشودارەکەی لە کێڵگەکەدا بیر چوو بوو.

پیوتەر هەڵی گرتەوەو لە دەستی خۆی ئالاند، سەرێکی باداو ڕووی کردە براکەی و گوتی:

– تۆ تەمەشای ئەم قامچیە! دەبێ چەند بە ئازار بێ! ئەمە هی ئەشکەنجەیە، پیاو سەقەت دەکات. تۆ تەماشا برالە، دەشێت سەری زەلامی پێبپەڕینرێ.

((١٨))

ماڵباتی کورشونوف، بە دەوڵەمەندترین، بنەماڵەی گوندی تاتارسکی دەژمێردرا. چواردە جووت گاجووتیان هەبوو، جگە لەو ڕەوە ئەسپ‌و ماینانەی کە لە یەڵخی پروڤالسکەوە هێنا بوویانن، نزیکەی پازدە سەر ڕەشە ولاخ‌و چێڵی دۆشەنیان هەبوو، مالاتێکی زۆرو نزیکەی سەد سەر مەڕیان هەبوو. سەروەت‌و سامانەکەیان هەر ئەمە نەبوو. خانوویەکیان هەبوو، هیچی لە خانووەکەی موخوف کەمتر نەبوو، خانووەکەیان شەش ژووری تیا بوو، سەرەکەی بە قرمیدی تازەو جوان گیرابوو. باخ‌و چیمەنەکەی نزیکەی دوو هیکتار دەبوو، کە بەشێکی کرابوو بە بێستان، پیاو لەوەی زیاتر چی گەرەکە؟

لەبەر ئەمە، پانتلی پروکوفیچ، کە یەکەمجار بە مەبەستی خوازبێنی چوو بۆ ماڵی کورشونوف، تا رادەیەك لە دڵی خۆیدا دەترساو دوو دڵ بوو. چونکە بنەماڵەی کورشونوف دەیانتوانی مێردێکی زۆر باشترو دەوڵەمەند تر لە گریگۆری، بۆ کیژەکەیان پەیدا بکەن، پانتلی پروکوفیچ بەمەی دەزانی، بۆیە لە دڵی خۆیدا دەترسا لەوەی قسەی لە عاردی بدەن‌و نەیدەویست خۆی لە بەردەم کورشونوڤ سەر سەختدا بچووك بکاتەوە. بەڵام ئیلی نیچنا، وەکو چۆن ژەنگ ئاسن دەخوات، بەو ئاوایە تێی ئالا بوو و لێی نەدەبووەوە. تا ئەنجام توانی پیرەمێرد نەرم بکات‌و بیهێنێتە ڕەدایە. پانتلی پروکوفیچ قاییل بوو بوو بڕوات بۆ لای کورشونوف‌و لە دڵی خۆیدا نەفرەتی لە گریشاو ئیلی نیچناو هەموو دنیا دەکرد.

هەنووکە، کاتی ئەوە هاتبوو، جارێکی دی بڕۆنەوە بۆ ئەوێندەر تا وەڵامەکەیان وەربگرنەوە: هەموو چاوەڕوانی ڕۆژی یەك شەممە بوون. لەم کاتەدا لە سایەی خانووە فاخیرو سەر سەوزەکەی کورشونوفدا، شەڕێکی توند، بەڵام بێدەنگ لە ئارادا بوو. ناتالیا، پاش ڕۆیشتنی خانەوادەی زاوا، لە وەڵامی دایکیا گوتبووی:

– من حەزم لە گریشکایەو جگە لەو شوو بە کەسی دی ناکەم.

بابی هەوڵی دابوو ژیوانی بکاتەوەو وەسەر ئەقڵی بێنێتەوە:

– بەڕاستی مێردێکی باشت دۆزیوەتەوە، گەوجە! تاقە سوخەتی ئەم کوڕە ئەوەیە کە وەکو قەرەجان ڕەشە. چ دەڵێی بە خۆم مێردێکی باش‌و جوانت بۆ بدۆزمەوە، گوڵە جوانەکەم؟

ناتالیا، سوور بووەوە، بە پەڵمە گریانەوە گوتی:

– باوکە، من جگە لەو کەسی دیم ناوێ. شوو بە کەسی دی ناکەم. ئەگەر بە دڵت نییە، ئەوا بمنێرە بۆ ئوست مید ڤیدیتسکایا، بمخە دێرەوە...

بابی دوا تیری خۆی لە تیردان دەرهێناو هاویشتی:

– ئەم کوڕە ژنبازە، هەمیشە مۆزە مۆز لە دووی ئەو ژنانەیە کە مێرەدەکانیان چوونەتە خزمەتی سەربازی، هەموو خەڵکی گوند بەمە دەزانن...

– باشە، باوابێ، چ قەیدیە؟

– جا ئەگەر بەلای تۆوە قەیدێ نەکات! بەلای منەوە وەتر! کە مەسەلەکە وای لێهات، ئیدی پەیوەندی بە منەوە نیە.

ناتالیا کیژی گەورەو خۆشەویستی بابی بوو، باوکی نەی ویستبوو بە خورتی بە مێردی بدات. لەو ماوانەی پێش ڕۆژانی ڕۆژووگرتن، لە چەندین شوێنەوە خوازگارانی هاتبوون، هەندێکیان لە کەناری روباری توتسکانەوە هاتبوون کە قۆزاقانی فرە دەوڵەمەندو، لە باوەڕدارانی ئاینی کۆنی مەسیحی بوون، تەنانەت لە (خوپەرو چیر)شەوە خوازگارانی هاتبوون، بەڵام ناتالیا کەسیانی بەگەن نەکرد بوو و دیاری و سەوقاتی‌و هەوڵی خوازگارەکان دادی نەدا بوو.

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ میرون گریگۆروفیچ، لە دڵی خۆیدا زیاتر بەلای گریگۆری دا مایل بوو، چونکە قۆزاقێکی بێباک‌و ئیشکەرو فەلاحێکی زەوی دۆست بوو. لەو رۆژەوە کە لە پێشبڕکێی ئەسپ تاودانەکەدا، خەڵاتی یەکەمی بردبووەوە، پیرەمێرد، لە نێو هەموو گەنجەکاندا، ئەوی پەسند کردبوو. بەڵام لەلایەکی ترەوە پێی نەنگ بوو، کە کیژەکەی بدات بە کوڕێکی هەژار و نەدار کە لە گوندیدا ناوبانگێکی بەدی هەبوو. ژنەکەی شەوانە، دەستی بەسەر باسک‌و قۆڵە پڕ خاڵ‌و نمووس‌و تووکنەکەیدا دێناو بە گوێیدا دەچپاند.

– گەنجێکی بەکارو قۆزە. باوەڕبکە میرون ناتالیا بەڕاستی شەیدای بووە، رۆژ بە رۆژ باریک‌و بنێس دەبێت.... دڵی بردووە.

میرۆن گریگۆروفیچ، پشتی دەکردە سینگ‌و بەرۆکە چرچ‌و ساردەکەی ژنەکەی‌و بە توڕەیی دەی پرتاند:

– وازم لێبێنە، چەنەباز! خوای دەکرد دەتدا بە گەمژەیەك، من هەقم چییە؟ ئاخ! خوا بە قەد دەنکە جۆیەك ئەقڵی پێنەداوی: "کوڕێکی قۆزە...." (میرون دەمەلاسکەی ژنەکەی دەکردەوە) لەسەری دەڕوات:

– بەو دەم‌و قەپۆزە جوانەیەوە دێت درەوت بۆ بکات، ها؟

– مەسەلە درەو و خەلەو خەرمان نییە، دروێنەو خەلەو خەرمان هەموو شتێکی دنیا نییە...

– بۆ نییە، هەموو شتێکە و ئەولاتریش. شەیتان بە نەعلەت بی ها! ئاخر قۆزیەکەی بەچی دەچێ؟ بە کەڵکی چیمان دێت؟ گرینگ ئەوەیە پیاوێکی پیاوانە بێ، سەنگ‌و پێگەیەکی هەبێ!

بەڕاستی من پێم شەرمە بێمە ریزی ئەوانەو کچی خۆم بدەم بە تورکان، دەبێ زاوایەکمان هەبێ لە ڕێزەی خۆمان بێت.

میرون گریگۆروفیچ، بە شانازیو غرووورەوە ئەو قسانەی دەکردو لە نێو جێگاکەدا گینگڵی دەدا. ژنەکەی خۆی لە پشتی هەڵدەسوو ، دەستی بە دەستیا دێناو بە گوێیدا دەچپاند:

– بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش‌و ئیشکەرن‌و بەشی خۆشیان بووەن.

– دەبڕۆ بەولاوە شەیتان، چیتە؟ دەڵێی جێگا قاتیە. خێرە ئەمشەو وەکو چێڵی ئاوس نەوازشم دەکەیت؟ سەبارەت بە ناتالیا، هەرچی دەکەی، بیکە. ئەگەر حەزدەکەی بیدە بە کچێکی قژ کورت!....

لوکی نیچنا، بە گوێچکە توکنەکانیا چپاند:

– ئینسان دەبێ چاکەی منداڵی خۆی بوێ! ماڵی دنیا چییە، خودا یاربێ کوڕە ماڵی دونیاش پەیدا دەکات‌و...

میرون گریگۆروفیچ، لاقەکانی گرمۆڵە دەکات‌و خۆی بە دیوارەکەوە دەچەسپێنێ‌و بۆ ئەوەی وا بنوێنێ کە گوایە خەوتووە، دەست بەپرخ‌و هۆڕ دەکات.

کاتێ ماڵی میلیخوف بۆ وەڵامەکە هاتنەوە، خانەوادەی کورشونوف غافڵگیر بوون. دوای نوێژی بەیانی بە خۆو گالیسکەکەیانەوە، گەیینە بەر ماڵی کورشونوف. کاتێ ئیلی نیچنا، پێی نایە سەر ڕکێفی گالیسکەکە، چیوای نەمابوو وەری گێڕێت، پانتلی پروکوفیچ، وەکو فرۆجە نێرە، لەسەر نشیمەنەکەوە خۆی هەڵدایە خوارێ. هەرچەند ئازار گەییە پێی، بەڵام خۆی لە گێلی داو، بە شەلە شەل، چالاک‌و گورج و گۆڵ، بەرەو ماڵەکە ڕۆیی.

میرون گریگۆروفیچ کە لە پەنجەرەکەوە تەمەشای دەکرد، ئاهێکی هەڵکێشا:

– بە ناخێریان هاتن!.. ڕۆژ نەما بوو ئەمڕۆ نەبێ، بە ملی شکاویان ...

لوکی نیچنا دەی پرتاند:

– ئەیەڕۆ، من لە موبەق بووم، فریا نەکەوتم تەنورەکەم بگۆڕم.

– جلەکانت باشن، عەیبت نییە! خەمت نەبێ، خۆ بۆ خوازگاری تۆ نەهاتوون پیرە گەنە!...

– تۆ لەوەتای هەی نان دراوی، تەربێت نەدراوی! بەڵام تا پیرتر دەبی، ئەقڵت سووکتر دەبێ!.

– زمانی خۆت بگرە ئافرەت!

ژنەکەی، بە دەم پێشوازی خانەوادەی میلیخوفەوە کە گەیی بوونە ناو حەوشە، تەمەشایەکی سەراپای مێردەکەی کردو بە توڕەیی گوتی:

– کراسێکی خاوێن لەبەر بکە، ئێسکی پشتت لەم کراسەی بەرتەوە ڕەش دەچێتەوە. شەرم ناکەیت، ها، شەیتانی پیر!

– مەترسە، بەم حاڵەشەوە دەمناسن. خۆ ئەگەر جاویش لەبەر بکەم، هەر کچەکەمیان دەوێ.

لەم کاتەدا پانتلی پروکوفیچ، کە پێی لە ئاستانەی دەرگاکە هەڵنوتا، بەدەنگی بەرز گوتی:

– چۆنن، سحەتتان باشە!

زۆری نەبرد لە دەنگە بەرزەکەی خۆی تەریق بووەوە، بۆ ئەوەی ئەو بارە خوارە راست بکاتەوە، لە جیاتی جارێ، دووجار لەبەر دەم ئیکۆنەکەدا، نیشانەی خاچی کێشا. میرون گریگۆروفیچ، کە بەگرژی لێی دەڕوانین، وەڵامی دایەوە:

– رۆژ باش!

– شوکر بۆ خوا کەش و هەواکەی خۆشە.

– لە خوا بەزیاد بێ، ئەم رۆژانە هەتاو بوو.

– بۆیە وەزعی خەڵکەکە باشتر دەبێ.

– ڕاستە.

– بە....ڵـ.. ێ.

– ئحمم.

– بەڵێ میرون گریگۆروفیچ، هاتووین، تا بزانین چ بڕیارێکتان داوە... ئایا ئەم خزمایەتیە دەکەین یان نا؟

کەیبانۆی ماڵ بەپیریانەوە هات، لە کاتێکا داوێنی شۆڕی تەنورە پریسییەکەی عاردەکەی دەماڵی، بەدەم خێر هانینەوە لێکدا لێکدا دەیگوت:

– فەرموون، تکادەکەم، فەرموونە ژوورەوە. تکایە فەرموو دانیشن، فەرموو، تکایە زەحمەت مەکێشن.

بەدەم خشەخشی جلەکانیەوە دانیشت. میرون گریگۆروفیچ، هەردوو ئانیشکی دادابوونە سەر مێزەکە، کە مشەمایەکی تازەی بەسەرا درابووو، بەبێدەنگی دانیشتبوو، بۆنێکی ناخۆش، عەینی بۆنی لاستیکی تەڕو شتێکی دی لە مشەماکە هەڵدەستا.وێنەی قەڕاڵ و قەڕاڵیچەی پێشوو بە هەر چوار گۆشەی مشەماکەوە بوو و تەمەشای ئامادەبووانیان دەکرد. لە ناوەندی مشەماکەدا وێنەی شادۆتانی بەرێزو گران قەدر، هەبوو کە بە شەپقەی سپیەوە، نازیان دەفرۆشت و هەروەها وێنەی خودی تزار، خاوەنشکۆ نیکۆلای ئەلکساندروفیچ-ش هەبوو، کە لە گوو میشدا خاڵ خاڵ بوو بوو.

میرون گریگۆروفیچ، بێدەنگیەکەی شکاند:

– بەڵێ... بڕیارمان داوە کچەکەمانتان بدەینێ. ئیدی بتوانین لەسەر جیازیەکە رێکبکەوین، دەبین بەخزم.

لەم بەینەدا ئیلی نیچنا، لە قولایی شوێنێکی نادیاری کراسە بە بریق و باقەکەی خۆیەوە، کە سەری قۆڵ و لەوەندیەکانی هەڵکفابوون، نانێکی گەورەی سپی دەرهێناو بە خشەخش لە سەر مێزەکەی دانا.

پانتلی پروکوفیچ، لە خوت و خۆڕایی، بێئەوەی هیچ هۆیەك لە ئارادا بێ، ویستی نیشانەی خاچ بکێشێت، لێ قامکە زبرەکانی کە لە پلایس دەچوون و بۆ ئەم کارەی حازر کردبوون، تۆزێك بەرزکردنەوەو لە ناکاوا لە نیوەی رێگا پەشیمان بووەوەو دایگرتنەوە. پەنجەکەڵە رەشە ئەستوورەکەی، بە پێچەوانەی ویستی خاوەنەکەیەوە، خزیە نێوان هەردوو قامکی شادەو

ناوەڕاستی، ئەم هێشووە قامکە دزێوەی بە دزییەوە خزاندە ژێر داوێنی پاڵتۆ شینباوەکەیەوەو، بوتڵێکی سەر سووری هێنایە دەرێ.

پانتلی پروکوفیچ، کە رووی گەشابووەوە، چاوانی لێکدا لێکدا دەتروکاندو تەمەشای روخساری میرون گریگۆروفیچی دەکرد، کە پڕ بوو لە نمووسو وردە خاڵانو بە تاسەوە دەستی بە بنی بوتڵەکەدا، کە بە قەد ناڵە ئەسپێك دەبوو، دێنا، پێشنیازی کرد:

– خزمانی ئازیز، ئێستا لە قاپی خودا دەپاڕێینەوەو سوپاسی دەکەینو جامێ مەی هەڵدەدەینو هەنگێ دەربارەی مناڵەکانمانو جیازیو مارەیی گفتوگۆ دەکەین.

دوای سەعاتێك باوکی بووكو زاوا، هێندە لێکدی نزیك بوو بوونەوە کە خەریك بوو ئەڵقەکانی ردێنە رەشە قەترانییەکەی میلیخوف، تێکەڵ بەداوی ساق ردێنە سوورەکەی کورشونوف دەبوو. پانتلی پروکوفیچ، کە بە دەم قسە کردنەوە بۆنی خەیارشۆر لە هەناسەی دەهات، هەوڵی دەدا قەناعەت بەمیرون گریگۆروفیچ بێنێ. بە دەنگێکی گڕی ناسازو لە بن لێوانەوە دەیگوت:

– برای ئازیزم، براله! (دەنگێ، لە ناکاوا تەواو بەرز دەبووەوە، ددانە رەشوکەلۆسەکانی دەردەکەوتن، بەدەم قسەکردنەوە، دەتگوت فیکە دەکێشێت): "برادەر، ئەوەی تۆ لە منی داوا دەکەیت، لە کێشی مندا نییە، مەحاڵە، پێم هەڵناسوڕێت! تۆ دیقەت بدە، برا گیان، جوان دیقەت بدە، بزانە چۆن خەریکە تالانم دەکەی: گیترو گالۆش، ئەمەیەك، پاڵتۆی فەروو، ئەمە دوو، دوو کراسی خوری، ئەمە سێ، سەرپۆشێکی ئاوریشم، ئەمە چوار، یانی دەتەوێ نابووتم بکەی!"

پانتلی پروکوفیچ هێندە بە توندی بازوانی خۆی بڵاودەکردنەوە، لێرەو لەوێ تەقەڵی درومانی پاڵتۆکەی هەڵدەتەقیو تۆزی لێهەڵدەستا. میرون گریگۆروفیچ سەری دانەواند بوو، تەمەشای مشەمای سەر مێزەکەی دەکرد کە ڤۆدگاو ئاوی خەیارشۆری بەسەرا رژا بوو. نووسراوی بەشی سەرووی مشەماکەی خوێندەوە: "ماڵباتی فەرمانڕەوایانی مەملەکەتی رووسیا"و ئەوجا چاوی هێنایە خوارتر (خاوەنشکۆ تزار نیکولای..." باقی نووسراوەکە کەوتبووە ژێر پارچەیەکی توێکڵی پەتاتەوە. تەمەشای خودی وێنەکەی کرد: روخساری تزار کەوتبووە ژێر بوتڵە ڤۆدگا بە تاڵەکەوەو جوان دیار نەبوو. میرون گریگۆروفیچ، کە چاوەکانی بەڕێزەوە دەتروکاند، هەوڵی دەدا ئونیفۆرمە فاخیرەکەی تزار بە کەمەربەندە سپییەکەیەوە باشتر بدینێ، بەڵام ئەو تۆوە خەیارە لینجانەی کە لە دەمیانەوە پەڕی بووە سەر مێزەکە، لێرەولەوێ، بوو بوو بە پەڵە بەسەر جلەکانیەوە. شاژن، بە خۆو شەپقە قەراخ پانەکەیەوە، بە غرووروەوە راوەستا بوو و کچە کاڵو کرچەکانی دەوریان دابوو. میرون گریگۆروفیچ، بە رادەیەك هەستی بە سووکایەتی کرد، لەزگ بوو دەست بەگریان بکات. لە دڵی خۆیدا روو لە شاژن گوتی: "تۆ ئێستا، وەکو قازێك سەری لە ژێر سەبەتەوە دەرهێنا بێ، بە خۆت دەنازی، بەڵام کەی ئەو رۆژە هاتە پێشەوە کە کیژەکانت بە مێرد بدەی، ئەوسا دەت بینمەوە چۆن دەپەشۆکێیو کوێت دێشێت."

پانتلی پروکوفیچ، وەکو هەنگێکی رەشی گەورە، بە گیزە گیز بە بەر گوێیدا دەسوڕایەوە. کورشونوف، چاوانی هەڵبڕین و بە دیقەتێکی زیاترەوە گوێی بۆ قسەکانی میلیخوف رادێرا.

– ئەگەر بتەوێ هەموو ئەم شتانە بۆ کچەکەت، کە لەمەو دوا دەبێ بەکچی منیش... بەڵێ ئەگەر بتەوێ گیتروگالۆش‌و پاڵتۆو... هتد. بۆ بکڕین... هەنگێ ناچار دەبم ئەسپ‌و گاوگۆتاڵی بۆ بفرۆشم.

میرون گریگۆروفیچ، مستێکی بە مێزەکەدا کێشاو هاواری کرد:

– یانی ئەوەی پێرەوا نابینی؟

– نا، وەنەبێ پێی ڕەوا نەبینم، بەڵام...

– پێی رەوا نابینی، ها؟

– گوێ بگرە، خزم!

– ئەگەر پێت ناخۆشەو پێی رەوا نابینی... ئەوا...

میرون گریگۆروفیچ، دەستە ئارەقاویەکانی بەسەر مێزەکەدا ڕامالی‌و هەموو پەرداخەکانی خستنە سەر زەوی.

– کچەکەت خۆی زەرەر دەکات، خۆ دەبێ شتێکی هەبێ پێی بژی!

– زەرەر دەکات چش، ئەوە خەمی تۆ نییە! یا ئەو دیارانەی بۆ دابین دەکەیت، یان ناتان دەمێ!

پانتلی پروکوفیچ، سەرێکی بادا "یانی مانگایەکی بۆ بفرۆشم، مانگایەك لە گەوڕەکەم کەم بێتەوە!" گوارەکەی بەگوێیەوە دەلەرییەوەو پرشنگێکی کزی دەدا.

– هەر دەبێ جیازی بۆ بکەیت!... چەندین سەندووق جلی هەیە.. ئەگەر چاوت لە دووی کچەیە و دڵت گرتوویەتی، دەبێ ریزی من بگریت‌و قسەم نەشکێنی. چیت پێدەڵێم دەبێ وا بکەی!.... ئەم داب‌و نەریت‌و رەسمی ئێمەی قۆزاقانە. لە باو باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوەو هەرواهاتووە، ئێمەش دەبێ چاو لەوان بکەین...

– ڕێزم هەیە بۆت، هەر چیت بوێ وادەکەم!

– هەر چیم بوێ؟

– هەر چیت بوێ!

– سەبارەت بەوەش کە دەبێ شتێکیان هەبێ پێی بژین، پێویستە بە خۆیان رەنج بدەن‌و بژێوی خۆیان پەیدا بکەن. ئێمەش کاتی خۆی کارمان کردووەو ئێستا ژیانمان لە هی خەڵکی باشترە خراتر نییە. بائەوانیش چاو لە ئێمەمانان بکەن‌و ژیانی خۆیان دابینبکەن!...

هەردووپیرەمێرد، ڕدێنە ڕەنگ جیاوازەکانیان لێکدی ناو یەکتریان ماچ کرد. پانتلی پروکوفیچ، خەیار شۆرێکی وشکی نەرمبووگی خوارد. تا تامی ماچەکە لە دەمی خۆی بسڕێتەوە. کۆمەڵێك هەستی هەڤدژو جۆراوجۆر لە ناخیا هاتە جۆش‌و دەستی بە گریان کرد. هەردوو ژنەکەش کە لەسەر یەخدانێك دانیشتبوون، هەستان، دەستیان لە ملی یەکدی وەریناو یەکیان ماچ کرد. خەریك بوو بە ورتە ورت‌و چەنەبازی گوێی یەکتریان کەڕ دەکرد. ئیلی نیچنا وەکو گێلاس سوور هەڵگەڕا بوو، بەڵام لوکی نیچنا، بە هۆی ڤۆدگاوە. ڕەنگی عەینی هەرمێ کێویلەیەکی زستانە کە لە ژێر سەهۆڵ بەندانا، ترشا بێت، سەوز هەڵگەڕا بوو. لوکی نیچنا، هەڵیدایە:

- ... کچی وات لە هیچ شوێنێکی دنیا دەست ناکەویٚ! گوێرایەڵەت دەبیٚ، ڕێزو حورمەتت دەگرێت، لە قسەی تۆ دەرناچێت، حەز ناکات قسە لە قسەی هیچ کەسێکدا بکات.

ئیلی نیچنا، کە ڕوومەتی لە نێو دەستی چەپی نابوو و ئانیشکی چەپی لە دەستی ڕاستی نابوو، هەڵیدایە...

- ئاه گیانەکەم، من چەندین جار بەم سەگ دایکەم گوتووە! ئەم یەك شەممەیەی ڕابردوو، هەر سەر لە ئێوارە، تۆزیٚ تووتنی لەکیسەکەی کردو سەیرم کرد ئامادەی ڕۆیشتنە، پێمگوت: "ئەریٚ بیٚ دینی خوانەناس تۆ کەی واز لەم ژنە دێنیٚ؟ من تاکەی بەم پیرییە، ئەم شەرمەزارییە قەبووڵ بکەم؟ خۆ ستیپان دەتوانیٚ، بە دەستێك ملت با بدات و هەناسەت لەبەر ببڕێت!..."

لەم کاتەدا، میتکا لە مویەقەکەوە، لە درزی سەرووی دەرگاکەوە، دەیڕوانییە ناو ژوورە گەورەکە.. و دوو خوشکە چکۆلەکەی ناتالیا لە خوار ئەوەوە بە چپە یەکیان دەدواند. ناتالیا، لە ژوورێکی دووری ماڵەکەدا، لەسەر موغەیرییەکە ڕۆنیشتبوو و بە قۆڵی تەسکی کراسەکەی فرمێسکەکانی دەسڕی. لەو ژیانە تازەیەی کە لە پێشی بوو دەترسا و گومان و دوو دڵی ئازاریان دەدا.

لە ژوورە گەورەکەدا، سێیەمین بوتڵە ڤۆدگا تەواوکرا. بڕیار درا، زەماوەندەکە بخرێتە ڕۆژی یەکەمی هەیڤی ئاب، یانی ڕۆژی یەکەمی جەژنی مخلص.

((١٩))

ماڵی کورشونوف، یەکپارچە جم و جۆڵ بوو، خۆیان بۆ زەماوەندەکە ئامادە دەکرد. بە پەلە جلی ژێرەوە بۆ بووکیٚ دەدورا. ناتالیا شەوان، وەکو دابی باو، دادەنیشت و دەستکێشی بەن و مل پێچی خوری بۆ مێردی ئایندەی، دەچنی.

دایکی، لوکی نیچنا، تا بەرەبەیان بەسەر مەکینەی درومانەوە دادەنیشت و یارمەتی ئەو ژنە خەیاتەی دەدا کە لە شارەوە بەکریٚ هێنا بوویان.

میتکا، کاتیٚ دەگەڵ بابی و وەرزێرەکانی دیدا لە کاری مەزرایان دەگەڕایەوە، پێش ئەوەی دەست و دەموچاوی بشوات و چەکمە قورسەکانی لە پێیە ماندووەکانی دابکەنێت، دەچوو بۆ ژوورە گەورەکە تا سەری ناتالیا بدات و تاوێك لەلای دادەنیشت و گەورەترین خۆشی ئەوە بوو کە سەر بکاتە سەر خوشکەکەی بە دەم ئاماژەوە بۆ گلۆڵە بەنەکان، بە کورتی دەیپرسی:

- هەر خەریکی چنینی؟

- بەڵیٚ دەچنم، چی تیایە؟

- خۆت بە چنینەوە بکوژە، گەوجە. لەجیاتی سوپاست بکات و مەمنوونت بیٚ، بە مستان دەم و قەپۆزت دەکوتێتەوە.

- لەسەر چی؟

- هەروا، من گریشا دەناسم، برادەرمە. سەگێکە لەو گۆڕە، لە خوت و خۆڕایی دەتگەزێت.

- درۆ مەکە! وا دەزانی من نایناسم.

– بەڵام من باشتری دەناسم. هاوڕێی قوتابخانە بووین.

میتکا، دەڕوانێتە ناو لەپی خۆی کە هێندەی کلکە شەنان گرتبوو، تەواو روشا بوون‌و باڵا بەرزەکە دادەنەوێنێ‌و بە دوو روویی‌یەوە ئاهێك هەڵدەکێشێت‌و دەڵێ:

– ناتاشکا، ژیانت لەگەڵ ئەوا بە فێرۆ دەڕوات! هەر بە کچی بمێنیتەوە زۆر باشترە. ئاخر خۆشیت بە چی ئەودا چووە، ها؟ ئەوەندە ناشیرینە ئەسپیش لێی دەسڵەمێتەوە، زیرەکیش نییە... کە لە نزیکەوە بیبینی، قێزت لێی دەبێتەوە!....

ناتالیا، تورە دەبێ، فرمێسکەکانی دەخواتەوەو بێدەسەڵاتانە سەری لە نێو ئەو مل پێچە دەنێ کە خەریکی چنینی بوو. میتکا بێرەحمانە لەسەری دەڕوات: "لە هەموو ئەمانەش وەتر کابرایەکی دڵڕەقە... تۆ بۆچی دەگریت؟ بەختی خۆت دەسووتێنی. بەڕاستی ناتالیا تۆ گەوجی! جوابی بکە! ئەگەر خۆت بتەوێ، هەر ئێستا سواری ئەسپەکەم دەبم‌و دەڕۆم بۆ ماڵیان‌و پێیان دەڵێم: جارێکی دی بەم ناوەدا نەیەن...

لێ باپیرە گریشاکا دێت بە فریای ناتالیاوە. بە دارە تەقێ خۆی دەگەیەنێتە ژوورەکە. دەستێك بە ڕدێنە زەردە زبرەکەی خۆیدا دێنێ: نوکی دارعاساکەی دەژەنێ بە قەبرغەی میتکاوەو لێی دەپرسێت:

– هەتیوەی خوێڕی، تۆ چی دەکەی لێرە،ها؟

میتکا، بە دەم پاکانە کردنەوە، وەڵام دەداتەوە:

– هاتوومە هەواڵ پرسی باپیرە.

– هەواڵ پرسی؟ ها؟ لێ هەتیوەی لات، وا پێت دەڵێم، خێرا لێرە وەدەربکەوە، دەی بەرەو پاش!

باپیرە، دار عاساکەی هەڵدەبڕێ‌و بەلاقە لەرزێ بەرەو میتکا دەڕوات.

باپیرە گریشاکا، تەمەنی هەفتاو نۆ ساڵ بوو. لە ساڵی ١٨٧٧دا بەشداری، شەڕی عوسمانیانی کردبوو و موراسیل‌و بەردەستی جەنەڕاڵ گۆرکۆ بوو، بەڵام پاشان جەنەڕاڵ لێی چوو بوو بە قیناو بۆ تیپەکەی خۆیان ناردبووەوە. لەبەر هونەرنمایی‌و ئازایەتی لە بەرەی شەڕی بلیڤناو ڕۆچیچدا، دوو نیشانەو میداڵێکی سان گیورگی وەرگرتبوو. لە ماڵی کوڕەکەیدا دەژیا، لەبەر هۆشنی‌و زەین روونی‌و دروستکاری‌و هەقپەروەری خۆی، مایەی رێزو حورمەتی هەموو خەڵکی گوندەکە بوو. ئیدی دوا ساڵەکانی تەمەنی، بەدەم بیرەوەریە دێرینەکانی خۆیەوە دەگوزەراند.

هاوینان، لە سپێدەی بەیانیەوە تا خۆرئاوا، لەسەر تەختێکی تەنیشت ماڵەکەیانەوە ، دادەنیشت‌و، سەری دادەخست‌و، بە نووکی دارعاساکەی خەت خەتۆکێی لەسەر عاردەکەی بەردەمیا دەکێشاو، جۆرەها بیرۆکەو وێنەێن گۆنگ‌و پەراگەندە بە زەینیا دەهات، زۆر بیرەوەری، لە تاریکستانی فەرامۆشییەوە، سەریان هەڵدەدایەوە.

قەراخی شکاوی شەپقە کۆن‌و کاڵەوەبووە قۆزاقیەکەی، سێبەرێکی خەستی دەخستە سەر چاوە داخراوەکانی. ئەم سێبەرە، چرچ‌و لۆچەکانی سەر گۆناکانی قووڵتر دەنواند‌و ردێنە سپیەکەی مەیلەو شین دەنواند. بە قامکەکانیا کە نابوونیە سەر دار عاساکەی‌و بەو دەمارە

درشت و ڕەشانەی پشتی دەستەکانیەوە، خوێنێکی ڕەش و وەکو خاکی کێڵگەکان، بە خاوی دەڕۆیی.

ساڵ بە ساڵ خوێنی ساردتر دەبوو. باپیرە، دەچووە لای ناتالیای نەوەی ئازیزو گلەیی ئەو حاڵەی لە لا دەکرد.

– گۆرەوەی خوریم لە پێکردووە، بەڵام پێیەکانم گەرم ناکاتەوە. پێویستە جووتێ گۆرەوی دیکەم بۆ بچنی کچەکەم.

ناتالیا بە دەمیەوە پێدەکەنی، دەهات لەلایەکەوەو لەسەر تەختەکە دادەنیشت و بە دەم تەمەشاکردنی گوێچکە گەورەو زەردو چرچ و لۆچەکانی باپیرەوە دەیگوت:

– چۆن باوە گەورە، خۆ تازە وا هاوینە!

– چار چیە کچەکەم؟ ڕاستە هاوینە، بەڵام فایدەی نییە، چونکە خوێنم، وەکو ناخ و قوڵایی ئەم زەوییەی ژێرمان، ساردە.

ناتالیا چاوی بڕییە دەمارەکانی سەر دەستی بابە گەورەی. یادگاری ڕۆژێکی منداڵی خۆی وە بیرهاتەوە. لە حەوشەکەی خۆیاندا بیرێکیان هەڵدەکەند، ئەو کە هێشتا منداڵێکی بچووک بوو، لەو گڵە شێدارەی کە بە سەتڵ لە بیرەکەیان هەڵدەکێشا، ناشیانە بووکەڵەو مانگای بێشاخی دروست کردبوو. ئێستاش بیری ماوە کە وەختێ دەستی دەنایە ئەو گڵەی لە قووڵی نزیکەی پێنج مەترەوە دەریان هێنابوو، چەند سارد بوو. ئەم بیرەوەریە کردیە کارێك کە بە ترسەوە بڕوانێتە دەستەکانی بابە گەورەی کە یەکپارچە خاڵ و لەکەی قاوەیی پیری بوو. وای هەست دەکرد ئەوەی بە دەمارەکانیا دەڕۆیی خوێنێکی گەش و سوور نەبوو، بەڵکو قوڕاوێکی ڕەش بوو. ناتالیا لێی دەپرسیٚ:

– بابە گەورە، تۆ لە مردن دەترسیت؟

بابە گەورە، ملی خۆی، کە یەکپارچە چرچ و لۆچ و دەمار بوو، بەجۆرێ وەردەگێڕێت وەك ئەوەی بیەوێ لە ملیوانی چاکەتە عەسکەرییە کۆنەکەی ڕزگاری بکات و سمێڵە بۆزەکانی دەجوڵێنیٚ.

– من وەکو یەکێك چاوەڕوانی میوانێکی زۆر ئازیز بکات، بەو ئاوایە چاوەڕوانی مەرگ دەکەم. ئیدی وەختی ڕۆیشتنم هاتووە.

ئەوجا بزەیەکی بۆ دەکات، ددانە سپیەکانی دەردەکەون، چرچ و لۆچەکانی دەوری چاوی دەلەرزێنیٚ و لەسەری دەڕوات:

– من ژیانی خۆم کردووە. خزمەتی تزارانی خۆم کردووەو بەشی خۆم ڤۆدگام خواردووەتەوە.

ناتالیا، دەستەکانی باپیرەی نەوازش دەکات و هەڵدەستیٚ و دەڕوات بەلای کاری خۆیەوە. بەڵام باپیرە، هەر بەو دەقەوە، بەپشتی کۆماوەوە، بە جلە خاکیەکەیەوە، کە لە چەندین شوێنەوە پینەکرابوو، کە قەیتان و نیشانە سورەکانی سەر یەخە ڕەقەکەی، دیمەنێکی جوانی پیٚ دەبەخشی... باپیرە بەو دەقەوە لەسەر تەختەکە دەمێنێتەوەو بە نووکی دارعاساکەی ئەرزەکە دەنەخشێنیٚ.

هەواڵی شووکردنەکەی ناتالیای بە رواڵەت بە ئاسایی وەرگرت، بەڵام لە کانگای دڵەوە زۆری پێناخۆش بوو. ناتالیا، لەسەر نان خواردن باشترین پارووی هەڵدەبژاردو دەیدا بەو. جلەکانی بۆ دەشت، گۆرەوی بۆ پینە دەکرد، گۆرەوی تازەی بۆ دەچنی، پانتۆڵ و کراسی بۆ پینە دەکرد. بۆیە پیرەمێرد کە ئەم هەواڵەی بیست، تا دوو دانە رۆژ بەغەزەبەوە دەیڕوانیە ناتالیا.

لە میرون گریگۆریوفیچی پرسی:

– بنەماڵەی میلیخوف، قۆزاقی باش بوون، پروکوف رەحمەتی قۆزاقێکی کەم وێنە بوو، ئەدی نەوەکانی چۆنن، ها؟

میرون گریگۆروفیچ کە دەیویست خۆی لە وەڵامدانەوەی بدزێتەوە گوتی:

– خراپ نین.

– ئەم گریگۆریە، گەنجێکی بە ئەدەب نییە، لوتبەرزە. حورمەتی خەڵکی ناگرێت. رۆژێك لە کڵێسا دەهاتمە دەرێ، لووتم تەقی بە لووتیا، سڵاوی لێنەکردم. ئەم زەمانە خەڵکی قەدری پیرەمێردان ناگرن.

لوکی نیچنا، پشتی زاوای ئایندەی دەگرێت و دەڵێت:

– کوڕێکی زۆر باشە.

– ها؟ گوتت زۆر باشە؟ دەی باشتر، مادامێکی ناتاشکا بەگەنی کردووە...

باپیرە گریشاکا، بەشدارییەکی ئەوتۆی لە گفتوگۆی خوازگاریەکەدا نەکرد بوو. لە ژوورەکەی خۆی وەدەرکەوتبوو، کەمێك لەسەر خوانەکە دانیشتبوو، بە زەحمەتێکی زۆر چۆرێك ڤۆدگای خواردبووەوەو هەرکە هەستی کردبوو سەری گەرم بووە، خێرا هەستا بوو و ڕۆیی بوو.

بە درێژایی دوو ڕۆژ، بێئەوەی هیچ شتێك بڵێت، چاودێری ناتالیای کردبوو، کە هەم شادمان بوو و هەم لە باری دەروونیەوە دوو دڵ و نیگەران بوو. بەردەوام سەری سمێڵە بۆزەکەی دەجوو، دەستە ئامال سەوزەکانی بە ڕدێنی خۆیدا دێنا. پاشان بە ئاشکرا هێورتر بووبووەوەو بەمیهرەبانی ناتالیا بانگ دەکات: "ناتالیا کچەکەم، دەتبینم خۆشحاڵیت، وایە؟" ناتالیا بە راشکاوی دەڵێت: "باپیرە، خۆشم نازانم."

– باشە، باشە... مەسیح یارت بێ! خودا بکات کە...

ئەوجا کەوتە گلەیی و گازەندەیەکی سەر ڕێژ لە نا ئومێدی و خەم و پەژارە:

– نەتدەتوانی ئەوەندە چاوەڕوان بکەی تا من دەمردم، ناڕەسەن، مەگەر نەتدەتوانی دوای من شوو بکەیت... ژیانم بەبێ تۆ زۆر تاڵ دەبێت.

میتکا، کە لە موبەقەکەوە گوێی لێدەگرتن، هەڵیدایە:

– باوە گەورە، باشە تەقو سەد ساڵی دیکە بژیت. یانی ئەم فەقیرە دەبێ تا ئەو کاتە چاوەڕوان بکات؟ تۆش خۆشی!

پیرەمێر، لە تووڕەییدا رەش دادەگەڕێت. نووکی دارەکەی و پێیەکانی بە عاردیدا دەدات و هاوار دەکات:

– دەمت تێکبنە هەتیوەی خوێڕی، توخمە سەگ! بڕۆ! هەی شەیتانی نەحلەتی! لە پشت دەرگاوە دەوەستی و گوێ هەڵدەخەی هەی بێشەرەف!

میتکا، بە پێکەنینەوە رادەکاتە ناو حەوشە. بەڵام بابە گەورە، لە سەر جنێوی خۆی بەردەوام دەبێ و نەفرەت لە میتکا دەکات. لاقەکانی لە نێو گۆرەویە خوریە کورتەکانیەوە، لە حەژمەتاندا دەلەرزین.

دوو خوشکە چکۆلەکەی ناتالیا، کە یەکێکیان کچۆڵەیەکی پارچەڵەی دوازدە ساڵان بوو و ناوی ماریشکا بوو، ئەویتریان گریپکای ناو بوو و هەشت ساڵانێکی زیتەڵە بوو. ئەم دووانە بە پەرۆشەوە چاوڕوانی رۆژی زەماوەندەکە بوون.

ئەو وەرزێرانەی کە بەردەوام لە ماڵی کورشونوفدا دەژیان، لە دڵی خۆیاندا زۆر خۆشحاڵ بوون، بە تەماو ئومێدی ئەوە بوون کە بەو بۆنەیەوە ئاغایان دیاریەکی باشیان بداتێ، نان‌و زیافەتێکی باشیان دەرخوارد بدات‌و یەك دوو رۆژ پشوویان بداتێ. یەکێك لە وەرزێرەکان پیاوێکی ئۆکرانی خەڵکی بوگوچار بوو، کە بە قەد ڕیکێ درێژ دەبوو، ناوێکی سەیری هەبوو: گت بابا. ئەمە هەر شەش مانگ کەڕەتێك دووچاری خواردنەوەو بەدمەستی دەبوو، لەم حاڵەتەدا کرێکەی و هەرچی داراییەکی هەبوایە، خەرجی بادەنۆشی دەکرد. ماوەیەك بوو هەستی دەکرد، ئەو حاڵەتەی بۆ هاتووەو خەریکە سوێی دەبێتەوە، بەڵام زۆری لە خۆی دەکرد، کە ئەم بادە نۆشییە دوا بخات‌و دەگەڵ رۆژی زەماوەندەکەدا یەکیبخات.

وەرزێری دووەم ناوی میخی بوو، قۆزاقێکی داڵەگۆشتی ڕەشتاڵەی خەڵکی ناوچەی میگولینسکایا بوو، ماوەیەکی زۆر نەبوو کە لای کورشونوف کاری دەکرد. ئەمە دوای ئەوەی هەرچی دارو نەداری هەبوو سووتا بوو، ناچار ملی بە وەرزێریەوە نابوو. بەهۆی دۆستایەتی گتکۆوە (لەبەر ئاسانی بە گت بابایان دەگوت گتکۆ) بەرە بەرە خووی دایە بادەنۆشی. ئەم پیاوە ئاشقی ئەسپ بوو، هەرکاتێ مەست بوایە، دەستی بەگریان دەکرد. دەموچاوە کۆسەو بێ برۆکەی لە فرمێسکا هەڵدەکشا. تکای لە میرون گریگۆروفیچ دەکرد:

– ئەزبەنی! ئەزبەنی گیان! کاتێ کیژەکەت بە شوودا، رێگەم بدە با بەو بۆنەیەوە بەشداری پێشبڕکێی ئەسپان بکەم. با میخی بچووکت گالیسکەکە ببات. بزانە چ حەشرێك دەکەم! دەتوانم بەناو ئاگرا بیبەم‌و تاڵە موویەکی ئەسپەکە نەسووتێ. ئاخر منیش رۆژێ لە رۆژان، دوور لە ئێستا چەندین ئەسپم هەبوون، ئاخ!.

گت بابا کە پیاوێکی عەبووس و گۆشەگیرو دوورە خەڵك بوو، بەبێ هیچ هۆیەکی دیار، زۆر هۆگرو ڕموودەی میخی بوو بوو، بەردەوام هەمان نوکتەو شۆخی دەگەڵدا دووبارە دەکردەوە. دەستە درێژەکانی بە ئەژنۆکانیا دێناو دەیپرسی:

– میخی، گوێت لێمە چ دەڵێم؟ تۆ خەڵکی کام ستانی؟ ئەوجا دەنگی خۆی دەگۆڕی‌و هەر خۆی وەڵامی دەدایەوە:

– میگولینسکایا.

– باشە، بۆچی ئەوەندە کەری؟

- ئێمە لە گوندەکەماندا هەموومان هەروایین."

دوای ئەم نوکتەو شۆخیە، کە بەردەوام بە هەمان شێوە دووبارە دەبووەوە، بە هەمان شێوە لە قاقای پێکەنینی دەدایەوەو بە جۆرێ دەستی دەکێشا بە رانە درێژەکانیا کە دەنگی دەدایەوەو (میخی)ش بە بوغزو کینەوە دەیڕوانیە دەموچاوە تەراش کراوەکەی و قوڕ قوڕاگەی کە بەرزو نزم دەبووەوەو بە بایەقوش و گەنەی ناو دەبرد.

رێوڕەسمی زەماوەندەکە خرایە هاوین، خرایە یەکەم رۆژی پاش رۆژووی گەورە. هێشتا سێ هەفتەی مابوو، گریگۆری لە رۆژی میعراجی مریەمدا هات بۆ دیدەنی دەزگیرانەکەی، لە ژووری میواندا، ماوەیەك لە دەوری مێزە خڕەکە دانیشت و دەگەڵ دۆستانی ناتالیادا، ناوکە گوڵە بەڕۆژەو کاکڵە گوێزی خواردو رۆیی. ناتالیا بەرێی کرد. کاتێ گەیینە ژێر ئەو کەپرو ساباتەی کە ئەسپەکەی گریگۆری بەزین و قایش و قورشی تازەوە لەسەر ئاخوڕی پڕ کاو جۆ بەسترا بۆوە، ناتالیا دەستی کرد بەسینگ و بەرۆکی خۆیا، لە شەرما سوور بووەوە، بە چاوانی تەژی ڤیان و ئەشقەوە، روانیە گریگۆری و پریاسکەیەکی نەرمی، لە سنیگ و بەرۆکیا، کە هێشتا هالاوی گەرمی سینگ و مەمکی لێهەڵدەستا، دەرهێناو دایە دەستی گریگۆری.

گریگۆری، دیاریەکەی لێوەرگرت و ددانە سپیەکانی کە لە دانی گورگ دەچوون، سەرنجی ناتالیان ڕاکێشا، پرسی:

- ئەمە چییە؟

- تەمەشای بکە، کیسەی تووتنە، بۆم گوڵدۆزی کردوویت.

گریگۆری بە دوو دڵیەوە، بەمەبەستی ڕاموسان بەرەو خۆی ڕایکێشا. بەڵام بە توندی هەردوو دستی نا بەسینگی گریگۆریەوە و خۆی دوور خستەوەو ئاوڕێکی پاشی دایەوەو بەترسەوە روانیە پەنجەرەکان.

- دەمان بینن!

- جا چیە، با بمان بینن؟...

- شەرم دەکەم!.

گریگۆری گوتی:

- هی ئەوەیە کە ئەمە یەکەم جارتە!

ناتالیا، هەوساری ئەسپەکەی بۆ گرت، گریگۆری سواری ئەسپەکە بوو، برۆکانی وێك هێنایەوەو پێی لە رکێفەکە نا. هەنگێ، بە ئاسوودەیی لەسەر زینەکە دانیشت و لە حەوشە وەدەر کەوت. ناتالیا کە دەروازەکەی بۆ کردبووەوە، دەستی کرد بە سێبەر بۆ چاوەکانی و لە دواوە تەمەشای دەکرد. گریگۆری بە شێوەی کالموکیان سواری ئەسپەکەی بوو بوو، کەمێك بەلای چەپا خۆی خوار کردەوەو بە شادییەوە قامچیەکەی بادا.

ناتالیا لەدڵی خۆیدا گوتی: "تەنیا یازدە رۆژی ترە!" ئەوجا هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشاو کەوتە پێکەنین.

گەڵای سەوزی نووك تیژی گەنم، لە زەویەوە سەر دەردێنیٚ، چەکەرە دەکات‌و دەڕوێت، دوای مانگ‌و نیوێك ئەوەندە بەرزدەبێتەوە کە قەلە رەشێك بتوانیٚ پەنای بەرێتیٚ، خۆی تیادا بشارێتەوەو کەس نەیبینیٚ. ئەم گیایە شیلەی زەوی دەمژیٚ، بەساقەتەکەیدا دەیگوازێتەوەو گوڵ دەکات، گوڵەکە دان دەگرێت. دانەکە لە هەوەڵەوە، دەبیٚ بە فەریك، پڕدەبیٚ لە شیلەیەکی زەردباوی شیرئاسای بۆنخۆش. جووتیار دەچێتە دەشت‌و دیقەت دەدات، دڵ‌و دەروونی پڕ دەبێت لە کەیف‌و شادی. لە ناکاوا گاگەلێك، لە شوێنێکی نادیارەوە بێت‌و مل بەو کێڵگەیەوە بنیٚ‌و هەر هەمووی پێشێل بکات‌و گوڵە گەنمی پرو قورس بە عەردەکەوە پان‌و پلیش بکاتەوەو تەنیا چنگیٚ کاوکۆتی لێبمێنێتەوە، دیارە ئەم دیمەنە ترسناکە،ئەم دیمەنە دڵتەزێنە، دڵی یارۆی جووتیار پڕ دەکات لە داخ‌و کەسەرو نا ئومێدی.

ئەمە هەمان ئەو شتە بوو کە لە ئەکسینیا رووی دابوو. گریگۆری بە چەکمە قورس‌و زبرەکانی خۆی، ئەو هەستەی پێشێل کرد، کە چەکەرەی کرد، رووا، گوڵی کردو بەری گرت‌و بوو بە گوڵێکی پڕو قورس، پێشێلی کرد، پان‌و پلیشی کردەوە، لەوتاندی، ئاگری تێبەرداو کردی بە چنگێك خۆڵەمێش.

پاش دیدارو ژوانەکەی ئەو رۆژەی ناو بێستانی گوڵە بە رۆژەکانی خانەوادەی میلیخوف، ترس‌و بۆشاییەکی سەیر کەوتە دڵ‌و دەروونی ئەکسینیاوە، وەکو کێڵگەیەکی بەرەڵلای بیٚ خاوەن بیٚ‌و دڕوو گیاکەڵە تێی دابیٚ‌و بووبیٚ بە بەیارێکی چۆڵ‌و هۆڵ.

بە درێژایی رێگا، لکی لەچکەکەی جوو بوو. گریان ئەوکی گرتبوو. هەرکە گەییە ماڵەوە، یەك تەختە خۆی بە عاردیدا دا، ڕوندك و کەسەرو داخی دڵ خەریك بوو خەفەیان دەکرد. بۆشاییەکی ترسناك دابویە مێشکی... پاشان ئەم قەیرانە تێپەڕی، بەڵام شتێك کانگای دڵی ئازار دەدا.

ئەو گەنمەی کە گاگەلەکە پێشێلی کردووە، جارێکی دی سەر بەرز دەکاتەوە، ئاونگ‌و هەتاو زندووی دەکاتەوە. وەکو پیاوێك کە لە ژێر بارێکی قورسا چەمابیٚ، ساقەتەکان لە هەوەڵەوە خوارن، پاشان راست دەبنەوەو سەر بەرز دەکەنەوەو لەبەر هەتاوا و بەدەم باوە دەشنێنەوەو سەر لە نویٚ دەژێنەوە و دەگەڕێنەوە دۆخی جاران...

بەو ئاوایە، شەویٚ کاتیٚ کە ئەکسینیا، بەوپەڕی پەریشانی، مێردەکەی نەوازش دەکرد، بیری لە پیاوێکی دیکەش دەکردەوەو ڕق‌و خۆشەویستیەکی گەورەو راستەقینە لەدڵ‌و دەروونیا تێکەڵ دەبوون. ئەکسینیا، لە دڵی خۆیدا نەخشەی بۆ گوناحێکی تازەو ریسواییەکی تازە دەکێشا. سوور بوو لەسەر ئەوەی کە گریگۆری لە ناتالیای خۆشبەخت، کە لە هەر تاڵی و شیرینییەکی ئەشق‌و ڤیان بێئاگا بوو، زەوت بکات.

شەویٚ، کە لە پاڵ مێردەکەیدا ڕاکشا بوو، بە چاوانی نیوە کراوەو وشکەوە دەیڕوانیە تاریکیەکەو لە هزری خۆیدا نەخشەکانی تاوتویٚ دەکرد. قوڵی ڕاستی لە ژێر سەری ستیپاندا، کە خەوی لێکەوتبوو، سڕ بوو بوو، قژە درێژو لوولەکەی ستیپان بەلادا کەوتبوو و هێندەی دی جوانی دەنواند. ستیپان، بەزاری نیمچە داخراوەوە هەناسەی دەداو بەدەم خەوەوە دەستی راستی لەسەر سینەوەمەمکی ژنەکەی ئارامی گرتبوو. قامکە ئاسنینەکانی کە بە هۆی کارکردنەوە

زبر بوو بوون، دەجولان. ئەکسینیا بیری دەکردەوە. نەخشەی دەکێشا، لایەنە جۆراو جۆرەکانی تاوتوێ دەکرد. سوور بوو لەسەر یەك شت، ئەویش ئەوە بوو: گریشا لە دەستی هەر کەسێکا بێ، دەری دێنێ بۆ خۆی، لە عەشقا غەرقی دەکاتو وەکو جاران قۆرخی دەکات بۆ خۆی. بەڵام ئازارێکی قووڵی لە دڵدا بوو، وەکو هەنگ پێیدا دەچزا.

ئەوە حاڵی شەوانی ئەکسینیا بوو، بەڵام بە ڕۆژەوە، خۆی بەکارێن ناو ماڵەوە مژوول دەکردو ئەو بیرانەی فەرامۆش دەکرد. هەندێجار کە بە ڕێکەوت تووشی گریشا دەبوو، ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا، لەشو لاری جوانو ئارەزوو بزوێنی خۆی لە هەنبەریا بادەداو زەق زەقو بێهیچ شەرمو شورەییەك چاوانی لە دوڕ چاوە ڕەشەکانی دەبڕی.

گریگۆری، دوای هەر بەرخوردێك مەیلی لەسەری تازە دەبووەوەو خەریك بوو پەڕوباڵی بۆ دەربکات. لە خۆیەوە تووڕە دەبوو، داخی دڵی خۆی بەسەر دونیاشکاو دایکیدا دەڕشت. زۆر جار شمشێرەکەی هەڵدەگرت، دەچووە حەوشەکەی پشتەوەو دەکەوتە بڕینەوەی لقو پۆپی ئەو دارە ئەستورانەی کە لەوێ ڕوا بوون. وازی نەدەهێنا تا لە ئارەقەدا هەڵدەکشا، لە زەرفی هەفتەیەك دا، خەرمانێکی گەورەی دارو هەژگو بژاڵی فەراهەم کرد. پانتلی پروکوفیچ، بەمە زۆر پەست بوو، لە کاتێکا گوارەکەی بە گوێیەوە دەبریسکایەوەو سپێنەی چاوانی دەدرەوشایەوە، بەدەم جنێودانەوە دەی بۆڵاندو دەیگوت:

– حەرامزادەی ناڕەسەن! ئەوەندەی لقو پۆپ بڕیوەتەوە، بەشی دروستکردنی دوو پەرژین دەکات! قەحپە دایکە لێم بووە بە شمشێربازر. بڕۆ لە بێشەکاندا مەشقی داربڕینەوە بکە... پەلە مەکە کوڕم، کە بۆخزمەتی سەربازی بانگ کرایت، بە کەیفی دڵی خۆت شمشێر بوەشێنە! خەڵکی وەکو تۆ لەوێ، بە کەمترین ماوە دەکەن بە بنیادەم...

((٢١))

چوارگالیسکەی رازاوەی جووت ئەسپە ئامادە کرابوون تا بڕۆن بووکێ بێنن. لە حەوشەی ماڵی میلیخوفدا، کۆمەڵێك بە جلو بەرگی تازەی شاییەوە، بە دەوری گالیسکەکاندا لە هاتوچۆدا بوون. پیوتەر کە برا زاوا بوو، چاکەتێکی ڕەشو پانتۆڵێکی شینی قەیتانداری لەبەر کردبوو، دوو دەسەسڕی سپی لە باسکی چەپی بەستبوو. بسکەی سمێڵە زەردەکەی دەهات. بۆ ساتێکیش زاوای بە تەنیا بەجێ نەدەهێشت. بە براکەی گوت:

– گریگۆری، شەرم مەکە، سەرت وەکو کەڵەباب بەرز بگرە، ڕووت گرژ مەکە!

ئاپۆڕای دەوروبەری گالیسکەکان هەر مقۆ مقۆو هەراو هەنگامەیان بوو.

– کوا برا زاوا لە کوێیە؟ کاتی ڕۆییشتنە.

– کاکە!

– ها؟

– سواری گالیسکەی دووەم بە، گوێت لێبوو چیم گوت ؟

– کورسییان لە ناو گالیسکەکان داناوە؟

– خاترجەم بە! ئەگەر کورسیشی تیا نەبێ، ناوەکەی نەرمو خۆشە.

داریا، شووش‌و باریك‌و نه‌رم‌و نیان‌و، بالا به‌رز عه‌ینی چنار، ته‌نوره‌یه‌كی سوڤ سوور، عه‌ینی ره‌نگی تووتركی له‌به‌ر كردبوو. برۆ كه‌وانیه، به ئاسته‌م ره‌نگ كراوه‌كانی هه‌ڵبڕی‌و ئانیشكێكی له پیوته‌ره‌وه ژه‌ند:

– به باوكت بڵێ، دره‌نگه، ئێستا ئه‌وان له‌وێ چاوه‌ڕوانمان ده‌كه‌ن.

پیوته‌ر، دوای ئه‌وه‌ی ده‌گه‌ڵ بابیا كه تازه هاتبوو، چه‌ند چیه چپێكی كرد، هه‌نگێ فه‌رمانی دا:

سه‌ركه‌ون، پێنج نه‌فه‌رتان ده‌گه‌ڵ زاوادا، بێنه گالیسكه‌كه‌ی منه‌وه. ئانیكی، تۆ ببه به عاره‌بانچی‌و عه‌ره‌بانه‌كه بازۆ.

ئاماده بووان، سواری گالیسكه‌كان بوون. ئیلی نیچنا، به‌كوڵمی سوورو ئاڵه‌وه، به ره‌فتاری پڕ شكۆوه، ده‌روازه‌كه‌ی كرده‌وه، هه‌ر چوار گالیسكه‌كه له حه‌وشه وه‌ده‌ركه‌وتن، هه‌ركه گه‌ینه سه‌ر جاده‌كه، كه‌وتنه پێشبڕكێ و هه‌ر یه‌كه‌یان هه‌وڵی ده‌دا پێشی ئه‌وانی دی بداته‌وه.

پیوته‌ر له ته‌نیشت گریگۆریه‌وه دانیشتبوو، داریا له هه‌نبه‌ر ئه‌وانا ده‌سه‌سڕه دانتێلاكه‌ی باده‌دا، به هۆی چاڵ‌و چۆڵ‌و كۆسپ‌و ته‌گه‌ره‌ی رێگاو ته‌كان‌و هه‌ڵته‌ك هه‌ڵته‌كی گالیسكه‌كه‌وه، ئه‌و گۆرانیه‌ی كه ده‌یانگوت، پچڕ پچڕ ده‌بوو. ئیدی ئه‌و ده‌شته پڕ بوو له شه‌پقه‌ێن قۆزاقی لێوار سوورو چاكه‌ت‌و ئونیفۆرمی شین‌و ره‌ش‌و قۆڵی به بازوبه‌ندی سپی و په‌لكه‌ره‌نگینه‌ی سه‌ر پۆش‌و له‌چكی ژنانه‌و ته‌نوره‌ێن ڕه‌نگاو ڕه‌نگ. ته‌نكه تۆزو غوبارێك له دوای هه‌ر گالیسكه‌یه‌كه‌وه هه‌ڵده‌ستا. كاروان تێده‌په‌ڕی‌و رێگای ده‌پێچایه‌وه.

ئانیكی، دراوسێی ماڵباتی میلیخوف‌و نه‌وه‌ی پوری گریگۆری، گالیسكه‌كه‌ی زاوای ده‌ڕانی، به جۆرێ خۆی دابوو به پێشا له زگ بوو بكه‌وێت به‌سه‌ر پاشه‌ڵی ئه‌سپه‌كاندا، په‌یتا په‌یتا قامچیه‌كه‌ی باده‌داو ده‌نگی ئه‌سپه‌كانی ده‌دا. ئه‌سپه‌كان كه له ئاره‌قه‌دا هه‌ڵكشا بوون، به جۆرێ ته‌كانیان ده‌دا له زگ بوو مژانی گالیسكه‌كه بشكێنن. وه‌كو تیر بۆی ده‌رده‌چوون‌و تاویان ده‌دا. پیوته‌ر هاواری ده‌كرد:

– قامچی! قامچی بوه‌شێنه!...

ئانیكی كه وه‌كو خه‌سیوان، كۆسه‌یه‌كی بێریش بوو، چاوێكی له گریگۆری داگرت‌و سووكه بزه‌یه‌ك، چرچی خسته ده‌مو چاوه لووسه ژنانیه‌كه‌ی، به ده‌م هاواره‌وه، ئه‌سپه‌كانی به‌ر قامچی دا.

ئیلیا ئوجوگین، خاڵی زاوا، كه له گالیسكه‌ی دووه‌مدا بوو و ده‌یویست پێشیان بكه‌وێ هاواری كرد:

– رێگام بكه!...

گریگۆری، له پشت خاڵیه‌وه، چاوی به ڕوخساری شاد وگۆنا تاوه‌گازه‌كانی دونیاشكا كه‌وت، كه به‌ده‌م هه‌ڵته‌ك هه‌ڵته‌كی گالیسكه‌كه‌وه هه‌ڵده‌به‌زییه‌وه.

ئانیكی، هه‌ستایه سه‌ر پێیان‌و هاواری كرد:

– شتی وا نییه، مه‌حاڵه پێشم بكه‌وی!

هەنگێ فیکەیەکی درێژو تیژی کێشاو ئەسپەکانی بەر قامچی دا، ئەسپ شێتانە دایانە چوارناڵە، داریا هاواری کرد:

– ئێستا دەکەوی!....

و لە جێی خۆی هەستاو باوەشی بە چەکمە درێژو بریقەدارەکانی ئانیکی دا کرد. خاڵە ئیلیاش لای خۆیەوە هاواری کرد: "ئاگادار بە، خۆت توند بگرە!" بەڵام دەنگی لە نێو تەق و هۆڕی چەرخی گالیسکاندا ون بوو.

دوو گالیسکەکەی دی، کە پڕبوون لە ژن و پیاوی بە جل و بەرگی ئاڵاو واڵاو تازەوە، شان بەشانی یەکدی بەسەر جادەکەدا دەڕۆییشتن. ئەسپەکان کە تارای سوورو شین و پەمەیی بەسەر زینەکانیاندا درا بووو گوڵی کاغەزین و نەواری رەنگاو رەنگ بە یاڵ و بژیانەوە کرا بوو،و بە زرینگە زرینگی زەنگۆڵەی ملیانەوە، بە تاو رێگای پڕ چاڵ و چۆڵیان دەبڕی و بەدەم رێگاوە کەفیان دەچەڕی و تارای سەر زینەکانیان، بە دەم بایەکەوە شەپە شەپ دەشەکایەوەو دەهاتەوە سەر پشتی شەڵاڵی ئارەقەی ئەسپەکان.

کۆمەڵێك لە کوڕان و منداڵانی گوند لەبەر ماڵی کورشونوفدا، چاوەڕوانی گەییشتنی کاروانەکەی زاواو هاوڕێکانی بوون. هەرکە لە دوورەوە تەپوتۆزی سەر رێگاکەیان بەدی کرد، بە هەشتاو خۆیان بە حەوشەدا کردو کردیان بە هەراو زەنا:

– وا هاتن!

– بە چوار ناڵە دێن!

منداڵەکان لە دەوری گتکۆ، کە تازە هاتبووە دەرێ، خڕ بوونەوە.

– ئەم قەرەباڵغیە چیە؟ ئەم جووکە جووکەتان لە چیە؟ دە بڕۆن گوم بن لەبەر چاوم، کە دەکەونە جووکە جووك کەس گوێ لە هیچ نابێ.

منداڵەکان لە دەوری پانتۆڵە دەڵبەکەی گتکۆ، کە لە شەڵتە دەچوو، خڕدەبوونەوەو پێی پێدەکەنین و گاڵتەیان پێدەکرد. لێ گتکۆ بە جۆرێ سەری دادەخست لە تۆ وایە دەڕوانێتە ناو بیرێکی یەجگار قووڵ، بە دەم خوراندی سکیەوە، لێبوردوانە بە دەم منداڵەکانەوە پێدەکەنی.

گالیسکەکان، بە تەقوهۆڕ خۆیان بە حەوشەدا کرد. پیوتەر، گریگۆری تابەر هەیوانەکە برد. ئەوانی دیکەش دوویان کەوتن.

ئەو دەرگایەی نێوان هەیوانەکەو موبەقەکە داخرا بوو. پیوتەر لە دەرگای دا:

– ئەی عیسا مەسیح، ڕەحممان پێبکە!

دەنگێك لەو دیو دەرگاکەوە وەڵامی دایەوە:

– ئامین.

پیوتەر سێجار لە دەرگای داو هەمان دوعای دووبارە کردەوەو سێجار هەمان وەڵام درایەوە.

– دەتوانین بێینە ژوورەوە؟

– بەخێرێن، سەرچاوان.

دەرگا خرایە سەر گازی پشت. پێ خەسووەکەی بووکێ کە بێوەژنێکی جوان و نوێنەری داک و بابی ناتالیا بوو، بە روویەکی خۆش و بەلێوانی ئاڵی چوون تووترک و خەندانەوە پێشوازی پیوتەری کردو بەدەم کڕنۆشەوە گوتی:

– ئەمە بە سەلامەتی خۆت بخۆوە برا زاوا!

هەنگێ پەرداخێك کواسی(جۆرە شەرابێکی رووسییە) کوڵکن و تازەی دایە دەست پیوتەر. پیوتەر سمێڵەکانی رێك خست و پێکە کواسەکەی یەکسەری هەڵدا. ئەوسا لە نێو قاقاو پێکەنینی خەڵکەکەوە، یەك دوو کۆکەی بۆ کردو قوڕگی پاك کردەوە.

– چ شەرابێك بوو! ئاوا پێشوازیم دەکەی خوشکێ!... راوەستە بۆم تووە جەنگەڵیەکەم، بزانە منیش چۆن میوانداریەکت دەکەم، میواندارییەك کە فرمێسك بە چاوتەوە نەوەستێ!...

پێخەسوو، دیسان بە دەم کڕنۆشەوە، بزەیەکی مەکربازانەی بە روویا دا و گوتی:

– ببوورە.

لەو کاتەدا کە برا زاواو پێخەسوو، سەرگەرمی قسەو گەنگەشان بوون، سێ پێك ڤۆدگای پەیاپەیان بۆ هەر یەکێك لە ئەندامانی خانەوادەی زاوا هێنا، ئەمە داب و نەریتی زەماوەند بوو.

بەڵام ناتالیا، جلکی بووکێنی لەبەر کردبوو و سەرپۆشێکی بەسەرا دابوو و لەوبەری مێزێکەوە دانیشتبوو و خوشکەکانی بە دیاریەوە بوون. ماریشکا، وەردەنەیەکی (تیرۆك) بەدەستەوە بوو. گریپکاش، بە چاوانی گەش و پڕ شادیەوە زەمیلەیەك لەو زەمیلانەی کە لە کاری دانەێڵە تۆو دانا بەکار دێت، بەدەستەوە گرتبوو.

پیوتەر، کە کەمێك مەستی ڤۆدگاکە بوو، بە سەروو رووی ئارەقاوییەوە هەستا، کڕنۆشی بۆ بردن، سەرو سکەی پەنجا کوپیکی بۆ خستنە پەرداخەکەی خۆیەوەو لەبەردەمی رایگرت، پێخەسوو، چاوێکی لە ماریشکا داگرت، ئەویش وەردەنەکەی کێشا بە مێزەکەدا.

– کەمە، بووکێتان نادەینێ!...

پیوتەر، ئەمجارەیان سکەیەکی زیویشی بۆ لە پەرداخەکە کردن. جووتە خوشك، بە ئانیشکان بەر بوونە ناتالیا، کە سەری داخستبوو، و هاواریان دەکرد:

– نایەڵین بیبەیت.

– باشە ئەم بیانووە چییە؟ خۆ لەوە زیاترمان داوە، کە دەبێ بدرێت.

میرون گریگۆروفیچ فەرمانی دا:

– کچینە، بێڵن با بڕوات.

بەخۆی، بەدەم زەردەخەنەوە بەرەو مێزەکە رۆیی. قژە سوورەکەی کە بەرۆنەکەرەی تەواو چەوری کردبوو، بۆنی ئارەقەو تەپاڵەی لێدەهات.

کەس وکارو خزم و دۆستانی بووکێ کە دەگەڵ ناتالیادا لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون، هەستان و جێگەیان بۆ چۆڵ کرد، پیوتەر لکی دەسەسڕێکی خستە نێو دەستی گریگۆری و خۆی هەڵدایە سەر تەپڵەکێك، پاشان بەرەو ئەو دیوی مێزەکە بۆ لای بووکێی برد کە لە سایەی

ئیکۆنانی پیرۆزدا دانیشتبوو. ناتالیا لکەکەی دیکەی دەستەسڕەکەی بە دەستی خۆی، کە لە شەرمو نیگەرانیدا ئارەقەکەی کردبووەوە، گرت.

میوانان، بەربوونە خواردن، مریشکی کوڵاویان، بە دەست لەت و پەت دەکردو دەستو قامکە چەورەکانیان بە قژی خۆیان دەسڕی. ئانیکی، رانە مریشکێکی بە دەمەوە گرتبوو چۆڕاوگەی چەوریەکی زەرد، بە چەناگە کۆسەکەیدا، بەرەو سینگو بەرۆکی دادەچۆڕا.

گریگۆری، کە تەمەشای کەوچکەکەی خۆیو ناتالیای دەکرد کە پێکەوە بەدەستەسڕێك پێکەوە بەستراونو هەڵاوی هەڕشتە فەڕەنگی گەرمی بەسەرا دەهات، خەریك بوو سوێی ببێتەوە. زۆری برسی بوو، هەستی دەکرد گەدەی لە برسا کەوتووەتە قۆڕە قۆڕ.

داریـا کـە لـە لای خاڵـە ئیلیـاوە دانیشـتبوو، بـە تاسـووقەوە نـانی دەخـوارد. خاڵـە گیـان، پەراسویەکی بەرخی بەدەمەوە بوو و بەکاوەخۆ بە دانە مکوومەکانی تێی بەر بوو بوو. دیار بوو بە چپە قسـەی هـەرزەو قـۆڕی بە گـوێی داریـادا دەدا. چونکە داریا چاوانی دادەخستو بەدەم پێکەنینەوە، برۆ کەوانیەکانی وێك دێننانەوەو لە شەرماندا سوور دەبووەوە.

ماوەیەکی درێژ لەسەر خوانەکە دانیشتنو میوانەکان بەوپەڕی ئیشتیاو تاسوقەوە، تاتوانیان خواردیان. بۆنی قیرینی ئارەقەی لەشی پیاوان، تێکەڵ بە بۆنی توندو تیژی ژنان دەبوو، بۆنی ئەسپەنیكو بۆنێکی قورسی دیکە لە تەنورە، سەرپۆش و ئەو شاڵو کوڵاوانانەی کە ماوەیەکی زۆر بوو لە سەندوقو یەخدانانداندا هەڵگیرا بوون، دەهات، عەینی بۆنی جلەکۆنی پیرەژنان.

گریگۆری، بەگۆشـەی چاوان دەیڕوانیە ناتالیا. بۆ یەکـەمجار سـەرنجی دا کـە لێـوی سـەرەوەی ئەسـتوورەو هاتووەتـەوە بەسـەر لێـوی خوارەوەیـا. هـەروەها سـەرنجی ئەوەشـی دا کـە خـاڵێکی قـاوەیی بەسـەر روومـەتی راسـتیەوە، کـەمێك لـە خـوار ئێسـکی گونایـەوە هەیـە. دوو تاڵـە مـووی چکۆلەی زەرد لەسـەر خاڵەکـە روا بـوون. خۆیشـی نـەیزانی بۆچـی دڵـی لێـی تێکهـەڵات. یەکسـەر گەردنـە بـەرزو جوانەکـەی ئەکسـینیای بـە گەنـدە مـووە نەرمەکەیـەوە بـیر کەوتـەوە. لـە ناکـاوا هەستێکی وەهای لا دروست بوو، وەکو بڵێی یەکێك چنگێ گیای زبری بە پشتە ئارەقاویەکەیدا کردبێو پشـتی هێنابێتـە خـوروو. جوڵـە جوڵی پێکـەوت، بەوپـەڕی بێتاقەتیـەوە، دەیڕوانیـە ئـەو خەڵکەی لێکدا لێکدا پاروویان دەگلاندو بەدەم مڵچە مڵچی خواردنەوە دەمو لێویان دەلستەوە.

کاتێ ئامادە بووان نانیان خواردو لەسەر مێزو خوانەکە هەستان، یەکێك هات کە بۆنی خۆشاوو نانی ترشاوی گەنم لە دەمو هەناسەی دەهات، چنگێك هەرزنی لە چەکمەکانی گریگۆری کرد تا لە چاوی بەد بە دوور بێ. ئەم هەرزنانە بە درێژایی رێگای گەڕانەوە، پێیان ئازار دەدا، هەروەها یەخەی رەقو تەنگی کراسەکەشی ئازاری دەدا، خەریك بوو دەی خنکاند. گریگۆری کە ئەم دابو نەریتو رێوڕەسمی زەماوەندە، تەواو پەستو تووڕەیان کردبوو و نا ئومێدیەکی ساردو سڕ باڵی بەسەرا کێشا بوو، لە دڵی خۆیدا هەزارو یەك جنێوی سەر بە کوڵکەی دەدا.

((٢٢))

کاتێ ئەسپەکان گەیینەوە بەر ماڵی میلخیوف، زۆر شەکەتو ماندوو بوون. هەرچەندە لە ماڵی کورشونوفدا کەمێك ئیسراحەتیان کردبوو، بەڵام هێندە بەلەز هاتبوون کەف لالغاوەی

گرتبوون‌و لغاوەکانیان یەکپارچە کەف بوو. گالیسکەڕانەکان کە سەرخۆش بووبوون، ئەسپەکانیان بێرەحمانە تاو دابوو.

داك‌و بابی گریگۆری بە پیر کاروانەکەوە هاتن. پانتلی پروکوفیچ، کە ڕدێنە ماش‌و برنجەکەی دەدرەوشایەوە، ئیکۆنەیەکی بە دەستەوە گرتبوو. ئیلی نیچنا، لەلایەوە وەستا بوو و لێوە باریکەکانی نابوونە سەر یەك‌و ورتەی لێوە نەدەهات.

گریگۆری و ناتالیا، کە رەشکەو گەنمیان بەسەردا هەڵدەدان، بە ژێر گەنم بارانەکەدا چوون بۆ لای پیرەمێرو پیرێژن، تا موبارەك بابیان لێبکەن‌و دوعای خێریان بۆ بکەن. پانتلی پروکوفیچ، بە دەم وێردو دوعای خێرەوە، روندکێکی درشت لە چاوی هاتە خوارێ، یەکسەر تەکانێکی داو پەشۆکا، زۆری پێناخۆش بوو کە خەڵکانی دی بەو لاوازیە بیدینن.

بووك‌و زاوا، چوونە ژوورەوە، داریا کە بە هۆی خواردنەوەی ڤۆدگاو سەفەرەکەو هەتاوەوە سوور بوو بووەوە. هاتە سەر پلەکان‌و دونیاشکای،کە لە موبەقەکەوە دەهاتە دەرێ، گرت‌و لێی پرسی:

– پیوتەر کوا؟

– نەمدیوە.

– باشە ئەم گێلە پیاوە کێوە چووە، ئەدی نازانێ دەبێ بەپەلە بچێ بە شوێن قەشەدا!

پیوتەر کە ڤۆدگایەکی زۆری خواردبووەوە، لە ناو گالیسکەیەکدا ڕاکشا بوو و دەینالاند. داریا، وەکو دالاش پڕی دایە.

– زۆرت خواردووەتەوە کەرپیاو! خێرا هەستە بڕۆ کەشیش بێنە! هەستە دەی...

پیوتەر بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە:

– هەیدێ، گوم بە لەبەر چاوم! من تۆ ناناسم. تۆ کێی تا ئەمرم پێبکەیت؟

بەدەم ئەو قسانەوە، ریقنە مریشك‌و پوش‌و پەڵاشەکانی ناو گالیسکەکەی، بە دەست کۆ دەکردەوە، داریا بەدەم گریانەوە، دوو قامکی بردو کردی بە قوڕگیا، بەو جۆرە یارمەتی دا کە بڕشێتەوەو کەمێك وەخۆ بێتەوە. ئەوجا دۆڵچەیەك ئاوی ساردی لە بیرەکە دەرهێناو کردی بەسەرە مەنگەکەیدا پاشان بەسەر زینێك کە لەو ناوە کەوتبوو وشکی کردەوەو بردی بۆ لای کەشیش.

دوای سەعاتێك گریگۆری‌و ناتالیا گەیینە کڵێسا. ناتالیا لەبەر روناکی مۆماندا جوان بوو بوو. گریگۆری، مۆمێکی چکۆلەی بەدەستەوە گرتبوو. چاوی بە خەڵکەکەدا دەگێڕا، بەڵام کەسی بە دروستی نەدەبینی. خەڵکی لەپاڵ دیواری ئەستووری کڵێساکەدا وەستا بوون‌و لە بن لێوانەوە بۆ خۆ قسانیان دەکرد. گریگۆری، بەردەوام لە زەین و دڵی خۆیدا ئەم وشانەی دووبارە دەکردەوە: "سەردەمی خۆشی ڕۆیی... ئەو زەمانە گوزەشت.". پیوتەر بە سەرو رووی ئاوساوەوە، لەپشتیەوە دەکۆکی. لە گۆشەیەکی نێوان ئاپۆڕاکەوە، چاوە گەش‌و پرشنگدارەکانی دونیاشکای بینی، وایزانی کەسێکی دیە. گریگۆری، دەنگی ناسازی کۆرسەکەو ئاوازی خاوی دوعاو وێردەکەی کەشیشی دەژنەوت. هەستی دەکرد هەموو شتێکی بەلاوە یەکسانە. پێ بە پێی

قەشە ڤیسارون بەدەوری ئەو تەپڵەکەدا دەسوڕانەوە کە کتێبی وێردو دوعاکەی لەسەر دانرا بوو، قەشە ڤیسارون بە دەوری تەپڵەکەکەدا دەسوڕایەوەو بە دەنگێکی خاوو منگن دوعای دەخوێند، گریگۆری پیێ بە پێی ئەو دەسوڕایەوەو بەزەحمەت خۆی دەگرتەوەو پێی لە پاژنەی سواوی چەکمەکانی قەشە هەڵنەدەنووتا. پیوتەر لە دواوە و بە دزییەوە سووچی چاکەتە فەرمیەکەی راکێشا، وەستاو چاوی بڕییە، بڵێسەی درەخشانی مۆمە چکۆلەکان، خەوێکی وا دایگرتبوو کە بە زەحمەت خۆی بە پێوە دەگرت.

قەشە ڤیسارون، بە میهرەوە روانیە چاوانی هەردووکیان و گوتی:

- ئەڵقەکانتان بگۆڕنەوە.

ئەڵقەکانیان گۆڕییەوە. گریگۆری کە نیگای لە نیگای پیوتەر هەڵەنگوت، بە نیگا لێی پرسی: "کەی لەم بەزمە تەواو دەبین؟" پیوتەر، لێوی جولاندو بزەکەی خواردەوە: "بەم زوانە!" ئەوسا، گریگۆری سێ کەڕەت، لێوە تەڕو بێ تامەکانی ژنەکەی ماچ کرد، کڵێسا کە پڕبوو لە بۆنی ناخۆشی ئەو مۆمانەی کە منداڵێك کوژاندنیەوە، ئاپۆڕاکە، بەرەو دەرگای دەرەوە هڕوژمیان برد.

گریگۆری لە کڵێساکە هاتە دەرێ، دەستە گەورەو زبرەکانی ناتالیای لە دەستی خۆی نابوو. یەکێك کاسکێتەکەی لەسەری داکەند... شنەبایەکی باشووری هاتو کەپووی پرکرد لە بۆنی ئەفسەنتین (جۆرە روەکێکە). بایەکی فێنك لە دەشتەکەوە هەڵیکرد. ئاسمان لەو بەری دۆنەوە، بریسکە بریسك چەخماخەی دەدا، باران وردە وردە دەستی پێکرد. ئەسپەکان لەو دیوی دیوارە سپییەکەی کڵێساوە سمکۆڵانیان دەکردو لە نێو ژاوە ژاوەی خەڵکەکەوە، نەوای نەرم و دڵگیری زەنگۆڵەکانی ملیان دەگەییە گوێ.

((٢٣))

خانەوادەی کورشونوف، وەختێ گەیینە ماڵی میلیخوف، کە بووك و زاوا چوو بوون بۆ کڵێسا. پانتلی پروکوفیچ، چەند جارێك چوو بووە بەر دەرگاو تەمەشای رێگای کردبوو تا بزانێ بۆ دیار نەبوون. بەڵام رێگا کەوەییەکە، کە ئەم بەرو ئەوبەری یەکپارچە دڕك و داڵ بوو، تاچاو بڕکا چۆڵ و هۆڵ کەسی پێوە نەبوو. هەندێجاریش کە رووی بۆ ئەوبەری دۆن وەردەگێڕا، لێرەوارەکەی لێ بەدیاردەکەوت کە چۆن لە دوورەوە زەردی دەکردەوەو قامیشان، بەسەر زەلکاوەکەدا سەریان دادەنەواند.

خەواڵۆییەکی شینباوی خەمناك کە تێکەڵ بە ڕەنگی زەردەپەڕو بولێڵی ئێوارێ دەبوو، باڵی بەسەر گوندو کەناری گردە گەچۆڕو قسڵیەکان و، جەنگەڵەکانی ئەوبەری روباری دۆندا، کە لە تەمێکی تاریکی وەنەوشەییدا غەرق بوو بوو دەکێشا، لەودیوی ئەوانیشەوە باڵی بەسەر پێدەشەکەدا دەکێشا. لە پێچی شا رێگاکەدا، نزیکی چوار ریانەکە، قوچەکی نووك تیژی پەرستگەکە، رووی لە تاقی ئاسمانی شین دەکرد.

پانتلی پروکوفیچ، بەحاڵو لە دووری دوورەوە گوێی بە دەنگی چەرخی گالیسکەو حەپەی کسۆکان، زرینگایەوە، دوو گالیسکەی چکۆلە لە مەیدانی گوندەوە بەرەو کۆڵانەکە پێچیان کردەوە.

میرون گریگۆرۆفیچ و لوکی نیچنای هاوسەری لە تەنیشت یەکدییەوە لەسەر تەختێك دانشتبوونو باپیرە گریشاکاش، بە دەستێك جلی تازەوە، کە نیشانو میدالەکەی سان گیورگی لە بەرۆکی خۆی دابوو، لە بەرانبەریاندا دانیشتبوو. میتکا، گالیسکەکەی دەڕانی، بە کەماڵی ئیسراحەت لەسەر نشیمەنەکەی پێشەوە دانیشتبوو و بە پێویستی نەدەزانی قامچی بۆ لێخورینی ئەسپە بە قوەتەکانی بەکار بەرێت. میخی لە گالیسکەی دووەمدا بوو، خۆی بە پشتا برد بوو و هەوساری ئەسپەکانی ڕادەکێشا، تا لە راکردن خاویان بکاتەوەو لە جیاتی چوار ناڵە بکەونە رەوتە. دەموچاوە باریك‌وکۆسەو بێ برۆکەی سوور دەچووەوە. ئارەقە لە ژێر شەپقە لێوار شکاوەکەیەوە بە دەموچاویا دەچۆڕایەوە.

پانتلی پروکوفیچ، دەروازەکەی کردەوە، گالیسکەکان دوا بە دوای یەك هاتنە حەوشەوە.

ئیلی نیچنا، وەکو قازێك لە پلەکانی بەر دەرگاکە هاتە خوارێ، بە داوێنی تەنورە شۆڕەکەی ریقنەی کەڵەکە بووی سەر پلەکانی ماڵی، کەمەری ئەستوورو قەڵەوی کەمێك دانەواندو گوتی:

– خزمانی ئازیز خێر هاتن، پاو پێڵاوتان بەسەرچاو! ماڵەکەتان روناك کردینەوە، گەورەتان کردین.

پانتلی پروکوفیچ، سەری بەلایەکا دانەواندو باوەشی بۆ کردنەوەو، پەیتا پەیتا دەیگوت:

– خزمانی ئازیز، تکایە بفەرموون!

ئەوسا هاواری کرد کە ئەسپەکان لە عەرەبانەکان بکەنەوەو جارێکی دی بەرەو پیری میرون گریگۆروفیچ، باوکی بووکەکەی هاتەوە.

میرون گریگۆروفیچ، بە دەست کەوتە تەکاندنی پانتۆڵەکەی تا تەپوتۆزی رێگای لێبتەکێنێ. بەدەم چاك‌و خۆشییەوە گەیینە بەر دەرگای ژوورەوە، باپیرە گریشاکا، کە ماندوو شەکەتی رێگاو ئەم سەفەرە نا ئاساییە بوو، دوا دەکەوت. ئیلی نیچنا پەیتا پەیتا دووبارەی دەکردەوە:

– فەرموون! فەرموون!

– سوپاس، زۆر مەمنوون، وا دێین

– چاوەڕوانی هاتنتان بووین. ئێستا ماهوتتان بۆ دێنم کە جلەکانتانی پێ پاکبکەنەوە. ماوەیەکە تەپوتۆز زۆر بووە، بینادەم ناتوانێ هەناسە بدات.

– بەڵێ، ڕاستە. ئەم گەردو تۆزە هی وشکی دنیایە. تۆ زەحمەت مەکێشە، ویستم کەمێك...

باپیرە گریشاکا، سەرێکی بۆ میوانە ڕووخۆشەکەی دانەواندو پاشەو پاش خۆی بە ژێر کەپرەکەدا کردو لەو دیو مەکینەی درەوەکەوە دیار نەما.

پانتلی پروکوفیچ هاتە بەر دەرگاکەو سەیری کرد ئیلی نیچنا لەوێندەر وەستاوە، بەدەم پرتەو بۆڵەوە گوتی:

– ئافرەت ئەمە چیە وەکو گەنە بەو پیرەمێردەوە نووساوی!، داماوە دەیەوێ بمیزێ‌و تۆ... کە ژنێکی بێ ئەقڵی!

ئیلی نیچنا ، هەڵیدایە:

– من لە کوێ بزانم؟

– دەبوایە بە مەزەندە بتزانیبا. بە هەر حاڵ. وەرە برۆ بۆ لای دایکی بووکێ.

خانەوادەی بووکێی بۆ ژوورێکی گەورە برد. کۆمەڵێك میوانی نیمچە مەست لە دەوری مێزو خوانێك دانیشتبوون‌و هەراو هەنگامەیەك بوو کەس بە کەس نەبوو. زۆری پێنەچوو کە بووك‌و زاوا لە کڵێسا هاتنەوە. پانتلی پروکوفیچ بە چاوانی فرمێسکاویەوە ڤۆدگای لە جامان کرد:

– دەی خزمینە، با بە سەلامەتی منداڵەکانمان بخۆینەوە! هیوادارم ژیان ئەوان‌و ئێمەش بەخۆشی بگوزەرێ... پێکەوە بە شادی‌و سەلامەتی پیرو خەڕۆ بن.

پەرداخێکی گەورەیان بۆ باپیرە گریشاکا، تەژی ڤۆدگا کرد، توانیان نیوەی بکەنە دەمیەوە کە ردێنێکی سەوزباوی سۆفیانە دەوری دابوو و، نیوەکەی دیکەشی بە بەرۆك و یەخەی رەقی جلەکانیا رژا، ئامادە بووان، پێکیان لێکدی داو دەستیان بە خواردنەوە کرد. هەراو هەنگامەیەك بوو عەینی هەڕاجە بازاڕ.... یەکێك لە خزمە دوورەکانی کورشونوف، بە ناوی نیکیفور کولوڤایدین، سەربازی پیری گارد کە لەوسەری مێزەکە دانیشتبوو، بە دەستە زبرەکانی، پێکەکەی هەڵبڕی‌و هاواری کرد:

– چەند تاڵە تاڵ(*)!

ئامادەبووانی سەر مێزەکان، لە دوای ئەوەوە، گوتیانەوە:

– چەند تاڵە!

لە موبەقەکەشەوە، کە پڕ بوو لە خەڵکی، دەنگ بەرز بووەوە:

– تەحا، کە تاڵە!

گریگۆری، بە گرژی و پەستی لێوە بێ تامەکانی ژنەکەی ڕاموسی. وەکو نێچیرێك، کە تاژیان دەوریان دابێ، چاوی بە ناو ژوورەکەدا دەگێرا، هیچی نەدەبینی جگە لە دەمووچاوی سوور هەڵگەڕاوو نیگای لە مەستیا خێڵ‌و پێکەنین‌و بزەی ساردو سڕو دەمی پڕ لە خواردن، کە بەدەم پارو گلاندنەوە، لیك بە لالغاوەیانا دەهاتە خوارێ‌و سفرە گوڵدۆزیەکەی دەلەوتاند. بەڵێ هەموو مەست‌و سەرخۆش بوون.

نیگیفور کولوڤایدین، دەمە زلەکەی، کە تاك‌و تەرا دانی تیا مابوو، کردەوەو هاواری کرد:

– چەند تاڵە!

بەدەم دەست هەڵبڕینەوە، ئەو نیشانەو قەیتان‌و گێزوگوڵینگانەی کە وەکو نیشانەی سەربازی خۆبەخشی تیپی ئاتامانسکی بەسەر قۆڵی یونیفۆرمە شینباوەکەیەوە درو بوون، چرچ‌و لۆچ دەبوون.

دیسان ئامادە بووان بۆیان سەندەنە:

– پەح، چەند تاڵە!...

گریگـۆری بەڕقــەوە دەیڕوانیــە دەمــی کولوڤایــدین‌و ددانــە کەلۆســەکانی‌و زمانــە ســوورو لینجەکەی کە بەدەم هاواری "چ تاڵە"وە بە دیار دەکەوت.

پیوتەری، کە سمێڵەکانی لە ڤۆدگا نا بوو، جولاندو بەدەم نزگرەوە روو لە بووک‌و زاوا گوتی:

– غەشیمانە، یەکدی ماچ بکەن، ئاخر!....

داریا، کە لە مەستیا سوور بوو بووەوە، لە موبەقەکەوە هەڵیکردە گۆرانی، ئەوانی دی یەکسەر بۆیان سەندەوە، نەخێر گۆرانیەکە تەشەنەی کردو گەییە ژووره گەورەکەی میوانان:

ئەگەر دەتەویٚ لە ئاو بپەڕێیەوە

وەرە ئەمە پردە، وەرە ئەمە پردە...

دەنـگ‌و ئاوازەکـان تێکـەڵ دەبـوون. بـەڵام دەنگـی خریسـتونیا لـە هـەموویان بـەرزتر بـوو، شووشەی پەنجەرەکانی دێنایە لەرزە:

ئەگەر شتێکمان بدەیتیٚ بینۆشین،

من لەوانە نیم کە بڵێم ناخۆم

دەنگی ژنان لە ژووری نووستن نەدەبڕا:

نازەنین دەنگی من، گیانەکەم،

نووساوە، دەرنایە.

پیرەمێرد بە دەنگە ناسکەکەی‌و بە قرخە قرخ، شان بە شانی ئەوان کەوتە گۆرانی چڕین:

نازەنین دەنگی من، گیانەکەم،

نووساوە، ئاخ، دەرنایە،

ئەوەندەم لە ماڵی ئەم و ئەودا

دەنووکم بە ناوکی تاڵی ئالیچدا داوە.

– هەر لەخۆشیا بین، قوربان!

– ئەم گۆشت بەرخە بچەشە، بزانە چۆنە.

– دەست لابە. مێردەکەم لەوێیە دەمان بینیٚ.

– چەند تاڵە!...

– برا زاوا کەیفی کۆکە، لە هەوای خۆیدایە. تەمەشا دەگەڵ پێخەسوودا لەچ دنیایەکدایە!...

– نا، گۆشتی بەرخم ناویٚ. حەزم لەکەمێك ماسی سەلەمونە. باشە، دەیخۆم چ دەبیٚ با ببیٚ. چەورە.

– پروشکا، ئامۆزا گیان، با پێکێکی دی بە سەلامەتی یەکدی بخۆێنەوە!

– ئاه، وەکو ئاگر چۆلەکەی دڵت گەرم دەکاتەوە...

– سمیون گورد ییوفیچ!

– ها!

– سمیون گورد ییوفیچ!

–خوا بتباتەوە!

لە موبەقەکەدا، هەڵپەڕکێ دەستی پێکرد، زەویەکە لە ژێر پاژنەی پێیاندا دەلەرییەوە. پەرداخێك کەوتە سەر ئەرزەکە، بەڵام دەنگی شکانەکەی لە نێو هەراو هەنگامەی ئاپۆڕاکەدا ون بوو. گریگۆری، لەسەر سەری ئەو کەسانەوە، کە لە دەوری مێزو خوانەکە دانیشتبوون، نیگایەکی موبەقەکەی کرد. ژنان، ئەڵقاو ئەڵق دەستیان گرتبوو و بە دەم قریوە قریوی شادمانیەوە هەڵدەپەڕین و سمت و کەفەڵی قەڵەویان با دەدا. تاقە یەك کەسی لاوازیان تیا نەبوو، هەر یەکێکیان پێنج شەش تەنورەیان بەسەر یەکا لەبەر کرد بوو. بە دەم دەسڕە بادانەوە، پەیتا پەیتا ئانیشکیان دەجولاند.

لە پڕ دەنگی ئوکۆردیون بەرز بووەوە، ژەنیارەکە، بە نەوایەکی بەرز، کەوتە ژەنینی ئاوازی هەڵپەڕکێ و سەمایەکی قۆزاقیانە، دەنگێك بەرز بووەوە:

– بیکەن بە بازنە، بازنە دروست بکەن!

پیوتەر، بە دەست پاڵێ بە سکی ئارەقەکردووی ژنەکانەوە دەناو تکای لێدەکردن:

– میوانانی ئازیز کەمێك بچنە دواوە.

گریگۆری، جوڵەیەکی بۆ کردو چاوێکی لە ناتالیا داگرت:

– تۆ تەمەشا بکە، ئێستا پیوتەر، سەمایەکی قۆزاقیانە دەکات.

– لەگەڵ کێدا؟

– لەگەڵ دایکتا، چما نای بینی؟

لوکی نیچنا، هەردوو دەستی نابووە سەر سمت و کەفەڵی و دەستماڵەکەی بەدەستی چەپیەوە گرتبوو.

– دەست پێبکە، دەنا خۆم دەست پێدەکەم!....

پیوتەر، بە هەنگاوی بچووکەوەو، بە کەش و فشەوە لێی نزیك بووەوەو پاشان بازێکی سەیری داو ئەوسا بۆ شوێنەکەی خۆی گەڕایەوە، لوکی نیچنا، وەکو یەکێك بیەوێ لە گۆلاوێك بپەڕێتەوە، تەنورەکەی هەڵکرد. ئەوجا کەوتە سەر پەنجەی پێیان و هاوئاهەنگ دەگەڵ ریتمەکەدا کەوتە سەما کردن و هێندە پیاوانە لنگی فڕێ دەدان لە هەموو لایەکەوە کەوتنە ئافەرین و ستایشی.

ژەنیارەکە، دەستی بە ژەنینی کۆمەڵێك نەرمە ئاواز کرد. پیوتەری هێنایە جۆش و خرۆش، بەدەم قریوە کێشانەوە، کەوتە سەمای پریسیادکا(*). کەوتە سوڕانەوە بە دەوری خۆیدا، بە هەردوو ناولەپی دەیکێشا بە ملی چەکمەکانیاو بەدەم سەماوە سەری سمێڵی دەجوو. لاقەکانی هێندە بە خێرایی دەجولاندو دێناو دەبرد، کە تەسەور نەدەکرا. کاکۆڵەکەی کە لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، بەسەر هەنیەیەوە، سەمای دەکرد، بەڵام نەدەگەیی بە جوڵەی لاقەکانیا.

ئەو میوانانەی کە لەبەر دەرگا وەستا بوون، قەرەباڵغیەکی ئەوتۆیان دروست کردبوو، کە گریگۆری نەیدەتوانی پیوتەر بدێنێ. تەنیا هاوارو هەراو هەنگامەی میوانە مەستەکان و دەنگی بەرخوردی توندو چەکوش ئاسای پاشنە بزمار رێژەکانی پیوتەری، دەژنەوت، کە قرچ و هۆڕی سووتانی دار سنۆبەری وەبیر دێنایەوە، دەژنەوت.

ئەوسا میرون گریگۆروفیچ، بەهەمان ویقارو سەنگینی خۆی لە هەر کارێکا، دەگەڵ ئیلی نیچنادا کەوتە سەما.

پانتلی پروکوفیچ، لەسەر تەپڵەکێك وەستا بوو و تەمەشای دەکردن. لاقە شەلەکەی شۆڕ کردبووەوە و جۆلانەی پێدەکردو بە زمانی خۆی چەقەنەی لێدەدا. ئیدی لێوەکانی و گوارەکانی لەجیاتی لاقی لە رەقسین و سەمادا بوون.

ئیدی هەموو خرۆشان، شارەزاو نەشارەزا دەستیان بە سەمای قۆزاقی کرد. لە هەر گۆشەو کەنارێکەوە هاوار دەکرا:

– گەرمی کەن!

– هەنگاوی وردتر! ئەها، دەی دەی!...

– لاقەکانی چالاك و سووکن، بەڵام پاشەڵی نایکا.

– توندتر، توندتر!

– ریزەکەی ئێمە باشتر دەرەقسن!

– شتێکمان بدەنێ بیخۆینەوە، ئەگینا...

– ماندوو بووی ناکەس؟ برەقسە، ئەگینا یەك بوتڵت لەسەرا دەشکێنم.

باپیرە گریشاکا، کە کەمێك مەست بوو، دەستی کرد بوو بە بەر پشتێنە پانەکەی ئەو پیاوەی لە تەنیشتیەوە دانشتبوو و عەینی مێشووله، بە گوێیدا دەیویزاند:

– تۆ یەکەمجار لە چ ساڵێکا چوویتە خزمەتی سەربازی؟

ئەوەی تەنیشتی کە پیرەمێردێکی پشت چەماوە بوو، زیاتر لە دار بەڕوویەکی بە تەمەنی گرێ گرێیاوی دەچوو، بە تۆبزی دەستی ئەوی لە کەمەری خۆی دوور خستەوەو وەڵامی دایەوە:

– ساڵی ۱۸۳۹ بوو، کوڕم!

باپیرە گریشاکا، گوێچکە چرچەکانی خۆی گرت و هێنایە پێشەوە:

– کەی؟

– دەڵێم ساڵی ۱۸۳۹.

– تۆ ناوت چیە؟ لە کام بە تالێون بوویت؟

– ناوم بوکاتیریوفە، لە بە تالێونی باکلانوف، عەریف بووم. خەڵکی گوندی کراسنی یارم.

– خزمی خانەوادەی میلیخوفی؟

– چی؟

– دەڵێم، خزم و کەسی ماڵباتی میلیخوفی؟

– ئا، من باپیری زاوام لە دایکیەوە.

– گوتت لە بەتالێونی باکلانوف بووی؟

پیرەمێر، بەچاوانی کزەوە دەیڕوانیە باپیرە گریشاکاو لە کاتێکا خەریك بوو بە پووکە بێ ددانەکانی، بێهودە پارچە نانێکی دەجوو. سەری ئەرێی بۆ لەقاند.

– کەواتە، لە لەشکرکێشییەکەی قەفقازدا بەشداریت کردووە؟

– من لەگەڵ خودی خوا لێخۆش بوو باکلانوفدا بووم. خودا بە بەهەشتی شاد بکات، پێکەوە قەفقازمان گرت... قۆزاقانی بەتالیۆنەکەی ئێمە دەستەبژێر بوون... هەموو باڵابەرز وەکو گاردی تایبەتی، بەڵام وەکو ئەوان باڵا رێك و راست نەبوون. هەموو کەتەو زەلام، بە شانو باهۆ، ناوشان پان، وەکو قۆزاقانی ئەمڕۆ نەبوون... بەڵێ، پیاوانی ئەو زەمانە، واهی بوون. جارێکیان لە گوندی چلن جیسکیدا، شەرەف و شانازی ئەوەم پێبڕا کە بەدەستی رەحمەتی خودی تیمسار(*) شەلاق و جەڵدە بخۆم.

– بەڵام من شەڕی عوسمانیەکانم کردووە... ها؟ بەڵێ بەشداری ئەو شەڕەم کردووە.

باپیرە گریشاکا، سینگە لاوازو رەق و تەقەکەی دەرپەڕاندو نیشانەو میداڵەکانی زرنگاندنەوە.

– ئێمە شەوەکی گوندی ناوبراومان گرت. لە نیوەڕۆدا شەیپور ژەن، شەیپوری ئینزاری لێدا.

– ئێمەش فریا کەوتین خزمەتی تزاری سپیمان بکەین. لە شەڕی روشیچ دا، بەتالیۆنی دوازدەی قۆزاقی دۆن، دەگەڵ ئینکیشاریانی تروکدا بەشەڕ هاتین.

کۆنە سەربازەکەی بەتالیۆنی باکلانۆف، بێئەوەی گوێ لە قسەکانی باپیرە گریشاکا بگرێت، لەسەری دەڕۆیی:

– بەڵێ، شەیپوری ئینزار لێدرا...

باپیرە گریشاکا پەست بوو بوو، بەدەم قسەکردنەوە، بە توڕەیی دەستی با دەدا:

– بەڵێ تورکانی عوسمانی (ئینکیشاریانی تورک)ش وەکو سەربازانی گاردی ئێمە وان. بەڵێ، ئەوانیش خزمەتی تزاری خۆیان دەکەن و کیسەی سپی لەسەر دەکەن، ها؟ کیسەی سپیان لەسەرە.

– شەیپورژەن، شەیپوری ئینزاری لێدا، بە هاوڕێکەم گوتت: تیموشا، ئەمە مانای وایە کە دەبێ پاشەکشە بکەین. جارێ ئەو قالیچەیە لەو دیوارە بکەوە، دەیکەین بە رووپۆشی زینی ئەسپەکانمان...

– من دوو خاچی (سان گیورگی)م بەخەڵات وەرگرتووە! میداڵی ئازایەتیم لە شەڕدا وەرگرتووە! هەر خۆم فەرماندەیەکی تورکم، بە دیلی گرتووە!

باپیرە گریشاکا، کەوتە گریان، بەدەستە لاوازەکانی، دەیکێشا بە گازەرای پشتی ورچ ئاسای، کۆنە سەربازەکەی باکلانوفدا. بەڵام یارۆی کۆنە سەرباز، پارچە گۆشتێکی مریشکی بە دەستەوە بوو، کردی بە قاپێك مرەبای گێلاسا، بەو خەیاڵەی گوایە خەردەلی کوتراوە. ئەوجا تەمەشایەکی ساردو سڕی خوانە پیسەکەی کرد، کە یەکپارچە هەرشتە فەڕەنگی بوو، پاروویەکی لەدەما بوو، خاوەخاو دەیجوو. لە بن لێوانەوە گوتی:

– جا تۆ دیقەت بدە کە شەیتان چ خەتایەکی پێکردم کوڕەکەم!

چاوانی پیرەمێرد بە جۆرێ لەسەر چرچ و لۆچی سفرەو خوانە سپیەکە، گیرسا بوونەوە، لە تۆ وایە نەك تەمەشای سفرەو خوانێکی ئالوودە بە قۆدگاو شوربا دەکات، بەڵکو تەمەشای دۆڵە پڕ بەفرەکانی چیاکانی قەفقاز دەکات، "من لە ژیانما دەستم بۆ شتێك نەبردووە هی خۆم نەبووبێ. کاتی خۆی وەختێ گوندو ئاواییانی چەرکەسەکانمان دەگرت، دەچووینە ماڵەکانەوە، قەت

دەستم بۆ هیچ شتێك نەدەبرد، چونکە دزی حەرامە، ماڵی دزی بەرەکەتی نییە... کەچی ئەمجارەیان هەرکە چاوم بەم قالیچە ریشودارە کەت، دڵم گرتی... لە دڵی خۆدا گوتم، هەر قابیلی روو پۆشی زینە.

– من بە چاوی خۆم هەموو ئەو دەڤەرانەم بینی، بە دەریایانیشدا تێپەڕیم...

باپیرە گریشاکا، هەوڵیدەدا، بڕوانێتە چاوانی هاونشینەکەی خۆی، بەڵام چاڵی قووڵی چاوانی پیرەمێرد، وەکو دۆڵێکی چکۆلەی چڕە گیاو گۆڵ، بە داوی کەوەیی ردێنو برۆ چرەکانی داپۆشرا بوو و باپیرە گریشاکا نەیدەتوانی خودی چاوەکانی بدینیٚ، بۆیە ویستی پەنا وەبەر فێڵێکی دیکە بەرێت: بۆ ئەوەی سەرنجی هاونشینەکەی بۆ خۆی ڕاکێشێت، بەسەر هاتەکەی خۆی، بیٚ هیچ پێشەکیەك لە ناوەڕاستەوە، لە شوێنێکی سەرنج راکێشەوە دەست پێکردەوە:

– نەقیب ترسین تسیڤ فەرمانی دا: "دەستە، وریا! بۆ پێشەوە بە هەڕوەلە برۆ!"

پیرە سەربازەکەی جارانی بەتالیۆنی باکلانوف، وەکو ئەسپی جەنگی هەرکە گوێی لە دەنگی شەیپور بوو، سەری هەڵبڕی، مستەکۆڵەی گوشی و کێشای بە مێزەکەداو لە ژێر لێوانەوە گوتی:

– بەتالیۆنی باکلانۆف! نێزە ئامادە! شمشێران هەڵکێشن!" لە ناکاوا دەنگی بەرز بووەوە، بیلبیلەی چاوە لێڵو کزەکانی، کە ژیلەمۆی پیری دای پۆشی بوون، بڵێسەیان سەندو گەشانەوە: "سەربازانی باکلانوف! شێرە پیاوان!" دەمو زارە بیٚ ددانەکەی کردەوەو هاواری کرد: "هێرش... بۆ پێشەوە، برۆن!".

نیگایەکی زیتەڵانەی گەنجانەی باپیرە گریشاکای کرد وئیدی لە خەمی ئەوەدا نەبوو، ئەو فرمێسکانەی بە ردێنیدا دەهاتە خواریٚو ختوکەی چەناگەیان دەدا، بەسەری قۆڵی چاکەتەکەی کە پیس بوو بوو بسرێت.

باپیرە گریشاکاش لای خۆیەوە گەرم بوو و هاتە جۆش:

– گوتم کە فەرمانی بە ئێمە داو شمشێرەکەی بەرز کردەوە، بە راکردن هێرشمان برد، تورکەکان بەمجۆرە سەنگەریان گرتبوو (بە قامکە لەرزۆکەکەی چوارگۆشەیەکی خوارو خێچی لەسەر سفرەی سەرمێزەکە کێشا.) تەقەیان لێکردین، ئێمە دوو جاری یەك لەسەر یەك هێرشمان بۆ بردن، هەردوو جارەکە پاشەکشەیان پێکردین. هەر جاریٚ هێرشمان بۆ دەبردن، سوارەکانیان، لە بێشەیەکی چکۆلەوە بۆمان دەرچوونو هێرشیان بۆ دەهێنایینو، پاشەکەشەیان پێدەکردین. ئیدی فەرماندەی دەستەکە فەرمانی دا، ریزەکانی خۆمان رێکخستەوە، بە راستا بامان دایەوەو یەکڕاست بەرەو ئەوان هێرشمان برد، غافڵگیرمان کردن، کردماننە ژێر دەستو پێی ئەسپەکانمانەوەو راومان نان، تێکمان شکاندن. چما هیچ هێزێکی سوارە لە دنیادا هەیە، بەرگەی قۆزاقان بگرێت؟ هەنگیٚ هەموویان، بەدەم هاوارەوە بەرەو بێشەکە هەڵاتن... لەو کاتەدا سەیرم کرد یەکێك لە ئەفسەرەکانیان بە سواری ئەسپێکی کوێت لە پێش منەوەیەو ئاوڕم لیٚ دەداتەوە. جووتیٚ سمێڵی رەشی پێوە بوو، کابرایەکی زۆر قۆز بوو. هەر سەیری کردم، سەیری کردم، سەیری کردمو پاشان بە پەلە دەستی برد، دەمانچەکەی لە کیفێکا، کە بەزینەکەیەوە هەڵواسی بوو، دەرهێنا... تاق، فیشەکێکی بەرەو من تەقاند. بەڵام بەرم نەکەوت. ئیدی ئەسپەکەم

بەر مامێزان داو خۆم گەیاندێ. لەزگ بوو بە شمشێر بیکەم بە دوو لەتەوە، بەڵام بیرم کردەوە: هەرچیەك بێ ئەویش وەکو من بەشەرە... دەستی راستم لە ناو قەدی گیرکردو لە زینەکە هێنامە دەرێ، باسکی گەستم، بەڵام هەر چۆنێ بوو بەرهەڵقم کرد...

باپیرە گریشاکا، بە کەش و فش و سەرو روویەکی سەرکەوتووانەوە تەمەشایەکی هاونشینەکەی خۆی کرد. پیرەمێرد لە نێو هەراو زەناو هەنگامەی خەڵکەکەدا خەوی لێکەوتبوو و سەرە زلە تیژەکەی بەسەر سینگیا داکەوتبوو، بە کەماڵی ئیسراحەت و ئاسوودەیی دەی پرخاند.

پەراوێز:

* – دەورەی مانگی پێنج: هەموو ساڵێك قۆزاقانی یەدەك، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ٢٥–٢٩ ساڵیدایە، دەورەیەکی سەربازی سێ هەفتەییان دەبینی.

* – چانچۆ: دارێکی میل ئاسایە، لەسەر شان دادەنرێ، سەتڵ و زەمیلەو ئەو ئەو شتانەی پێدا هەڵدەواسرێ بۆ هەڵگرتن.

* – چەند تاڵە تاڵ!! بە گوێرەی دابی باو، هەر کاتێ بووك و زاوا گوێیان لەو رستەیە ببێ، دەبێ یەکدی ماچ بکەن.

* – پریسیادکا: جۆرە سەمایەکە، لەم سەمایەدا سەماکار دەکەوێتە سەر چیچکان و بە توندی و پەیتا پەیتا و بە نۆرە لاقی بۆ پێشەوە هەڵدەدا.

* – تیمسار: وشەی رێزە بۆ ئەفسەرانی بالاتر لە سەرهەنگ بەکارێت، لە جیاتی، جەناب و قوربان و... هتد، بەکار دێت.

## بەشی دووەم

((١))

سێرگی پلاتونوفیچ موخوف، ڕەگو ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی خۆیانی، بۆ ڕۆژگارانی زۆر دوور دەگەڕاندەوە.

ڕۆژێک، لە سەردەمی پترۆسی گەورەدا، بەلەمێکی بارهەڵگری دەوڵەتی، پڕ لە پسکیتو بارووت لە روباری دۆنەوە بەرەو دەریای ئازۆف دێت. قۆزاقانی یاخی دەڤەری شارە دێی چیگوناکی، سەر کەناری دۆنی سەروو، کەمێك دوورتر لە خاڵی یەکانگیری دۆنو خوپەر، شەوێ، دەدەن بەسەر بەلەمەکەدا، پاسەوانەکانی لە خەوا دەکوژن، پسکیتو باروتەکەی ناوی بەتالان دەبەنو بەلەمەکەش لە ئاوەکەدا نقووم دەکەن.

بە فەرمانی تزار، هێزی سەربازی لە ڤورونجەوە دێن، شارۆچکەی چیگوناکی، دەسووتێنن، بە توندی قۆزاقە دەستدرێژکارەکان سەرکوت دەکەن، سەرۆکەکەیان کە ناوی یاکیرگا دەبێ، دەگەڵ چل قۆزاقی دیکەدا بەدیلی دەگرنو، هەر هەموویان بە سێدارەدا هەڵدەواسن، بە سێدارەکانەوە لە بەلەمیان دەنەنو بەدەم روبارەکەیانەوە دەدەن، تا ببنە پەندو عیبرەت، بۆ خەڵکانی دەڤەرو گوندە یاخیەکانی خوارەوەی ئاوەڕۆی دۆن.

دوای نزیکەی دەساڵ لەم رووداوە، کۆمەڵێك قۆزاقی بێگانە و ژمارەیەك لەوانەی کە لە کوشتاری گۆرین دەرباز بوو بوون دێنو لە هەمان شوێنو لەنێو دارو پەردوو وێرانەو کەلاوەکانی چیگوناکیدا کە بوو بوو بە خۆڵەمێش، دەگیرسێنەوە، شاروچکەکە، جارێکی دی ئاوەدان کرایەوەو حەسارێکیان لە دەور دروستکرد. لەو سەروبەندەدا، کابرایەکی جووتیاری بابەل باب جووتیار بە ناوی نیکیشکا موخۆف، لە لایەن ڤورونچەوە بۆ چیگوناکی نێردرا، راسپێردرا بوو کە لەوێ چاوو گوێی تزار بێ. ئەم پیاوە مامەڵەچیەکی گەڕۆك بوو، هەموو جۆرە کالایەکی پێویستی ڕۆژانەی ژیانی قۆزاقانی دەفرۆشت: دەسکی کێردو چەقۆ، توتن، بەردەچەرخ، هەروەها شتی دزیاریشی دەکڕیو دەفرۆشتەوە. ساڵی دوو جاران، گوایە بە مەبەستی کڕینی کالای تازە، سەفەری ڤورونیچی دەکرد، بەلام لە راستیدا سەفەرەکەی بۆ ئەوە بوو کە دەسەلات لە جمو جۆڵی شاروچکەکەو نیازو مەبەستی قۆزاقەکان ئاگادار بکاتەوەو پێیان رابگەیەنێ کە ئاخۆ نیازی یاخیگەرێتیو دەستدرێژی تازەیان هەیە یان نا.

ئەم جووتیارە رووسیە، واتە نیکیتا (نیکیشکا) موخۆف بوو بە دامەزرێنەری خانەوادەیەکی بازرگانو لە خاکی قۆزاقدا ڕەگاژۆ بوون. بەرە بەرە زیادیان کرد، وەکو گیاکەڵە تەشەنەیان کردو ڕەگو ریشەیان هاویشت. بە ڕێزێکی زۆرەوە، ئەو دیکۆمێنتو بەڵگەنامە شڕووڕەیان دەپاراست، کە کاتی خۆی فەرمانداری ڤورونیچ، دابووی بە باپیرە گەورەیانو بۆ ئەم دەڤەرو شارۆچکە یاخیەی نارد بوو. خۆ ئەگەر لە سەردەمی باپیرەی سێرگی پلاتونوفیچ دا، ئاگرێك نەکەوتبایەوەو ئەو سەنەدو بەڵگەنامەیە، کە لە سەندوقە دارینەکەی خۆیدا، لە پاڵ ئیکۆنە

پیرۆزەکاندا دانرا بوو، نەسووتاباو لە ناو نەچووبا، دوور نەبوو ئەم بەڵگەنامەیە، ئەم کاغەزە شرە تا ئەمڕۆکەش هەر مابا. ئەم باپیرەیەی سێرگی پلاتونوفیچ، قومارچی بوو، دارو نەداری خۆی لە قوماردا دۆڕاند بوو، کەوتبووە سەر ساجی عەلی، بەڵام توانی بووی سەر لە نوێ تێهەڵچێتەوەو سەروەت و سامانێك پەیدا بکاتەوەو ئیدی ئاگر، جارێکی دی ماڵی وێران کردەوەو دارو نەداری بەبایا رۆیی. ئیدی دەبوا سێرگی پلاتونوفیچ، لە سفرەوە دەست پێبکاتەوە. پاش ئەوەی بابە ئیفلیجەکەی مردو بە خاکی سپارد، بە تاقە رۆبلێکەوە کەوتە سەواو مامەڵە. سەرەتا کەوتە گەڕان بەگوندانـدا، مووی بەرازو پەڕی پەلەوەری دەکڕی. پێنج دانە ساڵی رەبەق، بە کوێرەوەری و هەژاری ژیا. بە کەماڵی ئارەزوو فێڵی لە قۆزاقانی دەڤەرەکە دەکرد، کڵاوی لەسەر دەنان، بۆ نموونە تەماحی دەکردە تاقە یەك کوپیکیان، بەلایەوە گرینگ نەبوو پارەی ئەوان بێت بەلای ئەمەوە، بەڵام بۆ خۆشی لە یەك کۆپیکی خۆی خۆش نەدەبوو. ئەوە بوو لە ناکاوا سیریوجکای چەرچی، بوو بە سێرگی پلاتونوفیچ و دوکانۆچکەیەکی وردەواڵە فرۆشی لە گوندەکەدا کردەوە، پاشان کیژی قەشەیەکی نیمچە شێتی، کە جیازیەکی زۆری بۆ دێنا، خواست. سێرگی، دوای ئەوە موغازەیەکی کوتاڵفرۆشی کردەوە، لە کاتێکی زۆر گونجاوا ئەو موغازەیەی کردەوە. بە ئەمری دام و دەزگای سوپایی، تێکڕای خەڵکی چەندین گوندی قۆزاقان، لە سەمتی چەپی روباری دۆنەوە، کە ئەرزەکەی لمەڵان و گڵەحەرامەو، یان رەقەن و بێ پیت بوو، بەرەو سەمتی بەستێنی راستی روبارەکە بارکران. ئیدی شاروچکەیەکی تازە بە ناوی کراسنوکوتسکایا، دامەزرا، کۆمەڵێك خانووی تیا قووت کرایەوە. کۆمەڵێك گوندی تازە لە زەوی کۆنە فیودالان، لە بەستێن و کەنارێن روبارانی چیرو چورنایاو فرولوفکاو لە سەرووی ئاودڕو دۆڵەکانی ستێپ داو لە نزیکی گوندی ئۆکرانیەکاندا، سەریان قوت کردەوەو ئاوەدان بوونەوە. بەڵام خەڵکەکە دەبوایە بۆ کڕینی کاڵاو پێویستیەکانی ژیان، نزیکەی پەنجا فرسەق و بگرە زیاتر بڕۆن، بۆیە کردنەوەی ئەم موغازە پڕ لە کوتاڵ و قوماشە لەم بنەدەستەوە نیعمەتێ بوو لەو گۆڕە. سێرگی پلاتونوفیچ، بەرە بەرە کاسبیەکەی گەورە دەکاتەوە. جگە لە کوتاڵ، هەر پێویستیەکی دیکەی خانەوادەیەکی سادەی دێهاتی، دەفرۆشت، وەکو: پێستی حەیوانات، خوێ و نەوت و جۆرەها وردەواڵەی دیکەی هەرزان بایی. لەدواییدا کەوتە هێنانی ئامێرێن کشتوکاڵی وەك: مەکینەی درەو، مەکینەی تۆودان، هەوجاڕو سەرەندو... هەمووی لە تەنیشت دوکانەکەیەوە ریز کرد بوون و پەردەی پێدا دابوون تا لە گەرمای هاوین بیان پارێزێت. هەموو ئەم ئامێرانەی لە کارخانەی ئاکسایی یەوە بۆ نێردرا بوو.

هەڵبەتە زەحمەتە پیاو بزانێ، خەڵکی چەندیان پارە لە بەرکدایە، بەڵام دیاربوو کە سەوداو مامەڵەکەی سێرگی پلاتونوفیچی زیرەك و هوشیار، دەسکەوت و قازانجێکی فرەی بە دواوە بوو. لە ماوەی سێ ساڵاندا عەمارێکی گەورەی بۆ هەڵگرتن و عەمارکردنی گەنم دروستکرد، دوای مردنی ژنی یەکەمی بە ساڵێك، ئاشێکی بوخاری دامەزراند، ئیدی گوندی تا تارسکی و گوندەکانی ئەو دەوروبەرە بە ئاسانی کەوتنە دەستی ئەو، ئەو دەستە چکۆلە ئەسمەرەی کە مووە رەشە بڵاوو تەنکەکانی، دەدرەوشانەوە. هیچ ماڵێك نەبوو، قەرزاری سێرگی پلاتونوفیچ

نەبێ. یەکێك قەباڵەیەکی کەسکی پەراوێز پرتەقاڵی بە ناوەوە کرا بوو وەکو نیشانەیەك کە مەکینەیەکی درەوی بە قەرز بردووە، یەکێکی دی جیازی کچەکەی بە قەرز لە موخوف کڕی بوو، کاتی بە شوودانی کچەکەی هاتبوو و پارەی نەبوو جیازی بۆ بکڕێت. ئەو نرخەی کە سایلۆی دانەویڵەش لە پارومونوف بۆ گەنمی دانا بوو تەواو دابەزی بوو، ئیدی بابی بووکێ دەچێتە لای سێرگی پلاتونوفیچ و دەڵێت: "سێرگی پلاتونوفیچ، جیازیەکەم بدەیەو پارەکەی بخە سەر حیسابەکەم." ئیدی کەس نەبوو، بۆ شتێك سفتەیەکی کەسکی پەراوێز سووری لەلای ئەو نەبێت. ئیدی وەزع و حاڵەکە بەو ئاوایە بوو. موخوف، نۆ کرێکاری لەسەر ئاشەکەی دانا بوو، حەوتی لە موغازەکەیدا ڕاگرتبوو و، چوار خزمەتکارو نۆکەریشی لەماڵەوە ڕاگرتبوو: یانی رزق و رۆزی بیست کەسی دەدا. دوو منداڵی لە ژنی یەکەمی هەبوو: کچێك بە ناوی لیزاو کوڕێك بە ناوی فلادیمیر کە دوو ساڵ لە کچەکە بچووکتر بوو، کوڕێکی دەغەزاری لەش بە باری غودەدار بوو. ژنی دووەمی، ئانا ئیڤانوڤنا، کە ژنێکی ڕەقەڵەی، کەپوو درێژی، نووك تیژ بوو، هەم مەحەبەتی ژنی نەزۆکی عەزرەتە منداڵ و هەم رقی کەڵەکە بووی قەیرەیی بەسەر ئەو منداڵە دا هەڵڕشتبوو. (لە تەمەنی سی و چوار ساڵیدا شووی بە سێرگی پلاتونوفیچ کردبوو) ڕەفتارو ئاکاری تووڕەی باوەژن کارێکی خراپی کردبووە سەر مجێزی منداڵەکان. باوکیانیش فەرامۆشی کردبوون، هەر ئەوەندەی بایەخ دەدانێ کە بۆ نموونە بە کارەکەری مووبەقەکە یان بە نیکیتای مەیتەری ئەسپەکانی خۆی دەدا. کاری سەواو مامەڵەو سەفەران هیچ کاتێکیان بۆ نەهێشتبووەوەو نەی دەپەرژا سەری خۆی بخورێنێ: ئیدی رۆژێ لە مۆسکۆ بوو، رۆژێ لە نیژنی نوڤگورود، رۆژێ دەچوو بۆ ئوریوپینسکایاو جارێ دەچوو بۆ بازاڕی شارۆچکەکان. منداڵەکان بەبێ سەرپەرشت گەورە بوون. ئانائیڤانوڤنای باوەژنیشیان تاقەتی نەبوو کەمێك خۆی ماندوو بکات و پەی بە ڕازی پێویستیە دەروونی و روحیە منداڵانەکانیان بەرێت و لەو ڕووەوە مدارایان بکات. هەر فریای کاروبارو بەڕێوەبردنی ماڵە گەورەکەیان دەکەوت. ئیدی خوشك و برا وەکو دوو بێگانە پێکەوە گەورە بوون. خولق و خووو ئاکاریان بە هیچ جۆرێ لێکدی نەدەچوو. تەنانەت لە خانەوادەکەی خۆشیان نەدەچوون. فلادیمیر کەسێکی خەمین و بێدەنگ و کەم دوو، گرژو مۆن و لە چاو تەمەنی خۆیدا لە ڕادەبەدەر جدی بوو .لیزا، لە سایەی کارەکەرو ئاشپەزەکەیاندا، کە ژنێکی هەرزەی پڕ ئەزموون و بەرەڵلا بوو، زۆر زوو لایەنە پەنهانەکانی ژیانی لە لیزا گەیاند، ئیدی ئەوی دوو ژنە، هەر بەمنداڵی کونجاوی و فزوڵێکی خراپیان لای دروست کردبوو، کێویانە گەورە بوو بوو. کیژێك بوو منداڵکارو شەرمن و لاواز. بۆیە وەکو گوڵی کێوی خۆڕسکی نێو بێشەو جەنگەڵان خۆ بە خۆ دەڕسکا.

ئیدی بە گوێرەی ڕەسمی رۆژگار، رۆژان و ساڵان هێدی هێدی دەبورین، پیران پیرتر بوون و منداڵان گەورە بوون.

رۆژێك سێرگی پلاتونوفیچ، لەسەر خوانی عەسرەچای، تەمەشایەکی کیژەکەی خۆی کرد. سەری سووڕما. لیزا بوو بوو بە کچێکی باڵا بەرزی جوانکیلە، تازە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی

تەواو کردبوو. کووپەکەی دەستی کە تەژی چای عەنبەرین بوو لە نێو دەستیا کەوتە لەرزین: "خودایا، چەند لە دایکی ڕەحمەتی دەچێت!"

– ئادەی لیزکا، کەمێك ئاوڕ بدەوە!

هەرگیز، لەوەتای ئەو کیژە لە دایك بوو بوو، جارێ لە جاران هەستی نەکرد بوو، کە بەو رادەیە لە دایکی دەچێت. بە شێوەیەکی سەیر لە دایکی دەچوو! دوو لەتی یەك سێو بوون.

.... فلادیمیر موخۆف، قوتابی ساڵی پێنجەمی دوا ناوەندی بوو، کوڕێکی لاوازی، دەغەزاری، ڕەنگ زەرد بوو. خۆیو خوشکەکەی تازە هاتبوونەوە بۆ بەسەربردنی پێشووی هاوینە. فلادیمیر وەکو هەمیشە چوو سەرێکی ئاشەکەیان بداتو، کە بە نێو کرێکارانو مشتەریانی شانو شەپیلك ئارداویدا ڕێی دەکرد هەستی بە خۆشیو سەرفرازی دەکرد، دەنگی چەقەنەو قایشی ئاشەکە، چپەو فسکە فسکی حورمەت ئامێزی مشتەریەکان، گەشکەو زەردەخەنەیان بە گیانی دەبەخشی:

– ئەمە کوڕی ئاغایە...

فلادیمیر، بە پارێزەوە، بە ناو تەرسو شیاکەی وەڵاخو گاجووتانەوە ڕۆیی، گەییە بەر دەرگا، لەوێ بیری کەوتەوە کە سەری ژووری مەکینەکەی نەداوە، ئیدی گەڕایەوە.

لە نزیکی تانکیە نەوتە سوورەکەی بەردەم ژووری مەکینەکەدا، کرێکارێکی ئاردبێژ بە ناوی تیموڤ لەگەڵ قەپانچییەك کە بە "خوڵام" بانگیان دەکردو، لەگەڵ شاگردێکی ئاردبێژا، کە گەنجێکی منداڵکار بوو بە ناوی داڤیدکا کە ددانەکانی سپی دەچوونەوە، شەرواڵەکانیان تا سەرووی ئەژنۆیان هەڵکرد بوو، لە تەشتێکی گەورەدا بە پێی پەتی گڵەسووریان دەشێلا.

یارۆی قەپانچی بە تەشەرەوە گوتی:

– ها، ئاغا! دیمانەت بەخێر!...

– سڵاو!

– سڵاو، فلادیمیر سیرگیوفیچ!

– خەریکی چین؟

داڤیدکا، بە تۆبزی لاقی خۆی لە تەشتە قوڕە لینجەکەدا، کە بۆنی شیاکەی لێدەهات، دەجوڵاند، بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە گوتی:

– قوڕ دەشێلین. باوکت ڕژدە، دڵی نایەت ژنان بۆ ئەم کارە بەکرێ بگرێت. ئێمە واداردەکات کە ئەم کارە بکەین.

داڤیدکا، کە پێیەکانی بە فلچە فلچە لە پاخوا قوڕە لینجەکەدا دەجوڵاند، دووبارە گوتی:

– باوکت لەو ڕەزیلو پیسکانەیە کە توێکڵی تس دەگرنەوە!بە ڕاستی کابرایەکی ڕژدە!

فلادیمیر، سوور بووەوە. کە سەیری دەمو دانە سپیەکانی داڤیدکای دەکردو گوێی لە قسە تەشەر ئامێزو پێکەنینە بە توێکڵەکەی دەبوو، هەستی بە نەفرەتێکی قووڵ دەکرد:

– مەبەستت چیە کە توێکڵی تس دەگرێتەوە؟

داڤیدکا، بەدەم زەردەخەنەوە بۆی ڕوون کردەوە:

– زۆر ڕەزیلە، ئامادەیە بۆ پارە، گوی خۆی بخوات.

"خـولام"و تیمـونی، بـە خۆشـحاڵیەوە دەسـتیان بـە پێکـەنین کـرد. فلادیمـیر هەسـتی بـە سووکایەتیەکی زۆر کرد. بە ساردو سڕییەوە تەمەشای داڤیدکای کردو گوتی:

– یانی، تۆ لە کارەکەت رازی نیت؟

داڤیدکا گوتی:

– وەرە تۆ بە خۆت ئەم قوڕە سوورە بشێلە، هەنگی تێدەگەی کە چ کەرێك بەمە رازی دەبێت؟ ئەم کارە بۆ باوکت باشە ئەو ورگە زلەی دابنیٚ!

داڤیدکا، بە قورسی لە نێو تەشتە قوڕەکەدا دەجولاو لاقی بەرزدەکردەوە، ئێستا بزەیەکی بێگەردو پاك نیشتبووە سەر سیمای. فلادیمیر لە هزرو بیری خۆیدا، عەودالی وەلامێکی گونجاو بوو و پێشوەختە لەزەتی تۆڵەی دەچەشت. پاشان وەلامی گونجاوی دۆزییەوەو بە کاوەخۆو بە جدی گوتی:

– زۆر باشە، من بە باوکم دەڵێم، کە تۆ لە کارەکەت رازی نیت.

ئەوجا بەتیلەی چاو روانیە روخساری داڤیدکا. زۆری پیٚ سەیر بوو کە بەو رادەیە بە قسەکانی ئەم تێکچوو بوو: بزەیەکی خەمناكو بەزەیی ئەنگێز نیشتبووە سەر لێوانی داڤیدکا. ئەوانی دیکەش خەم دایگرتن، هەر سێکیان تا ماوەیەك بە بێدەنگی لە قوڕ شێلانەکەیان بەردەوام بوون، هەنگیٚ داڤیدکا، نیگای لەسەر لاقە قوڕاویەکانی هەڵبڕیو بە تۆنێکی بوغزنو لە هەمان کاتدا مەرایی ئامێزەوە گوتی:

– گاڵتەم لەگەڵ کردی ڤولودیا (فلادیمیر)... هەر بۆ پێکەنین ئەو قسانەم کرد...

– هەر چیەکت گوتووە بۆ باوکمی دەگێڕمەوە.

فلادیمیر، بە بەر تانکیە نەوتەکەدا تێپەڕیو ڕۆیی. لە داخی ئەو سووکایەتیەی کە بە خۆی و بابی کرابوو و هەروەها بە هۆی بزە بەزەیی ئەنگێزەکەی داڤیدکاوە، رۆندك لە چاوانیا قەتیس مان.

داڤیدکا بەترسەوە هاواری کرد:

– ڤولودیا!... فلادیمیر سیرگیوفیچ!...

شەرواڵەکەی بەسەر لاقیا، کە تا سەر ئەژنۆکانی قوڕاوی بوون، دادایەوەو لە نێو پاخوا قوڕەکە هاتە دەریٚ. فلادیمیر وەستا. داڤیدکا بە غاردان خۆی گەیاندیٚ. هەناسەی سوار بوو بوو.

– بە باوکت مەڵیٚ! من سوعبەتم کرد... بمبورە، من کابرایەکی کەرم... باوەڕبکە، بە نیازی خراپ ئەو قسانەم نەکرد! تەنیا بۆ پێکەنین بوو.

فلادیمیر بە گرژی وەلامی دایەوە:

– باشە، پێی ناڵێم!...

بەرەو دەروازەکە وەڕێکەوت، بەزەیی بە داڤیدکادا هاتەوە. هەناسـەیەکی ئۆخـەی هەڵکیشاو بە پـاڵ موحەجـەرە سـپیەکاندا وەڕێکـەوت. گـوێی بـە دەنگـی چـەکوشو چەکوشـکاری کـوورەی ئاسنگەریەکەی ناو حەوشەی ئاشەکە زرینگایەوە، زۆری لە گیان خۆشبوو، کە نەرمو نزم جاریٚ

له ئاسنەکەی دەداو توندو بەرز جارێ لە سندانەکەی دەدا. فلادیمیر لە کاتێکا کە بەرە بەرە دوور دەکەوتەوە، گوێی بەدەنگی "خوڵام" زرینگایەوە:

– بۆچی ئەو قسانەت پێگوت؟ گووە گوو! تا چیلکەی تێوەردەی، پتر بۆنی دەردەچێت.

فلادیمیر، تورە بوو، لە فکران ڕاچوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "تۆ تەماشا ئەم ناکەس بە چەیە. بزانە لە پشتەملە چ دەڵێت... نازانم بە باوکم بڵێم یان نا؟".

ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە، جارێکی دی چاوی بە داڤیدکاو ددانە سپیەکانی کەوتەوە، عەزمی جەزم کرد: "نا، پێی دەڵێم!"

گالیسکەیەك لای دوکانەکەیانەوە وەستا بوو، هەوساری ئەسپەکەی بەعامودێکەوە بەسترا بوو. کۆمەڵە منداڵێك، پۆلە چۆلەکەیەکی کەوەییان لەسەر بانی عەماری ئاگرکوژێنەوەکەوە هەڵدەفڕان، لە بانیژەی ماڵەکەوە، دەنگی بەرزی خوێنکاری زانکۆ بویاریشکین، تێکەڵ بە دەنگی نووساوی قرخنی کەسێکی دی دەبوو.

فلادیمیر، بە پلەکانی بەردەم ماڵەوەدا سەرکەوت. گەڵای مێوی کێوی بەسەر سەریا دەشنایەوە. گەڵاکان، پلەکان‌و بانیژەکەیان داپۆشی بوو وەکو پەرچەمی سەوز بە قەراخی میچە نەخشینە شینەکەوە هاتبووە خوارێ.

بویاریشکین، سەرە تاشراوە وەنەوشەییەکەی دەلەقاندو دەگەڵ ماموستا بالاندادا، کە گەنجێکی ریشن بوو، قسەی دەکرد:

– کە نووسینەکانی دەخوێنمەوە، هەرچەندە بە خۆم رۆڵەی خانەوادەیەکی قۆزاقی جووتیاری زەحمەتکێشم‌و بە تەبیعەت رقم لە چینە باڵاو دەوڵەمەندەکانە، کەچی وێڕای ئەوەش، باوەڕبکە خۆیشم نازانم بۆچی دڵم بە حاڵی ئەم چینە روو لە نەمانە دەسووتێ. چیوای نەماوە خۆم بە بابایەکی ئەشرافزادە یان موڵکدار بزانم. بۆچوونی بەرزیان دەربارەی ژن، مەستم دەکات. لە دڵی خۆمدا، بەرگرییان لێدەکەم... ئیدی بلیمەتی ئاوهایە بڕادەری ئازیز، تەنانەت دەتوانێ بیروباوەڕیشت بگۆڕێ.

بالاندا، گەمەی بە ریشوو وگێزو گوڵینگی کەمەربەندە ئاوریشمەکەی خۆی دەکردو بە دەم بزەیەکی تەوسامێزەوە دەیڕوانیە ئەو نەخشەی کە بەداوی سوور لەسەر قەراخ‌و پەراوێزی کراسەکەیدا گوڵدۆزی کرابوو. لیزا لەسەرکورسیەك پاڵی دابووەوە. دیاربوو هیچ حەزی لەم گفتوگۆیە نەبوو. بەبێ تاقەتیەوە، چاوەکانی، کە وەکو هەمیشە، لەوە دەچوون عەوداڵی شتێك بن کە ونی کردبێ، بڕی بوونە سەرە وەنەوەشییەکەی بویاریشکین کە یەك پارچە جێ زامی گوێزان بوو.

فلادیمیر سەلامێکی کردو رەت بوو و چوو لە دەرگای ژوورەکەی باوکی دا. سێرگی پلاتونوفێچ، لەسەر کورسیەکی چەرمی سارد دانیشتبوو و تەمەشای ژمارەی مانگی حوزەیرانی گۆڤاری "سەروەتی رووسیا"ی دەکرد.کەتەرێکی ئێسقانی تازە لە بەر پێیا لە عاردی کەوتبوو.

– چت دەوێ؟

فلادیمیر، ملی بردە ناوەوەو، بەتوندی لۆچی کراسەکەی رێك خست‌و بە دوو دڵیەوە گوتی:

– له ئاشەکە بووم، ئێستا لەوێوە دێم....

بەڵام کاتێ کە بزە تەوسامێزەکەی داڤیدکای وەیاد هێنایەوە، بەدەم تەمەشاکردنی ورگە زلەکەی باوکیەوە، کە لە نێو ئیلەکێکی ئاوریشمی هندیدا جەڕی بوو، عەزمی جەزم کردو لەسەری رۆیی... گوێم لێبوو کە داڤیدکای کرێکاری ئاشەکە دەیگوت...

سێرگی پلاتونوفیچ، بەدیقەت گوێی لە قسەکانی کوڕەکەی گرت، ئەوجا گوتی:

– دەری دەکەم. تەواو دەتوانی بڕۆیت.

ئەوجا بەدەم ناڵەیەکەوە دانەوییەوەو کەتەڕەکەی لە عاردی هەڵگرتووە.

ڕۆشنبیرانی گوند فێر بووبوون، ئێواران لە ماڵی سێرگی پلاتونوفیچ کۆ دەبوونەوە. لەوانە: بویاریشکین کە خوێندکاری ئەنیستیتۆی تەکنیکی بوو، بالاندا، کە مامۆستایەکی باریکو بنێسو ڕەقەڵەی، لە خۆبایی، سێلاوی بوو. ماشقەکەی بالاندا، کە ناوی مارفا گراسیموڤنا بوو، ئەمە مامۆستا بوو، کچێکی قەڵەوی دەموچاو خڕ بوو و هیچ پیری پێوە دیار نەبوو، هەمیشە دەرپێکەی بە شێوەیەکی ناشایستە لە ژێر تەنورەکەیەوە دیاربوو، فەرمانبەری پۆستەو گەیاندن، ئەمە کابرایەکی زوگورتی بێژنی واز وازی، سیسەڵە بوو، بەردەوام بۆنی عەتری هەرزانبایی لێدەهات. ناو بە ناوش گەنجێکی نەنجیمزادە بە ناوی یەفگینی لیستنیتسکی، کاتێ کە دەهات بۆ سەردانی بابیو ماوەیەك لای ئەوو لە موڵکەکانی ئەودا دەمایەوە، لەوێوە بەسواری ئەسپ دەهاتو لەم کۆڕو کۆبووناوانەی ئەماندا بەشداری دەکرد. ئیدی ئەمانە ئێواران لە بانیژەکەدا بەدەم چا خواردنەوەوە دادەنیشتن، دەکەتنە گفتوگۆو گەنگەشەی بێسەرو بنو بێهودە. هەندێجاریش کە بێدەنگی باڵی بەسەردا دەکێشان، یەکێك لە ئامادەبووان هەڵدەستاو ئەو گرامافۆنەی کە پیتێن یەکەمی ناوی خاوەن ماڵەکەی لەسەر نەخش کرابوو، کۆك دەکردو دەخستە ئیش.

هەندێجار، بە تایبەتی لە بۆنەو جەژنە گەورەکاندا سێرگی پلاتونوفیچ، حەزی دەکرد خۆی لەبەر چاوی خەڵکی بنوێنێو زیافەتو دەعوەتێکی ڕێك دەخستو شەرابی نایابو خاویاری تازەی دەدانێ، کە بە تایبەتی ڕای سپاردبوو لە شاری باتایسکەوە بەو بۆنەیەوە بۆی بنێرن. هەروەها باشترین مەزەی دەرخوارد دەدان. جگە لەو بۆنانە، ئیدی باقی ڕۆژانی ساڵی بە قنیاتو ڕەزیلی دەبردە سەر. تاقە شتێك کە ڕەزیلی تیا نەدەکرد کڕینی کتێب بوو. سێرگی نیکولایوفیچ حەزی لە خوێندنەوەی کتێبان بوو، تا بە هزرینی خۆی شتەکان لە بنجو بناوان بکاتو تێیان بگات!

بەڵام یەملیان کونستانتینۆفیچ ئاتیوپینی، شەریکی، کە پیاوێکی قژ زەردی، بزن ڕیشی، چاو چکۆلەی بە قولا چوو بوو، بە دەگمەن دەهاتە ماڵی موخوف. کۆنە ڕەبەنیتەیەکی دێری ئوست میدڤیتسکایای خواستبوو و لە زەرفی پازدە ساڵدا، هەشت منداڵی بۆ خستبووەوە، زۆربەی کاتی خۆی لە ماڵەوە بەسەردەبرد. یەملیان کونستانیتنوفیچ، سەرەتا ماوەیەك ژمێریاری تیپی کردبوو، ئیدی لەوێوە خووی ملکەچی و گوێڕایەڵیو مجامەلەو ڕووبینی گرتبوو و ئەم خووەی لە نێو ماڵو منداڵەکەشیا بڵاوکردبووەوە. منداڵەکانی دەبوا لە حوزوری ئەوا، لە سەر پەنجەی

پێیان بڕۆن، بە ئەسپایی قسان بکەن، هەموو بەیانیەك پاش دەستو چاو شۆردن، لە ژێر سەعاتە ڕەشە گەورەکەی ژووری نانخواردندا، بە ریز دەوەستانو دایکیانیش لە پشتیانەوە دەوەستا، هەرکە بابیان لە ژووری نووستنەوە دەکۆکی، هەموو پێکەوە، بە ئاوازێکی ناسازو هەڵە سروودی: "خودایا بمان بەخشە" و ئەوجا سروودی: "باوکمان..." یان دەخوێند.

هەنگێ یەملیان کونستانتینوفیچ، جلەکانی لەبەر دەکرد، لە کۆتایی نوێژو نزاکەیاندا، لە ژووری نووستنەوە دەهاتە دەرێ، چاوە کەسکە چکۆلەکانی بچووك دەکردنەوە، دەستە لووسو گۆشتنەکەی خۆی، وەکو قەشەباشیان درێژ دەکردو منداڵەکان بە ریز دەهاتنو یەك یەك دەستیان ماچ دەکرد. ئەوسا یەملیان کونستانتینوفیچ، سەر گۆنای ژنەکەی ماچ دەکردو دەیگوت:

- پولیتسکا، چای ئامادەیە؟

- بەڵێ یەملیان کونستانتینوفیچ.

- چایەکی پڕ ڕەنگم بۆ تێکە.

یەملیان، ژمێریاری موغازەکە بوو. لاپەڕەی دەفتەری حساباتەکەی کردبوو بە دوو خانەوە، بە خەتی درشت لەسەرووی خانەی یەکەمدا نووسی بووی: قەرزدار و لە خانەی دووەمدا نووسی بووی: قەرزدەر.

ئیدی بە خەتێکی ناخۆشی میرزا بنووسانە لاپەڕەکانی بە ناوو بڕی قەرزەکە ڕەش دەکردەوە. رۆژنامەی (هەواڵی بۆرسە) ی دەخوێندەوەو بێهیچ زەرورەتێك عەینەکێکی چوار چێوە زێڕینی دەخستە سەر کەپووە زلەکەی. زۆر بە نەزاکەتو حورمەتەوە رەفتاری دەگەڵ کرێکارو شاگردانی موغازەکەدا دەکرد:

- ئیڤان پترۆفیچ، بە ئەرك نەبێ ئەو تۆپە قوماشە بێنە با مشتەریەکە بیبینێ. ژنەکەی یەملیان کونستانتینوفیچ، منداڵەکانی بە "پاپاتسکاو" شاگردانی موغازەکە بە "تساتسا" بانگیان دەکرد.

دوو کەشیشەکەی گوند، کەشیش فیساریونو کەشیش پانکراتی کە خەلیفەی دەڤەرەکە بوو، بەینیان دەگەڵ سیرگی پلاتونوفیچدا خۆش نەبوو و ئەوەندە هاتوچۆیان نەدەکرد، چونکە وردە حیسابێکی زۆر کۆنیان دەگەڵیا هەبوو. کەشیش پانکراتی کابرایەکی شەڕانیو ئاژاوەچی بوو و هەر دەرفەتێکی دەسکەوتبا کێشەو سەریەشەیەکی بۆ دەوروبەرەکانی خۆی دروست دەکرد. بەڵام بابافیساریون، بێوە پیاوێکی ژن مردە بوو، بە هۆی نەخۆی سفلسەوە، بە مینگەمینگ قسەی دەکرد. دەگەڵ کارەکەرێکی ئۆکرانیدا دەژیا. سروشتێکی میهرەبانی هەبوو. کەسێکی دوورە پەرێزو تەریك بوو، خۆی لە بابا بانکراتی، خەلیفەی دەڤەرەکە دوور دەگرتو چونکە پیاوێکی فڕناخو لووت بەرزو ئاژاوەچیو شەڕانی بوو حەزی لێی نەدەکرد.

هەر هەمووان، جگە لە بالاندای مامۆستا، لەو گوندەدا خانووی خۆیان هەبوو. ماڵە گەورەکەی موخوف، کەدیوارەکانی بە تەختەی شین، تەختەپۆش کرابوون، لە مەیدانی گوندا بوو.

موغازەکەی، بە دەرگا شووشەییەکانی‌و بەتابلۆ کاڵەوە بووەکەیەوە، (فرۆشگای س.پ. موخوف و ی. ک ئاتیوپین) ڕێك بەرانبەر بە ماڵەکەی و لە ناوەندی مەیدانی گوندەکەدا بوو.

بە پاڵ موغازەکەوە، عەمارێکی درێژی نزم‌و ژێرخانێك هەبوو کە دەچووەوە سەر موغازەکە. لە دووری سەد مەترێکی موغازەکەوە، دیواری حەوشەی کڵێساکە کە بە کەرپووچ دروستکرابوو. قوت بووبووەوە. ئەوجا کڵێساکە دەهات کە بە گومەتەکەیەوە لە پیازێکی سەوزی گەییو دەچوو. لەو دیوی کڵێساکەوە، بینای قوتابخانە سەرەتاییەکە دەهات، کە بە دیوارە سپیە پاك‌و خاوێنەکانیەوە شکۆو جەلالێکی فەرمی هەبوو، ئەوسا دوو خانووی جوان‌و ڕێك‌و پێك دەهاتن، یەکێکیان بە بۆیەی شین بۆیاخ کرابوو، پەرژین و باخچەیەکی جوانی هەبوو، هی کەشیش پانکراتی بوو، دووەمیان بە بۆیەی قاوەیی بۆیاخ کرا بوو (بۆ ئەوەی لە خانووی یەکەم نەچێت)، پەرژێنێکی هەبوو، هەر هەموو بە کەندەکاری نەخشێنرا بوو، بالکۆنێکی گەورەی هەبوو، ئەمەیان هی کەشیش فیساریون بوو. ئەوجا خانووە دوو نهۆمیەکەی ئاتیوپین دەهات کە دیمەنێکی سەیری هەبوو، ئەوجا پۆستەخانەکە دەهات‌و پاشان خانووی قۆزاقەکان دەهات کە سەرەکانیان هەژگ‌و بژاڵ‌و گڵ یان چینکۆو جەمەلۆن بوو. لەوپەڕی پەڕیشەوە ئاشەکە دەهات کە سەربانێکی لێژی جەمەلۆنی هەبوو و کۆمەڵێك کەڵەبابی لە تەنەکە دروستکراوی بەسەرەوە بوو و هەموو ژەنگیان هەڵێنا بوو.

خەڵکی گوند لەم جۆرە خانووانەدا دەژیان‌و پەردەی پەنجەرە ئاسنەکانیان کە لە ناوەوەو دەرەوە بە کلیل دادەخران لە دنیای جیا دەکردنەوە. شەوان، ئەگەر نەچووبانە سەرانی دەرو دراوسێ، هەموو خێزانێك پەنجەرەکانی خۆی کلیل دەداو، سەگەکانیان بەردەداو، بێدەنگی باڵی بەسەر گوندا دەکێشا، مەگەر ناو بە ناو دەنگی زمانەدارینەی کوتەکەکەی دەستی یارۆی پاسەوانی شەو، ئەم بێدەنگیەی بشڵەقاندایە.

((٢))

ڕۆژێك، لە ئاخرو ئۆخری مانگی ئابدا، وا ڕێکەوت کە میتکا کورشونوف لە ڕوباری دوندا تووشی لیزای کیژی سێرگی پلاتونوفیچ بوو. میتکا تازە لەوبەری ڕوبارەکەوە هاتبوو و سەرقاڵی ئەوە بوو کە بەلەمەکەی بە کۆتەرە دارێکەوە ببەستێتەوە، سەیری کرد بەلەمێکی چکۆلەی جوانی ڕەنگین بە ئاسانی ڕوبارەکە دەبڕێت‌و بەرەو لەنگەرگاکەی سەمتی چیایەکە دەڕوات، ئەو کەسەی سەوڵی لێدەدا، خوێندکار بویاریشکین بوو، سەرە تاشراوەکەی لە ئارەقەدا دەبریقایەوە. دەماری نێوچەوان‌و لاجانگەکانی، تەواو دەرکەوتبوون.

میتکا، هەوەڵجار لیزای لە نێو بەلەمەکەدا نەناسییەوە، شەپقەیەکی پوشی لەسەر نابوو و دەموچاوی کەتبووە سێبەرەوە. چەپکێك نیلوفەری زەردی بەدەستە تاوە سووتەکانیەوە گرتبوو نابووی بە سینگ‌و بەرۆکیەوە. سەرێکی لەقاندو هاواری کرد:

– کورشونوف! چیە پێت ڕابواردووم؟

– ڕابواردنی چی؟

– بیرت نەماوە، ئەدی قەولت نەدا بوومێ کە پێکەوە بچینە ڕاوە ماسی؟

بویاریشکین، دەستی لە سەوڵەکان هەڵگرت، پشتی راستکردەوە. بەلەمەکە بە خشو هۆڕ، لووتی بەکەنارەکەدا چەقاند. لیزا بەدەم پێکەنینەوە، خۆی لە بەلەمەکە هەڵدایە دەرێ:

– ئێستا بیرەت کەوتەوە؟

میتکا بۆ ئەوەی خۆی بپەڕێنێتەوە، بەدەم تەمەشاکردنی لیزاوە، کە بەرەو لای ئەو دەهات، بەهانکە هانك گوتی:

– ببورە، وەختم نەبوو، زۆر مژوول بووم.

بویاریشکین قسەکەی پێبڕین:

– نا! مەحاڵە. من تەواو، بە هیلاکی رەش چووم لیزا سیرگیڤنا من دەڕۆم، لە خزمەت مەرەخەس دەبم! بیهێنە بەرچاوی خۆت چ رێگەیەکی دوورو درێژمان بەسەر ئەم رووبارە نەعلەتیەوە بڕیوە. هێندەم سەولٚ لێداوە هەموو ناو لەپم بووە بە تلۆق، سەد خۆزگە بەرێگای زەمینی.

بویاریشکین، پێیە گەورە خاوسەکانی، بێپەروا نایە سەر زیخو چەوی تیژی کەنارەکە، تەوێڵی بە قەراخی کاسکێتەکەی سڕی. لیزا، بێئەوەی وەڵامی ئەو بداتەوە، لە میتکا نزیك بووەوە، دەستی بۆ راگرتو میتکاش ناشیانە تەوقەی دەگەڵ کرد.

لیزا، سەر دەباتە دواوەو چاوەکانی چکۆلە دەکاتەوەو دەڵێ:

– کەی بڕۆین بۆ ڕاوە ماسی؟

– حەز دەکەی سبەینێ دەڕۆین، کاری گیرەو خەرمانمان تەواو بووەو من دەستم بەتاڵە.

– خۆ ئەمجارەش، نام خەڵەتێنی؟

– نا، نا، هەڵت ناخەڵەتێنم.

– باشە زوودێی بە شوێنما؟

– بەرە بەیان، پێش هەتاو کەوتن.

– چاوەڕوانت دەکەم.

– دێم بەشوێنتا، بە شەرەفم دێم!

– بیرت ماوە لە چ پەنجەرەیەك دەدەی؟

میتکا زەردەخەنەیەکی بۆ کرد:

– دەیدۆزمەوە.

– پێموایە بەم زووانە سەفەر دەکەم. حەز دەکەم بەر لە سەفەرەکەم جارێك بچمە ڕاوە ماسی.

میتکا، بە بێدەنگی، کلیلە ژەنگنەکەی بەلەمەکەی لە دەستیا بادەداو دەیڕوانییە لێوەکانی کیژێ.

بویاریشکین، کە سەدەفێکی خستبووە سەر دەستیو بە وردی تەمەشای دەکرد، بانگی لێکردن:

– زۆرتان ماوە؟

– ئێستا دەڕۆین.

لیزا، کەمێك بێدەنگ بوو، ئەوجا بە دەم پێکەنینەوە پرسی:

– شاییتان هەبوو، ها؟
– بەڵێ، شایی خوشکەکەم بوو.
– شووی بە کێ کردووە؟
بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی ئەو بکات، بزەیەکی گۆنگی تیژ تێپەڕی بۆ کردو گوتی:
– دێیت، ها!
جارێکی دی، ڕێك وەکو ئەو ڕۆژەی بانیژەکەی ماڵی موخوف، بزەکەی لیزا، وەکو دڕك چزەی لە میتکا هەستاند.
میتکا، لە دواوە، تاگەیشتە بەلەمەکە هەر تەمەشای دەکرد. بویاریشکین، لاقی بڵاوکردبوونەوەو بەلەمەکەی دەڵەك دەدا، لیزا لەسەر سەری بویاریشکینەوە، بە دەم زەردە خەنەوە تەمەشای میتکای دەکرد، کە گەمەی بە کلیلەکەی دەستی دەکردو بە ئاماژەی سەر خوا حافیزی لێکرد.
دوای ئەوەی بەلەمەکەیان چەند مەترێك لە کەنارەکە دوورکەوتەوە، میتکا گوێی لێبوو، بویاریشکین بە ئەسپایی لە لیزای پرسی:
– ئەم کوڕە کێ بوو؟
– ئاشنایەکی منە.
– خۆ مەسەلە ئەشق و ئەشقکاری نییە؟
میتکا، لەبەر جیڕە جیڕو تەقەتەقی دوو ئەڵقەکەی، جێگای سەوڵەکان، گوێی لە وەڵامی ئەو پرسیارە نەبوو. ئەوەندەی بینی کە بویاریشکین بە دەم سەوڵ لێدان و قاقای پێکەنینەوە خۆی بە پشتا شکانەوە، بەڵام روخساری لیزای، کە پشتی لەو بوو نەدەبینی. نەوارە وەنەوشەییەکەی شەپقەکەی، کە بەدەم شنەی بایەکەوە هێدی هێدی دەشەکایەوەو ناسك ناسك خۆی لەشان و ملی رووتی هەڵدەسوو، نیگای تەماوی میتکای دەبزواند.
میتکا، کە بە دەگمەن بە قولاپ و داو دەچووە راوە ماسی، هەرگیز بە جۆش و خرۆشی ئەو شەوەوە خۆی بۆ ئەم کارە ئامادە نەکردبوو. چەند تەپاڵەیەکی وشکی هێنا، لە ناو بێستانەکەیاندا بەدەم زوڕات لێنانەوە، کەوتە چاك کردن و گرێدانەوەی داوە قرچۆك و پچڕاوەکان.
میخی، کە تەمەشای دەکرد، پرسی:
– میتکا گیان، لەگەڵ خۆتم ببە، بەتەنیا ڕاوت پێناکرێت.
– خەمت نەبێ، تەگبیری خۆم دەکەم.
میخی، ئاهێکی هەڵکێشا:
– زۆر دەمێکە پێکەوە نەچووینەتە ڕاوە ماسی. چەند حەزدەکەم شەبوتێکی هەشت کیلۆیی بخەمە داوەو ڕاو بکەم.
میتکا، سەری بە سەر مەنجەڵە زوڕاتەکەوە داگرت، هەڵمی مەنجەڵەکە چوو بە سەرو چاویاو برۆکانی وێکهێنانەوەو هیچ وەڵامێکی میخی نەدایەوە. کە لەو کارانە بووەوە، بۆ ماڵ

ڕۆییشتەوە. باپیرە گریشاکا، لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشتبوو. عەینەکە، چوارچێوە مسییەکەی لە چاو کردبوو و ئینجیلی دەخوێندەوە.

میتکا شانی دا بە لا شیپانەی دەرگاکەوە و بانگی کرد:

– باوە گەورە!

باپیرە گریشاکا، لە سەروو عەینەکەکەوە نیگای کرد:

– ها؟

– لەگەڵ یەکەم بانگی کەڵەبابدا خەبەرم بکەوە.

– بە تەمای بەو شەوەکیە بۆ کوێ بڕۆیت؟

– دەچمە ڕاوە ماسی.

پیرەمێرد زۆری حەز لە ماسی بوو. بەڵام بە ڕواڵەت وای نواند کە بەو کارە ڕازی نییە، بۆیە گوتی:

– بابت گوتوویەتی دەبێ سبەی پووش بکوتن. وەختی سەیران‌و ڕاوە ماسی نییە، تۆ تەمەشای ئەمە!

میتکا لەبەر دەرگاکە لاکەوت‌و کەوتە بیانوو هێنانەوە:

– بۆ من فەرق ناکات، حەزم دەکرد تۆ ماسی بخۆیت، بەڵام مادامێکی دەبێ پووش‌و گیا بکوتین، قەیدی نییە ناڕۆم.

باپیرە گریشاکا، ڕاچڵەکی، چاویلکەکەی لە چاوی داکەند.

– ڕاوەستە، بۆ کوێ دەڕۆیت؟ من بە باوکت، میرون دەڵێم، کە ئیزنت بدات. سبەینێ چوار شەممەیە، با ژەمە ماسییەك بخۆین. دەیسا باشە بێدارت دەکەمەوە. دەبڕۆ دەی. بە چی پێدەکەنی کەرە؟

لە نیوە شەوا، باپیرە گریشاکا، لە حاڵێکا بە دەستێکی پانتۆڵە کەتانەکەی هەڵکردبوو و بە دەستەکەی تری دارعاساکەی گرتبوو و بە دارە تەقێ بە قاڵدرمەکاندا داگەڕاو وەکو تارماییەکی سپی لەرزۆك، بە حەوشەکەدا تێپەڕی‌و خۆی بە عەمارەکەدا کرد،نووکی دارعاساکەی لە میتکاوە، کە لەسەر پەتۆیەك خەوتبوو و پرخ‌و هۆڕی بوو، ژەند. بۆنی گەنمی تازەو گووی مشك‌و داوی بۆ گنخی جاڵجاڵۆکە، لە ژوورەکەدا پەنگی خوارد بووەوە.

میتکا لە پاڵ عەماری گەنمەکەدا نووستبوو، زوو خەبەری نەبووەوە. باپیرە گریشاکا، چەند جارێك نووکی دارعاساکەی بە سووکی تێوە ژەندو لە بن لێوانەوە بانگی لێکرد:

– میتوشکا! میتکا!.... هەلو، میتکا! هەی نامەرد!

بەڵام میتکا، گینگڵێکی داو، خۆی گرمۆڵە کردو زیاتر دایە پرخ‌و هۆڕ.

باپیرە گریشاکا، تاقەتی چوو، نووکی دار عاساکەی کرد بە سکیاو وەکو درێل بایدا. میتکا ناڵەیەکی بۆ کرد، سەری دارەکەی توند گرت‌و لە پڕ ڕابوو. باوە گەورە تووڕە بوو:

– مردووت مرێ بۆ خۆت‌و خەوت! ئاخر بەردیت چیت! ئەم جۆرە خەوە، خەوی نەگبەتیە!

میتکا، بەچاوی خەواڵووەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:

– وس! باپیره، دەنگ هەڵمەبڕە.

به لەپە کوتیٚ کەوتە گەڕان لە چەکمەکانی... گەییە مەیدانی گوند، کەڵەبابان بۆ جاریٚ دووەم کەوتنە خوێندن. کە گەییە ئاستی ماڵەکەی بابافیساریون، گوێی لە دەنگی بەرزی کەڵەبابێك بوو کە لە نێو کولانەی مریشکانەوە بە دەم شەقەی باڵەکانیەوە دەیخوێندو مریشکەکان ترساوو هەراسان کەوتنە قردە قرد. دەنگی کەڵەبابی قەشەباشی کڵێسا دەبیٚ وابیٚ!

حەسحەسێك، لەسەر دوا پلەی قاڵدرمەکەی بەر موغازەکەدا (فرۆشگا) خەوتبوو. لووتی کردبوو بە ناو یەخەی گەرمی پۆستینەکەیەوە.

میتکا کە گەییە ئاست پەرژینی حەوشەکەی ماڵی موخوف، کەرەستەی راوە ماسیەکەی، قامیش‌و پەت‌و قولاپ‌و ئەو خورجینەی کە چەشەی تێکرد بوو، لە ئەرزەکە دانا. بە ئەسپایی بۆ ئەوەی سەگەکان خەبەر نەکاتەوە، لەسەر نووکی قامکان، بە پلەکاندا بەرەو بانیژەکە سەرکەوت. دەسکی ساردی دەرگا ئاسنەکەی، کە توند داخرابوو، راکێشا. بە موحەجەرەی بانیژەکەدا سەرکەوت، خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەکە. پەنجەرەکە بەتەواوەتی دانەخرا بوو، نیمچە کراوە بوو. لە درزی تاریکی پەنجەرەکەوە بۆنی خۆشی جەستەی نەرم‌و گەرمی کیژێکی گەنجی نوستووی، بەسەردا هات.

– لیزاڤیتا سیرگیڤنا!

میتکا، وای هەست کرد کە بانگەکەی زۆر بەرز بوو. چاوەڕوانی کرد. بێدەنگی باڵی بەسەر دنیادا کێشابوو. میتکا کە دەستی بە قەراخی پەنجەرەکەوە گرتبوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ناشیٚ ئەم پەنجەرەیە خۆی نەبیٚ؟ ئەگەر موخوف بابی لێرە نوستبیٚ؟ مەگەر خوا بە رەحمی خۆی فریام بکەویٚ! دەنا دەمکات بە قوربانی فیشەکێك."

– لیزاڤیتا سیرگیڤنا، هەلو، ڕابە بچینە راوە ماسی.

دیسان لە دڵی خۆیدا گوتیەوە:

"ئەگەر بە هەڵە چووبم، ئیدی تەواو، کارم کراوە!"

بە پەستیەوە گوتی:

– دە هەستە دەی، دێی یان نا؟

هەنگیٚ، لە پەنجەرەکەوە سەری بردە ژووریٚ‌و گوتی:

– دە هەستە دەی!

دەنگێکی نزمی هەراسان، لە تاریکیەکەوە، هات:

– کێیە؟

– منم، کورشونوف، دێی بچینە راوە ماسیان یان نا؟

جم‌و جۆڵێکی سووك لە ژوورەوە پەیدا بوو. دەنگە خەواڵوو گەرمەکەی بۆنی ڕێحانەی تەڕی لێدەهات. میتکا تارماییەکی سپی بینی کە بەخشەخش بە نێو ژوورەکەدا دەهات‌و دەچوو. بۆنی ژوورەکەی بەسەراهات، کەپووی پڕ بوو لەو بۆنەو لە ناکاوا خەیاڵێکی گۆنگیٚ بە مێشکا هات، لە

دڵی خۆیدا گوتی: "چەند خۆش بوو، لە جیاتی چوونە راوە ماسیو لە ئاوا وەستان... لێرە، لەم ژووورە گەرمەدا لەگەڵیا خەوتبام..."

دوای ماوەیەکی کەم، سەرو روخساری خەندانی، کە لە سەرپۆشێکی سپیەوە پێچا بوو، لەبەر پەنجەرەکەدا دەرکەوت.

– کوا دەستم بدەیە، دەمەوێ لێرەوە بێمە دەرێ.

– کوا وەرە خوارێ.

لە کاتێکا میتکا یارمەتی دەدا بێتە خوارێ، لیزا خۆی بە بازووی ئەوەوە گرت، لە نزیکەوە روانییە دوڕ چاوانی.

– دوا نەکەوتم ها؟

– خراپ نییە، فریا دەکەوین.

بەرەو دۆن نشێو بوونەوە. لیزا بە دەستە پەمەییەکانی چاوە هەڵماساوەکانی، هەڵگلۆفتو گوتی:

– چەند خەوێکی خۆشم لێکەوتبوو! حەزم دەکرد تاوێکی دیکەش خەوتبام، هێشتا زۆر زووە.

– رێك لە وەختا دەگەینە جێ.

لە یەکەم کۆڵانی مەیدانەکەوە کە بۆ ڕوباری دۆن لایدەدا، داگەڕان. شەوێ ئاوی روبارەکە هەستابوو، ئەو بەلەمەی کە دوێنێ لە وشکایی قەراخی روبارەکەدا بە کۆتەرە دارێکەوەی بەستبوو، کەوتبووە سەر ئاوو بەسەر ئاوەکەوەو لە کەناری روبارەکەدا جۆلانەی دەکرد.

لێزا، ئەو مەسافەیەی نێوان خۆیانو بەلەمەکەی بە مەزەندەی چاو پێواو ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– ئاخ، دەبێ پێڵاوەکانم دابکەنم.

میتکا، پێشنیازی کرد:

– با بە باوەش بتبەم!

لیزا، بە دوو دڵیەوە گوتی:

– قەینا، وا باشە پێڵاوو گۆرەویەکانم دابکەنم.

میتکا، دەستی چەپی خستە ژێر ڕانیو بە ئاسانی هەڵیگرتو بە نێو ئاوەکەدا کەوتە ڕێ تا گەیینە بەلەمەکە. لیزا، بێ ئختیار خۆی بە بۆقەتەی ملە ئەسمەرەکەیەوە گرتو دەستی بە پێکەنینێکی ناسك کرد.

ئەگەر میتکا، پێی لەو تاوێرەی کە ژنانی گوند، جلیان لەسەر دەشت، هەڵنەنووتابا، قەت دەرفەت بۆ ئەو ماچە کورت خایەنە تیژتێپەڕە نەدەڕەخسا. لیزا هاوارێکی کردو روخساری بە لێوە زبرو شەقار شەقارەکانی میتکاوە چەسپاند، میتکا، لیزای لە نێو بەلەمەکە نا، خۆی لە دوو شەقاوی بەلەمە بۆرەکەدا وەستا. ئاو چووە چەکمەکانیەوەو پێیەکانی لەسەرما تەزین.

بەلەمەکە لە کۆتەرە دارەکە کردەوە، بە توندی دەڵەکی داو لە بەستێنەکەی دوور خستەوەو خۆی هەڵدایە ناو بەلەمەکەوە. میتکا بە پێوە وەستا بوو و وردە وردە سەوڵی لێدەدا، ئاوی

ڕوبارەکە لە دوای بەلەمەکەوە، کەوتە خوڕە خوڕو لە تۆ وایە دەگری. بەلەمەکە بە نەرمی ئاوەکەی شەق دەکردو شەپۆلەکانی بەرەو ئەو بەری روبارەکە دەبڕی. قامیشەکانی راوە ماسیەکە لە ناو بەلەمەکەدا، بە تەقە تەق بەر یەکدی دەکەوتن.

لیزا، ئاوڕێکی خێرای پاشەوەی دایەوەو گوتی:

– بۆ کوێم دەبەیت؟

– بۆ ئەوبەری روبارەکە.

بنی بەلەمەکە، لە لمەلاَنی کەنارەکە نیشت..

میتکا بە بێپرس، لیزای لە باوەش کردو، هەلێگرتو بۆ ناو دەوەنەجاڕەکەی کەنار روبارەکەی برد. کیژێ گازی لە گۆنای دەگرت، چڕنوکی لە روومەتی دەدا، ئەوجا یەك دوو سووکە هاواری کردو کە بینی هیچ دەسەلاَتێکی نییە، بە دڵێ، بە کوڵێ، بێئەوەی فرمێسك بڕێژێ، لە هۆڕژنی گریانی دا...

نزیکەی سەعات نۆ لەوێندەر گەڕانەوە. تەمێکی زەرد بەری ئاسمانی گرتبوو. بایەکی توند بەسەر روباری دۆنەوە سەمای دەکردو بە گژ شەپۆل‌و پێلەکاندا دەچوو. بەلەمەکە بە دەم سەماوە بەسەر شەپۆلەکاندا تێدەپەڕی، پرژی کەفاوی‌و ساردی ئاوەکە، کە لەملاو لەولای بەلەمەکەوە هەڵدەستا، لە گۆنا زەرد هەڵگەڕاوەکانی لیزای دەداو پێیاندا دەهاتە خوارێ، یان لەسەر برژانگی و ئەو هەودا قژانەی کە لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتبوونە دەرێ، دەگیرسانەوە.

لیزا چاوی تەواو قورس بوو بوون، لە ماندوویەتیدا هەڵنەدەهاتن. بە قامکەکانی ساقەتەی گوڵێکی، کە لە نێو بەلەمەکەدا کەتبوو، هەڵدەپڕوقاند، میتکا بێئەوەی سەیری ئەو بکات، سەوڵی لێدەدا. ماسیەکی شەبووتی چکۆلەو ماسیەکی دیکەی گەورە لە نێو بەلەمەکەدا، کە بەدەم گیانەللاوە، دەمە وشکەکەی دەکردەوەو بە دوو چاوی ئەرخەوانیەوە دەیڕوانی، لەبەر پێیدا کەوتبوون. میتکا سەروو سەکوتی گوناهکارانی هەبوو، شادییەکی نیگەرانی ئامێز نیشتبووە سەر سیمای. بایەکی بە بەلەمەکە دایەوەو بە لیزای گوت:

– دەتبەم بۆ لەنگەرگای سیمونوف، ئەوێ بۆ تۆ نزیکترە.

لیزاڤیتا، بە ئەسپایی وەلاَمی دایەوە:

– باشە.

کەنارەکە چۆڵ بوو، پەرژینی بێستانەکانی سەرووی روبارەکە، کە تەپوتۆزی سپیواژی گەچینیان لێنیشتبوو، بە دەم بایە گەرمەکەوە هەڵپروکا بوون، غەمگین دیار بوون‌و بۆنی لقی وشك‌و سووتاوی دارو دەوەنان دنیای پڕ کردوو. تەبەقی گوڵە بەڕۆژەی قورس‌و گەییوو، کە جیێ دەنووکی تەیروتویان پێوە دیار بوو، بەسەر ساقەتەکانیانەوە بەرەو زەوی دانەوی بوونەوەو بەرەبەرە دەوەرینە سەر عادری. زەوی مێرگ‌و چەمەنزارەکان، لە دوای درەوەوە، لە سەوزە گیای زومڕود ئاسادا سەوز دەچوونەوە. چەند جوانوویەك کە لە دوورەوە هەڵبەزو دابەزیان بوو و دەنگی زەنگوڵەکانی ملیان بەدەم هەوای گەرمی باشوورەوە دەگەییە روبارەکە.

لەو کاتەدا کە لیزا، لە بەلەمەکە دادەبەزی، میتکا ماسیەکی هەڵگرت‌و بۆی راگرت‌و گوتی:

– هانێ ئەم ماسیانە بەرە!

کیژێ، بەترسەوە چاوانی تروکاندو ماسیەکەی لێوەرگرت و گوتی:

– باشە من دەڕۆم...

– دەی باشە...

لیزا، بە سەرو روویەکی غەمگینەوە کەوتە ڕێ. ماسیەکەی، بە شولکە بییەکەوە، بەسەری قامکان هەڵگرتبوو: شادیو ئاسوودەییەکەی جارانی، لە دەوەنەجاڕی بنجە گوێژە کێویەکانی کەنار روبارەکە بە جێ هێشتبوو.

– لیزا!

کیژێ ئاوڕی دایەوە، بە پەستیو حایرمانەوە برۆکانی وێکهێنانەوە.

– کوا دەققەیەك وەرە!

وەختێ کیژێ نزیك بووەوە، میتکا کە لە شەرمەزاریا پەشۆکا بوو گوتی:

– کەمێك خەمسارد وکەمتەرخەم بووین.... تەنورەکەت لەدواوە.. پەڵەیەکی بچووك، زۆر بچووکی پێوەیە.

لیزا، سووری سوور بووەوە. دوای کەمێك بێدەنگی، میتکا ئامۆژگاری کرد:

– لە ڕێگاکەی پشتەوە بگەڕێوە.

لە کاتێکا بەدەم پەشیمانی و کەربو کینێکی ناگەهانیەوە دەیڕوانیە میتکا، لە بن لێوانەوە گوتی:

– ناچارم بە مەیدانەکەدا تێبپەڕم. بە هەر حاڵ، خۆزگە تەنورە رەشەکەم لەبەر دەکرد.

میتکا، زۆر ئاسایی پێشنیازی کرد:

– چ دەڵێی بە پەلکە درەختێك بۆتی بسڕم تا کەمێك سەوز ببێ؟و ئەوجا کە بینی فرمێسك لە چاوانی لیزادا قەتیس ماون، زۆری پێ سەیر بوو.

... هەواڵەکە، وەکو شنەبایەك، بەسەرانسەری گوندا بڵاوبووەوە: "میتکا کورشونوف، کیژەکەی سیرگی پلاتونوفیچی لە ڕێ دەرکردووە، شەوێکی تەواو، لەو دەشتە پێکەوە بوون."

ژنان، کە بەیانیان چێڵەکانیان بۆ ناو گاڕان بەڕێ دەکرد، یان کە دەچوونە سەر بیرو لە سایەی سێبەری کەمی چەرخی بیرەکەدا بە دەم چاوەڕوانی ئاو پڕکردنەوە دەوەستان، یان لە کەناری رووباری دۆندا، بە دەم کوڵو کانیو جل شۆردنەوە، باسی ئەو شتەیان دەکرد:

– هی ئەوەیە کە دایکی خۆی نییە، کە دایك نەبوو، ئەو شتانەش روو دەدەن.

– باوکی نای پەرژێ سەری خۆی بخورێنێ و باوەژنەکەشی گوێی ناداتێ...

– داڤیدکای حەسحەس گێڕاویەتیەوەو گوتوویەتی: "نیوە شەو بوو، دیقەتم دا پیاوێك لە پەنجەرەکەی ئەوسەر نزیك دەبێتەوە، لەدڵی خۆدا گوتم: دزەو دەیەوێ ماڵی سیرگی پلاتونوفیچ ببڕێت، رام کردو خۆم گەیاندێ: زەلام کێی؟ ویستم پۆلیسی بۆ بانگ بکەم! سەیرم کرد یارۆ بوو، میتکا."

– کیژانی ئەم سەردەمە، ئامانیان نییە! کۆ لە هیچ ناکەنەوە! عەمریان نەمێنێ!...

- میتکا خۆی بە نیکتیای کوڕمی گوتووە: "خوازگاری دەکات"، بەڵێ.
- با جارێ بڕوات چڵمەکەی بسڕێت، هێشتا بۆنی شیری خاوی لە دەم دێ!
- وەکو من بیستوومە، بە زۆر سواری بووە...
- کە تۆش خۆشباوەڕی!

مقومقۆو دەنگۆ لە کوچەو کۆڵاندا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بڵاو دەبووەوەو ناوی کیژێی، وەکو قیڕو قەتران لە دەرگایەکی خاوێن هەڵسوون، بەو ئاوایە ڕەش دەکرد.

مقۆمقۆی خەڵکی، سەرەنجام بەسەر سەری سپی سیرگی پلاتونوفیچ موخوفدا ڕژاو خستی. بۆ ماوەی دوو ڕۆژ نە بۆ موغازەکەی چوو نە بۆ ئاشەکەی. تەنیا نیوەڕوان، لە کاتی فراڤیندا، کرێکارو خزمەتکارەکانی خۆی، کە لە قاتی ژێرەوە دەژیان، دەبینی. سیرگی پلاتونوفیچ، لە ڕۆژی سێیەمدا دەستوری دا، ئەسپە ڕەشبەڵەکەکەی بۆ لە گالیسکە یەك نەفەریەکەی ببەستن. بە سواری گالیسکەکەی بەرەو شار وەڕێکەوت و بەدەم ڕێگاوە بۆ شار، بەسەر سلاوی ئەو قۆزاقانەی دەسەندەوە کە لە ڕێگا تووشیان دەبوو. گالیسکەیەکی رازاوەی تازە گریس کراو، لە دوای ئەوەوە، لە حەوشە هاتە دەرێ. عەرەبانچییەکە، یەملیان بوو، سەبیلە بچووکە دەسك خوارەکەی بەدەمەوە بوو، لە تۆ وایە بە ڕدێنە بۆزەکەیەوە چەسپی بوو. قایشی لغاوی ئەسپەکانی کردەوە. ئەسپە ڕەشەکان، گورج و چاپوك، بە کۆڵانەکانداو بەدەم ڕەوتەوە کەوتنە ڕێ. لیزا، لە پشت یەملیانەوە کە دەتگوت کەرتە شاخە، بە ڕەنگی زەردەوە دانیشتبوو، جانتایەکی چکۆلەی بەدەستەوە بوو و بزەیەکی خەمناك نیشتبووە سەر لێوی. دەستکێشەکەی  خۆی بۆ فلادیمیرو باوەژنەکەی کە لە بەردەگا وەستا بوون، تەکان دا. پانتلی پروکوفیچ کە بە شەلە شەل لە موغازەکە (فرۆشگا) دەهاتە دەرێ، بە کونجکاوی لە نیکیتای دەرگاوانی پرسی:

- کیژەخان بۆ کوێ دەڕوات؟

نیکیتا، بە سادەیی خۆی وەڵامی دایەوە:

- دەڕوات بۆ مۆسکۆ، بۆ خوێندن دەڕوات، دەچێتە زانستگە.

بۆ سبەینێ بویەرێك ڕووی دا، کە بۆ ماوەیەکی زۆر، لە گوێی ڕوباری دۆن و لە سایەی چەرخ و کەپری سەر بیرەکەی ئاوایی و لە مێرگ و لەوەڕگاکاندا، باس دەکرا ودەگێڕدرایەوە... بەر لەوەی شەو دابێ، پاش ئەوەی گایەل و ڕانێن ئاوایی لە دەشت گەڕا بوونەوە، میتکا چوو بوو بۆ لای سێرگی پلاتونوفیچ، بۆیە بە درەنگە چوو بوو تا لە ڕێگا تووشی کەس نەبێت، بۆ سەردانی رووت نەچوو بوو، بەڵکو بۆ ئەوە چوو بوو کە خوازبێنی لیزاڤیتای لێبکات.

لیزاو میتکا، تەنیا چوار پێنج جار یەکتریان بینی بوو، لە دوا دیداریاندا ئەم گفتوگۆیەیان کردبوو:

- لیزا، ئەگەر داوات بکەم، مێردم پێدەکەی؟
- شێت بووی؟

– بەڵێنت دەدەمێ کە دەگەڵت میهرەبان بم، خۆشم بوێی... مدارات بکەم. لە ماڵەوە خەڵکمان زۆرن کە کاربکەن، تۆ دەتوانی بۆ خۆت لەبەر پەنجەرەدا دانیشیتو کتێبەکانی خۆت دەور بکەیتەوە.

– کە کەودەنی!

میتکا، زویر بوو بوو و لەسەری نەڕۆییشتبوو، ئەو ئێوارەیە لە ڕۆژان زووتر بۆ ماڵ گەڕابووەوە. بۆ بەیانی بابی غافڵگیر دەکاتو پێی دەڵێ:

– باوکە، خۆت ئامادەکە ژنم بۆ بێنە.

– کەرەکەر!

– نە، باوکە بەڕاستیمە، گاڵتە ناکەم.

– زۆرت پەلەیە؟

– ئەی چی...

– حەزت لە کێ کردووە؟ ناشێت حەزت لە مارفۆشکا شێت کردبێت؟

– خوازگاران بنێرە بۆ لای سێرگی پلاتونوفیچ.

میرون گریگۆروفیچ، کە خەریکی دورینەوەو چاککردنەوەی زین و هەوساری ئەسپ بوو، ئەوزارو کەرەستەکانی، لەسەر مێزی کارەکەی داناو لە قاقای پێکەنینی دا:

– بەڕاستی خۆشی، وادیارە ئەمڕۆ کەیفت قنجە.

میتکا، وەکو جوانەگایەك شاخ بەدیوارا بکێشێت، دایە سەر سەختی. بابی توڕە بوو:

– کەرپیاو ! سێرگی پلاتونوفیچ، بەلای کەمەوە خاوەنی سەرمایەیەکی سەد هەزار ڕۆبڵییە، بابایەکی بازرگانە، تۆ چیت؟.... جاشەکەر، ئەگەر حەزدەکەی بەم هەوسارە تێت بەر نەبم، تا زووە هەیدێ، گوم بە لە بەر چاوم! جەنابی زاوا!

– ئێمەش چواردە جووت گاجووتمان هەن، زەوی‌و زارێکی فرەمان هەیە، ئەوان فەلاح ولادێین، ئێمە قۆزاقین.

میرۆن گریگۆروفیچ، کە حەزی لە چەنەبازی نەدەکرد، لە کورتی بڕییەوە و گوتی:

– بڕۆ، گوم بە لەبەر چاوم!

تاقە کەسێك کە هاوخەمی میتکای دەکرد، باپیرە گریشاکا بوو. باپیرە بە دارەتەقێ چوو بۆ لای کوڕەکەی و گوتی:

– میرون!

– ها؟

– بۆ قاییل نابی؟ ئێستا کە کچەی خۆش دەوێ بۆچی...

– باوکە، بە زاتی خوا تۆش مندالیت، مندالێکی گەورەیت! ئەوە زانیمان کە میتکا یەکجار کەرەو تەواو، بەلام تۆ بۆچی...

پیرەمێرد، دارەکەی بەعاردیدا کێشاو گوتی:

– دەی بیبڕەوە! چیمان لەوان کەمترە؟ دەبێ شانازی بەوەوە بکات کە کوڕە قۆزاقێك داوای کچەکەی دەکات. دەبێ بە مەمنوونیەوە قاییل بێ، ئێمە لە سەرانسەری ئەم دەڤەرەدا ناسراوین، خەڵکێکی گومناوی هەرچیو پەرچی نین. هەژارو نەبوو نین، موڵکی خۆمان هەیە... میرۆن، بە قسەم بکەو بڕۆ داخوازی کیژەکەی لێبکە. لە چی دەترسیت! دەبێ ئاشەکەمان لە بری جیازی بداتێ! ئا، داوای ئەوەی لێبکە!

میرون گریگۆروفیچ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو چوو بۆ ناو حەوشەکە. بەو جۆرە میتکا لێبڕا، هەرکە خۆر ئاوا بوو و دنیا کەمێك تاریك بوو، بە خۆی بڕوات بۆ لای موخوف. دەیزانی بابی چەند سەرسەختە، وەکو درەختی نارەنە، ڕەگی لە قوڵیدایە، دەتوانی بیچەمێنییەوە، بەڵام لە شکان نایەت.

بەدەم فیکە فیکەوە خۆی گەیاندە بەرماڵی موخوف، ترسو دوو دڵی دایگرت، کەمێك ئەم پێو ئەو پێی کردو خۆی بە حەوشەکەیاندا کرد. خۆی گەیاندە بەر دەرگایەکی لاوەکی، کارەکەرێکی بینی کە بە خشەخشی بەر کۆشەکەیەوە تێدەپەڕی، لێی پرسی:

– ئاغا، تەشریفیان لە ماڵەوەیە؟

کارەکەرەکە وەڵامی دایەوە:

– خەریکە چای دەخواتەوە، چاوەڕوان بکە.

میتکا، بە دەم چاوەڕوانیەوە دانیشت. سیغارێکی پێکرد، کێشای، ئەوجا قامکەکانی بە تف تەڕکردو سیغارەکەی پێکوژاندەوەو قوونکەکەی لە ئەرزەکەدا پلیشانەوە.

موخوف، ئەو وردە پسکیتەی کە ڕژابووە سەر ئێلەکەکەی تەکاندو لە ژوورەکەی وەدەرکەوت. کە میتکای بینی بڕۆکانی ویکهێنانەوەو گوتی:

– وەرە ژوورەوە.

میتکا، لە پێش خاوەن ماڵەوە خۆی بە ژوورە ساردەکەیدا کرد. ژوورەکە بۆنی تووتنو کتێبی لێدەهات. میتکا هەستی کرد ئەو جورئەتەی کە نابوویە بەر خۆی هەر تا بەر دەرگای نووسینگەکەی موخوف بڕی کرد. سێرگی پلاتونوفیچ، چوو بۆ لای مێزەکەی، لەسەر پاژنەی پێ وەرچەرخا، لە پشت مێزەکەوە دانیشت. لە کاتێکا قامکی بە قەراخ مێزەکەدا دێنا، پرسی:

– بڵێ؟

– هاتووم تا بزانم...

میتکا، تەمەشایەکی نیگا ساردو تیژەکانی موخوفی کرد، تەزوویەکی ساردی پێدا هات.

– ... ئەگەر لوتف بفەرموون، لیزاڤیتام بدەنێ.

نا ئومێدیو کینەو ترس، یەکیان گرتو تەنکە ئارەقەیەکی وەکو شەونمی هاوینە، نیشتە سەر سیمای میتکا.

بڕۆی چەپی سێرگی پلاتونوفیچ لەرزی، لێوی سەرەوەی بەرزبووەوە، پووکی دانەکانی دەرکەوت، ملی درێژ کردو هەموو جەستەی بردە پێشەوە.

– چی؟ .. چ .. ی .. ی؟ هەیدێ، بۆ دەرەوە هەیدێ خوێڕی بێشەرەف!... هەر ئێستا دەتدەم بە دەستی ئاتامانەوە! هەی کوڕی قەحپە! خوێڕی!....

هات و هاوارەکەی موخوف، جورئەتی وەبەر میتکا نایەوە. تەمەشایەکی گۆنای سێرگی پلاتونوفیچی کرد کە چۆن شین و مۆر دەبوونەوە:

– پێویست بەتووڕە بوون ناکات... من هاتووم هەم ویژدانی خۆم ئاسوودە بکەم و هەم ئابڕووی کچەکەی تۆ بپارێزم.

موخوف، چاوە ئاوساوە پڕخوێن و فرمێسکەکانی هەڵبڕی. هەڵیگرتە تەپەڵەکە سیغارێکی ئاسن و سرەواندیە بەر پێیەکانی میتکا. کەوت بە ئەرزەکەداو هەڵبەزییەوەو کەوت بە ئەژنۆی چەپی میتکادا، ژانی بردە دڵیەوە، بەلام ئۆف بۆ نەکرد. بە توندی دەرگای کردەوە، بەدەم ئازارەوە، نەڕاندنی:

– سێرگی پلاتونوفیچ، تۆ کەیفی خۆتە، من بۆ ئێوەمە.... جگە لە من بە کەڵکی هیچ کەسێکی دی نایەت، کەس نایەوێ، من ویستم ئابڕووی بپارێزم... کەس نییە پارووی جوراو هەڵگرێتەوەو بیخوات.... سەگیش بە بەرماوە ڕازی نابێت.

سێرگی پلاتونوفیچ، کە دەسەسرێکی لوول دراوی بەدەمیەوە گرتبوو، خۆی گەیاندە میتکا، ڕێگەی دەرگای حەوشی لێگرت، میتکا بە نێو حەوشەکەدا کەوتە غاردان. سێرگی پلاتونوفیچ، چاوێکی لە یەملیانی عەرەبانچی کە بە بێدەنگی لەوێندەر راوەستا بوو، داگرت، لە کاتێکا کە میتکا لە کێلونی دەروازەکە وڕوکا بوو، چوار سەگ لە سووچی عەمارەکەوە دەرپەڕین، کە چاویان بەو کابرا غەریبە (میتکا) کەوت: بە نێو حەوشە پاک و خاوێنەکەدا، بۆیچوون.

سێرگی پلاتونوفیچ، لە ساڵی ١٩١٠دا، لە هەڕاجە بازاڕی نیژنی نوڤوگورد، دوو تۆڵەی ڕەشی تووکنی، دەمو قەپۆز زلی هێنابوو. ئەم دوو تۆڵەیە لە زەرفی ساڵێکدا بە قەد گوێرەکەیەکیان لێهاتبوو. لە سەرەتادا هەر ژنێك بە بەر ماڵی موخوفدا، تێپەڕی با، پەلاماریان دەداو تەنورەکەیان لەبەریا شڕو وڕ دەکرد، پاشان لەوە هەڵیانبوارد، ژنانیان بە عاردیدا دەداو رانیان دەگەستن. دوای ئەوەی گوێرەکەیەکی بابا بانکراتیو دوو بەرازی ئاتیوپینیان هەڵدڕیو کوشت، ئەوجا سیرگی پلاتونوفیچ دەستووری دا کە زنجیریان بکەن و بیان بەستنەوە. لەوە بە دواوە تەنیا بە شەوان بەریان دەدان و، تاقە جارێکیش لە بەهاری هەر ساڵێکدا بە مەبەستی جووتگیری بەریان دەدان.

پێش ئەوەی میتکا فریای خۆی بکەوێ، سەگی یەکەم کە ناوی بایان بوو، خۆی هەڵدایە کۆڵی، هەردوو چنگی لە شانی توند کردو بەدان کەوتە هەڵدڕینی چاکەتەکەی. لە کاتێکا سەگەکان تۆپێنیان پێدەکرد، ئەویش (میتکا) بە دەست بەرگری لە خۆی دەکردو هەوڵی دەدا نەکەوێت. یەمیلیانی بینی کە بەدەم سەبیل کێشانەوە، کە پزیسک لە سەبیلەکەی دەبووەوە، خۆی بە موبەقەکەدا کردو دەرگا بۆیە کراوەکەی شەق لە دوای خۆیەوە داخست.

سێرگی پلاتونوفیچ، لە گۆشەی لای پلەکانی بەردەرگای ژوورەکەوە، پشتی دابوو، بە لوولەی مەرزیبی سەربانەکەوە کە بە قەد دیوارەکەوە هاتبووە خوارێ، کۆڵە مستە بچووک و سپیە

تووکنەکانی گرژ بوو بوون. میتکا بە هەر شەڕە شەقێك بوو کیلۆنی دەرگاکەی کردەوەو دەرفڕاتەیە دەرێو کۆمەڵێك سەگ، بە هانکە هانك پەلاماری لاقە خوێناویەکانیان دەدا. ئەنجام دەستی نایە گەروی بایانو خنکاندی. چەند قۆزاقێکی ڕێبوار کە بەوێدا ڕەت دەبوون، بە زەحمەتێکی زۆر سەگەکانی تریان لێپاس کرد.

((٣))

ناتالیا، جێی خۆی لە دڵی ماڵباتی میلیخوفدا کردبووەوە. میرون گریگۆروفیچی باوکی، منداڵەکانی خۆی باش پەروەردە کردبوو: وێڕای ئەوەی پیاوێکی دەوڵەمەند بوو و ڕەنجبەرو کرێکاری ڕادەگرت، ئیشو کاری بە منداڵەکانیشی دەکردو فێری ڕەنجدان و زەحمەتکێشانی کرد بوون، دەستو پێ سپی نەبوون. ناتالیای ئیشکەرو گورجو گۆڵ، زوو بە زوو جێی خۆی لە دڵی خەسوو و خەزوریا کردەوە. ئیلی نیچنا، کە لە دڵی خۆیدا بووکە گەورەکەی، واتا داریای کە هەموو خەمێکی جلو بەرگو خۆ ڕازانەوە بوو، خۆشنەدەویست، هەر لە هەوەڵ ڕۆژەوە مەیلو مەحەبەتی چووە سەر ناتالیا.

بەیانیان کە لە موبەقەکەدا ، مژوولی کار دەبوو، وەختێ ناتالیا هەڵدەستا، تا یارمەتی بدات، بە نەرمی و لە بن لێوانەوە پێی دەگوت: "بۆچی بەم سەبای ساڵحانە هەستاوی، کچکەم، بڕۆ بنوو، بڕۆ تاوێکی دیکەش بنوو، ئێمە خۆمان کارەکان دەکەین."

ناتالیا، کە شەبەقی هەستابوو، تا لە کاروباری ماڵەکەدا یارمەتیان بدات، دەگەڕایەوەو دەچووەوە بۆ ژوورەکەی خۆی.

تەنانەت پانتلی پروکوفیچش، کە لە کاروباری ماڵەوەدا زۆر سەختگیرو بەزەبتو ڕەبت بوو، بە ژنەکەی خۆی دەگوت: – گوێ بگرە ژنەکە، ناتاشکا بێدار مەکەوە، ئەو خۆ بە خۆ ڕۆژ تا ئێوارێ کاردەکاتو بەشی خۆی زیاتر زەحمەت دەکێشێت. داریا هەستێنە، هەقە سەگی پێوە بنەیت، ژنێکی تەمەڵو تەوەزەلە، بەردەوام خەریکی سووراوکردنو برۆ هەڵگرتنو چاو باشقاڵیە!

ئیلی نیچنا، ژیانی خۆی بیرکەوتەوە کە چۆن لە ژێر باری کارا پشتی شکا بوو، ئاهێکی هەڵکێشا:

– بەلای کەمەوە، با ساڵی یەکەم ئەرکی تۆزێ سووك بکەینو چاو پۆشی لێبکەین.

گریگۆری، بەرە بەرە دەگەڵ وەزعی تازەی خۆیا، واتە لەگەڵ ژنداریدا ڕاهات. بەڵام دوای دوو سێ هەفتە، بۆی دەرکەوتبوو، کە مەیلی ئەکسینیای بە تەواوەتی لە دڵ دەرنەچووەو وەکو دڕکێك هەر لە دڵیا ماوەو ئێشەکەی بەو ئاسانیە ناشکێت. ئەوەی کە ئەو لە گەرمەی شایی و زەماوەندەکەدا، گوایە بەدەست بادانێك لە خۆی دوور خستبووەوە ("مردووەو لە بیر چووەتەوە.") ڕەگی لە هەستو نەستیا داکوتا بوو و لە بیر نەچوو بووەوە. دەگەڵ هەر بیرەکەوتنەوەیەکیا، زامی دەکولایەوە. تەنانەت پێش زەماوەندەکە، پیوتەر لەسەر خەرمان لێی پرسی بوو:

– باشە، گریشا، چی لە ئەکسیوشا دەکەی؟

– ها؟

– پێت ناخۆشە وازی لێبێنی، وانیە؟
گریگۆری بە پێکەنینەوە گوتی:
– ئەگەر منیش وازی لێبێنم، زەلامێکی دیکە بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.
گریشکا ئەو رۆژە رووی خۆش و کەیفی قنج بوو.
پیوتەر، بە دەم جوینی سەری سمێڵەکانیەوە گوتی: "خۆت لە من باشتر دەزانی، کە ژنت هێنا ئیدی نابێ....
گریشا، بە نوکتەیەك خۆی لەو گفتوگۆیە رزگار کرد بوو:
– ئیدی ئەشق پیر دەبێ و جەستەش سارد دەبێتەوەو دادەمرکێتەوە.
بەلام مەسەلەکان وا دەرنەچوون. شەوان کاتێ گریگۆری دەچوو بەلای ژنەکەیەوە و نەوازشی دەکردو هەولیدەدا بە جۆشی بێنێ، بەلام فایدەی نەبوو، جگە لە ساردو سڕی و گوێڕایەڵی و دوو دڵی، هیچی تری لێنەدەبینی. ناتالیا، هیچ مەیلێکی بە لای لەزەتی ئەشقی جەستەییەوە نەبوو. چوو بووەوە سەر دایکی، تەبیعەتێکی ساردو دێرجۆشی هەبوو. گریگۆری کە بە ئالۆشی ئاشقانەو ئاگرینی ئەکسینیای بیر دەکەوتەوە ئاهێکی هەڵدەکێشا:
– ناتالیا گیان، وا دیارە باوکت لەسەر بەفر تۆی لە منداڵدانی دایکتا تۆو داوە، بۆیە ئەوەندە ساردی.
هەر جارێ تووشی ئەکسینیا ببوایە، ئەکسینیا بزەیەکی بە ماناوەی بە ڕوودا دەدا، بە تاسەو تامەزرۆیی چاوە باشقاڵەکانی تێدەبڕی، کۆمەڵێك وشەی بە گوێدا دەدا کە وەکو چۆن گڵ لە بنی جۆگادا بن دەنێتەوەو بەری نادات، بەو ئاوایە لە گوێیدا دەگیرسایەوەو لە ناخیا دەنگی دەدایەوە:
– سلاو گریشا! کاری ئاشقێنیت لەگەڵ ژنە گەنجەکەتدا، چۆن دەگوزەرێ؟
– خراپ نییە...
گریگۆری وای وێنا دەکرد کە بەم وەلامە سەرڤە سەرڤەو لامسەرلاییە خۆی رزگار کردووەو، هەوڵی دەدا، هەرچی زووترە، خۆی لە نیگای ئاشقانەی ئەکسینیا دووربخاتەوە.
دیار بوو ستیپان، دەگەڵ ژنەکەیدا ئاشت بوو بووەوە. کەمتر هاتوچۆی مەیخانەی دەکرد. عەسرانێك، کاتێ کە لە خەرمانگادا خەرمانی شەن دەکرد، بۆ یەکەمجار، دوای قارو شەڕەکانیان، پێشنیاز دەکات:
– ئەکسیوشا، وەرە با پێکەوە گورانی بڵێین.
بە دوو قۆڵی دانیشتن، پشتیان دا بە خۆیانێکی (خەرمان) کوتراوی تۆزاوییەوە، ستیپان دەستی بە چڕینی گۆرانیەکی سەربازی کرد. ئەکسینیا پڕ بە دەنگە قووڵەکەی خۆی بۆی سەندەوە. بە جووتە وەکو سالانی هەوەڵی زەماوەندەکەیان، گۆرانیان دەچڕی. ئەوساش کاتێ کە لە کێڵگەو مەزرایان دەگەڕانەوە، ستیپان لە ژێر کلکەی ئەرخەوانی زەردەپەڕی ئێوارێدا، سواری عەرەبانەکەیان دەبوو و بەدەم رێوە گۆرانیەکی کۆنی خەمینی دەگوت، خەمین و دوورو درێژ، چۆڵ و هۆڵ، وەکو ئەو رێگایەی بە دەشتە پان و بەرینەکەدا تێدەپەڕی. ئەکسینیا سەری دەنایە

سـەر سـینگە بەرجەسـتەکەی مێردەکـەی و، دەگـەڵیا دەیگوتـەوە. ئەسـپەکان، بەخشـە خـش عەرەبانەکەیان ڕادەکێشاو دەگەڵ ڕەوتەی ئەواندا، مژانەکە بەرزو نزم دەبووەوە. پیرەمێرانی گوند لە دوورەوە گوێیان لەگۆرانیەکەیان دەگرت.

– ئەم ژنەی ستیپان، دەنگێکی خۆشی هەیە.

– ئاگات لێیە، بە دوو قۆڵی چەند جوانی دەڵێن!...

– ستیپان، چ دەنگێکی زوڵاڵی هەیە، ساف دەڵێی دەنگی زەنگە.

پیرەمێـردان، کـە لەسـەر سـەکۆیەکانی بـەر ماڵـەکانی خـۆدا بەرانبـەر بـە یـەك دادەنیشـتن و چـاوەڕوانی ئـاوابوونی دواتیشـکی ئەرخـەوانی خۆریـان دەکـرد، دەکەوتنـە بـاس و گەنگەشـەی گۆرانیەکـەو لـە بـنج و بناوانیـان دەکـرد، بـۆ کـەی و بـۆ چ شـوێن و دەڤـەرێك دەگەڕێتـەوە و کـێ گوتوویەتی و کێ حەزی لێکردووە:

– ئەم گۆرانیە هی دەوروبەری خوارووی دۆنە.

– ئەمە، هاوڕێیان، لە گورجستاندا دایان هێناوە.

– هەر بۆیەش گریۆشکای ڕەحمەتی حەزی لێی بو!١

گریگۆری، عەسران بە دەم گێرەکردنەوە، گوێی لە ستاخوف و ژنەکەی دەبوو کە بە دوو قۆڵی گۆرانیان دەگوت، شوێن خەرمانەکانیان بە تەنشیت یەکەوە بوو. ئەکسینیای دەبینی کە وەکو جاران ئاسوودەو شادمانە، یان بەلای کەمەوە، بە ڕواڵەت شادمان دیاربوو.

ستیپان، قسەی دەگەڵ ماڵباتی میلیخوفدا نەبوو. قولاپێکی بە دەستەوە دەگرت بەدەم شان و بـاهۆ نواندنـەوە ئاقـاری شـوێن خەرمانەکـەی خۆیـانی دیـاری دەکـردو نـاو بـە نـاو گاڵتـەو شۆخیانیشی دەگەڵ ژنەکەیدا دەکرد. ئەکسینیا بە دەمیەوە پێدەکەنی و چاوەڕەشەکانی لە ژێر سەر پۆشەکەیەوە پرشنگیان دەدا. تەنورە سەوزەکەی بە بەرچاوی گریگۆریـەوە شـەپۆلی دەداو هەڵدەدرایـەوە. هێزێکـی نـهێنی گـەردنی گریگـۆری وەردەچـەرخاندو سـەری بـۆ لای شـوێن خەرمانەکەی ماڵی ستیپان وەردەگێرا. ئاگای لێنەبوو کە ناتالیا، لە کاتێکا کە یارمەتی پانتلی دەداو قرشەو کلۆشی خەرمانەکەی بۆ گێرەکردن ڕادەخست، پەی بە هەر نیگاکردنێکی تینوو تامەزرۆی مێردەکەی دەبرد، نەیدەبینی کە پیوتەر، بەدەم گێرەکردنی خەرمانەکەو لێخوڕینی ئەسـپەکانەوە، سـەیری دەکـات و سـووکە بزەیـەکی نادیـار، وردە شـەپۆلێك بـە ڕوخسـاری دەبەخشێت.

زەویەکە لە ژێر باڵتەی قورسی جەنجەرەکەدا دەی ناڵاند،گریشکا دنیایەك بیری گۆنگ و پەراگەندی لە مێشکا بوو، هەرچی دەکردو دەکۆشا بۆی نەدەخرانەوە سەریەك.

لە شوێن خەرمانە دوورو نزیکەکانەوە، دەنگی سووڕانەوەی جەنجەڕ، هاواری گێرەکەران و شریخەی وەشاندنی قامچیان، و دەنگدانی ئەسپان، بەرز دەبووەوەو بەو دەشتە پان و بەرینەدا دەڕۆیی و پاشان مەحوو دەبووەوە. گوندەکە کە یەك پارچە خەرمان بوو، وەکو مارێکی ڕەنگاو ڕەنگ کە لەسەر جادەیەك ڕاکشابێ، بەو ئاوایە بە درێژایی کەناری دۆندا، لە ژێر هەتاوی ساردی سێپتامبەردا خاو بوو بووەوە. لە هەر حەوشەیەکدا، کە بە پەرژین و تەیمانی تایبەتی دەورە درا

بوو، لە ژێر هەر میچێکدا، ژیانێکی تایبەتی جیاواز لە ژیانی ئەوانی دی، ئیدی خۆش یا ناخۆش، تاڵ یان شیرین لەگەڕدا بوو: باپیرە گریشاکا سەرمای بوو بوو و دانی دەیەشا. سێرگی پلاتونوفیچ دەستی دە ردێنە دوو فلیقانەکەی دەناو لە تەنیاییدا بۆ ئابڕووی تکێنراوی خۆی دەگریا، ستیپان لە دڵی خۆیدا کەرب و کینەی دژی گریگۆری پەروەردە دەکردو بەدەم خەوەوە چنگە ئاسنینەکانی لە لیفەکەی دەنا. ناتالیا پەنای دەبردە بەر عەمارەکەو خۆی دەدا بەسەر تەپاڵەکانداو لەوێندەر کزکوڵەی دەکردو بەدەم هەنسکی گریانەوە بۆ بەخت و شادمانی پێشێل کراوی خۆی دەگریا. خریستونیا کە نۆنگینێکی لە بازارا فرۆشتبوو و هەموو پارەکەی خەرجی بادەنۆشی کردبوو، لە ئاگری پەشیمانیدا دەسووتا، گریگۆری کە بەدەم ئارەزوویەکی تێر نەبوو و خەمێکی تازەوە دەیناڵاند، لە عەزابێکی بەترەفدا بوو. ئەکسینیا هەرچەند مێردەکەی نەوازشی دەکرد، ڕقی هەمیشەی خۆی دەرهەق بە مێردەکەی لە فرمێسکاندا نقوم دەکرد.

داڤیدکای ئاردبێژ، کە لە ئاشەکە دەرکرا بوو، شەوان دەگەڵ "خولام"دا، شەوانی لە کوختەی گڵینی عەرەبانچییەکاندا، ڕۆژ دەکردەوە، خولام بە چاوانی پڕ ڕق و کینەوە دەیگوت:

– پەلە مەکە! بزانە چۆن هەموویان دێنە سەر بڕین. پێویستیان بە شۆڕشێکی ترە، پەلە مەکە، تا (١٩٠٥)یێکی دیکە بەرپادەبێتەوە، بزانە چۆن ریشەکێشیان دەکەین!...

قامکە زامدارەکەی بادەداو هەڕەشەی دەکرد،و بە جوڵەی شان چاکەتەکەی کە لەسەر شانی داخزی بوو، ڕاست کردەوە

ئیدی ڕۆژانی گوند بەو جۆرە تێدەپەڕی و خۆی بەشەو دەسپارد، شەوو ڕۆژ دەبوون بە هەفتەو هەفتە دەبوون بە مانگ، با بەسەر دەشت و دۆڵ و چیاو چۆڵدا هەڵی دەکردو هەڕەشەی تۆف و بۆرانی پێبوو، دۆن، بێخەم و خەیاڵ، روون و رەوان، بە رەنگی شین و سەوزباوی پایزییەوە بەرەو دەریا دادەکشا.

((٤))

فیدوت بودوڤسکوف، ڕۆژێکی یەك شەممەی کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر چوو بۆ شار .چوار جووت مراوی قەڵەوی دەگەڵ خۆیدا برد بوو لە بازاڕ فرۆشتبوونی، چەند گەزە چیتێکی جوانی بۆ ژنەکەی کڕی و خۆی ئامادە دەکرد کە بۆ گوند بگەڕێتەوە. پایەکی نابووە سەر چەرخی عەرەبانەکەو خەریك بوو زین و سەرکەلەی ئەسپەکەی توند دەکردەوە، کە کابرایەکی نەناس، کە دیار بوو خەڵکی ئەم دەڤەرە نیە، لێی نزیك بووەوە، قامکە قاوەییەکانی تا قەراخی شەپقەکەی خۆی بەرز کردەوەو گوتی:

– سلاو

فیدوت، چاوە کالموکیەکانی تروکاندو بە ئەسپایی گوتی:

– سلاو!

– کوێندەریت؟

– خەڵکی ئێرە نیم، لە گوندەوە هاتووم

– له کام گوندەوە؟
– تاتارسکی.
یارۆی بیانی قوتوویەکی زیوینی جگەرەی لە بەرکی دەرهێنا (وێنەی بەلەمێك لەسەر قەپاخەکەی نەخشێنرا بوو). جگەرەیەکی بۆ فیدوت ڕاگرت و درێژەی بە پرسیارەکانی دا:
– گوندەکەتان گەورەیە؟
– سوپاس، ناکێشم، ئێستا فڕێم دا. گوندەکەمان؟ بەڵێ گوندێکی باشە، گەورەیە، نزیکەی سێ سەد ماڵێك دەبێت.
– کڵیساشی تیایە؟
– هەڵبەتە، کڵێسایەکی تیایە.
– ئەدی ئاسنگەری تیایە؟
– مەبەستت ناڵبەندە؟ بەڵێ ناڵبەندیشی تیایە.
– باشە ئاشەکەتان، وەرشەی تەنەکەچیەتی تیایە؟
فیدوت، کە خەریك بوو ئەسپە چەموشەکەی لغاو دەکردو لە عەرەبانەکەی دەبەست، بە گومانەوە روانیە شەپقە ڕەشەکەی یارۆی غەریب و چرچ و لۆچی دەموچاوە سپیە پانەکەی کە کەوتبووە ژێر ردێنە کورتە ڕەشەکەیەوە و گوتی:
– مەبەستت چیە؟ بۆچی دەپرسیت؟
– دەمەوێ بێم بۆ گوندەکەی ئێوەو لە وێندەر بژیم. ئێستا لای ئەتامانی (بەرپرس)ناوچە بووم. تۆ بە بە تاڵی بۆ گوند دەگەڕێیتەوە؟ کەست لەگەڵ نییە؟
– نەخێر.
– دەتوانی دەگەڵ خۆتم بەریت؟ بە تەنیا نیم، ژنەکەمم لەگەڵە، لەگەڵ دوو یەخدانی گەورەدا کە نزیکەی هەشت پووت (پووت: نزیکەی ١٦ کیلۆیە). دەبێ.
– دەتوانم بتبەم.
لەسەر دوو ڕۆبڵ ڕێکەوتن و فیدوت چوو بۆ لای فروسکای نانەوا کە نەفەرەکەی لای ئەو دابەزی بوو، ژنی کابرایان، کە ژنێکی ڕەقەڵەی قژ زەرد بوو، هەڵگرت و هەردوو یەخدانەکەیان لە دواوە بارکردو، لە شارەوە بەرەو گوندی وەڕێکەوتن.
فیدوت دەی لە پیرە ئەسپ کرد، جارجار بەدەم تەکاندانی هەوسارەکەیەوە قامچیەکی دەسرەواندە پشتی، ناو بە ناو سەرە باریکەکەی بە کونجکاویەوە وەردەگێڕا. نەفەرەکانی، بە هێمنی لەدوایەوە دانیشتبوون. فیدوت، لە هەوەڵەوە جگەرەیەکی لێ داوا کردن، ئەوجا پرسی:
– تۆ کوێندەریت؟
– خەڵکی رۆستوفم.
– رۆستوف بە خۆی؟
– چیت فەرموو؟
– بە ئەسڵ خەڵکی ئەوێی؟

– بەڵێ، بەڵێ خەڵكی رۆستوفم.

فیدوت، گونا تاوە سووتەكانی هەڵبڕی بوو و دەیڕوانیە دەوەنە جاڕو دڕكەڵانە دوورەكانی دەشتە پانو بەرینەكە، لە نێو كیلۆمەتری جادەی ئەتامانانەوە، لەسەر تەپەیەك، لە نێو پۆش‌و پاوەنانی وشكەوە، چاوانی تیژو بە ئەزموونی فیدوت فەرقی جەو جوڵی سەری بچووكی چێرگانی، كە بەئاستەم دەبینران، كرد. هەناسەیەكی هەڵكێشاو بە قامكان ئاماژەی بۆ كردن:

– حەیفێ، تفەنگم پێ نییە، دەنا دەچووینە راوە چێرگان، دەیانبینی، چۆن دەجولێنەوە؟

نەفەرەكەی چاوە نزیك بینەكانی خۆی چكۆلە كردنەوەو گوتی:

– من هیچ نابینم.

فیدوت، نیگای بەگەڵ چێرگەكان خست كە بە دۆڵێكدا نشێو دەبوونەوەو پاشان رووی بۆ لای نەفەرەكانی وەرگێڕا. كابرای غەریب پیاوێكی دەستە باڵای، لاواز بوو، چاوەكانی كە زۆر لێكدیەوە نزیك بوون زیرەكیان لێدەباری ، زۆر جار بەدەم قسەكردنەوە، بزەیەكی هێمنی دەهاتێ. ژنەكەی شاڵێكی دەستچنی لە خۆیەوە پێچا بوو و وەنەوزی دەدا، فیدوت نەیدەتوانی روخساری بدینێ.

– بۆچی دەتانەوێ لە گوندەكەی ئێمەدا بژین؟

– من كابرایەكی میكانیكی، تەنەكەچیم، دەمەوێ لەوێ كارگەیەك (وەرشە) بكەمەوە، دارتاشیش دەكەم.

فیدوت، نیگایەكی گومان ئامێزی دەستە گەورەكانی یارۆی غەریبی كرد. كابرای بیانی كە پەی بە نە باوەڕی نیگاكەی فیدوت بردبوو، لە سەری رۆیی:

– هەروەها وەكیل‌و نوێنەری كۆمپانیای "سنجەر"ی مەكینەی خەیاتیشم.

فیدوت پرسی:

– ناوت چییە؟

– ناوم ستوكمانە.

– كەواتە رووس نیت؟

– با، من رووسم. باوە گەورەم بە ئەسڵ لیتوانی بوو.

فیدوت، بە ماوەیەكی كەم بۆی دەركەوت كە ئوسیپ دافیدوفیچ ستوكمانی میكانیك، ماوەیەك لە كارخانەیەكدا كرێكار بووە، پاشان لە شوێنێكی كۆباندا، لە دەڤەری قۆزاقاندا ئیشی كردووە، پاشتر لە فیتەرخانەی سكەی قیتاری ناوچەی باشووری رۆژاوا كاری كردووە. فیدوت بە كونجكاوی خۆی كۆمەڵێك زانیاری فرەی لە كابرای بێگانە دەرهێنا.

پێش ئەوەی كە بگەنە بێشەی تزار، ئیدی قسەیان پێ نەما. فیدوت ئەسپەكەی كە لە ئارەقەدا هەڵكشابوو، لە كانیاوێكی كەناری رێگاكە ئاودا، چونكە دووری رێگاكەو هەڵتەك هەڵتەكی عەرەبانەكە تەواو شەكەتی كردبوو، كەوتە وەنەوزدان. ماوەیەكی كەمیان بۆ ناو گوند مابوو، هەوساری ئەسپەكەی لە دەستی خۆی ئاڵاند، پاڵی دایەوەو لاقەكانی لێ شۆڕ كردنەوە كە چاوی

گەرم بکات، بەڵام فریای نووستن نەکەوت، ستوکمان بەدەم هەڵتەك هەڵتەکی عەرەبانەکەوە پرسی:

– ژیان لە گوندەکەی ئێوە چۆنە؟

– خراپ نییە، هەر کەسەو بە جۆرێ دەژی.

– ئەدی قۆزاقان، بە شێوەیەکی گشتی چۆنن، لە ژیانی خۆیان رازین؟

– هەندێك رازین و هەندێك ناڕازین. هەموو خەڵکی رازی ناکرێن.

یارۆی میکانیکی قسەکەی بۆ سەلماند:

– ڕاستە، دروستە...

دوای کەمێك بێدەنگی، دیسان لەسەر پرسیارە گۆنگ و ناوەڕۆك پەنهانەکانی رۆیی:

– گوتت، خەڵکی دەژین، ژیانیان باشە؟

– بەڵێ، باشە.

– مەشق و خزمەتی سەربازیت لە شان گرانە؟ ها؟

– مەشق و خزمەتی سەربازی؟... لەگەڵی ڕاهاتووین. ئینسان هەر ئەوەندەی زەحمەتە لەگەڵ شتێکدا ڕاهات.

– خراپییەکەی ئەمەیە کە قۆزاقان، دەبێ بە خۆیان کەرەستەو تفاقی سەربازی فەراهەم بکەن.

– ها! بەڵێ وایە، ئەم دایك قە....

فیدوت گرژو گومەت (لە ناکاوا)و بە هەڵچوونەوە ئەو قسەیەی کرد، (بە نیگەرانیەوە، بە تیلەی چاو روانیە ژنەکەو. ژنەی تاین چاوی داخست.) بەرپرسەکانمان خراپن، لەوارو وێخمان دەنیشن... کە من چووم بۆ خزمەتی سەربازی گاجووتەکانم فرۆشت و ئەسپێکم کڕی، کەچی ڕەتیان کردەوە.

یارۆی بێگانە، بە سەرسامیەکی دەستکردەوە گوتی:

– ڕەتیان کردەوە؟!

بەڵێ، بێ چەندو چوون ڕەتیان کردەوە! گوتیان لاقەکانی سەقەتن.

چەندم دەگەڵ وتن، چەندم ئەم لاو ئەولا کرد فایدەی نەبوو پێمگوتن: "ئێوە تەمەشا بفەرموون، لاقەکانی عەینی لاقی ئەسپی پێشبڕکێ و جریدبازیە، جوانیەکەیلە ڕەوتەکەیدایە، کە عەینی ڕەوتی کەڵەبابە". بەڵام فایدەی نەبوو، قەبووڵیان نەکردو نەکرد.ماڵیان وێران کردم!...

جارێکی دی سەری قسەو گفتوگۆیان دامەزراندەوە. فیدوت کە گەرم بوو بوو، خۆی لە عەرەبانەکە هەڵدایە خواریێ و بە رووخۆشی کەوتە باسی ژیانی گوندەکەی خۆیان. کەوتە جنێودانی ئەتامانی (بەرپرس)ی گوندەکەیان، کە بە ناعەدالەتی و بێ ئینساف پاوەن و مێرگەکانی بەسەر خەڵکی گوندا دابەش دەکرد. کەوتە ستایشی ژیانی خەڵکی پۆڵاندە، کە کاتی خۆی لە سەربازیدا تیپەکەی ئەو لەوێندەر ئوردوبەزی کردبوو. ستوکمان جارجار نیگایەکی لەزو تیژی فیدوتی دەکرد کە شان بە شانی گالیسکەکە ڕێی دەکرد. دار جگەرەیەکی ئێسقانی، کە ئەڵقەی ئاسنجاوی پێوە بوو، بە دەمەوە بوو، بەدەم کێشانی جگەرەیەکی نەرمە تووتنەوە، ناو بە ناو

بزەیەکی گۆنگی دەنیشتە سەر روخسارو دەمووڵێوان. بەڵام لۆچێکی خواروخێچ کە وەکو جێگە زامێك بەسەر تەوێڵە سپیەکەیەوە بە ئەسپایی دەجوڵا، لە تۆ وایە لە ناوەوە شەپۆلە بیرێکی پەنهان دەیجوڵاند.

دەمەو ئێوارە گەیینە گوند. ستوکمان لەسەر قسەی فیدوت چوو بۆ ماڵی لۆکیشکا پۆپۆڤی بێوەژنو دوو ژووری لیٚ بەکریٚ گرت. فیدوت کە گەییەوە بەر ماڵی خۆیان، ژنانی دراوسیٚ کە لەبەر دەرگا چاوەڕوانیان دەکرد، لە پرسیاریان گرت:

– ئەمە کیٚ بوو کە لە شارەوە لەگەڵ خۆتا هێنابووت؟

– کابرایەکی وەکیل بوو.

– وەکیلی چی؟

– بە خوا گەوجن! بە دەست خۆتان نییە، تەبیعەتتان وایە، پێمگوتن کابرایەکی وەکیلە: وەکالەتی مەکینەی درومانی هەیە. هەروا بە مفت و خۆڕایی دەیدا بە ژنانی جوان، بەڵام پورە ماریا گیان بەوانەی کە وەکو تۆ ناشیرینن، بە پارەی دەدا.

– تۆ تەمەشای خۆت کردووە دەڵێی دێوی بیٚ کلكو شاخی، گوایە تۆ زۆر جوانی! بەو دەمو قەپۆزە کالموکیەتەوە، ئەسپانیش لێت دەڕەونەوە!

فیدوت هەڵیدایە:

– کالموکانو تاتاران، یەکەم کەس بوون کە ئێرەیان ئاوەدان کردووەتەوە، دایە گیان، گاڵتەیان پیٚ مەکە.

ستوکمان، لە ماڵی لوکیشکا بێوەژن، کە ژنێکی چاو چەپو خێلی تا حەزکەی زمان درێژ بوو، گیرسایەوە. هێشتا شەوێك بەسەر هاتنیا نەڕۆیی بوو، کە ئەم هەواڵە دەماو دەم بە گوندیدا بڵاوبووەوە:

– زانیت چی بووە؟

– چی؟

– فیدوت کالموك کابرایەکی ئەڵمانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە؟

– بە ڕاست ؟

– بە حەزرەتی مریەم! کابرایەکی شەپقە لەسەرەو ناویشی ستوپول... ستوکال... شتێکی لەو بابەتەیە.

– دەبیٚ پۆلیس بیٚ؟

– نەخێر، کارمەندی باجگیریە.

– نە گیانە، ئەمە هەمووی درۆو دەلەسەی خەڵکیە، ژمێریارە، وەکو کوڕەکەی قەشە پانکراتی ژمێریارە.

– پاشکاگیان، بە غار بچۆ بۆ ماڵی لوکیشکاو بە ئەسپایی لێی بپرسە "پوریٚ، ئەوەی هاتووەتە ماڵەکەت کێیە؟"

– بەغار برۆ گیانەکەم!

بۆ رۆژی دوایی ستوکمان، چوو بۆ لای ئەتامانی گوند. فیودور مانیتسکوف، کە سیّ دانە ساڵ بوو ئەتامانی گوند بوو، ماوەیەکی زۆر تەمەشای پەساپۆرتەکەی کابرای بیانی کە بەرگێکی نایلونی رەشی پێوە بوو، کرد، ئەم دیوو و ئەو دیوی کرد. ئەوسا دایە دەست کاتبەکەی، یگورژارکوڤ کاتبیش، ماوەیەك لێی ورد بووەوە، تەمەشایەکی یەکتریان کردو پاشان ئەتامان، کە رۆژێ لە رۆژان رەیس عورەفای سوپا بوو بوو، بە کەش وفشێکەوە، بە ئاماژەی دەستو بە شێوەیەکی ئامیرانە گوتی:

– دەتوانی لێرە بژی.

کابرای بیانی، سەرێکی دانەواندو لە ژوورەکە وەدەرکەوت. بۆ ماوەی یەك هەفتە، لە ماڵ نەهاتە دەرەوە. وەکو سمۆرەی کێوی لە کونەکەی خۆیدا دەژیا. بەردەوام تەق‌و تۆقی چەکوشی دەهات: خەریك بوو وەرشەکەی خۆی لە شوێنێکدا دادەمەزراند کە پێشتر موبەقی هاوینە بوو. کونجکاوی و فزوڵیەتی ژنان دەربارەی ئەو دامرکایەوە. ئیدی منداڵان، رۆژ تا ئێوارێ لە پشت تەیمانی ماڵەکەوە دەوەستان‌و بە کونجکاویەکی گۆساخانەوە تەمەشای کابرای بیانیان دەکرد.

((٥))

پێش جەژنی شەفاعەتی حەزرەتی مریەم بە سیّ رۆژ، گریگۆری و ژنەکەی سواری عەرەبانە بوون و بە مەبەستی شۆو بڕین چوون بۆ دەشت. پانتلی پروکوفیچ نەخۆش بوو. لە کاتێکا خۆی دابوو بەسەر دار عاساکەیدا بە ناڵ‌و نك بەدەم ئازاری پشت یەشەوە هاتە نێو حەوشە تا بەڕێیان بکات.

– گریشا، ئەو دوو پارچەیەی ئەوبەری زەویە ئەمیریەکان، ئەوانەی نزیکی دۆڵە سوور بکێڵە.

گریگۆری، کە لە ڕاوە ماسیدا سەرمای بوو بوو و پارچەیەکی لەملییەوە پێچا بوو، بە دەنگێکی گیراوەوە گوتی:

– ئەدی ئەو پارچەیەی دەستی دار بیەکان؟

– با بمێنیّ بۆ دوای جەژن، جاریّ ئەو دوو پارچەیە بەسە. زەویەکەی دۆڵە سوور زۆرە، نزیکەی چوار هیکتارە، خۆت زۆر ماندوو مەکە.

– ئەدی پیوتەر دێتە یاریدەمان؟

– لەگەڵ داریادا دەچن بۆ ئاش. دەبیّ هەر ئێستا، تا ئاشەکە قەرەباڵغ نەبووە، گەنمەکە بەرن‌و بیهاڕن.

ئیلی نیچنا، کولیچەی تازەی لە گیرفانی چاکەتەکەی ناتالیا ناو بە ئەسپایی گوتی:

– ئەگەر دەتانەویّ دونیاشکاش لەگەڵ خۆبەرن، هەر نەبیّ گاجووتەکانتان بۆ داژۆیّ.

– دوان بەسە، بە دوو قوڵی بەرهەقیان دەکەین.

– کەیفی خۆتە نازەنینم. خواتان لەگەڵ، مەسیح دەست بە باڵتانەوە بگرێت.

دونیاشکا کە کەمەری باریکی لە ژێر باری قورسی کۆمەڵێك جلی تەڕدا چەمابووەوە، بە حەوشەکەدا تێپەڕی، دەچوو بۆ گوێی روباری دۆن تا ئەو جلە تەڕانە لە ئاو هەڵکێشێت. بەدەم ڕێوە بانگی لە ناتالیا کرد:

– ناتالیا گیان، دۆڵە سوور ترشۆکەی زۆرە، هەندێکمان بۆ بێنەوە.

– باشە، باش.

پانتلی پروکوفیچ، دارەکەی لە دونیا راوەشاندو گوتی:

– لاکەوە لێرە، چەنەباز!

بە سێ جووتەگا خرماشە ئاوەژووەکەیان لە حەوشە بردە دەرێ‌و بە ئەرزە رەقەکەدا، کە بە هۆی وشکی پایزەوە هێندەی دی رەق بوو بوو، رایان دەکێشاو بە ئاستەم ئەرزەکەی دەڕوشاند. بە کەنار ڕێگاکەدا کەوتنە ڕێ. گریگۆری بە کۆکە کۆك بە قەراخ ڕێگاکەدا دەڕۆیی‌و ناو بە ناو ئەو پارچەیەی چاك دەکردەوە کە لە ملی هاڵاند بوو. ناتالیا شان بە شانی ئەو دەڕۆیی‌و خورجینێکی ئازووقەی دابوو بە شانیاو بەدەم هەنگاونانەوە لە دواوە تەکانی دەخوارد.

ئارامی‌و بێدەنگیەکی بلوورین باڵی بەسەر دەشت‌و دەردا کێشابوو، لەو دیو لەوەڕگە گشتیەکەی گوندەوە، لە پشت گردە قەمووڕەوە، هەوجاڕو خرماشە، بەر بووبوونە زەوی، هۆ هۆ وفیکەکێشانی جووتیاران دەنگی دەدایەوە. بە درێژایی ڕێگا، تا هەتەری چاو، ئەمبەرو ئەوبەری شاڕێیەکە هەر بنجە شیحی (جۆرە روەکێکە) بۆ رەقنەی ئامال شین بوو، وێنجە کێویانی کەناری ڕێگاکە پەزان خواردبوویان‌و گەڵایان پێوە نەما بوو. ئیدی لە ژێر ئاسمانی ساردو شیندا، سەریان دانەواند بوو و داوی جاڵجاڵۆکە، لە هەموو لایەکەوە، بەسەریانەوە بە هەواوە دەبریقایەوە.

دوای رۆییشتنی گریگۆری‌و ناتالیا بۆ سەر جووت، پیوتەرو داریاش خۆیان ئامادە کرد کە بۆ ئاسیاو (ئاش) بڕۆن. پیوتەر، لە عەمارەکەدا گەنمەکەی لە بێژنگ دەداو، داریاش لە بەرەوە لە جەواڵی دەکردو لە عەرەبانەکەی باردەکرد. پانتلی پروکوفیچ ئەسپەکانی لە عەرەبانەکە بەست‌و بە دیقەت هەوسارو لغاوەکانی بەستن:

زۆرت ماوە؟

پیوتەر لە نێو عەمارەکەوە وەڵامی دایەوە:

– هەر ئێستا، وا هاتم.

***

کە گەیینە ئاشەکە، سەیریان کرد حەوشە پڕبوو لە عەرەبانە، خەڵکەکە بە دیار قەپانەکەوە کەڵەکە بوو بوون. پیوتەر هەوسارەکەی دایە دەست داریاو خۆی لە عەرەبانەکە هەڵدایە خوارێ. لە خولامی، کە لە دیار قەپانەکە بوو، پرسی:

– ئەرێ بەم زووانە نۆرەی من دێ؟

– هێشتا ماوتە.

– ئێستا ژمارە چەندە؟

- سی و هەشت.

پیوتەر رۆیی تا بارەکانی لە عەرەبانەکە داگرێت. لەم بەینەدا لە ژووری کێشانەدا، بوو بە دەمەقاڵە. دەنگێکی گیراوی تووڕە بەرز بووەوە:

- تۆ تا چێشتەنگاو خەوتووی و ئێستا هاتوویت و دەتەوێ نۆرە بڕی بکەی؟ هەیدێ گوم بە لێرە هەی خوخول(*)، ئەگینا پەراسووت نەرم دەکەم.

پیوتەر، دەنگی یاکۆف ناڵە ئەسپی ناسییەوە. وەستاو گوێی هەڵخست. نەخێر، هەراکە زیادی کرد. شریقەی زللەیەکی توند بەرز بووەوە، پیوتەر تەمەشای کرد پیرەمێردێکی ئۆکراینی ڕیشن، کە شەپقەکەی بەپشتی سەریا هاتبووە خوارێ، لە دەرگاکەوە، بە تەکان وەدەرکەوت، لە کاتێکا دەستی بە گۆنایەوە گرتبوو، هاواری دەکرد:

- ئاخر، ئەمە بۆ؟

- دەمو قەپۆزت دەشکێنم!....

- باشە، بزانە چیت پێنیشان دەدەم!...

- نیکیفۆر، فریام کەوە!

یاکوف ناڵەئەسپ، کابرایەکی تۆپچی دلێرو بە قوەت بوو (لەکاتی خزمەتی سەربازیدا، ڕۆژێك کە ئەسپەکەی ناڵ دەکات، ئەسپەکە جووتەیەك دەوەشێنێ و ڕێك بەر دەموچاوی دەکەوێ، کەپووی و ددانەکانی دەشکێن و شوێنی ناڵەکە لەسەر روخساری ختم دەبێ، زامێکی هێلکەیی کەوتە روخساری و شین بووەوەو هەردوو سەری ناڵەکە، دوو پەڵەی ڕەشیان بە روخساریەوە بە جێهێشت و لەوە بە دواوە یاکوف بوو بە یاکوف ناڵەئەسپ.) بەڵێ یاکوف، بەدەم قۆڵ هەڵماڵینەوە لە ژووری قەپانەکەوە دەرپەڕی. کابرایەکی ئۆکراینی درێژ داهۆڵ کە کراسێکی گوڵ گوڵی لەبەر بوو، لە پشتەوە یەك بۆکسی توندی پێدا کێشا. ناڵە ئەسپ، ڕەتی برد، بەڵام خۆی گرتەوەو نەکەوت.

- براینۆ! ئەمانە! تەعەدا لە قۆزاق دەکەن، فریاکەون!...

خێڵی قۆزاقان، بە تاو لە ئاسیاوەکەوە دەرپەڕین و ڕژانە ناو حەوشەکە کە پڕ بوو لە عەرەبانە.

شەڕو پێکادان لەبەر دەرگای حەوشەدا دەستی پێکرد، دەرگاکە بە هۆی پاڵە پەستۆی شەڕکەرانەوە، تەقو هۆڕی پێکەوت و لە گرێژەنە دەرچوو. پیوتەر جەواڵە گەنمەکەی خۆی داناو بە ئەسپایی بەرەو لای ئاشەکە ڕۆیی. داریا کە بەسەر عەرەبانەکەوە وەستا بوو، بینی بەدەم دڕانی قەرەباڵغیەکەی سەر ڕێگایەوە، بەرەو ناوەندی شەڕەکە دەڕۆیی، وەختێ بینی کە بە بۆکس و مستان بەرەو دیواری ئاشەکەیان بردو لەوێ دایان بە عاردیداو کەوتنە تێهەڵدانی، هاوارێکی کرد. میتکا کورشونوف، لە سووچێکی مەکینەی ئاشەکەوە دەرپەڕیە دەرێ و هەڵیگرتە شیشێکی ئەستوورو کەوتە بادانی.

هەمان ئەو کابرا ئۆکراینەی کە لە دواوە لە یاکوف ناڵە ئەسپی دابوو، لە کاتێکا قۆڵی کراسە گوڵ گوڵیەکەی دڕابوو و وەکو باڵی باڵندەی زامدار لە دواوە تەکە تەکی بوو، بە غار لە ناو جەرگەی شەڕەکە هاتە دەرێ. بە جۆرێ دانەوی بووەوە کە دەستەکانی گەیی بوونە سەر عاردی،

بە کۆمە کۆم خۆی گەیاندە نزیکترین عەرەبانەو وەکو ئەوەی دەست بداتە تەڵە شقارتەیەك، بەو ئاوایە دەستی دایە مژانەکەی و دەری هێنا. ئیدی هەراو هەنگامە و هاتو هاوارو شڵپو هۆڕ، زرمو کوتو دەست و تێڵا وەشاندنێکی ئەوتۆ بوو لە حەوشی ئاشەکەدا، کەس بە کەس نەبوو. ئاخو ئۆف و ناڵەو هاواریش لەولاوە بوەستێ.

برایانی شومیلین، کە هەڵگری نازناوی شامیل بوون، بە سێ قۆڵی و بە غار لە ماڵ هاتنە دەرەوە. ئەلیکسی برایان کە یەك دەستی هەبوو، پێی لە هەوسارێکی سەر ئەرزەکە هەڵکەوتو لەبەر دەرگاکەدا کەوت. گورج هەستایەوە، لە کاتێکا قۆڵی چەپی کراسە خاڵیەکەی لە بەر پشتێنەکەی دەنا، بە نێو مژانی عەرەبانەکاندا کە بە ریزی یەکەوە راگیرا بوون دەرپەڕی. مارتینی برای، دانەویەوە تا دەلنگی پانتۆڵەکەی بخاتەوە ناو گۆرەویە سپیەکانی خۆی. شەڕو پێکادان لە نێو ئاشەکەدا گەرمتربوو. یەکێك  هاوارێکی کرد کە وەکو داوی جاڵجاڵۆکەی دەم با، بەرز بووەوەو گەییە سەربانە شێروانیەکەی ئاشەکە. مارتین راست بووەوەو خۆی گەیاندە ئەلیکسی برای.

داریا، لەسەر عەرەبانەکە راوەستا بوو، بەدەم هەناسە بڕکێوە، قامکەکانی هەڵدەگلۆفتن و لەو سەرەوە تەمەشای ئەو دیمەنانەی دەکرد. ژنانی دەوروبەری ئەو هاواریان دەکردو دەگریان، ئەسپان بە نیگەرانی گوێیان قوت دەکردەوە، گاجووتەکان دەیان بۆڕاند و خۆیان بە گالیسکەکانەوە دەچەسپاند...

سیرگی پلاتونوفیچ، بە رەنگی هەڵبزرکاوو لێوی لەرزان و خۆ رەکێش کردنەوە هاتو تێپەڕی، ورگە زلەکەی وەکو هێلکە لە ژێر ئیلەکەکەیەوە، هەر هەڵبەزو دابەزی بوو. داریا کابرای ئۆکراینی کراس دڕاوی بینی، کە بە جەزرەبەی مژانێك میتکا کورشونوف لە عاردیدا تەخت کرد، دوای تۆزێك کابرا بەخۆیشی تەختی زەوی بوو، مژانەکە کە درزی بردبوو، لە دەستی بەر بووەوە، تومەز ئەلیکسی بێ قۆڵ، دەرفەتی لێهێنا بوو، بە دەستە قورسەکەی، بۆکسێکی توندی بە پشت ملیا کێشابوو و تەختی ئەرزەکەی کردبوو و خەریك بوو تێی هەڵدەدا دیمەنە ناجۆرو دزێوەکانی ئەم شەڕو پێکادانە وەکو پارچەی رەنگاو رەنگی قالیچەیەك، بە بەرچاوی داریادا تێدەپەڕین. پاشان بێئەوەی سەری سوڕ بمێنێ، میتکا کورشونوف، کە کەوتبووە سەر چۆکان، بینی کە تا هێز لە بازوویدا بوو، شیشێکی کێشا بە هەردوو لاقی سیرگی پلاتونوفیچ موخوفدا، کە بەلەز بە بەردەمیا رەت دەبوو، موخوف، بەدەم باڵە قژەوە کەتە سەر زەویو عەینی قرژانگ بە سکەخشکێ خۆی گەیاندە ژووری قەپانەکە. ئیدی کەوتە ژێر دەستو پێی خەڵکەکەوە، هەر خەڵك بوو پێی پێدا دەناو... داریا بەجۆرێ لە قاقای پێکەنینی دا، کە کەوانی برۆ رەشە وسمەکراوەکانی، تەواو کرانەوە. بەڵام کە بینی پیوتەر، بەلارە لار، لە نێو هەراو هەنگامەی شەڕەکە هاتووەتە دەرێو لە ژێر عەرەبانەیەك کەوتووەو خوێن تف دەکاتەوە، پێکەنینە هیستریەکەی وەستاو بەغاردان خۆی گەیاندە دیاری. کۆمەڵێك قۆزاقی دیکە، هەموو تێلا بەدەست لە گوندەوە هێرشیان هێنا، یەکێکیان لۆسەیەکی بە دەستەوە بوو، بای دەداو هەڕەشەی دەکرد. شەڕەکە گەورە بووەوە، یانی لە ئەقڵ دەرچوو. وەکو شەڕی مەستانی ناو مەیخانان یان شەڕە بەردی نێوان گوندان

نەبوو. گەنجێکی ئۆکراینی لەبەر دەرگای ژووری قەپانەکە کەوتبوو، لاقی بڵاوبوو بوونەوە، سەری شکا بوو و خڵتانی خوێن بوو. لاقەکانی جوڵانەوە، چەپکێك لە قژە خوێناویە پێکەوە نووساوەکەی بەسەر هەنیەیدا بەربووەوە. دیار بوو، ژیانی لەسەر ئەم زەویە خۆش و جوانە تەواو بوو بوو...

ئۆکراینەکان وەکو مێگەلە پەز خزێنرا بوونە ناو عەماری گەنمەکەوە. خۆ ئەگەر ئۆکرانیەکی پیر فریا نەکەوتبا، لەوە بوو کێشەکە زۆر خراپتر بکەوێتەوە. یارۆی پیر خۆی بە ژوورا کرد تێڵایەکی داگیرساوی لە موغەیریەکە دەرهێناو بەرەو عەمارەکە رۆیی کە پتر لە هەزار پووت (پووت: نزیکەی ١٦ کیلۆیە) گەنمی تیا عەمار کرابوو. دووکەڵ لەسەر شانیەوە وەکو قوماشی موزلین شەپۆلی دەداو پزیسکی ئاگر، کە لەبەر روناکی رۆژا کاڵ دیار بوو، بەرز دەبووەوە.

دارە داگیرساوەکەی، بۆ میچەکە، کە بە هەژگ و بژاڵ تەنرا بوو بەرز کردەوەو هاواری کرد:

– هەر ئێستا ئاگری تیٚ بەردەدەم!

قۆزاقەکان ساردبوونەوەو وەستان. بایەکی توندی وشك لە سەمتی رۆژهەڵاتەوە دەهات و دووکەڵەکەی بەرەو ئۆکرانیە گیرۆدەکان دەبرد. ئەوەندە بەس بوو، پزیسکە ئاگرێك بەر هەژگ و بژاڵی میچەکە بکەوێت، سەرانسەری گوندەکە گڕبگرێت و بسووتیٚ...

مقۆ مقۆو فسکە فسك کەوتە نێو قۆزاقەکان، هەندێکیان بەرەو ئاشەکە پاشەکشەیان کرد، بەڵام یارۆی ئۆکرانی دارە داگیرساوەکەی بەسەر سەریەوە با دەداو بەدەم دووکەڵێکی شینباوەوە پزیسکی دەداو، لێکدا لێکدا هاواری دەکرد:

– دەی سووتێنم!... هەر ئێستا ئاگری دەدەم! لە حەوشە بچنە دەریٚ.

هەڵگیرسێنەری ئەم شەڕە، یاکوف ناڵە ئەسپ، کە هەموو سەروچاوی شین و مۆر بوو بووەوە، یەکەم کەس بوو کە لە حەساری ئاشەکە چووە دەریٚ. قۆزاقەکانی دیکەش بە هەشتاو دوای ئەو کەوتن. ئۆکرانیەکان، بە پەلە جەواڵەکانیان لە عەرەبانەکانیان بارکرد، ئەسپەکانیان لە عەرەبانەکان بەست، سوار بوون، ئەسپیان بەر قامچی دا، بەلەز لە حەوشی ئاشەکە وەدەرکەوتن و بە تەقو هۆڕی عەرەبانە لە گوندەکە دوورکەوتنەوە.

ئەلیکسی، یەك قۆڵ لە ناوەندی حەوشەکەدا وەستا بوو، قۆڵی بەتاڵی کراسەکەی کە سەرەکەی بە داوێك بەستبوو، بەسەر سکە بە قولا چووەکەیدا، دەشەکایەوە. وەکو هەمیشە پێڵوی چاوو گۆنای چەپی دەفڕی:

– کوڕانی قۆزاقی سوار بن و دوویان بکەون!

– دوایان بکەون!

– تا دوور نەکەوتوونەتەوە بیانگرین!...

میتکا کورشونوف، خەریك بوو لە حەوشە وەدەردەکەوت. مقۆ مقۆیەکی تازە کەوتە نێو ئەو قۆزاقانەی کە لە دەوروبەری ئاشەکە خڕ بووبوونەوە. لەم کاتەدا پیاوێکی نەناسراو کە شەپقەیەکی رەشی لەسەر بوو و کەس تا ئەو کاتە هەستی پێنەکردبوو، بە هەشتاو لە ژووری

مەکینەی ئاشەکەوە وەدەرکەوت. بە چاوە بچووک‌و تیژەکانی، تەمەشایەکی خەڵکەکەی کردو دەستی هەڵبڕی و گوتی:

– ڕاوەستن!

یاکوف ناڵە ئەسپ، بڕۆکانی وێکهێنانەوەو پرسی:

– ئەمە کێیە؟

– لە کوێوە پەیدا بوو؟

– تێی هەڵدەن!

– ها!

– هو! و! و!

– خزمینە، پیاوی چاك بن بوەستن!

– بڕۆ ئەو قسانە بۆ کسۆکان بکە!

– بوەستن دێهاتینە! فەلاحینە!

– تۆ کێی، چیت تا بە ئێمە بڵێی دێهاتی!

– خوێڕی!

– کلك بڕاو!

– ئەم فەلاحە چەپەڵە!

– یاکوف، دەمو قەپۆزی بکوتەوە!

– بکێشە بە چاویا!... بۆی شین بکەوە!...

کابرا، بێئەوەی هیچ ترسێکی پێوە دیار بێ، بزەیەکی خاکیانەی بۆ کرد. شەپقەکەی داکەندو بەوپەڕی سادەیی تەوێڵی سڕی. بزەکەی، هەمووانی سارد کردەوەو لە جۆشی خستن.

بە شەپقە لوول دڕاوەکەی خۆی، ئاماژەی بۆ ئەو خوێنە ڕەشە کرد کە لەبەر دەرگای ژووری قەپانەکە ڕژا بوو:

– ئەمە چیە، چی قەوماوە؟

ئەلیکسی یەك قۆڵ، کە گۆناو چاوی دەفڕین، بە تۆنێکی ئاشتیانە گوتی:

– لە خوخولانمان دا.

– بۆچی لێتاندان؟

یاکوف ناڵە ئەسپ، لێی چووە پێشی‌و بە پشتی دەستی کەپووە بە خوێنەکەی سڕی‌و گوتی:

– دەیانویست نۆرە بڕیمان لێبکەن.

– دەردێکی وامان دانێ، بە حەیاتی لە بیریان نەچێتەوە!

– حەیفێ دوویان نەکەوتین... دوور نییە ئاگر بەربدەنە ئەو دەشت‌و دەرە.

– ئێمە ترسا بووین، ها! ئەگینا ئاگری بە هەژگ‌و بژاڵی میچەکەوە نەدەنا.

– یارۆ دەهری بوو بوو، پێوەی دەناو ئەولاتریش.

ئافونکا ئوزیروف، بزەیەکی بۆ کردو گوتی:

– ئەم خوخولانەش قەومێکی تورە و ترۆن، بە ڕاستی سەریان گەرمە.

یارۆی نەناس، بە شەپقەکەی ئاماژەی بۆ لای ئۆزیروف کرد:

– ئەدی تۆ، خۆت چیت؟

ئوزیروف، لە نێوان ددانە شاشو واشەکانیەوە تفێکی رۆکردو بە حەواوە روانیە سەمتی تفەکەی و هەردوو لاقی بڵاوکردنەوە:

– من قۆزاقم، ئەدی تۆ کێی، ناشی قەرەج بی؟

– نا، هەردووکمان ڕووسین.

ئاڤونکا، بە ئەسپایی و بە دڵنیاییەوە گوتی:

– قسەی قۆڕ!

– دەزانی، قۆزاقان ئەسڵیان رووسە؟

– بەڵام من پێت دەڵێم کە قۆزاقان، ئەسڵیان قۆزاقە.

یارۆ بۆی روون کردەوە:

– کاتی خۆی مسکێن بوون، لە زوڵمو زۆری دەرەبەگو فیوداڵان هەڵاتوونو لە گوێی روباری دۆن دا گیرساونەتەوەو پاشان بە قۆزاق ناسراون و ناویان دەرکردووە.

ئەلیکسی یەك قۆڵ، لە دڵی خۆیدا زۆر تورە بوو، بەدەم گوشینی کۆڵەمستی خۆیەوەو بەدەم چاو تروکاندنەوە گوتی:

– دەبڕۆ بەڕێی خۆتەوە ، کابرا!

خۆی پێنەگیراو لەسەری رۆیی:

– ئەمە ئەوە گووەیە کە هاتووە لەگوندەکەی ئێمەدا بژی! دەبینی تازە بە تازە دەیەوێ بمانکات بە فەلاح!

– ئەمە کێیە ئافا ناسی؟

– تازە هاتووە، کرێچی لوکیشکا خێلە.

ئیدی درەنگ کەوتنو شوێن ئۆکرانیەکان نەکەوتن. قۆزاقەکان لە کاتێکا بە ئاووتاو باسی شەڕەکەیان دەکرد، بەرە بەرە بڵاوەیان لێکرد.

***

ئەو شەوە، لە دەشتا، لە هەشت کیلۆمەتری گوندەکەدا، گریگۆری لە کاتێکا خۆی لە فەروە ئەستوورەکەیەوە دەپێچا، بە کەسەرەوە بە ناتالیای دەگوت:

– تۆ زۆر سەیری، جۆرێکی! وەکو مانگیت، نە پیاو گەرم دەکەیتەوە نە سارد. ناتاشکا، لێم مەگرە، من تۆم خۆشناوێ. من نەم دەویست ئەم مەسەلەیە بوروژێنم، بەڵام چ بکەم بە دەست خۆم نییە، ئەگەر بەم حاڵە برۆین، ناتوانین پێکەوە بژین... من دڵم بە حاڵت دەسووتێ، راستە، پێدەچێ لەم رۆژانەی دواییدا کەمێك خوومان بە یەکەوە گرتبێ، لە جاران زیاتر هۆگری یەك بووبین. بەڵام من لە دڵدا هەست بە هیچ ناکەم. دڵم چۆڵو هۆڵە، وەکو ئەم دەشتە بیابانو...

**ناتالیا، بە بێدەنگی دەیڕوانیە ئەستێرە بەرزو دوورەکانو ئەو هەورەی وەکو تارمایی بەسەر سەریاندا تێدەپەڕی. لەو بەرزاییەوە، لە قوڵایی ئاسمانی شینەوە، دەنگی پۆلە قورینگێکی لەڕەو بەجێ ماو، وەکو زەنگی زەنگوڵانی زیو، بەرز بووەوە.**

**بۆنێکی خەمناکو کوشندە لە پووشی وشکەوە بووی دەشتەکە دەهات. لە دوورەوە، لە سەر یەکێك لە گردەکانەوە، بڵێسەی سورباوی ئاگرێك کە وەرزێران کردبوویانەوە، دەدرەوشایەوە...**

**گریگۆری سپێدە زوو لە خەوا ڕابوو. تەنکە بەفرێك نیشتبووە سەر پۆستینەکەی. دەشتەکە لە ژێر بەفری شینباوی کاڵی تازە باریودا مت بوو بوو. شوێن پێی کەروێشکێکی کێوی، کە بە نزیکی ئەواندا، بەسەر بەفرەکەدا ڕۆیی بوو، بە ئاشکرا دیاربوو.**

((٦))

**جاران ئەگەر قۆزاقیەك بە تەنیا بە جادەی میلیرۆڤۆدا بڕویشتایەو تووشی ئۆکرانیەکان ببوایە (دێهاتی ئۆکرانیەکان لە گوندی یابلونوفسکی خوارەوە دەستی پێدەکردو بە درێژایی هەفتاو پێنج کیلۆمەتر بەردەوام دەبوو تا دەگەییە میلیروڤو) دەبوایە خۆی لە ڕێگەیان لابدایە، دەنا پەلاماریان دەداو حەسیرمەیدانیان دەکرد. بۆیە قۆزاقەکان ئەگەر بیان ویستبا بۆ وێستگەی قیتار بڕۆن، بە چەندین عەرەبانەو بە کۆمەڵ دەڕۆییشتنو ترسی ئەوەیان نەدەبوو لە دەشتو بیابانەکەدا تووشی ئۆکرانیان بن و لێیان ببێت بە شەڕە جنێوان:**

**- ها، خوخول! کوا ڕێبدە! دەتەوێ لە خاکی قۆزاقاندا بژیتو ڕێگەشیان نەدەی؟**

**ئۆکرانیەکانیش، کاتێ کە ناچاردەبوون، گەنمو دانەوێڵەکانیان بۆ سایلۆکانی پارامونوڤی سەر دۆن بەرن، زۆر ئاسوودەو بێخەم نەبوون. لەوێ لە خوتو خۆڕایی تووشی شەڕ دەبوون، لەبەر هیچ شتێك نا تەنیا لەبەر ئەوەی خوخول بوونو هەر کەسێك خوخوڵ بوو دەبێ تێی هەڵبدرێت.**

**چەندین سەدە بوو، دەستێکی کارامە، تۆوی کەربو کینەی تایفەیی لە خاکی قۆزاقاندا داچاند بوو و بە دڵو گیان چاودێری کردبوو و بە تەواوەتی هاتبووە بەرو خوێنێکی زۆر لە نێوان قۆزاقانو خەڵکانی دیکەی چ ئۆکرانی و چ ڕووسدا ڕژا بوو.**

**دوای نزیکەی دوو هەفتە لە شەڕی ئاشەکە، ئەفسەری پۆلیسی ناوچە، لەگەڵ موحەقیقی دادپرسدا بۆ گوند هاتن.**

**ستوکمان یەکەم کەس بوو کە پرسو جۆی دەگەڵ کرا. دادپرسەکە، فەرمانبەرێکی گەنجو ، لە بنەماڵەیەکی ئەشرافی قۆزاق بوو، لە کاتێکا کە سەری دانەواند بوو و ناو جانتا دەستیەکەی خۆی دەگەڕا، لێی پرسی:**

**- پێش ئەوەی بۆ ئێرە بێی، لە کوێ دەژیای؟**

**- لە روستوف.**

**- بۆچی لە ساڵی ١٩٠٧ دا زندانی کرایت؟**

ستوكمان، تەمەشایەکی سەرە قرێژاویەکەی دادپرسەکەی کرد، کە بەسەر فایل و ئەوراقەکانەوە دای نەواند بووەوە.

– بە هۆی سەرپێچی و تێکدانی تەناهی و ئاسایشەوە

– ئم.... ئەوسا لە کوێ کارت دەکرد؟

– لە کارگە (وەرشە)ی سکەی قیتار.

– چ کارێکت دەکرد؟

– میکانیکی

– جولەکە نیت، وانیە؟ یان تازە بوویت بە مەسیحی؟

– نەخێر، بە باوەڕی من...

– هەقم بەسەر باوەڕی تۆوە نییە. دوور خرابوویتەوە؟

– بەڵێ.

دادپرسەکە سەری هەڵبڕی، لێوە بێسمێڵە پڕ زیپکەکانی هەڵقورتاند

– من پێت دەڵێم و ئامۆژگاریت دەکەم کە لێرە بڕۆیت...

ئەوجا لە دڵی خۆیدا لەسەری ڕۆیی: "هەرچەندە بەخۆم هەرچییەك لەمبارەیەوە پێویست بێ دەیکەم."

– لەبەرچی، جەنابی دادپرس؟

یارۆی دادپرس، بە پرسیارێکی دی وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە:

– تۆ لە ڕۆژی شەڕەکەی ناو ئاشەکەدا، چیت بە قۆزاقەکانی ئێرە گوتووە؟

– ئەوەی راستی بێ...

– بەسە، دەتوانی بڕۆیت.

ستوکمان، چوو بۆ ماڵی موخوف و (بەرپرسان و کارمەندانی حکومەتی کە دەهاتنە ئەو دەڤەرە، هەمیشە دەچوون بۆ ماڵی سیرگی پلاتونوفیچ موخوف) نیگایەکی بەپەلەی دەرگا بۆیەکراوە دوو دەریەکەیانی کردو شانێکی هەڵتەکاند.

((٧))

زستانەکەی دواکەت. ئەو بەفرەی کە تازە باری بوو، پێش جەژنی شەفاعەتی مریەم توایەوە، خەڵکی گاگەڵ و ماڵات و ڕان و پەزیان بردبووە لەوەڕگەکان، یەك هەفتەی تەواو بوو کە بای باشوور بەردەوام بوو، هەوا گەرمی کرد، سەهۆڵبەندان توایەوە، زەوی نێر بووەوە، گیای درەنگ وەخت دەشت و دەرەکەی داپۆشی. ئەم کەشە گەرم و خۆشە تا جەژنی سان میخائیل درێژەی کێشاو پاشان سەرماو سۆڵەو سەهۆڵبەندان و زوقم و خوسار دەستی پێکردەوەو بەفر کەوت. سەرما ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد، بارستی بەفر ئەستوورتر دەبوو، لە جێ باخچەو بێستانە چۆڵ و هۆڵەکانی کەنای روباری دۆندا، بەفر بە بەرزی تەیمان و پەرژینەکان کەڵەکە بوو بوو، لێرەو لەوێ جێ پێی کەروێشکان لەسەر بەفرەکە نەخش بوو بوو، چۆن تەمەشات دەکرد، لە پارچەیەکی

گەورە دەچوو کە کۆرپە کیژان بە دەستیەوە دەگرن و گوڵدۆزی دەکەن. ڕێگەو کوچەو کولانان چۆڵ بوو.

دووکەڵی سووتانی تەپاڵە، بە نزمیەوە، بە ئاسمانی گوندا بڵاودەبووەوە. قەلەڕەشان، روویان کردبووە ئاوایی و چینەیان لە زبڵدانانی قەراخی جادەکەدا دەکرد. شوێنەواری خزاکان، لە شێوەی نەوارێکی شینباوی کاڵەوە بوودا، بە نێو کوچەو کوڵانانی گوندا پێچی دەکردەوە.

رۆژێك ئەنجوومەنی گوند لە مەیدانی گوندا کۆبوونەوە: کاتی دابەشکردنی مێرگ و پاوانان ،پەرچ کردنی دارو درەختان بوو. قۆزاقان بە پۆستین و پاڵتۆوە، بەچەکمە لبادەکانیانەوە کە بەسەر بەفرەکەوە جیڕەجیڕیان بوو، لەبەر ئیدارەی گوندا خڕبوونەوە. ئەنجام سەرما ناچاری کردن کە وەژوورېکەون. دەمراست و ردێن سپییانی گوند بە ڕدێنی زیوینەوە، شان بە شانی ئەتامان و کاتبەکەی لە دەوری مێزەکە دانیشتن. ئەوانی دی کە گەنجتر بوون (گەنجانی بێ ردێن، یان بەردێنانی جۆراو جۆر) لە دەوری یەکدی خڕبوونەوەو یەخەی گەرمی پۆستین و فەروە گەرمەکانیان هەڵدابووەوەو بە ئەسپایی قسانیان دەکرد. یارۆی کاتب (سکرتێر) بە خەتێکی وردی تێکەڵ، لاپەڕە لە سەر لاپەڕەی رەش دەکردەوەو ئاتامان لەسەر شانیەوە تەماشای دەکرد. ژاوە ژاوێکی سووك لە هۆڵە ساردەکەدا دەنگی دەدایەوە.

– هێشتا زۆری ماوە بۆ گیای ئەمساڵ...

– ها، بەڵێ گیاو وێنجەی مێرگەکان باشە. بەڵام گیای دەشت جگە لەوەی هەر ئەسپەرەکە (جۆرە گیایەکی خۆڕسکە) زۆر کەمیشە.

– جاران، تا جەژنی نوئێل، مەڕو ماڵاتیان لەم دەشتەدا دەلەوەڕاند.

– ئەوە بۆ کالموکیەکان زۆر باش بوو. بەختیان هەبوو.

– ها، بەڵێ.

ئاتامان ملوانکەی لەملە. تەمەشای گەردنی بکە دەڵێی گەردنی گورگە. هێندە قەڵەو و ئەستوورە، ناتوانێ سەر وەرگێڕێ.

– لەوەڕەکەی خۆشە، نامەردە بێدڵی خۆی ناکات.

– با بۆ چیە دەتەوێ بۆڕ بە زستان بدەی؟ عەجەب پۆستینێکت داوە بە شانتان!...

– ئاخر لەم کاتانەدایە کە قەرەجان پاڵتۆکانیان دەفرۆشن.

– دەگێڕنەوە دەڵێن جارێك لەکاتی نوئێلدا دەستەیەك قەرەج لەو دەشتەدا دەمێننەوەو بالا پۆش و پاڵتۆیان نابێ بە خۆیدا بدەن. یەکێکیان تۆڕێکی ماسیگری بە خۆیدا دەدات. شەوێ لە سەرما خەبەری دەبێتەوە، ئازای تەزیوە، پەنجەیەك بە کونێکی تۆڕەکەدا دەکات و روو دەکاتە دایکی و دەڵێت: "دایکە تومەز لەم کونەوە با دێتە ژوورەوە، وامزانی دنیا ساردە".

– خوا ڕەحم بکات، لەوە دەچێ ئەمساڵ زستانەکەی ساردو تووش بێ، بەم زوانە سەرماو سۆڵە دەست پێبکات.

– مەگەر گاوگۆتاڵان ناڵ بکەین، هیچ چارێکی دی نییە.

– چەند رۆژێك لەمە پێش لە خەڕەندی شەیتان چنارم دەبڕی، شتێکی زۆر باشە.

– زاخار، دوگمەی پانتۆڵەکەت داخە... ئەگەر بیبەستیٚ، ژنەکەت ماڵ بەدەرت دەکات.

– ئەریٚ ئاڤیدیچ ئەو دەنگۆیە چییە کە گوایە بە تەمای جوانەگایەکی فەحل بگریتەخۆ؟

– نا، نەچوومە ژێربار... پارانکامریخین وەری دەگرێت‌و بەخێوی دەکات... پێی گوتم: "من بێوەژنم، ئەم کارە بۆ من باشە، خۆمی پێوە مژوول دەکەم." پێمگوت: "تۆ وەری بگرە، بەڵکو ئەمە خوایە کەڵیش بگری‌و منداڵێکی تریشت ببیٚ..."

– ها، ها، ها!

– هی، هی، هی!

– ئێستا، ڕدێن سپییانی بەڕێز سەبارەت بە پەرچ کردن‌و بڕینی داران چبکەین؟ تکایە... ئەوانەی لەوێن بێدەنگ بن!

– پێمگوت: "ئەگەر منداڵت لێی بوو. من غوسڵی تەعمیدی دەکەم."

– تکایە، تۆزیٚ بێدەنگ!

کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد. ئاتامان دەستێکی بە عاسای فەرماندەییەکەیدا، کە تەنکە هەڵمێکی نیشتبووە سەر، هێناو کەوتە خوێندنەوەی ناوی لیژنەی دابەشکاران. بە قامکە تووتەی، یەك دوو پارچە بەفری، کە بە ردێنیا هاتبووە خوارەوە تەکاند. ناو بەناو دەرگاکە لەوسەری ژوورەکەوە بە تەق‌و هوڕ دەکرایەوە. تەم دەرگاکەشی گرتبوو. خەڵکەکە بە پاڵەپەستۆو چڵم هەڵ لوشینەوە دەچوون بەیەکا.

ئیڤان تومیلین کە هەوڵیدەدا دەنگی بەسەر دەنگی ئاتاماندا زاڵ بیٚ، هاوای کرد:

– پەرچکردنی دارەکان نابیٚ بخرێتە پێنج شەممە!

گوێچکەکانی سوور بوو بوونەوە، سەری بە کاسکێتە شینەکەیەوە، کاسکێتی تۆپچیان، خوار کردەوەو، کەوتە خوراندنی گوێی.

– بۆچی؟

یەکێك لەلاوە بانگی کرد:

– وریابە جەنابی تۆپچی، گوێی خۆت دەردێنی.

– قەیدی نیە گوێی گای بۆ دادەنەین.

– ڕۆژی پێنج شەممە نیوەی خەڵکی دەچن بۆ پووش هێنانەوە. بەڕاستی گاڵتەم بەم کارەی ئێوە دیٚ... کاروبار چۆن...

– دەتوانی بیخەیتە یەك شەممە.

– بەڕێزانی ردێن سپی!

– ئێستا چ بکەین؟

– ئیزنی خوای لەسەربیٚ!..

– هو! هو! هو!

– ها! ها! ها!

ماتفی کاشولینی پیر، بەسەر مێزە خوارەکەدا دانەوییەوە، لە کاتێکا دارعاسا لووسەکەی خۆی کە لە دار ئەفرای لووس بڕی بووی، بەرەو تومیلین بەرز کردبووەوە، بە تووڕەیی هاواری کرد.

– پووشەکە با بمێنێ بۆ دوایی!... خەمت! تۆش وەکو ئەم هەموو خەڵکە... بڕیار بڕیاری ئەنجوومەنی گوندە. تۆ هەمیشە پێچەوانەی خەڵکی... دەبێ قسە هەر قسەی خۆت بێ. کوڕم تۆ هێشتا منداڵی!... تۆ تەمەشا تەمەشا!...

ئەلیکسی یەك قۆڵ لە ڕیزەکانی دواوە، سەری هێنابووە پێشێ و لە کاتێکا گۆنا شێواوەکەی دەلەرزی و چاوی دەفڕی گوتی:

– تۆ پیری، خرف بوویت.

شەش دانە ساڵ بوو لەسەر پارچە زەویەکی بچووك کە پیرەمێرد لێی داگیرکردبوو، قسەی نەبوو، هەموو بەهارێك لێیان دەبوو بە شەڕو دەعوا، هەرچەندە زەویەکە یەکجار بچووك بوو و بەشی هیچی نەدەکرد.

– بێدەنگ بە، ناشیرین.

ئەلیکسی، هەڕەشەی لێدەکات:

– حەیفێ لێمەوە دووری، ئەگینا دەمو لووتم پڕ لە خوێن دەکردی!

– ڕاوەستە بۆم ڕۆستەمی یەك قۆڵ، لەرزۆکی!...

– بەسە! شەڕ مەکەن!

– ئەگەر دەتانەوێ خۆتان تاقیبکەنەوە، بچنە ناو حەوشەکە.

– بەسە ئەلیکسی. تەمەشا، نابینی پیرەمێرد مووی سەری وا گرژ بووە خەریکە لە کڵاوەکەیەوە دەردەچن.

– ئەگەر وازیان نەهێنا، هەواڵەی زندانیان بکە.

ئاتامان، مستێکی بەمێزەکەدا کێشا، مێز جیرە جیڕی پێکەوت.

– بێدەنگ بن، دەنا پاسەوانەکان بانگ دەکەم!...

هەراو زەناکە کپ بووەوە، دوای ئەوەی چەند چرکەیەك لە ریزەکانی دواوە بەردەوام بوو، ئیدی بەتەواوەتی دامرکایەوە.

– بەرەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە دەست بە پەرچکردن و هەڵپاچینی داران دەکەین.

– دەی ڕدێن سپییانی بەڕێز، ئێوە چ دەڵێن؟

– خێری پێوە بێ!

– ئیزنی خوای لەسەر بێ!

– لەم زەمانەدا گوێ لە قسەی ڕدێن سپییان ناگرن.

– خەمت نەبێ، ناچار دەبن گوێ بگرن. وا تەسەوردەکەن هەر چیەکیان بوێ، دەتوانن بیکەن. بۆ نموونە ئەلکساشای کوڕی من، کاتێ کە بەشەکەی خۆیم دایە، خەریك بوو لەسەری سکم هەڵدڕێ، تەنانەت دەستی دایە یەخەم. بەڵام هەر زوو هێنامەوە سەر ئەقڵ، پێمگوت: "هەر ئێستا

دەچم بۆ لای ئاتامان و ئەنجوومەنی ردێن سپییان و پێیان دەڵێم بەر شەلاقانت بدەن..." ئیدی بۆ خۆی فسی دایەوەو کڕبوو.

ئاتامان جارێکی دەستی بە قسان کردەوە:

– درێن سپییانی بەڕێز، دەستورێکمان لە ئاتامانی ناوچەوە بۆ هاتووە... (ئاتامان سەری بەملاو بەولادا وەر دەگێڕا، یەخەی ڕەقی چاکەتەکەی بەچەناگەیدا دەچوو و ملی دەگرت) داوا دەکات کە شەممەی ئاینده گەنجەکانمان لە ناوچەدا ئامادەبن بۆ سوێند خواردن. دەبێ دوای نیوەڕۆ لەبارەگای ناوچە ئامادەبن.

پانتلی پروکوفیچ لە بەر نزیکترین پەنجەرەی لای دەرگاکەوە وەستا بوو، لاقە شەلەکەی عەینی قازی قورینگ هەڵبڕی بوو. (میرون گریگۆروفیچ)ش لە تەنیشتیەوە، بە پۆستینە دەڵبەکەیەوە لەسەر لێواری پەنجەرەکە دانیشتبوو و ژێراو ژێرو لە بن ردێنە سوورەکەیەوە، بزەی دەهاتێ. برژانگە کورتە زەردەکانی توێژاڵە بەفرێکی تەنکی لەسە نیشتبوو، خاڵە گەورە قاوەییەکەی، لەسەرما شین و مۆر هەڵگەڕا بوو. چەند گەنجێکی قۆزاق لە نزیکی ئەواندا بەدەم قسەو پێکەنینەوە لەدەوری یەکدی خڕ بوو بوونەوە، ئاڤدیچە درۆزن، لە ناوەندیاندا و لەسەر نووکی پێیان وەستا بوو. کڵاوێکی چەرمی سەربازانی ئاتامانسکی، لەسەر نابوو، سەری کڵاوەکەی شین بوو لە پشتەوە کۆمەڵێك ریشوو و گێزو گوڵینکی زیوینی پێدا شۆڕ بوو بووەوە.

ئاڤدیچ، لەگاردی تزاریدا خزمەتی کردبوو. بەناوی سینیلین بۆ ئەوێندەر چوو بوو و بە لەقەب و نازناوی "درۆزن" گەڕابووەوە. ئاڤدیچ یەکەم کەسی گوندەکەیان بوو کە لە گاردی تزاریدا خزمەتی کردبوو، ئیدی گۆڕانێکی سەیری بەسەرا هاتبوو: تا ئەو کاتە گەنجێك بوو وەکو هەر گەنجێکی دی، تاقە جیاوازی لەوانی دی ئەوە بوو کە لە منداڵیەوە ئەقڵی کەمێك پارسەنگی دەویست. هەرکە خزمەتی سەربازی تەواوکردو گەڕایەوە ئیدی لە یەکەم رۆژەوە کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکێن سەیرو خەیاڵی و باوەڕنەکردەنی دەربارەی خزمەتی خۆی لە دەرباری تزارو، ئەو ڕووداوە نا ئاساییانەی کە لە پترسبۆرگدا بەسەری هاتبوون. لە هەوەڵەوە. خەڵکی بە سەرسامی گوێیان لێدەگرت و باوەڕیان پێدەکرد، پاشان بۆیان دەرکەوت کە ئاڤدیچ، درۆزنێکی ئەوتۆیە کە گوندەکەیان، بە درێژایی مێژووی خۆی، درۆزنی وای بە خۆوە نەدیتووە. ئیدی بە ئاشکرا پێیان ڕادەبوارد، بەڵام نە تەریق دەبووەوە، نە سوور دەبووەوە! ( بەخۆی کەسێکی سوورفل بوو، بۆیە ئەگەر لە تەریقیشا سوور ببوایەتەوە، پێوەی دەرنەدەکەوت.) ئیدی لەسەر درۆی خۆی بەردەوام بوو. کاتێ چووە تەمەنەوە، مجێزی گۆڕا، ئەگەر کەسێك تەریقی کردباوەو بە درۆی بخستایەتەوە، زۆر پەست و تووڕە دەبوو، کارەکەی دەگەیاندە شەڕەمستان، بەڵام ئەگەر گوێگرەکانی هەر بە پێکەنینەوە بوەستابان و هیچ قسەیەکیان نەکردبا، بە تانی حیکایەتەکانیا دەچوو و لە ئاستی ریشخەنەکانیانا خۆی لە گێلی دەدا.

بەڵام لە کاروباری کێڵگەو دەرودەشتا، پیاوێکی کارامەو بەکارو زەحمەتکێش بوو، زۆر ئاقڵانە کارەکانی ئەنجام دەدا، بەڵام کە باس دەهاتە سەر باسی خزمەتی سەربازی لە گاردی تزاریدا، ئیدی کوڕی دەویست خۆی لە بەر پێکەنین بگرێت.

ئاڤدیچ، لە نێو گەنجەکاندا وەستا بوو، لەسەر نووکی چەکمە لبادیەکانیا، کە دەتگوت خڕکە بەردی بنی چۆمانە، خۆی بادەداو دەیڕوانیە ئاپۆڕای ئەو قۆزاقانەی کە لەوێندەر خڕ بووبوونەوەو بە دەنگە گڕەکەی خۆی قسەی جدی دەکرد:

– قۆزاقانی ئێستا، قەت وەکو قۆزاقی جاران نین. هەموو لەڕو لاواز، بە کەڵکی هیچ نایەن، بە سەر هەر کەسێکیاندا بپژمی، دەبێ بە دوو لەتەوە. با پێتان بڵێم (ئاڤدیچ، تفێکی رۆکردە ئەرزەکەو بە دەم بزەیەکی تەوسامێزەوە پێیەکی پێدا نا) جارێکیان لە دەڤەری ڤیوشنسکایادا، بە رێکەوت کۆمەڵێك ئێسکە پەیکەری قۆزاقانم بینی، بەڵام قۆزاق بوون نە گاڵتە، بە ڕاستی!...

ئانیکوشکای، کۆسە، ژەنیە ئەوەی تەنیشت خۆیەوەو پرسی:

– ئاڤدیچ، ئەو ئیسکە پەیکەرانەت لە کوێ بینی؟

پانتلی پروکوفیچ، کەپووە دەندوکە دالاشیەکەی گرژ کردەوەو دەستی بە گوارەکەی خۆیدا هێنا، پانتلی حەزی لە خەڵکی درۆزن نەبوو، گوتی:

– هاوڕێ، جەژنی شەفاعەتی مریەم وا لەبەر دەرگایە، خوا بناسەو بەم بەرە جەژنانە درۆ مەکە.

ئاڤدیچ، بێئەوەی خۆی شلوێ بکات گوتی:

– برادەر، من بە عەمراتم درۆم نەکردووە.

بە سەرسامی روانیە ئانیکوشکا، کە بە جۆرێ دەلەرزی لە تۆ وایە تاو لەرزی لێهاتووە.

– برادەر، ئەو ئێسکە پەیکەرانەم کاتێ بینی کە خانووەکەی ماڵی خەزوورمیان دروست دەکرد، کاتێ کە بناغەیان دەدایەوە، تابووتێکیان دەرهێنا بوو. وا دیارە لە کۆنی کۆنا، ئەو شوێنە کە لە کەناری دۆندا، لە نزیکی کڵێساکە بوو، گۆڕستان بووە.

پانتلی پروکوفیچ کە خۆی بۆ رۆییشتن ئامادە دەکرد، بە ناڕەزاییەوە پرسی:

– باشە ئێسکە پەیکەرەکان چۆن بوون؟

ئاڤدیچ، هەردوو باڵی کە بە قەد مەجرەفەیەك درێژ دەبوون کردنەوە:

– هەر بازوویەکیان ئەوەندە درێژ بوو. سەریان بە قەد مەنجەڵێك دەبوو. باوەڕبکەن درۆ ناکەم!

میرون لە سەر لێواری پەنجەرەکە هاتەخوارێ، دوگمەی فەروەکەی داخستو پێشنیازی کرد:

– ئاڤدیچ، ئەوە بۆ ئەم گەنجانە بگێڕەوە کە چۆن لە پترسبۆرگدا دزەکەت دەستگیر کرد.

ئاڤدیچ، بە خۆشکێنییەکی ساختەوە گوتی:

– هیچ نییە، شایستەی گێڕانەوە نییە.

– بۆمانی بگێڕەوە ئاڤدیچ!

– تکات لێدەکەین ئاڤدیچ!

– دڵمان مەشکێنە ئاڤدیچ!

– ئەو شەرەفەمان پێببەخشە ئاڤدیچ!

– دەی باشە، مەسەلەکە بە مجۆرە بوو....

ئاڤدیچ، گەرووی پاککردەوە، کیسە تووتنەکەی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەرهێنا. ئەو دوو سکەی مسەی کە لە کیسەکەی کەوتنە خواری، هەڵگرتەوەو لە کیسەکەی نایەوەو بە خۆشحاڵییەوە چاوێکی بە گوێگرەکانیا گێڕا:

– تاوانبارێك لە زندان هەڵاتبوو. هەموو ناوچەکەیان بە دوودا سەنگوسوژن دا، نەیاندۆزییەوە. بەرپرسانی دەڵەتی سەریان دای لە بەرد، باڵی گرتبوو و فڕی بوو. شەوێك ئەفسەری ئێشك ناردی بە شوێنما. چووم... پێی گوتم: "بڕۆ بۆ کۆشکی تزار، خاوەنشکۆ بەخۆی داوای کردویت." ئیدی خۆم ئامادە کردو ڕۆییشتم، خۆ بە ژوورا کرد، ئامادەو وریا لە خزمەت خاوەنشکۆدا وەستام. خاوەنشکۆ دەستێکی بە شانادام و گوتی: "گوێ بگرە ئیڤان ئاڤدیچ، گەورەترین تاوانباری وڵات لە زندان هەڵاتووە. بڕۆ، ئەگەر لە ژێر ئەرزیشا بووە، بیدۆزەوە. دەبێ هەرچۆنێ بووە بیدۆزیتەوە، تا نەیدۆزیتەوە، لێرە نەتبینم ها!" گوتم: "بەسەر سەرو سەرچاو خاوەنشکۆ!" بەڵێ کوڕینە، بەو جۆرە گیرۆدە بووم، ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو... ئیدی باشترین عەرەبانەی سێ ئەسپیم لە تەویلەکەی تزار هەڵبژاردو بە ڕێکەوتم. دەی عەرەبانچی، باژۆ!

ئاڤدیچ، سیغارێکی پێکردو ڕوانیە گوێدێرەکانی کە هەموو سەریان دانەواند بوو. بە دەم هەڵچوونەوە، دەنگی لە نێو چەڕەدووکەڵی سیغارەکەیەوە، لێبەرزتر کردەوە: شەوو ڕۆژێك ئەسپم بە چوار ناڵە تاودا. ئەوە بوو لە ڕۆژی سێیەمدا، لە نزیکی مۆسکۆدا تووشی یارۆ بووم. گرتم و لە عارەبانەم ناو بەرەو پترسبۆرگم بردەوە. نیوەشەو بەسەرو سەکوتی قوڕاویەوە گەییشتمەوەو یەکڕاست چووم بۆ لای خاوەنشکۆ تزار. هەرچی میرو کۆنت و شازادەیەك لەو ناوە بوون، نەیان دەهێشت وەژووربکەوم. بەڵام من هەر وەژوورکەوتم، بەڵێ... لە دەرکەم دا: "خاوەنشکۆ روخسەت دەفەرموون بێمە ژوورەوە؟" –"کێیە؟". گوتم: "منم، ئیڤان ئاڤدیچ سینیلین." ژاوە ژاوێك لە ژوورەوە هات، گوێم لێبوو خاوەنشکۆ بە خۆی بانگی کرد: "ماریا فیودورفنا! ماریا فیودورفنا، خێرا هەستە، سەماوەر پێبکە. ئیڤان ئاڤدیچ هاتەوە."

لە ڕێزی دواوەی گوێگرەکانەوە، دەنگی پێکەنین بەرزبووەوە. کاتبەکە (سکرتێر) کە هەندێ ئاگاداری دەربارەی چوارپێیانی گوم بوو و سەرگەردان دەخوێندەوە، لە نیوەی ڕستەکەدا وەستا. ئاتامان وەکو قاز ملی بەرز کردەوەو تەمەشایەکی تووڕەی ئەو حەشاماتەی کرد کە خەریك بوو لە پێکەنینا دەبورانەوە.

ئاڤدیچ، کڵاوە قۆزاقیەکەی هەڵگرت: ڕەنگی تێکچوو، بە خۆیدا شکایەوە، چاوێکی بە یەك بە یەکی ئامادەبووواندا گێڕا:

– سەبرکەن، ئێستا دێمەوە!

– ها، ها، ها!

– خۆ کوشتینی!

– هی، هی، هی!

– ئاڤدیچ، هەی پیرە کەر!

– "سەماوەر پێکە، ئیڤان هاتەوە!" ئافەرین بۆخۆت و درۆت!

کۆبوونەوە تەواو بوو. خەڵکەکە بەرە بەرە بڵاوەیان لێدەکرد، پەیژەکەی بارەگای ئەنجوومەنی گوند، کە بەستبووی، کەوتە جیڕەجیڕ. لە ناو بەفرو سەهۆڵە پێشێلکراوەکەی بەر بارەگای ئەنجوومەندا، ستیپان ستاخۆف و قۆزاقیەکی لینگ درێژ، کە خاوەنی ئاشەبایەکە بوو، زۆرانیان دەگرت تا خۆیان گەرم بکەنەوە.

گەلی قۆزاقان، لە دەوریان خڕ بوونەوەو هانیان دەدان.

– ستیپان، بەسەر سەرتا هەڵیدە! ستیپان تەکانی بدە، بزانە چەندی کەپەك و سۆس لێدەوەریٚ!

کاشولینی پیر هاتبووە جۆش و وەکو چۆلەکە هەر هەڵقوون هەڵقوونی بوو، هاواری کرد: "لەوێوە مەیگرە، ئەوە ئەقڵە تۆ هەتە!" بەجۆریٚ نقومی تەمەشا بوو، ئەو دڵۆپە درەخشانەی نەدەبینی، کە نەرم نەرم بە کەپووە شینەکەیدا شۆڕ دەبووەوە.

((٨))

پانتلی پروکوفیچ لە ئەنجوومەن گەڕایەوە، یەکسەر چوو بۆ ژووری نووستنەکەی خۆی و ژنەکەی. ئیلی نیچنا چەند ڕۆژێك بوو نەخۆش بوو، دەم و چاوی ئاوسا بوو، ماندوویەتی و ئازاری پێوە دیاربوو. لەسەر دۆشەکێکی پەڕی ئەستوور ڕاکشابوو، پشتی دابوو بە سەرینێکەوە بۆ ئەوەی ڕاست بوەستیٚ. کە گوێی لە دەنگی پێی پانتلی پروکوفیچ بوو، بە هەمان زبرییەوە کە لە مێژ بوو، بوو بوو بە بەشێك لە روخسارو سیمای، ئاوڕی دایەوە. نیگای لەسەر ردێنی کە بە بای هەناسەی تەڕ بوو بووو... دەگەڵ دەمووسمێڵیا تێکەڵ بوو بوو، گیرسایەوە. بۆنێکی کرد، بەڵام پیرەمێرد جگە لە بۆنی خوسارو زوقوم و پۆستینی کەوڵە مەڕ هیچ بۆنێکی تری لێنەدەهات. ئیلی نیچنا لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەمڕۆ ڤۆدگای نەخواردووەتەوە" بە خۆشحاڵیەوە قولایی چنینەکەی ئەو گۆرەوییەی کە سەرگەرمی چنینی پاژنەکەی بوو، لەسەر زکە قەڵەوەکەی دانا.

– ئیٚ، مەسەلەی پەرچکردن و بڕینی داران بوو بە چی؟

– قەرارە ڕۆژی پێنج شەممە دەست پێبکات.

پانتلی، دەستێکی بە سمێڵیا هێنا، لەسەر سەندوقێکی تەنیشت تەختە خەوەکەوە دانیشت و دووبارەی کردەوە:

– بەیانی پێنج شەممە، حاڵت باشتر نەبووە؟

چارەی ئیلی نیچنا گرژ بوو و گوتی:

– وەکو جارانم... ئازارەکەم لەوەدا نییە، ئازای گیانم، هەموو جمگەکانم دەزریکێنن.

پانتلی پروکوفیچ، کە بە دارعاساکەی، بازنەی گەورەی لەسەر ئەرزەکە دەکێشا، بە تووڕەییەوە گوتی:

– چەند جارم پێگوتی بەم پایزە مەچۆ ئاوەکەوە، کەرە. ئاخر تۆ کە خۆت دەناسیت، ئەم پێداگریەت لە چی بوو؟ قاتی ژنە لێرە؟ چی زۆر بوو ژن زۆر بوو ئەم گوش و کندڕە نەعلەتیەت بۆ لە ئاو بکات، دەتویست خۆت بیخوسێنی! دە بیخۆ دەردت بیٚ!....

– خۆ نەدەکرا، گوش‌و کندڕەکە، لەو گۆڕەی دابنەم‌و خراپ ببیٚ. ژنەکانمان لە ماڵەوە نەبوون: گریشکا و ژنەکەی چوو بوونە جووت، پیوتەرو دارپاش چوو بوونە دەرەوە.

پیرەمێرد، فووی بە دەستەکانی خۆیدا کردو سەری بەلای تەختەکەدا نەوی کردەوەو گوتی:

– ناتالیا چۆنە؟

ئیلی نیچنا، بە نیگەرانیەکی ئاشکراوە گوتی:

– نازانم تەگبیری چیە. ئەو رۆژەش دیسان دەگریا. چوومە نێو حەوشە، سەیرم کرد دەرگای عەمارەکە لەسەر گازی پشتە. چووم دەرگاکەی دابخەم، سەیرم کرد ناتالیا لای کەندووە هەرزنەکەوە وەستاوە. لێم پرسی: "چیتە، بەرخۆڵەکەم؟" گوتی: "دایکە، سەرم دێشێت." هەرچی دەکەم راستی مەسەلەکانم بۆ دەرنایەت.

– تۆ بڵێی نە خۆش بێت؟

– نا، لێم پرسی... یان جادوویان لێکردووە یان لەگەڵ گریشکادا شەڕیان بووە...

– بڵێی ئەم هەتیوە دیسان بایدابێتەوە سەر ئەو ژنە؟

ئیلی نیچنا، بە ترسەوە هەردوو باسکی کردنەوە:

– ئەوە تۆ چ دەڵێی پیاوەکە، شتی وا چۆن دەبیٚ؟ خۆ ستیپان ئەوەندەش گێلْ نییە. نا، من هەستم بە هیچ نەکردووە.

پیرەمێرد، تۆزێکی دیکەش بە دیار ژنەکەیەوە دانیشت‌و ئەوسا چووە دەرەوە.

گریگۆری لە ژوورەکەی خۆیدا دانیشتبوو و بە بڕبەند قولاپی ماسیگیری تیژ دەکردەوە. ناتالیا، پیوی بەرازی لە قولاپەکان هەڵدەسوو و هەر یەکێکیانی لە پارچە پەڕۆکێکەوە دەپێچا. پانتلی پروکوفیچ، کە بەشەلە شەل بەوێدا رۆیی، بە دیقەت تەمەشایەکی کرد. سووری سەر گۆناکانی وەکو گەڵای پایز بەرەو زەردبوون دەچوو. لە چاو مانگیٚ لەوە پێشترا بە ئاشکرا لاواز بووبوو. تەمی خەم‌و پەژارەیەکی بەزەیی ئەنگێز نیشتبووە سەر نیگاکانی، پیرەمێرد لەبەر دەرگاکەدا هەڵوەستەیەکی کرد، ئاوڕێکی دایەوە، روانیە سەرو قژە نەرمەکەی ناتالیا کە سەری بەسەر تەختەکەدا دانەواند بووەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "کار وا بڕوات ئەم کچە دەکوژێت!".

گریگۆری لەبەر پەنجەرەکە دانیشتبوو و بە دەم بە مەورەدکردنی قولاپەکانەوە، چەپکێك لە قژە تێکڕژاوە ڕەشەکەی بەسەر هەنیەیدا سەمای دەکرد. پیرەمێرد لە پڕێکا، تووڕە بوو، سوور هەڵگەڕا، بۆ ئەوەی دەست لە کوڕەکەی نەکاتەوە، توند دار عاساکەی گوشی، هاواری کرد: "ئەمە چیە فڕێی دە، وازی لێبێنە، خوا گیانت بسێنیٚ!..."

گریگۆری ڕاچەنی، بەسەر سامی چاوانی هەڵبڕین:

– باوکە هەر ئەم دوو دانەیەم ماوە با تیژیان بکەمەوە.

– پێمگوتی وازیان لێبێنە! بڕو خۆت بۆ پەرچەکردن‌و داپاچینی داران، ئامادە بکە.

– بە چاوان، هەر ئێستا!

پیرەمێرد، بە تۆنێکی کەمێك ئارامترەوە گوتی:

– خزاگەکان ئامادە نەکراون‌و جەنابی خەریکی قولاپ تیژکردنەوەیە.

کەمێك لەبەر دەرگاکەدا ئەم پێ و ئەو پێی کرد، دیار بوو قسەیەکی تریشی پێیە، بەڵام چووە دەرەوە. گریگۆری گوێی لێبوو، پاشماوەی ڕقەکەی بەسەر پیوتەردا دەڕشت.

لە کاتێکا گریگۆری خەریك بوو پاڵتۆکەی لەبەر دەکرد، گوێی لێبوو بابی لە ناو حەوشەکەدا، دەیبۆڵاند:

– هێشتا حەیوانەکانت ئاونەداوە، تەمەڵ باشی! کێ دەسکاری ئەو کاو کاگرسەی(قەسەڵ) پاڵ پەرژینەکەی کردووە؟ پێم نەگوتن دەسکاری مەکەن؟ نابێ دەسکاری کایە تازەکە بکەن؟... باشە ئەگەر ئەم کاوکاگرسە تازەیەتان تەواوکرد، لە بەهارا، لە گەرمەی شۆوبڕیندا چی بە گاجووتەکان دەدەن؟...

رۆژی پێنج شەممە، شەوەکی، بە دوو سەعاتان بەر لە هەتاو ئەنگوتن، ئیلی نیچنا، داریای بێدار کردەوە:

– ڕابە، هەلو، ئاگر بکەوە!

داریا، بە توێی کراسێك چوو بەلای کوانگەکەوە، بەلەپە کوتێ چەند تەڵە شقارتەیەکی لە لێوار تاقەکە هەڵگرت و ئاگری کردەوە. پیوتەر بەقژی شێواوەوە هەستا، سیغارێکی پێکردو بە کۆکە کۆك بە ژنەکەی گوت: "خێراکە، قاوەڵتی ئامادە بکە!" داریا کە هێشتا چاوی بە خەوەوە بوو، بە پەستیەوە کەوتە پرتاندن: "هەقیان بەسەر ناتالیاوە نییە، بێداری ناکەنەوە، بەزەییان پێدا دێتەوە، ئەویش بێهیچ شەرم و شورەییەك لێی خەوتووە، من بە تەنیا چبکەم، خۆ نابم بە هەزار پارچەوە؟

پیوتەر گوتی:

– بڕۆ، بێداری بکەوە.

ناتالیا، بە خۆی هەستا بوو. کراسێکی لەبەر کردو چوو تا لە تەویلەکەدا تەپاڵە بێنێ. هێوەر ژنەکەی ئەمری پێکرد:

– هەندێ چڵ و چێو بێنە!

ئیلی نیچنا، کە بە زەحمەت، بە موبەقەکەدا، بەپێ خشکێ ڕێی دەکرد، بە دەنگێکی نووساو گوتی:

– داریا، دونیا بنێرە ئاو بێنێ، گوێت لێیە؟

موبەقەکە بۆنی چڵ و چێوی تەر، قایش و قروشی ئەسپ و گەرمای جەستەی بەشەری، لێ هەڵدەستا. داریا بە چەکمە لبادیەکانیەوە، دەهات و دەچوو، هەر تەق و هۆڕی مەنجەڵانی بوو. مەمکە چکۆلەکانی لە ژێر کراسە پەمەییەکەیەوە کە قۆڵەکانی هەڵکردبوو، وەکو مەمکی کچۆڵان دەلەرینەوە، ژیانی ژن و مێردایەتی، جەستەی نەپوکانبووەوە. لە کچی عازەب دەچوو، باڵا بەرز، ناوقەد باریك، ناسك دەتگوت خەڵفە نەمامی چنارە. کە ڕێی دەکرد شانەکانی دەلەرزانەوەو جەستەی شەپۆلی دەدا، کە بەدەم هات و هاواری مێردەکەیەوە پێدەکەنی، ریزێك ددانی سفت و سپی لە بن لێوە ناسك و ئارەزوو بزوێنەکانیەوە دەدرەوشانەوە.

ئیلی نیچنا، دەی پڕتاند:

– دەبوایە شەویٚ دار بێنی، لەگوێی کوانگەکەدا وشك دەبووەوە.

داریا وەڵامی دایەوە:

– لە بیرم چوو دایە گیان، خەتای منە.

تێشت ئامادەبوو، بەیان ئەنگوت، پانتلی پروکوفیچ بەپەلە پەل کەوتە نانخواردن، خێراخێرا فووی لە شۆربا گەرمەکە دەکردو هەر بە نیمچە گەرمی هەڵی دەقوڕاند. گریگۆری گرژو پەست خاوخاو نانی دەخوارد،و بەدەم نانخواردنەوە گوپەکانی بەرزو نزم دەبوونەوە. پیوتەر، بە دزی باوکیەوە سەری دەکردە سەر دونیاشکا، کە دانی دەیەشاو بە پەرۆیەك سەری پێچا بوو.

جم وجۆڵ‌و دەنگ‌و خشە خشی عەرەبانەو خزاکان لە سەرانسەری گوندا بەرز بووەوە. ئەو خزاگ‌و عەرەبانانەی کە لە گاجووتان بەسترا بوون، بە نێو تەمی شینباوی بەرەبەیاندا بەرەو دۆن دادەگەڕان، گریگۆری و پیوتەریش چوون ئەسپەکان لە خزاگ‌و عەرەبانەکانیان ببەستن. گریگۆری، کە بەرێکەوت، مل پێچێکی نەرمی، کە کاتی خۆی ناتالیا، لە ماوەی دەزگیرانداریاندا پێشکەشی کردبوو، لە ملیەوە ئالاند، بە قووڵی و تامەزرۆیی هەوا ساردو تەزیوەکەی هەڵدەمژی. لەو کاتەدا قەلە رەشێك، بەسەر حەوشەیاندا تێپەڕی، بە دەنگێکی بەرزو نووساو قڕاندی، هەوا هێندە کپ‌و مەند بوو، گوێت لە دەنگی باڵەکانی دەبوو. پیوتەر، تەمەشایەکی کردو گوتی:

– بەرەو باشوور، بۆ گەرمە سێر دەڕوات.

هەیڤۆکێکی زۆر ناسکی مانگ، لە ژێر پەڵە هەورێکی پەمەییەوە، وەکو ناسکە خەنی کچۆڵەیەکی شادمان خۆی دەنواند. دووکەڵ لە دووکەڵکێشەکانەوە بەرز دەبووەوەو راست بەرەو تیغەی زێڕینی دوورە دەستی مانگ، کە لە ئاوا بوونا بوو، دەڕۆیی.

رووباری دۆن، لە ئاستی ماڵی میلیخوفدا بە تەواوەتی نەی بەستبوو، بەڵام کەنارەکانی بەستبووی، ئیدی بەستەڵەکێکی ئەستووری سەوزباو کەوتبووە ژێر ئەو بەفرانەی بە ئاوەڕۆی رووبارەکەدا هاتبوونە خواریٚ‌و لە بەستێنەکاندا گیرسابوونەوە، قورس بووبوون‌و ئاوەکە نەیدەکێشان. بەڵام لەولاترەوە، لە ناوەڕاستی رووبارەکەدا، نزیکی بەستێنی چەپ، لەو شوێنەدا کە کانیاوان لە تاوێرە رەشەکانەوە هەڵدەقوڵین، بەستەڵەك نەبوو، بۆشاییەکی تاریك‌و ترسناك، لە نێو سپییەتی بەفر بەسەردا دەمی کردبووەوە، پڕ بوو لە سۆنە کێوی کە بۆ بەسەر بردنی زستان لەوێندەر مابوونەوە.

خەڵکی لە مەیدانی گوندەوە بەرەو ڕووبارەکە وەڕێکەوتن. پانتلی پروکوفیچ، گایە پیرەکانی دایە پێش‌و وەڕێکەوت، چاوەڕوانی کوڕەکانی نەکرد. پیوتەر وگریگۆری، زۆر لە دوای ئەوەوە دەڕۆییشتن. لە سەرەو لێژگەکەی دیار رووبارەکەدا تووشی ئانیکوشکا بوون. ئانیکوشکا، هێدی هێدی شان بەشانی گاجووتەکانی دەڕۆیی، نیتاقێکی(کەمەربەند) کەسکی بەستبوو، دەسکی تەورێکی تازە لە ناو خزاگەکەیەوە دیار بوو. ژنە وردیلە ناشیرینە لەش بەبارەکەی، عەرەبانەکەی داژۆت.

پیوتەر لە دوورەوە گازی کرد:

– ئەهای خزم، دەڵێی ژنەکەشت لەگەڵ خۆتا هێناوە؟

ئانیکوشکای حەنەکچی (سوعبەتچی) بە هەڵبەز هەڵبەزەوە لە جووتە برا نزیك بووەوە.
- بەڵێ هێناومە، هێناومە تا گەرمم بکاتەوە.
- باوەڕ ناکەم گەرمت بکاتەوە، زۆر لەڕو لاوازە.
- ڕاستە، جۆشی دەدەمێ کەچی هەر قەڵەو نابێ.
گریگۆری، لە خزاگەکە خۆی هەڵدایە خوارەوەو پرسی:
- تۆش لەهەمان شوێنی ئێمە، دار پەرچ دەکەی؟
- بەڵێ... کوا جگەرەیەکم بدەیە.
- ئاخ، ئانیکی، تۆ لەوەتەی هەی چاوت لەشتی خەڵکە.
ئانیکوشکا، روخسارە ژنانەکەی، تێکردو بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە گوتی:
- خۆشترین شت، شتی قەرزو دزیە.
بە سێ قۆڵی ڕۆییشتن. جەنگەڵەکە لە بەستەڵەکدا سپی دەچووەوە، شووشە سەهۆڵ بەلق و پۆپی درەختەکاندا هاتبووە خوارێ. ئانیکوشکا، لە پێشەوە سوار بوو، ناو بە ناو بەقامچیەکەی دەستی، دەیکێشا بە لقی نزمو بەفرگرتووی درەختەکاندا، بەفری ساردو تەزی تۆپەڵ تۆپەڵ دەکەوت بەسەر سەری ژنەکەیدا. ژنەکە بەفرەکەی لە خۆ دەتەکاندو هاواری دەکرد:
- بەسە، شەیتان!
پیوتەر کە هەوڵیدەدا، قامچیەکەی بکێشێت بە ژێر سکی گاجووتەکەیدا تا خێراتر بڕوات، هاواری کرد:
- فڕێی بدە ناو بەفرەکە!
لە پێچێکی ڕێگاکەدا تووشی ستیپان ستاخوف بوون. گایەکانی خۆی لە عەرەبانەکە کردبوونەوەو بەرەو گوند دەگەڕایەوە. جیڕە جیڕی چەکمە لبادیە ئەستەڕدارەکانی کە بەسەر بەفرەکەدا هەنگاوی دەنا، سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی. بەدەم ڕێکردنەوە چەپکێك لە قژە لوولەکەی لە ژێر شەپقەکەیەوە کە بەلادا خوار بوو بوو، هاتبووە دەرێ و دەتگوت هێشووە ترێی سپیە.
ئانیکوشکا هاواری کرد:
- ها، ستیپان، چیە ڕێگەت گوم کردووە؟
- ڕێی چی و گومی چی؟... خزاگەکەم(خزاگ:عەرەبانەیەکە کە بەسەر بەفرا ڕایدەکێشن) بە توندی بەر کۆڵکەدارێك کەوت و تیغەیەکی لە ناوەڕاستەوە بوو بە دوو لەتەوە. ئیدی ناچارم بۆ ماڵ بگەڕێمەوە.
ستیپان کە بەلای پیوتەردا تێپەڕی، چاوە گەشە شەڕەنگێزەکانی بچووك کردنەوەو ریزێ جنێوی ناشیرین و بازاڕ ی دا.
ئانیکوشکا، ئاوڕێکی دایەوەو پرسی:
- خزاگەکەت بەجێهێشتووە؟
ستیپان، دەستێکی هەڵتەکاندو وەڵامی نەدایەوە، ئەوجا شەلاقەکەی لە گایەکانی هەڵبڕی تا لە ڕێگاکە لا نەدەن و نەچنە ناو کشتوکاڵی خەڵکیەوە. کە بەلای گریگۆریدا تێپەڕی خێسەیەکی

دوورو درێژی لێکرد. کەمێك لەو دیوی یەکەم نشێوی دەشتەکەوە، چاویان بە خزاگێك کەوت کە لە ناوەندی ڕێگاکەدا بەجێ هێڵرابوو، ئەکسینیا بە دیاریەوە وەستا بوو، بە دەستی چەپ داوێنی پۆستینەکەی هەڵکرد بوو، تەمەشای ڕێگاکەو ئەو خزاگو عەرەبانانەی دەکرد کە لە بەرانبەریەوە دەهاتن.

ئانیکوشکا، نەڕەیەکی کرد:

– ئەهای لاکەوە دەنا پانت دەکەمەوە. ها، ها خۆزگەر ژنی من بای!

ئەکسینیا، بزەیەکی بۆ کرد، لاکەوت و لەسەر لا لەسەر خزاگە شکاوەکە دانیشت.

– ژنی خۆت لەگەڵە.

– وەکو چۆن نوسنەك بەکلکی بەرازەوە دەنووسێت، بەو ئاوایە پێمەوە نووساوە، دەنا تۆم هەڵدەبژارد.

– زۆر سوپاس.

پیوتەر کە گەییە ئاستی ئەکسینیا، ئاوڕێکی خێرای لە گریگۆری دایەوە. گریگۆری بەدەم بزەیەکی نیگەرانەوە ڕێی دەکرد، دوو دڵی و نیگەرانی بە هەموو ڕەفتارێکیەوە دیار بوو. پیوتەر، دەستی تا ئاستی کلاوە چەرمەکەی بەرز کردەوەو سلاوی لێکرد:

– چۆنی، هاوسێ؟

– باشم، لە خوا بەزیاد بێ.

– خزاگەکەتان شکاوە؟

ئەکسینیا، بێئەوەی تەمەشای پیوتەر بکات، بە خاوی گوتی:

– بەڵێ، شکاوە.

ئەوجا هەستایە سەر پێ، رووی کردە گریگۆری کە بەدەم ڕێوە دەهات و بەرە بەرە لەو نزیك دەبووەوە، گوتی:

– گریگۆری قسەیەکم پێتە.

گرێگۆری چوو بۆ لای ئەکسینیاو لە دوورەوە بە پیوتەری گوت:

– ئاگات لەگایەکانی من بێ.

– باشە، باش.

پیوتەر، بزەیەکی بە ماناوەی هاتێ و بەدەم ڕێکردنەوە کەوتە جووینی سمێڵەکانی، کە لە دووکەڵە جگەرەدا تاڵ بوو بوون.

بە بێدەنگی لە هەنبەر یەکدیدا وەستان. ئەکسینیا بە نیگەرانی و دوو دڵی ڕوانیە هەر چوار نکال، ئەوجا چاوە ڕەشەکانی وەرگێڕان و ڕێك ڕوانیە روخساری گریگۆری. گۆناکانی لە شەرم و شادیدا وەکو گڕ هەڵدەبوون و دەکوژانەوە، لێوەکانی وشك بوون. هانکە هانکی پێکەوت.

ئانیکوشکاو پیوتەر، بەخۆو خزاگەکانیانەوە لە پشت جەنگەڵی دار بەڕووەکانەوە کەوتبوونە نەدیووی. گریگۆری ڕاستەوخۆ ڕوانیە چاوانی ئەکسینیا، جورئەتێکی سەیری لە پرشنگی چاوەکانیا بەدی کرد. ئەکسینیا بەجدی گوتی:

– دەزانی گریشگا، تۆ کەیفی خۆتە، هەرچی دەکەی بیکە، بەڵام من بەبێ تۆ هەڵناکەم، ناژیم.

ئەکسینیا بەدەم چاوەڕوانی بەرسڤەوە، لێوەکانی توند نابوونە سەر یەك.

گریگـۆری متـەقی لێـوە نـەدەهات. بێـدەنگی بـاڵی بەسـەر جەنگەڵەکـەدا کێشـا. بۆشـاییەکی بلورین، لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە، جگە لە ڕێگاکە کە لە ژێر تیغەی خزاکاندا سیقال بوو بوو، جگە لـە ئاسمـان کە لەپارچە پەڕۆیـەکی کـەوەیی دەچـوو، جگـە لـە جەنگەڵـە خامۆشـەکە، کـە لـە خامۆشی گۆڕسـتان دەچـوو، هیچـی تـر لـە ئارادا نـەبوو. دەنگـی لـە ناکـاو و نزیکـی قەلەڕەشـێك، گریگۆری وەخۆ هێنایەوە. سەری هەڵبڕیو روانیە ئەو باڵندە رەشە ئامال سەوزەی کە لاقەکانی لـە ژێـر خۆیـدا جـووت کردبـوونو بـەدەم بـاڵ لێکدانـەوە مـاڵاوایی دەکـردو دوور دەکەوتـەوە. گریگـۆری، لـە پـڕ گـوتی: "گـەرما دەگەڕێتـەوە، دەچـێتە پێشـوازی گـەرما." لـە دەنگـی خـۆی داچڵەکی، پێکـەنین گرتـی. چاوە مەسـتەکانی بڕینـە عـاردی وبەدزییـەوە نیگایـەکی ئەکسـینیای کرد، لە ناکاوا بەرەو خۆی ڕایکێشا.

((٩))

شەوانی زستان، لە ماڵی لوکیشکا خێلدا، هەموو جۆرە خەڵکێك لە ژوورەکەی ستوکماندا کۆ دەبوونـەوە. لەوانـە: خریسـتونیا، خـولاّم کـە چاکەتە گریسـاویەکەی بـە شـانیا دەداو دەهـات، داڤیـدکای رووخـۆش و حەنەکچـی (کـە سـێ دانـە مـانگ بـوو بێکـار دەسـووڕایەوە) ئیڤـان ئەلیکسـیوفیچ کوتلیـاروڤی میکانیـك، هەنـدێجار فیلکـای پینـەدۆزیش دەهـات. بـەڵام میـوانی هەمیشەیی ئەو کۆڕو مەجلیسە، قۆزاقێکی گەنج بوو کە هێشتا نەچوو بووە خزمەتی سەربازیو، ناوی میشکا کوشیڤوی بوو.

ئەمانە لە هەوەڵەوە، وەرەقبازیان دەکرد. پاشان ستوکمان، بە ئانقەست کتێبێکی چکۆلەی شیعری نیکراسۆڤ هێنا. بە دەنگی بەرز کەوتنە خوێندنەوەی کتێبەکەو ئامادەبووان پێیان خۆشبوو. دوای نیکراسۆف، نۆرە هاتە سەر نیکیتین، پاشان ستوکمان بەر لە جەژنی نوئیل نامیلکەیەکی شڕو وڕی هێناو پێشنیازی کرد کە ئەو نامیلکەیە بخوێننەوە. کوشیڤوی کە لە مەکتەبی کڵێسا خوێند بووی، ئەرکی خوێندنەوەی کتێبەکە لە ئەستۆی ئەودا بوو، بە چاوێکی سووکەوە لاپەڕە چەورو چڵکنەکانی نامیلکەکەی هەڵدایەوەو گوتی:

– ئەوەندە چەورە دەتوانی ماکەرونی پێ دروست بکەی.

خریستونیا لە قاقای پێکەنینی دا، داڤیدکا بزەیەکی گەشی بۆ کرد. ستوکمان چاوەڕوانی کرد تا ئەم شادیە گشتیە دامرکایەوەو ئەوسا گوتی:

– میشکا، بیخوێنەوە، شتێکی جوانە، هەر هەمووی دەربارەی قۆزاقانە.

کوشیڤوی، سەری دانەواند، قژە زەردەکەی بەسەر هەنیەیدا شۆڕ بووەوە. وشە بە وشە خوێندیەوە: "چەردەیەك لە مێژووی قۆزاقانی دۆن". ئەوجا بە شێوەیەکی پرسیار ئامێز روانیە ئامادەبووان، ئیڤان ئەلکسییوفیچ گوتی:

– بیخوێنەوە.

سێ دانە شەوی ڕێك، ئەم نامیلکەیەیان کە باسی ژیانی ئازادی ڕابردوو، باسی پوگاچوف و ستنکارازین و کوندراتی بولاڤینی دەکرد، خوێندەوە. ئەنجام گەیینە سەردەمی تازە. نووسەرە نادیارەکەی بە ئاشکرا ئیرادی لە ژیانی هەژارانەی قۆزاقان دەگرت، گاڵتەی بەدەسەڵات و سیستەمی باو، حکومەتی تزاری و تەنانەت قۆزاقەکانیش دەکرد کە بووبوون بە پاریزەرو پاسەوان و زندانەوانی دام و دەزگای دەسەڵاتی تزاری.

خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە ئامادەبووانی هێنایە جۆش، کەوتنە گەنگەشە لە نێوان خۆیاندا. خریستونیا کە سەری لە بن میچەکەی دەدا، بە دەنگی بەرز کەوتە بۆڵە بۆڵ. ستوکمان کە لای دەرگاوە دانیشتبوو، بە دارجگەرە ئێسقانەکەی سیغاری دەکێشاو چاوەکانی کسکە کسکیان بوو:

خریستونیا، بە دەنگی بەرز دەیگوت:

– ڕاستە! ڕاست دەکات!

کوشیڤوی بەسەرسامی هەردوو باسکی بڵاوکردنەوەو دەموچاوە جوانەکەی، بەچاوە ڕەشە مەنگەکانیەوە گرژ کردو گوتی:

– خەتای ئێمە نیە، کە بەمجۆرە باسی قۆزاقان دەکات.

کوشیڤوی، گەنجێکی تۆکمەو زەلامی، چوار شانەی مل بەرزی، مل ئەستووری، سوورکار بوو. سەری لە چاو شان و ملیا زۆر بچووك دیاربوو، گۆناکانی نەرم و ناسك لە هی ژن دەچوون، دەمی بچووك،چاوە ڕەشەکانی لە ژێر قژەزەردە لوولەکەیەوە دەبریسکانەوە. بەڵام ئیڤان ئالیکسییوفیچی کوتلیاروڤ میکانیك قۆزاقێکی بالابەرزی ڕەقەڵە بوو، تاسەر ئێسقان پابەندی داب و نەریتی قۆزاقی بوو، بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە گەنگەشەی دەکرد،و بەدەم گەنگەشەو بەرگری لە قۆزاقانەوە چاوە خڕو زەقەکانی پرشنگیان دەداو بەگژ خریستونیادا دەچووەوە:

– خریستونیا، تۆ فەلاحیت، دێهاتیت. پێویست ناکات باسی ئەم شتانە بکەیت. لە هەنبەر هەر قەترە خوێنێکی قۆزاقیدا یەك سەتڵ خوێنی فەلاح بە دەمارەکانتا دەڕوات.

دایکت تۆی لە هێلکە فرۆشێکی ڤورونیچ بووە.

خریستونیا، بەدەنگی بەرز گوتی:

– کە کەڕی!... تۆ زۆر کەری ها، برا من داکۆکی لە حەقیقەت دەکەم.

ئیڤان ئەلکسییوفیچ کوتلیاروف، بە تەشەرەوە گوتی:

– خۆ من لە تیپی گاردا خزمەتم نەکردووە تا کەربم، ئەوێ جێی کەرانە...

– خۆ لە یەکە سوپاییەکانی دیکەشدا، خەڵکانێکی کەر هەن...

– دەمت داخە فەلاح!

– چما فەلاحیش وەکو تۆ بەشەر نین؟

– فەلاح لە توێکڵە دار دروست کراون و بە کا ئاخنراون.

خریستونیا، بە زمانە باشووریەکەی خۆی هەڵیدایە:

– براله، کاتیێ که من له پترسبۆرگ خزمەتم دەکرد، زۆر شتم بینی. جارێکیان له کۆشکی تزاردا ئێشکمان دەگرت، هەم له ناوەوەی کۆشك‌و بارەگایەکەوە هەم له دەرەوەی. پاسەوانەنکانی دەرەوە سوارە بوون، به سواری ئەسپەکانمان به دەوری کۆشکی تزاردا دەسوڕاینەوە، دوان لەم سەرەوەو دوان لەو سەرەوە. که دەگەییشتنیه یەکدی، دەمانپرسی: "ئەمن‌و ئاسایش بەر کەماڵە؟ هیچ ئاشووبێك له ئارادا نییە؟" که دڵنیا دەبووین هیچ شتێك له ئارادا نیە ئەوسا لێکدی جیا دەبووینەوە. بۆمان نەبوو پێکەوە بوەستین‌و قسان بکەین. ئەمە جگە لەوەی که پاسەوانەکانیان هەڵدەبژارد: ئەو دوو نەفەرەی که لەبەر یەك دەرگادا بۆ ئێشك دادەنران، به جۆریێ هەڵدەبژێردران که وێکبچن: روخسار، بەژن‌و باڵاو قژ و سمێڵ‌و ریشیان لێکدی بچێت. یانی دەبوایە تەواو لێکدی بچن. تەنانەت جارێکیان ناچار چوومە لای دەلاك که سەرو ردێنم بۆیە بکات. نۆرە ئێشکم لەگەڵ نیکیفور مجچریاکوڤدا بوو، ئەم پیاوە قۆزاقێکی کورتە باڵای خەڵکی دەڤەری تیپکینسکایا بوو، که له به تالێونەکەی ئێمەدا بوو، ئیدی دەبوایە پێکەوە ئێشك بگرین، ئەم کەربابە مووی سوور بوو، مردوو مراوە دەتگوت ریشیان داوەتە ئاگر. هەموو به تالێونەکە گەڕان که یەکێکی دیکەی وەکو ئەو بدۆزنەوە، نەیاندۆزییەوەو نەیاندۆزییەوە، ردێنی سوور چووە قاتی. ئەنجام ملازم بارکین پێی گوتم: "هەر ئێستا برۆ بۆ لای دەلاك با ریش‌و سمێڵت بۆ بۆیە بکات." چووم، ریش‌و سمێڵم بۆیە کرد... که پاشان له ئاوێنەدا تەمەشای خۆم کرد، خەریك بوو له داخا شەق بەرم! که دەستم نایە ریشم، قامکەکانم دەتگوت له ئاگران... باوەڕ بکەن...

ئیڤان ئالیکسییوفیچ کوتلیاروف، قسەکەی پێبڕی:

– ئەها، دیسان لەخەت دەرچوو، تۆ تەمەشا ئەم چەنەبازە، باشە تۆ به خۆیشت دەزانی چ دەڵێی؟ دەتویست باسی چی بکەی؟

– دەمویست باسی خەڵکی بکەم.

– دەی باشە، باسی ئەوە بکە، چمان داوە له حیکایەت‌و چیرۆکی ڕدێنی تۆ.

– ئا، دەمویست ئەوە بگێڕمەوە که جارێکیان به سواری ئەسپ ئێشکم دەگرت. من‌و هاوڕێکەم به دوو قۆڵی، بەسواری ئەسپ دەسوڕاینەوە، کاتێکمان زانی چەند خوێندکارێك له سووچی کۆشکەوە دەرکەوتن، کۆمەڵێکی دیکەش وەکو خێزەرەی مێش به تۆپەڵ به دوویاندا هاتن. هەر که چاویان به ئێمە کەوت دەستیان به هاوار کرد: "ئەها ئائا!"و جارێکی دی "ئەها ئا ئا!" و بەر لەوەی بکەوینە خۆو بزانین چ بکەین، دەوریان داین، یەکێکیان لێی پرسین: "قۆزاقینە خەریکی چین، بۆچی وا دەسوڕێنەوە؟" گوتم: "ئێشك دەگرین. تۆش گەنجۆ دەست لابە لەسەر لغاوی ئەسپەکەم، دەستی لێمەدە!"و دەستم بۆ دەسکی شمشێرەکەم برد. گوتی: "هاوشاری نیگەران مەبە، منیش خەڵکی دەڤەری کامنسکایام، لێرە له زا... زا...نستگە، دەخوێنم." خۆمان ئامادە کرد که برۆین بەلای کاری خۆمانەوە، لەم کاتەدا یەکێکی کەپوو درێژیان، ئەسکەناسێکی دە ڕۆبڵی له جزدانەکەی دەرهێناو گوتی: "قۆزاقینە، بەم پارەیە به یادی گیانی بابی رەحمەتیم ڤۆدگا بخۆنەوە." دە رۆبڵەکەی داینێ‌و ئەوجا وێنەیەکی له جانتایەکی چکۆلەی دەرهێنا: "تەمەشا، ئەمەش وێنەی بابمە. با بۆ یادگاری لای تۆ بیێ." به هەرحاڵ، وێنەکەمان وەرگرت،

نەمانتوانی وەری نەگرین. خوێندکارەکان ڕۆییشتن دیسان کەوتنە هوراکێشان: "ها ئا ئا ئا..." بەو جۆرە بەرەو شەقامی نیڤسکی ڕۆییشتن. لەم کاتەدا، ملازم بە سواری ئەسپەکەی لە دەرگای پشتەوەی کۆشکەوە وەدەرکەوت، مەفرەزەیەکی گەورەی بە دواوە بوو، بە چوار ناڵە بەرەو لای ئێمە هات. یەکسەر پرسی: "چی بوو؟" من گوتم: "ژمارەیەك خوێندکارمان لیّ خڕ بوونەوەو بە قسەوە گرتیانین. ئێمە ویستمان بە گوێرەی ڕێنماییەکان بەر شمشێریان بدەین، بەڵام باش بوو زوو لە کۆڵمان بوونەوەو ئێمەش ڕێی خۆمان گرتەبەرو ئیدی تەواو." دوای ئەوەی نۆرە ئێشکەکەمان تەواوبوو وگۆڕیانین، بە عەریفەکەمان گوت: "لوکیچ، تەمەشا دە ڕۆبڵمان دەستکەوتووە. دەمانەویّ بە یادی ئەم پیرە مێردەوە ڤۆدگای پێبخۆینەوە."و وێنەکەمان پێی نیشان دا. شەویّ عەریفەکەمان، ڤۆدگای هێناو، دوو ڕۆژمان بە خۆشی پیّ بەسەر برد، بەڵام پاشان فێڵەکەمان بۆ دەرکەوت. دەرکەوت ئەم خوێندکارە چەکلە، لەجیاتی وێنەی بابی خۆی، وێنەی گەورەترین ئاژاوەگێڕی، کە بە ڕەگو ڕەچەڵەك ئەڵمانی بوو، دابوویتیّ. منی سادەو ساویلکەو خۆشباوەڕ، بێخەمو خەیاڵ وێنەکەم وەکو یادگار لە سەروو قەرەوێڵەکەی خۆمەوە، بە دیوارەکەوە هەڵواسی بوو: ردێنێکی ماشو برنجی هەبوو، پیاوێکی بە رواڵەت سەلارو سەنگین، لە بازرگانان دەچوو. بەڵام کە ملازمەکەمان بینی، لێی پرسیم: "ئەم وێنەیەت لە کویّ بوو کوڕی باش؟" حاڵو حیکایەتەکەم لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە. دەستی بە جنێودانم کرد، کەوتە کوتانەوەی دەمو قەپۆزم، هاواری دەکرد: "مەگەر نازانی، ئەمە سەرۆكو ئەتامانیانە، کارلا..." ناوێکی لەو بابەتە بوو، کە لە بیرم چووەتەوە. شەیتان بە نەحلەت بی بزانە چۆن بیرم ناکەوێتەوە.

ستوکمان، بە زەردەخەنەوە گوتی:

– کارل مارکس؟

خریستونیا، بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– ئا، خۆیەتی، کارل مارکس!... دەزانی چ داوێکیان بۆ نابوومەوە. وەلیعاد ئەلکسی و مامۆستاکانی فێر بوو بوون جار جاریّ خۆیان بە پاسدارخانەکەماندا دەکرد، ئەگەر بە ڕێکەوت ئەو وێنەیەیان دیتبا، چی دەقەوما، لە چ قوڕیّ دەنیشتم؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ کوتالیاروف بە پێکەنینەوە گوتی:

– تۆ هێشتاش داکۆکی و لایەنگری لە جووتیارو فەلاح دەکەی؟ خۆ بینیت چ داوێکیان بۆ نابوویتەوە.

– بەڵام گرینگ ئەوەیە بایی دە ڕۆبڵ ڤۆدگامان خواردەوە، هەرچەندە بە یادی کارلە ریشن بوو، بەڵام خۆ ڤۆدگای خۆمان خواردەوە.

ستوکمان، بە پێکەنینەوە گوتی:

– ئەوە دێنیّ بەیادی ئەوەوە ڤۆدگا بخورێتەوە.

ئەوجا کەوتە گەمە کردن بە دار جگەرەکەی. کوشیڤۆی پرسی:

– بۆچی، چما چ کارێکی باشی کردووە؟

– جارێکی دیکە بۆتی باس دەکەم، تازە ئەمشەو فریاناکەوم، درەنگە.

ستوکمان، بە ناو لەپ کێشای بەدارجگەرەکەیداو قوونکە جگەرە کوژاوەکەی تووڕدا.

پاش گێژەو بێژەیەکی زۆرو تاوتوێکردن و هەڵبژاردنێکی ورد، گروپێکی چکۆلەی دە نەفەری لە قۆزاقان پێکهات کە بە بەردەوامی هاتوچۆی وەرشەکەی ستوکمانیان دەکرد.

ستوکمان دڵو روحی ئەم گروپە بوو، سەر سەختانە بەرەو ئامانجێك دەڕۆیی کە تەنیا خۆی دەیزانی.وەکو مۆرانەیەك لە دار بدات، بەو ئاوایە هزرو بیرو داب و نەریتی کۆن و کۆنەپەرستانەی لە ناوەوە دەخواردو ڕق و کینەی دژی سیستەمی باو بڵاودەکردەوە. لە سەرەتادا سەری بە پۆڵای ساردی نا ئومێدی و بەدگومانی کەوتبوو، بەڵام هەر کوڵی نەدا بوو، درێژەی بە خەباتی خۆی دابوو...

((١٠))

شارۆچکەی ڤیشنسکایا، کۆنترین شارۆچکەی دەڤەری دۆنی سەرووە، کەوتووەتە کە ناری چەپی دۆنەوە، لە بنەڕەتدا ناوی چیگوناکی بوو کە لە رۆژگاری پترۆسی گەورەدا وێران کراو گوێزاریەوە بۆ بەستێنی چەپی دۆن و لەوێندەر لە تەختانییەکی هەموارو ڕاستانیدا دروست کرایەوەو ناویان نا ڤیشتسکایا. جاران کەوتبووە سەر ڕێگای ئاوی نێوان قورونیچ و ئازوفەوە.

روباری دۆن لە بەرانبەر ڤیشنسکایادا عەینی کەوانی تاتاری پێچ دەکاتەوەو بە توندی بە سەمتی ڕاستا وەردەچەرخێ، بەڵام لە ئاستی گوندی بازکی دا، ڕاست دەبێتەوەو بەوپەڕی شکۆو جەلالەوە ئاوە سەوزباوەکەی بە نێو گردو دۆڵە قسڵین وگەچۆڕو گوندەکانی کەناری راست و، شارۆچکەو ئاوەدانیە دوورەکانی کەناری چەپدا بەرەو دەریا، دەریای ئازوف دەبات.

لە ئوست– خوپرسکایادا، چۆمی خوپەری دێتە سەر و لە ئوست– مدفدیتسکایادا چۆمی میدڤیتسایای دێتە سەرو ئەوسا بە ئاوێکی زۆرەوە، بە بارێکی گرانەوە بە نێو دنیایەك گوندی پەراگەندەو شارۆچکەێن قەرەباڵغ دا تێدەپەڕێ.

ڤیشنسکایا، کەوتووەتە نێو کۆمەڵێك گردۆڵکەی زەردباوی لمەڵانەوە. شوێنێکی رووتەنی خەمناکی بێ باخ و بێستانە. کڵێسایەکی کۆن لە مەیدانی گوندا قووت بووەتەوە، لە کۆنیدا بۆر دەچێتەوە. لە مەیدانی گوندەوە شەش ڕێگا شان بەشانی دۆن دەڕوات، لەو شوێنەدا کە دۆن پێچ دەکاتەوەو ڤیشنسکایاو ناوچەکە بەرەو گوندی بازکی بەجێ دێڵێ، لقێکی لێدەبێتەوەو دەریاچەیەکی گەورە پێك دێنێ کە هەر چوار دەوری سپیدارە، پانی ئەم دەریاچەیە بە ئەندازەی روباری دۆن دەبێ لە کاتی کەم ئاویدا. ڤیشنسکایا دەگاتە کەنار ئەم دەریاچەیە. لە مەیدانێکی چکۆلەدا، کە پڕە لە زەردە دڕوان، کڵێسایەکی دی بە گومەزە سەوزەکانیەوە قوت بووەتەوە.و هەمان رەنگی سپیدارەکانی ئەوبەری دەریاچەکەی هەیە.

لە پشت ڤیشنسکایاوە، روو لە باکوور، بیابانێکی پان و بەرینی لمەڵانی زەرد ڕاکشاوەو دنیایەك سنۆبەری کورتە باڵایان تیا رواندووە، لێرەو لەوێ هەندێ گۆلاو هەن، ئاوەکانیان بە هۆی گڵە سوورەکەی ژێریانەوە لێڵ و لێخنە، لەم دەریای لمەدا، لەم دەشتە پان و بەرینەدا. لێرەو

لەویٚ، گوندو چەمەنزارو پەڵەچناری زەردهەڵگەڕاو، لە شێوەی واحەی پەڕاگەندەدا سەریان قووت کردووەتەوە.

ڕۆژێکی یەك شەممەی مانگی دیسامبەر، لە مەیدانی گوندا، لە بەرامبەر کڵێسا کۆنەکەدا، حەشاماتێکی زۆر، کۆبوونەوە، نزیکەی پێنج سەد گەنجی قۆزاقی دەبوون، کە لە هەموو گوندو ناوچەکانەوە هاتبوون. نوێژو نزا تەواو بوو، زەنگەکان، بە دەم لێدانەوە دەنگیان دەدایەوە. عەریفێك، کە قۆزاقێکی پیر بوو، کە قەیتان و نیشانەی خزمەتێکی زۆری بە باسك و بەرۆکەوە بوو، فرمانی دا "ریزین" ئاپۆڕا کە بەپەلە لە دوو ریزی خواردا ریز بوو. ئیدی دەرەجەدارو عەریفەکان بەلەز دەهاتن و دەچوون و ریزەکانیان ڕێکدەخست. عەریفە پیرەکە هاواری کرد: "وریابە!" ئەوجا بە دەست ئاماژەیەکی گونگی کردو گوتی:

– گویٚ بگرن... بیکەن بە چوار ریز!

ئاتامان، کە بەو بۆنەیەوە ئونیفۆرمو پاڵتۆی تازەی ئەفسەری لەبەر کردبوو، خۆی بە حەساری کلێساکەدا کرد، بەدەم ڕێکردنەوە، ناڵچەی پێڵاوەکانی دەنگیان دەدایەوەو پۆلیسێکی عەسکەری بە دواوە بوو.

گریگۆری میلیخوف لە تەنیشت میتکا کورشونوفەوە وەستا بوو، بە چپە قسانیان دەکرد، میتکا گلەیی دەکرد:

– چەکمەکانم پێمدەگرن، تەحەمول ناکەم.

– خۆت بگرە، ڕۆژیٚ دیٚ دەتکەن بە ئاتامان.

– ئێستا دەکەوینە ریٚ.

وەك بڵێی قسەکەی هاتە دی، لە پڕ عەریفە پیرەکە، یەك دوو شەقاوان چووە دواوەو بە گورجی لەسەر پاژنەی پێی وەرچەرخاو هاواری کرد:

– بە ڕاستا وەڕگەڕیٚ!

بە کەڕەتیٚ، دەنگی وەرچەرخانی پێنج سەد جووتە پۆستاڵ بەرز بووەوە.

– بۆ پێشەوە، بڕۆ.

تابورەکە بە دەرگاکراوەکەی کلێساکەدا ڕەت بوو، کڵاوەکانیان لەسەر داکەند، کلێساو گومەزی کلێساکە پڕ بوو لە دەنگی پیٚ.

کەشیشی کلێساکە کەوتە خوێندنەوەی دەقی سوێندی وەفاداری، گریگۆری گوێی لێنەدەگرت، تەمەشای میتکای دەکرد کە لە تاو ئازاری پێی رووی گرژ دەکردو لاقی دەجوڵاند. گریگۆری کە دەستی بەرز کردبووەوە، بەرە بەرە سڕ دەبوو، و کۆمەڵێك بیری ناخۆش و بە ئازار لە مێشکیا دەخولایەوە. بەرەو خاچەکە ڕۆیی، لەو کاتەدا کە خاچە زیوەکەی، کە یەکپارچە تفی ماچی خەڵك بوو، ماچ دەکرد بیری لای ئەکسینیا بوو، بیری لە ژنەکەی خۆیشی دەکردەوە. لە ناکاوا ئەم دیمەنەی وەکو بروسکە بە خەیاڵا تێپەڕی: لێڕەوارەکە، قەدی قاوەیی درەختەکان، لق و پۆپی سپیواژیان، پرشنگی نیگا تەڕو ڕەشەکانی ئەکسینیا لەژێر سەرپۆشە نەرمەکەیەوە...

که ڕێو ڕەسمەکە تەواو بوو، لە کڵێساکەوە هێنرانەوە مەیدانەکە. جارێکی دی ریز کرانەوە. عەریفەکە فینگێکی کردو بە دزیەوە پەنجەکانی بە ئەستەڕی پاڵتۆکەی سڕیو دەستی بە قسان کرد:

– ئێوە ئێستا ئیدی منداڵ نین، بوون بە قۆزاق. سوێندتان خواردووەو دەبێ بزانن سوێند خواردن دەکاتەچیو دەبێ چی بکەن. ئێستا قۆزاقنو دەبێ شەرەفو ئابڕووی خۆتان بپارێزن. بە گوێی داكو بابی خۆتان بکەنو ڕێزیان بگرن... تامنداڵ بوون دڵنیام کە گەمەو وازی خۆتان کردووە، لە کوچەو کۆڵانا هەلوکێنتان کردووە. بەلام ئێستا دەبێ بیر لە خزمەتی سەربازیی ئایندەتان بکەنەوە. ساڵێکی دیکە ئەم کاتانە بۆ سوپا داوا دەکرێن.

عەریفەکە، لێرەدا فینگێکی دیکەشی کرد، چڵمەکەی نێو دەستی توڕدایە سەر ئەرزەکە، لە کاتێکا دەستکێشە فەروەکانی، کە لە پێستی کەروێشك دروستکرابوو، لە دەست دەکرد بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکانی هێنا:

– دەبێ دایكو باوکتان مشووری کەرەستەو تفاقی سەربازیتان بخۆن، سەرو ئەسپتان بۆ دابین بکەن... هتد دەیسا کوڕینە ئێستا خواتان لەگەڵ، بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆتان!

گریگۆریو میتکا لە نزیکی پردەکەدا چاوەڕوانی نەفەرەکانی دیکەی گوندەکەی خۆیان کرد، هەموو لەوێندەر خڕبوونەوەو بە کۆمەڵ بە کەناری دۆندا بەرەو گوند کەوتنە ڕێ. دووکەڵ لە دووکەڵکێشی سەربانەکانی گوندی بازکییەوە بەرز دەبووەوەو تۆپەڵ تۆپەڵ بەری ئاسمانی دەگرت. دەنگی زەنگی کڵێسا لە دوورەوە دەهات، میتکا لە دوای دواوە خۆی دابوو بەسەر دارعاسایەکی گرێ گریاویداو، کە لە پەرژێنێکی هەڵکەند بوو، بە شەلە شەل دەهات.

یەکێك لە کوڕەکان گوتی:

– چەکمەکەت داکەنە.

میتکا بە دوو دڵی گوتی:

– پێم دەتەزێ، بەفر دەیبات.

– گۆرەویەکەت دامەکەنە.

میتکا لەسەر بەستەڵەکەکە دانیشتو بەزەحمەت چەکمەکەی داکەند. بە پێی پەتیو بەشەلە شەل کەوتە ڕێ. شوێنەواری گۆرەویە دەستچنە ئەستوورەکەی بە زەقی لەسەر بەفرە فشەڵەکەی سەر ڕێگاکە نەخش دەبوو.

ئالیکسی بشیناك، کە گەنجێکی شەرمنی کەم ڕوو بوو، پرسی:

– بەکام ڕێگەدا بڕۆین؟

گریگۆری لە بری هەمووان بەرسڤی دایەوە:

– بە کەناری دۆندا دەڕۆین.

بە دەم قسانەوە، بە ڕێگادا دەڕۆییشتنو یەکیان دەڵەك دەداو جاری وابوو یەکێکیان دەکەوتە ناو بەفرەکەو ئەوانی دی بە کۆمەڵ سواری سەری دەبوون. میتکا، لە نێوان گوندی بازکیو گرومگوفسکیدا، بەر لە هەمووان گورگێکی بەدی کرد کە لە روباری دۆن دەپەڕییەوە.

– کوڕینه، تهماشاکهن، گورگ... ئهها له کوێیه.

قۆزاقه گهنجهکان له دوورهوه کهوتنه ههراو هوریا:

– هۆی، های!

– ئههۆیی‌ی

گورگهکه به کاوهخۆ چهند مهترێك ڕۆیی، ئهوسا له بهستێنهکهی ئهو بهرهوه، لهسهر لا وهستا.

– بیگرن...

– نه بابه!..

– ئههۆی! حهیوانی نهعلهتی!

– میتری تهماشای تۆ دهکات، دهڵێ ئاخۆ بۆ پێڵاوی له پێ نییه.

– تهماشا چۆن لهسهر لا وهستاوه.

– ئاخر ملی ناسوڕێتهوه!

– چ ملێکی ئهستووری ههیه.

– تهماشا تهماشا چ ملێکی ئهستووری ههیه.

گورگه بۆر، که دهتگوت لهبهرد داتاشراوه، کلکی ڕاست بهرز کردهوه، بۆ ساتێك وهستا. ئهوجا بهلهز بازێکی داو خۆی کرد به نێو دار بیهکانی کهنار ڕوبارهکهدا.

دهگهڵ بولێڵی ئێوارێدا گهیینهوه گوندی.

گریگۆری بهسهر بهستهڵهکهکهدا بهرهو کۆڵانهکهی خۆیان پهڕییهوه، له دهرگای حهوشه وهژوورکهوت، خزاکێك له حهوشهدا کهوتبوو. پۆلێك چۆلهکه، لهسهر کۆڵێك چڵو چێوی وشك که له پاڵ تهیمانهکهدا ههڵڕێژرا بوو، ههر جریوه جریویان بوو. بۆنی ماڵی ئاوهدان، بۆنی دووکهڵو داری سوتاو، بۆنی ناخۆشی شێداری گهوڕو تهویلهی بهسهردا هات.

گریگۆری گهییه سهر قاڵدرمهکانی بهردهرگا، له پهنجهرهکهوه تهماشایهکی ژوورهوهی کرد. چرا قهندیلهکه بهبن میچهکهدا شۆڕ بوو بووهوهو به ڕوناکیهکی زهردباوی کزهوه ناو موبهقهکهی ڕوناك دهکردهوه. پیوتهر لهبهر ڕوناکیهکهو پشت له پهنجهرهکه ڕاوهستا بوو. گریگۆری لهبهر دهرگا، بهشفرهیهك بهفری سهر پێڵاوهکانی پاك کردهوهو خۆی به ژووراکرد، ههڵمی لێ ههڵدهستا.

– منم، هاتمهوه. ئێوارهتان باش!

پیوتهر، بهشپرزهیی گوتی:

– وا زووو! ڕهنگه ئازات بهستبێتی؟

پانتلی پروکوفیچ، دانیشتبوو، ههردوو ئانیشکی نابوونه سهر ئهژنۆکانیو سهری له نێو ههردوو دهستی نابوو. داریا به پێ، چهرخی خهڕهکهی، که ههر جیکهجیکی بوو، دهجولاند. ناتالیا که بهدیار مێزهکهوه وهستا بوو و پشتی له گریگۆری بوو، ڕووی وهرنهگێڕا. گریگۆری به

خێرایی چاوێکی بە سەرانسەری موبەقەکەدا گێڕاو چاوی بڕییە پیوتەر. بە روخساری شپرزەو پەشێوی براکەیدا، هەستی کرد شتێکی خراپ رووی داوە.

– سوێندت خوارد؟

– بەڵێ.

گریگۆری، بۆ ئەوەی خۆی ماتەڵ بکاتو لە هزرو بیری خۆیدا هۆی ئەم بێدەنگی و ئەم پێشوازییە ساردو سڕە تاوتوێ و لە بنجو بناوان بکات، بە ئانقەست بە خاوەخاو جلەکانی دادەکەند.

ئیلی نیچنا، لە ژووری میوانەوە وەدەرکەوت، جۆرە نیگەرانیو شەرمەزاریەك بە سیمایەوە دیار بوو.

گریگـۆری، لەســەر تەختەکـەو لای باوکیــەوە دانیشــت، لــە دڵــی خۆیــدا گــوتی: "وا دیــارە مەسەلەکە ناتالیایە!"

ئیلی ئیچنا، بە گۆشەی چاو ئاماژەی لای گریگۆری کردو بە داریای گوت: "شیوی بۆ بێنە."

داریا، گۆرانی خەڕەکەکەی بڕی. بەدەم شان جولاَن و بادانی ناو قەدە باریکەکەیەوە چوو بۆ لای موغەیریەکە، بێدەنگی باڵی بەسەر موبەقەکەدا کێشابوو، تەنیا هەناسەی بزنێکی تازە زاو کە دەگەڵ کارە ساواکەیدا، لەپاڵ موغەیریەکە پاڵکەوتبوو، ئەم بێدەنگیەی دەشڵەقاند.

گریگۆری، بەدەم خواردنی نانو شۆرباکەیەوە، جار جاریَ ژێراو ژێر تەمەشایەکی ناتالیای دەکرد، بەڵام نەیدەتوانی روخساری بدینیَ: ناتالیا، لاونیو دانیشتبوو و سەری بەسەر قولاپو گوڵدۆزیەکەیدا شۆڕکردبووەوە. پانتلی پروکوفیچ لە هەمووان پتر بەم بێدەنگییە قەڵسو ناڕەحەت بوو. کۆکەیەکی بە ئانقەستی بۆ کردو گوتی:

– ناتالیا دەیەوێت بۆ ماڵی بابی بڕواتەوە.

گریگۆری کە قەراخە نانێکی نەرمی بە دەستەوە بوو و تۆپەڵی دەکرد، هیچ قسەیەکی نەکرد.

باوکی، کە لێوی خوارەوەی کەوتبووە تەتەڵەو ئەمە نیشانەی ئەوە بوو هاکا دەهری ببیَو بتەقێتەوە، لەسەری رۆیی:

– باشە هۆی ئەمە چیە؟

گریگۆری رووی گرژ کرد، کاسەکەی دایە دواوە، هەستا، نیشانەیەکی خاچی کێشاو گوتی:

– نازانم.

باوکی دەنگی لێهەڵبڕی:

– بەڵام من دەزانم.

ئیلی نیچنا، هەڵیدایە:

– هاوار مەکە، هاوار مەکە.

– بەڵام من دەزانم.

پیوتەر لەبەر پەنجەرەکەوە هاتە ناوەندی موبەقەکەو گوتی:

– باوکە، پێویست بەم دەنگە دەنگە ناکات. دەبێ مەسەلەکە بە خۆشی چارەسەر بکرێ: با بە کەیفی خۆی بکات، ئەگەر دەیەوێ بمێنێتەوە، ئەوا ماوەتەوەو ماڵ ماڵی خۆیەتی، ئەگەر ناشیەوێ کەس ڕێگری نییە، دەڕوات خوا حافیزی بێ!

– من گلەیی لە ناتالیا ناکەم. هەرچەندە ئەم کارە مایەی شەرمەزاریەو گوناحێکی گەورەیە لەبەر قاپی خوا، بەڵام من ناتالیا بە خەتابار نازانم، خەتا، خەتای ئەم قەحپە دایکەیە!

ئاماژەی بۆ لای گریگۆری کرد کە پشتی دابووە موغەیریەکە.

گریگۆری پرسی:

– ئاخر من خەتام چیە؟

– نازانی؟ وەیش چەند فەقیری؟ ئاگات لە مەحوودی بێ زەواد نییە ها؟!

– نەخێر، نازانم.

پانتلی بروکوفیچ، هێندە بە توندی لەسەر تەختەکە هەستا، کە تەختەکە قڵپ بووەوە. هات، ڕووبە ڕووی گریگۆری وەستا، قولاپو گلۆڵە بەنەکەی دەست ناتالیا کەوتە سەر ئەرزەکەو قولاپەکە دەنگی دایەوە. بێچوە پشیلەیەك کە لەسەر موغەیریەکە پاڵکەوتبوو، لە دەنگی قولاپەکە خەبەری بووەوە. خۆی هەڵدایە خوارەوە، پشتی کووڕ کردەوە، بە چنگەکانی کەوتە گەمە کردن بە گلۆڵە بەنەکە و بەرەو لای یەغدانەکەی برد.

پیرەمێرد کەمێك وەخۆ هاتەوەو بە هێوری گوتی:

– گوێ بگرە بزانە چی دەڵێم: ئەگەر ناتەوێ لە گەڵ ناتاشکادا بی، دەتوانی بڕۆیت، بۆ کوێ دەڕۆی بڕۆ، چارت هەر ئەمەیە، بۆ کوێ دەڕۆیت بڕۆ!

پیرەمێرد بە هێمنی ئەو قسەیەی دووبارە کردەوە. ئەوسا ئاوڕێکی دایەوەو تەختەکەی ڕاست کردەوە.

دونیاشکا، لەسەر جێگاکەی دانیشتبوو، چاوە ئەبڵەق و ترساوەکانی بە یەك بە یەکیاندا دەگێڕا.

گریگۆری بە دەنگێکی نزمو لەرزۆك گوتی:

– باوکە، من حەزناکەم عاجزت بکەم، من بە ئارەزووی خۆم ژنم نەهێناوە، تۆ ژنت بۆ هێناوم. خۆم من ئاشقی ناتالیا نەبوو بووم. نەم ناردبوو بە شوێنیا. ئەگەر خۆی دەیەوێ، با بڕواتەوە بۆ ماڵی باوکی، باشترە.

– کەواتە تۆش لێرە بڕۆ.

– باشە، دەڕۆم.

– دەڕۆی بە جەهەنەم

– دەڕۆم، دەڕۆم، پەلە مەکە.

گریگۆری، دەستی برد، پەستەکە فەروەکەی، کە لەسەر تەختەکە بوو، هەڵگرت، کونە کەپووەکانی کرانەوە، ئازای بەدەنی بە هەمان توڕەیی و هەڵچوونی باوکیەوە دەلەرزی.

هەمان خوێنی تێکەڵی تورکی و قۆزاقی بە دەماری هەردووکیاندا دەڕۆیی. لەم ساتەدا، بە شێوەیەکی باوەڕ نەکردەنی لێکدی دەچوون، ئیلی نیچنا، قوڵی گریگۆری گرت و بەکەسەرو داخەوە گوتی:

- بۆ کوێ دەڕۆی؟

بەڵام گریگۆری، بە توندی دایکی دەڵەك دا، بە پەلە کڵاوەکەی، کە خەریك بوو لەسەر تەختەکەوە دەکەوتە خوارەوە، هەڵگرت. پیرەمێرد، بە دەم هاوارەوە، دەرگاکەی خستە سەر گازی پشت و لێکدا لێکدا دەیگوت:

- وازی لێبێنە با بڕوات، سەگی خوێڕی! واز بێنە با بڕوات! بڕۆ، هەیدێ گوم بە لەم ناوە!.

گریگۆری بەلەز خۆی گەیاندە بەر هەیوانەکە. پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە، جارێکی دی گوێی لە دەنگی هەنسك و گریەی ناتالیا بوو.

شەوێکی بەستەڵەك و سەهۆڵبەندان، باڵی بەسەر گوندا کێشابوو. لە ئاسمانی تاریکەوە، بەفرێکی ورد دەباری، عەینی دەرزی پێتا دەچزا. بەستەڵەکی روباری دۆن، کە بە شریق و هۆڕ شەقی دەبردو لێکدی دەترازا، وەکو تۆپ دەنگی دەدایەوە، گریگۆری بە هانکە هانك لە دەرگای حەوشە وەدەرکەوت. لەوسەری گوندەوە، سەگ و کسۆکان، بە دەنگی جۆراوجۆر دەوەڕین. لە نێو تاریکیە بە تەمتومانەکەوە، لێرەو لەوێ، تروسکەی زەردباو خۆی دەنواند.

گریگۆری، وێڵ و سەرگەردان ملی رێگای گرت. پەنجەرەکانی ماڵی ستیپان وەکو ئەڵماسی رەش دەدرەوشانەوە. ناتالیا، لە دەرگای حەوشەوە هاوارێکی پڕ داخ و کەسەری کرد: "گریشا!".

گرێگۆری دانەکانی لێکدی سوون و زیاتر پێی هەڵگرت: "بڕۆ، نامەوێ بتبینم، چیتر خۆشم ناوێی!"

- گریشا، بگەڕێوە!

وەکو سەرخۆشان، بە لارەولار خۆی بە یەکەمین کۆڵانا کرد. جارێکی دی و لە دوورەوە،گوێی بە دەنگە کەسەردارەکەی ناتالیا زرینگایەوە:

- گریشا گیان!...

بەلەز مەیدانەکەی بڕی، لە چوار ریانەکەدا وەستا، بیری لەوە کردەوە شەوێ لای کێ بەسەر بەرێت، ئەنجام رای لەسەر میشاکوشیڤوی گیرسایەوە، کە ماڵیان لە پەڕی گوندی و نزیکی گردەکە بوو.

ماڵباتی کوشیڤوی بریتی بوو لە میخائیل و دایکی وخوشکەکەی کە هێشتا مێردی نەکردبوو، لەگەڵ دوو برای بچووکیدا. گریگۆری خۆی بە حەوشی خانووە قوڕەکەیاندا کرد، لە دەلاقەکەی دان.

- کێیە؟

- میخائیل (میشا) لە ماڵە؟

- بەڵێ، تۆ کێی؟

– منم، گریگۆری میلیخوف.

دوای دەقیقەیەك، میخائیل کە لە هەوەڵین شیرینە خەو هەستێنرا بوو، دەرگای کردەوە:

– ئەمە تۆی گریشا؟

– بەڵێ، منم.

– بەم درەنگە شەوە خێرە؟

– با جارێ بێمە ژوورەوە، هەنگێ بۆتی باسدەکەم.

لە ڕاڕەوەکەدا، گریگۆری ئانیشکی میشای گرت. زۆر لە خۆی پەست بوو، کە نەیدەتوانی وەکو پێویست مەسەلەکەی بۆ بگێڕێتەوە، وشەی پێویستی بۆ نەدەهات، بە ئەسپایی گوتی:

– هاتووم شەوێ لای تۆ بمێنمەوە... لەگەڵ کەسوکاردا بەشەڕ هاتووم. شوێنتان هەیە؟... ئەگەر نیتانە قەیدێ ناکا، دەڕۆم، شوێنێ هەر پەیدا دەکەم.

– وەرە ژوورێ، هەر چۆنێ بێ جێیەك پەیدا دەکەین. باشە لەسەر چی بە شەڕ هاتوویت؟

– با بمێنێ بۆ دوایی.. کوا دەرگاکە؟ لێرەوەیە؟ نای بینم.

جێگەیەکیان لەسەر تەختێك بۆ گریگۆری ڕاخست. ڕاکشاو سەری خستە ژێر پەستەکەیەوە تا گوێی لەچپە دووی دایکی میشا کە دەگەڵ کیژەکەیدا لە ناو یەك جێگا دەنووست، نەبێ. لە دڵی خۆیدا دەیگوت "ئێستا لە ماڵی ئێمەدا چ دەگوزەرێ، ناتالیا دەڕواتەوە بۆ ماڵی باوکی یان نا؟ بە هەرحاڵ ژیانێکی تازە دەست پێدەکات. بەڵام بۆ کوێ بڕۆم؟" زوو بە زوو وەڵامی ئەو پرسیارەی بە مێشکا هات: "سبەینێ دەنێرم بە شوێن ئەکسینیادا و پێکەوە دەڕۆین بۆ کوبان، لێرەوە دوورە... دووری دوورە..." گردو گردۆلکانی شەپۆل ئاسای دەشتو بیابان، گوندو دێهات، شارو شاروچکانێك کە هەرگیز نەیدیتبوون،و دڵی پێیان نەدەکرایەوە، لەبەرچاوە نوقاوەکانی گریگۆریدا بەرجەستە دەبوون. ئەو دیوی گردەکان، ئەو دیوی ڕێگا کەوەییە دوورو درێژەکە، سەر زەمینێکی ئەفسانەیی بوو، لە ژێر ئاسمانی شینو میوان پەروەردا، ئەشقو ڤیانی درەنگ وەختو ئاگرینی ئەکسینیا جوانیو ئەفسوونێکی زیاتری پێدەبەخشی...

ئایندەی نادیار، تووشی وازوازی کردبوو، خەوی زڕا، دڵی تەنگ بوو، بەر لەوەی خەوی لێبکەوێ هەوڵی دا، هۆی ئەم دڵتەنگیەی خۆی بزانێ، بەڵام پەی پێنەدەبرد. بەدەم خەوو بێدارییەوە، بیری دەکردەوە، بیرەکانی نەرمو ڕەوان وەکو چۆن بەلەمێك بەدەم وردە شەپۆلانەوە، نەرمو ڕەوان بڕوات، بەو ئاوایە تێدەپەڕین، بەڵام لە ناکاوا بەر شتێك دەکەوت، وەکو چۆن بەلەمێك بەر خەرمانە لمێك بکەوێتو بەملاو بەولادا لار بێتەوەو شپرزە ببێ، بەو ئاوایە لە ناو جێگاکەی گینگڵی دەداو ئەم دیوو ئەودیووی دەکرد، لەخۆی دەپرسی: "ئەمە چیە؟ ئەم نیگەرانیەم لەپای چیە؟ چ کۆسپێك لە ڕێگەمە؟".

بەیانی کاتێ لە خەو ڕابوو، یەکسەر بیری کەوتەوە: خزمەتی سەربازیە! بە ئەکسینیاوە کێوە بچم؟ بەهار مەشقو ڕاهێنان دەست پێدەکاتو پایز خزمەتی سەربازی دەست پێدەکات... ئەمە کۆسپی ڕێگای منە."

قاوەڵتی کردو میخائیلی بانگ کردە ڕاڕەوەکەو پێی گوت:

– میشا، بڕۆ بۆ ماڵی ستاخۆف، تکات لێدەکەم، لەبەر خاتری من بڕۆ. لە زمانی منەوە بە ئەکسینیا بڵێ ئەمشەو، هەرکە دنیا تاریك بوو، خێرا بێتە لای ئاشەباکە.

میخائیل بە دوو دڵییەوە گوتی:

– باشە چی بە ستیپان بڵێم؟

– ئیدی بیانوویەکی بۆ بێنەوە.

– باشە، دەڕۆم.

– پێی بڵێ، دەبێ هەر بێت.

– زۆر باشە.

ئێواری گریگۆری چوو بۆ لای ئاشەباکە. دانیشت بەدەم چاوەڕوانیەوە کەوتە جگەرەکێشان، ئاگری جگەرەکەی لەدەستیا دەشاردەوە. لە پشت ئاشەکەوە، با خۆی بە نێو ساقەتەو گەڵای وشکی زوڕاتاندا دەکردو دەی گڤاند. پارچە جانفاسێکی شڕی سەر پەروانە بێجوڵەکەی ئاشەکە، بە دەم بایەکەوە دەشەکایەوەو شەپۆلی دەدا. گریگۆری وای هەست دەکرد، باڵندەیەکی گەورە بەسەر سەریەوە دەسوڕێتەوەو باڵ بە یەکدا دەدات و ناتوانێ بفڕێت. ئەکسینیا بە دیار نەکەوت. هەتاو، لەبەری رۆژئاواوە، گەیی بووە سەر کەل و خۆی لە زەردەپەڕی زێڕینی ئاسۆ وەردەداو مەیدانی بۆ شەو چۆڵ دەکرد. لە رۆژهەڵاتەوە بایەکی توندی دەهات. دنیا سات بە سات تاریکتر دەبوو، و بەری مانگی دەگرت کە دەتگوت لە نێو لق و پۆپی سپیدارەکاندا گیرۆدە بووە. ئاسمانی سورباو، کە لێرەولەوێ عەینی جەنازەی مردوو، پەڵەی شین شینی پێوە بوو، سات بە سات بەسەر ئاشەکەوە تاریکتر دەبوو. دوا هەراو زەنای کارو چالاکی رۆژانە لە گوندەکەوە هەڵدەستا.

گریگۆری، سێ جگەرەی لەسەر یەکی کێشا، دوا ئاغزە جگەرەی بە بەفرە پێخوستەکەدا کرد. بە تووڕەیی و نیگەرانی ڕوانیە دەوروبەری خۆی. جێ چەرخی ئەو عەرەبانانەی کە لە ئاشەکەوە بەرەو گوندی چوو بوونەوە، لەسەر بەفرە نیمچە تواوەکەوە رەش دەچووەوە. کەس لە هەتەری چاوا دیار نەبوو. گریگۆری هەستا، بەدەم باوێشکێکەوە کێشمانی خۆی دا، بەرەو ئەو روناکیەی کە لە پەنجەرە چکۆلەکەی ماڵی میخائیلەوە دەبریسکایەوە، وەکو ئەوەی بانگی بکات، کەوتەڕێ. لەو کاتەدا کە بە فیکە فیك لە حەوشەکەی ماڵی میخائیل نزیك دەبووەوە، لووتی تەقی بە لووتی ئەکسینیادا. هانکە هانکی پێکەوتبوو، دەمە ساردو تەڕەکەی بۆنی بای زستان یان گیای تازەو ناسکی پێدەشتی لێدەهات.

– زۆرم چاوەڕوان کرد. وامزانی ئیتر نایەی.

– بە زەحمەت توانیم خۆم لە ستیپان بدزمەوە.

– بێقەزا بی لێرە رەقت کردمەوە.

– من گەرمم، ئێستا گەرمت دەکەمەوە.

ئەکسینیا، پۆستینە بەردارەکەی خۆی کردەوەو خۆی وەکو چۆن لاولاو لە قەدی دار بەڕوویەك بئاڵێ، بەو ئاوایە دەستی لە ملی گریگۆری وەریناو خۆی لە قەدی ئاڵاند.

– بۆچی بە دووتا ناردبووم؟

– جاریٚ دەست لابە، نە با یەکێك بەم ناوەدا تێپەڕیٚو بمانبینیٚ.

– لەگەڵ کەس و کارەکەت بەشەڕ هاتووی؟

– تۆراوم، شەویٚ لەماڵی میشکا بووم... ئێستا وەکو سەگی بەرەڵلا، بەڕەڵلام.

– دەی ئێستا بە تەمای چی؟

ئەکسینیا دەستی لادان، یەخەی پۆستینەکەی داخست، لەسەرما هەڵدەلەرزی.

– گریشا با بچینە پەنا پەرژینەکە. ناکریٚ لەم ناوەڕاستی ڕێگایەدا بوەستین.

لە ڕێگاکە دوور کەوتنەوە، گریگۆری بەفرەکەی لادا، پشتی بە پەرژینە بەفر گرتووەکەوە دا، پەرژینەکە قرچە قرچێکی لێوەهات.

– ناتالیا چووەتەوە بۆ ماڵی باوکی یان نا؟

– نازانم، تەسەور دەکەم بڕوات. چۆن لێرە دەمێنیٚ؟

گریگۆری دەستە ساردەکانی ئەکسینیای خستنە ناو قۆڵی پۆستینەکەی خۆیەوە، مەچەکە ناسکەکەی لە نێو دەستی خۆیدا دەگوشی. لێی پرسی:

– ئێستا چی بکەین، چ دەڵێی؟

– نازانم گیانەکەم، تۆچی بڵێی، من وادەکەم.

– ئەدی ستیپان؟ بە جێی دێڵی؟

– بیٚ هیچ دوو دڵیەك، ئەگەر حەز دەکەی لەم شەو زووتر نییە دەڕۆین.

– بەدوو قۆڵی دەڕۆین، لە شوێنێکا کارێك پەیدا دەکەین و پێکەوە دەژین.

– منیش ئەگەر پێویست بکات ئامادەم گاوانییش بکەم، بەو مەرجەی لەگەڵ تۆدا بم گریشکا... ئەوەندەم بەسە لەگەڵ تۆدا بم، بە هەموو شتێك رازی دەبم بەو مەرجەی لەگەڵ تۆدا بم...

ئەو دووە ماوەیەك بەو دەقەوە مانەوەو بە گەرمای لەشی خۆیان یەکتریان گەرم دەکردەوە. گریگۆری حەزی نەدەکرد بڕوات. روو لە بایەکە وەستا بوو، پەڕەی کەپووی دەلەرینەوە، چاوی نوقاند بوون. ئەکسینیا سەروچاوی کرد بوو بە ژێر باڵیا، مەستانە بۆنی ئارەقە ئاشناکەی ژێر باڵی هەڵدەمژیو بزەیەکی پڕ لە شادی، بێئەوەی لە گریگۆرییەوە دیار بیٚ، بەسەر لێوە نەوسن و تامەزرۆکانیەوە سەمای دەکرد.

گریگۆری، مەچەکی ئەکسینیای، کە لە ناو دەستیا ئارەقەی کردبووەوە بەرداو، دەستی بۆ کەمێك سەرووتر گواستەوەو گوتی:

– سبەی دەڕۆم بۆ لای موخوف. بزانم کارێکم ناداتیٚ.

ئەکسینیا هیچ وەڵامێکی نەدایەوەو سەری بەرز نەکردەوە. بزەکەی سەر لێوی وەکو بابیبات، بەو ئاوایە رەویەوە. وەکو چۆن حەیوانێك تاقیب بکریٚو ڕاوبنریٚ، نیگەرانی و ترس نیشتە سەرچاوە گەورە وکراوەکانی. کە بیری کەوتەوە سکی هەیە لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئایا پێی بڵێم یان نان؟" قرێری دا: "دەبیٚ پێی بڵێم." بەڵام یەکسەر، لە کاتێکا، لە ترسا هەڵدەلەرزی، ئەم بیرۆکە ترسناکەی لە خۆ دوورخستەوە، غەریزەو تەبعی ژنانەی ئاگاداری کردەوە کە ئێستا وەختی گوتنی ئەو شتە نییەو هەستی کرد لەگینە بۆ هەتا هەتایە گریگۆری لە دەست بدات.

چونکە دڵنیا نەبوو ئەو پزەی کە لە پزدانیا دەجوڵا لە گریگۆریە یان لە ستیپیان، بۆیە بەردێکی نایە سەرو باسی نکرد. گریگۆری سوچێکی پەستەکە فەروەکەی خۆی دا بەسەر ئەواو گوتی:

– بۆ دەلەرزی؟ سەرماتە؟

– تۆزێك... گریشا دەبێ بڕۆم. ستیپان دێتەوە و ئەگەر لە ماڵ نەبم...

– بۆ کوێ چووە؟

– چووە بۆ ماڵی ئانیکی بۆ وەرەقبازی... بە زۆر ناردم.

لێکدی هەڵبڕان. تامو بۆنی لێوە ئاشوبگەرەکانی ئەکسینیا، کە بۆنی بای زستانەو تامی گیای دەشتی ژێر رێژنە بارانێکی بەهارەی دەدا، هێشتا بەسەر لێوەکانی گریگۆرییەوە مابوو.

ئەکسینیا بەلا کۆڵانێکدا پێچی کردەوەو رۆیی، بە پێشدا کووڕ بوو بووەوەو هەر ئەوەتا بە ڕاکردن نەدەڕۆیی. لەلای بیرێکەوە کە مەڕو ماڵاتو چوار پێیان قوڕو قوڕاوی پایزیان پێشێل کردبوو، پێی هەڵخلیسکاو کەوت بەسەر تۆپەڵە گڵێکی بەستەڵەك بەستوودا، ئازارێکی توند بەزگیا هاتو بە دەم ئازارەوە خۆی بە ئەستوونی تەیمانەکەوە گرت. ئەوجا ئازارەکەی نیشتەوە، بەڵام شتێکی زندوو لە ناو زگیا هەڵپلاو چەندین جاری یەك لە دوای یەك، بە توندی و تووڕەیی کەوتە لەقە فڕتێ.

((١١))

بەیانی رۆژی دوایی، گریگۆری رۆیی تاموخوف ببینێ.

موخوف تازە لە دوکان هاتبووەوە. لە گەڵ ئاتیوپیندا لە ژووری نانخواردن کە، دیوارەکانی بە کاغەزێکی گران بەهای بە نەخشو نیگاری قاوەیی کاغەزەپۆش کرابوون، دانیشتبوو و چایەکی پڕ رەنگی سووری تۆخی دەخواردەوە. گریگۆری کڵاوەکەی داکەند، لە ڕاڕەوەکەدا دایناو خۆی بە ژووری نانخواردنا کرد.

– سێرگی پلاتونوفیچ، بە ئیشێك هاتووم بۆ لای تۆ.

– ئاه، پێموایە کوڕی پانتلی میلیخوف، وا نییە؟

– بەڵێ، وایە.

– چیت گەرەکە؟

– هاتووم بزانم ئاخۆ بە کرێکار ڕامدەگرت.

لەو کاتەدا کە گریگۆری قسەی دەکرد، دەرگاکە کرایەوە.گریگۆری ئاوڕی دایەوە. ئەفسەرێکی گەنج بە جلو بەرگی خاکی سوپایی و ئەستێرە لەسەرشان، رۆژنامەیەکی قەد کراوی بە دەستەوە بوو، هاتە ژوورەوە. گرێگۆری ئەفسەرەکەی ناسییەوە،هەمان ئەو ئەفسەرە بوو کە پار هاوین میتکا کورشونوف، لە پێشبڕکێی ئەسپ تاودانێدا بۆڕی دابوو، بەڵێ لیستنتسکی بوو. موخوف، کورسیەکی بۆ ئەفسەرەکە دانا، دووبارە رووی کردەوە گریگۆری و پرسی:

– یانی چی، باوکت بەو ڕادەیە نەدارو نابووت بووە کە کوڕی خۆی بۆ کارکردن بنێرێتە لای خەڵکانی دی؟

- من ئێستا لەگەڵ باوکمدا ناژیم.
- لێی جیا بوویتەوە؟
- بەڵێ.
- پڕ بە دڵ حەزم دەکرد کارێکت بدەمێ، چونکە من بنەماڵەکەتان دەناسم و دەزانم خەڵکێکی ئیشکەرو جدین، لێ مخابن حاڵی حازر هیچ کارێکم نییە.

لیستنتسکی لە کەنار مێزەکە دانیشت، روانیە گریگۆری‌و پرسی:
- مەسەلە چییە؟
- ئەم گەنجە لە ئیش دەگەڕێ.

ئەفسەرەکە، لە کاتێکا کەوچکەکەی بە ناو کووپەکەیدا دەگێڕا، پرسی:
- مەیتەری دەزانی؟ دەتوانی گالیسکە بڕانی؟
- بەڵێ،خۆمان شەش دانە ئەسپمان هەیە.
- من پێویستم بە عەرەبانچییەکە. بە چەند دەیکەی؟
- تەماحی زۆرم نییە، زۆر داوا ناکەم...
- کەواتە سبەینێ بڕۆ بۆ موڵك‌و مەزراکەی ئێمە، بۆ لای باوکم... دەزانی موڵك‌و مەزراکەی نیکولا ئالیکسییوفیچ لیستنتسکی لە کوێیە؟
- بەڵێ، جەنابی ملازم.
- نزیکەی دوازدە فرسەخ لێرەوە دوورە. سبەی بەیانی وەرە، خۆتان لەوێ مامەڵەکە ببڕنەوە.

گریگۆری بەرەو دەرگاکە رۆیی، دەسکی دەرگاکەی گرت کە بیکاتەوە، هەڵوەستەیەکی کردو گوتی:
- قوربان حەزدەکەم شتێکت عەرزبکەم، بێزەحمەت دەقیقەیەك...

ئەفسەرەکە لە دوای گریگۆرییەوە وەدەرکەوت. نیمچە روناکیەکی پەمەیی لە هەیوانەکەوەو لە میان شووشە ماتەکانەوە دەیدا لە ڕاڕەوەکە.
- دەتەوێ چ بڵێی؟

گریگۆری، سوور هەڵگەڕا:
- من هەر خۆم نیم.... ژنێکیشم لەگەڵە، ئایا کارێك بۆ ئەویش پەیدا دەبێ؟

ملازم لیستنتسکی، بزەیەکی پرسیار ئامێزی بۆ کرد، برۆکانی کە لەبەر روناکیەکەدا پەمەیی دیار بوون، وێکهێنانەوەو پرسی:
- ژنی خۆتە؟
- ژنی کابرایەکی دیکەیە...
- ها! باشە، دەتوانین وەکو یاریدەدەری ئاشپەز رایگرین. ئەدی مێردەکەی لە کوێیە؟
- لێرەیە، لە گوندی
- بڵێ دەتەوێ ڕەدووی بخەیت.
- بەخۆی قاییلە. بە حوسن‌و رەزای خۆی بەگەڵم دەکەوێ.

– یانی مەسەلەکە دڵدارییە، باشە. سبەینێ وەرە. دەی ئێستا فەرموو مەرەخەسی.

گریگۆری، بۆ ڕۆژی دوایی، نزیکەی سەعات هەشتی بەیانی گەییە یادگودنویەی، موڵکی ماڵباتی لیستنتسکی، لە حەسارێکی گەورەدا کە هەرچوار نکالی بە کەرپووچ (خشتی سوورەوەکراو) دیوار کرابوو، جۆرەها بیناو خانووی پەراگەندە هەبوو: بۆ نموونە بینایەك هەبوو سەرەکەی قرمیدکاری بوو، بە کەرپووچ لە رووکاری خانووەکەدا ساڵی ١٩١٠ نەخشێنرا بوو. خانوویەکی تایبەت بە نۆکەرو خزمەتکاران هەبوو، گەرماو، گەوڕو تەویلە، کولانە مریشك و پشتیری ماڵات و وڵسات، عەنبارێکی درێژ بۆ دانەوێڵە، گەراجێکی گەورە بۆ گالیسکان. هەموو ئەمانە لەوحەوشە گەورەیەدا هەبوون. خانوویەکی گەورەی قەیمی لەناوەندی باخێکدا گیرسا بووەوە، کە هەر چوار دەوری گوڵکاری بوو. لە پشت ئەو خانووەوە ڕیزێك سپیدارو بی گەڵاڕژاو بەرز بوو بوونەوەو دیوارێکی کەوەییان دروستکردبوو. کۆمەڵێك هێلانە قشقەڵەی بەتاڵ بە ترۆپکیانەوە، جولانەیان بوو.

هەرکە گریگۆری خۆی بە حەوشەدا کرد، گەلە تاژیەکی ڕەش بەرەو رووی هاتن. دێڵە سەگێکی پیرو لەنگ کە چاوە پڕوش و تەڕەکانی لە چاوی پیرەژنان دەچوو، لە پێش هەموویانەوە هات و بۆنی پێوە کرد، سەری دانەواندو دووی کەوت. لە بینای کارەکەرو خزمەتکاراندا، ژنە ئاشپەزەکە دەگەڵ کارەکەرێکی نموسی دەموچاو شملاویدا، شەڕی بوو. پیرەمێردێکی دێهاتی لێو ئەستوور، کە دووکەڵی جگەرە دەوری دابوو، لەبەر دەرگاکە دانیشتبوو، کارەکەرەکە گریگۆری بۆژوورەوە برد. هۆڵەکە بۆنی سەگ و کەوڵی تەڕی حەیواناتی لێدەهات. کیفی تاپڕێکی دوو لوولەو کۆڵە پشتیەکی راوکردنی ریشو ئاوریشمی ئامال سەوز، کە ریشوەکانی رزی بوون، لە سەر مێزێك کەوتبوون.

کارەکەرەکە، لە دەرگایەکی لاوەکیەوە سەری دەرهێناو بە گریگۆری گوت:

– کوڕەکەی ئاغا دەڵێ با بێتە ژوورەوە.

– گریگۆری، بە نیگەرانیەوە ڕوانیە چەکمە قوڕاویەکانی خۆی و لە دەرگاکەوە وەژوورکەوت.

ملازم لیستنتسکی لەبەر پەنجەرەکە، لەسەر تەختە خەوێك ڕاکشا بوو: قوتوویەك تووتن و بەستەیەك پەڕە سیغار لەسەر لیفەکەی کە بە پەڕی مراویە کێوی ئاخنرا بوو، کەوتبوو. ملازم سیغارێکی بۆ خۆی پێچایەوە، ئەوجا دوگمەی یەخەی کراسە سپیەکەی داخست و گوتی:

– زۆر زوو هاتوویت، چاوەڕوان بکەن، ئێستا باوکم دێ.

گریگۆری لەبەر دەرگا وەستا. دوای دەقیقەیەك دەنگی پێ، کە بە خشەخش لە ڕاڕەوەکە دەهات، هاتە گوێ. دەنگێکی گڕ، لە درزی دەرگاوە پرسی:

– یەفگینی، نەخەوتوویت؟

– فەرموو وەرە ژووری.

پیرەمێردێك، بە جووتێ چەکمەی ڕەشی قەفقازیەوە وەژوورکەوت. گریگۆری بە تیلەی چاو تەمەشایەکی کرد، یەکەم شتێك کە سەرنجی ڕاکێشا، کەپووە دەندوکە دالاشیە باریکەکەی و سمێڵە پڕو سپیەکەی بوو کە لە ژێر لووتیەوە بە هۆی دووکەڵی جگەرەوە زەرد بووبوو.

لیستنتسکی پیرەمێرد، پیاوێکی درێژ داهۆڵی ناوشان پان، بەلاّم باریك‌و بنێس بوو. بلوزێکی درێژی شل‌و ملی لە بەر بووکە لە کوڵکی وشتران چێکرا بوو، یەخەکەی وەکو ئەڵقەی پەتی سێدارە لە گەردنە چرچ‌و لۆچە قاوەییەکەی جەڕی بوو. چاوە سیسەکانی، زۆر لە یەکترەوە نزیك بوون.

- باوکە ئەمە ئەوە گالیسکەچییە کە بۆم باس کردبوویت. لە بنەماڵەیەکی بەڕێزو باشە.

پیرەمێرد، بەدەنگێکی گڕ گوتی:

- کوڕی کێیە؟

- میلیخوف

- کام میلیخوف؟

- کوڕی پانتلی میلیخوفە.

- من کاتی خۆی پروکوفیچێکم دەناسی. (بانتلی)شم لە بیرە، ئەوەیە کە دەشەلیٚ‌و بە ئەقلٚ چەرکەسە؟

گریگۆری، وریاو خەبەردار ڕەق ڕاوەستا:

- بەلیٚ، قوربان خۆیەتی.

گریگۆری، ئەو سەربهوردو حیکایەتانەی وەبیر هاتنەوە کە بابی، دەربارەی جەنەراڵی خانەنشین لیستنتسکی، یەکێك لە قارەمانانی جەنگی روس و عوسمانی، بۆی گێڕابووەوە.

پیرەمێرد پرسی:

- بۆچی دەتەویٚ ئیش بکەی؟

- قوربان، لە باوکم جیا بوومەتەوەو ئێستا لەگەلٚ ئەودا ناژیم.

- باشە تۆ ئەگەر بتەویٚ کرێکاری بکەیت. چۆن دەبی بە قۆزاق؟ باشە کە جیا بوویتەوە باوکت هیچی نەدایتیٚ؟

- نەخێر قوربان، هیچی نەدامیٚ.

- بەهەرحالٚ. کارت بۆ ژنەکەشت دەویٚ؟

تەختەکەی ملازم کەوتە جیڕەجیڕ، گریگۆری نیگایەکی ملازمی کرد، سەیری کرد ملازم چاوی لێدادەگریٚ‌و سەری بۆ دەلەقێنیٚ.

- بەلیٚ، قوربان.

- ئەم بەلیٚ قوربانە تەرك بکە، حەزی لێناکەم. من مانگی هەشت رۆبلٚت دەدەمیٚ بۆ هەردووکتان، ژنەکەت دەبیٚ چێشت‌و خواردن بۆ خزمەتکاران‌و وەرزێران لێبنیٚ. رازیت بەمە؟.

- بەلیٚ.

- سبەی بەیانی لێرەبن. لە شوێنی عەرەبانچییەکەی پێشوو نیشتەجیٚ دەبن.

ملازم پێیە چکۆلەو تووکنەکانی نایە سەر مافورەکەو لە پیرمێردی پرسی:

- ڕاوەکەی دوێنێتان چۆن بوو؟

– لە دۆڵی گەرمیاچیدا ڕێویەکمان هەستانو تا لێڕەوارەکە دووی کەوتین. بەڵام ڕێویەکی پیر بوو. کاتێ لەزگ بوو گیرۆدە ببێ، پێچێکی کردەوەو هەموو تاژیەکانی خەڵەتاند.

– کازبیك، هێشتا دەشەلێ؟

– دیارە لاقی لە جێ چووە. دەی یەفگینی خێراکە، تێشتەکە سارد دەبێتەوە.

پیرەمێرد ئاوڕێکی لە گریگۆری دایەوە: قامکە لاوازو ڕەقو تەقەکانی تەقاندو گوتی:

– بڕۆ، سبەی سەعات هەشت دەبێ لێرە بیت.

گریگۆری لەوسەری عەماری دانەوێڵەکەوە لە حەوشە وەدەرکەوت. تاژیەکان لەسەر ئەرزێکی وشك کە بەفرەکەی توابووەوە، وەرکەوتبوونو خۆیان دابووە هەتاو. ئەو دێڵە سەگە پیرەی کە چاویلە چاوی پیرەژنان دەچوو، بە ئەسپایی هەستا، دوای گریگۆری کەوت، ماوەیەك بە دوویا ڕۆیی، لە دواوە بۆنێکی کرد، بەڕێی کردو ئەوجا سەری دانەواندو ڕێو ڕێ گەڕایەوە.

((١٢))

ئەکسینیا بەیانی زوو هەموو کارێکی موبەقو ئاشپەزی تەواو کردبوو، خۆڵەمێشو ژیلەمۆی موغەیریەکەی دەردابوو و دەرگاکەی داخستبوو، قاپو ئامانانی شۆر دەبوو، لەو پەنجەرە چکۆلەیەوە کە بەسەر حەوشەدا دەکرایەوە، تەمەشای دەکرد. ستیپان بەدیار ئەو لیژنە دارەی پاڵ تەیمانەکەی نێوان حەوشی خۆیانو ماڵی میلیخوفەوە وەستا بوو. نیوە سیغارێکی کوژاوە بەلا لێوە گرژەکەیەوە بوو، گۆشەی چەپی تەویلەکەیان داتەپی بوو، دەیویست دوو کۆڵەکە لە نێو لیژنەدارەکەدا بدۆزێتەوەو بیانداتە بەر گۆشە داتەپیوەکە.

ئەو بەیانیە گۆناکانی ئەکسینیا سوور دەچوونەوە، چاوەکانی پرشنگی لاویان دەدا، ستیپان هەستی بەم گۆڕانە کردبوو، بەدەم تێشت خواردنەوە پرسی بووی:

– چیتە؟

ئەکسینیا سوور بووەوە، گوتی:

– چیمە؟

– دەموچاوت بە جۆرێ دەدرەوشێتەوە، دەڵێی کرێمت لێداوە.

– هی گەرمای موغەیریەکەیە.

ئەوجا رووی وەرگێرا، ژێراو ژێر تەمەشایەکی پەنجەرەکەی کرد تا بزانێ ئاخۆ خوشکەکەی میشکاکوشیڤوی دیارە یان نا؟

ئێوارە بوو کە کیژێ هات. ئەکسینیا کە بە دەم عەزابی چاوەڕوانیەوە دەتلایەوە، خێرا هەڵیدایە:

– ماشوتکا، کارت بەمنە؟

– ئا، دەقەقەیەك وەرە.

ستیپان، لەبەر ئەو لەتە ئاوێنەیەی کە بە گەچ بەدیواری موغەیریەکەوە نرابوو سەری‌و سمێڵە قاوەییەکاڵەکەی بە لەتە شانەیەکی لە شاخ دروستکراو، شانە دەکرد. ئەکسینیا نیگایەکی ترس ئامێزی مێردەکەی کرد:

– دەتەوێ بچیە دەرێ؟

ستیپان، یەکسەری بەرسڤی نەدایەوە، شانەکەی لە بەرکی پانتۆڵەکەی نا، دەستەیەك وەرق‌و کیسە تووتنەکەی کە لە سەر قەراخی موغەیریەکە بوو، هەڵگرت، ئەوجا گوتی:

– دەچم بۆ لای ئانیکوشکا، زۆرم پێناچێت.

– کەی واز لەم کارانە دێنیٚ؟ ئەم قومارە ماڵت وێران دەکات. شەو نیە بۆ قومار نەچێتە دەرێ‌و تا بەرەبەیان نەمێنیتەوە.

– دەی بەسە، زۆرم لەم قسانە بیستووە.

– دیسان بیست‌و یەك دەکەی؟

– وازم لێبێنە ئەکسینیا، یەکێك لە دەرەوە چاوەڕوانە، بڕۆ بزانە کێیە.

ئەکسینیا چوو بۆ ڕاڕەوەکە. ماشوتکا بەگونای ئاڵ‌و شملاٚویەوە، بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

– گریشکا هاتووەتەوە.

– ئیٚ؟

– منی ناردووە پێت بڵێم هەرکە دنیا تاریك بوو بێی بۆ ماڵی ئێمە.

ئەکسینیا، دەستی ماشوتکای گرت‌و بەرەو دەرگای دەرەوەی برد.

– هێواش، هێواش گیانە! چی تری پێگوتی؟

– گوتی، کەلوپەل‌و شمەکی خۆت کۆ بکەوەو لەگەڵ خۆتیا بێنە.

ئەکسینیا نیگایەکی خێرای لای دەرگای موبەقەکەی کرد، ئازای گیانی گەرم داهاتبوو، دەلەرزی، پێی عاردی نەدەگرت:

– خودایا، چۆن خۆم کۆ بکەمەوە؟ چۆن بەم پەلەپەلە فریا دەکەوم؟ گوێ بگرە... پێی بڵێ هەر ئێستا خۆم کۆ دەکەمەوەو دێم... بەڵام لە کوێ چاوەڕوانم دەکات؟

– وەرە بۆ ماڵی ئێمە...

– ئۆ، نا!

– باشە پێی دەڵێم، بێت لەدەرەوە چاوەڕوانت بکات.

ستیپان، چاکەتەکەی لە بەرکردبوو. لە چرا قەندیلەکە نزیك بووەوە، سیغارەکەی داگیراند، دوو مژی لە سیغارەکەی داو پرسی:

– چی دەویست؟

– کیٚ؟

– کچەکەی کوشیڤوی.

– ها!... کارێکی بچووکی هەبوو... هاتبوو تەنورەیەکی بۆ ببڕم.

ستیپان سوتووی جگەرەکەی تەکاندو بەرەو دەرگا ڕۆیی و گوتی:

- بۆ خۆت بخەوە، چاوەڕوانی من مەکە.
- باشە، باش.

ئەکسینیا، بەپەلە چووە بەر پەنجەرەکە، سەری نا بە شووشە خوسار گرتووەکەیەوە، لە بەردەم تەختەکەدا چۆکی دادا، دەنگی پێی ستپیان بەسەر ئەو پیادەڕەوەی کە لەبەر دەرگای حەوشەوە تاسەری کۆڵانەکە لە نێو بەفرەکەدا دروستیان کردبوو، بەخشەخش دوور دەکەوتەوە. بایەکە پزیسکێکی لە سیغارەکەی فڕاندو تا بەر پەنجەرەکەی هێنایەوە. خوساری قەد شووشەی پەنجەرەکە بە قەد بازنەیەکی بچووك توابووەوە، لەو بازنە بچووکەوە دەرەوە دەبینرا، ئەکسینیا لەو بازنە بچووکەوە کڵاوە تووکنەکەی مێردەکەی کە گوێیەکانی توند داپۆشی بوو بینی، هەروەها لەبەر رۆشنایی ئاگری جگەرەکەیدا دەموچاوە تاوەسووتەکەی بینی.

بـە پەلەپـەل، چـاکەت و کـراس و تـەنورەو لەچـك و شـاڵ و سەرپۆشـەکانی، یـانی ئـەوەی بـە بووکێنی هێنابووی، هەمووی لە یەغدانەکە دەرهێنا لە بوخچەیەکی گەورەی نان. بە هانکە هانك و چـاوانی ئەبڵەقـەوە، بۆ دوایـەمین جار خـۆی بـە موبەقەکـەدا کـرد، ئاگرەکـەی کوژانـدەوە، خـۆی گەیانـدە بـەر دەرگـا، یـەکێك لـە حەوشـی مـاڵی میلیخوفـەوە هاتـە دەرێ، دەچـوو سـەری گـەوڕو پشتێری وڵساتەکەیان بدات. ئەکسینیا چاوەڕوانی کرد تا دەنگی پێی نەما، ئەوجا دەرگاکـەی بە قفڵ و زنجیر داخسـت. لـە کاتێکـا بوخچـەکەی تونـد لـە بـن هـەنگڵ نـابوو، بە هەشـتاو بـەرەو دۆن داگەڕا. چەپکێك لە قژە لوولەکەی لە ژێر لەچکە کوڵکنەکەیـەوە دەرهـاتبوو و خـۆی لـە گۆناکـانی هەڵدەسـوو. هـیلاك و مانـدوو بـە کوچـەو کۆڵانـە چـەپەکاندا، خـۆی بکـێش دەکـرد، لاقی هێنـدە قورس بوو بـوون بـۆی هەڵنەدەهاتنـەوە، دەتگـوت قورقوشمیـان لێبەسـترا بـوو، بـەو حاڵـەوە گەییـە بەر ماڵی کوشیڤوی. گریگۆری لەبەر دەرگای حەوشە چاوەنۆڕی بوو. بوخچەکەی لێوەرگرت و بـێ ئەوەی هیچ بڵێ، ڕاست رووی کردە دەشتەکە.

لەو دیو شوێن خەرمانەکانەوە، ئەکسینیا پێی قورس کردو قۆڵی چاکەتەکەی گریگۆری گرت و ڕایکێشاو گوتی:

- بوەستە.
- بۆچی بوەستم؟ دەبێ پەلە بکەین، تا مانگ هەڵنەهاتووە.
- بوەستە، گریشا.

ئەکسینیا دوولۆ کۆما بووەوەو لە جێی خۆی وەستا بوو. گریگۆری ئاوڕی لێدایەوە.

- چیتە؟
- ئاخ... ژێر دڵم... ئەو رۆژە شتێکی قورسم هەڵگرت.

ئەکسینیا، دەستی بەزگیەوە گرتبوو و زمانی بە لێوە وشکەکانیا دێنا. دەموچاوی لە ئازارا گرژ بوو بوو، چاوانی پزیسکیان لێدەبووەوە. ماوەیەك بە کووڕە کووڕ مایەوە، پیاو دڵی بە حاڵی دەسووتا، ئەوسا قژەکەی خستەوە ژێر لەچکەکەی و دووبارە کەوتەوە ڕێ.

- ئێستا باشتر بووم، با بڕۆین!
- ئەرێ کچەکە تۆ تەنانەت ناپرسیت بۆ کوێت دەبەم؟

گریگۆری، لە نێو تاریکیەکەوە بزەیەکی بۆ کردو لەسەری ڕۆیی:

– لەوەیە لە یەکەمین هەڵدێرا، هەڵت بدێرم.

ئەکسینیا بە دەم خەندەیەکی خەمینەوە گوتی:

– بۆ من فەرق ناکات، تازە ئاردم بێژاوەو سۆسم ڕێژاوە. خۆ ناتوانم بگەڕێمەوە.

ئەوە شەوە ستیپان، وەکو خووی هەمیشەی، نیوەشەو بۆ ماڵ گەڕایەوە.

هەوەڵجار خۆی بە پشتیرەکەدا کرد، ئەو کایەی، کە ئەسپەکە ڕشتبوی، کۆکردەوەو لە ئاخوڕەکەی کردەوە. پێوەندی ئەسپەکەی کردەوەو ئەوجا چوو بۆ ماڵەوە، بەدەم کردنەوەی زنجیرو قفڵەکەوە لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەبێ چووبێتە شەو بێری". خۆی بە مووبەقەکەدا کرد، دەرگاکەی بەدیقەت داخست و تەڵە شەمچەیەکی پێکرد. ئەو شەوە بەختی یار بوو و لە قوماردا براوە بوو، بۆیە لە ناخا هەستی بە جۆرە ئاسوودەییەك دەکرد و خەوی دەهات. چراکەی هەڵکردو چاوێکی بە مووبەقەکەدا گێڕا، زۆر پەشێوو شپرزە بوو، کەمێك حەپەسا، بەڵام بێئەوەی پەی بە هۆی ئەم پەشێویە بەرێت چوو بۆ ژووره گەورەکە. دەرگای یەغدانەکە کرابووەوە، ناوەکەی ڕەش دەچووەوە. کراسێکی کۆنی ژنانە، کە ئەکسینیا لە پەلەپەلی و شپرزەییدا، بیری چووبوو، لە ئەرزەکەدا کەوتبوو. ستیپان پەستەکە فەروەکەی داکەندو بە هەشتاو چوو بۆ مووبەقەکە تا چراکە بێنێ. تەمەشایەکی سەرانسەری ژوورەکەی کرد وئیدی هەموو شتێکی بۆ دەرکەوت. بە تووڕەیی چراکەی دانا، بێئەوەی بەدروستی بزانێ چی دەکات، شمشێرەکەی، کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، داگرت، هێندە بە توندی دەسکەکەی گوشی دەماری قامکەکانی ڕەپ بوون. ئەوسا کراسە شینە گوڵ زەردەکەی ئەکسینیای بە نووکی شمشێرەکەی هەڵگرت و هەڵیدا، لە داهاتنەوەدا، شمشێرێکی پێداکێشاو کردی بە دوو لەتەوە، لە حەژمەتاندا ڕەش داگەڕا، عەینی گورگی تووڕە، بە نووکی شمشێرەکەی پارچەکانی کراسەکەی ئەکسینیای بۆ بن میچی ژوورەکە هەڵدەداو بە شمشێرە تیژو پۆڵاییینەکەی، بە حەواوە پارچە پارچەی دەکرد.

ئەوجا گێژو گۆڵینگی دەسکی شمشێرەکەی پچڕیو توڕی دایە سوچێکەوەو چوو بۆ مووبەقەکە، بە دیار مێزەکەوە دانیشت. ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە سەری لەبەر خۆنا، قامکە ئاسنینە لەرزۆکەکانی بە سفرە پیسەکەی سەر مێزەکەدا دێناو دەبرد.

((١٣))

نەگبەتی کە هات بەڕیز دێت. ڕۆژی دوای ڕۆیشتنەکەی گریگۆری، گایەکی میرون گریگۆروفیچ، قۆچی لە باشترین ماینی دابوو، گەرووی هەڵدڕی بوو، هەڵبەتە ئەمە بە هۆی بێموبالاتی و خەمساردی گت باباوە رووی دابوو، ئیدی گتکۆ بە هەڵەداوان، بە ڕەنگی زەردەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە:

– ئەڕباب (ئاغا) کارەساتم لێقەوماوە! جوانە گایەکە، خودا گیانی بسێنێ، جوانەگا نەعلەتیەکە...

میرۆن گریگۆروفیچ، بە ترس و نیگەرانیەوە پرسی:

- چیە، جوانەگایەکە چ کەتنێکی کردووە؟
- ماینەکەی کوشت. قۆچی لێدا...

میرون گریگۆروفیچ، بێئەوەی بە تەواوەتی خۆی بگۆڕێت، بە هەشتاو چوو بۆ حەوشە. میتکا بە تێڵایەکەوە کەوتبووە وێزەی جوانەگایە پێنج وەرزەکە. جوانەگاکە سەری دانەواند بوو و غەبغەبە چین چینەکەی لە عاردی دەسوو و بە سمەکانی بەفرەکەی ژێر پێی هەڵدەداو وەکو بۆدرەیەکی زیوین بەسەر پاشەڵ و کلکیا کە بەرزی کردبووەوەو مارئاسا بایدەدا، بڵاو دەبووەوە. لە خەمی ئەوەدا نەبوو خۆی لە جەزرەبەی تێڵایەکە بپارێزێت، بەڵام ناو بە ناو، لرخە لرخێکی کورتی لێوە دەهات، پاشووەکانی بە جۆرێ لە عاردی گیر دەکرد لە تۆ وایە دەیەوێ باز بدات.

لرخە لرخەکەی لە گەروویدا کۆدەبووەوەو خەریك بوو دەبوو بە بۆڕەیەکی دوورو درێژ. میتکا، دەیکێشا بە دەمو قەپۆزو لاتەنگەیدا، بە دەنگێکی توورە جنێوی پیسی دەدا، ئاگای لە میخی نەبوو کە نیتاقەکەی گرتبوو وهەوڵیدەدا ڕایکێشتە دواوە.

- میتکا وازی لێبێنە، بیکە بە خاتری خوا، تۆش هەڵدەدرێ!... میرون گریگۆروفیچ، قوربان، شتێك بڵێ، چاوەڕوانی چیت، مەیەڵە...

میرون گریگۆروفیچ، چوو بۆ لای بیرەکە. ماینەکە لای تەیمانەکەوە وەستا بوو، بە شێوەیەکی خەمئەنگێز سەری داژەندبوو، لاقەبرغەکانی، کە لە ئارەقەدا رەش هەڵگەڕا بوون، بەدەم هەناسەدانەوە بەرزو نزم دەبوونەوە، خوێن لە ملیەوە بەسەر ماسولکەکانی سینگ و بەرۆکیەوە دادەچۆڕاو دەڕژایە سەر بەفرەکە. هەموو ئازای، پشتی و تەنگە و لاتەڕافەکانی لە ئازارا دەهەژی.

میرون گریگۆروفیچ، بەغار خۆی گەیاندێ تا تەمەشای زامەکەی بکات. شەبەقی زامێکی پەمەیی قووڵ کەوتبووە ملی، دەستێکی پێدا دەچوو، بۆری هەناسەی دیار بوو. میرون گریگۆروفیچ یاڵی ئەسپەکەی گرت و سەری بەرزکردەوە. ماینەکە چاوە وەنەوشەییە رەخشانەکانی، راست بڕینە ناو چاوی خاوەنەکەی لە تۆ وایە لێی دەپرسێت: "تەگبیر؟" میرون گریگۆروفیچ لە وەڵامی پرسیارە بێدەنگەکەی ئەودا هاواری کرد:

- میتکا، خێراکە بڵێ جۆشانەی تۆیکڵی بەڕوو دروستبکەن! دەی بە غار.

گتکۆ ڕۆیی و هەندێك تۆیكڵی لە دار بەڕوویەك کردەوە، گرێی گەرووی، بەسەر گەردنە چڵکنەکەیەوە بەرزو نزم دەبووەوە. میتکا چوو بۆ لای باوکی، چاوێکی هەر لە جوانەگایەکە بوو، کە بەناو بەفری حەوشەکەدا بە چوار دەوری خۆیدا دەسوڕایەوەو دەی بۆڕاندو لە نێو بەفرە سپییەکەدا هێندەی دی سوور دەینواند.

میرون گریگۆروفیچ دەستووری بە میتکادا:

- یاڵەکەی بگرە! میخی برۆ دەزوو بێنە! خێرا تا دەمو قەپۆزم نەشکاندوویت!..

قەپۆزی سەرەوەی ماینەکەیان، کە چەند تاڵە موویەکی لێروابوو، بە پەتێك بەست تا حەیوانەکە هەست بە ئازار نەکات. باپیرە گریشاکا بە لەقەلەق هات، جۆشانەکەیان، کە رەنگی لە رەنگی بەری بەڕوو دەچوو، لە تاسێکی چینکۆی لووسدا هێنا.

- داینەن با سارد بێتەوە، دڵنیام گەرمە، میرون گوێت لێمە یان نا؟

– باوکە، تکایە بچۆ ژوورەوە، لێرە سەرمات دەبێ.

– پێمگوتی وازی لێبێنە با سارد ببێتەوە. دەتەوێ ماینەکە بکوژی؟

زامەکەیان پاك شت. میرون گریگۆروفیچ، بە قامکە تەزیوەکانی داوەکەی کرد بە دەرزیەوەو دەستی بە دوورینەوەی زامەکە کرد. زامەکەی جوان‌و پوختە دووروەوە. هەمووی چەند هەنگاوێك لە بیرەکە دوور نەکەوتبووەوە کە لوکی نیچنا بە هەڵە داوان لەماڵەوە هات، گۆنا چرچ‌و لۆچ‌و داچەکێوەکانی، زەرد هەڵگەڕا بوون و ترس‌و نیگەرانیان لێنیشتبوو. مێردەکەی گازکردە لاوە.

– میرون، ناتالیا هاتووەتەوە. خودایا!

میرون گریگۆروفیچ، ڕەنگی هەڵبزڕکا، پرسی:

– دیسان چی بووە؟

– گریگۆری... لە ماڵی بابی ڕۆییوە!

لوکی نیچنا، وەکو قاژوویەك خۆی بۆ فڕین ئامادە کردبێ، هەردوو باڵی کردبوونەوە، هێند بە قایمی دای هێنانەوە، شپڵەی لە ڕانی هەستاند. هەنگێ بەدەم گریانەوە گوتی:

– تەواو، حەیامان چوو، دەبین بە بنێشتە خۆشەی ژێر دانی هەموو خەڵکی گوند! خودایا، ئەمە چ بەدبەختی‌و نەگبەتیەکە!...

ناتالیا، لەچکێکی لەسەر کردبوو، چاکەتێکی کورتی زستانەی لەبەر کردبوو و لە ناوەندی مووبەقەکەدا وەستا بوو. دوو فرمێسکی چکۆلە بە برژانگەکانیەوە نووسا بوون‌و نەدەکەوتن. گوناکانی سوور بوو بوونەوە.

بابی، هەر کە خۆی بە مووبەقەکەداکرد، بەرەو ڕووی چوو و گوتی:

– بۆچی هاتوویەوە؟ مێردەکەت لێی داوی؟ پێکەوە هەڵناکەن؟

ناتالیا، کە گریەی وشکی خۆی دەخواردەوە، بەلادا هات، لە بەردەم بابیا بە چۆکا هات‌و بەدەم هەنسکەوە گوتی:

– ڕۆیی! باوکە گیان، ژیانم لە دەست چوو. بمهێنەوە لای خۆت...داڵدەم بدە... گریگۆری دەگەڵ ماشقەکەیدا ڕۆیی، بە تەنیا جێی هێشتووم. لە قوڕی ڕەشی نام!

ناتالیا، بە پچڕ پچڕی قسەی دەکرد. قسەکانی پێ تەواو نەدەکرا. لە ژێرەوە، بە روخساری پاڕانەوە ئامێزەوە، دەیڕوانیە ردێنە سوورەکەی بابی.

– هێدی، هێدی، جارێ...

– من ناتوانم لەوێ بژیم، بەدیار چیەوە دابنیشم! بمهێنەوە لای خۆت!

ناتالیا، لە سەر چۆکان خۆی گەیاندە یەغدانەکە، سەری، کە بەدەم گریانەوە دەلەرزی، نایە سەر هەردوو قۆڵی، لەچکەکەی بەسەر پشتیا داخزی، قژە ڕەشە خاوە شانەکراوەکەی بەسەر گوێچکە سپیەکانیا پەخش بووەوە. فرمێسك وەکو بارانێکی کوت‌و پڕی بێبارانیەکی ڕۆژانی مانگی ئایار لەچاوانی دەباری. دایکی ناتالیا، سەری کچەکەی نا بەسکە قوپاوەکەیەوە و بە عادەتی ژنان، بە قسەی گەوجانەو دایکانە کەوتە دڵدانەوەو هێورکردنەوەی. بەڵام میرون

گریگۆروفیچ، کە لە حەژمەتانا کەف دەچەڕی، بە تووڕەیی خۆی گەیاندە پلەکانی بەر دەرگای ژوورەوە.

– هەردوو خزاگەکە ئامادە بکەن!

کەڵەشێرێك کە لەبەر پلەکاندا خەریك بوو بەسەر مریشکێکدا دەفسی، لە دەنگە زلەکەی میرون ترسا، خۆی هەڵدایە خوارەوەو سەلاّنە سەلاّنە بەرەو عەماری گەنمەکە رۆیی و بە تووڕەیی کەوتە قدەقد.

– ئەسپەکان لە خزاکەکان ببەستن!..

میرون گریگۆروفیچ بە لەقە دەیکێشا بە محەجەرە کەندەکاریەکانی قاڵدرمەکەی بەر دەرگاداو خواری کردەوە. گتکۆ بە غار جووتێ ئەسپی رەشی لە تەویلەکە هێنانە دەرێ، بەدەم رێوە، هەوسارو زینی کردن. میرون گریگۆروفیچ، محەجەرەکەی بەو دەقەوە بەجێهێشت و هاتە ژوورەوە.

میتکاو گتکۆ سوار بوون و چوون بۆ ماڵی میلیخوف تا جیازی و شتەکانی ناتالیا بێننەوە، گتکۆ، ئۆکراینی گێژو وێژ لە رێگا بێچووە بەرازێکی کردبووە ژێرەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "رەنگە ئەم کێشەیەی ناتالیا، مەسەلەی ماینەکە لە بیر ئاغا بەرێتەوە، جارێ کەوتووە بە کۆستی کچەکەیا" بە خۆشیەوە جڵەوی ئەسپەکەی شل کرد، بەلاّم لەپڕ بیری گۆڕا، چارەی دا بە یەکا: "بەلاّم نا، ئەم پیرە شەیتانە، هیچ شتێکی لە بیر ناچێتەوە." دەی لە ئەسپەکە کرد، هەوڵی دەدا، ناسکترین شوێنی ئەسپەکە بەر قامچی بدات.

((١٤))

یەڤگینی لیستنتسکی، لە بەتالیۆنی گاردی تایبەتی، ملازم بوو. کاتێ کە لە پێشبڕکێی لەمپەربازی ئەفسەراندا لە ئەسپەکەی گلا بوو، شانی چەپی شکا بوو، کە لە نەخۆشخانە هاتبووە دەرێ، مۆڵەتی مانگ و نیوێکی وەرگرتبوو و چوو بوو بۆ یاگودنویە تا مۆڵەتەکەی لەوێندەر لای بابی بەسەر بەرێت.

جەنەراڵی پیر، کە ژنەکەی لە مێژ بوو مرد بوو، بە تاقی تەنیا لە یاگودنویە دەژیا. لە سالاّنی هەشتایەکانی سەدەی نۆزدەدا، ژنەکەی لە دەوروبەری شاری وارشۆ لە دەست دابوو. بە قەستی کوشت تەقەیان لە جەنەراڵی قۆزاق کردبوو، بەلاّم گوللەکە بەر ژنەکەی و کابرای عەرەبانچی کەوتبوو و عەرەبانەکەی لە چەندین شوێنەوە کون کردبوو و ژنەکەی و عەرەبانچیەکە مرد بوون، جەنەڕاڵ خۆی و یەڤگینی کوڕی کە تەمەنی دوو سالاّن دەبێ، بە سەلامەتی دەرباز بوو بوون. جەنەراڵ دوای ئەم رووداوە، ئیستیقالەی دابوو و چوو بوو بۆ یاگودنویەی موڵکی خۆی، ئەم موڵکە کەوتبووە ستانی ساراتوفەوە، موڵکێکی گەورە بوو، نزیکەی چوار هەزار دسیاتین بوو، ئەم موڵکە وەکو پاداشت درابوو بە باپیرە گەورەی، لە جیاتی ئەوەی لە جەنگی نیشتمانی ساڵی ١٨١٢دا دەورێکی گەورەی بینی بوو، بەڵێ لەوێ گیرسایەوەو کونجی قەناعەتی گرت.

کاتێ یەڤگینی کوڕی گەورە بوو، ناردیە کۆلیژی عەسکەریو بە خۆیشی کەوتە خزمەتو بەڕێوەبردنی کاروباروی مەزراومولکەکەی. ئەسپی ڕەسەنی کڕی، دەگەڵ باشترین ماینی ئینگلیزیو(یەڵخی پروفالسکی) ناوچەی دۆندا جووتی کردنو نەژادە ئەسپێکی تازەی بۆ خۆ بەدەست هێنا. ئیدی جگە لەو زەوی وزارەی پێی بڕا بوو زەوی وزارێکی دیکەشی کڕی بوو، بۆ خۆی لەوێدا پەزو مالاتو ولساتی بەخێو دەکرد، کشتوکاڵی دەکرد، دانەوێڵەی دادەچاند... هەڵبەتە بە دەستی خۆی نا، بەڵکو پاڵەو ڕەنجبەرو وەرزێرانی رادەگرتو بەکرێ کاریان بۆ دەکرد. لە پایزو زستاندا سواری ئەسپ دەبوو، تولەو تانجی دووی خۆی دەخستو دەچووە ڕاو. ناو بە ناویش کونجی هۆڵە سپیەکەی دەگرتو سەری دەکردە خواردنەوەو بە چەند هەفتە لەوێ دەمایەوە. نەخۆشی گەدەی لەگەڵا بوو، دکتۆر خواردنی ڕەقو توندیان لێقەدەغە کردبوو، هەر خواردنێکی لەو بابەتەی خواردبا، تێر دەیجوو، شیلەکەی دەخواردو تلپەکەی دەتفانەوە ناو قاپێکی زیوین، کە خزمەتکارێکی گەنجی جووتیار زادەی هەبوو بە ناوی ڤینیامین، ئەم خزمەتکارە لە کاتی نانخواردنا بەو قاپەوە بە دیاریەوە دەوەستا، تا ئاغا تلپەکەی دەمی تێ بتفێنێتەوە.

ڤینیامین، کوڕێکی ڕەش ئەسمەری کەمێك گێلۆکە بوو، قژێکی ڕەشی بژی پڕی هەبوو، دەتگوت مەخمەلە، شەش ساڵ بوو خزمەتی لیستنتسکی دەکرد. لە سەرەتاوە کاتێ کە بە دیار جەنەراڵەوە دەوەستاو قاپە زیوەکەی بۆ رادەگرت تا پارووە جوراوەکەی تێ تفبکاتەوە، دڵی تێك هەڵدەهاتو بێزی لێدەکردەوە. بەڵام وردە وردە ڕاهات.

جگە لە ڤینیامین، کۆمەڵێك ڕەنجبەرو خزمەتکاری دیکەشی هەبوو، لەوانە: لوکریا، ئەمە ژن بوو و کاری ئاشپەزی دەکرد. ساشکا کە مەیتەرو ئەسپەوان بوو، پیاوێکی زورهانو فەرتووس بوو. تیخون کە شوان بوو، لەگەڵ گریگۆریدا کە تازە بوو بوو بە عەرەبانچی،و ئەکسینیا. لوکریا، کە ژنێکی دەموچاو کونجی، سمتو کەفەڵ پان بوو و، سمتو کەفەڵی دەتگوت تۆپەڵێك هەویری پانەوە بووە، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، ڕێگەی نەدابوو ئەکسینیا لە وەچاخ و کوانگەکە نزیك ببێتەوە:

– کەی ئەڕباب، لە هاوینا ڕەنجبەر و کرێکاری زیادەی هێنا هەنگێ دەتوانی چێشت لێبنەی، جارێ من بە تەنیا دەرەقەت دێم، دەتوانم کارەکان ڕایی بکەم.

کاری ئەکسینیا ئەوە بوو کە هەفتەی سێجار ناو هەموو ژوورەکانی خانووەکە بشوات، دانی مریشكو پەلەوەرەکان، کە ژمارەیان یەجگار زۆر بوو، بداتو کولانەکەیان پاك بکاتەوە. ئەکسینیا زۆر بە جدی کاری دەکرد، هەوڵی دەدا هەمووان بە لوکریای ئاشپەزیشەوە لە خۆی ڕازی بکات. بەڵام گریگۆری، زۆربەی کاتی خۆی دەگەڵ ساشکای مەیتەردا، لە تەویلەکەدا بەسەر دەبرد. ساشکا پیاوێکی پیر بوو، سەری پاك سپی بوو، کەچی هەر بەناوی ساشکاوە بانگیان دەکرد، هیچ کەسێك بە ناوی خۆیو باوکیەوە، وەکو ڕێزو حورمەت وای دەخواست، گازی نەدەکرد. بەڵام ناوی فامیلو شۆرەتی، تەنانەت خودی (لیستنتسکی)ش کە بیست ساڵ بوو ئەم ساشکایە لای ئەو کاری دەکرد، نەیدەزانی، ساشکا لە گەنجیدا عەرەبانچی بوو، بەڵام دوای

ئەوەی پیر بوو، تاقەت و شنگی جارانی نەما، چاوەکانی کز بوون، بوو بە میر ئاخوڕو مەیتەر. کابرایەکی کورتە بالاّی تووکن بوو. مووی لەشی، سەراپا، بە دەستەکانیشەوە، سپی بوو بوو.

سپییەکی ئامال سەوز، لووتی کە بە مندالّی گورزێکی وێکەتبوو، پان بوو بووەوە. هەمیشە بزەیەکی مندالاّنە بەسەر لێویەوە بوو، چاوەکانی بەردەوام دەتروکاند، زۆر ساکارانە و سادە دەیڕوانیە دنیای دەوروبەری. لووتە فسەکەی و لێوی خوارەوەی کە شوێنەواری کۆنە زامێکی پێوە دیاربوو، سیما فریشتەییەکەیان شێواند بوو. ساشکا رووسی و، خەڵکی بوگوجار بوو، لە سەربازیا، جارێك سەرخۆش دەبێت، لە جیاتی ڤۆدگا، بوتڵێك ئەسید دەنیّ بەسەرەوە، گڕ دەگرێت و لێوی خوارەوەی بە چەناگەیەوە دەنووسێت. ئەو شوێنەی ئەسیدەکەی پێدا رژا بوو، بوو بوو بە جیّ برینێکی کەوەیی، پێکەنیناوی، کە مووی لیّ نەدەڕوا، لە تۆ وایە، حەیوانێکی دڕندە ردێنی لستوەتەوەو وەکو بڕبەند رنیویەتی و ئاوا لووسی کردووە. ساشکا، کوشتەی ڤۆدگا بوو، کە مەست دەبوو، نەشئە دەیگرت، بە کەش و فشێکی ئەوتۆوە بە ناو موڵك و مەزراکەدا دەسوڕایەوە لە تۆ وایە ئەو خاوەنیەتی. پێی بە ئەرزا دەکوتا، دەچووە ژێر پەنجەرەی ژووری نووستنەکەی لیستنتسکی پیرەمێردو قامکی شادەی دەنا بە لووتە کۆمیدیەکەیەوەو بە دەنگی بەرز بانگی دەکرد:

– میکولای لیکسییچ*! (مەبەستی نیکولای ئالیکسییچ بوو) ئەهای میکولای لیکسییچ!

ئەگەر لیستنتسکی پیرەمێرد، بە رێکەوت لەو کاتەدا لە ژوورەکەی خۆیدا بوایە، دەهاتە بەر پەنجەرەکەو دەی نەڕاند:

– دیسان خواردووتەوە، هەی نارەسەن!

ساشکا پانتۆڵەکەی هەڵدەکێشا، چاوێکی دادەگرت و بزەیەکی بە ماناوەی دەکرد، بزەکە بەسەرانسەری روخساریا بلاّودەبووەوە: لە چاوی چەپیەوە دەهات و دەگەییە جێی کۆنە زامە سورباوەکەی کەناری راستی دەمی. راستە بزەیەکی خوارو خێچ بوو بەلاّم بە رەونەق بوو.

ساشکا، لە جێی خۆیەوە دەکەوتە سەما، بە قامکە پیسە لاوازەکەی هەڕەشەی لە جەنەڕاڵ دەکرد:

– میکولای لیکسییچ، پایەبەرز، من دەتناسم!

جەنەڕاڵ، بەدەم بزەیەکی ئاشتیانەوە دەیگوت:

– بڕۆ بنوو!

ئەوسا بە هەر پێنج پەنجەی، کە لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد بووبوون، سمێڵە شۆڕەکەی بادەدا.

ساشکا، بە دەم پێکەنینەوە لە محەجەرەکە نزیك دەبووەوە:

– کەس ناتوانیّ کلاّو لەسەر ساشکا بنیّ! میکولای لیکسییچ تۆش... وەکو منی. تۆو من، هەردووکمان وەکو ئاوو ماسی واین، ماسی لە ئاوایەو ئێمە لە ئەرزا، تۆو من، هەردووکمان دەوڵەمەندین، ئەوەندە دەوڵەمەندین – هەردوو بازوو و لاقەکانی بلاّو دەکاتەوە، تا رادەی دەوڵەمەندییەکەیان نیشان بدات– ئەوەندە دەوڵەمەندین لە سەرانسەری ئاقاری دۆندا هەموو

کەس دەماننناسن. ئێمە... ( لە پڕ دەنگی ساشکا کزو خەمناك دەبێ) ئێمە هەردووکمان، قوربان هەموو شتێکمان باشە، تەنیا لووتمان نەبێ، کە بۆگەنەو پولێکی قەلْپ نایەنێ.

ئاغای، کە لە پێکەنینا سوور بوو بووەوە، دەپرسێت

– بۆچی؟

ساشکا، بە پچڕ پچڕی دەڵێت:

– بە هۆی ڤۆدگاوە.

بە پەلە چاوێك دادەگرێت و لیکاوی سەر جێ برینەکەی دەلێسێتەوەو لەسەری دەڕوات:

– میکولای لیکسییچ، ئەوەندە ڤۆدگا مەخۆوە، ئەگینا هەردووکمان، تۆو من، نابووت دەبین، هەر چیەکمان هەیە لەسەر خواردنەوەی دادەنەین!...

ئاغا، لە پەنجەرەکەوە سکەیەکی بیست کوپیکی بۆ هەڵدەداتە خوارەوەو دەڵێت:

– بیگرە، بڕۆ بایی هەمووی بخۆرەوە.

ساشکا، سکەکە هەڵدەگرێتەوە، دەیخاتە تویێی ئەستەڕی کلاوەکەیەوەو ئاهێك هەڵدەکێشێت و بەدەم رۆییشتنەوە دەڵێت:

– زۆر باشە، سوپاس، خوا حافیز جەنەراڵ!

جەنەڕاڵ، کە دەزانێ چیتر لە دوای ئەمەوە دێت، زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات و دەپرسێت:

– ئەسپەکانت ئاو داوە؟

ساشکا، یەکسەر دەموچاوی شین و مۆر دەبێتەوە، دەنگی تێکەڵ و پێکەل دەبێت و دەڵێت:

– ئاه، بزانە ئەم ئەسپێی کراسە کۆنە، ئەم شەیتانە، ئەم بەرازی خوانەناسە! ئەم سەگ دایکە (ساشکا لە تورەییدا بە جۆرێ دەلەرزێ، لە تۆ وایە تای هاتووەتێ) یانی ساشکا، ئەو پیاوەیە کە بیری بچێت ئەسپەکان ئاو بدات؟ ها؟ ئەگەر لە سەرە مەرگیشا بم، بەسینگە خشکێ دەڕۆم و سەتڵێ پەیدا دەکەم و ئاویان دەدەم. تۆ بزانە چی بە خەیاڵدا هاتووە!... بە ڕاستی !.

پیرە مەیتەر، ئەم سووکایەتیەی لەبەر گران دەبێ، بە تووڕەیی دەڕوات و بەدەم جنێودانەوە، کۆڵەمستی دەگوشێت. جەنەراڵ، چاوپۆشی لە هەموو شتێکی ساشکا دەکرد، چاوپۆشی لە بادەنۆشیەکەی، لە سیوابوونەوەکەشی کە خۆی بە هاوتای جەنەراڵ دەزانی، دەکرد. چونکە مەیتەرێکی بێهاوتا بوو، نەیدەتوانی دەستبەرداری بێت، هاوین و زستان لە تەویلەکەدا، لە ناو ئاخوڕێکی بەتاڵدا دەنووست. کەس وەکو ئەو لە زمانی ئەسپانی نەدەزانی، هەم مەیتەرو هەم بەیتاڵی ئەسپەکان بوو، هەموو بەهارێك، لە مانگی ئایاردا، وەختێ گیا گوڵی دەکرد، ساشکا دەکەوتە دەشت و دەران و ، رەگ و ریشەی گیادەرمانی هەڵدەکەند و کۆدەکردەوە. جۆرەها گورزە گیای وشکەوە بوو بەسەر دیواری تەویلەکەوە هەڵواسرابوو: بۆمارانە بۆ دەرمانی هەناسە تەنگی ئەسپان، گیای چاومارانە بۆ تیماری وەزەنی ماران. گیای پەلکەڕەش بۆ دەرمانی سم یەشەی ئەسپان، هەروەها گیایەکی چکۆلەی سپی کە لە بن دار چنارانداا دەڕوا بۆ دەرمانی فتق، ئەمە جگە لە زۆر گیانی دیکەی نەناسراو بۆ دەرمانی هەموو جۆرە نەخۆشی و ئازارێکی ئەسپان.

زستان‌و هاوین، لە تەویلەکەدا، لەو ئاخوڕەوە کە ساشکا تیایا دەنووست، بۆنێکی خۆشی تیژ دەهات، وەکو داوی تەنکی جاڵجاڵۆکە لە دەم‌و لووت دەئاڵا و گەرووی دەکردەوە. تەختێکی سەفەری هەبوو، بڕێك وێنجەی پەستاوتەی، ڕەق وەکو بەردی لەسەر دانا بوو، نەرمە زینێکی پێدا دابوو، لە سەرووی ئەوەشەوە پۆستینەکەی ساشکای پێدا درابوو کە یەکپارچە بۆنی ئارەقەی ئەسپ بوو. ساشکا لە دارای دنیادا جگە لەو پۆستین‌و چاکەتە چەرمەی کە جێگاکەی پێ داپۆشی بوو هیچی تری نەبوو. بەڵام تیخون، کە قۆزاقێکی زەلامی کەتەی گێلۆکە بوو، دەگەڵ لوکیریادا دەژیا، بێهیچ هۆیەك ژێراو ژێر غیرەی لە ساشکا دەکرد. مانگی جارێك بەرۆکی کراسە چڵکنەکەی ساشکای دەگرت‌و دەیبردە حەوەشە چکۆلەکەی ئەو دیوەوە:

– پیرەمێرد، دەوروخولی ژنەکەم مەدە.

ساشکا، چاوێکی بەماناوە دادەگرێت:

– ئەمە وەستاوەتە سەر...

تیخون لێی دەپاڕێتەوە:

– وازی لێبێنە، بابۆ!

– گیانەکەم، من حەزم لە ژنانی کونجە، ئەگەر ژنی کونجم دەست بکەوێ، ئامادەم قۆدگا تەرك بکەم. ژنی کونج حەیاتە. ئەو چاو باشقاڵانە تا کونجتربن، زیاتر ئاشقە پیاو دەبن!.

– بابە ئەمە بۆ تەمەنی تۆ شەرمە، گوناحە...تۆ بەناخێرت حەکیمی، ئەسپان دەرمان دەکەی، ئاگاداری کەلامی خوای.. دنیات جەڕباندووە...

ساشکا، لەسەری دەڕوات و زیاتر پێ دادەگرێت:

– من دەتوانم هەموو شتێك دەرمان بکەم.

– باپیرە، وازی لێبێنە، بەس دەوری بدە، ئاخر گوناحت دەگا.

– کوڕم، من ئەم لوکیریایە هەر رام دەکەم، ئەم چاو باشقاڵە، ئەم هەرزەی بەر بەتاوەت، لێزەوت دەکەم، لە ئێستاوە خوا حافیزی لێبکە، چونکە هەرچۆنێ بووە لێتی داگیر دەکەم. لە هەویری هەڵاتەی بەمێوژ دەچێ، بەڵام مێوژەکەیان لێدەرهێناوە، بۆیە کەمێك شیرنگرۆێ بووە، من حەزم لەو جۆرە ژنانەیە!

تیخون، ئاهێك هەڵدەکێشێت، چەند سکەیەکی مس، لە کیسەی توونەکەی دەردێنێ‌و دەیداتێ: "ها بگرە، لێم نزیك نەبیتەوە ها، دەنا بتگرم دەتگوژم!"

هەموو مانگێك ئەم بەزمە دووبارە دەبووەوە.

ژیان لە یاگودنویەدا، بە خاوی دەڕۆیی. ئەم موڵك‌و مەزرایە لە هەر ڕێگاو جادەیەکی قەرەباڵغ‌و پڕ هاتوچۆوە دوور بوو، کەوتبووە دۆڵێکی دوورە دەستەوە، هەرکە پایز دەستی پێدەکرد، ئیدی لە ناوەندی شارو هەموو گوندو ئاواییەکانی دی دادەبڕا. شەوانی زستان گەلەگورگ لە لێڕەواڕو جەنگەڵانەوە وەدەردەکەوت‌و تا سەر ئەو گردەی دەم مەزرایەکە دەهاتن‌و بە لورە لور ئەسپەکانیان هەراسان دەکرد. تیخون، تاپڕە دوو لوولەکەی ئاغای هەڵدەگرت و دەچوو بۆکەناری باخەکە، تا لەوێندەرەوە تەقەیان لێبکات و بیانڕەوێنێتەوە. لوکیریا، سمت‌و

کەفەڵـە زەلامەکـەی، لـە بەتانیـە زبرەکەیـەوە دەپێچـاو چـاوە چـکولەکانی، کـە لـە گۆنـا قەڵـەوە کونجەکانیا نقوم بوو بوون، دەبڕینە تاریکییەکەو بەبێ جوڵە چاوەڕوانی دەنگی تەقەی دەکرد. ئیدی لەو ساتانەدا تیخونی کەچەڵی ناشیرینی، بە خەیاڵ دەکرد بە گەنجێکی قۆزی ئازاو بوێرو بێباك، کاتێ کە دەنگی دەرگا دەهـات و تیخون وەکو تاپۆیـەکی نێو تەمومـژان وەژوور دەکـەت، لوکیریا لەسەر جێگاکە جێی بۆ دەکردەوەو ئەوجا بە کۆمەڵێك قسەی ئاشقانە پێشوازی دەکردو جەستەی سەراپا لە سەرما تەزیوی، لە هەمێز دەگرت.

یادگودنویە، هاوینان، تا دەرنگانی شەو، دەنگ و هەراو هەنگامەی کرێکاران و رەنجبەرانی لێنەدەبڕا. ئاغا نزیکەی چل دەسیاتین زەوی بە جۆرەها دانەوێڵە تۆو دەداو بۆ دروینەوەیانیش، ژمارەیەك سەپان و پاڵەی بەکرێ دەگرت. هەندێجار، یەڤگینی هاوینان دەهاتەوە و ماوەیەکی لە موڵك و مەزراکەدا بەسەر دەبرد. بە باخەکەدا دەسوڕایەوە، دەچووە مێرگەلان و بێزارو بێتاقەت دەبـوو. بـەیانیان، لـە حـەوزو ئەسـتێلەکەدا، بەپـەت و قـولاپ ڕاوە ماسـی دەکـرد. کـوڕێکی دەستەبالای سینگ شێر بوو، قژی بە شێوەی قۆزاقان هەڵدەدایەوەو بەلای راستدا دایدەهێنا، قەمسەڵەیەکی ئەفسەری پڕ بە بەری لە بەردا بوو کە زۆر جوانی لێدەهات.

گریگۆری و ئەکسینیا کە لەوێ گیرسانەوە، لە رۆژانی هەوەڵەوە گریگۆری زۆر جار دەچووە نك یەڤگینی. ڤینیامین، بە پێکەنینەوە دەهات، سەری دادەخست و بە گریگۆری دەگوت:

– گریگۆری، ئاغازادە تۆی دەوێ، بڕۆ بو لای.

گریگۆری، دەڕۆیی بۆ ژوورەکەی یەڤگینی، لەبەر دەرگا دەوەستا.

یەڤگینی نیکولایوفیچ، بزەیەکی بۆ دەکرد، ددانە گەورەو شاشەکانی دەردەکەوتن، بە ئاماژەی دەست کورسیەکی نیشان دەدا:

– دانیشە.

گریگۆری لە قەراخ کورسیەکەوە دادەنشیت.

– ئەسپەکانمان چۆن دەبینی؟

– ئەسپی چاکن، ئەسپە شینباوەکە هەر زۆر چاکە.

– زوو زوو بیبە دەرێ، مەشقی پێبکە، بەڵام وریا بە نەیەڵی چوارناڵە بکات.

– باپیرە ساشکا پێی گوتووم.

– ئەدی، کوێتەکەت بەلاوە چۆنە ؟

– ئەسپە کوێتەکە دەفەرمووی؟ زۆرچاکە. بەڵام سمێکی تەواو نییە، ناڵەکەی لەقە، دەبێ ناڵەکەی بگۆڕم.

ئاغازادە، چاوە کەوەییە گەشەکانی چکۆلە کردنەوەو پرسی:

– لە مانگی ئایاردا، دەچیتە ئۆردوگای مەشق، وانیە؟

– بەڵێ، جەنابی ملازم.

– بە ئاتامان دەڵێم، کە نەت نێرێ بۆ مەشق.

– مەمنوونی جەنابتم قوربان.

سووکە بێدەنگییەك باڵی بەسەراکێشان. ملازم یەخەی قەمسەڵەکەی کردەوەو سینگە سپیەکەی کە لە سینگی ژنان دەچوو، خوراند.

– باشە، تۆ ناترسیت مێردەکەی ئەکسینیا بێت و لێتی بسەنێتەوە؟

– نا، وازی لێهێناوە، جارێکی دی نایەوێتەوە.

– چۆن دەزانی، کێ پێی گوتی؟

– وەختێ کە چووم بۆ ناحیە تا بزماری ناڵ بکڕم، یەکێکی خەڵکی گوندەکەی خۆمانم بینی گوتی ستیپان سەری کردووەتە خواردنەوەو دەڵێت "ئامادەنیم تاقە پولێك لە پێناوی گەڕانەوەی ئەکسیوشا خەرج بکەم و یەکێکی لەو باشترو بەجۆشتر پەیدا دەکەم.".

ملازم، لە فکران ڕاچوو، نیگای بڕیە دوور، بەدەم بزەیەکی شەهوەتامێزەوە گوتی:

– ئەکسینیا ژنێکی جوانە.

گریگۆری، گوتی:

– خراپ نییە.

ڕەنگی تاریك بوو.

مادونیەکەی (مۆڵەت) یەڤگینی لە تەواو بوونابوو. پێویستی بەوە نەما بوو، دەستی هەڵبەستێ و لە ملی بکات. دەیتوانی بە ئارەزووی خۆی، بێئەوەی ئانیشکی خوار بکاتەوە، هەڵی بڕێت.

یەڤگینی، لە دوا ڕۆژانی مادونیەکەیدا، زۆرجار دەچوو بۆ ژوورەکەی گریگۆری. ئەکسینیا ژوورەکەی، کە دیوارەکانی کەڕووی کردبوو، پاك پاك کردبووەوە، تەڕاوی کردبوو، چوارچێوەی پەنجەرەکەی شت بوو، زەمینەی ژوورەکەی سواغ دابوو. گەرم و گوڕی و، ڕێك و پێکی و، نەزم و نیزامێکی ژنانە بە ژوورە چکۆلەو کەم کەل و پەلەکەوە دیاربوو، ملازم یەڤگینی چاکەتێکی ماهوتی شینی بە شانیا دەداو دەهات بۆ بنیای تایبەتی خزمەتکارو ڕەنجبەرەکان، زیاتر لەو کاتانەدا دەهات کە گریگۆری مژوولی ئەسپەکان بوایە. سەرەتا دەچوو بۆ مووبەقەکە،یەك دوو دەقیقەیەکی بە شۆخی و حەنەکان دەگەڵ لوکیریادا بەسەر دەبرد، پاشان دەچوو بۆ ژوورەکەی دی. لەسەر چوارپایەیەکی نزیکی سۆپاکە دادەنیشت، خۆی کووڕ دەکردەوە، بە چاوانی خەندان و بێشەرمەوە دەیڕوانیە ئەکسینیا. ئەکسینیا دەشڵەژا، قولاپی گوڵدۆزی و چنینەکە لە نێو قاقکەکانیا دەلەرزی.

ملازم، دووکەڵی جگەرەکەی لە دەمیەوە دەردەدا، ژوورە چکۆلەکە پڕ دەبوو لە دووکەڵی شینباوی جگەرە. ئەوجا دەیپرسی:

– ئەکسینیوشکا، حاڵت چۆنە؟

– زۆر باشم، سوپاست دەکەم.

ئەکسینیا، سەری هەڵدەبڕی، نیگای لە نیگای ملازم هەڵەنگوت کە نیگای نەوسنی، بە بێدەنگی ئارەزووە پەنهانەکانی دەردەبڕی. ئەکسینیا ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا. حەزی لە نیگای

نەوسنی یەڤگینی نیکولایوفیچ نەدەکرد. بە پەلە پرۆزێ وەڵامی پرسیارە بێ بایەخەکانی ملازمی دەدایەوە. بە دوای بیانوویەکا دەگەڕا کە خۆی بدزێتەوەو خێرا لە ژوورەکە وەدەربکەوێ.

– من دەڕۆم، دەبێ فریای مراویەکان بکەومو دانیان بکەمە بەر.

– پەلەت چیە، هێشتا زووە.

ملازم پێدەکەنی، لاقەکانی، لە نێو قاڵبی تەنگی پانتۆڵی سواریەکەیدا دەلەرزین:

یەڤگینی بە دوورو درێژی، پرسیاری ژیانی رابردووی لێدەکرد، دەنگی گڕ، عەینی دەنگی باوکی بوو. بە چاوە گەشو سافەکانی، کە دەتگوت ئاوی زوڵاڵی کانیاوانە، ئەکسینیای رووتو قووت دەکردەوە.

گریگۆری، دوای ئەوەی لە کارەکانی دەبووەوە دەهاتەوە. ئەو گڕەی کە تۆزێ لەوە پێش لە چاوانی ملازمەوە بڵێسەی دەسەند، دادەمرکایەوەو جگەرەیەکی بە گریگۆری دەداو دەڕۆی. گریگۆری بێئەوەی تەمەشای ئەکسینیا بکات، بە ئەسپایی دەیپرسی:

– بۆچی هاتبوو؟

ئەکسینیا، بیری لە نیگا نەوسنەکانی ملازم دەکردەوە، بەدەم پێکەنینێکی زۆرەکیەوە وەڵامی دەدایەوە:

– چوزانم؟ لە پڕ هاتە ژوورەوەو لێیدانیشت. ئا ئەلێرەدا، ئاوها (ئەکسینیا تەمسلیی دانیشتەکەی ملازمی بۆ گریشا کردەوەو پێی نیشان دا کە چۆن پشتی کووڕ کردبووەوەو دانیشتبوو) ئەوەندە دانیشت تاقەتم چوو. ئەژنۆ تیژەکانی دەهەژاند.

گریگۆری لە تووڕەییدا چاوی دەپەڕێتە تۆقی سەری:

– تۆ خوڵکت کرد بێتە ژوورەوە؟

– چ پێویستیەکم پێەتی؟

– ئاگادار بە، ئەگینا، رۆژێك بە شەق لێرە دەیکەمە دەرەوە!

ئەکسینیا، بە دەم بزەیەکی گومانامێزەوە روانیە گریگۆری، نەیدەزانی ئاخۆ بەڕاستیەتی یان سوعبەت دەکات.

((١٥))

زستان، لە هەفتەی چوارەمی رۆژووی گەورەدا، ماڵاوایی کرد. بەفرو بەستەڵەکی سەرانسەری کەنارەکانی دۆن کەوتە توانەوە، ریشاڵ ریشاڵ بوو و عەینی ئیسفەنج هەڵکفاو شین هەڵگەڕا. ئێواران دەنگێکی نزمی زەمزەمە ئاسا لە شاخو گردەکانەوە دەهاتە گوێ، ئەمە بە گوتەی پیرەمێران نیشانەی ئەوە بوو کە جارێکی دی زوقمو خوسارو بەستەڵەك دەست پێدەکاتەوە. بەڵام لە راستیا بەستەڵەك لە توانەوەدا بوو. بەیانانی زوو تەنکە زوقمو بەستەڵەك لە ژێر پێیاندا خرچە خرچ دەشکانو دەنگیان دەدایەوە، بەڵام لە دەوروبەری نیوەڕۆدا زەوی دەردەکەوتو نێر دەبووەوە، بۆنی مانگی ئادار، بۆنی توێکڵی یەخ بەستەی درەختی گێلاسو بۆنی پڵوپوشی رزیو، دنیای پڕ دەکرد.

میرون گریگۆروفیچ، بەرەبەرە خۆی بۆ جووت و شۆبڕین ئامادە دەکردو ئێستا ڕۆژ درێژ بوو بوو، دەرفەتی هێنا بوو لە ژێر کەپرەکەدا وردە ئیشی دارتاشی و شتی دیکەی دەکرد، خرماشەی دەمەزەرد دەکردەوە، چەرخی گالیسکەی نۆژەن دەکردەوە. دەگەڵ گتکۆدا دوو ئەکسلی تازەی بۆ چەرخی گالسیکەکە دروست دەکرد. باپیرە گریشاکا بە بۆنەی چوارەمین هەفتەی ڕۆژووی گەورەوە، ڕۆژووی دەگرت، وەختێ لە کڵێسا دەهاتەوە لە سەرما شین و مۆر دەبووەوە، لای لوکی نیچنای بووکی گلەیی دەکرد:

– ئەم قەشەیە زۆرم ماندوو دەکات، قامەتی نوێژ نازانێ، ئەوەندە خاو نوێژ دەخوێنێ لە تۆ وایە، پاڵ بە عەرەبانەیەك هێلەکەوە دەنێ.

– بابۆ، تۆ دەبوایە هەفتەی پێش جەژنی پاك بە ڕۆژوو ببی، هەنگێ دنیا گەرمترە.

گوتی:

– کوا ناتالیام بۆ بانگبکە، دەبێ جووتێ گۆرەوی ئەستوورترم بۆ بچنێت. ئەمانەی کە لە پێمدان، ئەگەر گورگی بیابانیش لە پێی کردبان، ڕەق دەبووەوە.

ناتالیا وەکو کرێکارێکی کاتی لە ماڵی بابیا دەژیا: بەو هیوایەوە دەژیا کە گریگۆری بگەڕێتەوە بۆ لای، بە دڵ بیری دەکردو بەو ئومێدە دەژیاو گوێی لە چپەو ئاگادار کردنەوەی جدیانەی ئەقڵی خۆ نەدەگرت. شەوان خەوی لێنەدەکەوت، لە ناو جێگاکەیدا گینگڵی دەدا، هەستی بە سوکایەتیەکی کوشندە دەکرد، سووکایەتیەکی باوەڕ نەکردەنی و ناشایستە. ڕۆژ بە ڕۆژ لاواز دەبوو، وێڕای ئەم نسیبەتە گەورەیە، بەڵایەکی دیکەشی بۆ پەیدا بوو بوو، ناتالیا هەموو شەوێك وەکو تەیرێکی چکۆلەی بریندراری ناو زەلکاو، هەموو شەوێك لە ژوورە چکۆلەکەی سەردەمی کچێنی خۆیدا پێوەی دەتلایەوە، بە ترسەوە چاوەڕوانی ئایندەی خۆی دەکرد، لە هەوەڵین ڕۆژانی گەڕانەوەیەوە، میتکای برای بە چاوێکی ترەوە سەیری کردبوو! ڕۆژێك لە ڕاڕەوەکەدا گرتبووی و بێپەروا لێی پرسی بوو:

– هێشتا غەریبی گریشکا دەکەی؟

– تۆ هەقت چیە؟

– دەمەوێ دڵت بدەمەوە.

ناتالیا ڕوانیە ناو چاوانی، زۆر لە نیگاکردنەکەی ترسا. چاوە سەوزەکانی میتکا، کە لە چاوی پشیلە دەچوون، لەبەر رووناکیە کزەکەی بەر هەیوانەکەدا کسکە کسك بریسکانەوە. ناتالیا، دەرگاکەی بەتوندی دا بە یەکاو بە هەشتاو چوو بۆ ژوورە چکۆلەکەی باپیرە گریشاکا. ماوەیەکی زۆر، بەدەم گوێگرتنەوە لە ترپەترپی دڵی خۆی، لەوێ وەستا.

بۆ سبەینێ میتکا لە حەوشەدا تووشی بوو، کای بۆ چوار پێیەکان تازە کردبووەوە، پوشکەو دارکی گیای وشك بە ریشە زبرەکەی و شەپقەکەیەوە نووسا بوو. ناتالیا لەو کاتەدا سەگەکانی لە چاڵەوێنکەی بەرازەکان دوور دەخستەوە.

– ناتاشکا، لێم زیز مەبە.

ناتالیا، هاواری کرد:

– بە باوکە دەڵێم.

و هەنگیٚ روخساری لە نێو هەردوو دەستی نا

– تۆ شێتی!

– برِۆ، گوم بە لەبەر چاوم، بێشەرەف!

– ئەم شاتە شاتو هاوارەت لە چیە؟

– میتکا برِۆ لێم دوورکەوە! دەنا هەر ئێستا دەچم بۆ لای باوکەو هەموو شتێکی بۆ دەگێرِمەوە. بە چ روویەکەوە بەو چاوە سەیرم دەکەی؟ شەرم لە خۆت ناکەی؟ چۆن زەوی شەق ناباو قووتت نادات؟

– ئەوەتا لەسەری وەستاوم. نە شەق دەباتو نە قووتم دەدات.

میتکا بۆ سەلماندنی قسەکەی خۆی پێی کێشا بە ئەرزەکەداو دەستەکانی نانە کەللەکەی.

– میتری وازم لێبێنە!

– ئێستا وازت لێدێنم، بەڵام شەویٚ دێم بۆ لات. باوەرِ بکە دێم.

ناتالیا، ئازای کەوتە لەرزین، بەو دەقەوە لە حەوشەکە وەدەرکەوت. شەویٚ جێگاکەی لەسەر یەغدانەکە راخستو خوشکە چکۆلەکەشی بردو لە ژوورەکەی خۆیدا خەواندی. بە درێژایی شەو لە نێو جێگاکەیدا ئەم دیوو ئەم دیوی کرد، چاوی برِینە تاریکی شەوەکە. گوێی هەڵخستبوو کە ئەگەر کەمترین تەقەو رەقە، دەنگو چپەی گویٚ لێبیٚ بیکات بە هەراو سەرانسەریماڵەکە بێدار بکاتەوە. بەڵام جگە لە پرخە پرخی باپیرەی کە لە ژوورەکەی تەنیشتەوە نووستبوو، لەگەڵ مشەمشی ناو بە ناوی خوشکەکەی کە لێفەکەی لێدەبووەوە، هیچ شتێکی دیکە بێدەنگیەکەی نەشڵەقاند.

بەمجۆرە کلافەی رۆژگار، لەگەڵ ئەو خەمو پەژارە بەردەوامەی کە مەگەر هەر ژنان لێی بگەن، دەبووەوە.

میتکا هێشتا لەو سووکایەتیەی کە لە کاتی خوازگاریدا لای موخوف، بەسەری هاتبوو، رزگار نەبوو بوو، هەمیشە خەمبارو شەرِفرۆش بوو، هەموو شەویٚ لە ماڵ دەردەچوو و بەرەبەیان دەگەرِایەوە. دەستی دەگەڵ ژنانی هەرزەو سووکا، ئەوانەی کە مێردەکانیان چوو بوونە خزمەتی سەربازی تێکەڵ کردبوو، قوماری دەگەڵ ستیپان ستاخوفدا دەکرد. میرون گریگۆروفیچ برِیاری دابوو تاماوەیەك هیچی پیٚ نەڵیٚ، بەڵام دوورو نزیك چاودێری رەفتارو هەڵسو کەوتی دەکرد.

رۆژێك، بە چەند رۆژێك پێش جەژنی پاك، ناتالیا، لەبەر فرۆشگاکەی موخوفدا تووشی پانتلی پروکوفیچ بوو. پانتلی گازی کرد:

– دەقەیەك.

ناتالیا وەستا، کە چاوی بە روخساری خەزووریو کەپووە دەنووکە داڵاشیەکەی کەوت، کە گریگۆری وە بیر هێنایەوە، دڵی داخورپا.

پیرەمێرد کە لە شەرما، چاوی لە حانای ناتالیا هەڵنەدەهات، وەکو بڵێی ئەو خراپەی دەرهەق کردبیٚ، شپرزەو پەریشان گوتی:

- بۆچی ناو بە ناو سەرمان نادەیت، سەری منو پیرەژن: ئەو پیرەژنەی خەسووت غەریبیت دەکات، دایمە لێت دەپرسێت، دەڵێت: "ئاخۆ چ دەکات، چی بەسەرهات..." ئیّ، حاڵت چۆنە؟

ناتالیا وەخۆ هاتەوەو بە ئارامی گوتی:

- زۆر مەمنوونم...

دوای دوودڵیەکی کەم، کە دەیویست بڵیّ: "باوکە" بە شەرمێکەوە ئەو قسەیەی گێڕایەوەو لەسەری ڕۆیی:

- ... پانتلی پروکوفیچ، لە ماڵەوە... کارم زۆرە.

پیرەمێرد، بە کەسەرەوە سەری لەقاند:

- گریشکای کوڕمان، ئاخ!... بزانە ئەم بێشەرەفە چ کارێکی پێکردین... بۆ خۆمان سەرمان بە یەکا، کردبوو و بێخەم دەژیاین.

ناتالیا، بە دەنگێکی نیمچە خنکاوی خەمناک بەرسڤی دایەوە:

- ئیدی چار چیە باوکە، دیارە قسمەت هەر ئەوەندە بووە.

پانتلی پروکوفیچ، کە بینی فرمێسک لە چاوانی ناتالیادا قەتیس ماو بە خورتی لێوی خۆی دەکرۆژێت تا جڵەوی گریانی خۆی بگرێت، شپرزە بوو و گوتی:

- خوا حافیز گیانەکەم!... خەم بۆ ئەم قەحپە دایکە مەخۆ! نینۆکێکی تۆ نایەنیّ. بەڵکو بگەڕێتەوە. خۆزگە دەمبینی، خۆزگە بەردەستم دەکەوت!

ناتالیا، وەکو یەکێك دارکاری کرابیّ، سەری دانەواندو ڕۆیی. پانتلی پروکوفیچ، ماوەیەك مایەوە، هەر ئەم پیّو ئەوپێی دەکرد، لە تۆوایە دەیەویّ پیّ وەغارەوە بنیّ، ناتالیا کە گەییە سیلەی کۆلانەکە ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە، سەیری کرد خەزووری بە شەلە شەل خۆی بەسەر دارعاساکەیدا داوە و بە مەیدانەکەدا تێدەپەڕێت.

((١٦))

بەهار نزیك بووەوە، کۆڕو کۆبوونەوەی ماڵو وەرشەکەی ستوکمان ڕەونەقی جارانی نەما، خەڵکەکە درەنگ درەنگ دەهاتن. خەڵکی خۆیان بۆ کاری مەرزاو کێڵگەکان ئامادە دەکرد. ئەوانەی کە هێشتا هاتوچۆی ئەوێیان دەکرد زیاتر کرێکارانی ئاشەکە بوون: خولاّم و داڤیدکاو ئیڤان ئالیکسیووفیچی میکانیکی بوون. ئێوارەی پێنج شەممەی پێش شەهادەتی مەسیح، ئەوانە لە کارگەکەدا (وەرشە) خڕبوونەوە. ستوکمان لەسەر مێزی وەرشەکە دانیشتبوو، ئەڵقەیەکی زیوی کە لەسکەیەکی پەنجا کوپیکی دروست کرابوو لە بڕبەنگ دەدا، تیشکی زەردەپەڕی ئێواریّ لە پەنجەرەکەوە، دەیدا لە ژوورەوەو روناکیەکی چوارگۆشەی پەمەیی زەردباوی لەسەر ئەرزەکە دەنەخشاند.

ئیڤان ئالکسییوفیچ، پلایسکی هەڵگرتو کەوتە تەماشا کردنی:

– چەند ڕۆژێك لەمەپێش چووم بۆ لای خاوەن ئاشەکە، تا دەربارەی پستونەکە قسەی لەگەڵ بکەم. دەبێ بیبەین بۆ میلیرۆڤۆ، لێرە چاك ناکرێت. درزێکی ئا ئەوەندەی تێبووە (ئیڤان ئالیکسییوفیچ، پەنجە تووتەی نیشان دا).

ستوکمان، بە دەم بڕبەنگ کردنی ئەڵقەکەوە، کە خاکەی زیوەکە بەسەر قامکیا دەوەری، گوتی:

– لەوێ، لە میلیروڤۆ کارخانە هەیە، وانیە؟

– کوورەی پۆڵا تواندنەوەی لێیە. پار بە ئیشێك چووم بۆ ئەوێ.

– کرێکاری زۆرە.

– زۆر، نزیکەی چوار سەد کرێکاری هەیە.

ستوکمان، بە دەم کارکردنەوە سەری دەلەقاندو وەکو یەکێك زمانی بیگرێ، وشەکانی بە خاوە خاو بدرکێنێ، بە کاوەخۆ گوتی:

– ژیانتان چۆنە؟

– ژیانێکی باشیان هەیە. بەلام لەو پرولیتارانە نین کە تۆ باسیان دەکەی، هەموو گەجەرو گوجەرن.

"خولام" کە لە تەنیشت ستوکمانەوە دانیشتبوو، قامکە کورت و ئەستورەکانی تێك ئالاندبوو و ئەژنۆی لە باوەش گرتبوو، بە کونجکاویەوە پرسی:

– چۆن؟

داڤیدکای کرێکاری ئاردبێژ، کە قژەکەی لە تۆزی ئاردا سپی بووبوو، بە ناو کارگەکەدا دەهات و دەچوو، زۆر بەلەزەتەوە گوێی لە خشە خشی وشکی ئەو تەراشەو خاکە ئاسنە دەگرت کە پێی پێدا دەنا. لە دڵی خۆیدا وای هەست دەکرد، کە بە دۆڵێکی پڕ لە گەڵای سوورا دەڕوات و گەڵاکان نەرم نەرم لە بن پێیدا دەپەسترێنەوەو لە ئەرزە نەرم و شێدارەکەدا ختم دەبن.

– چونکە هەموویان دەوڵەمەندو خۆشگوزەرانن. هەرکەسەو خانوویەکی بچووك و ژن و هەموو پێویستیەکی ژیانی هەیە. ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەیان سەر بە تەریقەتی مەعمەدانین. خاوەنی کارخانەکە بە خۆی وەعزیان بۆ دەخوێنێ. بەلام بۆیان بکرێ ورگی یەك هەڵدەدڕن. پیسی دەستیان هێندە ئەستوورە بە خاکەنازیش لانابرێ و پاك نابێتەوە.

داڤیدکا، کە بە عەمراتی زاراوەی تەریقەتی مەعمەدانی نەژنەوتبوو، ڕاوەستاو بەسەر سامی پرسی:

– ئیڤان ئالیکسییوفیچ، ئەم مەعمەدانیانە دەکەنە کێ؟

–فیرقەی مەعمەدانی؟ ئەمانە خەڵکانێکن کە بە شێوازی تایبەتی خۆیان، باوەڕیان بە خوا هەیەو دەیپەرستن. یانی شتێکن وەکو "ئەهلی سوننەت= باوەڕدارانی کۆن".

خولام گوتی:

– هەر کەسەو بە جۆرێ شێتە، شێتیش هونەرە.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، لەسەر حیکایەتەکەی ڕۆیی:

– وەکو گوتم چووم بۆ لای سێرگی پلاتونوفیچ. ئاتیوپین لەوێ بوو.داوای لێکردم کە لە ڕاڕەوەکەدا، لەبەردەرگا چاوەڕوان بکەم. بە دەم چاوەڕوانیەوە دانیشتم. گوێم بۆ قسەکانیان هەڵخست، لە پشت دەرگاکەوە گوێم لێبوو موخوف، بە ئاتیوپینی دەگوت بەم زووانە شەڕ دەست پێدەکات، شەڕ دەگەڵ ئەڵماندا. وەکو دەیگوت ئەمەی لە کتێبدا خوێندبووەوە. دەزانی ئاتیوپین چی گوت؟ گوتی: "سەبارەت بە هەڵگیرسانی شەڕ من لەگەڵ بۆچوونەکەی تۆدا نیم. شەڕ لە نێوان ئەڵمانیاو ڕووسیادا هەڵناگیرسێت."

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، هێندە بە دروستی لاسایی دەمو دووی نا تەواوی ئاتیوپینی دەکردەوە، کە داڤید کەوتە پێکەنین. بەڵام کە چاوی بە سەروو رووی گرژو تانەئامێزی خولام کەوت، یەکسەر پێکەنینەکەی بڕیو بێدەنگ بوو. ئیڤان ئالیکسییوفیچ لەسەری ڕۆیی:

– "دڵنیام کە شەر لە نێوان ڕووسیاو ئەڵماندا ناقەومێ، چونکە ئەڵمان بە گەنمی ئێمە دەژی."

لەم بەینەدا یەکێکی دی کە دەنگیم نەناسیەوە قسەی کرد، بەڵام پاشان کە دیتم سەیرم کرد ئەفسەرەکەی کوڕی لسیتنتسکی بوو. بەڵێ، گوتی: "شەڕ لە نێوان ئەڵمانیاو فەرەنسادا، لەسەر چەند ڕەزێك هەڵدەگیرسێت، بەڵام ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە."

ئیڤان ئالیکسییوفیچ لە ستوکمانی پرسی:

– باشە ئوسیپ داڤیدوفیچ تۆ چۆنی بۆ دەچیت؟

ستوکمان، کە بە وردی تەمەشای ئەڵقە لە بڕبەنگ دراوەکەی دەکرد، خۆی لەوەڵامی ئاشکراو ڕاستەوخۆ دزییەوە و گوتی:

– من ئەهلی پێشبینیان نیم.

خولام هەڵدایە:

– ئەگەر هێرشمان بکەنە سەر، ناچار دەبێ شەڕبکەین. ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت، بمانەوێ‌و نەمانەوێ، لە قژمان دەنەون‌و بە تۆبزی ڕامان دەکێشنە ناو شەڕەکەوە.

ستوکمان، لە کاتێکا پلایسەکەی بە نەرمی لە دەستی ئیڤان ئالیکسییوفیچ دەردێنا گوتی:

– کوڕینە، با من پێتان بڵێم ئەم مەسەلەیە چۆنە...

هەنگێ بە سەرو سیمایەکی جدی‌و بەو مەبەستەی شتەکە بە ڕوونی‌و ڕەوانی باس بکات کەوتە قسان. خولام کەلاقەکانی لەسەر مێزەکە شۆڕ کردبوونەوە، هەڵیکێشان‌و چوار مشقی لێی دانیشت. داڤیدکا دەمی داچەقاندو ددانە سفت‌و وردو تیژو ئاودارەکانی دەرکەوتن.

ستوکمان بە شێوازە سخ‌و چڕو ڕەوانەکەی خۆی، ململانێ‌و کێشماکێشی نێوان وڵاتە سەرمایەداریەکانی، لەسەر بەدەست هێنانی بازاڕو کۆلۆنیان، باسکرد. کاتێ لە قسەکانی بووەوە، ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، تووڕە بوو، هەڵیدایەو گوتی:

– جا ئێمە چ کارمان بە کاری ئەوانەوەیە؟

ستوکمان، بزەیەکی بۆ کردو گوتی:

– تۆ و خەڵکانی وەکو تۆ، باجی بەدمەستی ئەوانە دەدەن.

خولام بەتەشەرەوە گوتی:

– قسـەی منداڵانـە مەکـە. مەگـەر نـەت بیسـتووە، ئاغایـان شـەڕیانە،و سـەرو کەللـەی مسـکێنان دەشکێ.

ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، وەکو یەکێك گیرۆدەی کۆمەڵێك بیرو ئەندێشەی گۆنگ‌و ئاسێ بێت، برۆکانی وێکهێنانەوە.

– ئم، ئم.

داڤیدکا پرسی:

– ئەم لیستنتسکی یە بۆچی ئەوەندە هاتوچۆی موخوف دەکات؟ ناکا تەماحی کردبێتە کچەکەی؟

خولام، بەتەوسەوە بەرپەرچی دایەوە:

– کوڕەکەی کوروشونوف، پێشتر گەییوەتە خزمەتی.

– گوێت لێیە ئیڤان ئالیکسییوفیچ؟ ئەم ئەفسەرە مۆزە مۆزی چیەتی لەوێ؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، وەکو ئەوەی قەمچیەك بەسەری ئەژنۆیدا بکێشن، بەو ئاوایە ڕاچڵەکی:

– ها، چی دەڵێی؟

– کوڕی باش، مەگەر خەوتووی!... باس، باسی لیستنتسکی بوو.

– دەچوو بۆ وێستگەی قیتار. بەڵێ، باخەبەرێکی دیکەشتان بۆ بگێڕمەوە، کە لەلای موخوف وەدەرکەوتم، بە مەزەندەی ئێوە کێ لەسەر پلیکانەکان بدینم باشە؟ گریگۆری میلیخوف! لە دەرەوە وەستابوو وقامچیەکی بە دەستەوە بوو. لێم پرسی: "گریگۆری، چیدەکەی لێرە؟" گوتی: "جەنابی لیستنتسکی دەبەم بۆ وێستگەی میلیروڤۆ".

داڤیدکا هەڵیدایە:

– بووە بە عارەبانجی لیستنتسکی.

– پاشماوەی سفرەی دەوڵەمەندان دەخوات.

– خولام، تۆ عەینی سەگی زنجیرکراو، بە هەموو کەسێك دەوەڕی.

گفتوگۆیەکەیان بۆ ماوەیەك بڕا، ئیڤان ئالیکسییوفیچ هەستا کە بڕوات، خولام دواتیری خۆی هاویشت‌و گوتی:

– پەلەی نوێژتە ها! لە دەست دێ بڵێی پەلەتەو دەڕۆی بۆ کڵێسا.

– من هەموو ڕۆژێ نوێژ دەکەم‌و بۆ کڵێسا دەڕۆم.

سـتوکمان، میوانـەکانی تـا بـەر دەرگـا بـەڕێکردن، ئـەوجا وەرشـەکەی داخسـت‌و چـووەوە بـۆ ژوورەکەی.

شەوی جەژنی پاك، هەوری ڕەش‌و تار بەری ئاسمانی گرت‌و باران دایکرد. تاریکیەکی نمسار (نمدار)ی قورس باڵی بەسەر گوندا کێشا. لە روباری دۆندا، کە لە تاریکیدا نقوم بوو بوو، بەستەڵەك، بە قرچ‌و هۆڕ دەشکاو لە باڵ یەك دەترازا، یەکەمین تۆپەڵە بەستەڵەك، لە ژێر گوشاری پارچە بەستەڵەکەکانی دیدا، بەدەم ئاوەکەوە هات‌و بە بۆڵە بۆڵ لە روبارەکە دەرپەڕیە دەرەوە. ئیدی بەستەڵەکی روبارەکە بە درێژایی چوار کیلۆمەتر، تا پێچەکەی ئەودیوی ئاوایی، بە یەك

کەرەت شکاو بەگەڵ رەوتی روبارەکە کەوت. هەر تۆپەڵە بەستەڵەك و بەفر بوو بەر یەك دەکەوتن و خۆیان بە بەستێنی (کەنار) ئەم بەرو ئەوبەری روبارەکەدا دەکێشا. زەنگی کڵێسا، لە دووری دوورەوە، پەیتا پەیتا زەنگی نوێژی لێدەدا. لەیەکەم پێچی روبارەکەدا، لەو شوێنەدا کە دۆن بە سەمتی چەپا دادەگەڕا، پارچە بەستەڵەك، بە یەکدا دەکەوتن و شڵپ و هۆڕیان بەسەر ئاوەکەوە دەگەییە ناو گوند. کۆمەڵێك گەنج لە حەوشەی کڵێساکەدا، کە یەکپارچە گۆلاوی بەفری تواوەوە بوو، خڕ بوو بوونەوە. دەنگی نەرم و نزمی نوێژو نزای کەشیش لەناو کڵێساکەوەو لە دەرگاو پەنجەرە کراوەکانەوە دەگەییە بەر دەرگای حەوشەو، روناکی دڵنەوازی مۆم و شەمالکان لە پەنجەرە کەتیبەدارەکانەوە، بەدەم سەماوە دزەی دەکردە دەرێ. کوڕان، لە ناو حەوشەدا، لاقرتێیان دەگەڵ کیژاندا دەکرد، نقورچیان لێدەگرتن و کیژان ژێراو ژێربە ئەسپایی هاواریان دەکرد، یەکێان رادەمووسی و بە چپە، حیکایەتی بێپەردەیان بۆ کچەکان دەگێڕایەوە.

ئەو قۆزاقانەی کە لە دێهاتی دوورو نزیکەوە بۆ نوێژی جەژنی پاك هاتبوون، لە ژێر خانی کڵێساکەدا بە یەکا ترنجا بوون. هەندێ لەو خەڵکەی کە لە ماندوویەتی و قەرەباڵغی و گەرمادا بێتاقەت بووبوون، لەسەر تەختەکان و یان لەسەر عاردی لەبەر پەنجەرەکاندا خەوتبوون. هەندێکی دیکە لەسەر پلیکانە شکاوەکان دانیشتبوون، بەدەم جگەرە کێشانەوە باسی کەش و هەواو بەروبووم و حاسڵات و گەنمە پایزەیان دەکرد.

– خەڵکی گوندی ئێوە کەی دەچن بۆ دەشت و کێڵگان؟

– هەفتەی یەکەمی دوای جەژنی پاك.

– ئەمە باشە، زۆر باشە، زەوی و زاری لای ئێوە رەقەنە.؟

– بەڵێ، بەڵام ئەوبەری دۆڵەکە شۆرەکاتە.

– زەوی ئێستا، ئاونگ دەخواتەوەو نەرم دەبێتەوە.

– پار، کە چووینە جووت و شۆبرین، زەوی ئەوەندە وشك و رەق بوو، دەتگوت ئێسقانە.

لەپای پلەکانی ژێرخانی کڵێساکەوە، دەنگێکی ناسك بانگی دەکرد:

– دونکا، لە کوێی؟

لە هەمان کاتدا یەکێك لەبەر دەرگای حەوشی کڵێساکەوە، بە دەنگێکی گڕ، هاواری کرد:

– شوێن بڕابوو یەکتری تیا ماچبکەن ئێرە نەبێ... دەی بۆ دەرەوە،کچانی چەپەڵ، نۆبەتی ئەو قەوانەیە، یانی ئەوەندەتان دەخورێ!

دەنگێکی ناسکی مندالانە، لە ناوجەرگەی تاریکیەکەوە بەرسڤی دایەوە:

– تۆ ناتوانی دڵدارێ بۆ خۆت بگریت؟ دەیسا بڕۆ بۆ تەویلەکەی ئێمە دێڵە سەگەکەی ئێمە ماچ بکە...

– دێڵە سەگەکەی ئێوە؟ بوەستە، ئێستا پێتی نیشاندەدەم.

ئەوجا دەنگی پێیان کە بە ناو قوڕاوەکەدا بەغار دەڕۆیی بەرز بۆوە... دەنگی خشەخشی تەنورەی کچۆڵان... یەکێکی دی بانگی دەکرد.

چۆڕاوگەی ئاو بە شوڕە شوڕ لەسەر بانەوە دەهاتە خوارێ. جارێکی دی هەمان دەنگی خاو، هەمان دەنگی لینج کە دەتگوت قوڕی رەشە، دەیگوت:

– چەند رۆژێك لەمە پێش چوومە لای پروخۆر ویستم گاسنو هەوجاڕێکی لێبکڕم، دوازدە رۆبڵم دایە، نەیدا، کە پیاوێکی گران جانە، شتی لە دەست نابێتەوە...

خشەخشو دەنگی قرچە قرچی شکانی بەفر و بەستەڵەکی سەر روباری دۆن... وەکو چۆن شۆڕە ژنێکی کەڵەگەتی، بلاێ چناری، بە جوانترین جلی شۆڕەوە، بە خشەخش، بەلارو لەنجە رێدەکات، روباری دۆنیش بەو ئاوایە بە پاینی پشتی گوندیدا نشێو دەبووەوە.

لە نیوە شەوا، کە دنیا تەواو تاریك بوو بوو، میتکا کوروشونوف بە سواری ئەسپێکی بێ زین، گەییە بەر حەوشەی کڵێساکە. دابەزی، هەوساری ئەسپەکەی لە گەردنو یاڵی ئەسپەکەی هالاند، شەپێکی کێشا بەسمتی ئەسپە سەرکێشەکەدا، کەمێك وەستا، گوێی بۆ دەنگی سمەکانی رادێرا، ئەوجا کەمەربەندەکەی خۆی توند کردەوەو خۆی بە حەوشی کڵێساکەدا کرد، کە گەییە بەر دەرگای کڵێساکە شەپقەکەی داکەند،و بە رێزەوە کڕنۆشێکی برد، دڕی بە ژنەکانی سەر رێگای داو یەکسەر خۆی گەیاندە میحرابی کڵێساکە. لەوێ، لە دەستی چەپا پیاوان عەینی مێگەل ترنجا بوونە پاڵ یەك،و، لە دەستی راستا، ژنان بە جلی ئالاو والاو گوڵ گوڵیەوە ریز بوو بوون، میتکا چاوی گێڕا، بابی خۆی لە ریزی یەکەما بینییەوەو چوو بەلایەوە. ئانیشکی میرون گریگۆروفیچی، کە دەستی هەڵبڕی بوو تا نیشانەی خاچ بکێشێت، گرت، بە گوێچکە تووکنەکەیدا چپاند:

– باوکە، دەققەیەك وەرە دەرەوە.

میتکا جارێکی دی دڕی بە خەڵکەکەدا، کە لە کڵێساکە بێتە دەرێ، بۆنی هەمە جۆری تێکەڵو پێکەڵی هات بە سەراو پەڕەی لووتی هێنایە لەرزە: بۆنی دووکەڵی مۆمی داگیرساو، بۆنی لەشی ئارەقاوی ژنان، بۆنی ناخۆشی گۆڕئاسای ئەو جلو بەرگانەی کە تەنیا بۆ جەژنی نۆئێلو جەژنی پاك لە یەغدانان دەهێنرانە دەرێ، خەریك بوو لە هۆشیان دەبرد. بۆنی پێڵاوی چەرمی خوساوی نمسار، بۆنی نەفتالینو ئەسپەنیك، بۆنی ترشەلۆکی گەدەی برسی رۆژانی بە رۆژووبوون ،دنیای پڕ کردبوو.

میتکا لەپڕ سینگی نا بە شانی باوکیەوەو گوتی:

– ناتالیا حاڵی شڕە، خەریکە دەمرێت.

((١٧))

گریگۆری رۆژی یەك شەممەی جەژنی پاك لە وێستگەی میلیروڤۆ، کە یەڤگینی بەخزاگ بۆ ئەوێندەر بردبوو، گەڕایەوە. بەفر دەستی بەتوانەوە کرد بوو، ئیدی لە ماوەی ئەم دوو رۆژەدا رێگاوبان زۆر خراپ بوو بوو. لە ئاستی ئۆلخوڤوی رۆگدا، کە گوندێکی ئۆکراینی بیستو پێنج فرسەخی وێستگەکە بوو، کاتێ کە دەیەوێ لە دەراو وبواری ڕۆخانەیەك بپەڕێتەوە،و چیوای نامێنێ بە خۆو ئەسپەکانەوە نقوم ببێ، دەمەو ئێوارەیەکی زوو گەییبووە ناو گوند. شەوی

پێشوو بەفر توابووەوەو ئێستا بەسەر ئاوی ڕوبارەکەوە مەلەی دەکردو پیرە ڕوبار هەستا بوو، هاڕەو هاژەی سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی، ئاوەکەی بە هۆی توانەوەی بەفرەوە یەکپارچە قوڕاو بوو، تا بەر کۆڵانەکانی گوند هاتبوو.

ئەو کاروانسەرایەی کە لەسەر ڕێگای وێستگەکە بوو ومیوانی دەحەواندەوەو ئەسپانی دادەکردو کاوجۆی دەکردنە بەر، کەوتبووە ئەوبەری ڕوبارەکەوە. ئەگەری ئەوە هەبوو شەوێ ئاوی ڕوبارەکە زیاتر هەستێت، بۆیە گریگۆری لێرا لانەدات و لە ڕوبارەکە بپەڕێتەوەو یەکسەری بڕوات.

گەییە ئەو شوێنەی کە دوێنێ لە هاتنا، بەسەر بەستەڵەکدا، لێی پەڕی بووەوە. سەیری کرد ڕوبارەکە هەستابوو، لێڵ و لێخن، پارچە پەرژێنێك و پێچکە گالیسکەیەکی شکاولە ناو گێژاوێکی لێڵ و لێخنی ناوەندی ڕوبارەکەدا، دەخولانەوە. شوێنەواری تازەی تیغەی بنی خزاگان، بەسەر چەوو لمی تازە لە ژێر بەفرا دەرهاتگەوە، دیار بوو. گریگۆری ئەسپەکانی خۆی کە لە ئارەقەدا هەڵکشا بوون و ناوگەڵیان لە ئارەقەدا سپی دەچووەوە، ڕاگرت، خۆی لە خزاگەکە هەڵدایە خوارەوە، تا لە نزیکەوە شوێنەواری خزاگەکان بدێنێ، شوێنەوارەکان بەلای چەپدا تا دەمی ڕوبارەکە دەڕۆییشتن و لە ئاوەکەدا ون دەبوون. گریگۆری مەودایەکەی دایە بەر مەزەندەی چاو: ئەوپەڕی پەنجا شەقاوێك دەبوو. گەڕایەوە بۆ لای ئەسپەکان، نیرومژان و قایش و قروشەکانی تاقیکردنەوەو لە مکومیان دڵنیابوو. لەم کاتەدا پیرەمێردێکی ئۆکراینی، کە کڵاوێکی کەوڵە ڕێوی لەسەربوو، لە خانوویەکی دێهاتیانەی ئەو نزیکانەوە هاتە دەرێ وبەرەو لای ئەو دەهات. گریگۆری بە هەوسارەکەی دەستی ئاماژەی بۆ ئاوە لێڵ و لێخن و خرۆشاوەکە کردو پرسی:

– ئەرێ، ڕوبارەکە لێرەوە بوار دەدا؟

– بەڵێ، بوارە، ئەم بەیانیە، جماعەتێك لێرەوە پەڕینەوە.

– قووڵە؟

– نا، بەڵام لەوەیە ئاوەکە بگاتە ناو خزاگەکەت.

گریگۆری هەوسارەکەی توند گرت، قامچیەکەی هەڵبڕی و بە دەنگ و تۆنێکی توندو بنجبر دەی لە ئەسپەکان کرد، بە ناچاری و بە دەم بۆنکردنی ئاوەکەوە، بە پرمە پرم وەڕێکەوتن. گریگۆری کەمێك لەسەر خزاگەکە خۆی بەرزکردەوە، قامچیەکەی بە حەواوە باداو شریخەی لێهەستاند.

ئەسپە کوێتەکە، کە کەفەڵێکی پانی هەبوو،ولە لای چەپی خزاگەکە بەسترابوو، سەرێکی تەکان دا، لە ناغافڵا بە توندی بە مژانەکەیدا دا. گریگۆری تەمەشایەکی ژێر پێی خۆی کرد: ئاو بە شڵپ و هۆڕ خۆی بە لێواری خزاگەکەدا دەکێشا. ئەسپەکان، تا ئەژنۆیان لە ئاوا بوو. بەڵام زۆری نەبرد ئاو گەییە بەر سینگیان. گریگۆری دەیویست بگەڕێتەوە، بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو، لاقی ئەسپەکان کەوتبووە بۆشی و نەدەگەڕانەوە، بە هانکە هانك بەرەو پێشەوە کەوتنە مەلە. شەپۆلی ئاوەکە دەیدا لە بەشی دواوەی خزاگەکەو ڕایدەماڵی و ئەسپەکا ناچار دەبوون شان بە شانی شەپۆلی ئاوەکە سەریان بەرزبگرن. شەپۆلی ئاو گەییە سەر پشتیان. خزاگەکە لار

دەبووەوەو شەپۆلەکە بۆ دواوەی دەڵەك دەدا. کابرای ئۆکراینی بە کەناری روبارەکەدا رایدەکردو پەیتا پەیتا کڵاوە فەروەکەی هەڵدەتەکاند:

– ئەهای، های! های، بە سەمتی ڕاستا وەرچەرخێ!

هیچ دیار نەبوو بۆچی کڵاوە کەوڵە ڕێویەکەی هەڵدەتەکان.

گریگۆری، تووڕە وسەر سەختانە هاواری دەکردو دەی لە ئەسپەکان دەکرد. خزاگەکە بە ئاوەکەدا رۆدەچوو، گێژەنگ وگێژاو لوولیدەدا، شەپۆلی ئاوەکە، خزاگەکەی کێشا بە کاریتەیەکی داریندا، کە پاشماوەی پردێك بوو و ئاوی روبارەکە رایماڵی بوو. خزاگەکە زۆر بە ئاسانی وەرگەڕا، گریگۆری هاوارێکی لێبەرز بووەوەو بەسەرا کەوتە ئاوەکەوە. بەڵام هەوسارەکەی لە دەست بەر نەبوو. لە کاتێکا کە خزاگەکە جارێ بە ڕاستو جارێ بە چەپدا دەکەوت، پەستەکە فەروەکەی وچەکمەکانی گریگۆری لە ئاوەکەدا قورس دەبوونو بۆ ژێرەوەیان ڕادەکێشا. سەرەنجام گریگۆری دەستی چەپی گەیاندە یەکێك لە تیغەکانی ژێر خزاگەکەو هەوسارەکەی بەردا، کە دەستێکی ماندوو دەبوو بە دەستەکەی دیکەی تیغەکەی دەگرت، بەو جۆرە توانی خۆی بگەیەنێتە مژانی ناوەندی خزاگەکە، لەو کاتەدا کە خەریك بوو دەستی دەگەیاندە سەرە بزمار ڕێژەکەی مژانەکە، ئەسپە کوێت، کە شەکەتو ماندوو بەگژ شەپۆلاندا دەچوو، لەقەیەکی هاویشتو ڕێك بەر ئەژنۆی گریگۆری کەوت. گریگۆری کەوتە ئاوەکەوە،مژانەکەی لە دەست بەربوو جارێکی دی هەوسارەکەی گرت. شەپۆلی ئاوەکە لە ئەسپەکانی دووردەخستەوەو چیوای نەمابوو دەستی لە هەوسارەکە ببێتەوە. ئازای بە دەنی لە سەرما دەلەرزی،سۆزەی سەرما ئازای دەرزیئاژن دەکرد، بەڵام توانی خۆی بگەیەنێتە سەری ئەسپەکوێت، ئەسپەکەش، نیگایەکی شێتانەو لێوان لێوی نیگەرانیو ترسی مەرگی، کردو چاوە خوێن گرتووەکانی خۆی بڕینە دوڕ چاوانی کراوەو ئەبڵەقی گریگۆری.

گریگۆری چەندینجار هەوسارە چەرمە لووسەکەی لەدەست بەر بوو، بە دەم مەلەوە خۆی دەگەیاندیۆ دووبارە دەیگرتەوە، بەڵام هەوسارەکە لووس بوو، لە دەستی بەر دەبوو. سەرەنجام گرتیەوەو لە پڕ پێیەکانی گەیینە بن روبارەکەو لە عاردیان دا. بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە بەرەو پێشەوە تەکانی دایە خۆ، دەی لە ئەسپەکان دەکرد، لە کاتێکا خۆی بەرەو کەنارەکە دەکوتا، بەر سینگی یەکێك لە ئەسپەکان کەوتو تەپاوتل کەوتە ئاوەکەوە. ئەسپەکان بە خزاگەکەوە بە سەریا تێپەڕینو بەتەکانێك بەخۆو خزاگەکەوە لە روبارەکە وەدەرکەوتن، دوای چەند هەنگاوێك، شەکەوتو ماندوو، ڕەق ڕاوەستان، ئازایان لە ئاوا هەڵکشا بوو و لە سەرما هەڵدەلەرزین.

گریگۆری، بێئەوەی هەست بە ئازار بکات هەستایە سەر پێیان، لە سەرما خۆی پێنەدەگیرا، لە ئەسپەکان پتر دەلەرزی، لاقەکانی هێندە سست بوون، لە منداڵێکی شیرە خۆرە دەچوو کە پێی نەگرتبێو، نەتوانێ خۆی بە پێوە بگرێت. وردە وردە وەخۆ هاتەوە. خزاگەکەی خستەوە سەر هەردوو تیغەکەی و، ئەسپەکانی بە چوار ناڵە تاودا تا گەرمیان ببێتەوە. بە جۆرێ بە کۆڵانەکانی

گوندا تاویدەدا لە تۆوایە هێرش بۆ سەر دژمن دەبات، بە هەمان تین‌و تاوەوە، خۆی بە یەکەم دەروازەی کراوەی یەکەم ماڵی سەر ڕێگاکەیدا کرد.

خۆی‌و بەختی ڕێگەی کەوتە ماڵێکی دڵاوای میوانپەروەر. خانەخوێیەکەی دەستووری بە کوڕەکەی دا، کە بە ئەسپەکان ڕابگات. بە خۆیشی کەوتە کۆمەکی گریگۆری تا جلەکانی دا بکەنێت. بەوپەڕی جدی‌و بنجڕی ئەمری بە ژنەکەی کرد:

– ئادەی ئافرەت ئەو موغەیریە نێڵبدە!

گریگۆری پانتۆڵی خانەخۆیەکەی لە بەرکردو لەسەر موغەیریەکە پاڵکەوت تا جلەکانی خۆی وشك بوونەوە. ئێوارێ شۆربایەکی بێگۆشتی کەلەرمی خواردو زوو چووە ناو جێگا.

بەیانی بەر لە هەتاوکەوتن کەوتە ڕێ، زۆری پەلە بوو، هێشتا نزیکەی سەدو سی‌و پێنج فرسەقخرێگەی لەبەر بوو. ئیدی ڕێگاو بان بە هۆی بەفر توانەوەو لافاوی بەهارەوە، بە تەواوەتی تێك چووبوو، هەر کۆردەرەیەك بوو بوو بە روبارێکی خرۆشاوی بەهاڕەو هاژە.

جادەی ڕەش‌و چۆڵ ئەسپەکانی تەواو ماندوو کردبوو، بەیانیەکی زووی زۆر سارد گەییە ئۆردوگای ئۆکرانیەکان، هێشتا چوار قۆناغە ڕێی مابوو بگاتەوە مەنزڵ، لەسەر چوار ڕێیانێك وەستا. ئەسپەکان هەڵمی ئارەقەیان لێهەڵدەستا. شوێنەواری تیغەی خزاگەکە لە دواوەو بە ئەرزەکەوە دەبریقایەوە. گریگۆری خزاگەکەی لە ئۆردوگاکە بەجێهێشت. کلکی ئەسپەکانی هەڵبەست، سواری یەکێکیان بوو، هەوساری ئەویتریانی بەدەستەوگرت‌و کەوتە ڕێ. بەیانی یەك شەممەی دوا ڕۆژی ڕۆژوو، گەییە یاگودنویە.

لیستنتسکی بەوردی گوێی لە واریقات‌و سەربهوردی سەفەرەکەی گرت، ئەوجا چوو بۆ تەمەشای ئەسپەکان. ساشکا، بە حەوشەکەدا هاتوچۆی پێدەکردن، بە تووڕەیی دەیڕوانیە لاتەنگەی قوپاویان. ئاغا لێی پرسی:

– حاڵی ئەسپەکان چۆنە؟

ساشکا، بێئەوەی ئەسپەکان ڕابگرێت، لە بن لێوانەوە گوتی:

– بەخۆت دەیان بینی.

– ماندووی کردوون؟

– نا، بەڵام سینگی ئەسپە کوێت بە هۆی نیرەکەیەوە ڕوشاوە، بەڵام هیچ نییە.

گریگۆری بەدەم چاوەڕوانیەوە وەستا بوو. ئاغا بە ئاماژەی دەست تێی گەیاند کە:

– بڕۆ ئیسراحەت بکە.

گریگۆری چوو بۆ ژوورەکەی خۆی، بەڵام تەنیا یەك شەو ئیسراحەتی کرد. بەیانی ڕۆژی دوایی، ڤینیامین بە کراسێکی ئەتڵەسی نیلی تازەوە، بە رووی گەش‌و سیمای خەنۆڵەوە پەیدا بوو و بانگی کرد:

– گریگۆری، بەپەلە بڕۆ بۆ لای ئاغا.

جەنەراڵ، بە جووتێ نەعلی لبادەوە، بە سەرانسەری هۆڵەکەدا پیاسەی دەکرد. گریگۆری گەییە بەر دەرگا، کەوتە ئەم پێ‌و ئەو پێکردن، دوو کۆکەی بۆ کرد، ئەوجا ئاغا سەری هەڵبڕی.

– چیت دەوێ؟

– ڤینیامین پێی گوتم کە جەنابت منت گەرەکە.

– ئا، بەڵێ! بڕۆ ئەسپەکان زین بکە، بە لوکیریاش بڵێ نان نەداتە تاژیەکان. دەچمە ڕاو!.

گریگۆری وەرچەرخا تا بڕوات، ئاغا بانگی لێکرد:

– گوێ بگرە. تۆش لەگەڵما دێی.

ئەکسینیا، کێکێکی بۆ پێچایەوەو لە بەڕکی پەستەکەکەی ناو لە بن لێوانەوە گوتی:

– مردوو مراوە نایەڵێ نانەکەشت بە ئیسراحەت بخۆی!... خوا گیانی بسێنێ! گریشکا، مل پێچێك لە مل بکە.

گریگۆری ئەسپەکانی زین کردو هێنانیە بەر باخەکەو کەوتە فیکە کێشان بۆ تاژیەکان. ئاغا بە پاڵتۆیەکی ماهوتی نیلیو پشتێنێکی چەرمی نەخشینەوە هاتە دەرێ. مەتارە ئاوێکی کردبوو بە شانیا، قامچیەکی نەرمی بە دەستەوە بوو عەینی مار لە دووی دەخشی.

گریگۆری هەوساری ئەسپەکەی گرتبوو و تەمەشای پیرەمێردی دەکرد، زۆری پێ سەیر بوو کە بەو گورجو گۆڵیە خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەو قیت لەسەر زینەکە دانیشت.

جەنەراڵ، دەستکێشی لە دەست بوو، هەوسارەکەی بە میهرەبانی کردەوەو بە کورتی فەرمانی دا:

– لە دوای منەوە وەرە.

ئەو ئەسپە چوار ساڵانەی، کە گریگۆری سواری بوو بوو، سرکو بزێو، بە ڕاستو چەپا دەڕۆیی و عەینی کەڵەباب سەری بەرز دەکردەوە. پاشووەکانی ناڵ نەکرابوون، هەرکە بەسەر پەڵە بەستەڵەکێکدا ڕۆییشتبا دەخزیو بە تۆپزی لەسەر دەستو پاشووان خۆی دەگرتەوە. بەڵام جەنەراڵ، بە پشتی کووڕەوە. لە ناو زینەکەدا، بێخەمو خەیاڵ دانیشتبوو و لەسەر پشتە پانەکەی ئەسپەکەی دەهەژی. گریگۆری خۆی گەیاندیو گوتی:

– قوربان، بەرەو کوێ دەڕۆین؟

جەنەڕاڵ، بە دەنگە گڕو گەورەکەی بەرسڤی دایەوە:

– بۆ دۆڵی ئولشانسکی!

ئەسپەکان، بە شێنەیی دەڕۆییشتن. نێرەکیەکەی ژێر گریگۆری، جڵەوەکەی ڕادەکیشاو ملە کوڵەکەی عەینی قوو(باڵندەیەکە لە تیرەی قاز،بەڵام سپی تروزلترە) خواردەکردەوەو بە چاوانی ئەبڵەقەوە دەیڕوانیە سوارەکەی و مۆڕەی لێدەکردو هەوڵی دەدا قەپ بە ئەژنۆیدا بکات. بە هەورازێکا هەڵگەڕان، جەنەڕاڵ ئەسپەکەی خۆی تاوداو هەڵیکردە چوار ناڵە، تاژیەکان بەریز لە دووی گریگۆرییەوە دەهاتن. دێڵە ڕەشو پیرەکە غاری دەداو لمۆزی دەگەیاندە بن کلکی ئەسپەکەی گریگۆری. ئەسپی تاین قەڵس دەبوو، گوڕی دەبەستەوە کە بەر لووشکەی بدات، پیرە تاژی هەڵوەستەی دەکرد،خۆی دوا دەخستو گریگۆری لەسەر ئەسپەکەوە ئاوڕی دەدایەوە، نیگای لە نیگای پیرە تاژی کە عەینی پیرەژن بەڕەنجوری دەیڕوانیە ئەو، هەڵدەنگوت.

دوای نیو سەعاتێك گەیینە گەیینە دۆڵی ئولشانسکی. ئاغا بەسەر دۆڵەکەدا کەنارەو کەنار بەناو گیاو بنچکاندا ڕێی دەکرد. گریگۆری بۆ قولایی دۆڵەکە کە هەر چاڵو چۆڵ بوو و باراناو دایدڕی بوو، داگەڕا، لە کاتێکا ورد ورد بە دۆڵەکەدا دەگەڕا، ناو بە ناویش سەرێکی هەڵدەبڕی و لاونیو پیرەمێردی، کە دەتگوت تابلۆیە، لە پشت پەردەی شینباوی بێشە گەلاّ رژاوو تەنکەکەی دۆڵی ئولشانسکییەوە دەبینی. جەنەراڵ، کە بۆ پێشەوە، بەرەو قەڵپووسی زینەکە دانەویەوە، لەسەر رکێفەکە بە پێوە وەستا، پاڵتۆ نیلییەکەی کە قایشێکی قۆزاقی لەسەر بەستبوو، لەپشتەوە چرچ و لۆچ بوو. سەگەکان بە دۆڵە پڕ هەورازو نشێوەکەدا دوا بە دوای یەك ڕێیان دەکرد. گریگۆری لە دۆڵێکی قووڵ پەڕییەوە، لایەکی کردەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی: "وا چاکە سیغارێك بکێشم. جڵەوی ئەسپەکە بەردەدەم و کیسەی تووتنەکەم دەردێنم."

دەستکێشەکەی داکەند، دەستی بە گیرفانیا کرد کە پەڕە سیغار دەربێنێ، لە پڕ دەنگێك عەینی دەسرێژی تفەنگ لە پشت گردەکەوە بەرز بووەوە:

– ئەهای بیگرە!

گریگۆری، خێرا سەری بەرزکردەوە. سەیری کرد جەنەراڵ لەسەر هەڵدێرەکەوە بە دیارکەوت، قامچییەکەی هەڵبڕی بوو و ئەسپەکەی تاوە دەدا.

– ئەهای بیگرە، نەیەڵی بڕوات!

گورگێکی بۆری چڵکن، کە تووکی شلکەی رانەکانی هێشتا بە تەواوەتی نەوەری بوون، بەغار بە زەلکاوو قۆپییەکەدا تێدەپەڕی، هێندە بەلەز دەڕۆیی لەزگ بوو زکی لە عاردی بدات. بەسەر خەڕەندێکا بازی داو وەستا، خێرا ئاوڕی دایەوەو تولەو تاژیەکانی بینی، تاژیەکان لەشێوەی نیوە بازنەیەکی ناڵ ئاسادا بۆی دەچوون، تا ڕێگای جەنگەڵەکەی خوار دۆڵەکەی لێببەستنەوە.

گورگەکە، قەڵەمبازێکی سپرینگ ئاسای بەسەر کۆمەڵە گڵێکدا، دا، کە پێدەچوو، کۆنە لای جرجە کوێرە بیّ و، بەرەو بێشەکە قووچانی، دێڵە پیرەکە ڕاست بەرەو ئەو دەهات. سەگێکی دیکەش، کە هەڵۆیان پێدەگوت، بۆرەیەکی زەلامی، گەرمە هەڵمەت بوو، دڕترین راوچی ناو هەموو تاژیەکان بوو، لە دواوە بە تاو بۆی دەهات.

گورگەکە، هەڵوەستەیەکی کرد، دەتگوت ناتوانیّ بڕیار بدات.

گریگۆری کە بە شێوەی بازنەیی بە دۆڵەکەدا هەڵدەگەڕا، بۆ چرکەیەك گورگەکەی لەچاو ون بوو، کاتیّ کە گەییە سەر هەورازەکە، سەیری کرد گورگەکە لە دووری دوورەوە غار دەدات. دەشتەکە ڕەش دەچووەوە، تولەو تاژیە ڕەشەکان کە لە ئەرزەکە جیا نەدەکرانەوە، بە نێو بنچك و گیایان کەوتبوون و چنگ لەسەر شان بە دووی پیرە گورگدا غاریان دەدا.

جەنەراڵی پیریش لە دوورتر، کە بە دەسکی قامچییەکەی بەر بووبووە ئەسپەکەی و وەکو بروسکە دەهات، دەیویست بە دەوری دۆڵە پڕ هەورازو نشێوەکەدا بسوڕێتەوە. گورگەی تاینش دەیویست خۆی بگەیەنێتە دۆڵەکەی ئەم دیو. تاژی و تولەکان تەواو تەنگیان پێهەڵچنی، ئیدی لە نزیکی نزیکەوە بەدوایەوە بوون. هەڵۆ، سەگە بۆرە زەلامەکە، لە دوورەوە وەکو پارچە پەڕۆیەکی سپی بیّ بە پاشەڵی گورگەوە، بەو ئاوایە دەهاتە بەر چاوی گریگۆری.

گریگۆری گوێی بە دەنگێك زرینگایەوە:

– دەی گیانەکەمی... بیگرە!...

گریگۆری ئەسپەکەی تاودا، هەڵیکردە چوارناڵە، بێهودە هەوڵدەدا بزانێ کار گەییە کوێ. فرمێسك زایی بووە چاوانی. گڤەی با گوێی کپ کردبوو. ئیدی حەماسی ڕاو گرتبووی، خۆی بەسەر یاڵو گەردنی ئەسپەکەیا دابوو و وەکو بروسکە تاوی دەداو دەڕۆیی. وەختێ گەییە دۆڵەکە، نە گورگەکەی بینیو نە تاژییەکان. دوای چرکەیەك جەنەراڵیش گەییە ئەوێندەر، جڵەوی پیرە ئەسپی ڕاکێشاو هاواری کرد:

– بۆ کوێ رۆیی؟

– پێموایە خۆی بە دۆڵەکەدا کرد.

– لە سەمتی چەپەوە بۆی برۆ!

پیرەمێرد، ئەسپەکەی بەر مامێزان داو، پیرە ئەسپە هەستایە سەر پاشوو و بە چوار ناڵە بە سەمتی ڕاستا تێی تەقاند. گریگۆری، جڵەوی ڕاکێشا، بەرەو پاینی دۆڵەکە داگەڕاو لەوێوە، دەی لە ئەسپەکەی کرد، بە قۆڵەکەی دیکەی دۆڵەکەدا هەڵگەڕا، بە قامچی بەر بووە ئەسپەکەی، ئەسپ لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، بەو دەقەوە نزیکەی فرسەخ و نیوێکی بڕی. قوڕی ئەرزەکە کە هێشتا وشك نەبوو بۆوە، لە ژێر سمی ئەسپەکەوە دەردەپەڕیو بەر دەموچاوی گریگۆری دەکەوت. کەنداڵێکی قووڵ، کە لە پاینی گردەکەدا بوو، بەدەستی راستا پێچی دەکردەوەو دەبوو بە سێ لقەوە. وەختێ گریگۆری لە لقی یەکەم پەڕیوە، کەوتە نشێویەکی نەرمو ئەسپەکەی تاودا، لە دوورەوە، تاژیەکانی بەدی کرد کە گورگەکەیان بە دەشتەکەدا ڕاو دەنا، وا دیار بوو تاژیەکان ڕێگەی ناوەندی دۆڵەکەیان، کە چڕە دارودەوەن بوو، لە گورگەکە بڕی بوو. لەو شوێنەدا کە بێشەکە دەبوو بە سێ لقەوەو، کەندەکە دەبوو بە سێ لقەوەو بە سووکە هەورازێکا سەر دەکەوت، گورگەکە لەوێدا کەوتە پێدەشتەکە ،بە دوو سەد مەترێك لە پێش تاژیەکانەوە، خۆی بە دۆڵێکی پڕ لە دڕكو داڵو هەژگو بژاڵدا کرد.

گریگۆری، لەسەر ئاوزەنگیەکان هەستا بووە سەر پێیانو تەمەشای گورگەکەی دەکرد، کزەبایەکە دەیدا لە چاوی و چاوی ئاوی کردبوو، بەدەم تەمەشاکردنەوە، بە سەری قۆڵی، فرمێسکەکانی دەسڕی. ناو بە ناو بەدەم ڕێوە تەمەشای سەمتی چەپی خۆی دەکرد، هەستی کرد گەییوەتە پێدەشتەکەی نزیکی گوندەکەی خۆیان. نزیکی ئەو پارچە زەویە بووەتەوە کە پایز دەگەڵ ناتالیادا کێڵابوویان. گریگۆری بە ئانقەست ئەسپەکەی بە نێو زەویە کێڵاوەکەدا هاژۆت. لەو دەمانەدا کە ئەسپەکە بەدەم ساتمەدانەوە بە نێو شۆوەکەدا دەڕۆییو سمەکانی لە قوڕەکە دەچەقین، جۆشی راوو شکار لە دڵی گریگۆریدا سارد بووەوە. بە بێ مەیلیەوە، ئەسپەکەی کە هانکە هانکی پێکەوتبوو دەڕانی. کە بینی ئاغای ئاوڕ ناداتەوەو تەمەشای ناکات، هێواشتر ئەسپەکەی تاودا.

لە دوورەوە، لە کەناری کەنداڵێکی سوورا، کۆمەڵێك هەوجاڕ وخرماشەی بینی کە کەسیان بە دیارەوە نەبوو. کەمێك لەولاترەوە، سێ جووت گا دیاربوون کە خرماشەیەکیان بە دواوە بوو و

زەویەكی راستانی نەرمانیان دەكێڵا. "دەبێ هی گوندەكەی خۆمان بن، ئەمە زەوی كێیە؟... ها پێموایە زەوی ئانیكوشكایە." گریگۆری زەینی دا، دەیویست ئەو جووتیارە بناسێتەوە كە بە دوای هەوجاڕو گایەكانەوە بوو.

– بیگرن!...

سەیری كرد دوو قۆزاق، خرماشەو هەوجاڕەكەیان بەجێهێشتو بە غار هاتن تا پێش لە گورگەكە بگرنو نەیەڵن خۆی بە دۆڵەكەدا بكات. یەكێكیان كە كابرایەكی باڵابەرز بوو، كاسكێتێكی لەسەر بوو، نەوارێكی سووری پێوە بوو، بە پەتێك لە ژێر چەناگەیەوە بەستبووی، شیشێكی بەدەستەوە بوو وخێرا خێرا بایدەدا. لە ناكاوا گورگەكە وەستا، لە نێو خەتە جووتێكی قووڵدا، قوونی دایەوە. هەڵۆ، سەگە بۆرە زەلامەكە، بەدەم گەرمەی غاردانەوە خۆی بۆ هەڵدا، لە خێراییدا خۆی بۆ نەگیرایەوە، بەسەر هەردوو دەستیا گلا. دێڵە رەشە پیرەكە ویستی بوەستێ، پاشووەكانی بە نێو شۆوە ناهەموارەكەدا بكێش كرد، بەڵام خۆی پێنەگیرایەوەو بەسەر گورگەكەدا كەوت. گورگەكە بە توندی خۆی راتەكاند، بە چەپۆكێكی توند پیرە سەگی لە خۆی دوور خستەوە، سەگە تۆزێ لەولاترەوە كەوت. سەگەكان دەوری گورگەیان دا، تێی بەربوون، گێرەی ئەو ناوەیان پێكرد. لە پەلوپۆیان خست. گریگۆری نیو دەقیقەیەك پێش ئاغای گەییە سەریو لە ئەسپەكەی دابەزی، بۆی كەوتە سەر چۆكانو كێردی ڕاوی دەرهێنا.

ئەو قۆزاقەی كە شیشەكەی بەدەستەوە بوو وهانكە هانكی پێكەوتبوو، بەدەنگێك، كە بە گوێی گریگۆری زۆر ئاشنا بوو، هاواری كرد:

– ها، بێشەرەف! ئاخری گیرایت!... بینە لە ملی!...

خێرا، بە هانكە هانك خۆی گەیاندە تەنیشت گریگۆری، یەكێك لە تاژیەكان چنگی لەزگی گورگەكە نابوو، یارۆی قۆزاقی، پشت ملی گرتو دووری خستەوە، توند، دەستەكانی گورگەی گرت. گریگۆری، دەستی گێڕا، لە ژێر تووكە زبرەكانەوە، قوڕ قوڕاگەی گورگەكەی دۆزییەوەو كێردەكەی لێناو سەری بڕی.

جەنەراڵی پیر، كە دەنگی گیرا بوو وروخساری شینهەڵگەڕا بوو، لە ئەسپەكە دابەزیو هاواری كرد:

– تاژیەكان... تاژیەكان دوور بخەوە.

گریگۆری، بە زەحمەتێكی زۆر سەگەكانی دوور خستەوەو بۆ لای ئاغای گەڕایەوە.

ستیپان ستاخوف، لە نزیكیانەوە وەستابوو، شەپقەیەكی لەسەر بوو، بە پەتێك لە ژێر چەناگەیەوە بەستبووی. شیشەكەی لە دەستیا هەڵدەسوڕاند، چەناگەیو برۆكانی بە شێوەیەكی سەیر دەلەرزین.

لیستنتسكی رووی كردە ستیپان و گوتی:

– تۆ خەڵكی كوێی برادەر، هی كام گوندی؟

ستیپان دوای كەمێك بێدەنگی بەرسڤی دایەوە:

– خەڵكی تاتارسكیم.

و هەنگاوێك بەرەو گریگۆری رۆیی.

لیستنتسکی لێی پرسی:

– ناوت چیە؟

– ستاخوف.

– باشە کەی بۆ ماڵ دەگەڕێیتەوە؟

– ئێوارە.

گورگەکە، هێشتا بە تەواوەتی گیانی دەرنەچوو بوو، بە ئاستەم دەمە داچەقێی بوو، پێیەکی، کە چنگیّ تووکی پێدا شۆڕ بووبووەوە بەرز بووبووە، لە گیانەللآدا بوو، لیستنتسکی، بە ئاماژەی پیّ، گورگەکەی نیشان داو گوتی:

– ئەم کەلاکەمان بۆ بێنەوە، کرێت دەدەمیّ.

ئاغا، بە مل پێچەکەی ئارەقەی سەر دەموچاوە سوورەکەی سڕیو بەڕێکەوت. ئەوجا قایشی مەتارەکەی کە لە شانی توند بوو بوو، شل کردەوە.

گریگۆری چوو بۆ لای ئەسپەکەی خۆی. کە پێی لە ئاوزەنگیەکە نا، ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە. سەیری کرد ستیپان، ئازای دەلەرزی، هەردوو کۆڵەمستی لەسەر سینگی توند کردبوون بە مل بادانەوە بەرەو ئەو دەهات.

((١٨))

ژنان، شەوی هەینی، شەهادەتی عیسا، بۆ شەونشینی لە ماڵی پیلاگیای دراوسێی ماڵی کورشونوف کۆ بووبوونەوە. گاڤریلا مایدانیکوڤی، مێردی پیلاگیا، لە لۆدزەوە نامەی ناردبوو کە گوایە بۆ جەژنی پاك دەگەڕێتەوە. پیلاگیا، لە رۆژی دوو شەممەوە دیواری ژوورەکانی تەڕاو کردبوو، ماڵەکەی رێکخستبوو، لە رۆژی پێنج شەممەوە، بەردەوام چاوەڕوانی هاتنەوەی مێردەکەی بوو، بەسەری رووتەوە دەچووە بەر دەرگا، دەموچاوی یەکپارچە پەڵەی سکپڕی بوو، لەبەر پەرژینەکەدا دەوەستا، دەستی دەکرد بە سێبەر بۆ چاویو، بۆ دوور هەڵیدەڕوانی تا بزانیّ ئاخۆ مێردەکەی بۆ دیار نەبوو. پیلاگیا، سکی هەبوو، بەڵام بەحەلاڵی، لە مێردەکەی بوو: پار هاوین، گاڤریلا لە ئۆردوگا هاتبووەوە، چیتی پۆلاندی بە دیاری بۆ ژنەکەی هێنابوو. گاڤریلا زۆر نەما بووەوە، تەنیا چوار شەوی دەگەڵ ژنەکەیدا بەسەر بردبوو. لە رۆژی پێنجەمدا، دەستی بەخواردنەوە کردبوو، مەست بوو بوو و بە زمانی ئاڵمانی و پۆلاندی کەوتبووە جنێودان، بەدەم گریانەوە دەستی بە گوتنی گۆرانیەکی کۆنی قۆزاقی کردبوو کە لە ساڵی ١٨٣١دا، دەربارەی پۆلاندیەکان وترا بوو. دۆستو براکانی کە بۆ خواحافیزی هاتبوون بۆ لای، پێش شیو ڤۆدگایان خواردبووەوەو دانیشتبوونو گۆرانیەکەیان دەگەڵدا گوتبووەوە:

"دەڵێن پۆلاندا، وڵاتێکە خۆش، پڕ نازو نیعمەت.

بەڵام ئێمە بەخۆمان دیتمان، بیابانێکە چۆڵو بیّ بەرەکەت.

لەم پۆلاندایەدا مەیخانەیەك هەیە

که هی شای پۆڵاندایه.
ڕۆژێ سێ گەنج دەچنە ئەم مەیخانەیە
پروسیەك و پۆڵاندیەك‌و رووسیەکی قۆزاقی دۆن
پروسیەکە جامی خۆی خواردەوەو پارەکەی دا
پۆڵاندیەکە جامی خۆی خواردەوەو پارەکەی
لە تەنیشت جامەکەوە دانا.
قۆزاقەکەش جامی خۆی خواردەوە، بەڵام پارەی نەدا
بە نێو مەیخانەکەدا کەوتە ڕێ،
تەق‌و هۆڕی ناڵچەو مامێزی پێڵاوەکانی
سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی
ساقی مەیخانەکەی بینی
پێی گوت:
"کیژی جوان، نازەنین، وەرە با پێکەوە بڕۆین
بڕۆین بۆ وڵاتی دۆنی ئارام
خەڵکی لەوێ، ژیانێکی دیکەیان هەیە،
نەدەچنن، نە دەڕێسن، نەدەچێنن، نە دەدرونەوە،
نە دەچێنن، نە دەدرونەوە، بەڵام جلی جوان
لەبەر دەکەن."

گاڤریلا، دوای شیڤ خواحافیزی لە خانەوادەکەی کردبوو و ڕۆیی بوو. ئیدی پیلاگیا لەو ڕۆژەوە بەردەوام کەوتبووە چاودێری سکی. بۆ ناتالیا کورشونوڤای باسکرد بوو کە چۆن سکی پڕ بوو بوو:

– پێش ئەوەی مێردەکەم بێتەوە، بە ڕۆژێ دوان خەوێکم بینی. لەو خەوەدا، بە سەوزەزارێکی کەنار ئاوێکا ڕێم دەکرد. چێڵە پیرەکەی خۆمان، ئەو چێڵەی کە پار لە جەژنی نوئیلدا فرۆشتمان، بینی لە پێشمەوە دەڕۆیی‌و شیر لە گوانەکانی دەچۆڕا... لە دڵی خۆدا گوتم: "خودایا، تۆ بڵێی من ئەم بەستەزمانەم باش نەدۆشی بێت؟" ڕۆژی دوایی داپیرە دروزیخا هات‌و داوای رازیانەی لێکردم. خەوەکەم بۆی گێڕایەوە. گوتی: "کەمێك مۆمی تواوەو لە شێوەی هەڵماتێکدا خڕ بکەو بیبە بۆ گەوڕەکەو بیخە شیاکەی مانگاوە، دەنا بەڵایەکت بەسەر دێت." چووم مۆمەکە بێنم. مۆم لەجێی خۆی نەما بوو. هەڵبەتە منداڵان بردبوویان، تا مڵەی پێ لە کون بێننە دەرێ. پاشان گاڤریلا هاتەوەو کێشەو سەریەشەی بە دوودا هات. سێ دانە ساڵم بە ڕەحەتی بردە سەرو دەمتوانی کراسەکەم بە ئاسانی لەبەر داکەنم، بەڵام ئێستا بەخۆت دەبینی کە ...

پیلاگیا بە دەم گلەییەوە سکە ئاوساوەکەی نیشان دەدا.

پیلاگیا، بە تاسەوە چاوەڕوانی مێردەکەی بوو، بە تەنیا تاقەتی چوو بوو. بۆیە دراوسێ‌و دەستە خوشکەکانی خۆی دەعوەت کردبوو تابێن‌و ڕۆژی هەینی دەگەڵ ئەودا بەسەر بەرن.

ناتالیا بەخۆو جووتێ گۆرەوی نیوەچڵەوە، کە هێشتا تەواوی نەکردبوون، هات. – هەرچەندە بەهار بەڕێوە بوو کەچی باپیرە گریشاکا لە جاران سەرماتری بوو– ناتالیا، بە کەیفو بە دەماخ بوو، زیاد لە پێویست بە نوکتەو شۆخیو سوعبەتی ژنەکانی دی پێدەکەنی: لە راستیا نەیدەویست، ژنەکانی دی پەی بەوە بەرن، کە زۆر بیری مێردەکەی دەکاتو خەفەت بەو دابڕانە دەخوات... پیلاگیا لەسەر موغەیریەکە دانیشتبوو و لاقە رووتەکانی شۆڕ کردبوونەوە و دەمارە شینەکانی زەق زەق دیار بوونو شۆخی وگاڵتەی دەگەڵ فروسیادا دەکرد، فروسیا ئافرەتێکی گەنجی دەمەوەر بوو:

– فروسیا، چۆن لە مێردەکەت دا؟

– حەزەکەی بزانی؟ بە پشتیا، بەسەریا، بە هەر شوێنێکیا کە دەستم دەیگەیشتێ.

– نا، مەبەستم ئەمە نەبوو، شەڕەکەتان لەسەر چی بوو و چۆن دەستی پێکرد.

فروسیا،بە نە بەدڵی بەرسڤی دایەوە:

– ئیدی، شەڕێك بوو و رووی دا.

بووکەکەی ماتڤی کاشولین، کە ژنێکی درێژ داهۆڵی داڵە گۆشتی دەم خاو بوو، هەڵیدایە:

– باشە تۆ ئەگەر مێردەکەت لەگەڵ ژنێکی دیکەدا گرتبا، هیچت پێ نەدەگوت؟

– فروسیا، ئەوانەمان بۆ بگێڕەوە.

– ئەوە نایەنێ. باشە هیچ قسەیەکی دی نییە بیکەن تەنیا ئەوە نەبێ؟

– ناز مەکە، هەموومان خۆیین.

فروسیا، توێکڵی گوڵە بە رۆژە برژاوەکەی تفاندە نێو دەستیەوەو بزەیەکی بۆ کرد.

– دەمێ بوو بۆنی شتێکم کردبوو، تا رۆژێك ئافرەتێك پێی گوتم: مێردەکەت چووە بۆ ئاشەکەو، لەوێ دەگەڵ ئافرەتێکدا، دەگەڵ ژنە سەربازێکدا کە خەڵکی ئەوبەری دۆنە، رادەبوێرێ، بەڕاکردن رۆییشتم، لەوێ لە عەماری ئاردبێژانەکەدا، پێکەوە گرتمن.

بووکەکەی کاشولین، قسەکەی پێبڕیو پرسی:

– ئەرێ ناتالیا، هەواڵی مێردەکەت؟

ناتالیا، لە بن لێوانەوە بەرسڤی دایەوە:

– لە یاگودنویە.

– بەتەمای بچیتەوە لای، وانا؟

خانەخوێیەکەیان هەڵیدایە:

– رەنگە خۆی زۆریش حەزبکات، بەڵام مێردەکەی چووە بە چەقی نەحلەتاو لە کەری شەیتان نایەتە خوارێ.

ناتالیا، سوور بووەوە. هەستی کرد خوێن زاییە روخساری، روندك دەزێتە چاوانی، سەری بە سەر گۆرەوی و گلۆڵە بەنەکەیا دانەواندو ژێراو ژێر نیگایەکی ژنەکانی کرد، کە بینی هەموو چاویان بڕیوەتە ئەوو بە خۆیشی ناتوانێ هەڵچوونو شەرمەکەی بشارێتەوە، گلۆڵە بەنەکەی، کە لەسەر ئەژنۆی بوو، بە ئانقەست خستە خوارەوە، بەڵام هێندە ناشیانە خستیە خوارەوە کە

هەموو ژنەکان هەستیان بە پەشۆکانەکەی کرد. هەنگێ دانەویەوەو قامکەکانی بەسەر ئەرزە ساردەکەدا گێڕا.

پیرەژنێك لە رووی دڵسۆزیو هاوخەمیەوە گوتی:

– وێڵی کە گیانە، کە مل هەبێ، نیر زۆرە.

جۆشو خرۆشە دەستکردەکەی ناتالیا، وەکو چۆن پزیسکێك لەبەر بادا دەکوژێتەوە، بەو ئاوایە دامرکایەوە. گفتوگۆو باسی ژنەکان هاتە سەر دوا قسەو قسەلۆكو دەنگۆی ناو گوند. ناتالیا بە بێدەنگی خەریکی گۆرەوی چنینی خۆی بوو. بە خورتی تا کوتایی شەوبێریەکە مایەوە. پاشان گەڕایەوە بۆ ماڵ، قەرارو بڕیارێکی لە زەینا بوو، هێشتا بە تەواوی گەڵاڵە نەبوو بوو، بیری ئایندەی نادیاری خۆی (چونکە هێشتا باوەڕی نەدەکرد کە گریگۆری بە یەکجارەکی دەستی لێبەرداوەو، ئامادە بوو، بیبورێو بچێتەوە لای) وای لێکرد، بیر لەوە بکاتەوە کە یەکێك لە رەنجبەرەکان بە نهێنی بۆ یاگودنویە بنێرێت تا بزانێ ئایا گریگۆری بە ڕاستی رۆییوە، ئایا لە قەراری خۆی پاشگەز نەبووەتەوە. ناتالیا کە لە ماڵی پیلاگیا گەڕایەوە، شەو درەنگ بوو. باپیرە گریشاکا لە ژوورەکەی خۆی دانیشتبوو و ئینجیلی دەخوێندەوە. ئینجیلێکی کۆنی بەرگ چەرمی رەنگبواردوو. باوکی، یانی میرون گریگۆروفیچ، لە مووبەقەکەدا، بە دیار تۆڕێکی ماسیگریەوە دانیشتبوو وچاکی دەکردەوە.بە دەم ئیشەکەیەوەگوێی لە میخی دەگرت کە باسی پیاوکوژیەکی زەمانی کۆنی بۆ دەگێڕایەوە. دایکی هەردوو کچەکەی خەواند بوو و بە خۆیشی لەسەر موغەیریەکە خەوتبوو و بنی پێیە رەشەکانی لە دەرگاکە بوو. ناتایا مانتۆکەی داکەندو بەبێ هیچ مەبەستێکی دیاریکراو بە ماڵەکەدا کەوتە هاتۆچۆ.

لە سوچێکی هۆڵە گەورەکەدا، لە پشت تەختەیەکەوە، خەرمانێك بنەتۆو هەڵدرابووەوە کە بۆ داچاندن دانرا بوو، دەنگی ڕاکەڕاكو جووکە جووکی مشك لەوێوە دەهات.

ماوەیەکی کەم لە ژوورەکەی باپیرەیدا وەستا، بەدیار مێزێکەوە کە لە سووچێکا دانرابوو وەستا، بە خەمباریەوە روانیە ئەو کتێبە ئاینیانەی کە لە ژێر ئیکۆنەکاندا هەڵچنرا بوون.

– باپیرە، کاغەزت هەیە؟

باپیرە گریشاکا، برۆکانی وێکهێنانەوە، لەسەروو چاویلکەکەیەوە تەمەشایەکی کردو پرسی:

– کاغەزی چی؟

– کاغەزی نووسین.

بابە گەورە، کاغەزێکی چرچو لۆچی لە دووتوێی کتێبێکی دووعانامەدا، کە بۆن بخوردێکی توندی لێدەهات، دەرهێناو دایە.

– ئەدی قەڵەمت هەیە ؟

– بچۆ داوا لە باوکت بکە گیانەکەم، بێزارم مەکە.

ناتالیا، کە تە قەڵەمێکی کەڵخوتی لە بابی وەرگرت، لە دیار مێزێك دانیشتو، هەرچی خەمو جەخارو کوڵو کۆڤانێکی لەدڵدا بوو و ماوەیەك بوو پێیانەوە دەتلایەوە، هەر هەمووی بەمجۆرە بە وشە سپارد:

"گریگۆری پانتلیوفیچ

پێم بڵێ بزانم من تەگبیرم چیە، ژیانی من لە گەڵ تۆدا تەواو یان نا. تۆ لە ماڵ ڕۆییشتی بێئەوەی تاقە قسەیەك لەگەڵ منا بكەی. من هیچ هەڵەیەکم دەرهەق بە تۆ نەکردووە، چاوەڕوانم کرد تۆ دەست پێشکەری بکەیت و بڵێیت بە یەکجارەکی ڕۆییشتی. کەچی ڕۆیشتی و قڕوقەپت لێکردووە نەدەنگت هەیەو نە ڕەنگ، دەڵێی مردوویت.

وام وێنا دەکرد لێت بووە بە کەڵەوەکێشی، چاوەڕوانی گەڕانەوەت بووم. بەڵام نامەوێ ببمە باعیسی جیابوونەوەی ئێوە. ئینسانێك لە دنیادا پێشێل ببێ باشترە لە دوان. تکایە بەزەییەکت پێمدا بێتەوەو لە نیازی خۆت ئاگادارم بکەوە، هەنگێ دەزانم چ بڕیارێك دەدەم و چیدەکەم، من ئێستا لە دووڕیاندام.

گریشا، تکایە، توبی تو مەسیح لێم دڵگیر مەبە. ناتالیا."

ناتالیا بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی، بە وەعدی ڤۆدگا، گتکۆی بۆ یاگودنویە بەڕێ کرد.

گتکۆ، کە تامەزرۆی ژەمە خواردنەوەیەك بوو خەریك بوو سوێی دەبووەوە بۆ ڤۆدگا، ئەسپێکی برد بۆ شوێن خەرمانەکان و بەدزی میرون گریگۆروفیچەوە، هەوساری لێبەست و بە پشتی رووتی سوای بوو و یاگودنویە خۆت بگرە واهاتم. لە سواریدا خەشیم و ناشی بوو، بە پێچەوانەی قۆزاقانەوە لەسەر ئەسپەکە دانیشت. کە بە یۆرغە دەڕۆیی سەری ئانیشکەکانی لە قۆڵە دڕاوەکانیەوە دەهاتنە دەرێ و بەدەم ڕێوە سەمایان دەکرد، ئەو منداڵە قۆزاقانەی کە لە کۆڵانەکاندا گەمەیان دەکرد، بەدەم هۆی هاوە گاڵتەیان پێدەکرد:

– خاخول!.... ئەهای خاخول!..

– وریابە نەکەوی!...

– ئەها خاخول غەشیم!...

– دەڵێی سەگەو بەسەر پەرژینا ڕێدەکات.

گتکۆ، دەمەو ڕۆژئاوا گەڕایەوەو کاغەزێکی شینباوی، لەو کاغەزانەی جاران لە کەللە شەکرەوە دەپێچرا، دەگەڵ خۆدا هێنا بوو.

گتکۆ، چاوێکی لە ناتالیا داگرت و کاغەزەکەی لەبەرکی دەرهێنا:

– ڕێگاکە زۆر وێران بوو، ئەوەندەی تەکاندام، خەریك بوو هەموو ورگ و ریخۆڵەم ژێرو بان ببێ!

ناتالیا وەڵامەکەی خوێندەوە، روخساری تاریك بوو. ئەو چوار وشەیەی بەسەر کاغەزەکەوە پان بوو بوونەوە، وەکو شتێکی برندەی تیژ بە دڵیا چەقی: "بە تەنیا بژی. گریگۆری میلیخوف."

بەلەز، لە ترسی ئەوەی نەتوانێ خۆی بە پێوە بگرێت، بە نێو حەوشەکەدا تێپەڕی و چوو لە ژوورەوە لەسەر تەختەکەی خۆی پاڵکەوت، لوکی نیچنا، خەریك بوو کوورەکەی ئامادە دەکرد و نێڵ دەدا، تا بۆ ئەو شەوە حازربێت و بەیانی زوو کێك و شیرینی جەژنی پاك ئامادە بکات و ببرژێ، بانگی ناتالیای کرد:

– ناتاشکا، وەرە یارمەتیم بدە.

–دایکە سەرم دێشێت، دەمەوێ کەمێك پاڵبکەوم.

لوکی نیچنا لە دەرگاکەوە سەری کێشایە ژوورەوە:

- تۆزێ ترشیاتی خەیارت بخواردایە، یەکسەر چاك دەبوویتەوە.

ناتالیا زمانێکی وشکی بە لێوە ساردەکانیا هێناو هیچی نەگوت. شاڵێکی گەرمی لەخۆیەوە پێچاو تا ئێوارێ پاڵکەوت، خۆی گرمۆڵە کردبوو و لەرزێکی سووکی لێبوو. میرون گریگۆروفیچ و باپیرە گریشاکا خەریك بوو بۆ کڵێسا دەڕۆییشتن کە ناتالیا لە جێگا هەستاو چوو بۆ مووبەقەکە. دڵۆپە ئارەقە لە ژێر قژە نەرمەکەی لاجانگەکانیەوە دەبریسکانەوە، نەخۆشی و بێتاقەتی بە چاوانیەوە دیاربوو.

میرون گریگۆری کە دوگمەی پانتۆڵە دەڵبەکەی دادەخست تەمەشایەکی کیژەکەی کردو گوتی:

- تۆش هەرما ئێستا نەخۆش بکەوی! وەختت نەدۆزییەوە ئێستا نەبێ کچم. هەستە با بڕۆین بۆ نوێژی نیوەشەو.

- ئێوە بڕۆن، من دوایی دێم.

- کەی، ئەو کاتەی کە خەڵکی لە کڵێسا دێنەوە؟

- نا، جلەکانم لەبەر دەکەمو دێم.

پیاوەکان ڕۆیشتن، لوکی نیچناو ناتالیا بە تەنیا لە ماڵدا مانەوە. ناتالیا بە خاوی لە نێوان یەغدانو تەختەکەدا دەهاتو دەچوو، بێئەوەی بەخۆیشی بزانێ چ دەکات، تەمەشای جلەکانی ناو یەغدانەکەی دەکرد کە بە ناڕێكو پێکی بەسەر یەکدا هەڵدرابوونەوە، بە داخو کەسەرەوە بیری لە شتێکی دی دەکردەوە. لوکی نیچنا، بەو خەیاڵەی کە ناتالیا لە هەڵبژاردنی جلەکانا دوو دڵە، بە میهرێکی دایکانەوە گوتی:

- ئازیزەکەم تەنورە شینەکەی من لەبەر بکە، زۆرت لێدێت، بۆتی بێنم؟

ناتالیا، جلی تازەی بۆ جەژن نەکردبوو، کاتێ لوکی نیچنا بیری کەوتەوە کە کیژەکەی بەر لەوەی مێرد بکات، چەند حەزی دەکرد ئەم تەنورە نیلییە تەنگە لە ڕۆژانی جەژندا لەبەر بکات، بە کەماڵی ئارەزوو دەیدایە تا لە بەری بکات، چونکە وای وێنا دەکرد کە هۆی پەستیو دڵتەنگیەکەی، نەبوونی جلە.

- دەتەوێ لەبەری بکەی، ها؟ بڕۆم بۆتی بێنم؟

- نا، ئەمە لەبەر دەکەم.

ناتالیا، بە کاوەخۆ تەنورە کەسکەکەی دەرهێنا. لە ناکاوا بیری کەوتەوە کە لەو ڕۆژەدا کە گریگۆری لە دەورانی دەزگیرانداریدا هاتبووە دیدەنی، ئەو ڕۆژە کە لە پەنای عەمارە فێنکەکەدا بۆ یەکەمجار، ماچێکی کوتو پڕی کردبوو و لە شەرما سووری سوور بوو بووەوە، هەمان ئەو جلەی لەبەر بوو. گریان ئەوکی گرت، تەکانێکی دا، بە ڕووا کەوتە سەر ئەو پەردەیەی کە لەسەر یەغدانەکە لای دابوو.

دایکی دەستی دان بەیەکاو هاواری کرد:

- ناتالیا، چیتە؟

ناتالیا گریانەکەی قووت دایەوە. خۆی کۆنترۆڵ کردەوەو، قاقایەکی دەستکردی لێدا.

– نازانم چیمە... ئەمڕۆ...

– ئاخ ناتالیا، هەستدەکەم کە...

ناتالیا، لە کاتێکا تەنورە کەسکەکەی لە نێو دەستیا گرمۆڵە کردبوو، لە پڕا سوور بووەوەو هاواری کرد:

– دایکە تۆ هەست بە چی دەکەیت؟

– تۆ بەم حاڵە هەڵناکەیت... تۆ پێویستت بە مێردە.

– زۆرم خێر لە یەکەم بینی نۆرەی دووەمە.

ناتالیا چوو بۆ ژوورەکەی خۆیو زوو بۆ مووبەقەکە گەڕایەوە. جلەکانی لەبەر کردبوو، شووش و باریك دەتگوت کچە عازەوە، سەر گۆناکانی سووریان دەکردەوە.

دایکی گوتی:

– تۆ بە تەنیا بڕۆ، من هێشتا ئامادە نیم.

ناتالیا دەسەسڕێکی خستە ژێر قۆڵی کراسەکەیەوەو دەرچوو. بایەکە لە سەمتی دۆنەوە هارەو هاژەی بەستەڵەکی دەم شەپۆلانو بۆنی خۆشی نمساری توانەوەی بەفری دەگەڵ خۆدا دێنا. ناتالیا بە دەستی چەپی بە ئاستەم داوێنی تەنورەکەی هەڵکردبوو و خۆی لەو چاڵە ئاوە شینە سەدەف ئاسایانە دووردەگرت کە لە جادەکەدا لێرەو لەوێ بە هۆی توانەوەی بەفرو بەستەڵەکەوە دروست بووبوون، بەوجۆرە ڕۆیی تا گەییە کلێساکە. بەدەم ڕێگاوە هەوڵی دەدا، ئارامی دەروونی خۆی بە دەست بێنێتەوەو وەکو جاران بیر لە جەژن بکاتەوە. بەڵام بیرو هۆشی گرگر دەهاتەوە سەر ئەو پارچە کاغەزە نیلییەی کە لە سینگو بەرۆکیا شاردبوویەوە، بیری لە گریگۆری دەکردەوە، بیری لەو ژنە بەختەوەرە دەکردەوە کە دوور نەبوو لەو کاتەدا بە نازو عیشوەوە بەو پێبکەنێ، یان لەوە بوو دڵی بە حاڵی بسووتێ...

خۆی بە حەساری کلێساکەدا کرد. چەند گەنجێك لەسەر ڕێگاکەی بوون، خۆی لێلادان. گوێی لێبوو بە چپە گوتیان:

– ئەمە کێیە؟ ناسیت؟

– ناتالیا کورشونوڤایە.

– دەڵێن فتقی هەیە، بۆیە مێردەکەی وازی لێهێناوە.

– نا، وانیە! لەگەڵ خەزوریا، لەگەڵ پانتلی شەلدا، سەرو سڕێکیان لە بەینا بووە.

– ئم، ئاوها! کەواتە بۆیە گریشکا تۆراوەو سەری خۆی هەڵگرتووە؟

– ئەی چۆن؟ هێشتاش پەیوەندی لەگەڵ پانتلیدا هەیە.

ناتالیا، کە پێی لە سەلبەندی ناڕێكو پێکی ناو حەوشەکە هەڵدەنووتا، تا گەییە بەر سەردەری کلێساکەش، لە دواوە، تیرو تانەی ناشیرینو بازاڕیان لێدا. ئەو کچانەی کە لەبەر دەرگای کلێساکە بوون، کاتێ چاویان پێکەوت، کەوتنە تەوسخەن، ناتالیا لە دەرگاکەی دیکەوە دەرچوو بە پەلەپەل و لارەلارە، وەکو مەستان خۆی گەیاندەوە ماڵ. لەبەر دەرگای خۆیان،

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، ئەوجا خۆی بە حەوشەدا کرد، پێی لە داوێنی تەنورە شۆڕەکەی دەئالاو بە جۆرێ لێوی خۆی دەکرۆشت کە خوێنی لێدەهات، لەنێو حەوشەوە دەرگا نیمچە کراوەکەی عەمارەکە رەش دەچووەوە. ناتالیا گوڕی دایەخۆ، بەرەو ئەو دەرگایە چوو، بە پەلە خۆی بە ژوورا کرد. عەمارەکە فێنك بوو، بۆنی چەرمی قایش‌و قروشی زین‌و تفاقی ئەسپ‌و، بۆنی کای کۆنی رزیو، تیایا پەنگی خواردبووەوە. ناتالیا، بە پێخشکەو لەپەکوتێ، بێئەوەی بیر لە هیچ شتێك بکاتەوە، بە دوو دڵیەکی تاریکەوە کە چنگی نابووە گیانی نائومێدو پڕ شەرمی‌و پارچە پارچەی دەکرد، خۆی گەیاندە سووچێکی عەمارەکە، دەستی دایە داسێك، دەمە تیژەکەی کردە خۆی – رەفتاری زۆر ئاسایی‌و بنجبڕانە بوو– هەنگێ سەر خۆی بۆ دواوە بردو بە خۆشی‌و ورەیەکی بەرزەوە، دەمەکەی لە گەرووی خۆی نا. ئازارێکی تیژ، وەکو ئەوەی لە ناکاوا، کۆڵە مستێکی کوشندەی پێدا بکێشن، بەو ئاوایە خستی، بەڵام ناتالیا، بە شێوەیەکی گۆنگ، هەستی کرد، مەبەستەکەی خۆی نەپێکاوە، بە چوار چنگۆڵە هەستایەوە، ئەوسا کەوتە سەر ئەژنۆ. بەپەلە، بە قامکانی لەرزۆك، دوگمەکانی کراسەکەی کردنەوە. ئەو خوێنەی بەسەر سینگیا دەهاتە خوارێ، ترساندی. بە دەستێك مەمکە سپی‌و قوتەکانی لادایە لاوە، بە دەستەکەی تری نووك‌و دەمی داسەکەی گرت. لەسەر چۆکان خۆی گەیاندە دیوارەکە، دەسکی داسەکەی نا بە دیوارەکەوە. هەردوو دەستی خستنە پشت سەری، بە هەموو هێزو قوەتی خۆیەوە سینگی بردە پێشەوە، بردیە پێشەوە... بە ئاشکرا گوێی لە دەنگی ترسناکی بڕینی گوشت بوو کە دەتگوت دەنگی بڕینی گەڵای کەلەرمە. شەپۆلە ئازارێکی توند لە سینگییەوە بەرەو گەرووی بەرز بووەوە، وەکو هەزاران دەرزی، پەردەی گوێیان دەرزی ئاژن دەکرد...

دەنگی دەرگای ماڵەکە هات. لوکی نیچنا، لە پلەکانەوە دادەگەڕا، زۆر بە پارێزەوە پێی لەسەر هەر پلەیەك دادەنا، لە بورجی کلێساکەوە، دەنگی زەنگ، بەرێك‌و پێکی بەرز دەبووەوە. تەختە سەهۆڵی سەر ئاوکەوتوو، بەسەر روباری دۆنەوە، بە هاژە هاژ، دادەکشان‌و بەر یەك دەکەوتن. دۆنی سەر رێژی ئاو، رەهاو رزگار، کۆت‌و زنجیری ئەسارەتی بەفرو بەستەڵەکی دەپچڕی‌و بەرەو دەریای ئازوف ڕادەماڵی.

((١٩))

ستیپان، لە گریگۆری نزیك بووەوە، رکێفەکەی گرت، خۆی دایە پاڵ ئەسپەکەی کە شەلاڵی ئارەقە بوو بوو.

– ئێ گریگۆری، چۆنی؟

– لەخوا بەزیاد بێ!

– بەتەمای چیت، نیازت چیە؟

– دەربارەی چی؟

– ژنی یەکێکی دیکەت ڕەدوو خستووەو... دڵت پێی خۆشە؟

– ڕکێفەکە بەردە.

– مەترسە! لێت نادەم.

گرێكۆری سوور بووەوە، دەنگی بەرز كردەوە.

– ناترسم، بەردە.

– ئەمڕۆ شەڕت لەگەڵ ناكەم، خۆم نامەوێ... بەڵام، گریشكا، لە بیرت نەچێ: درەنگ یان زوو هەر دەتكوژم!

– وەكو كوێران دەڵێن "دەی بینین!"

– بە هەرحاڵ، ئەمەت لەبیر بێ، تۆ سووكایەتیت بە من كردووە!... حاڵم وەكو یەكانەیەكە كە خەسێنرابێ... تەمەشا...

ستیپان هەردوو ناولەپی نیشاندا. خەریكم زەوی دەكێڵم، من كە تاقە نەفەرێكم چ پێویستم بەوەیە! هەر چۆنێ بێ دەژیم. دەتوانم زستانیش بەو جۆرە بەسەر بەرمو ژیانی نەفەرێك هەر چۆنێ بێ دابین دەبێت. بەڵام من تەنیایی كوشتوومی، تۆ غەدرێكی گەورەت لە من كردووە.

– گلەیی بۆ من مەكە، تێر ئاگای لە برسی نییە.

ستیپان قسەكەی بۆ سەلماندو گوتی:

– ڕاستە. ئەمە ڕاستە.

ژێراو ژێر روانیە روخساری گریگۆری، لە ناكاوا بزەیەكی سادەو منداڵانە كەوتە سەر لێوی، چرچ و لۆچێكی زۆر كەوتە سەرگۆشەی چاوی.

– دەزانی من خەفەتی چی دەخۆم... زۆرانبازیەكەی پێرارت بیردێت، ئەوەی پێرار لە رۆژی كەڕنەڤالدا كرا؟

– نا، بیرم نایەت. كەی؟

– ئەها، ئەو جارەی كە كابرای گازر(جلشۆر)كوژرا. ئەو رۆژەی كە گەنجەكان لەگەڵ ژاندارەكاندا زۆرەبانێیان دەگرت. لە بیرتە؟ بیرت دێ چۆنم راو نایت؟ هەنگێ ریوەڵەیەكی بێ جورم بوویت و بۆ من و لەبەر دەستی مندا، وەكو نەیجەیەكی تەڕ وابووی . هەنگێ مدارام كردیت، خۆ ئەگەر بەدەم راكردنەوە یەك مستم پێدا بكیشابای دەمكردیت بە دوو لەتەوە! غارت دەداو وەكو تۆپ غل دەبوویتەوە. ئەگەر ئەوسا مستێكم بە لا قەبرغەتا بكێشایە، ئێستا لەم دنیادا نەدەبوویت!

– گوێ مەدەیە، بۆ ئەمجارە بێتەوە.

ستیپان، دەستێكی بە تەوێڵی خۆیدا هێنا وەكو ئەوەی هەوڵبدات شتێك وەبیر خۆی بێنێتەوە.

ئاغاكە هەوساری ئەسپەكەی گرتبوو، بانگی لە گریگۆری كرد:

– خێراكە!

ستیپان، بێئەوەی ركێفەكە بەربدات، شان بە شانی ئەسپەكەی گریگۆری كەوتە ڕێ. گریگۆری بە وریاییەوە چاودێری هەر رەفتارێكی دەكرد، لەسەرەوە تەمەشای سمێڵە شۆڕەكانی ستیپان و ردێنە چڕەكەی دەكرد كە دەمێ بوو نەیتاشی بوو.

نەواری شەپقەكەی كە سیرمە بوو، لە چەند شوینێكەوە شەقی بردبوو. روخساری كە لە تەپوتۆزا رەش هەڵگەڕابوو و چۆڕاوگەی تێكەڵ و پێكەڵی ئارەقەی پێدا هاتبووە خوارەوە، هێندە

خەمبارو غەریب دیاربوو، نەدەناسرایەوە. گریگۆری بەدەم تەمەشا کردنیەوە، وای هەست دەکرد لەسەر گرێکەوە، لە میانەی تەمو مژو بارانەوە دەڕوانێتە دەشتێکی دووری دوور. پەستی و بێزاری و بۆشاییەکی سەیر، نیشتبووە سەر سیمای ستیپان، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی تر بڵێ لە جێی خۆی بەجێ ما. گریگۆری بە کاوەخۆ ئەسپەکەی ڕانی.

– ڕاوەستە. تۆزێ بوەستە، بڵێ بزانم ئەکسیوشا چۆنە؟

گریگۆری، بە قامچییەکەی دەستی، تۆپەڵێکی قوڕی لە چەکمەکەی کردەوەو بەرسڤی دایەوە:

– باشە.

گریگۆری ئەسپەکەی ڕاگرت، ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە، ستیپان ڕەق ڕاوەستا بوو، هەردوو لاقی لێکدی بڵاوکردبوونەوە، لاسکە گیایەکی لە ژێر دانەکانیا دەجوو. گریگۆری لەپڕ هەستی کرد کە زۆری بەزەیی پێدا دێتەوە. بەڵام هەر زوو غیرەگرتی و خۆی لەسەر زینەکە ڕێکخست و هاواری کرد:

– خەمت نەبێ، بیرت ناکات.

– بەڕاست؟

گریگۆری قامچیەکی کێشا بە نێوان هەردوو گوێی ئەسپەکەداو بێئەوەی بەرسڤی بداتەوە، هەڵیکردە چوار ناڵە.

((٢٠))

ئەکسینیا، کە سکی بوو بە شەش مانگان و ئیدی لەوەدا نەما بیشارێتەوە، ئەوسا بە گریگۆری گوت، تا ئەو کاتە بە هیچ جۆرێ باسی نەکردبوو، چونکە دەترسا گریگۆری باوەڕ نەکات کە ئەو منداڵەی لە سکیایە، لەو بێت. هەرکاتێ دەهاتە سەر ئەوەی ئەم خەبەرەی بداتێ، ڕەنگی تێکدەچوو، ترسی لێدەنیشت، بۆیە بەردەوام هەواڵەکەی دوادەخست و لێی دەشاردەوە.

لە مانگەکانی یەکەما دڵی لە گۆشت تێك هەڵدەهات، بەڵام گریگۆری هەستی پێنەدەکرد، یان ئەگەر هەستیشی پێکردبا، ئەقڵی بە هۆکارەکەیا نەدەشکا.

شەوێك لە ناو جێگادا ئەم خەبەرەی دایە گریگۆری. بە نیگەرانی چاوی بڕییە سیمای تا بزانێ چ گۆڕانکارییەکی بەسەرادێت، بەڵام گریگۆری بە پەستی ڕوویکردە پەنجەرەکەو کۆکەیەکی بۆ کرد.

– باشە، بۆ تا ئێستا باست نەکردووە؟

– دەترسام گریشا.. وام وێنا دەکرد بە جێم بێڵی.

گریگۆری کە بەسەری قامکەکانی دەیکێشا بە سەرینەکەیدا، گوتی:

– بەم زووانە دەتبێ؟

– بە ئەقڵم سەرەتای مانگی ئاب دەمبێ.

– لە ستیپانە؟

– نەخێر، لە تۆیە!

– بەڕاست؟
– خۆت حیسابی بکە... لەو ڕۆژەوە کە دەچووینە داربڕین و دار پەرچ کردن...
– ئەکسینیا، درۆ مەکە! خۆ ئەگەر لە ستیپانیش بیّ، تازە چ دەکریّ؟ ویژدانی خۆت بکە بەداوەرو ڕاستم پیّ بلّیّ.

ئەکسینیا، لەسەر تەختەکە دانیشت، کەوتە فرمیّسك رشتن، ئەوجا لە بن لیّوانەوە، بە توڕەیی کەوتە گلەیی:

– من چەندین سالّ لەگەلّ ئەودا بووم و سکم نەکرد!... بۆ خۆت بیریّ لەمە بکەوە! خەتایەکە لە من نەبوو، من نەزۆك نەبووم... کەواتە ئەم مندالّە لە تۆیە، کەچی تۆش...

گریگۆری، لەوەی پتر لەسەر ئەم بابەتە نەڕۆیی. سووکە گۆڕانیّك بەسەر پەیوەندی دەگەلّ ئەکسینیادا هات، هەم لیّی ساردو دڕدۆنگ بوو هەم بەزەیی پیّیدا دەهاتەوەو هەم تەوسی پیّدەکرد. ئەکسینیاش، وەکو جاران خۆی تیّهەلّنەدەسوو و داوای نەوازشی لیّنەکرد. لە هاوینا جوانیەکەی جارانی نەما. بەلاّم، سکەکە، بە ئاستەم لەش و لارە جوانەکەی تیّکدابوو. قەلّەویەکەی، سکەکەی شاردبووەوە، هەرچەندە دەموچاوی کەمیّك لاواز بوو بوو، بەلاّم چاوە گەش و نیگا گەرمەکانی جوانیەکی تازەیان بە روخساری دەبەخشی. ئەکسینیا، بە ئاسانی و بیّ هیچ کیّشەیەك کارەکەی خۆی، کە یاریدەدەری ئاشپەزبوو، ئەنجام دەدا. ئەو سالّە ژمارەی سەپان و وەرزیّران کەمتر بوو و کاری مووبەقیش لەجاران سووکتر بوو.

ساشکای پیرەمیّرد، دلّبەستەی ئەکسینیا بوو بوو. رەنگە زیاتر لەبەر ئەوە بووبیّ، وەکو چۆن کیژیّك خزمەتی بابی خۆی دەکات، بەو ئاوایە مداراو خزمەتی دەکرد: نویّنەکانی بۆ دەشت، کراسەکانی بۆ پینەو پەڕۆ دەکرد، لەسەر سفرەو خوان مدارای دەکرد، کام پارووە خۆش و بەلەزەت و نەرمە قووت بوو بۆ ئەوی دادەنا. ساشکا، کە لە کاروباری ئەسپەکان دەبووەوە، دەچوو لە مووبەقەکە ئاوی دیّنا، یارەلّماسی بۆ بەرازەکان ورد دەکردو زۆر وردە ئیشی دیکەی دەکردو بەدەوری ئەکسینیادا دەهات و دەچوو، دەمە بیّدانەکەی دەکردەوەو دەیگوت:

– تۆ زۆر دلّسۆزی منی، چاکەی تۆ لە بیرناکەم، ئامادەم چاکەت بدەمەوە! ئەگەر خۆت بتەویّ، ئامادەم لە پیّناوی تۆدا خۆم بە کوشتبدەم. جاران کە کەس نەبووپیّمڕا بگات، خەریك بوو گەڕو گول دەبووم، ژیانم نەبوو! ئەسپیّ تیّی دابووم، خواردبوومی! هەر شتیّکت پیّویستە. قسە بکە!

گریگۆری، کە بە هۆی یەڤگینی نیوکلایوفیچەوە، لە دەورەی مەشقی بەهارەی سەربازی مەعاف کرابوو، لە مەزرادا کاری دەکرد، هەندیّجار جەنەرالّ لیستنتسکی پیری بۆ شار (مەلّبەندی دەڤەرەکە= ستانیتزا) دەبردو هەندیّجاریش بە سواری دەگەلّ ئاغای پیردا دەچووە راوە پۆڕو چیّرگان. ئیدی ژیانی ئیسراحەت تەواو تەمەلّی کردبوو. قەلەو بوو بوو و لە تەمەنی خۆی گەورەتر دەینواند. ئەوەی کە زۆری ئازار دەدا، خزمەتی سەربازی بوو کە بەو زوانە بانگ دەکرا. نە ئەسپی هەبوو نەتفاقی سەربازی. ئومیّدی بەوەش نەبوو کە باوکی هیچ باربویەکی بکات. ئیدی ئەو مانگانەیەی، کە خۆی و ئەکسینیا وەریان دەگرت، پاشەکەوت دەکرد. تەنانەت خۆی لە جگەرەش مەحرووم دەکرد، بۆ ئەوەی بتوانیّ بە پاشەکەوتی مانگانەکەی خۆی و ئەکسینیا،

ئەسپێك بکڕێت و داوای هیچ لە باوکی نەکات. ئاغای پیریش بەڵێنی دابویە کە یارمەتی بدات. هەر زوو ئەو تەسەورەی کە بابی یارمەتی نادات، هاتەدی. لە ئاخرو ئۆخری هەیڤی حوزەیراندا پیوتەری برای هاتە دیدەنی، لە بەینی قساندا گوتبووی کە بابی هێشتا لێی تووڕەیەو بڕیاری داوە کە ئەسپی جەنگی بۆ نەکڕێت و دەڵێت: "با بۆ خۆی بڕوات بۆ سەرکردایەتی ناوچەو داوای ئەسپ بکات."

گریگۆری گوتی:

– پێویست بەو قسانە ناکات من بە ئەسپی خۆم دەچم بۆ خزمەتی سەربازی (تاکیدی لەسەر وشەی ئەسپی خۆم کرد).

پیوتەر بزەیەکی بۆ کرد، بەدەم سمێڵ جوونەوە گوتی:

– ئەسپ لە کوێ پەیدا دەکەی؟ بە سوڕو چەقەنە پەیدای دەکەی؟

– ئیدی بە سوڕو چەقەنە بێ، بە خواستن و سواڵ بێ، خۆ ئەگەر بەو حاڵەش دەستم نەکەوت، دەیدزم.

– دەك بتڕەژم کوڕ!

گریگۆری، بە زمانێکی جدیتر گوتی:

– بە پارەی مانگانەکەم ئەسپێك دەکڕم.

پیوتەر تاوێك لەسەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگا دانیشت، کەوتە پرسیار لە گریگۆری، پرسیار دەربارەی نان و خوانی، کری و مانگانەی، دەگەڵ هەر وەڵامێکی گریگۆریدا، بەدەم سمێڵ جووینەوە سەرێکی بۆ دەلەقاند، دوای ئەوەی لە هەموو پرسیارەکانی بووەوەو هەستا و دەیویست بڕوات، بە گریگۆری برای گوت:

– باشترین شت ئەوەیە بێیتەوە و لەگەڵ ئێمەدا بژیت، ئەم کەڵەوەکێشیەت بێسوودە، ئاخر ئەم سەرگەردانیەت لەپای چیە؟ پێتوایە ئەگەر لێرە بمێنیتەوە دەوڵەمەند دەبیت؟

– نا، من لە دووی دەوڵەمەند بوون نیم.

پیوتەر، بابەتی گفتوگۆیەکەی گۆڕی و پرسی:

– باشە، بە تەمای هەر لەگەڵ یارۆدا بژی؟

– مەبەستت کێیە؟

– ئەو ژنە.

– جارێ ئا، بۆچی دەپرسیت؟

– هیچ، هەر ویستم بزانم.

گریگۆری لە کاتی بەڕێکردنی پیوتەری برایدا، لە دواساتدا لێی پرسی:

– کەسوکار چۆنن؟

پیوتەر، لە کاتێکا هەوساری ئەسپەکەی، لە موحەجەرەی قاڵدرمەکەی بەر دەرگا دەکردەوە، بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە گوتی:

– باشن، کاروبار دەقەتیٚ. دایکم بیرت دەکات. لە درویٚنەی ویٚنجە بووینەتەوە، سیٚ خەرمانە کامان هەڵداوەتەوە.

گریگۆری، بە هەڵچوونەوە ڕوانیە ئەو پیرەماینە گویٚ بڕاوەی کە پیوتەر پیٚی هاتبوو:

– ئەمساڵ نەزاوە؟

– نە، برا، ئەستیٚورە، بەڵام ئەو کویٚتەی کە بە گۆڕینەوە لە خریستونیامان وەرگرت، زاوە.

– بیٚچووەکەی چیە؟

– نیٚرە، لاقەکانی دریٚژ، قولەپیٚی بە هیٚز، سینگی جوان، ئەسپیٚکی زۆر باشی لیٚدەردەچیٚت.

گریگۆری ئاهیٚکی هەڵکیٚشاو گوتی:

– پیوتەر، بیری گوند دەکەم، بیری دۆن دەکەم. لیٚرە ئاوی ڕەوان بە چاو نابینی. بەڕاستی شویٚنیٚکی ناخۆشە.

پیوتەر، کە سکی نابوو بەپشتی ماینەکەوەو پیٚی راستی بەرز دەکردەوە، تاسواری ببیٚ، بە هانکە هانك گوتی:

– وەرە سەرمان بدە.

– با بزانم،ئەگەر دەرفەت ڕەخسا.

– دەی خودا حافیز

– سەفەر بەخیٚر.

پیوتەر، تەواو لە حەوشەکە دوور کەوتبووەوە، لە پڕ شتیٚکی بیرکەوتەوە، رووی کردە گریگۆری، کە لەسەر پلەکانی بەرماڵەوە وەستابوو، هاواری کرد:

– ناتالیا... خەریك بوو لە بیرم بچیٚت... چ بەڵایەکی!...

بەڵام، بایەکە کە وەکو داڵاش بەسەر حەوشەکەدا دەسوڕایەوە نەیهیٚشت گریگۆری گویٚی لە کۆتایی قسەکەی پیوتەر بیٚت. تەپو تۆزیٚکی مەخمەلی پیوتەرو ماینەکەی دابووە ناو، گریگۆری بەخەمساردییەوە دەستیٚکی هەڵتەکاندو بەرەو تەویلەکە رۆیی.

هاوینیٚکی وشك بوو. بارانیٚکی کەم باری، گەنم زوو پیٚگەیی بوو. هەرکە کاری زوڕات تەواو بوو، و زوڕات هەڵگیراو لە عەمار کرا، ئیدی جۆ پیٚگەیی و زەرد بوو. گریگۆری دەگەڵ چوار سەپان و وەرزیٚرا چوونە درویٚنە.

ئەکسینیا، ئەو رۆژە زوو لە کاری مووبەق بوو بووەوە. داوای لە گریگۆری کرد بوو کە ئەویش دەگەڵ خۆیدا ببات. گریگۆری بۆ ئەوەی ژیٚوانی بکاتەوە گوتبووی:

– باشتر وایە لە ماڵەوە بی، چ پیٚویست دەکات بۆ ئەویٚ بیٚی؟

بەڵام ئەکسینیا سوور دەبیٚ لەسەر چوون، بەلەز سەرپۆشیٚکی بەسەردا دابوو، دەرچوو بوو بەغار خۆی گەیاند بووە ئەو عەرەبانەیەی کە پیاوەکان سواری بوو بوون.

ئەو شتەی ئەکسینیا بە نیگەرانی و بیٚقەراریەکی شادی ئامیٚزەوە چاوەڕوانی بوو و، گریگۆری بە ترسیٚکی نادیارەوە پیٚشوازی دەکرد ، ئەو رۆژە لە کیٚڵگەکەداو لەو دەشتەدا رووی دا.

ئەکسینیا خەریکی مەڵۆ هەڵگرتن بوو کە هەستی بە هەندێ نیشانان کرد، شیش مەڵۆکەی دانا، لە پاڵ گیشەیەکدا پاڵکەوت، زوو بە زوو ژان گرتی.

ئەکسینیا لەسەر ئەرزەکە کەوتبوو و زمانی خۆی کە رەش هەڵگەڕا بوو دەگەست. ئەو کرێکارانەی کە بە شەپشەپەکە (مەکینەی درەو) کاریان دەکرد کاتێ بەلایدا رۆییشتن، دەنگیان لە ئەسپەکان کرد، خۆیان لە ئەکسینیا لادا. یەکێك لە کرێکارەکان، کە زامێکی چڵك کردوو بەسەر کەپوویەوە بوو. دەموچاوە زەردەکەی کە دەتگوت لە تەختە داتاشراوە، یەك پارچە چرچ و لۆچ بوو، کاتێ بەلای ئەکسینیادا رەت بوون گوتی:

– ئەهای، هەتاو پاشەڵی سووتاندیت، ڕابە دەنا دەتوێیتەوە!

دوای ئەوەی نۆرەی گریگۆری لەسەر شەپشەپەکە تەواو بوو، چوو بۆ لای ئەکسینیا:

– چیتە؟

ئەکسینیا، کە بەدەم ژانەوەو بەبێ ویستی خۆی لێوی دەکرۆشت بە دەنگێکی نووساو گوتی:

– ژانم هاتووە تێ.

– پێم گوتی مەیە، هەی قەحپە شەیتان! ئاخر ئێستا چی بکەین؟

– تووڕە مەبە گریشا، ئاخ... ئاخ!... گریشا ئەسپەکان لە عەرەبانەکە ببەستە! دەبێ بگەمە ماڵەوە... ئاخر لێرە چ خاکێ بەسەر خۆما بکەم؟ نەخوازەڵلا بە بەرچاوی ئەم پیاوانەوە..

گریگۆری، بەغار چوو ئەسپەکە بێنێ، ئەسپەکە لە کەندێکی ئەو نزیکانە دەلەوەڕا. لەو ماوەیەدا کە گریگۆری عەرەبانەکەی لە ئەسپەکە دەبەست، ئەکسینیا، بە چوار چنگۆڵە، رۆیی بوو، سەری کردبوو بە ناو گیشەیەك جۆی تەپوتۆزاویەوەو لەوێ دوورکەوتبووەو ئەو قەسەڵانەی، کە لە تاو ئازار جووبوونی، دەتفاندەوە. چاوە ئاوساوەکانی، بە نیگایەکی وێڵ و سەرگەردان و لێڵەوە کردبووە گریگۆری کە بە هەشتاو بۆ لای ئەودەهات. بە دەم ناڵینەوە، بەرهەڵبێنە چرچ و لۆچەکەی پەستابووە زارییەوە تا کرێکارەکان، گوێیان لە هاوارە ترسناك و حەیوان ئاساکەی نەبێت. گریگۆری لە عەرەبانەکەی ناو، ئەسپەکەی بە هەشتاو بەرەو ماڵ تاودا، ئەکسینیا کە سەری دەیدا بە ناو عەرەبانەکەدا کەوتە هاوار:

– ئای! خێرا مەڕۆ، ئای مردم!... ئەوەندە تەکانم پێمەدە.

گریگۆری هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، بێئەوەی ئاوڕی دواوە بداتەوەو گوێ بە ئاهو ناڵەی وشك و پچڕ پچڕی ئەکسینیا بدات. ئەسپەکەی بەر قامچی دەداو هەوسارەکەی بەسەر سەری خۆیدا بادەدا.

ئەکسینیا، گۆناکانی لە نێو هەردوو دەستیا دەگوشین و چاوە ئەبڵەق و ترساوەکانی، شێتانە گێژ دەدا، لە نێو عەرەبانەکەدا، کە بە رێگایەکی پڕ چاڵ و چۆڵدا، دەڕۆیی و ئەم بەرو ئەوبەری دەکرد، بەدەم هەڵتەك هەڵتەکی عەرەبانەکەوە، بەم دیوو بەو دیودا دەکەوت، ئەسپەکە بە چوار ناڵە دەڕۆیی، کەوانی مژانەکە کە لەبەر چاوی گریگۆریدا بەرزو نزم دەبووەوە، ئەو پەڵە هەورە سپیەی، کە دەتگوت لە بلووری ساف داتاشرا بوو، لە چاوی ون دەکرد. ئەکسینیا بۆ ساتێك لە هاوارو ئاخ و ئۆف بەردەوام کەوت. دەنگی چەرخی گالیسکەکە بەرزبوونەوە، سەری بێجوڵەی

ئەکسینیا، هەڵتەك هەڵتەك دەکەوت بە تەختەی زەمینەی گالیسکەکەدا. گریگۆری لە سەرەتاوە هەستی بەم بێدەنگیەی نەکرد، کاتێ کە هەستی پێکرد، ئاوڕی پاشەوەی دایەوە. سەیری کرد ئەکسینیا بەجۆرێ روخساری شێواوەو رەنگی تێکچووە ناناسرێتەوە، گۆنای لە قەراخی عەرەبانەکە چەقی بوو، وەکو ماسیەك کە لە ئاو دەرهێنرا بێ‌و فرێدرابێتە سەر وشکانی، بەو ئاوایە دەمە داچەقێی بوو. ئارەقە لە هەنیەیەوە، بۆ چاڵی چاوە بە قووڵا چووەکانی چۆڕاوگەی بەستبوو. گریگۆری سەری ئەکسینیای هەڵبڕی‌و کاسیکێتە چرچ‌و لۆچەکەی خۆی نایە ژێر سەری. ئەکسینیا، نیگایەکی کرد، بە دەنگێکی مکووم گوتی:

– گریشا، خەریکە دەمرم، ئیدی تەواو!

گریگۆری ڕاچڵەکی، تەزوویەکی سارد لە تەپڵی سەریەوە هات‌و لە قامکی پێیەوە دەرچوو. گریگۆری پەشۆکا، چەند سەری هێناو سەری برد کە دوو وشەی گونجاو بدۆزێتەوەو دڵی بداتەوە، بۆی نەهات‌و نەهات. بە زۆری زۆردارەکی دەمی کردەوەو ئەم وشانەی لە زار هاتنە دەرێ:

– قسەی وا مەکە، بێ ئەقڵ!

ئەوجا،سەرێکی لەقاند، بەسەر ئەکسینیادا دانەویەوە، لاقەکانی ئەکسینیای، کە نوشتابوونەوە، راست کردنەوەو گرتنیە باوەش‌و بە دەم شێلانیانەوە گوتی:

– ئەکسیوشا، کۆترە باریکەکەم!

ئازارەکەی ئەکسینیا کە بۆ ساتێك رەوی بووەوە، زۆر بە توندی دەستی پێکردەوە. ئەکسینیا کە هەستی دەکرد، شتێك ناوسکی قەف قەف دەپچڕێ، لە تاو ئازار وەکو کەمان خۆی کووڕ کردەوەو هاوارێکی هێندە تیژو ترسناکی کرد، کە ژانی بردە دڵی گریگۆرییەوە. گریگۆری پەشۆکا، شێت ئاسا ئەسپەکەی بەر قامچی دا. بەدەم تەقە تەقی چەرخی عەرەبانەکەوە دەنگێکی کزو نەوی هاتە گوێ: "گریشا!"

جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو سەری وەرگێڕا. ئەکسینیا، هەردوو باڵی بڵاوکردبوونەوەو لەخوێنا کەوتبوو. شتێکی زندوو لە ژێر تەنورەکەیەوە دەجوڵاو هەر واقە واقی بوو... گریگۆری بەپەلە پەل خۆی هەڵدایە سەر ئەرزەکەو یەکسەر چوو بۆ لای پاشی عەرەبانەکە. بەڵام هێندە بەدوو دڵی رۆیی، لە تۆ وایە پێی بە کۆت‌و زنجیرە. کە روانیە دەمی وشکی ئەکسینیاو هەناسە گەرمەکەی، بێئەوەی لە قسەکانی بگات، بە مەزەندە پەی بەو برد کە دەڵێت:

– ناوکی بە ددان ببڕە، بە پەتێك بیبەستە، تیلماسکێك لە کراسەکەت بدڕە.

گریگۆری بە قامکانی لەرزۆك، تیلماسکێکی لە قۆڵی کراسەکەی خۆی کردەوە، ئەوجا چاوەکانی هێند بەتوندی نوقاند کە ژانیان پێگەیی، بەددان ناوکی منداڵەکەی بڕی‌و بە تیلماسکی کراسەکەی خۆی بەستی.

((٢١))

یاگودنویە، موڵکەکەی ماڵباتی لیستنتسکی، وەکو سپڵی لاورگ، لە زیادە کەوتبووە تەنیشت دۆڵێکی پان‌و بەرینی، وشکی، بێئاوەوە. با، هەر جارەی لەلایەکەوە هەڵیدەکرد، جارێ لە

باشوورەوە دەهات‌و جاریٚ لە باکوورەوە. هەتاو بە بەرۆکی ئاسمانی سپیواژی ئامال شینەوە، دەبریسکایەوە. پایز بە دەم ئاوازی گەڵاڕێزانەوە، لە دوای هاوین دەهات، زستان بە سەرما و سۆڵەو بەفرو بەستەڵەکەوە دەهات. بەڵام یاگودنویە، هەمیشە لە باوەشی بێزاری‌و بێتاقەتیەکی خەمناك‌و کرو کپدا وەنەوزی دەدا. بەو جۆرە رۆژگار عەینی یەکتر، وەکو دوو منداڵی جمکانە تێپدەپەڕی‌و یاگودنویە، بەدەقی خۆیەوە، لە باقی دنیا دابڕابوو.

هەمان مراویانی ڕەش، کە ئەڵقەیەکی سوور عەینی عەینەك دەوری چاوی دابوون، بە نێو حەوشەکەدا، خنەخن دەسوڕانەوە. مریشکی کاکۆڵداری حەبەشی کونجرین بە حەوشەکەدا دەسوڕانەوە. تاوسان بە پەڕو باڵی رەنگینەوە، لەسەر بانی تەویلەو گەوڕەکەوە، بە دەنگی گڕ، دەیانخوێند، دەنگیان لە دەنگی بێچوە پشیلەی نوێزاو دەچوو. جەنەراڵی پیر، رموودەی هەموو جۆرە باڵندەو پەلەوەرێك بوو. تەنانەت سۆرە قورینگێکی برینداریشی ڕاگرتبوو. لە مانگی تشرینی دووەمدا، کاتیٚ کە دەنگی کاروانی قورینگانی ئازاد، بە دەم کۆچەوە بەرەو باشوورو گەرمەسێر، لە حەواوە دەهات، قورینگە بریندارەکە، بە دەنگە کەرخە بە سۆزەکەی خۆی، کە دڵی دەگوشی، وەڵامی دەدانەوە. بەڵام حەیفیٚ نەیدەتوانی بفڕێت، باڵی لە شانیەوە شکا بوو و بێهودە بە قەدیا شۆڕ بوو بۆوە، جەنەراڵ، کە لە پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیەوە دەیبینی، کەوتووەتە باڵەفڕکیٚ‌و دەیەویٚ لە عاردی بەرز ببێتەوە، لە قاقای پێکەنینی دەدا، دەمە زلەکەی لە ژێر سمێڵە بۆزەکەیدا دەکرایەوەو قاقای پێکەنینەکەی لە هۆڵە بە تاڵ‌و چۆڵەکەدا دەنگی دەدایەوە.

ڤینیامین، وەکو هەمیشە سەرە بژن‌و قژنەکەی بەرزدەگرت، ڕانە نەرمەکانی، هەمیشە دەلەرزین، هەندێجار چەندین رۆژ لەسەر یەغدانەکەی بەرهەیوانەکەدا دادەنیشت‌و بە تاقی تەنیا هێندەی وەرەقبازی دەگەڵ خۆدا دەکرد تا مەنگ دەبوو. تیخون کە لە ماشقە کونج‌و ئاولاویەکەی خانەگومان بوو، لەو رووەوە غیرەی لە ساشکا، لە رەنجبەرو وەرزێرەکان، لە گریگۆری و خودی ئاغاو تەنانەت لە قورینگە زامدارەکەش دەکرد کە لوکیریا، مەحەبەت‌و میهری بێوەژنانەی خۆی بەسەردا دەڕشت. ساشکای پیرەمێرد، ناو بە ناو کە مەست دەبوو، خۆی دەگەیاندە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی ئاغاو سکەیەکی بیست کوپیکی لیٚ سواڵدەکرد.

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە گریگۆری لە یاگودنویە بە سەری برد، تەنیا دوو بویەر (رووداو)، ئەم ژیانە مەندو سست‌و خاووخەواڵووە چەق بەستوو و رۆتینی و یەکهاویەی یاگودنویەی شڵەقاند: یەکەمیان لە دایکبوونی کچەکەی ئەکسینیا بوو، دووەمیان دیارنەمانی قازە نێرەیەکی دەگمەن بوو، لە یاگودنویەدا، هەر زوو هەموو خوویان بە کچەکەی ئەکسینیاوە گرت، بەڵام سەبارەت بە قازە نێرەکە، پەڕو پۆکەیان لە کەندێکی پشت باخەکەوە دۆزییەوەو بۆیان دەرکەوت کە دەبیٚ ڕێویەك فڕاندبێتی. ئیدی دوای ئەوە ژیانە رۆتینیەکەی جاران رەوتی خۆی وەرگرتەوە.

ئاغا، هەر بەیانیەك کە لە خەو ڕادەبوو، ڤینیامینی گاز دەکرد:

– دوێشەو هیچ خەوێکت بینی؟

– ئەی مەعنای چی! خەوێکی سەیرم بینی!

لیستنتسکی، سیغارێکی بۆ خۆی پێچایەوەو بەکورتی ئەمری پێکرد:

– ئادەی بۆمی بگێڕەوە.

ڤینیامین خەوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەگەر بەلای لیستنتسکی یەوە خۆش نەبا یان ترسناك بوایە، تووڕە دەبوو:

– هەی کەر! پیاوی گەوج خەوەکانیشی گەوجانەیە! کەرە!

ئیدی (ڤینیامین)ش فێر بووبوو، لە هیچەوە بە درۆوە خەونی خۆش دروست بکات. تەنیا یەك شتی بەلاوە زەحمەت و ئەستەم بوو، ئەویش ئەوە بوو کە دەبوایە بەخەیاڵ خەون دابهێنێ. ئیدی پێشوەختەو چەند رۆژێك لەوە پێش، کاتێ کە لەسەر یەغدانەکە دادەنیشت و وەرەقە هەڵئاوساوو چەورەکانی، کە عەینی گۆنای خۆی هەڵکفابوون، تێکەڵ دەکرد، بیری لێدەکردەوە. چاوە ئەبڵەقەکانی دەبڕینە خاڵێك، بەڵام هێندە لە زەینی خۆیدا تاوتوێی دەکرد، لیکی دەدایەوە، تا وای لێهات کە ئیدی هیچ خەوێکی نەدەبینی. کاتێ لە خەو رادەبوو، هەوڵی دەدا شتێك وەبیر خۆی بێنێتەوە، خەوێك، زڕەخەوێك! جگە لە تاریکی، تاریکیەکی تاریك تاریك هیچیدی نەدەبینی، تومەز هیچ خەوێکی نەبینی بوو، تاقە سیمایەکی لە خەونیدا نەبینی بوو.

ئیدی ڤینیامین، زوو بە زوو هیچی لە هەگبەدا نەما، بە هەزار زەحمەت هەندێ درۆو دەلەسەی سادەو ساکاری پێکەوە دەنا، بەڵام کاتێ کە دەیگێڕایەوەو دووبارە دەردەچوو، ئاغای تووڕە دەبوو:

– توڵەباب، تۆ پێنج شەممەی رابردوو ئەم خەونەت دەربارەی ئەسپەکە بۆ گێڕامەوە. کەرپیاو تۆ من بە چی دەزانی؟

ڤینیامین خۆی شێلو نەدەکرد، بە کاوەخۆ دەیگوت:

– نیکۆلای ئالیکسییوفیچ، ئەمە جاری دووەمە کە ئەم خەونە دەبینم، باوەڕم پێبکە ئەمە جاری دووەمە هەمان خەون دەبینم.

لە مانگی کانوونی دووەما، گریگۆری لەگەڵ یەکێك لە وەرزێرەکاندا بۆ ئیدارەی ناحیە، لە ڤیشنسکایا بانگکرا. لەوێ سەد رۆبڵیان دایە کە ئەسپێك بکرێت و پێیان ڕاگەیاند کە رۆژی دوای جەژنی نوئێل، لە مەرکەزی تەجنید، لە گوندی مانکوڤۆ ئامادە بێت.

گریگۆری، هایم و حەیران لە شار گەڕایەوە: جەژنی نوئێل زۆر نزیك بوو، ئەویش هیچ تفاقێکی ئامادە نەبوو، بە پارەکەی دەوڵەت و پاشەکەوتەکەی خۆی، لە گوندی ئوبریوڤسکی ئەسپێکی بەسەدو چل رۆبڵ کڕی. ئیدی باپیرە ساشکای دەگەڵ خۆی بردبوو و دەرهەق بەوەزع و حاڵەکە ئەسپێکی مناسبیان کڕی بوو: ئەسپێکی کوێتی شەش ساڵانی، سمت و کەفەڵ پڕ. تەنیا یەك عەیبی شاراوەی بچووکی هەبوو. ساشکا، دەست دەخاتە بێخی ریشی خۆی و دەڵێت:

– لەمە هەرزانترت دەست ناکەوێ و بەرپرسانی حکومەتیش هەست بەعەیبەکەی ناکەن، چونکە ئەوە شارەزاییەیان نیە.

گریگۆری لەوێوە بە سواری ئەسپی خۆی گەڕابووەو لە رێگاش یۆرغەی پێکرد بوو و تاقی کردبووەوە. هەفتەیەك پێش نوئێل، پانتلی پروکوفیچ، بە خۆی هات بۆ یاگودنویە، عەرەبانەکەی نەبردە حەوشەوە، ماینەکەی کە لە خزاگێکی چکۆلەی بەستبوو، لە نزیکی دەرگاکە، بە

پەرژینەکەوە بەستەوە. بە شەلە شەل چوو بۆ جەناحی ڕەنجبەرو خزمەتکارەکان. بە دەم ڕێگاوە ئەو سەهۆڵانەی لە ڕدینە ڕەشەکەی دەوەراند کە وەکو زوخاڵی بەرد نیشتبووە سەر یەخەی پۆستینەکەی. گریگۆری کە بە ڕێکەوت لە پەنجەرەکەوە تەمەشای دەکرد، هەرکە چاوی بە بابی کەوت تەواو پەشۆکا:

- سەیرە!... خۆ ئەوە بابمە!

ئەکسینیا، لە خۆڕاو بێهیچ هۆیەك، چوو بەلای بێشکەی منداڵەکەوەو قۆماتی کرد. پانتلی پروکوفیچ، خۆی بە ژووراکرد، تەوژمە هەوایەکی ساردیشی دەگەڵ خۆیدا هێنایە ژوورەوە. کڵاوە فەروەکەی لەسەر داکەندو لە بەرانبەر ئیکونەکەدا، نیشانەیەکی خاچی کێشاو ئەوجا بە کاوەخۆ چاوێکی بە سەرانسەری ژوورەکەدا گێڕا.

- ڕۆژتان باش.

گریگۆری لەسەر تەختەکە هەستاو سڵاوەکەی سەندەوە:

- ڕۆژباش، باوکە!

ئەوجا هەنگاوێکی ناو لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستا. پانتلی پروکوفیچ، دەستە ڕچیوەکانی بۆ گریگۆری درێژ کرد. ئەوسا لەسەر قەراخی تەختەکە دانیشت و داوێنی پۆستینەکەی کۆکردەوەو هێنانیەوە یەك، کەم و زۆر، تەمەشای ئەکسینیای نەدەکرد کە وەکو بەرد بەبێ جووڵە بە دیار بێشکەکەوە وەستا بوو.

- خۆت بۆ خزمەتی عەسکەری ئامادە دەکەی؟

- ئەی مەعنای چی.

پانتلی پروکوفیچ، ماوەیەك بێدەنگ بوو، ماوەیەکی زۆر زیتە زیت لە گریگۆری ڕاما.

- باوکە، پۆستینەکەت داکەنە، بێگومان لە سەرما تەزیووی؟

- گرینگ نییە

- ئێستا سەماوەرەکە پێدەکەم.

- سوپاست دەکەم.

ئەوساپیرەمێرد، بە نینۆك کەوتە پاککردنەوەی کۆنە پەڵەیەکی قوڕ کە بەسەر پۆستینەکەیەوە بوو، گوتی:

- تفاقی سەربازیم بۆ هێناویت. دوو چاکەت، زینێك، پانتۆڵێك، ئەوەتان لە خزاگەکەدا.

گریگۆری بەسەری کۆت چووە دەرێ، دوو کیسەی لە نێو خزاگەکە هەڵگرت و دەگەڵ خۆیدا هێنای، پانتلی هەستایە سەر پێیان و لە گریگۆری پرسی:

- کەی دەڕۆیت؟

- ڕۆژی دوای نوئێل. چیە باوکە دەتەوێ بڕۆیت؟

- درەنگمە، دەبێ زوو بگەڕێمەوە.

خودا حافیزی لە گریگۆری کرد، هێشتاش خۆی لە تەمەشاکردنی ئەکسینیا دەدزییەوە، گەییە بەر دەرگا، دەستی لە سەر دەسکی دەرگاکە بوو کە تەمەشایەکی لای بێشکەکەی کردو گوتی:

– دایکت سەلامی لێدەکردیت، لاقی دێشێن، لە جێدا کەوتووە. ئەوجا کەمێك بێدەنگ بوو، وەکو ئەوەی شتێکی قورسی هەڵگرتبێ، بە تۆبزی گوتی:

– منیش لەگەڵتا دێم بۆ مانکوڤو. خۆت ئامادە بکە تادێم.

جووتێ دەستکێشی بەنی دەستچنی لە دەستان کردو چووە دەرێ.

ئەکسینیا، ئەو سووکایەتیەی کە پێی کرابوو، زۆر لەبەر گران بوو. رەنگی تێك چووبوو، بەڵام هیچی نەگوت، گریگۆری بە ژوورەکەدا دەهاتو دەچوو، تەختەو دەپپۆشی ناو ژوورەکە لە ژێر پێیدا جیڕەجیڕی بوو، بە گۆشەی چاو دەیڕوانیە ئەکسینیا.

گریگۆری، رۆژی جەژنی نۆئێل پیرە ئاغای بە گالیسکە بۆڤیشنسکایا برد. ئاغا لە نوێژی کڵێسادا ئامادە بوو، پاش ئەوەی نانی بەیانی لای کیژە مامەکەی، کە یەکێك بوو لە موڵکدارانی دەڤەرەکە، خوارد، دەستووری بە گریگۆری دا کە گالیسکەکە ئامادە بکات بۆ گەڕانەوە.

گریگۆری، هەرچەندە هێشتا بە تەواوەتی لە نان خواردن نەبوو بۆوە ،کە بریتی بوو لە شۆربای کەلەرمو گۆشتی بەراز، یەکسەر لەسەر خوانەکە هەستاو چوو بۆ تەویلەکە... گریگۆریو ئاغای، بە خزاگێکی سووکی شاریانە هاتبوون، لە ئەسپێکی شینباوی خاڵداریان بەستبوو، لە نەژادی ئورلوڤ بوو، ناوی شێبای بوو. گریگۆری جڵەوی ئەسپەکەی گرتو لە تەویلەکەی هێنایە دەرێو بەلەز لە خزاگەکەی بەست.

بایەکی توندی دەهات، پروشە بەفری وشك وسارد بەدەم بایەکەوە، وەکو هەورێکی سپی، بەگڤو هۆڕ بە ناو حەوشەکەدا تێدەپەڕی، ئەو شووشە سۆڵانەی کە بە درەختانی پشت باخچەکەوە شۆڕ بوو بوونەوە، بەدەم تەوژمو تەکانی بایەکەوە دەڕژان و پەخشو بڵاودەبوونەوەو لەبەر هەتاوەکەدا وەکو پەلکەرەنگینە دەدرەوشانەوەو بە جۆرەها رەنگی ئەفسانەیی دەردەکەوتن، لەسەر بانی ماڵەکەوە، لە نزیکی دووکەڵکیشە رەشەکەوە، کە لوولە دووکەڵێکی پێچاو پێچی لێبەرز دەبووەوە، قەلەڕەشانی سەرما بردەڵە دەیانقڕاند. لە خشەخشی پێی ئەوان ترسانو هەڵفڕین، وەکو پروشە بەفری کەوەیی بەسەر ماڵەکەدا گێژێکیان خواردو ئەوسا بەرەو رۆژئاوا، رووەو کڵێساکە رۆییشتنو پەیکەری شینباویان، بوو بە نەخش بە بەرۆکی ئاسمانی وەنەوشەیی ئەو بەیانیەوە.

گریگۆری بانگی لەو کارەکەرەی، کە هاتبووە سەر قاڵدرمەکە، کرد:

– بە ئاغا بڵێ خزاگەکە ئامادەیە!

ئاغا، پاڵتۆیەکی یەخە فەرووی لەبەر بوو، دەمو سمێڵی بردبوو بەناو یەخەکەیدا، هاتە دەرێو سواری خزاگەکە بوو، گریگۆری لاقەکانی لە پەتۆیەکی کەوڵە گورگی ئەستەڕ مەخمەلییەوە پێچاو بەرەزوانەکەی داخست. لیستنتسکی، تەمەشایەکی ئەسپە خۆشبەزو ڕەهەوانەکەی کردو گوتی:

– گەرمی بکە!

گریگۆری، لەسەر نشیمەنەکە دانیشت، خۆی بە پشتا خوار کردەوە، بە توندی جڵەوو هەوساری ئەسپەکەی گرتبوو، بە وریایی چاودێر قۆڵت و چاڵی سەر ڕێگاکەی دەکردو خۆی لێدەبوارد. بەدەم ڕێگاوە ئەوەی وەبیر کەوتەوە کە لە سەرەتای زستاندا، وەختێ بەفر دەباری، ئاغا لەسەر تەکانێکی ناشیانەی خزاگەکە، چۆن لە دواوە مستێکی بە بنا گوێیدا کێشا بوو، مستێك کە هەرگیز لە پیرەمێردێك نەدەوەشایەوە. بەرەو پردەکە داگەڕان، کە گەیینە سەر دۆن، گریگۆری جڵەوەکەی شل کردو بە دەستکێشەکەی کەوتە شێلانی ڕوومەت و گۆنای کە لە سەرما تەزی بوو.

بە سێ سەعاتێك گەیینەوە یاگودنویە. ئاغا بە درێژایی ڕێگا کڕو کپ ورتەی لێوە نەهاتبوو. جار جارێك قامکێکی بەپشتی گریگۆریدا دەکێشا کە بوەستێت، هەنگێ پشتی دەکردە بایەکەو سیغارێکی بۆ خۆی دەپێچایەوەو دای دەگیراند.

ئاغا ئەنجام، لە کاتێکا بەو گردەی نزیکی موڵکەکەی خۆیا دادەگەڕان، پرسی:

– سبەینێ زوو دەڕۆیت؟

گریگۆرین سەری وەرگێڕا، لێوە تەزیووەکانی بە ئەستەم لەبەر یەك هەڵێنان:

– زۆر زوو.

زمانی کە لە سەرما ڕەق بووبوو، لەوە دەچوو ئاوسابێ و بە مەلاشویەوە نووسابێ، بەزەحمەت قسەی پێدەکرا.

– هەموو پارەکەت وەرگرتووە؟

– بەڵێ، قوربان.

– خەمی ژنەکەت نەبێ، ئێمە ئاگامان لێی دەبێت. خزمەتی خۆت پیاوانە ئەنجام بدە. باپیرەت قۆزاقێکی عەگید بوو. هەوڵبدە (دەنگی لیستنتسکی کپ بوو، تومەز لە ترسی بایەکە سەری وەبن یاخەی پاڵتۆکەی دابوو) هەوڵبدە چاو لە باب و باپیرت بکەی، لە نێو خەڵکیدا سەربەرزیان بکەی. بابت، لە نمایشێکی سوار چاکیدا، بە ئامادە بوونی تزار، خەڵاتی پاڵەوانیەتی برد بووەوە، وانیە؟

– بەڵێ، قوربان وابوو.

ئاغا، بە زمانێکی جدی و کەمدابێژێك هەڕەشە ئامێز گوتی:

– وا پێم وتی ها! دوایی نەڵێی...

جەنەراڵی پیر بەو جۆرە کۆتایی بە قسەکانی هێناو سەری وەبن پاڵتو فەروەکەی نایەوە.

گریگۆری، ئەسپەکەی بە ساشکا سپاردو خۆی بەرەو ساختمانی ڕەنجبەرو خزمەتکارەکان ڕۆیی.

ساشکا، کە نەرمە زینی لە ئەسپەکە دەکرد، لە دواوە هاواری کرد:

– باوکت هاتووە!

پانتلی پروکوفیچ، لەسەر خوانەکە ڕۆنیشتبوو، گۆشتاوی دەخوارد. گریگۆری کە چاوی بە ڕەنگە سوورەکەی بابی کەوت لە دڵی خۆیدا گوتی: "دیارە کەمێکی خواردووەتەوە!"

– ها، سەرباز، گەڕایتەوە؟

گریگۆری گوتی:

– خۆ ڕەق بوومەوە.

دەستەکانی بە یەکا دان و رووی کردە ئەکسینیا:

– دوگمەی سەر کلاوەکەم بۆ بکەوە، خۆم دەستم گۆ ناکات.

بابی بەدەم پارو گلانەوە، کۆکەیەکی بۆ کردو گوتی:

– دیارە بایەکە بەرەو رووت هاتووە، باشی کوتاوی.

بابی گریگۆری کە بە دەم نان خواردنەوە، گویّو ردێنی دەجولاّن، ئەمجارەیان زۆر لە جاری پێشوو، میرەباتر بوو، وەکو خاوەن ماڵ ڕەفتاری دەکرد، ئەمری بە ئەکسینیا کرد:

– پارچەیە نانی دیکەم بدەیە، ئەوەندە بەرچاو تەنگ مەبە.

کە لە نان خواردن بووەوە، لەسەر خوانەکە هەستاو بەرەو دەرگا ڕۆیی تا لە حەوشەدا سیغار بکێشێت، کە بەلای بێشکەکەدا ڕۆیی، دووجار، گوایە لە نەزانستە، بەر بێشکەکە کەوت، ئەوجا سەری وەبن پەردەی سەر بێشکەکە ناو پرسی:

– قۆزاقە؟

ئەکسینیا، لە جیاتی گریگۆری بەرسڤی دایەوە:

– کچە.

کە بینی، سیمای پیرەمێرد تاریك بوو و پەستی نیشتە سەر روخساری، خێرا هەڵیدایە:

– زۆر جوانە، کوت و مت گریشایە.

پانتلی پروکوفیچ، بەدیقەت روانیە سەرە چکۆلە ڕەشەکەی کە لە نێو کۆنەپەڕۆو پارچانەوە هاتبووە دەریّو ئەوجا بەجۆرە غروورو شانازییەکەوە گوتی:

– بە ڕاستی لە ئێمە دەچیّ... لە خوێنی ئێمەیە!

گریگۆری پرسی:

– باوکە، بە چی هاتی؟

– بە خزاگی دوو ئەسپە: یەکێکیان ماینەکەیەو ئەویتریان ئەسپەکەی پیوتەرە.

– بریا یەك ئەسپت دێنا، ئەوەی خۆیشم لێی دەبەست.

– بیهێنە، با بۆ یەدەك پێمان بیّ. ئەسپێکی خراپ نییە.

– چما بینیت؟

– بەڵیّ، تەمەشام کرد.

باسی زۆر شتی جۆراو جۆرو تورەهاتیان کرد. هەردووکیان یەك خەم و نیگەرانیان هەبوو. ئەکسینیا، بەشداری گفتوگۆیەکانیانی نەدەکرد، خەمین و مات و مەلوول لەسەر تەختەکە دانیشتبوو، مەمکەکانی گەورە بوو بوون و لە ژێر کراسەکەیەوە قوت بووبوونەوە. لە دوای منداڵ

بوونەکەیەوە، بە ئاشکرا قەڵەو بوو بوو. جۆرە متمانەو شادیەکی تازەی بەسەرو سیمای بەخشی بوو.

شەوێ زۆر درەنگ چوونە جێگاوە. ئەکسینیا خۆی لە گریگۆری هەڵدەسوو و کراسەکەی بە فرمێسك و شیری زیادەی مەمکەکانی تەڕکرد.

– لە داخا دەمرم... بە تەنیا، بەبێ تۆ چۆن هەڵبکەم؟

گریگۆری، لە بن لێوانەوە، بە ئەسپایی گوتی:

– خەمت نەبێ.

– شەوانی درێژ... منداڵەکە لە خەو ڕادەبێ... لە دووری تۆ... تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت گریشا: چوار ساڵ! بەدەم ئاسانە.

– دەڵێن جاران خزمەتی عەسکەری بیست و پێنج ساڵ بووە.

– من هەقی جارانم چیە؟...

– دەی بەسە، بیبڕەوە!

– نەفرەت لەم خزمەتەی کە لە یەکترمان دادەبڕێ!

– بە مادوونی(مۆڵەت) دێمەوە.

ئەکسینیا کە گوێ بە گوێی قسەکەی گریگۆری دەگریاو کەپووی بە ماکسیەکەی دەسڕی، کە بەکەسەرەوە گوتی:

– مادوونی (مۆڵەت)... تا تۆ بە مادوونی دێیتەوە، دنیا بە هەزار ڕەنگ دەگۆڕێ.

– دە بەسە، واز لە گریان بێنە، دەڵێی بارانی پایزیو خۆش ناکەیتەوە.

– خۆزگە لە جیاتی من دەبووی!

گریگۆری، بەرە بەیان خەوی لێکەوت. ئەکسینیا هەستا، چوو منداڵەکەی شیردا، هاتەوە ناو جێگاکە، خۆی دا بەسەر هەردوو ئانشکیاو بە چاوانی مەندەوە، دەیڕوانیە روخساری گریگۆریو ماڵاوایی لێدەکرد. ئەو شەوەی بیرکەوتەوە کە لە ژوورەکەی خۆیدا، داوای لە گریگۆری کردبوو کە هەڵی بگرێت و بڕۆن بۆ کوبان. ئەو شەوەش، شەوێکی وەکو ئەمشەو بوو، تەنیا جیاوازی ئەوە بوو، کە لە پەنجەرەکەوە ناو حەوشە دیاربوو، لە تریفەی مانگدا سپی دەچووەوە. شەوەکەی عەینی هەمان شەو بوو، گریگۆری هەمان گریگۆری بوو، بەڵام کەمێك گۆڕا بوو. رۆژگارێکی زۆر بەسەر ئەو شەوەدا تێپەڕی بوو.

گریگۆری لە ناو جێگاکەدا تلێکی داو مینگە مینگێکی لێوە هات:

– لە گوندی ئولشانسکی...

و ئەوجا بێدەنگ بوو.

ئەکسینیا، زۆری هەوڵدا بخەوێ، بەڵام بیروخەیاڵان، وەکو چۆن با لە خەرمانێك کاوکۆت دەدات و پەرت و بڵاوی دەکاتەوەو دەیبات، بەو ئاوایە، خەوی لە چاوانی دەتاراند، تاکو بەیانی هەر بیری لەو رستە نا تەواوە کردووەتەوە کە بە دەم خەوەوە لە دەمی گریگۆری دەرچوو بوو.

ئەو قسەیە چی بوو، مانای چی بوو... هەر کە ڕۆشنایی بەرەبەیان دای لە شووشەی پەنجەرە یەخ گرتووەکە پانتلی پروکوفیچ، لە خەو رابوو:

– گریگۆری ڕابە، ڕۆژ بووەتەوە!

ئەکسینیا، هەر بە دانیشتنەوەو لە ناو جێگاکەدا تەنورەکەی لەبەرکرد، ماوەیەك بەدەم مشەمشەوە بۆ شەمچە (شقارتە) گەڕا.

تا نانیان خواردو تفاقی سەفەریان پێچایەوە، ڕۆژ بە تەواوەتی هەڵهات بوو، ڕۆشنایی ڕۆژ، ئاوێتەی پرتەوی شینباو بوو. تەیمان و پەرژینی حەوشەکە بەتەواوەتی دەرکەوت، دەتگوت لەنێو بەفرا کەندەکاری کراوە. سەربانی تەویلەکە، ڕەش دەچووەوەو پەردەی وەنەوشەیی کاڵی ئاسمانی دەشاردەوە.

پانتلی پروکوفیچ چوو بوو، ئەسپەکان لە خزاگەکە ببەستێ. گریگۆری خۆی لە ماچە گەرمو گوڕو پڕ نائومێدیەکانی ئەکسینیا دەربازکردو چوو خواحافیزی لە ساشکاو ئەوانی دیکە بکات.

ئەکسینیا، منداڵەکەی قومات کرد، هەڵیگرتو چوو دوا خواحافیزی لێبکات. گریگۆری، بە ئەسپایی لێوەکانی خستنە سەر هەنیەی بچووكو نمساری کچەکەیو ئەوسا چوو بۆ لای ئەسپەکەی، باوکی بانگی لێکرد:

– سواری خزاگەکە بە.

– نا، سواری ئەسپەکەی خۆم دەبم.

گریگۆری، بە خاوە خاوێکی ئانقەستی، کەوتە زینکردنی ئەسپەکەی، ئەوجا سواری ئەسپەکە بوو، جڵەوەکەی لەدەستیەوە ئاڵاند. ئەکسینیا ڕکێفەکەی گرتو گوتی:

– گریشا ڕاوەستە... شتێك هەبوو دەمویست پێتی بڵێم... سەرگەردان و خەمبار، برۆکانی وێك دێنانەوەو هەوڵیدەدا ئەو شتە وەبیر خۆی بێنێتەوە.

– دەی، بەخوات دەسپێرم! ئاگات لە کچەکە بێت... دەبێ بڕۆم... تەمەشا باوکم گەییە کوێ...

– ڕاوەستە گیانەکەم! لە دەورت گەڕێم.

ئەکسینیا، بە دەستی چەپ ڕکێفە ئاسنەکەی گرت کە هێندە سارد بوو دەتگوت بەفرە. بە دەستی ڕاستیش منداڵەکەی لە ژێر شانێلەکەیەوە توند بە سینگییەوە قەرساند بوو، بەچاوانی کراوەوە دەیڕوانیە گریگۆریو خوڕ خوڕ فرمێسکی هەڵدەڕشتو دەستی ئازاد نەبوو، تا فرمێسکەکانی بسڕێ.

ڤینیامین، لەسەر قاڵدرمەکان دەرکەوت، گوتی:

– گریگۆری، ئاغا بانگت دەکات.

گریگۆری، جنێوێکی داو قامچیەکەی هەڵبڕیو بەچوارناڵە لە حەوشەکە وەدەرکەت. ئەکسینیا بە غار دوای کەوت، لاقی دەچوو بەو خەرمانە بەفرەدا کە لە نێو حەوشەکە کەوتبوو و بە ئەستەم لاقەکانی بە چەکمە لبادەکانیەوە لە بەفرەکە دەردێنایەوە.

گریگۆری، لەسەر گردەکە بابی گرتەوە، خۆ بە خۆ ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە. ئەکسینیا لەبەر دەرگا وەستا بوو، منداڵەکەی توند لە باوەشی گرتبوو، هەردوو لکی شاڵە سوورەکەی بە دەم بایەکەوە دەشنانەوەو لە شان و ملی دەئالاَ.

گریگۆری گەییە خزاگەکە، ئەسپەکان ئاسایی دەڕۆییشتن. دوای چەند ساتێك پانتلی پروکوفیچ ئاوڕێکی دایەوەو پرسی:

– ئێ، بە نیاز نیت، ژنەکەت بێنیتەوە؟

– دیسان بەزمەکەیە؟ تەواو، بڕایەوە.

– یانی تەواو

– بەڵێ.

– دەزانی ویستبووی خۆی بکوژێت؟

– بەڵێ، بیستم.

– کێ پێی گوتی؟

– رۆژێ لەگەڵ ئاغادا چووم بۆ مەرکەزی ناحیە چەند کەسێکی گوندم بینی، ئەوان بۆیان گێڕامەوە.

– چ وەڵامی خوا دەدەیەوە؟

– باوکە، ئیدی شتەکە ئاوایە، چ دەکرێت، تفێك کە ڕۆکرا ئیدی هەڵناگیرێتەوە. ئەوەی چوو، چوو.

پانتلی پروکوفیچ، تووڕە بوو:

– تەشەرم لێمەدە !من خێری تۆم دەوێ.

– من منداڵێکم هەیە، ئیدی بۆچی ئەم مەسەلەیە تازە دەکەیتەوە؟ تازە من و ئەو بە یەکەوە نانووسێین.

– باشە تۆ دڵنیایت، کە ئەمە منداڵی کەسێکی تر نییەو تۆ بە خێوی دەکەی؟

گریگۆری رەنگی تێکچوو. بابی برینێکی کولاندبووەوە کە هێشتا بە تەواوی ساڕێژ نەبوو بوو. لەوساوە کە ئەو کچە لە دایك بوو بوو، بەدگومانیەکی بە ئازار سەری ژەنی بووە دڵی کە لە ئەکسینیاو تەنانەت لە خۆیشی دەشاردەوە. زۆرجار شەوانە کاتێ کە ئەکسینیا خەوی لێدەکەوت، خۆی دەگەیاندە دیار بێشکەکەو ورد ورد تەمەشای دەموچاوە پەمەیی و گەنمڕەنگەکەی دەکردو بۆ نیشانەیەکی دەموچاوی خۆی لە دەموچاوی ئەودا دەگەڕا و پاشان بە هەمان دوو دڵی دەگەڕایەوە سەر جێگاکەی خۆی. باشە ستیپانیش وەکو گریگۆری گەنم رەنگ نەبوو، مووی عەینی مووی گریگۆری قاوەییەکی تۆخی ئامال رەش نەبوو؟ بە چیا بزانێ، ئەو خوێنەی بە دەمارە شینەکانی ژێر پێستە روون و تەنکەکەی ئەم کیژەدا دەڕوات، هی کێیە؟ هەندێجار وای هەست دەکرد کچەکە لە خۆی دەچێت و هەندێجاریش، بە داخ و کەسەرێکی پڕ سوێوە، سیمای ستیپانی تیادا دەبینی. گریگۆری هیچ ڕەحم و سۆزێکی لەسەر منداڵەکە نەبوو. بە پێچەوانەوە، کاتێ ئەو رۆژەی بیر دەکەوتەوە کە ئەکسینیای بەدەم ژانی منداڵ بوونەوە، لە

مەزراکەوە هێنا بووەوە، ڕقی لێی هەڵدەستا. جارێك کە ئەکسینیا لە مووبەقەکەدا خەریکی کار دەبێت، گریگۆری کچەکەی لە بێشکە دەرهێنا بوو ، بەدەم گۆڕینی جلە تەڕەکانیەوە لە ناخی خۆیدا هەستی بە سۆزو گودازێکی گەرم کردبوو، بە دزییەوە بەسەریا دانەوی بووەوەو قامکە سوورەکەی پێی ماچ کردبوو.

بابی، دلڕەقانە زامەکەی کولاندبووەوە. گریگۆری دەستی خستبووە سەر قەڵپوسی زینەکەو بە دەنگێکی نووساو بەرسڤی دابووەوە:

– بە هەر حاڵ، ئەم منداڵە هی هەر کێیەك بێ، من دەسبەرداری نابم.

پانتلی پروکوفیچ، بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە، قەمچیەکەی لە ئەسپەکان بادا:

– ناتالیا ئیدی لەو ڕۆژەوە جوانی خۆی لە دەست دا... سەری بەلایەکا خوار بووە، لە تۆوایە ئیفلیجە. دیارە دەمارێکی هەستیاری بڕاوە. بۆیە ملی خوار بووە.

بێدەنگ بوو، تیغەکانی ژێر خزاگەکە بە جیڕە جیڕ بەفرەکەیان دەبڕی. بەدەم ڕێوە دەنگی سمی ئەسپەکەی گریگۆری، کە دەیدا بەعەردیدا بەرز دەبووەوە.

– ئەدی ئێستا حاڵی چۆنە؟

– باش بووە، حەوت دانە مانگ لە جێدا کەوت، لە جەژنی سێمینەدا حاڵی شڕ بوو، وتمان تەواو دەمرێت... قەشە پانکراتی هات نزای مردنی لەسەر خوێند... بەڵام چاك بووەوە، شفای بۆ هات، بەرە بەرە پێی گرتەوە. ویستبووی داسەکە بکات بە دڵیا، بەڵام دەستی لەرزی بوو و بە تەنیشتی دڵیا ڕۆیی بوو، دەنا دەمردو ئەولاتریش.

گریگۆری شریقەی لە قامچیەکەیەوە هێنا.

– باخێرا لەم گردەوە داگەڕێین.

بە دەم ئەوە قسەیەوە، لەسەر ڕکێفەکە هەستایە سەر پێ‌و هەڵیکردە یۆرغەو کەوتە پێش باوکیەوەو ئەو بەفرەی کە لە ژێر سمی ئەسپەکەیەوە دەردەپەڕی، بەسەر خزاگەکەدا دەپرژا.

پانتلی پروکوفیچ، کە گەییە ئاستی گریگۆری گوتی:

– بە نیازین ناتالیا بێنینە لای خۆمان! نایەوێ لەگەڵ کەسوکارەکەی خۆیدا بژی. یەك دوو ڕۆژێ لەمە پێش دیتم‌و پێمگوت بێتەوە بۆ لای ئێمە.

گریگۆری هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە. تا پێش گەییشتن بە یەکەم گوندی سەر ڕێگایان، زاریان لە زاری یەکدی نەگەڕا. پانتلی پروکوفیچش چیتر نەگەڕایەوە سەر ئەم بابەتە.

ئەو ڕۆژە نزیکەی هەفتا فرسەخیان بڕی. ئێوارەی ڕۆژی دوایی، کاتێ گەیینە گوندی مانکوڤو، چرای ماڵان داگیرسا بوو.

پانتلی پروکوفیچ، لە یەکەمین ڕێبواری پرسی:

– ئەرێ ڤیشنسکایا کەوتووەتە کوێوە؟

– ئەم ڕێگەیە بگرەو بڕۆ.

گەیینە مەڵبەندی ناوبراو، پێنج سەربازی تازەی لێبوو کە دەگەڵ بابیاندا هاتبوون. پانتلی پروکوفیچ ئەسپەکانی بردە ژێر کەپرەکەو پرسی:

– ئێوە خەڵکی کوێن؟

– خەڵکی ناوچەی چیرین!

– ئاخر کام گوند؟

– کارگین، ناپولوف، لیخوڤیدوڤ، ئەدی ئێوە خەڵکی کوێن؟

گریگۆری کە زینی ئەسپەکەی داگرتبوو و دەستی بەپشتە ئارەقاویەکەیدا دێنا، بە سوعبەت و پێکەنینەوە گوتی:

– خەڵکی وەرجەم رووت–ین!

بەیانی رۆژی دواتر ئاتامانی ناوچەکە، دوداریڤ، تازە سەربازانی، ڤیشنسکای برد بۆ لیژنەی پزیشکی. گریگۆری کوڕانی گوندەکەی خۆیانی، کە هاوتەمەنی خۆی بوون لەوێندەر بینییەوە: میتکا کورشونوف، بە سواری ئەسپێکی خورتی کوێت، بە زینی تازەو جوان و بەگێزو گوڵینگ، بە پێش بەرۆکی گرانبەهاو جڵەوو لغاوی رازاوەوە، بەو بەیانی زووە، بە چوار ناڵە بەوێدا بەرەو بیرەکە رۆیی بوو، لەبەردەم ئەو خانوو ومەڵبەندەدا کە شەویان تیا رۆژ کردبووەوە، گریگۆری بینی بوو، لە کاتێکا بە دەستی چەپ کاسکێتەکەی گرتبوو، بێئەوەی سڵاوی لێبکات، بە تاو بەلایا تێپەڕی بوو.

لەوێ، لە هۆڵە ساردو سڕەکەی ئیدارەی مەدەنی گوندا، پیاوان بەریزو یەك یەك جلیان لەبەر دادەکەند. کاتبە سەربازیەکان و یاریدەدەری سەرۆکی پۆلیسی سەربازی سەرقاڵ و مژوول دەهاتن و دەچوون، یاریدەدەری ئاتامانی ناوچەکە، بە جووتێ پووتی کورتی چەرمی بریقەدارەوە تێپەڕی، ئەنگوستیلەیەکی نقێم ڕەشی لە پەنجەدا بوو، دەمو چاوێکی سپی جوانی هەبوو، هێندەی دی چاوە رەش و گەشەکانی بەرجەستە کردبوو.

دەنگی دکتۆرەکان لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دەهات و ناو بە ناو هەندێ لە قسەکانیانیش دەگەییە گوێ:

– شەست و نۆ

لە بەر دەرگاکەوە دەنگێکی مەستانە هاتە گوێ:

– پاڤیل ئیڤانوفیچ، قەڵەم قۆپیەکم بدەنێ.

– پانی سینگ...

– بەڵێ، بەڵێ، دیارە بۆ ماوەییە.

– بنووسە، سفلس...

– دەستت لابە، خۆ کچ نیت؟

– تەمەشای ئەمە، لەوقەدو قەڵافەتە!

– ... ئەم نەخۆشیە هەموو گوند دەگرێتەوە.. دەبێ ئیجرائاتی تایبەتی وەربگیرێ. من راپۆرێکم دەربارەی ئەمە بۆ جەنابی تیمسار نووسیوە.

– پاڤیل ئیڤانوفیچ، تەمەشای ئەمە بکە. دەبینی چ قەدو قەڵافەتێکی هەیە؟

– ئم... بەڵێ.

گریگۆری، لەلای گەنجێکی باڵا بەرزی موو سووری خەڵکی گوندی چوکارینسکییەوە، خۆی رووت دەکردەوە.

کاتبێك، دەرگای کردەوە، سەر شانەکانی بە جۆرێ رێکخست، کە قەمسەڵەکەی لە پشتەوە لۆچ بوو، بە دەنگێکی نزم بانگی کرد:

- سیڤاستبان پانفیلوڤ، گریگۆری میلیخوف.

ئەو گەنجەی کە لەگەڵ گریگۆریدا بوو، بە ترسەوەو لە بن لێوانەوە گوتی: "چ زوو!" و بەدەم داکەندنی گۆرەوییەکانیەوە دەموچاوی سوور هەڵگەڕا.

گریگۆری وەژوور کەوت، پێستی پشتی لەسەرما چرچ بوو بوو. جەستە ئەسمەرەکەی رەش داگەڕا بوو. کە لاقە تووکنەکانی خۆی دەبینی، شەرمی بە خۆ دەهات. گەنجێکی چوار شانەی، بە شانو باهۆ، بە روتو قووتی لەسەر قەپانەکە، کە لە سووچێکی ژوورەکەدا دانرابوو، وەستا بوو.

کابرایەك، کە بەسەرو سیمایا لەپەرستار دەچوو، عەیارەکانی بۆ پاشو پێش جولاندو هاواری کرد:

- چوار پوودو دە.

ئەوجا گوتی:

- وەرە خوارێ.

گریگۆری، ئەم معایەنە پزیشکییەی لەبەر گران بوو، شەرمی دەکرد، بە سووکایەتی دەزانی. دکتۆرێکی سەرسپی کە باڵا پۆشێکی سپی لەبەر کردبوو، بە سەماعە معایەنەی کرد. پزیشکێکی دیکە کە لەوی دی گەنجتر بوو، پێڵوی چاوەکانی هەڵگێڕایەوەو سەیری زمانی کرد، پزیشکی سێیەم کە عەینەکێکی چوار چێوە پلاستیکی لەچاو بوو، قۆڵەکانی تا ئانیشك هەڵکرد بوون، لە دوایەوە بوو و دەستەکانی هەڵدەگلۆفت.

- بچۆ سەر قەپانەکە.

گریگۆری، چووە سەر قەپانە ساردو زبرەکە، یارۆی قەپانچی، عەیارەکانی جولاندو گوتی:

- پێنج پوود*و نیو. (پوود: کێشانەیەکی رووسیە نزیکەی شازدە کیلۆیە)

دکتۆرە سەر سپیەکە، کە باسکی گریگۆری گرتبوو و وەری دەگێڕا، لە بن لێوانەوە گوتی:

- زۆریش زەلام نیە!

دکتۆر گەنجەکە، کە تف پەڕی بووە گەروی، بەکۆکە کۆك گوتی:

- سەیرە!

یەکێك لەو ئەفسەرانەی کە لەپشت مێزەکەوە دانیشتبوو، بە سەرسامی پرسی:

- چەندە؟

دکتۆرە پیرەکە، کە برۆکانی وێکهێنابووەوە بەرسڤی دایەوە:

- پێنج پوودو نیوە.

ئاتامانی بەرپرسی سەربازیی ناوچەکە، کە کرێمی لە قژە رەشەکەی دابوو، سەری وەپەناگوێی ئەوەی تەنیشتی خۆیەوە ناو پرسی:

– چۆنە، بۆ بە تالێونی گاردی تایبەتی دابنرێ؟

– لە چەتەو رێگران دەچێ... دیمەنێکی ترسناکی هەیە.

ئەفسـەرێك کـە نیشـانەی سـەرهەنگی بەسـەر شـانەوە بـوو، بـە نیگەرانیـەوە قـامکی بەسـەر مێزەکەدا دەکێشا، گوتی:

– هێی، کوا وەرگەڕێ. ئەوە چیە بە پشتتەوە؟

دکتۆرە پیرەکە لە بن لێوانەوە شتێکی نامەفهوومی گوت. گریگۆری پشتی کردە مێزەکە، ئازای دەلەرزی، بەزەحمەت خۆی پێکۆنترۆڵ دەکرا، گوتی:

– ئەم بەهارە، سەرمام بوو، زیپکەیە.

لە کۆتایی معایەنەکەدا، ئەفسەرو کارمەندەکانی دەوری مێزەکە راوێژیان کردو بڕیاریان دا کە گریگۆری بۆ بە تالێونێکی ئاسایی بنێردرێ. گوتیان:

– بۆ بەتالێونی دوازدە، میلیخوف، گوێت لێبوو؟

کاتێ کە بەرەو دەرگاکە دەڕۆیی، گوێی لەدەنگێکی نزم بوو کە بە قێزو بێزەوە دەیگوت:

– مەحاڵە، تەسەور بکە ئەگەر تزار چاوی بەم چڕو چاوە بکەوێ. چ دەڵێت؟ هەموو ئەمە وەلاوە بنە، تەنیا چاوەکانی...

– کابرایەکی فرە ڕەگە، بێگومان رەگێکی رۆژهەڵاتی تیایە.

– جەستەی لووس و ساف و پاك نیە، هەر زیپکەیە.

گەنجانی گوندەکەی خۆی کە چاوەڕوانی نۆرەی خۆیان بوون، دەوریان گرت:

– ها، گریشا، چی بوو؟

– بۆ کام بەتالێون دانراوی؟

– گاردی تایبەتی، ها؟

گریگۆری کە لەسەر لاقێك وەستا بوو و لاقەکەی تری دەکرد بە پانتۆڵەکەیدا، بە تووڕەیی گوتی:

– گاردی تایبەتی چی! بۆ کوێ؟ بە تالێونی دوازدە.

کاتبەکە، لە دەرگاکەوە سەری دەرهێناو بانگی کرد:

– دیمتری کورشونوف، ئیڤان کارگین.

گریگـۆری بـە هەشـتاو لـە قاڵدرمەکانـەوە داگـەڕاو بـەدەم رێگـاوە دوگمـەکانی پۆسـتینەکی داخستن.

بایەکی گەرمی دەهات، بەفرو بەستەڵەکی سەر رێگاکە لە هەندێ شوێندا توابووەوەو هەڵم و بوخاری لێهەڵدەستا. چەند مریشکێك بە درقە درق لە جادەکە دەپەڕینەوە. مراوی و قاز بە ناو گۆلاوەکان کەتبوون، بەدەم مەلە کردنەوە، پەردەی پێیان لە ژێر ئاوەکەوە، نارنجی، عەینی گەلای خەزان زەردەی خوسار بردە دەهاتنە بەرچاو.

بـۆ سـبەینێ، فـەحس و معایەنـەی ئەسـپان دەسـتی پێکـرد. ئەفسـەران سـەرقاڵ و مـژوول بـە مەیدانەکـەی گونـدا لـە هاتوچۆدا بوون. دکتـۆری بـەیتاڵ و یاریدەدەرەکەی کە تفاق و کەرەستەی

فەحس و ئەندازەگیری خۆی هەڵگرتبوو، هاتن، داوێنی پاڵتۆكانیان بەدەم بایەكەوە شەپۆلی دەدا. ریزی دوورو درێژی ئەسپانی هەمە رەنگ، شان بە شانی پەرژینەكە ڕاگیرا بوو. ئاتامانی ڤیشنسكایا، بە پەلەپەل لەلای قەپانەكەوە بەرەو مێزێكی چكۆلە، كە لە ناوەندی مەیدانەكەدا دانرا بوو، رۆیی. كاتبێك لەوێ بوو، ئەنجامی معایەنەو ئەندازەگیریەكانی تۆمار دەكرد. كەلانتەری سوپاییش چوو بۆ ئەوێ، زۆر پەست و تووڕە بوو، بەو حاڵەوە قسەی بۆ ئەفسەرێكی گەنج دەكرد.

گریگۆری كە ژمارەكەی سەدو هەشت بوو (١٠٨)، ئەسپەكەی بردە سەر قەپانەكە. ئازای بەدەنی ئەسپەكەیان ئەندازەگرت و كێشایان. هەركە ئەسپەكە لەسەر قەپانەكە هاتەخوارەوە. بەیتاڵەكە، زۆر بە كارامەیی، دەم و قەپۆزی ئەسپەكەی گرت، دەم و دانی فەحس كرد، دەستی بە ماسولكەكانی سینگیدا هێناو توند گوشاری دا، قامكەكانی، كە عەینی قاچی جاڵجاڵۆكە چاپوك و لەز بوون، تا لاقی ئەسپەكە هێنانە خوارێ.

ئەوجا جمگەی سەر ئەژنۆكانی ئەسپەكەی گوشار دا،كێشای بە دەمارەكانیا، قۆقزی سەروی سمی ئەسپەكەی گوشی.

ماوەیەك زۆر، ئەسپەكەی معایەنە كرد، دەستی پێدا هێنا، كە تەواو بوو، ئیدی رۆیی، لە دواوە داوێنی باڵاپۆشەكەی بەدەم بایەكەوە شەپۆلی دەدا، رۆیی و بۆنێكی ناخۆشی ئەسیدی كاربولیكی لە دوای خۆی بەجێهێشت.

ئەسپەكەی گریگۆری رەت كرایەوە. ئاواتەكەی باپیرە ساشكا نەهاتە دی. یارۆی بەیتاڵ، ئەوەندەی ئەزموون هەبوو كە بتوانێ عەیبە پەنهانەكەی ئەسپەكە بدۆزێتەوە.

گریگۆری، بە نیگەرانیەوە دەگەڵ بابیا كەوتە ڕاوێژ، پاش نیو سەعاتێك، بە بێئەوەی نۆرە بگرێت، ئەسپەكەی پیوتەری بردە سەر قەپانەكە، یارۆی بەیتاڵ، تەمەشایەكی لامسەرلایی كردو یەكسەر قەبووڵی كرد.

گریگۆری، لەو نزیكانەدا، شوێنێكی وشكانی دۆزییەوە، رۆپۆشی زینەكەی راخست و تفاق و شتەكانی خۆی لەسەر ریز كرد، باوكی لە پشتیەوە وەستابوو و ئەسپەكەی گرتبوو و دەگەڵ پیرەمێرێكی دیكەدا، كە ئەویش دەگەڵ كوڕیا هاتبوو، قسەی دەكرد.

جەنەراڵێكی باڵابەرزی، سەرسپی، بەپاڵتۆیەكی كەوەیی كاڵ و كڵاوێكی زیوینی ئەستراخانیەوە بەلایاندا تێپەڕی. لە رۆییشتنا پێی چەپی كەمێك بۆ پێشەوە هەڵدەدا، دەستی، كە دەستكێشێكی سپی لە دەستا بوو، دێناو دەبرد.

پانتلی پروكوفیچ، لە پشتەوە ژەنیە گریگۆری یەوەو بە چپە گوتی:

– ئاتامانی ناوچەكەیە.

– دەڵێی جەنەراڵە!

– ئەمە سەر لەشكر ماكایفە، كابرایەكی یەجگار سەختگیرە.

كۆمەڵێك ئەفسەر، كە لە تیپ و بەتالیۆن و هێزە جۆراوجۆرەكانی تۆپخانەوە هاتبوون، بە دووی ئاتامانی ناوچەكەوە بوون. سەروانێكی (نەقیب) تۆپخانەی ناوشان پانی، سمت ئەستوور،

بەدەنگی بەرز دەگەڵ ئەفسەرێکی باڵا بەرزی قۆزی بەتالیۆنی ئاتامانسکی گاردی تزاریدا قسەی دەکرد:

– باوەڕ بکە! دێیەکی ئەستۆنی! تێکڕا، هەموو خەڵکەکەی قژ زەردو زەری پێست بوون، بەڵام ئەو کچە لە هەموویان جیاواز بوو، جا ئەو کچە هەر بە تەنیا نەبوو! ئێمە لە بەینی خۆمانا زۆر لێکدانەوەی جیاوازمان بۆ مەسەلەکە کرد، پاشان بۆمان دەرکەوت تومەز بیست ساڵێك لەوە پێش... (دوو ئەفسەرەکە لەبەرانبەر ئەو شوێنەوە کە گریگۆری تفاقەکانی خۆی لێدانابوو، ڕەت بوون‌و دوور کەوتنەوە. بای دەهات‌و گریگۆری بەزەحمەت، گوێی لەدوا وشەی نەقیبەکە بوو کە بەدەم پێکەنینەوە بۆ ئەفسەرەکەی دەگێڕایەوە.) ئەو گوندە مەڵبەندی سریەیەکی گاردی ئاتامانسکی بوو بوو.

کاتبێك کە بە قامکێن لەرزۆك‌و مەرەکەباویەوە، یەخەی پاڵتۆکەی دادەخست، بە پەلەپەل لە پێشیانەوە دەڕۆیی. یاریدەدەری سەرۆکی پۆلیسی ناوچەکە، کە لە تووڕەییدا کەف کەتبووە لالغاوەی هاواری دەکرد:

– پێم گوتیت سێ نوسخە! دەتخەمە زندان!

گریگۆری، بە کونجاوی دەیڕوانیە سەروچاوی نامۆی ئەفسەرو کارمەندەکان. یەکێك لە حەرەسەکان کە بەوێدا دەڕۆیی چاوە بێزارو نمسارەکانی خۆی بڕینە ئەو، هەرکە نیگای لە نیگای کونجکاوی ئەو هەڵنگوت، یەکسەر رووی وەرگێڕا. ئەفسەرێکی پیری شپرزە کە بەنیمچە راکردن، رایدەکردو بەدەم رێوە، بە دانە زەردەکانی لێوی سەرەوەی دەکرۆشت، دەیویست خۆی بگەیەنێتە ئەو. زۆر نیگەران دیار بوو، گریگۆری سەرنجی لەسەر دەمارێکی چکۆلەی سەرووی برۆ زەردەکەی پیرە ئەفسەرەکە گیرسایەوە کە چۆن پلی دەداو پێڵوی چاوی دەلەرانەوە.

گریگۆری، زینپوشە تازەکەی ڕاخستبوو، ئەم شتانەی لەسەر ریز کردبوون: زینێکی قەڵپوس بزمارڕێژو کەسك، خورجینی پاش‌و پێشی زین، پانتۆلێك، دەستێك ئونیفۆرم، دوو جووت چەکمە، دەستێك دەرپێ‌و فانیلەی ژێرەوە. کیسەیەك کولیچەو پسکیت، بڕێك قاورمەی گۆشت گا. بڕێك ساوەرو ئازووقەی دیکە لە هەر جۆرەو بڕێکی دیاریکراو.

دەمی خورجەکان کرا بووەوەو ئەم شتانەیان تیا بەدی دەکرا:

چوار نالی ئەسپ، ژمارەیەك بزمار کە لە پەڕۆیەکی چەورەوە پێچرا بوون. کیفێك کە چەند دەرزی‌و بەکرەیەکی تیا بوو، لەگەڵ خاولیەکدا.

گریگۆری، بۆ دواجار تەمەشایەکی تفاق‌و شتەکانی خۆی کرد، ئەوسا بە چیچکانەوە دانیشت، بە قۆڵی کراسەکەی بەرەزوانەی زینەکەی کە قوڕاوی بوو بوو سڕی. لیژنەی پشکنین لەوسەری مەیدانەکەوە وەرێکەوت، هێدی هێدی بە بەردەم ئەو قۆزاقانەدا دەهاتن، کە بەدیار زینپۆش‌و تفاقەکانی خۆیانەوە بەڕیز وەستا بوون. ئەفسەرەکان‌و ئاتامان بە دیقەت تەماشای شتەکانیان دەکرد. داوێنی پاڵتۆکانیان هەڵدەکردو بە چیچکانەوە دادەنیشتن. کیفی داوو دەرزیەکانیان دەکردەوەو تەمەشایان دەکرد، کیسە کولیچەو پسکیتەکانیان بەرز دەکردەوەو بە مەزەندەی هەلیان دەسەنگاندن.

قۆزاقیەکی گەنج کە لە تەنیشت گریگۆرییەوە وەستابوو، قامکی بۆ لای یارۆی سەرۆکی پۆلیسی سەربازیی ناوچەکە ڕاکێشاو گوتی:

– کوڕینە، ئا ئەو درێژ داهۆڵەتان دیتوە، وەکو سەگێك لانەی فسۆسان بگەڕێ بەو ئاوایە شتەکان دەگەڕێو دەپشکنێ.

– تۆ تەمەشا، تەمەشا، بێشەرەفە، خەریکە خورجنیەکە هەڵدەڕێژێ.

– دیارە کەمو کوڕیەکی هەیە، دەنا وای نەدەکرد.

– ئەوە چ دەکا؟ دەڵێی بزمارەکانی دەژمێرێ، وانا؟

– ئوە! تولە باب!

ئەو قسەو گفتوگۆیانە بەرە بەرە دەگەڵ نزیکبوونەوەی لیژنەکەدا کەم بوونەوە، هەمووی چەند کەسێك مابوو کە بگەنە گریگۆری. یارۆی ئاتامان دەستکێشێکی لە دەستی چەپدا بوو و دەستی ڕاستی، بێئەوەی ئانیشکی بنوشتێنێتەوە بادەدا. گریگۆری ڕاست ڕاوەستا بوو. بابی لە دوایەوە کۆکەیەکی کرد. بایەکە بۆنی میزی ئەسپو بەفری تواوەی دەگەڵ خۆدا دەهێنا. هەتاو بە سیمای خەمناکەوە، وەکو کەسێکی مەی زەدەو خومار، دەیڕوانیە ئەم دیمەنە.

ئەفسەرەکان، لە نزیکی ئەو قۆزاقەی تەنیشت گریگۆرییەوە وەستان، ئەوسا نۆرە هاتە سەر گریگۆری:

– ناوت، شۆرەتت؟

– گریگۆی میلیخوف.

ئەفسەری پۆلیس، چمکێکی پاڵتۆکەی گرتو هەڵیگرت، بۆنی ئەستەڕو بەرەکەی کرد، بە پەلە دوگمەکانی ژمارد. یەکێکی دیکە کە نیشانەی ئەفسەریاری بەسەر شانەوە بوو، بە قامکەکانی ماهوتی پانتۆڵەکانی تاقیکردەوە. ئەفسەری سێیەم بەڕادەیەك دانەوی بووەوە کە بایەکە داوێنی پاڵتۆکەی هەڵدابۆوە سەر پشتی، ناو خورجینەکان دەگەڕا. ئەفسەری پۆلیس بە هەردوو قامکی گەورەو دۆشاومژە، زۆر بەپارێزەوە، وەکو ئەوەی دەست بۆ ئاگر بەرێت، بەو ئاوایە دەستی دایە ئەو پەڕۆیەی کە بزماری ناڵەکانی تێوە پێچرا بوو و لە بن لێوانەوە کەوتە ژماردنیان. بەتووڕەیی گوتی:

– بۆچی بیستو سێ بزمارە؟ یانی چی؟

– نا، قوربان، بیستو چوارە.

– یانی من کوێرم!

گریگۆری، بە هەشتاو، سووچێکی پەڕۆکەی، کە کەوتبووە سەر بزماری بیستو چوارەم هەڵدایەوەو بەدەم ئەو کارەوە قامکە زبرو ڕەشەکانی بە ئاستەم بەر قامکێن ناسكو سپی چوون قەندی ئەفسەری پۆلیسەکە کەوت. ئەفسەرەکە وەکو ئەوەی شتێکی بە دەستا چووبێت، خێرا دەستی خۆی ڕاپسکاندو ئەوجا بە لێواری پاڵتۆ کەوەییەکەی خۆی بە قێزو بێزەوە، سڕی.

پاشان دەستکێشەکەی لە دەست کرد.

گریگۆری هەستی بەوە کرد. ڕێك ڕاوەستاو بزەیەکی ڕقنی بە ڕویا داو نیگای لە نیگای هەڵەنگوت و ئەفسەری پۆلیس، کە ڕەنگی سوور هەڵگەڕا بوو، دەنگی هەڵبڕی:

– بۆ ئاوا تەمەشام دەکەیت؟ ها، ئەمە چۆن تەمەشا کردنێکە، قۆزاق؟

گۆناکانی، کە جێگە زامی گوێزانی تەراش بەسەر یەکێکیانەوە دیاربوو، سەرانسەر سوور هەڵگەڕان.

– بۆچی بەرەزوانەی زینەکەت باش نیە، ئەدی ئەم بنزگەت بۆ ڕێك نەخستووە؟ ئەمە چیە؟ تۆ قۆزاقی یان جووتیار؟ کوا باوکت؟

پانتلی پروکوفیچ، جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو بە لاقی شەلەوە هەنگاوێك چووە پێشەوەو پاشنەکانی دان بە یەکدا.

– تۆ ڕێو ڕەسم و یاسای قۆزاقی نازانی؟

ئەفسەرەکە ئەو بەیانیە پەست بوو چونکە شەوێ لە قومارا دۆڕابوو، ئیدی داخی خۆی بەو دەڕشت.

ئەوسا ئاتامانی ناوچە هات، ئەفسەرەکە هێوربووەوە. ئاتامان بە نووکی چەکمەکەی، ناواخنی زینەکەی تاقیکردەوەو ئەوجا نزگەرەیەکی کردو چوو بەلای نەفەرەکەی دواترا. ئەفسەری فەرماندەی ئەو بە تالیۆنەی، کە گریگۆری بۆ دانرا بوو، زۆر بە ئەدەبەوە هەموو شتەکانی، تەنانەت کیفی داوو دەرزیەکەشی، تەفتیش کرد، پشتی کردە بایەکە تا سیگارێ پێبکات و ڕۆیی.

ڕۆژی دوایی، ڤیتارێك، بەریزێ فارگۆنی سوورەوە، پڕ لە قۆزاق و ئەسپ و ئالف لە وێستگەی چرتکۆڤۆوە بەرەو لیسکی – ڤورونیچ کەوتە ڕێ.

گریگۆری، لە نێو یەکێك لەو ڤارگۆنانەدا، پشتی دابوو بە سووچی ئاخوڕێکی دارینەوە. لە دەرگا کراوەکەوە، دیمەنی سەیرو نامۆی دەشتێکی هەموارو تەختانی بە بەر چاویا تێدەپەڕی و لە دووری دوورەوە لێڕەوارو دارستانێك، سەری لە ئاسمان دەسوو و شین دەچووەوە.

ئەسپەکان، بەدەم ملچە ملچی ئالیك خواردنەوەو دەگەڵ تەکانی ڤیتارەکەدا، تەکانیان پێ دەکەوت و ئەم پێ و ئەو پێیان دەکرد.

بۆنی وێنجەو ئارەقەی ئەسپ و بەفری تواوە، فارگۆنەکانی پڕ کردبوو، لێرەواران، لە دوورەوە، عەینی داوێکی باریکی، شینباوی خەیاڵئەنگێزو دوورەدەست، بە بەرۆکی ئاسۆوە مات و خەمین و کەم جریوە وەکو ئەستێرەی سەر لە ئێوارەیەکی زوو، خۆی دەنواند.

# بەشی سێیەم

((١))

ناتالیا، لە رۆژێکی گەرمو خۆشی مانگی ئاداری ١٩١٤دا، کە بەفر دەستی بە توانەوە کردبوو، گەڕایەوە بۆ ماڵی خەزورانی. پانتلی خەریك بوو تەیمانو پەرژینی خانووەکەی کە گایەك شکاندبووی، بە تەرکەی کوڵکنی تەڕی مەیلەو شین، چاك دەکردەوە. شووشە سوڵی (چلورە = شووشە سەهۆڵ) زیوین بە گۆیسەبانەی خانووەکەوە هاتبووە خوارێو لەبەر هەتاوەکەدا دەبریسکایەوەو چك چك ئاوی لێدەچکا. شوێنەواری چۆڕاوگەی ئاو بە قەد دیوارەکەوە، قەتران ئاسا رەش دەچووەوە. هەتاوی سوور، کە لەچاو خۆیا بۆ ئەو کاتەی مانگی ئادار، کەمێك گەرم بوو، وەکو گوێرەکەیەکی میهرەبان، گردەکانی دەلستەوەو بەفرەکەی سەریان بەرە بەرە دەتوایەوە. زەوی نێر دەبووەوە. ئەو گردو لووتە گەچۆڕانەی کە نارەکە، کە لێرەو لەوێ، چوو بوونەن روباری دۆنەوە، تەنکە گیایەکی نۆڕەس، عەینی مەڕ مەڕی سەوز، بەسەریانەوە ڕوا بوو.

ناتالیا، تەواو گۆڕا بوو، لەڕو لاواز، ملی خوار، شوێنەواری زام شێواندبووی، لە پشتەوە بەرەو لای خەزووری چوو:

– ماندوو نەبی، باوکە!

پانتلی پروکوفیچ، ڕاچڵەکی، تەرکەکان لە دەستی کەوتنە خوارەوە، دانەویەوەو هەڵی گرتنەوە، پشتی راستکردەوە:

– ناتالیوشکا! ئەمە تۆی، بەخێرهاتی گیانەکەم. بۆچی زووتر نەدەهاتی بۆ لامان؟ دەی وەژوورکەوە، خەسووت بەدیتنت خۆشحاڵ دەبێ.

ناتالیا، بە نە بەدڵیەوە دەستێکی جوڵاند، سەری وەرگێڕاو گوتی:

– ئیدی ئەوا هاتووم... ئەگەر دەرم نەکەن، حەزدەکەم بە یەکجاری لێرە بمێنم...

– جا بۆ نامێنی گیانەکەم؟ خۆ تۆ بێگانە نیت،ماڵ ماڵی خۆتە. گریگۆری تازە نامەی ناردووە، داوای لێکردووین کە لێت بپرسین.

بە دوو قۆڵی چوونە ژوورەوە. پانتلی پروکوفیچ، شادو خۆشحال، بە شەلە شەل دەهاتو دەچوو. ئیلی نیچنا، بەدەم گریانو روندك رشتنەوە، دەستی لە ملی ناتالیا وەریناو ئەملاو ئەولای ماچ کرد، بە بەر کۆشەکەی دەمو لووتی گریاناوی خۆی سڕیو لە بن لێوانەوە گوتی:

– تۆ دەبوایە زوو منداڵێکت بێنایە... بەوە دەتبەستەوە. دانیشە باتۆزێ کولیچەو کێکت بۆ بێنم، حەزی لێدەکەی؟

– مەمنوون دایکە... ئیدی واهاتوومەتەوە...

دونیاشکا، بە گۆنای ئاڵو گەشەوە، بەغار لە حەوشەوە خۆی گەیاندە مووبەقەکە، باوەشی بە ئەژنۆکانی ناتالیادا کردوماچی کردو کەوتە گلەیی:

– باشە بۆ دیار نیت، عەیب ناکەی ئێمەت بەمجۆرە فەرامۆش کردووە؟

بابی، بە توندیەکی دەستکردەوە تێیخوڕی:

– ئەوە شێت بووی، بارگیر!

ناتالیا، خۆی لە باوەشی دونیاشکا دەرهێنا، چاوی بڕینە دوڕ چاوانی و گوتی:

– چەند گەورە بوویت!...

هەموو پێکەوە کەوتنە قسان. قسەیان بە یەکدی دەبڕی، بێدەنگ دەبوون، دەستیان بە قسان دەکردەوە. ئیلی نیچنا، گۆنای خستە سەر ناو لەپی، بە کەسەرو داخێکی زۆرەوە دەیڕوانیە ناتالیا، کە تەواو گۆڕا بوو، دەگەڵ ناتالیاکەی جارانا ئاسمان‌و ڕێسمان بوو.

دونیاشکا، هەردوو دەستی ناتالیای گرت‌و لێی پرسی:

– ئیدی ناڕۆیتەوە؟

– ها، بڵێم چی؟

ئیلی نیچنا، قسەکەی پێبڕین‌و هەڵیدایە:

– ڕۆییشتنەوەی چی! بووکی خۆمانە! دەتەوێ بۆ کوێ بڕوا!

هەنگێ قاپێك کولیچەی نایە سەر خوانەکەو لە بووکەکەی نزیك خستەوە.

ناتالیا، دوای دوو دڵی‌و سێ‌و دوویەکی زۆر ئەوسا هاتبووەوە بۆ ماڵە خەزورانی. باوکی لە سەرەتاوە ڕێگەی نەدابوو کە بڕواتەوە. بە ڕوویا هەڵشاخا بوو، زۆری هەوڵدا بوو کە ئەو بیرەی لە مێشك دەربکات‌و ژێوانی بکاتەوە. بەڵام ناتالیا، دوای ئەوەی چاك بووەوە، چاوی لەبەر کەسوکارەکەی هەڵندەهات، کە چاوی بەداك‌و بابی دەکەوت، ناڕەحەت دەبوو. لەوەتای هەولّی خۆکوژی دابوو، هەستی دەکرد کە لە نێو کەسوکارەکەیدا غەریب‌و نامۆیە. (پانتلی پرۆکوفیچ)ش لەوساوە کە گریگۆری بۆ خزمەتی سەربازی بەڕێ کردبوو، بەردەوام بەگوێی ناتالیایدا دەخوێند کە بێتەوە، چونکە لێبڕا بوو کە بیهێنێتەوەو دەگەڵ گریگۆریدا ئاشتی بکاتەوە.

ئیدی لەو ڕۆژەی مانگی ئادارەوە، ناتالیا دەگەڵ خانەوادەو ماڵباتی میلیخوفدا مایەوە. داریا ناڕەزایی خۆی دەرنەدەبڕی. پیوتەر میهرەبانانەو برایانە ڕەفتاری دەگەڵ دەکرد. کە داریا جارجارێك‌و زۆر بە دەگمەن، نیگایەکی بە جۆرێکی کردبا، دڵبەستەگی گەرمی دونیاشکاو میهرو مەحەبەتی دایکانەو باوکانەی خەسوو و خەزوری قەرەبووی ئەوەی بۆ دەکردەوە.

یەکەم ڕۆژی دوای هاتنەوەی ناتالیا، پانتلی پرۆکوفیچ، دونیاشکای بانگکردو ئەم نامەیەی، بۆ گریگۆری، پێنووسی:

"کوڕی ئازیزمان گریگۆری پانتلیوفیچ، سڵاو!

گەرمترین درودی خۆمانت بۆ دەنێرین. دەگەڵ دایکتا، ڤاسیلیسا ئیلی نیچنادا، لە کانگای دڵەوە دوعای خێرت بۆ دەکەین. پیوتەر پانتلیوفیچی برات‌و داریا ماتڤییڤنای خێزانی سڵاوت لێدەکەن‌و هیوای خۆشی‌و سەلامەتیت بۆ دەخوازن. هەروەها دونیای خوشکت‌و هەموو کەسوکار سڵاوت لێدەکەن. ئەو نامەیەی کە لە پێنجی مانگی شوباتا ناردبووت، گەییە دەستمان‌و پڕ بە دڵ سوپاست دەکەین.

نووسیبووت، ئەسپەکەت لە ڕێکردندا پەل لە پەل دەدات و دەستی بریندار دەبن. لەو حاڵەدا دەبێ بەپیوی بەراز چەوری بکەی، بە خۆت دەزانی، چۆن ئەوە دەکرێ. ئەگەر دنیا بەفرو سەهۆڵبەندان نیە، پاشووەکانی ناڵ مەکە. ناتالیا میرونوڤنای خێزانت لای خۆمانەو خۆشحاڵ و تەندروستە. دایکت بڕێك ئاڵوباڵوی وشك، جووتێ گۆرەوی خوری و کەمێك گۆشتی بەرازو جۆرەها شیرینی و کولیچەی دیکەت بۆ دەنێرێت، ئێمە هەموو ساغ و سەلامەتین. بەڵام منداڵەکەی داریا مرد. تازە دەگەڵ پیوتەردا، سەری عەمارەکەمان گرتووە. پیوتەر داوات لێدەکات ئاگات لە ئەسپەکەی بێ و مدارای بکە. چێڵەکانمان زاون. پیرە ماینەکە ئاوسە. گوانی ئاوساون و جوانووەکەی کە لە سکیا دەجوڵێتەوە بەزەقی دیارە. لە فەحلێکی سەر بە یەڵخی ستانیتزا، کە ناوی دونتسە چاکمان کردووە. چاوەڕوانی ئەوەین کە لە هەفتەی پێنجەمی ڕۆژووی گەورەدا بزێ.زۆرمان پێخۆشە کە دەبیستین پیاوانە خزمەتی سەربازی خۆت دەکەیت و ئەفسەرو فەرماندەکانت لێترازین. پیاوانە خزمەتی خۆت، بکە، چونکە خزمەتی تزار بە خەسار ناچێت، ناتالیا حاڵی حازر لەگەڵ ئێمەدا دەژی، دەبێ بیرێکی جدی لێبکەیتەوە. خەبەرێکی ناخۆش: هەفتەیەك بەر لە ڕۆژانی ڕۆژوو، گورگ سێ سەر مەڕی خواردین. دەی ئاگات لە خۆ بێ، بە خوات دەسپێرین. بیرێك لە ژنەکەت بکەوە، من ئەمرت پێدەکەم، ژنێکی میهرەبانە، ژنی شەرعی خۆتە، ڕێگەی ڕاست بگرەو بە گوێی بابی خۆت بکە.

باوکت، عەریفی ئەقدەم پانتلی میلیخوف"

بارەگای بە تالیۆنەکەی گریگۆری، لە چوار فرسەخی سنووری ڕووسی- نەمساوی، لە گوندێکدا بوو بە ناوی ڕازیڤیلوڤۆ. گریگۆری بەدەگمەن نامەی بۆ کەسوکارەکەی دەنووسی. پاش ئەوەی هەواڵی زانی کە ناتالیا لە ماڵی ئەوانا دەژی، لە وەڵامنامەکەیا ئاماژەیەکی کورتی بۆ ئەو مەسەلەیە کردبوو و داوای کردبوو کە سڵاوی ئەوی پێبگەیەنن. ناوەڕۆکی نامەکانی گۆنگ و ئاڵۆز بوو، نەدەچووە ژێر باری هیچ شتێکەوە. پانتلی پروکوفیچ داوای لە دونیاشکا یان پیوتەر دەکرد کە چەندین جار ئەو نامانەی گریگۆری بۆ بخوێننەوە. هەوڵی دەدا لە بن دێڕی نامەکانەوە بیرە پەنهاکەکانی گریگۆری بخوێنێتەوە. بەر لە جەژنی پاك (فصح) بە چەند ڕۆژێکی کەم نامەیەکی بۆ نووسی و داوای لێکردبوو بە ڕاشکاوی و ڕێك و ڕەوان پێی بڵێ کە خزمەتی سەربازی تەواو کردو هاتەوە نیازی چیە: ئایا دەیەوێ لە گەڵ ژنەکەیدا بژی یان هەر لەگەڵ ئەکسینیادا دەمێنێتەوە؟

گریگۆری، تا ماوەیەك وەڵامی نەدایەوە. لە دوای یەك شەممەی سێینە نامەیەکی کورتی ئەویان پێگەیی. دونیا، بە کوت و پچڕی و پەلە پەلە نامەکەی خوێندەوە .پانتلی پروکوفیچ، بەزەحمەت دەیتوانی لە نێو سەلام و کەلام و پرسیارە جەنجاڵ و زۆرو زەبەندەکانیەوە پەی بە نیازو مەبەستی گریگۆری بەرێ. گریگۆری لە کۆتایی نامەکەیدا هاتبوە سەر مەسەلەکەی ناتالیا:

"داوای ئەوەت لێکردووم بۆت بنووسم کە ئایا جارێکی دی لەگەڵ ناتالیادا دەژیم یان نا. بەڵام باوکە، وەڵامی من ئەمەیە: نانێ کە بوو بە دوو لەتەوە جارێکی دی بە یەکەوە نانووسێتەوە. ئاخر چۆن دەتوانم جارێکی دی لەگەڵ ناتالیادا پێکبێمەوە، کە بە خۆتان دەزانن من منداڵێکم

هەیە. من ناتوانم لەو بارەیەوە هیچ بەڵێنێك بدەمو باسكردنی ئەو مەسەلەیەش ناڕەحەتم دەكات. چەند رۆژێك لەمەپێش كابرایەكی قاچاخچیان گرت، قاچاغی لە سنوورەكانەوە ئاودیو دەكردو ئێمەش بە رێكەوت دیتمان. دەیگوت بەو زوانە شەڕ لەگەڵ نەمسادا دەست پێدەكات. گوایە پاشاكەیان هاتووەتە مەرز تابزانێ لە كوێوە هێرش بێنێو چ شوێنێ داگیر بكات، خۆ ئەگەر شەڕ بقەومێو هەڵبگیرسێت لەوانەیە من هەر نەمێنم، ئیدی چی پێویست دەكات، لە ئێستاوە بڕیاری پێشوەختە بدەین."

***

ناتالیا، لە ماڵی خەزووری دا كاری دەكرد، بەو ئومێدە دەژیا كە مێردەكەی بگەڕێتەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا ورەی بەرزدەكردەوە. ناتالیا هەرگیز نامەی بۆ گریگۆری نەدەنووسی، بەڵام وێڕای ئەوەش هیچ كەسێكی ئەو خانەوادەیە، بەهەمان نیگەرانیو تاسەو ئارەزووی ئەوەوە چاوەڕوانی نامەی گریگۆری نەدەكرد.

ژیانی گوند، بەهەمان رەوتی ئاساییو نەگۆڕی خۆیەوە دەڕۆیی. ئەو پیاوانەی كە دەورەی خزمەتی سەربازیان تەواو بووبوو، گەڕابوونەوە. كات، بەدەم كاری رۆژانەی تاقەتبەرو رۆتینییەوە، بێئەوەی كەس هەستی پێبكات، لە خۆیەوە دەڕۆیی. خەڵكی گوند، رۆژانی یەك شەمموان، هەر خێزانەو بە كۆمەڵ، بەرەو كڵێسا دەڕۆییشتن، پیاوان قەمسەڵەو پانتۆڵی تازەیان لەبەر دەكرد، ژنان كراسی گوڵدۆزی تەنگو قۆڵ فشو تەنورەی شۆڕی رەنگاو رەنگیان لەبەر دەكرد كە بەدەم رێكردنەوە لە عاردی دەخشانو تۆزیان لە دووی خۆ هەڵدەستاند.

لە مەیدانە چوارگۆشەكەی گوندا، مژانی گالیسكەی بە تاڵ چوو بوون بە ئاسمانا. ئەسپان دەیانحیلاند. خەڵكانی جۆراوجۆر لە هاتوچۆدا بوون. زەرعاتكارانی بولغاری، لای گەراجی ئاگر كوژێنەوەكان، جۆرەها تەڕەو سەوزەیان لەسەر جاو هەڵڕشتبوو ودەیانفرۆشت. لەو دیو ئەوانەوە، منداڵان بڕ بڕ كۆدەبوونەوەو بە حەپەساوی وسەرسامی دەیانڕوانیە ئەو وشترانەی كە لە كار بەر درابوونو بە كبریایەكی سەیرەوە چاویان بڕی بووە مەیدانەكە. مەیدان لە خەڵكیدا جمەی دەهات، پیاوان بە شەپقەی سووری خەت خەتەوە، ژنان بە لەچكو سەرپۆشی رەنگاو رەگەوە. وشترەكان، لە كاتێكا ئاو بەدەمو قەپۆزیاندا دەهاتە خوارەوە، بەدەم كاوێژكردنەوە ماندوویەتی سوڕانەوەی بەردەوامی دەوری ناعووریان دەردەكرد، خەو دەتگوت پەردەیەكی قورقوشمی ئامال سەوزەو بەسەر چاویاندا دەدرێ.

هەركە رۆژ ئاوا دەبوو دنیا كەمێك تاریك دەبوو، خەڵكی لە كۆچەو كۆڵانانەوە دەجمان. ئیدی شەوبێری دەستی پێدەكرد ، دەنگی گۆرانیو سەما دەگەڵ ئاوازی ئوكوردیونا دەگەییە حەوت ئاسمان. ئیدی دەنگی گۆرانیو ئاواز، بە تایبەتی لە دەوروبەری گوندا، تا حەوت نیوە شەو هەر نەدەبڕایەوە.

ناتالیا، هەرگیز نەدەچووە شەوكۆڕان، بەڵام بەكەماڵی ئارەزووەوە گوێی لە حیكایەتە سادەو ساكارانەكانی دونیاشكا دەگرت، دونیاشكا، بەرەبەرە گەورە بوو بوو، بوو بوو بەكچۆڵەیەكی جوانكیلەی رەزا سووك. وەكو سێوێكی زووڕەس پێگەیی بوو، ئیدی لە ماوەی ئەو ساڵەدا،

دەورانی هەرزەکاری بەڕێ کردبوو و دەستە خوشکەکانی دیکەی، ئەوانەی لەو گەورەتر بوون، ئەوەیان فەراموش کرد کە لەو گەورەترن‌و، وەکو یەکێك لەخۆیان لە کۆڕو مەجلیسی خۆدا قەبووڵیان کرد. دونیاشکا، لە باوکی دەچوو: ئەسمەرێکی کورتە باڵای بەخۆوە بوو. پازدە ساڵی تەواو کردبوو، بەڵام بە ژن‌و باڵاو لەش‌و لارو روخساری هێشتا هەر منداڵانە بوو. یانی ئاوێتەیەکی سادەی منداڵیەتی‌و نەوجەوانی پێوە دیار بوو: بەرە بەرە مەمکەکانی قوت دەبوون‌و لە ژێر کراسەکەیەوە بەرز دەبوونەوە، ناوشانی پان دەبوو، شەرم‌و ناز دەنیشتە سەر چاوە رەشە بادەمیەکانی. کاتێ کە لە شەوبێریان (شەونشینی، شەوکۆڕ) دەگەڕایەوە دەچوو بۆ لای ناتالیاو بەوپەڕی دڵپاکی رازە سادەکانی خۆی بۆ دەگێڕایەوە:

– ناتاشا گیان، وەرە با شتێکت بۆ بگێڕمەوە...

– دەی، فەرموو، بۆمی بگێڕمەوە.

– دوێشەو میشکا کوشیڤۆی بە درێژایی شەوەکە، لەسەر کۆتەرە دارەکانی نزیك عەمارەکانی گوند، دەگەڵ مندا دانیشت.

– بۆچی دەموچاوت سوور بووەتەوە!

– کوا، دەموچاوم سوور نەبووەتەوە!

– بڕۆ لە ئاوێنەدا سەیری خۆت بکە، بووی بە پشکۆیەکی گەورە.

– خەتای تۆیە، کارێکی وادەکەی کە سوور ببمەوە...

– دەی باشە، ئیدی قسە ناکەم، بیگێڕەوە.

دونیاشکا، دەستە ئەسمەرەکانی بە گۆنا ئاگرینەکانیا دێناو بە قامکان، لاجانگەکانی دەگوشین‌و بێهیچ هۆیەك، قاقا پێدەکەنی:

– پێی گوتم تۆ دەڵێی گوڵاڵەی بیابانی...

ناتالیا، کە بە شادی ئەو شاد بوو و لەو رێگەیەوە شادی پایەماڵ‌و لەدەست چووی خۆی فەراموش دەکرد، هانی دەدا کە بەردەوام بێ:

– ئێ، چیتر؟

– پێمگوت: "میشکا، درۆ مەکە!" هەنگێ سوێندی خوارد کە راست دەکات‌و درۆ ناکات.

دونیاشکا، قاقایەکی لێدا، کە وەکو زەنگوڵە لە ژوورەکەیدا دەنگی دایەوە، بەدەم قاقایەکەوە سەری دەجوڵاو گێسووە رەش‌و پڕەکانی بە هەمان چاپوکی جووتێ بزنمژۆك بەسەر شان‌و ملیادا دەخزین.

– ئێ، چیتری پێگوتیت؟

– تکای لێکردم کە دەسەسڕێکی بە دیاری بدەمێ.

– ئەدی داتێ؟

– نا، گوتم: "ناتدەمێ، بڕۆ داوای شتی وا لە ژنەکەت بکە." لەگەڵ بووکەکەی پروفیڤدا دیتوویانە، ئەمە ژنێکی بەد ناوە، مێردەکەی چووەتە سەربازی‌و دەورو خولی پیاوان دەدا.

– باشتر وایە لێی دوور بکەویتەوە.

دونیاشکا، که هەوڵیدەدا، زەردەخەنەکەی بخواتەوە، لەسەری ڕۆیی:

– باشە، وا دەکەم، بە قسەت دەکەم، کە شەویٚ بۆ ماڵ دەگەڕاینەوە سیٚ کچ بووین، سەیرمان کرد باپیرە میخی بە دوامانەوەیە، مەست بوو. هاواری کرد: "ئەهای کچینە وەرن ماچم بدەنیٚ، بۆ هەر ماچەو دوو کوپیکتان دەدەمیٚ." خۆی گەیاندینیٚ، دەیویست پەلامارمان بدات، بەلاٚم نیورکا شولکیٚکی کیٚشا بە سەریاو ئیدی هەلاٚتین.

هاوینیٚکی وشك بوو، ئاوی دۆن لە ئاستی گوندەکەدا ڕۆژ بە ڕۆژ لە کەمی دەدا: لە جیاتی گیٚژەنگەو پیٚلو شەپۆلانی بە لرفە لرف، بوارو دەراویٚك چیٚ بوو بوو، کە چیٚلو گاو ولاٚخان، بە ئاسانیو بیٚئەوەی پشتیان تەڕبیٚ، دەیانتوانی بە ئاسانی لیٚی بدەنو بپەڕنەوە بۆ ئەوبەر. شەوانە گەرمایەکی بەترەفی نمسار باڵی بەسەر گوندا دەکیٚشا. بایەکە بۆنی گەلاٚی دارچینو گیای وشکی دەگەڵ خۆدا دیٚناو دنیای پڕ دەکرد.

گیای وشکی پاوانو لەوەڕگەو قەدەغەکان لە بنو بیٚخەوە دەسووتانو تەنکە تەمیٚکی بۆگنخاوی ناخۆش سەری کە نارەوەکانی دۆنی دەگرت. شەوان، لەوبەری دۆنەوە، هەور بەری ئاسمانی دەگرت، هەورە تریشقەی وشك بلاٚچەی دەداو گرمو هۆڕ، لە دەشتو دۆلاٚندا دەنگی دەدایەوەو نەدەباری تا زەوی وشك و تینوو پاراو بکات.

بایەقوشیٚك، هەموو شەویٚك لەسەر بورجی کلیٚساکەوە دەیخویٚند، دەنگە ترسناکەکەی، لە ئاسمانی گوندا، دەنگی دەدایەوە. پاشان بایەقوشەکە بەرەو گۆڕستانەکە، کە پایەماڵی گاگەلو ماڵات بوو، هەڵدەفڕی، لەسەر بارستایی قەبرەکان، کە پووش داپۆشی بوون، دەنیشتەوەو دەستی بە خویٚندن دەکرد.

پیران کە گوییان لە بایە قۆشەکەوە دەبوو، لە گۆڕستانەکەوە دەیخویٚند، پیٚشبینی قەوماوی خراپیان دەکرد:

– ئاخری خیٚر بیٚ، بەلاٚیەك بەڕیٚوەیە.

– ئەم بایەقوشە لەوە دەچیٚ شەڕیٚکی بە دەمەوە بیٚ.

– بەر لە لەشکرکیٚشی تورکانیش، بایەقوشیٚك بەم ئاوایە دەیخویٚند.

– لەوەیە دیسان پەتاو تاعوونو گیروٚ بلاٚوببیٚتەوە.

– بەهەرحاڵ، بایەقوشەکە لە کلیٚساکەوە بۆ گۆڕستانەکە دەفڕیٚ، ئەمە ئاقیبەتیٚکی خیٚری نابیٚ، شوومە.

– نیکولاٚی موقەدەس، ڕەحمان لیٚبکە!...

مارتین شومیلین، برای ئالیکسی یەك قۆڵ، دوو دانە شەوی یەك لە دوای یەك، لە پەنای دیواری گۆڕستانەکەدا، خۆی بۆ ئەم باڵندە شوومە لە بۆسە نابوو، بەلاٚم بووە کویٚری نەگریسو گۆنگ بیٚئەوە ببینریٚ، بەسەریا دەفڕیو دەچوو لەوسەری گۆڕستانەکە، لەسەر خاچیٚك دەنیشتەوەو دەستی بە خویٚندن دەکردو دەنگە شوومەکەی بە ئاسمانی گوندی باوەشی خەودا بلاٚودەبووەوە. مارتین بەدەم دەمڕیٚژیٚ جنیٚوی پیسەوە، لە داخا ڕیزیٚ فیشەکی دەنا بەو پەڵە هەورە ڕەشەوە کە بە ئاسمانەوە، لە مۆلەقا وەستا بوو و، ڕیٚو ڕیٚ بۆ ماڵ دەگەڕایەوە. ماڵی لەو

نزیکانه بوو. ژنەکەی، ئافرەتێکی ترسنۆکی واز وازی، زایا(ژنێك کە زۆر سك وزا بکات)، عەینی کەروێشك وابوو. هەموو ساڵێك منداڵێکی دەبوو. دەکەوتە سەر کۆنەی:

– کەرە، کەروگا! ئاخر ئەم تەیرە چ زەرەرێکی لە تۆ داوە؟ باشە ئەگەر خوا ئەم نەهەقیەت پێ بنوێنێ چ دەکەی؟ من لەسەر مانگی خۆمم. ئەگەر بە هۆی ئەم کارەی تۆوە شتێکم بەسەر هات؟

– دەمت لێکنە ئافرەت! مەترسە، خەمت نەبێ دەزێی دەزێ. وەکو ئەسپی تۆڕو ڕەقۆك لە هەموو شتێ دەڕویتەوە. ئاخر ئەم باڵندە شوومە، لێرە لەرزی بۆ هەموومان بڕیوەتەوە، چیدەکات لێرە؟ شوومە، بەڵامان بۆ دێنێ، ئەگەر سبەی شەڕێك هەڵگیرسا، دەبێ بڕۆم بۆ شەڕ، چی لەم فەوجە منداڵە دەکەی کە بۆ منت هێناوە! (بە دەست ئاماژەی بۆ منداڵەکان کرد، کە هەموو لە سوچێکا بەدەم خەوەوە پرخ و هۆڕیان تێکەڵ بە زیکەزیکی مشکان دەبوو).

پانتلی پروکوفیچ، لە بازاڕا، قسەی بۆ پیرەمێردانی گوند دەکرد و دەیگوت:

– گریگۆری کوڕم بۆی نووسیوین کە گوایە پاشای نەمسا سەردانی مەرزی کردووەو بە نیازە لەشکری خۆی تەیار بکات و هێرش بۆ سەر مۆسکۆ و پترسبۆرگ بێنێ.

پیرەمێردەکان، شەڕو جەنگەکانی رابردوویان وەیاد دێنایەوەو هەرکەسەو مەزەندەی خۆی دەگوت:

– شەڕ نابێ، بە حاسڵات و بەروبوما دیارە کە شەڕ نابێ.

– حاسڵات و خەلەو خەرمان چ پەیوەندیەکیان بە شەڕەوە هەیە؟

– ئەمە ئۆینی خوێندکارانە، ئەوان حەزیان لەم بەزم و فەرتەنانەیە.

– هەرچیەك بێ، ئێمە دواکەسین کە بەم شتانە دەزانین.

– وەکو شەڕەکەی ژاپۆن.

– ئەسپت بۆ کوڕەکەت کڕیوە؟

– هێشتا زووە... پەلە پەلی ناوێ...

– ئەمە هەمووی درۆ و دەلەسەیە.

– باشە ئەم شەڕە دژی کێ و لەگەڵ کێدا دەبێ؟

– لەگەڵ تورکا، لەسەر دەریا. نەیانتوانیوە لەسەر دابەشکردنی دەریاکە رێکبکەون.

– باشە ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە؟ با وەکو چۆن ئێمە مێرگ و سەوزە زارەکان دابەشدەکەین، بەو ئاوایە دەریا دابەشبکەن و هەر کەسەو بەشی خۆی بدەنێ.

گفتوگۆیەکانیان بە سوعبەت و شۆخی کۆتایی هات و ئیدی پیرەمێران هەرکەسە چوو بەلای کاری خۆیەوە.

وەرزی دروێنەی مێرگ و سەوزەزارانی کەنار روبارەکە هاتبوو. وێنجەو گیای ئەو بەری دۆن، لاوازو سیس بوو، بە پێچەوانەی پێدەشتەکەوە، گیای ئەوێندەر تەنك و بێرەونەق و بۆن و بەرامە بوو، هەرچەندە ئەم بەرو ئەوبەر هەر یەك خاك و خۆڵە، بەڵام ئەو شیلەیەی گیاو روەکان هەڵیدەمژن جیایە. خاکی پێدەشتەکە خاکێکی رەشی بە پیت و سفتە، هێندە سفتە، جێ پێی ران و روەکانی لەسەر نامێنێتەوە. گیاو روەکی ئەوێندەر، چڕو پڕو بە بۆن و بەرامەیە، هێندە بەرز

دەبێتەوە دەگاتە بن سکی ئەسپان، بەڵام خاکی هەردوو بەستێنی دۆن، فشەڵو نەرمو نماویەو گیایەکی تەنكو زبری لێدەڕوێت کە هەندێجار ماڵاتیش، نەدەچوون بەلایاو نەیاندەخوارد.

گوند، هەموو خۆیان بۆ گیا دروون ئامادە دەکرد. خەڵکەکە داسیان دەمەزەرد دەکردەوە، دەسکی کەرەنتویان تازە دەکردەوە. ژنان، شەرابی خۆماڵی (کەڤاسیان) بۆ پاڵەو دروێنەوانان دروست دەکرد. لەم کەینو بەینەدا،کە خەڵکەکە لە خۆئامادەکردنا بوون بچنە دروێنەی گیا، لە پڕێکا بویەرێك رووی دا، کە سەرانسەری گوندی هەژاند، رۆژێك کەلانتەر (بەرپرسی پۆلیس،)ی ناوچەکە دەگەڵ موفەتیشیكو ئەفسەرێکی دان رەشەوە بوودا، کە جۆرە جلێکی لەبەر بوو کە تا ئەو کاتە کەسی گوند نەی بینی بوو، خۆیان بە گوندا کرد. ناردیان بە دوای ئاتامانی (بەرپرس، کوێخا) گوندا، و چەند شایەدێکیان خڕ کردەوەو راست روویان کردە ماڵی لۆکشکا خێڵو قیچ. بەسەر شۆستەی جادەکەدا، کە لە هەتاوا نقوم بوو بوو، کەوتنە ڕێ.

یارۆی موفەتیش کاسکێتەکەی خۆی، کە نیشانەی فەرمی پێوە دوورابوو، بەدەستەوە گرتبوو، هەموو بەپاڵ پەرژینەکەی لای کۆڵانەکەدا دەڕۆییشتن، لێرەو لەوێ پەڵەی هەتاو نیشتبووە سەر جادەکەو یارۆی موفەتیش، پۆتینە تۆزاویەکانی خۆی پێدا دەنانو لە ئاتامانی، کە وەکو کەڵەباب لە پێشیانەوە، تەکانی دەدا، دەپرسی:

– ئایا ستوکمان لە ماڵە؟

– بەڵێ قوربان.

– ئەمە چ کارەیە، بەچی دەژی؟

– کابرایەکی پیشەوەرە، وەرشەیەکی بۆ خۆی داناوەو خەریکی...

– باشە بۆ هیچ شتێکت لێنەدیوە؟

– نەخێر، بە هیچ جۆرێ...

یارۆی کەلانتەر، بەدەم رێکردنەوە، خەریك بوو ئەو زیپکەیەی دەتەقاند کە لە نێوان هەردوو برۆی هاتبوو، گەرمای بوو، لە نێو جلە ماهوتەکەیەوە، هانکە هانکی بوو. ئەفسەرە کورتە باڵا ددان رەشەکە خەریك بوو دانەکانی بە داناژنێك دەکۆڵی. پێڵوە سوورەکانی کەناری چاوەکانی پەیتا پەیتا دەتروکاند. موفەتیشەکە، بە دەست یارۆی ئاتامانی، کە لە پێش ئەوەوە دەڕۆیی، هێنایە قەراخەوەو لە سەر پرسیارەکانی رۆیی:

– میوانی هەن، کێ هاتوچۆی دەکەن؟

– جەنابی موفەتیش، چەند نەفەرێك تێکەڵییان لەگەڵی هەیە، هەندێجار بۆ خۆ وەرەقبازی دەکەن.

– ئەوانە کێن؟

– بە زۆری کرێکارانی ئاشەکەن.

– بە ناو پێم بڵێ، کێن؟

– میکانیکی ئاشەکە، قەپانچییەکە، داڤیدکای ئاردبێژ، دەگەڵ چەند قۆزاقێکی خۆماندا، بە زۆری ئەوانە هاتوچۆی دەکەن.

موفەتیشـەکە، ڕاوەسـتا، بـە کاسـکێتەکەی ئارەقەکـەی سـەر هەنیـەی سـڕیو چـاوەڕوانی ئەفسـەرەکەی، کـە دوا کـەوتبوو، کـرد. ئەوسا لـە کاتێکا دەسـتی گەیانـدە یـەکێك لـە دوگمـەکانی قەمسەڵە سەربازیەکەی یارۆی ئەفسەر، شتێکی بە گوێدا چپاندو بە ئاماژەی قامکان ئاتامانەکەی بانگکرد، یارۆی ئاتامان، لەسەر نووکی پێیان‌و بە هەشتاو خۆی گەیاندە نك وان‌و هەناسەی لە خۆ بڕی. دەمارەکانی لاملی دەرپەڕی بوون‌و پەیتا پەیتا پلیان دەدا.

– دوو جەندرمە (پاسەوان، پۆلیس) لەگەڵ خۆتا ببەو هەموو ئەو کەسانەی، کە ناوت بردن، بگرە بیانهێنە بۆ ئیدارەی گوند، ئێمەش دوای یەك دوو دەقیقەی دی دەگەینە ئەوێندەر تێگەییشتی؟

ئاتامان، هێندە توند وەستاو سینگی دەرپەڕاند، کە گەورەترین دەماری لاملی لەسەر رووی یاخەی قەمسەڵەکەیەوە، وەکو پەتێکی شینباو دەرکەوت. ئەوسا ورتە ورتێکی نا مەفهوومی بۆکرد، وەرچەرخاو ڕۆیی.

ستوکمان، دانیشتبوو، پشتی لە دەرگاکە بوو، یەخەی باڵا پۆشەکەی کرا بووەوە، خەریك بوو بە هەڕەی دەستی، تەختەیەکی سێگۆشەی دەبڕییەوە.

– بێزەحمەت هەستە. تۆ دەست بەسەریت.

– لەبەرچی؟

– تۆ لێرە دوو ژوورت هەیە؟

– بەڵێ.

– دەبێ ماڵەکەت تەحەڕی (پشکنین) بکەین.

مامێزی ئەفسەرەکە، لە حەسیری ژێر پێیەکەی، بەر دەرگا گیربوو. وەژوورکەوت‌و بەرەو مێزێکی چکۆلە رۆیی، کتێبێکی لەسەر بوو، رووی گرژ کردو کتێبەکەی هەڵگرت.

– کوا کلیلی ئەو جانتایەم بدەیە.

– ئاغای پرسکار (بازپرس) خێرە، هیچم لەسەرە؟

– دوایی قسە لەمە دەکەین. ئادەی شایەدەکان کوا وەرنە ئێرە.

ژنەکەی ستوکمان، لە درزی دەرگای ژوورەکەی ترەوە سەرێکی کێشاو چووە ژوورەوە. پرسکارەکەو کاتبەکەی دوا بە دوای ئەو خۆیان بە ژوورا کرد. ئەفسەرەکە، کتێبێکی بەرگ زەردی بەدەستەوە گرت‌و بە هێمنی لە ستوکمانی پرسی:

– ئەمە چیە؟

ستوکمان، شانەکانی هەڵتەکاندن:

– کتێبە.

– گاڵتەو گەپەکانت هەڵگرە بۆ کاتێکی لە بارتر، بە دروستی وەڵامی پرسیارەکانی من بدەوە.

ستوکمان، پشتی بە موغەیریەکەوە داو بزە تەوسامێزەکەی قووت دایەوە. یارۆی کەلانتەر، لەسەر شانی ئەفسەرەکەوە، روانیە کتێبەکەو ئەوسا نیگای گواستەوە سەر ستوکمان:

– ئەمە دەخوێنیتەوە؟

ستوکمان، بە وشکی بەرسڤی دایەوە:

– بابەتەکەیم پێخۆشە.

ئەوسا بە شانەیەکی چکۆلە ردێنە رەشەکەی داهێناو لە ناوەندەوە کردی بەدوو بەشی یەکسانەوە.

– ئاوها...

ئەفسەرەکە، چاوێکی خێرای بەلاپەڕەکانی کتێبەکەدا گێڕاو هەڵیدایە سەر مێزەکە. ئەوجا تەمەشای کتێبێکی دیکەی کردو خستیە لایەکەوە، بەدەم خوێندنەوەی عینوانی کتێبی سێیەمەوە، رووی کردەوە ستوکمان و پرسی:

– کتێبەکانی دیکەت، ئەوانەی لەم جۆرە ئەدەبیاتەن، لە کوێ شاردونەوە؟

ستوکمان، وەکو یەکێك نیشانە بگرێتەوە، بەو ئاوایە چاوێکی نوقاندو بەرسڤی دایەوە:

– هەرچیم هەیە، هەر ئەوەیە کە لەبەر دەستایە.

ئەفسەرەکە، کتێبەکەی بەرز کردەوەو گوتی:

– درۆ دەکەی!

– داوات لێدەکەم...

– هەردوو ژوورەکە بپشکنن!

کەلانتەرەکە،کە توند دەسکی شمشێرەکەی خۆی گرتبوو، بەرەو لای جانتاکە رۆیی. جەندرمە (پاسەوان، پۆلیس) یەکی کونج، کە ترس و پەشۆکاوی پێوە دیاربوو، جل و بەرگ و شتەکانی ناو جانتاکەی ژێرو ژوور دەکردو بە وردی دەیپشکنی.

ستوکمان کە بە چاوە نیوە نوقاوەکەی دەیڕوانیە نێوان هەردوو برۆی ئەفسەرەکە، وتەکەی خۆی تەواو کرد:

– داوات لێدەکەم، بە ئەدەبەوە رەفتارم لەگەڵ بکە.

– باشت روایە دەمی خۆت بگری کابرا!

هەر شتێك لە ژوورەکانا بوو، پشکنیان. ئەوسا وەرشەکەشیان پشکنی. تەنانەت یارۆی کەلانتەر، کە مەسەلەکەی زۆر بە جدی گرتبوو، قامکی خۆی دەنوشتانەوەو لە دیوارەکەی دەدا.

کە لە تەحەڕی و پشکنین بوونەوە، ئیدی ستوکمانیان بۆ ئیدارەی گوند برد، ستوکمان بە ناوەڕاستی رێگاکەداو لە پێش کابرای جەندرمەوە دەڕۆیی. دەستێکی نابووە ژێر لۆیەکی پاڵتۆ کۆنەکەیەوەو دەستەکەی دیکەی بە جۆرێ تەکان دەدا وەکو ئەوەی بیەوێ قورێك لە قامکانی بتەکێنێ. ئەوانی دی بە پاڵ پەرژینێکدا، بەسەر شۆستەکەیدا رێیان دەکرد. کە لێرەو لەوێ تیشکی هەتاو وەکو پەڵەیەکی روناکی، رۆشنی دەکردەوە. کابرای پرسکار ئەمجارەش، بە پۆتینەکانیەوە، کە لە سەوزە گیادا، سەوز هەڵگەڕا بوو، پێی دەنایە سەر پەڵە روناکیەکان، بەڵام ئەمجارەیان کاسکێتەکەی بەدەستەوە نەگرتبوو، بەڵکو لەسەری کرد بوو و تا سەر هەردوو گوێچکە قوت و پەمەییەکانی هێنا بوویە خوارەوە.

ستوکمان، لە دوای هەمووگیراوەکانەوە پرسوجۆی دەگەڵ کرا. ئەوانەی کە لە پێش ئەوا پرسوجۆیان دەگەڵ کرا بوو، خزێنرا بوونە ژووری چاوەڕوانیەوەو جەندرمەیەك ئێشکی دەگرتن.

بریتی بوون لە: ئیڤان ئالیکسییوفیچ کە فریانەکەوتبوو دەستە مازوتاویەکانی (گازوایل) بشوات، داڤیدکای خەنۆڵ، خولام کە قەمسەڵەکەی بە شانیا دابوو، لەگەڵ میشکا کوشیڤوی دا.

یارۆی پرسکار، بە دەم هەڵدانەوەی دۆسیەی کاغەزەکانیەوە، کە دۆسیەیەکی خاکی رەنگ بوو، لە ستوکمانی، کە لەو دیوی مێزەکەوە وەستا بوو، پرسی:

– ئەو جارەکەی دی کە من دەربارەی شەڕو پێکادانەکەی ئاشەکە پرسیارم لێکردیت، بۆچی ئەو راستیەت شاردەوە کە ئەندامی پارتی کرێکارانی سۆسیال– دیموکراتی رووسیایت؟

ستوکمان، بێئەوەی هیچ وەڵامێك بداتەوە، زەق زەق دەیڕوانی. پرسکارەکە، لە بێدەنگیەکەی ستوکمان پەست بوو، گوتی:

– ئەم شتە لای ئێمە وەکو رۆژی رووناك عەیانە. هەڵبەتە سزای چالاکیو کردەوەکانی خۆت وەردەگریت.

– تکات لێدەکەم، دەست بە پرسوجۆی خۆت بکە.

ستوکمان بە بێزارییەوە. ئەو قسەیەی کرد. ئەوجا چاوی بڕییە کورسیەکی بەتاڵ، داوای کرد کە رێی بدەن دانیشێت. پرسکارەکە وەڵامی نەدایەوە، بەدەم هەڵدانەوەی کاغەزەکانی ناو دۆسیەکەوە، ژێراو ژێر تەمەشایەکی ستوکمانی کرد کە خەریك بوو بە کەماڵی ئیسراحەت دادەنیشت.

– لە کەیەوە هاتوویتە ئێرە؟

– لەپارەوە.

– بە دەستووری رێکخراوەکەتان؟

– نەخێر، بەدەستووری هیچ کەسێك نەهاتووم.

– لەکەیەوە ئەندامی پارتیت؟

– باسی چی دەکەیت؟

پرسکارەکە تاکیدی لەسەر وشەی "من" کردەوەو گوت:

– من، لێت دەپرسم لەکەیەوە ئەندامی پارتی کرێکارانی سوسیال– دیموکراتی رووسیت؟

– پێموایە کە...

– بۆچوونو پێموایەی، تۆم ناوێ... وەڵامی پرسیارەکەم بدەوە. حاشا کردن بێسوودە، بگرە زیانیشی هەیە، (پرسکار، کاغەزێکی لە دۆسیەکە دەرهێناو لەسەر مێزەکە دایناو قامکی دۆشاومژەی نایە سەری) ئەمە ڕاپۆرێکە لە رۆستوفەوە هاتووەو ئەندامیەتی تۆ لە پارتی نێوبراودا دەسەلمێنێ.

ستوکمان، بە پەلە نیگایەکی بەڵگەنامەکەی کردو سووکە هەڵوەستەیەکی کردو ئەوسا، قامکی بە ئەژنۆکانیا هێناو، بێئەوەی خۆی شێلو بکات گوتی:

– لەساڵی ١٩٠٧ـەوە.

– باشە، ئایا نکوڵی لەوە دەکەی کە پارت بۆ ئێرەی ناردوویت؟

– بەڵێ.

– کەواتە، بۆچی بۆ ئێرە هاتوویت؟

– وام هەستکرد ئەم ناوە تەنەکچی و میکانیکی تیا نیە.

– باشە بۆچی ڕێك ئەم ناوچەیەت هەڵبژارد؟

– لەبەر ئەو هۆیەی کە پێمگوتیت.

– باشە لەوەتای هاتوویتە ئێرە، ئێستا یان پێشووتر پەیوەندیت بە ڕێکخراوەکەتەوە هەیە یان هەبووە؟

– نەخێر.

– ئایا دەزانن کە تۆ لێرەیت؟

– هەڵبەتە.

پرسکار، بە دەم لێو هەڵقورتانەوە، بە قەڵەمبڕێکی دەسك سەدەف کەوتە دادانی نووکی قەڵەمەکەی و بێئەوەی سەیری ستوکمان بکات پرسی:

– ئایا، نامەو نامەکاریت لەگەڵ هیچ هاوپارتێکتا هەیە؟

– نەخێر.

– ئەدی ئەم نامەیە چیە کە پەیدامان کردووە؟

– ئەم نامەیە هی برادەرێکە کە سەروکاری لەگەڵ هیچ ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕیدا نییە.

– هیچ، دەستوورو ڕێنماییەکت لە روستوفەوە بۆ هاتووە؟

– نەخێر.

– باشە کرێکارانی ئاشەکە بۆچی لەماڵی تۆدا کۆ دەبوونەوە؟

ستوکمان، وەکو یەکێك گاڵتەی بەم پرسیارە گەوجانەیە بێت، بەبێ موبالاتیەوە شانەکانی هەڵتەکاندو گوتی:

– شەوانی زستان، بۆ خۆ کۆدەبووینەوە، بەدەم وەرەقبازیەوە کاتمان بەسەر دەبرد...

پرسکارەکە لەسەری رۆیی:

– و کتێبی یاساغتان دەخوێندەوە.

– نەخێر، چونکە زۆربەیان نەخوێندەوارن.

– بەڵام وێڕای ئەمەش، میکانیسێنی ئاشەکەو ئەوانی دیکەش کەسیان نکۆڵی لەم راستیە ناکەن.

– درۆیە.

– پێدەچێ تۆ کەمترین ئاگاداریت لەوە نەبێ کە...

لەم کاتەدا ستوکمان بزەیەکی بۆ کردو کابرای پرسکار، قسەکەی خۆی لە بیر چووەوە، ئیدی بە تووڕەییەکی پەنهانەوە گوتی: بەم نکوڵی کردن و کەڵەوەکێشییەت، زەرەر لە خۆت دەدەی. زۆر روون و دیارە کە پارت تۆی بۆ ئێرە ناردووە، تا لە نێو قۆزاقاندا چالاکی خراپکارانە ئەنجام بدەیت و لە حکومەتیان هەڵبگێڕیتەوە. نازانم ئەم چاووڕاوە لە پێناوی چیدا دەکەی، ئەمە باری تاوانەکەت سووك ناکات...

– ئەمە هەر هەمووی خەیاڵاتی تۆیە. ڕێم دەدەی سیغارێك بكێشم؟ سوپاس. هەمووی خەیاڵاتەو هیچ بناغەو پایەیەكی نیە.

– تۆ ئەم كتێبەت بۆ ئەو كرێكارانە دەخوێندەوە كە دەهاتن بۆ ماڵەكەت؟

پرسكارەكە، دەستی خستبووە سەر كتێبێكی چكۆلەو عینوانەكەی شاردبووەوە. بەڵام ناوی نووسەرەكەی لە سووچی سەرەوەی بەرگی كتێبەكەوە دیار بوو: "پلیخانۆف".

ستوكمان، كە دار جگەرە ئێسقانەكەی توند لە نێو هەردوو قامكیا دەگوشی، دووكەڵەكەی هەڵمژی‌و بە ئەسپایی گوتی:

– ئێمە شیعرمان دەخوێندەوە.

سبەی بەیانی، كە دنیا تەم‌و مژو تەڕوتووشی بوو، عەرەبانە دوو ئەسپیەكەی پۆستەو گەیاندن لە گوند وەدەركەوت. ستوكمان، كە ردێنی وەبن یاخەی پاڵتۆ چڵكن‌و چەورەكەی نابوو، بە چاوانی خەواڵووەوە، لەسەر نشیمەنی پاش عەرەبانەكەوە دانیشتبوو، دوو جەندرمەی شمشێر بە قەد، ئەم دیوو ئەو دیویان توند لێگرتبوو. یەكێك لە جەندرمەكان، كابرایەكی دەموچاو ئاوڵاوی قژ لوول بوو، بە قامكە درشتەكانی توند ئانیشكی ستوكمانی گرتبوو و بە چاوانی ئەبڵەق‌و سركەوە لێی دەڕوانی‌و دەستی چەپی لەسەر كیفی سواوی شمشێرەكەی دانا بوو.

گالیسكەكە خێرا دەڕۆیی‌و تەپوتۆزی لە دوای خۆیەوە هەڵدەستاند.

ئافرەتێكی ئەندام وردیلە كە خۆی لە شاڵێكەوە پێچابوو لە پشت ماڵی میلیخوفەوە، پشتی بە پەرژینی جێ خەرمانەكەی ئەوانەوە دابوو و چاوەڕوانی گالیسكەكەی دەكرد.

گالیسكەكە، بەلەز، تێپەڕی، گەردەلوولێك تەپوتۆزی لە دووی خۆیەوە هەستاند، ژنەی تاین، كە دەستی بە سینگییەوە گرتبوو، بە غار دوای كەوت:

– ئۆسیپ! ئوسیپ داڤیدوفیچ! ئاخ، من چیبكەم؟...

ستوكمان ویستی بە دەست ئاماژەیەكی بۆ بكات. بەڵام جەندرمە كونجەكە لە جێی خۆی راپەڕی‌و قامكە درشتەكانی وەكو پلایس لە باسكی گیر كردو بەدەنگێكی گڕ نەڕاندی بەسەریا:

– دانیشە، دەنا بە شمشێر دات دەپاچم!

ئەمە یەكەمجاری بوو لە هەموو ژیانی سادەو ساكاری خۆیدا، پیاوێك ببینێ كە زاتی ئەوەی هەبێ دژی خودی تزار (قەڕاڵ، قەیسەر) بوەستێ.

((٢))

ئەو جادە دوورو درێژەی نێوان مانكوڤۆو باژێڕۆكی رادزیڤیولوڤو، چڕە تەم‌ومژێكی نمساری كەوەیی گرتبووی، گریگۆری ناو بەناو هەوڵیدەدا دیمەنەكانی ئەم ڕێگا دوورو درێژە وەبیر خۆی بێنێتەوە، بەڵام تەنیا هەندێ یادەوەری كاڵ‌و پچڕی پچڕی وەبیر دەهاتنەوە: بینای سووربڵوی وێستگەكان، تەكانی چەرخی ژێر فارگۆنەكان، بۆنی تەرسی ئەسپ‌و وێنجە، رشتەی بێ پایانی ڕێڵی سكەی قیتار، ئەو دوكەڵەی لە مەكینەی قیتارەكەوە بەرزدەبووەوەو لە پەنجەرەی

فارگۆنەکەوە دەهاتە ژوورەوە، سیماو سمێڵی شۆڕی جەندرمەیەکی ردێن تاشراوی سەر شۆستەی وێستگەی شاری ڤۆرونیچ یان کییف ... کە دڵنیا نەبوو لە کام وێستگەیاندا دیبووی.

ئەو وێستگەیەی کە لێی دابەزی بوون، پڕ بوو لە ئەفسەران‌و پیاوانی ردێن تاشراو، هەموو پاڵتۆی خاکیان لەبەر بوو، بە زمانێکی بیانی‌و نامەفهووم قسانیان دەکرد. داگرتنی ئەسپەکان، بەسەر ئەو لەوحانەدا، کە نابوویانن بە دەرگای فارگۆنەکانەوە وەختێکی زۆری برد. کە لە داگرتنی ئەسپەکان بووبوونەوە، ئەفسەری یاریدەدەری فەرماندەی بەتالیۆنەکە، دەستووری دابوو کە ئەسپەکان زینبکەن، پاشان هەر سێسەد قوزاقەکەی بۆ بەیتاڵخانە بردبوو. ئیدی فەحس‌و معایەنەی ئەسپەکان وەختێکی یەجگار زۆری بردبوو. ئەوجا قۆزاقەکان بەسەر یەکەی سوارەدا دابەشکران. ئیدی عەریف‌و دەرەجەدارەکان مژوول‌و سەرقاڵ لە هات‌و چۆدا بوون. یەکەی، یەکەم بریتی بوو لە ئەسپانی کوێتی ئاچوخ، یەکەی دووەم، ئەسپانی زەردباو، یەکەی سێیەم، ئەسپانی کوێتی تۆخ، یەکەی چوارەم، کە گریگۆری بەگەڵ وان کەوتبوو، ئەسپانی کوێتی سادەی ئاماڵ زەرد. یەکەی پێنجەم، ئەسپانی بۆر، یەکەی شەشەم، ئەسپانی رەش، ئیدی هەر یەکەیەك رادەستی رەیس عورفایەك کراو، بردیانن بۆ ئەو سەربازگانەی کە لە دەوروبەری گوندو موڵکە نزیکەکانی ئەو ناوە هەڵیاندا بوو.

رەیس عورەفا کارگین، کە پیاوێکی رووخۆشی، خۆشخووی چاو هەڵماسا بوو و، قەیتان‌و نیشانەی سەربازانی پڕ خزمەت‌و داوخوازی بە شانەوە بوو، کە بەلای گریگۆریدا تێپەڕی، لێی پرسی:

– خەڵکی کام ستانیتزا (ناوچە)ی؟

– فیشنشکایا.

– یانی تۆش "کلك بڕاوی*" (هەر ناوچەیەك ناوو ناتۆرەو لەقەبێکی هەبوو، کونیەی ڤیشنسکایا "کسۆکان" بوو)

گریگۆری، کە گوێ لە پێکەنینی ژێراو ژێری قۆزاقانی ناوچەکانی دی بوو، زۆری لەبەرگران بوو، بەڵام قسەی نەکرد.

ئەو رێگەیەی کە یەکەکەی گریگۆری گرتیە بەر، شارێیەکی سەڵبەندکراو بوو. ئەسپانی ناوچەی دۆن کە هەرگیز جادەی سەڵبەندیان نەبینی بوو، لە سەرەتاوە بە جۆرێ هەنگاویان دەنا، وەکو ئەوەی بەسەر روبارێکی مەییوی سەهۆڵ بەستەدا تێبپەڕن. دەیان پڕماندو گوێیان قوت دەکردەوە. بەڵام پاشان راهاتن‌و خوویان پێوەگرت‌و ئیدی بە تەقە تەقی ناڵی تازەوە رەوتی خۆیان وەرگرت. خاکی پۆڵاندا، سەر زەمینێکی بێگانە بوو، لێرەو لەوێ جەنگەڵێکی چکۆلەی کەم دارو درەخت بەرچاو دەکەوت، بە رۆژەوە گەرم‌و بەتەمتومان بوو. هەتاوەکەی وەکو هەتاوی دۆن نەبوو، بە زۆری دەکەوتە پشت پەردەی ئاوریشیمنی هەورێن سخ‌و چڕەوە.

موڵکی رادزیڤیلوڤو، نزیکەی چوار فرسەخێك لە وێستگەکەوە دوور بوو. ئەفسەری فەرماندەو یاریدەدەرکەی لە نیوەی رێگاکەدا، بە چوار ناڵە بەلای قۆزاقەکاندا تێپەڕین. دوای نیو سەعاتێك

گەیینە موڵکی ناڤبری. قۆزاقێکی گەنجی خەڵکی میتیاکینسکایا، ترۆپکی دارە رووتەکانی بە رەیس عورەفاکە نیشان داو پرسی:
– ئەم گوندە کوێیە هاپۆ؟
– کام گوند؟ پێت وایە ئەمە میتیاکینسکایایە؟ دەبێ گوندە قۆزاقیەکانی خۆت لە بیر بکەی، ئێرە ناوچەی سوپای دۆن نیە.
– ئەدی ئێرە کوێیە، هاپۆ گیان؟
– بووم بە هاپۆ گیان؟ ئەمەش برازایەکی تازە! ئەوە، برازادەر، موڵکی شازادە خانم ئوروسوڤایە. یەکەی سوارانی چوارەم، لێرە بارگە دەخەن.
گریگۆری غەمگین بوو، بە پێیەکانی گوشاری لە ڕکێفەکان دەکرد، بە نائومێدیەوە دەستی بە ملی ئەسپەکەیدا دێناو نەوازشی دەکرد، بە خەمینی دەیڕوانیە ئەو خانووە خاوێنە دوو نهۆمەی بەرانبەر، تەیمانێکی داری جوانی بە دەورا کێشرا بوو، دیمەن و شێوازی بیناکەی بەلاوە غەریب بوو. کاتێ سوارەکان بە ناو باخەکەدا دەڕۆییشتن درەختە رووتەکان بەدەم بایەکەوە کەوتنە زەمزەمە، بە هەمان زمانی ئەوێ، زمانی ولاتی دوورە دەستی دۆن زەمزەمەیان دەکرد.
قۆزاقەکان ژیانی ئێرەیان لا ناخۆش بوو. لە رۆژانی هەوەڵەوە، کە لە کارو ژیانی ئاسایی خۆ دابڕا بوون، زۆر بێتاقەت و ناڕەحەت بوون، هەموو تووشی نوستالیژا بوو بوون، غەریبی ولاتی خۆیان دەکرد، کاتی ئیسراحەتەکانیان بە قسەوە دەبردە سەرو بێتاقەتی خۆیان دەردەکرد. یەکەی سواران لە بینایەکی نزیکی خانووە دوو نهۆمیەکە هەواری خست. بینایەك بوو کە سەرەکەی قرمیدکرا بوو. سەربازەکان لە بەر پەنجەرەکاندا لەسەر قەرەوێڵەی سەفەری دەنووستن. ئەو کاغەزەی کە بە درزی پەنجەرەکەی بەرانبەر قەرەوێڵەکەی گریگۆرییەوە نرابوو، هەڵئاوسا بوو، بە درێژایی شەو بەدەم شنەباوە وەکو بلوێری دوورە دەستی شوانان دەیتوڕاند. گریگۆری، کە لە نێو پرخ و هۆڕی سەربازە نوستووەکانەوە، گوێی لەم دەنگە دەبوو، غەریبی هەڵدەستا، زەمزەمەی ناسکی کاغەزەکە دڵی دەگوشی، نیگەرانی دەکرد، ئارەزووی سەرکێشییەکی هەوسار پچڕیوی ئەوتۆی لە دڵ و دەروون دەگەڕا کە هەستێت و یەکڕاست بڕوات بۆ تەویلەکە، ئەسپەکەی زین بکات و سواری بێ و هەڵبکاتە چوارناڵە و تا گوندەکەی خۆیان، تا ماڵی خۆیان نەوەستێتەوە. خەریك بوو سوێی بۆ ولاتی خۆی ببێتەوە.
شەیپوری بێدار باش، سەعات پێنجی بەیانی لێی دەدا، یەکەم ئیشیان ئەوە بوو کە بەرەو ئەسپەکان ڕابگەن و قەشاویشیان بکەن. لە ماوەی ئەو نیو سەعاتەدا کە ئەسپەکان خەریکی جۆ خواردن دەبوون، سەربازەکان دەرفەتی هەندێ قسەوباسی پچڕ پچڕیان پەیدا دەکرد.
– کوڕینە، بە ڕاستی ئێرە شوێنێکی ناخۆشە، دۆزەخێکە لەوگۆڕە.
– بە ڕاستی تەحەمول ناکرێت.
– ئەم رەیس عورفایە چ بەرازێکە! ناچارمان دەکات سمی ئەسپەکانیش بشۆین!
– ئێستا، لە ماڵی خۆمانا، کولیچەی تازە دروست دەکەن... جەژنی کەڕنەڤاڵە.
– ئاخ، خەریکە سوێم دەبێتەوە بۆ ژن!

– پروخور زیکوف، که کوڕێکی هێمن بوو و چاوە میهرەبانەکانی کە لە چاوی گوێرەکە دەچوون، گوتی:

– کوڕینە دوێشەو خەوم بینی، لەو خەوەدا لەگەڵ باوکمدا خەرکی دروێنەی وێنجە بووم، خەڵکی وەکو ئەو گوڵە بابونانەی کە لە جێ خەرمانان دەڕۆین، بەو دەشتو دەرەوە وەربووبوون. گیاو وێنجە سەریان دادەنەواندو ئێمەش بە داس دەماندورینەوە. مەگەر خوا بزانێ چەند دڵم خۆش بوو...

– گرەو دەکەم ئێستا ژنەکەم دەڵێ: "ئاخۆ ئێستا میکولوشکای مێردم چ دەکات؟"

– ها! ها! خوا پێم نەگرێ ئێستا خۆی لە بابت هەڵدەسوێ!

– ئەم قسەیە چیە!...

– لە دنیادا هیچ ژنێك نییە، لە غیابی مێردەکەیا، هەوڵنەدات لەگەڵ پیاوێکی دیدا ڕابوێرێ.

– خەمتان نەبێ! ژن گۆزە شیرێك نیە تەواو بێ، کە دەگەڕێینەوە بەشی ئێمەشیان تیا دەمێنێ.

یگورژارکوف، کە قۆشمەترین کەسی ناو سوارەکان بوو و، هەرگیز گومرکی نەدەخستە سەر قسەکانیو بێ پەردەو بێهیچ شەرمێك قسەی خۆی دەکرد، چاوێکی داگرتو بەدەم بزەیەکی گۆساخانەوە هەڵیدایە:

– ئیدی ئاشکرایە، بابت دەسبەرداری بووکەکەی نابێت، گوڵە سەگی وا بستی بە قەرز نادات، ڕێك هەپەی دەنێت.

ئەوسا، چاوێکی بە ئامادە بوواندا گێڕاو لەسەری ڕۆیی:

– وەرن با حیکایەتێکتان بۆ بگێڕمەوە. پیرەمێردێك هەبوو، سەری دەکردە سەر بووکەکەی، بەڵام مێردەکەی ڕێگر بوو. پیرەمێرد چی بکات باشە؟ شەوێك هەڵدەستێتو دەچێت بە ئانقەست دەرگای تەویلەکە دەکاتەوە، هەموو چێڵو وڵساتەکە دێنە دەرەوەو بەرەڵلادەبن. پیرەمێرد دەڕوات بە کوڕەکەی دەڵێت: "ئەوە چیت کردووە هەی تەمەڵی تەوەزەلی ناڕەسەن؟ بۆچی دەرگات دانەخستووە؟ تەمەشا هەموو حەیوانەکان بەرەڵلا بوون، برۆ بیان هێنەوە!" وای تەسەور کرد بوو کە کوڕەکەی دەڕواتو ئەویش دەرفەت دێنێو دەگەڵ ژنەکەیدا کەیفی خۆی دەکات، بەڵام کوڕە لەبەر تەمەڵی خۆی بە ژنەکەی دەڵێت: "تۆ برۆ." ژنەش دەڕوات. کوڕەش خۆی لە ناو جێگاکەدا مت دەکاتو گوێ هەڵدەخات. باوکەکە، کە جێگاکەی لەسەر موغەیریەکە دەبێ، بە ئەسپایی دێتە خوارەوەو بە چوار چنگۆڵە بەرەو جێگاکەی وان دەخزێت، کوڕەش، ئاقڵ دەبێ، دەست دەداتە تیرۆکێكو چاوەڕوان دەکات. هەرکە بابی لە جێگاکەیان نزیك دەبێتەوەو خۆی دەگەیەنێتە سەر تەختە خەوەکەیان و دەکەوێتە دەست کوتان، کوڕە تا دەتوانێ تیرۆکێك بە سەریا دەکێشێتو هاوار دەکات: "وەحە! حەیەوانی نەگریس، دیسان هاتووی چەرچەفەکەم بخۆی!" بەڵێ، گوێرەکەیەکیان دەبێ لە هەمان ژوورا دەیخەوێننو جار بە جار چەرچەفەکانی دەخواردن، بەڵێ کوڕە خۆی لە گێلی دەداو وا دەنوێنێ کە گوایا لە گوێرەکەکەی داوە. بەڵام لە ڕاستیا بابی دارکاری کردبوو. ئیدی بەو دەقەوە، پاڵ دەکەوێو هێچ ناڵێت... باوکەکە

دەگەڕێتەوەو دەچێتەوە سەر موغەیریەکەو ڕادەکشێت، دەستێك لەسەری دەدات، بە ئەندازەی هێلکە قازێك ئاوساوە، دوای ماوەیەك بابەکەی دەڵێت:

– "ئیڤان، هۆ ئیڤان؟

– چیە بابە؟

– ئەوە کێ بوو، کە بەو جۆرە لێت دا؟

– گوێرەکە کە بوو!"

باوکەکە، کە گریان ئەوکی گرتبوو، دەڵێت: "ئەگەر قەرار بێ بەو جۆرە، حەیوانان دارکاری بکەی، فەلاحەتیت پێناکرێ."

– کە درۆزنی! عەمرت نەمێنێ کونجی بێقیمەمت.

لەم کاتەدا. ڕەیس عورفایەکە هات بەسەراو هاواری کرد:

– ئەم قەرەباڵغیە چیە؟ دەی بڵاوەی لێبکەن!

قۆزاقەکان، بەدەم شۆخی و پێکەنینەوە چوون بە سۆراغی ئەسپەکانیانەوە.

دوای نان و چای بەیانی، ئیدی نۆرەی مەشق و وەرزش بوو. دەرەجەدارەکان، زمانێکی زبریان هەبوو:

– ئەهای بەراز، سکت بەرە ناوەوە!

– بۆ ڕاست... بڕۆ!

– دەستە، بوەستە!

– ئەهای، تۆ کە لە دەستە چەپا وەستاوی، قەحپەدایك ئەوە چۆن وەستانێکە؟

ئەفسەرەکان، لە سووچێکا دەوەستان و سیغاریان دەکێشاو تەمەشای قۆزاقەکانیان دەکرد کە بە ناو ئەو حەوشەو حەسارە گەورەیەدا غاریان دەدا. ناو بە ناویش، خۆیان لە فەرمانی دەرەجە دارەکان هەڵدەقورتاند. گریگۆری کە سەیری ئەم ئەفسەرە پاك و خاوێن و تەڕپۆشانەی دەکرد، کە پاڵتۆی خاکی و یونیفۆرمی بەدەن چەسپیان لەبەرا بوو، هەستی دەکرد، دیوارو لەمپەرێکی بتەو لە بەینی ئەم و ئەواندا هەیە: ئەودیوی لەمپەرو دیوارەکە ژیانێکی دیکە بوو زۆر لە ژیانی قۆزاقەکان جیاواز بوو، ژیانی ئەوێ خۆش بوو، دوور بوو لە چەپەڵی و ئەسپێ و زەبرو زەنگی جەنابی ڕەیس عورەفا و دەرەجەداران.

ڕۆژی سێیەم بوو کە گەیی بوونە رادزیڤیلوڤو، بویەرێك قەوما کە ژانی بردە دڵی گریگۆری و گەنجە قۆزاقەکانی دیکەوە.

هەموویان لەمەیدانی مەشق و ڕاهێنانی سوارکاریدا بوون. ئەسپە چەموش و تۆڕەکەی پڕوخور زیکوف، ئەو گەنجەی کە دوو چاوی میهرەبان و ئارامی پێوە بوو و بە زۆی لە بیری گوندە دوورە دەستەکەی خۆیدا بوو، کاتێ کە بەلای ئەسپەکەی جەنابی ڕەیس عورەفادا دەڕۆیی، جووتەیەکی پێدا کێشا. هەرچەندە جەزرەبەکە زۆر توند نەبوو و تەنیا کەمێك لاقی چەپی ئەسپەکە رووشا، بەڵام ڕەیس عورەفا، بێ سێ و دوو تاتوانی قامچیەکی کێشا بە سەروچاوی پڕوخوردا، بە سواری ئەسپەکەیەوە بۆی چوو و نەڕاندی:

– مەگەر کوێری هەی قەحپەدایك! پێتی نیشان دەدەم... بڕۆ دەبێ سێ ڕۆژی داهاتوو واجب بگریت!

فەرماندەی سریەکە کە ئەم دیمەنەی بینی بوو، خۆی بە ریشووی دەسکی شمشێرەکەیەوە مژوول کردبوو، بەبێ تاقەتیەوە باوێشکێکی دوورو درێژی دابوو، پڕوخور، بەدەم لێوە لەرزێوە، بەسەری قۆڵی پاڵتۆکەی ئەو چۆڕاوگەی خوێنەی سڕی کە بەسەر گۆنا ئاوساکەیەوە دەهاتە خوارێ.

گریگۆری کە ئەسپەکەی خۆی ڕادەکێشایە ریزەوە، تەمەشایەکی ئەفسەرەکانی کرد، بە جۆرێ سەرگەرمی قسەو گفتوگۆی خۆ بوون وەکو ئەوەی هیچ شتێکی نا ئاسایی و ناخۆش رووی نەدابێ. دوای ئەوە بە پێنج ڕۆژ، گریگۆری لەسەر کۆلی ئەسپەکان، دەولکەکەی، لەدەست دەکەوێتە ناو بیری ئاوەکەوە. ڕەیس عورەفاکە وەکو هەڵۆ پەلاماری داو دەستی لێبەرز کردەوە، گریگۆری بەدەم تەمەشا کردنی شەپۆلی ئاوی ناو بیرەکەوە، گوتی:

– دەستم لێنەکەیتەوە ها!

– چی؟ بچۆ بیرەکەوەو دەری بێنە، حەرامزادە! دەنا دەم و قەپۆزت دەشکێنم.

گریگۆری، بێئەوەی سەر هەڵبڕێ، بە هێمنی گوتی:

– باشە، دەری دێنم، بەڵام پێمگوتیت دەستم لێنەکەیتەوە!

ئەگەر هەر قۆزاقێکی دی لەوێبا، مەسەلەکە جۆرێکی دی دەکەوتەوە، بێگومان ڕەیس عورەفاکە لە گریگۆری دەدا. بەڵام هەموویان لەلای پەرژینەکە بوون و خەریکی ئەسپەکانیان بوون و گوێیان لەم قسانەی ئەمان نەبوو. ڕەیس عورەفاکە، کە چاوی لە قۆزاقەکان بوو، لە گریگۆری نزیك بووەوە، لە داخا چاوانی دەرپەڕیبوون، بەدەنگێکی گڕ گوتی:

– چیت گوت؟ چۆن بەو شێوەیە قسە لەگەڵ بەرپرسی خۆتا دەکەی؟

– سیمون یگوروف، واز بێنە، کێشە مەنەوە.

– هەڕەشەم لێدەکەی؟... دەمت دە....

گریگۆری، سەری لەسەر بیرەکە هەڵبڕی:

– گوێ بگرە، ئەگەر لێم بدەیت دەتکوژم. تێگەییشتی؟

ڕەیس عورەفاکە، حەپەسا، لە حەژمەتاندا وەکو ماسی شەبوت دەمی دەدا بە یەکا، نەیتوانی هیچ شتێك بڵێت. دەرفەتی هەڕەشەو سزا نەما بوو. سیمای کەوەیی گریگۆری شەڕی لێدەباری. ڕەیس عورەفاکە، کە سەری سوڕما بوو، ڕۆیی و لە بیرەکە دوورکەوتەوە. پێی لە قوڕاوی ئەو جۆگەلەیە خزی کە دەچووە سەر کۆلە دارینەکان. دوای ئەوەی کەمێك دوورکەوتەوە، ئاوڕێکی دایەوە، کۆڵەمستی گوشی و هاواری کرد:

– راپۆرتت لێدەدەم. بەڵێ راپۆرت دەدەم بە فەرماندەی سریە! هەر ئێستا دەچم پێی دەڵێم!.

بەڵام وێڕای ئەوەش، سەرباری ئەو هەڕو گیڤەش، شکاتی لێنەکرد، هیچش دەرنەکەوت کە بۆ راپۆرتی لێنەدا. بەڵام تا پازدە ڕۆژێك هەر ڕق بە ڕقێی گریگۆری دەکرد، چاوپۆشی لە بچووکترین

هەڵەی نەدەکرد، ئیرادی لێدەگرت، ئێشکی زیادەی پێدەگرت، ئەرکی زیادەی بەسەرا دەدا، رووی نەدەدایەو تەمەشای نەدەکرد.

سیستەمی ژیانی رۆتینی و یەکنەوا، قۆزاقە گەنجەکانی بێتاقەت کردبوو، لە بەیانیەوە تا شەیپوری ئێواریٚ، بەردەوام مەشقیان دەکرد، مەشقی پیادەو سوارە. دوای ئەوە دەبوایە تفاقەکانیان رێکبخەن، ئەسپەکان قەشاویش بکەن و ئالیکیان بدەن. دوای سەعات دە، پاش ئەوەی ناو دەخوێنرایەوە،غایب و حازر دیاری دەکرا،پاسەوان و ئێشکگران دادەنران، ئیدی هەموو بۆ نوێژ گرددەبوونەوە، رەیس عورەفا، چاوە خڕەکانی بە ریزی قۆزاقەکاندا دەگێڕا، بە دەنگێکی گیراو نزاو دوعای "ئەی باوکی ئێمە..."ی دەخوێند.

بۆ بەیانی، کاروبارەکان، بە هەمان شێوەو شێواز دووبارە دەبوونەوە.

لە سەرانسەری ئەو موڵك و مەزرایەدا، جگە لە پیرەژنەکەی ژنی پێشکاری موڵکەکە، یەك ژنی دی لێبوو، کە هەموو سوارەکان، بە سەربازو ئەفسەرەوە چاویان تێبڕی بوو: ئەویش کارەکەری یارۆی پێشکار بوو. ژنێکی گەنج و جوان بوو بە ناوی فرانیا، خەڵکی پۆڵاندا بوو، کە زۆرجار بە راکردنی مەودای نێوان ماڵەکەو موبەقەکەی کە ئاشپەزێکی سوپایی پیری بێبرۆ دەی برد بەڕێوە، دەبڕی، هەر پێنج یەکەکە، کە لە مەیدانەکەدا خەریکی مەشق بوون، کاتیٚ کە فرانیا بە تەنورە کەوەییە شۆڕەکەیەوە بە ڕاکردن تێدەپەڕی بەدەم چاوداگرتن و زەردەخەنەوە، وەکو هیچ نە دیتکە، چاویان تێدەبڕی و ئاهیان هەڵدەکێشا. فرانیاش کە دەی بینی سیٚ سەد جووت چاو، بەو تازرۆییە تەمەشای دەکەن، هێندەی دی نازی دەکرد، بەکاوەخۆ، بەدەم بادانی سمت و کەفەڵە ئارەزوو بزوێنەکەیەوە، خەرامان خەرامان لە نێوان ماڵەکەو مووبەقەکەدا دەهات و دەچوو. ئیدی بەدەم هەر هەموویانەوە، بەتایبەتی بەدەم ئەفسەرەکانەوە پێدەکەنی، هەرکەسەو لەلای خۆیەوە هەوڵی دەدا، بیگاتیٚ. بەڵام وەکو دەیان گێڕایەوە تەنیا فەرماندەی سریەکە، کە پیاوێکی تووکنی قژ لوول بوو، توانی بووی بیگاتیٚ.

ڕۆژێك هەوەڵی بەهار بوو. ئەو ڕۆژە گریگۆری چاودێری تەویلەکە بوو. زۆربەی وەختەکەی لای ئەسپەکانی ئەفسەرەکانەوە، بەسەر بردبوو، چونکە ماینێکیان لەلاوە بوو و دەی هاڕوژاندن. کات، کاتی ئیسراحەتی نیوەڕۆژەو فراڤین بوو. گریگۆری، تازە بە قامچیەك ئەسپە دەست و لاق سپیەکەی جەنابی فەرماندەی سریەی، دامرکاندبووەوەو چوو بوو، تەمەشایەکی ئەسپەکەی خۆی بکات، کە یەکێك لە پاشووەکانی، لە مەشقی جەنگیدا کوترا بوو و نووشتاندبوویەوە. ئەسپەکە بە گۆشەی چاوە کاڵەکەی دەیڕوانیە خاوەنەکەی و سەری ژەنی بووە وێنجەکەی بەردەمی و بەمشەمش دەلەوەڕی. گریگۆری، لەو کاتەدا کە هەوساری ئەسپەکەی رێکدەخست، لە سووچە تاریکەکەی تەویلەکەوە گوێی لە کێشماکێش و دەنگە دەنگێکی هێواش بوو. سەری لەم دەنگە غەریبە سوڕما، بە هەشتاو بەبەر ئاخوڕەکاندا، بەرەو لای دەنگەکە رۆیی. دوای پێکادانی دەرگای تەویلەکە، لە پڕا تاریکییەکی تاریك لە دالانەکەوە هێرشی بۆ هێناو بەرچاوی تاریك بوو، گریگۆری گوێی لە دەنگی یەکێك بوو کە بە ئەسپایی گوتی:

– کوڕینە، زوو کەن!

گریگۆری، پێی هەڵگرت،هاواری کرد:

– کێیە، کێ لەوێیە..؟

عەریف پاپوف، کە بە کوێرە کوێر بۆ لای دەرگاکە دەهات، تووشی گریگۆری بوو، دەستی نایە سەر شانی و لە بن لێوانەوە گوتی:

– گریگۆری، ئەمە تۆی؟

– بوەستە! ئەمە چیە؟

عەریفەکە، بەدەم خەندەیەکی گوناهکارانەوە، دەستی گریگۆری گرت و گوتی:

– چیە... سەبرکە با بزانین، بۆ کوێ دەڕۆی؟

گریگۆری، بە توندی دەستی لە دەستی عەریفەکە دەرهێناو رایکردو دەرگاکەی کردەوە. مریشکێکی سوورباوی قوندە (کلك کورت) لە نێو حەوشە چۆڵەکەدا، غافڵ لەوەی کە ئاشپەزەکە بە نیاز بوو سەری بڕێت و دەرخواردی جەنابی پێشکاری بدات، هێلانە دۆزیێ بوو، چینەی لە تەرس و تەپاڵەکان دەکردو دەیویست جێگایەك بۆ خۆی خۆش بکات و هێلکەی تیابکات.

روناکیەکی کوت و پڕ چاوانی گریگۆری بۆ ساتێك خستە رێشکەو پێشکە. دەستی کرد بەسێبەر بۆ چاوەکانی و بەرەو سووچە تاریکەکەی تەویلەکە، کە دەنگە دەنگەکە لەوێوە زیادی کردبوو، ئاوڕی دایەوە. دەستی بە دیوارەکەوە گرت، پەڵە روناکیەکی بچووکی هەتاو بەسەر دیوارەکەو ئاخوڕەکانی بەرانبەر دەرگاکەوە سەمای دەکرد. گریگۆری بەرەو لای دەنگەکان رۆیی، چاوەکانی بچووك کردنەوە. لە پڕ تووشی ژارکوف، سەربازە حەنەکچیەکە کەوت، کە پانتۆڵەکەی خۆی هەڵدەکێشا و دوگمەکانی دادەخست.

– ئەمە چییە... تۆ لێرە چی دەکەی؟

ژارکوف، کە بۆی هەناسە بۆگەنەکەی دەچوو بە سەروو رووی گریگۆریدا، لە بن لێوانەوە گوتی:

– خێراکە، فریاکەوە!... شتێکی نایابە. سەربازەکان فرانیایان بە گیرهێناوەو... پاڵیان خستووە!"

ژارکوف، زۆر بێئەدەبانە لە قاقای پێکەنینی دا، بەڵام گریگۆری پاڵێکی هێندە توندی پێوەنا کە پشتی بەر تەختەکان کەوت و لە پێکەنین کەوت. چاوانی پڕ ترس و تووڕەیی گریگۆری دەگەڵ تاریکیەکەدا ڕاهات، بە هەشتاو بەرەو لای دەنگە دەنگەکە رۆیی. لە سووچێکی تەویلەکەدا، لەو شوێنەدا کە زین پۆشی ئەسپەکانی تیا هەڵچنرابوو، ژمارەیەك سەربازی بینی. هەموو سەربازانی یەکەی یەکەم لەوێ وەستا بوون. گریگۆری بە بێدەنگی بە ناویانا تێپەڕی. سەیری کرد فرانیا بەبێ جوڵە لە ئەرزەکەدا ڕاکشاوە. لاقەکانی بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین و دوور لە هەر ئەدەبێك بڵاو بوونەوە، شلکەی رانەکانی لە نێو تاریکی تەویلەکەدا سپی دەچوونەوە، بەبێ جوڵە لەسەر ئەرزەکە ڕاکشابوو و سەریان لە نەرمە زینێك نابوو، تەنورە دڕاوەکەی تا سەرووی مەمکەکانی هەڵداربووەوە. یەکێك لە قۆزاقەکان تازە لەسەری هەستا بوو، بەدەم زەردەخەنەیەکی دزێوەوە بەرەو دیوارەکە دەڕۆیی تا جێگا بۆ یەکێکی دی چۆڵ بکات. گریگۆری بە هەشتاو بەرەو دەرگاکە چوو کە رەیس عورەفاکە بانگ بکات. بەڵام قۆزاقەکانی دی بە دوویا غاریان داو لەبەر

دەرگا گرتیان و دەستیان نایە سەردەمی. کراسی یەکێکیانی لە یەخەکەیەوە تا خوارەوە دادڕیو لەقەیەکی بە ناو سکی یەکێکی تریاندا کێشا. بەڵام ئەوانی دیکە بەرزەفتیان کردو وەکو فرانیا، سەریان لە نەرمە زینێك ناو دەست و لاقیان توند بەست و لە ترسی ئەوەی نەبا بە دەنگا بیان ناسێتەوە، فڕێیان دایە ناو ئاخوڕێکی بەتاڵەوە، بۆنی نمەد زین خەریك بوو دەی خنکاند. هەوڵی دەدا هاوار بکات. بە لەقە دەیکێشا بە دیوارە تەختەکەی تەویلەکەدا. دەنگی چپە چپ و فسکە فسك لە سووچەکەوە دەگەییە گوێی ئەو. لەگەڵ هاتنە ژوورەوەو چوونە دەرەوەی هەر قۆزاقێکدا دەنگی دەرگاکە دەهات. دوای نزیکەی بیست دەقیقەیەك ئازادیان کرد. رەیس عورەفایەك و دوو قۆزاقی تری یەکەیەکی دی لەبەر دەرگا بوون. رەیس عورەفاکە کە لێکدا لێکدا چاوی دەتروکاند، بێئەوەی تەمەشای بکات گوتی:

– نابێ فزە بکەی، دەمت داخەو تەواو.

دوبوك، کە قۆزاقی یەکەیەکی دی بوو، بەدەم بزەوە گوتی:

– کەر نەبی ها، دەنا گوێت دەبڕین.

گریگۆری، دوو قۆزاقی بینی، کە فرانیایان بە جل و جنجۆڕە کەوەییەکانی ژێریەوە هەڵگرت، لاقەکانی لە ژێر تەنورەکەیەوە، بەبێ جووڵە نووشتا بوونەوە. ئەو دوو قۆزاقە چوونە سەر قەراخی ئاخوڕێك و لە کەلێنێکی دیواری تەویلەکەوە، کە تەختەکانیان لادابوو، بەخۆی و جل و جنجۆڕەکانی ژێریەوە هەڵیاندایە خوارەوە. ئەو دیو دیوارەکە، باخێك بوو. لە سەرووی هەر ئاخوڕێکەوە، کلاورۆژنەو دەلاقەیەکی دووکەلاوی هەبوو.هەندێ لە قۆزاقەکان چوو بوونە سەر ئاخوڕەکان و لەو دەلاقانەوە تەمەشایان دەکرد تا بزانن فرانیا لەودیوی دیوارەکەوە چی دەکات. هەندێکی دیکەش بە هەشتاو لە تەویلەکە وەدەرکەوتن. کونجکاوی و لاپرەسەنیەکی حەیوانی گریگۆریشی گرت. بە کۆڵەکەیەکا هەڵگەڕا، خۆی گەیاندە ئاستی یەکێك لە دەلاقەکان و لەوێوە تەمەشای خوارەوەی کرد. دەیان چاو لە دەلاقە دووکەلاوەیەکانەوە دەیانڕوانیە ئەو ئافرەتەی کە لە بن دیوارەکەدا کەوتبوو. فرانیا لەسەر پشت کەوتبوو، لاقەکانی عەینی دەمی قەیچی پەیتا پەیتا دەکرانەوەو دادەخرانەوە. چنگی لە بەفرە نیمچە تواوەکە گیردەکرد، گریگۆری دەموچاوی فرانیای نەدەبینی، بەڵام گوێی لە هەناسەی کپی قۆزاقەکانی دیکە بوو، کە لە دەلاقەکانەوە تەمەشایان دەکردو هەناسەیان لە خۆ بڕی بوو، هەروەها گوێی لە خشە خشی نەرم و دڵگیری وێنجەو کایەکەی ژێر پێیان بوو.

فرانیا، ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە لەوێ مایەوە. ئەوسا بە چوار چنگۆڵە هەستا. باسکەکانی کەوتنە لەرزین، هێزیان تیا نەمابوو. گریگۆری هەموو ئەمانەی بە چاوی خۆی دەبینی. سەرەنجام ئافرەتی تاین، بەلارە لار هەستایە سەرپێ. قژی شێوا بوو، سیمای بە جۆرێ گۆڕا بوو، نەدەناسرایەوە. سەری هەڵبڕی ، نیگایەکی دوورو درێژو هێواشی دەلاقەکانی کرد. دەستێکی گرت بە دەوەنەکانەوەو بە دەستەکەی تری خۆی بەدیوارەکەوە گرت و بەلارە لارو گەلاو گەڵەوە کەوتە ڕێ.

گریگۆری، خۆی هەڵدایە خوارەوە، دەستی بەگەرووی خۆیدا هێنا، هەستی دەکرد شتێك لە ئەوکی گیراوەو خەریکە دەی خنکێنێ، لەبەر دەرگاکەدا، یەکێك – کە تەنانەت نەی بینی کێیەو دواییش بیری نەکەوتەوە– بەدەنگێکی روونو رەوان پێی گوت:

– ئەگەر یەك قسەت لەدەم دەربچێ، بە زاتی خوا دەتکوژین. تێگەییشتی؟

لە مەیدانی مەشقدا، فەرماندەی یەکەکە، دیقەتی دا کە دوگمەیەکی پاڵتۆکەی گریگۆری کەوتووە. لێی پرسی:

– ئەمە چیە، کێ دوگمەکەی لێکردویتەوە؟ نۆبەتی ئەو قەوانەیە؟

گریگۆری، ڕوانیە ئەو کونە چکۆلەیەی کە بە جێگای دوگمە کەوتبووەکەوە دیاربوو. هەرچیەکی دیتبوو، لە یادگەیدا زندوو بووەوە، زۆر دەمێ بوو کە بەم شێوەیە، ئارەزووی گریانی نەکرد بوو.

((٣))

دەشتو دەر لە گەرمادا نقوم بوو بوو. غوبارێکی ئامال زەرد، بەسەر دەریای تەبارە گەنمی پێگەییووی نەدوراوەوە شەپۆلی دەدا. شەپشەپەو مەکینەی درەو بە جۆرێ گەرم بوو بوون نەدەوێرای دەستی لێبدەی. چاو لەبەر پرشنگی ئاسمانی شینی زەردباوا هەڵنەدەهات. کە کێڵگە گەنمەکان تەواو دەبوو، ئیدی شەوەرو سێپەڕەی زەردی زەعفەرانی دەستی پێدەکرد.

سەرانسەری گوند چووبوونە دەشت وجۆیان دەدورییەوە. ئەسپی ژێر شەپشەپەکان (مەکینەی درەو) هێزو توانایان لەبەر بڕا بوو. گەرما و هەوای نەفەسگیرو گەردو تۆز خەریك بوو دەی خنکاندن، بایەك لەسەر دۆنەوە دەهات، تەپوتۆز سەرانسەری دەشتەکەی دەگرتو بەری رۆژە ئاگر ئاساکەی دەگرت.

پیوتەر، کە کاری دەرهێنانی مەڵۆ گەنمەکان بوو لە نێو شەپشەپەکەدا، لە بەیانییەوە تائێستا نیو سەتڵ ئاوی خوارد بووەوە. دوای ئەوەی ئەم ئاوە نیمچە گەرمە ناخۆشەی دەخواردەوە، بە ماوەیەکی کەم دیسان دەمی وشك دەبوو. کراسو پانتۆڵەکەی لە ئارەقەدا هەڵکشا بوون، ئارەقە بە دەمو چاویا دەهاتە خوارەوە، گوێی بەردەوام دەزرینگایەوە، وشە لە گەرووی گیردەبوو، داریا مەڵۆی کۆ دەکردەوە، لەچکێکی لەسەر کرد بوو، دەموچاوی هەڵپێچابوو، دوگمەی کراسەکەی کردبووەوە، ئارەقە زنگۆڵ زەنگۆڵ، نیشتبووە نێوان هەردوو مەمکە ئەسمەرەکانی. ناتالیا، ئەسپەکانی ژێر شەپشەپەکەی دەڕانی. گۆنا تاوە سووتەکانی، عەینی چەوەنەر سوور هەڵگەڕا بوون. تیشکی هەتاوەکە کە دەیدا لە چاوی، چاوەکانی ئاویان دەکردو فرمێسك خوڕ خوڕ بەچاویا دەهاتە خوارێ. پانتلی پروکوفیچ، بە نێو مەڵۆکاندا دەهاتو دەچوو، سەراپای لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، کراسە تەڕەکەی بە لەشیەوە دەچزا. ردێنی کە تا سەر سینگی دەهات لە گازوایلێکی پیس دەچوو کە بە سینگو بەرۆکیادا بچۆڕێت.

خریستونیا، کە بە عەرەبانەکەی خۆیەوە بەلایا تێپەڕی، بانگی لێکرد:

– پانتلی، لە حەمامەوە دێی؟

– ئازام لە ئاوا هەڵکشاوە.

پانتلی پروکوفیچ، لە شەکەتیدا شانەکانی هەڵتەکاندو دووبارە بە شەلە شەل کەوتەوە ڕێ، بەدەم ڕێوە، بەچمکی کراسەکەی ئارەقەکەی سەر سینگ و زگی دەسڕی.

داریا هاواری کرد:

– پیوتەر، با ئیسراحەتێ بکەین.

– ڕاوەستە با ئەم بەرە تەواو بکەین.

– نا، بوەستە، تا تەشقی گەرما دەشکێ. بەسە توانام نەما.

ناتالیا، ئەسپەکانی ڕاگرت. بە جۆرێ هانکە هانکی پێکەوتبوو و هەناسەی دەدا، لە تۆ وایە، بە خۆی شەپشەپەکەی (مەکینەی درەو) ڕاکێشا بوو، داریا هات بۆ لای ئەوان، بە پارێزەوە پێیە ڕەشە تلوقاویەکانی دەنایە سەر مەڵۆ گەنمەکان.

– پیوتەر، ئەستێڵەکە زۆر لێرەوە دوور نییە.

– چی دوور نییە؟ بەلای کەمەوە سێ فرسەخ لێرەوە دوورە.

– با بچین ئاوێ بە خۆمانا بکەین و خۆمان فێنك بکەینەوە.

ناتالیا، هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

– تا بە پێیان دەڕۆین و دەگەڕێینەوە هەیهوو...

– جا بۆچی بە پێیان بڕۆین؟ ئەسپەکان دەکەینەوەو بە سواری دەڕۆین.

پیوتەر، بە ترس و دوو دڵییەوە، سەیرێکی باوکی کرد، کە خەریك بوو مەڵۆکانی لەسەر یەك کەڵەکە دەکرد، ئەوجا شانێکی هەڵتەکاند.

– زۆر چاکە، ئەسپەکان بکەنەوە.

داریا، بە گورجی قایش و قروشەکانی کردەوەو چاپوك و دلێر خۆی هەڵدایە سەر پشتی ماینەکە. ناتالیا ئەسپەکەی برد بۆ لای شەپشەپەکە، دەیویست بچێتە سەر شەپشەپەکەو لەوێوە سواری ئەسپەکە ببێ، بزەیەك نیشتە سەر لێوە قڵیشاوەکانی. پیوتەر چوو بەلایەوەو گوتی:

– کوا پێت بدە منە.

بەو جۆرە یارمەتی دا، تا سواری ئەسپەکە بوو. ئەوجا کەوتنە ڕێ. داریا، کراسەکەی تا سەرووی ئەژنۆکانی هەڵکرد بوو، وەکو پیاو لاقی بەم لاو بەولای ئەسپەکەدا شۆڕکردبووەوە، لەچکەکەی خستبوو بەپشتی سەریاو لەپێشی ئەوانەوە ئەسپەکەی تاو دەدا. پیوتەر خۆی پێ نەگیراو هاواری کرد:

– ئەهای، ئاگادار بە ئاسیوێك بە خۆت نەگەیەنی.

داریا بەرسڤی دایەوە:

– خەمت نەبێ.

پیوتەر، کاتێ کە خەریك بوو لە جادەکە دەپەڕییەوە، تەمەشایەکی سەمتی چەپی کرد. لە دووری دوورەوە، لەسەر جادە خاکیە گەورەکەوە، گەردەلوولێکی چکۆلە، کە بەردەوام دەگۆڕا، بە خێرایی لە قوڵی گوندەوە، دەهات. پیوتەر زەینی دایە، رووی کردە ناتالیاو گوتی:

– سوارێکەو بەرەو ئێرە دێ.

ناتالیا بە سەرسامی گوتی:

– چەند بەلەز دێ! تۆ تەمەشا چ گەردەلوولێکی لە دووی خۆی هەستاندووە.

پیوتەر لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەبێ چ قەومابێ؟"

ئەوجا، روو لە ژنەکەی، کە لە پێشەوە بە چوار ناڵە دەڕۆیی، هاواری کرد:

– داشکا، بوەستە با بزانین ئەو سوارە چی پێیە!

گەردەلوولە چکۆلەکە لە پێچی ڕێگاکەدا ون بوو، کەوتە نەدیوی، پاشان لە جاران گەورەتر دەرکەوتەوە. بەرە بەرە تارمایی سوارەکە دەرکەوتو دوای پێنج دەقیقەیەك روونتر دەرکەوت، پیوتەر کە دەستە چڵکنەکەی کرد بوو بە سێبەر بۆ چاوی و تەمشای دەکرد:

– بە جۆرێ ئەسپەکە تاو دەدا، هاکا ئەو بەستەزمانە پسا.

دەستی لابرد، نێو چەوانی گرژ کرد، نیگەرانییەکی کوتو پڕ نیشتە سەر روخساریو زوو رەوییەوە.

ئێستا سوارەکە بە باشی دەبینرا. بە چوارناڵە دەڕۆیی. بەدەستی چەپی شەپقەکەی سەری گرتبوو و بەیداخێکی سووری تۆزاویش بەدەستی راستیەوە بوو و بەدەم بایەکەوە دەشەکایەوە. هەرچەندە پیوتەر لە ڕێگاکەی ئەوەوە دوور بوو، بەڵام هێندە بەنزیکیاندا تێپەڕی، کە پیوتەر گوێی لە هانکە هانكو هەناسەدانی ئەسپەکە دەبوو. سوارەکە، هاواری کرد:

– ئەهای ئینزار! (نەفیر عام)

سوارەکە تێپەڕی، گەردەلوولی تەپوتۆز، لە دوایەوە وەکو کەفێکی زەرد سەری ڕێگاکەی دەگرت. پیوتەر نیگای دووی سوارەکە دا، هێشتا هانکە هانکی ئەسپە نیوە گیانەکەو کەفەڵی شەلاڵی ئارەقەو وەکو پۆڵا درەخشانی، ئەسپەکەی لەبەر چاو بوو کە چۆن بە بەرانبەریا تێپەڕی بوو و دوور کەوتبووەوە.

پیوتەر، هێشتا بە تەواوەتی پەی بەوە نەبرد بوو کەچی قەوماوە و چ بەڵایەك بەردەرکەی پێ گرتوون، گەوجانە دەیڕوانییە کەڤ دەمی ئەسپەکە کە بەسەر ئەرزەکەوە دەلەرزی، دەیڕوانیە دەشتە بەرینەکە کە شەپۆل ئاسا بەرەو گوند نشێو دەبووەوە. قۆزاقان، لە هەموو قوڵێکەوە، بە هەشتاو بەناو پەرێزو گەنمی زەردی درەوکراوەوە، بەرەو گوند دەبوونەوە. لە سەرانسەری دەشتە پانو بەرینەکەوە تا دەگەیییە گردولکەو بانەکان، هەر باریکە گەردەلوولی دوای رەوتەو چوار ناڵەی ئەسپان بوو و دەچوو بە ئاسمانا، سەر ئەو ڕێگایەش کە دەچووەوە بۆ ناو گوند، هەر گەردو تۆز بوو و سواران بەرەو گوند دەبوونەوە. هەموو ئەو پیاوانەی کە لەتەمەنی سەربازیدا بوو، دەستیان لە کار هەڵدەگرت، ئەسپەکانیان لە شەپشەپان دەکردەوەو بڕ بڕ بە هەشتاو بەرەو گوند دەکەوتنە ڕێ. پیوتەر، خریستونیا بینی، کە سواری ئەسپەکەی بوو بوو، لاقەدرێژەکانی بەملاو بەولایدا شۆڕ کردبوونەوەو بە چوار ناڵە دەڕۆیی، خریستونیا، لەسەر ئەسپەکەوەو لەسەر شانییەوە تەمەشایەکی پیوتەری کرد. ناتالیا هەناسەیەکی خەمناکی هەڵکێشاو گوتی:

– ئەریٚ چی قەوماوە؟

ناتالیا، بەرەو لای پیوتەر چوو، نیگای ناتالیا، ( کە لە نیگای کەروێشکێك دەچوو. لەزگ بیٚ بێتەگرتن) پیوتەری وەخۆ هێنایەوە. پیوتەر بەچوارناڵە بەرەو لای شەپشەپەکە تاوی دا، پێش ئەوەی ئەسپەکە بە تەواوەتی بوەستێتەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە. پانتۆڵە دەڵبەکەی، کە لە گەرمەی کارا دایکەند بوو، بەلەز لە پێی هەڵکێشاو بە ئاماژەی دەست خواحافیزی لە باوکی کردو بەخۆیشی وەکو ئەوانی دی کە عەینی. خاڵی بزۆز، بە رووی ئەو پێدەشتە گەرمە پان و بەرینەوە ، وەربوو بوون، لە نێو گەردەلوولێکی چکۆلەی تەپوتۆزدا، دیار نەما.

((٤))

ئاپۆرای خەڵکی کە لە مەیدانی گوندا خڕ بوو بووەوە. قۆزاقان هەموو بە ئەسپی ئامادەوە، جلکی سەربازیان لەبەر کردبوو کە ژمارەی بە تالێون و تیپەکان بەسەر شانی هەر یەکێکیانەوە بوو. ئەندامانی کەتیبەی ئاتامانسکی، بە کڵاوە سەربازیە شینەکانیانەوە، کە سەر وگەردنێك لەوانی دی بەرزتر بوون، بەو ناوەدا دەهاتن و دەچوون و لە قازی هۆڵاندی ناو مریشکانی کورتە بالا دەچوون.

مەیخانەکەی گوند داخرا بوو. ئەفسەری ئینزیبات، پەست و غەمگین دیاربوو. ژنان، بە جلکی تازەی جەژنەوە، لە کوچەو کۆڵانانەکاندا، بەریز لەبەر تەیمان و پەرژینەکاندا وەستا بوون، تاقە وشەی باوی سەر زاری ئاپۆراکە، لەم سەر تا ئەوسەر وشەی (نەفیر) بوو. سەرو سیماکان پەست و نیگەران بوون، ئەم پەژارەو نیگەرانیە بۆ ئەسپەکانیش سیرایەتی کردبوو. دەیان حیلاند، دەیان پرماندو، تووڕە و تۆڕ جووتەیان دەهاویشت. مەیدانەکە هەر تەپوتۆز بوو، تەمەشای هەر شوێنێکت دەکرد، پڕبوو لە بوتڵە ڤۆدگای بە تاڵ و کاغەزی مژمژەی هەرزان بەها بوو.

پیوتەر، جڵەوی ئەسپە زینکراوەکەی گرتبوو و ڕایدەکێشا. لە نزیکی دیواری کڵێساکەدا، قۆزاقێکی بالابەرزی زەلامی رەشتاڵەی گارد، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە کە هەموو ددانە سپیەکانی بە دەردەخست، دوگمەی پانتۆڵەکەی دادەخست. ژنێکی وردیلەی بتەوی، زماندرێژ، کە پێدەچوو ژن، یان ماشووقەی بیٚ، پێیا هەڵدەشاخی و هەڕەشەی لێدەکرد:

– بزانە چیت پێدەکەم لەسەر ئەوەی لەگەڵ ئەو قەحپەیەدا ڕۆییشتبوویت!

ژنەکە مەست بوو. لەچکەکەی لەسەری داکەند بوو، قژە بژەکەی پڕبوو لە توێکڵە گوڵە بەڕۆژە، کابرای قۆزاق قایشکەکەی بەست. قاچی هەڵبڕی، گوێرەکەی یەکساڵە، بە کەماڵی ئیسراحەت بەدەلنگی دەڵبی پانتۆڵەکەیەوە دەچوو.

– ماشکا، وازم لێبێنە!

– هەی بەرازی بەد فەڕ! مێباز!

– جا چ قەیدیە؟

– شەرم لە خۆت ناکەی؟

لە نزیکی ئەوانەوە، ڕەیس عورەفایەکی ردێن سوور، دەگەڵ تۆپچییەکدا گەنگەشەی دەکرد:

– هیچ شتێك ڕوو نادات. یەك دوو ڕۆژێك لەوێندەر دەمێنینەوە و پاشان دەگەڕێینەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆمان.

– ئەدی ئەگەر شەڕ هەڵبگیرسێت؟

– ئەوە تۆ چ دەڵێی برادەر، کام دەوڵەتە دەرۆستی ئێمە دێت؟

کەمێك لەولاترەوە، گفتوگۆیەکی گەرم و پچڕ پچڕ لە ئارادا بوو. قۆزاقێکی بە تەمەن و خۆش هەیکەل، بە حەماسەوە دەیگوت:

– ئێمە هەقمان چیە؟ ئەگەر حەزدەکەن با بڕۆن شەڕبکەن. ئێمە هێشتا گەنمەکانمان نەدووروەتەوە.

– چ نەگبەتیەکە! تۆ تەمەشا بزانە چەند هەزار کەسیان لێرە خڕکردووەتەوە! لە کاتێکا کاری هەر ڕۆژێکی ئێستا قووتی یەك ساڵی خەڵکە.

– ئاژەڵ دەچنە ناو مەڵۆکان و هەمووی خەساردەکەن.

– تازە دەستمان بە دروێنەی جۆ کردبوو!

– دەڵێن پاشای نەمسا کوژراوە.

– نا، وەلیعادەکەیەتی.

– ئەریٰ هاوڕیٰ، تۆ سەر بەکام کەتیبەی؟

– بوومە هاوڕیٰ، ها! قەحپە دایك، دەوڵەمەند بوویت؟

– ها! ستیوشکا، لە کوێوە دێی؟

– بەلام ئاتامان گوتوویەتی، هەر بۆ ئیحتیات داوایان کردووین. نەوەك لە ناکاوا شتێك ڕوو بدات.

– دەی قۆزاقینە، تەواو، خوا دەست بەباڵتانەوە بگرێت!

– ئەگەر یەك ساڵی دیکەش سەبریان کردبا، من دەبووم بەیەدەکی جوونی (وەجبە) دووەم.

– باشە، باپیرە تۆ چ دەکەی لێرە؟ چما لە خزمەت مەعاف نەبووی؟

– گویٰ مەدەیە، ئەگەر شەڕ بقەومیٰ، پیرەمێردانیش بانگدەکەن.

– مەیخانەکەیان داخستووە!

– جاچیە؟ دەتوانی بڕۆی بۆ لای مارفوتکا، یەك بەرمیل بکڕیت.

لیژنەی پشکنین دەست بەکار بوو. سیٰ قۆزاق، کابرایەکی مەست و سەرو گوێلاك خوێناویان بۆ ئیدارەی گوند هێنا. کابرا خۆی بۆ دواوە ڕادەپسکاند، کراسەکەی خۆی دادڕی، چاوە چکۆلەکانی دەگێڕاو بە دەنگێکی تێکشکاو هاواری دەکرد:

– دەم و قەپۆزی ئەم جووتیارانە دەشکێنم، لووتیان پڕ دەکەم لە خوێن، پیشانیان دەدەم کە قۆزاقی دۆن کێن!

هەموو ئەوانەی لەدەوری خڕ بوو بوونەوە، سەریان بۆ دەلەقاند و بەدەمیەوە پێدەکەنین:

– ڕاست دەکەی، دەبیٰ تەمیٰ بکرێن!

- بۆچی گرتوویانە؟

- لە جووتیارێکی داوە.

- دەستی خۆش بێ. مستەهەقن.

- لەوەش زیاتریان لێدەکەین!

- کوڕینە دەزانن من لە ساڵی ١٩٠٥دا عەسکەر بووم‌و لە سەرکوتکردنیاندا بەشدار بووم. بە ڕاستی خۆش بوو.

- ئەگەر شەڕ هەڵگیرسێت، دیسان بۆ دامرکاندنەوەو سەرکوتکردنی ئاژاوەکانمان دەنێرن.

- بەسە، بەشی خۆمان کرد، با بڕۆن خەڵکی کرێگرتە بۆ ئەم کارەکە پەیدا بکەن،یان با پۆلیس ئەم کارە بکەن، لەوان جوانە، ئەم کارە بۆ ئێمە شەرمە...

فرۆشگاکەی موخوف لە خەڵکیدا جمەی دەهات. ئیدی پاڵەپەستۆیەك بوو کەس بە کەس نەبوو. ئیڤان تومیلین کە سەرخۆش بوو، گەنگەشەی دەگەڵ خاوەنانی فرۆشگاکەدا دەکردو شەڕی پێدەفرۆشتن. خودی سێرگی پلاتونوفیچ موخوف، هەردوو دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی بوو و هەوڵی دەدا هێوری بکاتەوە. شەریکەکەی، یەمیلیان کونستانتینوفیچ ئایتوبین کە پاشەوپاش بەرەو دەرگاکە دەچوو، بە پەستی گوتی:

- دەمەوێ بزانم ئەم کارە مانای چیە؟... بە ڕاستی ئەمە ئابڕوو چوونە، حەیا بردنە! ئادەی کوڕۆ ڕاکە بڕۆ بە دووی ئاتاماندا.

تومیلین، سینگی لە یارۆی دوکاندار دەرپەڕاند، لە کاتێکا کە دەستە ئارەقاویەکانی بە پانتۆڵەکەی دەسڕی، لە سێرگی پلاتونوفیچ کە زەردەخەنە لە لێوانی بڕا بوو، نزیك بووەوەو بە تەوس‌و توانجەوە گوتی:

- تۆی ناکەس، دات دۆشیوین، هەموومانت خستووەتە ژێر قەرزەوە، کارو کاسبیمان بۆ تۆیە، ئێستاش ترست لێنیشتووە ها؟ دەم‌و دانت دەشکێنم! ئەوسا دەتوانی بڕۆی شکات بکەی. تۆ هەموو مافێکی قۆزاقانەی ئێمەت دزیوە، هەی ئەژدیهای حەوت سەر! قەحپە دایکی هیچ‌و پووچ.

ئاتامانی گوند، دڵی ئەو قۆزاقانەی دەدایەوە کە لە دەوری خڕ بوو بوونەوە:

- شەڕ؟ نە، بابە شەڕ نابێ. جەنابێ فەرماندەی ئینزیباتی عەسکەری پێی گوتم کە ئەم نەفیرە تەنیا بۆ تاقیکردنەوەیە. پێویست بەوە ناکات خۆ سەغڵەت بکەن.

- دەی زۆر باشە، هەرکە بۆ ماڵ گەڕامەوە، دەڕۆم بۆ کێڵگەو مەزرا.

- ئەی مەعنای چی! درەو دوا ناخرێ!

- باشە، کار بە دەستانی فەرمی دەوڵەت بە تەمای چین‌و چیان لە خەیاڵدایە؟ من دەبێ پتر لە سەد دیسیاتین زەوی دروێنە بکەم.

- تیموشکا! بەکەس‌و کارمان بڵێ سبەینێ دەگەڕێینەوە.

- لەوە دەچێ، بەیاننامەیەکیان لەوێ هەڵواسی بێ.با بچین چاوێکی پێدا بگێڕین.

مەیدانی گوند، تا درەنگانی شەوێ پڕ بوو لە هەراو هەنگامەو قەرەباڵغی.

***

دوای چوار ڕۆژ، فارگۆنانی سووری قیتاران، کەوتنە گوێزانەوەی سریەو کەتیبانی تۆپخانەی قۆزاقان بەرەو سنووری نەمسا.

– جەنگ...

لە فارگۆنی ئەسپەکانەوە، پرمەی ئەسپ و بۆنی ناخۆشی تەرس و قەرسەقول بەرز بووەوە. لە هەموو قارگۆنەکاندا، هەمان گفتوگۆو هەمان سروود دەهاتە گوێ، بە تایبەتی ئەم سرووده.

دۆنی ئارام و بەئیمان

دەخرۆشێ، ڕادەبێ

کاتێ کەپاشا بانگی لێدەکات

بەدڵ و بەگیان بە

دەنگیەوە دەچێت.

خەڵکی لە وێستگەکاندا، وەستا بوون بەڕێزو سۆزەوە دەیانڕوانیە سەرو روخساری تاوەسووت و قەیتانی پانتۆڵی قۆزاقەکان.

– جەنگ...

ڕۆژنامەفرۆشەکان، بەدەنگی بەرز ئەم خەبەرەیان بڵاودەکردەوە. ژنان لە وێستگەکاندا، دەستەسڕیان بۆ تەکان دەدان و نوقڵ و پاکەتە جگەرەیان بەسەردا هەڵدەدان. تەنیا جارێك بەر لەوەی قیتارەکە بگاتە ڤورونیچ، کرێکارێکی پیری نیمچە مەستی، سکەی قیتار، سەرێکی کێشایە ئەو فارگۆنەوە کە پیوتەر میلیخوف و سێ قۆزاقی دیکەی تێخزا بوون و پرسی:

– دەڕۆن؟

یەکێك لە قۆزاقەکان گوتی:

– بەڵێ، باپیرە تۆش لەگەڵمانا وەرە.

پیرەمێردەکە بەدەم سەرزەنشتەوە گوتی:

– کوڕم، ئێوە گای قوربانین!

((٥))

لە هەفتەی چوارەمی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٤دا، بەدەستووری سەرکردایەتی لەشکر، کەتیبەکەی گریگۆری میلیخوف، بۆ شاری ڕوڤنو نەقڵ بوو تا لە مانۆڕدا بەشداری بکات. دوو فیرقەی پیادەو چەند سریەو یەکەیەکی سوارە، لە دەوروبەری ڕوڤنو ئۆردوبەزیان کردبوو. یەکەی سوارەی چوارەم لە گوندی فلادیسلافکا هەڵیدابوو.

دوای دوو هەفتە، لە کاتێکا گریگۆری و قۆزاقەکانی دیکەی سریەی چوارەم، لە ژێر خێوەتەکانیاندا، لە شارۆچکەی زابورون، پاڵ کەوتبوون و هەمووهیلاك شەکەتی مانۆری دوورو درێژ بوون، و خەریکی ئیسراحەت بوون. ملازم پولوکو فینلوف، فەرماندەی سریەی چوارەمی

سواران، که له سەرکردایەتی کەتیبە گەڕابووەوە، بە سوای ئەسپەکەیەوە، کە شەلاڵی ئارەقە بوو، پەیدا بوو.

سەربازەکانی ناو حەسارەکە جمو جۆڵیان پێکەوت. پروخور زیکوف، گوتی:

– وا بزانم، دیسان دەکەوینە ڕێ ها؟

بە دیقەت گوێی بۆ دەنگی شەیپور هەڵخست.

عەریفی یەکەکە، کە سەرقاڵی پینەکردنو دوورینەوەی پانتۆڵەکەی بوو، دەرزیەکەی کرد بە ئەستەڕی کاسکێتەکەیدا و گوتی:

– هەڵبەتە، دەبێ دووبارە بکەینە ڕێ.

– بێشەرەفانە، نایەڵن، هەناسە بدەین.

– جەنابی رەیس عورەفا گوتی: فەرماندەی لیوا سەردانمان دەکات.

لەم کاتەدا شەیپوری ئینزار لێیدا، قۆزاقان (سەربازی سوارەی رووسی) هەموو حازرو ئامادە هەستانە سەرپێ. پروخور، شپرزەو پەشێو کەوتە دەستگێڕان: "کیسەی تووتنەکەم چی لێهات؟"

– ئەسپەکانتان زینبکەن.

گریگۆری، بەغار ڕایکردە دەرەوە، هاواری کرد:

– خێراکە، ئێستا وەختی تووتنو کیسەیە، تۆش!

رەیس عورەفاکە. خۆی گەیاندە حەوشە. بە خۆو شمشێرەکەیەوە بەرەو مەڕبەندی ئەسپەکان چوو، هەموو ئەسپەکان لە کاتێ سوپایی دیاریکراودا زینو ئامادە کرابوون. گریگۆری سنگو ئەستوونی چادرەکانی دەردێنا، عەریفەکە بە گوێیا چپاند:

– ئەمجارەیان شەڕە، کوڕم!

– ڕادەبوێری؟

– بەخوا! جەنابی رەیس عورەفا پێی گوتم.

دوای ئەوەی چادرەکان پێچرانەوە، سوارەکان، لەسەر جادەکە ریزیان بەست. فەرماندە، بە سواری ئەسپە چەمووشەکەی خۆی، بە بەردەم سەربازەکاندا (قۆزاق) کەوتە هاتوچۆ، فەرمانیدا:

– یەکە بە یەکە، بەریز بوەستن!.

خرمو هۆڕی سمی ئەسپان بەرز بووەوە. سوارەکان بە یۆرغە لە باژێڕوکەکەوە بەرەو ڕێگا گشتیەکە وەڕێکەوتن. لە هەمان کاتدا سوارانی هەردوو سریەی یەکەمو پێنجەمیش کە لە گوندی کۆستنەوە وەڕێکەوتبوون، بە حەماسەوە بەرەو وێستگاکە دەڕۆییشتن.

بۆ ڕۆژی دوایی، کەتیبەی سواران، لە وێستگەی ڤیزلی، سێ فرسەخی سنووری نەمسادا، لە قیتار دابەزی. سپێدە بەرە بەرە لەو دیو دارغانەکانی وێستگەکەوە دەردەکەوت. پێدەچوو رۆژەکەی، رۆژێکی هەتاو بێ. مەکینەی قیتارەکە لەسەر سکەکە دەی نەڕاند. ڕێڵەکان لە ژێر تەنکە شەونمێکەوە دەرەوشانەوە. ئەسپەکان، بە مشو هۆڕەوە، لە فارگۆنەکانەوە، بەسەر لەوحە دارەکانەوە دەهاتنە خوارەوە. لە پشت ترومپاخانەکەی ئاوەکەوە، کۆمەڵێک دەنگو فەرمانان بەرز

بـووەوە. قۆزاقـانی سـوارەی سـریەی چـوارەم، جڵـەوی ئەسـپاکانیان گرتبـوو و لـە سـکەکەیان دەپەڕاندنەوە، قسەکانیان، لە نێو نیمچە روناکیە وەنەوشەییەکەوە دەنگیان دەدایەوە. روخساری سەربازەکان و هەیکەلی ئەسپەکان، لە تاریکیەکەدا، بە روونی دیار نەبوون.

– ئێوە هی کام سریەن؟

– ئەدی تۆ کێی؟ لە کوێوە بە ناخێرت هاتوویت؟

–گەماڵ باوک ، ئێستا پێتی نیشان دەدەم من کێم، چۆن زات دەکەی بەو شێوەیە لەگەڵ ئەفسەردا قسە بکەیت؟

– ببورە، قوربان، نەم بینیت.

– دە بڕۆ، بڕۆ!

– چاوەڕوانی چین؟ قیتارەکە وا هات. بجوڵێن.

– ئەهای رەیس عورەفا، کوا یەکەی سێیەم؟

– سواران! سینگ بۆ پێشەوە، سەر ڕاست!

چپە چپ و خوتە بۆڵە کەوتە نێو ریزی سوارەکانەوە:

– "سینگ بۆ پێشەوە، سەر راست!" وا دەزانێ گاڵتەی منداڵانە. دوو شەوە خەو نەچووەتە چاومان.

– سیومکا، کوا نەفەسێکم بدەیە، لەدوێنێ عەسرەوە جگەرەم نەکێشاوە.

– چش، ئاگات لە ئەسپەکەت بێ!

– نارەسەنە، قایشی زینەکەی بریندار کردووە.

– ئەسپەکەی منیش ناڵێکی پێشەوەی کەوتووە.

تۆزێ لـەولاترەوە، سـوارانی سـریەی چـوار هەڵوەسـتەیەکیان کـرد، چـونکە سـریەیەکی دیکـە هاتبوونـە سـەر رێگایـان. تـاپۆی لێڵـی سـوارەکان لەبـەر رونـاکی سـپێدەی شـینباوی ئاسمانـدا، هێندە بە روونی دیار بوون، لە تۆ وایە بەمەرەکەبی چینی وێنەکێشراون. سوارەکان بەریزێکی چواری دەڕۆییشتن. نێزەکانیـان، کـە لـە سـاقەتەی رووتـی گوڵـە بـە ڕۆژە دەچوون، بـە قەدیانـەوە جۆلانەیان دەکرد. ناو بە ناو زرینگە زرینگ لە رکێفێکەوە یان جیڕە جیڕ لە زینێکەوە هەڵدەستا.

– ئەهای برادەرینە بۆ کوێ دەڕۆن؟

– دەچین بۆ لای زڕ دایکمان، بۆ غوسڵی تەعمیدی منداڵ.

– ها، ها، ها!

– بێدەنگ! ئە قسە قۆڕە چیە!

پروخور زیکوف، دەستی خستبووە سەر قەڵپوسی زینەکەو لە تەنیشت گریگۆریەوە دەڕۆیی. چاوی بڕی بووە روخساری گریگۆری. لە بن لێوانەوە لێی پرسی:

– میلیخوف، تۆ ناترسیت؟

– لە چی بترسم؟

– رەنگە ئەمڕۆ بچینە شەڕەوە.

- باشە، چی تیایە؟

پڕوخور، بەسەر ئەسپەکەوە. بە نیگەرانی یاری بەهەوسارە نمدارەکەی ئەسپەکە دەکرد. هەوسارەکە هێندەی شەونم نیشتبووە سەر، لووس و تەڕە بوو بوو. بەدەم ڕێوە ئیعترافی کرد:

- بەڵام من دەترسم. دوێشەو لەڤیتارەکەدا تا بەیانی خەو نەچووەتە چاوم. هەرچیم کردو کۆشا فایدەی نەبوو، خەوم لێنەکەوت و نەکەوت.

جارێکی دی سوارانی سریەکە بە ڕێکەوتنەوە، ئەسپەکان بە خاوی جمان، نێزەکان کە بە قەد سوارەکانەوە هاتبوونە خوارەوە. دەلەرینەوەوە.

گریگۆری، جڵەوەکەی لە دەست بەر بوو بوو و وەنەوزی دەدا. ئاگای لەوە نەبوو، کە ئەسپەکە، بە هێمنی دەچووە پێشێ و ئەوی لەسەر زینەکە رادەژەنی، بەڵکو ئەو، ئەسپەکە بە سەر جادەیەکی رەش و گەرما دەڕانیێ و زۆر دڵی خۆشەو لەشی سووک و چاپوکە.

پروخور، لە تەنیشتییەوە دەڕۆیی و قسەی بۆ دەکرد، بەڵام دەنگی تێکەڵ بە جیڕەجیڕی زینەکەو خرموهۆڕی سمی ئەسپەکان دەبوو و خەوە خۆشەکەی گریگۆری نەدەزڕاند.

سریەکە، لە ڕێگایەکی لاوەکیەوە پێچی کردەوە. بێدەنگی باڵی بەسەر قۆزاقەکاندا کێشا بوو و تامی لای لایەی لە گوێیاندا دەدا.

جۆی ئەم بەروئەوبەری ڕێگاکە، پێگەیی بوو، ئاونگ نیشتبووە سەر گوڵ و داسۆکانی، لە دوورەوە دەتگوت دووکەڵی لێهەڵدەستێ. ئەسپەکان، ملیان بۆ گوڵە جۆیەکان دادەنەواندەوەو جڵەوەکانیان لە دەستی سوارەکان ڕادەکێشا. گریگۆری، لە بێ خەویدا چاوی ئاوسا بوون، روناکی رۆژ دای لە چاوی، زۆری پێخۆش بوو، سەری هەڵبڕی، پروخور هێشتا هەر قسەی دەکردو دەنگی عەینی جیڕە جیڕی یەکنەوای گالیسکە لە مێشکی گریگۆریدا دەنگی دەدایەوە.

گرمەیەکی گەورە، لە دوورەوە، لەو دیوی کێڵگە جۆیەکەوە، هەستا، گریگۆری ڕاچڵەکی و خەبەری بووەوە. پروخور، نیمچە هاوارێکی کرد:

- دەنگی تۆپە!

ترس نیشتە سەر چاوانی، کە دەتگوت چاوی گوێرەکەن. گریگۆری سەری هەڵبڕی، پاڵتۆ خاکیەکەی عەریفەکەیان، دەگەڵ ریتمی رەوتی ئەسپەکەدا، بەرزو نزم دەبووەوە، ئەم بەرو ئەوبەری جادەکە یەکپارچە تەبارە جۆی نەدوراوە بوو، کەڕەواڵەیەك، بە بەرزی دارتەلێك، بە ئاسمانەوە سەمای دەکرد. سوارەکان بێدار بوو بوونەوە. دەنگی تۆپەکە وەکو تەزووی کارەبا بە ناویانا رۆیی بوو. ملازم پولوکوڤینکوف، کە دەنگی تۆپەکە هاڕوژاندبووی، فرمانی بە سریەکەدا کە بە یۆرغە بڕۆن. دوای دووڕیانێك کە میوانخانەیەکی چۆڵی لێبوو، ناو بە ناو تووشی گالیسکەی ئاواران دەبوون. سریەیەکی سوارەی پۆشتەو پەرداخ، بەلای قۆزاقەکاندا تێپەڕی. فەرماندەکەیان کە ملازمێکی قژ سووری کاڵ بوو، سواری ئەسپێکی رەسەنی زەرد بوو بوو، نیگایەکی تەوسامێزی قۆزاقەکانی کردو ئەسپەکەی بەر مامێزان دا. پاشان تووشی تۆپێکی خومپارە ئەنداز بوون لە زەلکاوێکا چەقی بوو. مەفرەزەی تۆپەکە دەوریان دابوو و لە هەوڵی دەرهێنانەوەیدا بوون و سوارەکان ئەسپەکانیان بەر قامچی دەدا. کابرایەکی تۆپچی باڵا بەرزی

زەلامی دەموچاو کونج، چەند تەختەدارێکی لە بن هەنگڵ نابوو و دەگەڵ خۆیدا دەیهێنا، دیار بوو لە تەیمانو پەرژینی میوانخانە چۆڵەکەی دەرهێنا بوو.

قۆزاقەکان، دوای ئەوە تووشی کەتیبەیەکی پیادە بوون. سەربازەکان بە پەلە دەڕۆییشتن، پاڵتۆکانیان پێچابووەوەو دابوویان بە کولایانا، هەتاوەکە لە قسعە سواوەکانی دەدانو دەبریقانەوە، نووکی سەرە نێزەکانیان لە بەر تیشکی خۆرەکە دەدرەوشایەوە. نائیب عەریفێکی کورتە بالای چالاکو چەلەنگو زیتەڵە، لە دوا سریەوە، هەڵیگرتە کەستەکێک (سندەگڵ)و سرەواندیە گریگۆری:

– هانێ، بیگرە، بیگرە نەمساویەکان!

گریگۆری، بە قامچیەکەی، کەستەکەکەی لە ئاسمانا کرد بە دوو لە تەوەو گوتی:

– واز بێنە، جیڕ جیڕك!(سیسرك)

– قۆزاقینە سەلامی ئێمەیان پێبگەیەنن!

– خۆتان دەرفەتتان بۆ دەرەخسێ!

ئەو سەربازانەی لە ریزی پێشەوەی سریەکەدا بوون، گۆرانیەکی مەکشوف بێپەردەیان دەگوت. سەبازێکی قوون زلی سمتو کەفەڵ زەلامی ژن ئاسا، بە کەناری ریزەکەدا دەڕۆییو بە ناو لەپ دەیکێشا بە نەرمەی ڕانە کورتەکانیا، ئەفسەرەکان پێدەکەنین، هەستکردن بەو مەترسیەی کە لە پێشیان بوو، لە سەربازەکانی نزیك دەکردنەوەو ناچار چاوپۆشیان لە سەربازەکان دەکرد.

ئیدی لەماوەی نێوان میوانخانە چۆڵەکەو گوندی گوروڤچوکدا، سریەکە بەلای جۆرەها یەکەی پیادە، عەرەبانەو تۆپخانەو ئەمبولانسدا کە وەکو کرم دادەخزین، تێپەڕی. دنیا بۆنی کوشندەی شەڕێکی نزیکی لێدەهات.

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم سریەی چوارەم خۆی بە گوندی برستپکودا کرد، سەرهەنگ کالدین، فەرماندەی کەتیبەکە، لەوێ بە سوارەکان گەیی. یاریدەدەرەکەی، کە سەرهەنگی دووەم، بوو لەگەڵدا بوو. کە بەلای گریگۆریدا تێپەڕین، گریگۆری گوێی لە سەرهەنگ دووەمەکە بوو کە بە نیگەرانیەوە دەیگوت:

– ڤاسیلی ماکسیموفیچ، ئەم کوێرە دێیە لە نەخشەکەی سەرکردایەتیدا دەست نیشان نەکراوە. لەگینە لێرە تووشی هەڵوێستێکی نالەبار ببین.

گریگۆری گوێی لەجوابەکەی سەرهەنگ نەبوو. ئەفسەرێکی دی بە چوارناڵە تێپەڕی تا خۆی بگەیەنێتە ئەو دوانە. ئەسپەکەی کەمێك پاشوی چەپی لە دووی خۆی ڕادەکێشا. گریگۆری خۆ بە خۆ کەوتە هەڵسەنگاندنی لایەنی چاكو خراپی ئەسپەکە. لە دوورەوە، لە سەرەو خوارکەیەکی کورتا، کەوێڵ وکوختەی گوندێکی چکۆلە دەرکەوت. کەتیبەکە زۆر بە خێرایی دەڕۆیی، ئەسپەکان شەلاڵی ئارەقە بوون. گریگۆری، بەدەست گەردنی ئەسپەکەی، کە لە ئارەقەدا رەش هەڵگەڕا بوو، دەسری‌و تەمەشای دەوروبەری دەکرد. لەو دیوی گوندەکەوە دارستانێك دیار بوو، کە ترۆپکی دارە سەوزەکانی چوو بوون بە تاقی ئاسمانی شیندا. لەودیو لێرەوارەکەوە گرمەی تۆپو تەقەی تفەنگان دەهات، ئەسپەکان گوێیان قوت دەکردەوە. دووکەڵی تەقینەوەی تەنویر لە

دووری دوورەوە، لەو دیوی لێرەوارەکەوە، ماوەیەك بە ئاسمانەوە، دەمایەوەو پاشان دەڕەوییەوە. دەنگی تەقەو تیرەندازی زیاتر دەکەوتە قوڵی ڕاستی لێرەوارەکە، هەندێجار زیادی دەکردو هەندێجاریش کزدەبوو.

گریگۆری، گوێی بۆ هەر سەدایەك هەڵدەخست، لە جاران پتر هەستیار بووبوو. پروخور زیکوف، بەسەر زینەکەوە، دەجوڵاو دەتگوت چیکەنەیەو دەمی لێك نەدەنا:

– گریگۆری، ئەم تەقانە، ڕێك وەکو ئەوەیە کە منداڵان دارێك بە پەرژینێك دەربێنن وهەڵێن و وانیە؟

– تەحا کە چەنە دەدەی، دە تۆزێ بێدەنگ بە.

سریەکە گەییە گوندەکە. سەربازەکان بە ناو حەوشەی ماڵەکاندا دەسوڕانەوە. خەڵکی گوند، خەریك بوون کەلوپەلی خۆیان دەپێچایەوە تا هەڵێن. خەمو پەژارە نیشتبووە سەر روخساریان. گریگۆری کە بەلای ماڵێکا تێدەپەڕی، سەیری کرد چەند سەربازێك، ئاگرێکیان لە ژێر کەپرێکا کرد بووەوەو لە دەوری دانیشتبوون. خاوەنی ماڵەکە کە پیاوێکی بێلارووسی سەرو قژ بۆز بوو و ئەم کارەساتە کوت و پڕە تەواو پەشێوو پەریشانی کردبوو و بەلایاندا تێدەپەڕیو هەر ئاوڕیشی لێنەدەدانەوە. گریگۆری سەیری کرد ماڵ و منداڵی کابرای جووتیارو دێهاتی چەند پشتیەکی بەرگ سوور و دنیایەك شڕکەو پڕکەی دیکە لە عەرەبانە باردەکەن و کابرا بەخۆیشی چەرخێکی (پێچکە) شکاوی بێکەڵکی عەرەبانە، کە پێدەچوو دە دانە ساڵ بێ، لە ژێر خانەکەیاندا فڕێ درا بێ، هێدی هێدی دێنێت.

گریگۆری، سەیری بە بێ ئەقڵی ژنان دەهات، هەرچی گوڵدان و ئینجانەو ئیکۆنان هەبوو، لە گالیسکەیان باردەکردو، شتی بە نرخ و پێویستیانیش بە جێ دەهێشت، لە ناوەندی کۆڵانەکەدا، پەڕی ناو سەرینێکی پەڕ کە دیاربوو بە ئانقەست دڕی بوویان، وەکو گێژەلووکەی بەفر بە ئاسمانەو سەمای دەکرد. بۆنی دووکەڵ و بۆگنخی ژێر زەمینانی کەڕوو کردە، دنیای پڕ کردبوو.

لەو دیوی گوندەوە، تووشی کابرایەکی جولەکە بوون کە بە هەڵەداوان بەرەو لای ئەوان دەهات.هێندەی هاوار کردبوو لالغاوەی دادڕا بوو.

– ئاغای قۆزاق، جەنابی قۆزاق! ئاه خودایا!...

قۆزاقێکی (سەربان) کورتە باڵای سەرخڕ بێئەوەی گوێ بە هاوارەکانی کابرای جولەکە بدات، بە یۆرغە دەڕۆیی و قامچیەکەی بادەدا.

نەقیبێکی سریەی سێیەم هاواری لە قۆزاقەکە کرد:

– بوەستە!

قۆزاقەکە، خۆی بەسەر قەڵپوسی زینەکەدا دانەواندەوەو خۆی بە کۆڵانێکا کردو لە چاو ون بوو.

– بوەستە هەی خوێڕی. تۆ لە چ کەتیبەیەکی؟

قۆزاقەکە، وەکو ئەوەی لە پێشبڕکێی ئەسپ دەوانیدا بێ، سەرە خڕەکەی نایە سەر ملی ئەسپەکەی‌و بە چوار ناڵە تاوی دا. گەییە پەرژینێکی بەرز، ئەسپەکەی خستە سەر هەردوو پاشوو وبە تەڕ دەستی بەسەر پەرژینەکەدا بازی داو ئاو دیو بوو.

یەکێك لە عەریفەکان، بە نەقیبی یاریدەدەری فەرماندەی سریەکەی گوت:

– قوربان، کەتیبەی نۆیەم لێرە هەڵیداوە، رەنگە سەر بەو کەتیبەیە بێ.

نەقیبەکە، رووی گرژ کرد، برۆی هێنانەوە یەك:

– سەری بە قەبری بابی!

ئەوجا رووی کردە کابرای جولەکە، کە ڕکێفی ئەسپەکەی گرتبوو، گوتی:

– چی لێ رفاندیت؟

– جەنابی ئەفسەر!... سەعاتەکەی بردم، جەنابی ئەفسەر!...

کابرای جولەکە، کە سیمایەکی جوانی هەبوو، رووی بۆ لای ئەو ئەفسەرانە وەرگێرا کە بەرەو ئێرە دەهاتن، پەیتا پەیتا چاوەکانی دەتروکان. نەقیبەکە، رکێفەکەی خۆی لە دەستی کابرای جولەکە دەرهێناو کەوتە ڕێ. بەدەم دوورکەوتنەوەوە، لە ژێر لێوەوە پێکەنی‌و گوتی:

– بە هەر حاڵ، ئەویش لێتی نەفڕاندبا، ئەڵمانیەکان هەر کاتێ هاتبان بەخورتی لێیان دەسەندی.

کابرای جولەکە هایم‌و حەیران لە ناوەندی ڕێگاکەدا وەستا. سیمای گرژ بوو. فەرماندەی سریەکە، قامچیەکەی هەڵبڕی‌و بە تووڕەیی گوتی:

– حسقێلەفەندی، لاچۆ لەسەر رێگاکە.

یەکەی چوارەمی سواران، بە خرموهۆڕی لەزی سمی ئەسپان‌و خشەخش‌و جیڕە جیڕی زینانەوە بەلایا تێپەڕین، قۆزاقەکان نیگایەکی تەوسامێزی یارۆی جولەکەی سەرگەردانیان دەکردو لە بەینی خۆیاندا دەیانگوت:

– قۆزاق بە بێ دزی هەڵناکەن.

– دەستی قۆزاقی وەکو چەسپ وایە بگاتە هەر شتێ پێوەی دەنووسێت.

– با ماڵی خۆ قایم بگرن‌و دزییان لێنەکرێ.

– بە ڕاستی، ئەو قۆزاقە، جەربەزە بوو...

– بینیت چۆن وەکو تاژی بەسەر پەرژینەکەدا باز یدا.

رەیس عورەفا کارگین، وەستا، تا سوارەکان تێپەڕن، قۆزاقەکان بەدەم رێکردنەوە کەوتنە پێکەنین. رەیس عورەفا کارگین نێزەکەی داگرت‌و هاواری کرد:

– خێرا تێپەڕە، دەنا دەیکەم بە ورگتا!

کابرای جولەکە کە لە ترسا دەمی داچەقاند، بەڕاکردن رۆیی. رەیس عورەفا خۆی گەیاندی‌و تا هێز لە بازوویدا بوو، قامچیەکی خێواندە گازەرای پشتی. گریگۆری کابرای جولەکەی بینی کە بەدەما کەوت، ئەوجا دەستی بەسەرو چاویەوە گرت‌و بۆ لای رەیس عورەفاکە گەڕایەوە، چۆراوگەی خوێن لە بەینی قامکە لاوازەکانیەوە دیاربوو، کە لە دەم‌و چاوی دەچۆڕا. بەدەم پەڵمە گریانەوە هاواری کرد:

– ئاخر، بۆچی؟

پێکەنین بەسەر چاوە هەڵۆییەکانی رەیس عورەفاوە، کە وەکو دوگمەی قەمسەڵەکەی خڕو پرشنگدار بوو، شەپۆلی دەدا، بەدەم رێکردنەوە وەڵامی دایەوە:

– گێلە گیان، بۆ ئەوەی یادگارییەکی ئێمەشت لەلا بێ!

لەو دیو گوندەکەوە، لە شیواییەکی پڕ لە نیلوفەڕ وگزجاڕدا، سەربازانی بەشی ئەندازە، خەریکی دروستکردنی پردێک بوون و لە تەواو بوونا بوون. کەمێک لەولاترەوە ئوتومبێلێک بە خڕە خڕ وەستا بوو و شوفێرەکەی بە دەوریا دەهات. جەنەراڵێکی قەڵەوی تۆکمە، سەر بۆز، ردێن ئەسپانی، گونا خڕپن، لەسەر کورسی دواوەی ئۆتۆمبیلەکە پاڵی دابووەوە. سەرهەنگ کالدین و فەرماندەی فەوجی ئەندازە، لە تەنیشت ئۆتۆمبیلەکەوە، بە رێزەوە، دەسەونەزەر وەستا بوون. جەنەراڵ، بەسەر ئەفسەری ئەندازەدا دەی بۆڵاند:

– من دەستوورم دابوو، کە دوێنێ ئەم کارە تەواو بکەیت. بێدەنگ! دەبوایە پێشوەختە کەرەستەی کار بخەیت.

هەرچەندە ئەفسەرەکە ورتەی لێوە نەدەهات و تەنیا لێوی دەلەرزی، جەنەراڵ دیسان کەوتەوە بۆڵاندن: بێدەنگ! ئێستا چۆن بچمە ئەوبەر؟ ها، ملازم من ناڵێم تۆ بڵێی چۆن خۆم بگەیەنمە ئەوبەر؟

سەرتیپێکی گەنجی سمێڵ رەش، لە دەستی چەپی جەنەراڵەوە دانیشتبوو، بەدەم زەردەخەنەوە چەند تەڵە شقارتەیەکی داگیرساند، تا سیغارێ داگیرێنێ. ئەفسەرە ئەندازایارەکە، کڕنوشێکی بردو ئاماژەی بۆ لای پردەکە کرد.

سریەی سوارە، بەلای ئۆتۆمبیلەکەدا تێپەڕی و بەرەو دەراوێک نشێو بووەوە، ئەسپەکان تا ئەژنۆیان چوو بە قوڕەسیاندا. ئاردە داری دارکاژ، عەینی بەفری سپی، لە سەر پردەکەوە بەسەر قۆزاقەکاندا دادەباری.

سریەکە، دەوروبەری نیوەڕۆ، لە مەرز تێپەڕی. ئەسپەکان بەسەر دیرەکە رەش و سپییەکانی پاسگا مەرزیەکەدا، کە کەوتبوون و شکا بوون، پەڕینەوە. دەنگی گرموهۆڕی تۆپ کە لە قوڵی راستەوە دەهات، لە دوورەوە خانووی ناو مەزرایەک دیاربوو، سەربانەکەی بە قرمیدی سوور پۆشرا بوو، هەتاوەکە، راست، ئەستوونی لە ئەرزکەی دەدا. تەپوتۆزێکی خەست دنیای داپۆشی بوو. فەرماندەی کەتیبەکە دەستووری دا، کە مەفرەزەیەک بۆ شناسایی رەوانە بکرێت. یەکەی سێیەمی سریەی سوارەی چوارەم، بە فەرماندەیی ملازمی یەکەم سیمیونوف کەوتە رێ. کەتیبەکە، لە شێوەی سریەی جیاجیادا، لە نێو تەم و مژێکی کەوەییدا مایەوە. مەفرەزەیەکی بیست کەسی سواری ئەسپ بوون و بەو جادە سفتەدا، کە هەر جێ چەرخی گالیسکە بوو، کەوتنە رێ و لە مەرزاکە تێپەڕین.

یارۆی ملازم، دوای سێ فرسەخان، مەفرەزەکەی ژێر دەستی خۆی راگرت تا سەیرێکی نەخشەکە بکات. قۆزاقەکان لە دەوری یەک خڕبوونەوە تا دووکەڵێک بکەن. گریگۆری لە

ئەسپەکەی دابەزی تا قایش و قروشی زینەکەی کەمێك شل بکاتەوە. بەڵام ڕەیس عورەفاکە خێرا تێی خوڕی:

– تا دەمو دانم بە مست نەشکاندووی، خێرا سواری ئەسپەکەت ببەوە، دەی!

جەنابی مولازم، سیگارێکی پێکرد، دووربینەکەی لە کیف دەرهێناو بە دیقەت پاکی کردەوە. بەردەمیان تا چاو بڕکات دەشت و دۆڵ بوو، لە هەتاوی گەرمی نیوەڕۆدا نقوم بوو بوو. بە دەستی ڕاستیاندا، جەنگەڵێك دیار بوو، کە ڕێگایەکە وەکو نەشتەرێکی تیژ بە ناویا دەڕۆیی. لە دووری نزیکەی فرسەخ و نیوێك، گوندێکی چکۆلە دیاربوو، چۆمێکی چکۆلەی ساف و زوڵاڵ و کەنار سوورکی بەلادا تێدەپەڕی. ئەفسەرەکە ماوەیەکی زۆر بە دووربینەکەی ڕوانیە کوچەو کۆڵانە چۆڵ و هۆڵ و کڕوکپەکان. گوندەکە چۆڵ و هۆڵ و بێدەنگ دەتگوت گۆڕستانە، ڕەوتی ئاوی چۆمەکە، سەرنجی ڕاکێشا. بە گۆشەی چاو ئاماژەی بۆ لای گوندەکە کردو گوتی:

– یانی ئێرە کورولیوفکایە؟

ڕەیس عورەفاکە، بێئەوەی هیچ وەڵامێك بداتەوە، بە ئەسپەکەیەوە لێی نزیك بووەوە. زمانحاڵی سیماو ڕوخساری دەیگوت: "تۆ دەیزانی، ئەمە ئیشی تۆیە نەك هی ئێمە".

ملازمەکە، دووربینەکەی لە کیفەکە نایەوە، بە دوو دڵیەوە، وەکو یەکێك دانی دابێتیە ژان، بەو ئاوایە رووی گرژ کرد، برۆی هێنایەوەیەك، گوتی:

– دەی دەچین بۆ ئەوێ.

– قوربان، نەبا بکەوینە کەمینەوە.

– وریای خۆ دەبین، دەی بابڕۆین.

پروخور زیکوف لە نزیکی گریگۆرییەوە بوو. ئەسپەکانیان شان بە شانی یەکدی دەڕۆییشتن. بە پارێزەوە خۆیان بە کۆڵانێکی چۆڵدا کرد. پەنجەرەکان بۆنی مەرگیان لێدەهات. دەرگای کراوەی عەمارو کەپرەکان هەستی تەنیایی و غوربەتیان لای بینەر دەهاڕوژاندو تەزووی ترسی بە پشتا دەهات. پەرژین و چاڵ و خەندەکەکان، عەینی موگناتیس، نیگاکانیان بۆ خۆ ڕادەکێشا. قۆزاقەکان، وەکو دزان بە ناو گوندەکە کەوتبوون، وەکو چۆن گورگی دڕندە، لە تۆفە شەوی زستاناندا، لە ئاوەدانیان نزیك دەبنەوە، بەو ئاوایە خۆیان بە گوندیدا کردبوو. بەڵام کوچەو کۆڵانەکان چۆڵ بوون. بێدەنگیەکی قورس باڵی بەسەر دنیادا کێشابوو، لە پەنجەرەی کراوەی ماڵێکەوە، دەنگی چرکە چرکی بێگەردی سەعاتێك دەهات، ئەم چرکە چرکە، لە دەنگی تەقەی دەمانچە دەچوو، گریگۆری ئەفسەرەکەی، کە لە پێش مەفرەزەکەوە دەڕۆیی، بینی کە داچڵەکی و قامکە لە ڕزۆکەکانی خستنە سەر کیفی دەمانچەکەی.

هیچ زیڕوحێك لە گوندیدا نەبوو. مەفرەزەکە لە دەراوەکەوە خۆی بە چۆمەکەدا دا، ئاو تا ژێر سکی ئەسپەکان هات، ئەسپەکان زۆریان پێخۆش بوو، دەیانویست ئاو بخۆنەوە، بەڵام سوارەکانی جڵەویان ڕادەکێشان و دەیانڕانین. گریگۆری تینووی بوو، بە تاسەوە دەیڕوانیە ئاوە لێڵەکە: کە چەند نزیك بوو ئەوەندەش دوورە دەست بوو. خۆزیای دەخواست بتوانێ لەسەر

زینەکەوە خۆی هەڵداتە خوارەوەو بە هەموو جلەکانی بەریەوە، خۆی وەبن ئاوەکەدا دەکردو نەدەهاتە دەرێ تا سینگو پشتە ئارەقاویەکەی بەتەواوەتی فێنك دەکردەوە.

لەسەر تەپەیەکی ئەو دیوی گوندەکەوە، لە دوورەوە، شاروچکەیەکیان بەدی کرد: کۆمەڵێك خانووی چوار گۆشە، بینای خشت، باخو باخچە، بورجی نووك تیژی کڵێسا. ئەفسەرەکە چووە سەر ترۆپکی تەپەکە، جارێکی دی دووربینەکەی نا بە چاویەوە. بەدەم جوڵاندنی قامکانی دەستی چەپیەوە، هاواری کرد:

– ئەها، لەوێن، ئەوە خۆیانن!

رەیس عورەفاکەو، سەربازەکان یەك یەك بە دوایا، سەر کەوتنە سەر ترۆپکی تەپەکە، تەپەی چی! خەریك بوو لە هەتاوا دەسووتا. کەوتنە تەماشاکردن، خەڵکی، بە کوچەو کوڵانەکاندا هاتوچۆیان دەکرد، لە دوورەوە زۆر بچووك دیاربوون، بە ئاستەم رەش دەچوونەوە. گالیسکان لە کۆڵانەکاندا پەنگیان خواردبووەوە. سواران بەلەز دەهاتنو دەچوون. گریگۆری، لەژێر کاسکێتەکەیەوە، دەستی کرد بەسێبەر بۆ چاوەکانی، چاوی بچووك کردنەوە، جلە خاکیە غەریبەکانی بەدی کردن. تەنانەت ئەو سەنگەرو خەندەکە قاوەییە تازانەشی بەدی کرد کە تازە لە دەوری شاروچکەکەدا هەڵکەندرا بوون، ئاپۆرای ئەو سەربازانەشی بینی کە لە دەوری سەنگەرەکاندا خڕ بوو بوونەوە.

پروخور، هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

– چەند زۆرن!

ئەوانی دی بێدەنگ بوونو هەمان هەست باڵی بەسەردا کێشابوون. گریگۆری گوێی لە دەنگی لێدانی خێرای دڵی خۆی بوو (وەکو ئەوە بوو، بوونەوەرێکی قورسی چکۆلە، لەلای چەپی دڵیەوە، هەڵبەزو دابەزی بێ.) بۆی دەرکەوت، ئەو هەستەی بە دیتنی ئەو بیانیانە لای دروست بوو، زۆر جیاوازە لەو هەستەی کە لە کاتی مەشقو مانۆڕەکەدا، بەرانبەر بە (دژمن) لای دروست بوو بوو.

رەیس عورەفاکە، بەلەز مەفرەزەکەی نارده خوارەوە، ئەمری پێکردن کە لە ئەسپەکان دابەزن. بە خۆی چووەوە بۆ لای ملازمەکە، ملازمەکە قەڵەمەکەی دەرهێناو هەندێ سەرنجی لە دەفتەری یاداشتەکانیا تۆمار کرد. ئەوجا بە ئاماژەی قامك، داوای گریگۆری کرد:

– میلیخوف!

– بەڵێ ئەزبەنی.

گریگۆری، بە هەورازەکەدا هەڵگەڕا، هێندە بەسەر ئەسپەوە مابوو، لاقی رەق بوو بوون، ئەم پیادەڕەویە سڕی پێی دەرکرد. ملازم کاغەزێکی چوار قەدکراوی دایەو گوتی:

– ئەسپەکەی تۆ، لە هی ئەوانی دی باشترە، خێرا بە چوارناڵە بڕۆو ئەم کاغەزە بدە دەست فەرماندەی کەتیبەکە.

گریگۆری، کاغەزەکەی لە بەرکی کراسەکەی ناو ،بەدەم ڕێوە پەتی ژێر چەنەی، کاسکێتەکەی توندکردەوەو بەرەو لای ئەسپەکەی چوو. ئەفسەرەکە لە دواوە تەمەشای دەکرد، چاوی

لێنەگواستەوە، تا سواری ئەسپەکەی بوو، هەرکە سواری ئەسپەکەی بوو وکەوتە ڕێ. ئەفسەرەکە تەمەشایەکی سەعاتەکەی خۆی کرد.

گریگۆری، کاتێ بە خۆو پەیامەکەیەوە گەییە کەتیبەکە، کەتیبەکە گەیی بووە نزیکی گوندی کورولیوفکا. سەرهەنگ کالدین پاش ئەوەی راپۆرەکەی خوێندەوە، دەستووری بە یاریدەدەرەکەی خۆیدا، یاریدەدەرەکەش، بە چوار ناڵە بەرەو سریەی یەکەم کەوتە ڕێ.

سریەی سوارەی چوارەم، بە ناو گوندی کورولیوفکادا تێپەڕی بوو. بە هەمان شێوەی مەشقەکانی کاتی مانۆرەکان، بەلەز لە کێڵگەکانی ئەودیوی گوندەکەوە، دامەزران. ملازم سیمیونوف بە خۆو یەکەی سێیەمەوە، لە گردەکەوە داگەڕا.

سریەکان، شێوەی ناڵی ئەسپ، واتە شێوەی نیوە بازنەییان وەرگرت، ئەسپەکان، سەریان تەکان دەدا تا خەرمەگەزان لە خۆ پاسبکەن، بەدەم سەرتەکاندانەوە زڕەزر لە رەشمەو لغاوەکانیانەوە دەهات.

خرمو هۆڕی سمی ئەسپەکانی سریەی یەکەم، کە لە دوا خانووی گوندەکە تێدەپەڕین، لەو نیوەڕۆ کپەدا، دەنگی دەدایەوە.

نەقیب پولوکوفینکوف، کە ئەسپێکی جوانو چەلەنگی لە ژێردا بوو، هاتو لە بەرانبەر ریزی سەربازەکاندا وەستا. دەستێکی خستبووە سەر دەسکی شمشێرەکەیو بە دەستەکەی دیکەی جڵەوی ئەسپەکەی توند گرتبوو. گریگۆری، هەناسەی لە خۆ بڕی بوو و چاوەڕوانی فەرمان بوو. خرموهۆڕی سمی ئەسپەکان لە سەمتی چەپەوە بەرزبووەوە، سریەی یەکەم خەریك بوون دادەمەزرانو سەنگەریان دەگرت.

ئەفسەرەکە، شمشێرەکەی لە کێلان هەڵکێشا، دەمی شینباوی شمشێرەکە، لەبەر هەتاوەکەدا، بە ئاستەم بریسکایەوە.

– سر.. یە!

شمشێرەکەی بەڕاستو بە چەپدا، هێناو برد، ئەوسا دایگرتو ڕێك لەسەرووی هەردوو گوێی ئەسپەکەدا رایگرت.

گریگۆری لەزەینی خۆیدا، ئەم ئاماژە بێدەنگەی وا لێکدایەوە کە دەڵێت: "بە سەمتی چەپا، بەرین، بۆ پێشەوە برۆ!"

نەقیبەکە لەسەری رۆیی:

– نێزە ئامادە، شمشێر هەڵکێشە، بۆ هێرش... برۆ!

بەخۆی جڵەوی شلکردو ئەسپەکەی تاودا.

ئەرزەکە، لە ژێر گوشاری سەدان سمدا دەلەرییەوە. گریگۆری کە لە ریزی پێشەوە بوو، بە هەزار زەحمەت توانی نێزەکەی خۆی بێنێتە خوارێ، ئەسپەکەی، کە شاڵاوی ئەسپەکانی دی بەرەو پێش رایان دەماڵی، هەڵیکردە چوار ناڵە ئەمما چوارناڵە. نەقیب پولکوڤنیکوف لە پێشی پێشەوە، بە ناو کێڵگەیەکی قاوەیی کەوتبوو و بە ئاستەم دیاربوو. شۆوێکی پانو بەرین لە بەردەمیانەوە، رەش دەچووەوە.

سریەی یەکەم لە نەعرەتەیەکی بەسامی دا، سریەی چوارەم بۆی سەندەوە. ئەسپەکان، بەجۆرێ دەست و پاشوویان هەڵدەدا،و مەوداکانیان دەبڕی، لە تۆ وایە بەسەر عاردیدا دەفڕن. گریگۆری بەدەم گڤە گڤی بایەکەوە کە لە گوێیا دەنگی دەدایەوە، گوێی لە دوورە تەقەی تفەنگ بوو. فیشەکی یەکەم بە بەرزیەوەو بەگیزە گیزی دووورودرێژی خۆی قوببەی شین و ساف ئاسمانی بڕی. گریگۆری هێندە بە توندی دەسکی گەرمی نێزەکەی بە قەد خۆیەوە دەگوشی کە لەزگ بوو لە تاو ئازار هاواری لێهەستێت، ناو لەپی ئارەقەیەکی لینجی کردبووەوە. گیزو هۆڕی گوللە بەسەر سەریا، کردیەکارێك کە تا دەتوانێ سەری بەسەر یاڵوگەردنی شەڵاڵی ئارەقەی ئەسپەکەیدا دابنەوێنێ و کەپووی پڕ ببێ لە بۆنی تیژی ئارەقەی ئەسپەکە. گریگۆری وەکو ئەوەی بە دووربینێکی لێڵ تەمەشا بکات، بەو ئاوایە هێڵی قاوەیی خەندەکەکان و سەربازانی خاکی پۆشی دەبینی کە بەرەو شاروچکەکە تاویان دەدا، رەشاشێك پەیتا پەیتا، دەستڕێژی لە قۆزاقەکان دەکرد، و گیزو هۆڕی گوللە گوێی کەڕدەکرد، لەبەر پێی ئەسپەکاندا دەکەوتەوەو تەپوتۆزی دنیای بەسەردا دەکردن. ئەو پارچە گۆشتەی کە لە قەفەزەی سینەی گریگۆری دا، تا پێش دەستپێکی هێرشەکە، بەو توندیە لێی دەدا، ئێستا، دەتگوت سڕ بووە، بوو بوو بەبەرد. گریگۆری گوێی دەزرینگایەوە، هەستی دەکرد قامکی پێی چەپی دێشێن، جگە لەوە هەستی بە هیچی دی نەدەکرد. ترس، مێشکی ئاڵۆزاند بوو، بیری بە هیچ کوێ ڕا نەدەگەیی.

یەکەم کەس کە لە ئەسپەکەی بەر بووەوە، ئەفسەری سوارە لیاخوفسکی بوو. بروخور کە بە چوار ناڵە دووی ئەو کەوتبوو، کردیە ژێر دەست و پێوە.

گریگۆری، ئاوڕی پاشەوەی دایەوە، ئەو دیمەنەی کە لەو ساتەدا بینی، لە مێشك و یادگەیدا نەخش بوو: ئەسپەکەی پروخور، کاتێ کە بەسەر ئەفسەرە بریندارەکەدا بازی دا، دانەکانی جیڕکردنەوە، بەملدا کەوتە سەر عاردی، ملی نووشتایەوە. پروخورش، کە بەدەم تەکانی ئەسپەکەوە لەسەر زینەکە پەڕی بوو، تەختی ئەرزەکە بوو. ئەم دیمەنە وەکو چۆن بە ئەڵماسێك، نەخشێك لەسەر شووشەیەك هەڵکەنی، بەو ئاوایە لە یادگەو مێشکی گریگۆری دا، نەخش بوو، تا ماوەیەکی یەجگار زۆر دیمەنی بێخی پەمەیی ددانی ئەسپەکەی پروخور و دیمەنی خودی پروخور کە بە دەما کەوتبوو و پێشێلی ئەسپ سوارەکانی دوای خۆی دەبوو، لەبەر چاوی نەدەڕەوییەوە. گریگۆری گوێی لە هیچ هاوارێك نەبوو، بەڵام بە دیتنی روخساری زاری داچەقیووو چاوە دەرپۆقیوەکانیا، کە لە چاوی گوێرەکە دەچوون، بۆی دەرکەوت کە دەبێ هاوارێکی هۆڤیانەی کردبێت. خەڵکی دیکەش بە خۆو ئەسپەوە گلان: پێکران، قۆزاقان لە خاك و خوێنا تلانەوە، ئەسپ لە خوێنا گەوزان. گریگۆری، لە میانی پەردەیەکی ناسکی روندکەوە، کە بە هۆی بایەکەوە، لە چاوانیا قەتیس مابوو، روانیە بەردەم خۆی. سەیری کرد، سەربازانی خاکی پۆشی نەمساوی، بڕبڕ سەنگەرو خەندەکەکانیان چۆڵ دەکەن و هەڵدێن.

سریەکە، دوای ئەوەی بە ریزو بەزەبت و رەبت و دیسپلینەوە لە گوندەکە دەرچوو بوو، ئێستا، بڕ بڕو بەش بەش بڵاوبوو بووەوە، ئەوانەی لە ریزی پێشەوە بوون، کە گریگۆری یەکێك بوو لەوان، بە تاو خۆیان گەیاندە سەنگەرەکان، ئەوانی دی هێشتا لە دواوە، لەقە لەقیان بوو.

نەمساویەکی باڵا بەرزی، برۆ سپی، کە کڵاوەکەی هێنا بووە سەر چاوانی، چۆکی نابووە سەر زەوی، لە نزیکەوە تەقەی لە گریگۆری کرد. گڕی فیشەکەکە بەر روومەتی گریگۆری کەوت، بە هەموو هێزی خۆیەوە جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو نێزەکەی دەرکێشا، جەزرەبەیەکی وەهای کێشا بە کابرای نەمساویدا، نێزەکە تانیوەی چوو بە جەستەی کابرادا. گریگۆری فریا نەکەوت نێزەکەی دەربێنێتەوە. بە هۆی قورسی جەستەی کابرای نەمساوییەوە کە خەریك بوو دەکەوت، نێزەکەی لە دەست بەر بوو. بەڵام کە چاوی بە لەرزینی یارۆی نەمساوی کەوت، زانی لە حاڵی مردنو گیانەڵڵادایە. سەیری کرد چنگ بە نێزەکەدا دەکاتو بەو حاڵەوە بە پشتا کەوتو تەنیا ردێنە نەتاشراوەکەی دیار ما.

گریگۆری، قامکە سڕەکانی کردنەوەو دەسکی شمشێرەکەی گرت.

نەمساویەکان، بە کوچەو کۆڵانانی دەوروبەری شارا هەڵدەهاتن. ئەسپی قۆزاقان، لە هەنبەر ئاپۆڕای نەمساویانی خاکیپۆشدا، هەڵدەستانە سەر پاشوو.

گریگۆری، لە هەمان دەمدا کە نێزەکەی لە دەست بەر بوو، بێئەوەی خۆیشی بزانێ بۆ، سەری ئەسپەکەی وەرگێڕا. چاوی بە رەیس عورەفاکە کەوت کە بە چوار ناڵە تاوی دەداو دانەکانی جیڕ کردبوونەوە. پانایی شمشێرەکەی کێشا بە ئەسپەکەی خۆیدا، ئەسپەکە سەری هەڵبڕیو سەر لە نوێ بە کۆڵانەکەدا کەوتە رێ.

سەربازێکی نەمساوی سەرگەردان، بەبێ تفەنگ، کڵاوەکەی بە دەستەوە گرتبوو، بەلارە لار شان بەشانی موحەجەرەی باخێك غاری دەدا، گریگۆری لەپشتەوە، سەروگەردنو یەخەی ئارەقاوی قەمسەڵەکەی بەدی کرد. بەلەز خۆی گەیاندێ، شمشێرەکەی بەدەم مەستی ئەو شێتاتیەوە کە باڵی بەسەرا کێشابوو، پیرە شمشێری لێبادا. کابرای نەمساوی بە سەمتی چەپی موحەجەرەکەدا غاری دەدا، گریگۆری رێی دەستی نەبوو کە بەشمشێر داپیاچێت. لەسەر زینەکەوە خۆی دانەواند، شمشێرەکەی بۆ خوار کردەوەو کێشای بەلاجانگی کابرادا. یارۆی نەمساوی بێئەوەی هیچ هاوارێك بکات، دەستی بە زامەکەیەوە گرت، لە ناکاوا گەڕایەوەو پشتی بە موحەجەرەکەوەدا. گریگۆری، جڵەوی ئەسپەکەی رانەکێشا بوو، هەر بەو دەقەوە تاوی دەدا، پاشان دێوری کردەوەو بە هەمان رێگەدا گەڕایەوە. روخساری شێواوی چوار گۆشەی کابرای نەمساوی کە دەتگوت لەترسا درێژ بووبوو، عەینی ئاسن رەش هەڵگەڕابوو. هەردوو قوڵو باسکی بەملاو بەولایدا شۆڕ بووبوونەوە، لێوە قاوەییەکانی دەلەرزین. شمشێرەکە لاجانگی هێنا بووە خوارەوەو، عەینی پەڕۆیەکی سوور، بەسەر گۆناکانیا شۆڕ بوو بووەوە. خوێن، بەسەر جلەکانیا، دادەچۆڕا. چاوانی گریگۆری لە چاوانی کابرای نەمساوی، کە ترسی مەرگیان لێ نیشتبوو، هەڵەنگوت. کابرا، هێدی هێدی بە ئەژنۆدا دەکەوتو ناڵەیەکی بە قرخە قرخ لە گەروویەوە دەهات. گریگۆری چاوەکانی چکۆلە کردنەوە، شمشێرەکەی داهێنایەوە، کاسە سەری یارۆی نەمساوی لە ناوەڕاستەوە کرد بە دوو لەتەوە. کابرا هەردوو باسکی بڵاو کردەوەو خزیو کەوت، هەردوو لەتەکەی کاسەی سەری بە توندی کەوت بە سەڵبەندی رێگاکەدا. ئەسپەکەی گریگۆری، هەستایە سەر پاشوو، پڕمەیەکی کردو گریگۆری بۆ ناوەندی رێگاکە هەڵگرت.

دەنگی تەقە، لە کوچەو کۆڵانەکان کەم بووبوو. ئەسپێك بە قۆزاقێکی مردووەوە بەلای گریگۆریدا تێپەڕی. پێیەکی قۆزاقەکە لە ڕکێفەکە گیرا بوو و ئەسپەکە، جەندەکە ڕووت و قووت و تێکشکاوەکەی بەسەر سەلبەندی رێگاکەدا ڕادەکێشا. گریگۆری تەنیا نەوارو قەیتانە سوورەکەی ئەملاو ئەولای پانتۆڵەکەی و بلوزە سەوزە دڕاوەکەی دەبینی کە بەدەم راکێشانەوە، لەسەر سەروچاوی خڕ بوو بووەوە.

گریگۆری لە ئەسپەکەی دابەزی، دڵی تێکهەڵدەهات، سەری دەسووڕا. قۆزاقانی سریەی سێیەم کە لەم ماوەیەدا گەیی بوونە ئێرە، بە یۆرغە بەلایدا تێدەپەڕین. قۆزاقێکی برینداریان خستبووە سەر پاڵتۆکەی و دەگەڵ خۆدا دەیانبرد، تاقمێك یەخسیری نەمساویان دابووە پێش و بە تاو دەیانبردن. یەخسیرەکان وەکو ڕانێکی قاوەیی غاریان دەدا، دەنگی ناڵچەی چەکمە کورتەکانیان، یەجگار دڵتەزین و خەمناك بوو. دەموچاویان، لەبەر چاوی گریگۆری، شێواو، دەتگوت تۆپەڵە قوڕە سوورە، جڵەوی ئەسپەکەی بەردا. دابەزی و چوو بەلای ئەو سەربازە نەمساویەوە کە بەدەستی خۆی کوشتبووی. لە هەمان شوێندا، لە نزیکی ئەو نەخش و نیگارەی کە بە ئاسن،لە قەد موحەجەرەکە نەخشێنرا بوو، یەك تەختە ڕاکشابوو، دەستە قاوەییە چڵکنەکەی بەجۆرێ یان کردبووەوە لە تۆ وایە داوای سواڵ دەکات. گریگۆری تەمەشایەکی روخساری کرد. بچووك دیار بوو، وێڕای ئەوەی سمێڵێکی پڕی هەبوو، شوێنەواری مەینەتی ژیان بە روخساری شێواویەوە دیاربوو (ئیدی ئەمە هی دەردو ئازاری مەرگ بوو یان هی مەینەتی ژیانی رابردوو) هەر منداڵ دیاربوو.

ئەفسەرێکی قۆزاقی نەناسراو، کە بە سواری ئەسپ بە ناوەڕاستی جادەکەدا دەڕۆیی. هاواری کرد:

– ئەهای، تۆ! چی دەکەی؟

گریگۆری، تەمەشایەکی شەپقە تۆزاویەکەی کردو بە خاوی و دوو دڵی، وەکو ئەوەی بارێکی زۆر قورسی بەسەر شانەوە بێ، هێدی هێدی بەرەو لای ئەسپەکەی خۆی رۆیی، بێزاری و سەرگەردانی و گومان، روحیان دادەپڵۆست. دەستی بە رکێفەکەوە گرت و ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە مایەوە، هەر چەندی دەکرد نەیدەتوانی پێیە قورسەکەی هەڵبڕی و بیخاتە سەر ڕکێفەکە.

((٦))

سەربازانی یەدەکی تاتارسکی و گوندەکانی دیکەی دەوروبەری، دووەمین شەوی خۆیان لە گوندی "ئیا" بەسەر برد. قۆزاقانی گەڕەکی سەرووی تاتارسکی، لە قۆزاقانی گەڕەکی ژێری تاتارسکی جیا بووبوونەوە. بۆیە پیوتەر میلیخوف، ئانیکوشکا، خریستونیا، ستیپان ستاخوف، ئیڤان تومیلین وچەند نەفەرێکی دیکە لەیەك ماڵا یەکانگیر بوون، خاوەن ماڵ، پیرەمێردێکی باڵا بەرزی زورهان وفەڕتوس بوو کە کاتی خۆی بەشداری شەڕی تورکیای عوسمانی کردبوو، لەگەڵیاندا کەوتە گفتوگۆ.

قۆزاقەکان، لە مووبەق و ژوورەکەی پێشەوە، پەتۆکانیان ڕاخستبوو، راکشابوون، دوا جگەرەی بەر لە خەوتنیان دەکێشا.

– ئیٚ، کەواتە ئێوەی سەرباز بۆ شەڕ دەڕۆن؟

– بەڵیٚ، باپیرە بۆ شەڕ دەڕۆین.

– بێگومان ئەم شەڕە وەکو شەڕی عوسمانیان نابێت. باوەڕناکەم. چونکە ئەو چەکانەی ئەمڕۆ هەن... چەکی جیاوازن.

تومیلین، کە بێهیچ هۆیەك توورە بوو، بەدەم بۆڵە بۆڵەوە گوتی:

– رێك وەکو ئەوسا دەبیٚ. حەمام هەمان حەمامەو تاس هەمان تاسە. ئەوسا خەڵکیان کوشتووە، ئێستا دەقاو دەق هەمان کار دووبارە دەکرێتەوە.

– نەگیانە، پێویست بە هەڵچوون ناکات، ئەم شەڕە جیاواز دەبیٚ.

خریستونیا، بە نینۆك سیغارەکی کوژاندەوەو باوێشکێکی داو گوتی:

– بێگومان، جیاواز دەبیٚ.

پیوتەر میلیخوف بەدەم باوێشکەوە گوتی:

– ئێمەش، شەڕی خۆ دەکەین.

ئەوسا ئاماژەی خاچی بەسەر دەمودانیا کێشاو سەری کرد بە ژێر پاڵتۆکەی خۆیدا، پیرەمێردەکە گوتی:

– کوڕەکانم، من یەك داوام لەئێوە هەیە. داواکەم جدیە. ئەوەی من دەیڵێیم بیکەنە گوارەو لەگوێی بکەن.

پیوتەر پاڵتۆکەی لەسەر سەری لابردو گوێی هەڵخست و پیرەمێرەکە گوتی:

– یەك شتتان هەمیشە لە بیر بیٚ: ئەگەر دەتانەویٚ بە سەلامەتی لەشەڕ دەربازبن و بگەڕێنەوە، هەمیشە یاسای مرۆڤدۆستی ڕەچاوبکەن.

ستیپان ستاخوف، کە لەو سەری ژوورەکە ڕاکشا بوو، پرسی:

– کام یاسا؟

بزەیەکی گومانامێز نیشتبووە سەر لێوی، لەو رۆژەوە کە بیستبووی شەڕ هەڵدەگیرسێت، دڵی خۆشبوو، رووی گەشابووەوە. شەڕ بێداری کردبووەوە، ئازارو نیگەرانی خۆی لە ئازارو مەینەتی خەڵکانی دیدا فەرامۆش دەکرد.

– کام یاسای مرۆڤدۆستی؟ مەبەستم ئەمەیە: لە شەڕا ماڵی خەڵکی تالاٚن مەکەن، ئەمە یەك. ئەگەر لە خوا دەترسن، دەست درێژی مەکەنە سەر ژنان، ئەمە دوو، جگە لەوانە دەبیٚ هەندیٚ دوعاو نزای تایبەتیش بزانن و بخوێنن.

قۆزاقەکان، لەسەر پەتۆکانیانەوە کەوتنە جوڵەجوڵ و هەموو پێکەوە کەوتنە قسەکردن.

– پیاو ماڵی خۆی پێدەپارێزریٚ تاچاوی لە ماڵی خەڵکی دی بیٚ...

– بۆچی دەست بۆ ژنان نەبەین؟ هیچ پیاوێك ناتوانیٚ بە زۆر ژن ناچاربکات، بەلاٚم ئەی ئەگەر خۆی بیخوریٚ؟

– پیاو خۆی پێزەفت ناکرێ.

– راستە.

– ئەدی دوعایەکان چین؟

پیرەمێردەکە مۆڕەیەکی لێکردن و وەڵامی هەموویانی دایەوە:

– نابی هەرگیز دەست بۆ ژنان بەرن! ئەگەر نەتوانن جڵەوی نەفستان بگرن، سەرتان لە دەست دەدەن، یان زامداردەبن. هەنگێ پەشیمان دەبنەوەو پەشیمانیش دادتان نادات. سەبارەت بەدوعاکانش ئێستا پێتانی دەڵێم. من لە هەموو شەڕەکانی عوسمانیاندا بووم و مەرگ وەکو هەگبە دایمە بەسەر شانمەوە بوو، بەڵام بە بەرەکەتی ئەو دوعایانە بە ساغ و سەلامەتی دەرباز بووم.

پیرەمێرەکە چوو بۆ ژوورەکەی دی، دەستی بە ژێر ئیکۆنەکەدا گێڕا، بە پارچە کاغەزێکی چرچ و لۆچی قاوەییەوە گەڕایەوە.

– دەی هەستن و بیان نووسنەوە. سبەینێ پێش بانگی کەڵەشێری بەیانی، دەڕۆن، وا نییە؟

پیرەمێردەکە، کاغەزەکەی بەخشەخش، لەسەر مێزەکە بڵاوکردەوەو بە ناولەپ سافی کردو چووە دەرێ. ئانیکوشا لە پێش هەموویانەوە هەستا. شولەی مۆمەکە، کە بەدەم ئەو بایەوە کە لە درزی پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورێ، سەمای دەکردو سێبەرێکی لەرزۆکی دەخستە سەر روخساری لووس و ژنانەی،هەموویان، جگە لە ستیپان، هەستان و کەوتنە نووسینەوەی دوعایەکان. ئانیکوشا، لەوانی دی زووتر کاری خۆی تەواو کرد، کاغەزەکەی، کە لە دەفتەرێکی دەرهێنا بوو قەدو نووشت کردو لە پەتی خاچەکەی ملی بەست. ستیپان، کەوتە گاڵتەپێکردنی.

– هێلانەیەکی باشت بۆ رشك و ئەسپێیان دروست کردووە، نەیاندەتوانی لەسەر پەتی خاچەکە گەرا بخەن و زیاد بکەن. ئەم هێلانەیە زۆر باشە!

پیرەمێردەکە، بە گرژی قسەکەی پێبڕی:

– کوڕۆ، ئەگەر خۆت ئیمانت نییە، دەمت بگرەو قسان مەکە! رێ لە خەڵکی دی مەگرەو گاڵتە بە ئاین مەکە. خراپە، گوناحە.

ستیپان بزەیەکی بۆ کردو بێدەنگ بوو. ئانیکوشکا، بۆ ئەوەی دلچی پیرەمێردەکە بداتەوە، پرسی:

– لەم دوعایەدا، باسی نێزەو تیروکەوان دەکرێ، هۆی ئەمە چیە؟

– ئەم دوعایە دوعای جەنگە، کۆنە، لە زەمانی ئێمەدا نەنووسراوە. باپیرەی رەحمەتیم، لە باپیرەیەوە بۆ ماوەتەوە. رەنگە لەوەش کۆنتر بێ. لە کۆنا خەڵکی بە نێزەو تیروکەوان شەڕیان کردووە.

ئەو دوعایانەی کە قۆزاقەکان نووسیانەوە، سێ دوعا بوون، ئیدی هەر کەسەو ئەو دوعایەی هەڵدەبژارد کە بە دڵی بوو.

(دوعای گوللە بەند)

"خودایا، لێم مەگرە. بمبورە. تاوێرێکی سپی بەسەر کێوێکەوەیە، بەقەد ئەسپێك دەبێ، وەکو چۆن ئاو کار لە تاوێرەکە ناکات، بە تاوێرەکەدا رۆناچێ، کارێ بکە کە تیرو گوللە نە منی بەندەی تۆ، نە هاوڕێ جەنگاوەرەکانم، نە ئەسپەکەم نەبڕێ. وەکو چۆن چەکوش لەسەر سندان هەڵدەستێتەوە، بفەرما تا گوللە لە من هەڵسێتەوە. وەکو چۆن بەرداش دەسوڕێتەوە، بفەرما کە تیرەکە بەو ئاوایە بە دەورما بسوڕێتەوەو نەم پێکێ. بە هەتاوو مانگ بفەرموو تا ورە بە منی بەندەت ببەخشن. لە پشت ئەم چیایەوە قەڵایەك هەیەو ئەم قەڵایە داخراوەو من کلیلەکانی تووڕ دەدەمە دەریاوە. دەیانخەمە ژێر تاوێرە سپیە گەرمەکەوە کە "ئالتوور"ی ناوە، تا نە جادووبازو ژنەکەی، نەڕەبەن و نە ڕەبەنیتە چاویان پێی نەکەوێتەوە. وەکو چۆن ئاوی دەریا لە بن نایەت، دەنکی زەردی زیخ و لم لە ژماردن نایەت، بەو ئاوایە بە کەرەمی خۆت بفەرما کە هیچ شت و هیچ کەسێك نەتوانێ ئاسیو بە منی بەندەی تۆ بگەیەنێ، ئەی باوك و کوڕو روحی قودس، بمپارێزن، ئامین!".

(دوعای جەنگ.)

"دەریایەکی گەورە هەیە، لەم دەریا مەزنەدا تاوێرێکی سپی هەیە، کە ناوی "ئەلتوور"ە. پیاوێکی بەردینی باڵابەرزی تۆکمەو بەهێز بەسەر ئەم تاوێرەوە هەیە. خودایا، منی بەندەی خۆت و هاوڕێکانم بەو تاوێرە لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا، لە ئەرزەوە تا ئاسمانی داپۆشە. لە شمشێری تیژو نێزەی پۆڵایین، لە خەنجەری جەوهەردارو بێجەوهەر، لە کێردو تەورزین، لە گوللەی قورقوشمین و چەکێن کوشندەی دیکە، لە هەموو ئەو تیرانەی کە پەڕی هەڵۆو قوو و قازو قورینگ و قەلەڕەشیان لێ بەستووە بمان پارێزە. لە پەلاماری تورکان، لە هێرشی تاتارانی قرم و نەمساویان، لە دژمنانی لیتوانی و ئاڵمانی و کالموکانمان بپارێزە. ئەی باوکانی پیرۆز، ئەی هێزێن ئاسمانی، من، کە بەندەی خوام داڵدە بدەن. ئامین!"

(دوعای کاتی هێرش)

"ئەی فەرمانڕەوانی باڵا، شابانۆی پاك و بێگەردی ئاسمان، دایکی پیرۆزی خودا، ئەی پەروەردگاری ئێمە عیسا مەسیح، خودایا، رەحم لەم بەندەیەت کە دەچێتە شەڕ، لە هاوڕێکانی کە لەگەڵ ئەودا دەچنە شەڕ، بکە، راوەستاویان بکە، دەست بە باڵیانەوە بگرە، لە هەورێکمانەوە بپێچە، دیوارێکی بەردینی ئاسمانی و پیرۆزمان لە دەور بکێشە. تۆ ئەی دیمیتری پیرۆز، کوڕە وەفادارەکەی شاری سالونیك، منی بەندەی خواو هاوڕێکانم لە هەر چوارنکالەوە بپارێزە، پەنامان بدە.

مەیەڵە، شەڕەنگێزو بەدکاران بەر فیشەکانمان بدەن، بە نێزە تێمان بەربن، یان بە تەورزین دامان پاچن و سەرمان بشکێنن، بە کێردو تەوران تێمان بکەون، یان بە شمشێر لەتمان بکەن و سەرمان ببڕن، یان بە کێرد قوڕگمان هەڵبڕن و خوێنمان بڕێژن. نە گەورەو نە بچووك، نە ڕەش و نە سپی، نە زەندیق و نەجادووباز خوێنمان بڕێژن. منی بەندەی خوا، هەتیوی بێکەس و بێپشت و پەنا. لە دەریای مەزندا، لە دوڕگەی "بویان"دا ئەستوونێکی ئاسنین هەیە،و لەسەر ئەو ئەستوونە پیاوێکی ئاسنین، خۆی بەسەر گاڵۆکێکی ئاسنیندا داوە، ئەوە کە فەرمان بە ئاسن و

پۆڵاو قوڕقوشم و هەموو جۆرە گوللەیەك دەدات: "ئەی ئاسن، بگەڕێوە بۆ لای دایکت کە زەویەو لە منی بەندەی خواو هاوڕێکانم و ئەسپەکەم دوور بکەوە. ئەی تیر، کە لە داریان داتاشیوویت، بگەڕێوە بۆ باوەشی لێڕەوار، تۆ ئەی پەڕ بگەڕێوە بۆ لای دایکت کە باڵندەیە، تۆ ئەی غەرەو هێلم بگەڕێوە بۆ لای ماسی."

من کە بەندەی خوام، بە قەڵغان و سپەرێکی زێڕین لە شمشێرو گوللە، لە تۆپ و هاوەن، لە نێزەو کێردان بپارێزەو بمگرە ژێر بالی خۆت. خودایا جەستەم لەوە بتەوتر بکە، کە چەك بیبڕێت، ئامین!".

قۆزاقەکان، دوعاکانیان لە ژێر کراسەکانیانەوە، بەپەتی خاچەکان یان ئەو ئیکۆنە چکۆلانەوە کە دایکیان وەکو تەبەڕوك پێیان دابوون یان ئەو کیسە چکۆلانەی کە تۆزێك لە خاك و خۆڵی زاگەی خۆیان تێکردبوو، بەست. بەڵام مەرگ، هەر هەموویانی، چ ئەوانەی دوعایان پێبوو و چ ئەوانەی پێیان نەبوو، بە هەمان نەفەسەوە ڕادەماڵی. جەستەی بێگیانیان لە پێدەشتەکانی گالیسی و پروسیای رۆژهەڵات، لە چیاکانی کارپات و رۆمانیادا لە هەر شوێنێکا ئاگری جەنگ هەڵایسا بوو و، جێ سمی ئەسپی قۆزاقانی لێنەخشا بوو، لەخاك و خۆڵ گەوزا بوو و بۆنی کردبوو.

((٧))

وا بـاوبوو قۆزاقـانی ئـاکنجی گونـدەکانی دۆنـی ژووری – وەکـو ئالانسـکایا، ڤیشنسـکایا، میگولینسـکایا و کازانسـکایا– لـە هـەردوو کەتیبـەی یازدەیـەم و دوازدەیـەمی قۆزاقـدا یـان لـە کەتیبـەی ئاتامانسکی گـاردی تزاریـدا، خزمـەتی سـەربازی خۆ بکـەن، کەچی لـە وەجبـەی سـاڵی ١٩١٤دا، بەشێك لـەلاوانی سـتانی ڤیشنسـکایا، کـە بـۆ خزمـەتی عەسـکەری داوا کـرا وون، لەبـەر هۆیـەکی نادیـار، رەوانـەی کەتیبـەی سـێیەمی قۆزاقـانی دۆن کـران، کـە کەتیبـەی (یرمـاك تیموفیـوفیچ)ی نـاوبوو. زۆربـەی سـەربازانی ئـەم کەتیبەیـە، لـە قۆزاقـانی ناوچـەی ئوسـت میدڤـد تیسکایا، بوون. یەکێك لەوانەی روانەی ئەوێندەر کرا بوون میتکا کورشونوف بوو.

ئەم کەتیبەیە، دەگەڵ چەند یەکەیەکی تیپی سوارەی سێیەمدا، لە ڤیلنو هەڵیدابوو. لە مانگی حوزەیراندا، هەموو سریەکان لە شار وەدەرکەوتن، تا لە گوندا هەڵبدەن و ئەسپەکانیان لە وێنجەی تازەدا ببەستنەوە.

رۆژێکی بە تەموغوماری گەرمی هاوین بوو، گەواڵە هەور بە ئاسمانەوە، بەری هەتاویان گرتبوو، کەتیبەکە بە ریز رێی دەکرد، دەستەی مۆزیك لە پێشی پێشەوە کردبوویان بە هەراو هەنگامە. ئەفسەرەکان، بە کاسکێتی سووکی فەرمی هاوینەو بە قەمسەڵەی هاوینەوە لە دواوە رێیان دەکرد. دووکەڵی جگەرە بەسەر سەریانەوە، وەکو هەورێکی شین پەنگی دەخواردەوە.

جووتیـاران، دەگـەڵ ژنـەکانیانا کـە جلـی جـوان و رەنگـاو رەنگیـان لەبـەرکردبوو، لـەم بـەرو لەوبـەری رێگاکـەوە، دروێنـەی گیایـان دەکـرد. کـە ریـزە سـەربازەکان بەلایانـدا دەڕۆییشـتن، جووتیارەکان دەوەستان و دەستیان دەکرد بە سێبەر بۆ چاویان و تەمەشایان دەکرد. ئەسپەکان

لە گەرما شەلاڵی ئارەقە بوو بوون، کەفێکی زەرد لە بەینی لاقیان کۆ بوو بووەوە. ئەو شنە بایەی کە لە باشووری ڕۆژئاواوە دەهات، نەیدەتوانی فێنکیان بکاتەوەو ئارەقەکەیان وشك بکاتەوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە گەرما نسارەکەی زیاتر دەکرد.

لە نیوەی ڕێدا، لەنزیکی گوندێکی چکۆلەدا، جوانوویەکی یەکساڵە، لە پشت پەرژینێکەوە دەردەپەڕێ، کە چاوی بەم هەموو ئەسپە دەکەوێ، بەدەم حیلاندنەوە خۆی دەگەیەنێتە بەردەم سریەی سوارەی پێنجەم. کلکە چکۆلە تووکنەکەی بەلایەکا بەرزکردبووەوە و تەپوتۆزی ژێر سمە جوانەکانی وەکو خۆڵەمێش دەچوو بە ئاسماناو لەسەر گیایە پێخوستەکان دەنیشتەوە. نەوەستایەوە تا خۆی گەیاندە دەستەی یەکەمی سریەکەو بە دەم گەمەوە سەری وەناو گەڵی ئەسپەکەی ڕەیس عورەفادا کرد. ئەسپەکە پاشووی هەڵبڕی، بەڵام وادیار بوو، بەزەیی بە جوانووەکەدا هاتەوەو جووتەی لێنەوەشاند. ڕەیس عورەفاکە، قامچیەکەی بادا، تێی خوڕی:

– لاکەوە، شێتە!

قۆزاقەکان کە بەو دیمەنە باوە، ماڵ و کەسو کاری خۆیان بیر کەوتبووە، زۆر خۆشحاڵ بوون و لە قاقای پێکەنینیان دا. پاشان شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووی دا. جوانووەکە بەچاو قایمی خۆی، خۆی بەبەینی ریزی قۆزاقەکاندا کرد، ریزی فەسیڵەکە شێوا. ئەسپەکان، وێڕای فریادی سوارەکان، جەنەیان دەبەست و لە جێی خۆ نەدەجوڵان. جوانووەکە کە کەوتبووە بەینی ئەسپەکانەوە، لابەلا دەڕۆیی و هەوڵیدەدا قەپاڵ لە نزیکترین ئەسپ بگرێت.

فەرماندەی سریەکە بە چوار ناڵە هات!

– ئەمە چیە، چی قەوماوە؟

ئەسپەکان، دەیان پڕماند، بەلاچاو دەیانڕوانیە جوانووە سەرگەردانەکە، قۆزاقەکان، بەدەم زەردەخەنەوە، قامچیان لێرادەوەشاندو دەیانویست لە خۆیانی دووربخەنەوە. فەسیڵەکە بەتەواوەتی شپرزەو پەریشان بووبوو، فەسیڵەکانی دی لە دواوە دەهاتن و دەڵەکیان دەدا. فەرماندەی دەستەکە لەوسەری ریزەکەوە، بەوپەڕی توڕەیی بە چوار ناڵە خۆی گەیاندە ئەوێ.

فەرماندەی سریەکە، سەری ئەسپەکەی بادایەوەو خۆی گەیاندە ئاپۆڕاکەو تێی خوڕین:

– ئەرێ ئەم بەزمە چیە؟

– ئەم جوانووە...

– خۆی بە ناومانا کردووە...

– ئەم بەدفەڕە لە کۆڵمان نابێتەوە.

– دەی بەرقامچی بدە! چاوەڕوانی چیدەکەی؟

قۆزاقەکان، بەسەرو رووی خەتاکارانەوە، بزەیان دەهاتیّ و جڵەوی ئەسپەکانیان ڕادەکێشاو دەیانویست کۆنترۆڵیان بکەن.

– ڕەیس عورەفا، ئەفسەر! ئەمە چیە، دەستەکانتان ڕێك بخەنەوە، هەر ئەمەمان مابوو!... نۆبەتی ئەو قەوانەیە...

فەرماندەی سریەکە، لەویٚ دوور کەوتەوە، ئەسپەکەی سەر سمێکی دا، پاشووەکانی، چوون بە چاڵێکی کەنار جادەکەدا. فەرماندە مامێزێکی لێدا، ئەسپەکە بەتەکانێك بەسەر چاڵەکەدا بازی داو خۆی گەیاندە سەر تەپۆلکەیەك کە پەکپارچە ڕێحانەی ڕۆمی‌و بابونەی زەردبوو. ئەفسەرەکان کەمێك لەولاترەوە وەستابوون، سەرهەنگی دووەم، سەری بردبووە دواوەو زەمزەمیەکەی (مەتارە) نابوو بە دەمیەوە،سەری بە پشتا بردبوو و ئاوی دەخواردەوە. دەستێکی بە نەرم‌و نیانی‌و سۆزەوە نابووە سەر قەڵپوسە بزمارڕێژەکەی زینەکە .

ڕەیس عورەفاکە، دەستەکەی کرد بە دوو بەشەوە، بە دەم جنێودانەوە جوانووەکەی لەسەر ڕێگاکە دوورخستەوە. دەستەکە دووبارە ڕێزیان بەستەوەو ڕەوتی خۆیان وەرگرتەوە. سەدو پەنجا جووت چاو، تەمەشای ڕەیس عورەفاکەیان دەکرد، کە لەسەر ڕکێفەکانی بە پێوە وەستا بوو و بە دەم ڕەوتەوە، جوانووەکەی دەردەکردو دووردەخستەوە. جوانووەکە هەندێجار دەوەستاو تەنیشتی خۆی، کە تەرسی پێوە وشك بوو بووەوە، لە تەنیشتی ئەسپە زەلامەکەی ڕەیس عورەفا هەڵدەسوو، ئەوجا لە ناکاوا کلکی، کە لە فلچە دەچوو، کلافە دەکردو هەڵیدەتیزان. ڕەیس عورەفا هەرچی دەکردو دەکۆشا، بۆی نەدەلوا، شەلاقەکەی بگەیەنێتە گازەرای پشتی‌و بیتەزێنیٚ، هەرجاریٚ، کە جەزرەبەیەکی دەگەیاندە کلکی، کلکی شۆڕ دەکردەوەو پاش تۆزێکی دی سەر لە نویٚ کلکی کلافە دەکردەوەو وەکو با بۆی دەردەچوو.

هەموو سەربازانی سریەکە، بە ئەفسەرەکانیشەوە پێدەکەنین. تەنانەت بزەیەکی کاڵ بە روخساری نەقیبە گرژو مۆنەکەشەوە دیاربوو.

میتکا کورشونوف لە ریزی سێیەمی دەستەکەی پێشەوە، شان بە شانی میخائیل ئیڤانکوڤ خەڵکی گوندی گارگینی ناوچەی ڤیشنسکایاو کوزماکریوچکوڤ خەڵکی ئوست خوپرسکایا ڕێی دەکرد. میخائیل و کوزما هەردووکیان خەڵکی گوندەکانی دۆنی ژووری بوون. ئیڤانکوف، کابرایەکی سەر زلی ناوشان پان بوو. هەمیشە بێدەنگ بوو. کریوچکوف، کە قۆزاقێکی شان کووری، دەموچاو ئاوڵاوی بوو و نازناوی "وشتر"یان لێنا بوو، بەردەوام سەری دەخستە سەر میتکا. ئەم کریۆچکوفە سەربازی "ئەقدەم" بوو، یانی لە دوا ساڵی خزمەتی سەربازی خۆیدا بوو. بەگوێرەی داب‌و نەریتی نەنووسراوی کەتیبەکە، وەکو هەموو سەربازە ئەقدەمەکان ماڤ ئەوەی هەبوو ئەمر بەسەر سەربازانی "تازە"دا بکات، لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات، تاقیببان بکات‌و لەسەر بچووکترین سەرپێچی بەر شەلاقیان بدات. سزای تازە قۆزاقانی خەتاکاری دەورەی ١٩١٣ بریتی بوو لە سیازدە جەڵدە، هی دورەی ١٩١٤ بریتی بوو لە چواردە جەڵدە (شەلاخ، شەلاق). هەڵبەتە عەریف‌و ئەفسەرەکان، پشتیوانیان لەم ڕێو ڕەسم‌و دابە دەکردو، باوەڕیان وابوو ئەم شێوازە، قۆزاقەکان لەسەر ڕێزگرتنی هەم دەرەجەداران‌و پلەداران‌و، هەم ئەوانەش رادێنیٚ کە بەتەمەن لە خۆیان گەورەترین.

کریوچکۆف، کە تازە بوو بوو بە نایب عەیف، بە شان‌و شەپیلکی خوارو پشتی کووڕەوە، عەینی باڵندە، لەسەر زینەکە هەڵکوڕما بوو. چاوی بڕییە پەڵە هەورێکی هەڵکفاوی سپیواژ، بە

چاولێکەری شێوەی قسەکردنی دەستکردی نەقیب پایوف فەرماندەی سریەکە، لە میتکای پرسی:

– ها! کورشونوف، پێم .. ب .. ڵێ فەرماندەی سریەکەمان نا... و ...ی چیە؟

میتکا کە تا ئێستا، بە هۆی سەرکێشی و نا فەرمانی خۆیەوە، چەندینجار، شەلاقی خواردبوو، خۆی فەقیر کردو بەرسڤی دایەوە:

– نەقیب پایوف، جەنابی نایب عەریف!

– چی؟

– نەقیب پوبوف!

– مەبەستم ئەمە نییە. پێم بڵێ ئێمەی قۆزاق لە بەینی خۆمانا بە چ ناوێك، ناوی دەبەین؟

ئیڤانکوف، چاوێکی لە میتکا داگرت و بزەیەکی بۆ کرد. میتکا ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوەو بینی نەقیب پویوف خەریکە لەوان نزیك دەبێتەوە.

– دەخێرا وەڵامم بدەوە!

– بە نەقیب پایوف ناوی دەبەن، جەنابی نایب عەریف

– چواردە جەڵدە، قسە بکە،گەماڵ باوك!

– نازانم، جەنابی نایب عەریف!

کریوچکۆف، بە شێوەی ئاسایی خۆی گوتی:

– راوەستە با ئۆردوبەز بکەین، هەنگێ نیشانتی دەدەم، پەراسووت دەشکێنم، کە پرسیارت لێدەکەن، وەڵامی بدەوە!

– نازانم!

– چۆن، چەپەڵ، یانی تۆ نازانی بە چ لەقەبێك ناوی دەبەین؟

میتکا، گوێی لە دەنگی هەنگاوی ئەسپەکەی نەقیب بوو کە هێدی هێدی لە دوایانەوە دەهات، بۆیە هیچی نەدەگوت.

– ها؟

کریوچکوف، لە داخا چاوەکانی دەتروکاند.

لە ریزەکانی دوای ئەوانەوە، پڕمەی پێکەنینێکی خنکاو بەرز بووەوە. کریوچکوف، کە هۆی ئەم پێکەنینەی نەدەزانی، وای وێنا دەکرد بەو پێدەکەنن، بۆیە زۆر تووڕە بوو، بۆڵاندی:

– کورشونوف، ئاگادار بە ها!... هەرکە بگەینە ئۆردوگا، پەنجا شەلاقت بۆ دەبڕمەوە.

میتکا، شانەکانی هەڵتەکاندن و بە ناچاری گوتی:

– قوون ڕەش.

– وای ناو دەبەن، ها!

دەنگێك لە دواوە هات:

– کریوچکوف!

نایب عەریف کریوچکۆف، سەربازی (ئەقدەم) لەسەر زینەکە ڕاچڵەکی و سەری قوت کردەوە، نەقیب پوپوف ئەسپەکەی خۆی گەیاندە شان بە شانی ئەسپەکەی کریوچکوف و گوتی:

– ئەم قسە چیە هی نامەرد؟ ئەم قۆزاقە تازەیە فێری چیدەکەی؟.

کریوچکوف، کەوتە چاوتروکاندن، گۆناکانی لە تەریقیدا عەینی شەراب سوور هەڵگەڕان، ئەوانەی دوایانەوە دەستیان بە پێکەنین کرد.

نەقیب، نینۆکە درێژو تیژەکەی قامکە تووتەی خۆی لە بەر کەپووی کریوچکۆفدا ڕاگرت و گوتی:

– پار کێم تەمبێ کرد؟ ئەم نینۆکەم لە دەم و دانی کیهە سەگبابدا شکاند؟

ئەوجا بەدەم سمێڵ جوڵاندنەوە گوتی:

– جارێکی دی گوێم لە شتی وا نەبێ ها! تێگەیشتی؟

– بەڵێ جەنابی نەقیب تێگەیشتم.

نەقیب، دوای تۆزێك ، لە ریزەکە لاکەوت تا سریەکە بڕوات. هەردوو کەتیبەی چوارەم و پێنجەم کەوتنە یورغە. نەقیبەکەش فەرمانی  بە سریەکەی خۆی دا کە هەڵکەنە یۆرغە.

کریوچکوف، قایشی و قروشی شمشێرەکەی ڕێکخست، نیگایەکی نەقیبەکەی کرد، کە لە دواوە هێدی هێدی دەهات. بەسەرسامی سەرێکی لەقاند:

– ئەرێ ئەم قوون ڕەشە، لە کوێوە پەیدا بوو؟

ئیڤانکوڤ، کە لە پێکەنینا ئارەقەی کرد بووەوە، گوتی:

– ماوەیەك بوو کە لە دوامانەوە دەهات. گوێی لە هەموو قسەکان بوو، بێگومان زانی کە باسی چیتان دەکرد.

– دەبوایە ئاماژەیەکت بۆ کربادم، گەوجە.

– من هەقم چیە؟

– هەقت چیە؟ ها. بڕۆ چواردە جەڵدە، بە لەشی رووتیش!

کاتێ کەتیبەکە گەییە مەنزڵ، سریەکان، لە ناو کێڵگە و موڵکەکانی ئەو دەڤەرەدا ئۆردوبەزیان کرد (جێگەی دابەزین و ئیسراحەتی لەشکر). قۆزاقەکان، بە رۆژەوە، وێنجەو گیایان بۆ خاوەن مەزراو موڵکەکان درویێنە دەکرد، بەشەو، دوای ئەوەی ئەسپەکانیان پاوەن دەکردو، دەیانکردنە ئەو سەوزەزارانەی کە بۆیان دیاری کرابوو. بە خۆشیان بەدیار ئاگرەوە وەرەقبازیان دەکرد، حیکایەت و چیرۆك و نوکتەیان دەگێڕایەوە.

سریەی شەشەم، لە زەوی و زاری شنایدەر ناوێکی موڵکداری پۆڵەندیدا، کاریان دەکرد. ئەفسەرەکان لە خانوویەکی تایبەتیدا ئاکنجی بوون، لەوێ بۆخۆ قوماریان دەکرد، دەیانخواردەوەو دەوروی خولی کیژی پێشکارەکەیان دەدا. سەربازەکان لە سێ فرسەخی ئەوێندەرا هەڵیاندا بوو. هەموو بەیانیەك جەنابی پێشکار بە عەرەبانەیەکی سووکی تاك ئەسپە، دەهات بۆ لایان. ئاغای پۆلاندی قەڵەو، بەڕێزو حورمەت، بۆ ئەوەی سڕی پێی دەربکات، لە

گالیسکەکە دادەبەزیو شەپقە سپیە ریشودارەکەی بۆ قۆزاقەکان بەرز دەکردەوەو سلاوی لێدەکردن. قۆزاقەکانیش کە بە کراسی سپییەوە، سەرقاڵی کاربوون، بانگیان دەکرد.

– پان، وەرە دروێنەمان لەگەڵ بکە. (پان: بە زمانی پۆلاندی دەکاتە: ئاغا).

– وەرە کەمێ خۆت لاواز بکە!

– داسێك بگرە بە دەستەوەو کەمێك خۆت ماندوو بکە، دەنا ئیفلیج دەبێت.

یارۆی پۆلاندی، بەوپەڕی خوێنساردی بزەیەکی بۆ دەکرد، بە دەستەسڕە گوڵدۆزیەکەی، سەرە رووتاوە، پەمەییەکەی دەسڕی. پاشان دەگەڵ رەیس عورەفاکەدا دەڕۆیی، تا ئەو وێنجەزارانەی تری، پیشان بدات کە دەبوایە دروێنە بکرێن.

لە نێوەڕۆدا، ماموٚرانی ئاشپەزخانەی مەیدانی دەهاتن. قۆزاقەکان دەستو چاویان دەشتو دەچوون، جیرەی (بەشە نانو خۆراك) خۆیان وەردەگرت. بە بێدەنگی نانەکەیان دەخوارد، بەلام لە ماوەی نیو سەعاتی ئیسراحەتەکەیاندا، سەری قسەیان دادەمەزراندو نەیان دەبڕییەوە:

– گیای ئێرە، لە چاو هی پێدەشتەکەی لای خۆمانا، پولێکی قەڵب نایەنێ، هەر هیچ نییە.

– تەقریبەن هیچ جۆرە تەیرێکی تیانیە.

– ئێستا لای خۆمان، لە کەنارەکانی دۆندا، لە دروێنەی گیای بوونەتەوە.

– ئێمەش بەم زوانە لێدەبینەوە. دوێنێ یەکی مانگ بوو، لەم رۆژانەدا باران دەبارێ.

– ئەم پۆلاندیانە چەند پیسکەن! یارۆ دەیتوانی، لە بری ئەم زەحمەتەی بۆی دەکیشین، سەرو قاپ ڤۆدگای پێ بداینایە.

– هو، هو! ئامادەیە دەستو پێی ببڕن، بەلام تەکلیفی شتی وای لێنەکەن.

– خۆ بە خۆڕایی نەیانگوتووە: قاز تا قەڵەوتر بێ قوونی تەسکتر دەبێ.

– کێ، کیژەکەی ئاغای لێرە دیتووە؟

– بۆچی دەپرسیت؟

– بەڕاستی پارچەیەکی نایابە!

– راست دەکەی...

– من حەز دەکەم بە خواردن بیخۆم...

– نازانم چەند راستە، گوایە ماڵباتی شاهنشایی خوازبێنیان کردووە.

– دیارە، ئەم پارووە خواردنی هەموو پیاوێ نییە.

– کوڕینە، پێرێ بیستم کە گوایە قەرارە تزار بێت سەردانی ئێرە بکات.

– پشیلە کە بێکار دەبێ، یاری بە کلکی دەکات...

– تاراس، دەمت لێکنە!

– مژێکم لەو جگەرەیەت دەدەیتێ؟

– تەحا کە ڕوو قایمی! دەڵێی سواڵکەری بەر کلێساکانی،

– کوڕینە، تەمەشا بکەن، فیدوتکا نەفەس لە سەبیلەکەی دەدا، بەلام هیچی تیا نیە.

– هەمووی سووتووە.

– چاوت بکەوە، باشتر تەمەشا بکە، لە ناوەوە هێندە گەرمە، دەڵێی ناولنگی ئافرەتە.

هەموو لەسەر سك ڕاکشا بوون و سەبیلیان دەکێشا. پشتیان لەبەر تیشکی هەتاودا سوور بوو بووەوە. کەمێك لەولاترەوە چەند سەربازێکی ئەقدەم، پرس وجۆیان لە سەربازێکی تازە دەکرد:

– خەڵکی کوێی؟

– ئیلانسکایا.

– ئەو شوێنەی کە خوێڵێنی هەیە؟

– بەڵێ.

– لە گوندی ئێوە خوێ بە چی دەگوازنەوە؟

کوزما کریوچکوف، لەو نزیکانەوە، لەسەر جلە ئەسپێك ڕاکشا بوو، بێتاقەت دیار بوو. سمێڵە تەنکەکەی لە قامکی دەئالآند، تازە سەربازەکە گوتی:

– بە ئەسپ.

– بەچی تر؟

– بە گا.

– ئەدی ماسی لە قرمەوە بە چی دەگوازنەوە؟ بە جۆرە حەیوانێك کە دوو کۆپەوانەی هەن و عاگول(وشترالوك) دەخوات: ئەو حەیوانە چی پێدەگوترێ؟

– وشتر.

– ها، ها! ها!

کریوچکوف، بە سستی لە جێی خۆی هەستا. وەکو وشتر بە شان و شەپیلکی خواروو پشتی کووڕەوە، بە گەردنە قاوەییە زەعفەرانیەکەیەوە، بەرەو لای تازە سەربازە تاوانبارەکە ڕۆیی، نیتاقەکەی کردەوە، ئەمری بە تازە سەربازەکە کرد:

– لەسەر دەم ڕاکشێ.

لە بولێڵی ئێوارەیەکی گەرمی مانگی حوزەیراندا، قۆزاقەکان لە کەناری ئەو ئاگرەی کە لەو دەرودەشتە کردبوویانەوە، خڕ بوونەوەو بەرە بەرە دەستیان بە گۆرانی چڕین کرد:

کابرایەکی قۆزاقی
سواری ئەسپە رەشەکەی بوو
بەرەو دیاری غەریبی
گوندو زاگەی خۆی
بە جێهێشت بۆ یەکجاری.

لێرەدا، کۆرسێك، بە دەنگێکی بەرز، خەمین، بۆی سەندەوە:

– ئیدی جاریکی دی ناگەڕێتەوە.

دەنگی یەکەم، بەرە بەرە بەرزو بەرزتر دەبێتەوەو دەگاتە هەستیارترین بەش:

هەمو ئێوارەو هەموو بەیانیەك
ژنە گەنجەکەی

بێهودە چاوی دەبڕیە سەمتی چەپ
چاوەڕوان بوو، کە مێردە ئازیزەکەی
لە وڵات و دیاری غوربەتەوە
بۆ زێدو مەفتەن بگەڕێتەوە.

لەم بەینەدا، زۆر کەسی دی، هەڵیاندەکردە گۆرانی و دەنگی زوڵاڵیان عەینی بیرەی خۆماڵی، تەزووی ئارامیان بەگیان دەبەخشی:

لەوێ، لەو دیوی چیا باگرەکانەوە
لەوێ، زستانان کە بەفرو بەستەڵەک
هاڕە دەکات و دادەخزێ
لەوێ، کە سنۆبەرو دارکاژان بەدەم
باوە، خۆ دەهەژێنن.
ئێسک و پروسکی قۆزاقان لە ژێر
بەفرا، یەک تەختە راکشاوە.

ئیدی بەو جۆرە، چیرۆکی سادەی ژیانی قۆزاقانیان دەگێڕایەوە. هەنگێ، دەنگێکی ناسک، وەکو چۆن کلاوکوڕەیەک، لە بەهارا، کە بەفرو بەستەڵەک دەتوێتەوە، بەدەم باڵەفرێوە، بەسەر کێڵگەیەکدا دەچریکێنێ، بەو ئاوایە بەرز بووەوە:

کابرای قۆزاق، بەدەم دوا هەناسەی گیانەڵلاوە
هاواری کرد، پاڕایەوە
کە کۆمەڵێک خاک و خۆڵ
لەسەر گۆڕەکەی کەڵەکە بکەن.

دەنگی کۆرسەکە، وەکو ئەوەی بۆی بگرین، تێکەڵ بە تاک دەنگەکە بوو:

با بۆ هەتا هەتایە دیار بێ
دار ئەرخەوانێکی وڵاتی خۆی
لەسەر بچێنن
تا بڕوێت و بەدیار سەریەوە
شکۆفە بکات.

لە دەوری ئاگرێکی دی، کۆمەڵێکی کەمتر دانیشتبوون و گۆرانیەکی تریان دەگوت:

لە دەریای خرۆشاوی ئازۆفەوە
کەشتیان بە رووباری دۆندا دێن
چونکە ئاتامانێکی گەنج
بۆ زێدی باب و باپیرانی
دەگەڕێتەوە.

لە دەوری ئاگرێکی دیکەدا، حیکایەتخوانی سریەکە، کە دووکەڵی ئاگرەکە دەچوو بەدەم و لووتیاو دەیهێنایە کۆکەکۆك، خەریك بوو سەری حیکایەت و سەربهووردێکی دڵگیری دادەمەزراند. قۆزاقەکانی دەوروبەری، بە تاسەو تامەزرۆییەوە گوێیان لێدەگرت، تەنیا هەندێجار نەبێ، کە قارەمانی حیکایەتەکە بە تەڕدەستیەکی (چاپۆکی، کارامانە) تایبەتی، لە تالوکەو داوێك کە بەدخواهان بۆیان دەنایەوە، خۆی دەرباز دەکرد، دەستێك لەبەر رۆشنایی ئاگرەکە بەرز دەبووەوەو دەیکیشا بە چەکمەکەی خۆیداو دەنگێکی گڕ کە لەبەر دووکەڵ، بە ئاسانی دەرنەدەچوو، بە هەڵچوونەوە دەیگوت:

– هەی دەستخۆش! با ئەگەر پیاون دووی بکەون...

جارێکی دی یارۆی حیکایەتخوان، درێژەی بە حیکایەتەکەی دەدا.

... دوای هەفتەیەك، پاش ئەوەی کەتیبەکە گەییە بارەگای هاوینەی خۆی، نەقیب پاپوف ناردی بە شوێن ناڵبەندەکەو رەیس عورەفادا، لە رەیس عورەفاکەی پرسی:

– ئەسپەکان لە چیدان؟

– قوربان، زۆر باشن، بڕۆ تەمەشا بکە، بزانە چ گۆشتێکیان گرتووە، چەند قەڵەو بوون.

جەنابی نەقیب، نووکی سمێڵە ڕەشەکەی (کە بە هۆی ئەوەوە ناوی قوون ڕەشیان لێنابوو) باداو گوتی:

– فەرمانی، جەنابی سەرهەنگ، فەرماندەی کەتیبەکەیە کە دەبێ ڕکێف و لغاوی ئەسپەکان، سپی بکەنەوە. تزار دێتە تەمەشاو تەفتیشی کەتیبەکە، هەموو شتێك دەبێ ئەوەندە باش پاك بکرێتەوە کە بریقە بداتەوە: هەم زینەکان و هەم تفاقەکانی دیکەش. قۆزاقەکان دەبێ دیمەنێکی وەهایان هەبێ کە چاو بەدیتنیان رۆشن ببێتەوە. دەی ئەمە بۆ کەی ئامادە دەبێت؟

رەیس عورەفاکەو ناڵبەندەکە تەمەشایەکی یەکیان کردو پاشان هەردووکیان روانیانە جەنابی نەقیب.

رەیس عورەفاکە پێشنیازی کرد:

– قوربان، بۆ رۆژی یەك شەممە باشە؟

رەیس عورەفاکە، بەڕێزەوە، دەستێکی بە سمێڵیا، کە لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد بوو بوو، هێنا.

نەقیبەکە، بە تۆنێکی هەڕەشە ئامێزەوە گوتی:

– لە بیرتان نەچێ، بۆ رۆژی یەك شەممە هەموو شتێك حازر بێ ها!

رەیس عورەفاو ناڵبەندەکە، کە ئەم هەڕەشەیەیان بە هەند گرتبوو، چوون بەلای کاری خۆیانەوە.

هەر ئەو رۆژە، دەست بە ئامادەکاری بۆ رێوڕەسمەکە کرا. میخائیل ئیڤانکوف، کوڕی کارکینی ناڵبەند، کە ئەویش لەم کارەدا مەعلان و وەستا بوو، بەشداری لە سپیکردنەوەی رکێف و لغاوەکاندا کرد. سەربازەکان لە رادەبەدەر ئەسپەکانیان قەشاویش دەکرد، جڵەوەکانیان پاك دەکردەوە. قەڵپوس وبەشە فلزیەکانی زینەکانیان بە تۆزی خشتی سوور پاك دەکردەوە. هەرکە

هەفتە تەواو بوو، ئیدی کەتیبەکە، وەکو سکەیەکی تازەی بیست کوپیکی دەدرەوشایەوە. هەموو شتێك لە سمو ناڵی ئەسپەکانەوە بیگرە تا روخساری سەربازەکان دەبریقایەوە. رۆژی شەممە گریکۆڤ، فەرماندەی کەتیبە، کەتیبەکەی خۆی تەفتیش کردو دەستخۆشیو پیرۆزبایی لە ئەفسەرەکانو هەموو قۆزاقەکان کرد، کە مەسەلەکەیان بەو جدیە گرتبوو و، پیاوانە هەموو شتێکیان ئەنجام دابوو.

رۆژگاری مانگی تەمووز تێدەپەڕی. ئەسپەکان، گیاو لەوەڕەکەیان خۆشبوو، هەموو قەڵەو بوو بوون، بەڵام قۆزاقەکان بەرە بەرە نیگەرانو بێتاقەت دەبوون، گومانیان لا پەیدا دەبوو. هیچ دەنگو باسێکی هاتنو سەردانی تزار نەما... یەك هەفتەی تەواو بە گفتوگۆی بێ پایانو هاتوچۆو خۆ ئامادەکردنەوە تێپەڕی. لە ناکاوا، فەرمانێك، بۆ کەتیبەکە هات کە بۆ ڤیلنۆ بگەڕێنەوە.

ئێوارەیەکی درەنگ گەییشتنەوە ڤیلنۆ. فەرمانێکی دیکە بۆ سریەکە دەرچوو: سەندوقی جلو بەرگان کۆ بکەنەوەو بیانخەنە عەمارەوەو خۆ ئامادە بکەن بۆ فەرمانی داهاتوو.

– قوربان، مەسەلە چیە؟

قۆزاقەکان، کە خوایان نەما بوو، هەوڵیان دەدا بەو شێوەیە حەقیقەت لە فەرماندەی دەستەکان بزانن، ئەفسەرەکان شانیان هەڵدەتەکاند، خۆشیان تینووی زانینی حەقیقەت بوون.

– نازانم.

– ئایا مانۆڕێك لە حوزوری تزارا بە دەستەوەیە؟

– جارێ کەسمان هیچ نازانین.

ئەفسەرەکان، جگە لە "نازانم" هیچ شتێکی تریان پێنەبوو کە وەڵامی قۆزاقەکانی پێ بدەنەوە. بەڵام لە رۆژی ١٩/تەمووزا، کە مریخینی سەربازی سریەی شەشەم لە تەویلەکە واجب دەبێ، موراسیلی فەرماندەی کەتیبەکە، کە دۆستی مریخین دەبێ، بە دزییەوە پێی دەڵێ:

– شەڕ هەڵگیرساوە کوڕم.

– گاڵتە دەکەی؟

– بە زاتی خوا بەڵام ورتەت لێوە نەیەت!

بەیانی رۆژی دوایی، کەتیبەکە، بە گوێرەی ریزبەندی سریەکان، لەدەرێی سەربازگەکان، ریزکرا. شووشەی پەنجەرەکانی سەربازخانەکە. لە ژێر تەپوتۆزەوە دەدرەوشانەوە. سەربازانی کەتیبەکە، بەسەر ئەسپەکانیانەوە چاوەڕوانی هاتنی فەرماندە بوون.

نەقیب پوپوف، بە سواری ئەسپە رەسەنەکەی خۆی لەپێشی پێشەوەی سریەی شەشەمدا وەستا بوو. جڵەوی ئەسپەکەی بەدەستی چەپی، کە دەسکێشێکی سپی سپی لە دەستا بوو، توند گرتبوو. ئەسپەکە سەری دانەواندبوو و ملە نەرمەکەی خوارکردبووەوەو بەدان ماسولکەکانی سەر سینگو بەرۆکی دەخوراند.

سەرهەنگ، لە سووچێکی پشتەوەی بیناکانی سەربازخانەکەوە پەیدا بوو و ئەسپەکەی لەبەردەم ریزی قۆزاقەکاندا راگرت. یاریدەدەرەکەی فەرماندە دەستەسڕەکەی دەرهێنا، قامکە

تووتەی بە ئەسپایی برد. تا لووتی بسڕێت، بەڵام فریا نەکەوت. سەرهەنگ لە نێوان بێدەنگیە چاوەڕوانی ئامێزەکەوە هاواری کرد:

– گەلی قۆزاقان

بەو جۆرە سەرنجی هەموویانی بۆ خۆ ڕاکێشا. هەرکەسەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "تازە تەواو، کار لە کار ترازاوە!" نیگەرانیو چاوەڕوانی هەموویانی وەکو سپرینگێکی پۆڵایین هێنابووەوە یەك، ئەسپەکەی میتکا کورشونوف، ئەم پیّو ئەو پێی دەکرد، میتکا بە پاژنەکانی بە تووڕەیی دەیکێشا بە لاتەنگەکانیا. ئیڤانکوف، لە تەنیشت ئەوەوە، لەسەر زینەکە ڕاست دانیشتبوو، زاری داچەقاندبوو، ددانە ڕەشو ناڕێکەکانی بەدەرەوە بوون، لێوە زەردەکانی لە لێوی کەروێشك دەچوون. بەدەم چاوەڕوانیەوە لە دوای ئەوەوە وەستابوو. کەمێ لەولا ترەوە، لاپین وەستابوو، کە گوێچکەکانی وەکو گوێی ئەسپ دەجوولاندن، لەپشت "لاپین"ەوەش، سەرو گەردنی شچگولکف دیار بوو.

– ... ئەڵمانیا شەڕی دژمان ڕاگەیاندووە.

وەکو چۆن بایەك بەسەر کێڵگەو تەبارە جۆیەکی پێگەییوی پڕ گوڵو بۆقدا بیّو لەمسەر تا ئەو ئەو سەر بیجوڵێنیّو بیخاتە کەروێشکە بەو ئاوایە چپە چپ سەرانسەری ریزی قۆزاقەکانی هێنایە جوڵە. ئەسپێك لە ناکاوا حیلاندی، هەموو سەربازەکان، بە نیگای ترساوو زاری بەشەوە روویان کرد سەریەی یەکەم، کە دەنگی حیلەی ئەسپەکە لەوێوە هات.

سەرهەنگ، کۆمەڵێك قسەی دیکەشی کرد. زۆر بەدانسقە وشەکانی هەڵدەبژارد، دەیویست هەستی شانازی نیشتمانپەروەری لای قۆزاقەکان بهاڕوژێنیّو بێداربکاتەوە. بەڵام ئەو دیمەنو وێنەیەی، ئەو هەزار قۆزاقەی کە لەوێدا وەستابوو، دەیان بینی، وێنەی کەوتنی ئاڵای ئاوریشمینی، لەشکرو هێزی بێگانە نەبوو، کە بەخشەخش بکەوێتە ژێر پێیان. بەڵکو وێنەی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بوو، کە گسکی لێدەدرا، هاوارو گازی: ژنان، منداڵان، دەزگیرانو دڵداران، تەبارە گەنمی نەدوراوەی بێخاوەن، گوندانی بێکەس، شارو بازێڕۆکان... لە گوێیاندا دەنگی دەدایەوە.

تاقە شتێك کە لە بیری هەر هەموویاندا چەسپی، ئەوە بوو: "دەبێ دوای دوو سەعاتی دی ئامادەو تەیار سواری قیتار بین..."

ژنانی ئەفسەرەکان کە لەو نزیکانە خڕ بووبوونەوە، دەستە سڕەکانیان بە چاویانەوە گرتبوو و دەگریان. قۆزاقەکان بۆ سەربازخانەکە گەڕانەوە. ملازم خوپروف، بە نیمچە هەڵگرتن، ژنە پۆڵاندیە زەریەکەی کە سکی هەبوو، هەڵگرتو بردی.

کەتیبەکە، بەدەم گۆرانی و سروودەوە بەرەو وێستگە ڕۆییشتن. لە نیوەی ڕێگادا دەنگو ئاوازی قۆزاقەکان، بەدەم سروود خوانیەوە، بە سەر دەنگی ئورکستەرەکەدا زاڵ بوو و کپی کرد. ژنانی ئەفسەرەکان، بە سواری گالیسکەی کرێ، لە دوای قۆزاقەکانەوە دەهاتن، ئاپۆڕایەکی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر شۆستەکان وەستا بوون، تەپوتۆز لە ژێر سمی ئەسپەکانەوە هەڵدەستا. دەنگبێژێك کە گاڵتەی بە خەمی خۆیو ئەوانی دی دەهاتو شانی چەپی بەجۆرێ بەرز

کردبووەوە کە قەیتان و کەتافیە شینەکەی سەرشانی کەوتبووە سەما، هەڵیکردە، گۆرانیەکی بێ پەردەی قۆزاقی:

کچی جوان، مارماسی من گرتم...

قۆزاقەکان، کە بە ئانقەست، وشەی گۆرانیەکەیان پاش و پێش و تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد، بەدەم ریتمی سمی تازە ناڵکراوی ئەسپەکانەوە، بە دەم سروودەوە بەرەو وێستگەکە، بەرەو فارگۆنە سوورەکان دەڕۆییشتن.

مار ماسیەکە من، مار ماسیەکە من گرتم

کیژی جوان، من نامە سەر ئاگر

خۆم نایە سەر ئاگر، خۆم نایە سەرئاگر.

یاریدەدەری فەرماندەکە، کە لە پێکەنیندا سوور هەڵگەڕابوو، بەپەلە چوو بۆ لای دەنگبێژەکە، دەنگبێژەکە، جڵەوی ئەسپەکەی بادەداو، بێشەرمانە چاوی لە ئاپۆڕای ئەو ژنانە دادەگرت کە بۆ خودا حافیز هاتبوون و لە سەر شۆستەکە خڕبوو بوونەوە. لە جیاتی ئارەقە، شتێکی وەکو شیلەی تاڵی ئەفسەنتین (جۆرە روەکێکە) نیشتبووە سەر گۆناکانی و بەلای سمێڵەکانیا دەهاتە خوارێ.

قیتارەکە، لەسەر سکەکە وەستا بوو. شووتێکی دوورو درێژی ئاگادار کردنەوەی لێدا.

***

قیتارە... قیتار... قیتاری بێ شومار.

رووسیای ئاشوفتەو سەرگەردان، لە رێگای هێڵی ئاسنەوە، خوێنی رۆڵەکانی خۆی، بەجلی خاکییەوە بەرەو رۆژاوا دەنارد.

((٨))

لە باژێڕۆکی (شارۆچکە) تورژۆکدا، کەتیبەکە، دیسان سریە بەندی کرایەوە. بە دەستووری سەرکردایەتی لەشکر، سریەی سوارەی شەشەم، بەگەڵ سوپای سێیەمی پیادە خرا. سوپا، بە پێیان کەوتە ڕێ، دوای ماوەیەك گەییە ئاوایی پلیکالیا و لەوێندەر گیرسایەوەو جێگیر بوو.

سنوورەکان هێشتا، بەدەست یەکەکانی گاردی سنوورەوە بوون و ئەوان پاسەوانیان دەکرد. یەکەیێن پیادەو تۆپخانە پەیتا پەیتا بۆ ئەوێندەر دەگوازرانەوە. عەسری رۆژی ٢٤/ تەمووز، سریەیەکی کەتیبەی ١٠٨ گلبوۆ و یەکەیەکی تۆپخانە گەیینە ناو باژێڕۆکەکە، لەو نزیکانەدا، لە گوندی ئالکساندروفسکیدا، پاسگەیەکی نۆ نەفەری قۆزاق، بە سەرپەرشتی عەریفێك هەبوو. شەوی بیست و حەوتی تەمووز، نەقیب پۆپوڤ فەرماندەی سریەکە ناردی بە شوێن رەیس عورەفاکەو قۆزاقێکی سادەو بێ دەرەجەی سەر بە دەستەی یەکەم بە ناوی ستاخوف، ئێوارەیەکی درەنگ بوو کە ستاخۆف بۆدەستەکەی خۆی دەگەڕایەوە. میتکا کورشونوف، لەو کاتەدا تازە لە ئاودانی ئەسپەکەی دەهاتەوە. بانگی لێکرد:

- ستاخۆف، ئەمە تۆی؟
- بەڵێ. ئەدی کریوچکۆف و برادەرەکانی دی لە کوێن؟
- لەوێن، لە کەوێڵەکەدان.(کوختە)

ستاخۆف، قۆزاقێکی کەتەی زەلامی ڕەشتاڵە بوو، وەکو کەسانی نزیکبین چاوەکانی بچووك کردنەوەو خۆی بە کەوێڵەکەدا کرد. شچگولکوف لەسەر مێزەکە لەبەر ڕۆشنایی فانۆسێکدا، قایشی هەوساری ئەسپەکەی خۆی کە پچڕا بوو، دروەوە. کریوچکۆف، دەستی خستبوونە پشتی و بە دیار موغەیریەکەوە وەستا بوو و بە گۆشەی چاو، خاوەنی کەوێڵەکەی، کە کابرایەکی پۆڵاندی بوو، نیشانی ئیڤانکوف دەدا. کابرای پۆڵاندی ئیسقایی بوو (نەخۆشی ئاو بەند) ، لەسەر تەختێك ڕاکشا بوو.

نوکتەیەکیان کەوتبووە بەینەوەو گۆنا ئاڵەکانی ئیڤانکوف هێشتا بەدەم سووکە پێکەنینێکەوە دەلەرینەوە.

- برادەرینە، سبەینێ، سپێدە زوو، دەڕۆین و لە پێشەوە پاسگەیەك دادەمەزرێنین.

شچگولکوف، پرسی:

- لەکوێ؟

چونکە تاقەتی نەبوو چاو لە ستاخۆف بگوازێتەوە، داوەکەی، کە هێشتا بای نەدابوو، لەسەر قایشی هەوسارەکە دانا. ستاخۆف بەرسڤی دایەوە:

- لە شاروچکەی لیوبوڤ.

لەو کاتەدا میتکا کورشونوف خۆی وەژوورا کرد. گۆزە ئاوەکەی لەبەر دەرگاکە داناو پرسی:

- کێ و کێ دەڕۆن؟
- من و شچگولکوف، کریوچکۆف، رڤاچوف، پوپوف و ئیڤانکوف.
- ئەدی من، ستاخۆف؟
- تۆ لێرە دەمێنیتەوە میتکا.
- دەی، بەر بەدواوە نەکەن!

کریوچکۆف، لە موغەیریەکە دووركەوتەوە، باوێشکێکی دا، کێشمانێکی خۆی داو ئێسقانەکانی تەقاندو لە خاوەن کەوێڵەکەی پرسی:

- لێرەوە تا لیوبوڤ، چەند فرسەخە ؟
- چوار فرسەخە.

ستاخۆف، گوتی:

- هیچ نیە، نزیکە.

لە قەراخ تەختەکە دانیشت، چەکمەکانی داکەندو گوتی:

- ئەرێ گۆرەوی و بەلەك پێچەکانم لە کوێ هەڵخەم تا وشکبنەوە؟

دەگەڵ سپێدەی بەیانیدا کەوتنە ڕێ. لەوسەری گوندەکەدا کچۆڵەیەك بە پێی پەتی، ئاوی لە بیر هەڵدەکێشا. کریوچکۆف، جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا، وەستاو گوتی:

– ئادەی جوانیٚ، تۆزیٚ ئاوم بدەیە بیخۆمەوە.

کیژیٚ، تەنورە کەتانەکەی هەڵکرد، پاوپوزە پەمەییەکەی دەرکەوت، بەپیٚ خاوسی بە ناو قوڕاوەکە کەوت، ئەوجا چاوە شینە گەش‌و پرشنگدارەکەی، لە ژێر بژۆڵە درێژو چڕەکانیەوە بە ناز هەڵبڕی‌و سەتڵێك ئاوی دایە دەستی. کریوچکۆف ئاوەکەی خواردەوە، سەتڵە پڕەکە قورس بوو، دەستی لەرزی، ئاوەکە شەپۆلی دا. ئاوەکە بەسەر نەوارو قەیتانە سوورەکەی پانتۆڵەکەیدا رژا.

– مەسیح ئاگادارت بیٚ، ئەی کیژۆڵەی خشیکی چاو شین!

– ئەجمەعین!

کیژیٚ سەتڵەکەی لە دەست وەرگرت‌و کەوتە ڕیٚ، ئاوڕێکی دایەوەو بزەیەکی بە ڕوویا دا.

– بەچی پێدەکەنی؟ وەرە با بە ئەسپ پیاسەیەك بکەین!

کریوچکۆف، لەسەر  زینەکە جولاّ، وەکو ئەوەی بیەویٚ جێی بۆ بکاتەوە. ستاخۆف هاواری کرد:

– خێرا کەن با بڕۆین، درەنگە!

رڤاچوف، نیگایەکی تەوسامێزی کریوچکۆڤ کردو گوتی:

– ناتوانی چاوی لێبگوازیتەوە؟

کریوچکۆف، بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– پاوپوزی پەمەیی، عەینی پای کۆترە.

هەموو، وەکو ئەوەی فەرمانێکی سوپاییان پێدرابیٚ، ئاوڕیان دایەوە. کیژیٚ، بەسەر قەراخی بیرەکەدا دانەوی بووەوە، سمت‌و کەفەڵی لە تەنوورە تەسکەکەیدا، جەڕی بوو، هەردوو بەلەکە سوورەکەی بلاّوکردبوونەوە.

پوپوف، هەناسەیەکی هەڵکێشا:

– کاشکیٚ فریا دەکەوتین ژن بێنین...

ستاخۆف، پێشنیازی کرد:

– چ دەڵێی، بەر قامچیانت بدەم، وای دابنە زەماوەندە؟

– نە بابە، فایدەی نییە...

– تاوی بەرت داویە لە سەرت؟

– پێویستە دەعباکەی بڕین!

– چۆنە وەکو گا بیخەسێنین؟...

سەربازەکان، بەدەم شۆخی‌و پێکەنینەوە، ئەسپەکانیان تاو دەدا. دوای ماوەیەك، لەسەر گردێکەوە، شارۆچکەی (لیوبوف)یان لێدەرکەوت، کە لە دۆڵێکی چکۆلەی سەرەولێژگەی دیار روبارێك گیرسابووەوە. هەتاو لە پشتیانەوە، بەرەو ناوەندی ئاسمان هەڵدەکشا. لە نزیکیانەوە کەڕەواڵەیەك، بەسەر دار تەلێکەوە، هەڵنیشتبوو و، بە ئاوازێکی پڕسۆز دەیخوێند.

ستاخۆف، که تازه دهورهی فهرماندهی حهزیرهی تهواو کرد بوو، کرا به به رپرسی پاسگاکه، لهوپهڕی شاروچکهکهدا، ماڵێکی لاتهریکی، بهو حهساوهی له مهرزهوه نزیك بوو، ههڵبژارد بۆ خاڵی دیدهوانی. خاوهنی ماڵهکه که پیاوێکی پۆلاندی ڕدێن تاشراوی لاق خوار بوو و سهرکلاوێکی لبادی سپی لهسهر بوو، قۆزاقهکانی برده کهپرێکهوه که شوێنی ئهسپهکانیشیانی تیادهبووهوه. لهو دیو کهپرو عهمارهکهوه، کێڵگهیهکی گهورهی وێنجه ههبوو. زنجیره گردولکهیهك ههبوو که تا سهرووی جهنگهڵێکی نزیك دهکشا. لهویوه تا چاو بڕ بکات جاڕهگهنم بوو و له دوورهوه سپی دهکردهوه، لهو دیو کێڵگه گهنمهکهوه، دیسان وێنجه دهستی پێدهکردهوه. قۆزاقهکان، به نۆره، لهپشت کهپرهکهوه، له خهندهکێکی چکۆلهوه ئێشکیان دهگرتو به دووربین چاودێری سنووریان دهکرد. ئهوانی دی له عهمارهکهدا دهنووستن، عهماری چی! ههوایهکی وشکی ههبوو، یهکپارچه بۆنی گهنمی کۆنو کای تۆزاوی و گوو مشكو بۆگنخی زهوی نمسار (نمدار) بوو.

ئیڤانکوڤ، له گۆشهیهکی تاریکدا، له نزیکی ههوجاڕێکهوه، تا ئێوارێ نووست، دهمهو خۆراوا بێداریان کردهوه. کریوچکۆف به شۆخیهوه، نقورچێکی له پێستی گهردنی گرتو گوتی:

– باش دهخهوی ها، له سهر سفرهی دهوڵهت دانیشتووی و ورگ بهخێو دهکهی ههی بهراز! ڕابه، تهمهڵ، بڕۆ چاودێری ئاڵمانهکان بکه!

– کوزما، بهسه، سوعبهت مهکه!

– دهی ههلو، ڕابه!

– ده بهسه ئیدی، کهر مهبه... ئێستا ههڵدهستم.

بهدهموچاوی ههڵکفاو وقرمزهوه، به خورتی ههستا، سهری که به قهد مهنجهڵێك دهبوو، بهسهر مله ئهستوورهکهیهوه بهم لاو بهولادا باداو پژمهیهکی بۆ کرد (تومهز لهسهر ئهرزه نمدارهکه خهتبوو، سهرمای بووبوو) ڕهختهکهی لهخۆی بهست، دهستی دایه قایشی تفهنگهکهی، ڕایکێشاو لهعهمارهکه وهدهرکهوت، شچگولکوڤ، که له نیوهڕۆوه ئێشکی دهگرت، گۆڕی. دووربینهکهی لێوهرگرت، ماوهیهکی زۆر به سهمتی چهپی ڕۆژاوادا، بهرهو جهنگهڵهکه، ههڵیڕوانی.

تهباره گهنمه سپیه بهفر ئاساکهی دهبینی که بهدهم باوه کهرۆێشکهی دهکرد. ههتاوی سورباوی خۆر له زهردهوه زهردهپهڕی ئێوارێ، وهکو لافاوێکی سوور بهسهر جهنگهڵهکهدا دادهڕژا. چهند منداڵێك، لهودیوی گوندهکهوه، بهدهم ههراو ههنگامهوه، له چۆمێکی چکۆلهدا مهلهیان دهکرد. ژنێك بانگی کرد: "ستایو! ستاااا سیو! وهره بۆ ئێره!"

شچگولکوف، سیغارێکی پێکردو بهرهو عهمارهکه وهڕێکهوت. بهدهم گهڕانهوهوه گوتی:

– بڕوانه خۆرئاوا، ئاسۆ چهند سووره، نیشانه یه.

ئیڤانکوف بۆی سهلماند:

– بهڵێ، لهوه دهچێ.

شەوێ، زینیان لە ئەسپەکان گرتەوە. ڕۆشنایی گوند گوژایەوە، بێدەنگی باڵی بەسەرا کێشا. بەیانی کریوچکۆف. لە عەمارەکەوە ئیڤانکوف گاز کرد:

– با بچین بۆ گوند.

– بۆچی؟

– بچین، بزانین شتێ بخۆین، شتێ بخۆینەوە.

ئیڤانکوف باوەڕی نەدەکرد:

– تەسەور ناکەم هیچمان دەستبکەوێ.

– لە منی وەربگرە. لە خاوەن ماڵەکەمان پرسیوە، ئا ئەو ماڵە دەبینی، ئەوەی نزیکی عەمارە کەرپوچییەکە؟ "کریوچکۆف بە قامکە تووتە کە نینۆکێکی درێژی ڕەشی هەبوو، شوینێکی پێ نیشان دەدا" ئا ئەوێ مەیخانەیەو بیرەیان هەیە. بابڕۆین.

وەڕێکەوتن، ستاخۆف کە لەبەر دەرگاکەوە تەمەشای دەکرد، بانگی لێکردن:

– بۆ کوێ دەڕۆن؟

کریوچکۆف کە دەرەجەی لە ستاخۆف بەرزتر بوو، بە بێموبالاتیەوە بەرسڤی دایەوە:

– زوو دەگەڕێینەوە.

– بگەڕێنەوە، کوڕینە!

– دە چەنە چەن!

جولەکەیەکی پیر، بەپێڵوی چرچ و لۆچ و لاجانگی درێژەوە بەدەم سڵاوو کڕنۆشەوە پێشوازی قۆزاقەکانی کردو بردنیە ژوورەوە.

– بیرەت هەیە؟

– جەنابی قۆزاق، هیچ نەماوە.

– مەترسە، پارەکەیت دەدەینێ.

– بەزاتی خوا، ماقووله من... کاکی قۆزاق، باوەڕم پێبکە، من جولەکەیەکی سەر ڕاست و دروستکارم، باوەڕ بکەن بیرەم نیە.

– تۆ درۆ دەکەی حسقێل!

– ئاخر کاکی قۆزاق، من عەرزی جەنابی باسەعادەتم کردی کە...

کریوچکۆف، قسەکەی پێبڕی، تووڕە بوو، دەستی برد جزدانێکی کۆنی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەرهێناو رای وەشاند:

– دەبێ هەر چۆنێ بووە شتێکمان بدەیتێ، دەنا تووڕە دەبم.

کابرای جولەکە، پارەکەی لە نێوان هەردوو قامکی گەورەو قامکی دۆشاومژەیدا گرت، پێڵوی چاوە خوارەکەی دانەواند وچوو بۆ داڵانەکە. دوای دەقیقەیەك بە خۆیو بوتڵێکی نمداری ڤۆدگاوە گەڕایەوە کە سەرەکەی هەر کەپەکی جۆ بوو.

– باشە، خۆ تۆ دەتگوت هیچم نیە، پیرەمێرد؟

– من گوتم بیرەم نییە.

– باشە، شتێکمان بدەیە بیخۆین.

کریوچکۆف، لە پێکی کێشا بە بنی بوتڵەکەداو تەپەدۆرەکەی سەری پەڕاند، دوو پێکی پڕ کرد. بە نیمچە سەرخۆشی لەوێندەر وەدەرکەوتن. کریوچکۆف، بەدەم ڕۆییشتنەوە، لە کۆڵانەکەدا سەمای دەکرد. بە مست دەیکێشا بە پەنجەرەیماڵەکاندا.

ستاخۆف، لە ژێر کەپرەکەدا باوێشکی دەدا. ئەسپەکان، لەو دیو دیوارەکەوە، بە مش‌وهۆڕ خەریکی ئالیك خواردن بوون. ئەو ڕۆژەیان بە بێگاری بە سەربرد. ئێوارێ پوپوف چوو بۆ سریەکە تا خەبەرێکیان بۆ بەرێ. دنیا تاریك بوو، شەو داهات، مانگی ڕەنگ زەرد بە بە ڕۆکی ئاسمانەوە دەرکەوت جارجارێك، لە باخەکەی پشت ماڵەکەوە، سێوێکی گەییوو،تەپ لە دارێك دەکەوتە خوارەوە، نزیکی نیوەشەو، کە ئیڤانکۆف نۆرە ئێشکی بوو، گوێی لە حیلەی ئەسپێك بوو، لە خەندەکەکەی هاتە دەرێ و تەمەشای کرد. بەڵام مانگەکە کەوتبووە ژێر هەورەوە ،دنیا تاریك بوو، چاو لە تاریکە شەوەکەدا هیچی نەدەبینی. ڕۆیی و کریوچکۆڤ، کە لەبەر دەرگای عەمارەکە نوستبوو، خەبەر کردەوە:

– کوزما! ڕابە، دەستە سوارێك خەریکە بەرەو ئێرە دێن.

– لە کوێوە دێن؟

– واگەییینە ناو گوند.

بە دوو قۆڵی دەرچوون. لە جادەکەدا، لە دووری چەند مەترێکەوە، دەنگی تێکەڵ و پێکەڵی سمی ئەسپەکان دەهات.

– با بچینە ناو باخەکەوە، لەوێوە باشتر گوێمان لێدەبێ.

بە ڕاکردن بە پشت خانووەکەدا بەرەو باخچەکە ڕۆییشتن، لە پاڵ تەیمانەکەدا خۆیان داگرت. دەنگە دەنگێکی سووك دەهات، جیڕو هۆڕی زین و تەقوهوڕی ڕکێفان بەرە بەرە نزیك تر دەبووەوە، سوارەکان وەکو تاپۆ دەرکەوتن، چوار چوار، شان بە شانی یەکدی ریز بوو بوون و دەهاتن.

– کێیە؟

دەنگێك، لە ریزی پێشەوە، بە زمانی رووسی بەرسڤی دایەوە:

– چیت دەوێ تۆ؟

– پێت دەڵێم کێی؟ تەقەت لێدەکەم ها!

کریوچکۆف، میلی تفەنگی هێنایەوە، یەکێك لە سوارەکان، جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو لە پەرژین و تەیمانەکە نزیك بووەوە.

– ئێمە پاسەوانی سنوورین، ئەدی ئێوە چین، پاسگەی پێشەوەن؟

– بەڵێ.

– سەر بە چ کەتیبەیەکن.

– کەتیبەی سێیەمی قۆزاق.

دەنگێك لە تاریکیەکەوە پرسی:

– تریشین، قسه لەگەڵ کێدا دەکەی؟

پیاوەکە وەڵامی دایەوە:

– قوربان، پاسگایەکی قۆزاقان لێرەیە.

سوارێکی دیکە لە پەرژینەکە نزیك بووەوە.

– سڵاوتان لێبێ گەلی قۆزاقان!

ئیڤانکوف، دوای بێدەنگیەکی کەم، بەرسڤی دایەوە:

– سەرچاوان.

– دەمێکە لێرەن؟

– دوێنێ هاتین.

سوارەی دووەم، دەنکە شقارتەیەکی پێکرد تا جگەرەیەك داگیرسێنێ. کریوچکۆف، توانی لەبەر روناکی کوتو پڕی ئاگرەکەدا، سەروروخساری ئەفسەرێك بە جلو بەرگی گاردی سنوورییەوە ببینێ، ئەفسەرەکە مژێکی لە جگەرەکەی داو گوتی:

– کەتیبەکەی ئێمە ئێستا پاشەکشە دەکات. ئاگاتان لێبێ کە ئێوە لە خەتی پێشی پێشەوەن. لەگینە دژمن، سبەینێ تاکو ئێرە بێت.

کریوچکۆف، کە هێشتا دەستی لەسەر پەلە پیتکە بوو، پرسی:

– قوربان، ئێوە بۆ کوێ دەڕۆن؟

– ئێمە دەچینەوە بۆ سریەکەی خۆمان، کە لە دوو فرسەخی ئێرەدایە. دەی کوڕینە، با بڕۆین. قۆزاقینە خودا حافیز!

– خواتان لەگەڵ.

لەو ساتەدا، بایەکی توندی هەڵکردو هەوری سەر مانگەکەی ڕامالی. گوندەکە، دارو درەختی باخەکە، سابیتەی ناهەمواری عەمارەکەو دەستەی سوارانی گاردی مەرزی کە بەگردەکەدا هەڵدەگەڕان، هەر هەموو نوقمی تریفەی زەردی خەمناكو مەرگباری مانگەکە بوون.

بەیانی رۆژی دواتر، روڤاچڤ، ڕاپۆرو پۆستەی رۆژانەی بردو رۆیی بۆ بارەگای سریە. ستاخۆف، دەگەڵ، خاوەن موڵکە پۆڵاندیەکەدا رێکەوتو بە بڕە پارەیەکی ماقووڵ، کێڵگە وێنجەکەی لێکڕی، تا بۆ ئەسپەکانیان، کە هەر بە زینەوە بوون، بیدورنەوە. قۆزاقەکان، کە هەستیان کرد، بە تەنیا ماونەتەوە، ترسی هێرشو پەلاماری دژمنیان لێنیشت. تا ئەو کاتەی کە دەیان بینی، گاردی سنوور، لە پێش ئەوانەوەیە، ئەو ترسی تەنیایی و گۆشەگیرییەیان لە دڵدا نەبوو. بەڵام کە بیستیان، هیچ سەربازێك لە سنوورا نەماوە، بە تەواوەتی شپرزە بوونو ترسیان لێنیشت.

مێرگو پاوانەکەی ئاغای پۆڵاندی، زۆر لەعەمارەکەوە دوور نەبوو، ستاخۆف، ئیڤانکوڤو شچگولکوف بۆ دروێنەی وێنجەکە هەڵبژارد. ئاغای پۆڵاندی، بەخۆو سەر کڵاوە لبادە سپیەکەیەوە پێشیان کەوتو بۆ مێرگو مەزراکەی بردن. شچگولکوف وێنجەکەی بە داس دەدورییەوەوئیڤانکۆڤیش گایە نمداروقورسەکەی کۆدەکردەوە ، دەیکرد بە گورزەو مەڵۆ. لەم

کاتەدا ستاخۆف کە بە دووربین تەمەشای جادەو سنوورەکەی دەکرد. کوڕیژگەیەکی بەدی کرد، کە بە تاو بە ناو کێڵگەکانی قۆڵی باشووری ڕۆژئاوادا دەهات. کوڕیژگەی تاین وەکو کەروێشکێکی قاوەیی کێوی، بەغار بەگردەکەدا دادەگەڕا، لە دوورەوە، قۆڵی چاکەتەکەی هەڵدەتەکان و هاوارێکی نا مەفهوومی دەکرد. پاش ئەوەی گەییە نك ستاخۆف، نەفەسێکی تازە کردەوەو بە چاوانی ئەبڵەقەوە گوتی:

– قۆزاق! قۆزاق! ئەڵمان، ئەڵمانەکان وا بەرەو ئێرە دێن.

کوڕیژگەکە دەستی بە قۆڵی دەڵبی چاکەتەکەیەوە بەرەو ئەوێندەر درێژ کرد. ستاخۆف دووربینەکەی نا بە چاویەوە، کۆمەڵێك سواری بینی کە لە دوورەوە دەهاتن. بێئەوەی چاو لە دووربینەکە هەڵگرێ، هاواری کرد:

– کریوچکۆف!

کریۆچکۆف، لە عەمارەکە وەدەرکەوت و کەوتە تەمەشای دەوروبەری خۆی.

– ڕاکە، فریای برادەران بکەوە، دەورێیەکی ئاڵمانیان بەرەو ئێرە دێن!

گوێی لە دەنگی پێی کریوچکۆف بوو کە بەغار دەڕۆیی و دوور دەکەوتەوە.

ئێستا، بە ڕوونی سوارەکانی دەبینی کە بە قەراخ سەوزەزارەکەدا ڕێیان دەکرد. تەنانەت ڕەنگی سووری ئاماڵ سورمەیی ئەسپەکانیان و جلە سەربازییە نیلییە تۆخەکانیشیانی دەبینی، پتر لە بیست سوار بوون. بە تێکەڵ و پێکەڵی بە تۆپەڵ دەهاتن. ئەوان لە قۆڵی باشووری ڕۆژئاواوە دەهاتن، کەچی مەفرەزەی شناسایی چاوەڕوانی ئەوە بوو کە لە قۆڵی باکووری ڕۆژئاواوە بێن، سوارەکان لە ڕێگاکە پەڕینەوە، ئەوسا بەشانی ئەو دۆڵەدا کە گوندەکەی تیا بوو، داگەڕان.

ئیڤانکوف، سەرگەرمی کۆکردنەوەو گورزەکردنی گیا بوو. هانکەهانکی پێکەوتبوو، سەری زمانی لە لێوە تورتەکانیەوە هاتبووە دەرێ. کابرای مولکدار، واتە یارۆی پۆڵاندی لاق خوار، بە دیاریەوە وەستا بوو ومژی لە سەبیلەکەی دەدا. هەردوو دەستی کردبوون بە بن پشتێنەکەیدا، برۆکانی وێکهێنابوونەوەو لە ژێر کڵاوە لبادە سپیەکەیەوە، دەیڕوانیە شچگولکوف کە سەر قاڵ و مژوولی دروێنەی وێنجەو گیا بوو. شچگولکوف، داسولکەکەی دەستی کە لە گەمە دەچوو، تەکان داو بە تووڕەیی گوتی:

– توخوا ئەمە بوو بە داس؟ تۆ خۆت دەتوانی بەمە دروێنە بکەی؟

کابرای پۆڵاندی، بێئەوەی سەبیلەکە لە زاری دەربێنێ، یەکێك لە قامکەکانی لە ژێر کەمەربەندەکەیەوە، دەرهێناو گوتی:

– بەڵێ، دەتوانم و ئەولاتریش.

– ئەم داسولکەیەی تۆ مەگەر تەنیا بە کەڵکی تاشینی بەری ژن بێ،

کابرای پۆڵاندی، سەری بۆ لەقاند:

– ها، ها!

ئیڤانکوف، لە قاقای پێکەنینی دا. دەیویست شتێك بڵێ، بەڵام لەم کاتەدا ئاوڕێکی دایەوەو چاوی بە کریوچکۆف کەوت، کە بە غار بە نێو کێڵگەکەدا دەهات. شمشێرەکەی بەدەستەوە گرتبوو و بە تاو بە ناو کلۆو کەستەکی کێڵگەکەدا دەهات، کە نزیکی بووەوە هاواری کرد:

– دەست هەڵگرن!

شچگولکوف، نووکی داسەکەی لە عاردی چەقاندو پرسی:

– دیسان چ خەبەرە؟

– ئەڵمانەکان!

ئیڤانکوف، مەڵۆ گیایەکەی دەستی فڕێ دا. خاوەن موڵکەکە، دوولا خۆی کۆماندەوە، وەکو ئەوەی هەر ئێستا گوللە بەسەر سەریا گیزە بکات، بەو حاڵەوە، بە هەشتاو بەرەو ماڵ هەڵات.

تازەگەیی بوونەوە کەپرو عەمارەکە، بە هانکە هانك سواری ئەسپەکانیان بوون، سەیریان کرد سریەیەك عەسکەری پیادەی رووس لە قۆڵی پلیکالیاوە خۆیان بە گوندەکەدا دەکەن. قۆزاقەکان بە چوار ناڵە بەرەو پیریان چوون. ستاخۆف، بە فەرماندەی سریەکەی ڕاگەیاند، کە مەفرەزەیەکی ئەڵمانی بەو گردەی پشت گوندەکەدا، بەرەو دۆڵەکە دادەگەڕان، نەقیبەکە تەمەشایەکی چەکمە تەپوتۆزاویەکانی خۆی کرد، بە روو گرژییەوە گوتی:

– زۆرن؟

– لە بیست کەسێك زیاترن.

– ئێوە بڕۆن، پشتیان لێبگرن، ڕێگەی گەڕانەوەیان لێبڕن. ئێمەش لێرەوە تەقەیان لێدەکەین.

نەقیبەکە بۆ لای سریەکەی خۆی گەڕایەوە، سەربازەکانی ریزکرد، پێشیان کەوت و بە هەشتاو بەڕێکەوتن.

کاتێ کە قۆزاقەکان گەیینە ملەی گردەکە، ئەڵمانیەکان تەواو دوورکەوتبوونەوە، خەریك بوو بە یۆرغە لە جادەی پلیکالیاوە دەپەڕینەوە. ئەفسەرێك بە سواری ئەسپێکی کوێتی کلك کورت پێشان کەوتبوو. ستاخۆف، فەرمانی دا:

– دوویان دەکەوین! لە پاسگای دووەمدا دەیانگرینەوە.

ئەسپ سوارێکی گاردی سنوور کە دابڕابوو و لە گوندەکەدا بەگەڵ ئەمان کەوتبوو، خۆی خستە دواوە. ستاخۆف ئاوڕێکی دایەوەو هاواری کرد:

– چیە کاکۆ؟ بەجێمان دێڵی کوڕی باش!

ئەسپ سواری تاین، سەربازی گاردی سنوور، شانێکی هەڵتەکاندو لۆژ لۆژ بەرەو ناو گوند داگەڕا. قۆزاقەکان، بە چوار ناڵە بۆی دەرچوون، ئێستا سوارە ئەڵمانیەکان بە جلە نیلیەکانیانەوە دیار بوون، کە بە لۆقە بەرەو پاسگای دووەمی رووسەکان دەڕۆییشتن، پاسگاکە کەوتبووە ناو موڵکێکەوە کە سێ فرسەخێك لە شارۆچکەی لیوبوفەوە دووربوو. بەرە بەرە ماوەی نێوان قۆزاقەکان و ئەڵمانەکان کەم دەبووەوە.

ستاخۆف، خۆی لە زینەکە هەڵدایە خواری و فەرمانی دا:

– تەقەیان لێبکەن.

قۆزاقەکان، هەوساری ئەسپەکانیان، لە قۆڵی خۆ هاڵاندو هەر بە پێوە دەسرێژێکیان لێکردن. ئەسپەکەی ئیڤانکوف، رەوییەوەو ئیڤانکوڤ دا بە عاردیدا. ئیڤانکوف، بەدەم کەوتنەوە، یەکێك لە ئەڵمانەکانی بینی، کە بەلاداهات، پاشان هەردوو باسکی بڵاوکردنەوەو لە ناکاوا لە سەر زینەکەوە کەوتە خوارەوە. بەڵام ئەڵمانیەکانی دی، بێئەوەی بوەستن، یان تفەنگەکانیان، کە بە قەد زینەکانەوە هەڵیان واسی بوون، لە کیف دەربێنن، هەڵیانکردە چوارناڵەو بە پەرتو بڵاوی بۆی دەرچوون، بەیداخی سەر نێزەکانیان، بەدەم بایەکەوە دەشەکانەوە. ستاخۆف، لە پێش هەموو قۆزاقەکانەوە، سواری ئەسپەکەی بووەوە. قۆزاقەکان، ئەسپیان بەر قامچی داو بە تاو دوایان کەوتن. ئەڵمانەکان بە سەمتی چەپا پێچیان کردەوە، ئەو قۆزاقانەی کە دوویان کەتبوون، بە نزیکی ئەڵمانیە پێکراوەکەدا تێپەڕین. بەردەمیان زەویەکی ناهەمواری پڕ سووکە هەورازو نشێوان بوو. قۆزاقەکان، کە دیتیان ئەڵمانیەکان، بە داوێنی شیوەڵەیەکدا هەڵدەگەڕێن، دیسان بۆیان دابەزین، سەرو دەسرێژیان لێکردن، ئەمجارەش لە هەنبەر پاسگای دووەمی سەر سنووردا، ئەڵمانیەکیان پێکا. کریوچکۆف، کە خەریك بوو پێی دەخستە سەر ڕکێفەکە هاواری کرد:

– کەوت!

ستاخۆف، بە قامکەکانی، کە لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد بوو بوون، شانەیەکی دیکەی خستە سەر تفەنگەکەیو لە بن لێوانەوە گوتی:

– هەر ئێستا سەربازەکانمان دێنە دەرەوە... ئەویَ پاسگای دووەمی سەر سنوورە...

ئەڵمانەکان، هێشتا هەر بە چوارناڵە دەڕۆییشتن. کە بەلای خانووەکەدا تێپەڕین سەیرێکیان کرد. بەڵام حەوشەکەی چۆڵ بوو. تیشکی هەتاو بە تامەزرۆیی خۆی لەسەربانی قرمیدکراوی بینایەکان هەڵدەسوو. یەکێك لە ئەڵمانیەکان کە لەوانی دی دواکەوتبوو، بەدەم سەرەلەقێوە، مامێزی لە ئەسپەکەی خۆیەوە دەژەند.

پاشان، مەسەلەکە روون بووەوە: تومەز، قۆزاقەکانی پاسگای دووەم، دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوتبوو، کە تەی کارەبایەکە، لە نیو فرسەخی خانووەکەدا بڕاوە، هەر شەویَ، پاشەکشەیان کردبوو و پاسگاکەیان چۆڵ کردبوو.

ستاخۆف، ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوەو، روو لەوانەی دوای خۆی گوتی:

– با، بەرەو قۆڵی پاسگای یەکەم ڕاویان بنەین.

رێك لەم کاتەدا ئیڤانکوف، بینی لووتی ستاخۆف روشاوەو پێستێکی ناسك بەسەر یەکێك لە کونە کەپووەکانیا شۆڕ بووەتەوە. تفەنگەکەی ئەم شان و شان کردو بە نیگەرانیەوە پرسی:

– باشە بۆچی ئاوڕ نادەنەوەو بەرگری لە خۆ ناکەن؟

شچگولکوف، وەکو ئەسپێك تووشی مقاو(نەخۆشییەکی یەك سمە لەسەرماوە تووشی دەبیَ) بووبیَ، بە هانکە هانك گوتی:

– پەلە مەکە، بزانە...

ئەڵمانەکان، بێئەوەی ئاوڕ بدەنەوە، بە یەکەم شیوەڵەی بەردەمیانا داگەڕان و کەوتنە نەدیوی. لەوبەری شیوەڵەکەوە، زەویەکی کێڵراو هەبوو کە لە دوورەوە رەش دەچووەوە، بەڵام لەمبەرەوە، بە دەستی قۆزاقەکاندا، هەر قۆپەنە گیاو، دارو دەوەنی تەنك و پەراگەندە بوو.ستاخوف ئەسپەکەی راگرت، شەپقەکەی بۆ پشتەوە برد، بەسەری دەستی ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی. رووی کردە هاوڕێکانی، تفێکی کردو گوتی:

– ئیڤانکوف، تا قەراخی ئەو شیوەڵەیە بڕۆ بزانە بۆ کویٚ چوون.

ئیڤانکوف، کە روخساری سوور هەڵگەڕابوو و پشتی لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، زمانێکی بە لێوە وشکەکانیا هێناو کەوتە ڕێ.

کریوچکۆف، کە بە قامچیەکەی خەرەنگێزێکی دەردەکرد، لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئای بۆ جگەرەیەك.

ئیڤانکوف، ڕاستەوخۆ بەرەو کەناری شیوەڵەکە ڕۆیی، لەسەر رکێفەکان، هەستابووە سەر پێیان، تا قوڵایی و بنکی شیوەلۆکەکە بدینێ. لە پێشا تەنیا جوڵەی نووکی رەمەکانیانی بینی، پاشان ئەڵمانیەکان لە ناکاوا بە دیارکەوتن. گەڕابوونەوەو بە چوارناڵە بە نشێویەکەدا، هەڵدەگەڕان و هێرشیان دێنا. عەینی فیلمی شەڕ، ئەفسەرەکەیان، بە شمشێری رووتەوە لەپێشی پێشیانەوە، بە تاو دەهات. لەو دەمەدا کە ئیڤانکوف، سەری ئەسپەکەی خۆی وەردەگێڕا، روخساری خەمناك و تاشراوی ئەفسەرەکەو جۆری دانیشتنەکەی لەسەر زینەکە، لە مێشك و یادگەیدا نەخش بوو. دەنگی خرمو هۆڕی سمی ئەسپی ئەڵمانیەکان وەکو تەزرەو تەیرۆك بەسەر دڵی ئەوا دەباری. تەزوویەکی ساردی مەرگ، بە ئازار، وەکو ئەوەی ئازارێکی راستەقینە بێ، بەگازەرای پشتیا هات. بێئەوەی هیچ شتێك بڵێ یان هاوار بکات، سەری ئەسپەکەی بادایەوەو بەرەو لای هاوڕێکانی هەڵیکردە چوارناڵە.

ستاخۆف، فریا نەکەوت کیسە تووتنەکەی قەد بکات و بیخاتەوە گیرفانی.

کریوچکۆف، کە بینی ئەڵمانیەکان، چنگ لەسەر شان بە دوای ئیڤانکوفەوەن، بەر لەوانی دی ئەسپەکەی تاوداو هەڵهات. باڵی ڕاستی سوارە ئەڵمانیەکان، تاویان دەدا، تا رێگەی پاشەکشە لە ئیڤانکوف بڕن. بە خێراییەکی سەیر لێی نزیك دەبوونەوە، ئیڤانکوف بە قامچی بەربووبووە ئەسپەکەی و ئاوڕی پاشەوەی دەدایەوە. دەموچاوی بەدەم تەزوویەکی ساردەوە گرژ دەبوو و چاوەکانی دەرپۆقی بوون. ستاخۆف، خۆی دابوو بەسەر قەڵپوسی زینەکەداو لە پێشی پێشەوە رایدەکرد. گەردەلوولێکی قاوەیی لە دووی کریوچکۆف و شچگولکوفەوە گێژی دەخواردو دەچوو بە ئاسمانا.

ئیڤانکوف، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "هاکا گەییینە سەرم! نەجاتیم نییە!" ئەم بیروکەیە هزرو هۆشی زەوت کردبوو و ئیدی دەستی لە خۆ شۆردبوو و بیری بەرگری لە مێشکی خۆیدا سڕ بووەوە. ئەو زەلامە کەتەیە پڕ چنگێکی لێ مابووەوەو سەری نووسانبوو بە یاڵ و گەردنی ئەسپەکەوە.

ئەڵمانیەکی باڵابەرزی موو سوور ، خۆی گەیاندێ، لە دواوە رمێکی گەیاندێ. نووکی رمەکە (نێزە) نیتاقەکەی بڕی، بە خوارو خێچی، زامێکی چکۆلەی کردە جەستەی، هەر بە قووڵی گرێی پەنجەیەك دەبوو، ئیڤانکوف، شێت ئاسا هاواری کرد:

– کوڕینە، بگەڕێنەوە!

لە هەمان ساتدا، شمشێرەکەی هەڵکێشا. خۆی لە جەزرەبەی دووەمیش، کە ئاراستەی لاقەبرغەی کرابوو، دەربازکرد، لەسەر ڕکێفەکە هەستایە سەر پێ و تا توانی شمشێرێکی بە پشتی کابرای ئەڵمانیدا، کە لە سەمتی چەپەوە بۆی دەهات، کێشا. دوای چرکەیەك ئەڵمانیەکان دەوریان گرت.

ئەسپێکی زەلامی بە هەیکەلی ئەڵمانی، سینگی کێشا بە لا تەنگەی ئەسپەکەی ئیڤانکوفداو لەزگ بوو بیخات. ئیڤانکوف، لە نزیکی نزیکەوە دیمەنی ترسناکی چارەی دژمنی بە چاوانی خۆی بینی.

ستاخۆف، یەکەم کەس بوو کە گەڕایەوە. زۆری نەبرد ناچاریان کرد پاشەکشە بکات. بە لێوانی وشك و سیمای مردوو ئاساوە، بە شمشێر بەرگری لە خۆی دەکردو وەکو مارماسی بەسەر زینەکەوە هەڵدەپلا. نووکی شمشێرێك بەر ئەستۆی ئیڤانکوف کەوت و برینداری کرد. لە ناکاوا سوارێکی ئەڵمانی لە سەمتی چەپەوە بۆی هات، دەمی شمشێرێك، لەبەر چاویا بریقایەوە. ئیڤانکوف شمشێرەکەی دایە بەری، ئیدی دەنگی شەڕە شمشێر بەرزبووەوە. نێزەیەك لەپشتەوە، لە حەمایەڵی شمشێرەکەی گیر بووبوو، دژمن بەسەر سەختییەوە رایدەکێشا تا شمشێرەکە لە شانی داماڵێت. ئیڤانکوف، روخساری پڕ نمووس وئارەقاوی کابرایەکی ئەڵمانی لە پشت سەری ئەسپێکەوە بەدیکرد، کاژێرەی خواری کابرای ئەڵمانی دەلەرزی و ناشیانە شمشێری دادەوەشاندو دەیویست سینگی ئیڤانکوف بە شمشێر دابدرێ. بەڵام شمشێرەکەی کورت بوو، نەیدەگەییشتێ. بێئەوەی چاوە قاوەییەکانی کە ترسیان لێنیشتبوو و پەیتا پەیتا دەتروکان، لە ئیڤانکوف بگوازێتەوە، شمشێرەکەی تووڕداو، دەستی بۆ تەرکی زینەکە بردو ویستی تفەنگەکەی دەربێنێ، بەڵام نەیتوانی لە کیفە زەردەکەی، کە بە پاشکۆی زینەکەوەی هەڵواسی بوو، دەربێنێ. کریوچکۆف لە سەر سەری ئەسپەکەوە نێزەیەکی گەیاندێ، جلە نیلییە سەربازیەکەی لەسەر سینگییەوە دڕی. کابرای ئەڵمانی خۆی بە پشتا خست و هاوارێکی ترسناکی لێهەستا:

– یا ئەڵلا!

هەشت سواری ئەڵمانی دەوری (کریوچکۆف)یان دا. دەیانویست بە زندوویەتی بیگرن. بەڵام کریوچکۆف، ئەسپەکەی هەستاندە سەر پاشوو، بەدەم شمشێر بادانەوە، وەکو خولخولۆکە بە سەر زینەکەوە، بە دەوری خۆیا دەخولایەوەو ماوەیەکی زۆر شمشێری وەشان تا شمشێرەکەیان لە دەستی خست. ئەوسا پەلاماری ئەڵمانیەکی نزیکی خۆی داو نێزەکەی لە دەستی دەرهێناو وەکو یەکێك لە مەیدانی مەشقی نێزەبازیدا بێ، بەو ئاوایە کەوتە بەکارهێنانی نێزەکە.

ئەڵمانەکان، کەمێك دوورکەوتنەوە، شەڕ بوو بە شەڕی شمشێرو ڕمان. ئیدی سوارانی ئەڵمان‌و قۆزاق، لەسەر پارچە زەویەکی چکۆڵەی تەڕی تازە کێڵراو، بەر بوونە یەکدی‌و بەدەم شەڕی دەسەو یەخەو تەن بە تەنەوە وەکو تەبارە گەنمێك بەدەم باوە کەروێشکە بکات، بەو ئاوایە بەربوونە یەکدی. ترس کردبوونی بە دڕندە، هەرچیەکیان هاتبایە پێش، لە پشت‌و باسك‌و ئەسپ‌و چەك، شەلم کوێرم... بەر شمشێرو نێزانیان دەدا. ئەسپەکان، لە ترسی مەرگا شێت‌و هار بوو بوون‌و بەخوت‌و خۆڕایی خۆیان بەیەکدیدا دەداو یەکیان هەڵدەدێرا. ئیڤانکوف، وەخۆ هاتبووەوە، چەند جارێك هەوڵی دابوو، جەزرەبەیەك بگەیەنێتە سوارێکی موو زەردی دەموچاو درێژکۆڵەی ئەڵمانی، کە هەڕەشەی لێدەکردو لێی نەدەبووەوە، بەڵام شمشێرەکەی بەر کڵاوخودی کابرای ئەڵمانی دەکەوت‌و دادەخزی.

ستاخۆف، ئەڵقەی دژمنی شکان‌و، لە کاتێکا خوێن بە باڵایا دەهاتە خوارێ، بە چوار ناڵە بۆی دەرچوو.کابرای ئەفسەری ئەڵمانی دوایکەوت. ستاخۆف، تفەنگەکەی لەشان داگرت‌و لە مەودایەکی نزیکەوە تەقەی لێکردوکوشتی. ئەمە بوو بەخاڵی وەرچەرخانی شەڕەکە، ئەڵمانەکان، دوای کوشتنی فەرماندەکەیان، کە هەموویان بە سەختی بریندار بوو بوون، پاشەکشەیان کردو هەڵاتن. قۆزاقەکان، دوویان نەکەوتن، تەقەشیان لێنەکردن. بەڵکو یەکڕاست بەرەو پلیکالیا گەڕانەوە تا پەیوەندی بە سریەکەی خۆیانەوە بکەن. ئەڵمانیەکانیش، هاوڕێیەکی خۆیان، کە بەبریندار‌ی لە ئەسپەکەی کەوتبوو، هەڵگرتەوەو بەرەو سنوور هەڵاتن.

ئیڤانکوف، دوای نیو قۆناغە ڕێیەك، بەسەر ئەسپەکەیەوە لاربووەوە.

– من...خەریکە بەر دەبمەوە!

ئەسپەکەی خۆی ڕاگرت، بەڵام ستاخۆف هەوسارەکەی ڕاکێشاو هاواری کرد:

– خۆت بگرە! مەوەستە!

کریوچکۆف، بەدەم ڕێوە خوێنەکەی سەرو چاوی خۆی دەسڕی‌و دەستی بە سینگیا هێنا. چەند پەڵەیەکی سووری لینج بە سەر کراسە سەربازیەکەیەوە بوو. لە هەنبەر ئەو خانووەدا کە ماوەیەك بارەگای پاسگای دووەمیان لەوێندەر بوو، ڕێگەکەیان لێتێکچوو.

ستاخۆف، ئەوگۆڵاوەی ناو داربیەکانی ئەو دیوی حەوشەکەی، کە بەشێوەیەکی سەیر سەوز دەچوونەوە، نشان دەدان‌و دەیگوت:

– ڕێگاکە لێرەوەیە، دەبێ بەدەستە ڕاستا بڕۆین!

کریوچکۆف، کەڵەوەکێشی دەکرد:

– نەخێر، لە دەستە چەپدایە!

لێکدی جیا بوونەوە، هەرکەسەو بەو دەستە ڕۆیی کە خۆی دەیگوت . ستاخۆف‌و ئیڤانکوف، لە کریوچکۆف‌و شچگولکوف دێرتر گەیینە بارەگای سریە. هەموو قۆزاقەکان، لە دەروازەی شارۆچکەکەدا چاوەڕوانی ئەوانیان دەکرد. ئیڤانکوف، جڵەوی ئەسپەکەی بەردا، خۆی لە زینەکە هەڵدایە خوارەوە. لە ترێکی داو کەوت. دەستی بە دەسکی شمشێرەکەیەوە ڕەق بوو بوو، بە زەحمەت لە دەستیان دەرهێنا.

دوای نزیکەی سەعاتێك، سوارانی سریەکە تێکڕا چوون بۆ ئەو شوێنەی کە ئەفسەرە ئەڵمانیەکەی تیا کوژرا بوو. چەکمەو جل‌و بەرگ‌و چەکەکەیان لێداماڵی‌و لە دەوری خڕ بوونەوە تا تەمەشای سەرو سیمای گەنجانەو بەویقاری بکەن کە زەردی مەرگی لێنیشتبوو. ئەفسەرە کوژراوەکە، سەعاتێکی چوارچێوە زیوی لە دەستدا بوو، تاراسوف، کە قۆزاقێکی خەڵکی ئوست -خوپرسکایا بوو، دەستی بەسەرا گرت‌و هەر لەویێ بە عەریفی دەستەکەی خۆیانی فرۆشت. بڕێك پارەو پول‌و نامەیەك‌و چەند تاڵە قژێکی زەردو، هەروەها وێنەی کچێکی گەنجی دەم بە پێکەنینی خۆ پەسندیان لە خورجەکەیدا دۆزیەوە.

((٩))

ئەم بویەرە پاشان کرا بە داستانێکی قارەمانانەی بێوێنە. کریوچکۆف کە خۆشەویستی فەرماندەی سریەکە بوو، بە گوێرەی ڕاپۆری ئەو خەڵات کراو، میداڵی سان جورجی درایە. بەڵام هاورێکانی بە گومناوی مانەوەو هیچ حەساوێکیان بۆ نەکرا. ئەم قارەمانە بۆ بارەگای سەرکردایەتی لەشکر نەقڵ کراو کەوت بەخێرو خۆشیاو تا کۆتایی جەنگ بێئەوەی پەنجە بە ئاوا بکات لەویێ مایەوە. کەچی وێڕای ئەوەش سێ میداڵی دیکەشی درایە، چونکە کۆمەڵێك خانم‌و ئەفسەرانی دەستڕۆ، لە مۆسکۆو پترۆگرادەوە هاتبوونە دیدەنی. خانمەکان بەسەرسامی لێیان دەڕوانی، ئافەرین‌و ستایشان دەکرد، جگەرەی زۆر نایاب و شیرینیان بە دیاری دایە. کریوچکۆف، لە سەرەتاوە بە زمانی زبرو بەو جنێوە ناشیرینانەی کە بە زاریا دەهات، بێزاری دەکردن‌و دەیرەواندنەوە، بەڵام بەرە بەرە، بە ڕێنمایی ئەفسەران‌و ستێر لە سەر شانانی ڕوبین‌و ریاکارو زمانلووس، توانی کاسبیەکی باش بۆ خۆی فەراهەم بکات: ئیدی حیکات‌و سەربهووردی قارەمانیەتی خۆی، بە شێوەیەکی خەیاڵی دەگێڕایەوە، جار لە دووی جار زیاتری پێوە دەنا، بێ هیچ پەروایەك، بێئەوەی ویژدانی بهەژێ، درۆی شاخداری بەدەم خۆیەوە دەکردو خانمەکان، بە درۆکانی دەهاتنە جۆش‌و دڵبەندی ڕوخساری کونج‌و دز ئاسای ئەم قۆزاقە قارەمانە دەبوون. ئیدی هەمووان بەدیدارو گوفتاری خۆشحاڵ وشاد دەبوون.

ڕۆژێك تزار دێتە دیدەنی سەرکردایەتی لەشکر، کریوچکوڤ نیشان دەدەن، تزار، کە پیاوێکی موو سووری دەموچاو خەواڵو بوو، وەکو چۆن ئەسپ کڕێك، بە چاوی کڕیاری تەمەشای ئەسپێك دەکات، بەو ئاوایە لە سەراپای کریوچکۆڤ ڕوانی. پێڵوە ئەستوورەکانی تروکاند، دەستیکی بە پشتیا داو گوتی:

- ها، قۆزاقی قارەمان!

ئەوسا، ئاوڕی لای دەست‌و پێوەندەکەی دایەوەو داوای ئاوی مەعدەنی کرد.

ئیدی بەردەوام وێنەی کریوچکۆف، بەو قژە بژو شانە نەکراوەیەوە، لە گۆڤارو ڕۆژنامانـدا بلاو دەبووەوە. جگەرە بە وێنەی ئەوەوە هاتە بازاڕەوە. بازرگانانی نیژنی نوڤگورود، دەمانچەی دەسك زێڕیان پێشکەش کرد.

جلی ئەفسەرە ئەڵمانیەکە کە بە دەستی ستاخۆف کوژرا بوو، نرا بە تەختەیەکی فۆرمایکای سێ گۆشەوە. جەنەراڵ فون رنندکانف دەیخستە ئۆتومبیلەکەی خۆیەوە،گاردەکەی خۆیو ئیڤانکوڤ لەگەڵ خۆدا دەبرد، تا ئەو تەختەیە بگرن، بەو حاڵەوە دەیبرد بۆ بەردەمی ئەو سەربازانەی کە بۆ بەری جەنگ دەنێردرانو خوتبەی فەرمی پڕجۆشو خرۆشی نیشتمانپەروەری بۆ دەدان.

حەقیقەتی ئەم داستانە چی بوو؟ چەند زەلامێك کە هێشتا خوویان بەکوشتنی هاوڕەگەزانی خۆوە نەگرتبوو، لە مەیدانی جەنگدا تووشی یەکدی دەبن، غەریزەی ترس، دەیانکات بە گژ یەکا، کوێرانە بەر دەبنە یەکدی، شەلم کوێرم، کەس نابوێرم، هەرچیەکیان، لە بەشەرو لە ئەسپ دێتە پێش دای دەپاچن. دوای ئەوەی زەلامێك بە گوللە دەپێکرێو دەکوژرێ، ئەوانی دی لە ترسا هەڵدێن، ئەوجا پەشێوو پەریشان بڵاوەی لێدەکەن، ئاو بێنەو دەست بشۆ.

ئەمە ئەو بویەرە بوو کە ناویان نا داستانی قارەمانیەتی.

((١٠))

بەرەی شەڕ، هێشتا نەبوو بوو بەو ئەژدیها سڕەی کە پاشان بە درێژایی دەیان کیلۆمەتر، درێژ بووەوە، ناو بە ناو، سووکە شەڕو پێکادان لە سنوورەکاندا، لە نێوان هێزی سوارەدا رووی دەدا. لە هەوەڵین رۆژانی دوای راگەیاندنی جەنگ، سەرکردایەتی سوپای ئەڵمانی، بەمەبەستی شناسایی (استگلاع) مەفرەزەی بە قوەتی سوارەیان دەنارد، ئەم مەفرەزانە، بە بەینی پاسگا سنووریەکاندا، دزەیان دەکرد، تا ئامادەگی سەربازی و ژمارەی هێزو یەکە سەربازیەکانی رووس کەشفو تاقی بکەنەوە. فیرقەی دوازدەیەمی سوارە، بە فەرماندەیی جەنەراڵ کالدین، لە پێش سوپای هەشتەمی بروسیلوفەوە دەڕۆیی. فیرقەی یازدەیەمی سوارە، لە سەمتی چەپی سوپای ناو براوەوە، بەدەم پێشڕەویەوە، سنووری نەمسای بەزاند، بەڵام هەرکە (لشنیوڤو برودی) یان گرتبوو، بە ناچاری وەستا بوو، چونکە نەمساویەکان، هێزی سوارەی کارامەیان هێنابووە کۆمەکی یەکەکانی خۆیانو سوارەی مەجاڕی خۆی دابوو بە هێزی سوارەی رووسیدا، شپرزەی کردبوو و ناچاری کردبوو بۆ دەوروبەری برودی پاشەکشە بکات.

لە شەڕی لشنیوڤەوە، ئیدی گریگۆری میلیخوف، هەستی بە ئازارێکی دەروونی بەردەوام دەکرد، هەر بەو ئازارەشەوە شەڕی دەکرد. بە ئاشکرا لاواز بووبوو، کێشی دابەزی بوو، بەردەوام چ لە کاتی ڕێ پەیمایيو چ لە کاتی ئیسراحەتدا، چ لە خەواو چ لە بێداریدا، سیماو قەڵافاتی ئەو سەربازە نەمساویەی دەهاتەوە بەرچاو کە لە پاڵ پەرژینی باخێکدا کوشتبووی. بەردەوام ئەم یەکەمین شەڕەی خۆی دەهاتە خەو، تەنانەت لە خەویشا پێی سەخڵەتو ناڕەحەت دەبوو، کە لە خەویا بەدەستی ڕاستی دەسکی نێزەکەی دەگرت، هەستی بە لەرزینی دەستی دەکرد.پاش ئەوەی بێدار دەبووەوەو وەخۆ دەهاتەوە،هەوڵیدەدا ئەم خەوە لە خۆی بڕەوێنێتەوەو هێندە بە توندی چاوانی هەڵدەگلۆفتن کە دەهاتنە ژان.

ئیدی سوارەکان، بە خۆو ئەسپەوە بە ناو تەبارە گەنمی گەییو دەکەوت و بەجۆرێ پێشێلیان دەکرد. لە تۆ وایە تاوە تەزرەو گلێرەیەکی بەترەف سەرانسەری خاکی گالیسیای تەزرە کوت کردووە. جادە هەموارو بەردرێژەکان، لە ژێر چەکمەو پۆستاڵی قورسی سەربازاندا شێوا بوون و قوڕو لیتەی وەرزی پایز تێکەڵاو بوو بوو.

لە ناوچەی شەڕەکاندا، خومپارەو بۆمبا، روخساری گرژو پەستی زەوی، عەینی ئاوڵە کون کون کردبوو. پارچە ئاسن و پۆڵای تینوی خوێنی بەشەر، لەو چاڵانەدا کە کردبوویانە زەوی، ژەنگیان هەڵێنابوو. هەموو شەوێک تیشکی ئەرخەوانی لە ئاسۆوە بڵاچەی دەداو گوندو ئاوایی و شاروچکەکانی ئاگر دەدا. لەو مانگی ئابەدا، کە وەرزی میوەگەنان و دروێنەی گەنم بوو، ئاسمان کەوەیی و گرژ بوو، خۆ ئەگەر رۆژێکیش بە رێکەوت خۆشبایە، دەبوو بە تەم و بۆخێکی ئەوتۆ، لەوە بوو بخنکێی.

مانگی ئاب بەرەو تەواو بوون دەچوو، گەڵای دارو درەختی باخان زەرد بوو بوو، ساقەتەی گەڵا سوور هەڵگەڕا بوون. دارو درەختەکان لە دوورەوە سوور دەچوونەوە، لە تۆ وایە بە سەختی بریندار بوون و خوێنیان، خوێنێکی کوشندەیان لەبەر دەڕوات.

گریگۆری، بە دیقەت سەرنجی ئەو گۆڕانانەی دەدا کە بەسەر هاوڕێ سوارەکانیا هاتبوو. پروخور زیکوف، کە تازە لە نەخۆشخانە هاتبۆوە، هێشتا جێ زامی ساڕێژ بووی ناڵە ئەسپێك بە گۆنایەوە بوو. ئازارو نیگەرانی بە سیمایەوە دیار بوو، پێڵوی چاوە میهرەبانەکانی کە لە چاوی گوێرەکە دەچوون، لە جاران زیاتر دەفڕین، یگورزارکوف، بە هەق و ناهەق جنێوی پیسی دەداو لە جاران زیاتر حیکایەتی بێپەردەی دەگێڕایەوەو لە ژێر هەتاوی گەرما نەفرەتی لە زەمین و زەمان دەکرد. یەمیلیان گروشوف، هاوشاری گریگۆری، کە گەنجێکی سەلارو سەنگین و بەڕێزو حورمەت بوو، بە جۆرێ رەش داگەڕا بوو لە تۆ وایە خۆی لە رەژوو هەڵکێشاوەو، هەر لە خۆڕا، تووڕەو خەمبار پێدەکەنی. لەم جۆرە گۆڕانانە بە سیمای هەر یەکێکیانەوە دەبینرا. ئیدی تۆوی ئەو داخ و کەسەرو کارەساتەی کە شەڕ لە دەروونی هەر یەکێکیانیدا دایچاند بوو، بە جۆرێ چەکەرەی دەکرد.

کەتیبەکە، لە هێڵی شەڕ پاشەکشەی کردبوو، لە ئیسراحەت و پشوویەکی سێ رۆژەدا بوو. چاوەڕوانی ئەوە بوو هێزی کۆمەکی، لە دەڤەری دۆنەوە بۆ بێت.

لەوکاتەدا کە قۆزاقانی سریەکەی گریگۆری خۆیان ئامادە دەکرد کە بڕۆن لە ئەستێڵە گەورەکەی ناو ئەو موڵك و مەزرایەی کە هەواریان تیاخستبوو، خۆ بشۆن و مەلە بکەن، لەو کاتەدا هێزێکی گەورەی سوارە، کە لە وێستگایەکی سێ فرسەخی ئەوێندەرەوە بەڕێ کەوتبوو، گەییە جێ. لەو کاتەدا کە قۆزاقانی سریەکەی گریگۆری گەییە قەراغ ئەستێڵەکە، بەرایی هێزە گەورەکە، ئەو هێزەی لە وێستگاکەوە وەڕێ کەوتبوو، لە گردەکەوە داگەڕا. ئەم سوارانە دیار بوو قۆزاق بوون، پروخورزیکوف کە دانەوی بووەوە تا کراسەکەی دابکەنێ، کە سەری هەڵبڕی و تەمەشای کرد هاواری کرد:

– خۆیین، قۆزاقی دۆنن.

گریگۆری، چاوی بچووك كردنەوە، بە دیقەت ڕوانیە ریزی قۆزاقەكان كە بەرەو ئاواییەكە دادەگەڕان.

– هێزی هیمدادە.

– بێگومان بۆ ئێمەیە.

– دەبێ قۆزاقی یەدەك بن.

گروشوف، هاواری كرد:

– كوڕینە تەمەشاكەن! ئەوە ستیپان ستاخۆف نییە؟ ئا ئەوەی ریزی سێیەم، ئەوەی پێشەوە!

ئەوسا، بەدەنگی بەرز پێكەنی.

– ئەوەش ئانیكوشكایە.

– گریشا، میلیخوف! تەمەشا براكەت! دەی بینی؟

– دەی بینم.

– ئەوە قاپێ ڤۆدگا قەرزار بووی، چونكە من یەكەمجار دیتم.

گریگۆری، چاوی چكۆلە كردنەوە، بە وردی زەینی دا تا ئەسپەكەی ژێر پیوتەری برای بناسێتەوە، لەدڵی خۆیدا گوتی: "دیارە ئەسپێكی تازەی كڕیوە!" ئەوسا چاوی بڕییە روخساری براكەی، كە لە چاو دوا دیداریاندا، زۆر گۆڕا بوو: دەموچاوی تاوەسووت بوو بوو. سمێڵە زەردەكەی كورت كردبووەوە، بڕۆی لەبەر هەتاودا كاڵ بوو بوونەوە. گریگۆری چوو بە پیریەوە، كاسكێتەكەی داكەندو، باسكی وەكو ئەوەی وەرزش بكات، هەڵتەكاند. چەند قۆزاقێكی دیكەش، بێئەوەی جڵەكانیان بە تەواوەتی لەبەربكەنەوە، بە كەنار ئەستێڵەكەدا، بەغار بە ناو گوڵەخەتایی و دڕك و داڵ و بنچك و دەوەنەكانا، دووی گریگۆری كەوتن.

سوارانی هێمداد، بەدەوری باخەكەدا سوڕانەوەو خۆیان بەو موڵكەدا كرد كە سریەكە ئۆردوبەزی تیاكردبوو. فەرماندەكەیان نەقیبێكی بە تەمەنی تۆكمەو توندو تۆڵ بوو، سەری تازە بەگوێزان پاك تاشی بوو، دەم و لێوە بێسمێڵەكەی، بە جۆرێ لێك نابوو، لە تۆ وایە بەكێردیش لێك هەڵناپچڕێ، گریگۆری لە دلی خۆیدا گوتی:"لەوە دەچێ كەسێكی سەختگیر بێ، سەخیفیش دیارە!"

گریگۆری، بزەیەكی بۆ براكەی كردو لە هەمان كاتدا نیگایەكی خێرای قەدو قەلافەتی نەقیبەكەو ئەسپە قەپۆز خوارەكەی كرد كە دیار بوو لە نەژادی كالموكە.

نەقیبەكە بە دەنگێكی ناسك و زوڵاڵ هاواری كرد:

– سواران، دەستە دەستە، بە سەمتی چەپا، بۆ پێش، بڕۆ!

گریگۆری، كە لە خۆشیا لە پێستی خۆی نەدەهێوری، بەدەم بزەو زەردەخەنەوە هاواری كرد:

– سڵاو، داشۆ گیان! (داشۆ: برا گەورە)

– سوپاس بۆ خوا! پێكەوە دەبین! ئێ، چۆنی؟

– باشم.

– ماوی؟

– تا ئێستا، ماوم.
– هەموو کەسوکار سڵاویان بۆت هەبوو.
– ئەدی چۆنن؟
– باشن.

پیوتەر، کە دەستی لەسەر کەفەڵی ئەسپە کوێتەکەی دانا بوو، و هەموو جەستەی وەرگێڕا بوو و لەسەر زینەکەوە بە نیگای گەشەوە دەیڕوانیە براکەی، کەوتە ڕێ و لەپشت ئاپۆڕای قۆزاقە سەرو گوێلاك تەپوتۆزاویە ناسیاو نە ناسەکانەوە ون بوو.

– سڵاو، میلیخوف! هەموو خەڵکی گوند، گەورەو بچووك لێیان دەپرسیت!

گریگۆری، کە میشکا کوشیڤوی بە کاکۆڵە زەردەکەیا ناسی بووەوە، بزەیەکی بە روویا داو گوتی:

– تۆش هاتوویت؟
– ئێمەش هاتووین بۆ لای ئێوە! ئیدی وەکو مریشك لە دووی هەرزن دەگەڕێین.
– لێرە زوو لە چینە کردن بێزار دەبی، لەجیاتی تۆ چینە بکەی. کاتێ بەخۆ دەزانی چینەت دەکەن.
– هەی نەبێ!

یگۆرزارکوڤ، بە تۆی کراسێك لە ئەستێڵەکەوە، گەڵاو گەڵ دەهاتو بەدەم ڕێوە هەوڵیدەدا پانتۆڵە دەڵبەکەی لە پێبکات.

– سڵاوتان لێبێ خۆ وڵاتی!
– ئۆه! خۆ ئەمە زارگوفە!
– سڵاو، ئەسپی توخمی(فەحل)، چیە پێوەندیان کردوویت؟
– دایکم چۆنە؟
– باشە، دەژی. زۆر سڵاوی هەبوو. بەڵام من نەمتوانی دیاریت بۆ بێنم، بارم زۆر قورس بوو.

یگورکا، زۆر بەجدی گوێی لەو وەڵامانە گرت، بە عەمراتی ئەوەندە جدی نەبوو بوو، پاشان بە پاشەڵی رووتەوە لەسەر گیایەکە دانیشت. سەری نائومێدی خۆی داخستو هەرچی دەکرد، نەیدەتوانی لاقە لەرزۆکەکەی لە دەلنگی پانتۆڵەکەی بکات.

قۆزاقەکان، بە نیمچە رووتی، لە پشت موحەجەرە شینەکەوە وەستا بوون، ئەو سریە یەدەکەی کە لە دۆنەوە هاتبوو، لە جادەکەی ئەو دیوەوە، بەبن دار بەڕووەکاندا هاتو خۆی بە حەوشەی ئۆردوگایەکەدا کرد.

– سڵاو، خۆ وڵاتی.
– ئەمە تۆی ئەلکساندر؟
– بەڵێ خۆمم.
– ئەندریان! هۆ ئەندریان! ئەوە چیە، کەڕی؟ نامناسیتەوە. هەی نانەجیب؟
– هێی سەرباز، ژنەکەت لێی دەپرسیت.

– بژیت. بەخوام سپاردووە.

– بوریس بیلوڤ لێرەیە؟

– لەکام سریەیە؟

– وا بزانم لە سریەی چوارە.

– خەڵکی کوێیە؟

– خەڵکی زاتونی ناوچەی ڤیشنسکایایە.

کەسێکی دی هەڵیدایە:

– بۆ چیتە؟

– حەز دەکەم بیدینم،نامەیەکم بۆی هێناوە.

– چەند رۆژێك لەمەپێش، لە رایبرودی کوژرا.

– بە راست؟

– بەخوا! بە چاوی خۆم دیتم. گوللەیەك رێك ژێر مەمکی چەپی سمی.

– کەسێ خەڵکی چرنایا لێرە هەیە؟

– نا،

سریە تازەکە هەموو گەیینە جێ‌و لە ناوەندی حەوشەکەدا ریز بوون. قۆزاقەکان، جارێکی دی گەڕانەوە سەر حەوزو ئەستێڵەکەو کەوتنەوە خۆشتن.دوای تۆزێك، تازە هاتووەکانیش پەیوەندیان پێوە کردن. گریگۆری بەلای براکەیەوە دانیشت. بۆگنخاوێکی قورس لە قوڕە سوورەی کەنار حەوزەکەوە هەڵدەستا، ئاوی کەناری حەوزەکە لە گیادا سەوز دەچووەوە. گریگۆری، بەدەم دۆزینی درزو بن تەقەڵی کراسەکەیەوە، ئەسپێی دەگرت‌و بە نینۆك دەیکوشت‌و، قسەی بۆ پیوتەری برای دەکرد:

– دەزانی پیوتەر، روحم ماندووە. وام لێهاتووە بەرگەی هیچ ناگرم، بە بچووکترین جەزرەبە لێدەبمەوەو دەمرم. دەڵێی خستوویانمەتە بەینی بەرداشی ئاشێکەوەو، هاڕیویانم‌و تووڕیان داوم.

دەنگی تێکشکاو کزو گلەیی ئامێز بوو. چرچێکی تاریکی خوارو خێچ کەوتبووە سەر هەنیەی، ئەم چرچ‌و لۆچە، گۆڕان‌و غوربەتێکی سەیری پێبەخشی بوو. پیوتەر پێشتر هەستی بەمە نەکرد بوو، زۆری لەبەر گران بوو.

پیوتەر، کراسەکەی خۆی داکەند، بەدەنی سپی دەرکەوت، گەردنی ئەڵقاو ئەڵق تاوەگاز بوو بوو. پرسی:

– بۆچی، کێشەت چیە؟

گریگۆری، بەپەلە، بە دەنگێکی گڕو تووڕە گوتی:

– مەسەلەکە بەمجۆرەیە: کردویانین بەگژ یەکا، ئەو خەڵکە کراون بە گورگ! هەزار خۆزگە بە گورگ، روو دەکەیە هەر کوێیەك، رق‌و کینەو کینەکێشییە. هەندێجار بە خۆم دەڵێم ئەگەر هەر کەسێك بگەزم هار دەبێت.

– تۆ ناچار بوویت کەسێك بکوژیت؟

– بەڵێ ناچار بووم!

گریگۆری بە نیمچە هاوارێکەوە ئەو قسەیەی کرد. کراسەکەی گوشی و لوولی کردو هەڵیدایە بەر هەردوو پێی. ئەوجا ماوەیەك دەستی بە ئەوکی خۆیدا هێنا، لەتۆ وایە دەیویست وشەیەك کە لە ئەوکی گیرابوو و لەزگ بوو بیخنکێنی، لە گەرووی دەربێنێ. روانیە دەوروبەری خۆی. پیوتەر، کە نیگای لە نیگای براکەی دەدزییەوە، داوای لێکرد:

– دەی، بۆم باسبکە!

– ویژدانم دەمکوژێت، لە لشنیوۆ دا، لە گەرمەی شەڕو هەڵچوونا بە ناچاری نێزەیەکم کرد بە سینگی زەلامێکا و دیواودەر کونم کرد. ئیتر چارم ناچار بوو. بەڵام بۆچی سەری ئەوەی دیم شەق کرد؟

– چۆن؟

– ئیدی ئاوا بوو. لە خوتوخۆڕایی زەلامێکم کوشت، جا ئەو بەرازە ویژدانم ئازار دەدات! ئەم زۆڵە هەموو شەوێ دێتە خەونم و بەرۆکم بەر نادات. ئاخر ئەمە خەتای منی تیایە؟

– هیچ نییە، هێشتا ڕانەهاتووی، چاك دەبیت.

گریگۆری پرسی:

– ئێوە هاتوونەتە هێمدادی سریەکەی ئێمە؟

– نا، ئێمە سەر بە کەتیبەی بیست و حەوتین.

– وامزانی بۆ کۆمەکی ئێمە هاتوون.

– سریەکەمان، سەر بە فیرقەیەکی پیادەیە. هاتووین پەیوەندی بەو فیرقەیەوە دەکەین، بەڵام یەکەیەکی هێمدادیشمان لەگەڵ خۆدا بۆ ئێوە هێناوە، کۆمەڵێك گەنجی تازە سەربازن.

– دەی با بچین، مەلە بکەین!

گریگۆری، بە گورجی پانتۆڵەکەی داکەندو بە پشتی تاوەسووت و شان و شەپیلکی کەمی خوارو داچەکیوەوە، بەرەو کەناری ئەستێڵەکە رۆیی. پیوتەر، هەستی کرد، گریگۆری، لەم ماوەیەدا کە لێکدی دابڕابوون، زۆر پیر بووە. گریگۆری، دەستی بەرزکردنەوەو بەسەرا خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە. ئاوەکە پەنگایەوەو، کۆمەڵێك قەوزەی لەگەڵ خۆیدا گێژداو، دووبارە بڵاوبووەوە. گریگۆری، بە مەلە چوو بۆ لای کۆمەڵێك قۆزاق کە لە ناوەندی ئەستێڵەکەدا خەریکی هەراو هەنگامەو شۆخی بوون، بە ناو لەپ و بەکاوەخۆ ئاوەکەی وەبن سکی خۆی دەداو شانەکانی بەسستی تەکان دەدان.

پیوتەر، خاچەکەی ملی و، ئەو نووشتەیەی کە دایکی بۆی لە پارچەیەکەوە دروو بوو و دابویە، بە ئەسپایی داکەندو خستیە ژێر جلەکانیەوەو با ناچاریەکی ترس ئامێزەوە، خۆی بە ئاوەکەدا کرد. کەمێك ئاوی بە سینگ و بەرۆك و شان و شەپیلکی خۆیدا کرد، ئەوجا بەدەم ئاهێکەوە کەوتە مەلەو خۆی گەیاندە گریگۆری. بە دوو قۆڵی بەرەو کەنارە لمەڵانەکەی ئەوبەر رۆییشتن کە یەکپارچە بنچك و دەوەنان بوو. گریگۆری کە لە ئاوەکەدا بەدەم مەلەوە دەجوڵا، بەرە

بەرە هێور دەبووەوە. بە ئەسپایی قسەی دەکرد، ئەو هەڵچوون و نائومێدیەی پێشووتری ڕەوییەوە. گوتی:
– ئەوەندە بێتاقەت و نائومێد بووم، تاقەتم نەبوو جلەکانیشم بدۆزم، هەر ئەسپێ خواردمی. خۆزگە ئێستا لە ماڵی خۆمان دەبووم. بریا دوو باڵم هەبوایە، هەر ئێستا لە شەقەی باڵم دەداو دەچووم بۆ ئەوێ! لە کونێکەوە تەنیا تەمەشایەکم دەکردو بەس! ئێ کەسوکارو خزمان چۆنن، هەموویان باشن؟
– ناتالیا، لای خۆمانە. لەگەڵ خۆمانا دەژی.
– چیتر؟
– حاڵی باشە.
– ئەدی باوک و دایکم چۆنن؟
– باشن، بەڵام ناتالیا هەر چاوەڕوانی تۆیە. هێشتاش قەناعەتی وایە کە تۆ دەگەڕێیتەوە لای.
گریگۆری هیچ وەڵامێکی نەدەدایەوە. یاری بە ئاوەکە دەکرد، ئەو ئاوەی دەتفاندەوە کە چوو بووە دەمیەوە. پیوتەر سەری وەرگێڕاو ویستی چاو لە دوڕ چاوی براکەی ببڕێ.
– خۆزگە بەلای کەمەوە لە نامەکانتا سڵاوێکت بۆ دەنارد. بەو هەوایە دەژی کە لەلای تۆوە دێت.
– سەیرە،... دەیەوێ ئەم پەتەی کە پچڕاوە، لە نوێ گرێ بداتەوە؟
– بڵێم چی... هەر کەسەو بە ئومێدێ دەژی. ژنێکی زۆر باشە. تا بڵێی پاک و بێگەردە. ئاکاری جوانە. قەت خوا نەکا ئەملاو ئەولایەکی هەبێ... یان روو بداتە کەسێك، کەس ناتوانێ هیچ شتێکی خراپی دەربارە بڵێ... لە پەڕەی گوڵ پاکترە.
– باشتروایە بڕوات بۆ خۆی مێرد بکات.
– قسەی سەیر دەکەی ها!
– هیچ سەیر نییە، مردوو لەوە پاکتر ناشۆردرێ. ئەمە باشترین کارە.
– ئەمە پەیوەندی بەخۆتانەوە هەیە، من هەقم بەسەرەوە نییە.
– ئەدی دونیا چۆنەن؟
– بووە بە ژنێکی تەواو! وەختی شووکردنیەتی، لەم ساڵەدا، ئەوەندە گەورە بووە نایناسیتەوە.
گریگۆری، بە سەرسامی و شادیەوە گوتی:
– بەڕاست!
– بەزاتی خوا، هاکا بە شوویان داو تەنانەت فریا ناکەوین لە زەماوەندەکەیا دەمێ بە ڤۆدگاش تەڕ بکەین. تا ئەو کاتە، ئەم بێشەرەفانە دەمانکوژن!
– لەوە ئاسانتر نییە!
لە ئاوەکە وەدەرهاتن،بەپاڵ یەکەوە لەسەر لمەڵانەکەو لەبەر هەتاوەکەدا ڕاکشان و خۆیان لەبەر هەتاوەکە کە قەت واگەرم نەبوو،هەڵخست. میشکاکوشیڤوی کە بەدەم مەلەکردنەوە بە بەرانبەریاندا رەت دەبوو، تا پشتێنەی لە ئاوەکە دەرهێناو گوتی:
– گریشکا، وەرە ناو ئاوەکە.

– راوەستە، با لێرە پشوویەك بدەم.

گریگۆری کە خەریك بوو قالۆچەیەکی چکۆلەی دەکردە ژێر لمەکەوە، پرسی:

– ئەدی ئەکسینیا چۆنە، خەبەری دەزانی؟

– کەمێك پێش راگەیاندنی شەڕەکە، لە گوندی خۆمانا دیتم.

– بۆچی هاتبوو، چی دەکرد لەوێ؟

– هاتبوو، هەندێ کەلوپەلی خۆی لە ماڵی مێردەکەی بەرێتەوە.

گریگۆری کۆکەیەکی بۆ کرد، چنگێ لمی کرد بەسەر قالۆچەکەداو بە خاکی سپارد.

– قسەت لەگەڵیا کرد؟

– هەر سەلامێکمان لە یەکدی کردو تەواو. زۆر قەڵەو و گەش بوو، دیارە لەوەڕەکەی ماڵی ئاغای پێدەکەوێ.

– ئەدی ستیپان چی کرد؟

– کەلوپەل و شمەکەکانی دایەوە. هیچ خراپەیەکی لەگەڵا نەکرد. بەڵام تۆ ئاگاداری خۆت بە! من بیستوومە کە بە مەستی سوێندی خواردووە، لە یەکەم شەڕا فیشەکێکت تیا خاڵی بکات. لێت خۆش نابێت.

– دەزانم.

پیوتەر، بۆ ئەوەی قسەکانی بگۆڕێ، ئاوڕی دایەوەو گوتی:

– ئەسپێکی تازەم بۆ خۆ کڕیوە.

– جوانەگاکانتان فرۆشتووە؟

– بەڵێ، بە سەدو هەشتا رۆبڵ. ئەسپەکەم بە سەدو پەنجا رۆبڵ کڕی. بەڵام بەڕاستی ئەسپە. لە دەوروبەری تسوتسکان کڕیم.

– ئەدی حاسڵات چۆنە؟

– زۆر باشە. فریا نەکەوتین بە تەواوەتی خڕی بکەینەوەو لە عەماری بکەین. رێك لەو کاتەدا رایانماڵین بەرەو جەنگ.

ئیدی قسەوباسیان هاتە سەر کاروباری ماڵ و بە تەواوەتی بۆ یەکتری کرانەوەو گریگۆری بەتاسەوە گوێی لە دەنگوباسی گوند دەگرت. سەرانسەری بوونی پارابوو، جارێکی دی بووەوە بە کوڕە سادەو خۆ سەرەکەی جاران. پیوتەر، لمەکەی سەر سکی پاك کردەوەو گوتی:

– دەی، با بڕۆین، تاوێکی دیکە مەلە بکەین و خۆمان لەبەر بکەینەوە.

مووەکانی پشت و بازووەکانی لە سەرما گرژ بووبوون، ئیدی کە لەگەڵ قۆزاقەکانی دی دەگەڕانەوە بۆ ئۆردوگاکە، ستیپان ستاخۆف، لەبەر پەرژینی نێوان مەزراکەو ئۆردوگاکەدا تووشیان بوو. بەدەم رێوە قژەکەی، کە بەسەر هەنیەیدا کەوتبوو، بە شانەیەك بۆ پشتەوە هەڵدەدایەوە دەیخستە ژێر کاسکێتەکەیەوە، کە گەییە ئاستی گریگۆری گوتی:

– سڵاو هاوڕێ!

– سڵاو.

گریگۆری، پێی قورس کرد، بە نیمچە تەریقی و رووگیرییەوە، تەمەشایەکی کرد.

– دەمناسیتەوە، وانیە؟

– تەقریبەن.

– ستیپان بزەیەکی تەوسامێزی بۆ کرد:

– بەڵام من تۆ دەناسمەوە.

ستیپان، بێئەوەی بوەستێ، تێپەڕی و دەستی خستە سەر شانی نایب عەریفێك کە لە پێشەوە دەڕۆیی.

دوای خۆرئاوا، ئەمرێکی تەلەفۆنی لە سەرکردایەتی لەشکرەوە هات کە کەتیبەکەی گریگۆری، بگەڕێتەوە بۆ هێڵی پێشەوەی شەڕگە. سریەکان، لەزەرفی چارەکە سەعاتێکدا، ئامادەو تەیار بوون و بە دەم سروودو گۆرانیەوە کەوتنە ڕێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە هێزی سوارەی مەجاڕی، یانی هێزی دژمن، کردبوویانە، خەتی بەرەی پێشەوە.

پیوتەر، لەو دەمەدا کە خواحافیزی لە گریگۆری دەکرد، پارچە کاغەزێکی چوار قەدکراوی خستە دەستی براکەیەوە. گریگۆری پرسی:

– ئەمە چییە؟

– دوعایەکە بۆم نووسیویتەوە. هەڵیگرە...

– باشە هیچ فایدەیەکی هەیە؟

– گریگۆری، گاڵتەت پێی نەیەت

– گاڵتەم پێی نایەت.

– دەی بە هیوای دیدار برا! ئاگادار بە سەرکێشی نەکەی ،خەڵکی چاونەترس و سەرکێش زوو دەکوژرێن، ئاگات لە خۆ بێ.

– کەواتە ئەم دوعایە سوودی چیە؟

پیوتەر، دەستێکی بۆ تەکاندا.

سریەکان، تا سەعات یازدە، بێ ڕەچاوکردنی هیچ جۆرە پارێزێك، ڕێیان کرد. دوای ئەوە رەیس عورەفاکان، دەماو دەما دەستوورێکیان گەیاندە ریزی سوارەکان کە تا دەتوانن بێدەنگ بن و جگەرەکانیان بکوژێننەوە.

لەدووری دوورەوە، لەسەر جەنگەڵێکەوە، تەڵقە تەنوورە، بەدەم دووکەڵی وەنەوشەیی و پەمەییەوە، دەچوون بە حەواداو دەتەقینەوە.

((١١))

دەفتەرێکی چکۆلەی بەرگ چەرمی قاوەیی. هەموو قەراخ و سووچەکانی پوابوو. دیار بوو کە ماوەیەکی زۆر لە گیرفانی خاوەنەکەیدا بووە. لاپەڕەکانی بەخەتێکی خوارو خێچ رەش کرابوونەوە...

***

"…. ماوەیەکە خولیای ئەوەم کەوتووەتە سەر کە رازی دڵم بخەمە سەر کاغەزو، دەردە دڵ لەگەڵ وشەدا بکەم. دەمەوێ دەست بدەمە قەڵەم و دەست بە نووسین بکەم، یانی یاداشتنامەیەکی لە بابەتی (یاداشتنامانی قوتابخانەیی) بنووسم. پێویستە بەر لە هەموو شتێك لە باسی ئەوەوە دەست پێبکەم: لە مانگی شوباتدا (ڕۆژو بەروارەکەم لە بیر نەماوە) لە ڕێگەی خوێندکارێکەوە بە ناوی بویاریشکین، کە هاوزێدی ئەوە، من ئەو کیژەم ناسی، لەبەردەم سینەمایەکدا تووشیان بووم. بویاریشکین کە پێی ناساندم گوتی: "ئەم کیژەخانە خەڵکی لای ئێمەیە، خەڵکی ناوچەی ڤیشنسکایایە . تیموفی، تۆ بە ناسینی خۆشحاڵ دەبیت. لیزا کچێکی شایستەو لە بارە."

لە بیرمە کە لە وەڵاما هەندێ وشەی بێسەروبەرو گۆنگم بەزارا هات، دەستم خستە نێو دەستە نەرمو ئارەقاوەکەی. ئاشنایەتی لیزاڤیتا موخوفاو من بەو جۆرە دەستی پێکرد. یەکسەر هەستم کرد کچێکی هەرزە و سووکە: چاوانی ئەمجۆرە ئافرەتانە لە دوورەوە هاواردەکەن، بێپەردە قسە دەکەن. هەڵبەتە دەبێ دان بەوەدا بنەم کە هەوەڵین سەرنج و بۆچوونم بەرانبەری باش نەبوو. ڕەنگە هۆیەکەشی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەستی زۆر لینچق بوو، بەعەمراتم هیچ کەسێکم نەبینی بوو کە دەستی ئەوەندە ئارەقە بکاتەوەو بەوجۆرە لینچق بێت. هۆی دووەم چاوەکانی بوو، هەرچەندە زۆر جوانو، پرشنگدارو، قاوەییەکی کاڵی ئامال سوورن، بەڵام بینەر پێیان ناڕەحەتە.

برادەرەی ئازیزم ڤاسیا، من بەئانقەست شێوازی ئەم نووسینەم دەڕازێنمەوە، تەنانەت پەنا دەبەمە بەر هونەرکاری و وێنەو دیمەنەکانت بە وردی بۆ دەگێڕمەوەو دەگوازمەوە، تا ئەگەر ئەم "یاداشتنامەیەت" لە سیمبالاتنسك پێگەیی (بەنیازم دوای ئەوەی ئەم چیرۆکی ئەشقەم لەگەڵ لیزاڤیتا موخوفادا تەواو کرد، هەنگێ بۆتی بنێرم) وێنایەکی دروستت دەربارەی هەبێتو لەزەتی لێ بدینی، جا ئێستاش دێمە سەر ئەوەی کە ڕووداوەکان بە ریزو لە نووکەوە بگێڕمەوە، وەکو پێشتر گوتم، تەعاروفم لەگەڵیا کردو بە سێ قۆڵی چووینە تەمەشای فیلمێکی ڕۆمانسی زۆر تورە هاتو بێسەرو بەر. بویاریشکین بە درێژایی فیلمەکە بێدەنگ بوو (خۆی گوتەنی کاکیلەی دەیەشا). منیش بە تۆبزی قسەم دەکرد، هیچ بابەتێکم پێنەبوو باسی بکەم. بۆمان دەرکەوت کە هەردووکمان، منیشو کیژێ، خەڵکی یەك دەڤەرین، یانی خەڵکی دوو شارۆچکەی دراوسێین. بەڵام دوای گێڕانەوەی هەندێ یادگاریو بیرەوەریانی هاوبەشی خۆمان دەربارەی جوانیەکانی سروشتی پێدەشتو ئەو جۆرە شتانە، ئیدی هیچمان پێنەماو بێدەنگ بووین، ئیدی من بێهیچ لە ڕوودامانێك بێدەنگیم لێکرد، ئەویش بە هیچ جۆرێ لە تەواوبوونی گفتوگۆیە بێ بایەخەکانمان نا ڕەحەت نەبوو. بە قسەکانیا بۆم دەرکەت خوێندکاری قۆناغی دووەمی زانکۆی پزیشکییەو لە بنەماڵەیەکی بازرگانەو زۆری حەز لە چای پڕ ڕەنگ و بڕنووتی مارکەی ئاسمولۆڤە. وەکو دەبینی، ئەم زانیاریانە بۆ کەسێك بیەوێ کیژێکی چاو قاوەیی ئامال سوور، بناسێت یەجگار کەمو ناچیزە. کاتێ کە لە یەکدی جیا بووینەوە (بەڵێ تا وێستگەی ترامەکە بەرێمان کرد) داوای لێکردم کە سەردانی بکەم. ئەدرەسەکەیم لای خۆم نووسی. بە نیازم ڕۆژی ٢٨/٤/ بچمە دیدەنی.

: ٤/٢٩

ئەمڕۆ چوومە دیدەنی. چاو شیرینی بۆ دانام. لە ڕاستیا کچێکە لە هیچی کەم نییە. جوانە، بەدەمو زمانە، تا ڕادەیەك زیرەك و هۆشنە. بەلام ئەوەندە هەیە زۆر دڵبەندی ئارتسیباشیفە کە دەڵێت: "بێ دڵی خۆت مەکە" و (ئارتسیباشیف، نووسەرێکی چیرۆکێن سێکسییە.) لەدووری دوو فرسەخانەوە بۆنی ئارتسیباشیفی لێدێت. درەنگانێك لای ئەو گەڕامەوە. چەند سیغارێکم پێچایەوە و بیرم لە کۆمەڵێك شتکردەوە کە لە دوورو لە نزیك پەیوەندیان بەوەوە نەبوو، بە تایبەتی بیرم لە پارە دەکردەوە. جلەکانم، لە کەڵك کەوتوونو هیچ "پارەو دەست مایەیەکم" نییە. بە شێوەیەکی گشتی حاڵم گەنە.

: ٥/١

ئەمڕۆ، تووشی ڕووداوێکی سەیر بووم. لە پارکی سوکولنیکیدا، بۆ خۆ، بەوپەڕی نیازپاکی پیاسەمان دەکرد، لە پڕ کێشەیەکمان تووش بوو. پۆلیسو مەفرەزەیەکی قۆزاقی بیست کەسی، بلاوەیان بە خۆپیشاندانێکی کرێکاری، بە بۆنەی یەکی ئایارەوە، کرد.کابرایەکی مەست، دارێکی کێشا بە ئەسپی یەکێك لە قۆزاقەکاندا، ئیدی کابرای قۆزاقیش، بێ سێو دوو، بە شەلاق بەر بووە وێزەی کابرای مەست. (نازانم بۆچی هەندێ کەس بە شەلاخ دەڵێن شول، لە کاتێکا وشەی شەلاق، وشەیەکی زۆر باشو پڕ بە پێستە، ئیدی بۆ بە کاری نایەنین؟....) من چووم بەلایانەوە، باوەڕ بکە، بەوپەڕی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی کەوتمە بەینیانەوە. بەڵێ کەوتمە بەینییانەوە، بە گلەییەوە هەندێ قسە ی وەکو (حەیوان)و چیو چیم پێگوت، قامچیەکەی لێ ڕاستکردمەوە کە دامکوتێ، بەلام من فریای خۆم کەوتم، بە توندی و تاڕادەیەك بە متمانەوە گوتم کە منیش قۆزاقم و خەڵکی شارۆچکەی کامنسکایامو دەتوانم تێرو پڕی تێهەڵبدەم. پاشان یارۆی قۆزاق کوڕێکی باش دەرچوو، گەنج بوو، تازە سەرباز بوو، و خزمەتی سەربازی هێشتا لە ڕێی دەرنەکردبوو. وەلامی دامەوە کە ئەویش خەڵکی شارۆچکەی ئوست – خوپرسکایایەو قارەمانی مست بازیە. ئیدی بە سەلامەتی و ئاشتی وازمان لێکدی هێنا. خۆ ئەگەر بیکردایە بە کەڵەوەکێشی و پەلاماری دابام. ئەوا لێمان دەبوو بە شەڕو لەوە بوو شتەکە بۆ من زۆر خراتر بکەوتایەتەوە. ئەم خۆ تێهەڵقورتاندنەی من تەنیا خۆ نواندن بوو، لەبەر ئەوە بوو کە لیزاڤیتام لەگەڵدا بوو، کە ئەوم لەگەڵدا دەبێ، عەینی منداڵ ئارەزووی خۆ نواندنم لەلا دەهاڕۆژێ، دەمەوێ کارێکی "قارەمانانە" بکەم. لەدڵی خۆدا وا هەست دەکەم، دەبم بە کەڵەشێری جەنگی، پۆپنەیەکی سووری پەنهان لە ژێر کاسکێتەکەمەوە بەرز دەبێتەوە...بەڕاستی ئەمە چیە، ئاقیبەتی ئەم کارەم بە کوێ دەگات!

:٥/٣

بەم بارە دەرونیەی ئێستامەوە، مەگەر هەر مەینۆشیو مەستی دادم بدات، بۆ نەگبەتی، پارەم نییە. کێچ لە باخەڵما سەوزەڵێ خانم دەڵێ، پانتۆڵەکەم دڕاوە. ڕێك لە دواوە، لە ناوەندی هەردوو گوڵمەی ڕانمەوە، عەینی کاڵەکی گەییووی دۆن شەق بووە. باوەڕناکەم بەرگەی تەقەڵو دورینەوە بگرێت. چما کاڵەکی شکێنراو دەدورێتەوە؟ ڤلودکاسترژنیف هاتە دیدەنیم. سبەینێ دەچم بۆ کۆلیژ.

٥/٧ :

بابم پارەی بۆ ناردم. لە نامەکەیا تووڕە بوو، گلەیی دەکرد، بەڵام من هەست بە کەمترین شەرمەزاری ناکەم، یانی چی تیایە ئەگەر بابم بزانێت بینای ئەخلاقی کوڕەکەی بەم رادەیە هەرەسی هێناوە... دەستێك جلم بۆ خۆم کڕی. بۆینباخە تازەکەم تەنانەت سەرنجی گالیسکەچیەکانیش رادەکێشێت. چووم لە شەقامی تورسکایادا، لای باشترین بەربەر سەرو ریشم چاك کرد، و خۆم تاس و لووس داو وەکو بابایەکی خەڕاز (وردە فرۆش) هاتمە دەرەوە. پاسەوانی سەر سووچی شەقامی سادۆڤوتریمو مفالنایا بزەیەکی بە رووما دا. ساختەچیە! لەوە دەچێ بەم جلانەوە شتێکی هاوبەشی لە نێوان خۆی و مندا بیر کەوتبێتەوە. بەڵام هی سێ مانگ لەوە پێش. بەڵام ئەوەی چوو چوو... بە رێکەوت لیزاڤیتام لە پەنجەرەی ترامەکەوە بینی. دەستکێشەکەی بۆ تەکاندام و بزەیەکی بۆ کردم. چیە، چیمە وا سەیرم دەکەن؟

٥/٨ :

"بەندەی ئەشقن، هەموو پیرو جوان!" . ئێستاش زاری مێردەکەی تایتانام لەبەر چاوە کە چۆن وەکو تۆپ بەرانبەرم کرابووەوە. پڕ بە دڵ حەزم دەکرد، لە شوێنەکەی خۆمەوە، لە هۆڵەکەی سەرەوە، لەسەر کورسیەکەمەوە، تفێکی پڕ بەدەم بکەمە ئەو زارە بەشەوە. هەرکاتێ کە ئەو رستەیەم بیر دەکەوێتەوە، بە تایبەتی کۆتاییەکەی "پیرو جواان" هەستدەکەم کاژێرەکانم بەدەم باوێشکەوەو لە تووڕەییدا رادەجفرن.

جا مەسەلەکە لێرەدا ئەمەیە کە منیش لەم تەمەنەدا ئاشق بووم. ئێستاش کە ئەم وشەیە دەنووسم و دەیخەمە سەر کاغەز، مووی سەرم گرژ دەبێ... چوومە دەیدەنی لیزا. دوای پێشەکیەکی دوورو درێژ و زۆر گۆنگ ئەوجا باسەکەم کردەوە. وای نواند کە هیچ تێناگات و، هەوڵی دا بابەتەکە بگۆڕێت و بەلایەکی تریا بەرێت. تۆ بڵێی پەلەم کردبێت؟ ها! تومەز مەسەلە جلە تازەکانمە، ئەم جلە میراتیە هەموو شتێکی لێتێکداوم. کە لە ئاوێنەدا تەمەشای خۆم دەکەم، هەستدەکەم کەسێکی بە شەخسیەتم و لەوانە نیم دەست بە روومەوە بنرێ، کەواتە وەختی ئەوە هاتووە ئەشقی خۆم ئاشکرا بکەم! لە کەماڵی ئەقڵمەندی خۆدام. ئەگەر ئێستا ئەشقی خۆمی بۆ ئاشکرا نەکەم، دوو مانگی دی درەنگ دەبێت و ئەم دەرفەتە لە دەست دەچێت و هەڵناکەوێتەوە. پانتۆڵەکەم کۆن دەبێت و ئارەقە بە جۆرێ دایدەڕزێنێ، هەرگیز رووم نەیەت باسی ئەشقی لەگەڵدا بکەم. من کە ئەمەت بۆ دەنووسم، لە کانگای دڵەوە ئافەرینی خۆم دەکەم، زۆر بەخۆ دەفشم: باشترین و جوانترین هەستی باشترین خەڵکی رۆژگاری ئێمە لە منا کۆبووەتەوە! لەلایەك ئەشقێکی ناسك و لە هەمان کاتدا ئاگرین، و لەلایەکی دی "گازی ئەقڵی ساغڵەم"، ئیدی پیاو هەی پیاو.

هێشتا پێشەکیەکەی خۆم تەواو نەکردبوو، ژنەی خاوەن ماڵ بانگی کرد، لیزاڤیتا، چوو بۆ دالانەکە، گوێم لێبوو، داوای قەرزی لێکرد. کەچی نەیدایە، ئەگەر بڵێی پارەشی هەبوو، من ئەمەم چاك دەزانی و لەو دەمەدا کە راستگۆیانەو بەچاوە قاوەییە گەشەکانیەوە دەستی بە روویەوە ناو

قەرزەکەی نەدایە، روخساریم هێنایە بەرچاوی خۆم. دواي ئەوە، ئیدی زەوقی ئەوەم نەما کەباسی ئەشقی لەگەڵدا بکەم.

٥/١٣:

بە ڕاستی ئاشق بووم، گومان لەوە نییە. سبەینێ قسەی لەگەڵ دەکەم، ئەشقی خۆمی بۆ ئاشکرا دەکەم. من تا ئەمڕۆ قسەی لە بارم بۆ ئەم مەسەلەیە ئامادە نەکردووە.

٥/١٤:

مەسەلەکە رەوتێکی چاوەڕوان نەکراوی وەرگرت. دنیا باران بوو، بارانێکی نەرمی خۆش. ئێمە لە شەقامی موخوفایادا پیاسەمان دەکرد. بای دەهات. بارانەکە بەدەم بایەکەوە شۆستەکەی دەشتەوە. من قسەم دەکردو ئەو سەری داخستبوو، بە بێدەنگی رێی دەکرد، لە فکران ڕاچوو بوو، وەکو ئەوەی بیر لە شتێك بکاتەوە، لە دڵی خۆیدا مەسەلەیەك تاوتوێ بکات. چۆڕاگەیەك لەسەر کڵاوەکەیەوە داخزی‌و بەسەر گۆنایدا هاتە خوارێ.خۆشی زۆر جوان بوو! ئەم گفتوگۆیەمان لە نێواندا دروست بوو:

– لیزاڤیتا سیرگیيڤنا، من هەستی خۆمم بۆ دەربڕیت، ئێستا نۆرەی تۆیە قسەی خۆت بکەی.

– من گومانم لە راستگۆیی هەستەکانت هەیە.

من زۆر گەوجانە شانەکانم هەڵتەکاندن، بەدەم زمانە لالکێوە گوتم کە ئامادەم سوێندی بۆ بخۆم یان هەر شتێکی لەو بابەتە. گوتی:

– گوێ بگرە، تۆ وەکو یەکێك لە قارەمانەکانی تورگینیف قسە دەکەی، ناتوانی هەندێ سادەتر، روونتر قسە بکەی؟

– لەمە سادەتر نیەو نابێ: من خۆشم دەوێی

– ئێ، پاشان؟

– چاوەڕوانی وەڵامی تۆم.

– یانی دەتەوێ پێت بڵێم خۆشم دەوێی؟

– دەمەێ شتێك بڵێی.

– تەمەشا، تیموڤ ئیڤانوفیچ... نازانم چی بڵێم، چۆنی بڵێم؟ من سووکە مەیلێکم بەلای تۆدا هەیە... تۆ زۆر درێژی.

بەڵێنم دایە کە:

– درێژتریش دەبم.

– ئاخر ئێمە زۆر کەم یەکتر دەناسین، ژیانی هاوسەرێتی..

– بەرەبەرەو بەدەم رۆژگارەوە یەکدی باشتر دەناسین...

بە ناو لەپە پەمەییەکەی گۆنا تەڕەکانی سڕی‌و گوتی:

– باشە، با پێکەوە بژین، ڕۆژگار باشترین داوەرە. بەڵام دەبێ مۆڵەتم بدەی تا پەیوەندیم لەگەڵ کەپڵەکەی پێشووما ببڕم. بەتاسەوە پرسیم:

– کێیە؟

- تۆ نایناسیت. دکتۆرێکە، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی کۆ ئەندامی زاوزێیە.
- کەی یەخەت لە یەخەی دەبێتەوە؟
- هیوادارم، تارۆژی هەینی.
- ئیدی پێکەوە دەژین؟ یانی لە یەك ئەپارتمانا؟
- بەڵێ، پێموایە، ئەمە باشترە.یانی تۆ دەبێ بگوازیتەوەو بێیتەماڵەکەی من.
- بۆچی؟
- ژوورێکی زۆر خۆشم هەیە. پاك‌و خاوێنە. خاوەن خانووەکەش ژنێکی میهرەبانە.

هیچ ئیرادێکم نەگرت، لە سیلەی شەقامی تفرسکایادا لێکدی جیا بووینەوە، یەکترمان ماچ کرد. ژنێك کە بەوێدا دەڕۆیی، واقی لەمە وڕما.

ئیدی با بزانم ئایندە چی لە هەگبەدایە.

٥/٢٢:

رێك لە ناوەندی مانگی هەنگویندااین. بەڵام ئەمڕۆکە وەختێ لیزا پێیگوتم بیجامەو جلەکانی ژێرەوەم بگۆڕم، ئەم "هەنگوینەم" لێ تاڵ بوو. بێگومان جلەکانی ژێرەوەم هێندە شڕو شەپڕێون پیاو قێزیان لێدەکاتەوە. بەڵام پارە، پارە لە کوێ بێنم؟... ئێمە لە پارەکەی من خەرج دەکەین‌و خەریکە تەواو دەبێ. دەبێ کارێك پەیدا بکەم.

٥/٢٤:

ئەمڕۆ لێبڕام دەرپیێ‌و فانیلە، جلی ژێرەوە بۆ خۆم بکڕم، بەڵام لیزا، مەسرەفێکی چاوەڕوان نەکراوی بەملدادام. دەیویست بە هەر نرخێ بووە، لەخوارنگەیەکی باشدا شیو بخوات‌و جووتێ گۆرەوی ئاوریشم بۆ خۆی بکڕێت، شیومان خواردو گۆرەویمان کڕی، بەڵام خەیاڵ پڵاوەکەی من کەڕووی هەڵهێنا: بای بای دەرپێ و فانیلە، بابای جلی ژێرەوە!

٥/٢٧:

هێزو شنگم لەبەر بڕاوە، بەمژین دەم مژێت، وشك بوومەتەوە، هەر قالۆرەکەم ماوەتەوە، عەینی لە ساقەتەی وشکی گوڵە بەڕۆژە دەچم. . ئەمە ژن نییە، ئاگرو دووکەڵە!

٦/٢:

ئەمڕۆ سەعات نۆ لە خەو رابووین. عادەتێکم هەبوو، زۆرجار قامکی پێیەکانم دەجوڵاند، ئەم خووەم، ئەم ئاکامانەی لێکەوتەوە: لێفەکەی هەڵدایەوەو ماوەیەکی زۆر تەمەشای پێیەکانی کردم‌و ڕاوبۆچوونی خۆی بەمجۆرە دەربڕی:

- ئەمە تۆی هەتە پێ نییە، دەڵێی سمی ئەسپە، لە سمی ئەسپیش خراترە! ئەو مووەی سەر قامکەکانت. یەع!

بە قێزو بێزەوە شانەکانی هەڵتەکاندن. خۆی وەژێر لێفەکەدا کردەوەو پشتی کردە من‌و رووی کردە دیوارەکە.

تیا مابووم، لاقم کۆ کردنەوەو رامکێشانە ژێر لێفەکەوە، دەستم خستنە سەر شانی:

- لیزا!

– وازم لێبینه!

– لیزا، ئاخر ئەمە بیانوو نییە، خۆ ناتوانم شێوەی پێیەکانم بگۆڕم. بە خۆت دەزانی کە من بە کردم نەداون. سەبارەت بەوەی کە موویان زۆرە، خۆ ئەمە بەدەستی من نییە ، ئیدی مووەو لە هەرکوێیەك بڕویّ، دەڕوێت، نایەت پرست پێبکات. لای خۆت خوێندکاری پزیشکییت، پێویستە ئەم یاسا سروشتیانە بزانێت.

ئاوڕێکی لێدامەوە، غەزەب لە چاوە قاوەییەکانی دەباری:

– بێزەحمەت، ئەمڕۆ بۆدرەیەکی دژە ئارەقە بکڕە: پێیەکانت بۆنی جەنازەی مردوویان لێدیّ.

منیش، زۆ بە شێنەیی بیرم خستەوە کە ناولەپی ئەویش هەمیشە ئارەقاوی و تەڕن. بێدەنگ بوو، ئەگەر بمەویّ بە شێوەیەکی ئەدیبانە مەبەستی خۆم دەربڕم، دەتوانم بڵێم، هەورێکی تاریك باڵی بەسەر رۆحما کێشا... مەسەلەکە لێرەدا پەیوەندی بە پیّ یان مووەوە نییە...

٦/٤:

ئەمڕۆ، لە ڕوباری مۆسکۆدا، سوای بەلەم بووین، یادی دۆنمان کردەوە. رەفتاری لیزاڤیتام پێناخۆشە: لە وەختو ناوەختا گاڵتەم پێدەکات، بە قسەی رەق، بریندارم دەکات. ئەگەر منیش وەکو ئەو بکەم، ناچار دەبیّ دەست لێکدی بەردەین کە من شتی وام ناویّ. کەچی ویڕای هەموو ئەمەش، رۆژ بە رۆژ پتر دڵبەندی دەبم. بە کورتی کچێکە زیاد لە پێویست نازی دراوەتیّ. دەترسم نەتوانم بەرادەیەك کاری تێبکەم کە تەبیعەت و ئاکاری لە بناغەو لە ریشەوە بگۆڕێت. کچێکی بە نازو نوزەو دەمدەمیە. کچۆڵەیەکە، هەندیّ شتی دیتووەو تاقی کردووەتەوە کە من تەنیا بە بیستن بیستوومە. لە ریّگەی گەڕانەوەدا، بردمیە دەرمانخانەیەکەوە، بە دەم زەردەخەنەوە، بۆدرەیەکی بۆندار و کۆمەڵێك شتی تورەهاتی دیکەی کڕی.

– ئەمەم بۆ تۆیە، بۆدرەی دژە ئارەقەیە، بۆنی ئارەقە نایەڵیّ.

زۆر بە رێزەوە سەرم بۆ دانەواندو سوپاسم کرد.

قسەی قۆڕە، بەڵام چار چیە؟

٦/٧:

زانیاری گشتی زۆر کەمە. لە ڕاستیا وەکو زیرەکی لەو رووەوە، ئەو زیرەکە نیە، بەڵام لە بوارەکانی دیکەدا شارەزاو پڕ ئەزموونە. هەموو شەوێك بەر لەوەی بچمە ناو جێگاوە، بەئاوی گەرم پێم پاك پاك دەشۆم، قۆلۆنیای لێدەدەمو دوای ئەوە، بڕێك لەو بۆدرە، قێزەونەی پێدا دەپرژێنم.

٦/١٦:

رۆژ بە رۆژ بەد مجێزتر دەبیّ. تەحەمول ناکرێت،دوێنیّ تووشی نۆرە هیستریایەك بوو. زۆر زەحمەتە پیاو بتوانیّ لەگەڵ ئافرەتێکی وەهادا بسازیّو هەڵبکات.

٦/١٨:

هیچ شتێکی هاوبەشمان لە نێواندا نیە! هەر یەکەمان لە ئاشیّ دەکەین. هەر یەکەمان بە زمانیّ دەدوێین. تاقە شتێك کە کۆمان دەکاتەوە، سیسەمی خەوتنو ژیانی تورەهاتی...

ئەم بەیانیە، کە دەیویست پارە لە گیرفانی چاکەتەکەم دەربێنیّو بڕوات نان بکڕێت، ئەم دەفتەرچەیەی لە گیرفانمدا دۆزییەوە. دەری هێنا، تەمەشایەکی کرد. گوتی:

– ئەمە چیە لە گیرفانتا؟

– هەستم کرد، تەزوویەکی گەرم بەسەراپاما هات. نەکا بیکاتەوە! خۆیشم سەرم لەخۆ سوڕما بوو، کە دەمبینی بە دەنگێکی ئاسایی وەڵامی دەدەمەوە: "دەفتەری سەرنجو فرمۆلانی ماتماتیکە."

بەبیّ موبالاتی، خستیەوە گیرفانەکەمو دەرچوو. دەبیّ زیاتر ئاگام لە خۆ بیّ. ئەم یادداشتە تایبەتیانە، گرینگیان لەوەدایە کە بەرانبەرەکەت نەیخوێنێتەوە، ئاگای لێنەبیّ. بەڵام بۆ ڤاسیای برادەرم، مایەی سەرگەرمی دەبیّ.

٦/٢١:

سەر لەم لیزایە دەرناکەم. تەمەنی بیستو یەك ساڵە، ئەم تەمەنە کەمە لە کویّو ئەم هەموو هەرزەییو بەرەڵڵاییە لە کویّ؟! دەبیّ خانەوادەکەی چۆن خانەوادەیەك بووبیّ، کیّ پەروەردەی کردبیّ، چ کەسێك چاو و گوێی کردبێتەوە؟ ئەم پرسیارانە بوون بە خولیام. لە ڕادەبەدەر جوانە، بە ژنو باڵای هەر مەپرسە! زۆر بە جوانی و شۆخو شەنگیەکەی دەنازێت. خۆی دەپەرستیّ، لە دنیادا هەر خۆی بەلاوە مەبەستە، جگە لە خۆی هیچی تری بەلاوە مەبەست نییە. چەندین جار هەوڵمداوە کە بە جدی قسانی لەگەڵ بکەم... بەڵام فایدەی نەبوو، دەکرا قەناعەت بە ئیماندارێکی دوو ئاتەشەبینی کە خودا نییە، بەڵام نەدەکرا لیزا سەر لە نویّ پەروەردە بکەیتەوە. ژیانی هاوبەشمان بوو بە شتێکی قۆڕو بێمانا. کەچی وێڕای ئەوەش دوو دڵ بووم کە لێی جیا ببمەوە. دان بەوەدا دەنەم، وێڕای هەموو ئەو شتانەش کە باسمکرد، خۆشم دەویّ. بووە بە بەشێك لە من.

٦/٢٤:

دەرکەوت کە ئەم تووڕەییەی لەسەر شتێکی سادەیە. ئەمڕۆ بەراشکاوی قسەمان لەگەڵ یەکدا کرد، گوتی گوایە من لە رووی جەستەییەوە، تێرم نەکردووە. هێشتا بە فەرمی جیانەبووینەتەوە، بەڵام بێگومان لە ئانو ساتدایە، ئەوپەڕی چەند رۆژێکی دیەو تەواو.

٦/٢٦:

تێرکردنی ئەو ئەسپێکی فەحلی دەویّ! فەحل ئەمما فەحل! لە فەحلەکانی یەڵخی ستانیتزا!

٦/٢٨:

جودایی لەو بۆ من زۆر ناخۆشو ئەستەمە. عەینی زەلکاو بە هەردوو لاقەوە تێی چەقیووم. ئەمڕۆکە چووین بۆ زورگەکانی فوروبیوڤ. لەبەر پەنجەرەی ئوتێلەکەدا دانیشت، تیشکی هەتاوەکە لە ژێر میچە بە نەخشو نیگارەکەوە، دەیدا لە قژی، قژی دەتگوت ئاڵتوونی خالیسەیە. نەمردم وا بووم بە شاعیریش!

٧/٤:

وازم لە کارەکەم هێناوە. لیزاڤیتا لێم جیا بووەوە. ئەمڕۆ لەگەڵ سترجنیفدا بیرەم خواردەوە. دوێنێش ڤۆدگامان خواردوە. منو لیزاڤیتا، زۆر بە حورمەتەوە، بیّ قرەو برە، وەکو خەڵکی

ڕۆشنبیر و شارستانی، لێکدی جودا بووینەوە. ئەمڕۆ لە شەقامی دمیترۆفکادا تووشی بووم. لەگەڵ گەنجێکی چەکمە پۆشدا بوو، زۆر بە ساردی سڵاوەکەی سەندمەوە. پێدەچێ کاتی ئەوە هاتبێ واز لە نووسینی ئەم یاداشتانە بێنم: سەرچاوەی ئیلهامو سەرۆکەی، وشکی کردووە.

:٧/٣٠

ڕێك بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆمەوە، ناچار دەبێ سەر لە نوێ دەست بدەمە قەڵەم. شەڕە! خەڵکی حەماس گرتوونی. کڵاو قووچەکان، لە دووری سەعاتە ڕێیەکەوە، عەینی سەگی تۆپیو، بۆنی نیشتمانپەروەریان لێدێ. هاوڕێیان تووڕەو شپرزەن. من لە کەیفان لە پێستی خۆ ناهێورم. بیری "بەهەشتە گوم بووەکەم" ماندووی کردبووم. دوێنێ شەو خەوێکی زۆر سێکسیم بە لیزاڤیتاوە بینی. خۆزگە دەهاتە دی.

:٨/١

بە ڕاستی لەم هەراو هەنگامەو ژاوە ژاوە بێزار بووم. عادەتو خووە کۆنەکەم، دڵەڕاوکێکەم بۆ هاتووەتەوە، وەکو چۆن منداڵێك، مەمکە مژە دەمژێو خووی پێوە دەگرێت، منیش بەو ئاوایە خووم پێوە گرتووە.

:٨/٣

ڕێی دەرباز بوون لەم قەیرانە! دەڕۆم بۆ شەڕ! گەوجێتییە؟ زۆر. مایەی شەرمەزارییە؟

بەسە. نازانم چی لە خۆم بکەم؟ یانی لەوە زیاتر چیم پێدەکرێ؟ خۆزگە بە قەد زەڕەیەك هەستم بە شتێکی تازە بکردایە. وێڕای ئەمەش دوو ساڵ لەمەپێش هەستم بەم بێزاریە نەدەکرد. بەم ڕادەیە نائومێد نەبووم. تۆ بڵێی هی ئەوە بێ خەریکە پیر ببم؟

:٨/٧

ئێستا وام لە قیتارا، لە قیتارا ئەمە دەنووسم. تازە لە ڤۆرونیج دەرچووین. سبەینێ دەگەمە کامنسکایا، دەگەمەوە ناو کەسوکارم. قرێری خۆم داوە: دەچمە جەنگ، لە پێناوی "دینو تزارو نیشتمانی بابو باپیراندا" دەجەنگم.

:٨/١٢

بەوپەڕی شکۆوە بەڕێیان کردم. ئاتامان کەمێك مەست بوو و خوتبەیەکی ئاگرینی دا. دوای ئەوە، من بە گوێما چپاند: "ئاندرێ کارپوفیچ، بەڕاستی کەری!" تووشی شۆك بوو، ڕەنگی ڕەش داگەڕا. لە بن لێوانەوە، بە تەشەرەوە گوتی: "تۆ، گەنجێکی خوێنەواری، ناشێت تۆش یەکێك بیت لەوانەی کە لە ساڵی ١٩٠٥دا، بەزەبری شەلاخو قامچی سەرکوتمان کردن؟" گوتم زۆر بەداخەوەم کە من "لەوان" نیم. بابم فرمێسکی دەڕشت، بە دەم گریانەوە دڵۆپاوێك بە لووتیا دەهاتە خوارێ، دەیویست ماچم بکات. باوکە بەڕێزە بێنەواکەم! حەزم دەکرد لە جیاتی من بێ. بە سوعبەتەوە پێشنیازم کرد کە لە گەڵما بێت بۆ بەرەی شەڕ، بەترسەوە وەڵامی دایەوە؟ "ئەدی ئەم موڵكو مەزرایە بۆ کێ بەجێ بێڵم؟" سبەینێ دەڕۆم بۆ وێستگا.

:٨/١٣

لێرەو لەوێ تەبارە گەنمی نەدوراوە بەرچاو دەکەوێ. مشکە کوێرەی قەڵەو بەسەر گردۆلکەکانەوە دەبینرێن. کوت و مت دەڵێی ئەو ئەڵمانیانەن کە کوزماکریوچکۆف، لەوێنە جەڵەبیو بازاڕیەکاندا، بە نێزەکەی لەشیشی داون. بۆ خۆم بێخەمو خەیاڵ دەژیام، خوێندکار بووم، ماتماتێکو زانستان فێر دەبووم، قەت تەسەورم نەدەکرد، بگەمە رۆژێ کە ببم بەم "نیشتمان پەروەرە" لە کەتیبەکەی خۆمدا قسە دەگەڵ قۆزاقانداو بۆ قۆزاقان بکەم.

:٨/٢٢

لە یەکێك لەوێستگاکاندا تووشی کاروانێکی یەخسیران بووم. ئەفسەرێکی نەمساوی جوانو قۆز، کە قەدو قەڵافاتێکی وەرزشکارانەی هەبوو، وچەند پاسەوانێك دابوویانە پێش، گەییە وێستگاکە. دوو کچ کە لەسەر شۆستەی سکەی قیتارەکە پیاسەیان دەکرد، بۆی گرژانەوە. بەدەم رێوە، دەرفەتی هێنا، بێئەوەی بوەستێ، بەوپەڕی ناسکی سوکە کڕنۆشێکی بۆ بردنو ماچێکی هەوایی بۆ هەڵدان، هەرچەندە یەخسیر بوو، بەڵام ریشی جوان تاشیوە، رێكو پێك و شیکپۆش، پۆستاڵە زەردباوەکەی دەبریقێتەوە. نیگام دوی خست: گەنجێکی قۆز، سەرو سیمایەکی مەحبووبی هەیە. ئەگەر لە مەیدانی شەڕدا تووشی ببی، دڵت نایەت شمشێری لێهەڵکێشیت. دەستی لێبکەیتەوە.

:٨/٢٤

پەناهەندە، پەناهەندە، پەناهەندە... سەرانسەری سکەکان پڕن لە قیتارانی پڕ لە پەناهەندانو یەکەێن سەربازی.

تووشی یەکەمین قیتاری نۆشداری بووم. کە وەستا، سەربازێکی گەنج خۆی هەڵدایە خوارەوە. چاوێکی بە پارچەیەك بەستبوو. قسەمان لەگەڵ یەکدا کرد. بە بۆمبای هێشوویی بریندار بوو بوو. زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە لەوە بوو ئیدی لە هەر خزمەتێکی سەربازی مەعاف بکرێ. چاوێکی لە دەست دابوو و هێشتاش پێدەکەنی.

:٨/٢٧

من ئێستا لە کەتیبەکەی خۆمدام. فەرماندەی کەتیبەکە، سەرهەنگێکی پیری کورتە باڵایە، پیاوێکی زۆر میهرەبانە، لە قۆزاقانی ناوچەی دۆنی ژێریە. ئێرە، بۆنی خوێنی لێدێ. بە گوێرەی ئەو دەنگۆیانەی کە دەماو دەم دەگەڕێ، دوو سبەی دەگەینە هێڵی پێشەوەی بەرەی شەر. من لە دەستەی سێی سریەی چوارەمی سوارەم کە لە قۆزاقانی ناوچەی کونستانتینوفسکایا پێك هاتووە. بەڕاستی کۆمەڵێك گەنجی بێزەوقو بێتاقەتن. تەنیا یەك گەنجیان تیایە کە هەندێك وتو وریاو قۆشمەیە، دەنگی خۆشەو گۆرانی باش دەڵێ.

:٨/٢٨

ئێمە واین بەڕێوە، ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێ پتر دەنگی گرمو هۆڕو رمبەری تۆپخانە لەو لاوە دێ. بەڕادەیەك لە گرمەگرمی هەوران دەچێ، کە بۆنی هەواکەم کرد تا بزانم بارانی پێوەیە یان نا، بەڵام ئاسمان سافو ساماڵ، عەینی ئاوریشمی شین دەدرەوشێتەوە.

دوێنێ ئەسپەکەم شەل بوو. پێی بەر چەرخی مووبەقە گەڕۆکەکە کەوت.

هەموو شتێك تازەو نامۆیە. نازانم لە کوێوە دەست پێبکەمو دەربارەی چی بنووسم.

٨/٣٠:

دوێنێ فریای نووسین نەکەوتم. ئێستا بەسەر زینەکەوە دەنووسم. دەفتەرەکەی ژێر دەستم، بەدەم هەڵتەك هەڵتەکی ڕەوتی ئەسپەکەوە سەما دەکات، هەندێجار وشەکانم وەکو شەڕە پشیلە دەردەچن. ئێمە سێ نەفەرین، بە سواری ئەسپ، عەرەبانەیەکمان لەگەڵ خۆدا بردووە کە گیاو ئالیك بێنین.

هاوڕێکانم، خەریکن گیاکە دەکەن بە گورزەو لە عەربانەکەی باردەکەن.من لەسەر سك ڕاکشاومو ڕووداوەکانی دوێنێ هەندێ بە درەنگەوە، تۆماردەکەم. دوێنێ عەریف تولوکونیکوف، شەش کەسی ناردین بۆ شناسایی (استگلاع). (ئەم عەریفە هەر بۆ تەوس بە "مەکتەبلی" من بانگ دەکات: "ئەهای، مەکتەبلی، ناڵی ئەسپەکەت خەریکە دەکەوێ، مەگەر نایبینی؟"). ڕۆییشتین، بە گوندێکا تێپەڕین، کە پاکی سووتا بوو. دنیا زۆر گەرم بوو. خۆمان و ئەسپەکانمان لە ئارەقەدا هەڵکشابووین. بە ڕاستی عادەتێکی زۆر خراپە کە قۆزاقان ناچارن هاوینانیش پانتۆڵی ماهووت لە بەربکەن. دوای ئەوەی لەگوندەکە دەرچووین، یەکەمین جەنازەم لە چاڵێکا بینی، جەنازەی ئەڵمانی بوو. بە پشتا کەوتبوو، هەردوولاقی هێشتا لە ناو چاڵەکەدا بوون. قۆڵێکی نووشتابووەوەو کەوتبووە ژێر لەشیەوە. دەستەکەی تری توند بە شاجورێکی (خەشاب)فیشەکانەوە گرتبوو. بەڵام هیچ تفەنگێکی لەلاوە نەبوو. چ دیمەنێکی سامناك بوو! ئێستاش کە بیری لێدەکەمەوە، تەزوویەکی سارد بە گازەرای پشتما دێت. چ دیمەنێکی هەبوو. لەوەدەچوو لە قەراخ خەندەکەکە دانیشتبێ، لاقەکانی شۆڕ نەکردبێتەوەو پاشان بۆ ئیسراحەت پاڵ کەوتبێ. جلی خاکی و کڵاوخود، من ئەستەڕی چەرمی کڵاووخودەکەیم، کە وەکو تووتنی سیغار پەسترا بووەوە، دەبینی. ئەم یەکەمین ئەزموونە بە جۆرێ تاساندمی کە ئێستا مەحاڵە سیمایم بیربکەوێتەوە. جگە لە چەند مێرولەیەکی درشتی زەرد کە بەسەر هەنیەی زەردو چاوە زەقە نیمچە داخراوەکانیا دەهاتن و دەچوون هیچی ترم نەبینی. قۆزاقەکانی دی کە بە لایا تێپەڕین. ئاماژەی خاچیان دەکێشا. ڕوانیمە ئەو پەڵە بچوکە خوێنەی کە بە سەمتی ڕاستی جلە خاکییەکەیەوە بوو.گوللەیەك بەرقەبرغەی ڕاستی کەوتبوو و دیواودەر کونی کردبوو. کاتێ کە بە بەردەمیا ڕەت بووم، دیقەتم دا، پەڵە خوێنەکەی لال چەپی،یانی ئەو شوێنەی کە گوللەکەی لێوە دەرچوو بوو، زۆر گەورەتر بوو و جلەکەی تیتۆڵ تیتۆڵ بوو بوو.

بەو دەقەوە بەجێم هێشت، چار چییە...

عەریفێکی ئەقدەم کە ناتۆرەی (موزعیچ)یان لێنا بوو، ویستی وەرەمان بەرز بکاتەوەو، دەستی بە گێڕانەوەی حیکایەتێکی هەرزانە کرد؟ بە خۆیشی لێوی دەلەرزی...

گوندەکەمان بەجێهێشت، دوای نیو قۆناغە ڕێیەك، کارخانەیەکمان هاتە ڕێ، هەمووی سووتا بوو، تەنیا دیوارەکانی بەپێوە مابوو. ئەویش لە سەرەوە لە دووکەڵا ڕەش هەڵگەڕا بوو. نەمان وێرا بە ڕاستە ڕێگاکەدا بڕۆین، چونکە دەبوایە بە بەر وێرانەی کارخانەکەدا ڕەت ببین، بۆیە بڕیارمان دا بە دەوریا بسوڕێینەوەو لەودیویەوە تێپەڕین. هەرکە لە ڕێگاکە لامان دا، لە سەمتی

کارخانەکەوە تەقەمان لێکرا. لەگەڵ دەنگی یەکەم تەقەدا (هەرچەندە بۆ خۆم شەرمە باسی ئەمە بکەم، بەڵام ئەوە راستیەکەیەتی) خەریك بوو لەسەر زینەکەوە بکەومەوە خوارەوە. ئیدی بە غەریزە یەکسەر قەڵپووسی زینەکەم توند گرتو خۆم دانەواندەوەو هەوسارەکەم ڕاکێشا، ئیدی هەڵمان کردە چوار ناڵەو بەرەو گوندەکە گەڕاینەوە، دووبارە بەبەر ئەو خەندەکەدا، کە جەنازەی ئەڵمانیە کوژراوەکەی تیا کەوتبوو، تێپەڕین. کە لە گوندەکە دەرچووین، ئەوسا کەمێك وەخۆ هاتینەوە. ئیدی گەڕاینەوە. لە ئەسپەکان دابەزین. ئەسپەکانمان بە دوو نەفەر سپاردو چوار نەفەری دیکەش بە پێیان چووین بۆ سەر خەندەکەکە کە لەپەڕی گوندەکەوە بوو. بە ماتە مات بە ناو خەندەکەکە کەوتین. من لە دوورەوە، چاوم بە لاقی کابرای ئەڵمانی کوژراو کەوت کە بە نێو پۆستاڵە زەردباوەکانیەوە بۆ ناو خەندەکەکە شۆڕبوو بوونەوە، کە بەلایا تێپەڕیم، هەناسەم لە خۆ بڕی، ڕێك وەکو ئەوەی خەوی لێکەوتبێ‌و نەمەوێ بێداری بکەمەوە. گیایەکانی ژێری هێشتا سەوزو نمدار بوون.

لە خەندەکەکەدا راکشاین، هەرکە چەند دەقیقەیەك بوری، نۆ سواری نێزەداری ئەڵمانی، دوا بە دوای یەك، لە نێو خەرابەکانی کارخانەکەوە وەدەرکەوتن... بە جلەکانیاندا ناسیمنەوە. یەکێکیان کە دیار بەو ئەفسەرەکەیانە، لە ناو ئەوانەوە دەرچوو و بەدەنگێکی گڕ هاواری کرد. مەفرەزەکە، بە تاو بەرەو ئێمە هات، کوڕەکانی خۆمان، گازم دەکەن کە بچمە هیمدادیان‌و گیایەکەیان لەگەڵدا بکەمە گورزەو باربکەم. دەبێ بڕۆم.

:٨/٣٠

دەمەوێ ئەو چیرۆکەم تەواو بکەم کە چۆن بۆ یەکەمجار لە ژیانما تەقەم لە بەشەرێك کرد. ئەڵمانیە نێزەدارەکان هێرشیان بۆ هێناین (ئێستاش جلە بەڵەکانیان، چەرمی رەخشانی کڵاوخودە رەخشانەکانیان، کە لە زەنگوڵ دەچوون، جوڵەو نەوەسانی نێزەکانیان، شەکانەوەی بەیداخە چکۆڵەکانی سەر نووکی نێزەکانیانم لەبەر چاوە).

ئەسپەکانیان، رەش کوێت بوون. نازانم بۆچی هەر لە خۆوە تەمەشای قەراخی خەندەکەکەم کردو قالۆچەیەکی چکۆلەی سەوزم بینی. قالۆچەکە بەرە بەرە لەبەر چاوم گەورە بوو، بەقەد دێوێکی لێهات، دەهاتە پێشێ‌و ساقەتەی گیایەکەی تەکان دەداو بە قۆڵی منا، بەرەو ئانیشکم هەڵدەگەڕا، من ئانیشکم نابووە سەر گڵی وشکی کەنار خەندەکەکە. بەسەر قۆڵی قەمسەڵە سوپاییەکەمدا دەهاتە پێشێ. بەلەز بەسەر تفەنگەکەمدا هەڵگەڕاو لەوێوە خۆی گەیاندە سەر قایشی تفەنگەکەم. لە کاتێکا نقومی تەمەشای هاتوچۆی قالۆچەکە بووم کە لە پڕ دەنگی عەریف موزعیچ وەئاگای هێنامەوە کە هاواری دەکرد: "تەقە بکە، خەریکی چیت؟"

ئانیشکم لە گڵەکە توند کردو چاوی چەپم نوقاند: هەستم کرد دڵم دەئاوسێ، بە قەد قالۆچە سەوزەکەی لێهات. سێرەم گرتەوە، جلێکی بەڵەکی سەوزباوی سوپایی لەبەر چاوم جوڵایەوە، دەستم بە پەلەپیتکەدا ناو، گوللەی تفەنگەکەم ناڵەی کرد. عەریف موزعیجیش کە لای منەوە بوو، تەقەی کرد. دیار بوو سێرەم لە کورتی گرتبووەوە، فیشەکەکە لە نزیکی خۆمانا کەوتەوەو تەپوتۆزی لە ئەرزەکە هەستاند. ئەوە یەکەمجارم بوو کە تەقە لە بەشەرێك بکەم. ئەوجا بێئەوەی

نیشانە بگرمەوە یان هیچ شتێك لە بەردەم خۆدا بدینم، شاجورە فیشەکەکەم خاڵی کرد. دوای ئەوەی فیشەکم بە خۆ نەهێشتو دەستم بە پەلەپیتکەدا ناو هیچ فیشەکێك دەرنەچوو، ئەوسا روانیمە ئەڵمانەکان. لە پاشەکشەدا بوونو بە شپرزەییو شەپڕێوی بەرەو پاش هەڵدەهاتن. ئەفسەرەکە لە دوای هەموویانەوە بوو. وەکو جاران نۆ کەس بوون. لە دواوە کەفەڵی ئەسپی ئەفسەرەکەم دەبینی، نیشانەی سەر کڵاوخودەکەیم، یانی نیشانەی هێزی نێزەدارانم دەبینی.

۹/۲:

لە "شەڕو ئاشتیدا" تولستوی باسی هێڵی جیا کەرەوەی نێوان دوو سوپای دژمن دەکات. ئەو هێڵە نادیارەی کە پێدەچێ مردوو و زندوو لێکدی جیا بکاتەوە. ئەو سریە سوارەی کە نیکۆلای رۆستوف، خزمەتی تیادەکات، دەست بە هێرش دەکاتو روستوف لە زەینو خەیاڵی خۆیدا ئەم هێڵە بەرجەستە دەکات. من ئەمڕۆکە ئەم پەرەگرافەی چیرۆکەکەم، زۆر بە روونی هاتەوە یاد، چونکە بەرەبەیانی ئەمڕۆ، هێرشمان کردە سەر یەکەیەکی سوارەی ئەڵمانی... یەکەکەی ئەوان، لەلایەن تۆپخانەوە پشتیوانییەکی زۆر باش دەکرا، بۆیە هەر لە هەوەڵین ساتی هێرشەکەوە، بە توندی کەوتنە بەرپەرچدانەوەمان و ترس و نیگەرانیان خستە دڵمانەوە. من هەندێ لە سەربازەکانی خۆمانم (پێموایە هی هەردوو کەتیبەی پیادەی ٢٤١و ٢٧٣ بوون) بینی، پەشێوو پەرێشان هەڵدەهاتن، بە تەواوەتی نەترەیان بەردا بوو، ئەم دوو کەتیبەیە کە بەبێ پشتیوانی تۆپخانە دەستی بە هێرش کردبوو، لە هەنبەر دژمندا، پاشەکشەی کردو نزیکەی سێیەکی نەفەرەکانی خۆی لە دەست دابوو. هێزی سوارەی ئەڵمانی چنگ لە سەر شان کەوتنە راونانی پیادەکانی ئێمە. ئەوسا کەتیبەکەی ئێمە کە لە رووتەنێکی ناو لێرەوارێکی ئەو نزیکانە، وەکو هێزی یەدەك، هەڵیدابوو، خرایە ناو شەڕەکەوە. ئەوەندەی لە بیرم بێ، شتەکە بەم جۆرە بوو: لە نێوان سەعات دوو و سێی پاش نیوەشەودا گوندی (تیشقیچی)مان بە جێهێشت. بەیان لە ئەنگاوتندا بوو، دنیا زۆر تاریك بوو. بۆنی تیژی دارکاژو کێڵگەی شۆفان دنیای پڕ کردبوو. کەتیبەکە، سریە لە دوای سریە دەڕۆیی.

لە رێگاکە لاماندا و بە سەمتی چەپا کەوتینە رێ، بە ناو مەزرایەکدا تێپەڕین، ئەسپەکان بەدەم رێکردنەوە دەیان پرماندو ئاونگو شەونمی سەر شۆفانەکە بەدەم هەنگاوی ئەسپەکانەوە دەپرژا.

دنیا هێندە سارد بوو، تەنانەت بە پاڵتۆشەوە سەرمامان بوو: کەتیبەکە ماوەیەکی زۆر بە نێو کێڵگەو مەزرایاندا رێیکرد، دوای یەك سەعاتی تەواو ئەوسا ئەفسەرێك بە سواری ئەسپێکەوە هاتو دەستووری سەرکردایەتی لەشکری بۆ فەرماندەی کەتیبەکەمان هێنا. سەرهەنگە پیرەکەمان، بە پەستییەوە، فرمانەکەی بۆ خوێندینەوە، کەتیبە بە سەمتی راستا بایدایەوەو بەرەو لێرەوارێك کەوتە رێ. ئێمە دەستە بە دەستە بە رێگەیەکی باریکدا رێمان دەکرد. شەڕ لە قۆڵی چەپی ئێمەدا گەرم بوو. بە دەنگی تۆپبارانا، بۆم دەرکەوت کە ئەڵمانیەکان تۆپ و تۆپخانەیەکی زۆریان پێیە. دەنگی تۆپباران دنیای دەلەرانەوە: وام هەست دەکرد گەڵای دار کاژە بۆن خۆشەکان بەسەر سەری ئێمەوە دەسووتێن. لەوێ ماینەوە، تاکو رۆژ هەڵهات، جگە لە

گوێداری هیچی ترمان نەکرد. لەو ساتەدا هاواری "هورا" بەرز بووەوە، بەڵام هورایەکی کزو خەمین بوو. ئەوسا بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا، جار جار دەستڕێژی مەترەلۆزو شەست تیر ئەم بێدەنگیەی دەشڵەقاند. لەو کاتەدا، کۆمەڵێك بیرو ئەندێشەی گۆنگ و ئاڵۆز، عەینی گێژەڵوکە لە مێشکمدا دەسوڕایەوە. تاقە شتێك کە، ئەوەندەی بیرم بێ، لە مێشك و خەیاڵما زۆر روون بوو و ئازاری دەدام: سەرو سیمای بێشوماری هێزی پیادەی خۆمان بوو کە بە ریز بەرەو هێرش کردن دەچوو.

من، ئەو جەستە خاکیانەم بە کڵاوە پانەکانیانەوە، بە نێو پۆستاڵە ئەستوورەکانیانەوە کە نەدەگەییە ئەژنۆیان دەبینی کە چۆن بەو پایزەوە رێگایان دەپێچایەوە، گوێم لە قرمژنی تیژو ئاشکرای مەترەلۆزو شێست تیری ئەڵمانیەکان دەبوو کە چۆن ئەم جەستە بەشەریە ئارەقەکردووانەیان دەخست و دەیانکردن بە خۆراکی مەرگ.

ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو کەتیبەکە کوژران، ئەوانی دیکەش بە پەلەپڕۆزێ چەکەکانیان بە جێدەهێشت و هەڵدەهاتن. کەتیبەیەکی سوارەی ئەڵمانی چنگ لە سەر شان دوایان کەوتن. ئێمە دەرچووین بە هیمدادیانەوە. لە دووری نزیکەی پێنج سەد مەترێکی ئەوانەوە، ئەمرمان پێدرا. یەکسەر ریزمان بەست. من تەنیا گوێم لە یەك ئەمری کورت و ساردو سڕ بوو: "بۆ پێشەوە!" ئیدی وەکو ئەوەی باڵ بگرین، بەو ئاوایە بۆی دەرچووین، گوێچکەی ئەسپەکەم بە جۆرێ بە سەریەوە چەسپی بوو، پێدەچوو بە دەستیش لێکدی جیا نەکرێنەوە. ئاوڕێکی پاشەوەم دایەوە ،فەرماندەی کەتیبەکەو دوو ئەفسەری دیکە لە دوامەوە دەهاتن. بەڵێ، ئێستا گەیی بووینە ئەرزی حەرام، ئەو هێڵەی کە زندووانی لە مردووان جیا دەکردەوە. شێتایەتییە گەورەکە لێرەدا بوو!

سوارەی دژمن، شپرزە بوون، سەیرم کرد کەوتنە پاشەکشە. فەرماندەی سریەکەمان، ملازم چرنتسوف، بە بەرچاوی خۆمەوە بە شمشێر سوارێکی ئەڵمانی کوشت، قۆزاقێکی سریەی شەشەمم بینی کە دوای ئەسپ سوارێکی ئەڵمانی کەوت، وەکو شێت بە شمشێر بەربووە کەفەڵ و پاشەڵی ئەسپی بەستەزمان، بەدەم هەڵکشان و داکشانی پیرە شمشێرەوە پێست و گۆشتی ئەسپەکە دەچوو بە ئاسمانا... دیمەنێك بوو کە وێنا ناکرێت! هیچ ناوێکی لێنانرێ! لە رێگای گەڕانەوەدا، تەمەشای سەرو سیمای ملازم (چرنتسوف)م کرد، سیمای ئارام بوو، ماکی شادیەکی پەنامەکی بە سیمایەوە دەخوێنرایەوە. لە یەکێك دەچوو لەسەر مێزی قومار دانیشتبێ و یاری بکات، نەك کەسێك بەسەر زینەوە بێ و تۆزێ لەمە پێش پیاوێکی کوشتبێ.

ئەم ملازمە جرنتسوفە بەرز دەکرایەوە، پلەی زیاتری دەدرایە، پیاوێکی شایستەو لێهاتووە!

٩/٤:

ئێمە لە نۆرە ئیسراحەت داین، ئێستا فیرقەی چوارەمی سوپای دووەم بەرەو شەڕگە بەڕێوەیە. ئێمە لە شارۆچکەی کوبیلینودا ئۆردوبەزمان کردووە (ئۆردوبەز: شوێنی دابەزین و ئیسراحەتی لەشکر). ئەمڕۆ بەیانی چەند یەکەیەکی فیرقەی سوارەی بیست و یەك و قۆزاقانی ئۆراڵ، بە پەلە بە شارۆچکەکەدا تێپەڕی. هێشتا شەڕ لە بەرەی رۆژاوادا گەرمە. رمبەی تۆپخانە نابڕێتەوە.

دوای فراڤین چووم بۆ نەخۆشخانەی مەیدان. لەو دەمەدا کە من خۆم بە خەستەخانەکەدا کرد، کاروانێکی بریندار گەییە ئەوێندەر. هەندێ لە پەرستارەکان کە بریندارەکانیان لە ئەمبولانس دادەگرت پێدەکەنین. لێیان نزیک بوومەوە. سەربازێکی بالاّ بەرزی دەموچاو کونج، کە بەدەم ئاهونالەوە بزەی دەهاتێ، بە کۆمەکی پەرستارێك دابەزی. رووی کردە منو گوتی: "قۆزاقی چکۆلە دەبینی چۆن پاشەڵیان دابێژاوم. چوار پارچە بۆمبی هێشوویيم بەرکەوتووە". پەرستارەکە لێی پرسی: "یانی لە پشتتەوە تەقیەوە؟"

– "لەپشتمەوە؟ نەخێر، خەتای من بوو کەپاشەو پاش هێرشم دەکرد."

سستەرێك لە یەکێك لە کەوێڵەکانەوە وەدەرکەوت. کە چاوم پێی کەوت،ئازام کەوتە لەرزین، ناچار خۆم بە عەربانەیەکەوە گرت. کوتو مت لە لیزاڤیتا دەچوو، بە موو فەرقیان نەبوو. هەمان چاو، هەمان دەموچاوی درێژکۆڵە، هەمان دفن (کەپوو، لووت)و هەمان قژ. تەنانەت دەنگیشی هەمان دەنگ بوو. یان ئەمە خەیاڵی من بوو؟ لەوە دەچێ ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێ، هەر ژنێك بدینم، بەوی بشوبهێنم.

:۹/٥

لە بیستو چوار سەعاتی ڕابردوودا، ئالیکێکی باش درایە ئەسپەکان. ئێمە وا خۆ ئامادە دەکەین کە بچینەوە بۆ مەیدانی شەڕ. لە رووی بەدەنیەوە، داڕوخاوم. دەنگی شەیپوری سوار بوون بەرز دەبێتەوە. ئێستا ئامادەم ئەم شەیپورچیە بەر فیشەکان بدەم...

***

فەرماندەی سریەی سواران، نامەیەکی بە گریگۆری میلیخوفدا بۆ سەرکردایەتی کەتیبەکە نارد بوو. گریگۆری کە بە سواری ئەسپەکەی، بەو مەیدانەدا تێدەپەڕێ، کە دوا شەڕی تیاکرا بوو، سەیردەکات قۆزاقێك کوژراوەو لەسەر جادەکە کەوتووە، سەری بە قژە سوورە لوولەکەیەوە، کەوتووەتە سەر ئەو زیخو لمەی کە بەدەم سمی ئەسپانەوە هەڵکەندرا بوو. گریگۆری لە ئەسپەکەی دادەبەزێتو لووتی دەگرێت (جەنازەکە بۆنی کردبوو) و جەنازەکە دەگەڕێ. ئەم یاداشتنامەیە و جزدانێك و لەتە قەڵەم قۆپیەك لە گیرفانیا دەدۆزێتەوە. ڕەختو فیشەکدانەکەی لێدەکاتەوە، نیگایەکی خێرای دەموچاوە زەردو شێدارەکەی، کە خەریك بوو تێکدەچوو و بۆنی تێدەگەڕا، دەکات. لاجانگەکانیو چالاّیی نێوان هەردوو برۆی خەریك بوون ڕەش دەبوونەوە، لۆچێکی خوارو خێچ بەسەر هەنیەیەوە بوو، تۆزو خۆڵی دنیای لێنیشتبوو.

گریگۆری، دەموچاوی کوژراوەکە، بەو دەستەسڕە ناسکەی کە هەر لە گیرفانی خۆیدا دۆزی بوویەوە، دادەپۆشێتو بە سواری ئەسپەکەی دەکەوێتە ڕێ تا خۆی بگەیەنێتە سەرکردایەتی کەتیبە. بەدەم ڕێوە، ناو بە ناو ئاوڕی پاشەوەی دەدایەوە. لەوێ، لە بارەگای سەرکردایەتی کەتیبەدا، یاداشتنامەکە، ڕادەستی قەڵەمی کەتیبە دەکات. هەموو کاتبەکان خڕدەبنەوە، یاداشتنامەکە دەخوێننەوەو بە ژیانی کورتی ئەم پیاوە نەناسراوەو بەخولیاو ئارەزووە دنیاییەکانی پێدەکەنن.

فیرقــەی یازدەیــەمی ســوارە، دوای گــرتنی لشــینوڤ، بــەدەم شــەڕەوە بــە ستانیسلافیچــك، رادزیڤیلــوڤو برودیــدا تێپــەڕی و لــە پــازدەی هــەیڤی ئابــدا، لــە دەوروبــەری شارۆچــکەی کامینکاسـترومیلوڤۆدا، دامـەزرا. زۆرینـەی هێـزی سوپا لـە دواوە دەهات، هێـزی پیادە لـە خاڵـە سـتراتیژیەکاندا دادەمـەزرا، سـەرکردایەتی و بنـەی جـەنگی لـە دووڕیـانی هێڵـە ئاسـنەکاندا کـۆ دەبوونـەوە. بـەرەی شـەڕ لـە دەریـای بـاکوورەوە، تـەنووری مـەرگی داخسـتبوو. لـەبارەگای ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتیدا، کـار بـۆ دانـانی نەخشـەی هێرشـێکی گـەورە دەکـرا. جەنەراڵـەکان، کاریان لەسەر نەخشەکانیان دەکرد. تەتەران بەسواری ئەسپ، لە هاتوچۆی بەردەوامدا بوون و پـەیام و دەسـتوورو فـەرمانی شـەڕو ئۆپەراسـۆنیان دەگەیانـد و سـەدان هـەزار سـەرباز بـە هەشـتاو بەرەو پیری مـەرگ دەڕۆییشتن... بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی بەدەست مـەفرەزەکانی شناسـایی کـەوتبوون، قوەتێکی گـەورەی هێـزی سوارەی دژمـن، بـەرەو شارۆژچکەکە دەهـاتن. لـە جەنگەڵـە بچووکەکانی دەوروبەری ڕێگاو بانەکان، بەردەوام شەڕو پێکادان لە نێوانی دەورییـی قۆزاقـەکان و مەفرەزەێن شناسایی دژمندا رووی دەدا.

لە سەرانسەری رۆژانی ئەم شەڕەدا، گریگۆری، لەوساوە کە لە براکەی جیا بوو بووەوە، بێهودە هەوڵی دابوو، ورەی خۆی بەرز بکاتەوە، ئەم بیرو هزرە پڕ ئازارو سوێیانە لە مێشك و خەیاڵی خۆی بتارێنیّ و ئارامیی و ئاسوودەییە هزریەکەی جارانی وەدەست بێنێتەوە. بەڵام فایدەی نەبوو. لە ناو ئەو هێزە پشتیوانەی کە لەوەجبەی یەدەگی سێیەمەوە، بۆ هیمدادی کەتیبەکە هێنرا بوو، قۆزاقێك هەبوو بە نێوی ئەلیکسی ئوریوپین. خەڵکی ناوچەی کازانسکایا بوو، ئەمە هاتبووە دەستەکەی گریگۆری. ئۆریوپین، کابرایەکی درێژی کەمێك کووڕ بوو. کاژێڕەی خوارەوەی زەق و ناحەز بوو، سمێڵێکی باریکی وەکو کالموکیەکانی هەبوو. چاوە شادو بێباکەکانی هەمیشە بزەیان لێنەدەبڕا. هەرچەندە بەتەمەن نەبوو، بەڵام سەری رووتا بووەوەو تەنیا چەند تاڵە موویەکی سووری تەنك و پەڕاگەندە بە قەراخ سەریەوە بوو. قۆزاقەکان، لە یەکەم رۆژی هاتنیەوە، نازناوی "قژنە"یان لێنا.

دوای ئەوەی شەڕی دەوروبەری شارۆچکەی برودی تەواوبوو، یەك رۆژ ئیسراحەت بە کەتیبەکە درا. گریگۆری و "قژنە" لە یەك کوختەدا بوون. هەر زوو لە بەینی خۆیانا سەری قسەیان دامەزراند.

– میلیخوف، زۆر بێتاقەت و بێحەواس دیاری.

گریگۆری، برۆی وێکهێنانەوەو پرسی:

– مەبەستت لە بێحەواس چیە؟

قژنە بۆی روون کردەوە:

– مەبەستم ئەوەیە زۆر خاوو بێزاری، دەڵێی نەخۆشی...

تازە ئالیکیان کردبووە بەر ئەسپەکانیان، بە خۆیشیان پشتیان دابوو بە پەرژین و تامانێکی داڕوخاوی فەنەتیلکەگرتووەوە و سیغاریان دەکێشا. کۆمەڵێك سوار، بە چوار ریزە بە ڕێگاکەدا

تێدەپەڕین، ئەو جەنازانەی کە هێشتا نە نێژرابوون، لێرەو لەوێ لە پاڵ تامانەکەدا کەوتبوون. (لە ڕێگاو بانانی دەوروبەری شارەکەدا، شەڕێك بە مەبەستی راونانی نەمساویەکان رووی دابوو) دووکەڵو بۆسۆ لە پاشماوەی پەرستگەیەکی وێرانکراوی جولەکە هەڵدەستا. سەرانسەری شار لەبەر رۆشنایی ئەو زەردەپەڕی ئێوارەیەدا، وەکو خەرابەیەکی چۆڵو ترسناك خۆی مەڵاس دابوو.

گریگۆری بێئەوەی تەمەشای قژنە بکات، تفێکی رۆکردو گوتی:

– نا، حاڵم باشە.

– راست ناکەی! بە چاو دەتبینم، خۆ کوێر نیم.

– چی دەبینی؟

– تۆ دەترسیت! لەمردن دەترسیت؟

گریگۆری، بە ڕقەوە گوتی:

– کە کەری!

چاوی بچووك کردنەوەو ڕوانیە نینۆکەکانی. ئوریوپین، دەستبەرداری نەبوو. روانیە دەموچاوی گریگۆری‌و پرسی:

– بڵێ بزانم، تا ئێستا کەست کوشتووە؟

– بەڵێ، مەبەستت چیە؟

– ئەوەت لەدڵ گرانە؟ ئازارت دەدا؟

گریگۆری بزەیەکی تاڵی بۆ کرد:

– لەدڵم گران بێ؟ئازارم بدات؟

ئوریوپین، شمشێرەکەی لە کێلان دەرهێناو گوتی:

– دەتەوێ سەرت بپەڕێنم؟

– یانی چی؟

– دەتوانم بتکوژم‌و هەر ئۆفیش نەکەم. من زەڕەیەك بەزەییم لە دڵدا نییە.

چاوانی ئوریوپین، کسکە کسکیان لێوە دەهات. گریگۆری بە دەنگیا، بە لەرەی پەڕەی کەپوویا، بۆی دەرکەوت کە بەڕاستیەتی. بە جدی ئەو قسەیە دەکات. ئەوجا لە نزیکەوە و بە وردی زەینی دەموچاوی ئوریوپینی(قژنە) داو گوتی:

– تۆ دڕندەیت. زەڕەیەك ئینسانیەتت تیا نیە.

– تۆش دڵت لە ئاو دروست بووە. تۆ دەزانی جەزرەبەی باکلانوف چیە؟ ئێستا پێتی نیشان دەدەم.

قژنە، دار غانێکی(غان: جۆرە درەختێکە) پیری نزیکی تەیمانەکەی هەڵبژاردو بەماتە مات بۆی چوو، بە مەزەندەی چاو مەوداکەی دیاری کرد، بازووە درێژو گرێ گراویەکانی، بە مەچەکە ئەستوورو ناقۆڵاکانیەوە، بەملاو بەولایدا شۆڕ بووبوونەوە.

– تەمەشاکە!

به ئەسپایی شمشێرەکەی هەڵکێشا، لە کاتێکا ئەژنۆکانی بە ئاستەم خوار کردبوونەوە، لە ناکاوا، بە هەموو هێزو قووەتی خۆیەوە پیرە شمشێری لەسەر لاونیو راوەشاندو درەختەکەی لە بەرزایی نزیکەی مەترو نیوێکەوە بڕی. درەختەکە بە لق و پۆپەکانیەوە کەوت و بە چوار چێوەی رووتی پەنجەرەکەوە گیرسایەوەو دیواری کوختەکەی بریندار کرد.

– بینیت؟ تۆ دەبێ ئەمە فێر بیت. کاتی خۆی ئاتامانێك (بەرپرس) هەبووە بە ناوی باگلانوف، قەت ناویت بیستووە؟ شمشێرێکی هەبووە، دەمەکەی بە جیوە ئاودراوە. بەرز کردنەوەی قورس بووە، بەڵام بە جەزرەبەیەك ئەسپێکی کردووە بە دوو لەتەوە. ئاوا بەو جۆرە.

گریگۆری ماوەیەکی زۆری بە فێر بوونی تەکنیکی ئەم جەزرەبەیەوە بردە سەر.

قژنە دەیگوت:

– تۆ قوەتت هەیە، بەڵام چۆنیەتی وەشاندنی شمشێرەکەت کەرانەیە، دەبێ بەمجۆرە بیوەشینی.

شمشێرەکەی، لاونیو دەگرت، بە هەموو هێزو قوەتی خۆیەوە لە نیشانەکەی دەداو خشت دەیبڕی. ئەوسا بە چاوێن خەندانەوە ئامۆژگاری دەکرد:

– دژمن بکوژە، مەترسە، دەست مەپارێزە! ئینسان وەکو هەویر نەرمە. چەندو چوون لەگەڵ خۆتا مەکە، تۆ بابایەکی قۆزاقیت، ئەرکی تۆ ئەوەیە شمشێر بوەشێنی، بکوژیت و هیچ لە خۆت نەپرسیت. کوشتنی دژمن لە شەڕا غەزایە، ئەرکێکی پیرۆزە، گوناحت پێی هەڵدەوەرێ، خوا لەبری کوشتنی هەر کەسێك، لە خەتاو گوناحێکت خۆش دەبێت، رێك وەکو ئەوەی ئەژدیهایەکت کوشتبێ. هیچ گیانلەبەرێك بە بێ هۆ، لە خۆڕایی نەکوژیت، بۆ نموونە گوێرەکەیەك یان هەر حەیوانێکی دی... بەڵام بەشەر، دەستی لێمەپارێزە، سەری پان بکەوە! بەشەر بوونەوەرێکی پیسە، موزیرە، گڵاوە، وەکو کارگە سەگانە زەوی ژاراوی دەکات!

ئەگەری گریگۆری، قسەی دابا بەر قسەکانی، ئیرادی گرتبا، چارەی گرژ دەکردو متەقی لە خۆ دەبڕی.

گریگۆری، هەستی کرد کە هەموو ئەسپەکان، بەبێ هیچ هۆیەکی دیار، لە قژنە دەترسن. کاتێ کە لێیان نزیك دەبووەوە،گوێیان دەخەواندو خۆیان دەدایە پاڵ یەکدی، وەکو ئەوەی قژنە دڕندە بێت نەك مرۆڤ. جارێکیان لە نزیکی ستانیسلاڤچیك، کە سریەکە دەبوا بە ناو چڕە دارستانێکی زۆرنگاودا پێشڕەوی بکات، ناچار بوون لە ئەسپەکان دابەزن. نیگابانەکان راسپێردران کە ئەسپەکان بەرنە دۆڵێکی چکۆلەی ئەو ناوەوە. قژنەش یەکێك بوو لەو کەسانەی کە بۆ ئەم کارە راسپێردار، بەڵام ئەو بە ئاشکرا رەفزی کرد، نەچووە ژێر بار. عەریفەکە بە تەشەرەوە گوتی:

– ئوریوپین، چیە، خۆت دەدزیتەوە؟ بۆ ئەسپەکان نابەیت؟

قژنە بەرسڤی دایەوە:

– لێم دەترسن، باوەڕ بکەن لێم دەترسن!

هەمان خەندەی ناسك بە چاوانیەوە دیار بوو.

قژنە، قەت پاسەوانی ئەسپەکانی نەکرد بوو. دەگەڵ ئەسپەکەی خۆیدا میهرەبان بوو، زۆر بەباشی پێی ڕادەگەیی و خزمەتی دەکرد. بەڵام گریگۆری دیقەتی دابوو، هەرکاتێ ئەم ئەسپە

خاوەنەکەی دەبینی، کە بە بازوانی شۆڕو بێجوڵەوە بۆ لای دەچوو، موچوڕکەیەك بە پشتیا دەهات: ئاسوودە نەبوو.

جارێك گریگۆری لێی پرسی:

– ئەریٚ تۆ پێم ناڵێی، بۆچی ئەسپان لێت دەترسن؟

قژنە شانەکانی هەڵتەکاندن و گوتی:

– نازانم، کوڕ هەیە ئەسپان بە تەواوەتی بناسێت؟ خۆ ئەگەر بڵێی من زۆریش لەگەڵیاندا میرەبانم.

– ئەسپان بە بۆن خەڵکی مەست دەناسن و لێی دەڕەونەوە، خۆ تۆ قەتیش ناخۆیتەوە.

– من دڵێکی رەقم هەیە، لەوە دەچیٚ هەست بەمە بکەن.

– تۆ دڵی گورگت هەیە، یان رەنگە هەر دڵت نەبیٚ، لە جیاتی دڵ، بەردێکت دانابێت.

ئوریوپین، بە رەزامەندیەوە گوتی:

– دەشێت وا بیٚ، زۆریش دەشێت.

لە ئاستی شاری کامنکاستروميلوڤۆدا، مەفرەزەو حەزیرەی سێیەم تێکڕا دەگەڵ ئەفسەرەکەیاندا بە دەوریەی شناسایی دەرچوو. رۆژی پێشوو سەربازێکی هەلاتووی چیکی، دەربارەی خۆ سازدانی یەکە سەربازیەکانی نەمسا بۆ دژە هێرش لە هێڵی گوروشی – ستاڤینسکییەوە، هەندیٚ زانیاری بە بارەگای فەرماندەیی دابوو. لەبەر ئەمە، چاودێری بەردەوامی ئەو جادەو بانانەی کە ریٚی هاتوچۆو جم و جۆڵی، یەکە سەربازییەکانی دژمنی لەسەر بوو، زەرووری بوو. ئەفسەری فەرماندەی حەزیرەکە (دەستە) چوار قۆزاقی دەگەڵ عەریفەکەدا، لە کەناری جەنگەڵێکدا بەجێهێشت و بەخۆی دەگەڵ ئەوانی دیدا، بەرەو ئەو شارۆچکەیە رۆیی کە سەربانی قرمیدی خانووەکانی لەو دیو گردێکەوە دیار بوو.

ئەوانەی کە لەگەڵ عەریفەکەدا، لە کەناری بێشەیەکی نزیکی نوێژخانەیەکی کۆنی سەربان قووچەکی، خاچ ژەنگنەوە، مابوونەوە بریتی بوون لە گریگۆری میلیخوف، عەریفەکەو سیٚ قۆزاقی تازە هاتوو، واتا سیلافیتڤ، قژنەو میشکا کوشیڤوی.

عەیفەکە داوای لێکردن:

– کوڕینە دابەزن! کوشیڤوی، ئەسپەکان بەرە پشت ئەو دار کاژانەوە، بیانبە شوێنێکی چڕەوە.

قۆزاقەکان، لە تەنیشت دارکاژێکی کەوتووەوە ڕاکشان و کەوتنە سیغارکێشان. عەریفەکە بەردەوام بە دووربین تەمەشای دەکرد. لە دووری دە شەقاوی ئەوێندەرەوە تەبارە جۆیەکی نەدوراوەی بەجێی هێڵراو بەدەم بایەکەوە کەروێشکەی دەکرد. گوڵە جۆیەکان، کە دانەکانیان بەدەم باوە وەری بوو، دەنەوینەوەو ژاوەژاوێکی خەمناکیان لێوە دەهات. قۆزاقەکان نزیکەی نیو سەعاتێك لەوێندەر مانەوە، جارجارێك بەبێتاقەتی و بێحەواسی قسەیەکیان دەگەڵ یەکدا دەکرد. رمبەی بێئامانی تۆپخانە، لە سەمتی راستەوە دەهات. گریگۆری بە دزییەوە خۆی بە نێو تەبارە جۆیەکەدا کرد، چەند گوڵە جۆیەکی نەوەریوی دۆزییەوە، لە ناو دەستیا هەلی گلۆفتن و فەریکەکەی خوارد. عەریفەکە، بەدەنگێکی نزم گوتی:

– لەو دەچێ نەمساویەکان بن!.

سیلانیتف راجفری:

– کوا؟

– تەمەشای راست بکە، خەریکە لە بێشەکەوە دێنە دەرێ.

دەستە سوارێك، تازە لە بێشەیەکەوە هاتبوونە دەرێ. راوەستان، بە وردی روانیانە دەوروبەری جەنگەڵە بەربڵاوەکەو ئەوجا بە تاو بەرەو سەمتی قۆزاقەکان وەڕێکەوتن.

عەریفەکە بانگیکرد:

– میلیخوف!

گریگۆری، بە سکەخشکێ خۆی گەیاندەوە لای دارکاژەکە.

عەریفەکە، بە چپە گوتی:

– تفەنگەکانتان ئامادەبکەن، لێیان دەگەڕین تا تەواو دێنە پێشەوەو هەنگێ بەر دەستڕێژیان دەدەین!

سوارەکان، ڕێگای خۆیان بەرەو سەمتی ڕاست گۆڕی بوو و بە کاوە خۆ دەهاتن. بەڵام چوار قۆزاقەکەی ژێر دارکاژەکە، خۆیان بە عاردیدا دابوو، کڕو بێدەنگ، هەناسەی لە خۆ بڕی بوو.

بایەکە دەنگێکی ڕوون و ڕەوانی دەگەڵ خۆدا هێنا.

"aucht , Korporal!"

گریگۆری، سەری هەڵبڕی، شەش سواری مەجەڕی بە قەمسەڵەی جوان و بەگێزو گوڵینگ و قەیتانداروە، پێکەوە دەهاتن، بەرپرسەکەیان سواری ئەسپێکی ڕەشی زەلامەوە، تفەنگ بەدەست، بەدەنگی بەرز پێدەکەنی. عەریفەکە لە بن لێوانەوە گوتی:

– تەقەیان لێبکەن!

دەسڕێژی تفەنگ، لە نێو دارەکاندا دەنگی دایەوە:

– هو، هو،هاك!

کوشیڤوی کە لەپشت درەختەکانەوە بوو، بە ترسەوە هاواری کرد:

– چی بوو؟

ئەوجا کەوتە بۆڵە بۆڵ بەسەر ئەسپەکاندا:

– هۆ! چیە هار بوون! بوەستن!

دەنگی زۆر بەرز بوو. سوارەکان، یەك لە دوای یەك بە تاو خۆیان بە نێو تەبارە جۆیەکەدا کرد. یەکێکیان، ئەوەی کە لە پێش هەموویانەوە دەڕۆیی و سواری ئەسپێکی رەشی زەلام بوو بوو، تەقەیەکی بە ئاسماندا کرد. ئەوەی لە دوای هەمووانەوە بوو و کەمێك دواکەوتبوو، خۆی دابوو بە سەر یاڵ و گەردنی ئەسپەکەیداو ئاوڕی دەدایەوەو بە دەستی چەپی کڵاوەکەی گرتبوو.

ئوریووپین، لە پێش هەموویانەوە ڕاپەڕی و هەستایە سەرپێ، سەرەنێزەکەی خستە سەر تفەنگەکەی. بەدەم پەلامارەوە دەست و لاقی لە لاسك و ساقەتەی جۆیەکە دەگیرا. لە دووری نزیکەی سەد شەقاوێکی ئەوێندەرەوە، ئەسپێکی بینی کەوتبوو، خەریکی لەقە فرتێ بوو،

سوارێکی مەجەڕی کە کڵاوەکەی کەوتبوو، بە دیارییەوە وەستا بوو، سەری ئەژنۆی خۆی، کە دیار بوو لە کاتی کەوتنا، ئاسیوی پێگەیی بوو، دەشێلا. لە دوورەوە شتێکی بە ئوریوپین گوت و هەردوو دەستی بەرز کردنەوە، بەڵام چاوی لە هاوڕێکانی خۆی بوو کە دوور دەکەوتنەوە.

هەر هەموو ئەم شتانە هێندە بە خێرایی رووی دابوو، کە گریگۆری تەنیا ئەو کاتەی، کە قژنە بە خۆو سەربازە یەخسیرەکەوە گەڕایەوە بن دار کاژەکە، زانی چی قەوماوە.

قژنە، بە توندی شمشێرەکەی کابرای یەخسیری ڕاکێشاو گوتی:

– دەی، سەرباز، بیکەرەوە.

کابرای یەخسیر بەدەم زەردەخەنەیەکی ترسامێزەوە، بەلەز کەوتە کردنەوەی قایشی شمشێرەکە، بەڵام دەستەکانی دەلەرزین و نەیدەتوانی بەرەزوانەی قایشەکە بکاتەوە. گریگۆری بە پارێزەوە کەوتە یارمەتی دانی، سوارەی یەخسیر، گەنجێکی باڵا بەرز بوو، گۆناکانی گۆشتن، خاڵێکی چکۆلە بەگۆشەی لێوی سەرەوەی بوو کە پاك تاشی بووی. لە رووی سوپاسگوزاری و منەتبارییەوە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە سەری رێزی بۆ گریگۆری دانەواند. لەوە دەچوو خۆشحاڵ بێ بەوەی کە شەڕی چەکەکەی لە کۆڵ بووەوە. بەدەم تەمەشا کردنی قۆزاقەکانەوە، کەوتە گەڕان بەگیرفانەکانی خۆیداو کیسەیەکی چەرمینی تووتنی دەرهێنا. ئەوسا ورتە ورتێکی کردو بە ئاماژەی دەست و سەر خولکی تووتن و سیغارکێشانی کردن.

عەریفەکە بزەیەکی بۆ کردو دەستی بۆ گیرفانی خۆی برد تا پەڕە سیغار دەربێنێ. گوتی:

– دەعوەتمان دەکات!

سیلانتیڤ، قاقا پێکەنی و گوتی:

– وەرن، با لە کیسەی کابرایەکی بێگانە سیغارێ بکێشین!

قۆزاقەکان سەرو سیغاریان پێچایەوە. تووتنەکە، هی پایپ بوو، توتنێکی توندو ڕەش بوو، سەری گێژ دەکردن. عەریفەکە نەفەسێکی قووڵی لە سیغارەکەی داو پرسی:

– ئەدی تفەنگەکەی لە کوێیە؟

ئوریوپین، قایشێکی زەردی بەداوو دەرزی دوراوەی کردبووە شانی، نیشانداو گوتی:

– ئەمەتا.

عەریفەکە گوتی:

– پێویستە بیبەین بۆ مەقەڕی سریە. بێگومان لەوێ پێویستیان بە ئیعترافاتی ئەوە.

ئەوسا کۆیەکی بۆ کرد، نیگایەکی قۆزاقەکانی کرد:

– کوڕینە کێتان دەیبەن؟

ئوریوپین، هەڵیدایە:

– من دەیبەم.

– دەی باشە، بڕۆ بیبە.

وا دیار بوو یەخسیرەکە لە مەبەستیان حاڵی بوو، بزەیەکی بێدەسەڵاتانەی، ملکەچانەی بۆ کرد. هەوڵیدەدا خۆی کۆنترۆڵ بکات، دەستی بەگیرفانەکانی خۆیدا گێڕا، چەند چکلێتێکی نەرمو پلیشاوەی دەرهێناو دای بە قۆزاقەکان:

- "رووسین ابش... رووسین... ناین اوستریش."* (من لەگەڵ رووسیام... لەگەڵ رووسیا... نەك لەگەڵ نەمسا.)

وشەکانی بەخوارو خێچی دەگوت‌و بە شێوەیەکی کۆمیدی سەرو دەستی دەجوڵاندو نوقڵە بۆنخۆش‌و پلیشاوەکانی لە بەردەم قۆزاقەکان ڕادەگرت.

عەریفەکە پرسی:

- چەکی ترت پێیە؟ واز لەم بڵمە بڵمە بێنە، لێت تێناگەین... دەمانچەت پێیە؟ تەق...، تەق؟.

عەریفەکە، بەدەست، وەکو ئەوەی پەنجە بە پەلەپیتکەدا بنێ، بەو ئاوایە ئاماژەی بۆ کرد. یەخسیرەکە، سەری بەم لاو بەولادا بادا:

- نا، نا!

بە خوایشتی خۆی وەستا تاجلەکانی بگەڕێن. گۆنا خڕەکانی دەلەرزین ،پانتۆڵەکەی لە ئەژنۆیەوە دڕا بوو، سەری ئەژنۆی لە پانتۆڵەکەیەوە هاتبووە دەرێ‌و خوێنی لێدەهات. پێستە پەمەییەکەی روشا بوو. دەستە سڕەکەی خۆی دەنایە سەر زامەکە و رووی گرژ دەکرد و پەیتا پەیتا ئاخ‌و ئۆف دەکرد. کڵاوە سەربازیەکەی لای ئەسپە کوژراوەکەی لێکەوتبوو، و داوای دەکرد تا بڕوات کڵاوو پەتۆ سەربازیەکەی و دەفتەرچەی یاداشتەکانی کە وێنەی خانەوادەیی خۆیانی تیا بوو، بێنێت. عەریفەکە بێهودە هەوڵیدەدا، تا لە قسەکانی بگات، ئەنجام، بە ئاماژەی دەست گوتی:

- دەی بیبە.

ئوریوپین، ئەسپەکەی خۆی لە کوشیڤوی وەرگرت، سواری بوو، خۆی لەسەر زینەکە رێك خست، قایشی تفەنگەکەی لە شانی توند کردو بە دەست ئاماژەی بۆ یەخسیرەکە کرد:

- دەی بکەوەڕێ

یەخسیرەکە کە چاوی بە بزەکەی کەوت، ئاهێکی تێگەڕا، ئەمیش بزەیەکی بە رووی ئەوا دا. بەدەم رێگاوەو بە مەرایی‌و رووپامایییەوە، دەستی بەلاقە ئەستوورو ناقۆڵاکانی ئوریوپیندا هێنا. قژنە، بە توندی دەستی لابردو جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو کابرای یەخسیری دایە پێش خۆی.

- رێکە، هەی نەگبەت! ئارەزووی گەمان دەکەی؟

یەخسیرەکە، وەکو ئەوەی خەتایەکی کردبێ، لە ئەسپەکە دوورکەوتەوە، رووی گرژ بوو، پێی هەڵگرت‌و کەوتە پێش ئەسپەکە. پەیتا پەیتا ئاوڕی پاشەوەی دەدایەوەو دەیڕوانیە قۆزاقەکانی دیکە. دیمەنی ئەو بەمجۆرە لە یادو یادگەی گریگۆریدا نەخش بوو: قەمسەڵە جوانەکەی دابوو بەسەر شانیا، قژە زەردەکەی گڤ بوو بووەوە، بە بێپەروایی‌و بێباکی رێی دەکرد.

عەریفەکە گوتی:

- میلیخوف، بڕۆ ئەو زینە لە ئەسپەکەی بگرەوەو بیهێنە.

بەپەلە ئاغزە سیغارەکەی کە چزا بە قامکیا توورِ دا. گریگۆری چوو بۆ لای ئەسپە کوژراوەکە، زینەکەی لێکردەوەو، بە خۆیشی نەیزانی بۆچی چوو کڵاوی سەربازە یەخسیرەکەی، کە بە چەند هەنگاوێك لەولای ئەسپەکەوە کەوتبوو، هەڵگرت. بۆنی ئەستەرەکەی کرد، بۆنی تیژی ئارەقەو سابوونی هەرزان بایی لێدەهات. زینەکەی هەڵگرت، کڵاوەکەی بە دیقەت بە دەستی چەپییەوە گرتو هاتەوە بۆ ناو بێشەکە. قۆزاقەکان کە لە بن دارکاژەکاندا، هەڵتروشکا بوون، هەگبەی تەرکی زینەکە گەران، کەوتنە تەمەشای زینەکە، بە عەمراتیان زینی وایان نەبینی بوو. سیلانیتف، بە کەسەرەوە گوتی:

– تووتنەکەی، تووتنێکی باش بوو، دەبوایە تۆزێکی دیکەشمان لێوەرگرتبا.

– ئەلهەقی تووتنەکەی باش بوو.

– دەتگوت شەکریان تێکردووە، وەکو مێوو رۆن بە گەرووودا دەچووە خوارێ.

عەریفەکە بەدەم یادی سیغارەکەوە، تامی دەمی خۆشکردو تفەکەی قووت دا.

دوای چەند دەقیقەیەك، سەری ئەسپێك لە نێو دارکاژەکانەوە دەرکەوت. قژنە گەرِا بووەوە. عەریفەکە، بەترسەوە رِابوو:

– ها، چی بوو؟... خۆ لە دەستت هەڵنەهات؟

قژنە، بەدەم قامچی بادانەوە بەرە بەرە نزیك دەبووەوە. لە ئەسپەکەی دابەزی، باوێشکێکی داو، شانەکانی هەڵتەکاندن. عەریفەکە بەرەو پیری چوو و دیسان پرسی:

– چیت لە کابرای نەمساوی کرد؟

ئوریوپین، بەدەم خوتەو بۆڵەوە گوتی:

– وازم لێبێنە! کەوتە غاردان... دەیویست هەڵێت...

– ئێ هەڵهات؟

– گەییشتینە، رِاڕەوێکی رووتەن، لە پرِ دەستی کرد بە.... منیش بەشمشێر کردم بە دوو لەتەوە.

گریگۆری هاواری کرد:

– درۆ دەکەی! هەر بە هەوەس کوشتووتە!

قژنە، خێسەیەکی لە گریگۆری کردو گوتی:

– ئەم هاوار هاوارەت لە چیە؟ تۆ هەقت چیە؟

گریگۆری بە ئەسپایی هەستا. دەستە لەرزۆکەکانی بە قەدیا شۆرِ دەبووەوە.

– چۆن؟

قژنە، بە توندی دووبارەی کردەوە:

– خۆت لە کارێ هەڵمەقورتێنە کە پەیوەندی بە تۆوە نییە! تێگەییشتی، ها؟

گریگۆری قایشی تفەنگەکەی گرت، نای بە شانیەوە، بە تورەیی قامکە لەرزۆکەکەی بۆ پەلەپیتکەکەی برد، هەرچی دەکرد پەلەپیتکەکەی بۆ نەدەدۆزرایەوە. غەزەب لە سەروچاوە تاوەسووتەکەی دەباری. عەریفەکە بە لەز بەرەو گریگۆری رِۆیی و بە هەرِەشەوە هاواری لێکرد:

– نەکەی!
پێش ئەوەی فریای تەقەکردن بکەوێ، پاڵێکی پێوەنا، فیشەکێك دەرچوو، لقێکی دارکاژەکەی برد بە ئاسماناو دەنگی تەقەکە تا ماوەیەك لە نێو دارستانەکەدا هەر دەنگی دایەوە، کوشیڤوی هاواری کرد:
– چیە؟
سیلانیتڤ، حەپەسا بوو.
عەریفەکە، مستێکی بە سینگی گریگۆریدا کێشاو تفەنگەکەی لە دەست دەرهێنا. قژنە هەر بەو دەقەوە لە جێی خۆی وەستا بوو. هەردوولاقی لێك بلاوکردبوونەوە، دەستی چەپی خستبووە بەر نیتاقەکەی. (کەمەربەند، پشتێن، قایش)....
– دەی ئەگەر پیاوی تەقە بکە!
گریگۆری هێرشی بۆ برد:
– دەتکوژم!
عەریفەکە هاواری کرد:
– راوەستن، ئاخر چیتانە، میرات بەشدەکەن؟ دەتانەوێ بدرێنە دادگای مەیدانی و ئیعدام بکرێن؟ چەکەکانتان دانەن دەی!....
گریگۆری دایە دواوە، دەستەکانی لەسەر سینگی تێك ئالاند و لە نێوان ئەوو قژنەدا وەستا. ئویورپین، بەدەم سووکە بزەیەکەوە گوتی:
– تۆ درۆ دەکەی، نامکوژیت.
لە گەڕانەوەدا، لە سایەی بۆلێڵی ئێواریدا، گریگۆری لە پێش ئەوانی دیکەوە، چاوی بە جەنازەی سەربازە یەخسیرەکە کەوت کە لە پانتاییەکی رووتەندا کەوتبوو. لێی نزیك بووەوە، جڵەوی ئەسپە سڵۆکەکەی ڕاکێشا، لەسەر ئەسپەکەوە کە هانکە هانکی پێکەوتبوو، ڕوانیە خوارەوە: سەربازە کوژراوەکە، بە دەما یەك تەختە کەوتبوو، باسکەکانی بلاوبوو بوونەوە، سەروچاوی لە گیاو خەنەتیلەکە نەرمەکەدا چەقی بوو. ناولەپی وەکو گەڵای خەزان زەدە، لە ناو سەوزەزارەکەدا زەرد دەچوونەوە. جەزرەبەیەکی توند، کە بێگومان لە پشتەوە لێی درابوو، لە ناو شانیەوە تا پشتێنەی کردبووی بە دوو لەتەوە.
عەریفەکە، ژێراو ژێر، بە ترسەوە روانیە قژە زەردو سەرە خوارەکەی سەربازە کوژراوەکەو لە بن لێوانەوە گوتی:
– کردوویەتی بە دوو لەتەوە.
قۆزاقەکان، بە خامۆشی رێگای بارەگای سەرکردایەتی سریەکەیان گرتە بەر. دنیا بەرە بەرە تاریکتردەبوو. بایەکی خۆش، پەڵە هەورێکی ڕەشی بەرەو رۆژاوا ڕادەماڵی. بۆگنخاوێکی ناخۆش و توندی زەلکاو وقوڕاو لە زەلکاوو باتلاغێکی ئەو نزیکانەوە دەهات، شینە شاوەیەك دەیقیڕاند. بیدەنگیەکی خەواڵو باڵی بەسەر دنیادا کێشابوو، مەگەر خشەخشی زینەکان و پێکادانی شمشێرو ڕکێفەکان، یان قرچە قرچی بەرەسنۆبەرو گەڵای رژاوی کاژان لە ژێر سمی

ئەسپەکاندا ناو بە ناو ئەم بێدەنگیەی بشڵەقاندایە. دوا پرتەوی لێڵو سورباوی زەردەپەڕی هەتاوی روو لە ئاوا بوون، دەیدا لە ترۆپکی دارکاژەکانو ئاوا دەبوو. قژنە پەیتا پەیتا، سیغار لە سەر سیغاری دەکێشا. پزیسکی ئاگری سیغارەکەی قامکە درشتو نینۆکە رەشەکانی روناك دەکردەوە.

پەڵە هەورێکی ڕەش بە ئاسمانی جەنگەڵەکەوە وەستابوو، ڕەنگە پەژموردەکانی دەمی رۆژئاوا، کە خۆ بەخۆ خەمو خەمناکیان لێدەباری، هێندەی دی خەمناکتر دەکرد.

((١٣))

بۆ سبەینێی ئەو رۆژە، بەیانی زوو، هێرش بۆ سەر شارۆچکەکە دەستی پێکرد. بەپێی نەخشەی دیاریکراو، دەبوایە هێزی پیادە، لەگەڵ سپێدەدا، لە قۆڵی جەنگەڵو لێڕەوارەکەوە پێشڕەوی بکاتو هێزی سوارە لە هەردوو لاوە پشتیوانی لێبکات. بەڵام بە هۆی هەڵەیەکەوە، دوو کەتیبە پیادەکە، لە کاتی خۆیدا نەگەیینە جێ. بۆیە ئەمر بە کەتیبەی دوو سەدو یازدەی تیرەندازان درا، کە بەرەو قۆڵی چەپ پێشڕەوی بکات. کەتیبەیەکی دیکەشی لە کاتی ئەنجامدانی حەرەکەیەکی ئیلتیفافیدا، بە هەڵە کەوتە ژێر رەحمەتی تۆپبارانی تۆپخانەیەکی خۆیی. ئیدی وەزعێکی زۆر ناهەموار دروست بوو، پەشێویو پەریشانیەکی زۆر دروست بوو، هەموو نەخشەو بەرنامەکان شێوان. ئەگەرو مەترسی ئەوە هاتە ئاراوە کە چارەنووسی هێرشەکە ئەگەر بە کارەساتیش نەشکێتەوە ئەوا بەلای کەمەوە ناکام ببێت. لەو کاتەدا کە هێزی پیادە خەریك بوو سەر لە نوێ خۆی ساز دەدایەوەو هێزی تۆپخانە بە هۆی دەستورێکی هەڵەوە، شەوێ کەوتبووە زەلکاوێکەوەو خەریك بوو بەئەسپەکان، تۆپەکانیان لە باتلاخو زەلکاوو قوڕاو دەردێنایەوە، ئەمرێك بۆ فیرقەی یازدەیەمی سوارە هات کە دەست بە هێرش بکات. جا چونکە شوێنەکەیان زۆنگاو و مرداو وهەمووی جەنگەڵ و بێشە بوو، دەرفەتی ئەوە نەبوو هێرشێکی بەرەیی بەرینو فراوان بۆ دژمن بەرن. بۆیە سوارەکان، ناچار بوون، لە هەندێ شوێندا، لە شێوەی دەستەو مەفرەزەدا هێرش بەرن. هەردوو سریەی چوارەمو پێنجەمی کەتیبەی دوازدەیەم، وەکو هێزی یەدەك لە ناو دارستانەکەدا دانران. دوای چارەکە سەعاتێك، لە دەستپێکی هێرشە گشتیەکە، ئەو هێزە یەدەگەی کە لە پشتی بەرەی شەڕدا مابوونەوە، گوێیان، لە هەراو هەنگامەو دەنگی دەستڕێژی پەلامارو هێرش بوو، دەنگی تەقەو دەستڕێژ دنیای دەلەراندەوە. بوو بە هوراکێشان.

ناو بە ناو قۆزاقێك هاواری دەکرد:

- هێزەکانی خۆمان هێرش دەکەن.
- دەستیان پێکرد.
- ئەو شەستیرە چ حەشرێك دەکات.
- لەوە دەچێ هێزەکانی خۆمان گسکیان بدەن.
- چیە، بێدەنگ بوون؟
- مانای وایە گەییوونەتە جێ.

- هاكا نۆرەی ئێمەش هات کە بچینە شەڕەکەوە.

سەربازەکان، بەو جۆرە بێسەروبەرە قسانیان دەکردو هەر کەسەو لە ئاشێکی دەکرد.

هەردوو کەتیبەی ناڤبری لە شوێنێکی رووتەنی ناو جەنگەڵەکەدا مۆڵیان خواردبوو. دارکاژی بەرز، مەودای دیتنی لێ کەمدەکردنەوە. بەرچاوی دەگرتن. سریەکی پیادە بە نیمچە ڕاکردنەوە، بەلایاندا تێپەڕی. عەریفێکی چالاکو چەلەنگ، بەدیمەن راوەستا، تا دوا ریزی سریەکە تێ بپەڕێ، پاشان لە دواوە هاواری کرد:

- مەسافە کەم بکەنەوە!

سریەکە، بە شڵپ و هۆڕی چەکمەو رینگ و هۆڕی قەمەو نێزانەوە تێپەڕی ولە پشت بێشەیەکی چکۆلەی درەختانی حورەوە، ون بوو.

لەدووری دوورەوە، لەودیو گردێکی چڕە داروردەختەوە، دەنگی هەمان، هوراکێشان، هەمدیس بەرز بووەوە، بەلاّم دەنگی هوراکێشانەکە هەم کزتر بوو و هەم بەرە بەرە دوور دەکەوتەوە،پاشان لە ناکاوا دەنگەکە بڕاو کپی و خامۆشیەکی قووڵ باڵی بەسەر دنیادا کێشا.

- ئێستا گەییونەتە یەکدی.

- بەڵێ، ئێستا شەڕی دەستەویەخەیە... یەکدی ئەنجن ئەنجن دەکەن. قۆزاقەکان، هەموو گوێیان هەڵخستبوو، بەلاّم هیچ دەنگێك لەو بەرەوە نەدەهات. لە قوّڵی ڕاستەوە، تۆپخانەی نەمساویەکان بە گرمو هۆڕ، هێرشبەرانی تۆپباران دەکردو جار بەجار قرمژنی دەستڕێژی شەستیریشی بەگەڵ دەکەوت.

گریگۆری میلیخوف، تەمەشایەکی دەستەکەی خۆی کرد. قۆزاقەکان تووڕەو نیگەران، حەوسەڵەیان چوو بوو. ئەسپەکان وەکو ئەوەی مەگەز تێیان وڕوکابێ، حەوانەوەیان لەبەر بڕا بوو. ئوریوپین، کاسکێتەکەی بە قەڵپوسی زینەکەوە هەڵواسی بوو وخەریك بوو سەرە کەچەڵەکەی دەسڕی. میشکا کوشیڤوی، لە تەنیشتی گریگۆرییەوە وەستا بوو و بە تاسەوە دووکەڵی جگەرە هەرزان بایەکەی هەڵدەمژی و قووتی دەدا. هەموو شتەکانی دەوروبەریانی لە واقیعی، واقیعی تر دەبینی.

هەردوو کەتیبەکە، نزیکەی سێ دانە سەعات وەکو هێزی یەدەك هێڵرانەوە، دەنگی دەستڕێژو تەقە جاریێ دەبڕاو جارێکی دی بە توندی دەستی پێدەکردەوە. فڕۆکەیەك، کە دیار نەبوو دۆستە یان دژمن، بە هارە هاڕ، چەند جارێك بە بەرزییەکی بەرزەوە بەسەریانەوە سوڕایەوەو خولایەوەو ئەوجا بەرەو رۆژهەلاّت ڕۆیی و لە جاران زیاتر بەرزبووەوە. دووکەڵێکی سپی شیری لە خواریەوە، بە بەرۆکی ئاسمانی شینەوە پەیدا بوو: تۆپە فرۆکە شکێنەکان تەقەیان لێکرد بوو.

هێزە یەدەگەکان، نزیکی نیوەڕۆ ئەوسا چوونە شەڕەوە. هەموو زەخیرەی تووتنەکانیان کێشا بوو، زەلامەکان تاقەتی چاوەڕوانیان نەما بوو. لەم کاتەدا ئەفسەرێکی سوارە بە چوارناڵە هات. ئیدی نەقیب، فەرماندەی سریەی چوارەم، ئەمری بە سریەکەی خۆی دا کە بەجادەیەکی جەنگەڵیدا بکەونەڕێ، پاشان بەرەو شوێنێکی نادیاری گەڕاندنەوە. گریگۆری وای هەست دەکرد پێشڕەوی ناکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەگەڕێنەوەو پاشەکشە دەکەن. نزیکەی بیست دەقیقەیەك

بەبێ نەزمی بەناو جەنگەڵەکەدا پێشڕەویان کرد، بەرە بەرە هەراو هەنگامەی شەڕ نزیك تر دەبووەوە. هەر لەو نزیکانەو، لە پشتیانەوە، تۆپخانەیەك پەیتا پەیتا تۆپبارانی دەکرد. گوللە تۆپ، بەگیزو هۆڕ بە سەر سەریاندا دەڕۆیی. بە هۆی چڕی جەنگەڵەکەوە نەزمی ڕەوتی ڕۆییینی سریەکە تێك چوو بوو، بەبێ نەزمی لە جەنگەڵەکە وەدەرکەوت. لە نزیکی جەنگەڵەکە، بە دووری نیو فرسەخێك، هێزێکی سوارەی مەجەڕی، بە شمشێر بەر بوو بوونە مەفرەزەیەکی تۆپخانەی رووسی.

فەرماندەی سریەکە ئەمری دا:

– سریە، ئامادە!

پێش ئەوەی سەربازەکان فریا بکەون، بە تەواوەتی مەسافە وەربگرن، ئەمری دووەم دەرچوو:

– سریە، شمشێران هەڵکێشە، هێرش بەرە!

شمشێران، بەلەزو، بەیەك ریتم لەکێلان دەرهێنران. سوارەکان، بە رەوتەو پاشان بە چوارناڵە هێرشیان برد.

شەش سوارەی مەجەڕی، لە سەمتی راستی تۆپخانەکەوە، مژوولی یەکێك لە تۆپەکان بوون. یەکێکیان خەریك بوو جڵەوی ئەسپەکانی ڕادەکێشاو یەکێکی دیکەیان، بە شمشێرەکەی پانەو پان دەیکێشا بەلا تەنگەی ئەسپەکاندا، کە هەڵدەستانە سەر هەردوو پاشوو و نەدەڕۆییشتن. ئەوانی دیکەش کە لە ئەسپەکانیان دابەزی بوون، خەریکی چەرخی تۆپەکە بوون‌و دەیانویست بۆ پێشەوەی بڕانن، کەمێ لەولاترەوە، ئەفسەرەکەیان بەسەر ماینێکی قاوەیی کلك کوڵەوە، دەهات‌و دەچوو و ناو بە ناو ئەمرێکی پێدەدان. مەجەڕیەکان هەرکە چاویان بە قۆزاقەکان کەوت، وازیان لە تۆپەکە هێنا، بەلەز سواری ئەسپەکانیان بوون، بە چوارناڵە بۆی دەرچوون. "ها، خرم، خرم، خرم!" گریگۆری لە زەینی خۆیدا بەو ئاوایە گوێی لە ریتمی ناڵی ئەسپەکەی دەگرت‌و تاوی دەدا. لە گەرمەی تاوداندا پێیەکی لە ڕکێفەکە دەرچوو، بەلانسی، بەسەر زینەکەوە تێکچوو، هەستی بەترسێکی دەروونی کرد، دانەویەوە، بە نووکی پێ بۆ ڕکێفەکە گەڕا، دۆزییەوەو پێی تێخستەوە، ئەوسا سەری هەڵبڕی، چاوی بەو شەش ئەسپە کەوت کە لە تۆپەکە بەسترا بوون. حەرەسەکەی پێشەوە، خۆی دابوو بەسەر ئەسپەکەدا، باوەشی بەیاڵ‌و گەردنیا کرد بوو، کراسەکەی لەپشتەوە یەك پارچە خوێن‌و مێشکی پرژا بوو. ئەسپەکەی گریگۆری بەسەر جەنازەی یەکێك لە تۆپچییە کوژراوەکاندا رۆیی، ئێسقانەکانی لە ژێر سمی ئەسپەکەدا، کەوتنە قرچە قرچ. دوو سەربازی دیکە، لە نزیکی سەندووقێکی ئاوەژووی گوللە تۆپانەوە، لە خاکا گەوزا بوون، سەربازی چوارەم بەسەر تۆپەکەدا کەوتبوو. سیلانیتف، ڕێك لە پێش گریگۆرییەوە بوو. ئەفسەرە مەجەڕیەکە، کە بەسەر ماینێکی کلك کوڵەوە بوو، لە نزیکەوە بەر دەمانچەی داو دەم‌و دەست کوشتی. سیلانتیف، لەسەر زینەکەوە کەوت، هەردوو دەستی بەرز کردنەوە، وەکو ئەوەی بیەوێ باوەش بەهەواکەدا بکات. گریگۆری، جڵەوی ئەسپەکەی خۆی ڕاکێشا، سەری ئەسپەکەی بەدەستە چەپا بادایەوە، لەوێوە باشتر دەیتوانی جەزرەبە بە ئەفسەرەکە بگەیەنێ. بەڵام ئەفسەرەکە یەکسەر لە مەبەست‌و نیازی ئەو حاڵی بوو، لە ژێر باڵیەوە

تەقەی لێکرد، هەرچی فیشەك لەشانەی دەمانچەکەیدا بوو، هەمووی تەقاند، ئەوسا هەڵیکێشایە شمشێر .چونکە شمشێر بازێکی کارامەو مەعلان بوو، توانی خۆی لە سێ جەزرەبەری ترسناکی گریگۆری دەربازبکات. گریگۆری بەدەم لێو کرۆشتنەوە بۆ جاری چوارەم خۆی گەیاندێ، ئەسپەکانیان تەقریبەن بە تەنیشتی یەکەوە تاویان دەدا. گریگۆری هێندە لێی نزیك بووەوە، دەموچاوە ئەسمەرو ردێنە تاشراوەکەی یارۆی ئەفسەری مەجەڕی و تەنانەت ژمارەی سەر یەخەی قەمسەڵەکەشی لێ بە دیارکەوت. گریگۆری لەسەر ئاوزەنگیەکان هەستایە سەر پێ، وای نواند کە بە تەمایە جەزرەبەیکی پێبگەیەنێ، بەڵام لە پڕێکا بایدایەوە، کابرای ئەفسەری غافڵگیر کردو لە پشتەوە نووکی شمشێرەکەی کرد بە بەینی هەردوو دەفەی شانیا، ئەوجا تاتوانی جەزرەبەیەکی گەیاندە پشت ملی، یانی باڵاترین مۆرەغەی پشتی. دەستی ئەفسەرەکە سست بوو، شمشێرەکەو جڵەوی ئەسپەکەی لە دەست کەوت، پشتی راستکردەوە، سینگی وەکو ئەوەی گازی لێگیرابێ، بەو ئاوایە دەرپەڕاندو ئەوجا بەسەر قەڵپوسی زینەکەدا داڕما. گریگۆری هەستی بە ئاسوودەییەکی زۆر کرد، شمشێرێکی بە تەوقی سەریا کێشا، بە چاوی خۆی بینی کە چۆن شمشێرەکەی کاسەی سەری بڕی‌و تا سەر گوێچکەکانی هاتە خوارێ.

ئەوجا، لە پشتەوە جەزرەبەیەکی ترسناك بەر گریگۆری کەوت، یەکسەر لە هۆش چوو. هەستی بە تامی گەرم‌و سوێری خوێن، لە دەمیا کرد، ئیدی زانی کە لە کەوتندایە.زەوی پڕ پوش‌و پەڵاشی گەنم لەبەر چاوی دەسوڕاو بەرە بەرە لێی نزیك دەبووەوە. وەختێ بە توندی کەوتە سەر ئەرزەکە، بۆ دەمێك وەخۆ هاتەوە. چاوی کردەوە، بەڵام چاوەکانی نقومی خوێن بوون. دەنگی پێی هاتە گوێ، گوێی بە هانکە هانکی ئەسپەکەی "هە! هە! هە!" زرینگایەوە، بۆ دواجار چاوانی هەڵێنان، هەردوو کونە کەپووی پەمەیی ئەسپەکەی بینی کە چۆن کرابوونەوە، لاقی کەسێکی بینی کە بە ئاوزەنگیەکەوە شۆڕ بوو بووەوە. بیرێکی ئارامبەخش عەینی مار بۆ ناو ناخی خزی "تەواو!"، ئەوسا ژاوەژاوێك بالی بەسەرا کێشا، دوای ئەوە بۆشاییەکی تاریك لە هەمێزی گرت.

((١٤))

لە سەرەتاکانی هەیڤی ئابدا، ملازم یەڤگینی لیستنتسکی، لێبڕا کە لە کەتیبەی ئاتامانسکی گاردی تایبەتی تزارەوە، بۆ یەکێك لە کەتیبە ئاساییەکانی سوپا نەقڵ ببێ. هەستاو عەرزو حاڵێکی فەرمی لەمبارەیەوە نووسی، دوای سێ هەفتە ئەمری نەقڵەکەی هاتەوە. بۆ کەتیبەیەك نەقڵ بوو بوو، کە بەرەو مەیدانی شەڕ بەڕێوە بوو. دوای ئەوەی هەموو تەشریفاتێکی کارەکەی تەواو بوو و، پێش ئەوەی پترۆگراد بەجێ بێڵێ، بە نامەیەکی کورت باوکی لە بڕیارەکەی خۆی ئاگادار کردەوە:

"باوکە گیان، من داوام کردووە لە کەتیبەی ئاتامانسکییەوە، نەقڵ بکرێم بۆ یەکەیەکی جەنگی. ئەمڕۆ ئەمری نەقڵەکەم وەرگرت. خەریکم دەڕۆم بۆ بەرەی جەنگ تا پەیوەندی بکەم بە فەیلەقی دووەمەوەو بزانم فەرمانەدەی فەیلەق ئەمری بەچیە. رەنگە ئەم بڕیارەی منت پێ سەیر

بێ، بەڵام حەزدەکەم هۆی ئەمەت بۆ باس بکەم. ئەوەی ڕاستی بێ لێرە، لەم ژینگەیە بێزار بووم. هەموو ڕۆژێ، نمایش، ئێشکگرتن، خەفارەت. بە ڕاستی تاقەتم چووە، دڵم لەم کارانە تێك هەڵدێت. حەزم لە کارو چالاکی زندووە یان خۆت گوتەنی کارێن قارەمانیەتیە. حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە خوێنی پڕ شانازی ماڵباتی لیستنتسکی لە منا هاتووەتە جۆش، هاتووەتە زمان، ئەو خوێنە پاکەی کە لە شەڕی نیشتمانی ١٨١٢ـەوە، بەردەوام چەپکە گوڵی شانازی بە خەرمانی پڕ شانازی دەسکەوتەکانی سوپای رووسی بەخشیوە. من بەڕێوەم بۆ شەڕگەو تکایە دوعای خێرم بۆ بکە. هەفتەی رابردوو، تزارم پێش ئەوەی لە بارەگای خۆی دەربچێ، بینی. لەو کاتەدا لە کۆشکا ئێشکم دەگرت. کاتێ کە لەگەڵ رودزیانکۆدا، بە بەردەم مندا رەت دەبوو، بزەیەکی کرد، بە گۆشەی چاو منی نیشانداو بە ئینگلیزی گوتی: "ئەمەیە گاردی پڕ شانازی من! ڕۆژێ دێ، بەم گاردە سەری لووتی ویلهلم (پاشای ئەوسای نەمسا) دەتۆزێنمەوە.". من تزار دەپەرستم. وەکو چۆن کچۆڵەیەکی مەکتەبلی ئاشقێنی دەکات، بەو ئاوایە خۆشم دەوێ، دەیپەرستم، هەر چەندە تەمەنم لە بیست و هەشت ساڵ تێپەڕیوە، هیچ شەرم لەو قسەیە ناکەم، ئەو ئیعترافەم پێ شەرم نییە. بە ڕاستی مقۆ مقۆو واتە واتی ناو کۆشك و دەربار کە عەینی داوی جاڵجاڵۆکە چوار دەوری ناوی پرشنگدارو تابانی خاوەنشکۆی داوە، بێزارم دەکات. من نە باوەڕم بەو شتانەیەو نەدەتوانم باوەڕیان پێبکەم، چەند ڕۆژێك لەمە پێش چیوای نەمابوو نەقیب گرومۆف بکوژم، چونکە لە بەردەم منا، قسەی بێئەدەبانەی بە شابانۆ گوت، بە ڕاستی ئەوە شتێکی ناشیرینە، پێمگوت، تەنیا خەڵکانی هەتیوچەو کۆیلە ڕێ بە خۆ دەدەن بێنە ئەم ئاستە نزمەو جنێوی بازاڕی بدەن. ئەمە لەبەردەم چەند ئەفسەرێکی دیکەدا رووی دا. زۆر تووڕە بووم، هەڵم کێشایە دەمانچەو ویستم ئەم بێشەرەفە بکەم بە قوربانی گوللەیەك، بەڵام هاوڕێکانم دەمانچەکەیان لە دەست سەندم. ڕۆژ بە ڕۆژ ژیانم لەم چڵکاوەدا دژوارتر دەبوو. هیچ نیشتمانپەروەریەکی دڵسۆزانە لەناو کەتیبەکانی گاردا، بە تایبەتی لە ناو ئەفسەرەکاندا نەماوە، هەست ناکەیت – هەرچەندە ئەم قسەیە زۆر ترسناکە– هیچ ڕێزو خۆشەویستی و وەفاداریەکیان بۆ خانەدانی سەڵتەنەتی(پاشایەتی) هەبێت. ئەوانە نەجیمزادە نین، بەڵکو کۆمەڵێك گەجەرو گوجەرو چەورەن. ئەمە هۆی ڕاستەقینەی نەقڵەکەمە،ناتوانم لەگەڵ خەڵکانێکی بێڕێزو حورمەتدا کاربکەم. پێموایە ئەوەی پێویست بوو و شایانی باسکردن بوو، بۆم باسکردوویت. داوای بوردن دەکەم، ئەگەر نامەکەم هەندێ بێسەروبەرو بێ، پەلەمە، دەبێ جانتاکانم بپێچمەوەو بچم بۆ لای قۆماندان (قوماندان:ئەفسەر، سەرکردەی لەشکر، بەرپرسی سوپایی) باوکە گیان هیوای ساغ و سەلامەتیت بۆ دەخوازم، ئاگات لە تەندروستی خۆت بێ. کە گەییمە شەڕگە، لەوێوە نامەیەکی تێرو تەسەلترتان بۆ دەنووسم.

کوڕی خۆتان، یەڤگینی.."

شەمەندەفەری وارشۆ، سەعات هەشتی ئێواری لە پترۆگرادەوە دەردەچوو. لیستنتسکی گالیسکەیەکی بە کرێ گرت و چوو بۆ وێستگە، پترۆگرادی، کە لە نێو تیشکی گڵۆپاندا شین دەچووەوە، بەجێهێشت، وێستگەکە زۆر قەرەباڵغ و جەنجاڵ بوو، هەراوزەنایەك بوو سەگ

ساحێبی خۆی نەدەناسی، بە تایبەتی خەڵکانی سوپایی لە هاتوچۆیەکی لە پەستاو بێ پسانەوەدا بوون. حەماڵێك، جانتاکەی لیستنتسکی هێنا و خستیە فارگۆنەکەوە، دوای ئەوەی لسیتنتسکی پارەو بەخشیشێکی دایە، کابرای حەماڵ هیوای سەفەرێکی خۆشی بۆ خواست. لیستنتسکی کەمەربەندەکەی کردەوە، پاڵتۆکەی داکەند، پەتاخەکانی (پێخەف، نوێن) کردەوە، لێفەیەکی قەفقازی ئاوریشمی ڕەنگاو ڕەنگی دەرهێناو لەسەر تەختەکەی سەرەوە ڕایخست. قەشەیەکی لاواز لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتبوو، تویشەبەرەیەکی بچووکی لەسەر تەپڵەکێکی بچووك کردبووەوەو خەریك بوو نانی دەخوارد. لە کاتێکا ردێنە زبرەکەی لە ورتکە نانان پاك دەکردەوە، کولیچەیەکی هەڵگرتو، بۆ کچۆڵەیەکی گەنمڕەنگی ئەندام وردیلەی، کە جلی مەکتەبی لەبەر بوو و، لە تەختەکەی بەرانبەر ئەودا دانیشتبوو، درێژ کرد.

– فەرموو، شتێ بخۆ گیانە.

– دەستخۆش، سوپاس ناخۆم.

– شەرم مەکە، تۆ لاوازی، دەبێ خواردنی زۆر بخۆی.

– زۆر سوپاس.

– وەرە تۆزێك لەم ناو بە پەنیرە بخۆ. تۆش جەنابی ئەفسەر، کەرەمکە شتێك بخۆ.

لیستنتسکی سەیرێکی خوارەوەی کرد تابزانێ لەگەڵ ئەویەتی یان نا، پرسی:

– لەگەڵ منت بوو قوربان؟

کەشیشەکە، چاوە خەمناکەکانی بەرەو ئەو هەڵبڕی. بزەیەکی بێ گیان کەوتە سەر لێوە قەیتانیەکانی و سمێڵە باریکە شۆڕەکەی جولا، بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ، بەڵێ.

– سوپاست دەکەم، برسیم نیە، ئێستا دڵم هیچ نابات.

– حەیفێ، خواردن گوناح نییە. بۆ شەڕگە دەڕۆی؟

– بەڵێ.

– دەیسا خوا پشت و پەناتان بێ!

لیستنتسکی، بەدەم وەنەوزەوە، گوێی لە دەنگی گڕی کەشیشەکە بوو کە دەتگوت لە دووری دوورەوە دێ و لە دەرگای گوێی ئەو دەدا، وای وێنا دەکرد کە ئەمە دەنگی کەشیشەکە نییە، بەڵکو دەگی نەقیب گروموفە کە بە دەنگێکی گڕی گازاندە ئامێزەوە قسە دەکات.

– ... تۆ بە خۆت دەزانی مەسرەفی خانەوادەکەم زۆرە. کلێساکەی من لە گەڕەکێکی هەژارنشین دایە. بۆیە بە خوایشتی خۆم هاتووم لە یەکە سوپاییەکاندا خزمەت بکەم. میللەتی رووس ناتوانێ بە بێئیمان بژی، بە بێئیمان بجەنگێ، دەزانی ساڵ بە ساڵ ئیمان روو لە زیادی دەکات. هەڵبەتە خەڵکانێك هەن کە لە ڕێی راست دەردەچن، بەڵام ئەوانە تەنیا لە نێو خێڵی رۆشنبیراندان، بەڵام جووتیاران، دڵبەندو پابەندی خوای خۆیانن...

دەنگە گڕەکە، ئاهێکی هەڵکێشا و ئەوجا دەمرێژێك وشەی تازەی بە دوا هات کە ئیدی نەدەگەییە گوێی لیستنتسکی. لیستنتسکی خەوی لێکەوت. دوا شتێك کە لە نیمچە بێداریدا

هەستی پێکرد بوو، بۆنی بۆیەی تازەی تەختە باریکەکانی میچی فارگۆنەکەو یەك رستە بوو کە لە پشت شووشەی پەنجەرەکەوە دەگەییە گوێی: "ئەمە پەیوەندی بەفارگۆنیَ بارەوە، هەیە، پەیوەندی بەمنەوە نیە."

کەمێك بیری کردەوە: "چ شتێك پەیوەندی بە فارگونی بارەوەیە؟" ئەوسا داوی بیرکردنەوەکەی پچڕا، دوای دوو شەو لە شەونخونی، خەوێکی خۆشی لێکەوت. پاش ئەوەی نزیکەی چل فرسەخێك لە پترۆگراد دوور کەوتەوە، ئەوسا خەبەری بووەوە. چەرخی فارگۆنەکان دەنگێکی ئاهەنگدارییان لێوە دەهات، فارگۆنەکان دەلەرینەوە، حەرەکەی ناگەهانی مەکینەی قیتارەکە تەکانی دەدا. یەکێك لە فارگۆنەکەی تەنیشتەوە، بە کەماڵی ئارەزوو دەنگی لێهەڵبڕی بوو و گۆرانی دەگوت. چرایەکە سێبەرێکی وەنەوشەیی خوارو خێچی دروست دەکرد.

ئەو کەتیبەیەی کە ملازم لیستنتسکی بۆ نەقڵ بوو بوو، لەو شەڕانەی دواییدا تەلەفاتێکی قورسی دابوو. بۆیە لەبەرەی شەڕ دووریان خستبووە و خەریکی ئەوە بوو لە رووی نەفەرو ئەسپەوە، خۆی ساز بداتەوەو نوقستانیەکانی پڕ بکاتەوە.

بارەگای ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەتیبەکە لە ئاوای بیریزنیاگی بوو، کە مەڵبەندێکی بازرگانی گەورە بوو. لیستنتسکی لە وێستگەیەکی چکۆلەی بێناوو نیشانلدا لە قیتارەکە دابەزی. لە هەمان کاتدا ئەمبولانس‌و خەستەخانەیەکی مەیدانی (گەڕۆك) لە قیتارەکە داگیرا. لیستنتسکی لە دکتۆری بەرپرسی خەستەخانەکەی پرسی کە کێوە دەچن، بۆی دەرکەت کە ئەمبولانس‌و خەستەخانەی ناڤبری لە بەرەی باشووری رۆژئاواوەوە بۆ ئەم ناوچەیە گوێزراوەتەوەو حاڵی حازر پێوەن لە رێگای بیریزنیاگی‌و ئیڤانوفکاوە بۆ کریشوڤینسکویە بڕۆن. پزیشکەکە پیاوێکی قەڵەوی سورفل بوو، زۆر بە خراپی باسی بەرپرسە راستەوخۆکانی خۆی دەکرد. هەزارو یەك جنێوی سەر بەکوڵکەی بە ئەفسەرانی سەرکردایەتی فیرقە دەدا. چاوەکانی لە پشت عەینەکە زەڕەبینەکەیەوە پشم‌و غەزەبیان لێدەباری، بەدەم خوراندنی ریشیەوە، هەرچیەکی لە دڵا پەنگا بووەوە، بێ دوو دڵی بۆ ئەم کەسەی، کە بەڕێکەوت تووشی بوو بوو، دەگێڕایەوە.

لیستنتسکی قسەکەی پێبڕی‌و پرسی:

– دەتوانن، من لەرێگای خۆتانەوە بگەیەننە بیریزنیاگی؟

پزیشکەکە رازی بوو:

– بەڵێ، سەرکەوە، بچۆ گالیسکەکەوە، جەنابی ملازم.

پزیشکەکە، زۆر خۆمانە، کەوتە یاریکردن بە دوگمەی پاڵتۆی ملازمەکە، سەر لە نوێ دەستی بە خوتەو بۆڵە کردەوە:

– ملازم تۆ تەسەور بکە، ئێمە نزیکەی دوو سەت فرسەخمان لە ناو فارگۆنی ماڵاتدا، بە تەقە تەق بردووەتە سەر تاگەییوینەتە ئێرە. وەرە لێرەش بێئیش‌و بێکار، دەست لە سەر ئەژنۆ دانیشە. لە کاتێکا لەو شوێنەدا، کە ئەمبولانس‌و خەستەخانەکەی ئێمەی لێوە بۆ ئێرە گوێزراوەتەوە، دوو دانە رۆژە شەڕێکی خوێناویە، دنیایەك سەربازی بریندارى لێیەو پێویستیان بە دەرمان کردن‌و سەرپەرشتیە.

دکتۆرەکە بەوپەڕی تووڕەیی، ڕستەی (شەڕێکی خوێناویە)ی دووبارە کردەوە.

ملازم، بە ئەدەبەوە پرسی:

– باشە، بەڕای تۆ هۆی ئەم گاڵتە جاڕیە چیە؟

دکتۆرەکە، برۆکانی لە سەروو عەینەکەکەیەوە وێکهێنانەوەو بە تەوسەوە گوتی:

– هۆی چیە؟ بێمانایی‌و بێ بەرنامەیی‌و گەوجێتی‌و بێتوانایی ئەفسەرانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیە. بەڵێ هۆیەکەی ئەوەیە! بێشەرەفانە هەر بۆ ئەوە ئازان پلەو پایەی گەورە وەربگرن‌و خۆیان بنوێنن‌و خەم لە هیچ نەخۆن. هیچ توانایەکیان نیە، دوو بزنیان پێبەڕێوە ناچێ، ئەوەی ئەقڵ بێ نیانە. تۆ "یاداشتەکانی پزیشکێک"ت لە بیرە ئەوەی کە فرساییڤ دەربارەی جەنگی رووسی –ژاپۆنی نووسیویەتی؟ رێك باسی حاڵێکی وەکو ئەم حاڵەیە، بەڵام ئەم حاڵەی ئێستا دوو هێندەی ئەو حاڵەی ئەوسا خراترە.

لیستنتسکی بەرێزو حورمەتەوە دەستێکی بۆ هەڵبڕی‌و ئەوسا بەرەو گالیسکەکانی خەستەخانە مەیدانیەکە وەڕێکەوت. دکتۆرەکە لەسەر خوتەو بۆڵەی خۆی بەردەوام بوو:

– ئێمە لەم شەڕەدا شکست دێنین، ملازم. شەڕی ژاپۆنمان دوڕاندو تەمێ خواردوو نەبووین، پەندمان وەرنەگرت، ئەوساش بەخۆ دەفشین‌و دەمانگوت: "پشتیان دەشکێنین." پزیشکەکە بە قەراخ سکەکەدا کەوتە رێ. بەسەر ئەو چاڵاوانەدا کە پەڵە گازوایلی رەنگاو رەنگی نیشتبووە سەر، دەپەڕییەوەو بە داخ‌و کەسەرو نائومێدیەوە سەری بادەدا.

ئێوارەیەکی درەنگ خەستەخانە مەیدانیەکە گەییە بیریزنیاکی. با ساقەتەی وشك و زەردی تەبارەگەنمانی دێناو دەبرد، لە رۆژئاواوە، پەڵە هەوران یەکیان دەگرت‌و بە ناو یەکا دەچوون‌و قات قات لەسەر یەك کەڵەکە دەبوون، لەسەری سەرەوە ڕەشێکی وەنەوشەیی بوو، لە خوارەوە دەبوو بە مۆرێکی کاڵی کاڵ، لە ناوەڕاستا پەڵە هەورێکی بێشێوەو شەکڵ، کە زیاتر لە شەختەی تازە بەستووی سەر چۆمێك دەچوو، خۆی دەنواند. جارجارێك لە درزی هەورەکانەوە، سێڵاوێکی نارنجی رەنگی تیشك‌و پرتەوی خۆرئاوا، دادەڕژاو سەرەنجام هەورەکە لە نزمترین پلەدا، هەزارو یەك رەنگی لە وەسف نەهاتگی وەردەگرت،

لاشەی ئەسپێکی کوێت کە کوژرا بوو، لە خەندەکێکی کەنار رێگاکەدا کەوتبوو. دەستێکی بە شێوەیەکی ترسناك بەرزکردبووەوەو ناڵەکەی لە دوورەوە دەبریقایەوە. لیستنتسکی بەدەم هەڵتەك هەڵتەکی گالیسکەکەوە دەیڕوانیە لاشەی ئەسپەکە. ئەو سەربازە پەرستارەی کە دەگەڵ لیستنتسکیدا سوار بوو بوو تا دەمی گرتی تفێکی لە سکە ئاوساوەکەی ئەسپەکە کردو گوتی:

– تا توانیویەتی تێی تڕاندووە...

پاشان روانیە ملازمەکەو وتەکەی خۆی راستکردەوە.

– تا توانیویەتی گەنمی خواردووە...

پەرستارەکە،دیسان خەریك بوو تف بکات. بەڵام شەرمی بەخۆ هات، تفەکەی قووت دایەوەو دەم‌و لەوسی بە سەری قۆڵی کراسی کارەکەی سڕی‌و گوتی:

– حەیوانە تۆپیوەو کەس ئامادە نییە لەو سەر رێگایەی لا ببات...

کاروباری ئەڵمانەکان لە هی ئێمە ڕێك و پێك ترە.

لیستننتسکی، لە خوتوخۆڕایی، بەتووڕەیی پرسی:

– تۆ لە کوێ دەزانی؟

لەو دەمەدا، بە بێهیچ هۆیەکی دیار، زۆری رق لە سەرو سیمای بێموبالات و خۆ بەزلزانی کابرای پەرستار هەستا. روخساری کابرای پەرستار، خەمین و خەمبار، پەست و ژاکاو عەینی کێڵگەیەکی دوراوەی مانگی ئەیلول وابوو. بە هیچ جۆرێ لە سەروسیمای ئەو هەزاران جووتیارە جیاواز نەبوو کە یەڤگینی بە درێژایی ڕێگاکە، لە پترۆگرادەوە تا بەرەی شەڕ دیتبوونی، هەر هەموویان، کەم و زۆر، رەنگ و روو سیسەڵەو چرچەڵە بوون، هەمان حاڵەتی حەپەسان و سەرسامی بە چاوانی قاوەیی، شین، سەوزو رەنگەکانی تریانەوە دەبینرا، بە دیتنی ئەو دەموچاوانە، ئەو کۆنە دراوە مسانەی بیر دەکەوتەوە، کە لە کۆنیدا سوا بوون.

سەربازە پەرستارەکە، بێئەوەی خۆی شێلو بکات، بەرسڤی دایەوە:

– پێش ئەم شەڕە سێ دانە ساڵ لە ئەڵمانیا بووم.

هەمان خۆپەسندی و روحزلیی کە لیستننتسکی لە نیگاو سیمایدا بەدی کردبوو، نووکە لە دەنگیا خۆی دەنواند. پەرستارەکە، لە کاتێکا کە بەسەری هەوسارە چەرمیەکە، دەیکێشا بە پشتی ئەسپەکەدا، بە تەمەڵیەوە لەسەری رۆیی:

– من لەوێ، لە کنیگسبرگ، لە کارخانەی جگەرە کارم دەکرد.

ملازم، بەتووڕەیی، تێی خوڕی:

– دەمت داخە!

ئاوڕی دایەوە، روانیە سەری ئەسپەکە، یاڵەکەی بەسەر چاوانیا رژابوو و ددانەکانی دەرکەوتبوون، لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا زەرد هەڵگەڕا بوون، ئەو دەستەی کە بەرز بووبووەوە، لەسەر ئەژنۆیەوە نوشتا بووەوە، سمەکەی لەو شوێنانەوە کە بزماریان لیدا بوو، بە ئاستەم شەق بوو بوو، بەڵام بریقەیەکی شینباوی لێوە دەهات. ملازم، بەو لاق و سمەدا بۆی دەرکەوت کە ئەسپێکی گەنج و رەسەن بووە.

گالیسکە، یەك ئەسپییەکە، بە تەقە تەق، بەرێگا نا هەموارەکەدا دەڕۆیی. لە قوڵی رۆژاواوە، لە کلکەی ئاسمانەوە، رەنگەکان بەرە بەرە دەڕەوینەوەو، با، هەورەکانی بڵاودەکردەوە. پای ئەسپە کوژراوەکەش، ڕەش، عەینی خاچێکی شکاو، لە کەنار ڕێگاکەدا چوو بوو بە ئاسمانا.

لیستننتسکی کاتێ ئاوڕی دایەوەو ڕوانیە ئەسپەکە، لەپڕ گورزە تیشکێك دای لە ئەسپەکە، دەستی ئەسپەکە بە مووە زەردو پڕەکەیەوە، وەکو چۆن لقی رووتی درەختێکی ئەفسووناوی لە پڕ گەڵاو گوڵ دەکات، بەو ئاوایە لە ژێر پرتەوی پرتەقاڵی هەتاوەکەدا شکۆفەی کرد.

لەو کاتەدا کە خەستەخانە مەیدانیەکە خۆی بە ئاوایی بیریزنیاکیدا دەکرد، تووشی کاروانێك سەربازی بریندار بوو. خاوەنی گالیسکەی یەکەم، کە بابایەکی بێلارووسی پیری ردێن تاشراو بوو، هەوساری ئەسپەکەی لە مەچەکیەوە هاڵاند بوو و لە نزیکی سەریەوە ڕێی دەکرد. قۆزاقێکی سەر پێچراوی بێکاسکێت، لە ناو گالیسکەکەدا، لەسەر ئانیشك پاڵکەوتبوو. چاوەکانی لە

ماندوویەتی و بێتاقەتیدا هەڵنەدەهاتن، بەدەم نان جوونەوە، لینجاوێکی ڕەش لە دەمیەوە دەڕژا. سەربازێکی پیادەش، دەمەو ڕوو لە تەنیشتیەوە ڕاکشا بوو. پانتۆڵەکەی لەسەر هەردوو سمتیەوە دڕا بوو، لە خوێنا ڕەق بوو بوو. ئەم سەربازە بێئەوەی سەر هەڵبڕێ، پڕ بە زار جنێوی بازاڕی دەدا. دەنگی ئەم سەربازە کاری لە ناخی لیستنتسکی کرد، ترسی خستە دڵیەوە، تۆنی دەنگی لە تۆنی دەنگی ئەو ئیماندارە پابەندانە دەچوو، کە بە جۆش و خرۆشەوە، نزاو نوێژو وێردان دەخوێنن. لە گالیسکەی دووەمدا پێنج شەش سەرباز بەپاڵ یەکەوە ڕاکشا بوون. یەکێك لەوانە، کە شادیەکی سەیر تێی ئاڵا بوو، بە شێوەیەکی نا ئاسایی چاو درەخشان و پرشنگدارەکانی بچووك دەکردەوەو حیکایەتێکی دەگێڕایەوە:

– ... وا دیارە، نوێنەرێکی پاشاکەیان بۆ ئێرە هاتووەو پرۆژەو پێشنیازێکی ئاشتی لەگەڵ خۆدا هێناوە. هەڵبەتە من ئەم هەواڵەم لە کەسێکی باوەڕپێکراوەوە بیستووە. من متمانەی تەواوم پێی هەیە، پیاوی درۆ نییە.

سەربازێکی دیکە، کە شوێنەواری نەخۆشی دەردەبەراز بەسەرە تاشراوەکەیەوە دیاربوو، بەدەم سەر لەقاندنەوەو بە نە باوەڕیەوە هەڵیدایەو گوتی:

– باوەڕ ناکەم، ڕەنگە درۆی کردبێ.

سەربازی سێیەم، کە دانیشتبوو، لیستنتسکی تەنیا پشتی دەبینی، کە بە زمانە نەرم و خاوەکەیا لە خەڵکی دەڤەری ڤۆڵگا دەچوو، گوتی:

– بەڵام فیلیپ، دوور نییە ڕاست بێ.

سێ قۆزاقی دی، بە کڵاوە قەیتان سوورەکانیانەوە، بە کەماڵی ئیسراحەت لە ناو گالیسکەی پێنجەمدا دانیشتبوون. کاتێ کە لیستنتسکی بەلایاندا ڕۆیی، بەخامۆشی تەمەشایان کردو هیچ نیشانەیەکی ڕێزو حورمەتی سوپایی، بەدەموچاوە زبرو تۆزاویەکانیانەوە نەدەبینرا.

جەنابی ملازم گوتی:

– سڵاوتان لێبێ، قۆزاقینە!

قۆزاقێکی قۆزی، برۆپڕی، سمێڵ زیوینی، کە لای عەرەبانچەیەکەوە دانیشتبوو، بە ساردیەکەوە سەلامەکەی سەندەوەو گوتی:

– سڵاوت لێبێ، جەنابی ملازم!

لیستنتسکی پرسی:

– ئێوە لە کام کەتیبەن؟

بە خۆیشی هەوڵیدەدا، تا ژمارەی سەر کەتافیە شینەکەی یارۆی قۆزاق بخوێنێتەوە.

– کەتیبەی دوازدەیەمی قۆزاق.

– باشە، ئێستا کەتیبەکەتان لە کوێیە؟

– نازانین.

– لە کوێ بریندار بوون؟

– لە نزیکی ئاواییەك، لەوێ... زۆر لێرەوە دوور نییە.

قۆزاقەکان، لە بەینی خۆیاندا کەوتنە سرتەسرت. ئەوسا یەکێکیان بەدەستە ساغەکەی خۆی، دەستەکەی تری کە بریندار بوو و لە جاوەوە پێچرا بوو گرتو لە گالیسکەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوەو گوتی:

– قوربان، سەبر بفەرموون.

یارۆی قۆزاق، دەستی خۆی کە گولله وردوخاشی کردبوو، ئاوسا بوو و نیشانەی هەوکردنی پێوە دیار بوو، زۆر بە پارێزەوە گرتبوو، لە کاتێکا کە بە رووی لیستنتسکی یەوە دەگرژییەوە، بەپێی خاوس، هێدی هێدی بەسەر رێگاکەدا دەڕۆیی، گوتی:

– تۆ خەڵکی ناوچەی فیشنسکایانیت؟ جەنابی ملازم لیستنتسکی نیت؟

– بەڵێ، ئەوم.

– شێوەمان دەکردیت. قوربان، شتێکت نییە دووکەڵێ بکەین؟ خەریکە بۆ جگەرەیەك دەمرین. بۆ خاتری خوا شتێکمان فریا بخە.

بە کەناری گالیسکە تاك ئەسپیەکەوە دەڕۆیی و دەستی بە قەراخە بۆیە کراوەکەی گالیسکەکەوە گرتبوو. لیستنتسکی قوتووە جگەرەکەی دەرهێنا. قۆزاقەکە، بە دەم بزەیەکی پاڕانەوە ئامێزەوە گوتی:

– قوربان دەتوانی دە دوازدە جگەرەیەکمان پێکەرەم بکەی؟ بەخۆت دەزانی، ئێمە سێ نەفەرین.

لیستنتسکی، چ جگەرەیەك لە قوتووەکەیدا بوو، هەر هەمووی کردە دەستەپانەکەی یارۆی قۆزاقەوەو پرسی: "باشە کەتیبەکەتان برینداری زۆرە؟"

– پتر لە بیست زامدارمان هەیە.

– ئەدی کوژراوتان زۆر بوو؟

– زۆرمان لێ زایە بوون. قوربان ئاگرەکەت کەرم دەکەی؟ زۆر سوپاس.

قۆزاقەکە، جگەرەیەکی پێکردو هەنگاوی سست کرد. پاشان روو لە گالیسکەکە هاواری کرد: ئەمڕۆ سێ قۆزاقی خەڵکی ئاوایی تاتارسکیی، نزیکی موڵكو مەزراکەی ئێوە کوژران، ئێمەی قۆزاقیش زۆرمان لێکوژرا، بەڕاستی حەشرمان بەسەر هات."

ئەوجا دەستێکی هەڵتەکاندو بەرەو لای گالیسکەکەی خۆی گەڕایەوە. بایەکە خۆی وەناو قەمسەڵە بێپشتێنەکەیدا دەکرد.

سەرهەنگی، فەرماندەی ئەو کەتیبە تازەیەی کە لیستنتسکی بۆ نەقڵ بوو بوو، لە ئاوایی بریزیناگیدا، ماڵە قەشەیەکی کردبوو بە بارەگای خۆی. ملازم لیستنتسکی، لە مەیدانی گوندەکەدا، خوا حافیزی لەو پزیشکە کرد، کە لە گالیسکەی نوژداریدا جێی کردبووەوە. جلەکانی تەکاندو کەوتە ڕێ. بەدەم ڕێگاوە ناونیشانی سەرکردایەتی کەتیبەکەی لەو کەسانە دەپرسی کە تووشیان دەبوو. رەیس عورەفایەکی ریشنی، ریش ئاگرینی، تووش بوو، ژمارەیەك سەربازی دەبرد تا لەگەڵ ئێشکگرانی دیدا بیانگۆڕێت. بەڕێزەوە، تەمەنایەکی بۆ لیستنتسکی کردو، بێئەوەی راوەستێ یان پێ سووك بکات، لە وەڵامی پرسیارەکەی ئەودا، ئاماژەی بۆ خانووی قەشەکە کرد. شوێنەکەو ژوورەکانی سەرکردایەتی، وەکو بارەگای هەر

سەرکردایەتیەکی دوور لەخەتی پێشەوەی بەرەی شەڕ، ئارام بوو. چەند کاتبێك بەسەر مێزێکی گەورەدا دانەوی بوونەوە. نەقیبێکی پیر، گۆشی تەلەفۆنێکی جەنگی بە دەستەوە گرتبوو، شۆخی دەگەڵ، گوهدارێکی نادیاردا دەکرد. مێش و مەگەز لەپشت پەنجەرەی ژوورێکی گەورەوە هەر گیزە گیزیان بوو و زەنگی تەلەفۆنی دوور وەکو گیزە گیزی مێشوولەو پێشکان ناخۆش بوو. سەربازێك، لیستنتسکی برد بۆ ژووری فەرماندەی کەتیبەکە، لە راڕەوەکەدا تووشی سەرهەنگ فەرماندە بوون.. سەرهەنگ پیاوێك بوو بالا بەرز، جێ کۆنە زامێکی سێ گۆشە بەسەر چەناگەیەوە بوو، بە ساردیەوە پێشوازی کرد، دیار بوو زۆر بێتاقەت و بێحەواس بوو. لە وەڵامی پرسیارێکی ملازم دا گوتی:

- بەڵێ، من فەرماندەی کەتیبەکەم.

پاش ئەوەی کە زانی ملازم دەیەوێ خۆی دە ئختیاری ئەو بنێت، بە ئاماژەی دەست، خوڵکی کرد بێتە ژوورەوە. سەرهەنگ دەرگاکەی داخست، بەوپەڕی شەکەتی دەستێکی بەسەرو قژی خۆیدا هێناو بە دەنگێکی نەرمو یەکنەوا گوتی:

- سەرکردایەتی تیپ (لیوا) دوێنێ پێیان راگەیاندم کە تۆ بەڕێوەی، تکایە دانیشە.

پاشان، کۆمەڵێك پرسیاری دەربارەی خزمەتی رابردووی و ئەم سەفەرەی و دوا دەنگو باسی پایتەخت لێکرد، لە سەرانسەری مودەتی گفتوگۆیە کورتەکەیاندا، تەنانەت بۆ تاقە جارێکیش، چاوەکانی، کە لە شەکەتیدا قورس بوو بوون، هەڵنەبڕی کە تەمەشایەکی لیستنتسکی بکات.

ملازم، بەدەم تەمەشا کردنی تەوێڵە پانەکەی سەرهەنگەوە کە زیرەکی پێوە دیار بوو، لە دڵی خۆیداو لە ڕووی دڵسۆزییەوە گوتی: "دیارە لە بەرەی شەڕدا زۆری زەحمەت کێشاوە، شەکەتیەکی کوشندەی پێوە دیارە." بەڵام سەرهەنگ وەك بڵێی بیەوێ ئەو وەهمو خەیاڵاتەی لە هزو بیر دەربکات، بەدەسکی شمشێرەکەی، نێوان هەردوو برۆی خۆی خوراندو گوتی:

- ملازم، ئیدی بڕۆ لەگەڵ برا ئەفسەرەکانتدا تەعاروف بکە. بمبورە، سێ دانە شەوە نەخەوتووم. لەم کوێرە دێیەدا، جگە لە قومارو مەینۆشی هیچ کارێکی دیکە نییە بیکەین.

لیستنتسکی ئیکلامێکی بۆ کرد هەموو کەرب و رقێکی خۆی لە ژێر پەردەی بزەیەکی تەوسامێزدا پەنهان کرد. لە کاتێکا کە بە بێزاریەوە بیری لەم دیدارە دەکردەوە، بەدەم رۆییشتنەوە، گاڵتەی بەخۆی دەکرد کە چۆن، بە دیمەنی ماندووی سەرهەنگ و شوێن برینەکەی سەر چانەگە پانەکەی خەڵەتاوەو بێ ئختیار رێزی گرتووە.

((١٥))

فیرقە راسپێردرا بوو کە لە روباری ستیر بپەڕێتەوەو لە دەوروبەری لوڤیچیدا، لە دواوە هێرش بکاتە سەر دژمن.

لیستنتسکی لە ماوەی چەند رۆژێکدا دەگەڵ ئەفسەرەکانی کەتیبەکەدا، ئاشنایەتی و دۆستایەتی پەیدا کرد. زۆر زوو دەگەڵ ژینگەی شەڕدا، کە سستی و تەمەڵی زەمانی ئاشتی لە گیانی ئەودا ڕیشەکێش دەکرد، ڕاهات.

نەخشەی پەڕینەوە لە روبارەکە، زۆر سەرکەوتوانە ئەنجام درا. فیرقەکە توانی باڵی چەپی هێزێن سەرەکی دژمن تێك بشکێنێ و لە پاشەوە پەلاماری بدات. نەمساویەکان، لە نزیکی لوڤیچیدا، هەوڵیان دا بە پشتیوانی سوارەی مەجەڕی، دژە هێرش بکەن، بەڵام تۆپخانەی دژمن لێیان هاتە دەست و گسکی دان، سوارەی مەجەڕی ناچاربوون بەبێ نەزمی، پاشەکشە بکەن. هێزی شەشتیرو ڕەشاشیش لە هەردوو لاوە، وەکو بارانی بوهار بەسەریاندا داباری و سوارەی قۆزاق چنگ لە سەر شان و دوایان کەوتن.

لیستنتسکی، لەگەڵ کەتیبەکەی خۆیدا، بەشداری لەم دژە هێرشەدا کرد، دەستەی سێیەم کە بە فەرمانـدەیی ئـەو بـوو، کوژراوێـك و سـێ برینـداری دا. مـلازم، بـە رواڵـەتێکی ئـارام و هێمنـەوە بەلای لوشچنوفدا تێپەڕی، هەوڵی دەدا گوێی لە ناڵە ناڵی کزی ئەو نەبێت. لوشچنوف، قۆزاقێکی گەنجی خەڵکی کراسنوکوتسکایا بوو، کەپوویەکی درێژی دەنووکە دالآشی هەبوو، شانی چەپی برینـدار بـوو بـوو، لـە تـاو ئـازار دانـەکانی چـیڕدەکردنەوە، کـەوتبووە ژێـر دەسـت و لاقـی ئەسپەکەیەوەو لەو قۆزاقانەی کە بەلایا تێدەپەڕین، دەپاڕایەوە:

– براینە، بە تەنیا جێم مەهێڵن! لە ژێر دەست و لاقی ئەسپەکە دەرم بێنن، براینە...

دەنگـی ناڵـەی پاڕانـەوەئامێزی ئـەو کـە نـاو بـە نـاو لـەتاو ئـازار دەبـڕا، سـۆزی قۆزاقـەکانی نەبزواند،دڵی پەشێویانی نەرم نەکرد، زەڕەیەك بەزەیی نەخستە دڵیانەوە. خۆ ئەگەر بەزەییانیش کـەوتبا دڵ، نەیانـدەتوانی لـە گەرمـەی ئـەو هێـرش و پـەلامارەدا دابـەزن و بـەوەوە خـەریك بـن. دەستەکە نزیکی پێـنج دەقیقەیـەك بـە شـێنەیی ڕۆیـی تـا ئەسـپەکان بتـوانن، دوای ئـەو هـەموو ڕ اکردن و تاودانە بە گوڕە، نەفەسێك تازە بکەنەوە. هێزی سوارانی مەجەڕی، نیو فرسەخێك دوور کـەوتبووەوە، بـەبێ نـەزمی، هەڵـدەهات، هەندێجار، لـە ناویانـا، لێرەو لـەوێ جلکـی نیلـی تـۆخی هێزی پیادە بەرچاو دەکـەوت. کـاروانێکی بـارو بنـەی نەمسـاویەکان، بەسـەر گردێکدا دادەکشـا و دووکەڵی شیرئاسای شەشتیر، بەسەر سەریانەوە، بە ئاسمانا پـەخش دەبووەوەو بـەڕێی دەکردن، خوا حافیزی لێدەکردن. تۆپخانەیەك لە قوڵی چەپەوە، پەیتا پەیتا کاروانەکەی تۆپباران دەکرد. گرم و هۆڕی تۆپ بەو دەشتەدا بڵاودەبووەوەو لە جەنگەڵێکی نزیکی ئەو ناوەدا دەنگی دەدایەوە.

سەرهەنگی دووەم سافرونوڤ، کە ڕابەڕیی هەر سێ سریەکەی دەکرد فرمانی دا: "بە یورغە!". هەر سێ سریەکە بە قورسی کەوتنە یورغە، ریزەکان بە بێ نەزمی کەوتنە ڕێ. ئەسپەکان لە ژێر سوارەکاندا، تەکانیان دەدا، لاتەڕافیان لە ئارەقەی شین و مۆردا هەڵکشا بوو.

کەتیبەکە ئەو شەوە لە گوندێکی بچووکدا مایەوە. هەر دوازدە ئەفسـەرەکە لـە یـەك کەوێڵدا خڕ بوونەوە. ئەوەندە ماندوو بوون، بێئەوەی هیچ شتێك بخۆن، هـەموو لێـی خـەوتن. موبـەقی گـەڕۆك، لـە دەوروبـەری نیوەشـەوا گـەیی، ملازمـی سـێیەم چـوبوف، یـەك مەنجـەڵ شـۆربای بـۆ هێنـان. ئەفسـەرەکان لـە بـۆنی خۆشـی شـۆرباکە خەبـەریان بـووەوە. دوای چـەند دەقیقەیـەك، هـەموو ئەفسەرەکان بە چاوی خەواڵوو تاسووقەوە بەر بوونە نانخواردن، لەتۆ وایە دەیانەوێ قەرەبووی ئەو دوو رۆژە شەڕەی رابردووش بکەنەوە.

ئەم شامە درەنگ وەختە، خەوی زڕاندن، ئیدی شانێلەکانی خۆیان لەسەر پوش پەڵاشان ڕاخست، بەسکی تێرەوە لێی دانیشتن و بەدەم جگەرەکێشانەوە کەوتنە قسەوباسان.

نەقیب کالمیکوف، کە ئەفسەرێکی کورتە باڵای قەڵەو بوو، جگە لە ناوەکەی، دەموچاوە خڕەکەشی گەواهی ئەسڵ و فەسڵی مەغولی ئەوی دەدا، بەدەم دەست جوڵاندنەوە قسەی بۆ ملازم ترسینتیسف دەکرد:

– ئەم شەڕە بە کەڵکی من نایەت، من چوار سەدە دوای سەردەمی خۆم هاتوومەتە دنیا. دەزانی پیتەر (کالمیکوف لە جیاتی پیوتەر دەیگوت پیتەر) من کۆتایی ئەم شەڕە نابینم.

ملازمەکە، لە ژێر شانیلەکەیەوە، بەدەنگێکی گڕ بەرسڤی دایەوە:

– واز لەم غەیبگۆییە بێنە.

– غەیبگۆیی نییە، ئەمە قەدەرو چارەنووسی منە. ئەمەم لە باب و باپیرانەوە بۆ ماوەتەوە. باوەڕ بکە من لێرە زیادم، کەس پێویستی بە من نییە. ئەمڕۆ کە چووین بۆ بەرەی شەڕ، لە تووڕەییدا دەلەرزیم، من تەحەمولی شەڕێك ناکەم کە دژمنەکەم لە هەنبەری خۆدا نەبینم. ئەم هەستەی من شتێکی قۆڕە، هاوتای ترسە. لە دووری فرسەخێکەوە تەقەت لێدەکەن و تۆش وەکو هەوێردە بەسەر ئەسپەکەتەوە،دەبێ بە دەشت و دەردا لە دەست ڕاوچی هەڵێی.

نەقیب ئاتامانچوکف، کەهەندێ وردە گۆشتی قوتوو بە سمێڵە سوورەکەیەوە نووسا بوو، بە زمان دەیلستەوە پرسی:

– من لە کوپالکادا، هاوەنێکی نەمساویەکانم بینی، بە ڕاستی شتێکی سەیر بوو، کەستان تا ئێستا هاوەنی واتان دیتووە؟

ملازمی سێیەم چوبف، بە حەماسەوە گوتی:

– بەڕاستی شتێکی نایابە! ئەدی دووربینی نیشانەگیریەکەی بۆ نالێی، پیاو نازانێ باسی چی بکات! ئەوەیە هاوەن!

بەدەم قسانەوە یەك قسعە شۆربای دیکەشی تەواو کرد.

– من دیتم، بەڵام ناتوانم هیچ شتێکی لە بارەوە بڵێم. من سەر لە تۆپ و مەترەلۆزان دەرناکەم، لێیان نازانم. بەلای منەوە وەکو هەر تۆپێکی دیکەیە، تەنیا لوولەکەی گەورەترە.

کالمیکوف، رووی کردە لیستنتسکی و لە سەری ڕۆیی.

– من هەزار خۆزگە بە زەمانی کۆن دەخوازم، کە شەڕ بە کەرەستەو ئەوزاری سەرەتایی دەکرا. من شەڕە شمشێرم پێ ئاساییە، بە شمشێرەوە پەلاماری دژمن بدەیت، ریزی دژمن شەق بکەیت، سەبازانی داپاچیت و بیانکەیت بە دوو لەتەوە، ئاساییەو لەمە دەگەم. بەڵام شەڕی ئەمڕۆو شێوازی شەڕی ئەمڕۆم، ناچێتە ئەقڵەوە، ئەقڵم نایبڕێت!

– لەشەڕێن ئایندەدا، ڕۆڵی هێزی سوارە نامێنێ، دەبێ بە سفر.

– ڕەنگە هێزی سوارە بە یەکجارەکی هەڵبوەشێنرێتەوە.

– باوەڕ ناکەم!

– گومان لەوەدا نییە.

- گوێ بگرە ترسینتسف، تۆ زێدەڕۆیی دەکەی، ماشێن جێی بەشەر ناگرێتەوە.

- من مەبەستم بەشەر نییە، من باسی ئەسپ دەکەم. ماتۆڕ یان ترومبێل جێی دەگرێتەوە.

- جوان جوان لەبەر چاومە: یەك هێزی ئۆتومبێل سوار..

کالمیکوف بە هەڵچوونەوە گوتی:

- قسەی هیچ! ئەمە وڕێنەیە! تا ماوەیەکی زۆری دیکەش سوپا دەستبەرداری ئەسپ نابێ. ئەمە خەیاڵ پڵاوە! بۆ دوو سەد سێ سەد ساڵی دیکەش، ئێمە نازانین شەڕی ئەوسا چۆن دەبێ. بەڵام ئەمڕۆکە، بە هەر حاڵ هێزی سوارە...

- دەیسا جەنابی دیمیتری دونسکۆی* (دونسکۆی:شازادەی فەرمانڕەوای مۆسکۆ بوو کە میللەتانی رووسی مەسیحی مەزەبی دژی مەغۆلەکان یەکخست و لە ساڵی ١٣٨٠ دا لە دەشتی کولیکودا بەسەریاندا سەرکەوت). پێم ناڵێی ئەگەر بە درێژایی بەرەی شەڕ، خەندەك هەڵکەندرا ئەوسا تۆچی لە هێزی سوارە دەکەی؟ دەی بڵێ بزانم، وەڵامم بدەوە!

- خەتی بەرە دەشکێنم، هێرش دەبەم، لە پشتەوە. شەبەیخون دەکەمە سەر دژمن، کاری هێزی سوارە ئەم شتانەیە.

- قسەی هیچ.

- زەمان و رۆژگار باشترین داوەرە.

- بەسە، بیبڕنەوە، هەر شتەو بەوەختی خۆی، وازبێنن با ئەو خەڵکە بخەون.

گەنگەشەو باسەکە بڕایەوە. ئیدی پرخوهۆڕی نوستووان جێی گەنگەشەی گرتەوە. لیستنتسکی کە لەم گەنگەشەو گفتوگۆیەدا بەشداری نەکرد بوو، لەسەر پشت، لەسەر شانێلەکەی خۆی ڕاکشا، بۆنی خۆشی ئەو کاوکۆت و پوش پەڵاشەی کە لەسەر ئەرزەکە رایان خستبوو، دەچوو بەدەم و لووتیا. کالمیکوف، هاتە تەنیشتییەوە، ئاماژەیەکی خاچی کێشاو لیی راکشا.

- جەنابی ملازم، هەقە تۆ قسە لەگەڵ سەربازی داوخواز (متطوع) بۆنچوکدا بکەیت، لە دەستەکەی ئێوەدایە، کوڕێکی، شایستەیە.

لیستنتسکی، پشتی کردە کالمیکوف و پرسی:

- لە چ روویەکەوە؟

- قۆزاقێکە لە رووسیا ژیاوە. لە مۆسکۆ بووە. راستە کرێکارێکی سادەیە، بەڵام سەر لە زۆر شتان دەردەکات، سەربازێکی بە جەرگ و بێباکە، یەکێکە لە رەشاش چیە هەرە باشەکان.

لیستنتسکی پێشنیازی کرد:

- با بنووین.

کالمیکوف، بە نیگەرانیەوە، رەزامەندی دەربڕی.

- زۆر باشە.

ئەوجا قامکی پێیەکانی جوڵاند و وەکو یەکێك تەوازۆ بێنێتەوە، بە دوو دڵیەوە گوتی:

– ملازم، بمبورە، بۆنی پێیەکانم دێ... دەزانی دوو هەفتەیە گۆرەویەکانم نەگۆڕیون، لە ئارەقەدا رزیون... بۆنی کەلاکی سەگی تۆپیویان لێدی. پێویستە جووتێ گۆرەوی لە سەربازێك وەربگرم.

لیستنتسکی، بەدەم خەوتنەوە گوتی:

– تکا دەکەم...

لیستنتسکی، هەر بیری نەمابوو کە کالمیکوف باسی بونچوکی بۆ کردبوو. بەڵام رۆژی دوایی، دانی بەیانی بە رێکەوت تووشی سەربازی داوخواز، بونچوك بوو. فەرماندەی کەتیبەکە ئەمری (بە یستنتسکی) کردبوو کە بە دەوریەیەکی شناسایی دەربچێت‌و ئەگەر کرا، تەماس دەگەڵ کەتیبەی پیادەدا کە لە باڵی چەپەوە، لە هێرشی بەردەوامدا بوو، بگرێت، لیستنتسکی لە تاریك‌و روونی بەرە بەیاندا، بە ناو ئەو حەوشە کەوت کە قۆزاقەکان، لێرەو لەوێ تیایا خەوتبوون، ئەنجام عەریفی دەستەکەی دۆزییەوەو گوتی:

– پێنج کەسم بدەیە تا بە دەوریە دەربچین. پێیان بڵێ ئەسپەکەم بۆ ئامادە بکەن. خێراکە!

دوای پێنج دەقیقە، قۆزاقێکی دەستە باڵا، هاتە بەر دەرکەی کوختەکەو بە ملازمی، کە خەریك بوو قوتووی جگەرەکەی پڕ دەکرد، گوت:

– قوربان، عەریفەکە ناوم نانووسێت کە لەگەڵ جەنابتا بێمە دەوریە، دەڵێت گوایە نۆرەم نیە. جەنابت ئیجازە دەفەرمووی لەگەڵتا بێم؟

ملازم، کە هەوڵی دەدا لەو بومەڵێلی بەرە بەیانیەدا، بەجوانی سەرو سیمای قۆزاقەکە بدینێ، گوتی:

– دەتەوێ خۆت بنوێنی؟ یان خەتایەکت کردووەو دەتەوێ قەرەبووی بکەیتەوە؟

– هیچ هەڵەو خەتایەکم نەکردووە.

لیستنتسکی، لە جێی خۆی هەستا، بڕیاری دا:

– قەیدی نییە، دەتوانی بێی.

کە قۆزاقەکە کەوتە رێ، ئەم لە دواوە گازی کرد:

– ئەهای! وەرە وەرە!

قۆزاقەکە گەڕایەوە.

– بەعەریفەکە بڵێ...

قۆزاقەکە، قسەکەی پێ بڕی‌و گوتی:

– من ناوم بونچوکە.

– داوخوازی؟ خۆبەخشی؟

– بەڵێ، جەنابی ملازم.

لیستنتسکی بەسەر ناڕەحەتیە کاتیەکەی خۆیدا زاڵ بوو و قسەی خۆی گۆڕی‌و گوتی:

– بەعەریفەکە بڵێ کە ... نا، نا، تۆ برۆ، من خۆم پێی دەڵێم.

دنیا کەمێك روناك بووەوە. سەربازانی دەوریەکە بە سەرپەرشتی لیستنتسکی لە گوندەکە وەدەرکەوتن، پاش ئەوەی لە پاسگەو پاسگەکانی پێشەوە رەت بوون، روویان کردە ئەو گوندەی

که لەسەر نەخشە دەست نیشانیان کردبوو. که ماوەیەك رۆییشتن ملازم، رەوتی ئەسپەکەی خاوکردەوەو بانگی کرد:
– سەربازی داوخواز بۆنچوك!
– بەڵێ ئەزبەنی.
– بێزەحمەت، بە خۆتو ئەسپەکەتەوە وەرە ئێرە.
بونچوك، بارگیرە نارەسەنەکەی خۆی گەیاندە شان بە شانی ئەسپە رەسەنەکەی جەنابی ملازم. ملازم چاوانی بڕینە سەروچاوی ئەم سەربازە خۆبەخشە (داوخوان) و پرسی:
– تۆ خەڵکی چ گوندێکی؟
– نوڤوچرکاسکایا.
– دەکرێ بزانم بۆچی بەخوایشتی خۆت داوات کردووە لە سوپادا خزمەت بکەی؟
بونچوك، بەدەم سووکە بزەیەکەوە گوتی:
– هەڵبەتە دەتوانی، لە خزمەتودام.
ئەوجا، چاوە جدیەکانی، که پرتەوێکی سەوزباویان پێوە دیاربوو و نەی دەتروکاندن، راستەوخۆ بڕینە ملازمو هاتە قسان:
– من زۆرم حەز لە هونەری شەڕە، دەمەوێ فێری ببم.
– خۆ بۆ ئەم کارە قوتابخانەی جەنگی هەن.
– بەڵێ، هەن.
– ئەدی، ئیدی ئەمەی بۆ چیە؟
– دەمەوێ، هەوەڵجار، بە کردەوە فێری ببم، پاشان دەتوانم لایەنە تیوریەکەشی بخوێنمو فێر ببم.
– بەر لەم شەڕە چ کارە بووی؟
– کرێکار بووم.
– لە کوێ کارت دەکرد؟
– لە پترسبۆرگ، لە روستوڤ کەناری دۆندا، لە کارخانەی چەکسازی تولا... بەنیازم داوا بکەم بۆ مەفرەزەی رەشاشان بگوازرێمەوە.
– شارەزاییت لە ڕەشاشاندا هەیە؟
– دەتوانم ئەمجۆرانە بەکار بێنم: شوش، برتی، مادسن، ماکسیم، هوچکیس، برگمان، فیگەرز، لویس، شوارتزلوزە.
– ئاوها! کەواتە قسە لەگەڵ سەرهەنگدا دەکەم.
– مەمنوونت دەبم.
لیستنتسکی، تەمەشایەکی دیکەی قەدو باڵای کورتو پڕی بونچوکی کرد، ئەو درەختانەی کەنارەکانی دۆنی بیر کەوتنەوە، که پێیان دەگوت کرایچ. هیچ شتێکی تایبەتی لەم پیاوەدا بەدی نەدەکرا، هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی لە قۆزاقەکانی دیکەی دەوروبەری نەبوو، تەنیا درشتی

شەولاگەکانیو نیگا بێپەرواکەی نەبێ کە وای لە بەرانبەرەکەی دەکرد لە ئاستیا چاو دابخات، بەدەگمەن پێدەکەنی. ئەگەر پێکەنیبا، سووکە بزەیەك بە ئاستەم دەکەوتە لالێوەکانی، بەڵام نیگای، هەمان زبری و تیژی خۆی دەپاراست. کابرایەك بوو خوێنساردو مەند، بێموبالاتو دووره پەرێز، عەینی ئەو دارکرایچەی، کە لە کەنارە بێ پیتو فشەڵو لمەلانەکانی دۆندا دەڕوا، توندو سەخت وەکو ئاسن.

ماوەیەك بە بێدەنگی ڕێیان کرد. بونچوك، هەردوو دەستە زلەکەی خستبوونە سەر قەڵپوسە کەسکەکەی زینەکەی، لیستنتسکی جگەرەیەکی دەرهێنا، بونچوك، تەڵە شقارتەیەکی بۆ پێکرد. کاتێ ملازم دانەویەوە کە جگەرەکەی داگیرێنێ، بۆنێکی خۆش، بۆنی ئارەقەی ئەسپ چوو بە دەمو لووتیا. موویەکی رەشی چر پشتی دەستی داپۆشی بوو. لیستنتسکی خۆ بەخۆ ئارەزووی ئەوەی لا چێبوو کە دەستی پێدا بینێ. مژێکی قووڵی لەجگەرەکەی داو گوتی:

– کە گەییشتینە ئەم جەنگەڵە، تۆو قۆزاقێکی دیکە، بەم ڕێگا باریکەی دەستە چەپا دەڕۆن، دەی بینی؟

– بەڵێ.

– ئەگەر دوای نیو فرسەخێك، تووشی هێزی پیادەی خۆمان نەبوون، یەکسەر بگەڕێنەوە.

– زۆر باشە، جەنابی ملازم.

دیسان کەوتنە یورغە. لە نزیکی جەنگەڵەکەدا، بڕێك دارغان (بەتولا) بەچڕی سەریان کردبوو بە یەکدا، لەودیو قۆپەنە دارغانەکەوە، چەند دارکاژێکی کورتی ڕەنگ زەردی خەمئەنگێز، سەرەتاتکێیان لەگەڵ چاودا دەکرد! لێرەو لەوێ بنچك و دەوەنی پەڕاگەندە دەبینرا، دڕكو داڵی چڕە گەڵا لە ژێر چەرخی گالیسکەی باروبنەی نەمساویاندا، پلیشابوونەوە. بەدەستی چەپا، لە شوێنێکی دووره دەستا. تۆپخانە بەگرمو هۆڕ، دنیای دەلەراندەوەو ئەرزەکەی بە کێڵان دەکێڵا، بەڵام لەلای دارغانەکە، ئارامیەکی بێوێنە بەرپا بوو. زەوی یەکپارچە ئاونگ بوو، گیاو سەوزایی ئەگەرچی روو لە زەردی بوو، هێشتا گەشو پاراو بوو، بەڵام ڕەنگەکانیان، هەواڵی پایزیان پێ بوو. لیستنتسکی لە نزیکی دارغانەکان وەستا، دووربینەکەی دەرهێنا، ڕوانیە ئەو گردەی پشت جەنگەڵەکە. مێش هەنگێك بە گیزەگیزە هاتو لەسەر دەسکی مسینی شمشێرەکەی نیشتەوە. بونچوك لەبن لێوانەوە و لە رووی دڵسۆزیەوە بە مێشەکەی گوت:

– هێی، بێ ئەقڵ!

لیستنتسکی، دووربینەکەی لە چاوی کردەوەو گوتی:

– کێ؟

بونچوك، بە تیلەی چاو مێشەکەی نیشان دا، لیستنتسکی بزەیەکی بۆ کردو گوتی:

– هەنگوینەنکەی تاڵ دەبێ، وانیە؟

بونچوك، فریا نەکەوت بەرسڤی بداتەوە. لە پشت پەڵە سنۆبەرە دووره دەستەکانەوە، رەشاشێك، بە دەنگێکی سامناك، عەینی قەلەڕەشی شووم، بێدەنگیەکەی شڵەقاند. چەند گوللەیەکی پەڕاگەندە، بەگیزو هۆڕ بە نێو لقو پۆپی دارغانەکاندا تێپەڕین، لقێکی بچکۆلە بەدەم

گوللـەوە پـەڕی و بـەدەم خولانـەوەوە هـات و لەسـەر یـاڵ و گـەردنی ئەسـپەکەی مـلازم نیشـتەوە. سەری ئەسپەکانیان سوڕاندەوە، بەدەم قامچی وەشاندن و هاوارەوە، بەرەو گوندەکە هەڵیانکردە چوار ناڵە. رەشاشە نەمساویەکە، لە دواوە، بەردەوام دەستڕێژی خۆی دەکرد.

لیستنتسکی، لەو رۆژە بە دواوە، چەندین جاری دیکەش رێکەوتی ئەم سەربازە داوخوازەی (بونچوک) کردەوە. هەموو جارێك کە پرشنگی چاوە بێپەرواو کێویەکانی دەبینی، سەری سوڕ دەما. تیامابوو، نەیدەتوانی پەی بەوە بەرێت کە چ شتێك لە پشت پەردەی ئەم مەندی و گۆشەگیریە نامەفهوومەوە، کە عەینی سێبەری هەور بەسەر روخساری بەرواڵەت تەواو سادەی ئەم پیاوەوە شەپۆلی دەدا، پەنهانە، هەروەها کاتێ کە بونچوک بەدەم بزەیەکی کاڵی کاڵەوە، دەکەوتە قسان، وا دەهاتە بەرچاو کە بیرو رازی خۆی دەشارێتەوە، لە تۆ وایە بە جادەیەکی پڕ پێچ و پەنادا، بە دوای حەقیقەتێکدا دەگەڕێت کە تەنیا خۆی دەزانێ چیە.

بونچوک، گوێزرایەوە بۆ مەفرەزەیەکی رەشاش. دوای دە رۆژێك، کاتێ کە کەتیبەکە بۆ ماوەی رۆژێك ئیسراحەتی درابویە، لیستنتسکی لە جادەیەکدا، کە بۆ بارەگای فەرماندەیی کەتیبەکە دەڕۆیی، تووشی بونچوك بوو. بونچوك، بەپاڵ دیواری پەناگەیەکی سووتاودا قۆڵی چەپی بادەداو بەخێرایی دەڕۆیی.

– ها! سەربازی خۆبەخش!

بونچوك ئاوڕی دایەوە، ئیکلامێکی بۆ کێشا. لیستنتسکی پرسی:

– بۆ کوێ دەڕۆیت؟

– دەچم فەرماندەی یەکەکەم بدینم.

– لەوە دەچێ رێگامان یەك بێ.

– بەڵێ، وا بزانم.

ماوەیەك بە بێدەنگی بەناو گوندە وێرانەکەدا رێیان کرد. لە ناو حەوشەی ماڵەکاندا، نزیکی ئەو عەمارو کەپرە کەمانەی کە بە پێوە مابوون و وێران نەکرابوون، کۆمەڵێك سەربازو چەند سوارێك دەسوڕانەوە. لە ناوەندی رێگاکەدا، مووبەقی گەڕۆك، لە بەرانبەر ریزێکی دوورو درێژی قۆزاقاندا، کە چاوەڕوانی نۆرەی خۆیان بوون، وەستا بوو و دووکەڵ و هەڵمی لێهەڵدەستا. بارانێکی سارد نم نم دەباری. لیستنتسکی بە گۆشەی چاو تەمەشایەکی بونچوکی کرد کە کەمێك لەدوای ئەوەوە دەهات و پرسی:

– چیە، ئێستاش خەریکی هونەری جەنگ فێر ببی؟

– بەڵێ، فێری دەبم.

ملازم، کە بێهیچ مەبەستێکی دیاریکراو چاوی بڕی بووە دەستە تووکنەکانی بونچوك، پرسی:

– بە تەمای لە دوای شەڕ، چ کارێك بکەیت؟

بونچوك، چاوەکانی چکۆڵە کردنەوەو بەرسڤی دایەوە:

– خەڵکی چی بچێنن، ئەوە دەدورنەوە... منیش... با بزانم.

– مەبەستت چیە؟

بونچوك چاوەكانی بچووكتر كردنەوەو گوتی:

– جەنابی ملازم، پەندێك هەیە، رەنگە بیزانیت، دەڵێت: "ئەوەی با بچێنێ گەردەلوول دەدورێتەوە" ئیدی شتەكە هەر واشە.

– تۆ واز لە كینایەو مەسەلان بێنە.

– شتەكە زۆر روونە. خودا حافیز جەنابی ملازم، من لێرەوە، بە دەستە چەپا دەڕۆم.

بونچوك، قامكە تووكنەكانی تا لێواری كاسكێتە قۆزاقیەكەی بەرزكردنەوەو بەدەستە چەپا پێچی كردەوە، لیستنتسكی شانەكانی هەڵتەكاندو تا ماوەیەكی زۆر لە دواوە هەر تەمەشای دەكرد.

كاتێ كە لیستنتسكی خۆی بە خەندەكە پاك‌و خاوێنەكەی فەرماندەی سریەكەدا دەكرد، بە توڕەیی و پەشێوی لە خۆی پرسی: "نازانم ئەم كابرایە دەیەوێ خۆی نا ئاسایی بنوێنێ یان ئەقڵی پارسەنگی دەوێ؟"

((١٦))

هەردوو وەجبەی دووەم و سێیەمی هێزی یەدەگ پێكەوە بۆ خزمەتی بانگ كرابوون‌و رەوانەی بەرەی شەڕ كرا بوون. دێهات‌و ئاواییەكانی دەڤەری دۆن، بەجۆرێ چۆڵ بوو بوون، لە تۆ وایە هەموو خەڵكەكە خڕ چوونەتە دروێنەو گیاڕنین.

ئەو ساڵە، بە درێژایی سنوورەكان، خەرمانی خەمباری هەڵدەگیرا: مەرگ كون بە كون شوێن پێی قۆزاقانی هەڵدەگرت‌و دروێنەوانانی بۆ خۆی دەبردەوە، گەلێك لە ژنە قۆزاقان بەسەری رووتەوە، لە ماتەمی مێردەكانیاندا، بەدەم شین‌و شەپۆرەوە، زمانیان دەگرت‌و دەكەوتنە سەردولكە دادان: "گیانەكەم، ئازیزەكە! تاجی سەرم... منت بۆ كێ بەجێهێشت‌و خۆت رۆییشتی؟... ئاخر من لەم دنیایەدا چۆن بەبێ تۆ هەڵبكەم؟"

لە هەر چوار نكالەوە سەری ئازیزان دەپەڕی و لە خوێن‌و خاكە وەردەبوو، خوێنی قۆزاقان دەڕژا، جەنازە بە چاوانی ئەبڵەقەوە، لەو دەشت‌و دەرەدا، بێخاوەن، بۆگەنی دەكرد، دەبوو بە خۆراكی قەل‌ودالان، كەچی گرم‌و هۆڕی تۆپ‌و تۆپخانە لە نەمساو پۆڵانداو پروسدا نەدەبڕایەوەو، زەنگی مەرگیان دێنایە لێدان... بای رۆژهەلات شیوەن‌و گریانی ژنان‌و دایكانی ئەوانی نەدەگەیاندنێ.

كوڕانی یەكە یەكەی قۆزاق، لە باوەشی گەرمی ماڵباتی خۆ هەڵبڕا بوون‌و لە بەرەی شەڕدا، دەبوون بە خۆراكی مەرگ‌و ئەسپێ و ترس.

رۆژێكی خۆشی مانگی ئەیلول بوو. ئاسمانی گوندی تاتارسكی سپی دەچووەوە. هەتاوی رەنگ زەرد عەینی ژنانی كۆست كەوتەو جەرگ سووتاو بزەی دەهاتێ. ئاسمان، شین‌و بێگەرد، پاك‌و سەرفراز، گرژو مۆن دیمەنێكی خەمناك‌و دڵتەزێنی هەبوو. لێرەواڕو جەنگەڵانی ئەوبەری دۆن كە خەزان لێی دابوون‌و روو لە زەردی بوون، دەتگوت تووشی زەردوویی بوون، رۆژ بە رۆژ باریكتر دەبوون، سپیداران لە رەونەق دەكەتن، دار بەڕووان، گەڵای گرنج گرنجی خۆیان لەدەست

دەداو تەنیا بی، روحی سەوزی تۆخی خۆی پاراستبوو و چاوی تیژی قەلەپاچکانی بە سەوزی خۆی شاد دەکرد.

پانتلی پروکوفیچ میلیخوف، ئەو رۆژە نامەیەکی لە بەرەی شەڕەوە پێگەیی، دونیاشکا نامەکەی لە پۆستەخانەوە هێنا. پۆستەچیە پیرەکە، کاتێ نامەکەی دابووە کیژێ، سەرە کەچەڵەکەی بۆ دانەواند بوو، هەردوو دەستی بڵاوکردبوونەوە، پاڕابووەوە:

– تکایە، بیکەن بە خاتری خوا بمبورن، من ئەم نامەیەم کردەوە. بە باوکت بڵێ کە من کردومەتەوە. پێی بڵێ (فیرس سیدوروفیچ) نامەکەی کردووەتەوە. حەزم دەکرد هەواڵی شەڕو مەیدان بزانم... بمبوورن، ئەم قسانەم بە باوکت بڵێ،...

زۆر نیگەران و شپرزەو پەشێو بوو، بێئەوەی بەو پەڵە مەرەکەبەی سەر کەپووی بزانێت، دەگەڵ دونیادا دەرچوو، تا بەر دەرگا بەڕێی کردو بەردەوام دەیگوت و دەیگوتەوە:

– تو زاتی خوا بمبورن، لێم زویر نەبن.... ئێمە دۆست و ناسیاوی یەکین، وانییە...

دونیاشـکا، ئـەم هــەموو پاڕانــەوەو لالانەوەیــەی پێنــاخۆش بــوو، بــە نیگــەرانی بــۆ مــاڵ گەڕایەوە.هێندە پەشۆکا بوو، نەیدەزانی چۆن نامەکە لە ژێر کراسـەکەیەوە دەربێنێ، ماوەیـەکی زۆر بۆی گەڕا. پانتلی پروکوفیچ، بەدەم ساف کردنی ردێنە لەرزۆکەکەیەوە، هاواری لێکرد:

– دە، زووکە دەی!

دونیاشکا، نامەکەی دەرهێناو بە شپرزەیی گوتی:

– باوکە، پۆستەچیەکە گوتی نامەکەی خوێندووەتەوە، گوتی حەزی کردووە هەواڵی بەرەکانی شەڕ بزانێ، تکای دەکرد لێی زویر نەبیت.

پیرەمێرد گوتی:

– دەی ملی دەشکا!

پاشان بە نیگەرانیەوە، لە کاتێکا هەناسەی دەچوو بە سەروچاوی دونیاشکادا پرسی:

– نامەی گریگۆری یە یان هی پیوتەرە؟

– نا، باوکە... من ئەم خەتە ناناسمەوە.خەتی کەسێکی دیکەیە.

ئیلی نیچنا،کە بە لەقەلەق بەرەو تەختەکە دەڕۆیی (لاقەکانی بایان کردبوو و زۆر بە زەحمەت دەیتوانی هەڵیان بێنێنەوەو کە رێی دەکرد، لە تۆ وایە غل دەبێتەوە) هاواری کرد:

– دە بیخوێنەوە، دڵمان تەقی.

ناتالیا بە هانکە هانك لە ناو حەوشەوە هاتو پاڵی بە موغەیریەکەوە دا، هەردوو قۆڵی لەسەر سینگی تێك پەڕاندن، ملی کە بە هۆی برینەکەوە تێك چوو بوو، خوارکردەوە. بزەیەکی وەکو پڕتەوی ناشی هەتاو بەسەر لێویەوە دەلەرزیو چاوەڕوانی سەلامێکی گریگۆری بوو، بەڵێ سەلامێ، کەلامێ، سووکە ئاماژەیەکی ناچیز، کە دڵی پێخۆش بکاتو قەرەبووی ئەم هەموو دڵبەندی و وەفاداریەی، کە لە پابەندیو وەفاداری سەگ دەچوو، بۆ بکاتەوە.

ئیلی نیچنا، لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئەدی داریا لە کوێیە؟

پانتلی پروکوفیچ، که چاوەکانی لە داخا بە قوڵاچووبوون، هاواری کرد:

– دەمت لێکنیٚ؟

ئەوجا رووی کردە دونیاشکاو گوتی:

– بیخوێنەوە.

دونیاشکا دەستی پێکرد: "پێویستە ئەوەتان پێڕابگەیەنم کە...."و دونیاشکا، کە لەسەر تەختەکە دانیشتبوو، کەوتە لەرزین، کەوتە خوارەوەو لە هۆڕژنی گریانی دا:

-- بابۆ! باوکە گیان!... واوەیلا! دایکە، دایکەڕۆ، گریشا... واوەیلا! باوکەڕۆ! گریشا کوژراوە!

نێرە هەنگێک کە لە توێی گەڵای پەژمردەو چەرمسی گوڵە شەمانیەك گیرۆدە بوو بوو، بە گیزەگیز خۆی دەکێشا بە جامی پەنجەرەکەدا. مریشکێك لە نێو حەوشەدا بە ئاسوودەیی دەیگاراند، دەنگی پێکەنینی منداڵان، لە دوورەوە وەکو زەنگوڵە دەنگی دەدایەوەو لە دەرگا کراوەکەوە دەهاتە ژوورەوە.

دەموچاوی ناتالیا گرژ بوو، بەڵام هێشتا ماکی بزە لە رزۆکەکەی سەر لێوی بە تەواوەتی نەڕەوی بووەوە.

پانتلی پروکوفیچ هەستایە سەر پێیان، سەری وەکو سەری شەپڵەداران(نەخۆشی ئیفلیجی) دەلەرزی، بە چاوانی ئەبڵەق و حەپەساوەوە دەیڕوانیە دونیاشکا.

دەقی نامەکە دەڵێت:

"پێویستە ئەوەتان پێڕابگەیەنم کە کوڕەکەتان، گریگۆری پانتلیوفیچ میلیخوف، قۆزاقی کەتیبەی دوازدەی قۆزاقانی دۆن. لە شەوی ٩/١٦ی ئەمساڵدا، لە دەوروبەری شاری کامنکا سترومیلوڤدا، لە گەرمەی شەڕا کوژراوە. کوڕەکەتان مەردانە، دلاوەرانە مرد، هیوادارم ئەمە ببێتە مایەی سەبرو هەدارتان لە هەنبەر ئەم کۆستە گەورەیە، کە بە هیچ پڕ نابێتەوە. کەلوپەل و شتە شەخسیەکانی رادەستی پیوتەری برای کراون و ئەسپەکەی بۆ کەتیبەکەمان دەبیٚ.

نەقیب پالکونیکوف، فەرماندەی سریەی چوارەمی

سوارە. بەرەی شەڕ ، ١٩١٤/٩/١٨)

پانتلی پروکوفیچ، لە دوای هەواڵی مەرگی گریگۆری، کوت و پڕو بە تەواوەتی داکەفت و تێکشکا، رۆژ بە رۆژ لەبەر چاوی خزم و کەسوکار پیرتر دەینواندو لە مردن نزیك دەبووەوە. یادگەی دایە کزی، زەینەکەی جارانی نەما. بە کۆمەکۆم لێرەو لەویٚ دەسوڕایەوە. دەموچاوی رەش دادەگەڕا، تیشکی بێرەونەقی چاوەکانی، سویٚ و ئازاری ناخیان، نیشان دەدا.

نامەکەی لە ژێر ئیکۆنەکەدا دانابوو. هەموو رۆژێك چەند جارێك دەچووە بەر هەیوانەکەو بە ئاماژەی دەست دونیاشکای گاز دەکرد:

– وەرە ئێرە.

دونیاشکا دەهات.

– برۆ ئەو نامەیە بێنە.

ئەوجا، بەنیگەرانیو دوو دڵیەوە، دەیڕوانیە دەرگای ئەو ژوورەی کە ئیلی نیچنا، بە بێدەنگی و بەدەم ئازارەوە تازیەی تیا دەگرت. بە دونیاشکای دەگوت:

– بیخوێنەوە! بە ئەسپایی بیخوێنەوە. وەکو ئەوەی تەنیا بۆ خۆتی بخوێنیتەوە...

بە پشتی کووڕەوە، چاوێکی لێدا دەگرت: بە هێواشی بیخوێنەوە، با دایکت گوێی لێنەبێ... تەحەمولێ ناکات...

دونیاشکا، بە تۆپزی فرمێسکەکانی خۆی زەوت دەکردو یەکەم رستەی نامەکەی دەخوێندەوە. پانتلی پروکوفیچ، کە لە تەنیشت دونیاشکاوە هەڵدەکوڕما، پەنجەی دەستە رەشەکەی، کە لە سم دەچوو، بەرز دەکردەوە:

– بەسە! پاشماوەکەی دەزانم... بیخەرەوە ژێر ئیکۆنکە... بە ئەسپایی، با دایکت...

جارێکی دی چاوێکی دادەگرتو دەموچاوی وەکو چۆن توێکڵی دارێك بەدەم سووتانەوە هەڵدەگەڕێتەوە، بەو ئاوایە هەڵدەگەڕایەوە. مووەکانی کەوتنە سپی بوون، زوو بە زوو پەڵەی سپی پرشنگدار دایە سەرو قژی و داوی سپی کەوتنە ردێنی. بەرە بەرە نەوسن و زۆر خۆر بوو، لە کاتی خواردندا گوێی بەپاكو خاوێنی نەدەدا. پیس خۆر بوو.

نۆ ڕۆژ بەسەر نوێژو نزای جەنازەدا تێپەڕی، بنەماڵەی میلیخوف قەشە فیساریونو کەسوکاریان بە بۆنەی یادی کوژرانی گریگۆرییەوە دەعوەت کرد، پانتلی پروکوفیچ، بە تەنیاو بە تامەزرۆییەوە نانی دەخواردو، هەڕشتە فەرەنگی، ئەڵقە ئەڵقە بەریشیەوە دەنووسا. ئیلی نیچنا، کە چەند رۆژێك بوو بە نیگەرانیەوە چاودێری دەکرد، دەستی بەگریان کرد:

– پیاوەکە! ئەوە چی دەکەی؟

– ها؟

پیرەمێرد ڕاجفری، چاوە ئاشوفتەکانی لەسەر قاپەکەی بەردەمی هەڵبڕی.

ئیلی نیچنا، بە نائومێدییەوە رووی وەرگێڕا و دەستە سڕەکەی نا بە چاویەوە.

داریا، بەچاوانی تووڕەوە گوتی:

– باوکە، تۆ بە جۆرێ پەلامار دەدەی، یەکێك نەزانێ دەڵێ رەنگە سێ رۆژ بێ، تامی زەوادی نەکردبێ.

پانتلی پروکوفیچ، بە شەرمەزاریەوە گوتی:

– کێ، من؟ ها، بەڵێ، بەڵێ... ئیتر ناخۆم.

پیرەمێرد، نیگایەکی سەراسیمەی میوانەکانی کەنار خوانەکەی کردو لێوەکانی هەڵقورتاندو برۆکانی وێك هێنانەوەو قوڕوقەپی لێکردو بەرسڤی هیچ پرسیارێکی نەدایەوە. قەشە فیساریون، دوای نان خواردن کەوتە دڵدانەوەو ئامۆژگاری کردنی:

– پانتلی پروکوفیچ ورەت بەرز بێ! نابێ بەمجۆرە نەترە بەربدەی. ئاخر ئەمە فایدەی چیە؟ گریگۆری مەرگێکی پیاوانەی بەقیسمەت بووە، کارێکی وا مەکە خودا زویر بکەی، کورەکەت لە

ڕێگای تزارو لە پێناوی نیشتمان‌و لەبەر خاتری تۆ شەهید بووە. کەچی تۆش خەریکە... ئەم کارەی تۆ گوناحە، گوناحت دەگاتێ... خوا لێت قەبووڵ ناکات.

– باوکە، هەوڵدەدەم ورەم بەرزبێ. فەرماندەکەشی، نەقیبەکەشی نووسیویەتی: "دلاوەرانە گیانی بەخت کرد."

پیرەمێرد، پاش ئەوەی دەستی قەشە فیساریونی ڕامووسی، شانی دا بە ئاستانەی دەرگاکەوەو بۆ یەکەمجار دوای هاتنی هەواڵی مەرگی کوڕەکەی بەدەنگی بەرز لە هۆڕژنی گریانی دا، خەریك بوو بە دەم هەنسك هەڵدانەوە سەری هەڵدەکەنرا.

لەو ڕۆژەوە، بەرە بەرە وەخۆ هاتەوە و ورەی بەرز بووەوەو حاڵی باشتر بوو.

ئیدی لەو ماڵەدا، هەرکەسەو بەجۆرێ زامی خۆی دەلستەوە: ناتالیا کە هەواڵەکەی بیست، ڕای کردە نێو حەوشە: "خۆم دەکوژم. سەبارەت بە من تەواو، هەموو شتێك تەواو بوو. هیچ شتێك نەما!" ئەم بیرۆکەیە وەکو کڵپەی ئاگر بەر بووە گیانی. داریا توند گرتی، لە کاتێکا خۆی لە دەستی داریا ڕادەپسکاند، دەست‌و پێی دەکوتا، هەستی کرد، خەریکە دەبورێتەوەو بێهیچ بەرەنگاریەك لە هۆش خۆی چوو. ئەم لە خۆ چوونە، ئەو سوودەی بۆ ئەو هەبوو کە بیرەوەرییە تاڵەکانی ڕابردوو لە خۆی دوور بخاتەوە.

ناتالیا، یەك هەفتەی تەواو وڕوکاس بوو. کاتێ وەخۆ هاتەوە تەواو گۆڕا، زۆر لە جاران ئارامتر بوو. ئازارێکی کوشندە لە ناوەوە وەکو مۆرانە دەیخوارد. جەنازەیەکی نادیار بە ماڵەکەی ماڵباتی میلیخوفدا دەسوڕایەوە و زندووەکان بە ئاشکرا هەستیان بە بۆن بۆگەنیەکەی دەکرد.

((١٧))

پاش دوازدە ڕۆژ لە هەواڵی مردنەکەی گریگۆری، بە کەڕەتێك دوو نامەی پیوتەر گەییە خانەوادەو ماڵباتی میلیخوف. دونیاشکا هەر لە پۆستەخانەکەدا خوێندبوویانیەوە، بە پەلە بۆ ماڵ گەڕابووەوە، لە ڕێگا وەستا بوو، پشتی دابوو بە تامانێکەوە. ئەم نامانە هەراو هەنگامەیەکی سەیریان لە گوندا نایەوە، ئاشێوێکی (ئاشوب) بێوێنەی لە ماڵەکەدا چێکرد.

دونیاشکا لە دوورەوە هاواری کرد:

– گریشا ماوە!... گریشا گیان زندووە! پیوتەر نامەی ناردووە!... گریشا بریندار بووە، بەڵام نەمردووە! زندووە! ماوە!

پیوتەر، لە نامەکەیدا، ١٩١٤/٩/٣٠ ئەمەی نووسیوە:

"سلاو دایك‌و باوکی ئازیزم، پێویستە ئەوەتان پێرابگەیەنم کە چیوای نەما بوو گریشای ئازیزمان قەزاو بەڵای ئێوە بەرێت، بەڵام ئێستا شوکر بۆ خوا ساغ‌و سەلامەتە. داوای ساغی‌و سەلامەتی بۆ ئێوەش لە خوا دەکەین. کەتیبەکەی گریشکا لە نزیکی شاری کامنکاسترومیلوڤدا لەگەڵ دژمندا بەشەڕ دێت. قۆزاقانی دەستەکەی گریشا، لە کاتی شەڕا، سوارێکی مەجەڕستانی کارامەو بە ئەزموون دەبینن کە شمشێرێکی لێدەدات، گریگۆری لە ئەسپەکەی دەکەوێتە خوارەوە. ئیدی کەسیان نەیاندەزانی دوای ئەوە چی بەسەر هاتووە، زۆرم تاقیبکرد، کەس

هیچی پێ نەبوو و لەوە زیاتری لە بارەیەوە نەدەزانی، پاشان لە (مێشکا کوشیڤوی)م زانی، کە بەکاری تەتەری بۆ کەتیبەکەی ئێمە هاتبوو، کە گریگۆری تاشەوێ لەوێ کەوتبوو و شەوێ وەهۆش هاتبووەوەو بە سینگەخشکێ، ستێرانی کردبوو بە نیشانەو کەوتبووە ڕێ. لە ڕێگادا تووشی ئەفسەرێکی بریندراری خۆمان بوو بوو، ئەم ئەفسەرە بریندارە کە سەرهەنگی دووەمی کەتیبەیەکی سوارە بوو، پارچە بەر سکیو بەلەکی کەوتبوو. گریگۆری چوو بووە ژێر شانیو نزیکەی شەش فرسەخانی هێنا بوو. لە بری ئەم فیداکاریە میداڵی سان جۆرجیان بە گریگۆری داوەو کراوە بە نایب عەریفو سەر دەستە. ئیدی برینەکەی گریگۆری سووک دەبێت، تۆزێ سەری دەڕوشێت، بەڵام کە لە ئەسپەکەی بەر بووبووەوە، بورابووەوە. بە گوتەی میشکا، گریگۆری حاڵی حازر لە کەتیبەکەی خۆیدایەو گەڕاوەتەوە بۆ شەڕگە. ببورن کە دەستوخەتەکەم زۆر خراپە! چونکە بەسەر زینەوەو بەدەم ڕێکردنەوە نووسیومە."

پیوتەر، لە نامەی دووەمدا داوای لە کەسوکارەکەی کردبوو کە ئاڵوباڵوی وشکی باخەکەی خۆیانی (باخێن ئازیزی دۆن)ی بۆ بنێرنو تکای کردبوو فەرامۆشی نەکەنو زوو زوو نامەی بۆ بنێرن. لە هەمان نامەدا گلەیی لە گریگۆری کردبوو، چونکە بە گوتەی هەندێ لە قۆزاقەکان، وەکو پێویست بە ئەسپەکەیدا ڕانەدەگەیی، پیوتەر ئەم بێموبالاتیەی ئەوی لەبەرگران بوو، چونکە ئەسپەکە، لەراستیا هی ئەم بوو. پیوتەر تکای لە بابی کرد بوو کە لە جیاتی ئەم، شتێك لەو بارەیەوە بۆ گریگۆری بنووسێت. پیوتەر لە نامەکەیا نووسیبووی: "بە هەندێ هاوڕێدا جوابم بۆ ناردووە کە ئەگەر بەئەسپەکە ڕانەگاتو وەکو ئەسپی خۆی خزمەتی نەکات، هەرچەندە میداڵی سان جۆرجیشی هەیە، دەم و لووتی دەشکێنم." نامەکەی بە لیستێکی دوور درێژی ناوان کۆتایی هێنا بوو کە لە یەك بە یەکیانی پرسی بوو. وێڕای ئەمەش، لە بن دێڕی نامە چرچو لۆچەکەوە، کە باران تەڕی کردبوو، هەست بە خەمو پەژارەیەکی زۆر دەکرا، دیاربوو پیوتەریش، لەمە جەنگەدا ناڕەحەتو پەریشان بوو.

دیمەنی پانتلی پروکوفیچ، مایەی بەزەیی بوو، لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری، هەردوو نامەکەی بەدەستە گرتنو بردنی، بە ناو گوند کەوت، هەرکەسێك خوێنەواری هەبا رایدەگرتو ناچاری دەکرد نامەکانی بۆ بخوێنێتەوە. هەڵبەتە ئەم کارەی بۆ ئەوە نەبوو کە جارێکی دی گوێی لە ناوەڕۆکی نامەکان ببێت، بەڵکو دەیویست شادی خۆی بە هەموو خەڵکی گوندەکە ڕابگەیەنێ. هەرکە خوێنەرەکە، بە زەحمەتو بەدەم حینجەوە دەگەییە ئەو شوێنەی کە پیوتەر باسی قارەمانێتی و دلاوەری گریگۆری دەکردو دەیگێڕایەوە کە چۆن سەرهەنگ دووەمێکی بریندراری شەش فەرسەخان داوە بەشانیاو بردوویەتیو رزگاری کردووە، پیرەمێرد دەستە زەلامەکەی، کە بە قەد سمی ئەسپێك دەبوو هەڵدەبڕیو بە سەرفرازییەوە دەیگوت: "ئەها! دەبینی گریشای من چی کردووە! یەکەم کەسی گوندی خۆمانە کە میداڵی وەرگرتووە!" بە شانازییەوە ئەو قسەیەی دەکرد، ئەوسا هەردوو نامەکەی خێرا وەردەگرتنەوەو لە بن ئەستەڕی کاسکێتە چرچو لۆچەکەی دەنانو دەڕۆیی تا خوێنەوارێکی دیکە بدۆزێتەوە.

سێرگی پلاتونوفیچ موخوف کە لە پەنجەرەی فرۆشگاکەیەوە بینی بووی، هاتبووە دەرێو شەپقەکەی بۆ بەرز کردبووە:

– فەرموو، دانیشە پانتلی پروکوفیچ!

کە چوونە ژوورەوە، دەستی پیرەمێردی، لە دەستە سپیو خرپنەکانی خۆی ناو گوتی:

– پیرۆزە، پیرۆزباییت لێدەکەم... بەڕاستی کوڕی وا مایەی شانازیو سەرفرازیە. بە تایبەتی بۆ کەسێکی وەکو تۆ کە زیافەتی پاش مەرگیشت بۆ ئەنجام دابوو! ئێستا لە رۆژنامادا باسی قارەمانیەتیەکەی ئەوم دەخوێندەوە.

گەرووی پانتلی پروکوفیچ وشك بوو، تفەکەی بۆ قووت نەدەچوو.

– یانی ناوی کەوتە ناو غەزەتەو رۆژنامانیش!

– بەڵێ، بەڵێ، ئاگاداریەك لە بارەیەوە بلاْوکراوتەوە، بەخۆم خوێندمەوە، ئا ئێستا، تۆزێ لەمە پێش خوێندمەوە.

سێرگی پلاتونوفیچ، موخوف، بە دەستی خۆی سێ بەستەی لە باشترین تووتنی تورکی لەسەر رەفەکە داگرتو زەرفێکی چکۆلەی پڕکرد لە نوقلی نەباتو، بێئەوەی کێشانەی بکات، هەر هەمووی دا بە پانتلی پروکوفیچو گوتی:

– هەر کاتێ، شتت بۆ گریگۆری پانتیلوفیچ نارد، سەلامی منی پێبگەیەنەو ئەم شتانەشی بۆ بنێرە.

پیرەمێرد، کە لە قالدرمەکانی دوکانەکەی موخوفەوە دەهاتە خوارەوە، لەبەر خۆوە گوتی:

– خودایا! ئەمە چ سەربەرزیو شانازییەکە بۆ گریگۆری!... هەموو گوند باسی دەکەن. بووە بە داستانی سەر زاری خەڵکی... ئۆخەی کە نەمردم و ئەم شتانەم بە چاوی خۆم بینی!...

پیرەمێرد کەپووی سڕیو بە سەری قۆڵی فرمێسکی سەر گۆناکانی سڕیو لە دڵی خۆیدا گوتی: "هێی پیری! نیشانانی پیریم لێدەرکەوتووە، فرمێسکم هەمیشە حازرە... ئاخ پانتلی، پانتلی، بزانە ژیان رۆژتی بە چ رۆژگارێك گەیاندووە! جاران وەکو پۆلاْ بووی، بارێکی هەشت پودیت بە کۆلاْ دەداو وات دەزانی پوشە، کەچی ئێستا؟ بە ڕاستی داخی گریشا لە بنی هێنای!"

بە شەلە شەل، بە جادەکەدا رێی دەکرد، کیسە نوقڵەکەی نابوو بە سینگو بەرۆکیەوە، بیرو خەیاڵی بەسەر گریگۆریدا دەسوڕایەوە، وشەکانی ناو نامەکەی پیوتەری وەیاد هاتنەوە، لەو کاتانەدا کوروشونوف خەزووری گریگۆری، روو بە ڕووی دەهات.

کوروشونوف، بانگی لێکرد:

– پانتلی، کوا دەقیقەیەك بوەستە!

ئەمانە، لەو رۆژەوە کە شەڕ دەستی پێکردبوو، یەکیان نەبینی بوو. لەوساوە کە گریگۆری ماڵی بابی بەجێهێشت بوو، پەیوەندیان تەواو سستو سارد بوو بوو. میرون گریگۆروفیچ گلەیی ئەوەی لە ناتالیا هەبوو کە خۆی لە هەنبەر گریگۆریدا زەبوون نیشان دەداو لە تۆ وایە داوای خێرو سەدەقەی لێدەکات، ئەم خواریو زەبوونیە، شانی بابیشی گرتبوو و خۆی بە شەرمەزار

دەزانیو رووی نەدەهات لە نێو خەڵکی گوندا سەر بەرز بکاتەوە. لە ماڵەوە و لە نێو کەسو کاردا، لەعەلەیی ناتالیا دەدواو دەیگوت:

– ئەم دێڵە سەگە، کاولەکەی بابی بەجێهێشتووەو چووە لەگەڵ خەسوو و خەزوریا دەژی. یەکێك نەزانێ دەڵێ رەنگە لەوەڕەکەی ئەویێ خۆشتر بێ.

لەبەر خاتری ئەم ماکەرە، دەبوایە بابی شەرمەزاری بکێشێو لە نێو خەڵکیدا سەر هەڵنەیەنێ.

میرون گریگوروفیچ، بەرەو رووی پانتلی هات، دەستە خاڵ خاڵەکەی کە دەتگوت گوێچکە ماسی خوارەو، بۆ درێژ کرد:

– چۆنی؟

– لە خوا بەزیاد بێ!

– چیە، شتت کڕیوە!

پانتلی پروکوفیچ، دەستە ئازادەکەی جوڵاندو سەری بەم لاو بەولادا باداو گوتی:

– نا، ئەمە دیاریە بۆ قارمانەکەمان. سێرگی پلاتونوفیچی دۆستمان، دلاوەریەکانی ئەوی لە غەزەتەدا (رۆژنامە) خوێندووەتەوەو ئەم نوقڵو تووتنەی بەدیاری بۆ ناردووە. پێی گوتم: "ئەم شتانە بە ناوی منەوە بۆ قارەمانەکەت بنێرەو سڵاوی پێبگەیەنە. چاوەڕوانی قارەمانیەتیو دلاوەری زیاتری لێدەکەین." دەزانی، تەنانەت چاوانی پڕ بوون لە فرمێسك.

پانتلی پروکوفیچ، بەدەم شانازیو بە خۆفشینەوە، چاوانی بڕییە دەموچاوی تا کاریگەری قسەکانی خۆی لە سیمای بابی بووکەکەیدا بخوێنێتەوە.

سێبەرێك نیشتە سەر برژانگە زەردەکانی میرون گریگوروفیچو بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە چاوی بڕییە ئەرزەکەو زۆر بە کورتی و لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئاوا! بەڵێ، بەڵێ.

کورشونوف، بە جادەکەدا پێچی کردەوەو بەرەو تامانی ماڵەکەی خۆی رۆیی. پانتلی پروکوفیچ، بە هەشتاو دوای کەوت. خەریك بوو بە پەنجەکانی، کە لە تووڕەییدا دەلەرزین، سەری کیسە نەباتەکەی دەکردەوە. بە ڕقەوە کورشونوڤ خوڵك کرد:

– نوقڵێك هەڵگرە، زۆر شیرینە، دەڵێی هەنگوینە! تکایە دەمت شیرین بکە، بە ناوی کوڕەکەمەوە پێشکەشتی دەکەم... ژیانت زۆر شیرین نییە، دانەیەك هەڵگرە، دەمت شیرین بکە، بەڵکو... نوخشە بێ لە کوڕەکەی تۆش، بەڵکو رۆژێ لە رۆژان شانازیەکی وای پێببڕێت، کێ دەزانێ...

– ژیانی من خەمی تۆ نییە، هیچ پەیوەندیەکی بە تۆوە نییە. من لە تۆ باشتر دەزانم ژیانم چیەو چۆنە.

پانتلی پروکوفیچ، کە بەوپەڕی ئەدەبو میهرەبانی سەری دادەنەواند، خوی گەیاندە بەردەم میرون گریگۆروفیچو گوتی:

– بخۆ، ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکە، دانەیەك بخۆ، هەر دانەیەك.

خەریك بوو بە قامکە خوارەکانی ئەو کاغەزە زیوینەی هەڵدەپچڕی کە نوقڵە نەباتەکەی تێوە پێچرا بوو.

میرون گریگۆروفیچ، پاڵێکی بە دەستی بابی زاواکەیەوە ناو گوتی:

– ئێمە فێری شیرینی و نوقڵ نین. دیاریو بەخششی خەڵکی دانمان کول دەکات. تۆش نەدەبوو بڕۆیتو سواڵ بۆ کوڕەکەت بکەی. خۆ ئەگەر دەست کورت بوو، دەتتوانی بێی بۆ لای من. ئاخر ناتاشکای کچمان نانی ئێوە دەخواتو سەرباری ئێوەیە. ئەگەر نەبوویت، من دەتوانم کۆمەکت بکەم.

– تا ئێستا هیچ کەسێکی بنەماڵەی ئێمە سواڵی نەکردووە. سواڵکەرمان تیا هەڵنەکەوتووەو درۆمان بە دەمەوە مەکە! تۆ زۆر لەخۆ باییت خزم!... لەوە دەچێ کچەکەت لەبەر دەوڵەمەندی بابی هاتبێتە لای ئێمە...

میرون گریگۆروفیچ، بە توندی گوتی:

– گوێ بگرە، پێویست بەم قەرقەشەو شەڕە دەمە ناکات. من بۆ ئەوە نەهاتووم گەنگەشەو چەلەحانێ لەگەڵ تۆدا بکەم. خۆت هێور بکەوەو وەرە با قسە بکەین، من یەک قسەم لەگەڵ تۆدا هەیە.

– هیچ شتێك لە ئارادا نییە باسی بکەینو قسەی لێبکەین.

– با، قسە زۆرن بیکەین، وەرە.

میرون گریگۆروفیچ، قۆڵی قاپووتەکەی پانتلی گرتو بە کۆڵانێکی باریکدا بردی. لە گوندەکە وەدەرکەوتنو خۆیان لە دەشتەکەدا بینیەوە. پانتلی کە هێور بوو بووەوە، پرسی:

– دەی، قسەت چیە؟

چاوانی بڕینە، دەموچاوە نموسەکەی میرۆن گریگۆروفیچ، میرون گریگۆروفیچ، داوێنی پاڵتۆکەی لە ژێر خۆیدا راخستو لە سەر گڵو خۆڵی قەراخ خەندەکێك دانیشت. کیسە تووتنەکەی، کە کیسەیەکی کۆنی، پەراوێز بە گێزو گولینگ بوو، لەبەرکی دەرهێنا.

– تەمەشاکە پانتلی پروکوفیچ، تۆ وەکو کەڵەبابی جەنگی، لە خوتوخۆڕایی بە مندا هەڵشاخیت، بەڕاستی خزمایەتی وانابێ، وانیە؟

ئەوسا تۆنی دەنگی گۆڕا، بە دەنگێکی وشكو زبر لەسەری رۆیی:

– دەمەوێ بزانم، کوڕەکەت تاکەی ناتالیا دەکات بە گاڵتەچی خۆی، جوابم بدەوە!

– دەبێ ئەم پرسیارە لە خۆی بکەیت، نەك لە من.

– پێویست ناکات لەو بپرسم، تۆ سەرگەڤاری خانەوادەیتو قسەی من لەگەڵ تۆدایە.

پانتلی پروکوفیچ، نوقڵە نەباتەکەی، کە هێشتا لە ناو دەستیا بوو، گوشی، شیلەی شەکر بە بەینی قامکەکانیا داچۆڕا. ناولەپی خۆی بە گڵەسوورو نەرمەکەی قەراخ خەندەکەکە سڕیو ئەوسا بە بێدەنگی کەوتە سیغار پێچانەوە.پاکەتە تووتنە تورکیەکەی کردەوە، پەڕە سیغارێکی لوول کرد، تۆزێ تووتنی لە پاکەتەکە هەڵگرتو تێی کرد. ئەوسا پاکەتە تووتنەکەی بۆ میرون گریگۆروفیچ درێژ کرد. میرۆن گریگۆروفیچن بێهیچ چەندو چوونو لە روو دامانێك تووتنەکەی وەرگرتو سیغارێکی بۆ خۆی لە دیاریەکەی موخوف پێچایەوە. دەستیان بەجگەرەکێشان کرد.

دووکەڵێکی سپی چڕ بەسەر سەریانەوە، عەینی تۆپەڵە کەف دەچوو بە ئاسماناو بەدەم بایەکەوە بەرز دەبووەوە.

ڕۆژ بەرەو کۆتایی دەچوو، بێدەنگی مانگی ئەیلول، هێدی هێدی باڵی بەسەر زەویدا دەکێشا. ئاسمان کە گەرمای هاوینی بەڕێ کردبوو، شین دەچووەوە. گەڵای سێوان، کە خوا دەزانێ، با لە کوێوەی هێنا بوونی، بە ڕەنگی سوورەوە لە ناو خەندەکەکەدا کەوتبوون. لقێکی ڕێگایەکە، بە ناو زنجیرە گردێکدا دەڕۆیی‌و لەپشت هێڵێکی سەوزباوی زومڕودئاسای ئاسۆوە، عەینی خەوێکی گونگ‌و نادیار ئاوا دەبوو. خەڵکی بە کاروباری ماڵی خۆو بەکاری ڕۆژانەی خۆیانەوە مژوول‌و سەرقاڵ بوون‌و، هەموو هێزو توانایەکیان بۆ گێرەو خەرمان کوتان تەرخان کردبوو، ڕێگاکە چۆڵ و هۆڵ، غەریب‌و نامۆ دەگەڵ ئاسۆدا یەکانگیر دەبوو و بەرەو سەرزەمینانی نادیار دەکشاو گەردەلوول بەسەری دەکردەوە.

میرون گریگۆروفیچ، تۆپەڵێك دووکەڵی لەدەمیەوە دەرداو گوتی:

– تووتنەکەی نەرمە. دەڵێی گیایە.

پانتلی پروکوفیچ، گوتی:

– نەرمە، بەڵام تامی خۆشە.

میرون گریگۆری، بەدەم کوژاندنەوەی جگەرەکەی خۆیەوە، بە نەرمی تکای لێکرد:

– پانتلی پروکوفیچ، تکایە وەڵامم بدەوە.

– گریگۆری، لە نامەکەیا، هیچی لەم بارەیەوە نەنووسیوە. حاڵی حازریش زامدارە.

– بیستوومە.

– ئایندەش چ شتێکی حەشار داوەو چی پێیە نازانم. خۆ لەوەشە بەڕاستی بکوژرێت، هەنگێ؟

میرون گریگۆروفیچ، بە زەبوونی و بێزارییەوە چاوەکانی تروکاندن.

– ئاخر ئەم حاڵە تاکەی؟ نە کچە، نە ژنی مێردارە، نە بێوەژنێکی سەربەستە، بە ڕاستی مایەی شەرمەزاریە، عەیبەیەکی گەورەیە! ئەگەر دەمزانی مەسەلەکان ئاوا دەکەونەوە، مەحاڵ بوو بێڵم لە دەرگاکەم وەژوورکەون. بەڵام ئێستا تیاماوم، نازانم چ بکەم؟... ئاخ پانتلی! هەر باوکێك دڵی بە منداڵی خۆی دەسووتێ... ئیدی ئەمە خوێنە، دەجوڵێ، بەدەست من‌و تۆ نییە..

پانتلی پروکوفیچ، بە تووڕەییەکی سەرکوتکراوەوە، بەرسڤی دایەوە:

– من چی بکەم، چم لەدەست دێ؟ من نایڵێم، تۆ بیڵێ، چ بکەم. لاتوایە پێم خۆشە کوڕەکەم ڕۆییوە، بە جێی هێشتووم؟ من هیچ قازانجێکم لەم کارەی ئەو کردووە؟ بە ڕاستی تۆ پیاوێکی سەیری ها!

میرون گریگۆروفیچ بە ئەسپایی گوتی:

– بۆی بنووسە کە دوا قەراری خۆی بدات‌و بیڕێتەوە.

بەدەم ئەو قسانەوە، گڵەکەی ژێر دەستی، وردە وردە دەڕژایە خەندەکەکەوە.

– کچێکی لەو ژنۆکەیە هەیە...

کورشونوف، بەدەم هەڵچوونەوە هاوای کرد:

- منداڵێکی لەمەش دەبێت! ئاخر ئەمە شەرتی پیاوەتیە، چۆن دەشێت بەمجۆرە رەفتار لەگەڵ بەشەرێکدا بکرێت؟ ها!... کچە ویستی خۆی بکوژێتو ئێستا بۆ هەتا هەتایە نوقستان بووە.. چیە دەتانەوێ بە هەمووتان زندەبەچاڵی بکەن؟ ها؟ ئاخر ئەمە چ ویژدانێکە، چ دڵێکی هەیە..

میرون گریگۆروفیچ، هەنووکە بە دەنگێکی گیراوو نزم قسانی دەکرد. بە دەستێك چنگی لە سینگو بەرۆکی خۆی دەداو بەدەستەکەی دیکەی یەخەی قاپووتەکەی خەزووری کیژەکەی رادەکێشا.

- ئاخر ئەمە چیە، دڵی گورگی هەیە؟

پانتلی پروکوفیچ بەدەم پژمەیەکەوە رووی وەرگێرا.

- ژنەکەی خۆشی دەوێ، بەبێ ئەو هەڵناکات. ئیدی ئەمە چیە خۆ قەرەواش و کەنیزەك نییە لە ماڵی ئێوەدا؟!...

پانتلی پروکوفیچ، لە قەراخ خەندەکەکە هەستاو هاواری کرد:

- ئێمە لە کچی خۆمان خۆشترمان دەوێ، لە کچی خۆمان زیاترە، قسەی زیاد مەکە!

بەبێ خواحافیزی لێکدی جیا بونەوە..

((١٨))

کە ژیان لە ئاوەڕۆی ئاسایی خۆی دەردەچێت، جۆرەها جۆگاو جۆگەلەی لێدەبێتەوە. ئینسان ناتوانێ پێشبینی ئەوە بکات کە ژیانی پڕ پێچو پەنای، بە کام جۆگەدا دەڕوات، ئەو ژیانەی ئەمڕۆ وەکو روبارێکی تەنك ژێرەکەی دیارەو بە بەرچاوەوەیە، سبەینێ دەبێ بە روبارێکی لێوان لێوی فرە ئاوی سەر رێژ.

ناتالیا، لە ناکاوا لێبڕا کە بڕوات بۆ یاگودنویەو دیدەنی ئەکسینیا بکات، بکەوێتە خاكو پای، تکای لێبکات، لیی بپاڕێتەوە کە گریگۆری بداتەوە. ناتالیا، بێئەوەی هیچ بەڵگەیەکی پێ بێ، وای وێنا دەکرد کە هەموو شتەکان بەندن بە ئەکسینیاوەو ئەگەر بڕواتو خۆی باوێتەسەر پێیو لێی بپاڕێتەوە، ئەوا گریگۆریو شادمانی لە دەستچووی خۆی بەدەست دێنێتەوە. هیچ بیری لەوە نەکردبووەوە کە ئاخۆ ئەمە کاری کردەنیە، شتی وا دەبێت، ئایا ئەکسینیا چۆن ئەم تکا سەیرو سەمەرەیە وەردەگرێت. هەستێکی نا ئاگایانە بۆ ئەم کارەی هاندەدا، بۆیە لێبڕا بە زووترین کات ئەم قەرارەی جێبەجێ بکات. لە ئاخرو ئۆخری مانگی ئایاردا نامەیەکی گریگۆری گەییە دەستی کەسوکارەکەی. دوای ئەحواڵپرسی دایكو باوکی، سڵاوو رێزی تایبەتی بۆ ناتالیا میرونوڤنا ناردبوو. ئەنگێزەی ئەم کارە هەرچیەك بووبێ، خۆی لە خۆیدا بۆ ناتالیا دڵخۆشکەرەو هاندەرێکی گرینگ بوو: یەك شەممەی دواتر خۆی ئامادە کرد کە بۆ یاگودنویە بڕوات.

دونیاشکا، کە دیتی ناتالیا، زۆر بە دیقەت لە لەتە ئاوێنەیەکا تەمەشای خۆی دەکاتو دەست بەخۆیا دێنێ، لێی پرسی:

- ناتالیا، بە تەمای بۆ کوێ بڕۆیت؟

ناتالیا بە درۆوە گوتی:

– دەچمە دیدەنی باوك‌و دایكم.

یەكسەر سورو بووەوە، بۆ یەكەمجار پەی بەوە برد كە بەرەو پیری سەر شۆڕییەكی گەورەی ئەشكەنجەیەكی روحی دژوار دەڕوات.

داریا كە سەرگەرمی ئارایشت بوو، گوتی:

– بۆ جارێك لەگەڵ مندا نایەیتە شەوبێری؟ ئەم ئێوارەیە وەرە، چی دەڵێی،دێی؟

– نازانم، باوەڕ ناكەم.

– تۆش دەڵێی تەركە دنیایانی!

ئەوسا، چاوێكی داگرت‌و گوتی:

– قەت وەكو ئێستا، كە مێردەكەنمان لێرەنین، ئازادو سەربەست نابین!

ئەوجا بە چاپوكی دانەویەوە تا لە ئاوێنەكەی دەستیا سەیری پەراوێزی گوڵدوزی كراوی تەنورە شینە تازەكەی، بكات، داریا، لەوەتای پیوتەر رۆیی بوو بە ئاشكرا گۆڕا بوو، بێ پیاوی بە تەواوەتی پێوە دیار بوو. جۆرە نیگەرانیەك لە چاوانیا، لە هەڵسوكەتیا بەدی دەكرا. رۆژانی یەك شەممە بە دیقەتێكی زیاتر ئارایشتی دەكردو خۆی دەڕازاندەوە، درەنگانێك، بە چاوانی خەمبارو مجێزی شێواوەوە لە شەوبێری دەگەڕایەوەو لەلای ناتالیا گلەیی دەكرد:

– بەڕاستی نەگبەتیە! پیاویان لە گوند نەهێشتووە، ئەوەی كە پیاوەتی تیا بێ‌و بەئاستەم بە كەڵك بێت هەموویان بردووە. تەنیا منداڵ‌و پیرەمێردانیان هێشتووەتەوە.

– باشە، بۆ تۆ فەرقی چیە؟

داریا بە سەرسامی پرسی:

– چۆن فەرقی چیە؟ لەم شەوبێریانەدا هیچ كەسێك نیە كە بشێت لەگەڵی ڕابوێری. خۆزگە دەمتوانی رۆژێك بە تەنیا برۆم بۆ ئاشەكە... چونكە لێرە لەبەر خەزوورمان ناتوانین تۆزێ بۆ خۆمان ڕابوێرین.ئەوجا بەڕاشكاوییەكی بێپەروا لە ناتالیای پرسی:

– من تێناگەم، تۆ چۆن دەتوانی ئەم هەموو ماوەیە بەبێ پیاو بژی؟

رەنگی ناتالیا سوور هەڵگەڕاو گوتی:

– بەسە، بێ حەیا! ویژدانت نیە؟

– باشە تۆ دڵت نییە، حەزت نییە؟

– دیارە تۆ خۆت حەزت لێیە، ئارەزووی دەكەیت.

داریا سوور بووەوە، تاقی برۆكانی كەوتنە لەرزین، بەدەم قاقای پێكەنینەوە گوتی:

– هەڵبەتە حەزی لێدەكەم، خەریكە سوێم دەبێتەوە، بۆچی بیشارمەوە؟ باوەڕ بكە، ئامادەم لەگەڵ پیرەمێردێكیشدا بیكەم! تۆ تەسەور بكە، پیوتەر دوو دانە مانگە رۆییوە.

– داریا، تۆ ئاقیبەت بەڵایەك بەسەر خۆتا دێنی....

– دەی بیبڕەوە پیرەژنی داوێنپاك! من خۆم دەتناسم. درۆزنی ریاكار! ناتەوێ ئیعتراف بكەی.

– من هیچ شتێكم نییە تا ئیعتراف بكەم.

داریا ژێراو ژێر نیگایەکی تەوسامێزی کرد. ئەوجا بە ددانە وردە تیژەکانی کەوتە کرۆشتنی لێوەکانی و گوتی:

– چەند رۆژێ لەمە پێش تیموشکا مانیتسکوف، کوڕی ئاتامان، هاتو لەلامەوە دانیشت، شەلاڵی ئارەقە بوو. دیقەتم دا دەترسێت دەست پێبکات... پاشان بە ئەسپایی دەستی کرد بەژێر باخەڵما. دەستی دەلەرزی، هیچم نەکرد، فزەم لە خۆ بڕنی بەڵام تووڕە بووم. ئەگەر گەنجێکیش بوایە هەر نەیسە، بەڵام منداڵێکی دەم رووتە، بۆنی شیری خاوی لە دەم دێ. منداڵە! تەمەنی هەر شازدە ساڵ دەبێ‌و نابێ. ئیدی کوڕانی ئەم تەمەنە بە خۆت دەزانی چەند خوێن گەرمن، خوێنیان قوڵپ دەدا!... هیچم نەگوت، بە بێدەنگی دانیشتم، ئەویش بۆ خۆی دەستی دەگێڕا، تا لە پڕێکا بە چپە گوتی: "وەرە لەگەڵما با بچین بۆ گەوڕی ماڵاتەکانی ئێمە!..." مەگەر هەر خوا بزانێ چیم پێکرد!....

داریا، بەشادیەوە پێکەنی، برۆکانی کەوتنە سەما، چاوەکانی لە پێکەنینا دەبرسکانەوە، گوتی:

– دەرسێکم دادا ئەوسەری دیار نەبێ! لە جێی خۆ ڕاپەڕیم: "تۆ، هەی تۆڕی... تولە سەگ! فیسقە گولە! تۆ بووی بەو کوڕەی ئەم قسانە بەمن بڵێی؟ چەند شەوە لە جێدا نەمیزتووی؟" دەرسێکی باشم دادا.

ماوەیەك بوو، میانەیەکی سادەو دۆستانە لە نێوان داریاو ناتالیادا پەیدا بووبوو. ئیدی ئەو دژمنایەتیەی کە لە سەرەتادا داریا بەرانبەر بەبووکی تازە، ناتالیا هەی بوو، رەوی بووەوەو نەمابوو، ئەم دوو ژنەی، کە لە هەموو شتێکدا لێکدی جیاواز بوون، هۆگری یەکدی بوو بوون‌و بە ئاشتی‌و تەبایی پێکەوە دەژیان.

ناتالیا، خۆی گۆڕی و لە ژوورەکە وەدەرکەوت. داریا لە بەر هەیوانەکەدا خۆی گەیاندێ‌و گوتی:

– ئەمشەو تۆ دەرگام لێدەکەیتەوە؟

– رەنگە ئەمشەو نەیەمەوە، لای باوك‌و دایکم بمێنمەوە.

داریا لەفکران ڕاچوو، شانەیەکی چکۆلەی بە نێوان هەردوو برۆیدا هێنا و ئەوجا سەرێکی لەقاند:

– باشە برۆ، حەزم نەدەکرد ئەم تەکلیفیە لە دونیا بکەم. بەڵام وا دیارە چار نییە، دەبێ روو لەو بنەم.

ناتالیا، بە ئیلی نیچنای گوت کە دەیەوێ سەری دایك‌و باوکی بدات، ئەوجا لە ماڵ وەدەرکەوت. چەند عەرەبانەیەك لە مەیدانەکەی بازاڕەوە دەگەڕانەوە، خەڵکی لە کلێسا دەهاتنە دەرێ. ناتالیا دوو کۆڵانی بڕی‌و ئەوجا بەدەستە چەپا پێچی کردەوە، بە هەشتاو بە گردەکەدا هەڵگەڕا. کە گەییە لوتکەی گردەکە، ئاوڕێکی دایەوە: گوندەکە لە خوارەوە نقومی هەتاو بوو، خانووە چکۆلە تەڕاوکراوەکان، لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا سپی دەچوونەوە. سەربانە شێروانیەکەی ئاشەکە دەبریسکایەوە، چینکۆکەی وەکو ئاسنی تواوە دەدرەوشایەوە.

یاگودنویەش، وەکو هەموو شوێنەکانی دی، بە هۆی جەنگەوە، لە پیاو خاڵی بوو بوو. ڤینیامین و تیخون چوو بوون بۆ بەرەی شەڕو ئیدی یاگودنویە هێندەی دی چۆڵ و بێجوڵە و ناخۆش بوو بوو. ئەکسینیا جێگای ڤینیامینی گرتبووەوەو بە کارو بارو خزمەتی جەنەراڵی پیردا ڕادەگەیی. لوکریا سمتۆڵ (سمت و کەفەڵ گەورە) کە لاواز بووبوو، هەم سەرپەشتی باڵندەو حەیوانە کەویەکانی دەکردو هەم یاریدەری ئاشپەز بوو. ساشکای پیریش هەم مەیتەر بوو هەم پاسەوانی باخ. تەنیا یەك کەسی تازە هاتبوو: قۆزاقێکی پیری روو گرژ بوو، بە ناوی نیکیتچ، ئەمە وەکو عارەبانچی هاتبوو.

لیستنتسکی پیر، ئەو ساڵە تۆوێکی کەمتری داچاند. نزیکەی بیست ئەسپی خۆی دا بە سوپا، جگە لە ئەسپانی ژێر عەرەبانەو سێ ئەسپی رەسەنی دەڤەری دۆن، هیچی تری بۆ نەما بووەوە، ئەمانەشی بۆ جێبەجێکردنی کاروباری کشتوکاڵی پێویست بوون.

زیاتر وەختی خۆی بەڕاو دەبردە سەرو دەگەڵ نیکیتچدا دەچووە راوە چێرگان و هەندێجاریش بە تاژی دەکەتە ئەو دەشت و دەرە.

ئەکسینیا، جارجار نامەیەکی کورتی گریگۆری بۆ دەهات کە هەواڵی دەدایە هێشتا ساغ و سەلامەتەو خەریکی خزمەتی سەربازی خۆیەتی. گریگۆری، یان لەبەر ئەوەی کە راهاتبوو و قاڵ بوو بووەوە یان لەبەر ئەوەی نەیدەویست خۆی لاواز نیشان بدات، تاقە جارێکیش لە نامەکانیا، بە تاقە وشەیەکیش باسی ئەوەی نەکرد بوو کە ژیانی زۆر سەخت و دژوارە یان زۆر بێتاقەت و بێزار بووە، نامەکانی زۆر ساردو سڕ بوون، دەتگوت بە بێگار دەینووسین. تەنیا لە دوا نامەیدا، ئەویش وەکو ئەوەی لە دەستی دەرچووبێ، ئەم ڕستەیەی نووسی بوو: "بەردەوام لە بەرەی شەڕداین، لە شەڕ بێزار بووم، دایمە مەرگی خۆم وەکو کۆڵەپشتی بە کۆڵەوەیە." لە هەموو نامەکانیا، لە کچەکەی دەپرسی، بە ئەکسینیای دەگوت: "... بۆم بنووسە کە ئاخۆ تانیوشای کچم گەورە بووە؟ چۆنە، لە کێ دەچێ؟ ماوەیەك لەمە پێش خەونم پێوە بینی، گەورە بوو بوو، کراسێکی سووری لەبەردا بوو."

ئەکسینیا، بە رواڵەت، ئازایانە، خۆی لەبەر ئەم جوداییە دەگرت، ئەشق و خۆشەویستی گریشکای دابوو بە منداڵەکەی، بە تایبەیت لەو کاتەوە کە بۆی دەرکەوتبوو، منداڵەکەی بەڕاستی لە گریشکایە. ژیان و رۆژگار ئەمەی بە تەواوەتی بۆ ساغ کردبووەوە: ڕەنگی قژە قاوەییەکەی بەرە بەرە گۆڕاو بوو بە رەشێکی لوول. چاوەکانیشی رەش تر بوون، شێوەی بادەمییان وەرگرت. رۆژ بە رۆژ زیاتر دەچووەوە سەر باوکی، تەنانەت زەردە خەنەکەشی هەمان شەقڵی کێویانەی زەردەخەنەی گریگۆری و ماڵباتی میلیخوڤ پێوە دیار بوو. ئیدی ئەکسینیا بەدڵنیاییەوە، وێنەی گریگۆری لە کیژەکەیدا دەبینی و هێندەی دی مەحەبەت و میهری چوو بووە سەری. ئەو زەمانە رۆیی، کاتێ کە دەچووە دیار بێشکەی کچەکەو لە خەوا تەمەشای دەکردو دوورو نزیك هەندێ

سیمای نەفرەت ئەنگێزی ستیپانی لە روخساریا بەدی دەکردو گومان وەکو مۆرانە سەری دەژەندە دڵو دەروونی.

رۆژگار بە قورسیو خاوی دەڕۆیی. ئەکسینیا رۆژ بە رۆژ زیاتر هەستی بە تاڵیو ناخۆشی دەکرد. نیگەرانی وخەمی خۆشەویستەکەی هزرو بیری دەرزی ئاژن دەکردو بۆ تاقە ساتێك دەستبەرداری نەدەبوو. ئەوەی بە رۆژەوە لە دڵیا دەپەنگایەوەو بەخورتی سەرکوتی دەکردو جڵەوی دەکرد، شەوانە سەری دەکردو هەموو بەربەستێکی ڕادەماڵی: سەرانسەری شەو بەدەم تلاوتلەوە، گینگڵی دەداو بە بێدەنگی دەگریا، فرمێسکی هەڵدەڕشت. بۆ ئەوەی بەگریانو هەنسك هەڵدان منداڵەکە خەبەر نەکاتەوە، بۆ ئەوەی هاوارو گریەی خۆی خەفە بکات، ئازاری دەروونی خۆی بە ئازاری جەستەی بسڕێتەوە، گازی لە دەستەکانی خۆی دەگرت. فرمێسکەکانی بەسەر قوماتی منداڵەکەدا دەڕشتو زۆر منداڵانە خۆی دەدواند: "منداڵی گریشایە، لە گریشایە، بێگومان گریشا لە دڵی خۆیدا هەست دەکات چەند خۆشمدەویٚ، چەند بۆی پەرۆشم، چەند بیری دەکەم."

ئەکسینیا، کە بەیانیان، لە دوای ئەو جۆرە شەوانە، لە خەو ڕادەبوو، هەستی دەکرد دارکاری کراوە، ئازای بەدەنی دەیەشا، لاجانگەکانی دەیان تریواند وەکو ئەوەی بە چەکوشی زیوینی چکۆلە پێیاندا کێشرا بیٚ، خەمو پەژارە دەنیشتە سەر لا لێوەکانی. ئەم شەوە ناخۆشانە بەرە بەرە پیریان دەکرد...

رۆژێکی یەك شەممە، تازە تاتشتی بۆ ئاغا بردبوو. پاشان هاتە ناو حەوشە، تەمەشای کرد ژنێك بەرەو دەرگا دێت. جووتیٚ چاوی زۆر ئاشنا لە ژێر لەچکێکی سپیەوە دەدرەوشانەوە... ژنەی تاین دەسکی دەرگاکەی گرت، دەرگای کردەوە، هاتە ناو حەوشە، ئەکسینیا رەنگی زەرد هەڵگەڕا، ناتالیای ناسییەوە، بە کاوەخۆ بەرەو پیری چوو. لە ناوەندی حەوشەکەدا گەیینە یەکدی. توێژاڵێکی ئەستووری گەردو تۆزی رێگا، نیشتبووە سەر پێڵاوەکانی ناتالیا. راوەستا دەستە گەورەو زبرە بێگیانەکانی بەملاو بەولایدا شۆڕ کردنەوە، بە حاڵ هەناسەی دەدا، هەوڵی دەدا، گەردنە شێواوەکەی راست رابگرێت، بەڵام نەیدەتوانی، وادەهاتە بەرچاو کە تەمەشای شوێنێکی دیکە دەکات. زمانە وشکەکەی بە لێوە قڵیشاوەکانیا هێناو گوتی:

– ئەکسینیا، من هاتووم بۆ لای تۆ.

ئەکسینیا، نیگایەکی لەزی پەنجەرەکانی ماڵەکەی کردو بە هێواشی بەرەو ژوورەکەی خۆی، لە بەشی خزمەتکاراندا، چوو. ناتالیاش دووی کەوت. هەستی دەکرد، خشەخشی تەنورەکەی ئەکسینیا زۆر ناخۆشەو گوێی ئازار دەدات: "گوێم تەواو نین، دیار هی گەرماکەیە کە دێشێن" لە نێو کلافەی بیرە ئاڵۆزکاوەکانیەوە ئەو ڕستەیە لە هەمووان حوزوری زیاتر بوو.

ئەکسینیا، ناتالیای بردە ژوورەوەو دەرگای داخست. ئەوجا دەستی خستنە ژێر بەرکۆشە سپیەکەیو ئەوجا بەدەنگێکی نزمی چیە ئاساوە پرسی:

– بۆچی هاتوویت؟

ناتالیا، بە ئەسپایی چاوێکی بە ناو ژوورەکەدا گێڕاو گوتی:

– دەمەویٚ تۆزیٚ ئاو بخۆمەوە...

ئەکسینیا چاوەڕوانی کرد، ئەنجام ناتالیا هاتە قسان، بە زەحمەت دەنگی دەردەهات:

– تۆ مێردەکەمت لێداگیر کردم... گریگۆری گیانم بدەوە!... تۆ ژیانت وێران کردووم... نابینی چیم بەسەر هاتووە...

– مێردەکەت!

ئەکسینیا ددانەکانی لێکدی دەسوو، وشەو پەیڤان هێدی هێدی، وەکو چۆن باران، دلۆپ دلۆپ بەسەر بەردا دادەباریٚت، بەو ئاوایە لە زاری دەڕژان:

– مێردەکەت؟ هاتووی مێردەکەت بدەمەوە؟ بۆچی هاتووی؟ تازە درەنگە، وەختی ئەم گەداییە بەسەر چووە!... تازە زۆر درەنگە!...

ئەکسینیا، لە ناتالیا نزیك بووەوە، لە قاقای پێکەنینێکی ئەوتۆی دا، کە ئازای بەدەنی لەگەڵیا کەوتە هەژان. چاوانی بڕینە دوڕچاوانی هەوێکەی و گاڵتەی پێدەکرد. ئەوەتا ئەو ژنە شەرعیەی کە فەرامۆش کرابوو، زەبوون کرابوو، لە ژێر باری دەردو ئازارا وردو خاش کرابوو، ئەوەتا لە بەردەمیا وەستاوە:

ئەو ژنەی کە بە هۆی ئەوەوە، رۆژیٚ لە رۆژان ئەکسینیا بە هۆی دوور کەوتنەوەو جودایی لە گریگۆری، زۆری فرمێسك رشت، خویٚنی جگەری خۆی خواردەوە، ئەو ژنەی کە رۆژێك لە رۆژان ئەکسینیا بە هۆی ئەوەوە عەزابی دووری لە گریگۆری دەکێشا، ئەو گریگۆری لە هەمێز دەگرت، نەوازشی دەکردو بێگومان، بە ماشقە بەدبەختو تەرککراوەکەی، گریگۆری، کە ئەکسینیا بوو، پێدەکەنی.

ئەکسینیا هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

– یانی هاتوویت داوام لێدەکەی کە وازی لیٚبیٚنم؟ ئاخ! ئەژدیهای حەوت سەر!.... تۆ یەکەمجار گریشات لە من داگیرکرد! تۆ لە منت داگیر کرد نەك بە پێچەوانەوە! تۆ دەتزانی کە لەگەڵ مندا رادەبویٚریٚ، بۆچی شووت پێکرد؟ هی من بووەو وەرم گرتووەتەوە، ئەو هی منە. من کچێکم لیٚی هەیە، تۆ چیت لیٚی هەیە؟...

ئەکسینیا، بە ڕق و کینەوە دەیڕوانیە ناتالیا، دەستەکانی بە توندی دەجوڵاندن، قسە وەکو تۆپەڵە ئاگر لە زاریەوە دەرژا:

– گریشا هی منە، بۆ هیچ کەسێك دەستبەرداری نابم!... هی منە! هی منە! گویٚت لیٚیە، هی منە! دێڵە سەگی بێحەیا، قەحپەی بەرەڵلا! تۆژ نی نیت! دەتەویٚ باوکی ئەم منداڵە بدزیت؟ بۆچی زووتر نەهاتی؟ ها، بۆچی زوتر نەهاتی؟.

ناتالیا، لەسەر لا رۆیی و لەسەر تەختەکە دانیشت، سەری نایە نێو هەردوو دەستی:

– تۆ مێردەکەی خۆت بە جیٚهێشت... ئەم شاتە شاتەت لەچیە...

– من جگە لە گریشا هیچ مێردێکی ترم نییە... لەم دنیایەدا تەنیا ئەوم هەیە.

ئەکسینیا، هەستی دەکرد، گڕی رقێکی بێپایان لە ناخیا کڵپە دەسەنیّ‌و ڕێگەی دەربڕینی نییە، کەوتە روانینی زوڵفە رەشەکانی ناتالیا، کە لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتبوونە دەریّ‌و بەسەر دەستەکانیا رژابوون، بە رقەوە لێی پرسی:

– یانی پێتوایە، ئەو پێویستی بە تۆیە؟ تەمەشای ملەخوارو خێچەکەی خۆت کردووە! پێتوایە مەیلی دەچێتە سەر تۆ؟ ئەو کاتیّ دەستبەرداری تۆ بوو کە ساغ‌و سەلامەت بووی، بە خەیاڵی خاوت ئێستا بادەداتەوە سەر ژنێکی نوقستان؟ تۆ جارێکی دیکە گریشا نابینی! هەر ئەوەیە کە پێمگوتی، دە هەستە بڕۆ دەی!

ئەکسینیا، شێلگیرانە بەرگری لە لانەو ئاشیانەکەی خۆی دەکردو تۆڵەی هەموو رابردووی خۆی دەکردەوە، کە تەمەشای دەکرد، دەیبینی ناتالیا، وێڕای ملە کەمێك خوارەکەشی، هەر جوان و تەڕو بڕە، لێوەکانی پاراوو ئاڵن، دەستی رۆژگاریان نەگەیی بوویّ، بەڵام ئەو، ئەکسینیا، چرچ‌و لۆچ دەوری چاویان دابوو، هەمووشی لە سۆنگەی ناتالیاوە.

ناتالیا، چاوە پڕ کول‌و کۆڤانەکانی هەڵبڕین:

– وا دەزانی کە من ئومێدی ئەوەم هەبوو بە تکاو پاڕانەوە لێتی وەربگرمەوە؟

– ئەدی بۆچی هاتوویت؟

– خەم‌و پەژارە ناچاری کردم.

کچەکەی ئەکسینیا، لە دەنگە دەنگی وان بێدار بووەوە، لە نێو بێشکەکەی خۆیدا دەگریا. دایکی لە ئامێزی گرت‌و روو لە پەنجەرەکە دانیشت. ناتالیا، تەمەشای منداڵەکەی کرد، خەمێکی قورس لە ئەوکی گیرا. چاوانی گریگۆری لە میانی چاوانی ئەو منداڵەوە، بە کونجکاوی سەیری دەکرد.

ناتالیا، بەگریان‌و هەنسك هەڵدانەوە، بەلارەلار وەدەرکەوت‌و خۆی گەیاندە سەر پلەکانی بەر هەیوانەکە، ئەکسینیا هەڵنەستا کە بە ڕێیبکات.

دوای یەك دوو دەقیقەیەك، ساشکای پیر خۆی بە ژوورەکەی ئەکسینیادا کرد، هەرچەندە بە مەزەندە زانی بووی، بەڵام پرسی:

– ئەو ژنە کیّ بوو کە بۆ ئێرە هاتبوو؟

– ژنێکی خەڵکی گوندەکەی خۆمان بوو.

ناتالیا لە گەڕانەوەدا، نزیکەی سیّ فرسەخانی بڕی‌و ئەوجا وەستا، لە ژێر بنچکە دڕوویەکی کێویدا پاڵکەوت. ماندوویەتی بڕستی لێبڕی بوو، بیری لە هیچ نەدەکردەوە. ئازارێکی بەترەف گەمارۆی دابوو. هەرچی دەکرد چاوانی منداڵەکەی، کە کوت‌ومت چاوە رەش‌و تووڕەکانی گریگۆری بوو، لەبەر چاو لا نەدەچوو.

((٢٠))

بیرەوەری ئەو شەوەی دوای شەڕەکە، بە جۆریّ لە یادگەی گریگۆریدا، نەخشا بوو. کە بە رۆژگار نەدەسڕدرایەوە.

گریگۆری بەر لە سپێدە وەهۆش هاتەوە. دەستی بە نێو قەسەڵی زبرو تیژی گەنماندا گێڕاو بەدەم ئازاری تیژی سەریەوە ناڵاندی. بە خورتی دەستی بەرزکردەوەو بردی بۆ نێو چەوانی، دەستێکی بە کاکۆڵەکەیدا هێنا کە لە خوێنی وشکەوە بوودا ڕەق بووبوو. کە دەسی بەر زامەکەی کەوت، هێندەی ئازار هاتێ، لەو وایە کەڵە پشکۆیەکی ئاگریان پێوەنا. مودەتێکی زۆر دانەچیڕەی بۆ کردو کەوتە سەر پشت. گەڵای ئەو درەختەی دیار سەری، کە سەرماو سوڵەی زووڕەس، بردبووی، بە خەمباری دەشنایەوە. لق و پۆپی ڕەشی درەختەکە بە بەرۆکی ئاسمانی شینەوە بە ئاشکرا دیار بوو و ئەستێرەکان لە بەینی لق و پۆپەکانەوە دەدرەوشانەوە. گریگۆری بە چاوانی ئەبڵەقەوە زەق زەق تەمەشای دەکرد. وای هەست دەکرد ئەمانە ئەستێرە نین، بەڵکو هەندێ میوەی غەریبی، زەردی ئامال شینن و بەگەڵاو لقەکانەوە شۆڕ بوونەتەوە.

هەنگێ پەی بەوە برد کەچی بەسەرهاتووە. ترسێکی بێئامانی لێنیشت. بەدەم دانەچیڕەوە، بە چوار چنگۆڵە کەوتە خۆبکێش کردن، دەردو ئازار تینی بۆ دێناو دەکەوتە عاردی... وای وێنا دەکرد لەوەتای دنیا دنیایە بەسکە خشکێ ڕێدەکات. بەتۆبزی ئاوڕێکی پاشی دایەوە: ئەو دارە ڕەشەی کە لە ژێریا بورابووەوە، لە پەنجا شەقاوی ئەودا بوو. بەسەر جەنازەیەکدا داخزیو هەردوو ئانیشکی خۆی لە سەر سکی کابرای کوژراو دانا، کە ڕەق بوو بوو و چوو بوو بەناوا. هێندەی خوێن لەبەر ڕۆیی بوو، هێزی تیا نەما بوو، دڵی تێك هەڵدەهات، وەکو منداڵ دەگریا و بۆ ئەوەی نەبورێتەوە، گیای بێتامی ئاونگ گرتەی دەخوارد. هەرچۆنێ بوو خۆی گەیاندە سەندوقێکی ئاوەژووی قونبەلان، خۆی بە سەندوقەکەوە گرتو بە هەر زەحمەتێ بوو هەستایە سەر پێیان، ماوەیەکی زۆر بە دەم لەتردانەوە وەستاو ئەوجا کەوتە ڕێ. بەرەبەرە تینی تێگەڕایەوە، بە هەنگاوی مکومترەوە ڕۆیی، حەوتەوانەی کرد بە نیشانو بەرەو ڕۆژهەڵات ملی ڕێگەی گرت. لە کەناری جەنگەڵەکەدا، دەنگێکی کوتو پڕ تێی خوڕی:

– زەلام کێی، لە جێ خۆ نەجوڵێی دەنا تەقەت لێدەکەم!

گوێی لە دەنگی میل هێنانەوەی چەك بوو، ڕوانیە سەمتی دەنگەکە. کابرایەك خۆی دابووە پەنای دار سنۆبەرێك. گریگۆری پرسی:

– تۆ کێی؟

گریگۆری، دەنگی خۆی بە تەواوەتی نەدەناسیەوە، وەکو دەنگی کابرایەکی بێگانە لە گوێیا دەنگی دایەوە.

– ڕووسیت؟ ئەی خودا گیان! ... وەرە بۆ ئێرە!

کابرا لە نزیکی دار سنۆبەرەکەدا خۆی دانەواندەوە! گریگۆری لێی چووە پێشەوە

– خۆت دانەوێنە!

– ناتوانم.

– بۆچی؟

– ئەگەر بکەوم ناتوانم هەستمەوە. سەرم بریندارە.

– تۆ هیچ کام یەکەی؟

– له کەتیبەی دوازدەیەمی قۆزاقی دۆنم.

– کاکی قۆزاق، فریام بکەوە. یارمەتیم بدە!...

گریگۆری، کە بەقەیتانی کەتافیەکەیدا زانی ئەفسەرە، گوتی:

– قوربان، من خۆم خەریکە دەکەوم.

– بەلای کەمەوە دەستم بدەیە.

گریگۆری، یارمەتی ئەفسەرەکەی داو هەڵیستاند. بە دوو قۆڵی کەوتنە رێ، بەڵام ئەفسەرەکە، هەنگاو بە هەنگاو پتر قورسایی خۆی دەخستە سەربازووی گریگۆری. لە کاتێکا کە لە شیوەلۆکێکەوە سەر دەکەوتن، ئەفسەرەکە قۆڵی کراسە سەربازیەکەی گریگۆری گرت و دانەکانی لە تاو ئازار چیڕ کردنەوەو گوتی:

– کاکی قۆزاق، لێرە بە جێم بێڵە... بریندارم... گوللەکە رێك بەر گەدەم کەوتووە.. کونی کردووە.

چاوەکانی لەپشت عەینەکەکەیەوە بەرە بەرە لێڵ دەبوون و سات بەسات هەناسەی پتر تەنگ دەبوو. ئەوجا کوت و پڕ بورایەوە، گریگۆری دای بە کۆڵی خۆیداو بردی. بەدەم کەوتن و هەستانەوە دەچووە پێشێ. دووجار دایناو بەجێی هێشت، دووجار گەڕایەوە سەری و هەڵی گرتەوەو بردی، چۆن هەڵگرتن و بردنێك! وەکو ئەوەی بەدەم خەوەوە ڕێبکات.

له سەعات یازدەدا، دەورێیەکیان تووش بوو، بردیانن بۆ بنکەیەکی نوژداری.

بۆ سبەینێ، گریگۆری خۆی دزییەوەو رۆیی. هەرکە گەییە سەر رێگاکە، سارغیەکەی سەری کردەوە، بار سووك و سەر سەلامەت بەدەم بادانی سارغیە خویناویەکەیەوە، هێدی هێدی رێی دەکرد.

کاتێ گەییشتەوە بارەگای سەرکردایەی کەتیبەکەی خۆی، فەرماندەی سریەکەی بەسەرسامی لێی پرسی:

– له کوێوە دێی؟

– قوربان، هاتوومەتەوە تا لە ئەرك و واجبی خۆم دوا نەکەوم.

کە لەلای فەرماندەی سریەکەی رۆیی، تووشی عەریفی فەسیڵەکەی بوو و لێی پرسی:

– ئەرێ ئەسپەکەم.. ئەسپە کوێتەکەم لە کوێیە؟

– خەمت نەبێ، ساغ و سەلامەتە، کاکی خۆم. هەرکە لە ڕاونانی نەمساویەکان بوینەوە، ئەسپەکەمان لەوێ گرتیتەوە. ئەدی خۆت چۆنی، چیت بەسەرهات؟ دەزانی وێردو نزامان بۆ خوێندی کە روحت ئارام بێ و بچیە بە هەشتێ؟

گریگۆری، بەدەم بزەیەکی تاڵەوە گوتی:

– پەلەتان بوو کە...

ئەم فەرمانە لە کەتیبەکەیەوە هات.

چونکە قۆزاق، گریگۆری میلیخوڤ سەربازی کەتیبەی دوازدەیەمی قۆزاقی دۆن، گیانی سەرهەنگی دووەم گۆستاڤ گروسبیرگی، فەرماندەی کەتیبەی نۆیەمی سوارەی لە مەرگ رزگار

کردووه، بڕیار درا بەرز بکرێتەوە بۆ پلەی نایب عەریف و میداڵی نمرە چواری سان جۆرجی پێ ببەخشرێت.

کەتیبەکەی گریگۆری دوو دانە ڕۆژ لە شاری کامینکاسترومیلوڤ مایەوەو خۆی ئامادە دەکرد کە بۆ شەوێ دوبارە بکەوێتە پێشرەوی.گریگۆری بنکەی فەسیلەکەی خۆی دۆزییەوە. ئەوجا چوو بە سۆراخی ئەسپەکەیەوە. دوو فانیلەو خاولیەکیان لە خورجینی تەرکی زینەکەی دزی بوو. میشکا کوشیڤوی کە ئەرکی ئاگاداری ئەسپەکەی پێسپێردرا بوو، بەشەرمەزارییەوە ئیعترافی کرد:

– گریگۆری، بە بەر چاوی خۆمەوە دزییان. یەك دنیا سەربازی پیادە ڕژانە ئێرە، ئەوان شتەکانیان دزیت.

– سەریان بە قەبری بابیان، با پێی خەنی بن، شتێکم دەوێ سەرمی پێببەستم، سارغیەکەم یەکپارچە خوێنە.

– خاولیەکەی من ببە.

لەم ماوەیەدا ئوریوپین (قژنە) خۆی بەدالآنەکەدا کرد، و زۆر دۆستانە دەستی بۆ گریگۆری درێژ کرد، لە تۆ وایە هیچ قەرقەشەو شەڕێکیان نەبوو بوو.

– مەرحەبا میلیخوف، شوکر ماوی!

– جا ئەمە مانە!

– هەنیەت خوێنی لێدێ، بیسڕە

– دەیسڕم، پەلەم نیە.

– کوا با تەمەشای بکەین، بزانین چیان بەسەر هێناوی.

قژنە، بە تۆبزی سەری گریگۆری هێنایە خوارێ و بۆنی کرد.

– باشە بۆ هێشتت قژت بڕن؟ تۆ تەمەشا ئەم دکتۆرانە چییان لێکردوویت! ئەوانە بۆ ئەو دنیات ئامادە دەکەن. وەرە با من تیمارت بکەم.

بێئەوەی چاوەڕوانی ڕەزامەندی ئەو بکات، فیشەکێکی لە فیشەکدانەکەی خۆی دەرهێناو باروتەکەی کردە ناو دەستە ڕەشەکەی خۆیەوە.

– میشکا، داوە جاڵجاڵۆکەیەکم بۆ پەیدا بکە.

کوشیڤوی، بە نووکی شمشێرەکەی خۆی، تۆپەڵێك داوە جاڵجاڵۆکەی لە کاریتەیەکی بنمیچەکە کردەوەو دای بە قژنە. ئەوجا ئوریوپین (قژنە) بە نووکی هەمان شمشێر، تۆزێ گڵی لە ئەرزەکە هەڵکەندو کەمێك گڵی هەڵگرت، دەگەڵ داوە جاڵجاڵۆکەکەو باروتەکەدا تێکەڵی کردو ماوەیەکی زۆر هەمووی پێکەوە جوو، کردی بەهەویرو هەویرەکەی لە زامە خوێناویەکەی سەری گریگۆری ناو بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

– لە زەرفی سێ ڕۆژا عەلەمت لێنامێنێ، ئەها بزانە من بۆ تۆ چۆنم. کەچی تۆ دەتویست من بکوژیت.

– سوپاسی خەمخۆری‌و دڵسۆزیەکەت دەکەم، بەلام ئەگەر بمکوشتبای باری گوناحێك لەسەر ویژدانم سووك دەبوو.

– چەند ساویلکەی، کوڕی باش!

– ئیدی من هەر ئەوەم کە هەم. ئەرێ سەرم چۆنە؟

– برینەکەی زۆر قووڵ نیە. وەکو یادگارێك ئەوانت بیر دەخاتەوە.

– قەت لە بیریان ناکەم.

– ئەگەر بشتەوێ لە بیریان بکەی، هەر ناتوانی، نەمساویەکان وەکو پێویست شمشێرەکانیان تیژ ناکەن، یارۆ بە شمشێرێکی کول کێشاویە بەسەرتا، بۆیە هەتا ماوی ئەو جێ زامە بەسەرتەوە هەر دەمێنێ.

کوشیڤوی بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

– گریگۆری بەختت یاربوو کە دەمی شمشێرەکە داخزیوە، دەنا ئێستا لە خاکی غەریبیدا نێژرابوویت، بە تەنیاو گۆڕ غەریب.

گریگۆری، کاسکێتە دڕاوو خوێناویەکەی لوول کردو بە نیگەرانی گوتی:

– چی لەم کاسکێتەم بکەم؟

– فڕێی بدە، کسۆکان دەیخۆن.

لەبەر دەرگای کوختەکەوە دەنگێك بانگی لێکردن:

– کوڕینە، خواردن هات. خێرا بڕۆن وەری بگرن.

قۆزاقەکان، لە کوختەکە وەدەرکەوتن، ئەسپە کوێتەکەی گریگۆری حیلاندی‌و چاوە ئەبڵەقەکانی بڕینە گریگۆری کە دوور دەکەوتەوە. کوشیڤوی ئاماژەی بۆ ئەسپەکە کردو گوتی:

– گریگۆری، دەزانی غەریبی دەکردیت. زۆرم پێسەیر بوو. هیچی نەدەخوارد، بەردەوام دەی حیلاند.

گریگۆری ئاوڕێکی دایەوەو بە دەنگێکی نزم گوتی:

– ئەو کاتانەی کە بە سینگە خشکێ خۆم بکێش دەکرد، بەردەوام ئەسپەکەم گازدەکرد. دڵنیا بووم کە بەجێم ناهێڵێ. زۆر زەحمەتە پشت بۆ هیچ غەریبەو غەوارەیەك بدات.

– راستە، ئێمەش بە زەبری کەمەند گرتمان.

– ئەسپێکی چاکە، ئەسپی پیوتەری برامە.

گریگۆری سەری وەرگێڕا، تا چاوە فرمێسکاویەکانی بشارێتەوە. چوونە ناو خانووەکەوە، یگورزارکوف لە ژوورەکەی پێشەوە لەسەر دۆشەکێکی سپرینگدار، کە لەسەر تەختە خەوێکی داگرتبوو، پرخ‌و هۆڕ لە غوڕابی خەودا بوو. بێسەرو بەری‌و بێنەزمی ژوورەکە، ئەوەی نیشاندەدا کە خاوەنی ئەم ماڵە زۆر بە پەلەو بە شپرزەیی رۆیی بوون. لەت‌و پەتی ئامانێن شکاو، پارچە کاغەزو کتێبان، وردەو پردە، ئەسپاب وازی منداڵان، تاکە پێڵاوی کۆن، ئاردی رژاوو پژاو، زۆر بەشپرزەیی‌و تێکەڵ و پێکەڵی بە ژوورەکەدا بڵاو بوو بوونەوەو بە ئاشکرا جاڕی وێرانییان دەدا.

یەمیلیان گروشوف وپروخورزیکوف، سووچێکی ژوورەکەیان پاك کردەوەو، دانیشتن و دەستیان بە نانخواردن کرد. زیکوف کە چاوی بە گریگۆری کەوت، چاوە گەورەو میهرەبانەکانی پەڕینە تۆقی سەری:

– گریشکا! ئەمە تۆی، لە کوێوە پەیدا بووی؟

– لەو دنیاوە.

ئوریوپین (قژنە) هاواری کرد:

– خێراکە، بڕۆ شۆربای بۆ بێنە. چیە بۆ وا ئەبڵەق بوویت؟

– هەر ئێستا، مووبەقە گەڕۆکەکە لەسەری کۆڵانەکەیە.

پروخور، بە زاری پڕ لە خواردنەوە، بە هەشتاو ڕۆیی بۆ ناو حەوشەکە، گریگۆری، شەکەت و ماندوو لەجێی خۆی دانیشت.بەدەم زەردەخەنەیەکی شەرمنانەو گوتی:

– لە بیرم نایەت کەی بۆ دوا جار تێر بەسکی خۆم نانم خواردووە.

هەندێ یەکەی سوپای سێیەم بە ناو شار کەوتبوون و لە جم و جوڵدا بوون. جادەو کۆڵانە تەنگەکانی، لە سەربازی پیادەدا جمەیان دەهات، گالیسکەی باروبنەی زۆرو زەبەنە، یەکەێن سوارە، هەموو کۆڵانەکانیان گرتبوو، چوار ریانەکان زۆر جەنجاڵ و قەرەباڵغ بوون. ئیدی هەراو هەنگامەو زەنا زەناو دەنگی هاتوچۆی سوپا لە دەرگا داخراوەکانیشەوە دەهاتە ژوورەوە پروخور بەپەلە، بەقاپێ شۆرباو مەنجەڵێك کاشاوە (کاشا: جۆرە خۆراکێکی رووسیە) گەڕایەوە.

– ئەم کاشایە بکەمە چیەوە؟

گروشوف، لەگەنێکی، کە نەیدەزانی هی چیە، لە قەراخ پەنجەرەکە هەڵگرت و گوتی:

– ها، ئەمە تاوەیەکی دەسکدار.

پروخور، چارەی گرژ کردو گوتی:

– ئەم تاوەیە بۆنی زۆر ناخۆشە.

– قەدی ناکات، بیکە ناوی، پاشان دابەشی دەکەین.

پروخور زیکوف، مەنجەڵەکەی بە تاڵکرد. هاڵاو لە کاشا خەست و ئیشتیا بزوێنەکە هەڵدەستا. ڕۆن لە قەراخیا کۆ بووبووەوە. بەدەم قسانەوە کەوتنە خواردن، پروخور بەتف پەڵەیەکی سەر قەیتانە کاڵەوە بووەکەی پانتۆڵەکەی خۆی سڕی و گوتی:

– لەم تەنیشتەی ئێمەوە تۆپخانەیەکی جەوەڵی سوارە هەیە.خەریکن ئەسپەکانیان ئالیك دەدەن. رەیس عورەفاکەیان لە ڕۆژنامەدا خوێندویەتیەوە کە هاوپەیمانان، ئەڵمانەکانیان تێکشکاندووە ئەمما تێکشکان!

قژنە، بەزاری پڕ لە شۆرباوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

– میلیخوف خۆزگە ئەم بەیانییە لەوێ دەبوویت و دەتبینی چۆن سوپاس و ستایشیان کردین.

– کێ؟

– فەرماندەی فیرقە ڤۆن دیڤید، ریزی کردین و ئەوجا سوپاسی کردین کە سوارەی مەجەڕمان تێك و پێك شکاندووەو تۆپخانەکەی خۆمان رزگار کردووە، ئاخر چی وای نەمابوو تۆپەکانمان

بگرن‌و بیبه‌ن. به‌ڵێ جه‌نابی فه‌رمانده‌ی فیرقه گوتی: "دلاوه‌رانی قۆزاق، تزارو نیشتمان ئێوه له بیر ناکه‌ن."

– ئێ!

ئه‌و هێشتا له گه‌رمه‌ی قسه‌دا بوو که ده‌نگی فیشه‌کێك له ده‌ره‌وه به‌رزبووه‌وه، نه‌خێر فیشه‌کی دووه‌می به دوادا هات، نه‌خێر بوو به ده‌ستڕێژی ڕه‌شاش، گوێیان له ده‌نگێك بوو له‌به‌ر ده‌رگای حه‌وشه‌وه هاواری کرد:

– وه‌رنه ده‌ره‌وه!

قۆزاقه‌کان،مراکه‌کانیان دانا‌و به هه‌شتاو چوونه ده‌ره‌وه. فرۆکه‌یه‌ك به‌فڕۆ هۆڕی هه‌ڕه‌شه‌ئامێزه‌وه، به‌نزمیه‌وه به‌سه‌ر سه‌ریاندا ده‌سوڕایه‌وه‌و قژنه هاواری کرد:

– له ژێر په‌رژینه‌کاندا خۆ به عاردیدا بده‌ن! تۆزێکی دی ده‌که‌وێته بۆردومان، تۆپخانه‌یه‌ك له ته‌نیشت ئێمه‌وه‌یه.

– یه‌کێك بڕوات یگۆڕ بێدار بکاته‌وه! ده‌نا به‌سه‌ر دۆشه‌که نه‌رمه‌که‌یه‌وه ده‌کوژرێ.

– تفه‌نگه‌کان بێنن!

قژنه، به‌ده‌م سێره‌گرتنه‌وه، له‌سه‌ر قاڵدرمه‌کانی به‌ر ده‌رگاوه که‌وته ته‌قه کردن.

سه‌ربازان، به کوچه‌و کۆڵانه‌کاندا غاریان ده‌داو بێهیچ هۆیه‌ك خۆیان داده‌نه‌وانده‌وه. له حه‌وشه‌که‌ی ته‌نیشته‌وه ده‌نگی فه‌رمان‌و، حیله‌ی ئه‌سپان ده‌هاته گوێ. گریگۆری له‌سه‌ر په‌رژینه‌که‌وه ته‌مه‌شایه‌کی کرد: بینی تۆپچیه‌کان خه‌ریکن تۆپه‌کان ده‌به‌نه ژێر هه‌یوانی عه‌ماره‌که‌وه. گریگۆری سه‌ری هه‌ڵێنا، روانیه ئه‌و فڕۆکه‌یه‌ی به تاو ده‌هاته خواره‌وه، له‌و کاته‌دا شتێکی لێ به‌ر بووه‌وه‌و له‌به‌ر تیشکی هه‌تاوه‌که‌و به ئاسمانه‌وه به توندی ده‌دره‌وشایه‌وه. گرمه‌یه‌کی ترسناك ماڵه‌که‌و قۆزه‌کانی، که له‌به‌ر قاڵدرمه‌کانی به‌ر ده‌رگادا، به ده‌ما خۆیان دابوو به ئه‌رزا، هه‌ژاند. له حه‌وشه‌که‌ی ته‌نیشته‌وه، ئه‌سپێك به‌ده‌م گیانه‌ڵڵاوه حیلاندی‌و بێده‌نگ بوو.

بۆنی باروت‌و گۆگرد له ته‌یمان‌و په‌رژینی ماڵه‌که‌وه هاته ژووره‌وه.

ئۆریوپین، که به ڕاکه ڕاك له قاڵدرمه‌کانه‌وه داده‌گه‌ڕا، هاواریکرد:

– هه‌ر که‌سه‌و په‌ناگایه‌ك په‌یدا بکات.

گریگۆری، به دوای ئه‌وا ڕایکرد، هه‌ردووکیان له نزیکی په‌رژینه‌که‌دا خۆیان به‌عاردیدا دا. شتێك به باڵێکی فڕۆکه‌که‌وه بریقایه‌وه. فڕۆکه‌که به‌سه‌ریاندا ده‌سوڕایه‌وه. له ده‌ره‌وه ده‌ستڕێژی کورت کورت ده‌کرا به ئاسمانا‌و فیشه‌که‌کان به بێنه‌زمی په‌راگه‌نده ده‌بوون. گریگۆری شاجۆرێکی دیکه‌ی خسته سه‌ر تفه‌نگه‌که‌ی، له‌م کاته‌دا گرمه‌ی ته‌قینه‌وه‌یه‌کی تازه که له‌وه‌ی پێشوو توندتر بوو، نزیکه‌ی دوومه‌تر له په‌رژینه‌که‌وه هه‌ڵیدا، یه‌ك دنیا خۆڵی به‌سه‌را که‌وت‌و چاوی پڕ بوون له ته‌پو تۆز.

ئۆریوپین (قژنه) هه‌ڵیسانده‌وه. چاوی چه‌پی له ئازارا هه‌ڵنه‌ده‌هات، ئه‌وجا به‌زه‌حمه‌تێکی زۆر چاوی راستی هه‌ڵێناو سه‌یری کرد نیوه‌ی خانووه‌که روخاوه، خشته‌کان به‌سه‌ریه‌کدا که‌وتبوون‌و ته‌پوتۆزێکی په‌مه‌ییان لێبه‌رز ده‌بووه‌وه‌و شه‌پۆلی ده‌دا. یگورزارکوف، خه‌ریك بوو به چوار

چنگۆڵە لە ژێر قاڵدرمەکانی بەر دەرگاوە دەهاتە دەرێ. ئازای سەروچاوی هاواری دەکرد، چاوەکانی دەرپۆقی بوون، فرمێسکی خوێنین لەچاوانیەوە بەسەر گۆنایدا دەهاتە خوارێ، بەدەم سکە خشکێوە، سەری بردبووە نێو هەردوو شانیەوە. بێئەوەی لێوەکانی، کە وەکو لێوی مردوو شین و مۆر بوو بوونەوە، بە تەواوەتی هەڵێنێ، هاواری دەکرد:

– ئای ی ی! ئۆی ی ی ی! ئۆخ خ خ!

یەکێك لە لاقەکانی خۆی کە لە رانیەوە قەت بوو بوو و بە تۆزقاڵە چەرمیکەوەو بە لنگی پانتۆلەکەیەوە بەند بوو، لە دووی خۆی ڕادەکێشا. بەڵام لاقەکەی دیکەی لەبن و بێخەوە نەما بوو. بە خاوی بەسەر هەردوو دەستیا دەخزی. بەدەنگێکی نزم کە لە دەنگی منداڵ دەچوو، دەی ناڵاند. پاشان دەنگی بڕا، بەلادا کەوت، دەموچاوی لە ئەرزە رەقەکەدا، کە هەر پەین و لەتە خشت بوو چەقی. کەس هەوڵی نەدا بچێت بەلایەوە.

گریگۆری، کە هێشتا دەستی بەسەر چاوی چەپیەوە بوو، هاواری کرد:

– هەڵیگرنەوە.

چەند سەربازێکی پیادە بە ڕاکە ڕاك هاتنە حەوشەوە. گالیسکەیەکی دوو چەرخە، کە دەستەیەك سەربازانی تەلەفۆنچی رایاندەکێشا لەبەر دەرگا وەستا. ئەفسەرێك بەسەر ئەسپەکەیەوە، بەچوار ناڵە بەلایاندا تێپەری و هاواری لێکردن:

– هێرش بەرن! ئەوە چ دەکەن لێرە، هەی گەوجینە!...

پیرەمێردێك، بە پاڵتۆیەکی ڕەشی درێژەوە دەگەڵ دوو ژندا پەیدا بوو. خێرا کۆمەڵێك لە دەوری زارکوف خڕبوونەوە. گریگۆری دڕی پێدان و خۆی گەیاندە دیاری، سەیری کرد هێشتا بەدەم لەرزینەوە هەناسە دەدا. چەند دڵۆپە ئارەقەیەکی درشت نیشتبووە سەر هەنیەی کە زەردی مەرگی پێوە دیار بوو.

– بیبەن! چاوەڕوانی چین؟... ئاخر ئێوە بەشەرن یان حەیوان؟

سەربازێکی پیادە بە تووڕەیی گوتی:

– ئەرێ ئەوە چیتە: "بیبەن، بیبەن"ت لێگرتووینەتەوە، بۆ کوێی بەرین؟ نابینی خەریکە گیان دەدا!

– هەردوو لاقی پەڕیوە.

– تۆ سەیری ئەم هەموو خوێنە، ماقووڵە...

– باشە پەرستارەکان لە کوێن؟

– پەرستارت بۆ چین؟

– ئاخر، هێشتا هۆشی بەخۆیە.

ئۆریوپین، لە پشتەوە دەستی خستە سەر شانی گریگۆری. گریگۆری ئاوڕی دایەوە. ئۆریوپین لە بن لێوانەوە گوتی:

– مەیجوڵێنە، وەرە لەم دیوەوە تەمەشای بکە.

ئەوجا سەری قۆڵی گریگۆری گرت، خەڵکەکەی لادایە لاوە. گریگۆری تەمەشایەکی کردو بە کووڕە کووڕ بەرەو دەرگای حەوشە ڕۆیی. لە ژێر سکی زارکوفەوە، هەڵم لە ریخۆڵە شینو پەمەییەکانیەوە هەڵدەستاو ریخۆڵە ئاڵۆزکاوەکانی لەسەر گڵو پەینەکە تۆپەڵ بوو بوو و بەرە بەرە دەئاوسا، باسکەکانی بەملاو بەولایدا درێژ کردبوون، لە تۆ وایە دەیەوێ ورگو ریخۆڵەی رژاوی کۆ بکاتەوە. یەکێك پێشنیازی کرد:

– دەموچاوی داپۆشن.

زارکوف، لە ناکاوا، خۆی لەسەر دەستەکانی بەرزکردەوە. سەری بە پشتا برد، سەری بە نێوان هەردوو شانیاو بە پشتا شۆڕ بووەوە. بە دەنگێکی گڕ کە تەنیا لە دەنگی بەشەر نەدەچوو هاواری کرد:

– براینە، براکانم، بمکوژن... براینۆ بمکوژن! بۆچی راوەستاون و تەمەشام دەکەن؟ ئاخ خ خ!... براینۆ، بمکوژن، رزگارم بکەن!

((٢١))

فارگۆنی قیتارەکە وەکو بێشکە بەسستی و خاوی دەهەژا، تەکانو دەنگی چەرخەکان وەکو لایەلایە لە گوێدا دەنگی دەدایەوەو بەشەری دەکردە خەو. روناکیەکی زەردباو لە فانۆسی بن میچەکەوە، دەیدا لە ناوەندی تەختەکە. چەند خۆشە پیاو بە کەماڵی ئیسراحەت، درێژاو درێژ لێی ڕاکشابێتو دوای پازدە رۆژ لە عارەق رشتن پێڵاوی لێداکەندبێ و پێیەکانی ئازادی ئازادبنو هیچ ئەرکێکی لەسەر نەبێتو دڵنیا بێ کە هیچ مەترسیەك لەسەر ژیانی نیەو مەرگ زۆر لێوەی دوورە، بە تایبەتی گوێگرتنی لە دەنگو ریتمی دڵگیری چەرخی فارگۆنان کە دەگەڵ هەر تەکانێکی مەکینەی قیتارەکەدا لە بەرەی شەڕ دوورو دوورتر دەکەوێتەوە. گریگۆری بەو جۆرە بە حەواسی بێدارەوە راکشا بوو و قامکێن پێیە رووتەکانی دەجولاند و جلی تازەو پاکی لەبەردا بوو. وای هەست دەکرد لە قاڵبێکی کۆنی چڵکنی سواو دەرهاتووەو چووەتە قاڵبێکی پاكو بێ لەکەی ترەوە، یانی کاژە کۆنەکەی فڕێ داوەو کاژێکی تازەی هێناوەتەوە.

ئەوەی ئەم ئاسوودەییو ئارامیەی لێدەشێواند، ئازاری چاوی چەپی بوو. جاری وا هەبوو ئازارەکەی کەمێك دەسەکنیو پاشان وەکو ئاگر کڵپەی دەسەندو فرمێسك لە ژێر سارغیەکەی سەرچاویەوە سەری دەکرد. پزیشکێکی گەنجی جولەکە، لە خەستەخانەی کامنسکاسترومیلیوڤو چاوی گریگۆری معایەنە کرد، شتێکی لەسەر پارچە کاغەزێك نووسیو گوتی:

– تۆ نابێ لێرە بمێنی، دەبێ بنێردرێی بۆ پشت بەرەی شەڕ. چاوت خراپ ئاسیوی دیتووە.

– کوێر دەبم دکتۆر؟

پزیشکەکە کە ترسێکی ئاشکرای لەپرسیارەکەی گریگۆری بەدی دەکرد، بە میهرەبانی بزەیەکی بە روویا داو بەرسڤی دایەوە:

– نە بابە، ترسی ناوێ! پێویستە چاربکرێ، لەوەیە پێویستی بە نەشتەرگەری بێت. ئێمە دەتنێرین بۆ پشت شەڕگە، بۆ نموونە بۆ پرتروگراد یان مۆسکۆت دەنێرین.

– زۆر سوپاس.

– ترست نەبێ، چاوت لە دەست نادەیت.

دکتۆر، دەستێکی بە شانی گریگۆریدا دابوو، ڕەچەتەکەی دابووە دەستیو تا بەر هەیوانەکە بەڕێی کردبوو. هەرکە گەڕایەوە قۆڵی لێهەڵماڵیو خۆی بۆ کاری نەشتەرگەری ئامادە کردبوو.

گریگۆری، دوای ئەم سەرو ئەوسەرێکی زۆرو چاوەڕوانیەکی دوورو درێژ، خۆی لە قیتاری نۆژداریدا بینییەوە. چەندین ڕۆژ بە کەماڵی ئیسراحەت بۆ خۆی لێی ڕاکشا، تەواو ئیسراحەتی کرد. مەکینەیەکی چکۆلەو کۆنە، دوا هێزی دابووە خۆیو ڕێزێك فارگۆنی بە جڕەجڕ بە دووی خۆیدا ڕادەکێشا. بەرە بەرە لە مۆسکۆ نزیك دەبووەوە. شەوێ گەییشتنە ئەوێ. ئەوانەی زامەکانیان سەخت بوو، بە پەلەو بەدەسەبەرە گوێزرانەوە. ئەوانەی خۆیان بەپێوە دەگرتو دەیان توانی ڕێبکەن، پاش ئەوەی ناونووس کران، لەسەر شۆستەی قیتارەکە خڕبوونەوە. ئەو پزیشکەی کە دەگەڵ قیتاری نۆژداریەکەدا بوو، ناوی گریگۆری خوێندەوەو ڕادەستی پەرستارێکی ژنی کردو پێی گوت:

– بینێرن بۆ تیمارگەی چاو، بۆ لای دکتۆر سنگیریوف، لە جادەی کۆلپاچینی!

پەرستارەکە لە گریگۆری پرسی:

– کەلوپەلت پێیە؟

– قۆزاقو کەلوپەلیان گوتووە؟! هەر خۆمو خورجینو پاڵتۆکەمم.

– دەیسا، دوام کەوە با بڕۆین.

پەرستارەکە، بەدەم ڕێوە لەچکە سپیەکەی لەسەری توند کردەوەو قژەکەی شاردەوە، خشەخشی جلەکانی سەعاتە ڕێیە دەڕۆیی. گالیسکەیەکیان بەکرێ گرت. هەراو هەنگامەی شاری گەورە کە بەرەو پیری خەو دەڕۆیی، زەنگی قیتارو ترامەوای، تیشکی شینباو و ڕەنگاو ڕەنگی گڵۆپی کارەبا، بە ڕاستی گریگۆریان سەرسام کردبوو، پشتی بە کورسی گالسکەکەوەداو بە کونجکاوی دەیڕوانیە جادەو شەقامەکان، کە هەر چەندە دنیا شەو بوو، پڕ بوون لە خەڵکی، گەرمای ئاشوب ئەنگێزی جەستەی ئەو ژنەی کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو، هەستێکی سەیری لا دروست دەکرد. لە مۆسکۆدا لە ئێستاوە پایزو خەزان دەرکەوتبوو. گەڵای درەختانی ئەم بەرو ئەوبەری شەقامەکان لەبەر تیشکی گڵۆپاندا زەرد دەچوونەوە، هەوای شەو سارد بوو، لە ئێستاوە بۆنی سەرماو سۆڵەو یەخبەندانی لێدەهات. سەڵبەندی شۆستەکان لە ئاونگا دەبریقانەوەو ستێران بە بەرۆکی سافو سامالی ئاسمانەوە، هەمان درەوشانەوەی ساردی وەرزی خەزانیان هەبوو، گالیسکەکە لە ناوەندی شارا پێچی کردەوەو خۆی بە کۆڵانێکی باریكو چۆڵدا کرد. سمی ئەسپەکان بە تەقو هۆڕ بەر بەردێن کۆڵانەکە دەکەوتن. گالیسکەچیەکە کە پاڵتۆیەکی دەڵبی کەوەیی لەبەر کردبوو. لەکەشیشان دەچوو، لەسەر نشیمەنەکەی خۆی دانیشتبوو، بە کۆتایی دەستە جڵەوەکەی دەستی، دەیکێشا بە پشتی یابووە(بارگیر) گوێ شۆڕەکەیدا. لە دەوروبەری شارەوە، دەنگی شووتی قیتاران دەهاتە گوێ. گریگۆری لە دڵی

خۆیدا گوتی: "ڕەنگە قیتاریێك بێ بەرەو دۆن بەڕێوە بێ" سۆزی غەریبی نیشتمان گرتی و سەری داخست.

پەرستارە ژنەکە لێی پرسی:

- خەوت دێت؟

- نەخێر.

- زۆرمان نەماوە، تۆزێکی دی دەگەینە جێ.

عەرەبانچییەکە ئاوڕی دایەوە:

- چیت فەرموو؟

- خێراتر بڕانە!

ئاوەی ئەستێلێك لە پشت موحەجەرەیەکی ئاسنەوە وەکو زەیت بریقایەوە. گریگۆری لەنگەرگەیەکی چکۆلەی بینی کە موحەجەرەیەکی بە دەورا کێشرا بوو و بەلەمێکی پێوە بەسترا بوو. شنەبایەکی شێدار بۆ ساتێك هەڵیکرد.گریگۆری لە دڵی خۆیدا و بە حەواس پەرتیەوە گوتی: " لێرەدا، تەنانەت ئاوەکەشیان زندانی کردووە، لەوێ لە دۆندا شتی وا نییە..."

گەڵای ڕژاوی دارو درەختان لە ژێر پێچکە لاستیکەکانی گالیسکەکەدا کەوتبوونە خشەخش.

گالیسکەکە لە بەردەم بینایەکی دوو نهۆمیدا وەستا. گریگۆری بە گورجی دابەزی، پاڵتۆکەی ڕێکخست، پەرستارە ژنەکە، بە دەم دانەوینەوە گوتی:

- کوا دەست بدە من.

گریگۆری، دەستە بچووك و نەرمەکەی پەرستارەکەی گرت و یارمەتی دا تا لە گالیسکەکە دابەزێت.

- بۆنی ئارەقەی سەربازت لێدێ.

گریگۆری، بەتووڕەییەکی پەنهانەوە پێی گوت:

- خوشکێ ئەگەر ماوەیەك لەوێ دەبیت، هەنگێ بۆنی لەمەش ناخۆشترت لێدێ.

پەرستارەکە نەرمە پێکەنینێکی بۆ کردو چوو لە زەنگی دەرگای بینایەکەی دا. پاسەوان و دەرگاوانی خانووەکە دەرگای کردەوە. بەقاڵدرمەیەکی موحەجەرە زەردا بۆ قاتی دووەم سەرکەوتن. پەرستارەکە جارێکی دیکەش لە زەنگی دا. ژنێك بە باڵاپۆشێکی سپییەوە دەرگای لێکردنەوە. گریگۆری لە هەنبەر مێزێکی خڕی چکۆلەدا دانیشت. پەرستارەکە، لە بن لێوانەوە شتێکی بە ژنە سپی پۆشەکە گوت و ئەویش چەند شتێکی نووسی.

لە دەرگای ریزە ژوورەکانی ئەمبەرو ئەوبەری ڕاڕەوەکەوە نەخۆشان بەجۆرەها چاویلکەی ڕەنگاو ڕەنگی جیاوازەوە، سەریان دەکێشا. ژنە سپی پۆشەکە دەستوری دا:

- پاڵتۆکەت داکەنە.

پەرستارێکی پیاو، کە ئەویش سپی پۆش بوو، پاڵتۆکەی لە دەست گریگۆری وەرگرت و بەرەو گەرماوی برد.

- هەموو جلەکانت داکەنە.

- بۆچی؟
- دەبێ خۆت بشۆیت.
لەو ماوەیەدا کە گریگۆری بەدەم خۆ داکەندنەوە، بەسەرسامی دەیڕوانیە هەموو شتێکی گەرماوەکەو پەنجەرە مات و لێڵەکانی، کابرای پەرستار حەوزەکەی پڕکرد لە ئاو، پلەی گەرمی ئاوەکەی پێوا، ئەوجا دەستووری بە گریگۆری دا کە بچێتە ئاوەکەوە.
کاتێ کە گریگۆری لاقە ئەسمەرو تووکنەکەی خۆی هەڵدەبڕی تا بچێتە حەوزەکەوە، بە شەرمێکەوە گوتی:
- من و ئەم حەوزەیان نەگوتووە، ئەم حەوزە بۆ من نابێ...
پەرستارەکە، یارمەتیدا تا بە باشی خۆی بشوات، ئەوجا خاولیەکی دایە، کراسی تازەو فانیلەو دەرپێ و نەعل و ڕۆبێکی کەوەیی و پشتێنێکی دایە.
- ئەدی جلەکانی خۆم؟
- تا لێرە بی، دەبێ ئەم جلانەت لەبەرا بێ. کە لێرە لە خەستەخانە دەرچوویت، جلەکانی خۆت دەدەنەوە.
گریگۆری کە بەلای ئاوێنەیەکی بالانمادا ڕۆیی خۆی نەناسیەوە: بالا بەرز، ڕەشتاڵە، گۆنای جێ جێ ئاڵ، ڕۆبێکی لەبەر بوو، مووی ڕیش و سمێڵی لە ژێر سارغیەکەی سەرچاویەوە هاتبووە دەرێ. مەگەر بە ئاستەم، دەنا لە گریگۆریەکەی جاران نەدەچوو. سمێڵی هاتبوو، ردێنە کورت و لوولەکەی لە خوری پەز دەچوو. بزەیەکی کاڵی هاتێ و لە دڵی خۆیدا گوتی: "گەنج بوومەتەوە، گێڕێ فەرقم کردووە!".
پەرستارەکە گوتی:
- قاوشی ژمارە شەش، دەرگای سێیەم بە دەستی ڕاستا.
وەختێ گریگۆری، خۆی بە قاوشە گەورە سپیەکەدا کرد، قەشەیەك کە ڕۆبێکی کەوەیی خەستەخانەی لەبەرو عەینەکێکی شینی لە چاو بوو، لەبەری هەستاو کورسیەکەی بۆ بردە پێشەوەو بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی:
- هاو ژووری تازە! خێرهاتی، خۆشحاڵم. ئیدی پێکەوە بێتاقەت نابین، من خەڵکی زارئیسکم.
دوای چەند دەقیقەیەك پەرستارێکی ژنی قەڵەو کە دەموچاوێکی گەورەی ناحەزی هەبوو، دەرگای کردەوەو، بەدەنگێك کە دەتگوت لە بنەبانی سینگییەوە دەردێ، گوتی:
- میلیخوف، وەرە با چاوت معایەنە بکەن.
ئەوجا ڕێگای بۆ گریگۆری کردەوە، کە بۆ ڕاڕەوەکە بڕوات.

((٢٢))

سەرکردایەتی سوپا، بڕیاری دابوو کە بە هێزی سوارە، لە بەرەی باشووری ڕۆژئاواوە، لە ناوچەی چیڤلدا، هێرشێکی گەورە بکرێتە سەر سەنگەرەکانی دژمن و تێك و پێك بشکێنرێت و هێڵی پەیوەندیەکانی ببڕدرێت و هاوکات لەگەڵ ئەم هێرشەدا یەکەیەکی سوارەی بەهێز بنێردرێت

بۆ بەرەکانی پشتەوەی دژمن‌و بەهێرش‌و پەلاماری کوت‌وپڕ، هێڵی پەیوەندیەکانی دژمن بپڕێت‌و یەکڕیزی یەکەکانیان تێك بشکێنێ، سەرکردایەتی سوپا، هیواو ئومێدێکی زۆری بەم نەخشەو پلانە هەبوو: هێزێکی سوارەی یەجگار زۆر لە ناوچەی دیاریکراو کۆکرایەوە، یەکێك لەو هێزانە ئەو کەتیبە قۆزاقە بوو کە ملازم یەڤگینی لیستننتسکی خزمەتی تیادەکرد. رۆژی ٨/٢٨ بۆ هێرشەکە دانرا بوو، بەڵام بە هۆی بارانەوە خرایە رۆژی ٨/٢٩.

بەرەبەیانی ئەو رۆژە، لەشکرەکە لە مەیدانێکی زۆر گەورەدا، خڕ بووەوەو تەیارو ئامادە لە سەر پێ بوو بۆ هێرش.

لە هەشت فرسەخی ئەوێدا، لە قۆڵی راستەوە، هێزێن پیادە، دەستیان بە هێرشێکی تاکتیکی ساختە کرد تاهێزی دژمن مژوول بکەن‌و نەیان پەرژێتە سەر ئەوەی خۆ بۆ هێرشبەرانی راستەقینە تەرخان بکەن، لەلایەکی تریشەوە، هێزێکی دیکەی سوارە، هەر بۆ رێگومکێ، لە قۆڵێکی ترەوەو کەوتنە جم‌و جۆڵ.

ئەوەندەی چاو هەتەر بکات‌و، لەمەودای دیتنا بێ، هیچ شوێنەوارێکی دژمن لەبەردەم کەتیبەکەی لستننتسکی دا دیار نەبوو. ملازم لیستننتسکی، لە یەك فرسەخی سوارەکانی خۆیەوە، سەنگەرە چۆڵەکانی دژمنی دەبینی کە لە دوورەوە رەش دەچوونەوە، ئەودیوی سەنگەرەکان، یەکپارچە تەبارە جۆ بوو، کە لە نێو مژودومانی بەرە بەیانێکی شینباودا، بەدەم باوە شەپۆلی دەداو کەروێشکەی دەکرد.

ئایا فەرماندەیی دژمن بە هێرشەکەی زانی بوو؟ یان تەنیا سووسەی کردبوو؟ بە هەر حاڵ لە شەوی ٢٨- ٢٩/ ئابدا، سەربازانی دژمن سەنگەرەکانی خۆیان چۆڵ کردبوو و شەش فرسەخان لەوێندەر دوور کەوتبوونەوە و تەنیا سەنگەرو کەمینی رەشاشەکانیان لە دوای خۆ بەجێهێشت بوو، تا هێزی پیادەی ئێمە کە لە سەرانسەری ناوچەکەدا بەرانبەریان لێگرتبوون، بەرهەق بکەن‌و رێگەی پێشڕەویان لێببەستنەوە.

هەتاو لە پشت هەورێکی توندو بەرزەوە هەڵهات. تەم‌و مژێکی زەردباو، سەرانسەری دۆڵەکەی گرتبوو. فەرمانی هێرش دەرچوو. کەتیبەکان کەوتنە جولان. زەوی بە جۆرێ لە ژێر هەزاران سمی ئەسپدا، دەلەرییەوە لە تۆ وایە بوومە لەرزەیە. لیستننتسکی، ناو بە ناو جڵەوی ئەسپە رەسەنەکەی توند ڕادەکێشا و نەی دەهێشت بە چوارناڵە بڕوات، نزیکەی فرسەخ و نیوێکیان رێگا بڕی، پێشەنگی هێزی هێرشبەر لە کێڵگە جۆیەکان نزیك بوونەوە، جۆ تا ناوقەدی پیاو هاتبوو، لاولاو و گیای خۆڕسکیش تێی ئاڵابوو،و زۆر بە زەحمەت رێگەی رەوتەو یۆرغەی ئەسپانی دەدا. ئیدی تەبارە جۆ لە بەردەمیاناو تا مەودایەکی زۆر، بەدەم باوە کەروێشکەی دەکرد. بەڵام ئەو تەبارە جۆیانەی پشتیانەوە، لە ژێر سمی ئەسپاندا بە تەواوەتی کەتبوون‌و پێخوست بوو بوون، دوای چوار فرسەخان، ئیدی ئەسپەکان کەوتنە نووچدان‌و ئارق دەردان، بەڵام دژمن لە هیچ کونێکەوە دیار نەبوو. لیستننتسکی ئاوڕێکی لە فەرماندەی کەتیبەکەی دایەوە، نائومێدیەکی پەهانی بە سیمای جەنابی نەقیبەوە بەدی کرد.

شەش فرسەخە ڕێگا گاڵتە نیە، ڕێگاش بە دژواریە، ئەسپەکان تەواو شەکەت بوو بوون، هەندێکیان لە ژێر سوارەکانیاندا دەکەوتن. ئەوانی دی، بە تۆبزی خۆیان بکێش دەکرد. لەو کاتەدا ڕەشاشی نەمساویەکان کەوتنە تیرەندازی. ریزەکانی پێشەوەی هێرشبەرانی بەجارێ شپرزەو وێران کرد، بە تایبەتی کەتیبەی نێزەداران، لە پێش هەمووانەوە تێکشکاو کەوتە پاشەکشە. دوای ئەوان کەتیبەیەکی قۆزاقان، پەرتەوازە بوو، ئیدی دەسترێژی ڕەشاش وەکو باران بە سەریاندا داباریو تۆپو مەترەلۆزان بە ڕمبو هۆڕ تێیان بەربوو، ئیدی بەجۆرێ پەشۆکانو کەوتنە هەڵاتن کە قەیسەریان لێبوو بە کونە مشك. ئیدی ئەم هێرشە گەورەو بەربڵاوە، بە هۆی غەفڵەتو خیانەتی تاوانکارانەی سەرانی فەرماندەییەوە نەك سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵکو شکستو کارەساتێکی گەورەی لێکەوتەوە. هەندێ لە کەتیبەکان نیوەی نەفەرو ئەسپەکانیان لە دەست دا. زیانی کەتیبەکەی لیستنتسکی، بە تاقی تەنیا، بە کوژراوو بریندارەوە گەییە نزیکەی چوار سەد سەربازو شازدە ئەفسەر.

ئەسپەکەی لیستنتسکی لە ژێریا کوژرا، بە خۆیشی هەم سەری و هەم لاقی بریندار بوون. ڕەیس عورەفا چبوتاریوف، بەلەز خۆی لە ئەسپەکەی هەڵدابووە خوارێ، هەڵیگرتبووەوەو بە چوار ناڵە بۆی دەرچوو بوو.

سەرهەنگ گولوڤاچوف، سەرۆکی سەرکردایەتی فیرقەکە، کە چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی شەڕەکەی گرتبوو، دوای چەند ڕۆژێك پیشانی هەندێ لە ئەفسەرەکانی دابوو. ملازمێکی بریندار بەناوی جرڤیاکوڤ، یەك بۆکسی کێشا بوو بە سەروچاوی ئەوداو بەخۆیشی لە هۆڕژنی گریانی دا. چەند قۆزاقێك بە هەشتاو خۆیان گەیاند بووە ئەویو گولوڤاچوفیان، گرتبووە بن شاپو بۆکسو، کوشتبوویانو، ئەوپەڕی بێحورمەتیان بە جەنازەکەی کردبوو و، فڕێیان دابووە چاڵێکی پیسەوە. ئەو هێرشە حەیا بەرەو نەنگینە بەو جۆرە کۆتایی هات.

لیستنتسکی، لە خەستەخانەیەکی وارشۆوە نامەیەکی بۆ بابی نارد کە دوای چاك بوونەوە، مۆڵەت وەردەگرێتو بۆ پشوو دێتەوە بۆ یاگودنویە. بابە پیرەکەی، هەرکە نامەکەی ئەوی وەرگرت، چووە ژوورەکەی خۆی، دەرگای لەسەر خۆی داخستو تاسبەی بەیانی نەهاتە دەرێ، کە بەیانی هاتە دەرێ، زۆر گرژو پەست بوو. داوای لە نیکیتیچ کرد کە ئەسپە ڕەهوانەکە لە عەرەبانە بچووکەکە ببەستێ. ئەوجا قاوەڵتی (تێشت، تاشت، نانی بەیانی) کردو بەرەو ڤیشنسکایا کەوتە ڕێ. لەوێوە بە حەواڵە چوار سەد ڕۆبڵی بۆ کوڕەکەی ناردو، نامەیەکی کورتی بۆ نووسی:

"کوڕی ئازیزم، مایەی شانازیمە کە لە نزیکەوە، بە ئاگری جەنگ ئاشنا بوویت. سەنگەرو مەیانی شەڕ شوێنی شایستەی خانەدانان (نەجیمزادە)و سەرفرازانە نەك دەربار. تۆ لەوە ئابڕومەندترو زیرەکتری کە بتوانی بە ویژدانی ئاسوودەوە ،سەرشۆڕیو ملکەچی قەبووڵ بکەیت. هیچ کەسێکی بنەماڵەی ئێمە هەرگیز شتی وای لێنەوەشاوەتەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە باپیرەت بەر غەزەبو بێلوتفی تزار کەوتو تەمەنی خۆی لە یاگودنویەدا، بە سەربەرزی بێ ئەوەی چاوی لە میهرو مەرحەمەتی تزار بێ، بەسەر برد. یەڤگینی، بە خۆت ڕابگە، ئاگات لە

سیحەتی خۆت بێ، ئەوەشت لە بیربێ کە لەم دنیایەدا جگە لە تۆ کەسی دیکەم نییە. پوورت سڵاوت لێدەکات. ساغ‌و سەلامەتە. خۆیشم هیچم پێ نییە کە پێیتی بڵێم. بە خۆت دەزانی ژیانم چۆن دەقەتێ (دەگوزەرێ). دەنگ‌و باسی شەڕگە چیە؟ باشە ماقووڵە ئەم وڵاتەی ئێمە پیاوی ئاقڵ و بە ئاوەزی تیا نەمابێ؟ من باوەڕ بە هەواڵی ڕۆژنامان ناکەم. هەر هەموو درۆو دەلەسەیە، بە درۆو دەلەسەی ڕۆژنامەکانی ساڵانی پێشوودا، ئەمە دەزانم. ئەمانەی ئێستاش هەمان تاس‌و هەمان حەمامن، باشە یەڤگینی تۆ بڵێی ئەم شەڕە بدۆرێنین؟ بەوپەڕی تاسەوە چاوەڕوانی دیداری تۆم!"

ئەوەی ڕاستی بێ، لیستنتسکی هیچ شتێکی ئەوتۆی لە ژیاندا نەبوو، باسی بکات‌و بۆ یەڤگینی کوڕی بنووسێت. ژیانی وەکو جاران بێهیچ گۆڕانێك بە سستی‌و خاوی دەگوزەرا، مەگەر زیاد بوونی کرێی کرێکاران یان کەمی شەراب و مەی بۆ نووسیبا. ئاغا لە جاران زیاتری دەخواردەوە، زوو توڕە دەبوو، زۆر بە بیانوو بوو بوو.

ڕۆژێك، لە کاتێکی نا ئاساییدا ئەکسینیای گاز کردو بەتووڕەیی گوتی:

– تۆ وەکو پێویست کارەکانت ئەنجام نادەیت. بۆچی فراڤینی دوێنێ سارد بوو؟ بۆچی پەرداخەکانت پاك نەشتبوو؟ ئەگەر ئەمە جارێکی دی دووبارە ببێتەوە، دەرت دەکەم ها، تێگەیییشتی؟ دەرت دەکەم، من حەز لە خەڵکانی بێموبالات‌و پیس و پۆخڵ ناکەم! (ئاغا، بە تووڕەیی دەستەکانی تەکان دا) گوێت لێیە؟ من ئەمەم پێقەبووڵ ناکرێت.

ئەکسینیا، بەدەم کرۆشتنی لێوەکانیەوە، لە پڕ لە هۆڕژنی گریانی دا.

– نیکولای ئەلکسییوفیچ! کچەکەم نەخۆشە. چەند ڕۆژێکم مۆڵەت بدەیە، با پێی ڕابگەم. ناتوانم بە تەنیا بەجێی بێڵم.

– کچەکەت چیەتی؟

– قوڕگی دێشێت، خەریکە دەخنکێ...

– وەناقی گرتووە؟ ئەدی بۆ زوو قسەت نەکردووە هەی بارگیر! بڕۆ گوم بە لە بەر چاوم! کەرە! خێرا بڕۆ بە نیکیتیچ بڵێ عەرەبانەکە ئامادە بکات‌و بڕوات بۆ ناوچەی ڤیشنسکایاو دکتۆر بێنێ، خێرا دەی!

ئەکسینیا، بە پەلەپەل ڕۆیی‌و پیرەمێرد لە دواوە بە دەنگە گڕەکەی، بەر دەمرێژی جنێوی دەدا.

نیکیتیچ، بۆ سبەی بەیانی گەڕایەوەو پزیشکی نۆژداری دەگەڵ خۆیدا هێنا، دکتۆرەکە، منداڵەکەی، کە بەبێهۆشی کەوتبوو و سوورە تایەکی گەرم گەرمی لێبوو، معایەنە کرد. بێئەوەی بەرسڤی پرسیارەکانی ئەکسینیا بداتەوە، ڕۆیی بۆ لای ئاغا. لیستنتسکی، بێئەوەی تەوقەی دەگەڵدا بکات، لە ژووری میوانا پێشوازی کرد. بە ئاماژەی سەرو بە خوێنساردی سڵاوەکەی سەندەوەو پرسی:

– ئێ، منداڵەکە چیەتی؟

– قوربان وەناقیەتی.

– باشە چاك دەبێتەوە؟ ئومێدی چابوونەوەی لێدەکرێ؟

– کەمتر، لە گیانەڵلادایە. ئاخر زۆر منداڵە قوربان. زەحمەتە بەرگە بگرێت.

پیرەمێرد، یەکسەر سوور بووەوەو گوتی:

– باشە کەرپیاو، تۆ چیت خوێندووە، دکتۆری چیت؟ برۆ چاکی بکەوە.

دەرگاکەی بەرووی کابرای پزیشکدا، کە خەریك بوو زیرەی دەکرد، بە توندی داخستو بە خۆیشی، بە ناو ژوورەکەدا کەوتە هاتووچۆ.

ئەکسینیا لە دەرگای داو وەژوورکەوت.

– دکتۆرەکە، داوای ئەسپ دەکات، دەیەوێ بۆ ڤیشنسکایا بگەڕێتەوە.

پیرەمێرد، لەسەر پاژنەی پێیان وەرچەرخاو، کۆڵەمستی گوشی و هاواری کرد:

– پێی بڵێ ناماقوڵی کرد! بڵێ تا ئەو منداڵە چاك نەکاتەوە دوو پێی لێرە ناچێتە دەرێ! ژوورێکی بدەیە، خواردن و خواردنەوەی بۆ بنێرە.

ئەوسا، کۆڵەمستە رەق و تەقەکەی گوشی، هاواری کرد:

– ... تا دەتوانی خورادن و خواردنەوەی بدەیە، بەڵام باسی رۆییشتن نەکات... نا، ناڕوات.

پیرەمێرد، بێدەنگ بوو، چووە بەر پەنجەرەکە، بە قامکان کەوتە لێدانی پەنجەرەکە. ئەوسا لەو وێنە گەورەیەی کوڕەکەی، کە بە باوەشی دایەنەکەیەوە بوو، نزیك بووەوە و بە چاوانی نیوە نوقاوەوە دوو هەنگاوێك لێی دوورکەوتەوە، بەجۆرێ لێی وردبووەوە، وەکو ئەوەی منداڵەکە نەناسێتەوە.

ئەکسینیا، هەر لە یەکەم رۆژی نەخۆشینی منداڵەکەیەوە، قسە تاڵەکەی ناتالیای بیر کەوتەوە: "ئاهی من دەتگرێ، فرمێسکەکانم بەدبەختت دەکەن..." و دڵنیا بوو خوا تۆڵەی ئەوەی لێدەکاتەوە کە ئەو رۆژە گاڵتەی بە ناتالیا کردبوو.

ئەکسینیا، لە تاو منداڵەکەی ئارامی لێهەڵگیرا بوو. وێڵ و سەرگەردان، خۆیشی نەیدەزانی چ دەکات،دنیای لەبەر چاو کەوتبوو: "تۆ بڵێی خوا لێمی بسەنێتەوە؟" ئەم بیرۆکەیە، بە نیو نەختان بەرۆکی هزرو خەیاڵی بەر نەدەدا. قەت باوەڕی نەدەکرد خواگیان ئەوەی لەگەڵ بکات و منداڵەکەی بەرێتەوە بۆ خۆی، بەدڵ و بە گیان دوعای دەکرد لە خودا دەپاڕایەوە کە بە لوتف و میهری خۆی روحمی پێبکات: گیانی منداڵەکەی بپارێزێت.

"خودایا، بمبورە!... ئەم منداڵەم لێمەسەنەوە! خودایا بە روحمی خۆت رەحمم پێبکە، لە ڕوحمی خۆت بێبەشم مەکە!."

نەخۆشی تینی بۆ منداڵی تاین هێنا بوو. کچە لەسەر گازی پشت، یەك تەختە ڕاکشا بوو، مرخەمرخێکی، بە ئازار لە گەرووە چکۆلەکەیەوە دەهات، پزیشکەکە، کە لەوێ مابووەوە، رۆژی چوار جار دەهاتە دیاری و معایەنەی دەکرد. هەموو شەوێك ماوەیەکی زۆر، لەسەر قاڵدرمەکانی جەناحی رەنجبەرەکان دەوەستاو بەدەم سیغارکێشانەوە دەیڕوانیە ستێرانی ساردی پایز کە دەتگوت بە بار بە ئاسمانەوە وەرکراون.

ئەکسـینیا، شـەو تـا بـەیانی بـە دیـار تـەختی منداڵەکەیـەوە چـۆکی دادەدا. مرخـە مرخـی هەناسەی منداڵەکەی، دڵی دەگوشی.

منداڵەکە، لە بن لێوە چکۆلە وشکەکانیەوە گوتی:

– دایکە...

دایکی بە دەنگێکی خنکاوەوە ناڵاندی:

– گیانی دایکە، دڵەکەم! تانیوسکا، گوڵەکەم، مەرۆ، تانیا، تەمەشاکە، چاوهەڵێنە کچە شیرینەکەم. چاوە چکۆلەکانت هەڵێنە، وەخۆ بێرەوە! کۆترە چاو ڕەشەکەم! بۆچی، خودایا...

کچەکە، ناوە ناوە پێڵوە گەرمەکانی دەکردەوە، پرشنگێکی گۆنگو ئاڵۆز لە چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانیەوە دەردەچوو. دایکی بە تاسەوە سەیری چاوەکانی دەکرد، بەڵام نیگای کچەکە لەو هەڵدەهات، خەمگینو بێتاقەت، دەتگوت بەرەو ئاوابوون دەچێت.

کچەکە بە باوەشی دایکیەوە گیانی سپارد، بۆ دواجار دەمە چکۆلەکەی کە شین بوو بووەوە، کردەوەو، تەزوویەکی پێدا هاتو گیانی دەرچوو. سەرە چکۆلە ئارەقە کردووەکەی بەسەر بازووی ئەکسینیادا داخزیو جەستەی سارد بووەوە. چاوە رەشە بچووکە میلیخوفیەکانی، بە مردوویەتیش هەر لە دایکی بوو.

ساشکای پیر، لە نزیکی ئەستێڵەکەو لە ژێر پیرە دار چنارێکا گۆڕێکی چکۆلەی هەڵکەندو تابووتە چکۆلەکەی خستە بن هەنگڵیو بردیو، زۆر بە گورجی، کە ئەو گورجو گۆڵیە لەو نەدەوەشایەوە، بە خاکی سپارد. ماوەیەکی زۆر، بە ئارامی چاوەڕوانی کرد، تا ئەکسینیا لەسەر گۆڕەکە هەستێ. سەرەنجام تاقەتی چوو، فنگێکی توندی کردو رۆیی بۆ تەویلەکە... رۆییو لە عەماری گەنمەکەدا، شووشەیەکی قۆلۆنیاو نیو شووشە کحولی سووکی هێنا، هەردووکیانی تێکەڵ کرد، تاوێك رایوەشاندنو دایە بەر روناکیەکە، تەمەشایەکی کردو لەبن لێوانەوە گوتی:

– بە یادی منداڵەکە! خوا دەرگاکانی بەهەشتی لێبکاتەوە!

روحی ئەم فریشتە بێگوناحە، ئێستا لە حوزووری خوادایە.

بوتڵەکەی تەواوکرد، ئەوجا بە توندی سەری لەقاند، ئەوسا لەتە تەماتەیەکی سوێرکراوی پەستایە دەمیەوە، ئەوجا بە سۆزەوە روانیە بوتڵەکەو لەسەری رۆیی:

– لە بیرم مەکە ئازیزەکە. منیش تۆ لە بیر ناکەم!

ئەوسا دەستی بەگریان کرد.

سێ هەفتە دوای ئەمە، یەڤگینی لیستنتسکی بروسکەیەکی نارد کە مۆڵەتی وەرگرتووەو بەڕێوەیە بۆ یاگودنویە. گالیسکەیەکی سێ ئەسپەی بە پیرەوە نێردرا بۆ وێستگەی قیتار. هەموو خزمەتکارو رەنجبەرەکانی ناو موڵكو مەزراکە، لە چاوەڕوانی ئەودا بوون، قازو قەلەموون سەر بڕدرا، ساشکای پیر، بەرخێکی کوشتەوەو کەوڵی کرد. ئەو ئامادەکاریەی کە دەکرا، هی ئاهەنگێکی گەورە بوو.

شەوێ، پێش ئەوەی یەڤگینی بگاتەوە، گالیسکەیەکی دیکەیان هەر بۆ ئحتیات، بە پیریەوە نارد بۆ گوندی کامنکا. یەڤگینی شەوێ گەییشتەوە. بارانێکی وردی سارد دەباری. تیشکی

گڵۆپەکانی ناو حەوشە زەردوکز دەیدا لە چاڵە ئاوەکان. ئەسپەکان بە زرینگە زرینگی زەنگوڵانەوە لەبەر دەرگا وەستان. یەڤگینی بەشادیو لێو بەخەندەوە لە ژێر چادری گالیسکەکە هاتە دەرێ، پاڵتۆ گەرمو نەرمەکەی دایە دەست بابە ساشکاو بە سووکە لە نگینێکەوە بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت. باوکی بەپێ خشکێ بە ناو هۆڵەکەدا بەرەو پیری هات، لە پەلەپەلیدا هەر کورسیو تەپڵەکێکی دەهاتە ڕێ، قڵپی دەکردەوە.

ئەکسینیا، شیوی لە هۆڵی نانخواردن ئامادە کردو ئەوسا چوو هەردوو ئاغای گەورەو بچووکی ئاگادار بکاتەوە کە خوان ئامادەیە. کە لە کونی کلیلەکەوە تەمەشای کرد، بینی پیرەمێرد کوڕەکەی لە هەمێز دەگرێتو شانی ماچ دەکات. غەبغەبەی لە پیریدا دەلەرییەوە. ئەکسینیا چەند دەقیقەیەك وەستا، بۆ جاری دووەم کەوتەوە تەمەشا کردن. ئەمجارەیان یەڤگینی دوگمەی قەمسەڵە خاکیەکەی کردبووەوە، نەخشەیەکی گەورەی لە ئەرزەکە بڵاوکردبووەوەو، بەدیاریەوە چۆکی دادابوو.

ئاغای پیر، بەسەری قامکەکانی دەیکێشا بە دەسکی کورسیەکەیدا، پەیتا پەیتا دووکەڵی سەبیلەکەی لە زاریەوە دەردەداو بە تووڕەیی، دەی پرتاند:

– ئەلیکسییف؟ شتی وا نابێ، ئەقڵم نایبڕێ، باوەڕ ناکەم.

یەڤگینی، زۆر بە هێمنی گەنگەشەی دەگەڵ دەکردو، قامکی خۆی بەسەر نەخشەکەدا دەجولاندو دەیویست قەناعەتی پێبکات.

پیرەمێرد، بە دەنگە گڕەکەی وەڵامی دەدایەوە:

– لەم حاڵەتەدا، فەرماندەی گشتی هەڵە بووە. زۆر بێئاوەز بووە! یەڤگینی تۆ گوێ بگرە، با نموونەیەکی جەنگی رووسو ژاپۆنت بۆ بێنمەوە، نموونەیەکی وەکو ئەمە!... تۆ سەبرێکم لێ بگرە!

ئەکسینیا لە دەرکەی دا، دەنگی پیرەمێرد بەرز بووەوە:

– چیە؟ خوان ئامادەیە؟ هەر ئێستا دەچین!

پیرەمێرد هاتە دەرەوە، زۆر شادو سەرحاڵ بوو، چاوانی پرشنگی گەنجاتیان لێدەبووەوە. لەگەڵ کوڕەکەیدا، بە دوو قوڵی یەك بوتڵ شەرابیان خواردەوە کە دوێنێ لە ژێر عاردی دەریان هێنا بوو. ساڵی دروستکردنەکەی، هەرچەندە کاڵ بوو بووەوە، هێشتا بەسەر چەسپە سەوزەکەی سەر بوتڵەکەوە مابوو: ١٨٧٩.

ئەکسینیا کە بەدەم خزمەتکردنیانەوە، سیمای شادی ئەوانی دەبینی، پتر هەستی بە تەنیایی دەکرد. فرمێسك بە تەواوەتی ئازاری دڵو دەروونی نەشۆردبووەوە. تێر گریان نەبوو بوو. ویستبووی لە هەوەڵین رۆژانی پاش مەرگی کچەکەیدا بگری، بەڵام فرمێسکی نەهاتبوو. هاوارێك لە گەرووییەوە بەرز دەبووەوە، بەڵام فرمێسکی نەدەهات. ئەم خەمە قورسە بە جارێ تەپانی، زۆر دەخەتو هەوڵیدەدا بە خەو خۆی لە بیربکات. بەڵام بانگو گازی منداڵەکەی، لە خەویشدا بەرۆکی بەر نەدەدا. وای هەست دەکرد کە منداڵەکە لە تەنیشتیەوە خەتووە، هەنگێ دەستی بەسەر جێگاکەدا دەگێڕاو گوێی بە زەمزەمەیەکی گۆنگ دەزرنگایەوە:

– "دایکە، ئاو!" و ئەکسینیا بە لێوانی وشکەوە، بەچپە دەیگوت:
– گیانەکەم! ئازیزی دڵەکەم!...
تەنانەت، بە ڕۆژیشەوە، هەندێجار وای خەیاڵ دەکرد کە منداڵەکەی خۆی بە ئەژنۆکانیەوە هەڵواسیوەو، کاتێ وەخۆ دەهاتەوە کە دەستی دەبرد، تا دەست بە قژە لوولەکەی منداڵەکەیدا بێنێ.
یەڤگینی، دوای گەڕانەوەی بە سێ ڕۆژ، تا درەنگە شەوانێك لە تەویلەکەدا، دەگەڵ ساشکای پیردا دانیشت و گوێی لەو حیکایەتە سادانە گرت کە دەربارەی ئازادیی جارانی قۆزاقانی دۆن و دەربارەی ڕۆژە خۆشەکانی رابردوو بۆی دەگێڕایەوە. سەعات نۆ لەلای ساشکا هەستا، لە حەوشەدا بایەکی توندی دەهات. یەڤگینی بە ناو قوڕاوەکە کەوت. هەیڤۆك، لە درزی هەورەکانەوە بە ڕەنگ زەردی سەرەتاتکیی دەکرد. یەڤگینی سەعاتەکەی خۆی دایە بەر تریفەی کزی مانگەکەو تەمەشایەکی کردو بەرەو جەناجی تایبەتی خزمەتکارو ڕەنجبەرەکان ڕۆیی. کە گەییە بەر قالدرمەکان، سیغارێکی پێکردو هەڵوەستەیەکی کردو بۆ دەقیقەیەك لەفکران ڕاچوو. ئەوجا شانەکانی هەڵتەکاندو بە عەزمی جەزمەوە بە پلەکاندا سەرکەوت. بە پارێزەوە دەسکی دەرگاکەی گرت و پاڵی دا. دەرگا بە تەق و هۆڕ کرایەوە.خۆی بە ژوورەکەی ئەکسینیادا کردو دەنکە شقارتەیەکی پێکرد.
ئەکسینیا، لێفەکەی بە خۆیا داو گوتی:
– کێیە؟
– منم.
– هەر ئێستا جلەکانم لەبەر دەکەم.
– خۆت شپرزە مەکە، دەڕۆم، بۆ دەقیقەیە دوان هاتووم.
یەڤگینی، پاڵتۆکەی لە شانی داگرت و، لە قەراخ تەختەکەوە دانیشت.
– کچە چکۆلەکەت مرد...
ئەکسینیا، قسەکەی ئەوی دووبارە کردەوە:
– بەڵێ، مرد.
– زۆر گۆڕاویت. بە تۆیا دەزانم کە مردن و لە دەستدانی منداڵ دەکاتە چی و چەند زەحمەتە. بەڵام پێموایە زیاد لە پێویست خەم دەخۆی. بە خۆڕایی خۆت ئەزیەت دەدەی، هەرچیەك بکەی ناتوانی زندووی بکەیتەوە. مردوو بە خەم ناژێتەوە. تۆ هێشتا گەنجیت و دەتوانی منداڵی دیکە بخەیتەوە. نابێ بەمجۆرە خۆت بە خەم و خەفەت بسپیری. خۆت بگرە، رازی بە بە ڕەزای خودا... بەهەر حاڵ منداڵەکەت لە دەست داوە... بەڵام هەموو شتێکت لە دەست نەداوە، بیر لەوە بکەوە کە هێشتا ژیانێکی دوورو درێژت لە بەردەمە.
یەڤگینی، دەستی ئەکسینیای دەگوشی و بە سۆزو دڵسۆزییەوە نەوازشی دەکردو تۆنی دەنگی خۆی بەرزو نزم دەکردەوە. بەرە بەرە کەوتە زەمزەمەو چپەدوو، کە بینی قوڵپی گەرمی

گریان ئەوکی ئەکسینیای گرتووەو، گریانەکەی بەرە بەرە بوو بە هەنسك هەڵدان، و روندك بە گۆناکانیدا هاتە خوارێ، کەوتە ماچ کردنی گۆناو چاوە تەڕەکانی.

دڵی ژنان زۆر بە ئاسانی لە ئاستی سۆزو نەوازشدا نەرم دەبێت. ئەکسینیا کە لە ژێر باری نا ئومێدی و خەمو پەژارەدا دوولۆ کۆمابووەوە، وڕو کاسو سەرگەردان، بە هەموو جۆشو خرۆشێکی سروشتی ئاشقانەی خۆیەوە، کە دەمێ بوو، فەرامۆش کرابوو، خۆی ڕادەستی یەڤگینی کرد، بەڵام دوای ئەوەی شەپۆلی وێرانگەر وئاڵۆشی ئارەزووی بێشەرمی دامرکایەوە، وەخۆ هاتەوەو هاوارێکی بەرزی کردو شێت ئاسا، بە نیمچە رووتی، بە تۆی کراسێك بەرەو دەرگای بەر هەیوانەکە ڕایکرد. یەڤگینی، دوا بە دوای ئەو، بە پەلەو بێئەوەی دەرگاکە لە دوای خۆیەوە دابخات، وەدەرکەوت. بە دەم رێوە پاڵتۆکەی لەبەرکردو خێرا پێی هەڵگرت. پاش ئەوەی بە هانکە هانك خۆی گەیاندەوە بەرهەیوانەکەی خۆیان، بزەیەکی شادمانی بۆ کردو هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا. هەستێکی خۆشی دایگرت، چووە ناو جێگاوە، لەو کاتەدا کە دەستی بە سینگە نەرمو گۆشتنەکەی خۆیدا دێنا، لە دلی خۆیدا گوتی: "ئەوەی من کردم، لە روانگەی خەڵکی مەردو رەندەوە، کارێکی نامەردانە بوو، بێ ئەخلاقی بوو. گریگۆری... من خیانەتم لە دراوسێکەم کرد. دزیم لێکرد. بە هەر حاڵ، من لەوێ، لە شەڕگە ژیانی خۆم خستە مەترسیەوە. خۆ گوللەکە هەر کەمێك، بە ئاستەم، لای راستی بگرتایە، سەری دیواو دەر دەکردم. لەو حاڵەدا، ئێستا لە ژێر خاکدا دەبوومو دەبووم بە خۆراکی کرم... پیاو دەبێ تا لە ژیاندایە، بێ دڵی خۆی نەکات، ئەم پێنجو دوو ڕۆژە، بە کەماڵی ئارەزوو بەرێتەسەر. بۆم هەیە بە کەیفی دڵی خۆم بکەم!" ئەو بیرانە بۆ ساتێك ترسیان خستە دڵیەوە، بەڵام خەیاڵ دووبارە بردیەوە بۆ ئەو دەمەی کە لەسەر ئەسپە کوژراوەکەی هەستابووەوەو یەکسەر گوللەیەکی بەر کەوتبوو و دیسان کەوتبووەوە، لەو کاتەدا کە بەرە بەرە خەو دەیبردەوە، بەخەیاڵی ئاسوودەوە بەخۆی گوت: "ئەمە هەڵگرە بۆ سبەی، سبەی بیری لێدەکەینەوە، ئێستا کاتی خەوە، دەبی بخەوم."

بۆ سبەی بەیانی، کاتێ کە لە هۆڵی نانخواردندا، خۆی بەتەنیا دەگەڵ ئەکسینیادا بینییەوە، بەدەم بزەیەکی گوناهکارانەوە لێی نزیك بووەوە، بەڵام ئەکسینیا خۆی دایە پاڵ دیوارەکەو دەستەکانی دریژ کردو بەتوورەیی و لە ژێر لێوانەوە گوتی:

– لێم نزیك نەکەویتەوە، نەگریس! بەدفەڕ!

بەڵام ژیان، یاساو رێسای خۆی، کە لەلایەن هیچ کەسێکەوە نەنووسراوە، بەسەر تیرەی بەشەردا دەسەپێنێ. سێ رۆژ دوای ئەوە، یەڤگینی، شەوێ دووبارە چوو بۆ ژوورەکەی ئەکسینیاو ئەکسینیا دەری نەکرد.

((٢٣))

نەخۆشخانەی چاوەکەی، دکتۆر سنگێریوف باخێکی چکۆلەی هەبوو. لەم جۆرە باخچە چیمەن بڕاوە ناشیرینانە لە دەوروبەری مۆسکۆدا زۆرن. کە چاو لە دیمەنی بەردینی شار رزگار ناکەنو هیچ ئیسراحەتێك بەچاو نابەخشن. پیاو کاتێ تەمەشای ئەم باخانە دەکات، هەزار

خۆزگە بە جەنگەڵە کێویە خۆڕسکەکان دەخوازیٚ. پایز، باڵی بەسەر باخچەی نەخۆشخانەکەدا کێشا بوو. ڕاڕەوەکانی لەبەر گەڵای زەردو سووری خەزان دیار نەبوون، شەونمو خوناوی شەختە بەستەی بەرەبەیانیان گوڵەکانی ژاکاند بوو و چیمەنو فریزان، ڕەنگیان بوارد بوو، ئەو ڕۆژانەی کە دنیا خۆشبایە، نەخۆشەکان بە ڕاڕەوانی ناو باخەکەدا پیاسەیان دەکردو گوێیان بۆ زەنگی کڵێسا پیرۆزەکانی مۆسکۆ ڕادەدێرا. کە هەواش ناخۆش بوایە، کە ئەو ساڵە زۆربەی ڕۆژەکان ناخۆش بوو، بۆ خۆیان هاتووچۆی قاوشەکانیان دەکرد یان بە بێدەنگی لەسەر قەرەوێڵەکانیان ڕادەکشانو لە خۆیان و لە خەڵکیش بێزار دەبوون.

زۆربەی نەخۆشانی نەخۆشخانەکە، خەڵکی سڤیل بوون، قاوشێکی تایبەتی بۆ سەربازانی بریندار تەرخان کرابوو، ژمارەیان پێنج کەس بوو: یان ڤاریکیس، خەڵکی لاتیڤی بوو، باڵا بەرزێکی، قژ سووری چاو شینی ردێن باوەشێنی بوو. ئیڤان ڤروبلڤسکی، سەربازێکی قۆزی سوارەی، بیستو هەشت ساڵە، خەڵکی ستانی فلادیمیر. خەیاتێکی خەڵکی سیبیریا بە ناوی کوسیخ. سەربازێکی کورتە باڵای ڕەنگزەردی نەسرەوت بە ناوی بوردین و گریگۆری میلیخوف.

لە ئاخرو ئۆخری مانگی ئەیلولدا برینداریکی تازەیان بۆ هات. کاتی چای عەسر بوو کە گوێیان لە زەنگێکی دوورو درێژی بەردەوام بوو. گریگۆری ڕوانیە ڕاڕەوەکە. سیٚ نەفەر خۆیان بە هۆڵی پێشوازیدا کرد. پەرستارێکی ژن، پیاوێك کە پاڵتۆیەکی قەفقازی درێژی لەبەر کرد بوو و، کابرایەکی سەرباز کە ئەو دووانە ژێر باڵیان گرتبوو. بە قەمسەڵە چڵکنو پەڵە خوێنە وشکەکانی سەر سینگو بەرۆکی سەربازەکەدا دیار بوو، کە تازە لە وێستگەکەوە هێنراوە. هەمان شەو نەشتەرگەرییان بۆ کرد. پاش ئەوەی برایە ژووری نەشتەرگەری، بە چەند دەقیقەیەکی کەم، نەخۆشەکانی دی لە قاوشەکەی خۆیانەوە گوێیان لە دەنگی نزمی گۆرانیەك بوو: نەخۆشەکە لە ژێر باندۆری بەنجەکەدا گۆرانی دەگوت، لەو کاتەدا کە پاشماوەی چاویان، کە پارچەی بەرکەوتبوو، لادەبرد، بەدەم وڕاوەوە جنێوی گونگو نا مەفهوومی دەدا. دوای تەواو بوونی نەشتەرگەریەکە یارۆی بریندار هێنرایە قاوشی نەخۆشەکانی دی. پاش بیستو چوار سەعات، دوای ئەوەی بەنجەکە بەری دا، گێڕایەوە کە لە وربێرگ، لەسنووری ئەڵمانیا بریندار بووەو ناوی کارانجایەو ڕەشاشچیەو خەڵکی دەڤەری چرنیگوفە. دوای چەند ڕۆژێك دۆستایەتیەکی تەواوی دەگەڵ گریگۆری دا، کە قەرەوێڵەکانیان بە تەنیشت یەکەوە بوو، پەیدا کرد. شەوانە دوای بازدیدی نەخۆشەکان، بەدەنگی نزم دەکەوتنە قسانو ماوەیەکی زۆریان بە گفتوگۆوە بەسەر دەبرد:

– ئیٚ، قۆزاق، وەزع چۆنە؟

– خراپە.

– باشە، سەبارەت بەچاوت یارۆ چ دەڵیٚ؟

– بەردەوام دەرزیم لێدەدەن.

– تا ئێستا چەند دەرزیان لێداویت؟

– هەژدە دانە.

– باشە دەیەشێت؟
– نەخێر، خۆشە.
– کەواتە داوایان لێبکە چاوت دەربێنن.
– بۆچی؟ نابێ هەموو هەر کوێر بین!
– راستە.

دراوسێکەی گریگۆری، کابرایەکی توندە تەبیعەتی، زمان پیس بوو، لە هیچ شتێك رازی نەبوو: ئیدی لە حکومەتو جەنگو چارەنووسو بەختو ناوچەوانەوە بیگرە تا دەگەییە ئاشپەزو پزیشکان، هەرچییەکی بەر زمان کەوتبا، بە جنێوان دایدەگرتەوە.

– کوڕی باش، منو تۆ لە پێناوی چیدا دەجەنگین؟ دەمەوێ ئەمە بزانم.
– ئێمەش وەکو ئەو خەڵکە، خەڵکی لە پێناوی چیدا دەجەنگن، دەجەنگین.
– ڕوونو ڕەوان پێم بڵێ.
– وازم لێبینە!
– ها! ئاخر گەوجێتی تۆ لەمەدایە. دەبێ لە نووکەوە مەسەلەکەت بۆ کاوێژ بکەمەوە، ئێمە لە پێناوی بورژوایاندا دەجەنگین. گوێت لێیە چ دەڵێم؟ بۆرژوا کێن؟ باڵندەی سەر خەرمان، حازر خۆری بەر سێبەران.

گارانجا، مانای وشە قورسەکانی بۆ گریگۆری روون دەکردەوەو بەدەم روونکردنەوەوە کۆمەڵێك بەهاراتی جنێوی مزریشی بە قسەکانیەوە دەکرد. گریگۆری هەڵیدەدایە:

– پەلە مەکە، هێواشتر قسە بکە، من لەم زمانە خاخولیەی تۆ تێناگەم. (خاخولی: وشەیەکە کە رووسان، بۆ سووکایەتی بە ئۆکرانەکانی دەڵێن).
– زۆر باشە، موسکال، لە چی تێناگەی؟ (موسکال: وشەیەکە کە خەڵکی ئۆکراینو بێلەرووس بە رووسانی دەڵێن).
– هێدی تر قسان بکە.

برادەر، من خێرا قسان ناکەم، تۆ پێت وایە لە پێناوی تزاردا دەجەنگی؟ بەڵام تزار کێیە؟ تزار تالانچییەکی عەرەقخۆرەو(تزارین)ش قەحپەیەکە لەو گۆڕە. شەڕ بۆ ئاغایان و دەوڵەمەندان خێرو بەرەکەتە، پارەیان بەسەرا دەباریێ، بەڵام شەڕ بۆ ئێمەمانان،ماڵوێرانیە، تەوقەو دەچێتە گەردنمان، تێدەگەی؟ ها؟ کارخانەدار بۆ خۆی قۆدگا دەخواتەوەو، سەربازیش ئەسپێ دەدۆزێ. هەرکەسەو کارێکی هەیە. کارخانەدار، سوودو قازانجی دەچنێتەوە، بەڵام کرێکار، بەپێ خاوسیو رووتو رەجاڵی دەژی. ئەمە سیستەمەکەی ئێمەیە. کاکی قۆزاق، بەردەوام بە، خزمەتی خۆت بکە... خاچێکی دی وەردەگریت، خاچێکی باش، خاچێ کە لە دار بەڕوو دروست کرابێ...

کارانجا، بە زمانی ئۆکرانی قسەی دەکرد، بەڵام هەندێجار، بە تایبەتی کە هەڵدەچوو و تووڕە دەبوو، بایدەدایەوە سەر زمانی رووسی، بە رووسیەکی رەوان قسانی دەکردو جنێوێکی زۆری بەگەڵ قسەکانی دەخست.

ڕۆژ له دوای ڕۆژ، ئەو ڕاستیانەی بۆ گریگۆری کەشفدەکرد که تا ئەو کاته لێیان غافڵ بوو، هۆکاره ڕاستەقینەکانی شەڕی بۆ ڕوون دەکردەوە، به توندی ئیرادی له حکومەتی ئوتوکراتی دەگرت و گاڵتەی پێدەکرد.

گریگۆری دەیویست بەرپەرچی بداتەوە، لێ کارانجا، به پرسیارێن سادە، زۆر سادە، بەگیری دێناو گریگۆری ناچار دەبوو مل بۆ هەقانیەت و دروستی ڕاوبۆچوونەکانی ئەو بدات. خراترین شت ئەوە بوو، کە گریگۆری لە دلی خۆیدا هەستی دەکرد کە کارانجا ڕاست دەکات و ئەو (گریگۆری) ناتوانێ هیچ ئیرادێکی لێبگرێت و هیچ قسەیەکی پێنیە تا بەرپەرچی بداتەوە یان گەنگەشەی لەگەڵدا بکات. هەستی دەکرد، ئەم کابرا ئوکرانیە زیرەکە، خەریکە وردە وردە، هەموو بیرو بۆچوونە کۆنەکانی جارانی، سەبارەت بە تزارو نیشتمان و ئەرکی سەربازی لەلا دەسرێتەوە.

له ماوەی ئەو مانگەدا که کارانجا هاتبووه ئەوێندەر، هەموو ئەو کۆڵەکانەی که ویژدانی گریگۆری لەسەر ڕۆنرا بوو، لەق بوون. له ڕاستیدا ئەم کۆڵەکەو ئەستوونانه پێشتریش ڕزی بوون، هەستکردن به گەوجێتی و بێهودەیی جەنگ، وەکو ژەنگ تێی دابوو و تەواو ڕزی بوو، تەنیا سووکه پاڵێکی دەویست تا به یەکجارەکی هەرەس بێنێ و بڕوخێت. ئێستا ئەو پاڵه هاتبووه ئاراوه. زەینی ساکارو سادەی گریگۆری بێدار بوو بووەوە، گیانی بێغەل و غەشی گریگۆری شەکەت و ماندوو دەکرد. گریگۆری بۆ مەفەڕێ، بۆ چارەسەرێکی ئەم مەسەلەیه دەگەڕا، که بەلایەوە زۆر دژوارو ئاڵۆز بوو و ئەم مەفەڕو چارەسەرەی له وەڵامەکانی کارانجادا دەبینییەوەو زۆریشی بەدڵ بوون.

گریگۆری، شەوێك ، درەنگانێك هەستاو کارانجای بێدارکردەوە. چوو له قەراخ قەرەوێڵەکەی ئەو دانیشت. تریفەی سەوزباوی مانگی ئەیلول، له پەنجەرەکەوە، دەیدا له ژوورەوە. چرچ و لۆچی سەر گۆنا قاوەییەکانی کارانجا و، چاوه قووڵەکان هێندەی دی تاریکترو ڕەشتر دەیاننواند. باوێشکێکی داو، لاقەکانی له سەرما کردن به ژێر پەتۆکەوە.

– بۆچی نەخەوتوویت؟

گریگۆری بەرسڤی دایەوە:

– خەوم نایەت. خەوم زڕاوه. ئەم مەسەلەیەم بۆ ڕوون بکەوە: جەنگ بۆ هەندێك به سوودەو بۆ هەندێکی دیکه به زیانه، وانیه ؟

یارۆی ئۆکرانی باوێشکێکی داو گوتی:

– ئێ؟

گریگۆری، که تەواو پەست و تووڕه بوو، له بن لێوانەوه گوتی:

– ڕاوەسته! تۆ دەڵێی ئێمه له ڕای بەرژەوەندی دەوڵەمەندانداا به کوشت دەدەن. ئەی باشه، جەماوەری خەڵك له گوێی گادا نوستوون؟ بەمه نازانن؟ یانی کەسێك نیه سەر بەرزبکاتەوەو بڵێ: "براینه، ئێوه له پێناوی ئەمەدا دەمردن."؟

– کێ دەتوانێ شتی وەها بکات؟ پێم نالێی؟ زۆرم پێخۆشە کە تۆ دەبینم ئەم کارە دەکەی. ئێمە حاڵی حازر وەکو دوو قازی نێو قامیشەڵانێك ، پسکە پسك دەکەین. ئەگەر بتەوێ ئەم قسانە بەدەنگی بەرز بکەی، هەرکە دەنگت هەڵبڕی دوازدە گوللەت تیا خاڵی دەکەنەوە. میللەت نوقمی نەزانی خۆیەتی، کەڕە، شەڕ بێداری دەکاتەوە. هەورەتریشقە باو زریانی بە دوادا دێت.

– باشە تەگبیر؟ چی بکەین؟ پێم نالێی، ئەژدیها! تۆ دڵت بێدار کردمەوە.

– باشە، دڵت چیت پێدەڵێت؟

گریگۆری، بە ڕاشکاوی گوتی:

– تێی ناگەم. نازانم چیم پێدەڵێت.

– هەر کەسێ بیەوێ بمخاتە چاڵەوە، منیش پاڵی پێوە دەنەمو دەیخەمە چاڵەوە، نابێ بترسین، دەبێ بێ چەندو چوون، بێهیچ دوو دڵیەك، لوولەی تفەنگ بکەینە سینگی ئەوانە خۆیان. دەبێ شەڕی ئەوانە بکەین، کە میللەت بەرەو دۆزەخ دەنێرن.

کارانجا، کەمێك خۆی لەسەر جێگاکەی بەرزکردەوە، هەردوو دەستی بڵاوکردنەوە، ددانەکانی لێکدی هەڵسوون و گوتی:

– تۆ فانێکی گەورە هەڵدەستێو هەر هەموویان دەگەڵ خۆدا ڕادەماڵی.

– یانی بەم پێیە، تۆ پێتوایە دەبێ هەموو شتەکان ژێرو بان بکرێن، وانیە؟

– بەڵێ، دەبێ ئەم حکومەتە، ئەم رژێمە وەکو پەڕۆیەکی پیس توور بدرێت. دەبێ ئاغایان کەوڵ بکرێن، دەبێ دانیان دەربهێنرێت، چونکە زۆر لە مێژە میللەت دەچەوسێننەوە.

– دەی باشە ئەگەر رژێمێکی تازە بێتە سەرکار، هەنگێ جەنگ نامێنێ؟ ئاخر چۆن جەنگ نامێنێ؟ ئاخر چۆن جەنگ ناهێڵێ! لەوەتای دنیا هەبووە، جەنگ هەر هەبووە، خەڵکی بەشەڕ راهاتوون، جەنگیان کردووە. ئێمەش نەیکەین، منداڵی ئێمە دەیکەن. ئیدی چۆن جەنگ ریشەکێش دەکەیت؟

– راستە، شەڕ لە ئەزەلەوە هەر هەبووەو تا تێکڕای رژێمە مێملۆ گەندەڵەکان لەسەر زەوی نەسڕینەوە، جەنگ هەر بەردوام دەبێت. بەڵێ! بەلام کاتێ حوکم و دەسەلاتی تێکڕای ولاتان بکەوێتە دەستی کرێکاران، هەنگێ شەڕ نامێنێ. دەبێ کار بۆ ئەم ئامانجە بکەینو ڕۆژێ دێ ئەم ئامانجە دێتە دی. کاتێ کە لە ئەڵمانیا، لە فەرەنسا، لە هەموو دنیا، حکومەتو رژێمی کرێکاران و جووتیاران بێتە ئاراوە، ئەوسا خەڵکی شەڕی چی دەکەن؟ هەنگێ سنوور نامێنێ، ڕق و کینە نامێنێ! لە سەرانسەری دنیادا ژیان بە خۆشی و ئاشتی بەڕێوە دەچێت. ئاخ!..

کارانجا، ئاهێکی هەڵکێشا، بەدەم جووینی سەری سمێڵەکانیەوە، وەکو یەکێك بەدەم خەونێکەوە بگرژێتەوە، بزەیەك نیشتە سەر لێوەکانی، تاقە چاوەکەی دەبریسکایەوە:

– ... ئاخ! گریشکا، من ئامادەم دوا چۆڕی خوێنی خۆم برێژم تا ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆم بدینم... هەموو ئاواتێکم ئەمەیە...

بەدەم گفتوگۆوە شەوگاریان شەق کرد. گریگۆری لە بومەلێڵی بەیاندا، بەنیگەرانیەوە خەوی لێکەت. بەیانی لە دەنگی قسەو گریان خەبەری بووەوە، ئیڤان فروبلڤسکی، بە دەما لەسەر

قەرەوێڵەکەی کەوتبوو و بەدەم هەنسك هەڵدان و چڵم و هەڵلوشینەوە دەگریا. پەرستارە ژنەکە و یان ڤارکیس و کوسیخ بە دیاریەوە وەستا بوون. بوردین، سەری لەبن پەتۆکەیەوە دەرهێناو بە دەنگێکی تێکشکاو گوتی:

– بۆچی دەگری؟

کوسیخ، زیاتر لە رووی کینەوە، تا لە رووی بەزەییەوە، بەرسڤی دایەوە:

– چاوی شکا. دەیویست لە پەرداخە ئاوەکەی دەربێنێ، لە دەستی بەر بووەوەو شکا.

کابرایەکی ئەڵمانی، کە ناسنامەی رووسی وەرگرتبوو، چاوانی دەسکردی دەفرۆشێت، لە ژێر کاریگەری و باندۆری هەستی وڵاتپارێزییەوە، بەرهەمەکانی خۆی بەخۆڕای بە سەربازان دەبەخشی. رۆژی پێشوو چاوێکی شووشەی زۆر جوانیان بۆ فروبلڤسکی دانا بوو، تا حەزکەی ناسك بوو، شین عەینی چاوەکەی دیکەی، ئەم چاوە هێندە هونەرمەندانە دروستکرا بوو، بەموو فەرقی نەبوو دەگەڵ چاوی راستەقینەدا. فروبلڤسکی زۆری دڵ پێخۆش بوو. عەینی منداڵ، لە خۆشیا پێدەکەنی و وەکو هەموو خەڵکی دەڤەری ڤلادیمیر، بەدەمە خاوەکەی دەیگوت:

– کە بگەڕێمەوە بۆ گوند، کچان دەخەڵەتێنم. لە پێشا قسە ناکەم. ژن دەگوازمەوە، ئەوسا دەڵێم چاوێکم شووشەیە. بوردین، کە زۆرجار لە بن لێوانەوە گۆرانیەکی دەگوت کە دەربارەی کیژێك بە ناوی دونیاوە دانرا بوو و، باسی ئەوەی دەکرد چۆن سیسرکێك جلەکانی دونیای خوارد بوو و کۆن کردبوو. لە قاقای پێکەنینی دەداو دەیگوت:

– راستە، لە دەستی دێ، ئەم زۆڵە هەموویان لە خشتە دەبات.

بەڵام ئێستا، بە هۆی ئەم روداوە ناخۆشەوە، ئەم کوڕە قۆزە دەبوایە، بە تاقە چاوێکەوە بۆ گوندەکەی بگەڕێتەوە.

گریگۆری، کەوتە دڵدانەوەی و گوتی:

– مەگری، دنیا مەیەنە سەیری خۆت، چاوێکی دیکەت دەدەنێ.

فروبلڤسکی، سەری هەڵێنا، دەموچاوی لە فرمێسکا تەڕ بوو بوو، جێگای چاوەکەی، چاڵێکی سووری نمدار بوو، گوتی:

– نەخێر، یەکێکی دیکەم نادەنێ. ئەو چاوە سێ سەد رۆبڵی تێچوو بوو، هەرگیز چاوێکی دیکەم نادەنێ، مەحاڵە! لە کوێ دەمدەنێ!

کوسیخ، بە ستایش و حەماسەوە گوتی:

– بەڕاستی چاو بوو. تەنانەت وردە دەمارەکانی ناویشی بەرجەستە کرا بوو. دوای نان و چای بەیانی، فروبلڤسکی دەگەڵ پەرستارە ژنەکەدا چوو بۆ دوکانی کابرای ئەڵمانی. کابرا چاوێکی دیکەی دایە. فروبلڤسکی کە لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری گوتی:

– سەیرە، ئەڵمانەکان، لە ڕووسەکان باشترن! بازرگانی رووس، چەندیش لێی بپاڕێیتەوەو تکای لێبکەی، کوبیکێکی لەدەست نابێتەوە. بەڵام ئەم کابرا ئەڵمانیە، بێهیچ چەنە چەنێك چاوێکی تازەی دامێ

مانگی ئەیلوول بوری. رۆژان، بە خاوی و رۆتینی تێدەپەڕین. پیاو لە گیانی خۆی وەڕەز دەبوو. بەیانیان، لە سەعات نۆدا چای بەسەر نەخۆشەکاندا دابەش دەکرا. هەر نەخۆشێك دوو پارچە نانی زۆر تەنکی سپیو، لەگەڵ پارچەیەك کەرەی بچووك، هەر بە قەد نینۆکی پەنجەیەك دەبوو، وەردەگرت. نیوەڕۆیش کاتێ لەسەر خوان هەڵدەستان هێشتا هەر برسی بوون. ئێوارێ دیسان چایان پێدەدرا، بەڵام ئاو مشە بوو. نەخۆشانی قاوشی سەربازان گۆڕان (نەخۆشەکان ،قاوشی سەربازە بریندارەکانیان ناو نابوو قاوشی سەربازان). یەکەم کەس کە لەوێ رۆیی کوسیخ، سەربازە سیبریاییەکە بوو، دوای ئەو فاریکیسی لایتفی رۆیی، لە ئاخرو ئۆخری تشرینی یەکەمدا نۆرە هاتەسەر رۆییني گریگۆری.

دکتۆر سنگیریوف، خاوەنی نەخۆشخانەکە، کە پیاوێکی جوانی بزنڕیش بوو، چاوانی گریگۆری معایەنە کرد، لە ژوورێکی تاریکدا، کۆمەڵێك پیتو نووسینی لە مەودایەکی دیاریکراوەوە لەسەر شاشەیەك پێنیشان داو بۆی دەرکەوت بینایی چاوی باشن. ئیدی بڕیاردرا لەوێ بڕوات و رەوانەی نەخۆشخانەیەکی دیکە، لە شەقامی تڤرسکایا، بکرێت. چونکە زامەکەی سەری لە ناکاوا کرا بووەوەو کەمێك ئاوسا بوو.

گریگۆری کە خوا حافیزی لە کارانجا کرد گوتی:

- ئاخۆ یەکدی دەبینینەوە؟

- کێو بەکێو ناگا، بەڵام چاو بەچاو دەگات.

- زۆر باشە خاخول، زۆر سوپاست دەکەم کە چاوت کردمەوە. ئێستا دەبینم... من... کابرایەکی بەدنیهادم!

- کە گەڕایتەوە بۆ کەتیبەکەی خۆت، ئەو شتانەی کە فێرم کردوویت، بۆ قۆزاقەکانی دیکەشی بگێڕەوە.

- وا دەکەم.

- ئەگەر رێگات کەوتە دەڤەری چرنیگوف، لە گوندی گوروخونکادا، سۆراخی ئاندرێ کارانجا بکە، بە دیدارت خۆشحاڵ دەبم. خوا حافیز گیانە!

دەستیان لە ملی یەکدی کرد. شێوەو رووخساری یارۆی ئۆکرانی، بە تاقە چاوەکەیەوە، کە نیگایەکی جدی هەبوو، ولەگەڵ ئەو هێڵە پڕ میهرەی کە لە ناوەندەی گۆنا قاوەییەکانیەوە هاتبووە خوارێ، تا ماوەیەکی زۆر لە یادگەی گریگۆریدا مایەوە.

گریگۆری دە رۆژێکی لە خەستەخانەی دووەمدا بەسەربرد. کۆمەڵێك بیری گۆنگ لە هزریا مێرولەی دەکرد، بەڵام هێشتا بە تەواوەتی نەمەیی بوو و دوا شێوەو قاڵبی خۆی وەرنەگرتبوو. رێنمایيو ئامۆژگاریە شۆڕشگێڕیەکانی کارانجا، لە ناخیا دەخەملێ. کەمتر قسەی دەگەڵ هاوقاوشەکانیدا دەکرد. جۆرە پارێزو سەرگەردانیەك بە هەڵسوکەوتیەوە دیار بوو. کاتێ داخڵی خەستەخانەکە بوو، سەرۆکی خەستەخانەکە، نیگایەکی لەزی روخساری غەریبی کرد بوو و یەکسەر بۆی دەرکەوتبوو کە "پیاوێکی نیگەرانە".

گریگۆری، لە ڕۆژانی یەکەمدا تای لێهات. لەسەر قەرەوێڵەکەی پاڵکەوت، دەنگێکی بەردەوام لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە.

لەم ماوەیەدا بویەرێك ڕووی دا: یەکێك لە کەسێتییە دیارەکانی ماڵباتی تزاری، لە ڕێگای گەڕانەوەیا لە ڤۆرونیج، لوتفی فەرموو بوو و سەرێکی نەخۆشخانەکەی دابوو. دکتۆرو پەرستارو کارمەندانی نەخۆشخانەکە، لە بەیانیەوە ئاگادار کرا بوونەوەو وەکو مشکی ناو عەماری گڕگرتوو بەملاو بەولادا دەهاتن‌و دەچوون. بیجامەی بریندارەکانیان دەگۆڕی، چەرچەف تازەیان دەدانێ. کار گەییە ئەوەی کە یاریدەدەری نەخۆشخانەکە، هەوڵیدەدا نەخۆشەکان فێری ئەوە بکات، چۆن وەڵامی پرسیارەکانی ئەو کەسێتیە بەرزە بدەنەوەو چۆن لە حوزووریا بوەستن‌و چۆن قسەی دەگەڵ بکەن. شپرزەیی ئەوان، نەخۆشەکانیشی گرتەوە. هەندێکیان پێشوەختەو، پێش هاتنی ئەو، هە ندێ شتیان ئامادە کردبوو و لە بەر خۆوە، لە ژێر لێوانەوە، پرۆڤەیان لەسەر دەکرد.

لە نیوەڕۆدا، دەنگی هۆڕنی ئۆتومبیل لەبەر دەرگای نەخۆشخانەکە بەرزبووەوەو کەسێتیە بەرزەکە، دەگەڵ کۆمەڵێك گاردو دەست‌و پێوەندا، لە دەروازە گەورەکەی نەخۆشخانەکەوە وەژوورکەوت. پاشان یەکێك لە زامدارەکان، کە پیاوێکی قۆشمەو سوعبەتچی بوو، بۆ هاوڕێکانی خۆی گێڕابووەوە کە گوایە لە کاتی هاتنی میوانەکاندا، هەر چەندە دنیا کپ بوو و بای نەدەهات، ئەو ئاڵایەی، ئاڵای خاچی سوور، کە بەسەر نەخۆشخانەکەوە بوو، کوت‌و پڕ کەوتووەتە شەکانەوەو وێنەی ئەو پیاوە شیك پۆشە قژ جوانەی، کە بەسەر تابلۆی دوکانی بەربەرەکەی بەرانبەر خەستەخانەکەوە کێشرابوو، سەری کڕنۆشی بۆ دانەواند بوو. میوانی پایە بەرز، بە قاوشەکاندا گەڕا. هەندێ پرسیاری ڕۆتینی دەربارەی خۆیان و وەزع‌و حاڵی خەستەخانەکە کرد. زامدارەکان، بە گوێرەی ئامۆژگاریەکانی یاریدەدەری خەستەخانەکە بەرسڤیان دەدایەوە: "زۆر باشە، جەنابی شکۆداری بەڕێز!" "نەخێر، قوربان، بە هیچ جۆرێ!" لەگەڵ هەموو وەڵامێکدا، وشەی ڕێزدارو شکۆدارو پایەبەرزیان دووبارە دەکردەوە. سەرۆکی خەستەخانەکەش وەڵامەکانی بۆ شەرح‌و شرۆڤە دەکرد، وەکو مارێك گیرۆدەی لقی شەنەی دەستی باخەوانێك بووبێ، بەو ئاوایە هەڵدەپلاو ئینسان کە لە دووریشەوە دەیبینی بەزەیی پێیدا دەهاتەوە. جەنابی میری پایە بەرز، بەسەر قەرەوێڵەکاندا دەگەڕاو ئیکونەی چکۆلەی بەسەر سەربازەکاندا دابەش دەکرد. ئەوجا کۆمەڵێك بە جل‌و بەرگی کەشخەو شیکەوە، کە بۆن‌و بەرامەی عەتریان سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی، ڕوویان کردە لای گریگۆری، گریگۆری، باریك‌و بنێس، ردێن هاتوو، چاو سوور، لە پاڵ قەرەوێڵەکەی خۆیدا وەستا بوو، جۆرە هەڵچوونێکی دەروونی، بە گۆنا زەق‌و ئەسمەرەکانیەوە بەدی دەکرا. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئا ئەمانەن، کە لەبەر خاتری ماڵ‌و منداڵ‌و بەرژەوەندی خۆیان، ئێمەمانانیان، لە گوندەکانمان هەڵفڕاندووەو بەرەو دۆزەخی مەرگیان ناردووین! ئاخ! بەرازینە! بەدفەڕینە! مشەخۆرینە! ئەمانە لێمان بوون بە ئەسپێی کۆنە کراس‌و لە کۆڵمان نابنەوە!... لەبەر خاتری ئەمانەیە کە دەغڵ و دان‌و کشتوکاڵی خەڵکی پایەماڵ دەکەین‌و خەڵکی نەناس‌و بیانی دەکوژین! ئا ئەمانە لە ماڵ و منداڵ، لە کەس‌و کار دایان بڕین‌و لە سەربازخاناندا، لە برسا کوشتیانین." ئەم جۆرە بیرو خەیاڵانە، عەینی گەردەلوول لە مێشکیا،

گێژیان دەخوارد: "تەمەشای دەموچاویان بکە. چەند خرپنو قەڵەون! چۆن دەبریسکێنەوە! خۆزگە دەستم دەڕۆییو بۆ شەڕگەم دەناردن، سواری ئەسپم دەکردن، تفەنگێکم دەدا بە کۆڵتاندا، ئەسپیٚ تێی دەدان، نانی بە کەڕوو و گۆشتی کرمێم دەرخوارد دەدان!.."

گریگۆری، بە بێزارییەوە دەیڕوانیە ئەفسەرە شیکپۆشەکانی، پاسەوانی حەزرەت: ئەوسا نیگای لێڵی لەسەر گوپە خرپنەکانی کەسێتییە بەرزەکە گیرسایەوە، سەرۆکی خەستەخانەکە، بەدەم بزەیەکی ریاکارانەوە، گریگۆری نیشانداو گوتی:

– قۆزاقی دۆنە، میداڵی سان جۆرجی هەیە.

ئەو وشانەی هێند بە ئاوو تاو لە زار دەردەچوون لە تۆ وایە خۆی میداڵی ناڤبری وەرگرتووە.

کەسێتییە بەرزەکە، کە خۆی ئامادە کرد بوو، ئیکۆنەکەی بداتیٚ، پرسی:

– خەڵکی چ ناوچەیەکی؟

– ڤیشنسکایا، شکۆداری بەڕێز

– لەسەرچی میداڵت وەرگرت؟

ڕاستە چاوانی میوانە پایە بەرزەکە، سافو رۆشن بوون، بەڵام لە هەر هەستێك بەدەرو خاڵی بوون. برۆی چەپی بەرزکردەوە، دەیویست سامو هەیبەتێکی پتر بەسیماو روخساری خۆی ببەخشیٚ. گریگۆری تەزوویەکی ساردی پێداهات. لە ناخا هەستی بەشتێکی گونگ کرد. دەقاودەق وەکو ئەو هەستە وابوو، کە یەکەمجار چوو بووە شەڕەوە، لێوی کەوتنە تەتەڵە:

– ببورە... قوربان، من پێویستیەکی... پێویستییەکی بچووکم هەیە.

ئەوجا گریگۆری لەترێکی دا، وەکو ئەوەی پشتی شکابیٚو بەدەست ئاماژەی بۆ ژێر قەرەوێڵەکە کرد. برۆی چەپی میوانە پایە بەرزەکە هێندەی دی بەرز بووەوە. ئەو دەستەی کە ئیکۆنە پیرۆزەکەی پێگرتبوو، لە نیوەی رێداو وەستا . لێوە تووڕەکانی حەزرەت کەمێك کرانەوە، ئاوڕی لای جەنەراڵێکی سەرسپی، کە لەگەڵیا بوو، دایەوەو بە ئینگلیزی شتێکی پێگوت، دەستوپێوەندەکەی حەزرەت سەریان سووڕما: ئەفسەرێکی بالاٚ بەرز کە کۆمەڵێك نیشانەو قەیتان بەشانی چەپییەوە بوو، بەدەستی خۆی، کە دەستکێشی سپی لەدەستدا بوو، چاوی خۆی گرت، یەکێکی دی سەری خۆی داخستو، یەکێکی دیکە، نیگایەکی پرسیارئامێزی ئەوەی تەنیشت خۆی کرد... جەنەراڵە سەرسپییەکە، بزەیەکی پڕنەزاکەتی بۆ کردو بە ئینگلیزی وەڵامی حەزرەتی دایەوە، حەزرەت لوتفی فەرموو و ئیکۆنەکەی دایە دەست گریگۆرییو میهری نواندو تەنانەت دەستی بەشانیشیادا.

کاتیٚ حەزرەت، پایەبەرز، تەشریفیان برد، گریگۆری بەدەما خۆی دا بەسەر قەرەوێڵەکەیدا، چەند دەقیقەیەك بەو شێوەیە مایەوە. شانەکانی دەلەرزین: پیاو نەیدەزانی کە ئایا پێدەکەنیٚ یان دەگری، بەڵام کە سەری هەڵبڕی، چاوەکانی وشك بوون، سەرۆکی خەستەخانەکە یەکسەر ناردی بە شوێنیا کە بچێت بۆ ژوورەکەی ئەو. سەرۆکی خەستەخانەکە، لە کاتێکا کە دەستی بە ردێنە بۆزەکەی خۆیدا دێنا، بەمجۆرە هەڵیدایە:

– هەی خوێڕی هیچو پووچ!....

گریگۆری، بەرەو دکتۆرەکە چوو و، گوتی:

– ناماقوڵیت کرد، من خوێڕی نیم! بەراز! کێ خەڵکی وەکو ئێوەی لە شەڕگەدا دیتووە؟

ئەوسا، خۆی کۆنترۆڵ کردو، بە ئەسپایی گوتی:

– بمنێرنەوە بۆ ماڵی خۆم!

دکتۆرەکە پاشەوپاش کشایەوە، چوو لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتو بە نەرمی گوتی:

– دەت نێرمەوە بۆ ماڵی خۆت! بڕۆ گۆڕت گوم بکە!

گریگۆر بەدەم بزەیەکی لەرزۆکەوە وەدەرکەوت. چاوەکانی پرشنگی تووڕەییان دەدا.

بەڕێوەبەرایەتی خەستەخانەکە، بە هۆی ئەو قسە زبرو نا پەسندانەیەوە کە لە حوزوری میوانە پایە بەرزەکەدا کردبوونی، سێ دانە ڕۆژ خواردنیان نەدایە. بەڵام هاوڕێیانی قاوشەکەی و ئاشپەزە دڵنەرمەکە، کە نەشتەرگەری فتقی کردبوو، لە رووی هاوخەمیەوە،خواردنیان بۆ دابین کرد.

((٢٤))

شەوی سێ لەسەر چواری نۆڤەمبەر، گریگۆری میلیخوف، بە قیتار گەییە نیژنەیالونوفسکی، یەکەمین گوندی قۆزاقنشینی دەڤەری ڤیشنسکایا. یاگودنویە هەمووی چەند فرسەخێك لەوێندەرەوە دوور بوو. بە بەر ماڵە پەڕاگەندەکانی گوندێکدا تێپەڕیو کسۆکانی بێدار کردەوە. بەدەم ڕێوە گوێی لە کۆمەڵێك کوڕی گوندەکە بوو کە لە ژێر داربیانی رەخی رۆخانەیەکدا گۆرانییان دەچڕی:

شمشێران لە پشت جەنگەڵانەوە دەدرەوشێنەوە

سوارەی قۆزاق، ڕێگا دەپێچنەوە

ئەفسەرێکی گەنج لە پێشەوە،

سوارانی سمێڵ بابڕ لە دوایەوە.

دەنگێکی بەرزی شەشدانگ کە زۆر سافو زوڵاڵ بوو دەیخوێند:

براینۆ، دووی من بکەون، مەترسن، مەترسن!

کۆرسەکە بێترس بۆیان سەندەوە:

بەرەو قەڵاکان، هێرش بەرن زووتر

هەر کەسێ خۆی بگەیەنێتە قەڵاکان زووتر

شانازیو شۆرەتو میداڵو خاچی لێپیرۆزبێ!

وشەکانی ئەم گۆرانیە قۆزاقیە زۆر کۆنە، کە گریگۆری بە خۆی زۆرجار گوتبووی، لە ناخەوە هاڕوژاندیان. کزە سەرمایەکی تیژ چاوەکانی دەکزاندەوە. بە نێو گوندا تێپەڕی .بە تامەزرۆییەوە بۆنی دووکەڵە تەپاڵەی، کە لە دووکەڵ کێشەکانەوە بەرز دەبووەوە، هەڵدەمژی. دەنگی گۆرانیەکە لە گوێیدا هەر نەدەبڕایەوە:

ئێمە وەکو شورەو حەسار لەسەر قەڵاکان وەستاوین

گولله وەکو زەردەواڵە بە سەر سەرماندا دێ
بەڵام قۆزاقانی دۆن، چ باکیانە؟
بە شمشێرو سەرەنێزان دژمن هەڵدەدەڕن.

گریگۆری، بە هەنگاوێن یەکهاوی و یەکنەواو شەکەت دەڕۆیی و بە کەسەرەوەو بە ژیانی پڕ لە هەورازو نشێوی خۆی پێدەکەنی و بیری دەکردەوە: "منیش جاران کە منداڵ بووم، ئەم گۆرانیەم دەگوت، بەڵام ئێستا دەنگم کەوتووە، ژیان گۆرانی لە بیر بردومەتەوە. ئەوەتا بۆ بەسەر بردنی مادونی دەچم بۆ لای ژنی کەسێکی دیکەو، نە پەنایەکم هەیە، نە ماڵێك‌و، وەکو گورگی بیابان نە خانەیەکم هەیە نە خانەوادەیەك..."

گەییە ئەوسەری گوند، چووە سەر گردێکی بەرز، ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە، روناکیەکی زەرد لە پەنجەرەی دوا ماڵەوە دیاربوو، لەبەر تیشکی فانۆسەکەدا، پیرەژنێکی قۆزاقی بینی کە بەدیار خەڕەکەکەیەوە دانیشتبوو.

گریگۆری، لە رێگاکە لایدا، بە ناو سەوزەزارە نمدارە بەستووەکەی قەراخ رێگاکەدا کەوتە رێ. بە نیاز بوو شەو لە یەکەمین گوندی سەر روباری چیر بەسەر بەرێت، تا بە یانی زوو لە خەو رابێ‌و بکەوێتە رێ‌و پێش ئێوارێ بگاتەوە یاگودنویە، نیوەشەو بوو کە گەییە گوندی گراچوف، شەوی لە ماڵە جووتیارێکی کۆتایی گوندەکە رۆژ کردەوە، هەرکە دنیا بە ئاستەم رووناك بووەوە کەوتە ڕێ. شەوێ گەییشتەوە یاگودنویە. بە بێدەنگی لە پەرژینەکەوە ئاودیوو بوو، بە بەر تەویلەکەدا رۆیی، ساشکا کۆکەیەکی بۆ کرد. گریگۆری بانگی کرد:

– باپیرە ساشکا خەوتووی؟

– چی؟ بوەستە، ئەم دەنگە دەناسم... کێی؟

باپیرە ساشکا، پۆستینەکەی دا بە شانیاو وەدەرکەوت

– خودایا!... گریشا! تۆ لە کوێ‌و ئێرە لە کوێ؟ دیمانەت بەخێر، بەخێر هاتیەوە.

دەستیان لە ملی یەکدی وەرینا، باپیرە ساشکا، تەمەشایەکی روخساری گریگۆری کردو گوتی:

– وەرە ژوورێ، سیغاێکم لەلا بکێشە.

– نا، ئێستا نا، سبەی دێم. من....

– پێمگوتی وەرە ژوورێ.

گریگۆری، بە نە بەدڵی وەژوورکەوت. لەسەر تەختێك دانیشت‌و چاوەڕوانی کرد تا باپیرە ساشکا لە کۆکەکەی بێتەوە.

– ئێ باپیرە، حاڵت چۆنە؟ شوکر باش دیاریت.

– خراپ نیم... من تەبیعەتی فەرشی کاشانم هەیە، تا کۆنتر بم، جوانتر دەبم.

– ئەکسینیا چۆنە؟

– ئەکسینیا، ئەکسینیا؟ شوکر باشە، عەیبی نییە.

پیرەمێرد، کۆکەیەکی توندی بۆ کرد، گریگۆری هەستی کرد کە دەسکردەو بە مەبەستی پەردەپۆشی و شاردنەوەی شتێکە.

– ئەدی تانیوشکاتان لە کوێ ناشتوە؟

– لە ناو باخەکە، لە ژێر دار چنارەکەدا.

– ئێ، خەبەرو باسی دی چیە.

– گریشا، ئەم کۆکەیە زۆرم ئەزیەت دەدا.

– ئێ؟

– هەموومان باشین. ئاغا بەردەوام دەخواتەوە... ئەم کەرە بەردەوام دەخواتەوە.

– ئەدی ئەکسینیا چۆنە؟

– ئەکسینیا ئێستا بووە بە پێشخزمەت

– دەزانم.

– سیغارێك بپێچەوە، تووتنێکی زۆر باشم هەیە. تاقیبکەوە.

– ناکێشم، قسەم بۆ بکە. دەنا دەڕۆم.

گریگۆری ئاوڕی دایەوە، تەختەکەی ژێری کەوتە جیڕەجیڕ.

– ... هەست دەکەم شتێکم لێدەشاریتەوە، لەسەر دڵت بووە بە گرێ، بیکەرەوە، بیڵێ.

– دەیکەمەوە، سکم عەماری کەس نییە، بەڵام عەیبە، زۆرت لە دڵ گران دەبێت.

– دە بیڵێ و بیڕێتەوە.

– باشە، ناتوانم نەیڵێم، ئەگەر نەیڵێم و بیشارمەوە دڵم شەق دەبات، ڕقم لە خۆم دەبێتەوە.

گریگۆری گوتی:

– دە بیڵێ ئیدی.

دەستە قورسەکەی خۆی بە میهرەبانی خستە سەر شانی پیرەمێردو بەدەم چاوەڕوانیەوە، بە سەریا دانەوییەوە. باپیرە ساشکا، بە دەنگێکی گڕ، لە کاتێکا هەردوو دەستی بە شێوەیەکی گەوجانە کردبوونەوە، گوتی:

– تۆ مارت لە هەمێزی خۆتا گەرم کردووەتەوە، هەژدیهات بە خێو کردووە! دەگەڵ یەڤگینیدا رادەبوێری! باوەڕ دەکەی؟

لیکاوێکی لینج بە جێزامەکەی سەر چەناگەی پیرەمێردا هاتبووە خوارێ. بە دەست سڕی و دەستی بە پانتۆڵەکەی خۆی پاکردەوە.

– باشە، تۆ دڵنیایت؟

– بە چاوی خۆم دیتوومە، هەموو شەوێ دەچێتە لای. دەتوانی بە خۆت بڕۆی. رەنگە ئێستا لەوێ بێ.

– یانی شتەکە ئاوایە!

گریگۆری، قامکەکانی دەستی تەقاند، ماوەیەکی زۆر بە پشتی کووڕو رووی گرژەوە دانیشت، هەوڵیدەدا خۆی هێور بکاتەوە. گوێچکەکانی دەزرینگانەوە، باپیرە ساشکا گوتی:

– ژن وەکو پشیلە وایە، کێ نەوازشی بکات خۆی لەو کەسە هەڵدەسوێ. نابێ باوەڕ بە ژن بکەی، نابێ متمانەیان پێبکەی.

سیغارێکی بۆ گریگۆری پێچایەوە، دایە دەستی و گوتی:

– بیکێشە.

گریگۆری یەك دوو نەفەسی لێدا، ئەوسا لە نێوان قامکیا کوژاندیەوە، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، هەستاو ڕۆیی. لە هەنبەر پەنجەرەی بینای ڕەنجبەرو خزمەتکارەکاندا وەستا. هەناسەی خێرا خێرا دەهات و دەچوو. چەند جارێك دەستی بەرزکردەوە لە دەرگا بدات. بەڵام هەموو جارێ دەستی، وەکو ئەوەی یەکێك پێیدا بکێشێت، دەهاتە خوارەوە. پاشان، لە سەرەتادا، بە ئەسپایی و بە قامکی لە دەرگای دا، سەبری سوا، خۆی بە دیوارەکەوە چەسپاند، بە مست و تووڕەیی کەوتە لێدانی چوار چێوەی دەرگاکە. پەنجەرەکە کەوتە لەرینەوە، شووشەی پەنجەرەکە بەدەم روناکی شینباوی شەوەکەوە، دەبریسکایەوە.

روخساری ترساوی ئەکسینیا بۆ ساتێك لە پەنجەرەکەوە دەرکەوت. ئەوسا دەرگاکەی کردەوە، هاوارێکی سووکی کرد. گریگۆری هەر لە ڕاڕەوەکە لە هەمێزی گرت و چاوی بڕیە دوڕ چاوانی.

– ترسام، زۆر بەتوندی لە دەرگات دا. نووستبووم. تەسەورم نەدەکرد بێیتەوە... گیانەکەم.

– لە سەرما ڕچیوم.

ئەکسینیا، هەستی دەکرد ئازای کەلەشی (کەلەخ) زەلامی گریگۆری هەڵ دەلەرزێ، هەرچەندە دەستەکانی زۆر گەرم بوون.

ئیدی بە خۆکەوت، چرای داگیرساند. شاڵێکی تووکنی دابوو بەسەر شانە سپی و گۆشتنەکانیاو وەکو فڕفڕۆکە بە ناو ژوورەکەدا دەسوڕایەوەو دواجار موغەیریەکەی نێڵدا.

– تەسەورم نەدەکرد بێیتەوە. دەمێکە نامەت بۆ نەنوسیووم. دوا نامەمت پێگەیی؟ بە تەما بووم پریاسکەیەکت بۆ بنێرم، بەڵام گوتم با چاوەڕوان بکەم بەڵکو نامەیەکم بۆ دەنێریت.

جارجارێك، ژێراو ژێر، بەدەم بزەیەکی ساردەوە، کە لە لێوە ئاڵەکانی دوور نەدەکەوتەوە، دەیڕوانیە گریۆری.

گریگۆری، هەر بە پاڵتۆکەیەوە، لەسەر تەختەکە دانیشت. گۆنا نەتاشراوەکانی گڕیان لێدەبووەوە. یەخەی پاڵتۆکەی کەوتبووە سەر چاوە داخراوەکانی. ئەوجا کەوتە کردنەوەی دوگمەی یەخەکەی، بەڵام لە پڕ کەوتە دەستگێران بە گیرفانەکانیا، کیسە توتنەکەی دەرهێنا، ئەوجا کەوتە تاقیبی پەڕە سیغار، ماوەیەکی زۆر، بە خەمینییەکی بێپایانەوە روانیە روخساری ئەکسینیا.

ئەکسینیا، لەو ماوەیەدا کە گریگۆری چووبووە خزمەتی سەربازی، زۆر جوان بوو بوو، جوانیەکی ئارەزوو بزوێن، شتێکی تازە لە جۆری سەربەرزگرتنەکەیدا بەدی دەکرا. تەنیا چاوەکانی و قژە لوولەکەی وەکو جاران مابوون... بەڵام ئەم جوانیە ئەفسوناویە ئیدی پەیوەندی بە گریگۆرییەوە نەما بوو. تازە بوو بوو بە ماشقەی کوڕی ئاغا...

– تۆ، بە ڕواڵەتا، زیاتر لە بەڕێوەبەری ماڵ دەچیت تا لە کارەکەر.

ئەکسینیا، نیگایەکی ترسامێزی کردو بزەیەکی ناچاری بۆ کرد.

گریگۆری، خورجینەکەی ڕاکێشاو بەرەو دەرگا چوو.

– بۆ کوێ دەڕۆیت؟

– دەچمە دەرەوە، سیغار دەکێشم.

– هێلکەم بۆ کوڵاندوویت، مەڕۆ.

– ئێستا، دێمەوە.

گریگۆری، لەسەر قاڵدرمەکانی بەردەرگا،خورجینەکەی کردەوە، سەرپۆشێکی گوڵ گوڵی، لەبەینی کراسە عەسکەریەکەی خۆیدا، کە مۆری کەتیبەکەی خۆی لەسەر چاپکرا بوو، بە دیقەت دانا بوو، دەرهێنا.

ئەو سەرپۆشەی لە ژیتومیر، لای بازرگانێکی جولەکە بە دوو رۆبڵ کڕی بوو. و وەکو بیلبیلەی چاوی خۆی پاراستبووی. جارجار لە رێگاش، لە خورجینەکەی دەردێناو چاوی بە رەنگە جۆراوجۆرە پەلکە رەنگینە ئاساکانی زاخاو دەداو پێشوەختە ئەکسینیای دێنایە بەرچاوی خۆی، کە بە چ شادیەکەوە سەرپۆشەکەی دەکردەوەو تەمەشای دەکرد. کە دیاریەکی ناچیزە! چما گریگۆری دەیتوانی، لە دیاریی دانا، هەڤرکی کوڕی دەوڵەمەند ترین ئاغای ناوچەی دۆنی ژووروو بکات؟

گریگۆری، کە گریانێکی وشك ئەوکی گرتبوو، بە خورتی گریانەکەی خواردەوە، سەر پۆشەکەی پارچە پارچە کردو تووڕی دایە ژێر قاڵدرمەکە، ئەوجا خورجینەکەی فڕێ دایە سەر تەختێکی بەردەرگاکەو دیسان وەژوور کەوتەوە.

–دانیشە گریشا، با چەکمەکانت داکەنم.

ئەکسینیا، بە دەستە سپیو خرپنەکانی، کە ماوەیەك بوو لە کاری قورس دوور کەوتبوونەوە، پۆستاڵە سەربازیەکانی داکەند، هەر بەو دەقەوە کە خۆی بە ئەژنۆکانی ئەوەوە چەسپاند بوو، ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی گریا. گریگۆری وازی لێهێنا کە بە کەیفی خۆی بگری. ئەوسا لێی پرسی:

– بۆچی دەگریت، چیتە؟ چما بە دیتنم خۆشحاڵ نیت؟

گریگۆری هەر کە چووە ناو جێگاوە، خێرا خەوی لێکەوت.

ئەکسینیا خۆی گۆڕی، بە تۆی کراسێك چووە دەرێ، تاکو بەرەبەیان لەسەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگا، و لەوبەر بایە سارده وەستاوەو باوەشی بەو پایە سارده نمدارەدا کردووە.

بەیانی، گریگۆری پاڵتۆکەی لەبەرکردو چوو بۆ ماڵەکەی ئاغا.

ئاغای پیر، پۆستینێکی لەبەر بوو، کڵاوێکی زەردی ئەستراخانی لەسەر بووو، لەسەر پلەکانی بەر دەرگا راوەستا بوو.

– ها. سوارەی هەڵگری میداڵی سان جورج! نا، نا بوویت بە پیاو براله.

ئەوسا، ئیکلامێکی بۆ گریگۆری کردو تەوقەی دەگەڵ کرد:

– موڵەتەکەت زۆرە؟
– دوو هەفتەیە قوربان.
– حەیفێ، کچەکەمان بەخاك سپاردیت، مخابن، سەد حەیف!...
گریگۆری هیچی نەگوت. یەڤگینی هاتە دەرێ. بە دەم لە دەستکردنی دەستکێشەکەیەوە گوتی:
– ئەمە تۆی گریگۆری، لە گوێوە دێی؟
دنیا لەبەر چاوی گریگۆری تاریك بوو، بەڵام بزەیەکی بۆ کردو گوتی:
– لە مۆسکۆوە دێم، مۆڵەتم...
– ها. چاوت بریندار بوو بوو، وانیە؟
– بەڵێ، جەنابی ملازم.
– بیستبووم، چەند جوان بووە، وا نییە باوکە؟
ملازم، بە سەر سلاوێکی بۆ گریگۆری کردو ئاوڕی بۆ لای تەویلەکە دایەوەو بانگی عەرەبانچییەکەی کرد:
– نیکیتیچ، ئەسپەکانت حازر کرد؟
نیکیتیچ، گرژو مۆن، تازە ئەسپەکانی لە عەرەبانە بەستبوو. لە کاتێکا بە بەدخوایی تەمەشای گریگرۆی دەکرد، عەرەبانە کەوەییە کۆنەکەی هێنایە بەر قالدرمەکانی بەر دەرگا. ئەو تەنکە شەختەو زوقمەی کە عاردی گرتبوو، قرچە قرچ لە ژێر چەرخی گالیسکەکەدا دەشکا.
گریگۆری، بەدەم بزەیەکی ریاکارانەی ملکەچانەوە بە یەڤگینی گوت:
– قوربان، رێگەم دەدەیت،بە یادی جارانەوە، من گالیسکەکە بڕانم؟
ملازم یەڤگینی لە دڵی خۆیدا گوتی: "داماوە، ئاگای لە هیچ نیە، لە بێخەبەران کەشکەك سەلاوات!". بزەیەکی بۆ کرد. چاوەکانی لە ژێر چاویلکەکەیەوە درەوشانەوەو گوتی:
– باشە، بە دڵی خۆت.
ئاغای پیر، بەدەم بزەیەکی بێریاو پاکەوە گوتی:
– چیە؟ هێشتا نەگەییویتەوە ماڵو دیسان دەڕۆیت و ژنەکەت بە جێدێڵی؟ بیری ناکەی؟
گریگۆری پێکەنی.
– خۆ ژن ورچ نیە هەڵێتو بداتە جەنگەڵان.
سەرکەوت، لەسەر نشیمەنی گالیسکەچی دانیشت. قامچیەکەی خستە ژێر نشیمەنەکەو، هەوسارەکانی بە دەستەوە گرت.
– یەڤگینی نیکولایوفیچ، بزانە چتۆ پیاسەیەکی خۆشت پێبکەم.
– زۆر چاکە، منیش بەخشیشێکی چاکت دەدەمێ.
– زۆر مەمنوونم. هەروەها سوپاست دەکەم بۆ ئەو نانو نمەکەی کە رۆژانە بە ئەکسینیای دەدەیت.

دەنگی گریگۆری، لە پڕا بڕا. گومانێکی گونگ‌و پڕ نیگەرانی سەرو دڵی ملازمی گرت: "تۆ بڵێی شتێك بزانیٚ؟ لە کویٚ بیزانیٚ؟ مەحاڵە." پشتی دا بە کورسیەکەوەو سیغارێکی پێکرد.

ئاغای پیر، لە دواوە بانگی لێکردن:

– زوو بگەڕێنەوە.

گالیسکەکە کەوتە ڕیٚ، کۆمەڵێك پڕوشە بەفرو شەختە لە ژێر چەرخەکانیە دەرپەڕیو چوو بە ئاسمانا.

گریگۆری، خەریك بوو، لا لغاوەی ئەسپەکانی بریندار دەکرد، ئیدی بە هەموو هێزو توانایەکەوە تاوی دەدان، دوای چارەکە سەعاتێك، گەیینە ئەو دیوی تەپەکە (گرد)، لە یەکەمین شیودا گریگۆری دابەزی، قامچیەکەی لە ژێر نشیمەنەکە دەرهێنا. ملازم بڕۆی وێکهێنانەوەو گوتی:

– چیدەکەی؟

– ئێستا پێتی نیشاندەدەم کەچی دەکەم...

گریگۆری، لە ناکاوا پیرە قامچی لێهەڵبڕیو تا هێز لە دەست‌و بازوویا بوو، کێشای بە سەرو چاوی ملازمدا، ئەوجا دەسکی قامچیەکەی گرت‌و سەروچاوو دەستی ملازمی پێکوتایەوە، گەنم گردی تێی بەربوو، نەیهێشت دەست بکاتەوە، پارچە شووشەیەکی عەینەکەکەی چوو بە سەرووی برۆیداو خوێن بە چاوی ملازمدا هاتە خوارەوە. لە سەرەتادا هەردوو دەسی بە دەموچاویەوە گرت بوو، بەڵام گریگۆری شێلگیرانەتر لێیدەدا. هەستایە سەر پێیان، بەڵام خوێن بە سەروچاوو باڵایدا دەهاتە خوارەوە. خۆی هەڵدایە خوارەوە، ویستی داکۆکی لە خۆی بکات، بەڵام گریگۆری هەنگاوێك چووە دواوە، گوڕی لێبەستەوەو تا هێزی تیا بوو یەکێکی کێشا بە مەچەکی ملازمداو گۆدی کرد.

– ئەمە لە تۆڵەی ئەکسینیا! ئەمە لە تۆڵەی خۆم! لە تۆڵەی ئەکسینیا! ئەمەش لە تۆڵەی ئەکسینیا! لە تۆڵەی خۆم.

قامچیەکە، بەدەم وەشاندنەوە وەکو مار دەیفیشکاند، سەرەنجام گریگۆری هەر بە قامچی دڵی دانەکەوت، بە مست‌و بۆکس بەربووە ملازم‌و لە قەراخ ڕێگاکەدا تەختی کرد، بە پاژنەی بزمارڕێژی پۆستاڵە سەربازییەکانیەوە تێی بەربوو، بگرە کوێت دێشێت. دوای ئەوەی هێزو توانای لەبەر بڕی، هات‌و سواری گالیسکەکە بوو و بە چوار ناڵەو بێهیچ ترس‌و پەروایەك بەرەو ماڵ گەڕایەوە. گالیسکەکەی لەبەر دەرگای حەوشە بەجێهێشت، قامچیەکەی لە دەستی خۆیەوە هاڵاند، لە کاتێکا داوێنی پاڵتۆ درێژەکەی لە لاق‌و لەتەری دەئالا، بەرەو بینای ڕەنجبەرو خزمەتکارەکان ڕۆیی. کە بە تەق‌و هۆڕ دەرگاکەی خستە سەر پشت، ئەکسینیا ئاوڕی دایەوە.

– بەدفەڕ، ئەژدیها!... دێڵە قوڕی قەحپە!...

فیشکەیەك لە قامچیەکەوە هات‌و لە سەرو چاوی ئەکسینیا ئالا.

گریگۆری، بە هانکەهانك رایکردە ناو حەوشەکە. بێئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی باپیرە ساشکا بداتەوە، ڕۆیی و لە ئاقاری موڵك‌و مەزرایەکە دەرچوو. ئەکسینیا، دوای دوو قۆناغە ڕێگا

خۆی گەیاندێ. بە بێدەنگی کەوتە شانی، بەدەم هەناسە بڕکێوە جار جارێ سەری قۆڵی پاڵتۆکەی دەگرت. لە چوار ریانەکەدا، نزیکی پەرستگە قاوەییەکەی کەنار ڕێگاکەدا، ئەکسینیا، بە دەنگێکی غەریب و گڕ گوتی:

– گریشا، بمبورە!

گریگۆری، دانەکانی جیڕکردنەوە، پشتی کووڕکردەوە، یەخەی پاڵتۆکەی هەڵدایەوە. ئەکسینیا لە پاڵ پەرستگەکەدا وەستا. گریگۆری تاقە جارێکیش ئاوری لێنەدایەوەو دەستەکانیشی نەبینی کە لە دواوە بۆ ئەوی درێژ کردبوون.

کە گەییە سەر ئەو گردەی دەیڕوانیە تاتارسکی، سەیری کرد هێشتا قامچیەکەی بەدەستەوەیە. تووڕی داو بە هەنگاوی هەڕاو بەرەو ناو گوند داگەڕا. هەر خەڵکی بوو و دەموچاویان نابوو بە شووشەی پەنجەرانەوەو بەسەر سامی تەمەشایان دەکرد. ئەو ژنانەی کە ناسیانەوە، کڕنۆشیان بۆ بردو سڵاویان لێکرد.

لەبەر دەروازەکەی ماڵی میلیخوفدا، کیژێکی گەنجی، جوانی، باریکەی، چاو ڕەش، هەردوو باسکی لە ملی وەرینا و بە دەم فریادێکی نزمەوە، سەروچاوی نا بە سینگ و بەرۆکیەوە. گریگۆری گۆناکانی کیژێی خستە نێو هەردوو دەستی، سەری بەرز کردەوە، سەیری کرد ئەمە دونیاشکایە.

پانتلی پروکوفیچ، بە شەلەشەل، لە قاڵدرمەکان هاتە خوارەوە. دایکی لە ژوورەوە بە دەنگی بەرز دەگریا. گریگۆری دەستی چەپی لە ملی بابی وەرینا، لەم کاتەدا دونیاشکا، لێکدا لێکدا دەستی راستی ماچ دەکرد.

جیڕەجیڕی ئاشنای پەیژەکە لە گوێیدا زرنگایەوە. خۆی لەبەر هەیوانی دەرگاکەدا بینییەوە. دایکە پیرەکەی، عەینی کچی عازەو بە غاردان بەرەو پیری هات، بە فرمێسکان یەخەی پاڵتۆکەی تەڕ کرد، کوڕەکەی بە توندی لە ئامێز گرت، بە زمانی تایبەتی و دایکایەتی هەندێ ورتە ورتی نامەفهوومی دەکرد کە لە وەسف کردن نەدەهات. ناتالیا لە ڕاڕەوەکەدا بەپێوە وەستا بوو، بزەیەکی پڕ سوێ نیشتبووە سەر روخسارە زەردەکەی و شانی بە دەرگاکەوە دابوو، هەرکە گریگۆری تەمەشایەکی شەرمنۆکانەی کرد خەریک بوو بکەوێتە سەر عاردی...

***

کاتێ شەوێ پانتلی پروکوفیچ و ئیلی نیچنا چوونە ناو جێگاوە، پانتلی ئانیشکێکی بە ژنەکەیەوە ژەند و لە بن لێوانەوە گوتی:

– بڕۆ بە دزییەوە، تەمەشایەك بکە بزانە پێکەوە نوستوون یان نا؟

– جێگای دوو نەفەریم بۆ چاك کردوون.

– قەیناکا، بڕۆ بزانە، بڕۆ تەمەشایەك بکە!

ئیلی نیچنا رۆیی، لە درزی دەرگاکەوە بە دزییەوە تەمەشایەکی کردو گەڕایەوە.

– پێکەوە نوستوون.

**پیرەمێرد، هەستایە سەر ئانیشکان، ئاماژەی خاچی کێشاو هەنسکێکی شادی هەڵداو گوتی:**
**- زۆر چاکە، سوپاس بۆ خوا! لە خودا بەزیاد بێ.**

**٢٠١٥/٥/٢٦**

**لە پاچڤەی ئەم بەرگە بوومەوە.**